سیسیل جۆن ئیدمۆندس

# کـورد تـورک عەرەب



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

سیسیل جۆن ئیدمۆندس

# کورد تورک عەرەب

وەرگێڕانی: حامید گەوهەری



- ئەم کتێبە لە زمانی فارسییەوە کراوەتە کوردی و لە شوێنە پێویستەکانیش لە نووسراوە ئینگلیزییەکە کەڵک وەرگیراوە
- سوپاس بۆ بنەماڵەی ئیدمۆندس و لێپرسراوانی چاپخانەی ئاکسفۆرد کە ئیزنی وەرگێڕان و چاپی ئەم کتێبەیان پێدام

ناوی کتێب: کورد تورک عەرەب
نووسینی: سیسیل جۆن ئیدمۆندس
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧١
دەرهێنانی هونەریی ناواخن و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## پێشەکیی وەرگێڕ

پلەی وریایی هەر نەتەوەیەک بۆ سەلماندنی ڕەگەز، بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکانی، زێد و نەریتی نەتەوایەتی، ڕەوابوونی ویست و داخوازەکانی دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی ئاگاداریی و زانیاریی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لە دیرۆک، بەڵگە مێژووییەکان و شوێنەوارەکانی نەتەوەکەی.

ڕاستە کە مێژووی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە کوردیش یەکێکە لەوان، تا ڕادەیەک لێڵ و غەور گرتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کەس سەر لە ناسنامەی نەتەوەکەمان دەرنەکات، بە ئەنقەست هەوڵ دەدرێ مێژووی ئێمەی کورد لێڵتر پێشان بدرێ، بۆ نموونە: یەکێک تۆرەمەی ئێمە دەباتەوە سەر دێو و درنجان و ئەویتر ئێمە بە نەوەی ئەو کەسانە دەناسێنێ کە بۆ پاراستنی گیانیان لە چنگ زوحاکی ماربەشان ناردراونەتە کەژ و چیاکان. ژمارەیەک تەنانەت بەوەش ڕازیی نەبوون و هەوڵ دەدەن ڕەچەڵەکی ئێمە بە تورکە کۆچەرە بێ وڵاتەکان و فارسە شۆڤێنێستەکانەوە بلکێنن.

کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و ئەگەر ژمارەیەک نووسەری خۆ بە ئێرانیی زانی کورد، لەژێر کارتێکەریی کۆماری ئیسلامییدا گەلی کورد بە ئێرانیی دەناسێنن، ئەمە هێندێک لە نەزانیی و پتر بە هۆی ئەو قازانجەوەیە کە لەو ڕێگایەدا بە دەستی دێنن. چونکە نەتەوەی فارس چ ئەوانەی حکوومەتیان بە دەستە و چ ئەوانەش کە لە حکوومەتدا نین، باش دەزانن کە کوردستان و نەتەوەی کوردیان بەهێزی سەربازیی داگیر کردووە، ئەگەرنا بۆ تەنیا جارێکیش بێت کوردیان لە بەڕێوەبردنی ئێراندا هاوبەش دەکرد و تەنانەت لە گوندەکانی فارس و ئازەربایجانەوە کەسی خۆیان نەدەهێنا شارەکانی کوردستان بەن بەڕێوە.

ئەمڕۆ بۆ هەموو کەس ڕوونە کە هەرسێ دەوڵەتی ئێران، تورکیا و سوریە دژ بە سەدام و دەوڵەتی بەعسی عێراقن و سەدام حوسێن بە مەترسییەک لەسەر بەرژەوەندەکانی خۆیان دەزانن، بەڵام بۆ ئەوەی گەلی کورد لەسەر خاک و لە ناو ماڵی خۆیدا مافی بڕیاردانی لەسەر چارەنووسی خۆی نەبێ، ئەو سێ دەوڵەتە پشتی سەدام و حکوومەتەکەی دەگرن و دژی ڕووخانی حکوومەتەکەی و لە ڕاستییدا دژی ئازادبوونی کورد لە عێراق هاوکاریی



سەدام دەکەن.

بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان، شۆڤێنیستەکانی تورک، عەرەب، فارس و دۆست و لایەنگرانیان لەوە دایە کە شوێنەواری نەتەوایەتی کورد کوێر بکەنەوە و درێژە بە چەوساندنەوەی بدەن. دەرەتانی ئەوە نەدەن کە کوردیش وەک نەتەوەکانیتری جیهان ناسنامەی تایبەتیی، زێدی یەک پارچە و ئاڵا و دەوڵەت و دامودەزگای تایبەت بە خۆی هەبێ و بۆ زیندوو ڕاگرتن و گەشەپێدانی کلتوور و نەریتی خۆی هەوڵ بدات. سەردەمێکی دوورودرێژ هەستی ئایینیی و خۆ بەکەم زانین و برەوی زمانی عەرەبیی، هێندە مێشکی خەڵکی وڵاتی داگیرکراوی کوردستان و زانا و خوێندەوارە کوردەکانی لە خۆیدا قەتیس کردبوو، کە زۆر کەم دەپرژانە سەر ئەوەی کە بیر لە کەسایەتی و زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان بکەنەوە. لە ڕۆژگاری ئێمەشدا مەسەلەی خەباتی چینایەتی و سەرانسەریی و خۆخافڵاندن بە زڕە تیۆری چەپڕەوانە و هەوڵی دامەزراندنی بەهەشتی خەیاڵی کۆمونیستی بەشێک لە ڕۆڵە هەرە فیداکارەکانی کوردی لە ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەرک و پێویستییەکانی نەتەوایەتی دوورخستەوە.

مامۆستا هەژاری نەمر گوتەنی، لەو هەموو ڕۆژگارە پڕ لە ئازارەدا کە کوردی زۆرلێکراوی تێدا ژیاوە و بەشوێن ئەو هەموو پەت پەتێنەدا کە بەسەریان هێناوە، نووسەرێکی وامان لێ پەیدا نەبووە کە دەماری کوردایەتی ببزوێ و تەزوێکی کوردە ناموسی بەلەشدا بێت و لەسەر بەسەرهاتی ئەو گەلە کڵۆڵەی خۆی شتێک بخاتە سەر کاغەزو لەمەڕ باب و باپیرە لێقەوماوەکانی کەمێک بنووسێ و دەمێک بدوێ![1]

بەڕاستی ئەگەر شەرەفخانی بەدلیسی، ئەحمەدی خانی و لەم دواییانەشدا حوسێن حوزنی موکریانی، ئەمین زەکی بەگ و... هەروەها چەند ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپایی وەک «کلودیوس جەیمز ڕیچ»[2]، «برزەزوفسکی»[3]، «ئوسکارمان»[4]، «مینورسکی»[5] و «سیسیل ج ئیدمۆندس»[6] نووسەری ئەم کتێبە نەبووایە، کورد لە بەرامبەر ئەو هەموو

١- شەرەفنامە، لاپەڕەی ١٠.

2-Claudius James Rich
3- C.de Korab Brzezowski
4- Oskar Mann
5- V. Minorsky
6- Cecil John Edmonds

لافاوەی بوختان و قسە و نووسراوە پڕوپوچانەدا چۆن و بەچ شێوەیەک دەیتوانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە جیهان بسەلمێنێ.

کتێبی کورد، تورک و عەرەب، بەرهەمێکی گرنگی مێژوویی، جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەتەوەکەمانە. لێکۆڵینەوەیەکی نیوەڕاستەوخۆی یەکێک لە بزوتنەوە گرنگەکانی کوردستان و جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە باکوری کوردستان (کوردستانی ژێردەستی تورکیا) و چۆنیەتی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقە.

نووسەری ئەم کتێبە، سیسیل ج ئیدمۆندس لە ساڵی ١٩١٨وە کارگێڕی سیاسی و ڕاوێژکاری حکوومەتی کۆڵۆنیالیستی بەریتانیا لەو سوپایەی ئینگلیزدا بووە، کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا دەستی بەسەر کوردستاندا گرتووە. بۆ سەقامگیرکردنی سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیز لەو مەڵبەندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێ وچان هەڵسووڕاوە و لە هیچ هەوڵێک بۆ خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردو کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی، لەوبەشەی کوردستاندا نەوەستاوە. لە چەند شەڕ و پێکدادانی سوپای ئینگلیز دژی هێزەکانی لەشکری شێخ مەحموودی نەمر ڕاستەوخۆ بەشداریی کردووە. زۆرجار، کاتی بۆمبارانی ناوچەکانی کوردستان لە تەنیشت ئەو فڕۆکەوانانەوە دانیشتووە کە بە دوا مۆدێلی بۆمبی سوتێنەر و پڕژۆڵی ئەوکات خانووە قوڕینیەکانی کوردیان بەسەر خاوەنەکانیاندا ڕوخاندووە و لەناو ئاگردا نوقمیان کردوون. ئەو لە خۆشی و شادیی ئەو کردەوەیە خرۆشاوە و دەڵێ، بەلەبەرچاوگرتنی بۆمبارانەکانی شەڕی دووەمی جیهانیی لە ناوچەکانی ڕوهێری ئاڵمان و بۆمبارانی ئەتۆمیی هیرۆشیما و ناکازاکی، بەشداریکردنی هاوکاتی ٣٦ فڕۆکەی بۆمبهاوێژ لە ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢٠دا و بۆمبارانی خانوو و کووخە قوڕینەکانی گوندەکانی کوردستان، بیرەوەرییەک نییە کە بتوانێ لە مێشکدا بمێنێتەوە. لە لایەکیترەوە لە وەسفی شاکاری بۆمبارانەکانی خۆیدا، بەیت و بالۆرە هەڵدەبەستێ. بەتایبەتیی ئەوکاتەی کە بۆمبەکانیان بەسەر گوندەکاندا باراندووە و گڕی ئاگر بەرز بووەتەوە و ماڵە قوڕینەکانی وەرزێرە هەژارە کوردەکانی لەناو ئاگردا سووتاندووە و لەبان نیشانەکان خولاوەتەوە... بەڕاستیی خرۆشهێنەرە! ئیدمۆندس دەڵێ: «دوای بۆمبەکانی فرەتەقینەوە، بۆمبی سوتێنەری نوێمان خستەخوار، کە من تا ئەوکات نەمدیبوو. کاتێک بۆمبە سوتێنەرەکان دەکەوتنە خوار، دوا بە دوایان خەرمانێک گڕ و بڵێسەی ئاگر و هێندێک جاریش ئاگر و دوکەڵ بە یەکەوە بەرز



دەبووەوە و (من سەرخۆش وەک ئەویندارێکی جادوولێکراو دەمامەوە،) بەڵام داخەکەم ئەو سووتانە هێندە ناخایەنێ و خانووە قوڕینەکانی گوندنشینەکانی کورد بۆ بۆمباران نیشانەیەکی لەبار نین و ئاگرەکە زوو دەکوژێتەوە و پەرە ناستێنێ و جۆش و خرۆشەکە درێژخایەن نییە.»

ڕاپەڕینی شێخ مەحموود لەلایەن هێزە ئینگلیزەکانەوە دەشکێ. دوای شانۆگەرییەکی زۆر و دوای کودیتای ڕەزاخان و مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی مستەفا کەمال و کوشتاری ئاشکرا و بە کۆمەڵ لە ئاناتۆلیدا، کە دەکرێ لەو بوارەدا کوشتاری ئاشکرا و بە کۆمەڵی بۆمبارانی گازی ژاراویی هەڵەبجە و ئەنفالی ١٨٤ هەزار کەسیی لە لایەن حکوومەتی بەعسی عێراق و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی سنە، مهاباد و گوندەکانی قارنە، قەڵاتان و ئیندرقاشی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەگەڵ هەڵسەنگێنرێ، کێشەی بەریتانیا و تورکیا لەسەر ویلایەتی مووسڵ دەدرێ بە شورای ئەمنیەتی کۆمەڵی وڵاتە یەکگرتوەکان و بە پێکهاتنی کۆمیسیۆنی مووسڵ، پەیمانی «سیڤەر»یش بە تەواوی دەنێژن.

سەرەڕای ئەوانە، ئیدمۆندس لەبەر دۆستایەتی دەوڵەتی ئینگلیز لەگەڵ حکوومەتی ڕەزا خان و کەڵک وەرگرتنی لە بیرە نەوتەکانی ئێران، ئامادە نەبووە پەنجە بۆ تاوانەکانی دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا ڕاکێشێ و تەنانەت هاوکاریی دەوڵەتی ئینگلیز و ئێرانی بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستانی داگیرکراودا و چۆنیەتی وەرگرتنی مەحموودخانی دزڵی لە ئێران و زیندانیکردن و دوورخستنەوەی بۆ هیندستان لەژێر پەردەدا هێشتووەتەوە.

جیا لەوانە، نووسەری کتێبی کورد، تورک و عەرەب لە پلەی توێژەرێکی زۆر بە ئەزموندا، کە نزیکەی چل ساڵ تا شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق لە نزیکەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گەلی کورد هەبووە، دیتنەکانی خۆی بە ڕاشکاوی دەربارەی ئاکار و کردار و شوێنەواری خراپ و نالەباری ڕێبەرە ئایینییەکان و شێخ و مەلا و ئاغاکانی کوردستان دەربڕیوە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد چەند پێشنیازی ئاراستەی کاربەدەستانی باڵای ئینگلیز کردووە. گەلێک وتاری بەکەڵک و بەکاکڵی دەربارەی دیرۆکی کورد و شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان نووسیوە و لە «بولتێنی قوتابخانەی لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا، گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گۆڤاری سەڵتەنەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڤاری سەڵتەنەتی جوگرافیایی»دا بڵاوکردووەتەوە و چەند سیمینار و کۆنفرانسیشی دەربارەی

کێشەی کورد لە ئەوروپا پێکهێناوە. فەرهەنگێکی کوردیی بە ئینگلیزیشی بە یارمەتی پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی نووسیوە.

ئەم کتێبە، لە بارەی بابەت و باسەکانی جوگرافیاییەوە دەوڵەمەندە. بەوردیی ئاماژەی بە جوگرافیای سروشتیی ئەو بەشەی کوردستان کردووە کە بابەتی کتێبەکەیە، بەڵام لە بابەت جوگرافیای سیاسی و مرۆڤایەتییەوە دوور لە ڕک و مەبەست نییە و نووسینەکانی لە مەبەستێکی تایبەتیی و لەسەر بنەمای سیاسەتی ئەوکاتی دەوڵەتی ئینگلیز سەرچاوەیان گرتووە، کە خوێنەر کاتی خوێندنەوەی کتێبەکە بۆ خۆی ئەو بۆچوونانەی لە دێڕەکاندا بۆ دەردەکەوێ. نموونەی زەقی ئەو شێواندنە ڕوون و ئاشکرایە و نووسەر بە ئەنقەست هەوڵی داوە کە ڕادەی گشتیی کوردەکان بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وەک مووسڵ و کەرکوک گەلێک کەمتر لە ژمارەی ڕاست پیشان بدات. بۆ نموونە نووسەر لە لاپەڕەی ٤٩٧ی ئەم کتێبەدا دەنووسێ:

«وەزعی ناوخۆی پارێزگای مووسڵ جیاوازییەکی زۆر بەرچاوی هەبوو لەگەڵ وەزعی کەرکووک، هەولێر و سلێمانی و... مووسڵ تەنیا دووەم شاری عێراق بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە کەمتر لەژێر کارتێکەریی و دەسەڵاتی عوسمانییدا بوو، ڕەنگە لەباری هەستی «عەرەبایەتییەوە» تەنانەت لە پایتەختیش تۆختر بوو و.... لە ٦٠٠هەزار دانیشتووی ئەو پارێزگایە نزیکەی ٢٠٠هەزار کەسیان لە شار دەژیان. کوردەکان هەرچەندە نیوەیتری کۆمەڵگاکەیان پێکدەهێنا، بەڵام دوور لە ناوەند بوون.»

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتووەکان دەڵێ: زۆربەی دانیشتووانی مووسڵ کوردن و جیا لە عەرەبەکان دەژین. ئەوان نە عەرەبن و نە تورک. بەزمانی کوردی دەدوێن و ڕەوت و دەراوی هەستی نەتەوایەتی ئەوان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کوردایەتیە و جیا لە چەند عەرەبێکی خوێندەوار کە لە شاری مووسڵ دەژین هیچ شوێنەوارێک لە نەتەوەی عەرەبی(عێراق) بەرچاو ناکەوێ. ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن لە درێژەی خۆیدا دەڵێ:

«ئەگەر تێبینییەکانی نەتەوایەتی بکەینە بناخە و بنچینە، ڕێگای هەرە باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، جیاکردنەوەی ئەو دوو نەتەوەیەیە لە یەکتر. چونکە کوردەکان پێنج لە هەشتی دانیشتووان پێکدێنن. ئەگەر ئەو



ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەڵبژێررێت بێگومان بە زیادکردنی ژمارەی کوردەکانی یەزیدی کە کوردی زەردەشتین و ئەو تورکانەی کە بە ئاسانیی لەناو کۆمەڵێکی ئاوادا دەتوێنەوە، ئەو ژمارەیەی دەچێتە سەر و وا مەزندە دەکرێ ژمارەی کوردەکان بگاتە حەوت لە هەشتی ڕادەی گشتیی دانیشتووان».

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە بەچەشنی نەتەوەکانیتری جیهان لەسەر زێد و نیشتمانی خۆیدا بە ئازادیی و دوور لە شەڕوشۆڕ بژی، بۆ ئەمەش سەدان جار داوا دیموکراتییەکانی خۆی کە دژ بە یاسا و ڕێساکانی جیهان و پرنیسیپەکانی نێودەوڵەتیی نین، ئاراستە کردووە، بەڵام دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان لە جیاتی جێبەجێکردنی خواستەکانی، بە چەک وەڵامیان داوەتەوە، ڕاویان ناوە و ناچاریان کردووە بۆ بەرگریکردن لەخۆی دەست بداتە چەک و پەنا بۆ چیا سەرکەشەکانی کوردستان ببات.

شوێنی زۆر نالەباری جوگرافیای کوردستان، دابەشبوونی نەتەوە و خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی زۆردار و کۆنەپەرستدا، یەک نەگرتنی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە کاتی پێویست و بەگوێرەی هەلومەرجی ڕەخساو بەشێوەی هەرێمیی و سەرتاسەریی، نامۆیی و نەبوونی یەکێتی و برایەتی لە ناو ئێمەی کورددا، هەڵنەسەنگاندنی دروستی باری سیاسی جیهان و لاوازبوونی دیپلۆماسی گەلی کورد لە پەیوەندییەکانی نێونەتەوەییدا و دانەڕشتنی تاکتیکی شیاو بەپێی هەلومەرج بە قازانجی بزووتنەوەی کورد و سەرەنجام بوونی کەسانی وەک بابەکری سەلیم ئاغا و دەیان شێخ و مەلا و سەرۆک عەشیرەتی خۆفرۆش لە بەرامبەر بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورددا، کە لەم کتێبەدا چاومان بە ئاکار و کردەوە دژە گەلییەکانیان دەکەوێ، لەمپەری پێش سەرکەوتنی کورد بووە لە سەردەمەکانی کۆندا.

هەموو دەزانین ئەوەی کە ئەمڕۆ لەو بەشەی باشووری کوردستاندا بەدەست هاتووە، بەرهەمی خەبات و خۆبەختکەریی ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان و کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینە، کە دنیای شڵەژاند و کاربەدەستانی جیهانی ناچار کرد دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ بەسەر پەیمانی «لۆزان»دا، جارێکیتر ئاوڕ لە کوردی ئەو بەشەی کوردستان بدەنەوە، کە بۆ خۆیان بەزۆر بە عەرەبی عێراقییانەوە لکاندووە. ئەم ئاوڕدانەوەیە، بڕیاری ٦٨٨ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بە دواوە بوو. بڕیارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

گوزارشت لە پاراستنی بەشێک لە دانیشتووانی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی هێڵی ٣٨دا دەکات، کە ڕژێمی بەعسی عێراق خەریکی لەناوبردنی بوو. نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ دانیشتووانی ئەو بەشەی بەکورد، ئاشووریی و تورکمانەوە لەژێر دەستی دەوڵەتی سەدام ڕزگار کرد و ئیزنی پێدان، لە ژێر چەتر و پارێزگاریی ڕێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دامودەزگای حکوومەتیی دامەزرێنن و وڵاتی خۆیان بەچەشنی وڵاتێکی نیوەسەربەخۆ لە ڕووی ئابووریی، بازرگانیی، کانزاکانی ژێر زەوی، لێڕەوار و دارستانەکانی، سیاسەتی دەرەوە، دیپلۆماسی، ئاسایشی هاووڵاتییان و پارێزگاریکردن لە سنووری وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن بە ١٣٪ی داهاتی نەوتی عێراق.

یازدە ساڵە کورد بەشێک لە خاکی باشووری کوردستانی بەدەستەوەیە. بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بە دەنگی ئازاد و گشتیی هاووڵاتییان لە ١٩٩٢/٦/٤دا پەرلەمانی کوردستانی دامەزراند، کە یەکەم دەستکەوتی یاسایی کوردە. دوابەدوای دامەزرانی پەرلەمانی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک لە جیاتی ڕێزلێگرتنی لە پەرلەمان، دژی ڕاوەستا و ئەوەندەی ئاژاوە نایەوە لە باشووری کوردستاندا، کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی بۆ ماوەیەک تووشی هێستریا کرد، کە ئەوانیش یەکتر بە هێند نەگرن و بەمەبەستی بەزۆر داسەپاندنی دەستەڵاتی بەرتەسکی تاقە حزبیی لەو بەشە ئازادکراوەدا، ناڕاستەوخۆ دژی بڕیارنامەی ٦٨٨ و بڕیارەکانی خۆیان ڕاوەستن. ئەوان خەریک بوون بەکردەوەی نالەباری دژ بەدیموکراتیی ئەم جارەش کوردی لێقەوماو ناچار بکەن بگەڕێتەوە سەر سەردەمەکانی پێشوو و دیسان بە تفەنگە ژەنگاوییە کۆکراوەکانی دوژمن لەناو عەمبارە تۆزگرتووەکانیاندا، ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد بکێشنەوە سەر چیاکان و وەک هەمیشە لە هیچەوە دەست پێ بکەنەوە. بێخەبەر لەوە کە ئەمڕۆ دیپلۆماسی کورد لە جیهاندا پلەی بەرزی بەخۆیەوە دیوە و لە ناو دەوڵەتە بڕیاردەرەکانی جیهاندا قسە لە ڕێبەرانی کورد وەردەگیرێ.

سیستمی بەڕێوەبەرایەتی جیهان دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و بەتایبەتیی بەدوای کردەوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی ئەمریکادا، شێوازێکی نوێی بەخۆیەوە گرتووە. چونکە گەلی کورد بەدرێژای مێژوو ئامانجی تیرۆریستیی دوژمنە داگیرکەرەکانە، جێگەی خۆی لەو چوارچێوە نوێیەدا دیوەتەوە و ڕێگای بۆ دیپلۆماسییەتی کورد لە خەباتی سیاسیدا ڕەخساندووە. ئاشتیی و



ئاشتبوونەوەی گشتیی لە باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و بەشداریکردنەوەی دووبارەی لیستەی سەوزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستاندا و وەرگرتنی بڕیاری هەڵبژاردن لە کوردستاندا، هەنگاوەکانی گەلی کورد بەهێز و توندتر دەکات.

ئەزموونی دە ساڵەی باشووری کوردستان، ئەو ڕاستییەی بە جیهان سەلماند کە کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی و وڵاتەکەی و دابینکردنی ئاشتیی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا دەیبینین لە بوارەکانی چاکسازیی، دیموکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە دیموکراتییەکاندا نموونەی باشی بەڕێوەبردنی وڵاتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریەدا بەرچاو ناکەوێ.

دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە دژی هەرچەشنە ئازادییەکی گەلی کوردن و بۆ ئەو مەبەستەش جیاوازیی لە نێوان کوردی ژێردەستی خۆیان و بەشەکانی‌تر دانانێن، ئەو شێوە بەڕێوەبەرایەتییەی باشووری کوردستانیشیان بۆ قبوڵ ناکرێ و دەزانن ئەمە زەبر لە سیستمی دیکتاتۆرییەتی ئەوان دەدات. لەبەر ئەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەهۆی ژمارەیەک ڕێکخراوی نەتەوەیی، ئیسلامیی و چەپڕەو دەیانەوێ ئاژاوە بخەنە ناو کوردستان و ڕاستییەکان چەواشە دەکەن. ئەمەش ئەرکێکی نوێ دەخاتە سەرشانی خەباتگێڕان و دڵسۆزانی کورد کە یەکدەنگ بن لە لەقاودانی دوژمندا و نەهێڵن پیلانە گڵاوەکانیان سەر بگرێ.

ئەمڕۆ پتر یەک ملیۆن کوردی خوێندەوار و پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکاندا، لە دەرەوەی کوردستان، لە ئەورووپا و ئەمریکا دەژین، کە زۆربەیان دۆست، دڵسۆز و خەباتگێڕ و لایەنگری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەیانن. لەبەر ئەوە پێویستە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گونجاو لەم هێزە کە دەسکەوتێکی گرنگی جیهانییە بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرن. بێگومان ئەم هێزە ئەگەر بە دروستیی کەڵکی لێ وەربگیرێ، دەتوانێ لە ئەورووپا و ئەمریکادا، ڕای دانیشتووان و کاربەدەستان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان و هەرێمەکانی‌تری کوردستان ڕابکێشێ و ڕێگاچارەیەکی گشتی بۆ مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان بدۆزنەوە. بۆ ئاگاداریی پتری خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی ئەم وەرگێڕاوە، پێویستە پەنجە بۆ ئەم چەند

خاڵە ڕابکێشم:

١- ئەم کتێبەم لە لایەن وەرگێڕی خاوەن ئەزموون و بەتوانای کورد کاک برایمی یوونسی لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوەتە فارسی و منیش لە فارسییەوە کردوومەتە کوردی و لە شوێنە پێویستەکانیشدا کەڵکم لە نووسراوە ئینگلیزییەکە وەرگرتووە.

٢- تا ئەو جێیەی کە دەرەتانم هەبووە ناوی کەس و شوێنە بەهەڵەنوسراوەکانی ناو کتێبەکەم ڕاست کردووەتەوە.

٣- ئەو جێیانەی پێویستیان بە ڕاستکردنەوە یا شیکردنەوە هەبووە، بەکردنەوەی پەراوێز لە لاپەڕەکاندا، سەرنجی خوێنەرم بە نیشانەی «ح» بەواتای حامید بەرەو ئەو مەبەستانە ڕاکێشاوە.

٤- ئیدمۆندس کتێبەکەی بەزمانێکی قورسی ئینگلیزی بۆ خوێندکارانی زانکۆ و لێکۆڵەرەکانی ئەوروپایی نووسیوە. مامۆستا برایمی یونسییش هەر بەم جۆرە لە وەرگێڕانەکەیدا لە شێوە نووسینێکی قورسی فارسیی تێکەڵاو بەوشەی عەرەبی کەڵکی وەرگرتووە. من بۆ ئەوەی زۆربەی خوێنەرانی کورد بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، هەوڵم داوە شێوە نووسینێکی ڕەوان و سادە بۆ وەرگێڕاوە کوردییەکە هەڵبژێرم.

٥- ئەم وەرگێڕاوە جاری یەکەم ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن کتێبفرۆشی ئەرزان لە وڵاتی سوید چاپ و بڵاوکرایەوە. چونکە ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ چاپ کرابوو، خوێنەرێکی زۆر داوای چاپکردنەوەیان لێکردم. لەبەر ئەوە ناچاربووم جارێکیتر هەوڵی چاپکردنی بدەم. بۆ ئەمەش سەرلەنوێ بە سەر نووسینەکانمدا چوومەوە و برای ئازیزم کاک (نەوزاد وەلی)یش بەشەکانی ١،٣،٧،١٤،١٨ی بۆ بژار کردم، کە زۆری سوپاس دەکەم.

لە چاپی دووەمی ئەم کتێبەدا، باشووری کوردستان پێی ناوەتە ناو قۆناغێکی نوێی ژیانەوە، ڕژێمی بەعس ڕووخاوە و سەدام حوسێنی تاوانبار لەلایەن سوپای هاوپەیمانانەوە دەستگیر کراوە و ئەنجوومەنێکی کاتی لە ٢٥ ئەندام بۆ بەڕێوەبردنی عێراق پێکهاتووە لە ١٣ شیعە، ٥ سوننە، ٥ کورد، ١ تورکمان و ١ کلدوئاشوور. ئەنجوومەن بەپێداگیریی گرووپی کورد یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ٨ی مایسی ٢٠٠٤ ڕۆژی ئافرەتانی جیهاندا پەسەند کرد. ئەو یاسایە بەشێک لە ئاواتەکانی گەلی کوردی دەستەبەر کرد و ئەمەش بووە جێگەی خۆشحاڵی کوردی هەموو بەشەکانی



کوردستان. لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بوون بەزمانی ڕەسمی عێراق و کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای خۆیدا خاوەن پەرلەمان و حکوومەت و دادوەری خۆی دەبێت و لە پەسەندکردنی یاساکاندا مافی ڤیتۆی دەبێت و... تد.

سەرکەوتنی کورد لە باشووری کوردستان ڕێگا بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردستان خۆش دەکات، کە مافی چارەنووس خۆی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەدەست بگرێ.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی و هەموو کارمەندانی دەزگای ئاراس دەکەم کە ئەرکی دووەمی چاپی ئەم کتێبە و کتێبی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان خستە ئەستۆی خۆیان.

حامید گەوهەری

٢٠٠٣

## پێشەکی نووسەر

چوارچێوەی ئەم کتێبە، مێژووی دیپلۆماسی ئەو کێشەیەیە کە لە نێوان بەریتانیای مەزن و تورکیادا سەبارەت بە مووسڵ هەڵگیرسا و بەواتای دروستی وشە ڕاپۆرتێکە لە ئەزموونی خۆم لە پلەی مەئموورێکی سیاسیدا لەو هەرێمە. لەو چوارچێوەیەدا هەوڵم داوە دیمەنێک لە وڵات و خەڵکی باشووری کوردستان پێشان بدەم.

لە کاتێکدا تورکەکان دۆستی باشی ئێمەن، ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو کە لەم ڕاپۆرتەدا زۆرجار بە دوژمن ناویان دەبەم، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە، داستانی حەوت ساڵی دوایی ئەو یازدە ساڵەیە کە نامۆیی و لێک دوربوونەوە کەوتە نێوان و بوو بەهۆی پچڕانی پەیوەندیی درێژخایەنی سوننەتی دۆستانە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. ئێستا پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ تورکیا لە هەموو کاتێک بەهێزترە.

کاتێک لاپەڕە تایپ کراوەکانی ڕاپۆرتەکەم دەخوێنمەوە، لەو چەشنە گوتنە بە فیز و لەخۆبایی بوونە سەرم سوڕدەمێنێ کە لە بەشێکی ڕاپۆرتەکانمدا بەرچاو دەکەون، بەڵام ئیتر کاتی گۆڕینیان بەسەر چووە و هەرچۆنێک بێ، چونکە بە گوێرەی یاداشت و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژانە ئامادە کراوە، بێگومان گەلێک باشتر لە ڕاپۆرتێکی کەم مایەیە کە دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە ئامادە بکرێ و دەتوانێ بڕوا بەخۆ بێنێ و هەست و زەوق بگەیەنێ کە زۆربەی مەئموورە سیاسییەکانی پەروەردەکراوی شەڕ، کە بەکارگێڕی سیاسی «میسۆپۆتامیا»[1] (بە مەڵبەندی نێوان دیجلە و فوڕات) ناسراون، بە یارمەتی ئەو ئەرکەکانیان بەجێ دەگەیاند و تا ڕادەیەک کەموکوڕیی زانست و تاقیکردنەوەی خۆیان قەرەبوو دەکردەوە.

من ئاگاداری ئەوەم کە باس و لێکۆڵینەوە لەسەر خەڵکێکی هەمە چەشنە کە کۆمەڵگای باشووری کوردستان پێکدێنن و ئەو ڕێگایانەی کە بڕیومن، لە هێندێک شوێندا دوور و درێژن و بەدوور و درێژیی باسکراون؛ بەڵام ئەگەر ئەو تاقیکردنەوانە بۆ ڕێنوێنی نرخیان هەبێ، هەر ئەو باسە دوورودرێژانەیە کە سەرنجی گەڕۆک و خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی

1- Mespot Political



نێوەڕاست بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. من لەو باوەڕەدام کە بەدرێژایی ئەو ڕۆژانەی کە لە ئێران و عێراق خەباتم کردووە، ئەویش لە سەردەمێکدا کە داهێنانی ماتۆڕە بچووکە دەروون سوزەکان، دەسپێکردنی شۆڕشێکیان ڕاگەیاند و بە خێرایی لە دوو شەڕی جیهانییدا، هەڕەشەی نەمانیان لەو سوننەت و ڕێوڕەسمە کۆنانە دەکرد کە لە سەدەکانی پێشوو مابوونەوە، ئاگادارییەکی فرەم کۆکردووەتەوە کە بۆ گشت لێکۆڵەرەکانی ئەوروپای تازەن.

نایشارمەوە، هیوادارم ئەو نووسراوانەی لێرەدا پێشکەشیان دەکەم، بۆ ئەو چەشنە لێکۆڵینەوە ورد و بەرێ و جێیانەی کە ئەنجامیان لە تاقەت و توانای مندا نییە بەکەڵک بن. من لە بابەت هێندێک باسی توێژینەوەی سەرەتایی، وەک کورتەی مێژووی سەرەتای ئیسلام، کە لە دەستپێکی فەسڵی شەشەمدا هاتووە، ڕەنگە بەڕای هێندێک لە لێکۆڵەرەکان باسێکی زیادە بێ، بەڵام بەڕای من ئەو بەشە و بەتایبەت بەشی کۆتایی ئەو فەسڵە و فەسڵەکانی دوایی بۆ خوێنەرە ئاساییەکان خۆشتر و پەسەندترن. لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم و هیوادارم وابیر نەکەنەوە، کە لە پەرێشانی و سەرلێشێواوی ئەو بەشەم نووسیووە. هەر کتێبێک دەربارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بنووسرێ، هەمیشە وەرگرتن و نوسینی ناوی خەڵک و شوێنە جوگرافیاییەکانی تێدا کارێکی دژوارە. بەتایبەت ئەو دژوارییە پتر لەو کتێبانەدا بەرچاو دەکەون، کە دەربارەی ئەو ناوچانە دەنوسرێن کە زمانی ڕەسمییان عەرەبی، فارسی و تورکییا و بەپیتی عەرەبی دەنووسرێن و خەڵک بەو زمانانە قسە دەکەن. زمانی تورکیی نوێش کە بەپیتی ڕۆمیی دەنووسرێ، دراوسێیەکی بەدەستەڵاتە و ئەویش کارەکە پتر دژوار دەکات و شێوازێکی گەلێک گرنگ بەخۆیەوە دەگرێ. من لەو بوارەدا دەستور و یاسایەکی ڕێنوێنم نەبووە، بەڵام یاسا و ڕێسایەک بووە کە هەوڵم داوە لەبەر چاویان بگرم. دەستوورێک کە بۆ خۆمم دانابوو تا ڕادەیەک بەرین و بەربڵاو بوو، بەڵام یەک دوو خاڵ هەن کە دەبێ لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەم. لەو جێیانەی کە ناوی کەسانێک لەنێوان دوو یا چەند زماندا وەک یەکن، لەوانەیە هەمیشە یەکێک لەوان فارسی بێ. لەبەر ئەوە، من شێوەی گوتن و نووسینی ئەو جۆرە ناوانەم بەگشتیی بەپێی یاسای پەسەندکراو لە زمانی فارسیدا هەڵبژاردووە. پیتی «ع» کە لە سەرەتای ناوەکاندا دێ و هەروەها پیتە دەنگدارەکانی‌ترم لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا دیاریی نەکردووە، بەڵام ئەو جیاوازییانەم لە پێڕستی ناوەکاندا پێشان داوە. ئەو وشانەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا جێگەیان گرتووە، وەک: (مەککە، خەلیفە یا قورئان) لەسەر یەک

هەر بەو شێوەیە نووسراون، بەڵام گەلێک دۆستم هەبووە کە ناویان محەمەد بوو، ئەو شێوە گوتنەم بە ڕادەیەک بۆ ڕوون بوو کە سەرەڕای ڕێزم بۆ برایانی «فاولر»[٢] نەمتوانی خۆم ڕازیی بکەم و بە جێگای محەمەد لە وشەی «ماحومەد» یا «محامەد» کەڵک وەرگرم.

لە دووپات کردنەوەی ئەو ڕستانەی کە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسییەوە وەرمگرتوون، ڕێوڕەسمی ناسراوی باو و پەسەندکراوی گشتیم بەکار هێناوە و ناوی تورکییەکانم بە پیتی ڕۆمیی نوێ نووسیوە کە مستەفا کەمال هێناونی. وشە و ڕستەکانی کوردیم بە پیتی ڕۆمیی و بە پێی داهێنانی خۆم نووسیوە، کە لە ساڵانی **١٩٣٠-١٩٣٣**دا بە یارمەتی دۆست و زانای کوردم تۆفیق وەهبی بەگ ئەندامی کۆڕی سەنای عێراق ڕێکم خستوون. دوا وێنەی ئەم پیتە کوردییانەم لە دوو وتاردا لە ژێر ناوی: «پێشنیاز دەربارەی کەڵک وەرگرتن لە پیتی لاتین لە نووسراوەکانی کوردیدا» (ژانویەی **١٩٣١**) و «چەند وتەیەک دەربارەی کەڵک وەرگرتن لە پیتی لاتین لە نووسراوەکانی کوردیدا» لە ژوئیە **١٩٣٣** ناردووە بۆ «گۆڤاری سەڵتەنەتیئاسیا»[٣]. لێرەدا باشترە بگوترێ، گشت پیتە بێدەنگەکان بە زیادو کەمەوە پیتی هاوسەنگیان لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، جیا لە پیتی X کە لە گەرو دێتە دەر و بەشێوەی ئاسایی بە دوو پیتی KH نیشان دەدرێت؛ پیتەکانیC و J لە (ئەلف و بێ)ی نوێی زمانی تورکیدا بەڕیز وەک J ئینگلیزی و J فەرانسین، تێکەڵاوکردنی دوو پیتیش کە یەک دەنگ بدەن، وەک RH و IH «لام»ی گەورە و «ڕ»ی قەڵەو دەخوینرێنەوە کە سەرەڕای «لام» و «ر»ی ئاسایی لە زماندا هەن. لە نێوان پیتە دەنگدارەکاندا هەمیشە پیتەکانی ê ,ö, o, a قەڵەون؛ پیتی i دەنگی قەڵەوە و i, y کورتن کە لەگەڵ پیتی بێدەنگ جیاوازییان نییە، پیتی K ش هەمیشە دەنگ کورتە. پیتەکانی i و u قەڵەون بەڕیز iy یا yi یا uw یا wu نیشان دەدرێن.

لیستەیەکم لە بەڵگە ڕەسمییەکان لەگەڵ کورتەیەک لە لیستەی ناوی گۆڤارەکانی لێکۆڵینەوەیی یا توێژینەوەیی کە وەک سەرچاوە کەڵکم لێوەرگرتوون لە پاشکۆی «ئەلف»دا نووسیون. خۆم بە قەرزداری گشت ئەو بەڵگە و نووسراوانە دەزانم. نموونە هێنانەوەم لە کتێب و وتاری ژمارەیەک لە گەڕیدەکان، کە بەر لە من سەفەری ئەو مەڵبەندەیان کردووە و بەشێک لە نووسراوەکانیانم خویندووەتەوە، ئەوانەشم لە فەسڵی

٢- Fowler هێزی واستن (١٩٣٣-١٨٥٨) و تف.ج.فاولر فەرهەنگ نوسانی ئینگلیز. وەرگێڕ.ف

3- Jornal



دووەمی کتێبەکەدا نووسیوە و لە باسەکانی تریشدا، لە دەقی کتێبەکە یا ژێرنووسەکەیدا ئاماژەم بۆ کردووە و سوپاسی خۆم ئاراستە کردوون. بۆ ئەوەی کتێبەکە پوخت بێ، زۆربەی دۆستەکانم یارمەتیان داوم. پێویستە بگوترێ هەرگیز ئەو کەسانە وەڵامدەری ئەو کەموکوڕییە نین کە لە دەقی کتێبەکەدا ماون. سێر «ریدیر بولارد»[٤] و پرۆفیسۆر «سیدنی سمیت»[٥] دەقی چاپکراوی کتێبەکەیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی خوێندووەتەوە. پرۆفیسۆر «ئا. گیوم»[٦] فەسڵەکانی شەش، سێزدە، چواردە و هەژدەی خوێندووەتەوە و بەڕێز سەید تۆفیق وەهەبی فەسڵەکانی چوار، پێنج، شەش، حەوت، یازدە و پانزدەی خوێندووەتەوە. بیر و ڕا و ڕێنوێنییەکانی ئەو گەورانە بۆ من زۆر بەکەڵک بوون. بەم بۆنەیەوە سوپاسیان دەکەم و دەبێ لە بەرپرسی کتێبخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزیش سوپاس بکەم، چونکە ئیزنی دام بەڵگە و نووسراوەکانی ئەو وەزارەتخانەیە دەربارەی ناکۆکیی و کێشەی نێوان ئێران و عوسمانیی سەبارەت بە سنووری ئەو دوو وڵاتە بخوێنمەوە. سوپاسی فەرماندەی هێزی هەوایی مارشاڵ «جەمیز ڕاب»[٧] دەکەم، کە دەربارەی ئەفسەر و کەرەسەکانی هێزی هەوایی سەڵتەنەتیی لە ساڵەکانی **١٩١٩-١٩٢٥** زانیاریی دامێ، هەروەها سوپاسی سەرهەنگ ٢ «جی. ئی. ویلر»[٨] دەکەم کە شێوە گوتنی تورکیی نوێی بۆ شیکردمەوە و لە سەفەرەکان و میوانداریيەکانیدا ڕێزی گرتم. سەرەنجام سوپاسی زۆربەی هاوکارەکانم دەکەم کە ناوی هێندێکیان لەم کتێبەدا نووسراوە.

پێویستە ئەو خاڵەش ڕوون بکەمەوە هەرچەند بە ساڵان ئەرکی خزمەتم لە وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی خاوەن شکۆ و حکوومەتی عێراقدا هەبووە، گشت بیروڕا و باس و لێکۆڵینەوەکانی ناو ئەم کتێبە و بەرپرسایەتی نووسراوەکان دەگەڕێنەوە سەر شانی خۆم.

4- Sir Reader Bullard
5-Professor Sidney Smith
6-Professor A. Guillaume
7- Air Chief Marshal Sir James Robb
8- G.E. Wheeler.

# بەشی یەکەم

## ١ - سەرەتا: کوردەکان

وشەی کوردستان لە مانای گشتیی خۆیدا بە وڵاتێک دەگوترێ کە کوردەکان وەک نەتەوەیەک لێی جێگیرن. ئەم وڵاتە دابەش کراوە بەسەر تورکیا، عێراق و ئێراندا و بەشێک لە خاکەکەشی خزاوەتە ناو سوریا و یەکێتی سۆڤیەت. لەبەر ئەوە، سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ هیچکام لە سنوورە نێونەتەوەییەکان و شێوە دابەشکردنەکانی باو لەناو خۆی وڵاتێکی جیهاندا یەک ناگرێتەوە. لە باکور، ئەم سنوورە بەگشتی هێڵێکە بە ئێرەوان(یەریڤان)، ئەرزەرۆم و ئەرزەنجاندا تێدەپەڕێ و لەوێوە لار دەبێتەوە و لە مەرعەش ڕوو لە حەلەب دەکات. لە باشووری ڕۆژئاوا، بە بناری چیاکاندا دەچێتە پێش تا دەگاتە دیجلە و لەوێوە شان بەشانی لای ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەچێتەخوارێ. هێندێک باکورتر بە هێڵی کێوەسوور (جبل حمرين)دا ڕوو لە ناوچەیەکی سنووری ئێران و عێراق لە نزیک مەندەلی دەکات. لە ڕۆژهەڵات، واتە لە ئێران سنووری کوردەکان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لە ئێرەوانەوە دەست پێدەکات و هەرێمەکانی ماکۆ، بەشێک لە خۆی، ورمێ، مهاباد (ساباڵاغ)، سەقز و سنە تا کرماشان لەنێو خۆی دەگرێ. جادەی ئەسڵی کرماشان بۆ کرێند و لەوێوە بە هێڵێکی ڕێکدا تا مەندەلی، ناوچەیەکە کە کوردەکان لە خزمە لەک و لوڕەکانیان جیا دەکاتەوە، کە جارجارە بە کورد دەژمێردرێن[1].

دیارە دانیشتووانی کوردستان کە بەمجۆرە باسیان لێکرا هەموویان کورد نین. بۆ نموونە، بەر لە ساڵی ١٩١٤ ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنیی لە ناوچەی جێگرتوو لە کەوانەی ٣٨

١- ئەم باربەرانەی کە وەک دووسەد ساڵ لەمەوپێش باری قورس و گران بە پشت هەڵدەگرن و هەموو ڕۆژێ لە شاری بەغدا دەبینرێن و بە کورد ناوبانگیان دەرکردووە، لە ڕاستیدا کورد نین و لوڕن و لە ناوچەی پشکۆوە هاتوون.



دەرەجە دەژیان و کۆمەڵێکی زۆریش مەسیحی نەستووریی کە لە ئینگلیستان بە ئاشووریی دەناسرێن لە پارێزگای هەکاری «تورکیا» و هەرێمی دراوسێی ئەو ورمێ لە «ئێران» دەژیان. ئەوانەی ژێردەستی تورکیا بە تەواوی بێ سەروشوێن کران، بەڵام چەند هەزار ئاشوورییەک لە ناوچەی ئامێدی عێراق ماونەتەوە. لە زنجیرە شارۆچکەیەکی نێوان جادەی بەغدا و مووسڵیش کۆمەڵێک تورکمانی کۆنی جێگیرن: لە قەرەتەپە، کفری، دووزخورماتوو، تۆق[ح]، کەرکووک، ئاڵتون کۆپری، هەولێر و ئەوبەری مووسڵ واتە تەلەعفەر، بەڵام بەگشتیی کوردەکان زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە. لە لایەکیترەوە، جەماوەرێکی زۆری کورد لە دەرەوەی سنووری کوردستان دەژین. بۆ نموونە، لە ڕۆژئاوای ئەم ناوچەیە، لە دیمەشق، لە ناوچەی حەلەب و تا دەگاتە ئەنقەرە؛ لە ڕۆژهەڵات، لە قەزوین، خۆراسان و کرمان. لەم جەماوەرە سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە، کە لە هەموو چیاکانی سنجار (شەنگار) لە ڕۆژئاوای دیجلە لە هەرێمی مووسڵ، زۆربەی دانیشتووان کوردی «یەزیدی»ن، کە بەهەڵە شەیتانپەرستیان پێدەڵێن، لەگەڵ کەمایەتێکی موسوڵمان کە لایەنگریی لە ئایینی گشتی ناکەن.

من ژمارەی کوردەکانی عێراق ٩٠٠،٠٠٠ کەس مەزندە دەکەم. ئەم ژمارەیە بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧ە و «ناحیە» کۆی سەرەکی ژمارەی دانیشتووان بە دەستەوە دەدات: ئەو ژمارەیە هەروەها بە پێی بەراوردێکە کە خۆم لە تێکەڵاویی ڕەگەزەکانی هەرکام لە ناحیەکان بەدەستم هێناون، کە بچوکترین بەشی ئیدارین. بۆ تورکیا و ئێران تەنانەت ژمارەیەکی وەک ئەوەش بە دەستەوە نییە. کۆمیسیۆنی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتووەکان، کە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کێشەی نێوان بەریتانیا و تورکیا لەسەر ویلایەتی مووسڵ، ساڵی ١٩٢٥ هاتبووە عێراق، ژمارەی کوردەکانی بەم شێوەیە مەزندە کرد: تورکیا ١،٥٠٠،٠٠٠؛ ئێران ٧٠٠،٠٠٠؛ عێراق ٥٠٠،٠٠٠ و سوریا و شوێنەکانیتر ٣٠٠،٠٠٠، کە بەگشتیی دەبێتە ٣،٠٠٠،٠٠٠ کەس. ژمارەی کوردەکانی عێراقیان گەلێک کەمتر لە ژمارەی دروست بەراورد کردبوو، بەڵام دەبێ بەشێک لەم ناکۆکیە بە زیادبوونی سروشتی نفوس دابنێین، کە لە ماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەی دواییدا بە سەر تەواوی ئەو هەرێمەدا هاتووە. ئەو ڕاپەڕینە خۆڕسکانەی کە بە دوای

ح- ناوی پێشووی ئەو شارۆچکەیە «تاوغ» (تۆوغ) بووە، کە بە تورکی دەبێتە مریشک. بە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق کراوەتە «داقووق» و (تۆقی) شی پێدەڵێن.

هێرشی ئینگلیز و ڕووس لە پاییزی ساڵی ١٩٤١ لە ئێران ڕوویاندا و ئەو لاوازییەی کە لە ئاکامیدا بەسەر دەزگا حکوومەتییەکاندا هات، سەلماندیان کە کوردەکانی ئێرانی ئێستاش وەک هەمیشە بەهێز و توانان. بۆ کوردەکانی ئێران ١،١٠٠،٠٠٠ کەس بەراوردێکی بەجێیە. بەراوردی ژمارەی کوردەکانی تورکیا گەلێک دژوارترە، چونکە حکوومەتی تورکیا ئەم کوردانە بە «تورکی کێوی» ناو دەبات و نایەوێ بیسەلمێنێ کە ئەوان لە ڕەگەزێکی جیاوازن. لە تورکیا، لەبەرکردنی بەرگی کوردیی بەلایەنی کەمەوە لە نزیک ناوەندەکانی ئیداری یاساخە. هەروەها دەربارەی زیانی گیانیی و ماڵیی خەڵک کە بەهۆی سەرکوتکردنی زنجیرە بزوتنەوەیەک و ڕاگواستنە بەزۆر ئەنجام دراوکان لە کوردستانی تورکیا زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە.

سەرەڕای ئەوانە بەپێی لێکۆڵینەوەی خۆم کە لە سنوری ئێران و عێراق کردومە و بەپێی گوتنی بەشێک جیهانگەڕ دەربارەی ئەم مەسەلەیە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی گرنگایەتی ئەو بزووتنەوانەی کە لە کوردستانی تورکیادا ڕوویان داوە، لە سەر ئەو باوەڕەم کە ژمارەی کوردەکانی تورکیا بەتەنیا دەگاتە ڕادەی ژمارەی کوردەکانی ئێران و عێراق، واتە پتر لە دوو ملیۆن کەس(٢). ئەم ژمارەیە، بە زیادکردنی ژمارەی کوردەکانی سوریا و جێیەکانی‌تر لە سنووری ٤ تا ٤/٥ ملیۆن تێدەپەڕێ.

کوردەکان دەربارەی بنچە و ئەژدادی خۆیان دوو داستان دەگێڕنەوە. یەکەمیان دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەیەکی مێژوویی، کە دەڵێ کەسێک بەناوی زوحاک بۆ ماوەیەک تەختی سەڵتەنەتی داگیر کردووە. لەسەر شانەکانی ئەو زوحاکە دوو مار پەیدا بوون کە خۆراکی ڕۆژانەی هەریەکەیان مێشکی مرۆڤێک بووە. وەزیری خاوەن بیری زوحاک کەوتە ئەو فیکرەوە کە مێشکی مرۆڤ لەگەڵ مێشکی گوێلک تێکەڵ بکات و بیدا بە مارەکان. بەمجۆرە ئەو توانی گیانی یەکێک لەم دوانە ڕزگار بکا، کە دەبووایە ڕۆژانە قوربانیی بکرێن. ئەو، ڕزگارکراوەکانی بە نهێنی دەناردە چیاکان و سەرەنجام کوردەکان

٢- ساڵنامەی ئاماریی ساڵی ١٩٥١، لە بلاوکراوەکانی ئیدارەی ناوەندیی ئامار لە ئەنقەرە، لە ژمارەی ١٢٠ی گۆڤاری جوگرافیایی، لاپەڕەی ٣٤٧ ڕۆژی ٣ی سێپتەمبەری ١٩٥٤ لە تورکیا ڕایگەیاند: ژمارەی ئەو کەسانەی زمانیان کوردییە ١،٤٧٦،٥٦٢ کەسن. من لە شوێنێکی شارەزام بیستووە، بە هۆی هێندێک کاری دیموکراسی کە لە تورکیا باسی لێدەکەن، دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنی ئازاددا وەزنەیەکی گەورە دەبێ. ئێستا نفوسی کورد لە تورکیا تا چوار میلیون مەزندە دەکری.



لە تۆرەمەی ئەوانن.

داستانی دووەم دەگەڕێتەوە سەر سلێمان پێغەمبەر. لە کۆندا خەڵکی ڕۆژهەلاتی جیهان لەو باوەڕە دابوون کە سلێمان پێغەمبەر حوکمی بەسەر بوونەوەرانی سەیر و سەمەرەی وەک جن و دێوەزمە و پەری و شتی‌تری وەک ئەوانە کردووە و ئەوان لەژێر فەرمانی سلێماندا بوون. بە وتەی کوردەکان، ڕۆژێک شا سلێمان فەرمانیدا بە ٥٠٠ دێوی جێ باوەڕی، کە بە تەنووڕلێدان بچن بۆ ئەورووپا و ٥٠٠ کچی جوانی ئەو مەڵبەندە بۆ حەرەمسەراکەی بێنن. دێوەکان چوون، بەلام لە گەڕانەوەدا دەبینن گەورەکەیان مردووە و لە ئاکامدا ئەوان کچەکانیان بۆخۆیان ڕاگرت و بەهۆی ئەوانەوە بوون بە ئەژدادی کوردان. لوڕەکانیش ئەم داستانە دەربارەی بنەچەی خۆیان دەگێڕنەوە. لە سەفەرێکمدا بۆ لوڕستان یەکێک لە پیاوکوژە بێڕەحمەکانی ناوچە بەپێی ئەم داستانە و بەهۆی نەنکە گەورەیەوە، دەیگوت خزمایەتی لەگەڵ من هەیە(٣).

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر مێژووی جیددیتری کوردان، دەبینین لێکۆڵەرەکان لەمەڕ تۆرەمە و بنەچەی کوردان باس و گفتوگۆیەکی زۆریان هەیە، بەلام تا ئەم جێیە ڕوونە: بەڵگە بەدەست هاتووەکان لە ئیمپراتۆرە مەزن و شارستانییەتەکانی پێگرتوو لە دەشتەکاندا، واتە ئیمپراتۆری سۆمەر لە نزیکی کەنداوی فارس، بابل لە بەشی ناوەندیی فورات نزیکی دیجلە و ئاشوور کە پایتەختەکەی نەینەوا بووە لە دیجلە لە ڕووبەڕووی مووسڵ گشتیان بەچڕی باسی تالانگەریی تیرە چیانشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و ڕاپۆرتی لەشکرکێشانەکانی دژ بەو تیرانە ڕون دەکەنەوە، کە وڵاتەکەیان، سنووری ئەو ئیمپراتۆرییانەیان لە باکوری ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلات پێکدەهێنا. لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، بنەماڵەی چەند شایەک کە لە (بین‌النهرین) حکوومەتیان کردووە، ژمارە ناوێکی وەک سانسکریتیان هەبووە، کە ئەو ناوانە بەلانی کەمەوە باس لە بوونی هیند و ئاریایی لە چینی سەرووی کۆمەڵ دەکەن. دوای ئەوە، زنجیرەیەکی‌تر لە بنەماڵەی هیند و ئەورووپایی هاتنە دەشت و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە ئێرانییەکانن: واتە مادەکان و پارسەکان. ژمارەیەک لێکۆڵەوەر لەو باوەڕە دان کە پارسەکان بەرلە مادەکان و لە سەدەی دوانزدەی پێش زاییندا هاتوونە ئەم ناوچەیە و بەرلە کۆچیان بۆ فارس سێ سەدە یا پتر

٣- چیرۆکێک لە سەلاحەدین دەگێڕنەوە دەربارەی ئەژدادی کوردان، کە بۆ شوالیەی سکاتلەندی باس کراوە (بەرگی سێیەم Talisman) ئەو چیرۆکە شتێکی وەک ئەو دوو چیرۆکانەیە.

لێرە بوون. ئەوانە، ناوی خۆیان داوە بە «پارسواش» یان ئەو ناوەیان لەو وەرگرتووە. ناوی پارسواش بۆ یەکەمجار لە مێژووی بەسەرهاتەکانی سەڵتەنەتی سەلمانسەری سێیەم پاشای ئاشوور بۆ ساڵەکانی ٨٣٢ و ٨٢٩ و ٨٢٨ (پ.ز) نووسراوە و لەوە دەچێ لەگەڵ ناوچەیەک یەک بگرێتەوە کە ئەمڕۆ بە بانە دەناسرێ[٤] بەداخەوە مادەکان بە پێچەوانەی سۆمەرەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان و پارسەکان شوێنەوارێکی کۆنیان لەخۆیان بەجێ نەهێشتووە، یان ئەگەر بەجێیان هێشتبێ، تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە. لەبەر ئەوە باس لە مێژووی کۆنی ئەوان بە بێ شک و گومان ناکرێ. دێرێک لە مێژووی بەسەرهاتەکانی سەڵتەنەتی سەلمانسەری سێیەم لە ساڵی ٨٣٦، وەک یەکەم ئاماژە بە مادەکان لە مێژوودا نووسراوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ تا سەدەی هەشتەم هیچ شێوە ناوێکی ئێرانیی کە پادشاکانی ماد هەیانبوو لە نوسراوەی ئاشورییەکاندا بەرچاو ناکەوێ. دوای ئەمە، مادەکان کە لە جێیەکی نادیار لە باکوری دەشتەکانی ناوەندی ئێرانەوە هاتبوون، ڕوویان کردە ڕۆژئاوا و باشوور و سەرەنجام لە دەوروبەری ساڵی ٦٥٠دا خۆیان گەیاندە چیاکانی زاگرۆس و دەستیان بەسەردا گرت. مادەکان و پارسەکان بە ڕواڵەت سەر بەگروپەکانی ئەشرافی بوون و حوکمیان بەسەر جەماوەرێکی تێکەڵاودا کردووە. باسیان لە سەرلەڕیشە دان و لەناو بردنی دانیشتووانی پێشوو نەدەکرد، بەڵام زمان و دینی خۆیان بەزۆر بەسەر ئەو گرووپانەدا دەسەپاند. لە ساڵانی ٦١٢-٦١٧دا، «کەی ئەخشارشی مەدی»[٥] کوڕی «فرائورتش»[٦] (خشتە ڕیتە) بەسەرۆکی گشتیی ناسرا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ژمارەی قەومەکانی‌تر لە مادەکان زیاتر بوون. کەی ئەخشارش ساڵی ٦١٢ لەگەڵ بابلییەکان یەکی گرت و نەینەوای وێران کرد و ئیمپراتۆری ئاشووریی لێ خست. هەواڵێک دەربارەی بەسەرهات و هەڵسوکەوتەکانی هێزی ماد لە سەردەمی کەی ئەخشارش و ساڵی ٥٥٠ بەدەستەوە نییە و سنووری دەسەڵاتدارییەتی ئەو ناڕونە. هێرودۆت (کتێبی یەکەم، ٧٢ و

٤- سیدنی سمیت «پارسواش و سندوس» لە یادنامەی پرۆفیسۆر پورداود «بەمبەیی ١٩٥١» بەرگی دووەم لاپەڕەی ٦٠-٦٧ و ٧٠ ویلایەتی مسی Messi لەگەڵ ناوچەی سەقز وەک یەک دەبینێ.

٥- Cyaxares ئەو ناوەیان بە کەیاکسارس و سیاگزاریش وەرگێڕاوەتەوە. (کەی بەرناو بووە و واتای گەورە و مەزن و شەریفی داوە. وەک کەی خەسرەو، کەی کورش و کەی کاوس). ئەو بەرناوە لەگەڵ کای ئێستا یەک دەگرێتەوە وەک: کا حەسەن، کا شەریف و ...هتد. وەرگێڕی ف.

٦- Phraortes (فرورنیش) وەرگێڕی ف.



٧٤) بە ڕاشکاوی دەڵێ: سنووری ڕۆژئاوای ئەو ڕوباری «هالیس»[٧] واتە «قزڵ ئیرماق»[٨]ی ئێستا بووە؛ کە دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ «لودیە» (لیدی)[٩]، بە ناوبژیکەرێتی فەرمانڕەوایانی بابل (کە ئەوکات حەرانیان بە دەستەوە بوو) و کیلیکیە دیاریکرا بوو. ئاماژە بە گیرانی ڕۆژ لەو سەردەمدا پێشان دەدات مێژووی ئەم ڕووداوە ساڵی ٥٨٥ بووە. لە باسەکانی پێشوودا دەربارەی مادەکان، باسێک لە ئەکباتانە (هەمەدانی ئەمڕۆ) نەکراوە، بەڵام ئەو شارە لە دواکاتەکانی حکوومەتی ماد دا پایتەخت بووە. لەم بەرەوە، سنووری مادەکان بە مەودایەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ئەکباتانە چووبووە پێشەوە و پارسەکانی باشوور، ناوچەی دەسەڵاتداریەتی ئەوانیان بە ڕەسمیی ناسیبوو.

ساڵی ٥٥٠ یا دەوروبەری، کورشی پارسی، «ئاستیاگس»[١٠] جێنشین یا بە وتەی هێرودۆت، کوڕی کەی ئەخشارشی لە حکوومەت خست و دەوڵەتی هەخامەنشی جێنشینی دەسەڵاتدارییەتی ماد کرد. لەم ساڵەدا (٥٤٧)، کورش «کروئسوس»[١١] پاشای لودیە (لیدی) هێنایە ژێر فەرمان و بوو بە فەرمانڕەوای هەرێمەکانی ناوەندیی و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک؛ پاشان هێرشی کردە سەر بابل، سەرەتا سوریا و دوای ئەو لە ساڵی ٥٣٩دا بابلیشی گرت. ئیمپراتۆری هەخامەنشی کە پایتەختەکەی لە پیرسیۆلیس لە نزیک شیرازی ئەمڕۆ بوو، تا ساڵی ٣٣١ دەوامی کرد. لەو ساڵەدا بوو کە دارای سێیەم لە شەڕی گەورەی هەولێر «ئاربلا»[١٢] بە دەست ئەسکەندەری مەزن شکا. ئەم شەڕە لە ڕاستیدا لە نزیک گوندی مەسیحی نشینی «کەرەم لەیس»[١٣] ڕوویدا کە لە مووسڵ نزیکتر بوو تا هەولێر[١٤]. بەمجۆرە کوردستان بوو بە بەشێک لەو ئیمپراتۆرییانەی کە دوای ئیمپراتۆریی هەخامەنشی بەدەستەڵات گەیشتن: سلوکییەکان (٣٣١- ١٢٩پز)؛ ئەشکانییەکان (٢٧٤ پز- ٢٢٦ز)؛ ساسانییەکان (٢٢٦-

7- Halys
8- Kizil Irmak
9- Lida
10- Astyages
11- Croesus
12- Arbela
13- Karamla

١٤- Sir.A. Stein (لە نووسراوەکانیدا لەمەڕ پەرینەوەی ئەسکەندەر لە دیجلە و شەڕی ئاربلا) گۆڤاری جوگرافی، گۆڤاری سەردەم، ئۆکتۆبەری١٩٤٢.

٦٣٦ز)؛ حوکمدارییەتی عەرەبەکان (٦٣٦–١٥٢٦ز). سەرەنجام لە سەدەی شانزدەدا سنووری نێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانیی و سەفەوی، تا ڕادەیەک جێی گرت و سێ لە چواری خاکی کوردستان کەوتە ناو هەرێمی دەسەڵاتداریەتی عوسمانیی و یەک لە چواریشی چووە ژێردەستی ئێران(ح).

هەوڵ بۆ بەشوێن کەوتنی زنجیرە بەسەرهاتی کوردەکان لەناو مێژووی ئاڵۆز و شێواوی ئاسیای ڕۆژئاوادا لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەم کتێبە زۆر یەک ناگرێتەوە. هەر ئەوەندە دەبێ بگوترێ کە لە سەدەی حەفتەمی زاییینیی واتە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی عەرەبان، ناوی کورد وەک ڕەگەزێک لە ئێرانییەکانی ڕۆژئاوایی کە لە هەردوو بەری زاگرۆس نیشتەجێ بوون و هەروەها بە کۆمەڵێکی ئێرانی بووی دراوسێی ئەو دەگوترا. ئەم گوتنە لەوانەیە ڕەنگدانەوەیەک بووبێ لە نزیکیی ناوەکان، کە نووسەرانی پێشوو لە چوارچێوەیەکی بەستراوەتردا بەکاریان هێناوە، وەک: چیاکانی «گوردوایا»(١٥)، ڕێگرەکانی «کورتیوی»(١٦)، «ئاتروپاتن ماد»(١٧) یا ئازەربایجان، کە «سترابوو»(١٨) نزیکەی «٦٤ ساڵ پێش زایین و ٢٠ ساڵ دوای زایین» ئاماژەیان بۆ دەکات و «کاردوخویی»(١٩)یەکان، کە ٤٠٠ ساڵ پێش زایین «گەزنفون»(٢٠) و دە هەزار سوپای یۆنانییان کاتی کشانەوە لە ناوچەی زاگرۆس بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەلاماردا.

ماوەیەک جیهانگەڕانی ناشارەزا فێر ببوون بڵێن گوتنی کوردیی شتێکی جیا لە زاراوەیەکی سەرلێشێواوی پارسی نییە. ئەم گوتنە ڕاست نییە، ئەو دوو زمانە (پارسی و کوردی) پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام لە زۆربەی بابەتەکانی گرنگی وشە و ڕێزمان و «فۆنۆلۆژی»(٢١)دا لەگەڵ یەکتر جیاوازن. زمانی کوردیی بە پێچەوانەی زمانی پارسیی

(ح)– ڕۆژی یەکی خەرمانانی ساڵی ١٥١٤ز، واتە دوای تەواوبوونی شەڕ لە نێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانی و شا سمایلی سەفەوی، کوردستان دابەش کرا. ئەو شەڕە کە لە مێژوودا بە ناوی شەڕی چاڵدێران دەناسرێ، لە ڕاستیدا شەڕێکی پاوانخوازانە بووە لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سوننی تورک و شیعەی ئێرانیی، کە ڕەنگی ئاییینی پێدرا.

15-Gorduaia
16-Kurtioi
17-Atropatian
18-Strabo
19-Kardouchoi
20-Xenoph

٢١– زانستی دەنگناسی Phonology دەنگەکانی یەک زمان.



نوێ کە لە گروپی زمانەکانی ئێرانیی باشووری ڕۆژئاوادا جێی گرتووە، لەگەڵ زمانەکانی باکوری ڕۆژئاوایە. کوردستان وڵاتی چیای بەرز و ڕێگای چڕ و دژوارە؛ سەدان ساڵ بەبێ پسانەوە هیچ چەشنە یەکگرتنێکی سیاسی نەبووە، کە بتوانێ ئەدەبیاتێکی هاوبەشی پێ بدات. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەگەر زاراوەی ئەم شێوەی کوردستان لەگەڵ شێوەکەی‌تری جیاواز بێ، بەڵام ئەو دیاردە بناخەدارانەی کە تایبەتمەندیی زمانی کوردین لە تەواوی زاراوەکانیدا خۆ دەنوێنن. یەکێک لە گەورەترین خاوەن ڕایانی سەردەمی ئێمە(٢٢) ڕای وایە کە سەرەڕای بڵاوی هۆزەکانی کورد دەکرێ تەنیا لەم ڕوانگەیەوە بڕوانیە ئەم پەیوەندییە کە تەواوی زاراوەکانی کوردی لە زمانێکی کۆن و بەهێزەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەویش زمانی مادیی بووە.

بێگومان دەتوانین بەپێی دۆخی جوگرافیایی و زمانناسیی بڵێین کوردەکانی ئەمڕۆ نوێنەری مادەکان و سێیەم سەڵتەنەتی گەورەی ڕۆژهەڵاتن. هەروەکو لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات، ئێرانییەکانی ئەمڕۆ نوێنەری پارسەکانی سەڵتەنەتی پێنجەمن. بەم جیاوازییە کە بەو کۆچکردنانەی کە دوایی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کران، تۆوی ئێرانیی لەم ناوەدا گیانی گرت. بەشی ناوەندیی هەروەک چاوەڕوان دەکرێ بەرەو ڕۆژئاوا لای داوە، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ هەمەدان کەوتووەتە دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کوردەکان بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ، لەژێر دەستی موسوڵمانەکاندا نەخشی گرنگیان گێڕا و مێژوو باسی ناوی ژمارە بنەماڵەیەکی زۆری کورد دەکات. ڕەنگە لە گشت ئەوانە ناودارتر سەلاحەدین (دەوروبەری ساڵی ١١٩٣زاییینی) حەریفە جوامێرەکەی، ڕیچاردی شێردڵ و خۆبەختکەرانی شەڕی خاچهەڵگر بێ، کە بە قسەی کوردەکان خەڵکی ناوچەی هەولێر بووە(٢٣). ئیمپراتۆری سەلاحەدین پتر ئیمپراتۆرییەکی عەرەبی بوو، بەڵام گرتنی مووسڵ بە ڕواڵەت دەبێ ڕێگای بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی کورد بۆ ئەم ناوچەیە کردبێتەوە.

٢٢– پرۆفیسۆر و. مینورسکی لە «شار و گوندەکانی ڕۆژئاوای ئێران» (کۆڕی مرۆڤناسی حکوومەتیی ١٩٤٩) کەڵکم وەرگرتووە. لێرەدا لە بابەت کەڵک وەرگرتنم لە وتاری «کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران» سوپاسی مینورسکی دەکەم.

٢٣– وڵاتی ئەسڵی بنەماڵەکەی ئەرمەنستان بووە. مینورسکی: لێکۆڵینەوە لە مێژووی قەفقاز، لەندەن ١٩٥٣، لاپەڕەی ١١٦. دوین لە ٢٣ مایلیی باشوری هەولێرە. ڕەنگە شوێنی سەردەمی ئاوارەبوونی لە باشووری ڕۆخی دیجلە بووبێ. سەلاحەدین لە تکریت لە دایک بووە.

لە سەردەمی مەغۆلەکان و تورکمانەکاندا شتێکی زۆر دەربارەی کوردەکان نابیسرێ، بەڵام ئەوان جارێکی‌تر لە شەڕی نێوان سوڵتانەکانی سەفەوی و عوسمانیدا گرنگ بوونەوە.

سەرەڕای سیاسەتی «ناوەند»یی حکوومەتەکانی عوسمانیی و ئێران، ژمارە میرنشینێکی کوردیی بە شێوەی خودموختاریی هەبوون، وەک بۆتان، هەکاری، بادینان، سۆران و بابان لە عوسمانیی و موکری و ئەردەڵان لە ئێران کە تا ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر وجودیان هەبووە. تەواوی میرنشینەکانی کورد لە عوسمانییدا، لە نێوان ساڵانی ١٨٣٧ و ١٨٥٢دا سەرکوت کران و چوونە ژێردەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکوومەتی ناوەندیی؛ موکری و ئەردەڵانیش هەرلەم سەروبەندەدا بوو، کە خودموختاریی خۆیان لە دەست دا. لە ئێران ناوی کوردستان بە شێوەی ڕەسمی بە گشت هەرێمە کوردنشینەکان ناگوترێ و تەنیا بە پارێزگایەک دەگوترێ کە ناوی کوردستانە و ناوچەی دەسەڵاتدارییەتی ئەردەڵانی کۆن بووە.

لە سەردەمی نوێدا، تا ساڵی ١٩١٨، ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە مەبەستی ئیداری دابەش کرا بەسەر چەند هەرێمی جیاوازدا: یەکەم ویلایەت، کە لە ژێر فەرمانی والیدا بوو. دووەم سنجاق یا لیوا، لە ژێر فەرمانی موتەسەریف. سێیەم قەزا لە ژێر چاودێریی قایمقام و ناحیە لە ژێر چاودێریی مودیر. عێراقی ئەمڕۆ بە تەواوی لە ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و مووسڵ پێکهاتووە، واتە هەمان هەرێم کە بەریتانیا لە گفتوگۆ ڕەسمییەکانیدا پێی دەگوت عەرەبستانی تورکیا و لە ناو خەڵکدا بە «میزۆپۆتامیا»[٢٤] (بین النهرین) دەناسرا. دوای ساڵی ١٩٢١ لە عێراق «ویلایەت» وەک بەشێکی ئیداریی لەناوچوو و وڵات دابەشکرا بەسەر لیوادا، کە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی وەزارەتی نێوخۆی وڵاتدا بوون، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە وشەی ویلایەت بە لەبەرچاوگرتنی واتای جوگرافیایی ئەو دوور لە قازانج نییە. ژمارەی لیواکان ئێستا بە جێی ٩ یا ١٠ لیوای پێشوو پتر لە ١٤ دانەن و قەزاکان ئێستا پتر لە سەردەمی حکوومەتی تورکانن[٢٥].

لەو سێ ویلایەتەی کە گوتمان ویلایەتی ناوچەی باکوری وڵات واتە ویلایەتی مووسڵ لە سێ سوچێکدا هەڵکەوتووە، کە بەهۆی یەکگرتنەوەی دوو زنجیرە چیا واتە درێژەی

24- Mesopotamia

٢٥- لە لایەکی ترەوە گوتنی ویلایەت لە تورکیا، واتای سنجاقی داوە و بەرپرسەکەشی پلەی والی هەبووە. لە میسر (مودیر) بەرپرسیارێکی پایە بەرزە، وەک موتەسەریف لە عێراقە.



«توروس»[٢٦] لە باکور و زاگرۆس لە باکوری ڕۆژهەڵات پێکهاتووە. هەرکام لەم دوو زنجیرە چیایە، لە ژمارە تەپۆلکەیەکی کورتی ڕێک و شان بەشان پێکهاتوون. چیاکانی تۆرۆس لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچن و چیاکانی بەستراوە بە زاگرۆس لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا درێژ دەبنەوە. ئەم مەڵبەندە، لە ئاوی دیجلە و سێ ڕوباری گرنگی لای چەپی کەڵک وەردەگرێ: دیجلە و زێی گەورە لە تۆرۆس، زێی بچووک و سیروان لە زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرن.

ویلایەتی مووسڵ لە باکوری ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لە ناو سێ سنووری نێونەتەوەیی هەڵکەوتووە. سنووری سوریا بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێ کە ناوی «جەزیرە»یە. جەزیرە بە دەشتی (بین النهرین)ی نێوان دیجلە و فوڕات گوتراوە؛ هێڵی سنووری لەگەڵ تورکیا، بە بەشی ناوەندیی بەرزاییەکانی باشووری زنجیرە چیای تۆرۆسدا تێدەپەڕێ؛ و سنووری لەگەڵ ئێران بەگشتیی لەگەڵ لوتکەی ئەسڵی زاگرۆس یەک دەگرێتەوە. سنووری ئیداریی ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ ویلایەتی پێشووی بەغدا بەم جۆرەیە: لە باشووری ڕۆژهەڵات تا ڕوباری سیروان[٢٧]؛ لە باشووری ڕۆژئاوا (لە نێوان سیروان و دیجلە) تا کێوەسوور (حەمرین)، کە کێوێکی نزمە و بەرزایی لە دەشت و دوا تەپۆلکەکانی دەرەوەی زاگرۆس لە ٥٠٠ پێ تێناپەڕێ. ئەم سنوورە، لێرە بە هێڵێکی ڕێکدا ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکات و لەجەزیرە تێدەپەڕێ و بەرەو سنووری سوریا دەچێتە پێش.

کوردەکانی عێراق، وەک کۆمەڵێکی یەکدەست و گوندنشین پتر لە ویلایەتی مووسڵ نیشتەجێ بوون. ئەو ویلایەتە لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانیدا دابەشکرابوو بەسەر سێ لیوا(پارێزگا)یاندا. دوای ساڵی ١٩١٨، ژمارەی لیواکان کران بە چوار[٢٨]: لیوای مووسڵ، لەوبەری زێی گەورە و ڕوبارێکی نزیکی بە ناوی «ڕو کوچوک» تا سنوورەکانی

26- Taurus

٢٧- قەزای خانەقین لە شێوێک و لە نێوان چەم و سنووری ئێران هەڵکەوتووە. سنوور لێرە بە نێوان چین و قات و تەپە و شێوەکانی ژئۆلۆژیکی ناوچە تێدەپەڕێ.

٢٨- لیواکانی ئەسڵی بریتی بوون لە مووسڵ، کەرکوک و سلێمانی. ساڵی ١٩١٨ سێ قەزای باکوری زێی بچوک لە کەرکوک جیابوونەوە و لیوای سەربەخۆی هەولێریان پێکهێنا. تا ئەو جێیەی بتوانم لەو نووسینەمدا لە وشەی لیوا کەڵک وەردەگرم. کاتی دەستبەسەر داگرتن، ناوچەی بەرپرسایەتی حاکمی سیاسی Division و ناوچەی ژێر بەرپرسایەتی جێگری حاکمی سیاسی ناحیەی (District) پێدەگوترا، کە هێندێک جار لەگەڵ دوو قەزای سەردەمی عوسمانی یەکیان دەگرتەوە.

توركیا و سوریا؛ هەولێر لە نێوان سنووری مووسڵ و زێی بچووک؛ لیواکانی کەرکووک و سلێمانی لە باشووری زێی بچوک. دوو «قەزای» خانەقین و مەندەلیش کە پێشتر لەگەڵ ویلایەتی بەغدا بوون، ئێستا سەر بە لیوای دیالەن، ئەو لیوایە دوای ساڵی ١٩١٨ پێکهات و ژمارە کوردێکی زۆری لێ دەژی.

لەو میرنشینانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن و گوتم تا نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە بەردەوام بوون، خاکی سێ دانەیان ئێستا سەر بە عێراقە. «بادینان» لە قەزا شاخاوییەکان و باکوری لیوای ئێستای مووسڵ پێکهاتووە، واتە قەزاکانی «زاخۆ»، «دهۆک»، «ئاکرێ»، «ئامێدی» و «زێبار»[٢٩]. سۆران بە گشتی لەگەڵ هەولێر یەکی دەگرتەوە و بابان تەواوی سلێمانی و بەشێکی کەرکووک بوو. قەزای خانەقین بەشێک بوو لە پایتەختی «پاشالیق»ی «زوهاب»ی پێشوو، کە سەدان ساڵ ببووە هۆ و مایەی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان ئێران و عوسمانیی و سەرەنجام بە دیاریکردنی سنوور لە ساڵی **١٩١٣ و ١٩١٤**دا لە نێوان ئەم دوو وڵاتانەدا دابەش کرا. سۆران، هەمیشە لەگەڵ موکری پەیوەندی هەبوو، کە ناوەندەکەی مەهاباد بوو و بابانیش لەگەڵ ئەردەڵان یەکی گرتبوو، کە ناوەندەکەی سنە بوو.

دابەشبوونی زاراوەکان بە شێوەیەکی زۆر نزیک لەم دابەشکردنە سیاسییە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئاسان کردنەوەی کار دەکرێ ئەو زاراوانە دابەش بکرێن بەسەر دوو زاراوەی سەرەکی دا: زاراوەی باکور، بریتییە لە زاراوەکانی ناوچەی باکور و ڕۆژئاوای هێڵێک کە بەلای باشووری گۆلی ورمێدا تێدەپەڕێ و دەگاتە زێی گەورە و لەوێوە ڕێگا دەگۆڕێ و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە ڕوو لە باشووری ڕۆژئاوا دەکات. دوای ئەوە ڕێک لەگەڵ ڕەوتی ڕووبار دەچێتەپێش تا دەگاتە ئەو جێیەی کە زێ و دیجلە یەک دەگرنەوە. زاراوەی باشوور، لەو زاراوانە پێکهاتووە کە لە ناوچەکانی نێوان ئەو هێڵە و سنووری باسکراو لە باشووری کوردستان قسەی پێدەکەن. هەروەها، زاراوەی کوردی باشوور بۆخۆی دابەشکراوە بە سەر دوو گرووپی سەرەکیدا: موکری (موکری- سۆران) و سلێمانی (سلێمانی و ئەردەڵان)، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکی دیار و بەرچاوی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا نییە و ئەم دوو زاراوانە لەگەڵ یەکتر تێکەڵاون. هەروەها زاراوەی سلێمانی لەگەڵ زاراوەی کرماشانی، لەکی و باکوری لوڕستان تێکەڵاوە.

٢٩- Zebar، ساڵی ١٩٤٤، زێبار لە نێوان مووسل و هەولێر بەشکرا.



لە ناو ئەو مەڵبەندە جوگرافیاییەدا زمانیتریش هەن، کە لە تورکیا بە «زازا» و لە عێراق و ئێران بە «گۆران» یا بەو جۆرەی کە کوردەکان خۆیان دەڵێن بە «ماچۆ ماچۆ» دەناسرێ. زمانی زازا، زمانی قسەکردنی ناوچەکانی خوارووی باکوری ڕۆژئاوای نێوان دیاربەکر و ئەرزەنجانە. زمانی گۆرانی لە عێراق، زمانی کاکەییەکانی نزیک «تۆق» و بەشێک لە زمانی زەنگەنەکانی نزیک کفری و «باجەلان»[٣٠]ییەکانی نزیک خانەقینە. لە ئێران، هۆزە هەورامییەکان لە هەردوو لای زنجیرە چیای ئەسڵی زاگرۆس، لە ڕۆژئاوای سنە دەژین و لەگەڵ بەشێک لە دراوسێکانیان ڕوو لە باشووری ڕۆژئاوا دەکەن و تا جادەی خانەقین- کرماشان دەچنەپێش و بەشێک لە ناوچەی گۆرانی زمان پێکدێن کە بە نێوان سلێمانی و ئەردەڵاندا چۆتەپێش. خاوەن ڕایانی ئەورووپایی بەگشتی لەم باوەڕە دان کە زمانی گۆرانی کوردی نییە و ئەوانەی قسەی پێدەکەن کورد نین، بەڵام ئەم خەڵکە لە هەموو بارێکەوە خۆیان بە کورد دەزانن. ئەمەش خاڵێکی سەیرە، سەرەڕای ئەوەی کە «بۆتانی» و موکری لە باکور و باشووری کوردستان ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و بەهێزیان بۆ خۆیان پێکهێناوە. شاعیرانی بارەگای والیەکانی ئەردەڵان و شاعیرانی پێشووی بارەگای میرانی بابانی سلێمانی لەناو هەڵبەستەکانیاندا لە زاراوەی گۆرانی وەک زاراوەیەکی جوان و گەشە کردووتر لە زاراوەی ڕەق و توڕەی میرە ناوبراوەکان کەڵکیان وەرگرتووە. کوردەکانی باکور، بەگشتی بە زمانی خۆیان دەڵێن کرمانجی و کوردەکانی باشوور بە هی خۆیان دەڵێن کوردیی و ژمارەیەک لە توێژەرانی ئەورووپایی بە هەردوو گرووپ دەڵێن کرمانجی. دیارە ئەگەر بیانەوێ ئەم دوو گرووپە لە گۆرانی جیا کەنەوە، بەبێ ئەوەی کە بڵێن زمانی گۆرانیی کوردیی نییە، ئەو شێوە گوتنە دوور لە قازانجی تایبەتیی نییە.

ئەدەبیاتی پێشووی کوردیی بە شێوەی سروشتیی لە شێوەی چوارچێوەی شیعر و فۆلکلۆردا بوو. یەکەم مێژووی ڕۆژنامەنووسیی نوێ بەڕواڵەت ڕۆژنامەیەک بووە بە ناوی کوردستان کە بە زاراوەی باکوری بۆتانیی لە لایەن بنەماڵەی میر بەدرخان بڵاوکراوەتەوە. چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بە مەودایەکی زۆر لێک جیاواز لە نێوان ساڵی **١٨٩٢ و ١٩٠٢**دا لە چەند شاری زۆر لێک دووری وەک قاهیرە، لەندەن و لە هەمووان سەیرتر لە «فۆلکستون»[٣١] بڵاوکراونەتەوە. شۆڕشی «تورکە لاوەکان» لە ساڵی **١٩٠٨**دا

٣٠- Bajilan، چەند گوندێکی باجەلان، لە چەند مایلیی باکوری ڕۆژهەڵاتی مووسڵن، کە ئێستا بە زاراوەی گۆرانی قسە دەکەن.

٣١- Folkestone، شارێکە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی ئینگلستان لە ڕوخی باریکەی داوەردا. وەرگێڕ ف.

تەکانێکی نوێی دا بە خەباتی ئەدەبی کوردیی و دوای جەنگی ١٩١٤- ١٩١٨ ژمارەیەکی زۆر کتێب و گۆڤار، گوڵبژێری ئەدەبی و شتیتر بە هەردوو زاراوەی باکور و باشوور لە قوستەنتەنیە بڵاوکرانەوە.

هەرچەندە زاراوەی موکریی لە پلەی زنجیرەیەکی «دوریس»[٣٢]ی کوردی باشوور هێشتا خاوەنی ئابڕوو و دەسەڵاتە، بەڵام ئەوە زاراوەی نەرم و لە زارخۆش و زیندووی کوردی سلێمانییە کە ئەمڕۆ لە پلەی زاراوەیەکی جێکەوتووی ئەدەبی لە عێراق و تەنانەت لەوبەری سنووری ئێرانیشدا جێی خۆی کردۆتەوە. بەشی زۆری ئەم پێشکەوتنە ڕەنگە بەهۆی لایەنگریی کردنی میرانی بابان لە ئەدەبیات لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا و تا ڕادەیەکیش دامەزرانی خوێندنگەی سەربازیی لە لایەن تورکان لە سلێمانی بوو. خوێنەرانی ئەو خوێندنگەیە بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچوونە ئاکادیمیای سەربازیی و زانکۆی بەڕێوەبەرایەتی ستادی قوستەنتەنیە و پەروەردە دەکران، کە کوردەکانیتر دەستیان پێڕانەدەگەیشت

سەرەڕای ئەوە لە سلێمانی بوو کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٨دا زمانی کوردیی کرا بە زمانی ڕەسمیی و حکوومەتی و لە ئاکامی ئەوکارانەدا ژمارە مەئموورێکی زۆری بۆ مەڵبەندەکانیتر پێگەیاند.

لە ساڵی ١٩١٨ و بە تایبەت لە ساڵی ١٩٢٥ ژمارەیەکی زۆر هەفتەنامە، مانگنامە، ڕۆژنامە، کۆمەڵە شیعری کۆن و نوێ، کتێبی مێژوویی، دینیی و سیاسی لە چاپخانەکانی سلێمانی، هەولێر، ڕەواندز و هەروەها بەغدا بڵاوبوونەوە. ژمارەیەک شاعیری بەرز و لێهاتووی کورد هەن کە لەم سەردەمەدا بەبێ تێکەڵ کردنی وشەی پارسی و عەرەبی شیعر دەڵێن و بەرهەمەکانیان بە ڕاستیی هۆی دڵفراوانی مێشک و دەروونی مرۆڤە. لە نێوان ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (٣٩- ١٩٤٥) و ساڵانی دوایی، دەرهێنەرە بچووکە سەربەخۆییەکان بە گشتی لەبەر کەمبوونی کاغەز، بەرە بەرە مەیدانیان چۆڵکرد و ڕوویان کردە کاری ڕاگەیاندنی شەڕی وڵاتەیەکگرتووەکان. ئەم ژمارەیە توانیان تا ڕادەیەکی زۆر گەشە بە زمانی کوردی بدەن و تێکەڵاوی ویست و داخوازەکانی دنیای نوێ بن و لەم

٣٢- Doris ناوچەیەکی بچووکە لە بەشی ناوەندیی یۆنانی کۆن، گوایە وڵاتی هلتیای بوو کە لە سەدەی دوانزدەی پێش زایین، یونانیان داگیر کرد. کرینت(قرنتە) و سپارت شارەکانی دوریس بوون. وەرگێڕ.ف.



ڕێگایەدا سەرکەون[٣٣].

لە کوردستان، ئەو گوندییانەی سەر بە عەشیرەتن، لەگەڵ ئەوانەی سەر بە عەشیرەت نین، جیاوازن. لە مووسڵ و هەولێر بەوانە دەڵێن کرمانج؛ لە کەرکووک و سلێمانی پێیان دەڵێن «مسکین»[٣٤]؛ لە بەشێکی کەرکووک و سلێمانی گۆرانیشیان پێدەگوتن. ئەو مسکینانە ڕەشایی بەستراوە بە زەوی خاوەن موڵکی گوندن و چاوەڕوانییان لێ دەکرێ لە بەرامبەر ملهوڕیی و ستەمی عەشایری دەوروبەریان مل کەچ بن. لە جیاتی گوتنی مسکین بە گوندییەکانی سەر بەعەشیرەتەکان دەڵێن «کورد». لەبیرمە شەوێک میوانی گوندێک بووم بە ناوی «کەنێسە» کە لە ڕۆخی زێی بچووک هەڵکەوتووە. گوتیان، خەڵکی ئەم گوندە مرۆڤی تایبەت و گرنگن؛ سەرەڕای کرمانج بوونیان زۆر ئازا و دلێرن و لە بەرامبەر دەستدرێژیی کردندا لە بەرگری لە خۆیان دەکەن.

ئەم باسانە هەموویان بە ڕواڵەت لەوە دەدوێن کە ئەو ناوچەیە ڕەنگە لە ڕابردوویەکی زۆر کۆندا شوێنی خەڵکی پێشکەوتووی گۆرانی زمان بووبێ و دوایی کەوتبێتە بەر شەپۆلی پەلاماری کوردە خێڵنشینە زاراوە ڕەقەکان، کە لە ناویاندا نیشتەجێ بوون و زمان و دەسەڵاتی خۆیان بەسەردا سەپاندوون. هەروەک هیند و ئارياییەکان و ئێرانییەکانی پێشوو، خۆیان بەسەر خەڵکی سەدەکانی کۆندا فەرز کردووە. هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە سوننەت و ڕێوڕەسمی خۆبەسەردا سەپاندن لە نێوان هۆزە بچووک و بێدەسەڵاتەکاندا بە تەواوی لەبیر نەکراوە[٣٥].

بۆ ئاسانکردنی کار دەکرێ بڵێین کۆمەڵی کوردەواریی لە دەرەوەی شارەکان لەسەر

٣٣- بۆ زانینی پتر دوو وتاری من بخوێننەوە بە ناوەکانی «کتێبناسی کوردی باکور ١٩٣٦-١٩٢٠ کتێبناسی کوردی باکور ١٩٤٤-١٩٣٧ بەرگی ٢٤ گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیایی ناوەندی، ١٩٣٧ لاپەڕەی ٤٨٧ و بەرگی ٣٢ ساڵی ١٩٤٥ لاپەڕەی ١٥٥.

٣٤- گوتنی وشەی مسکین Misken بۆ ناساندنی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە گوتنێکی بەجێیە. چونکە کرمانج و گۆران واتایەکیتریشیان هەیە و بە خەڵکێک دەگوترێ کە بە زاراوەی کرمانجی و گۆرانی قسە دەکەن.

٣٥-مینورسکی لە وتارێکدا لەژێر سەردێڕی «گۆرانەکان» لە بوڵتینی قوتابخانەی خوێنەری ڕۆژهەڵات و ئەفریقا، لە بەرگی ١١، ساڵی ١٩٣٤دا دەڵێ: گۆرانەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی سێزدەدا کوردەکانی شارەزووریان لەو ناوچەیە دەرکرد و بۆخۆیان جێگەی ئەوانیان گرتەوە یان لەگەڵ ئەوان کەوتن.

بنەماو بنچینەی عەشیرەتییە. هەر عەشیرەتێک بریتییە لە چەند هۆز و تایفە. هێندێکجار گشت ئەندامانی عەشیرەتێک خۆیان لە یەک تۆرەمە دەزانن و هێندێکجاریش تایفە و عەشیرەت یا ڕەنگە تەنیا بنەماڵەی حاکم لە شتێکی ئاوا بدوێ. هۆز پتر یەکەیەکی سیاسی یا ناوچەیییە. ڕێکخستنی عەشیرەتی دەکرێ لە ئاسانترین شکڵی خۆیدا لەناو ڕەشماڵنشینەکاندا ببینرێ، واتە ئەو کەسانەی کە تەواوی ماوەی ژیانی خۆیان لەنێو تاوڵ و ڕەشماڵاندا تێپەڕ دەکەن و بەپێی وەرزەکانی ساڵ لەگەڵ مەڕ و ماڵاتیان، لە دەشتەکانی عێراق و چیاکانی ئێران و تورکیا لە هاتوچۆ دان. بینینی ئەو خەڵکە کاتی کۆچکردن کە هەزاران سەر مەڕ و بزنیان پێش خۆ داوە و تاوڵ و ڕەشماڵ، قابڵەمە و مەنجەڵ، جەواڵە گەنم، قاپ و قاچاخی ناو ماڵیان لە پشتی گا و گوێدرێژ و ژنان شەتەک داوە، زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە. پیرە پیاو هەن کە پتر لە سەدوپەنجا جار ساڵی دووجار لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە تا مردن ئەو ڕێگایانەیان بڕیوە. هێندێکجار ژنی جوان و خۆش سیما دەبینی کە تفەنگی لەسەر شانە. منداڵ و بەرخ و کاریلە دەبینی کە بە یەکەوە لە جەواڵیان ناون و سەریان لە زارکی تێڕ و جەواڵان هێناوەتەدەر. ئەوانە هەموویان بە هێڵێکی لەبڕان نەهاتوودا بە شیو و کەل و بەندەنەکاندا تێدەپەڕن، بەڵام زۆربەی هۆزە کوردەکان لە گوندەکان نیشتەجێ بوون و کاری وەرزێریی دەکەن.

لە زۆربەی شوێنەکاندا سیستمی عەشیرەتیی بەهۆی چاودێری توندی حکوومەت لە حاڵی هەڵوەشان دایە؛ لەگەڵ ئەوەش لێدوان و شیکردنەوەی ڕێکخستنی عەشیرەتیی بەو شێوەیە زیانی نییە، کە بە ڕاستی هەبووە یا لە قسەدا باسی دەکەن. لەناو هەر عەشیرەتێکدا بنەماڵەیەک حاکمە کە بە ئەندامانی دەگوترێ ئاغا یا بەگ. ڕەنگە لە عەشیرەتێکدا ئاغایەک لە سەرووی ئەوانی‌تر بێ یا لەوانەیە دوو سێ کەسیان ئەم داوایە بکەن و بڵێن تایفە و عەشیرەتی جیاوازیان لە پشتە. لە هەر گوندێکی ژێر دەسەڵاتی عەشیرەتدا، ڕەنگە ئەندامێکی بەتەمەنیان بە ئاغا یا خاوەن موڵکی دێ دانابێ. ئاغا شێوەیەک «بارون»[36]ی دەرەبەگایەتییە کە کاری بەدەنی ناکات و بە داهاتێک دەژی کە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا شێوەی جیاواز و جۆراوجۆری هەیە.

یاسای گشتی ئەوەیە کە هەر وەرزێرێک دەبێ یەک لە دەی بەرهەمەکەی و هەر مەڕدارێک باجی سەرانە بە ناوی «کۆدە»[37] بدات، کە بەپێی ژمارەی ئاژەڵەکان دیاریی

36- Baron
37- Koda



دەکرێ. لەو شوێنانەی کە حکوومەتی ناوەندیی دەسەڵاتی نییە، ئاغا لە پلەی حکوومەتی ناوچەیی، ئەم باجانە کۆ دەکاتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی تورکاندا، کە حکوومەتی ناوەندیی لاواز بوو، کاربەدەستانی حکوومەت پارەیەکیان لە ئاغا وەردەگرت، کە ڕادەکەی زۆر کەمتر لەو دە یەکە بوو؛ ئاغا باجی تەواوی لە خەڵکەکە کۆ دەکردەوە و زیادەکەی لە گیرفانی خۆی دەخست. زۆر جار کاتێک لە موڵکی ئاغا دەکۆڵیەوە، دەبینی مالکییەتی ئەو لەسەر بناخەیەک ڕاوەستاوە کە لە ڕابردوودا ئیجارەداری «باجی» ناحیە بووە. ئاغا داهاتی‌تریشی هەیە: ئەو دەبێ لەو گوندەدا کە بۆ خۆی لێیی دەژی میوانخانەیەکی بۆ میوان و مسافیرەکان هەبێ. ڕوونە کە ئەو میوانخانەیە خەرجی دەوێ. لە لایەکی‌ترەوە ئەو بە مافی خۆی دەزانێ کە گوندییەکان لە بەرامبەر کاری نارەوادا سزا بدات و لە خەڵکی دێی بوێ بەبێ وەرگرتنی دەستحەق بەشێک لە کارەکانی ئەنجام بدەن. ئەگەر ئاغا سەر بە بنەماڵەیەکی «کورد» بێ کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر گوندەکانی شوێنی ژیانی مسکینەکاندا سەپاندبێ، لەم حاڵەتەدا ئەو بەزۆر وەرگرتنانە دڵ هێشیی و کێشە پێکدێنن.

ژمارەیەک ئاغا لە ڕووی دوربینی و بیری پاشەڕۆژەوە، بەشێک لە موڵکەکانیان بە شێوەی شەرعی و بە گوێرەی یاسا کڕیوە. ئەم جۆرە ئاغایانە دەتوانن سەرەڕای وەرگرتنی باجی دە یەک، وەک خاوەن موڵکیش، داوای ئیجارەش بکەن، بەڵام ئەگەر ئەو کارەیان نەکردبێ، لەوانەیە ئەوکاتەی کە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی پەرەبستێنێ، وەرزێرەکان مل بۆ زۆروێژی ئەوان ڕاناکێشن و ئەم مەسەلەیە بەرەبەرە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لێ ساز دەبێ. ئاغا دەیەوێ ڕەوە ئەسپی بە قیمەت، تفەنگ و دەمانچە، ڕەخت و فیشەکی زۆر، جلوبەرگی نایاب و خواردنی باشی هەبێ، بەڵام ئیتر ئامراز و پارەیەکی ئەوتۆی بۆ دابین کردنی ئەم شتانە نییە یا دەرەتانی میواندارییەکی ئەوتۆی نابێ، کە شیاوی پلەو پایەی ئەو بێ.

لە گوندەکان، ژنان، بە چەشنی ژنانی وڵاتانی دراوسێ حاڵ و ڕۆژێکی خۆشیان نییە و قورسایی گشت کارە قورس و پڕ زەحمەتەکانیان لەسەر شانە. یەکێک لەو ئەرکانە هەڵگرتنی مەشکەی ئاوە، کە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ دەتکێتەوە و دەبێ لە بەیانییەوە هەڵیگرن و لە کانی یا کارێزە پڕی کەن و ئاو بۆ ماڵێ بکێشن. ئەمە کارێکە کە پیاوان هەرگیز خۆی لێ نادەن، بەڵام لە ناو بنەماڵەکانی حاکمدا ڕەوتێکی ئاساییە کە ژنی بە تەدبیر نەخشی گرنگ لە سیاسەتی عەشیرەتیدا بگێرێ. لە نێوان ئەم جۆرە ژنانەدا ڕەنگە

عادیلەخانی هەڵەبجە لە هەموان بەناوبانگتر بێ. دەربارەی ژنی هاوتەبیات و هاوسروشتی ئەو لە سلێمانی قسەی زۆرم هەیە کە لە فەسڵەکانی دواییدا لە سەریان دەدوێم. لە نزیک ڕەواندز، خانمێکی‌تر هەبوو، کە فاتمەخانیان پێدەگوت و زۆر بۆ کارگێڕە سیاسییەکان ئاشنا بوو. ئەو ژنە دوای مردنی مێردەکەی کاروباری هەشت گوندی هەڵدەسوڕاند و بۆخۆی هەموو کارەکانی لەگەڵ حکوومەت بەرێدەخست و پەیتا پەیتا لە لایەن گوندییەکانەوە بە نوێنەر هەڵدەبژێررا تا بەجێی ئەوان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەنگ بدات، هەرچەندە یاسا بە ڕاشکاوی دەیگوت تەنیا پیاوان دەتوانن وەک هەڵبژێرەر و ئەندامی لیژنەکانی هەڵبژاردن بەشداریی بکەن لە هەڵبژاردندا. ژنی کورد بێگومان خاوەنی تێگەیشتنێکی زۆرە. دوای دامەزرانی حکوومەت لە عێراق، داوای خەڵک بۆ دانانی خوێندنگەی کچان زۆر زەخت هێنەر بوو. لە گوندەکان و تەنانەت لە شاری گەورەی وەک «کۆیە»ش بۆ دایک و باوکە ڕووناکبیرەکان کارێکی ئاسایی بوو، کە کچەکانیان تا تەمەنی ١٢- ١٣ساڵیی لەگەڵ کوڕان بۆ خوێندنگە بنێرن و لە خوێندنگەیەکی تێکەڵاودا وانە بخوێنن. مافی یەکسان و بەرامبەری ژن و پیاو ماوەیەکی دوورودرێژە، باسی خۆش و سەرنج ڕاکێشی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکانە. لەبەر ئاڵۆزیی سیاسی و هەلومەرجی نارێکی‌تر، کاری پەروەردە و بارهێنانی گشتیی بۆ کچان لە هەرێمەکانی کوردستانی عێراق دوا کەوت، بەڵام ئێستا لە خوێندنگەی شار و شارۆچکەکاندا نەوەیەکی نوێ لە کچانی خوێندەوار پێگەیشتوون، کە ئەگەر هەست و تایبەتمەندی دایک و نەنکەکانیان نیشانەی هەڵسەنگاندنیان لەم بارەیەوە بێ، زۆر زوو هەلی فەوتاو و لە دەست چوو قەرەبوو دەکەنەوە و نەخشی بە نرخ و گرنگ لە ژیانی وڵاتی خۆیاندا دەگێڕن.



## ٢- بەشێکی سەرەتایی: جوگرافیای باشووری کوردستان

لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا، خوێنەر بۆ گەشتێکی کورتی هەولێر و مووسڵ دەبەم، بەڵام من بۆ خۆم هەرگیز لەم دوو «لیوا» (پارێزگا)یانەدا کاری ئیداریی نیشتەجێم نەبووە. ئەم شیکردنەوە سەرەتاییەی، کە لە بابەت جوگرافیای باشووری کوردستان دێتەگۆڕێ لە چوارچێوەی «لیوا»کانی کەرکووک و سلێمانیدا دەبێ؛ من بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارەکانی ئیداریی ئەم دوو لیوایانە بووم و زۆربەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ئەم کتێبە کە بەڕیز بە دوای یەکدا هاتوون، لەم دوو لیوایانەدا ڕوویان داوە[1].

هەرچەندە دەکرا لە دیجلە و ڕووبارەکانی نزیکی تا ماوەدایەک لە سەرووی یەکگرتنەوەیان بۆ ڕاگواستنی کەلوپەل لە «کەڵەک» کەڵک وەرگرن و هەرچەند ئاڵمانییەکان ڕێیەکی ئاسنیان بە درێژایی دیجلە دەست پێکردبوو، سەرەڕای ئەوانە ڕێگای سەرەکی هاتوچۆ و بازرگانیی نێوان شارەکانی بەغدا و موسڵ لە سەردەمی ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا، هەروا جادە کۆنەکانی نێوان ئەم دوو شارانە و زنجیرە شارۆچکەیەکی تورکمان نشین بوون کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردوون. لە باشووری ڕۆژئاوای ئەو ڕێیەوە تا کێوەسوور (حەمرین)، زەوی ڕێک و هەموارە و هەڵکێش و داکێشی زۆری نییە، بەڵام لە لایەکەی‌تری، لەپڕ زنجیرە چیایەکی هێندێک نارێک و بێقەوارە سەر هەڵدەدەن کە لزگە جۆبارێکی لە ژمارە نەهاتوو لەهەموو لایەکەوە لێکیان دەکەن و وەک دەریایەکی ئاڵۆز بە شەپۆلی مەزن هەڵدەستن و دەنیشنەوە و لێرە و لەوێ قوت دەبنەوە، تا سەرەنجام لە زنار و ڕەوەزە بۆرەکانی زنجیرە چیای قەرەداغ دەکەون و دەشکێن. چین و قەڵشتەکانی زەوی، لە ڕوانگەی هەرد ناسییەوە، لە تەواوی ناوچەکە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکەن و بۆ باکووری ڕۆژئاوا دەچن. ئەم ڕەوتە تەنانەت لەو شوێنانەش بەرچاو دەکەوێ کە زەوی لە لم و خیز و چەو و بەردە قسڵ و گەچی سروشتی پێکهاتووە، بەتایبەت لە شوێنە بەرزەکانی وەک «ئاجداغ»[2]، «سەنگاو» و «خاڵخاڵان»ی هەڵکەوتوو لە «شوان» نزیک زێ بە جوانی دیارە[3].

١- لە فەسڵی ١٦دا باسی ڕانیە دەکەم، کە لە باکوری زێی بچووک جێی گرتووە.
٢- ئاجداغ لە بەردە قسڵ پێکهاتووە و دەگەرێتەوە دەورانی سێیەمی هەردناسی و درێژایی نزیکەی ٢٥مایل و بەرزایی لە بەرزترین خاڵیدا ٤٥٠٠ پێیە.
٣- لەمەودوا گوتنی زێ، بە بێ دانانی تاریف (سفەت) بۆ زێی بچووک بەکار دێنم.

لە وەرزی هاوین و پاییزدا، هەموو جێیەکی ناوچەکە بەگشتیی تاوە سووتە و سیما و دیمەنی سروشتی داهێزێنەرە، بەڵام لە وەرزی بەهاردا بە سەوزەی شلک و ناسک و گوڵەکێوی هەمەچەشنەی لە ژمار نەهاتوو داپۆشراوە و شیو و بەندەنەکانی نەک هەر بۆ هەوارچییەکان بگرە بۆ ئەو گوندنشینانەش خۆش و بەسەفایە، کە هێشتا بەپێی عادەت لەم وەرزەدا لەچنگ مێش و مەگەزان گوندەکانیان بجێ دێڵن و پەنا بۆ ئەو جێیانە دەبەن.

چیای قەرەداغ لە بەرد و قسڵ پێکهاتووە و لە ڕوانگەی هەردناسییەوە دەگەڕێتەوە سەر دەورانی دووەمی هەردناسی و لە ڕێکی دەریاوە ٤٥٠٠ تا ٦١٥٠ پێ بەرزاییەتی و سنووری جوگرافیایی نێوان دوو هەرێمی تەواو لێک جیاواز پێکدینێ: ئەم زنجیرە چیایە بەرگرێکی سروشتییە و لەوە دەچێ هەمیشە تایبەتمەندیی گرنگی ستراتیژی سەربازیی بووبێ. مەودای سیروان لە زێ، بە لای درێژایی ئەو هێڵەدا نزیک بە هەشتا مایلە. سەرەڕای ئەو باریکە ڕێیانەی کە لە بەشی هەرە خوارووی هەردوو لا، بەهۆی ڕوبارەکان لێی تێدەپەڕن، سێ کەلی بەناوبانگیش دەیبڕن: کەلی «پەیکۆڵی» بە بەرزایی ٣٧٠٠ پێ، پێنج مایل لەگەڵ سیروان مەودایەتی؛ «سەگرمە» بە بەرزایی ٥٠٠٠ پێ، نزیکەی بیست و چوار مایل لەگەڵ پەیکۆڵی مەودایەتی و لەسەر جادەی بەغدا بۆ سلێمانی و تەوریز هەڵکەوتووە؛ سەرەنجام بیست و حەوت مایل دوورتر «دەربەندی بازیان»ە کە ٣٠٠٠ پێ بەرزە. لە ناوچەیەک، کە نزیک بە دە مایل لە زێ دوورە، دوو زنجیرە تەپۆلکەی وەک پلەکان بە هێڵێکی ڕێکدا، ئەو بەرگرە لەت دەکەن کە ئێستا ئیتر نزم بۆتەوە و نیشتووە. ئەو دوو تەپۆلکانە بریتین لە «قەرینە»[٤]، کە بەرزترین خاڵی ٢٨٠٠ پێیە و «خاخارە»[٥]، کە بەرزترین خاڵی ٣٩٥٠ پێیە و لە ڕۆژهەڵاتی «تەق تەق»، کە گەرووی نێوان کۆیە و کەرکوکەوە بەرەو ڕوبار شۆڕ دەبێتەوە.

جیا لە قەرەداغ، چوار زنجیرە چیای گرنگیتریش هەن کە بە یەکەوە ڕێک لە هێڵێکدا دەچنەپێش و پێویستە چۆنیەتییەکەیان ڕون بکرێتەوە. چین و قاتەکانی هەرکام لەو چوار زنجیرە کێوانە «گومبەزیین» و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا دەچن. لە کوردستان، ناوی زنجیرە چیا بە ناوچە دەگۆڕێ، زۆربەیان بەناوی لوتکەیەکی ناسراو، کەلێک، گۆڕی پیاو چاکێک یا گوندێکی بناریان دەناسرێن. هێندێکجاریش گوتنی

4-Qirina
5-Khakhare



ناوەکان دەگەڕێنەوە سەر شوێنی ژیانی ئەو وێژەرە کە لە کام لای زنجیرە چیاکە دەژی[٦]. بەم پێیە، دەبێ بۆ باسی گشتیی لەسەر ئەو چیایانە یەک دوو ناوچەی ئاشنا هەڵبژێردرێن و شی بکرێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە من سێ زنجیرە چیای جیا لە قەرەداغ، بەمجۆرە دابەش دەکەم. «بەرانان- بن زەرد» ٤٥٠٠- ٥٣٠٠ پێ، «ئەزمەڕ- قەرە سەرد» ٤٩٠٠- ٥٦٠٠ پێ و «کوڕکوژاو- گۆجار- کوڕکوڕ- ئاسۆس». ئەم زنجیرە چیایەی دوایی، ژمارە لوتکەیەکی زۆری هەیە کە بەرزاییان لەنێوان ٦٠٠٠- ٨٠٠٠ پێیە. زنجیرەی چوارەم، زنجیرەی ئەسڵی «زاگرۆس»ە. لە هەموان بەرزتر «پیرەمەگروون»[٧]ە کە ٩٧٠٠ پێ بەرزە و لوتکەیەکی تاق و تەنیایە و لە بەردە قسڵ و گەچی سروشتی پێکهاتووە. هەرچەندە لە ئەزمەڕ- قەرەسەردی جێگرتوو لە باکوری سلێمانی جیایە، بەڵام لێی نزیکە. ئەم زنجیرەی دواییش هەر لە بەردە قسڵ و گەچی سروشتیی پێکهاتووە. لە باسکی باشووری ڕۆژهەڵات، بەردە قسڵی ئەزمەڕ ڕەگاژۆیی کردووەتە ژێر شیوەکە؛ کوڕکوژاو (کوڕەکاژاو)یش ون دەبێ، بەڵام ئەو دوانەی دیکە بەرلە ونبوونیان چەند دوو ملانەی کورتیان لێ پێکدێ و بۆ ڕەگاژۆیی کردنیان بۆ ددانەکانی ئەسڵی زاگرۆس ژمارە تەپۆلکەیەکی کورتیان لێ جیا دەبێتەوە و جۆباری نێوان ناوچەکانی سیروان و زێ پێکدێن. زنجیرە چیای زاگرۆس، لێرە بە «هەورامان» دەناسرێ و بەرزترین لوتکەی ٩٨٠٠ پێیە. بە ونبوونی ئەو دوو زنجیرە چیایە، ئەو شیوەی کە شاری سلێمانی تێدا هەڵکەوتووە، واتە شیوی نێوان بەرانان- ئەزمەڕ، بەرفراوانتر دەبێت و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تا دەشتی «شارەزوور» (شاری زۆر) درێژ دەبێتەوە و لە باشووری ڕۆژئاواوە دەگاتە بەرانان، بەڵام لە باکوری ڕۆژهەڵات دیواری بە شکۆی هەورامان بە سەریدا زاڵە و لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی «خورماڵ»دا، هێشتا ١٤٠٠ پێ نزمتر کە بەرزترین لوتکەیەتی و چوار مایل دوورتر ٦٥٠٠ پێ بەرزە و بەسەر دەشتەکاندا دەڕوانێ.

ئاوەکانی ناوچەی ئەوبەری قەرەداغ دەڕژێنە نێو سیروان و زێ، کە هەردوو لکی ئاوی دیجلەن، بەو جیاوازییە کە: ڕوبارێک کە بە «تەیناڵ» دەناسرێ و بەشی ناوەندیی شیوی

٦- قەرەداخ بەمانای کێوی ڕەشە و گوتنێکی تورکییە. ئەو گوتنە لە قسەکردندا لەمەڕ یەکەم زنجیرەی ئەو چیایە بە درێژایی ٧٠ مایل ڕاستە. لە هێندێک شوێن، ئەو چیایە ناوی‌تری هەیە وەک: چیای (پایکۆڵی) و (سەگرمە) چیای هەنجیرە، لەوبەری دەربەندی بازیان قەناسەی پێدەگوترێ.

٧- ساڵنامەکانی کۆنی تورکی، ناوی ئەو کێوەیان «پیرە عومەرگەردوون» نووسیوە، بەڵام کوردەکان هەمیشە پیرەمەگروونیان پێ‌گوتووە، دەردەکەوی «پیرەمەگودروون» (Pir- i Ma Guadrun) بووە.

یەکەم پاراو دەکات، بە سازکردنی گەروویەک کە «دەربەندی باسەرە»یە لە دیواری لای باشووری ئەو تێدەپەڕێ و بە باشووریدا بەرەو تۆق دەچێ کە لەوێ «تۆق چایی» پێدەڵێن. لە دوایی، دوو ڕوباریتریش، کە لە بناری تەپۆلکەکانەوە هەڵدەستن تێکەڵی ئەو دەبن: ئەو دوو ڕوبارانە بریتین لە «خاسە» لە لای ڕۆژئاوا، کە شاری کەرکووکی لە تەنیشتە و «ئاوە سپی» لە ڕۆژهەڵات کە بە «دووزخورماتوو»دا تێدەپەڕێ و ئینجا بە هەمووی ئەوانە دەڵێن «ئەدهیم»، کە بە کێوەسوور (حەمرین) دا تێدەپەڕێ و لە هەفتا مایلی بەغدا بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو دەڕژێتە ناو دیجلە.

سیروان و زێ، هەردوو لە باری ئابورییەوە گرنگن. لقی ئەسڵی سیروان، مەودایەکی زۆر بەرەو ڕۆژهەڵات، تا کەلی بەرزی «ئەسەد ئاوا» لە سەر ڕێگای کرماشان- هەمەدان دەچێتەپێش و بە ڕێگەیەکی خواروخێچی نێوان چیاکاندا تێدەپەڕێ و بەناو هەورامان و ناوچەی خواروویدا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات واتە «شاهۆ» کە بەرزترین لوتکەی پتر لە ١٠٧٥٧ پێیە، لە زنجیرەی ئەسڵی زاگرۆس تێدەپەڕێ[٨]. لە باشووری هەڵەبجە بە مەودای نزیک بە بیست مایل، هێڵی ناوەندی سنووری نێونەتەوەییە. هێندێک دوای هاتنی سیروان بۆ ناو خاکی عێراق ڕوبارێک بە ناوی «تانجەڕۆ» لە شیوی سلێمانی و شارەزوور تێکەڵی دەبێ. هەرکە لە بەرانان و ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی واتە «خشک» تێپەڕی، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا لار دەبێتەوە. باسکی ڕاستی دەبێتە سنووری نێوان سلێمانی و کەرکووک و باسکی چەپی سنوری خانەقین پێکدێنێ. بەم ڕوبارە، لە کوردستان دار دەگوێزنەوە و لە خوارووی کێوەسوور (حەمرین) کە «دیالە»ی پێدەگوترێ، زنجیرە کەناڵێکی پان و بەرینی ئاودێریی پڕ ئاو دەکات و لە هەژدە مایلی بەغدا ڕێک لەگەڵ ڕەوتی ئاو دەڕژێتە نێو دیجلەوە.

(زێ)ش لە کوردستانی ئێران، لە بنارەکانی ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس، لە باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ هەڵدەستێ. نزیک بە هەشتا مایل شان بە شانی چیاکان دەچێتەپێش، لە سەرەتادا بەناوی «لاوێن» و دوایی بەناوی «چەمی کەڵوێ» دەناسرێ؛ چەمی کەڵوێ لەپڕ بەرەو ڕۆژئاوا لار دەبێتەوە و سەرکەوتووانە ڕێیەک بۆ خۆی دەکاتەوە. یەکەم بەناوچەیەکی خوار و خێچدا چیاکانی سەرسنوور دەبڕێ و لە نزیکی «قەڵادزێ» دەچێتە نێو خاکی عێراق؛ ئینجا بە «دەربەندی ڕەمەکان»دا لە چیاکانی کوڕکوڕ - ئاسۆس و درێژەی ئەو واتە «کێوەڕەش» تێدەپەڕێ. دوایی ڕوو لە باشوور دەکات و لە قەرەسەرد و

٨- هێندێکجار کوردەکان بە گشت ئەو زنجیرە کێوانە دەڵێن شاهۆ.



درێژەی ئەو «کۆسرەت»ی نزیک «دووکان» تێدەپەڕێ، تا دەگاتە ناوچەیەکی شاخاویی و پڕ لە هەوراز و نشێو لە بناری چیاکاندا و درێژە بە ڕێگا دەدات. سەرەتا بەرەو ڕۆژئاوا و پاشان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچێ و ناوچەی «ئاڵتونکۆپری» کە لە دوورگە دەچێ، بەجێدێڵێ. سەرەنجام لە بیست مایلی گەرووی «فەتحە» ئەو جێیەی کە دیجلە بە کێوەسوور (حەمرین)دا تێدەپەڕێ، واتە لە دوو سەد مایلی بەغدا، بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو دەڕژێتە نێو دیجلە. (زێ)ش لە ناوچەکانی خواروویدا، لە ڕۆژئاوای کەرکووک، چەند کەناڵی کۆنی ئاودێریی پڕئاو دەکات، کە لەم دوایانەدا هێندێک بوژاونەتەوە. ئەو ڕوبارە هەمیشە ڕێگایەکی گرنگی ڕاگواستن بووە و جیا لە «کەڵەک»ی دار کەڵەکی سازکراو لە مەشکەی با کراویشی پێدا ڕۆیشتووە. ئەو کەڵەکانە، ئێستا ئەرزانترین و ئاسانترین ئامرازی ڕاگواستنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانی باکور بۆ باشوورن.

شاری سلێمانی، لە حەفتاوحەوت مایلیی ڕۆژهەڵاتی کەرکووک هەڵکەوتووە. بەرزایی لە ڕێکی دەریاوە ٢٧٥٠ پێیە. ساڵی ١٩١٩، تەنیا ڕێگایەکی ئۆتۆمبێلی بۆ دەچوو، کە ئەویش لە کەرکووکەوە دەهات و بە تەپۆلکەکاندا دەگەیشتە «چەمچەماڵ» و لەوێوە بە دەربەندی بازیاندا لە قەرەداغ تێدەپەڕی و بە کەلی «تاسڵوجە»دا، بەرانانی بەجێدەهێشت و دەگەیشتە شیوی «تانجەڕۆ». کاتی وشکایی هەوا، فۆردە ژێربەرزەکانی ناسراو بە «تین لیزی»[٩] دەیانتوانی شیوەکە ببڕن و لە شارەزوور تێپەڕن و دوای ٤٥ مایل بچنە هەڵەبجە. چەند ڕێگای گرنگی هاتوچۆی دیکەش هەبوون کە لە خانەقین و کفرییەوە دەهاتنە دۆڵی سیروان و دەگەیشتنە هەڵەبجە. ئەو ڕێگایەی کە لە کفرییەوە دەهات و بە «برایم خانچی»دا دەڕۆیشت، دوای تێپەڕبوون لە زەوییەکی پڕ لە کەندوکۆ بە کەلی «سەگرمە» و «گڵەزەردە»دا قەرەداغ و بەرانانی بەجێدەهێشت و دەچووە سلێمانی. کاروانی بچووک بە ڕێی هەڵەبجە و «پێنجوێن» یا «ماوەت»دا هاتوچۆیان دەکرد. بە لای باکوردا، کاروانەڕێیەک لە کۆیەوە دەچێتە «ڕانیە»، «قەڵادزێ» و سەردەشت لە (ئێران)[١٠].

9- Tin-Lizzie

١٠- لە ساڵی ١٩١٩وە جادەی کەرکووک بۆ هەڵەبجە قیلەتاو کرا و ڕێگایەکیش لە سلێمانییەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا بۆ زێ و دووکان کێشرا، کە لەو شوێنەوە بە سێ پردانی هەڵەبجەدا دەچووە هەڵەبجە. ئەو هەنگاوە و هێندێک کاریتری وەک کێشانی ڕێگای ئاسن لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر و کۆیە، بۆ بارگواستنەوە بەرچاو بوو، بەڵام ڕێگای گواستنەوەی بار لە بەغداوە بۆ کوردستان و پێچەوانەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات و هەروەک پێشوو مایەوە.

هەروەک چاوەڕوان دەکرێ کەش و هەوای دوو پارێزگای کەرکووک و سلێمانی زۆر لێک جیاوازن. لە باشوور، گەرمای سوتێنەری هاوین جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گەرمای بەغدا نیشیە و تەنانەت لە دەشتە بەرزەکانی ژێر ٥٠٠٠ پێیشدا ڕەنگە پلەی گەرما زۆر بەرز بێ. لە باکور، بۆ ماوەی سێ مانگ لە ساڵدا، بەفر زۆربەی چیاکانی دادەپۆشێ و لە هێندێک جێ بەفری چیاکان هەرگیز ناتوێتەوە. وەرزی بارانیش هەم لە چیاکان و هەم لە دەشتەکان، لە نۆڤێمبەرەوە تا ئاپریل دەخایەنێ، بەڵام لەوبەری قەرەداغ تەنانەت هاوینانیش باران دەبارێ و هەور بریسکان دەدا. بەگشتی ئەو هەرێمە بەهۆی کانیاو و جۆباری چیاکان تێر ئاوە. بەهۆی هەستانی لافاو بەدوای ڕێژنە بارانەکاندا و توانەوەی بەفری چیاکان ڕێگای هاتوچۆ دەگیرێ. چونکە کارێک بۆ بەرگری کردنیان نەکراوە، لەوجۆرە کاتانەدا دەشتەکانی وەک «شارەزوور» و «بتوێن» دەبنە زەلکاوی مەلاریا گرتووی زۆر ترسناک. پێشتر باسی وەرزی بەهارم کرد: بەهار، لە تەواوی شوێنەکانی ئەم هەرێمەدا، وەرزێکی جوانە. پاییز پێچەوانەیەتی و چونکە تەمەنی هاوینەکانی کەمتر و کورتتر لە بەشی خوارووی عێراقە، بەڕواڵەت زۆر گیان سەختن و جیا لە نزیکی ڕووبارەکان و ناوچە شاخاوییەکان زەوی تا یەکەم بارانەکان کە تا نێوەڕاستەکانی ئۆکتۆبەر و (هێندێکجاریش تا کۆتایی نۆڤێمبەر و تەنانەت دیسەمبەر چاوەڕوانیی لێ ناکرێ) وشک و تینو و سوتێنەرە. هەوای شاری سلێمانی، کە هەم بەهۆی شوێن و هەم لەبەر بەرز بوونی، دۆخی مامناوەنجی هەیە و (ڕەنگە بەچەشنی کەم وێنە) فێنک بێ. من خشتەیەکی تەواوم لەم بارەیەوە بەدەستەوە نییە، بەڵام بەپێی یاداشتی دیدارەکانم لەو جێیە لە ساڵی ١٩٢٠دا، بارینی باران لەو ساڵەدا ٢٣/٨ ئینچ بووە و پلەی سەرما تەنیا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە مانگی فێبرواریدا هاتە سەر سفر و دوا پلەی گەرماش هەرگیز نەگەیشتە سەر سەد دەرەجەی فەهرەنهایت.

ئابووری ناوچە بە گشتی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە. بەرهەمی سەرەکی زستانیی گەنم و جۆیە و لەو ساڵانەدا کە حاسڵ باش بێ و بەرهەم زیاد بێنێتەوە، زیادەکەی بۆ دەرەوەی ناوچە دەنێرن. وەرزی هاوین لەو جێیانەی ئاوی هەبێ، سەرەڕای پێناخۆشبوونی حکوومەت و زیانێک کە بەهۆی مەلاریا تووشی خەڵکی ناوچەکە دەبێ و دەگوترێ ئەم نەخۆشییەش لە برنج جاڕەکانەوە بڵاودەبێتەوە، وەرزێرەکان بۆ دابین کردنی ژیانیان برنج دەچێنن. بەرهەمی سەرەکی سوودی ناوچەکە بەرهەمی توتنە و حاسڵی توتن تەنیا لە ناوچەی سلێمانی ساڵانە ٢٥٠٠–٣٠٠٠ تۆنە. بەرهەمەکانیتری هاوینی بریتین لە



گەنمەشامی، هەرزن و نیسک. هۆزە خێڵنشینەکان لە بابەت مەڕ و بزنەوە زۆر دەوڵەمەندن. بەرهەمەکانیتری ناوچە بریتین لە خوری، گوێز، مازوو، مێوژ و بنێشت. لەگەڵ ئێرانیش هێندێک سەودا و مامەڵە دەکرێ: ئەو شتە سەرەکییانەی کە لە ئێرانەوە دێن بریتین لە فەرش، سەماوەر، چینی و ڕەنگی جۆربەجۆر[١١] و هەروەها ئەو بەرهەمانەی ناوچەش کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن. بەغدا بازاڕی سەودا و مامەڵەی گشت ئەو بەرهەمانەیە. پەرەستەندنی پیشەی نەوت، کە ناوەندەکەی شاری کەرکووکە چەندان ساڵ پێش ئێستا کە خەریکم لەسەری دەنووسم دەستی پێکردووە.

تەواوی ناوچەکە لە بابەت شوێنەواری کۆنی ئیمپراتۆرەکانی باسکراو لە فەسڵی پێشوودا و ئەو خەڵکە دەوڵەمەندە کە ئەو ئیمپراتۆرانە بە سەریاندا زاڵ بوون یا لەنێو خۆیاندا تواندوویاننەوە. لەوانە، شوێنەوارناسان شاری کەرکووک بە شاری «ئورفە»، کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیدا هەبووە و ناحیەی سلێمانی بە ناحیەی «زاموعا»، کە لە نووسراوەکانی ئاشوورییدا هەیە و پیرەمەگروون بە چیای «نیسیر»[١٢]، کە بەگوێرەی داستانی قارەمانەتی بابلی پاپۆڕی «گگامێش»[١٣] بەدوای نیشتنەوەی تۆفان کەوتووەتە سەری و دەربەندی بازیان بە گەرووی «بابێت»[١٤]، کە «ئاشورنسیرپاڵ»[١٥] لە هێرشە پەیتا پەیتاکانیدا دژی زاموعا پێیدا تێپەڕیوە و هەروەها ناوچەی قەرەداغ بە شوێنی «لوللو»[١٦]یەکان، کە چوونە ژێر فەرمانی «نەرامسینی ئەکەدی»[١٧] بە یەک جێگە دەناسن. (ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێ، میراتێکی باش و بەنرخە.) چیای «کولار»[١٨] بە «کۆلارە»[١٩] دەناسن. ئەو کێوە بەشێکە لە کوڕکوڕ- ئاسۆس و لەسەر قۆرت و ئانیشکەی زێ هەڵکەوتووەو لە «دەربەندی ڕەمەکان» نزیکە. گوندی خورماڵ لە هەژدە مایلی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە و تەپۆلکەی ناسراوی «یاسین تەپە» لە قەراخ

---

١١- نابێ ئەو ڕەنگانە هی ئێران بن. وەرگێڕی ف.

12- Nisir
13- Gilgemish
14-Babite
15-Ashurnasirpal
16- Lullu
17- Naransin of Akkad
18- Kullar
19- Kolara

«تانجەڕۆ» لەگەڵ شاری کۆنی «نیمرا»[٢٠] لە نێوان «تیسفون» لە هەژدە مایلی باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغداو کوانوی ئاتەشگای ناسراوی «شیز» لە «ئازەربایجان» و هەروەها «شارەزور» پایتەختی زنجیرەی کۆنی ناوچەی کوردنشین بەم ناوە یەک دەگرێتەوە[٢١]. لە شیو و دەشتەکاندا، ژمارە تەپۆڵکەیەکی زۆر هەن کە هێشتا چاوەڕوانی کۆڵینەوەن تا نهێنییەکانیان بۆ خەڵکی جیهان بخەنەڕوو، من پێ بەپێی بەرەوپێشچوونی ئەم داستانە ئاماژە بە شوێنەوارە کۆن و سەرنج ڕاکێشەکان و بەردە بزمارییەکان دەکەم.

سالانی ناوەندیی سەدەی نۆزدە، سەردەمی زێڕینی دۆزینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و زۆربەی دۆزەرەوە مەزنەکان ئینگلیزەکان بوون. لە سەردەمی ئێمەدا، کەسانی وا هەن کە هەرکە مەودایێکی کورت لە شوێنی ئاسایی خۆیان دوور کەوتنەوە، دەڵێن یەکەم ئەوروپایی بوون، گەیشتونەتە ئەو جێیە. بە هێندێک وردبوونەوە و تێڕوانین دەکرێ بزانین کە ئەو گوتنانە تا چ ڕادەیەک بێ پایە و پڕوپووچن. بۆ من جێی سەرسوڕمانە کاتێک دەبینم بابە دلێرەکانمان لە دۆخی نالەباری سەد ساڵ لەمەوپێش ڕەخنەیان کردووەتە ئەم ناوچە دورکەوتوانە. ژمارەیەکیان مرۆڤی خوێندەوار و ئاشنا بە شوێنەوارە کۆنەکان بوون و لەوە دەچێ کاتی سەفەر تەواوی ناوچە ئاماژە بۆ کراوەکانی جوگرافیایی لە لایەن نووسەرانی یونانی و ڕۆمییان لەبەر چاو بووبێ. ڕاپۆرتەکانیان هەرگیز دوور لە لوتف و زەوق و خۆشیی نییە و من بەش بەحاڵی خۆم هەمیشە لەو شێوە بیرکردنەوەیە خۆشحاڵ دەبم کە بڵێم پێم لە جێ پێی کەسانێکی وەک «ڕیچ»[٢٢]، «لیارد»[٢٣] و «ڕاولینسۆن»[٢٤] دادەنێم، نەک بڵێم پێم لە جێیەک داناوە کە پێی هیچ جیهانگەڕێکی نەگەشتووەتێ. تا ساڵی ١٩١٤، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر ئینگلیز و خەڵکیتر، ئەو بەشانەی کوردستانیان دیوە کە ئێستا سەر بە تورکیا، ئێران و باکوری عێراقن، بەڵام ژمارەیەکی کەم توانیویانە بە لای باشووری ڕۆژئاوای سنووری ئێراندا، هێڵی قەرەداغ و «هەیبەت سوڵتان» لە باکوری ڕۆژهەڵات ببینن. هۆی ئەم کارە ڕەنگە ئەوە بێت کە لەو بەشەی ژێردەسەلاتی عوسمانیدا ژمارەی کەمایەتی مەسیحی کەم بوون کە بەهۆی ئەزیەت و

20-Nim-Rah

٢١- تەختی سلێمان لە کوردستان لە (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ناوچەی هەوشارە.

22- Rich
23- Layard
24- Rawlinson



ئازاری خەڵکیتر پێویستییان بەیارمەتی بووبێ. لەبەر ئەوە بوو کە گەڕۆکە «ئایینی»[٢٥] یەکان یا نوێنەرانییان لەم ناوچەیەدا هەڵسوڕ نەبوون. لەم ڕاپۆرتانەدا، زۆرجار پەنجە بۆ ئەو هەنگاوە گرنگانە ڕادەکێشم کە ئەو پێشڕەوانە بڕیویانە و بەڕای من باشترە ئەم فەسڵە بەناساندنی حەڤدە جیهانگەڕی ئینگلیز تەواو بکەم کە بەشوێن شوێنەوارەکانیان کەوتووم و ڕاپۆرتێکی کورت دەربارەی دۆخ و هەلومەرجی سەفەرەکانیان بنوسم[٢٦].

ستوان «ویلیام هیود»[٢٧] لە خوێندنگەی سەربازیی لە نۆی مارسی ١٨١٧، لەگەڵ تەتەر لە بەغدا دەرکەوت و بە ڕێگای «دڵی عەباس» و قەرەتەپەدا هاتە کفری و لەوێوە بە برایم خانچی و گەرووی سەگرمەدا گەیشتە سلێمانی و بەشیوی «سووورداش»، «دووکان»، کۆیە و هەولێردا چووە مووسڵ. بەڕواڵەت پتر لە شەوێک لەو جێیانە نەماوەتەوە، چونکە وەک دەڵێن کاتێک بەو هەرێمەدا چووە، بابان پاشای سلێمانی لە ناوچە نەبووە. هیود، لە ڕاپۆرتی خۆیدا باس لە «مزڵگەکانی» ناو ڕێگای دەکات و لە بابەت چاکی و خراپی و میواندارییەکان دەدوێ.

سێر «ڕۆبیرت کرپورتر»[٢٨] نیگارکێش و جیهانگەڕ، لە دووی دیسەمبەری ١٨١٨ بەغدای بەجێهێشت، بە ڕێگای ئاساییدا هاتە کفری و لەوێوە بە داقوق، کەرکووک و دەربەندی بازیان دا چووە سلێمانی. ڕۆژی ١٢و ١٣ی دیسەمبەر لەو شارە مایەوە و دوای ئەو بە کەلی «قەیوان»دا لە ئەزمەڕ- قەرەسەرد تێپەڕی و بە پردی «قەشان» و ماوەت و

٢٥- کاری گروپە ئاینییەکان لە کوردستاندا تەنیا کاری ڕاگەیاندن لە ناو مەسیحییەکان، واتە ئەرمەنی و ئاشوورییەکانی دانیشتووی کوردستاندا بوو و دەستیان نەگەیشتۆتە کەسانیتر. لە ناو ئەو گروپە جیاوازانەدا تەنیا گروپی «سەرقەشە کنتربەری» هەوڵی داوە لە جیاتی کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ئایینی خۆی، ئەوان پەروەردە بکات.

٢٦- لەو بارەیەدا قەرزداری یارمەتی «ئارنۆڵدویلسن»م. ئەو چەند ساڵ لەمەوبەر «کتێبناسی ئێرانی» نووسی و دوای ئەو کتێبنامەیەکی دەوڵەمەندی بە ناوی سلێمانی لە دتیرەتولمەعاریف ئیسلام دا چاپ و بڵاوکردەوە.

٢٧- William Heude گەڕان بە پاپۆڕ لە کەنداودا و سەیاحەت بە ڕیگادا بۆ هیندستان و ئینگلستان لە ١٨١٧. لەندەن ١٨١٩.

٢٨- Sir Robert Ker Porter (گەڕان لە گورجستانی ئێران، ئەرمەنستان، بابل و هیندستان، لەندەن ١٨٢٢).

بواری «تەبیت»دا لە زێ پەڕیوە و چووە سەردەشت، سابڵاخ (مهاباد) و تەورێز.

بەرێز «کلودیوس جەیمز ڕیچ»[٢٩]، نوێنەری شەریکەی هیندیی ڕۆژهەڵات لە بەغدا، لە سەر بانگهێشتی مەحموود پاشای بابان لە سەرەتای ساڵی ١٨٢٠ لەگەڵ خێزانی و ژمارەیەکی بەرچاو چاودێریی لیژنەی نوێنەرایەتی «ڕزیدنسی»[٣٠] و خزمەتکار، بەغدای بەجێهێشت و بە «دڵی عەباس»، دووزخورماتوو، تۆق، «لەیلان» و چەمچەماڵدا تێپەڕی و ڕۆژی دەی مانگی مای گەیشتە سلێمانی و لە حەڤدەی ژوئین بۆ دۆزینەوەی جێیەکی فێنکتر چووە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری ڕۆژهەڵات. ئەو سەفەرە، ئەوی بە «سروچک»دا بردە پێنجوێن و لەوێوە چووە مەریوان و سنە و بانە. ڕۆژی پانزدەی سێپتەمبەر، بە «ئالان» و «شارباژێر»دا گەڕایەوە سلێمانی. سەرەنجام لە بیست و یەکی ئۆکتۆبەردا ماڵاوایی لە خانەخوێیەکەی کرد و بە دەربەندی بازیان و «شوان»دا چووە ئاڵتونکۆپری و بە جادەی ئەسڵی هەولێر و «ئەسکی کەڵەک»دا ڕۆژی سی و یەکی ئۆکتۆبەر گەیشتە مووسڵ. سێ مانگی زستان و مانگێکی بەهار لە مەڵبەندی مووسڵ مایەوە و لە سێیەمی مارسی ١٨٢١دا بە سواری «کەڵەک» بە دیجلەدا گەڕایەوە بەغدا. ڕیچ، بەرهەمەکانی پێش خۆی بە وردی خوێندبوونەوە. ئەو دۆزەرەوەیەکی ماندوونەناس و سەرنجدەرێکی تیژبین بوو. ڕاپۆرتەکەی، سەرچاوەیەکی پڕلە زانیاری جوگرافیایی، مێژوویی و شوێنەوارناسیی گشت ئەو ناوچانەیە کە بینیونی.

«ئا.ن. گروڤز»[٣١]، ڕاگەیەنەری کۆمەڵی «برادەرانی پلیموز»[٣٢]، بە ڕێگای ڕوسیا و قەفقازدا هاتە تەورێز و لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٨٢٩دا بە ڕێگای بانە، سلێمانی و سەگرمەدا چووە کفری. ڕاپۆرتەکەی تەنیا سێ چوار لاپەڕەی دەربارەی کوردستانە.

٢٩- Claudius James Rich,The Hon (ڕاپۆرتی سەفەر بۆ کوردستان، لەندەن ١٨٣٦) ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن کۆنە ژنەکەی ڕیچ نووسراوە.

30- Residency

٣١- A.N. Groves (دەفتەری نووسینی ژیانی ڕۆژانەی ئانتۆنی ن. گروڤز، ڕاگەیەنەری ئایینیی، لە لەندەنەوە بۆ بەغدا و چۆنیەتی سەفەرەکەی، لەندەن ١٨٣١، گێڕانەوەی وەرگێڕاوی خوالێخۆشبوو ئانتۆنی نوریس گروڤز بە قەلەمی بێوەژنەکەی لەسەر وەزع و حاڵی ئەو. چاپی دووەم، لەندەن ١٨٥٧).

32- Plymouth Brother Missionary



کاپیتان «ڕ.میگنن»[٣٣]، لە سوپای بەمبەیی، لە گەڕانەوەی پشودان لەگەڵ خێزانی لە کۆتایی مارسی ١٨٣٠، بە قەفقازدا هاتە تەورێز. ڕێگای سەفەرەکەی بە کوردستاندا، ئەوی بردە میاندواو، بانە، سلێمانی[٣٤] و گەرووی سەگرمە، برایم خانچی و کفری. بۆ خۆی لە دەربەندی بازیان دەدوێ، بەڵام بێگومان مەبەستی گەرووی سەگرمەیە. زۆر بەگشتی باسی ناوچەکان و خەڵکی کردووە و بە دەگمەن لە خەڵک و شوێنەکان دەدوێ. لە ڕاپۆرتی ئەو سەفەرەیدا، باسی سەفەرێکی‌تری دەکات کە دوو ساڵ بەر لەو بەتەنیایی کردوویەتی. بێگومان لە گەڕانەوەی بەرەو ئینگلیستان بووە و ڕەنگە هەر بەو ڕێگایەشدا سەفەری کردبێ.

«جەیمز بیلی فریزر»[٣٥]، کاتی گەڕانەوەی لە مەئمووریەتی سیاسی ئێران زۆر باش ئەو مەڵبەندەی دیوە. لە یانزدەی ئۆکتۆبەری ١٨٣٤ تەورێزی بەجێهێشت؛ بە سەلماس، ورمێ، شنۆ، مهاباد و سەردەشتدا تێپەڕی و بە پێچەوانەی ڕێگای «گرپورتر» لە ڕۆژی ٣١ی ئۆکتۆبەردا چووەتە سلێمانی و بە گوندی قەرەداغ و کاروانە ڕێی سەگرمەدا گەیشتووەتە بەغدا. ئەمڕۆ فریزر بە تەواوی لەبیر کراوە و «فەرهەنگی ژیاننامەی گەورە پیاوانی وڵات»[٣٦] گاڵتە بە دۆزینەوەکانی دەکات، بەڵام ئەو جیهانگەڕێکی دنیا دیتوو بوو. بۆ بینینی کەندولەندی جوگرافیایی وردبین و هەروەها نووسەریش بوو. نووسینەکانی دەربارەی خەڵک و ناوچەکان هێشتا بۆ ئەو کەسانە بەسوودن، کە لەسەر کوردستان دەکۆڵنەوە.

سەرهەنگ دووەم «جی. شێل»[٣٧] جێگری دووەمی لیژنەی سەربازیی بەریتانیا لە ئێران بوو و دوایی کرا بە وەزیرموختاری دەوڵەتی ئیمپراتۆریی لە تاران. ئەو بەو بەشەی کوردستاندا تێپەڕیوە کە ئەمڕۆ لەگەڵ خاکی تورکیایە. بە «زاخۆ»دا چووەتە ئاکرێ،

٣٣- Captain R. Mignan (گەشتێکی زستانی بۆ کوردستان، لەندەن ١٨٣٩).

٣٤- لە چواردەی ئاپریل سلێمانیی بەجێ هێشت.

٣٥- گەڕان لە کوردستان، بین‌النهرین و هیندستان. ١٨٤٠. کێوەکانی هیمالایا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات گەڕاوە. لە لایەن لۆرد پالمرستنەوە مەئموور کرا بە نهێنی بچێتە ئێران و لە نزیکەوە لەسەر ڕادەی نفوسی ڕووسان لە ئێران بکۆڵێتەوە. چەند کتێب و ڕۆمانی لەسەر ئێران نووسیوە.

36-Dictionary of National Biography

٣٧- J. Sheil (یادداشتەکان دەربارەی گەڕان لە تەورێز بە کوردستاندا... بە سلێمانی لە ژوئین و ئوتی ١٨٣٦) گۆڤاری سەڵتەنەتی جوگرافی، بەرگی هەشت ساڵی ١٨٣٦.

«زێبار» ، «بەحرکە» ، هەولێر و بە کەرکووکدا گەیشتووەتە سلێمانی. بە وردی ئاماژەی بە بەشی یەکەمی سەفەرەکەی کردووە، بەڵام پێ بەپێی چوونەپێشەوەی، باسەکانی کورت کردووەتەوە و ڕاپۆرتەکەی بەم نووسینە کورتە تەواو دەکات کە دەڵێ: «لە سلێمانییەوە بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەڵات چووم و بە ڕێیەکی ناسراودا چوومە سەردەشت، لاجان، سابلاخ و لەوێوە بە مەراغەدا چوومە تەورێز.»

سەرگورد «ئێچ. سی. ڕاولینسۆن»(٣٨)، لە سوپای بەمبەیی، ئەوکاتەی کە فەرماندەی هەنگێکی گۆران لە سوپای ئێران بوو، ساڵی **١٨٣٦** بە خانەقیندا چووە ناوچەی شەمێران و هۆرێن- «شێخان»ی بینی. دوای هەشت ساڵ، لە پلەی نوێنەری شەریکەی هیندیی ڕۆژهەڵات و ژەنراڵی باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا، سەفەرێکی تری کرد کە چۆنیەتییەکەی لە ڕاپۆرتی «فلیکس جۆنز»(٣٩)دا لە خوارەوە نووسراوە. دوای جیابوونەوەی لە جۆنز لە سلێمانی چووە قەرەداغ و لەوێوە بە شێوێکدا بەرەو باشوور هەڵکشا و چوو قەڵا ڕووخاوەکەی پەیکوڵی ببینێ. دوای ئەو دیدارە، بە ڕۆخی ڕاستی سیرواندا هاتە «قەڵاشێروانە» و لە سیروان پەڕییەوە و ڕێگای خانەقینی گرتەبەر. وتارەکەی لە «گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی جوگرافیا»(٤٠)دا، باسێکی دەوڵەمەندە دەربارەی جوگرافیا و گشت خەڵکی مەڵبەندی زوهاب.

«دابلیو.ف.ئینزورس»(٤١) دوکتۆر و هەردناسی لیژنەی کولۆنێل «چسنی»(٤٢). دوای گەڕانەوەی هاوڕێیانی بۆ وڵات، لە یەکی فێبرواری **١٨٣٧** بەغدای بەجێهێشت و بە ڕێگای ئاساییدا هاتە کفری و کەرکووک و لە **١٤-١٧** فێبرواری لە سلێمانی مایەوە. لەوێوە، بەو ڕێیەدا کە هیود پێیدا ڕۆیشتبوو، چووە مووسڵ. ئەو پتر سەرنجی داوەتە مێژووی جوگرافیایی ناوچە.

٣٨- H.C.Rawlinson (یادداشتەکان دەربارەی گەشتێک لە زوهابەوە... بۆ کوردستان... لە ساڵی **١٨٣٦**دا) گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی جوگرافی، بەرگی **٩** ساڵی **١٩٣٩** و (یادداشتەکان دەربارەی پەیکوڵی) گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیا **١٨٦٨**.

39- Felix Jo

40- J.R.G.S - Jornal of the Royal Geographical Society

٤١- W.F.Ainsworth ڕاپۆرتی شەخسی لە مەئموورییەتی فورات. لەندەن **١٨٨٨**.

42- Golonel Dhesney



پاپۆڕوان دووەم «فلیکس جۆنز»(٤٣)، کارگێڕی هێزی دەریایی ئیمپراتۆری لە هیندستان، لە نۆزدەی ئۆگوستی **١٨٤٤** لەگەڵ سەرگورد ڕاولینسۆن بەغدایان بەجێهێشت. بە جادەی ئەسڵیدا چوونە کرماشان و بێستون. لە گەڕانەوەدا، لە هارونئاوا لە ڕێی ئەسڵیی لایاندا و بە ڕێچکەیەکدا ڕوویان لە باکوری ڕۆژهەڵات کرد و دوای تێپەڕبوون لە ناوچەی گۆران نشینەکان گەیشتنە زوهاب. لەوێوە بە شەمێراندا چوونە هەڵەبجە و سلێمانی و لە **٢٥-٢٩**ی سێپتەمبەر لەوێ مانەوە. بەهۆی نەخۆشیی ناچار بوو لە ڕاولینسۆن جیا بێتەوە و بە سەگرمەدا کە نزیکترین باریکەڕێ بوو، گەڕایەوە بەغدا. لە ڕاپۆرتەکەیدا بە جوانیی ڕێگاکان شی دەکاتەوە و بەوردی دەربارەی جوگرافیا و هۆزەکانی ناوچە دەدوێ و ئاماژە بە نووسەرانی پێشوو دەکات. هۆی ئەم سەفەرەی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانیی بوو، کە ئەوکاتە کۆمیسیۆن لە ئەرزەرۆم کۆببۆوە. (بۆ زانیاریی پتر بڕوانە فەسڵی ١٠).

کاپیتان «ف. ڕ.مانسل»(٤٤)، لە زانکۆی سەڵتەنەتی لە وتارێکدا، ڕاپۆرتی سەفەری خۆی لە ئەرزەرۆمەوە بە کوردستانی تورکیادا بۆ جەزیرەی بەنی عومەر لە **٢٦** ئۆگوستی **١٨٩٢**دا و لەوێوە بە سواری «کەڵەک» بۆ بەغدا و لە ڕێی قەسری شیرینەوە بۆ برایم خانچی و سلێمانی نووسیوە. نەخشەیەکی لەگەڵ وتارەکەی خستووە کە تێیدا سەرەڕای سەفەرە پەیتا پەیتاکانی بۆ کوردستانی تورکیا و ئێران، ڕێی سەفەرەکانی بۆ دووکان، دەربەندی ڕەمەکان، قەڵادزێ، «شاوەر»، ڕەواندز، هەریر، زێبار، ئامێدی، دهۆک، مووسڵ، هەولێر و کۆی سنجاق دەستنیشان دەکات. ڕاپۆرتی گشتیی ئەو سەفەرانەی کە ساڵی **١٨٨٨** کردوونی لە گۆڤاری ڕەسمیی: «دیدارەکانی بین‌النهرین، کوردستان، باکوری ڕۆژئاوای ئێران و لوڕستان»(٤٥)دا بڵاوکراونەتەوە.

کاپیتان مارک سایکس، لە کتێبەکەیدا بەناوی «دارالاسلام»(٤٦) باسی سەفەرێکی ساڵی **١٩٠٢** خۆی کردووە. ئەو سەرەتا بە جادەی مووسڵ، کەرکووک و بەغدادا بەرەو

٤٣- Felix Jones ڕاپۆرتی سەفەر بۆ سنووری عوسمانیی و ئێران بە بەشێک لە کوردستاندا. بەمبەیی ١٨١٤.

٤٤- F.R.Maunsell گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی جوگرافی بەرگی سێ، ساڵی ١٨١٤

45- Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North- west Persi and Luristan, 2 Vols, Simla 1890.

٤٦- Mark Syke دارالاسلام، لەندەن ١٩٠٤

ڕۆژهەڵات چووە و هەولێر و کۆیەی دیوە. بە «جەزیرەی بەنی عومەر» و زاخۆدا چووەتە وڵاتێک کە ئەمڕۆ عێراقی ناوە و لەوێوە چووەتە ئامێدی، ئاکرێ، مووسڵ، شەرقات، مەخمور، ئاڵتونکۆپری، کەرکووک و سلێمانی. نۆ ڕۆژ لە سلێمانی ماوەتەوە، بەڵام مێژووی ئەو ڕۆژانەی نەنووسیووە. لە سلێمانییەوە چووەتە دووکان، کۆی، ڕانیە، شاوەر، «گەرووی بێجان»، ڕەواندز، «مێرگەسوور»، بارزان، زێبار و ئامێدی و لەوێوە ڕێگای وان و ئاراراتی گرتووەتەبەر. مەبەست و ڕوانینی سایکس سیستمی ئیداریی ئیمپراتۆری عوسمانی بووە و ئاگادارییەکی زۆری دەربارەی هۆزەکان کۆکردۆتەوە، کە ڕەنگە ئەمڕۆ کەموکوڕییان هەبێ و سەرەتایی بێنە بەرچاو، بەڵام خۆ تێگلانی عوسمانیی لە شەڕی ١٩١٥دا سەرچاوەی ئاگاداریی ئێمە بوو لەسەر کوردستان. زەوق و تێبینییەکانی سەبارەت بە پێشاندانی خاڵە سەرنج ڕاکێشەکان پتر هەست بۆلای ئەم بەرهەمە دەبزوێنێ، کە لە کاتی خۆیدا بە دۆزەرەوەیەکی باش دەناسرا.

کاپیتان «بەرترام دیکسۆن»، جێگری باڵوێزی بەریتانیا لە وان، وتارەکەی بەڕواڵەت بەپێی گەشتێک نووسیوە کە ساڵی ١٩٠٩ بۆ کوردستانی کردووە. لەم وتارەدا بەوردی باسی ڕێگای سەفەرەکەی ناکات، بەڵام لەسەر یەک ڕاپۆرتێکی کورت و بەکەڵکە دەربارەی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی بە تایبەتی.

«ئی. بی. سۆن»[٤٧]، ڕواڵەتی فارس زمانێکی بەخۆیەوە گرتووە و ساڵی ١٩٠٩ لە دیاربەکرەوە بە سواری «کەڵەک» بە دیجلەدا چووەتە مووسڵ. لەوێوە چووەتە هەولێر، کەرکووک و سلێمانی. لە هیچکام لەم شارانە پتر لە یەک دوو شەو نەماوەتەوە. بە دەگمەن مێژووی ڕۆژەکانی نوسیوە، بەڵام بێگومان چەند هەفتەیەک لە هەڵەبجە بووە و لەوێوە چووەتە بیارە و هەورامان. لە گەڕانەوەیدا لە بیارە نزیکەی دوو هەفتە لە سلێمانی ماوەتەوە و دوایی بە ڕێگای کەرکووکدا چووەتە ئاڵتون کۆپری و لەوێوە بە سواری «کەڵەک» بە زێ و دیجلەدا گەیشتووەتە بەغدا. سۆن ئاگادارییەکی زۆری مێژوویی دەربارەی ئەم هەرێمە کۆکردووەتەوە. شارەزایی ئەو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران و ئەو زمانانەی قسەی پێدەکردن و ئەوەی کە خۆی بە موسوڵمان ناساندبوو، بەگشتی ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساند کە زانیارییە کۆکراوەکانی ببنە بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو.

٤٧- E.B. Soan گەڕان لە بین النهرین و کوردستاندا بە شێوەی بەدەڵ. لەندەن ١٩١٢.



کاپیتان «ت.س.دابلیو.فاول»[٤٨]، لە یەکانی چلی پاتانی سوپای هیندستان، بە ڕێگای ئەسڵیدا چووەتە کفری، کەرکووک و سلێمانی و بە قەرەداغدا سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ئەو شارانە. ئەو سەفەرە ڕەنگە لە ساڵی ١٩١٠دا ئەنجامی گرتبێ. ئەو جگە لەوەی کە دەربارەی سلێمانی دەڵێ: «شار، لە چاڵێکی گەورەدا، ون و نادیارەو خەڵکەکەی جیا لە زمانی زگماکی کوردی بە زمانێکیتر قسە ناکەن»، لە ڕاپۆرتی سەفەرەکەیدا ئاماژە بەناوی خەڵک و شوێنەکان ناکا. فاول بە دەگمەن توانیویەتی کەسێک بدۆزێتەوە کە عەرەبی بزانێ و مەبەستی خۆی پێڕابگەیەنێ. کتێبەکەی، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلە و بۆ خوێندنەوە خۆشە، بەڵام بۆ بەڵگە نابێ.

«ج.ئی.هابرد»[٤٩]، سەر بە دەزگای باڵوێزی ڕۆژهەڵات. ئەو ئەرکی نووسینی لیژنەی نوێنەرایەتی ئینگلیستانی لە کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانیی بەدەست بووە. بەشی هەرە زۆری ئەم سنوورە، کە لە مەندەلییەوە دەست پێدەکا و تا ئارارات دەچێ، نزیکەی ٧٥٠ مایلە و بە کوردستاندا تێدەپەڕێ. نووسەر سەرەڕای گێڕانەوەی داستانێکی سەرنج ڕاکێش دەربارەی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئێران و عوسمانیی لە کاتی دیاریکردنی سنووردا، ئاماژە بە جوانیی ناوچە و دانیشتووانی دەکات[٥٠]. کوڵۆنێل «جی.ئیج. دی.ڕایدر»[٥١]، سەرۆکی بەشی نەخشەگریی کۆمیسیۆن، کە دوایی بوو بە سەرۆکی دەزگای نەخشەگریی هیندستان، ڕاپۆرتێکی کورتی لەژێر ناوی (دیاریکردنی سنووری ئێران و عوسمانیی لە ساڵی ١٩١٣-١٩١٤) سەبارەت بە کاری کۆمیسیۆن نووسیوە. ئەوڕاپۆرتە ساڵی١٩٢٥ لەژمارە ٦٦ی (گۆڤاری جوگرافیا)دا چاپکرا. بۆ چل و چوار ساڵ، مەودای نێوان سەفەری ڕاولینسۆن و جۆنز لە ساڵی ١٨٤٤و مانسل لە ساڵی ١٨٨٨دا ڕوونکردنەوەیەکم بەدەستەوە نییە.

یەکەم جیهانگەڕی ئەوروپایی کە ئەو هەرێمەی دیوە، ئەگەر بەڕاستی ئەوروپایی بووبێ و من ناوی ئەوم دۆزیبێتەوە، قەشە «فیدلیس»[٥٢] سەر بەلیژنەی ڕاگەیاندنی

٤٨- T.C.W. Fowle گەڕان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. لەندەن ١٩١٦

٤٩- G.E. Hubbard سەفەر لە کەنداوەوە بۆ ئارارات، ئەدینبورو. ١٩١٦.

٥٠- G.E. Hubbard سەفەر لە بین النهرین و کوردستاندا بە شێوەی بەدەڵ. لەندەن ١٩١٢

51- G.H.D. Ryder

52- Fidelis of the Carmelite Mission

کەرملی لە (بین النهرین) بووە، کە لە ژوئینی **١٧٩٤** دوای تەواوبوونی مەئموورییەتێک لە «فەلاچوالان»(٥٣) گەڕایەوە بەغدا. «چەند بنەماڵەی ئەرمەنی لەوێ دۆزییەوە کە لە هەمەدان ڕایانکردبوو. توانی بنەماڵەیەکیان بێنێتە سەر «ئایینی» خۆی، بەڵام دەربارەی بنەماڵە نەستورییەکان، سەرەڕای مەیلی ئاینییان هیچ سەرکەوتنێکی دەست نەهێنا و لە کەرکووکیش بەمجۆرە سەرنەکەوت». (چ. جێجیک، «ڕاپۆرتێک لە کەرملیەکان لە ئێران»(٥٤) لەندەن، **١٩٣٩**، لاپەڕەی **١٢٦١**).

نامەوێ جیا لە ئینگلیزەکان ناوی هەموو جیهانگەڕە ئەوروپییەکان لێرەدا بنووسم، بەڵام بە پێویستی دەزانم یادی پێنج جیهانگەڕ بکەم، کە هێندێکجار کەڵکم لە نووسراوەکانیان وەرگرتووە(٥٥). بە هەڵکەوت سێ کەسی یەکەمیان ئەو کەسانەن کە سەفەرەکانیان لەو کاتەدا بووە کە جیهانگەڕە ئینگلیزەکان لەو شوێنە بوون.

کولۆنێل «ئا.ژ.چیریکۆڤ»(٥٦)، نوێنەری ڕوسیا لە کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری ئێران و عوسمانی، بێگومان تەواوی ئەم ناوچانەی دیوە.

«ئا.کلمان»(٥٧)، چەند ساڵ لە بەغدا بووە و لەم شارە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی کورد ئاشنا بووە، کە بۆ بینینی دوا میری دوورخراوەی بابان چوونەتە بەغدا. ئەو لەم هەلومەرجە لەبارەدا لە ژوئینی **١٨٥٦** چووەتە کفری و کەرکووک و لەوێوە گەیشتووەتە بازیان و سلێمانی. لەوێوە دوو سەفەری کردووە: یەکەم، لە سروچکەوە چووەتە پێنجوێن و بە هێڵی سنووردا بۆ باکوری ڕۆژئاوا هەڵکشاوە و لە «شیوەکەل»ەوە چووەتە ئالان و بە قەشان و گەرووی قەیوان و ئەزمەڕدا گەڕاوەتەوە سلێمانی. سەفەری دووەم، لە سووورداشەوە چووەتە دووکان، کۆیە، بالیسان، ڕەواندز، سنووری نزیک «ڕایات»، سیدەکان، گەروو و هەولێر، لەوێوە بە جادەدا چووەتە خانەقین.

«س.دوو کوراب برزەزوفسکی»(٥٨) پسپۆڕی دارستان، لە خزمەت مەدحەت پاشا والی

53- Karachaulan

54- H.G. Chigk, “A Chronicle of the Carmelites in Persia” London, 1939, P. 1261.

کەرملیەکان گروپیکی عابدی هەژار بوون، کە لە سەرەتادا لەسەر چیای کەرملی فەلەستین دەژیان.

٥٥- ئەگەر ئەمریکاییەکان بەر لە ساڵی ١٩١٥ ئەو ناوچەیەیان بینیبێ، ئاگاداری کاری ئەوان نیم.

56- E.J. Chirikov. Putevoy Zhurna1949- 52

٥٧- A. Clement گەڕان لە باشوری کوردستان، لە کەرکووک بۆ ڕەواندز.

58- C.de Korab Brzezowski



بەغدادا بووە. ساڵی **١٨٦٩** بە ڕێگای کفری و سەگرمەدا چووەتە سلێمانی و ئامێدی و دوایی بە ڕێیەکی نادیاردا کە زانیاریی لێ بەدەست نادات پیرەمەگروونی دیوە و بۆ شاربازێڕ و پێنجوێن و مەرگە سەفەری کردووە.

«ئا.هەرتسفلد»(٥٩)، شوێنەوارناسی ئاڵمانی، ئەم ناوچەیەی دیوە: سەرەتا، لە ژوئینی **١٩١١**، بە قەسری شیریندا چووە هۆرێن و دوای پەڕینەوە لە سیروان لە «بانیخێلان»ەوە چووەتە پەیکۆڵی، قەرەداغ، سلێمانی، چەمچەماڵ و کەرکوک. لە سەفەری دووەمیدا، کە ژوئیەی **١٩١٣** کردوویەتی، لە کۆیەوە چووەتە برایم خانچی و پەیکۆڵی و بانیخێلان و قەسری شیرین.

و.مینورسکی، ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی ڕوسیا لە کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانیی لە ساڵی ١٩١٤دا. هاوکاری ئا.تی. ڕاولینسۆن و ڕایدر بوو. وتارە پەیتا پەیتاکانی لە «دایرة المعارف الاسلام» و گۆڤارەکانی جێ باوەڕی لێکۆڵینەوەدا گشت بەڵگەی زانیارییەکانی دەستی یەکەم و هەمەلایەنەن کە لە باشووری کوردستان کۆی کردۆتەوە و بابەتەکانی بە کەڵک و جێی باوەڕن.

59- E.Herzfeld, “Die Aufnahme des sasanidischen Denkmals vin Paikuli”

### ۳- هێزی فریزر

شەوی ۲۲ی ئۆگوستی ۱۹۱٤، دوو پاپۆڕی جەنگی ئاڵمانیی بە ناوەکانی «گۆبن»[۱] و «برسلاو»[۲]، هێزی دەریایی بەریتانیایان لە مەدیتەرانە خافڵاند و لە داردانێل تێپەڕین و ڕێی قوستەنتەنیە (ئەستەمبوڵ)یان گرتەبەر. ئەو پاپۆڕە شەڕکەرانە، شەوی ۲۹ی ئۆکتۆبەر گەیشتنە دەریای ڕەش و چەند لەنگەرگای ڕوسانیان گوللەباران کرد؛ لە ئاکامی ئەو کردەوەیەدا، دەوڵەتی ڕوسیا دژی حکوومەتی عوسمانی شەڕی ڕاگەیاندو بەریتانیای مەزن و فەرەنساش دوای ئەو لە ڕۆژی پێنجی نۆڤێمبەردا تێکەڵی ئەو شەڕە بوون. لە سەرەتای سێپتەمبەرەوە ئاشکرا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی دەیەوێ یارمەتی ئاڵمان بکات و دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیزیش سەرەڕای بێ مەیل بوونی ناچار بوو هێزی سەربازیی لە هیندستانەوە ڕەوانەی بەحرەین و کەنداوی فارس بکات و لەوێ چاوەڕوانی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی دوایی بێ. ئەو هێزە، ڕۆژی ۱٦ی ئۆکتۆبەر بەمبەیی (بۆمبەی) بەجێهێشت و ڕۆژی ٦ی نۆڤێمبەر تیپێک لە لەشکری شەشی «پۆنا»[۳] کە فەرماندەکەی سەرتیپ «دابلیو. س. دلامین»[٤] بوو لە فاو واتە زارکی (کەنداوی عەرەب) جێی گرت و دوای ماوەیەک بەسرە دووەم شاری عەرەبستانی عوسمانی داگیر کرد. سەرهەنگ ۲ (کە دوایی بوو بە سەرلەشکر) سێر «پرسی کاکس»[۵]، کە لە ساڵی ۱۹۰٤وە هەتا ساڵی ۱۹۱۳ «نوێنەری سیاسیی نیشەجێ لە ناوچەی کەنداوی فارس»[٦] بوو و لە ۱۹۱۳وە هەتا دەسپێکردنی ئەو شەڕە وەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەتی هیندستان بوو، لە پلەی «کارگێڕیی باڵای سیاسی»[۷] ئەو هێزەی سەرپەرشتیی کرد.

شەڕ لەگەڵ عوسمانیی چوار ساڵی خایاند. باسی ڕووداوەکانی شەڕ و ئەو ئامانجانەی کە بۆ هێزی «D» دیاریکرابوون یا چۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکانی شەڕ لە (بين النهرين) تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کورتیش بێ دوور لە حاڵ و حەوسەڵەی ئەم وتارەیە. ئەوەی

1- Goeben
2-Breslau
3-Poona
4-W.S.Delanmain
5-Sir Percy Cox
6-Political President in the Persian Gulf
7–Chief the Polit



کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە پەیمانی تەواوکردنی شەڕ ڕۆژی ۳۰ ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۱۸ لەناو پاپۆڕی «ئاگاممنوون»[۸] لە مۆدریس ئیمزا کرا و شەڕ دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کۆتایی پێهات. هێزە ئینگلیزەکان کە خەریکی ڕاونانی هێزە شکاوەکانی دوژمن لە قەراخ دیجلە بوون، گەیشتبوونە «قیارە»[۹]، لە چل مایلی باشووری مووسڵ. ئەو هێزانە دەستیان بە سەر زنجیرە شارۆچکەیەکی نێوان شاری خانەقین و ئاڵتون کۆپری داگرت. لە نێوان ئەو شارۆچکانەدا، کفری لە ۲۸ ئاپریل دەستی بەسەرداگیرا و کەرکووک و شارۆچکەکانی دەوروبەری لە حەوتی مای کە دوایی چۆڵ کرابوونەوە، بەڵام سەرلەنوێ پێنج ڕۆژ بەر لە تەواوبوونی شەڕ داگیرکرانەوە. بە پێچەوانەی ڕەخنەی فەرماندەکانی عوسمانیی شاری مووسڵیش لە سێی نۆڤێمبەر، واتە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی ڕاگرتنی شەڕ، بەڵام هاودەنگ لەگەڵ ماددەی شانزدەی ئەو پەسەندکراوە، دەستی بەسەرداگیرا و داوا لە هێزەکانی تورک کرا لە ماوەی دوو ڕۆژدا ویلایەتی مووسڵ بەجێهێڵن.

سیاسەتی بەریتانیا، ئەوکاتە بەم جۆرە بوو کە یەک یا چەند پارێزگای نیوە خودموختاری کورد دامەزرێنێ و بە شێوەیەکی نە زۆر پایەدار بە حکوومەتەوە گرێیان بدات و بەم جۆرە خۆی لە شەڕ و تێکهەڵچوونی ناوچە شاخاوییەکان بپارێزێ. دوای داگیرکردنی کفری، کارگێڕە سیاسییەکانی ئێمە لەگەڵ کەسایەتیە کوردەکانی پارێزگای کەرکووک و سلێمانی بە تایبەتی لەگەڵ کەسێک بە ناوی شێخ مەحمودی بەرزنجی سەرۆکی گرنگترین بنەماڵەی ساداتی باشووری کوردستان لە پەیوەندیی نەپچڕاودا بوون. هەرکە ڕێگا هەموار کرا، سەرگورد «ئی. دابلیو. نوێل»[۱۰] بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو سیاسەتە و پێکهێنانی سیستمی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کاتیی کە چاوەڕوان دەکرا خەڵک لایەنگریی لێ بکات، چووە سلێمانی. بە شێخ گوترا هەرکام لە هۆز و عەشیرەت و جەماوەری نێوان سیروان و (زێی) گەورە کە ئەو بە ڕێبەر قبوڵ بکەن لە بۆچوونی خۆیاندا ئازادن، بەڵام زوو دەرکەوت کە شێخ ڕادەی خۆشەویستی خۆی پتر لە ڕاستی هەڵسەنگاندووە، لەبەر ئەوە تەواوی ناوچەی ژێردەسەڵاتی، پارێزگای سلێمانی و چەند ناحیەی دەوروبەری کەرکووکی گرتەوە. شێخ مەحموود کرا بە «حوکمدار» و کارگێڕێکی سیاسیی ئینگلیزیشی وەک ڕاوێژکار بۆ دیاریکرا. چەند کارگێڕیتریش لە قەزاکانی

8- Agamemnon
9- Qaiyara
10- E.W. Noel

چەمچەماڵ، هەڵەبجەو ڕانیە کران بە «جێگری کارگێڕی سیاسی»[١١] و چەند ئەفسەری دیکەش مەئموور کران تا هێزێکی سەربازیی پێکبێنن و ئەندامانی فێرە مەشقی سەربازیی بکەن و بە «هێزی سلێمانی» بیناسێنن. هەروەها بڕیار درا هێزی پۆلیسیش لەسەر بنەمای شێوازی نوێ ڕێک بخەن.

شێخ مەحموود زوو پێشانیدا گیروگرفت پێکدێنێ. چونکە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بەرتەسک کرابۆوە و تەنیا ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە ئاماژەیان بۆ کرا، بەتەواوی تووڕە بوو. ئەو تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی تورکانیشدا هەرچەندە پلەوپایەی ڕەسمی نەبوو، بەڵام بە یارمەتی گروپە ملهوڕەکان ترس و خۆفی لە شاردا پێکهێنابوو و ئێستا کە بە شێوەی ڕەسمی حوکمدار بوو، لە تێگەیشتنی شێوە ڕاوێژکردنی مامناوەنجی کە نوێل بەڕێوەبەری بوو، عاجز و تووڕە بوو. ئاپریلی **١٩١٩** بڕیاردرا واز لە سیاسەتی پێشو بێنێ و دەزگایەکی ئیداریی بەچەشنی گشت ناوچە دەست بەسەر داگیراوەکان لە هەرێمی ئەودا پێک بێ. کارێکیتریان دا بە نوێل، کە بۆ خۆی حەزی لێ دەکرد: ئەو دیسان کرا بە ئەندامی کۆمیسیۆنی گەڕیدە، بەڵام ئەم جارە لە باکوری کوردستان، لەوبەری سنووری ویلایەتی مووسڵ[١٢] و سەرگورد ئی.ب.سۆن لە خانەقینەوە هات و جێی ئەوی گرتەوە کە لە باری شێوەی کارکردندا، جیاوازییەکی زۆر بەرچاوی لەگەڵ ئەو هەبوو.

سۆن، کە لە ساڵی **١٩٠٧**دا بەشێوەی بەدەڵ وەک کەسێکی فارس زمان هاتبووە سلێمانی، گەلێک ئەزموونی بەکەڵکی لە کۆمەڵگای ئەو شارە کۆ کردبۆوە، لەبەر ئەوە کاتێک ئەرکی لە ئەستۆ گرت لە پەیوەندی لەگەڵ نەریتی ئەو کەسەی کە پەیوەندیی پێیەوە هەبوو، تووشی شکوگومان نەبوو. شێخ مەحموودیش بە نۆبەی خۆی هەستی بەوە دەکرد کە زۆربەی دەستکەوتەکانی لە دەست دەدا. لەبەر ئەوە بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی گشتیی هەلی قۆستەوە. زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجە و

11- Assistant Political Officer

١٢- سێر ئا. ڕایان Ryan لە کتێبی خۆیدا بە ناوی دوایین وەرگێڕانەکان -the last of the Drago) mans) لەندەن، ١٩٩١، لاپەڕەکانی ٢-١٤١دا دەڵێ کۆمیسێری عالی ئەو مەئموورییەتەی لە قوستەنتەنیە زۆر پێ دژوار بوو. دەوڵەتی سوڵتان بە کاربەدەستەکانی ناوچەیی فەرمان دابوو کە ڕێگا بۆ کاری کۆمیسیۆن خۆش بکا، بەڵام مەئمووریەتی ئەو کۆمیسیۆنە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندن و دەسەڵاتی حکوومەتەکانی نەتەوەیی لە ویلایەتی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی بوو.



لایەنگرانیان، ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لە هۆزەکانی هەمەوەند، جاف و هەروەها چەکدارە هەورامییەکانی ئەوبەری سنووری ئێران بەشداریی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد. ڕاپەڕینەکە هەتا ڕۆژی **٢٣**ی مای کە لەشکری عەشایری سلێمانی خافڵگیر کرد، بەتەواوی نهێنی ڕاگیرابوو؛ ئەو هێزەی حکوومەت کە لەژێر فەرمانی سەرهەنگ شێخ قادری برای شێخ مەحموودا بوو (نەک ئەفسەرە ئینگلیزەکان)، بە هۆی باش پەروەردە نەبوونی، بەتەواوی خاشەبڕ کرا و شێخ مەحمود لە ماوەی چەند سەعاتدا سلێمانی گرتەوە و دەستی بەسەر خەزینەدا گرت و مەئموورە ئینگلیزەکانی زیندانی کرد و ئاڵای خۆی کە مانگێکی سووری لەناو تەختە قوماشێکی سەوزدا بوو، بەجێی ئاڵای بەریتانیا لە سەر «ئیدارەی سیاسی» هەڵکرد. بەخۆشییەوە سۆن ڕۆژێک بەر لەو ڕووداوە بۆ دیتنی ژنەکەی لە بەسرە چووبووە کەرکووک. ئەگەر لەوێ بوایە، مەحموود کە ئەوی بە دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانی بێگومان دەیکوشت. جێگری حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە، ستوانی فڕۆکەوان «ج.م.لیز»[١٣] توانی بەرلە داگیرکردنی شار لە لایەن سەربزێوەکانەوە لە **٢٦**ی ئەو مانگە، بەرەو خانەقین پاشەکشە بکات.

سەربازگەیەکی بچووکی هێزەکانی ئینگلیز لە کەرکووک بوو؛ تا ئەوکاتەی کە هێزێکی پتر بگاتە جێ، بە فەرمانەدەی ئەو سەربازگەیە فەرمان درا یەکانێک بە جادەدا بنێرێتە چەمچەماڵ. فەرماندەی کاروان کە تاقەت و لێوەشاوەیی جەنگیی کوردەکانی بە هێند نەگرتبوو، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو فەرمانەی کە پێی درابوو، بە ژمارەیەک سوارەی «هێزی عێراقی»[١٤] و چەند زرێپۆش و چەند ئۆتۆمبێلی فۆرد کە ڕەشاشی «لویس»[١٥]یان لەسەر دابەسترابوو، دەچێ سلێمانی پەلامار بدات. کاروان لە کەلی تاسڵوجە لە دوانزدە مایلیی شار، لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەر پەلامار و بەناچار پاشەکشەی کرد. کوردەکان هێزی شکاویان بە مەودای **٢٥** مایل ڕاونا و زەبرێکی قورسیان لێوەشاند: چوار زرێپۆش و نۆزدە ئۆتۆمبێل فەوتان. ئەو کارەساتە ناخۆشە بێگومان کێشەکەی قوڵتر کردەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی لە خۆیەکلا کردنەوە دوو دڵ بوون، پاڵیان بە شێخ مەحموودەوەدا و تەنانەت هۆزەکانی کوردی بەشی ئێرانییش لەوبەری سنوور دژی حکوومەت ڕاپەڕین و ویستیان لەگەڵ وڵات و حکوومەتی کوردیی

13- G.m. Lees
14- Iraq Levies
15- Lewis

سەر بە شێخ مەحموود کەون.

ئێستا ئیتر ئاشکرابوو کە بۆ گەڕاندنەوەی وەزعی ئاسایی پێویستی بە عەمەلیاتێکی پان و بەرینە و ئەرکی ئەو عەمەلیاتە درا بە سەرلەشکر سێر «تۆدۆر فریزر»[١٦] و لەشکری هەژدە، کە ئەوکاتە لە مووسڵ جێگیربوو. ئەو هێزانەی کە لە کەرکووک کۆ بوونەوە بریتی بوون لە: هەنگی «M١/٥»ی ڕۆژهەڵاتی «ساری»[١٧]؛ یەکانی ٨٥ی پیادەی «بیرمە»[١٨]؛ گورهانی M١/٨٧ی «پەنجاب»[١٩]؛ یەکانی «M١/١١٦»ی «مهاراتاس»[٢٠]؛ گورهانی ٤٩ی پیادەی بەنگاڵ؛ گورهانی ٢٣٩ لە گوردانی ١٨ی دۆشکەی هیندستان؛ یەکانی ٢٥ی تۆپخانەی کێویی هیندستان؛ یەکانەکانی «B» و «D»ی تۆپخانە لە تیپی ٣٣٦ی هێزی هەوایی سەڵتەنەتی؛ یەکانی «A» لە سکادرانی ٦٣ی هێزی هەوایی و هەروەها دەستەکانی تێلگرافچی، ئەندازیاریی، مین دانەر و باقی یەکەکانی خزمەتگوزاریی و پێڕاگەیشتنی گشتی و سۆن کرا بە کارگێڕی سیاسی ئەو کاروانە.

ساڵی ١٩١٠ بۆ دەستپێکردنی خزمەت لە دەزگای باڵوێزی ڕۆژهەڵات لە تاقیکردنەوەی زانکۆی دیلمانج سەرکەوتم. ئەوکاتە دەزگای باڵوێزی ڕۆژهەڵات یەکێک لەو پێنج ئۆرگانانە بوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئێستای بەسەر دابەش کرابوو. بەشدارە سەرکەوتووەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە دەبووایە بچنە کمبریج و سەرەڕای پەروەردە بوون، سێ زمانی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک عەرەبی، تورکی و فارسی فێربن. دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵی خۆش لە «پمبرۆک»[٢١] لە خزمەت «ئی.ج. براون»[٢٢] و «ڕ.ئا.نیکلسن»[٢٣]، لە سێپتەمبەری ١٩١٢دا، ئینگلیستانم بەرەو قوستەنتەنیە بەجێهێشت و کاتێک گەیشتمە ئەو جێیە تازە بەشی یەکەمی شەڕی باڵکان دەستی پێکرد بوو. بەر لە گەیشتنم بڕیار درابوو کە بچمە «بوشەهر»: نوێنەری سیاسی لە

16- Sir Theodore Fraser
17- 1/5th East Surry Regiment
18- 85th Burma Rifles
19- 1/87th Punjabis
20- 1/116th Mahrattas
21- Pembroke
22-E.G. Browne
23-R.A.Nicholson



کەنداوی فارس، سێر پرسی کاکس لەبەر کەمبوونی کارمەند وەزاڵە هاتبوو. سەرەنجام، لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا گەیشتمە بوشەهر و کەفیلی جێگری باڵوێزی ئەو جێیە بووم، کە دەوڵەتی ئیمپراتۆری لە ئۆگوستی ١٩١٤دا دژی ئاڵمان شەڕی ڕاگەیاند. داوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان و چوونم بۆ خزمەتی سەربازیی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵات پەسەند نەکرا، بەڵام لە مانگی ئاپریلی ئەو ساڵەدا بە هەوڵی زۆر سەرەنجام بە ویستی دڵی خۆم گەیشتم: سێر پرسی کاکس، لە «بەسرە»وە منی ویست و پلەی سەروانی کاتیی پێدام. دوای ماوەیەک خزمەت لە پلەی یاریدەدەری کارگێڕی باڵای سیاسی، کە ئەو بۆخۆی خاوەنی ئەو پلەیە بوو، هەروەها خزمەت لە پلەی جێگری کارگێڕی سیاسیدا، لە دیسەمبەری ١٩١٦ لەگەڵ هێزەکانی قەراخ دیجلە و فوڕات بۆ شوشتەر مەئمور کرام. شوشتەر شارێکی کۆن بوو بەرۆخی «کارون»، لە نزیک ناوچەی بیرەنەوتەکانی شەریکەی ئینگلیز و ئێران هەڵکەوتووە. چاودێریی لەو بیرە نەوتانە بەپێی پلانی «لیژنەی جەنگ» یەکێک لەو ئەرکە سەرەکییانە بوو کە بە هێزەکانی ئینگلیز مەئموور لە (بين النهرين) سپێردرابوو. لێرە وەک هاوکار و دراوسێ لەگەڵ دوو کەسایەتی گرنگ ئاشنابووم، کە پێشتر یادم کردوون: لە باکور لەگەڵ «ئی.ب.سۆن»، جێگری کارگێڕی سیاسی لە دزفول و لە باشوور لەگەڵ «ئی.دابلیو. نوێل» جێگری باڵوێز و جێگری کارگێڕی سیاسی لە ئەهواز. لەو ڕاپۆرتەدا زۆر جار باسی ئەو دوو کەسە دەکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە بە کورتی بناسێنرێن.

جاری یەکەم کاتی چوونم بۆ بوشەهر نوێلم لە پاپۆڕی هەڵمیی «سمیرامیس»[٢٤]، لە نێوان «پورت سەعید» و بەمبەی دیت. ئەفسەری تازە دامەزراوییەکانی ٤٤ی پیادەی «مەروارا»[٢٥] سەر بە سوپای هیندستان بوو. لەبیرمە تەنانەت ئەو کاتیش کە بۆ خزمەتکردن لە باشترین دەزگای ئیداری هیندستان واتە بەشی سیاسی و کاروباری دەرەوە دیاریکرا بوو، باسی خۆکشاندنەوەی لە خزمەت و دانانی کارخانەیەکی گوشتی ماسی لە دەریای سپی نیوکەوانەی سەهۆڵبەندان دەکرد. ئەویش دوای دوو ساڵ لە پلەی «جێگری دووەمی نیشتەجێ»[٢٦] هاتە بوشەهر. لە سەرەتای بەهاری ١٩١٥، بە

24-Austrian Lloyd S.S ,Semiramis.
25-Merwara
26-Second Assistant Resident

یەکەوە خەریکی بەربەرەکانێ و ڕاونانی دەست و پەیوەندەکانی ئاڵمان بووین کە لەگەڵ «لیژنەیەکی خەزا» ڕەوانەی ئێران کرابوون و نوێل بە بەدیلگرتنی «واسموس»[٢٧] جاسوسی بەناوبانگی ئاڵمانیی، کارێکی زۆر مەزن و باشی کرد: واسموسی لە نزیک بەندەری «دەیلەم» بە دیل گرت کە بەندەرێکی بچووکە لە باکوری بوشەهردا، بەڵام ئەو توانی بە کەڵک وەرگرتن لە تاریکی شەو لە دەست کێشکچییەکانی ئێرانی ڕابکات. ڕۆژی دوایی نوێل بە دژواری خۆی لە چنگ ئەو هۆزە ڕزگار کرد، کە جاسوسە ئاڵمانییەکە فریوی دابوون. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە، نوێل نەقڵی بەسرە کرا. من ئێستاش چاکە و حەقناسی ئەوم لە چاو دایە کە بەیارمەتی ئەوبوو بە پەلە نەقڵ کرام. ئەو کارەی کە لەئەهواز پێیان دابوو لە پلەی نایبی باڵوێزی «عەرەبستان»[٢٨] بەختیاریی، لورستان و پشتکۆ جێی ئاوات و ئارەزووی هەموو ئەفسەرە لاوەکان بوو. تەنانەت بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لەدوایی باکوری خوزستان و لورستان و پشتکۆیان بە جێگرێکیتری سیاسی سپارد، نایبی باڵوێز هەمیشە دەبوایە لە نێوان «ئیسفەهان» لە لایەک و گەرووی کەنداوی فارس لە لایەکی دیکەوە لە هاتوچۆدا بێ و هەمیشە دەرەتانی چوونی بۆ تاران، بەسرە و سەرەنجام بەغدا بۆ ڕاوێژکردن هەبوو. نوێل، کە یەک دوو ساڵ پێش شەڕ خۆی بۆ گەیشتن بەپلەی قارەمانییەتی خەلاتی «کادر»[٢٩]، واتە یەکەم پێشبڕکێی ڕاوە بەراز بە نێزە لە هیندستان ئامادە کردبوو، سوارەیەکی بە تاقەت و لێهاتوو بوو. زۆر چالاک دەشتەکانی نێوان کارون و دیجلە و چیاکانی بەختیاریی دەپێوا و گەلێک کاری بەکەڵک و باشی ئەنجامدا. لە کاتێکدا هێشتا بەشێوەی ڕەسمی ئەوکارەی هەبوو، توانی ژەنراڵ «دانستروویل»[٣٠] ڕازی بکات کە ئەو بۆ مەئموورییەتی تفلیس بنێری. لە گەڕانەوەی تفلیس لە نزیک شاری ڕەشت لە لایەن ئەو جەنگەڵیانەوە بەدیل گیرا، کە ڕێنوێنیان لە بولشویکەکان وەردەگرت. لە سەرەتاوە بە توڕەیی و توندیی ڕەفتاری لەگەڵ کرا و بۆ ماوەی پێنج مانگ بەندییان کرد و سەرەنجام هەل ڕەخسا و دوای شکانی جەنگەڵییەکان ئازادیان کرد. چەندجار ویستی

27-Wassmuss

٢٨- دوای چەند ساڵان، ڕەزاشا ناوی کۆنی خوزستانی زیندوو کردەوە و ناساندی.

29-Kader

٣٠- سەرلەشکر ل. س. دانستروویل (L.C. Dunsterville)



ڕاکات، بەڵام لە نەیاریی هەموو جارێ ڕەنج بەخەسار دەچوو و هەرکام لەو هەوڵانەی دەبوونە هۆی توند و تیژییەکی زیاتر و ئازاردانی پتری[٣١]. دوای ڕزگاربوونی لە بەندیخانە گەڕایەوە بەغدا و چونکە سەری لە ئاژاوە دەخورا و نەیدەتوانی ئارام دانیشێ، هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ناردیانە سلێمانی.

دیسان لە بوشەهر بوو کە بۆ یەکەم جار ناوی سۆن، ئەو حسابدارە سەیرەی بانکی «شا»ی ئێرانم بیست. ئەو چەند ساڵ پێش وەک ئێرانییەکان لە گوندێکی بچووک بەناوی «سەنگی» لە نزیک تاران ژیابوو و لە هاموشۆ کردنی ئەورووپاییەکان خۆی پاراستبوو. ساڵی ١٩٠٥ لە «شیراز» هاتبووە سەر دینی ئیسلام و ئایینی شیعەی بۆخۆی هەڵبژارد بوو. دەیانگوت کچە مەلایەکی بەژن خواستووە. ساڵی دوایی لە پلەی سەرۆکی یەکێک لە بانکەکانی کرماشان کاری لێکۆڵینەوەی کێشەی کوردیی دەست پێکرد و وازی لە کاری بانک هێنا. سەفەرێکی کرد کە ڕاپۆرتەکەی بەرهەمێکی جێ باوەڕە بەناوی «سەفەر بۆ (بين النهرين) و کوردستان بە شکڵی بەدەڵ»[٣٢]. دوای ماوەیەک، لە شەریکەی نەوتی ئینگلیز و ئێران دامەزرا و ساڵی ١٩١٤ بەرپرسی کاری بیرلێدان لە «چیای سور»[٣٣] لە نزیک خانەقین بوو. یەکەم جار سەرەتای ساڵی ١٩١٦، لە حاڵێکدا لەگەڵی ئاشنابووم کە لەگەڵ ژمارەیەک ئینگلیزەکانی دانیشتووی عێراق هاتبووە بەسرە. ئەو ژمارەیە، لە سەرەتای جەنگ بە دەست تورکان بە دیل گیرابوون، بەڵام دوایی ناردرابوونە مەدیتەڕانە و لەوێ ئازادیان کردبوون. لە ژوئینی ئەو ساڵەدا کە لەگەڵ دوو هێزی سوارە لە یەکانی ٢٣ی سوارەی هیندستان ڕەوانەی دزفول کرا، تا لەوێ لە پلەی جێگری کارگێڕی سیاسیدا کار بکا. دوای ماوەیەک توانی بەلەناوبردنی گرووپێک عەشایری بەختیاری کە لە «لیژنەکانی خەزا»ی عوسمانیی و ئاڵماندا کاریان کرد بوو، دەسەڵاتی ئێمە بەسەر ناوچەکەدا پتر بەهێز بکات. ئەو گروپە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران گەڕابۆوە و لە قەڵایەکدا جێگیر ببوو، کە شوێنەوارناسەکانی فەرەنسەوی لە شاری شووش سازیان کردبوو. سۆن مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و بە بیروباوەڕ و توندوتیژ بوو. قینی لە بەختیارییەکان، هیندییەکان و ئەو کەسانە بوو کە لە بەڕێوەبەرایەتی ستادی سەرکردایەتی

٣١- سەرلەشکر ل.س. دانستروویل بەسەرهاتەکانی هێزی دانستروویل the Adventures of Dunsterforce ، لەندەن ١٩٢٠، لاپەڕەی ٧٩.

32-Through Mesopotamia and Kurdistan in Disguise

33-Chiya Surkh

گشتییەوە دەهاتن و بەتەواوی قین و نەفرەتی لە جیهانگەڕە خۆتێهەڵقوتێنەکان، زماناسە هەژارەکان و ئاغا و خاوەن موڵکەکان بوو. دوای ماوەیەک سروشتی کارەکەی وای لێکرد کە پتر لەو کاتەی کە لە دزفول بوو لەگەڵ سەربازەکان پەیوەندی بگرێ. شێوەی کارەکانی لە زۆر بابەتانەوە لەشێوەکاری ئینگلیزەکان نەدەچوو، سەرەڕای ئەوە بەهۆی کارلێهاتوویی و زانیاریی بەرفراوانی لەسەر ناوچە و دانیشتووانی، لە زۆربەی ئەفسەرەکانیتر کە خاوەن فەرهەنگ و نەریتی ئینگلیز بوون، لە لایەن فەرماندەکانەوە ڕێزی لێ دەگیرا.

مارسی ١٩١٧، دوای ڕوخانی حکوومەتی بەغدا، بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ کوردەکان بۆ خانەقین نەقڵ کرا و من جێی ئەوم لە دزفول گرتەوە و لەو جێیەوە چەند مانگان لوڕستان گەڕام. لە ئاپریلی ساڵی ١٩١٨دا تێلگرافێکم پێگەیشت کە دەیگوت زوو بچم بۆ ئەهواز و جێی نوێل بگرمەوە. هەروەک گوتم ئەو لە ئێران بەدیل گیرابوو. ئەرکی بەپەلەی من لە ئەهواز، وتووێژ لەگەڵ ئاغاکانی بەختیاریی و وەرگرتنی بڕیارێک بوو بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی بیرەنەوتەکان لە سەردەمی جەنگدا.

ئاغاکان چەندڕۆژ دوای کاتی دیاریکراو هاتن و ئەنجامی سەرکەوتووانەی وتووێژ لەگەڵ ئەوان تا کۆتایی ئاپریلی خایاند. دوای ئەو، لە لایەن وەزیرموختاری دەوڵەتی ئیمپراتۆریی لە تاران تێلگرافێکی سوپاس و پیرۆزباییم پێگەیشت. لەو یەک دوو ڕۆژانەی دواییدا، هەستم بە نەخۆشی دەکرد و تەنیا بەخواردنی ژمارەیەک ئاسپرین و خواردنەوەی هێندێک شامپانی توانیم خۆم ڕاگرم و بەشداریی میوانداری شیو خواردنێک بکەم کە بە بۆنەی ئەو ڕێککەوتنە پێکم هێنابوو. ڕۆژی دوایی توانای ڕابوونم نەبوو و لەجێدا کەوتم و ڕۆژی ٢٤ مانگ گواستیانمەوە نەخۆشخانەی سەربازیی. بە توندی توشی نەخۆشی «گرانەتا» بووم. بە گومانم کاتی سەفەر کردنم بۆ گوندەکانی ڕۆژئاوای دزفول و خواردنەوەی چایی لە ماڵی یەکێک لە سوارەکانی چاودێرم، توشی ئەو نەخۆشییەی کردم. بەم جۆرە، ئەو ڕووداوە ناخۆشەی کە بۆ نوێل ڕویدا بە قازانجی من تەواو بوو، چونکە ئەگەر ئەو نەخۆشییە لە دزفول سەری هەڵدابا، لەبەر نەبوونی دوکتۆر لەناو دەچووم. بە کورتیی، بە یارمەتی دوو خوشکی پەرەستار کە بۆ ئەم مەبەستە لە بەسرەوە ڕەوانە کرابوون، توانیم قەیرانی نەخۆشیی وەپشت سەر نێم، تا بتوانم ئەم داستانە بگێرمەوە. بەشێوەی کاتی لە خزمەت دوور خرامەوە و بۆ چارەسەرکردنی پتری نەخۆشی ڕەوانەی ئینگلستان کرامەوە. سەفەرەکەم لە ناوەڕاستی ژوئینەوە تا سێپتەمبەری گرت، بەڵام بە تەواوی چارەسەر نەکرام. ڕۆژی ئیمزا کردنی پەیمانی



تەواوکردنی شەڕ بەهۆی نەخۆشی «ئانفلونزا»ی سپانیایی لە نەخۆشخانەی «میل بانک»[٣٤] کەوتم. هەرچەندە دوای شانزدە ڕۆژ هێندێک هاتمەوە سەرخۆ کە نەخۆشخانە بەجێهێڵم، بەڵام هەڵماسینی شادەمارەکانم، کە کاتی بەجێهێشتنی ئەهواز سەریان هەڵدا بوو، ئازاریان دەدام و لە ئاکامدا بەهۆی ئەم نەخوشییە دەبوایە پتر لە پێشو پارێزگاریی لە خۆم بکەم.

سەرەنجام لە سەرەتای ئاپریلی ١٩١٩دا گوتیان بگەڕێوە عێراق، بەڵام دەبێ تەنیا کاری سوک بکەم و خۆ لە کاری قورس بپارێزم. لە کۆتایی مانگی مایدا گەڕامەوە بەغدا و خۆم ناساند. لە حاڵێکدا سێزدە مانگی تەواو لە کار دور کەوتبوومەوە، لەسەر داوای دوکتۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کرام بە یاریدەدەری ئیداری کەفیلی کۆمیسێری سەربازیی، کاپیتان «ئا.تی»، کە دوایی بوو بە سێر «ئارنولد ویلسۆن»[٣٥]. ناوبراو یەکێک بوو لە دۆستانی سەردەمی ژیانم لە بوشەهر. ئەو کارە هیچ لەگەڵ نەریتی من نەدەهاتەوە. تەنیا شتێک، کە لەو سەردەمە کورتەی خزمەتم لەبیرە، ئەوەیە کە گوتیان چاودێریی لە «سالار دەولە» کوڕە شەیتانەکەی بنەماڵەی قاجار بکەم، کە دیسان خۆی گەیاندبووەوە ناوچە کوردنشینەکانی سەر سنووری ئێران و عوسمانی. ئەو خۆی تەسلیمی ئێمە کردبوو و ئێمەش ئەومان لە چادرێکی سەربازیدا لە ناوەڕاستی ئۆردووگایەکی تەپوتۆز گرتووی بە تێلدڕک تەنراودا زیندانی کردبوو. دەرەجەی گەرمای ئەو شوێنە لە سێبەردا دەگەیشتە ١٠٥ دەرەجەی فاهرنهایت..

ئێوارەی ڕۆژێک، کە لە باشگای وەرزشی گەڕامەوە، بەوە زۆر خوشحاڵ بووم، کە دیتم یاداشتێک بە خامەی خوار و خێچی ویلسۆن بە دەرزی بە باڵنجەکەمەوە نووساوە. نووسیبووی: «س.ج.ئا»[٣٦]، چواردە ڕۆژ پشو درا بە سۆن. ئەو پشودانە ڕەنگە سێ هەفتە بگرێ. دەبێ کەسێک لە جێی ئەو دابنرێ و من جیا لە تۆ کەسێک شک نابەم. ئایا دەتوانی سبەی شەو بە قەتار بچی بۆ «بایجی»[٣٧] و لەوێوە بە ئۆتۆمبێل وەڕێ کەوی؟ لەم ڕۆژەوە دەرەجەی «سەرگورد»یت دەبێ و من دوایی تەرتیبی ئەوکارە لەگەڵ سەرکردایەتیی گشتی دەدەم. ئا.تی. دابلیو. ٦/٨»

---

34- Millbank
35-Sir Arnold Wilson
36- Cecil John Edmonds
37- Baiji

قەتار، سەدوسی مایل ڕێگای نێوان غداو «بایجی» بە یانزدە سەعات بە قەراخی ڕاستی دیجلەدا پێوا. ئەوە، هێڵێک بوو کە ئاڵمانییەکان بەرلە دەست پێکردنی شەڕ کێشابوویان. ژێنراڵ، ئۆتۆمبێلی «واکسهال»(٣٨)ی نایابی خۆی و وانێتێکی فۆردی بە پیرمەوە نارد بوو. بەنێو تەپوتۆزێکی زۆردا هاتمە پردە گەمێیەکەی فەتحە، ئەو جێیەی کە دیجلە، کێوەسوور لــەت دەکات. لەوێوە بەنێوان دەشتێکی وشکی تاوەسووتدا گەیشتمە کەرکووک، کە ناوەندی پارێزگایەکی بەم ناوە بوو. دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتمە جێ و لە باشگای هاوبەشی کادیرانی سیاسی و هێزی هەوایی دابەزیم. بەر لەوەی کە سۆن بچێتە بەسرە نزیک بە سەعاتێکی لەکن مامەوە و دوایی خۆم بە ژێنراڵ فریزر ناساند. سەرگورد «س.چ.لانگریگ»(٣٩)، حاکم و کارگێڕی سیاسی کەرکووک بوو. ئەو لە «سەرا»ی پێشوی عوسمانییدا، کە باشگاش لەو سەرایەدا بوو، ژوورێکی بۆ کاری ئیداری دامێ. سەرا بینایەکی پان و بەرین بوو. دوو سێ حەوشە و ژمارە هۆدەیەکی زۆری یەک لەناو یەک و بە سەریەکەوەی هەبوو. پەنجەرەکانی ژووری من ڕوویان لە ڕۆژهەلات و ڕوبار بوو. لە ڕاستیدا دەیانڕوانییە ڕوبارەکە. چونکە لەو وەرزەی ساڵدا ڕوباری «خاسە» کەم ئاوە، ئاوەکەی وەک جۆگەلەیەکی باریک بە نێوان خیز و چەوەکاندا دەرژیشت. دیمەنی پێش هۆدەکەم جیا لە ڕوبار: پردێکی تازە سازکراوی پەلە پەلەی ناشیرین، ژمارە تەپۆلکەیەکی چوار سوچی نارێک، کە لە دوورەوە دەبینران. دیمەنی خانوبەرەی تاوەسووتی سازکراو لە بەرد و قسڵ. سێ چوار منارە کە منارەی «پیزا»(٤٠) لە چاو ئەوان دەدرەوشایەوە. کۆمەڵە سەربانێکی لە ژمارە نەهاتووی بە قوڕ سواخ کراو، کە هێلانەی حاجی لەق لەقیان لەسەر بوو و جوجە لەق لەقەکانیان گەورە ببوون و کاتی باڵگرتن و هەڵفڕینیان هاتبوو.

هەرچەندە لەوە خۆشحاڵ بووم، کە لە کاری نووسینگەی بەغدا دوور کەوتبوومەوە، دیسانیش بەتەواوی لە بارودۆخی خۆم ڕازی نەبووم. نرخی کارگێڕێکی سیاسی جیا لەوەی کە ئەفسەری پاراستنە و لەگەڵ هێزەکانی عەمەلیاتیی دەکەوێ، لەوەدایە کە زمانی خەڵکی ناوچە و جوگرافیای ناوچەکەش دەزانێ و بە شێوەی ڕاستەوخۆ هۆزەکان و

38-Vauxhall
39- S.H. Long rigg

٤٠- Pisa ، قەلا لارە ناسراوەکەی پیزا لە مەڵبەندی پیزا لە پاریزگای تسکان لە ڕۆژئاوای ئیتالیا.



کەسایەتییەکانی ناوچەی عەمەلیات دەناسێ. ئەگەر لەو جێیە کاری کردبێ، (کە زۆربەیان بەم جۆرەن) ڕادەی ئاگاداریی زۆر بەرزە. من هیچکام لەو قازانجانەم لە خۆمدا شک نەدەبرد و هەستم دەکرد بە هەڵە لەو دۆخە نادروستە کەوتووم. تەنیا شتێکی کە من هەمبوو، ئەوە بوو کە بە زمانی فارسی ئاشنا بووم و خوێندەوارانی کوردستان دەیانزانی قسەی پێ بکەن و پێی بنووسن. ئەویش لەوانە بوو تا کۆتایی عەمەلیات کەڵکی نەبێ. هەرچەندە ژێنراڵ فریزرم لە دەوروبەری فوراتەوە دەناسی و باشی لەگەڵ ڕاهاتبووم، بەڵام دەگوترا لەگەڵ کارگێڕە سیاسییەکان وەک چینێک باش نییە و بەم تاریفە سەیر دەبوو کە لەو لاوازییانەی من چاو بپۆشێ. لەم بابەتەوە، ترس و نیگەرانییەکەم بێ ئەساس بوو: گشت ئەندامانی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکەی زۆر ڕوح سووک بوون و هاوکاریی باشیان دەکردم و ژێنراڵ بۆ خۆشی لە ڕادەبەدەر لێبوردو و میهرەبان بوو.

بە یارمەتی لانگریگ و یاریدەدەرەکەی، کاپیتان «ئا.ف. میللر»(٤١) و لیز، کە لە هەڵەبجەوە بۆ بەشداریکردن لە عەمەلیات چووبووە ناو هێزی هەوایی، تا ئەو جێیەی دەرەتانم هەبوو، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانیارییەکان لەو ماوە کورتەدا کارم کرد. سەرگورد «کلوداوچینلک»(٤٢) ئەفسەری ناوەندی بەڕێوەبەرایەتیی، زانیارییەکانی بەشی سەربازیی دامێ و «لیز» سواری فڕۆکەی کردم و بۆ یەکەم هەڵفڕینی بردم. ئەوە یەکەم هەڵفڕینم بوو لە زنجیرە هەڵفڕینەکانی کوردستان.

سەرەڕای تینی گەرما کە لــە سێبەردا پلەی گەیشتبووە ١١٢ دەرەجەی فاهرنهایت و ئەوە زۆر گەرمتر لە پلەی هەرە گەرمی ١٠٥ دەرەجەی ئەوکاتی ساڵ بوو، هێزی فریزر لە نیوەی یەکەمی ژوئیندا کۆ کرایەوە و ئامادە کرا. من ڕۆژی پانزدەی ژوئێن نەقڵی باشگای ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کرام و بە ئۆتۆمبێل چوومە چەمچەماڵ.

41- A.F. Miller
42- Claude Auchinleck

## ٤- چەمچەماڵ

چەمچەماڵ ناوەندی «قەزا» (فەرمانداری)یەک بوو، کە هەر بەوناوە دەناسرا، بەڵام لە سەردەمی تورکاندا بازیانیان پێدەگوت. ئەو قەزایە لەو ناوچانەی خوارەوە پێکدەهات و سەر بە سلێمانی بوو: لە باشوور قەرەداغ، ناحیەی سەنگاو و ناحیەی ناوەندیی چەمچەماڵ؛ لە باکور زنجیرە چیای قەرەداغ و ناحیەی بازیان؛ لە بەشی هەرە خوارووی باکوری ڕۆژئاوا، کە بە هەردوو لا نارێک و ناهەموارەکەی قەرەداغدا بەرەو (زێ) لار دەبێتەوە، ناحیەی «قەلاّسێوکە»یە، کە ئاقجەلەریشی پێدەڵێن. بەم جۆرە، قەزای چەمچەماڵ ناوچەیەکی ئیداریی بێقەوارە بوو کە درێژایی لە سیروانەوە تا (زێ) هەشتا مایل و پانایی دە تا بیست و پێنج مایل بوو. دوای جیابوونەوە[ح]، چونکە عەشیرەتەکانی شێخ بزەینی و ساداتی جەباری لەگەڵ شێخ مەحموود کەوتبوون، لە ئاکامدا قەوارەی ئەم قەزایە لە ڕادە بەدەر تێکچوبوو.

هۆزی شێخ بزەینی، هۆزێکی نیشتەجێیە و ئەندامانی لە کۆمەڵە گوندێکی هەردوو لای (زێ) دەژین و ناوچەکەیان نزیکەی چل مایل درێژە و لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک[١] هەڵکەوتووە. ئاغاکانی ئەم هۆزە دەڵێن لە تۆرەمەی چوار بران بە ناوەکانی: حەسەن ئاغا، مەحموود ئاغا، حاجی هەمزە و مەلا عەباس. لە نێوان ئەو چوار برایانەدا بە گومانم دوو کەسی دواییان لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا لە باکورەوە هاتوونە ئەم مەڵبەندە[٢]. کەم

ح- مەبەست لە جیابوونەوەی عیراق لە وڵاتی عوسمانییە.

١- بە پێی لیستەیەک کە ئەو کات نووسیومە نزیکەی ٢٥ گوند (واتە ٥٠٠ بنەماڵە) لە باشوور (ڕۆخی چەپ) و ١١ گوندیش (٣٥٠ بنەماڵە) لە باکور بوون. لە سەرووی ڕووبار و نزیکی کۆیەش چەند گوندیتر هەبوون کە دەیانگوت لە ئەسڵدا شیخ بزەینی بوون و لێیان بڕاون.

٢- شەرەفنامە (١٥٩٦) لە باسی هۆزی ناحیەی (جەزیرەی بنی عومەر)دا، باسی شیخ بزەینی دەکات، بەڵام شی ناکاتەوە. نەوە و نەوەزاکانی حەسەن ئاغا لە چەند گوند دەژین، کە مەزنتر لە هەموان گینج (Gayinj) لە ڕۆخی چەپی زێی گەورە و باکوری جادەی هەولێر بۆ مووسڵ هەڵکەوتووە. جیهانگەڕەکان باسی بوونی شیخ بزەینییەکان لە تورکیا، باشووری ڕۆژهەڵاتی کاستامونو (Kastamonu) لە نزیک قزل ئێرماق لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنقەرە و باکوری ئەرزەرۆم دەکەن. جوامێر کوڕی توفیق قەسرۆک کە لە نووسراوەکەدا باسی لێکراوە، لە درێژەی داستانی ژەنگەسوورەکاندا گوتی ناوی ئەو هۆزە لە ئەسڵدا «دەربەندی» بووە، بەڵام بە گومانم بوونی ئەو چوار گوندانەی کە لە فەسڵی بیست و یەکەمدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ، بوونەتە هۆی پێکهێنانی تارمایی لە مێشکدا.



هەڵدەکەوێ کوردێکی ئاسایی بنەچە و ئەژدادی خۆی نەناسێ. بۆ نموونە شێخ بزینییەکان داستانی خوارەوە دەگێڕنەوە: باوک یان باپیری ئەم چوار برایانە شێخێکی زانا و خۆپارێز و ڕێبەری کۆمەڵە دەروێشێکی لە ژمارنەهاتوو بوو. ڕۆژێک لەگەڵ یەکێک لە خزمەتکارەکانی بە سواری ئێستر بە دەشتێکدا تێدەپەڕێ، کە تاقمێک ڕێی پێدەگرن. شێخ هەوڵ دەدا ئێسترەکەی توند باژوێ و بۆ ئەم مەبەستە بە دار لە ئێسترەکەی دەدا. لەگەڵ هەر دار لێدانێکی شێخ، ژەنگە سوورەیەک لە گوێی ئێسترەکە دەردەپەڕی و پەلاماری ڕێگەگرەکان دەدا و هاوار و ناڵەیان لێی بڵند دەکات. خزمەتکارەکەی، کە شاهیدی ئەم ڕووداوە بوو، بە گوتنی فارسی «شیخ بزن، شیخ بزن! واتە «شێخ لێیدە، شێخ لێیدە» ، ئەوی پتر هانداوە.

لە سەردەمی دەستەڵاتدارییەتی تورکاندا، شێخ بزینییەکانی باشوور دابەش ببوون بەسەر قەزاکانی کۆیە، چەمچەماڵ و قەزای ناوەندیی کەرکوکدا، بەڵام چونکە ئاغاکانی ئەو سەردەمەیان بە نیسبەت هۆزێکی بچووک زۆریان گەشە کردبوو، پەیوەندییان بەیەکەوە مابوو و بەتێکڕایی پشتی شێخ مەحموودیان دەگرت و یارمەتیان پێدەگەیاند. دوای ماوەیەک، بەشێک لە گوندەکانی ڕۆخی ڕاستی (زێ) لەگەڵ گوندەکانی سەربە قەزای کۆیە خرانە سەر هەولێر، بەڵام لە ڕۆخی چەپ، بەشێکی باریک هەبوو کە بیست مایل درێژ و پانترین شوێنی بە زەحمەت دەگەیشتە چوار مایل و لەنێوان ڕووبار و ناحیەی شوان هەڵکەوتبوو. گوندەکانی ئەو بەشە پێشتر سەر بە شوان بوون و دوایی لەگەڵ ناحیەیەک بە ناوی (زێ) لە ساڵی **١٩٢٣**دا خرانە سەر چەمچەماڵ. هۆی ڕاکێشانی سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەو هۆزە ئەوە بوو، کە گوندی تەق تەق و ڕێگای گەشتی[٣] قەرەوڵەکانی نێوان کەرکووک و کۆیەمان بە ناوچەی شێخ بزەینییەکاندا تێدەپەڕی. سەرۆک عەشیرەتە گرنگەکانی ئەم هۆزە، کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبوو، لە ڕۆخی باکور بریتی بوون لە: مەحموود ئاغای «سارتک» نەوەی حاجی هەمزە کە پیاوێکی هۆشیار و بە ئەزموون بوو. لە ڕۆخی باشوور تۆفیق ئاغای «قەسرۆک» نەوەی مەلا عەباس لەگەڵ برازاکەی تۆفیق بە ناوی فارس ئاغای سەرچنار.

یەکێک لە لایەنگرە بە ئەمەکەکانی شێخ مەحموود، لە باشووری چەمچەماڵ، سەید محەمەدی جەباری بوو، کە ٢٠-٣٠ گوندی ڕۆخی ڕاستی ڕووباری «باسەرە»ی بەدەستەوە

3- Ferry

بوو. بەشێکی باریکیش کە خزابووە ناو خاکی کەرکووک بە ناوی ناحیەی جەباری سەر بە چەمچەماڵ بوو. ئەم سەیدە لە نێوان خزمەکانیدا، ئینسانێکی بێ هاوتا بوو و کەس ململانێی نەدەکرد و لەبەر دەستەڵاتە ئایینییەکەشی گوندییەکان بەبێ ئەملاوئەولا گوێ بیسی بوون و فەرمانەکانیان بەڕێوە دەبرد. بەم جۆرە ئەو لە ڕادەی سەرۆک عەشیرەتێکی گرنگدا بوو. ناوی ئەو سەیدە بەهۆی جۆراوجۆر هەمیشە لە لیستەی ڕەشی حکوومەتدا بوو. ناحیە (بەش-بەخش)ی «قەڵاسێوکە» دەهەزار کەسی نفووس هەبوو[٤]؛ بەشێک لە گوندەکانی ماوەیەک سەربە (زێ) بوون، بەڵام دوایی گەڕاندیاننەوە سەر شێوە دابەشکردنی بەرلە جەنگ. سنورەکانی ئەم ناحیەیە بریتین: لە باکورەوە تا زێ، لە ڕۆژهەڵات تا چیای بن زەرد. لە باشوور بە هێڵێکدا شان بە شانی جادەی کەرکووک و سلێمانی دەچێتەپێش و تا سێ چوار مایلیی باکور درێژ دەبێتەوە. لە ڕۆژئاوا دەگاتە ناحیەی شوان. دە دوانزدە گوندی لای باکور کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا لە ژێردەستەڵاتی شێخ عەبدوڵڵا ڕێبەری ئایینی خەڵکی «عەسکەر»[٥]دا بوو، کە لەگەڵ بزووتنەوەی شێخ مەحموود کەوتبوون. گوندییەکانی نزیک جادە زۆربەیان ئیجارەدار یا کرێکاری «کاناڵی ئاودێریی» حکوومەت بوون. مەزنترین کەناڵی ئەو ناوچەیە کەناڵی ئاقجەلەر بوو، کە هێندێکجار ناوی خۆی بەگشت ناوچەکە دەدا. ئەو گوندییانە دەکرا بە شێوەیەک بەرەو سازان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ڕاکێشرێن.

ناحیەی ناوەندی چەمچەماڵ پتر لە ١٢,٠٠٠ کەسی نفووسە و بازیان کە ناوەندی «قەزا»یە، بە ٤٢٠٠ کەس نفووسەوە شوێنی ژیانی هەمەوەندەکانە. ئەوانە هەرچەندە هۆزێکی بچوکن، بەڵام لەوانەیە تا ساڵی ١٩٢٥ هۆزی هەرە شەڕکەر و بەناوبانگی باشووری کوردستان بووبن. وابیر دەکرێتەوە کە لە سەدەی هەژدەدا لە دەشتەکانی ئێرانەوە هاتبن و دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیە داگرتبێ: ناوەکانیان پێشان دەدات کە تازە هاتوونە ئەم ناوچەیە و ئێستاش بە زاراوەیەکی نزیک بە زاراوەی کوردیی کرماشانی قسە دەکەن. ئەو جەماوەرە لە بەرامبەر حکوومەتی عوسمانیدا پشتی میرەکانی بابانیان دەگرت و دوای شکانی حکوومەتی بابانەکانیش وەک دڕک لە کەلەکەی تورکاندا مابوونەوە.

٤- بەپێ سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧.

٥- جەعفەر پاشای عەسکەریی هاوکاری نزیکی فەیسەڵ لە بزووتنەوەی عەرەبەکاندا، ناوبانگی خۆی لەو گوندە وەرگرتبوو. بابی لەم گوندەدا کۆچی کردبوو.



هەمەوەندەکان بە ویستی خۆیان چەندجار هاتنە ناوچەی زوهاب و قەسری شیرین، بەڵام دیسان لەگەڵ حکوومەتی ئێران تووشی شەڕ و کێشە بوون. ئەم هۆزە، بە بەگژیەکدا کردنی حکومەتەکانی ئێران و عوسمانیی هەرێمەکانی نێوان مووسڵ، بەغدا و کەرکووک تا کرماشانیان لە مەترسی و خۆفی خۆیان هاویشتبوو، تا سەرەنجام «زەللەل سوڵتانی قاجار» کوڕی ناسرەدین شا کە ئەوکاتە فەرمانڕەوای باشووری ئێران بوو، بە چاکی زانی «جوامێر» ئاغا سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بکات بە حاکمی زوهاب. بیرەوەری ئەم بەسەرهاتە قەڵایەکە لە قەسری شیرین کە ئێستاش بە «قەڵای جوامێر ئاغا» دەناسرێ. دوای ڕووخانی سوڵتانی قاجار لە ساڵی ١٨٨٨دا، جوامێر ئاغا سەرلەنوێ ڕاپەڕی، بەڵام ئەم جارە بە فڕوفێڵ، کە یەکێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی قاجار، کوژران[٦].

هەمەوەندەکان، کە بە شێوەی کاتیی شکابوون، گەڕانەوە بازیان و حکوومەتی عوسمانی بەشێکی لێ ناردن بۆ باکوری «ئەفریقا»[٧] و بەشەکەی دیکەشی بۆ «ئادانا»[٨] دوورخستنەوە. ئەو دوو ناوچانە لە هێڵێکی ڕێکدا پتر لە ٥٠٠ مایل لەگەڵ شوێنی ژیانی هەمەوەندەکان مەودایان هەبوو. گەڕانەوەی هەمەوەندەکان لە باکوری ئەفریقاوە بۆ بازیان بە ژن و منداڵەوە لە ساڵی ١٨٩٦دا، واتە حەوت ساڵ دوای دەرکردنیان و تێکهەڵچوونەکانی ناو ڕێگایان بەشێکن لە مێژووی قارەمانەتی هۆزەکانی کورد. پیاوانی ئەو بەشەش کە بۆ ئادانا دوور خرابوونەوە وەک بەشەکەیتریان کە لە باکوری ئەفریقاوە گەڕابوونەوە، چوونەوە وڵاتی خۆیان و حکوومەتی عوسمانییش بۆ ئەوەی خۆی لە شەڕ بپارێزێ، ئیزن بە ژن و منداڵی ئەواندا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

بنەمای هەمەوەندەکان بنەماڵەی حاکمی ئەم هۆزەیە کە تۆرەمەی هاوبەشی خۆیان دەبەنەوە سەر کەسێک بەناوی «خوادی»، کە لەوانەیە لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا سەری هەڵدابێ. بیرەوەری ئەم هۆزە بەڕواڵەت لە پیاوێک دوور ناکەوێتەوە کە ناوی «حەمە» بووە و هۆزەکەی بەناو کراوە. ئەو بنەماڵەیە دابەش کراوە بەسەر چوار لقاندا. سێ لقیان

٦- کورزن لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی Persia (بەرگی ٢، لاپەڕەی ٢٧٦) و ڕوزن Rosen لە نووسراوەیەکی خۆیدا بە ناوی بیرەوەرییەکانی دیپلۆماتیکی ئاڵمان (لەندەن- ١٨٣٠)، لاپەڕەی ٢٥١ باسی ئەم ڕوداوەیان کردووە.

٧- سۆن دەڵی «ترابلس لە سوریا» بەڵام سەرچاوە کوردییەکان باسی ترابلس لە باکوری ئەفریقا دەکەن. هەمەوەندەکان بۆ خۆیان لە بەسەرهاتەکانی بنغازی دەدوێن.

8-Adana

له تۆرەمەی سێ کوڕ له چوار کوڕەکانی «خوادی»ن: ڕەمەوەند له ڕەمەزان، سەفەروەند له سەفەر، ڕەشەوەند (ڕەشوەند) له ڕەشید. ئەو لقەی که ژمارەی لەوانیتر پترە له سێیەم کوڕی خوادی بەناوی یادگار سەرچاوەی گرتووە، بەڵام به بەگزادە دەناسرێ. چەند هۆزی بچوکتر هەن، که له هەمووان گرنگتر «سێ تا بەسەر»[٩]ە، که له دوورخستنەوەی یەکەم لەگەڵ هەمەوەندەکان بوو. دوو هۆزی بچوکتریان دانیشتووی بازیان بوون. ئەم دوو هۆزانە واتە «کافرۆش» پێنج گوندیان هەبوو و «شینکی» له دوو گوندان دەژیان. شینکییەکان سەرەنجام بوون به ڕەشایی و چوونە بن دەستی هۆزی کافرۆش. کاتی دەست بەسەرداگرتنی کوردستان، ئاغاکانی هەمەوەندیی جیا له دوانزدە گوندی شێخ مەحموود و پێنج گوندی «سێ تا بەسەر» له تەواوی ئەو هەفتا گوندانەی ئەم دوو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون. ئەوانە، گوندییەکانی سەربەخۆی دوور له هۆزەکەیان به «گۆران»ی خۆیان دەزانی.

ئەم ناوانەی که به پاشگریی وشەی «وەند» تەواو دەبن، تایبەتمەندیی کوردستان نین و پتر له نێو «لوڕ» و «لەک»ەکاندا باون. ئەم پاشگرە بنەمای «بکەری» (فعل) لەکیی و لوڕیی «وەندی»[١٠]یە و دەبێتە تەشەنە کردن و ڕەگاژۆیی کردن و بەم جۆرە واتای لقوپۆ دەبەخشێ. یەکەم بەشی ناوی هۆز هەمیشە ناوی بنچەیە و ناوی ناوچە و مەڵبەند نییە.

خاڵێکیتر، که له تۆرەمەی هەمەوەندەکاندا بەرچاو دەکەوی شێوەی پوختە کردنی ناوەکانە، که لەناو کوردەکاندا زۆر باوە و هێندێکیان به ڕادەیەک پوختە دەکرێنەوە که لەگەڵ ناوە ئەسڵییەکە جیاوازیی پەیدا دەکەن و وەک «دیک» و «ڕیچارد»[١١]ی لێ دێت. «حەمە» پوختەکراوی «محەمەد»ە، «ڕەمە» پوختەکراوی «ڕەمەزان»ە، «عەبە» هی «عەبدوڵلا»یە، «ئەحە» هی «ئەحمەد»ە، «بلە» هی «برایم»ە، «فەتە» هی «فەتاح»، «خولە» هی «مەحموود»[ح]. «مچە» هی «مستەفا»یە «نالە» هی «نادر»، «پیزە» هی


٩- Setabasar هۆزەکانیتر، که شوێنەواری خۆیان ڕاگرتووە بریتین لە: حەمایل، وەتیمەوەند، قرکەوەند و «بابلەوەند». هۆزیتریش هەن به ناوی سەفیوەند که بەشێکیان له ناوچەی هەمەوەندەکانن و بەشەکەیتریشیان له ناوچەی جافەکان.

١٠- Wendin فەرەزانی ئاڵمان، ئەو پاشگرە له بنچینەی (بەند) دەزانی. من ئەو بۆچوونەم له خوێندەوارێکی «خورەمئاوا» بیستووە و نموونەی ئەو له زمانەکانیتریشدا هەن و دەبێ هەر بەمجۆرەش بێ.

١١- Rick , Dick کورتکراوەی ڕیچارد.

ح- خلە کورتکراوەی خدر و محە هی مەحموودە.





پیرۆز»ە (ئەمەیان ناوی کچە)، «قاڵە» هی «قادر»، «شەفە» هی «شەریف» و «سڵە» پوختەکراوی «سلێمان»ە. دیاردەیەکی ڕێکوپێک و یەکدەست بۆ کەڵک وەرگرتن لە پوختەکردنی ناوەکان بە دەستەوە نییە. ژمارەیەک هەمیشە بەناوی تەواوی خۆیان بانگ دەکرێن و ژمارەیەکی دیکەش بە ناوی پوختە کراو؛ هێندێکجاریش، شێوەی گوتنی ناوەکان دەبەسترێنەوە بە ڕادەی نزیکایەتی و زەوق و سەلیقەی شەخسی ڕووبەڕوو لەگەڵ خاوەنی ئەو ناوانە. کەڵک وەرگرتن لە ناتۆرە و لەقەبی ناحەزیش لە کوردستاندا زۆر باوە؛ وەک: «ئەحەڕەش»؛ «حەمەشین» و «مچەچکۆڵ». چونکە زۆربەی ناوەکان لە یەکتر دەچن، هێندێکجار ناوی باب و تەنانەت ناوی باپیریش لەگەڵ ناوەکان دەخەن و پیتی «ی» بە دوای ناوەکان زیاد دەکەن، وەک: «کەریمی فەتاح» یا «عەزیزی شەریفی جەلیل».

لە نێوان ئەو جیهانگەڕانەدا کە من لەگەڵ بەرهەمەکانیان ئاشنام بە ڕواڵەت «ج.ب.فریزر» (١٨٣٤) یەکەم کەسە کە باسی هەمەوەندەکان دەکات.

ڕێنمایەک (بەڵەد)، کە ئێمەی بە قەرەداغدا برد، بە سەرسوڕمانەوە دەیگوت: هۆزی هەمەوەندی نیشتەجێ لە هێندێک شوێنی ئەم مەڵبەندە، کە ژمارەیان لە ٥٠٠–٦٠٠ بنەماڵە تێناپەڕێ، هۆزێکی ١٠–١٢ هەزار ڕەشماڵی جافیان بە شێوەیەک چاوترسین کردووە کە تەنانەت یەک جافیش توانای نزیکبوونەوەی لە ناوچەی هەمەوەندەکان نییە، چونکە ئەگەر ئەوکارە بکات بێگومان دەکوژرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە سوارە هەمەوەندەکان لە گرووپی ٢٠–٣٠ کەسیدا دەچن و ماڵی جافەکان تاڵان دەکەن. لەوە دەچێ ئەو گوتنە تا ڕادەیەک دوور لە ڕاستی بێ، چونکە جافەکان کاتی پێویست دەتوانن هەزار سوار بۆ «پاشا» بنێرن. کلّمان (١٨٥٣) و برزە زوفسکیش (١٨٦٩) بەم جۆرە لە ناوبانگی هەمەوەند دەدوێن: هۆزێکی گرنگی کورد، کە لەم هەرێمە دەژین «ئاموان»[١٢]ە، کە لەبەر نەترسی و دلێریی و تاڵانکردنەکانی پەیتا پەیتای ناوبانگی دەرکردبوو و هۆزەکانیتر لێیی دەترسان.

شەوی دووەم (دوای بەجێهێشتنی سلێمانی)، هێندێکجار بۆ ناسینی ناوچەکان ناچار بە مانەوە دەبووین، چونکە دەترساین کە «هەموانت»[١٣] بۆسەیان گرتبێ: ئەوانە

12- Amaouans
13- Hamovantes



تاقمێک ڕێگر بوون کە لەوبەری «دیالە» لە خاکی ئێران دەژیان و هەمیشە پەلاماری ئەم ناوچانەیان دەدا و تەواوی هەرێمەکەیان تا ئەوبەری کەرکووک و هەولێر لە مەترسی خستبوو. زۆربەی جیهانگەڕەکانیتریش ئەم داستانە دەگێڕنەوە. ئینزوڕۆس(١٨٣٧) باسی «هەموانە»کان[١٤] دەکات و دەڵێ بە ئاشکرا دژی حکوومەتی عوسمانیی ڕاپەڕیبوون. فلیکس جۆنز (١٨٤٤) دەڵێ کاتێک بە ڕێگای خانەقین و قەسری شیریندا تێدەپەڕی هەمەوەندەکان هێرشیان کردبووە سەر ئەم ناوچەیە، بەڵام سەرکردەکەیان لە پردی زوهابەوە هات و چاوی بە ڕاولینسۆن کەوت. مانسل (١٨٩٢) دەڵێ کاتێک ویستوویەتی لە «کفری»یەوە بچێتە سلێمانی، بە دژواری توانیویەتی ڕێنمایەک بدۆزێتەوە، چونکە دەیانگوت تاقمێک کوردی هەمەوەند ڕێگایان بەستووە و خەڵک بە ڕادەیەک دەترسان کە بە گشتی دوور نەبوو گوندییەکان ئێمە بەجێیی هەمەوەندەکان بگرن و بۆ بەگری کردن لە خۆیان تەقەمان لێ بکەن. دیکسن (١٩٠٩) لەو هەمەوەندانە دەدوێ کە خەڵک ترسی لێیان هەبوو. تەنیا مارک سایکس(١٩٠٣) بوو کە کاتی سەفەر کردنی، هەمەوەندەکان ئارام بوون و ئەوەش لە ئاکامی هێرشی سەرکەوتووانەی سمایل پاشا دژی ئەوان بوو. لە چەمچەماڵ، یەکێک لە ئاغاکانی هەمەوەند بە ناوی حەمە ڕەشیدی حەیدەر (ڕەنگە ئەمین ڕەشید سەرۆکی عەشیرەتی ڕەشوەند بووبێ) میوانداریەکی شاهانەی لێکردبوو. سایکس دەربارەی ئەو سوارانە دەنووسێ کە ئەو سەرۆک عەشیرەتە لەگەڵی خستبوون: ئەوان وەک «کەنتور»ەکان[١٥] غاریان بە ئەسپەکانیان دەکرد و بە ئاسانی کەڵکیان لە تفەنگەکانیان وەردەگرت و بۆ ڕاست و چەپ تەقەیان دەکرد و لە بان زینی ئەسپەکانیان هەڵدەگەڕانەوە و بینەرانیان لەوە دڵنیا دەکرد کە سوارەی پارتیزەن بە تەواوی دەتوانێ هێزی پیادە لە پاشەکشەکردندا ڕاو نێ.

سۆن (١٩٠٨)، باسێکی خۆش لەمەڕ ترس و خۆفی کاروانەکەی و لەوانە ژاندارمەی تورکی چاودێریی کاروانەکەی لە سەفەری کەرکووک بۆ سلێمانی دەگێڕێتەوە. پێچەوانەی ئەم شێوە باس و لێدوانە، لەم پارچە شیعرە سەرنج ڕاکێشەی خوارەوەدا دەبینرێ، کە دۆستی بەنرخم «حاجی تۆفیق پیرەمێرد»[١٦]، خاوەن و مودیری حەوتەنامەی «ژین»،

14-Hamuana

١٥- Centaur (لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا) ئەسپێک، کە لە نێوقەدیڕا ئینسان بوو.

16- Piyre Merd (1867- 1950)

چەند ساڵ لەمەوپێش لوتفی کرد و پێشکەشی کردم. ئەم پارچە شیعرە دۆخی نالەباری سەردەمی پێشوو لەگەڵ دەورانی خۆشی سەرپەرشتی هەڵدەسەنگێنێ(١٧).

## WULHAT Y HEMEWEND

(Shewey zeman y Kurdiy  w spas u nemekshinasiy be yady Myster Edmends)
Caran de rhoj be heche heche w bareberiyewe,
Germa w sebuwn u lezme w baran u terhiyewe,
Tirs y teriye, peshkeshiy swar, shewfrheniy diz,
Destiyaw y bar y kewtuw le cega y xeliysk u xiz,
Erk y gziyr xanebigiyr, moryane y nwen,
Bolhe y keybanuw, kifr y qetarchy, plhar y cwen,
Chengsuwteke y beaw u kerhuw y norduwe-nan y kon,
Cuwte w leqe y tewiyle w halhaw y ters u bon,
Agir y tepalhe, luks y gizgil, gefiyn y seg,
Destew yexe y qetarchy leser ka, w shershe kutek,
Siyxurmeke y beyaniy be helh sandn u peley,
Loqe w triske y ester u bazdan y cogeley,
Laseng y bar ( Were, bere parseng y xwariyekey! ).
Xo, kewty, pet le xirhke chuw, lew deshte chiy ekey?
Hecgar ke afretit leteka bu, be tirewe
Her sware der kewe, delhe Ay! cerdeye ewe
Bacu piytak y Zengene, giyru girift y Caf,
Her chiy sh ke hat e rhe y Hemewend birdy saf le saf.
B em korewerhiyewe w kulemergiy w be chilhkewe,
Sebende wergerhaw, be ser u rhiysh y kulhkewe,
Inca dechuwyt e sharhewe nawmalh y Asyme.
B et u binuwsre, nabet e xo y chesht, eme keme
Esta..

١٧- بۆ خویندنەوەی نووسراوە کوردییەکان بڕوانە پێشەکیی ئەم کتێبەن، (بۆ نموونە ئەو هەڵبەستەم بەو جۆرە نووسیوە).



شێوەی زمانی کوردی و سوپاس نمەکناسی بە یادی ئاغای ئیدمۆندس

**وڵاتی هەمەوەند**(ح)

گەڕان لە ڕۆژدا بە هەچە هەچە و باری بەڕێوە،
گەرما و سەبوون و لە لێزمە و باران و کرێوە،
ترسی تری پێشکەشی سوارە و شەو فڕینی دز،
هەڵگرتنەوەی باری کەوتوو، لە جێگەی خلیسک و خیز
ئەرکی گزیر و خانە بگیر، موریانەی نوین،
بۆڵەی کەیبانوو، کفری قەتارچی، پلاری جوان،
چەنگە سوتکەی باو لە نردوو و کەڕووی نانی کۆن،
جووتە و لەقەی تەویلە و هاڵاوی ترس و بۆن،
ئاگری تەپاڵە و داربەڕو و گفەی سەگ،
دەستەو یەخەی قاترچی لەسەر کا و شەڕە کوتک،
سیخورمەکەی بەواتە بە هەڵستان و بەپەلە،
لۆقە و تریسکەی ئێستر و بازدانی جۆگەلەی،
لاسەنگی بار «وەرە بەر پارسەنگی خوارییەکەی!»
خۆ کەوتی، پیت لە خڕکە چوو، لەو دەشتە چی ئەکەی؟
هێجگار کە ئافرەتت لەتەکا بوو بە ترسەوە،
هەر سوارە دەرکەوێ، دەڵێ، ئای! جەردەیە ئەوە،
باج و پیتاکی زەنگەنە، گیروگرفتی جاف،
هەرچیش کە هاتە ڕێی هەمەوەند، بردی ساف لە ساف،
بەم کوێرەڕێیە و کۆڵەمەرگیی و بە چڵکەوە،
سێبەندە وەرگەڕا و بەسەر و ڕیشی کۆلکەوە،
ئینجا دەچوویتە شارەوە ناو ماڵی «ئاسیمە» ،
بێتو بنووسری هێشتا نابێتە سەرە قامکێک خوێ کە بخرێتە ناو چێشت ئەمە کەمە.
ئێستا

ح- بۆ ئەوەی بە تەواوی کەڵک لەو شیعرەی مامۆستا پیرەمێرد وەرگیرێ، ئەوم بە کوردیی پیت سۆرانی نووسییەوە. بۆ تیگەیشتن لە واتای وشەکان بڕوانە هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار.

چەمچەماڵ لە قەراخ جۆگەئاوێک و لەژێر بناری تەپۆلکەیەکدا ساز کرابوو و گوندێکی زۆر پیس بوو. کاپیتان «ل. بۆند»[١٨] جێگریی حاکمی سیاسی، لە سلێمانی زیندانی بوو، بەڵام چەند کارمەندی ناوەندەکەی لە شوێنی مەئموورییەتی خۆیان مابوونەوە. شەش چەکداری هەمەوەند بە بەرگی کوردی لەناو ئەو ژمارەیەدا بوون کە من وەک خزمەتکار لای خۆم ڕاگرتبوون.

ڕۆژی دوای گەیشتنمان بە چەمچەماڵ کە شانزدەی ژوئین بوو، بە مەبەستی چوون بۆ ناسینی ناوچەی عەمەلیاتیی لە سەعات سێ و نیوی بەیانی لە خەو هەستاین و بەرەو دەربەندی بازیان وەڕێکەوتین. بەپێی هەواڵ شێخ مەحموود لای باشووری دەربەندی بە چەکدارەکانی عەشایری گرتبوو و هێزێکی تێکەڵاویشی لە هێزی بەرگری و ئەو کەسانەی کە لە لایەن ئەفسەرە ئینگلیزەکانەوە پەروەردە کرابوون لە باسکی باکور دانابوو. دوای نزیکەی هەشت مایل کە لە چەمچەماڵ تێدەپەڕی، ناوچە ناهەموار و تاوەسووتە ناشیرینەکە تەواو دەبێ و تەپۆلکەکانیش بەرەبەرە بەلای باکوری ڕۆژهەڵاتدا دەنیشن. لە هەوایەکی ساف و خاوێنی بەیانییدا بەسەر زەوییە سەوزەکانی وێنجەدا، دیواری درێژی قەرەداغمان دەبینی کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتەپێش و بە دۆڵێکی شکڵ «V»دا کە چارەنووسی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی تێدا دیاریی دەکران بەرەو ئێمە شۆڕ دەبۆوە؛ دوایی سەرلەنوێ بەرز دەبۆوە و لووتکەی ١٧٠٠ پێی لە ڕێکی کەلی بازیان قیت دەکردەوە. دوو سەد سوارەی گەشتی لە دوورەوە دەبینران و دەنگی تەقەش دەبیسترا. ڕۆژی حەڤدە، تەواوی هێزەکە بەرەو «تەکیەی» کاک ئەحمەد کە گوندێک بوو لە سێ مایلیی ئەو شیوەدا وەڕێکەوت.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی، بەر لە ڕووناکبوونی هەوا، هێزی پیادە زۆر بێدەنگ بە هەردوو لای بەرزاییەکاندا چووەپێش. لە بەرزاییەکان نزیک ببوونەوە کە تۆپەکان لەگەڵ ڕووناکبوونی هەوا ڕێگا و دەوروبەرەکەیان گوللەباران کرد. زۆربەی ئەندامانی ئەو هێزە لە هێزی **٨٥**ی «چین»[١٩] و «کاچین»[٢٠] بوون. ئەوانە وەک مەغۆلەکان کورتەباڵان و سەرەڕای چەکی ئاسایی، وەک «گورخا»[٢١]یەکان کە «کۆکری»[٢٢] دەبەستن،

18- L. Bond
19- Chin
20- Kachin
21- Gurkha
22- Kukri (شمشێرێکی خوار و لێوار پانە)



شمشیرێکی خواریشیان بە خۆیانەوە هەڵدەواسی. ئەم ژمارەیە، عەشایری ڕووبەڕوویان شکاند و بە پێی ڕاپۆرت بە دژواری توانرابوو پێشیان پێ بگرن و نەهێڵن سەری چل کوژراوی بەجێماو لە گۆڕەپانی شەڕەکە ببڕن.

من لەگەڵ ژێنراڵ بووم. کاتێک لە شیوەکە نزیک بووینەوە نزیکەی سەد بەدیل گیراومان بینی کە لە بەشی خوارووی دەربەندەوە دەیانهێنان. ئەوان بەربەرەکانییەکی زۆریان نەکردبوو. لەنێوان ئەو ژمارەیەدا، چەند ئەندامی سوپای پێشوو دەبینرا کە تفەنگەکانیان پێشان دەدا: دەیانویست بە چاوی خۆمان ببینین کە تەقەیان نەکردووە. لە دوو ئەفسەرەی ئەو سوپایە بە زمانی فارسی پرسیارم کرد. یەکێک لەوان شێخ مەحموودی دیبوو و دەیگوت گوێزنگی برینداره و لە سەر لاقێک دەڕوا؛ ئەوەی تریان دەیگوت دوو شوێنی لەشی بریندار بووە و برینەکەی قووڵە و ئەگەر تا ئێستا نەمردبێ لەوانەیە ڕایکردبێتە گوندی «داری کەلی». داری کەلی یەکێک لەو ١٢ گوندانەی شێخ مەحموود لە بازیان و ئەوبەری ڕێگاکە بوو و نزیکەی سەعاتێک لەو جێیە دوور بوو کە ئێمەی لێ بووین. داری کەلی، ئەوکات لەسەر نەخشە نەبوو و لە ڕاستیدا نزیکەی ٢٠ مایل لە کەلی بازیان دوور بوو و لە ناوچەیەکی زۆر ناهەموار هەڵکەوتبوو. بەڵێ، هەردوو ئەفسەر گوتیان شێخ مەحموود بە چەکدارەکانی لە سلێمانی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر لەم شەڕەدا شکا بەبێ ماتل بوون بەندییەکان گوللەباران بکەن. ئەوان داوایان لێکردم بەرلە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم شەڕە سلێمانی بگرین.

ژێنراڵ فریزر بەپەلە فەرمانی دا بە هێزی **٣٢**ی سوارە، کە فەرماندەکەی ستوان «ف. پ.ج. دهنەی»[٢٣] بوو، کە زوو بەرەو سلێمانی بچێتەپێش. هێزی ناوبراو، ئەو مەئمووریەتەی بەبێ ماتل بوون بەڕێوە برد و یەکەم هەواڵی ئەو شەڕە کە خەڵکی شار بیستیان، دەنگی سمی ئەسپەکانی ئەو هێزە بوو، کە سەعات چوار و نیوی بەیانی بە چوارناڵە بە کۆڵانەکانی شاردا بەرەو بینایەک دەچوون، کە بە بینای «دپۆ»[٢٤] دەناسرا و بەندیخانەی مەئموورە ئینگلیزەکان بوو. ئەو بەندییانە هەرکە بە چلۆنایەتی دۆخەکەیان زانی، دەرگاکانیان کردەوە و جێگەی خۆیان لەگەڵ زیندانوانەکان گۆڕییەوە و بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی پێویست کە تا هاتنی هێزی سەرەکی دابینکردنی هێمنایەتی شار بوو،

23- F.P.G. Denehy
24- Depot (عەمبار)

لەگەڵ ستوان دهنەی کەوتن. ڕۆژی دووایی هێزی چاوەڕوانکراو گەیشتە شاری سلێمانی.

ژێنراڵ دوای ناردنی هێزی سوارە بۆ سلێمانی بەندی دووەمی ڕاپۆرتەکەی منی خستە بەرچاو. لەوە دەچوو شێخ مەحموود بریندار بووبێ و خۆی لە دەوروبەری ئەو شوێنە حەشار دابێ. لەو کاتەدا، ژێنراڵ پەنجەی بۆ ئەو شەش سوارە عەشایرییە ڕاکێشا کە لەگەڵ من بوون و گوتی:

– «ئەم پیاوانەت بنێرە بچن شێخ مەحموود بگرن و بیهێنن».

سەرم سوڕما، ئەگەر گرتنی شێخ مەحموود ئاوا ئاسان بوو، بۆچی لەشکرێکی بە تیپی پیادە، سوارە، زرێپۆش، تۆپخانە، ئەندازیار، تێلگرافچی و... هێناوەتە کوردستان. لەبەر ئەوە گوتم:

– لەوانەیە کارێکی وایان پێنەکرێ.

– «ئەگەر وایە، بۆچی دەبن»؟

– من ناڵێم بۆ چ کارێک دەبن. تا دوێنێ ئەوانم نەدیبوو.

– «کەوا بوو دەستبەجێ فەرمانیان پێ بدە بڕۆن».

– من پێم وایە هەرکە لەم کەلە دابەزن ڕادەکەن.

– «گەلێک خراپە».

– ئەگەر ئێوە بخوازن من بۆخۆم لەگەڵیان دەچم.

ژێنراڵ بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– «پێم وایە بوونی تۆ بەنرخترە».

– منیش لەسەر ئەم باوەڕەم.

دوای پرسیار و وەڵام لە دیلەکان سواری ئەسپەکەم بووم و بە تەقڵەکوت بە دوای ژێنراڵ و ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی عەمەلیاتدا بەرەو شیوەکەم ئاژۆت. ڕێیەکی زۆرم نەبڕیبوو کە تەتەرێک گەیشتە لام و یاداشتێکی «ئوچینلک»ی دامێ. ئەو نووسیبووی کوردێکی پۆشتەیان بە برینداری لە قەراخ جادە دیوە، کە بێگومان کەسایەتییەکی گرنگە و ژێنراڵ دەیەوێ گرووپێک بنێری ئەو کەسە بێنن. هێندێک ئەولاتر، ئەو کەسەم دی. پانتۆڵێکی نێفەک فشی کوردیی لەبەردا بوو، کە دەرلنگەکانی لە چەکمەیەکی شێوە ڕووسی هاویشتبوو. جبەیەکی شین کاڵی بەسەر شانەوە بوو، کە قوماشێکی زەردی بەنرخی لەسەر



شانەکانی گیرابوو. پێچێکی سەوزی لەسەر بەستبوو و موی سمێڵی پڕ و ئەستووری لەژێر لکی پێچەکەی دەبینرا. لاسکی یەکێک لە چەکمەکانی لە نزیکی گوێزنگی پێی هەڵقەڵەشا بوو و بەلای پشتێندەکەشیدا خوێن دەیدەڵاند.

گوتی ناوی عەلییە و لە هۆزی سمایل عوزێرییە. لە وەڵامی پرسیارەکانی‌ترمدا تەنیا دەیناڵاند. بێگومان ژانی زۆر بوو. برینەکەی ئەوەندە قووڵ بوو کە نەدەکرا ڕایگوێزین. کاتێک، وەزعەکەم بەم جۆرە دی یەکێک لە سوارەکانی هەمەوەنیم نارد تا لە قاوەخانەیەکی بچووک کە نزیک بە سەد هەنگاو لە ئێمە دوور بوو لیفەیەک بێنێ، دیسانیش بەسەر سەریدا خوار بوومەوە کە هاوارێکم بیست و سەرم بەرز کردەوە. چەکدارە هەمەوەندەکەم بینی کە لێفەیەکی بەسەر دەستەوە بوو و ئەفسەرێکی ئینگلیز لولەی دەمانچەکەی تێگرتبوو. ئەفسەرە ئینگلیزەکە لە وەڵامی مندا گوتی: «ئەو ناپیاوەم کاتی تاڵانکردن لە مەیدانی شەڕ گرتووە و هەر ئێستا دەیکوژم».

دوای ڕزگارکردنی چەکداری هەمەوەند و لێفەکە ویستمان برینداره‌کە ڕاگوێزین، بەڵام ئەوکارە بە ڕادەیەک ژان و ئازاری بەدواوە بوو کە بە ناچار خۆم لێ بوارد. لەم کاتەدا، لە ۲۰۰-۳۰۰ مەتری خۆمان، لەژێر تەپۆلکەیەکدا چاوم بە شتێک کەوت کە لە ئامبولانس دەچوو. بە چوارناڵە بۆلای چووم و لەگەڵ دوکتۆری بەرپرس کاری گواستنەوەی برینداره‌کەم جێبەجێ کرد:

بڕیار ئەوە بوو کە تەختەیەک بنێرێ و ئەوی لەسەر ڕاگوێزن و ئەگەر برینەکەی بە پێچەوانەی پێشاندانیی قووڵ و جێی مەترسی نەبێ بە تەواوی چاودێریی لێ بکرێ. خەریکی ڕۆیشتن بووم کە ڕوخساری گرژ یا برۆی پڕ یا شتێکی وەک ئەوانەی دوکتۆر لەپڕ سەرنجی بەرەو هۆڵی «تنفیس»[۲۵]ی نەخۆشخانەی «کراسیت»[۲۶] ڕاکێشا.

– گوتم: ناوی ئێوە جنکینز نییە؟

– «بەڵێ، بۆچی، مەگەر؟»

– ج. پ. ج. جنکینز، تارانتنا؟[۲۷]

– «بەڵێ. بەڵام ئێوە کێن؟»

---

25- Day-room
26- Christ,s Hospital
27- J.P.J,Thornton A

پانزده ساڵ بوو، ئەوم نەدیبوو. ئەوکاتە ئەو پانزدە ساڵی بوو و من چواردە. ئەو زووتر لە نەخۆشخانە هاتەدەر و چوو بۆ جێییەکی‌تر. لە دەوروبەری چواردە ساڵیمدا مێشکم بۆ دۆزینەوەی خەڵک و ناسینەوەی ڕوخساری ئەوان چاکی کار دەکرد و زۆر جار شتی وام بۆ دەخوڵقا.

دیلە بریندارەکەم بۆ جنکینز بەجێهێشت و بەدەشتێکی خۆشی دلڕفێندا، بە قەراخ چەمی «تەیناڵ» کە بڕیاربوو شەو لە ڕۆخی ئەودا چادر هەڵدەین، وەڕێ کەوتم تا بگەمەوە ئەندامانی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی. تازە لە خواردنەوەی چایەکی ماندووبڕ ببوومەوە کە جێگری بەشی پاراستنی ئۆردووگا هاتە لام و گوتی کاتێک دیلەکانیان دەهێنا، کوردێکی پۆشتەی بە برینداری دیوە کە لە قەراخی ڕێگا بووە و دیلەکان بەدیتنی ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتوویانە: «ئاخ، شێخ!». بەپەلە چوومە شوێنی ڕاگرتنی دیلەکان و لە حاڵێکدا ئەوان لە نێوان چاودێرەکاندا دانیشتبوون، جیا جیا پرسیارم لە دوو ئەفسەرەکانی سوارەی حکوومەتی پێشوو و دوو خزمی شێخ مەحموود کرد. هەموویان ئەو هەواڵە خۆشەیان بەڕاست زانی. هیچ هۆیەک نەبوو کە ئەوانە درۆ بکەن و پتر چاوەڕوان دەکرا کە بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە بدوێن. بە پەلە گەڕامەوە لای ژێنراڵ و لەم بابەتەوە کە لە یەکەم هەوڵی خۆیدا شێخ مەحموودی بە دیل گرتووە، پیرۆزباییم لێکرد. ئەندامانی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی عەمەلیات دەستبەجێ بە بیستنی ئەو هەواڵە بوونە دوو گرووپ: گرووپێکیان کە «ئوچینلک»یان لە پێشەوە بوو، هەواڵەکەیان بە ڕاست زانی و گرووپەکەی تریش بە درۆ. تا ئەو جێیەی کە لەبیرمە پێشەوای ئەم گرووپەش ئەفسەرێکی بەشی پاراستنی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەو هەواڵە بە ڕادەیەک خۆش بوو کە بۆ باوەڕ پێکردن نەدەبوو، بەڵام من گومانم لە ڕاست بوونیدا نەبوو. بەپەلە، بە بێ سیم بە بنکەی بازیانیان ڕاگەیاند کە بە تەواوی لەم دیلە بریندارە چاودێریی بکەن، تا بەرلە ناسینی نەمرێ یان ڕا نەکات. چونکە هەر چەشنە ئەفسانەیەک لەمەڕ ڕاکردنی، لەوانە بوو گەلێک کۆسپ و دژواریی پێک بێنێ.

بەیانی ڕۆژی ١٩ی ژوئین بەربەرەکانێیەکی زۆر نەکرا. لە چوار مایلی سلێمانی، بەچەشنی کەسانێک کە لە دەشتێکی وشکەوە هاتبن، چاومان بە دیتنی ڕووبارێک ڕوون بۆوە، کە بەسەر لم و چەوەکاندا دەڕۆیشت. ئاوەکە زۆر سارد و ڕەوان بوو. چەند لۆیچێکمان خواردەوە. ئەوە «سەرچنار» بوو کە لە نێوان ئاوەکانی تانجەڕۆدا لە هەموان گەورەتر بوو. تورکان پردێکی نۆ کلێیان لێرە لەسەر ساز کردبوو، کە بەناوی گوندێکی



نزیکی واتە «قلیاسیان» دەناسرا. ئەم ڕووبارە لە چەند کانیاوی بناری «ئەزمەڕ پێکدێ کە نزیک بە دوو مایل لەوێ دوور بوو. ئەو کانیاوانە ئەوەندە پڕئاو بوون کە لە پەنجا مەتری خۆیاندا ڕووبارێکیان پێکدەهێنا».

بەشی زۆری هێزەکەمان لە نزیک پردەکە بەجێهێشت و لەگەڵ چەند سواران بەرەو شار ئاژۆتمان و نزیکەی نیو سەعات بەر لە فراوین گەیشتینە سلێمانی. بەندییە ئازادکراوەکانمان بە کەیف بوون و من بە تایبەت بە دیتنی جێگری باڵای کارگێڕی سیاسی، سەرگورد «ف. س. گرینهاوس»(٢٨) خۆشحاڵ بووم. ئەو، ساڵی ١٩١٣ بۆ فێربوونی زمان لە هیندستانەوە هاتبووە «بوشەهر» و لەگەڵ من بوو. ساڵی ١٩١٧ بەجێگەی من بوو بە جێگری حاکمی سیاسی شاری «شوشتەر». «بۆند»(٢٩)مان لەگەڵ مەئموورێکی کوردی لایەنگری خۆمان بەپەلە نارده بازیان تا بریندارەکە ببینێ و ڕاستی مەسەلەکە ڕون بکاتەوە. ئەو دوای گەیشتنی ڕایگەیاند: ئەو دیلە بریندارە شێخ مەحموودە. ڕۆژی ٢٣ی ژوئین، گشت ئەو هێزانەی کە بەشدارییان کردبوو لە ئازادکردنی سلێمانی، لە شار ڕێژە (خۆپێشاندانی سەربازیی) ڕۆیشتن؛ بەندییە ئازادکراوەکان لە لای ئێمە لە شوێنی تایبەت بوون و پیاوە ماقووڵەکانی شار کە لەوبەری شەقامەکە جێیان پێدرابوو، بە ڕای ژێنراڵ زۆر کەوتبوونە ژێرشوێن و کارتێکەریی ئەو ڕێژەیە.

باقی داستانی هێزی فریزر بە کورتی دەگێڕمەوە: ڕۆژی ١٦ی ژوئین، کاروانێکی سەربازیی لە خانەقینەوە هات و لە شیوی سیرواندا تێپەڕی و لەگەڵ کاروانێکی دیکە کە لە سلێمانییەوە چووبوو، هەڵەبجەیان گرتەوە و «لیز»یان سەرلەنوێ لە شوێنی خۆی داناوە.

لە مانگی ژوئیندا چەند کاروانی گەشتی‌تریش ناوچەکانی سوورداش، شارباژێڕ، بەرزنجە، پێنجوێن و خورماڵیان ئازادکرد. کاروانێکی دیکە کرا بە مەئموری قەرەداغ و «سەنگاو»؛ ئەو گوندانەیان پشکنی و شێخە سەربزێوەکان و سەربزێوەکانی‌تریان گرت و ژمارە چەکێکی زۆریشیان کۆکردەوە و گەلێک کەلوپەلی تاڵانکراویشیان وەرگرتەوە. گرینهاوس و مەئموورەکانی‌تر کە شارەزای ئەو ناوچەیە بوون، کاروانەکەیان ڕێنوێنی کرد و منیش بۆ دامەزراندنی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئیداری لە سلێمانی مامەوە.

---

28- F.S.Greenhous
29- Bonde

دوای گرتنەوەی سەرلەنوێی هەڵەبجە ڕووداوێکی خۆش خولْقا. هەڵەبجە شاری پێ ڕاگەیشتن بە کاروباری ئیداریی و بازاڕی سەودا و مامەڵەیە و لە دوا خاڵی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەزوور، لەبن بەرزترین خاڵی هەورامان و لە دڵی وڵاتی جافاندا هەڵکەوتووە. جافەکان ڕەنگە گرنگترین عەشیرەتی باشووری کوردستان بن. حکوومەتی عوسمانی هێندێک بەر لە ڕوخانی نەیویستبوو مەئمووری ڕەسمی وەک قایمەقام لەو شارە دانێ و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی حاکمی جافی بەناوی مەحموود پاشا لەو جێیە دانا بوو. وەک دەگوترا ئەو مەحموود پاشایە پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ بووە و هەرگیز خۆی لە کار وەرنەدەدا و زۆر حەزی لە سەفەر کردووە. لە ژیانیدا بەرەبەرە تەواوی دەستەڵاتی کەوتبووە دەست عادیلەخانی ژنی. کاتی دەستبەسەرداگرتن، ئەو خانمە هەروا بێوەژن مابۆوە و مەلەکەی بێ تاج و تەختی شارەزوور بوو. لە ماوەی سەربزێویدا لایەنگریی لە حکوومەت دەکرد و هێندێک خزمەتی کردبوو کە دوایی بە چاکەی خزمەتەکانی لە لایەن جێگری فەرمانڕەوای هیندستانەوە، پلەی بەرزی «خان بەهادر»ی پێ درا.

لە دووا ڕۆژەکانی مانگی ژوئین، ژێنراڵ فریزر بڕیاریدا بۆخۆی بچێتە هەڵەبجە و سوپاسی فەرماندەی گشتی بە «خانم» بگەیەنێ (بە یای عادیلەیان دەگوت خانم). لەو سەفەرەدا، گرینهاوس و دوو کوڕی خانم بە ناوەکانی ئەحمەد و عیزەت کە هەرکام دەستە لیباسێکی بەنرخی خاوێن و مێزەری پان و زلی تایبەت بە بەگزادەکانی جافیان لەسەر بوو و بۆ پێشوازیکردن لە ژێنراڵ و گەیاندنی پەیامی ئەمەگناسی خانم هاتبوونە سلێمانی، لەگەڵ ژێنراڵ سوار بوون و بەرەو هەڵەبجە گەڕانەوە. ئەوکاتە، ڕێگا خۆش نەکرابوو. کاتێک دەگەنە باسکی ڕۆژهەڵاتی زەوییەکی ئاو گرتوو، ڕێ ون دەکەن و ئۆتۆمبێلەکەیان لە قوڕ دەچەقێ. ژێنراڵ لە ئۆتۆمبێل دادەبەزێ و دەچێتە پشتی و پاڵی پێوە دەنێ کە تایەکانی دەسووڕێن و قوڕ و چڵپاوێکی زۆری بەسەر و لەشیدا دەپڕژێنن. ژێنراڵ هاوکات لەگەڵ پاککردنەوەی قوڕ و لیتەی سەر دەموچاوی، دەبینێ بەگزادەکان ڕاوەستاون و خەریکی تەماشا کردنن و هەوڵ نادەن ئۆتۆمبێلەکە دەرهێننەوە. ئەم کردەوەیەی کوڕەکانی خانم هەرگیز لەگەڵ یاسای «یونیوریستی کالیج سکوڵ»[٣٠] «کلر»[٣١] یەکی نەدەگرتەوە. ژێنراڵ بە

30- University College School
31- Clare



گرینهاوس دەڵێ: زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لێ بگرە و ناڕازی بوونی منیان پێ ڕابگەیەنە و بڵێ ئەگەر دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا کار بکەن، دەبێ فێر بن و زۆر بە جوانی و بە کردەوە شان بدەنە بەر کار. یەکێک لە بەگزادەکان، کە لە ئەوی‌تریان بەتەمەنتر بوو بە شێنەیی و بەبێ ترس وەڵامی ژێنراڵ دەداتەوە و دەڵێ: «بەڵێ، فەرمایشی جەنابی ژێنراڵ دروستە، بەڵام بەو بڵێ تەماشای لیباسەکانی ئێمە بکات. بەڵێ، ئەم کەوایە ٣٠٠ ڕوپییەی هەڵگرتوە، تازە عەبا و مێزەرەکەش هیچ، لە حاڵێکدا گشت لیباسەکانی ئەو (بە دەست ئاماژە بە لیباسەکانی ژێنراڵ دەکات) بیست ڕوپییە ناهێنن!».

گرینهاوس کە ئەو داستانەی بۆ گێڕامەوە، سەردەمی خوێندنگەم بیر هاتەوە و ئەم جارە فیکر بەرەو خوێندنگەی «لیتل ئراسموس»[٣٢]ی هەڵگرتم و دەتگوت دەنگی خۆم دەبیسم کە وەڵامی پرسیاری وانەکانم دەدەمەوە:

– بە تایبەت جارێک گەیشتینە زەوییەکی تەنگەبەری زەلگرتوو، کە دەرچوونی تایەی عاڕابەی لێ دژوار بوو. «کورش» لەگەڵ کۆمەڵێک کارگێڕ و پیاوە ڕەسەن و ئەشرافییەکان ڕاوەستابوو، بە «گلوس»[٣٣] «پیگریس»[٣٤]ی فەرمان دا ژمارەیەک لە هێزەکانی بێگانە بەرن و عاڕابەکان لە قوڕ دەرخەن، بەڵام ئەو بینی ئەوان وەک پێویست هەوڵ نادەن؛ بە دیتنی ئەو دیمەنە توڕە بوو و فەرمانی بە پیاوە ماقووڵەکانی پارسیی هاوڕێی دا، کە بۆ دەرهێنانەوەی عاڕابەکان یارمەتی بە بێگانەکان بکەن. پیاو دەیتوانی لێرەدا وێنەیەک لە دیسیپلین بە چاو ببینێ: ئەشراف، کەوا شۆڕە ڕەوشەنەکانیان لە شان کردەوە و وەک کەسانێک کە بۆ لە باوەش گرتنی قارەمانێک هەوڵ بدەن لە تەپۆلکە ڕژدەکە دابەزین و لە حاڵێکدا لیباسی ڕەنگاوڕەنگی بەنرخیان لەبەر دابوو و ژمارەیەکیشیان ملوانکە و قۆڵبەندی زێڕیان لە مل و باسکدا بوو، بەبێ سڵکردن چوونە ناو قوڕەکە و تایەی عاڕابەکانیان بەدەست بەرز کردەوە و لە ماوەیەکی باوەڕ پێنەکراودا عەڕابەکانیان لە قوڕ دەرکێشا[٣٥].

ئێمەش دیارە لەگەڵ ژێنراڵ هاودەنگ بووین کە بەگزادەکانی جاف لە ڕاستیدا ئەو

32- Little Erasmus
33- Glus
34- Pigres

٣٥- گەزنفون ئاناباسیس، پەلاماری سەرنەکەوتوو (Anabasis I. V. 8)

پەیوەندییە کۆنەی ئێرانییەکانیان بە تەواوی لەبیر کردووە.

سۆن، لە یەکی مانگی ژوئیندا گەڕایەوە سلێمانی و من ئەرکی خۆم لە هێزی فریزر، کە کارگێڕی سیاسی بوو، بەو سپاردەوە و ڕۆژی سێی ئەوگوستی، نووسراوەیەک بڵاوکرایەوە، کە لەودا گوترابوو: تەواوی خاکی باشووری کوردستان ئارام بۆتەوە. شێخ مەحموود هەرکە توانی خۆ لەسەر پێ ڕاگرێ و لە دادگا ئامادە بێ لە لایەن دادگای سەربازییەوە موحاکەمە کرا و حوکمی مەرگی درا، بەڵام حوکمی ئیعدامەکەی کرا بە دە ساڵ زیندان و بردیان بۆ هیندستان.



## ٥- بابانەکان

دەکرێ بڵێین مێژووی نوێی هەرێمی سلێمانی بە سەرهەڵدانی بابا سلێمان لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەوە دەست پێدەکات. بابا سلێمان دامەزرێنەری دوا دەستەڵاتدارییەتیی میرەکانی بابان بوو کە لەو هەرێمەدا حوکمی کردووە. وشەی «بابا»[١]، بەرناوی هەرکام لەو سەرکردانە بووە کە حکوومەتیان کردووە. ئەم تۆرەمەنامەیەی کە دەربارەی میرەکانی بابان لەم کتێبەدا هاتووە، تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر بابانەکانی پێشوو لە کتێبی «مێژووی حکوومەتی میرەکانی بابان لە شارەزوور و ئەردەڵان»[٢] نووسراوەی «سەید حوسێنی حوزنی موکریانی» وەرگیراوە. ئەم کتێبە مێژووییە جیا لە ناوی میرە گرنگەکان و تا ڕادەیەک ڕیزی جێنشینیی ئەوان لە حکوومەتدا ئاگادارییەکی پتری تێدا نییە. سەرچاوەکانی بەردەست نەتەنیا دەربارەی تۆرەمەی ئەم میرانە ئاگادارییەکی دروست بەدەستەوە نادەن، بەڵکو دەربارەی مێژووی حکوومەتەکانیشیان ناکۆکن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکیی نێوان ئەندامانیان، کە ئاگرەکەی پتر لە لایەن تورک و ئێرانییەکانەوە خۆش دەکرا و ئەوان لە ماوەدای حکوومەتەکانیاندا هێندێکجار پتر لە یەک جار لە حکوومەت دەکەوتن. (بۆ نموونە عەبدولڕەحمان پاشای گەورە لەنێوان ساڵی ١٧٨٩ و ١٨١٣دا بەلانی کەمەوە پێنج جار حکوومەتی لێ ئەستێنراوەتەوە.) بەم جۆرە هێندێک جار حکوومەتێک لەناو حکوومەتێکی دیکەدا بووە. لەبەر ئەوە لە سەر کاتی ڕووخانی حکوومەتەکان و سەرلەنوێ بەدەستەڵات گەیشتنەوەیان گەلێک بیروڕای جیاواز دەبینرێ. «نالی» شاعیر، مێژووی دامەزرانی حکوومەتی ئەحمەد پاشا دوا میری سەربەخۆی بابان بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە.

شا جمجما، نالیا، «تاریخی جم» تاریخیە[٣]. ئەم مێژوویە، بە حسابی ئەبجەد دەبێتە ١٢٥٤ی کۆچی (٩-١٨٣٨ی زاینی).


یەکەم ناوەندی حکوومەتی بابان «قەڵاچوالان»[٤] بووە، کە بینا ڕووخاوەکانی ئەو

١- ئەم وشەیە لە ئەسڵدا بەبە بووە،و بابان لە گوتنی تورکی وەرگێڕی ف.

2- History of the Baban Rulers in Shahrizur and Ardelan

٣- شا جمجما، نالیا، مێژووی جم مێژووی ئەوە.

٤- لە فەسڵی دوو، دیداری فیدلیس قەشەی کرەملی لە ساڵی ١٧٤٩، باسی ئەو جێیەم کردووە. چون بۆ کتێبخانەی واتیکان ڕەنگە ئاگادارێکی‌پتر بە دەستەوە بدات.




ناوەندە هێشتا بە ڕۆخی باکوری ڕوبارێکی بەم ناوە لە خوارووی شارۆچکەی «چوارتا» ناوەندی ئێستای قەزای شارەزوور دەبینرێ. ئیبراهیم پاشا کاتێک ساڵی ١٧٨٣ حکوومەتی بەدەستەوە گرت، پایتەختی حکوومەتەکەی بۆ دوانزدە مایلیی باشووری ڕۆژئاوای ئەوبەری زنجیرە چیای ئەزمەڕ واتە بۆ گوندی «ملکەندی» گواستەوە، کە شارۆچکەیەکی تازە سازکراو بوو و دەیانگوت ناوی سلێمان پاشا حاکمی ئەوکاتی بەغدای لەسەر ئەو شارۆچکەیە داناوە. بەڵام بۆچوونێکیتریش هەیە کە دەڵێن شوێنی ئەم شارە نوێیە شاری سلێمانی کۆن بووە، کە بابا سلێمان سازی کردووە. سەیرتر لەوە «کۆی



مێژووی بەسەرهاتەکانی مێژووی کوردستانە»[٥] کە ڕیچ وەریگێڕاوەتەوە و لەگەڵ پاشکۆی ژمارە سێی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی خستووە. لە بەشی پەیوەندیدار بە ڕووداوی ساڵی ١١٩٩ی کۆچیدا (١٧٨٤-٥ز) باسی بینای دووەمی سلێمانی دەکات. سنووری دەستەڵاتداریەتی بابانەکان لە پانترین شکڵی خۆیدا بریتی بوو لە: کۆیە و بانە لە باکور، کفری و قەرەتەپە لە باشوور. هێندێکجاریش دەگوترا بەلای باشووردا، «مەندەلی» و «بەدرە»شی گرتۆتەوە. ڕیچ ساڵی ١٨٢٠، نفووسی ئەم شارەی دەهەزار کەس مەزندە کردووە.

ڕاپۆرتێک دەربارەی هەرێمی دەستەڵاتداریەتی بابانەکان، لەو کاتەدا کە قەڵاچوالان ناوەندی حکوومەتەکەیان بووە یا تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی عەبدولڕەحمان پاشا، ئامۆزا و جێگری دامەزرێنەری شاری سلێمانی بەدەستەوە نییە. حکومەتی عەبدولڕەحمان پاشا بە ڕواڵەت تا سەردەمی ئێمەش بەردەوام بووە و سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەرییەی کە بەسەری هاتووە، هێشتا کات و دەورانی ئەو حکومەتە لە مێشکی خەڵکی کوردا وەک سەردەمی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد یادی لێ دەکرێ. بەرهەمە کوردییەکانی بەردەست لەم بارەدا نرخ و بایەخێکی زۆریان نییە. سەرچاوەی مێژوونووسانی کورد پتر دەگەڕێنەوە سەر نووسراوەکانی ڕیچ و نووسەرانیتری ئەورووپایی تا ڕووداو و بەڵگە و شاهیدەکانی ناوچەیی. لە نووسراوەی ئەواندا دوو بۆچوونی وەک یەک لەسەر ڕووداوێکی بەرلە ساڵی ١٨٠٠ نابینرێ و نووسراوەکانیان جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە. نموونەی باشی ئەم جیاوازییانە داستان و دەنگۆی بەناوبانگی «١٢سوارەی مەریوانە» کە پەلاماری لەشکرێکی ١٠ هەزار کەسیی ئێرانییان داوە و شکاندوویانن. سێ داستانیتریشم لەم بارەیەدا بیستووە، هەرچەندە ڕووداوەکە بە دوورودرێژیی دەگێڕنەوە و ناوی تەواوی قارەمانەکان و شوێنی ڕووداوەکەی تێدا باس دەکەن، بەڵام باسەکان لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. یەکێک لەم داستانانە بە وتەی «ڕیچ» لە سەردەمی حکوومەتی بابا سلێماندا ڕوویداوە و کەسی دووەم ڕووداوەکە دەباتەوە سەر دەورانی حکوومەتی ئەحمەد پاشا(٨٠-١٧٦٣) و سێیەم کەسیان لە حکوومەتی ئیبراهیم پاشا دەدوێ کە سەد ساڵ لەگەڵ حکوومەتی بابا سلێمان مەودای هەبووە.

دوای عەبدولڕحمان پاشای بابان، بناخەی حکوومەت بەرەبەرە لەرزۆک بوو، بەڵام

---

5- Scroll of dates and facts connected with the history of kurdistan

سەرەڕای ئەوەش چۆنیەتی کاروباری ئیداریی هەروا لەسەر بنەمای کوردیی مایەوەو سوپای ڕێکوپێک و هێمایەکانی تری حکوومەت ڕاگیران.

ڕیچ، کە بۆ ماوەی چوارمانگ میوانی مەحموود پاشای (٣٤-١٨١٣)، کوڕی عەبدولڕحمان پاشا بوو لە سلێمانی، ڕاپۆرتێکی چڕ و زیندووی ئەو سەردەمی دەربارەی بارەگای میرەکانی بابان نووسیوە: «پیلانەکانی عوسمان پاشای بەغدا و شازادەی ئێرانیی حاکمی کرماشان، ناکۆکییەکانی بنەماڵەیی کە لەو پیلانانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەسایەتیەکان و کارگێڕە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی، شاییو زەماوەند و هەڵپەرکێکان، شین و پرسەکان، یارییە وەرزشییەکان، ئەسپسواری، تیرئەندازی، شمشێربازی، زۆرانبازی، شەڕە سەگ و شەڕە کەو.»

میگنن لە بەهاری ١٨٣٠دا سلێمان پاشای (٣٨-١٨٢٨) برای مەحموود پاشای لەسەر تەختی حکوومەت دیووە و لە ڕاپۆرتێکی کورتدا دەڵێ: «پاشای کورد بۆخۆی حکوومەتی بەڕێوە دەبرد، سەر بە عوسمانی و ئێران نەبوو. حاکم پیاوێکی بێ پێچ و پەنا و ئەمین و دروستکار بوو.» فریزر لە بەهاری ١٨٣٤دا «حکوومەتی چکۆڵەی» سلێمانی لە گێژاوی بەربەرەکانی توندوتیژی ناوخۆییدا بینی، کە بەڕێوەبەرانی ئەویان تووشی سەرلێشێواوی و چارەڕەشی کردووە و سلێمان پاشا بە «پیاوێکی بە زەوق و خۆش مەشرەف» دەناسێنێ و دەڵێ لە دەست داواکارییەکانی حکومەتی ئێران وەزاڵە هاتبوو».

ئینزرۆس(١٨٣٧) دەڵێ: «پاشا (کە بێگومان سلێمان پاشایە) بەو پەڕی ڕووخۆشییەوە وەریگرتووە و میوانی کردووە. پاشا گوردانێک سەربازیی (کێشکچی تایبەتو ژمارەیەک سوارەی کوردو «کاوەیس»(٦)ی هەبوو.) دەستەڵاتی ئێرانییەکان بە ئاشکرا بەرەو پەرەسەندن دەچوو و چونکە ئینزرۆس کە بۆ یەکەم جار چووە خزمەت پاشا لیژنەیەکی ئێرانی بینی کە لە دەستی ڕاستی پاشا جێگەی پێ درابوو؛ هەروەها، لەوەی کە حکوومەتی عوسمانی نوێنەری لە شاردا هەبێ، هیچ بەربەرەکانێ نەدەکرا، بەڵام ئێرانییەکانیش خۆشەویست نەبوون، چونکە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، لەوەی کە ئینزرۆسی ئینگلیز کە لە دەستی چەپی پاشا دانیشتبوو و بە لایەنگریی کردن لە تورکان ئێرانییەکانی داخدار کردبوو، پاشا سوپاسی لێکرد. ساڵی ١٨٤٤، فلیکس جۆنز وەسفی ئەحمەد پاشا حاکمی ئەوکاتە دەکات و دەڵێ: «دوای ساڵێک بە حکوومەت گەیشتنی

6- Kawasse



«هێزێکی باشی بە شێوەی ئەورووپاییەکان ڕێ کخست و فێرە مەشقی کردن و ئەو هێزە ئێستا پتر لە هەشت سەد کەسە».

ئەحمەد پاشا، سەرەنجام ساڵی ١٨٤٧، لە شەڕێکی نزیک کۆیە بەدەست نەجیب پاشای بەغدا شکا و کۆتایی بە تەمەنی حکوومەتی بابان هات. عەبدوڵڵا پاشا، برای ئەحمەد پاشا کرا بە حاکمی سلێمانی، بەڵام لە پلەی قایمقام و مەئمووری عوسمانییدا. سەرەنجام ساڵی ١٨٥١ کاری لێوەرگیرایەوە و تورکێک جێی گرتەوە.

لە دەورانی حکوومەتی بابانەکاندا، دانی پلەی بەرپرسایەتی گشتیی شێوەی میراتگریی هەبوو، بەڵام ئەو دیاردەیە پەیوەندی بە بنەماڵەیەکی تایبەتەوە نەبوو، چونکە لە تەواوی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بنەماڵە حاکمەکان بە شێوەی ئاسایی لەناو گرووپی لێک جیاوازدا کۆدەبنەوە. لە سلێمانییش بێگومان بەندە بەوەی حاکم بۆ هەرکام لە حکوومەتەکانی ئێران یا عوسمانی کێشی بوایە یا لەژێر دەسەڵاتی هەرکام لەوانەی قبووڵ کردبا، ئەو پەیوەندییە بە کەسانی لایەنگری ئەو حکوومەتانە دەسپێردرا. دۆستێکی ڕیچ بە ناوی مەحموود مەسرەف، هاوکات سەرۆک وەزیر و بەم جۆرەی کە لە ناوەکەی دەردەکەوێ وەزیری خەزێنەداریش بوو. سەرەڕای ئەوانەش ڕێکخستنی گشت یارییە وەرزشییەکانی لە دەستدا بوو، کە ئەو یارییانە بۆ ڕێزگرتن لە میوانە ماقووڵەکان پێکدەهاتن. یەکێک لە نەوەکانی ئەو پیاوە بەناوی حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغا لە بنەماڵەی عەزیز ئاغایە کە بەناوی عەزیز کوڕە گەورەی مەحموود کراوە. ڕیچ دەربارەی ئەو کوڕە، لە زمانی بابی دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: «کوڕێکی باشە و لە هەموو بارێکەوە لە خۆم دەچێ». بنەماڵەیەکی گرنگیتر، بنەماڵەی «ساحەبقران»ە، کە یەکێک لە سوارەکانی داستانی «١٢ سوارەی مەریوان» ئەندامی ئەو بنەماڵەیە بووە؛ کوڕی ئەو ساحەبقرانە بە ناوی مەحموود «باش چاوەش» واتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی بابانەکانی دوایی بوو. ئەندامە ناودارەکانی ئەو بنەماڵەیە بریتی بوون لە: دوو شاعیر، بە ناوەکانی مستەفا ناسراو بە کوردیی و عەبدولڕەحمان ناسراو بە سەلیم، کە «برازاو نەوەی ئەحمەد بوون». هەروەها دوو نەوەی دوایی واتە سەردەمی ئێمە ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیر و ساڵح زەکی بوو، کە بە پلەی هەرەباشی حکوومەت گەیشت. عادیلەخانی هەڵەبجە نەوەی ئەحمەد بەگی یەکەمە کە لە شاری سنە نیشتەجێ ببوو. لە ڕادەی پەیوەندی بنەماڵەی سێیەم لەگەڵ بابانەکان ئاگادار نیم. ئەو بنەماڵەیە بەناوی بنەماڵەی ئەحمەد ئاغا دەناسرا. یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە شەریف پاشا بوو، کە لە

کۆنفرانسی ئاشتی «وەرسا» (ڤیرسا)یدا بەشداریی کرد و نووسینی خاڵەکانی پێمانی «سیڤەر»(٧) دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان قەرزداری هەوڵ و تێکۆشانی ئەو پیاوەیە. ئەندامە گرنگەکانی ئەو بنەماڵەیە ئێستا بریتین لە: ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، «تابورئاغاسی»، کە ماوەیەکی دوورودرێژ موتەسەریفی سلێمانی و هەولێر بوو و لە لاپەڕەکانی دواییدا زۆر جار یادی لێ دەکرێ؛ حەمەی ساڵە بەگیش چەند ساڵ «نوێنەری» خەڵکی سلێمانی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو. ئەو سەرەڕای تەمەنی کەم و بێدەنگ بوونی لە گفتوگۆ و باسەکانی پەرلەماندا بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا. بنەماڵەیەکی تر کە لە گشت ئەوانە گرنگترە بنەماڵەی شێخەکانی بەرزنجەیە، کە لە فەسڵی دواییدا بە جیا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

ساڵی ١٩١٩، چەند نەوەی بابانە حاکمەکان هێشتا لە سلێمانی بوون، بەڵام هیچ کامیان سەروەت و دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو. لەناو ئەواندا حامید بەگ نەوەی سلێمان پاشا موڵکێکی زۆری لە دەوروبەری بەغدا بە میرات پێ گەیشتبوو(٨)؛ جەمیل بەگ نەوەی ئیبراهیم پاشاش زەویدارێکی بەدەستەڵاتی ناوچەی کفری بوو و ژمارەیەکیشیان موچەخۆری دەوڵەت بوون و لە عێراق تا پلەی وەزارەت ڕۆیشتن.

کاتێک بەریتانیا دەستی بەسەر ئەم هەرێمەدا گرت، مەودای ڕووخانی حکوومەتی میرەکانی بابان نەدەگەیشتە حەفتا ساڵ، لەبەر ئەوە بێگومان زۆربەی خەڵکی کوردستان دەورانی خۆشیی ڕۆژگاریی گەرم و دڵ چەسب و خۆشەویستی سەربەخۆیی کوردستانیان لە دایک و باوکانیان بیستبوو.

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە بەرهەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (نزیکەی ١٩١٠-١٨٤٢) شاعیری ناوداری کوردە. ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا لە هەستێک دەدوێ کە بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان تێدا هاوبەشن.

ولاتی بابان

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو؛
نە مەحکوومی عەجەم نە سۆخرەکێشی ئالی عوسمان بوو.

7- Sevres

٨- لەوانە زەوی هراتیە کە فەیسەڵ یەکەم کۆشکی دەرەوەی شاری بۆ خۆی لێ ساز کرد.



لەبەر قاپی سەرا، سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهد؛
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت «گردی سێوان» بوو.
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا؛
سەدای مۆزیق و نەفقارە هەتا ئەیوانی کەیوان بوو.
دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە؛
کە مەیدانی جرید بازی، لە دەشتی «کانی ئاسکان» بوو.
بە زەبری حەملەیی، بەغدای تەسخیری کرد و تێیهەڵدا،
سلێمانی زەمان، ڕاستت دەوێ، باوکی سلێمان بوو.
عەرەب! ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن، ئەمما
«سەلاحەدین» کە دنیای گرت لە نەسڵی کوردی بابان بوو.
قبووری پرلە نووری ئالی بابان و پرلە ڕەحمەت بێ؛
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو.
کە عەبدوڵلا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تفلی دەبستان بوو.

نووسینی مێژوو یا ڕووداوێکی تایبەتیی، کە دەستپێکردن یا وەرچەرخانێک بۆ بیری ناسیۆنالیستی کورد بە واتای نوێی وشە بێ، کارێکی ئاسان نییە. ناسیۆنالیستی نوێی کورد بە پێچەوانەی دیاردەکانی پێشوی بە ڕواڵەت بایەخێکی فرە زۆر بە زمان دەدات. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ساڵی ١٨٩٢ کە لەو ساڵەدا (هەروەک ئاماژەم بۆ کرد) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردیی بڵاوکرایەوە، قۆناخێکی پڕ بایەخی کوردە، بەڵام حاجی قادری کۆیی (دەوروبەری ١٨١٧- ١٨٩٤)، کە شیعرە نیشتمانییەکانی هێشتا بەهەست و خۆشەویستی لەناو خەڵکدا وەردەگیران ٧٥ ساڵی بوو و بەم جۆرە ئەو ئاڵقەیەکی نەپساوەی ئەدەبی لەگەڵ دەورانی حکوومەتی بابان پێکدەهێنا، کە بە وتەی شێخ ڕەزا نە سەر بە ئێران و نە لەژێر فەرمانی بنەماڵەی عوسمانیدا بوو. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٢دا، پەرەسەندنی دووبارەی تێکۆشانی ئەدەبی کوردی لەو مەودا خۆشە کورتەی دوای شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٩(٩)دا و هەروەها ئەو

٩- یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کورد لە لایەن شەریف پاشا و ئەمین بەدرخان لە ساڵی ١٩٠٨دا لە قوستەنتەنیە پێکهات.

گڕ و تینەی کە بۆچوونی «تێزی» مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی (پریزیدنت ویلسۆن) لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤- ١٩١٨ لە مێشکی گەلی کورد و بە تایبەت تاقمی خوێندەواری هاویشت، قۆناخەکانی ڕەوتێکی فیکری درێژخایەن بوون. ئەم پێشنیازەی کە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ جارێکی تر ببنە ناوچەیەکی خودموختار، سیاسەتێک بوو کە پتر تێبینییەکانی سەربازیی بەسەر دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیستانی داسەپاندبوو نەک تێبینییە سیاسیەکان. ئەوەش بۆ گەلی کورد هیچ دیاردەیەکی سەیر و سەمەرە و نوێ نەبوو.


هێندێک‌جار لەوانەیە بیری ناسیۆنالیستی بۆ شاردنەوەی دەستەڵاتخوازیی ڕێبەرێکی خۆ بە زلزان و سەرەڕۆ یا قین و تووڕەیی عەشایر لە سیستەمی حکوومەتیی کەڵکی لێ وەرگیرێ. من گومانم لەوەدا نییە کە شێخ مەحموود خۆی لە پلەی عەبدولڕەحمان پاشایەکی‌تردا دەبینێ و بەم هیوایە بوو کە دەوڵەتی بەریتانیا نەک هەر چاودێریی بەسەردا ناکات و دەست لە حکوومەتەکەی وەرنادا، بەڵکو ناهێڵێ حکوومەتەکانی داهاتووی عەرەب و ئێرانیش بەهۆی پاشاکانی بەغدا و حاکمەکانی کرماشان دەست لە کارەکانی وەردەن، بەڵام لە سلێمانی کەسانی وا هەبوون کە بە تەواوی باوەڕیان بەو بیرە ناسیۆنالیستییە هەبوو و ئەو بیرەیان تەشەنەی کردبووە نێو مێژوویان و دەیانگوت ئەم شارە تۆوی حکوومەتی کوردیی لێ چانراوە و پایتەختی حکومەتی کوردستانی لە چارە نوسراوە. ئەم بیرە بە ڕواڵەت لەگەڵ شکڵ و سیمای شار و بایەخ و گرنگایەتی ئابووریی و دەستکەوتی زانستی و ئەزموونەکانی سیاسیی خەڵکەکەی یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام ئەم شێوە بیرکردنەوەیە هەمیشە هەبوو و وا دەزانرا سلێمانی کە هێندێک لە شارۆچکەیەکی ژێردەستی گەورەتر بوو، خاوەن تایبەتمەندێکی وەهایە، کە من تەنیا دەتوانم وشەی «کەسایەتی» بۆ لەبەر چاو بگرم. ئەو «کەسایەتییە» بە ڕادەیەک مەزن و بەهێز بوو، کە ژمارەیەکی کەم کورد و بێگانە یا لە سەفەرگەڕاوەیەک بۆ نیشتمان دەیتوانی ماوەیەک تێیدا بمێنێتەوە و خۆی ڕاگرێ و تەسلیمی دەستەڵاتی نەشە بزوێنی نەبێ.



## ٦- شێخەکان و سادات

نەخشی شێخ، سادات و تەریقەتەکانی دەروێشی بە ڕادەیەک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا مەزنن، کە دەبێ داوا لە خوێنەرە خاوەن ڕایەکان بکەم، کە ئەگەر لێرە ماوەیەک بۆ ئاگاداریی ئەوانی‌تر ماتل دەبم و دەگەڕێمەوە سەر سەردەمی دەست پێکردنی مێژووی ئیسلام کە ئەم بەشە لە چوارچێوەی ئەو دایە و بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەم، بمبوورن.

حەزرەتی محەمەد(س)، ساڵی ٥٧١ی زایینیی، لە «مەککە» لە دایک بوو و پەیامی (ڕەساڵەت) خۆی هێندێک بەر لەگەیشتن بە تەمەنی چل ساڵ ڕاگەیاند. ساڵی ٦٢٢، لە «مەککە»وە چووە «مەدینە». سەرەتای مێژووی موسوڵمانەکان لەو کۆچەوە دەست پێدەکات. ئەو، کاتی کۆچی دوایی لە ساڵی ٦٣٢دا، جیا لەوەی کە دینێکی دامەزراند بوو، فەرمانڕەوای بەشێکی گەورەی دوگەی عەرەبستانیش بوو. ئەم تۆرەمەنامەیەی خوارەوە نزیکایەتی ئەو کەسایەتییە سەرەکییانە لەگەڵ محەمەد(س) پێشان دەدات کە لە ڕووداوەکانی دواییدا نەخشیان هەبووە.




دوای مەرگی محەمەد(س) دۆستی نزیک و خەزووری بە ناوی «ئەبوبەکر» ساڵی ٦٣٢ لە جێی دانیشت. دوایی بابی ژنەکەی‌تری بەناوی «عومەر» لە ساڵی ٦٣٤و زاواکەی «عوسمان» لە ساڵی ٦٤٤و دوای ئەویش زاواکەی‌تری «عەلی» لە ساڵی ٦٥٦-٦٦١دا

جێیان گرتەوە. ئەم چوار کەسە بە ناوی خەلیفەکانی ڕاشدین دەناسرێن. تا ساڵی ٦٥٠، لەشکری عەرەبان، سوریایان لە بیزانس جیا کردەوە و بنەماڵەی ساسانییەکانیان لە ئێران لە حکوومەت خست و لە ئەنجامدا ئێران و ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراقیان تێکەڵی ئیمپراتۆری ئیسلام کرد، بەڵام مەسەلەی جێنشینی بێ کێشە و بەربەرەکانێ و خوێن ڕشتن نەبوو:

عومەر، عوسمان و عەلی هەرسێ کوژران. دوای عەلی، «معاویە» حاکمی شام (سوریا) کە تەنانەت لە کاتی فەرمانڕەوایی عەلیشدا فەرمانەکانی ئەوی بەڕێوە نەدەبرد، لە جێی ئەو دانیشت. معاویە، شامی کرد بە پایتەختی خۆی و زنجیرەی حکوومەتەکەی بە ناوی باپیرە گەورەی خۆی دامەزراند، کە بە «ئەمەوی» دەناسرا. حوسێن کوڕە چکۆڵەکەی عەلی، لە فاتم کچی پێغەمبەر ڕۆژی ١٠ی مانگی محەرەمی ساڵی ٦١ی کۆچی (٦٨٠ز)، لە شەڕی «کەربەلا»ی عێراق بە دەستی «یەزید»ی کوڕی معاویە کوژرا. ئەو ڕووداوە بوو بەهۆی دابەشبوونی جیهانی ئیسلام بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا. کە ئەم دوو گرووپە هەتا ئێستاش هەن: زۆربە بە ناوی سوننە، واتە ئەهلی سوننەت و حەدیس لەگەڵ سەرکەوتووەکانی شەڕی کەربەلا کەوتن و کەمایەتێکیش بە ناوی شیعە یا گرووپی عەلی سازبوو کە دەیانگوت خەلیفە دەبێ لە منداڵەکانی عەلی و فاتم بێ.

زنجیرەی ئەمەوییە بەهۆی ڕاپەڕینێک کە شیعەکان بەشدارییان تێدا کردبوو ساڵی ٧٥٠ ڕووخا، بەڵام بەجیاتی منالانی عەلی، زنجیرەیەکی‌تر لە ئامۆزاکانی بەناوی عەباس دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و پایتەختی حکوومەتەکەیان بۆ بەغدا گواستەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینییەوە بەم لاوە خەلیفەکان بەرە بەرە بە کردەوە دەستەڵاتیان لە دەستدا و وەک ئامرازێکیان لێهات لە دەست چاودێرەکانی شەخسی خۆیاندا و سەرەنجام ئەم زنجیرەیەش ساڵی ١٢٥٨ بە دەست مەغۆلەکان ڕووخا.

فەرمانەکانی خودا (وەحی ئیلاهی)، بەشێوەیەک کە محەمەد(س) باسی لێ کردبوو بیست ساڵ دوای کۆچی دوایی ئەو، لە سەردەمی عوسماندا کۆ کرانەوە و لە کتێبێکدا بە ناوی قورئان ڕێکوپێک کران. شەرع یا شەریعەت کە سەرچاوەیەکی تێکەڵاو بوو لە ئیلاهیات، فیق و عورف، لە سەر بنەمای قورئان و هەواڵ و ئەم وتانەی کە لە پێغەمبەریان دەگێڕاوە، بە شێنەیی نووسران و ڕێکوپێک کران و لە چوار ئایینی جێگەی ڕێزی کۆمەڵی موسوڵمانان‌دا بەناوی دامەزرێنەری «حەنەفی، مالکی، شافعی و



حەنبەلی» شکڵی گرت. دوا فەقێی ئەم ئایینە، ئەحمەد کوڕی حەنبەل بوو کە ساڵی ٨٥٥ زایینی کۆچی دوایی کرد. زۆربەی هەرە زۆری کوردەکان شافعین.

خۆپارێزی (تەقوا) و ساکار بوونی پێشەواکانی ئیسلام و لەوە پتر ئەو ئایینانەی کە لە لایەن زانایانی سەدەی نۆیەمەوە دامەزران، لەو هەست و عاتیفە پێویستە بێبەری بوون کە تایبەتمەندیی هەر ئایینێکە، کە بخوازێ هێز و دەستەڵاتی خۆی بە سەر خەڵک و بە تایبەت لەناو ئیمپراتۆریی لە حاڵی گەشەکردندا و خەڵکی جیا لە عەرەب ڕابگرێ. ئەو کەموکورییە لەژێر کارتێکردنی مەسیحییەتی ڕۆژهەڵاتدا سەرەتا بە خۆپارێزی و دوایی بەخوداناسی (عیرفان) دابین کرا. کاتێک ڕادەی پێویستییەکان پەرەیان ستاند، وتاری وایان لە قورئاندا دۆزییەوە کە خاڵی یەکەمی دەسەلماند و بۆ سەلماندنی خاڵی دووەمیش دەیتوانی سەرەتایەک بێ. بیری عیرفانیی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودا و توانەوە بە ڕێگای هەست و ئازار و جەزرەبە لەودا، بێگومان بەلێکدانەوەی قورئان پەیوەندیی بەخوداوە نییە. سەرەڕای ئەوە عیرفانەکان دەیانگوت بیری ئەوان لەسەر بنەمای پەروەردە بوونێکی نهێنیدا شکڵی گرتووە، کە لە محەمەدەوە(س) بە ئەبوبەکر و عەلی گەیشتووە. لە سەدەی چوارەم، دوای خەبات و هەڵسووڕانێکی دژواری درێژخایەن، بیروبۆچوونی پەرەگرتووی ئەم ژمارەیە لە چوارچێوەی ئایینی سوننەدا وەرگیرا. عارفانی پێشوو، بە سوفی ناسران. سوف واتای خوری دەدات. هۆی ئەوەی کە بە ئەوانەیان دەگوت سوفی ئەوە بوو کە جبەیەکی پەشمیی ئەستووریان لەبەر دەکرد. ئەم ناوە هێشتا ماوە. دوای بیری سوفیگەری، بیرێکی بەرزتر لە سروشت سەری هەڵدا، کە لەژێر کارتێکردنەکانی بیری نوێی ئەفلاتوونیدا هێندێکجار دەگاتە ئایینە تێکەڵاوەکانی کەسی (وحدت وجودی) و بە پێچەوانەی ئەخلاق خۆی دەنوێنێ.

دیاردەی سوفیگەریی بوو بە ئایینی جەماوەر و مرید و مامۆستا پایە بەرزەکانی کە بەهۆی خۆپارێزیی و زانیاریی لەناو کۆمەڵدا ڕێزیان لێ دەگیرا، لە چوارچێوەی تەریقەتەکانی دەروێشیدا کۆبوونەوە، کە ئەمڕۆ لە گشت وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینرێن. شێخ یان پیرێک لە سەر ئەو تەریقەتانە یا بەشەکانی خواروویدا جێیان گرتوە. ئەو شێخ یا پیرە، ڕێبەری ئایینییە و ئەو کەسانەش کە لایەنگرییان لێ دەکەن مریدی ئەوانن و شێوەی پەروەردە کردنەکانیش تەریقەتن. ئەو جێیەی کە شێخ یا پیر بۆ کاری ڕاگەیاندن و تێکۆشانی خۆیان سازی دەکەن «تەکیە» یا «خانەقا»ی پێدەڵێن. مرید دوای تۆبەکردنی، لە مورشید تەریقەت وەردەگرێ و لە لایەن مورشیدەوە پەروەردە دەکرێ. کاتێک بە ڕادەی

پێویست، بە کردەوە ڕاهات و ئەزموونی کۆ کردەوە، ڕەنگە شێخ باوەڕی پێ بکات و پلەی خەلیفە یا جێگر یا نوێنەری خۆی بداتێ. ئەم جارە، مرید دەتوانێ خەڵکی دیکە ڕابێنێ و ئەگەر بە پلەی بەرزی زانیاریی و ئەزموون بگات ڕەنگە پلەی شێخایەتی وەرگرێ و ببێتە شێخ و بەرەی نوێی مریدان ڕێنوێنی بکات. مرید دەبێ بۆ گەیشتن بەم پلەیە ناوی گشت شێخەکان تا دەگاتە ئەبوبەکر و عەلی بزانێ کە پێشەوای سەرەکی تەواوی تەریقەتەکانن. «تەکیە» بە کردەوە لە باوکەوە بە کوڕ دەگات؛ بە کوڕە شێخەکان دەڵێن شێخ؛ بەڵام ئەوان ناتوانن بەهۆی شێخ بوونی باوکیانەوە مرید بۆ لای تەریقەت ڕێنوێنی بکەن. ئەوان دەبێ سەرەتا بۆ خۆیان بە شێوەی ئاسایی تەریقەت وەرگرن. ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ئەولادی عەلی دەزانن «سەید»یان پێدەگوترێ و لەناو سوننە و شیعەکاندا هەزاران مرۆڤی ئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژین. وەک چاوەڕوان دەکرێ سەیدەکان پتر لە تەریقەتێکدا کۆ دەبنەوە کە بە شێخایەتی بگەن. ئەو شێخانەی کە سەید نین لە کوردستاندا «شێخ بەرماڵ»[1] یان پێدەڵێن.

خەڵک، نە تەنیا دامەزرێنەری تەریقەتەکان بەڵکو شێخە پایە بەرزەکانیش بە خاوەن کەرامەت دەناسن و ئەم ژمارەیە لەو ڕێگایەوە مریدە نەزانەکان بۆلای پەرەستنی خۆیان و بە دوای مردنیشیاندا بۆ لای پەرەستنی جێگرەکانیان ڕادەکێشن. لە ئاکامدا، هەم ئەوان و هەم جێگرەکانیان لە ڕێگای دینەوە سەروەت و سامان کۆ دەکەنەوە و دەبنە خاوەن ماڵ و دارایی و دەسەڵاتی زۆر. ئەو تەریقەتانەی، کە پتر لایەنگرییان لێ دەکرێ لە کوردستاندا تەریقەتی قادری و نەقشبەندین.

تەریقەتی قادری، لە لایەن پیاوچاکێکی ئایینی بە ناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١١٦٦-١٠٧٧) دامەزراوە و ئەمە نموونەی باشی تەریقەتێکە کە لە ئاییندا جێکەوتووە. ناوی پێشەوا و ڕێبەری ئەو تەریقەتە و ڕێبەری تەکیەکانی، تا ئێستا لە سەر ئەو شێخە و کوڕەکانی ماوە و ڕێبەری ئێستای ئەو تەریقەتە لە بەغدا دەژی. لە حکوومەتی عوسمانیدا، بە جێگرانی ئەم تەریقەتەیان دەگوت «نقیب الاشرف» و نەقیبی ئەوکاتە سەید عەبدولڕەحمان ڕێبەری موسوڵمانە سوننەکانی عێراق بوو، کە لە لایەن کاربەدەستە ئینگلیزەکانەوە بە سەرۆکی شورای حکوومەت دیاری کرا.

١- بەرماڵ = ئەوەیە کە نوێژی لەسەر دەکەن. شێخ بەرماڵ: بەم شێخە دەگوترێ کە بە ڕێگای نوێژ و عیبادەتەوە بەم پلەیە گەیشتبێ. وەرگێڕی ف.



دامەزرێنەری زنجیرەی نەقشبەندی، «محەمەد بەهائەدینی بوخاری» (١٣١٧-٨٩) بوو. تەریقەتی ئەویش لە لایەن ئایینەکانەوە وەرگیرا، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەسایەتێکی وەک نەقیب لەو مەڵبەندە و دەوروبەریدا یان بەهۆی مەسەلەیەک کە لە بواری پەروەردە کردندا هەبوو، ژمارەیەک مریدی نەخوێندەواریان هێندێکجار کاری سەیر و دوور لە ڕەوشت دەکەن.

لە باشووری کوردستان، بە مریدی تەریقەتی قادری دەڵێن دەروێش و مریدی تەریقەتی نەقشبەندی بە سوفی[2] دەناسن. هەرچەندە پتر بەرەو باکور بچین ئەو جیاوازییە کەمتر دەبێتەوە.

«جیابوونەوەی» شیعە لە سەرەتادا بە گشتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو. عەلی و جێگرەکانی، لە لایەن میراتگرانیان بە ئیمام دەناسران نەک خەلیفە. ساڵانی دوایی، چەند جار لە سەر جێنشینی لەناو شیعەکاندا ناکۆکی و دووبەرەکی سەری هەڵدا و لێک جیا بوونەوە. لە نێوان ئەو لەتبوونانەدا، جیابوونەوەی «سمایلییەکان» لە گشت ئەوانی تر گرنگترە. سمایلییەکان کوڕە گەورەکەی جەعفەر، ئیمامی شەشەمیان بە سەر برا چکۆڵەکەی واتە «موسا»دا فەرز کرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە موسا پتر لەو، جێگەی ڕێزی زۆربەی لایەنگران بوو. ئەو ژمارەیە تەنیا حەوت ئیمامیان قبووڵە و لە مێژوودا بە «حەشاشین» دەناسرێن و لە سوریا ڕێبەرەکەیان لە لایەن خاج هەڵگرە خۆبەختکەرەکانەوە بە «پیری چیا» دەناسرا. لێرەدا، ڕووی ئێمە لە بەشە سەرەکییەکەی ئەو ئایینەیە کە دوازدە ئیمامیان هەیە. ئەو ئیمامانە لە عەلی و حەسەن و حوسێنی کوڕییەوە دەست پێدەکات و بەلای حوسێن دا و بەهۆی جەعفەر و موساوە دەگاتە ئیمامی دوازدە کە لە دەوروبەری ساڵی (٨٣٧)دا ون بووە.

یەکەم بەرهەمی هەواڵ و ڕوونکردنەوەی ئایینی (اخبار واحادیس) کە ڕەنگی شیعەی تێکەڵاو بوو لە سەدەی دوازدە و لە دەورانی حکوومەتی «ئالبوویە» (١٠٥٥- ٩٣٢)، کە خەڵکی باکوری ئێران بوو، کەوتە ناو کۆمەڵە و بناخە و بنچینەیەکی جیاوازی بۆ داڕێژرا. زۆربەی هەواڵ و ئاگادارییە بڵاوکراوەکانیان دەگەڕاندەوە سەر جەعفەری ئیمامی شەشەمیان (٥٦٥- ٧٠٢). جەعفەر، حوجرەیەکی لە مەدینە هەبوو. بابی حەنیفە و مالکی کوڕی ئەنس کە ناویان لە سەر دوو لقی ئایینی سوننەیە، قوتابی ئەو بوون. لە

٢- لە ئاماژە کردن بە مریدەکانی ئەو تەریقەتەدا، هەمیشە لەم وشەیە کەڵک وەردەگرم.

سەردەمی ئیمامەتی ئەودا بوو کە جێنشینی لە کوڕی ئەمەویەوە بە کوڕی عەباس گەیشت، بەڵام ئەو بۆ خۆی بە ڕواڵەت داوای سەرۆکایەتی نەکرد. نووسینی بۆچوونی جیاوازیی ئایینی بە ناوی ئەو بێگومان دەیتوانی ئەو دوژمنایەتییە سیاسییە پەرە پێ بدات و بۆ هەمیشە زیندووی ڕاگرێ. دەڵێن لە سەرەتای سەدەی یانزدەدا خەریک بوو ئەم ناکۆکییە لەناو بچێ. بڕیار وابوو شیعە لەناو موسوڵمانەکاندا بە پێنجەمین ئایین وەربگیرێ و وەک چوار ئایینەکانیتر چاوی لێ بکەن، بەڵام گفتوگۆ لە سەر ئەو پارەیە ڕاوەستا، کە دەبوایە لە بەرامبەر ڕازی بوونی خەلیفەی ئەوکات بەو بدرێ.

بە هاتنی شا سمایلی سەفەوی، دامەزرێنەری زنجیرەی بنەماڵەی سەفەوی بۆ سەر تەختی سەڵتەنەتی ئێران لە ساڵی ١٥٠٢دا، ئەم کێشە و دووبەرەکییە پەرەی سەند و سەقامگیر بوو. ئایینی شیعە وەک دیاردەیەکی ڕەسمی حکوومەتیی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا زاڵ بوو و ڕێوڕەسمی محەرەم کە «ئالبوویە» لە بەغدا بەڕێوەی بردبوو، زیندوو کرایەوە و پەروەردە کرا و جنێو و قسەی سوک و ناشیرین گوتن بە خەلیفەکانی ڕاشدین واتە ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و ئایشێی هاوسەری پێغەمبەر شکڵی باوی بەخۆوە گرت. تەواوی ئەو کارانە بێگومان بەشێک بوون لە خەبات بۆ بزواندنی هەستی ئایینی خەڵک دژی دوژمنی نەتەوایەتی واتە حکوومەتی عوسمانیی، کە بۆ لاوازکردنی بیروباوەڕ و ئیمانی تاقمە جیاوازەکان لە وڵاتی عوسمانیدا بەڕێوە چوو. ساڵی ١٧٦٤، دوای ڕووخانی زنجیرەی سەفەوی، نادر شا، کە بۆخۆی سوننە بوو حکوومەتی بە دەست گرت و بەپێی پەیمانێک لە کۆمەڵە پەیمانەکانی لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی کێشەی لەمێژینەی نێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی بەشێوەی کاتی چارەسەرکرد و جنێودانی بە ئاشکرای بە خەلیفەکان و هاوسەری پێغەمبەر یاساخ کرد و ئایینی سوننەی کرد بە ئایینی ڕەسمی ئێران، بەڵام هەروەک لە پێشەکی پەیمانەکە دەردەکەوێ، ئەو کاتی وتووێژ هەوڵی بێ سوودی داوە، کە سوڵتان ڕازی بکات ئایینی جەعفەری لە نێوان ئایینەکانی دیکەدا بە ڕەسمی بناسێ. یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٤ی عێراق دەڵێ: هەرچەشنە مەحکەمەیەکی شەرعی دەبێ بەپێی یاسا و ئایینی خۆی ئەنجام بدرێ و ئایینی قازی دەبێ ئایینی زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکە بێ و قازییەکان لە بەغدا و بەسرە دەبێ بەپێی هەر دوو شەرعی سوننە و جەعفەریی بن. سەرەڕای ئەوەش کە مافی شیعەکان بە مافی بەرامبەر و ڕەسمی ناسرا، هەوڵ بۆ دەستخستنی پلەکانی سیاسی و ئیداری لە کەمی نەداوە.

ڕێبەرە شیعەکان لە ڕەوتی پەرەپێدانی ئایینی خۆیاندا تووشی ئەو کارتێکردنە هاتن،




کە سوننە هاوچەرخەکانیان کاتی دەستەڵاتداریەتی تووشی ببوون، بەڵام لەوە دەچێ بۆ وەرگرتنی بەشێک لە بیروباوەڕی کۆن و ناوچەیی لە ئاسیای ڕۆژئاوادا پتر لە کارتێکردنەکانی نوێی ئەفلاتوونیی کە سوفییە سوننەکانی خستبووە ژێر شوێن و کارتێکەریی خۆی، ئامادەییان هەبووە. بەشێک لەو بیروبۆچوونانە لە گەشەپێدانی ئایینی جەعفەرییدا جێی خۆیان کردەوە و لە ئاکامدا ئەویان لە ئایینەکانی دیکە جیا دەکردەوە: بەپێی ئایینی ئیمامەت، دوازدە ئیمامەکان بە پاک و لێهاتوو دەژمێردرێن و دەچنە ڕیزی ئەولیاکانەوە، بەڵام لە ناو ئایینی ئیمامەتدا کەسانی واش هەبوون کە ئەو شێوە بۆچوونە ڕازی نەدەکردن. لەبەر ئەوە بیر و باوەڕێکیتریان هێنایە گۆڕێ یا پەروەردەیان کرد، کە زۆر لە دید و ڕوانگەی سوفییزم نزیک بوو. شیعەکان، بەو کەسانەیان دەگوت غلاتە و ئەوانیان بە لادەر ناساند. سوننەکان لێبواردنێکی زیاتریان هەیە و لە تاوانبار کردنی کەسانێک خۆ دەپارێزن کە بۆ خۆیان بە ئاشکرا لە ئایینی خۆیان دوور نەکەوتبنەوە.

بەم جۆرە دەگەڕێینەوە سەر خاڵێک کە لەودا جیا کردنەوەی سوننە لە باسکی ڕاست و شیعە لە باسکی چەپدا دژوارە. ئەگەر گرووپێکی تایبەت بۆ سەلماندنی شیعە بوونی خۆی تاریفی عەلی بکات و بڵێ عەلی جیا لەوەی کە ئیمامی یەکەمی شیعەیە لە خەلیفەی ڕاشدینیش بە ئابڕووتر بووە و یەکێک لەو دوو کەسانەش بووە کە بە وتەی سوفییەکان، وەحی وەرگرتوە. ئەم بۆچوونە، شیعە بوونی ئەو ناسەلمێنێ. ساداتیش هەم لەناو لایەنگرانی سوننە و هەم لە ناو لایەنگرانی شیعەدا خاوەن ڕێزی تایبەتە و هەرچەندە هیچ کام لە شیعەکان[٣] ناوی ئەبوبەکر، عومەر، عوسمانو یەزید لە سەر منداڵەکانیان دانانێن، ناوی وەک عەلی، حەسەن، حوسێنو جەعفەر لە ناو خەڵکی سوننەدا بە فراوانی دەبینرێ، لەبەر ئەوە، لەوە دەچێ لاربوونەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ لە لاربوونەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست بەهێزتر بێ. ئەگەر لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بە لەبەر چاو گرتنی دۆخی سیاسی یا هەر ڕەوتێکیتر بۆ یەکێک لەو گرووپانە دژوار بێ، هەڵوێستی بێلایەنی بگرێ، ئەگەر یەکێک لەوان لە دەستپێکدا بەشان و باڵی دوازدە ئیمامەکان هەڵ بڵێ،

٣- لەم دواییانەدا تووشی تایبەتمەندێکی سەرنج ڕاکیش بووم، دوو برا هەبوون بە ناوەکانی عومەر و عوسمان. بابی ئەو دوو کوڕانە گوتی پێشتر تەواوی کوڕەکانی بە منداڵی مردوون، بەڵام کچەکانی ماون. لەبەر ئەوە نەزری کردووە کە ئەگەر جارێکیتر کوڕیان بێ جۆرە ناوێکی لێ بنێ کە چاوی پیس کاری لێ نەکا.

دەکرێ ئەو وەک شیعەی بناسین. ئەم وێنەیەی کە لە خوارەوە هێناومە ڕەنگە بتوانێ پتر یارمەتی ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بدات.




**ئیسلامی پێشو**

سەفەوییەکان نموونەیەکی بەرچاوی بەشێک لەو بۆچوونانەن کە ئێستا پەنجەم بۆ ڕاکێشا. شێخ سەفیەدین، شەشەمین باپیرە گەورەی شا سمایل ساڵی ١٢٥٢ لە دایک بووە. دوای ماوەیەک خوێندن لە لای شێخ زاهیدی گەیلانی و دوای ئەوەی کە بە شێوەی ئاسایی بە پلەی مورشیدیی گەیشت، لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠دا تەریقەتێکی سەربەخۆی بە ناوی تەریقەتی سەفەوی لە «ئەردەویل» دامەزراند. بە پێی بەڵگە و شاهیدی مەوجوود بۆخۆی و کوڕەکەی سوننە بوون و تەریقەتەکەشیان تەریقەتێکی سوننە بووە. خواجە عەلی نەوەی، کە ساڵی ١٣٩٢ جێگەی ئەوی گرتەوە، یەکەم کەسی بنەماڵەکە بوو کە بیروبۆچوونی شیعەگەری لەخۆ پێشاندا.

جنید، نەوەی خواجە عەلی (بەم جۆرەی کە نووسیویانە) توانیویەتی دە هەزار شەڕکەر لە مریدەکانی خۆی ئامادە بکات. ساڵی ١٥٠٢، سمایل نەوەی جنید بە ڕادەیەک هێزی



گرتبوو، کە توانی دەستبەسەر حکوومەتی ئێراندا بگرێ. هەرچەندە لە ئێراندا گەلێک دەروێشی کۆچەر هەن، بەڵام هەروەک گوترا ڕێگا بۆ هەڵسووڕان و پەرەسەندنی تەریقەتەکانی سوننە ڕێکتر بوو تا تەریقەتەکانی شیعە. سەرەڕای ئەوانە تەریقەتی سەفەوی توانی بە ڕادەیەک لە بزووتنەوەی خۆی کەڵک وەرگرێ کە دوای خواجە عەلی، تا سەدەیەک واتە تا سەردەمی شا سمایل، لە نێوان تەریقەتەکانی سوفیگەریی باو لە نێوان لایەنگرانی سوننەدا دەوام بێنێ و گەشە بکات. کاربەدەستانی سوپای شا سمایل، ئەویان پتر بە چاوی سوفی دەبینی تا شاو لە ئەورووپاش ئەو پتر بە «سوفی گەورە» دەناسرا. لەوە دەچێ بکتاشییەکانی ئاناتۆڵی میراتگرانی ئەو تەریقەتە بووبن کە لە فەسڵێکیتردا پەنجەیان بۆ ڕادەکێشم.

لە نێوان ئەو شاخ و بەندەنە مەزن و سەرنج ڕاکێشەرانەدا کە بیرەوەرییەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکی گەڕیدەکانی ناوچەی سەر سنووری ئێران و عوسمانیی (ئێران و عێراقی ئێستا)دا دەمێنێتەوە، دوو لوتکەی وەک یەک یا باشترە بڵێین دووانەی «کوڕە کاژاو» بە بەرزایی ٧٢٥٠ و ٧٣٠٠ پێ دەبینرێ. لەنێوان چینە ناهەموارەکانی باشووری ئەم زنجیرە چیایەدا و لە سێ مایلیی لوتکەی نەزمتریان و چوار مایلیی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی گوندێکی هێندێک گەورەی «بەرزنجە» هەڵکەوتووە کە ناوی لەسەر بنەماڵەی هەرە بەدەستەڵاتی باشووری کوردستان واتە ساداتە.

دەڵێن دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە پیاوێک بووە بە ناوی «عیسای نووربەخش» کوڕی بابا عەلی هەمەدانی و برازای بابا تاهیری عوریانی شاعیر و عارفی ناوداری ئێرانی. تۆرەمەنامەی ئەم بنەماڵەیە[٤]، عیسا دەباتەوە سەر سەیدێک کە حەوتەمین نەوەی موسا کازم[٥]، ئیمامی هەشتەمی شیعەکانە. دەڵێن سەید عیسا لەگەڵ سەید موسای برای بۆ زیارەتی «مەککە» چوون. لە «مەدینە» لە خەونێکی هاوبەش و وەک یەکدا پێیان

٤- بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لە دۆستەکانم شێخ بابا عەلی کە کورتەی تۆرەمەی بنەماڵەکەی دامێ و من بە کەڵک وەرگرتن لەو توانیم زانیارییە کۆکراوەکانم لە بەرامبەر یەکتر دانێم و چاکیان بکەم و هەروەها لە بەڕێز محەمەد سەعید قەزاز (وەزیری نێوخۆی وڵات) سوپاس بکەم کە دەربارەی بنەچەی حاجی شێخ مارفی سەرگەڵو و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە زانیاریی دامێ.

٥- نەوەکانی ناوەندیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتین لە: سەید بابا عەلی، سەید یووسف، سەید مەنسوور، سەید عەبدولعەزیز، سەید عەبدوڵڵا و سمایل.

گوتراوه، کە لە ڕێگادا تووشی بەردێکی ڕەشی گەورە دەبن. ئەوان دەبێ ئەو بەردە هەڵگرن و لەگەڵ خۆیان بیبەن، تا لە خەوێکی دیکەدا پێیان دەگوترێ لە کوێ بمێیننەوە و مزگەوتێک دروست بکەن. ئەو بەسەرهاتە هەروەک گوترا لە گەڕانەوەدا لە شوێنی ئێستا واتە بەرزنجە ڕوویدا: دوای ڕۆژێک ڕێ بڕین، لێرە لە ژێر سێبەری کەپری شوانێک نووستن و ئینجا بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی خودا لەو جێیە مانەوە و مزگەوتێکیان لە جێی کەپرەکە دروست کرد، کە هێشتا ماوە و بەردە ڕەشەکەشیان بۆ بیرەوەری لە یەکێک لە دیوارەکانی خست و هەموو لایەک مێژووی ئەم ڕووداوە بە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی (١٢٥٨ز) دەزانن کە بە هەڵکەوت مێژووی ڕووخانی خەلیفەی بەغدا بە دەست مەغۆلەکانە.

لە دووەمین دیدارم لە بەرزنجە لە ساڵی ١٩٢٩دا، ساداتەکان داستانێکی لەوە درێژتریان بۆ گێڕامەوە، کە هەرچەندە لە باری کات و زەمانەوە هەڵەیەکی مەزنی سەبارەت بە نزیکایەتی زنجیرەی سەید موسا لەگەڵ تۆرەمەی ئیمامی حەوتەم تێدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام سەرنج ڕاکێشە و بۆ گێرانەوە دەبێ. داستانەکە دەڵێ: خەلیفە «هارون ڕەشید» لە یەکێک لە گەشتەکانی شەوانەیدا کە بە گۆڕینی جلوبەرگ، خۆی دەگۆڕی، لە بەغدا تووشی پیاوێک بووە، کە خەریکی خواردنی گۆشتی کەری تۆپیو بووە. هارون ڕەخنەی لە کردەوەی ناشیرینی ئەو پیاوە گرتووە. ئەو لە وەڵامی هاروندا گوتوویەتی هەموو گوشتێک لە پیاوی برسی حەڵاڵە. خەلیفە بە بیستنی ئەم قسەیە دەسحێبێکی بە نرخی داوەتێ و پێی گوتووە ئەوە بفرۆشە و خۆراکی حەڵاڵی پێ بکڕە. کابرا دەسحێبەکەی دەباتە لای جولەکەیەکی زێڕینگەر. جولەکە بە دیتنی ئەو دەسحێبە بەنرخە بەدەست ئەو کابرا هەژارەوە، دەکەوێتە تەشقەڵە کردن و دەڵێ ئەوە دەسحێبی منە و ماوەیەک لەمەوبەر لە ماڵەکەم دزراوە. جولەکە دەچێتە لای قازی و شکایەت دەکات و بۆ سەلماندی قسەکانی دوو شاهید لەگەڵ خۆی دەبا، کە ئەوانیش جولەکە بوون. جولەکەی زێڕینگەر بە چەشنی ساداتەکان مێزەری سەوز لەسەر شاهیدەکانی دەنێ. قازی باوەڕ بە قسەی ئەو دوو «سەیدە» دەکات و فەرمان دەدات دەستی کابرای هەژار ببڕن. دوای چەند ڕۆژ، دیسان کابرای هەژار تووشی هارون دەبێتەوە و داوای یارمەتی لێ دەکات. خەلیفە، کابرا دەناسێتەوە و لە بابەت ئەم دەست بڵاوییەی سەرکۆنەی دەکات و دەڵێ بە پارەی دەسحێبەکە دەتتوانی چەند ساڵ بەخۆشی و کامەرانی بژی، بەڵام کاتێک بەسەرهاتی کابرای هەژاری بیست لە ڕادە بەدەر تووڕە بوو. زێڕینگەر و دوو شاهیدەکان کوشت و



بەبێ ئەوەی کە لە فێڵی جولەکەی زێڕینگەر بگات فەرماندا سادات بکوژن. لەبەر ئەوە، سەید عیسا و سەید موسا ڕادەکەن و دەچن بۆ هەمەدان و تووشی ئەو بەسەرهاتە دەبن کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا.

مێژووی دامەزرانی بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە لە لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستاندا گرنگە و پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێ بکرێ.


بە پێی تۆرەمەنامە، ڕابردووی بنەماڵەی سەید موسا نادیارە و گشت ئەندامانی بەرزنجە کە ئێستا لە کوردستانی عێراق، تورکیا و سوریا یا هیندستان و جێی‌تر دەژین بە ڕواڵەت دەچنەوە سەر کەسێک بە ناوی «بابا ڕەسوڵ» کە بە بابا ڕەسوڵی گەورە دەناسرێ و نۆیەم نەوەی سەید عیسایە[٦]. بابا ڕەسوڵ هەژدە کوڕ و نۆ کچی هەبووە، بەڵام تەنیا شەش کوڕی خاوەنی کوڕ بوون. ئەم تۆرەمەنامەیەی لاپەڕەی دوایی کەسانی گرنگی سادات پێشان دەدات کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ.

دوای بابا ڕەسوڵ، کوڕەکەی بە ناوی سمایل لە گوندی بەرزنجە کە ناوەندیان بوو لە جێی دانیشت: خزم و جێگرەکانی سمایل ئێستاش لە گوندەکانی دەوروبەری بەرزنجەن. لق و پۆی ئەم بنەماڵەیە بە ناوی ئەو گوندانە دەناسرێن کە پێنج کوڕ و خزمە گرنگەکانی «تەکیە»یان تێدا ساز کردووە، وەک: «سەرگەڵوو»، «گلەزەردە»، «قازان قایە»، «دۆڵ پەمۆ»، «نۆدێ» و....

دەربارەی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی ئەو بنەماڵەیە، ساڵی ١٠٢٧ی کۆچی (٣-١٧٩٢ز) تایبەتمەندێکی گرنگی هەیە، چونکە لەو ساڵەدا بوو کە سوڵتان سەلیمی سێیەم ژمارەیەک موڵک و زەوی بۆ خزمەت بە مزگەوت بە سەید تەها نەوەی شێخ سمایل بەخشی. ئەگەر ساڵی ١٧٩٢ ساڵی بەدەستەڵات گەیشتنی سەید تەها بووبێ و لەو ساڵەدا ڕای سوڵتانی بۆ لای خۆ ڕاکێشا بێ، لەوانەیە ئەو لە دەوروبەری ساڵی ١٧٤٥ی زایینی لە دایک بووبێ.

مێژوویەکی‌تر کە بێگومان دەکرێ لەبەر چاو بگیرێ مێژووی ژیانی شێخ مارفی نۆدێی باپیرە گەورەی شێخ مەحمودە. ئەو کاتی دیداری ڕیچ لە سلێمانی لە ساڵی ١٨٢٠دا تازە

٦- ئەژدادی ناوەندیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتین لە: سەید عەبدول سەعید، سەید ڕەسوڵ، سەید قەلەندەر، سەید عەبدولسەعید، سەید عیسای ئەحدەب، سەید حوسێن، سەید بایز، سەید عەبدولکەریم «قوتبی ئەعزەم»






خەریک بووە پلە و پایەکی باڵا بۆ خۆی دەست بێنێ. بە گوێرەی نووسراوەی پێشەکی کتێبی «کوردی- عەرەبی» ئەحمەدی کە ساڵی ١٩٣٦ لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، شێخ ساڵی ١١٦٦ کۆچی (٣-١٧٥٢ز) لە دایک بووە و ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی (٧-١٨٣٦ز) کۆچی دوایی کردووە. بە گوێرەی نووسراوەی کتێبێکی‌تر بە ناوی «مناقب کاک ئەحمەدی شێخ» کە ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی بڵاوکرایەوە، کاک ئەحمەد کوڕی شێخ مارف ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی (٣-١٧٩٢ز) لە دایک بووە، واتە ئەوکاتەی، کە بابی چل ساڵی تەمەن بووە و ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی (٨-١٨٨٧ز) لە تەمەنی نەوەد و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

بەم جۆرە، سەید تەهای بەرزنجەیی و شێخ مارفی نۆدێی لە سەردەمێکی نزیک بە یەکتر ژیاون: سەید تەها چوارەمین و شێخ مارف پێنجەمین نەوەی بابا ڕەسوڵ بوون. لەم وڵاتانەدا، کە ژن هێنانی زۆر باو بووە، کوڕی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان زوو ژنیان هێناوە؛ بەڵام ڕادەی مردن و لە ناوچوونی منداڵیش زۆر بووە و پیاوەکانی تەمەن سەروو ژنی لاوی کەم تەمەنتر لە خۆیان مارە کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر ٣٠-٤٠ ساڵ بۆ بەرەبابێک لەبەر چاوبگرین کارێکی نادروستمان نەکردووە. من، تەمەنی دروستی ساداتی ئەم سەردەمەی بنەماڵەی نۆدێی نازانم، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی ساڵی ١٨٨٠ بۆ لە دایکبوونی شێخ مەحموود[٧] و ساڵی ١٩١٥ بۆ لە دایکبوونی کوڕی بابا عەلی زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە. بەم جۆرە بۆ نەوەکانی دوای شێخ مارفیش سنووری مامناوەنجی تەمەنەکان لە نێوان ٣٢-٣٣ ساڵ پێشان دەدا. بە لەبەر چاو گرتنی ٣٣ ساڵ سنووری مامناوەنجی بۆ زنجیرەی نۆدێیەکان و ٤٠ ساڵ بۆ زنجیرەی بەرزنجەکان لە دەوروبەری ساڵی ١٥٨٥ بۆ لە دایکبوونی بابا ڕەسوڵ نزیک دەبینەوە و بەم هەڵسەنگاندنە بەبێ مەترسی دەکرێ بڵێین سەرەتای سەدەی حەڤدە سەردەمی هەڵدان و گەشەکردن و ناو دەرکردنی بابا ڕەسوڵ بووە.

ئەگەر ئەو مزگەوتەی کە باسمان لێکرد لە ساڵی ١٢٥٨دا ساز کرابێ، دەکرێ دەوروبەری ساڵی ١٢٢٥ بە مێژووی لە دایکبوونی سەید عیسای نووربەخش بزانین، کە

---

٧- شیخ مەحموود لە ٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کرد. بڵاوکراوەکانی سلێمانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی ئەو، مێژووی لە دایکبوونیان ١٢٩٨ هیجری واتە ١-١٨٨٠ زایینی ڕاگەیاند.

ئەو مێژووە بە تەواوی ڕادەی مامناوەنجی تەمەنێکە (چل ساڵ) کە بۆ نۆ نەوەی دوای ئەو تا دەگاتە بابا ڕەسوڵ بە دەست دەدات.

لێرە تووشی کۆمەڵە دژوارییەک دەبین. تۆرەمەنامەی ئەو بنەماڵەیە بۆ ٤٨٠ ساڵ واتە لە سەید عیساوە تا ئیمام موسا، تەنیا باسی حەوت بەرە باب دەکات. ئیمام موسا لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٥ زایینی لە دایک بووە. هەرچەندە بابا تاهیر کەسایەتێکی ناودارە، بەڵام ئاگادارییەکی زۆر لە چۆنیەتی ژیان و بەسەرهاتی ئەو بە دەستەوە نییە. بەڵام، وەک «براون»[٨] دەڵێ کاتێک «توغرول بەگی سەلجوقی» لەنێوان ساڵی ١٠٦٠ و ١٠٥٥دا چووەتە هەمەدان، ئەو لاوێکی تازە پێگەیشتوو و بالغ بووە و لەو شارە ژیاوە. شەش نەوە لە ئیمام موساوە تا بابا تاهیر سنوورێکی مامناوەنجی و پەسەندە کە هێندێکجار کەمتر لە ٤٠ ساڵە؛ بەڵام ئەگەر بابا عەلی برای بابا تاهیر بووبێ، بەم جۆرە هێندێک پتر لە دوو سەد ساڵ واتە نزیک بە شەش بەرە باب لەگەڵ سەید عیسا مەودایان هەبووە.

شەرمەزاریی شێخەکانی زنجیرەی نۆدێی لە بنەماڵەی بەرزنجە بە ڕاکردنی مەولانا خالید لە ساڵی ١٨٢٠دا لە سلێمانی دەستی پێکرد. مەولانا خالید شێخێکی بەناوبانگی نەقشبەندییە و زۆربەی شێخەکانی ئەو تەریقەتە لە تەواوی جیهانی ئیسلامدا مێژووی ئایینیی خۆیان بەو دەبەستنەوە. ریچ لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە ڕادەی خۆشەویستی مەولانا خالید لەناو خەڵکدا و لەناو چوونی ئەو خۆشەویستییە بە دوای ڕاکردنیدا دەکات.

بیست و چواری ژوئەن: پیاوێکی مەزنی ئایینی لە سلێمانی دەژی. ناوی شێخ خالیدە، بەڵام کوردەکان جیا لە «حەزرەتی مەولانا» هەر ناوێکیتری بۆ بە کفر و حەرام دەزانن و قسەکانی وەک حەدیس دەگێڕنەوە. ئەو لە هۆزی جاف و دەروێشی نەقشبەندییە. شێخ خالید ئەم تەریقەتەی لە دێهلی لە سوفی بەناوبانگی سوڵتان عەبدوڵلا وەرگرتووە. دوازدە هەزار مریدی لە ناوچە و مەڵبەندە جیاوازەکانی عوسمانی و عەرەبستان هەیە. کوردەکان ئەو بە «ئەولیا» دەزانن و تەنانەت ژمارەیەکیش هاوسەنگ لەگەڵ پێغەمبەری هەڵدەسەنگێنن. عوسمان بەگ (برا چکۆلەکەی پاشا)، کە لەگەڵ پاشا و نزیک بە

٨- مێژووی ئەدەبیاتی ئێران. کمبریج ١٩٢٦، بەرگی دوو لاپەڕەکانی ١١٧-٢٦٠.



تەواوی پیاوە ماقووڵە و ناسراوەکانی کورد مرید و لایەنگری ئەوە، دەیگوت بەلانی کەمەوە مەولانا لەگەڵ پیاو چاکی ناسراوی موسوڵمانان واتە «شێخ عەبدولقادر»[٩] بەرامبەریی دەکات.

بیستەمی ئۆکتۆبەر: ئەمڕۆ بەیانی شێخ خالیدی گەورە ڕایکرد. ڕوون نییە بۆ چ جێیەک چووە.... ڕاکردنەکەی زۆر لە ناکاو و بە نهێنی ئەنجامی گرت. تا ماوەیەک لەمەوبەر کوردەکان ئەویان لە ڕیزی شێخ عەبدولقادر دادەنا و پاشا لە پێشی ڕادەوەستا و قەننەی بۆ هەڵدەبەست؛ بەڵام ئەمڕۆ دەڵێن کافر بووە و داستانی فیزو لەخۆبایی بوون و گاوربەتی لێ دەگێڕنەوە. بە مردنی کوڕی پاشا لە دوازدەی ئۆکتۆبەر لەبەر چاو کەوت: گوتبووی دەربارەی کوڕی پاشا وەحی بۆ نازڵ بووە و لە مەرگ ڕزگاری دەکات. هۆی ڕاکردنی، بە شێوەی جۆراوجۆر دەگێڕنەوە. ژمارەیەک دەڵێن لە نێوان پاشا و براکانیی ئاژاوەی گێڕاوە و براکانی پاشا ویستوویانە لەگەڵ پاشا ڕووبەڕووی کەنەوە. ژمارەیەکی دیکە دەڵێن خەیاڵی سازکردنی ئایینێکیتری لە مێشکدایە و دەیەوێ ڕێبەری دینی و حکوومەتی وڵات بێ.... گشت شێخ و زانایانی سادات کە شێخ مارفیان ڕێبەر بوو، چونکە شێخ خالید کاتی دەستەڵاتدارییەتیی ئەوانی بێدەستەڵات کردبوو، لێی تووڕە و بە قین بوون.

ئێستاش لە سلێمانی باسی چۆنیەتی ڕاکردنی مەولانا دەکەن. من تەنانەت بیستم، دەیانگوت هۆی ڕاکردنی دەگەڕێننەوە سەر سەرنەکەوتنی لە پێشاندانی مۆجزەدا. دوور نییە مەبەست لەو مۆجزەیە ڕزگارکردنی کوڕی پاشا لە مەرگ بووبێ، کە لە بەرامبەر شێخ مارفدا شکا و لە شەرمەزارییان بۆی دەرچووە.

شێخ مارف نووسەرێکی بە بەرهەم بوو. ئەو چەند کتێبی ئایینی نووسیوە، بەڵام جیا لە ڕووداوی ڕاکردنی شێخ خالید، بەگشتی لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبی «ئەحمەدی»[١٠]دا باسی دەکەن، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. ئەو کتێبە لە «عەرەبی بەبێ فرمێسکی چاو دەچێ، واتە بە عەرەبیی سادە نووسراوە.» نوسەر لە پێشەکی ئەو کتێبەدا، دوای دوعا و سڵاوات دەربارەی چۆنیەتی نووسینەکەی دەڵێ: «ئەم پەرتووکەی کە بە کوردیم نووسیوە، لەبەر ئەوە بە عەرەبیم شی کردۆتەوە، کە کوڕەکەم ئەحمەد بتوانێ بەبێ ڕەنج و دژواریی وشەکانی لێک بکاتەوە و هەر لەبەر ئەوەش ناوی ئەحمەدییم لێ ناوە». ئەم وتەیەی

٩- شێخ عەبدولقادری گەیلانی «غەوسی ئەعزەم» وەرگێڕ ف.

١٠- ئەم کتێبە دوو جار لە چاپخانەکانی شاری ڕەواندز ١٩٢٦و سلێمانی ١٩٣٦ چاپ کراوە.

نووسەر کە دەڵێ هەم ناوی کتێب و هەم لە دایکبوونی کوڕەکەی مۆجزە بووە بە دڵ ناچەسپێ، چونکە کتێبەکەی سێ ساڵ بەرلە لە دایکبوونی کوڕەکەی نووسراوە. واتە ئەو کاتەی دایک و باوک (بەچەشنی ئیبراهیم و سارا) لە تەمەنێکدا نەبوون کە چاوەڕوانی منداڵ بکەن. هەروەک گوتم هەڵسەنگاندنی مێژووی لە دایکبوونی باب و کوڕ پێشان دەدن، تەمەنی باب **٣٩ - ٤٠** ساڵ بووە.

شێخ مارف لە تەمەنی **٦٨** ساڵیدا بێگومان لە هەلومەرجێکی دەرەجە دووەمدا بووە و ڕادەی ئەم تەمەنە پتر لەوە بووە کە خاوەنەکەی بتوانێ ئەو عەبایە لەبەر بکات، کە هاوتا سەرەکییەکەی لە گوڕەپاندا بەجێی هیشتبوو. ئەنجامی ئەم ئەرکە بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی مایەوە. ئەو توانی ئەم ڕێزە زیادە لە ڕادەیەی کە کوردەکان بە شێوەی ئاسایی لە پیاوچاکانی دەگرن بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ناوبانگی بە تێپەڕبوونی زەمان یا بەهۆی ڕەفتار و کردەوەی نالەباریی ژمارەیەک لە مریدەکانی لە ناو نەچوو[11]. مناقبی کاک ئەحمەد کە بە کوردی بڵاوکرایەوە، **حاجی توفیقی ناسراو بە پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠)** پێشەکی بۆ نووسیوە. نووسەری پێشەکی نووس بۆ سەلماندنی ئاوازەی جیهانی نووسەر دەڵێ: «راجەیەکی هیندستانی» تووشی هەڵە ببوو، کاک ئەحمەد نامەیەکی بۆ «مەلەکە ویکتۆریا» نووسی و مەلەکە نەک هەر ڕاجەی بەخشی بەڵکو وەڵامی نامەی شێخیشی دایەوە. پێشەکی نووس، هەشتا لاپەڕەی بۆ نووسینی ژیاننامە و کۆمەڵە داستانێک تەرخان کردووە، کە عەزیزی عوسمان ئاغای ناسراو بە خواجە ئەفەندی قوتابی و یاریدەدەر و چاودێری ئابووریی شێخ بۆی گێراوەتەوە. ژیاننامەکە بە زمانی فارسی و لە سەر شێوازی نووسینی ژیاننامەی پیاوچاکە مەزنەکان ئامادە کراوە.

لە ئەسڵدا، بەڕای ژمارەیەک مۆجزە کردن ئەرکی پێویست و کاری شێخ نییە، بەڵام ڕێزگرتن لە شێخەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی سەرکەوتنی ئەو شێخانە لە ئەنجامی کاری «کەرامات» کردندا، کە بتوانێ لێهاتوویی ئەوان بسەلمێنێ. جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەگەر گرنگترین شێوەی لێهاتوویی لە کوردستاندا دڵنیایی دان بە خەڵک بە ڕێگای نووسینی نوشتەی گوللەبەند دژی گوللەی تفەنگ بێ. خاوەنی ئەو گوللەبەندە، نوشتەکە لە قوماشێکی ڕەنگ جوان دەخات و لە باسکی خۆی دەبەستێ یا بە لیباسەکەیەوە دەدروێ. لە کتێبی(**مناقب**)دا شوێنێکی بەرچاو بۆ ئەم مەبەستە دانراوە:

١١- پاش ناوی بنەماڵە، حەفید زادەیە.



شێخ مارف بەر لە مردنی وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کردبوو، کە بچێ ماڵی خودا زیارەت بکات و لەوێ چاوەڕوانی پیاوچاکێک بێ کە نووسراوەی ئەسڵیی دەربارەی ئاگاداربوون لە بایەخی پیت و واتای ژمارە و کارتێکەریی و هەست پێکردنی (خواص) هێندێک بەشی قورئانی کەریمەی لایە. کاک ئەحمەد بەپێی وەسیەتی بابی سێ ساڵ لە مەککە مایەوە تا سەرەنجام خوای مەزن ئەو پیاوچاکەی لە «مەراکش»وە ناردە لای. نووسراوەکەی وەرگرت و بەر لەوەی کە نوشتە بۆ خەڵک بنوسێ، ئەو ڕووداوەی خوارەوەی لەسەر خۆی تاقی کردەوە:

کچێک، کە ئەرکی دابەشکردنی چێشتی ڕۆژانەی فەقێیەکانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لە ئەستۆ بوو، عاشقی ڕوخساری جوان و دەنگی خۆشی یەکێک لە فەقێکان دەبێ و هەوڵ دەدا بە چەشنی ژنی «بوتیفار»[12] فەقێ فریو بدات. هەرکە بەکامی دڵ دەگات، یووسفی لاو تاوانبار دەکات و دەڵێ داوێنی پیس کردووە. ڕواڵەتی کارەکە جێی شکوگومان نەبوو و پاشای بابان هەوڵی کاک ئەحمەد کە ئاگای لە چۆنیەتی ڕووداوەکە بووە، بۆ کەمکردنەوەی حوکمی پەسەندکراو دەربارەی ئەو لاوە لەبەر چاو ناگرێ. کاتێک چاودێرەکان فەقێ بە دەست و چاوی بەستراو دەبەنە بناری گردێکی قەراخ شار گوللەبارانی بکەن، کاک ئەحمەد بەپەلە خۆ دەگەیەنێتەوە ماڵ و عەباکەی بابی دەخاتە سەر شانی خۆی و «گوللەبەندەکەی» لە باسکی خۆی دەبەستێ و بە غار دەگەڕێتەوە. کاتی گەیشتنەوە تەنیا ئەوەندەی بۆ دەمێنێ کە فەقێ بکێشێتە ژێر عەباکەی. تفەنگچییەکان پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان ترازاند. هەر دوو بەسەر یەکدا کەوتن و ناڵە و ماتەم تەواوی شاری داگرت و کچە بە پەلە دەچێتەوە لای پاشا و ڕاستیی مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە. پاشا کە بە تەواوی ترس هەڵیدەگرێ، بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە شوێنی کارەساتەکە. دروست لەو کاتەدا دەگاتێ کە کاک ئەحمەد و لاوەکە بە سلامەت لە زەوی هەڵدەستنەوە. بەم جۆرە ئاوازەی شێخ بەرز بۆوە. نامیق پاشا چۆنیەتی ڕووداوەکەی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید نووسی و سوڵتان کاک ئەحمەدی بۆ ئەستەمبووڵ بانگهێشت کرد. کاک ئەحمەد داوای لێبواردنی لێکرد و لە جیاتی چوونی بۆ ئەستەمبووڵ، «گوللەبەندێک» و نامەیەکی بۆ نارد کە شێوەی کەڵک لێ وەرگرتنی تێدا نووسرابوو. ڕاسپاردەی کاک ئەحمەد زۆر بە ڕێزەوە وەرگیرا، بەڵام چونکە تاقمێک لە کارگێڕانی نزیکی سوڵتان ڕایان

١٢- ئاماژەیە بە داستانی یووسف و زولەیخا. زولەیخا ژنی بوتیفار بوو. وەرگێڕی ف.

لەگەڵ تەریقەتی قادری باش نەبوو، داوایان لە سوڵتان کرد «دوعا»کە سەرەتا لە سەر گایەک تاقی بکەنەوە. بە ویستی خودا، گوللەکان نەیانتوانی زەفەر بە گایەکە بەرن؛ بەڵام هەرکە سوڵتان گەڕایەوە ژوورەکەی، کە بێگانە مافی چوونی بۆ ئەو بەشەی کۆشک نەبوو، نامەیەکی کاک ئەحمەدی لەسەر مێزەکەی دی: نامەکە، لەم بابەتەوە ڕەخنەی لە سوڵتان گرتبوو، کە ڕێنوێنییەکانی لەبەر چاو نەگرتووە و بۆ مەبەستێکی پوچ و بێ واتا کەڵکی لە نوشتەکەی وەرگرتووە. ئەو نامەیە لە مۆجزە دەچوو و هەرچەشنە شکوگومانی سڕییەوە، کە لە بابەت گەورەیی ئەو پیاوچاکە لە مێشکی سوڵتاندا هەبوو. سوڵتان لە جیاتی ئەم درەنگ باوەڕکردنەی داهاتی پێنج گوندی ناوچەی شارباژێڕی بە شێخ بەخشی: ئەم پێنج گوندانە بریتی بوون لە: نۆدێ، «بزەینیان»، «عازەبان»، «خەراجیان» و «وێڵەدار». پێشەکی نووسی مناقبی کاک ئەحمەد لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ «گوللەبەندی» کاک ئەحمەد بەلانی کەمەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی لە مەرگ ڕزگار کرد:

ڕۆژێک ئەرمەنییەکان بۆمبایەکیان لەژێر بەردێکی پێش مزگەوتی حەمیدیە دانابوو. سوڵتان هەمیشە کە سواری گالیسکە دەبوو پێی لەسەر ئەو بەردە دادەنا. ئەرمەنییەکان، بۆمبەکەیان بە شێوەیەک ئامادە کردبوو، کە ئەگەر سوڵتان پێ بخاتە سەر بەردەکە بتەقێتەوە. بۆمبەکە تەقییەوە و حەفتا هەشتا گالیسکە و نزیکەی سەد دووسەد کەس کوژران، بەڵام خوێن لە لوتی ئەسپەکانی گالیسکەی سوڵتان نەهات. حەمید (کە ئەوەی بینی) هاواری کرد و گوتی «من گوللەبەندی کاک ئەحمەدم بە باسکەوەیە، بۆمب چۆن دەتوانێ کارم لێ بکات؟» (١٣).

ئەو مۆجزانەی کە لە مناقبدا نووسراون بەگشتی نموونەیەکی ئاساییں: تۆڵە (هەروەک لە ڕووداوی مەلای ئایین جەعفەری ئێرانیدا دەبینن، ئەو دوای مەرگی شێخ مارف لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی ئەودا پرسیارێکی لەمەڕ چۆنیەتی سزادانی دوای مەرگ لە کاک ئەحمەد کرد، کە پێی گوترا ئەو بۆخۆی بەر لە بەیانی بۆی ڕون دەبێتەوە). ئاشکرا بوون لە مریدەکان لە کاتی ترس و پەژارە و نارەحەتیدا؛ شاردراوە بینی وەک دۆزینەوەی ئەمە کە بەمێشکی خانەخوێدا دێ کە بۆ ڕاگرتنی میوان پارە وەرناگرێ یا ئاژەڵێک کە بە شێوەی

١٣- ئەم ڕووداوە دەبێ ئەو پەلاماردانە بێ کە لە دابوڕەسمی ڕۆژی هەینی ٢١ی ژوئینی ١٩٠٥ بۆ سەر گیانی عەبدولحەمید کرا. بڕوانە کتێبی «تورکیا: دینی ئەمڕۆ، سبەینێ»، نووسینی ئا. ت. و. لەندەن ١٩٣٠، لاپەڕەکانی ١٠٥و ٤١.



شەرعی سەری نەبڕا بێ؛ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکانی داهاتوو؛ **دروست کردنی** سکەی زێڕ بە شێوەی ئاسایی بۆ ئەو لێپرسراوانەی ئابووری کە توانای دانی خەرجی ئاغا و تەخشان پەخشان کردنەکانی ئەویان نییە و نازانن ئەو خەرجانە لە چ ڕێگایەکەوە دابین بکەن. زۆربەی ئەم داستانانە خۆش و سەرنج ڕاکێشن، بەڵام بەهۆی تەنگیی جێگا و نەبوونی کات تەنیا یەک دانەیان دەگێڕمەوە کە ئەنجامەکەی دەگەڕێتەوە سەر ڕووداوێک کە لە فەسڵەکانی پێشوودا نووسیومە. ئەو داستانە بۆ خۆی نموونەی شێوە بیرکردنەوەیەکی ساویلکانەیە، کە پێشاندەدات هەموو کوردێک دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوەبێ کە شێخەکەی لە کاتی لێقەوماندا بە فریای بێ و یارمەتی پێ بکات.

هۆزی هەمەوەند، کە زۆر ئازا و دلێر بوو، بەتەواوی ئێران و عوسمانیی لە مەترس هاویشتبوو. سەرئەنجام، حکوومەت ئەندامانی ئەو هۆزەی بە فێڵ کێشایە سلێمانی و بە تێکڕایی بە ژن، مندال، گەورە، بچوک و خزمەتکارەوە دەری کردن. ژمارەیەکی لێ ناردن بۆ دوورگەی «ڕودس»(١٤) و بەشێکیشی بۆ «ترابلس» لە ئەفریقا گواستەوە و ئەوانیتری ڕەوانەی جێیەکیتر کرد. دوای چەند ساڵ هەموویان لە تەبعید هەڵاتن. ئەوانەی کە لە ترابلس ڕایانکردبوو، هێزێکی عەرەب بەشوێنیانەوە بوو و لە ڕێگادا شەڕیان لەگەڵ کردبوون. ئێوارەی ڕۆژێک دەگەنە ڕوباری فوڕات و دەیانەوێ لە ڕوبارەکە بپەڕنەوە، بەڵام هیچ لۆتکە و لۆتکەوانێک نابینن و دوژمن بەپەلە لێیان نزیک دەبێتەوە. لەم کاتە ناسک و قەیرانییەدا دەنگی کاک ئەحمەد دەبیسن، کە دەڵێ: «بەشوێنمدا وەرن». بە دوای دەنگەکەدا دەچن و دەبینن لۆتکەیەک لە قەراخ ئاوەکە بەستراوەتەوە. گرووپ گرووپ لە ڕوبار دەپەڕنەوە. کاتێک دوژمن دەگاتە فوڕات دەبینێ لۆتکەکە لەوبەری ئاوەکەیە و بە بەپەرۆشەوە دەگەڕێتەوە. هەمەوەندەکان بەگەورە و بچوکەوە ئەم داستانە دەگێڕنەوە.

مەولانا خالید لە مێژووی تەریقەتی دەروێشیدا کەسایەتێکی گرنگە و ئەوبوو کە بۆ یەکەم جار تەریقەتی نەقشبەندی لە باشووری کوردستان بڵاوکردەوە و سەر بە هۆزی جاف و عەشیرەتی مکایلیی بوو. ساڵی ١٧٧٩ لە گوندی قەرەداغ لە دایک بووە. دوای خوێندنی سەرەتایی لای باوکی و مامۆستاکانی جیاواز لە سنە، سلێمانی، بەغدا و جێیتر، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا چووەتە زیارەتی ماڵی خودا. لە مەککەوە چوو بۆ هیندستان و بەمجۆرەی کە ڕیچ دەڵێ خوێندنی خۆی لە لای «شا عەبدوڵڵای دێهلەوی»

14- Rhodes

درێژە پێدا. ئەو ماموستایە بوو کە مەولانا خالیدی کێشایە ناو تەریقەت و ئیزنی پێدا کە تەریقەت بە خەڵک بدات. ئەو دوای گەڕانەوەی ماوەیەک لە سنە مایەوە و مامۆستاکەی پێشووی خۆی خستە ناو تەریقەت و دوای گەڕانەوەشی بۆ عێراق، کە ڕەنگە ساڵی ١٨٠٨ بێ، ماوەیەک لە سلێمانی و هێندێکجاریش لە بەغدا ژیا و لە پلەی شێخێک لە ناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا زۆری ڕێز لێ گیراوە.

مەولانا دوای ڕووداوی ساڵی ١٨٢٠ نەگەڕایەوە سلێمانی، بەڵام مریدەکانی هەرگیز باسی شکانی ئەویان لە بەرامبەر قادرییەکاندا نەکرد، یەکێک لە مریدەکانی نەقشبەندی بە ڕاشکاوی پێی گوتم: «دەبێ بزانی ڕووداوەکە بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەوە بووە. شێخ مارف دوژمنی شێخ مەولانا خالید بوو. ئەو دوو قوتابی هەبوو، یەکێک لەوان کاک ئەحمەدی کوڕی بووە و ئەویتریان شێخ «عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی»[(١٥)] بوو. شێخ مارف ڕۆژێک بە قوتابییەکانی دەڵێ بچن ئەو پیاوچاکە مەزنە بکوژن. قوتابییەکانی چوون، بەڵام هەرکە لە شێخ نزیک بوونەوە لاقیان لە کار کەوت و کاتێک چاک بوونەوە، کە بڕیاری گەڕانەوەیاندا. ئەوان گشت ئەو دوعایانەیان خوێند کە شێخەکەیان فێری کردبوون، بەڵام چارەی نەکردن و گەڕانەوە تا شکانی مەئمووریەتەکەیان ڕابگەیەنن. شێخ مارف بۆ جاری دووەم ئەوانی ناردەوە، بەڵام ئەم جارەش بەشێوەی کاتی کوێر بوون. بەو ئاکامە گەیشتن کە بە ڕێگای زیارەت و دۆستایەتییەوە لێی نزیک بنەوە. کاتێک بەم جۆرە چوونە لای، کاک ئەحمەد پیاوێکی تەواو سپی پۆشی لە تارمایی ژوورەکەدا بینی. دەمانچەکەی هەڵکێشا کە لێی بدات؛ بەڵام دەستی لە کار کەوت. سەرەنجام ئەو دوو ڕاسپاردەیە خۆیان خستە ژێرپێی کەسێک و لاقیان ماچ کرد کە دەبوایە بیکوژن و داوایان لێکرد ئیزنیان بدات بچنە ناو تەریقەتی نەقشبەندی. مەولانا داوای ئەوانی بەجێ گەیاند، بەڵام چونکە شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە خەودا پێی ڕاگەیاندبوو کە پاشەڕۆژی لە سوریە دەستەبەر دەکرێ، بەم پێیە بڕیاری ڕۆیشتنی دا[(١٦)]. بەگشتی ناوەڕۆکی ڕووداوەکە بەهەر

١٥- بڕوانە فەسڵی ١٨.

١٦- لەم گوتنەدا شتێکی دژ بە یەکتر بەرچاو ناکەوێ. ئەو ڕێزەی کە لە پیاوچاکێکی وەک شێخ عەبدولقادر دەگیرێ تەنیا و تایبەت بە ئەندامانی ئەم تەریقەتە نییە. کەسی وا هەیە دوو تەریقەت وەردەگرێ. نووسەری کتێبی مناقبی کاک ئەحمەد دەڵێ لە دوارۆژەکانی عومریدا باشترین پەیوەندی لەگەڵ جێنشینی باڵای شێخ خالید واتە شێخ عوسمانی بیارە هەبووە و پێکەوە تەریقەتیان گۆڕیوەتەوە.



شێوەیەک بووبێ، ئەوە نەبوو کە شوێن بخاتە سەر لایەنگرانی لە سلێمانی و پلە و پایەی ئەو لە مەترسی هاوێژێ. سەرەنجام ئەستێرەی بەختی سەرەتا لە بەغدا و دوایی تا ساڵی ١٨٢٦ کە ٤٧ ساڵی تەمەن بوو لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم، گرنگترین شێخی نەقشبەندی سێ کەس بوون: سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووک، شێخ حسامەدین و شێخ عەلائەدین لە هەورامان. لە یەکێک لە فەسڵەکانی داهاتوودا، ئاماژە بەو سێ کەسە دەکەم. سەید ئەحمەد لە زنجیرەی «سەرگەڵوو»ی بەرزنجە بوو؛ ناوی لە لای چەپی تۆرەمەنامەی ئەو بنەماڵەیە نووسراوە. دوو کەسەکانیتر، شێخ «بەرماڵ» و نەوەی شێخ عوسمانی سیراجەدین و یەکێک لە «ئاغاکانی» گوندی تەوێڵە[(١٧)] بوون. تەوێڵە گوندێکی هێندێک گەورەیە، کە کاروباری ئیداریی ناحیەی تێدا هەڵدەسووڕا. دەستەڵاتی ئەم بنەماڵەیە ڕەنگە لە ئێران پتر بێ تا عێراق.

زنجیرەیەکی گرنگیتری سادات، کە زۆربەیان لە ئێران و لە نزیک هەڵەبجە دەژین، دەڵێن لە بنەچەی شێخێک بە ناوی «پیر خدر»ی شاهۆن. دەڵێن ئەو شێخە لە هەر شوێنێک دادەنیشت سەوزە و گوڵی لە دەور شین دەبوو، تەنانەت ئەگەر چلەی زستانیش بایە. جارێک بیستم گوتیان ناوی ئەسڵیی ئەو «شەهابەدین» بوو و قەبرەکەی لە سەر چیای «بەمۆ» لە سەر سنووری ئێران و عێراقە. مریدەکانی دەڵێن کاتێک شا عەباس (١٦٢٩- ١٥٨٧ز) هاتە ئەو ناوچەیە شانازیی بەوە دەکرد کە کچەکەی لە شێخ مارە بکات. مێژووی ژیانی دەگەڕێتەوە سەر ٢٥ ساڵەی یەکەمی سەدەی هەڤدە؛ واتە سەردەمی بابا ڕەسوڵی بەرزنجە. لە باشووری کوردستان، بنەماڵەی ساداتیتریش هەن، وەک شێخەکانی «گۆل» و «نەعیم»، کە لە قەراخ ناوچە عەرەب نشینەکان دەژین. ئەوانە لە باری سیاسییەوە زۆر گرنگ نین. نەخشی «شێخ بەرماڵ»ەکانی تاڵەبانی پتر نەخشێکی عەشیرەتییە تا ئایینی و بە ڕای من باشتر ئەوەیە کە باسی ئەو شێخانە بۆ فەسڵێک ڕابگرم کە باسەکە دەگەڕێتەوە سەر وەزعی ئیداری و عەشیرەتی پارێزگای کەرکووک.

١٧- ئەو تۆرەمەنامەیەی کە قادر ئاغای «تەوێڵە» پێی داوم تەنیا ئەندامە گرنگەکانی بنەماڵە پێشان دەدا.






## ٧- ژیان لە سلێمانی

لە سەردەمی حکومەتی تورکدا، پارێزگای سلێمانی لەم پێنج قەزایانەی خوارەوە پێکهاتبوو: لە ڕۆژئاوا، چەمچەماڵ (کە پێشتر ئامـــاژەم بۆ کرد)؛ لە باشووری ڕۆژهەڵات، هەڵەبجە؛ قەزای ناوەندیی، لـــە ناوەند و باشوور؛ شارباژێڕ لە باکوری ڕۆژهەڵات، «پشدەر» یا (معمورة الحمید) لە دوا خاڵەکانی باکور. لە نێوان قەزاکانی هەولێردا کە ساڵی ١٩١٨ ببوون بە بەشێک لە ناوچەی ژێردەستەڵاتی شێخ مەحموود، دوای ساڵی ١٩١٩ تەنیا ڕانیە لە ڕۆژئاوای پشدەر لەگەڵ پارێزگای سلێمانی مایەوە. بەرپرسایەتی هەرکـــام لەم قەزایانە جیا لـــە پشدەر بەجێگرێکی حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو. پشدەر لەژێر چاودێریی گشتیی جێگری حاکمی سیاسی ڕانیەدا بوو و قایمقامێک بەسەری ڕادەگەیشت: بابەکرئاغا سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر قایمقامی پشدەر بوو. ئەو پیاوێکی زۆر لێهاتوو و لێوەشاوە بوو، لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

نفووسی ئاسایی سلێمانی ١٠،٠٠٠ کەس بوو. لەم ژمارەیە، ٩٠٠٠یان کوردی موسوڵمان، ٧٥٠ کەس جولەکە و ١٢٠ کەسیشی کلدانی (مەسیحی) بوون(١). شار دابەش کرا بوو بەسەر حەوت «گەڕەک»دا: «گۆیژە»، «مەڵکەندی»، «کانی ئاسکان»، «دەرگەزێن»، «سەرشەقام»، «چوارباخ»و «جولەکان». گەڕەکی دەرگەزێن لەو بابەتەیەوە سەرنج ڕاکێشە کە بەگوێرەی وتـەی خەڵـکی ناوچە لە لایەن شەش بنەماڵەی سوننەوە سازکراوە کـە لە گەڕەکێکی بەم ناوە لـــە هەمەدان لەبەر دەرد و ئازاری شیعەکانی ئەو گەڕەکە ڕایانکردبوو.

بەرلە دەست پێکردنی شەڕ، سلێمانی بەهۆی ئەو تفەنگانەوە ناوبانگی دەرکرد بوو، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەردوولای سنوری نێوان ئێران و عێراقی پێ چەکدار ببوون. مارکس سایکس (١٩٠٢) دەڵێ کاتی دیدارم لە سلێمانی بەلانی کەمەوە سەدوپەنجا تفەنگ ساز لەم شارەدا بە لاسایی کردنەوە لە تفەنگی «مارتینی- پیبادی»(٢) تفەنگی زۆر باشیان ساز دەکرد. دوای ئەوەی کە ئێمە دەستمان بە سەر ئەم شارەدا گرت پیشەی تفەنگسازیی بەرەبەرە لەناو چوو، بەڵام تا ماوەیەک بەجێی بەردی تەرازوو کەڵکیان لە

---

١- ئەم ئامارە بەگوێرەی ژمـاردنێکە کە ساڵی ١٩٢٥ شارەوانی بەڕێوەی برد، ئەو کاتەی کە نفووسی دانیشتووانی شار دوای ئاڵۆزییەکانی ساڵی ١٩١٩-١٩١٨ شێوەی ئاسایی بەخۆ گرتەوە.

2- Martini-Peabody

فیشەکەکانیان وەردەگرت. بازرگانە گەورەکان پتر خەریکی سەودا و مامەڵەی فەرش و توتن بوون و چەرچییە دەست کورتەکانیش هەم لەگەڵ بەغدا، کەرکووک و مووسڵ و هەم لەگەڵ بانە، سەقز و سنە سەودا و مامەڵەیان هەبوو.

هیچ کام لە نووسەرە ئینگلیزەکان، کە من ناوم بردوون نووسراوێکی سەرنج ڕاکێشیان دەربارەی دیمەنی شاری سلێمانی نییە و ئەم نووسراوانەش کە من لە دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەمدا نووسیومن شتێکی بەرچاوتریان تێدا نییە: شوێنێکی زۆر خۆش و دڵگیرە، هەموو جێیەکی وێرانە و بە گشتی شتێکی پتر لە کۆمایەک خانووی بە قوڕ سازکراو نییە... هەستی گشتیی من لەم شارە ئەوەیە کە زەوییەکی پان و بەرینە، هێندێکجار دیوارێکی ڕووخاو پێشی دەگرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک خانووی ڕووخاوی وێران بوو کە تا سەر چۆک گیا لە سەر بانەکانیان شین بووە... بەگشتی تەنیا بینایەک کە بە ڕواڵەت وەزعێکی باشی هەیە مزگەوتی کاک ئەحمەدە، کە لە بەشی ڕۆژئاوا و نزیک ڕێگای هاتنە ناو سلێمانی هەڵکەوتووە: «منارەی جوانی بە نەخشی گەش و درەوشێنەری کاشی سەوز و سپی ڕازاوەتەوە، هەر بەمجۆرە گومەزی مزگەوتەکە و شێوەی ڕازاندنەوەی زۆر جوانە». بەڵام، هەروەک لە دواییدا بۆم دەرکەوت ئەو دیتنانە بەگشتیی ڕاست نەبوون: لە پشت قەڵشی ئەو دیوارە قوڕانەدا دیواری خشتی سوور سەرنجی مرۆڤیان بۆلای خۆیان ڕادەکێشا کە بە شێوەی ئێرانی ساز کرابوون، لەگەڵ باخچە و بێستانی دڵگوشا و داربەست و ئاوی خوڕێن و حەوزی جوان کە کاشی فیروزەییان تێگرتبوون.

جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەگەر سلێمانی لەو سەردەمەدا دیمەن و ڕواڵەتێکی توک لێکراوی ئازار دیوی هەبوو. لە دوا ساڵی شەڕدا هەموو کارەکانی ئەم شارە بەتەواوی ڕاوەستابوون، وەرزێڕەکان زەوییەکانیان بەجێهێشتبوو. گوشار و چەوساندنەوەی تورکان لە ڕادە تێپەڕیبوو و برسییەتی ژمارەیەک خەڵک و ئاژەڵی قڕ کردبوو. ساڵی ١٩١٨ کاتێک نوێل هاتە سلێمانی هێشتا تەرمی خەڵک لە ناو کۆڵان و خانووە وێران بووەکاندا دەبینرا و دیبوویان خەڵک لە برسان یەکتریان خوارد بوو. شار چۆڵ کرابوو و کەمتر لە یەک لە سێی دانیشتووانی شار مابوونەوە. هەر بەمجۆرەش مەزندە دەکرا دوو لە سێی خەڵکی گوندەکانیش مرد بن یا ئاوارە بووبن. یەکەم ئەرکی نوێل ئەوە بوو کە بۆ برسی و ڕووتەکان خۆراک و جلوبەرگ و بۆ وەرزێڕەکان تۆی چاندن و ئامرازی کشتوکاڵ دابین بکات. ئەم یارمەتییە مرۆڤ دۆستانەیە هەرگیز لەبیر نەکرا و ساڵانی دوایی زۆر جار باسیان لێ دەکرد و ئەم ڕەوشتە حەق ناسییە قەت بە ڕادەی ئەو هەست و



خۆشەویستییە نەبوو کە لە دوا دیدارم لەو مەڵبەندە، دوای تێپەڕ بوونی **٢٧** ساڵ لێی دوان.

کار بۆ خاوێن کردنەوەی شار لەبەر ئاژاوە و سەربزێویی بە ناچار پەکی کەوت و تا ماوەیەک دوای ئازادکردنی شاریش ئەنجامی نەگرت و ئێمە لەنێو زبڵ و پیسیدا دەژیاین. بارەگای فەرماندەی گشتی لە شوێنی پێشووی ئیدارەی سیاسی بوو، کە لە ئەسڵدا ئەو جێیە خوێندنگەیەکی ناوەندی بوو، کە خەڵکەکە بۆ خۆیان سازیان کردبوو و هەمیشە بۆ چۆڵکردنی گوشاریان بۆ دێنایین. باشگا و ئیدارەی سیاسیی لە «دپۆ»دا بوو. هەروەک پێشتر گوتم ئەو جێیە کاتی شۆڕش بەندیخانەی مەئموور و کاربەدەستە ئینگلیزەکان بوو. «دپۆ» خانووبەرەیەکی تۆز و خۆڵگرتوو بوو، کە بە چەشنی کاروانسەراکانی ئێرانی زنجیرە ژوورێکی بچوک دەوریان تەنیبوو. ئێمە لەگەڵ کوردە خزمەتکارەکان، نەخشە کێشە هیندییەکان، چاودێرەکان، مەیتەرەکان، عەمبارداەکان و ژمارەیەکی تر کە ئەرکی تایبەتیان نەبوو، لەم جێیە دەژیاین و کارمان دەکرد. کەلوپەلی ژوورەکەی من بریتی بوون لە: تەختێکی نوستنی سەفەریی و سەتڵێکی برزێنتی کە لەناو ژوورەکە کەوتبوو. شەوقی فانوسەکەم (لەنتەر) بە ڕادەیەک لاواز بوو، کە نووسین و خوێندنەوەی لەبەر دژوار بوو. ڕۆژانە مێش و شەوانەش تەپۆ و مێشوولە ئازاریان دەداین و من هەرگیز لە تەواوی ماوەی خزمەتمدا ئەو دوو شەو و ڕۆژە لەبیر ناکەم کە بەهۆی نەخۆشی «گرانەتا» لەسەر هەیوانی سەر ئاوەڵەی «دپۆ» لە جێدا کەوتبووم. ئەم نەخۆشییە بە ژانە سەری توند و تای زۆر بەرز خۆیپێشان دەدا. لە حاڵێکدا لەگەڵ تا و لەرز و ژانەسەری توند دەستەویەخە بووم «ڕەشەبا»ی کوردستان مەلافە و باڵنجەکەمی بە وردە کا و تۆز و خۆڵ دادەپۆشی، کە تایبەتمەندیی تەویلەکانی ڕۆژهەڵاتن و دەم و چاو و گوێچکەکانیشمی بەو شتانە دەئاخنی.

«ڕەشەبا» لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دێ و یەکێک لەو تایبەتمەندیانەیە کە دەبێ لە هەڵسەنگاندنی کەش و هەوای ئەم هەرێمەدا لەبەر چاو بگیرێ. لە هاویندا وەک هەوای شەرقی (شەرجی) میسر یا بەشی خوارووی عێراق گەرم و داهێزێنەرە و زستانیش لە ڕادە بەدەر سارد و بە ئازارە. هەرکام لە جیهانگەڕەکان بە شێوەیەک ئەو دیاردەیە هەڵدەسەنگێنن. تاقیکردنەوەی من لەم بارەیەدا ئەوەیە، کاتی هاتنی ڕەشەبا جێی هەرە ناخۆش ژێر تەپۆلکە درێژەکان لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ناوچەکەن. ئەو بایەی لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دێ، بە توندی لە لوتکەی تەپۆلکەکە دەکەوێ و بە بنارەکەیدا شۆڕ

دەبێتەوە و ماوەیەک بە ناو شیوەکەدا دەچێتەپێش. ئەمە بە تەواوی لە سلێمانی و کۆیە دەبینرێ. زۆر جار کە لە سەربان دەنوستم، با لێفەکەمی دەبرد، کاتێک بۆ هێنانەوەی دەچووم، تەختەکەشمی وەک دەنکە شقارتەیەک هەڵدەگرت و دەیهاویشتە ناو حەوشە. هەرچەندە هەوای ژووری گەرم و خەفەیە، بەڵام کاتی هاتنی ڕەشەبا باشترە مرۆڤ لە ژووری بنووێ.

دوو هەفتەی یەکەمی پاش گرتنەوەی سلێمانی، کاتی من پتر لە مەحکەمە و لێپرسینەوەی سەربازیدا تێپەڕی، کە لە هۆی سەرهەڵدانی سەربزێویی دەکۆڵییەوە. لەبیرم نییە بە چ ئاکامێک گەیشتین؛ بەڵام ئەوەم لەبیرە، کە جیا لە ئازار دیتنمان لە بابەت فەوتانی کات، هەوا زۆر گەرم و خراپ بوو و ئێمە لە سەعات شەش و نیوی بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە دادەنیشتین و بە چەند پشوودانێکی کورتی لای نیوەڕۆ، بە کاری دادگا تێدەپەڕی. سەرۆکی دادگا سەری لەناو دەستەکانی دەنا و لاقی بە مێزەکەیەوە دەنوساندو خەوی لێ دەکەوت و منیش بەزمانی فارسی لە شاهیدەکانم پرسیار دەکرد و وەڵامەکانم بۆ سەرهەنگ «ب» وەردەگێڕا و ئەویش پیت بە پیت یاداشتی دەکردن.

یەکێک لە کارەکانی ئێمە دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی «هەنگ» لە خەڵکی ناوچە و ڕێکخستنەوەی پۆلیس بوو. لەبەر ئەوە دەبوایە ئێواران بە دوای تەواوبوونی کاری داگا بچم و چاودێری لە دابوڕەسمی سوێندخواردنی سەرلەنوێی ئەندامە وەرگیراوەکان بکەم کە ژێنراڵ بۆی دانا بوون. هیچ کام لەو دوو هێزانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشداریی و لایەنگریی شۆڕشیان نەکردبوو؛ تەنانەت سەرهەنگ شێخ قادری برای شێخ مەحموود کە فەرماندەی گشتیی «هێزەکانی ناوچەیی» بوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ سەرگورد «ئا.م. دانیلز»[3] مامۆستای زمانی ئینگلیزیی لە ماڵەکەیدا شاردبۆوە و دەیانگوت «حەپسە خان»ی ژنی شێخ قادر، کە شێرە ژنێکی لێهاتوو بوو و چەندان ساڵ نەخشی گرنگی لە سیاسەتی ناوچەکەدا گێرا، لە ترسی ئەوەی کە نەکات برای مێردەکەی کەسانێک بنێرێ و زەفەری پێبەرن لەبەر دەرگای هۆدەکەی دەنوست. سەرەڕای ئەوانەش کاتێک سوپا هاتە سلێمانی، شێخ قادر و ژنەکەی ڕایان کرد و لە وەرگرتنی پەنا کە من مەئمووری ئەماندانی بووم بە تەواوی دەترسان.

«بین باشی» ڕەزا بەگ ئەفسەری بڵندپایەی کوردی ئەم هێزە بوو، کە بەشداریی زۆربەی

3- A.M.Daniels



شەڕەکانی دژی عوسمانیی کردبوو. بڕیار بوو بەهۆی خزمەتەکانی شمشێرێک بە خەڵات لە ژێنراڵ «جۆرج مەکمەن»[4] فەرماندەی گشتیی وەرگرێ. شەوانە دانیشتن لای خۆشبوو. چیرۆک بێژێکی بەتوانا و پیاوێکی قسەزلی خۆهەڵکێش بوو. بە پێچەوانەی ئەو گیروگرفتانەی کە شۆڕش بۆی پێکهێنابووین ئێمە لە بابەت سپاردنی کاری ئیداری بە کارگێڕانی ناوچەیی وەپێش مەڵبەندەکانی‌تر کەوتبووین و هەرکە ڕەزا بەگ خزمەتی سەربازیی تەواو کرد بە پلەی جێگری حاکمی سیاسی شارباژێڕ کاری درایە.

ژمارە ئەفسەرێکی زۆری دیکەشمان هەبوو کە لە بواری پەیوەندیی کردن بە خەڵکەوە و بوارەکانی سەربازیدا لێهاتوو و ئاشنا بە ئەدەبیاتی تورکی و فارسی بوون. لە ناو ئەواندا دەبێ بە تایبەتی پەنجە بۆ یەکێک ڕاکێشم کە ساڵانێک دۆستی نزیک و خۆشەویستم بوو و من لە بابەت درێژەدان بە لێکۆڵینەوەکانم دەربارەی کوردستان هەمیشە قەرزداری یارمەتییەکان و ڕێنوێنییەکانی ئەوم. ڕۆژێک، سەروبەندی تەواوبوونی خزمەتم لە سلێمانی بێگانەیەک هاتە لام، کە تازە لە تورکیاوە گەڕابۆوە. بەشداریی ئەو ڕووداوانەی نەکردبوو، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن. بە زاراوەیەکی تەواو تورکی خۆی بە تۆفیق وەهبی سەرگوردی ستاد (ڕوکن) ناساند. من لە یەکەم دیداردا کەوتمە ژێر کارتێکردنی و توانای ئەو و پێشنیازم کرد بە جێگەی کاپیتان «ڕ.ی. بارکە»[5] کە بەیارمەتی بابەکر ئاغا توانیبووی سەرکەوتووانە ناوچەکەی بپارێزێ و خەریک بوو خزمەتی تەواو بێ، بیکەن بە جێگری حاکمی سیاسی ڕانیە. بە گومانم دوای ڕۆیشتنم ئەو کارەیان پێ سپارد. جاری دوایی کە دیمەوە سەرۆکی زانکۆی ئەفسەریی بوو و بە گوێرەی شێوازی «سند هرست»[6] ئەفسەری بۆ سوپای تازە دامەزراوی عێراق پەروەردە دەکرد. ئێستا ئەندامی کۆڕی سەنای عێراقە.

زۆربەی ئێواران، سەربازە کوردەکان لەبەر دەرگای «دپۆ» هەڵدەپەڕین. من زۆر سەرم لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ دەرناچێ تا بە شێوەیەکی لەبار بتوانم وەسفی «چۆپی» سلێمانی بکەم. بە گشتیی دەمبینی هەڵپەڕینەکەیان لە شێوە هەڵپەڕینی گوندییەکان و ناوچەکانی‌تری کوردستان و ڕۆژئاوای ئێران و بەشی ئاسیای تورکیا دەچێ یان بە تەواویی

4- Ma cMunn
5- R.E.Barke
6- Sandhurst

هەر ئەو شێوەیە بوو. ئەم هەڵپەڕینە شێوەی جۆراوجۆری هەیە و من بە تەواویی نازانم کە ئەو جیاوازییە لە جوڵەی پێیەکان دایە یا لە مۆسیقا و گوتنی گۆڕانییەکان، کە لەگەڵ هەڵپەڕینەکە دەگۆڕان، بەڵام ڕەوتێکی هاوبەشیان ئەوەیە کە لە گشت هەڵپەڕینەکاندا بەڕیز دەستی یەکتر دەگرن. مۆسیقای هەڵپەڕینەکان هێندێکجار لە یەک و هێندێکجاریش لە چەند دەهۆڵکوت و «زۆرنا ژەن» پێکدێ. کەسی یەکەمی دەستی ڕاستی ڕیزەکە «سەرچۆپی کێش» لەگەڵ کەسی دوایی ڕیزەکە بە هەوای هەڵپەڕینەکە دەسرەکانیان هەڵدەسووڕێنن. هەڵپەڕین لەگەڵ زنجیرە خۆبادانێک تێکەڵاوە کە دەبێتە هۆی چەپ و ڕاست و پاش و پێشکردنی هەڵپەڕینەکە. ئەو کەسانەی کە تازە دەست بە هەڵپەڕین دەکەن یا ئەو کەسانەی هەڵپەڕینەکە بەجێدێڵن، نابنە هۆی پێکهێنانی گیروگرفتی هەڵپەڕین. «ڕۆینە» ئاساییترین شێوەی هەڵپەڕینە. کەسانی بەشدار لەو هەڵپەڕینەدا ڕیزێکی نیوکەوانەیی پێکدێنن کە ڕیزەکە بەرە بەرە پێچ دەخواتەوە تا بەشدار بن دەورێک یا چەند دەور هەڵپەڕن. هەڵپەڕینەکانیتر، کە لە کات و شوێنی جۆراوجۆردا دیومن بریتین لە: «سی پێیی»؛ «میلانە»، کە لەودا بەشدارانی شان لە شانی یەکتر دەخەن؛ «شێخانی» کە هەڵپەڕینێکی توند و هێندێک بە جوڵە و جار جارە بە جوڵەی توند تەواو دەبێ؛ «ئایشۆک» کە لەودا بەشدارانی ئاڵقەیەکی تەواو پێکدێنن و بە هەوا و شیعری عاشقانە لە وەسفی «ئاشێ چکۆڵ» هەڵدەپەڕن. ئەگەر ژن لە هەڵپەڕینی چۆپیدا بەشداریی بکات، کە لە زۆربەی گوندەکاندا شێوەی ئاساییە، لەم حاڵەتەدا پێی دەڵێن «ڕەش بەڵەک»، کە واتای ڕەش و سپی یا ڕەنگاوڕەنگ دەدات.

هەروەک لە ڕاپۆرتی ڕیچ دەردەکەوێ لە جەژنەکاندا و چوون بۆ سەیرانگای دەشت و بناری چیاکان و سەر کانیاوەکان لە سلێمانی باوە و من گەلێک داستانم دەربارەی جەژنی بەهاران بیستووە کە بنەما و بنچینەی کۆنیان هەیە و شێوەیەکن لە «ساتورنالیا»[٧]، کە کاتی جەنگ یا هێندێک بەر لە دەست پێکردنی وازیان لێ هێنا. لە جەژنی دەست پێکردنی بەهاردا واتە لە نەورۆزدا کە لەگەڵ ساڵی نوێی ئێرانیی کۆن یەک دەگرێتەوە، هەموو خەڵکی شار دەچوونە سەر کانیاوەکانی سەرچنار. لەم جەژنەدا، کەسێکیان دەکرد بە «پاشای ئاژاوە». ئەم فەرمانڕەوایە دەستەڵاتێکی پان و بەرینی

٧- Saturnalia (لە ڕۆمی کۆن) جەژنی پاڵەوانان لە مانگی دیسامبردا.



هەبوو. بە شێوەی کاتیی زۆربەی یاسا و داب و نەریتەکانی پێچەوانە دەکردن و کار باری ئاسایی ڕادەگرت. سەناتۆر تۆفیق وەهبی لە وتارێکدا کە دەربارەی کلتوریی کوردی نووسیبووی و لە گۆڤاری «سۆمەر» سەر بە ئیدارەی گشتی شوێنەوارناسی عێراق[٨] بڵاوکرایەوە، ئەو دابەی بە کورتی شی کردۆتەوە:

سەرلە بەیانی ڕۆژێکی دیاریکراو، خەڵک ماڵەکانیان بەجێدێڵن و لە شوێنی جەژنەکە کۆ دەبنەوە. پاشایەک هەڵدەبژێرن و کارگێڕ و چاودێر بۆ بارەگاکەی دیاریی دەکەن. پاشا بە سواری گایەک دێت و کارگێڕان لە پشت سەری بەناو خەڵکەکەدا دێنە شوێنی جەژنەکە و خیوەت هەڵدەدەن. ئیدارە و مەحکەمە دادەمەزرێنن و مەنجەڵان وەسەر دەنێن. ژمارەیەک کەوڵی بزن و مەڕ لەبەر دەکەن و دەچن لە شکڵی مەڕ و ماڵاتەوە. خەڵکەکە بەبێ هیچ چەشنە بەربەرەکانێیەک فەرمانەکانی پاشا بەڕێوە دەبەن. پاشا بۆ ئەو خەڵکانە (چ لە ئاهەنگەکەدا بن یان نا) باج دیاریی دەکات. ئەو کەسە تا جەژنێکی دیکە لە پلەی شایەتیدا دەمێنێتەوە. بە ڕای من ئەو جەژنە بیرەوەری شۆڕشی فەرەیدوون دژی زوحاکی مار بە شانی زاڵم و ستەمکارە ،کە لە شانامەی فیردەوسیدا دەیبینن، فەرەیدوون زوحاکی لێ خست و تاج و تەختی سەڵتەنەتی ئێرانیی هەستاندەوە. کوردەکان دەڵێن فەرەیدوون بە سواری گا لەشکرەکانی خۆی لە شەڕی زوحاکدا ڕێبەری کردووە[ح].

من بێگومان پەیوەندی زۆرم لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی هەبوو، چونکە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەودا بوو کە نرخی ئازوقە دیاریی دەکرا و خۆراک بۆ شار دابین دەکرا. غەفوور ئاغا یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی گەڕەکی دەرگەزێن بوو. ئەو دەیگوت لە بنەچەی هەمەدانییەکانی پەنابەرە و بۆ سەلماندنی ئێرانی بوونی ناوی «ئاغا تەها»ی

٨- گۆڤاری سۆمەر، بەرگی ٤ ژمارەی ٢، ساڵی ١٩٤٨ بەناوی «بەردە تاشراوەکانی ئەشکەوتی گوندۆک».

ح- نەورۆز لە کوردستان سەری هەڵداوە و بەرهەمی کشتوکاڵییە و بە گوندی (زاویتە)ی شانەدەری بەستراوەتەوە کە بەپێی بەڵگەنامە سەلماندراوەکان دوانزدە هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیانی تێدا کراوە و ئامێری کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی زەوی لێ بەکار هێنراوە. دانیشتووانی ئەو ناوچەیە لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەدا بە گۆڕانی کەش و هەوا، لەناوچوونی سەرما و سۆڵ، گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرەکان بۆ هەرێم، داکشانی تیشکی خۆر و کورت بوونەوەی شەوانی تاریک، بە زەوی و چیاکاندا بڵاوبوونەتەوە، ژیانی نوێ و ڕۆژی نوێ و کاری نوێیان دەست پێکردووەتەوە، گیا و سەوزەی=

باپیری بە شاهید دەهێنایەوە و لە سەر ئەو گوتنەی ڕادەوستا کە لە ئێران بە پێچەوانەی کوردستان، وشەی ئاغا هەمیشە بەر لە ناو دێت. لە بیرمە مشیر ئاغا ناوێک لە بەگزادەکانی هەمەوەندیی هەبوو، کە ئێمە بەپێی ئەو ئەسڵە کە دەبێ دز بە دزی بگری، ئەومان کردە بەرپرسی چاودێرەکانی جادەی کەرکووک و سلێمانی. ئەو زۆری پێ خۆش بوو خوازبێنی کچی غەفوور ئاغا بکات و هەمیشە زەختی لێ دەکردم کە بە خەزووری داهاتووی «دەستوور» بدەم کە شیربایی کچەکەی کەم بکاتەوە. من لە سەر ئەو باوەڕە نەبووم کە ڕێگا بۆ کچێکی گەورە بووی شار دیاریی بکرێ، کە مێرد بە پیاوێکی ئاوا ناڕاست و سەرەڕۆ بکات و ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە من بە دڵ شوێن کارەکەی نەکەوتم، بەڵام سەرەنجام ئەوان بوونە ژن و مێرد و بە گومانم ژیانێکی خۆش و سەربەستیان هەبوو.

یەکێکی‌تر لە کەسایەتییە گرنگەکان کە بەڕاستی کەسایەتێکی سەرنج ڕاکێش بوو، ڕابی خان سەرۆکی نانکەرەکانی شار بوو. لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە ئەو مەترسییە هەیە کە بەرهەڵستکارەکان لە مەسەلەی نان دژی کاربەدەستان کەڵک وەرگرن، بەڵام ڕابی یەکێک لەو شێرە ژنانە بوو کە نموونەی لە کوردستاندا کەم نین. ئەو بە دژی شێخ مەحموود لایەنگریی لە حکوومەت دەکرد. بە هۆی ڕێنوێنییەکانی و پەیوەندیی

= بەهارییان چنیوە، عەرزیان کێڵاوە و بەو بۆنەیەوەش جەژنیان گرتووە و خواردنی خۆش مەزەیان لە بەرهەمەکانی بەهاریی و گۆشتی حەیوان دروست کردووە.

لەو ساڵانەی دواییدا شوێنەوار و بەڵگەی (خولییەکان) لە کوردستان دۆزرایەوە، هەرچەند هەتا ئێستا بە تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام ڕوس و ئاڵمانییەکان لە هەشتاکاندا ئەوەندیان لەسەر کۆڵیوەتەوە کە خولییەکان دووی خاکەلێوەیان بە سەری ساڵی تازە و ڕۆژی نەورۆز زانیوە، خولییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە ناوچەی پشدەر و گۆلی وان و نەینەوا نیشتەجێ بوون و بە دەیان لەوحەی ئاسەوارییان لە گاسووری یورغان تەپە و قەڵای کەرکووک لێ دۆزراوەتەوە.

ساسانییەکان لە کوردی ناوچەی خانەقین و کرماشان بوون ٤١٦ ساڵ لە ئێراندا حکوومەتیان کرد، بۆ یەکەم جار ڕێوڕەسمی نەورۆزیان لە ئێراندا کردە باو. بۆ ئەمەش چەند ڕۆژ بەر لە دەست پێکردنی نەورۆز بە دەهۆڵ و زوڕنا خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە کە دەرگای کۆشکی پاشا لە نەورۆزدا بۆ پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵک کراوەیە. پاشاکانی ساسانی، ڕۆژی نەورۆز بە بەرگی ڕەسمی لەسەر تەخت دادەنیشتن و خەڵک دەچووە لایان و دیارییان بۆ دەبردن و داواکارییەکانیان پێڕادەگەیاندن.» فیردەوسی شاعیری ئێرانیی ٤٠٠ ساڵ دوای ڕووخانی دەوڵەتی زنجیرەی ساسانییەکان لە شانامەدا ئاماژەی بە نەورۆز کردووە، کە دوورە لە ڕاستییە.



نزیکی بە هاوکارەکانی لەم بارەدا هیچ چەشنە گیروگرفتمان نەبوو.

یەکێک لەو کەسانەی کە لە سەرەتای دەست بەکار کردندا هاتە لام قەشەیەکی کلدانی بوو. ئەو ڕیشێکی ڕەش و باڵایەکی بەرزی هەبوو. عەبایەکی ڕەشی بەسەر شانیەوە بوو و مێزەرێکی ڕەشی توندی لە دەوری کڵاوێکی سوور ئاڵاند بوو. گوتی نزیکەی ٣٠ بنەماڵەن و هەموویان لە گەڕەکی «گۆیژە» دەژین و زۆربەشیان «مووتابچی»کارن. موو بادەرەکان، موویان بۆ جەواڵی توتن بادەدا. لە نێوان کەلدانیەکاندا پیاوێک بە «کەریم ئەلکە» دەناسرا. ڕێنوێنیەکانی زۆر بەقازانجی ئێمە بوون. دوو کوڕی کەریم ئەلکە کارمەندی زۆر باوەڕپێکراوی ئیدارەی ئێمە بوون. یەکێک لە کوڕەکانی، دوای ماوەیەک چووە زانکۆ و بوو بە دوکتۆر و بۆ خزمەت بە هاونیشتمانانی گەڕایەوە شارەکەی.

جولەکەکان هەر وەک پێشتر گوتم نزیکەی ٧٥٠ کەس بوون و لە گەڕەکێکی هاوناوی خۆیان دەژیان. گەڕەکەکەیان لە بەشی خوارووی شار و لە نزیک ڕووبار هەڵکەوتبوو و ئاوی تەواوی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی دیکەی لێ کۆ دەبۆوە. هەر وەک لە کوردستاندا باو بوو، ئەوان لێرە کاری ناخۆشی وەک ڕەنگڕێژی، دەباغی و عارەق فرۆشییان هەبوو.

دوای تەواوبوونی گیروگرفتەکانی ئەو دواییانە، ژمارەیەک لە عەشیرەتەکان لە تەواوی بەشەکانی پارێزگاوە هاتنە سلێمانی تا ئەمەگناسییەتی خۆیان ڕابگیەنن. «وێنەی ژمارە ١» لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا، وێنەی بابەکر ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر و مەحموود پاشا دوا سەرۆکی گەورەی جافەکان و برای عوسمان پاشای مێردی عادیلە خانە. ئەم وێنەیە، کاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی شانۆی تەقەکردنی یەکانی تۆپخانە هەڵگیراوە، کە سەرتیپ «مۆریس»[9] بۆ چاوترساندنی خەڵک بە گشتیی و سەرۆک عەشیرەتەکان بەتایبەت لە «قلیاسان» پێکیهێنابوو. لەم وێنەیەدا دوو شێوە دوختی لیباسی کوردی بەرچاو دەکەون، هەلێکی باشە بۆ لادان لە باسە ئەسڵییەکە و دوان لە لیباسی پیاوانەی کوردی.

ناوی بەشە سەرەکیەکانی لیباسی کوردی بەم جۆرەیە: پێڵاو، کە ڕەنگە کەوش بێ. کەوشی چەرمی بێ پاژنە، لاسکێکی چەرمی لە پشتپاژنەیە و نوکی هەڵگەڕاوەتەوە، یا کەڵاش کە شتێکی وەک گیوەی ئێرانییە و تەختی ژێری لە پەڕۆ

9 - Morris

کۆنەیە و سەری قەیتانە؛ گۆرەوی یا گۆرەوی درێژ؛ دەرپێ ژێر پانتۆڵی درێژ لە قوماشی کەتانی سپی، کە ژمارەیەک بەبێ پانتۆڵ لەبەری دەکەن؛ ڕانک چنراوی ناوچە یا پانتۆڵ لە قوماشی بێگانە؛ بەن خوێن، دۆخین بۆ ڕاگرتنی دەرپێ و ڕانک؛ بن کراس، ژێر کراس؛ کراس، کراس بە شێوەی ئاسایی لە قوماشی کەتانی سپی دەدروون؛ فەقیانە هێندێکجار سۆرانییەکان ئەوەندە درێژ ساز دەکەن کە لە زەوی دەخشێو بە شێوەی ئاسایی سەری سۆرانییەکان لێک دەبەستن و دەیخەنە پشت ملیان یا لە قۆڵی دەئاڵێنن؛ سوخمە نیوتەنەیە کە لە ژێر چۆغە لەبەری دەکەن؛ چۆغەش نیوتەنەیەو ئاتەگەکانی لە نێو ڕانک دەنێن. پشتێن(١٠) بە شێوەی ئاسایی لە چیتی گوڵدار ساز دەکرێ و چەند مەتر درێژە؛ پەستەک نیوتەنەیەکی لبادییە کە لە سەر کەوا لەبەر دەکرێ؛ کڵاو یا ئارەقچن یا تەپڵە کە کڵاوی لبادییە؛ مێزەر لەگەڵ کڵاو لەسەر دەکرێ و جامانە یا مشکی یا چفتەی لێ دەبەستن هێندێکجار هەرسێ بە یەکەوە لەسەر کڵاو دەبەستن. جامانە، مشکی یان چفتە ئەگەر لە ئێران ساز کرابن ڕەنگیان بۆر و ڕێ ڕێیە و ئەگەر لە بەغدا ساز کرا بن ڕەنگەکانیان شاد و ڕەوشەنە؛ سەرەنجام فەرەنجی کە نیو پاڵتویەکی لبادەیا قاپوت کە پاڵتوی لبادە یا عەبای ئێرانی و عەرەبی.

کوردەکان بە شێوەی ئاسایی خەنجەریش هەڵدەگرن. دەسکی خەنجەر ڕەنگە لە عاج یا شاخ بێ. درێژایی خەنجەر نزیکەی شازدە ئینچە و نوکەکەیان هێندێک هەستاوەتەوە. کالانیی خەنجەر دارە و چەرمی تێدەگرن، بەڵام لەوانەیە لە زیو و بەدەگمەن لە زێڕیشی ساز کەن. خەنجەر لەبەر پشتێن(پشتێند) دەنێن و هێندێکجار تەسحێبی لە دەسکەکەی دەئاڵێنن و خاوەنەکەی خۆی پێ دەخافڵێنی. ژمارەیەک گوندیی سەبیلەیەکی درێژیش لەبەر پشتێن دەنێن یا لە نزیک پشت ملیان بە چۆغەکانیانەوە هەڵدادەواسن.

١٠- پشتێن Pishten لە لایەکەوە لە پشت نابەستن، بەڵکو ئەوەڵ لایەکی بە درێژایی نزیکەی ٧٠ سانتیمەیتر لە پیش زگ ڕادەگرن، پاشان لەیەکەیتری لە ڕاست بۆ چەپ لە دەوری کەمەری دەهاڵێنن، کاتێک ئەم لایە گەیشتە پێشەوە بە دەوری لایەکەی دیکەدا دەگەڕیتەو لای حەرەکەتەکەی دەگۆڕێ (یانی لە چەپ بۆ ڕاست دەچێو بەمجۆرە تا ئاخر). لە ئاخردا، هەر دوو لاسکی لەسەر و ژێری چینە بەستراوەکان دەنێن. هێندێک جاریش پشتێن هەر بە لایەکدا لە دەوری کەمەر دەهاڵێننو دوای لاسکەکەی لە ژێر چینە بەستراوەکان دەنێن.



لە باشوور عەرەبەکان «زەبون»(١١) لەبەر دەکەن کە شکڵی کەوای هەیە، شاقەلیان درێژە و تا گوێزنگیان دێ و لێوارەکانیان لە پێشەوە دەگاتە یەک و دوگمە دەکرێن. لە گوێزنگەوە تا ئەژنۆ هەڵقەڵەشاون و بوونەتە دووبەش. پشتێنێکی ناسکو قوڵەی لەسەر دەبەستن. کەوا ڕەنگە لە قوماشی کەتانی سادە بێ یا لە ئاوریشمی ڕەنگی. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی توانایماڵی و ڕا و سەلیقەی خاوەنەکەی. چۆغە لەگەڵ کەوای درێژ لەبەر ناکرێ و بەجێی ئەو لە سەڵتە کەڵک وەردەگرن، کە لە کراسی پەشمی بەرئاوەڵە یا چاکەتی ئینگلیز «ئیتون»(١٢) دەچێ. ڕەنگی پەسەند و دڵگیری سەڵتە ڕەنگی شینی سورمەین. لە هێندێک شوێن بە جێی چۆغە و چاکەتی ئەورووپایی لە پاڵتۆی کورت کەڵک وەردەگرن و لەو ناوچانەش کە لە ئێران نزیکن شتێکی وەک ئەوانە لە قوماشی کشمیر لەبەر دەکەن. پانتۆڵی دەرلنگ تەنگ لەگەڵ کەوای درێژ لەبەر دەکرێ، بەڵام بەم حاڵەش دەبێ «دەرپێ» لەبەر کەن. لەسەر هەمووی ئەوانەش عەبا لەبەر دەکەن. هەموو چین و توێژەکانی باشوور جیا لە چینی هەژار و کەم داهات ئەم شێوەیە ڕەچاو دەکەن. جافەکان و هۆزەکانیتری وەک هەمەوەندەکان کە لە باشووری ناوچەی بەرانان- بنزەرد دەژین بەمجۆرە لیباس لەبەر دەکەن و شێخەکانیش لە هەموو جێیەک بەمجۆرەن. خەڵکی هەژاری شار و گوندەکانی باشوور لە ڕانک و چۆغەی سازکراو لە بووزو کەڵک وەردەگرن. ڕەنگی ئەو لیباسانە بۆر یا خەنەیی سوور گوێزین.

لەبەرکردنی شێوە لیباسێک کە لە بەشی ناوەندیی باوە، لە ناوچەی ئەزمەڕ- قەرەسەردەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکور دەچێتەپێش تا دەگاتە دەوروبەری ڕەواندز، بە وتنێکیتر لە قەزاکانی باکوری سلێمانی و بەشی هەرە زۆری پارێزگای هەولێر و مەڵبەندی ڕووبەڕووی مهاباد لە ئێران واتە وڵاتی موکریان یەک شێوەیە. لێرەدا، دەرلنگی پانتۆڵەکان فراوانتر لە دەرلنگی پانتۆڵەکانی باشوورە و ئەگەر چۆغە لە قوماشی بێگانە ساز کرابێ، ڕەنگە نێوئاخنی لۆکەشی هەبێ و پشتێنەکان زۆر درێژن و پیاو کاتێک لە بان ئەو هەمووە لیباسەوە پەستەکیش لەبەر بکات و چۆغەکەشی لۆکەی تێدا دروا بێ، هێندێک کۆم دیار دەکات. مرۆڤ کە دەبینی کوردێک لە هەوای گەرمدا ئەو هەموو لیباسەی لەبەر کردووە تووشی سەرسوڕمان دەبێ. ڕەنگی قوماشی چۆغەو پانتۆڵ

11- Zabun
12- Eton

(چ ڕانک بێ یا پانتۆڵ) یەک جۆرە. هەرچەندە کە شەرت نییە هەمیشە بەمجۆرە بێ و ڕەنگی ئەو قوماشانەی کە لە دەرەوە دێن بە پێی بازاڕ فەرق دەکەن، بەڵام تا ئەو جێیەی کە من ئاگادار بم لە هەمووان پەسەندتر ئەو ڕەنگانە بوون: ماشیی، سورگوێزی، ڕەنگی زەردی نۆکیی کە ڕەنگێکی ناشیرینە. ڕەنگی ئاسایی بوز و ڕەنگی سپات یا شینکی ڕێ ڕێیە.

لە ڕەواندزەوە بەرەو باکور، هەروەها لە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای مووسڵ پانتۆڵی دەرلنگ فش و هێندێکجار نێفەک شۆڕ لەبەر دەکەن. ئەوان بەگشتیی ڕانکو چۆغە لە بوزووی خۆماڵی ساز دەکەن، کە پێشتر جولەکە و ئەرمەنیەکانی زاخۆ جۆری باشی بوزوویان بە تەرح و ڕەنگی جوان دەتەنی. ڕانک و چۆغە لە دوو تەختە بوزوو ساز دەکرێ کە پانایی هەرکامیان نزیک بە یەک پێ دەبێ. یەک تەختە بۆ ڕانک و تەختەکەیتر بۆ چۆغە. ڕەنگی بوزووەکان زەردی نزیک بە قاوەیی یان شین کاڵن. شینە کاڵەکە لە ڕیشەی سۆسەن دەگرن و ڕیشاڵی بە ڕەنگ و پانایی جیاواز تێدەگرن. لەنێوان تەختە بەرینەکانیدا وێنەی جۆراوجۆر و شکڵی بادامیی ساز دەکەن. تەختەی تایبەتی بۆ چۆغە وێنە و ڕەسمی پترە و سەرەڕای ئەوانەش ئاوریشم لە دەوری یەخە و سەردەستەکانی چۆغە و لێواری دەرلنگەکانی ڕانک دەدوورن.

لە هەموو هەرێمەکاندا، جیا لەو ناوچانەی کە کەوای درێژ لەبەر دەکەن بە شێوەی ئاسایی کاتی سەفەرکردن دەرلنگی پانتۆڵەکانیان لە پوزەوانە یا گۆرەوی درێژ دەخەن، کە ڕەنگی سروشتی ئەوانیش ڕەنگی سپاتە. لەم جۆرە کاتانەدا، پانتۆڵ شکڵ و شێوەی جوان و خۆش فۆرمی پانتۆڵی «گۆڵف» بە خۆیەوە دەگرێ. هێندێکجار لە ژێر شوێن و کارتێکردنی ڕووساندا دەرلنگی پانتۆڵەکانیان لە چەکمە دەخەن.

مێزەرەکان، لە هەموو جێیەک شێوەی زۆر لێک جیاوازیان هەیە و تەنانەت ئەگەر قوماشەکەشیان یەک بێ، مرۆڤ بە بینینی شێوەی بەستنەکەی زۆر جار دەزانێ خاوەنەکەی خەڵکی کام ناوچەیە و لە چ هۆزێکە. مێزەر لە دەوری کڵاو دەبەسترێ و لە هێندێک جێ لە دەوری تەپلەشی دەبەستن. مێزەر لە بەشی خوارووی باشوور، جامانەیەکی (ئاغابانوو) ئاساییە. ئاغابانوو قوماشێکی ڕێ ڕێی سپی و شین مۆرە کە لە «مانچستر»ەوە بۆ چەفیەی عەرەبان دێ[١٣]. هەرچەندە پتر بەرەو باکور بچین مێزەر شل

13 - Kafiya



دەبێتەوە و چفتە یا مشکی یا هەر دووی ئەوانە بە جامانەوە زیاد دەکرێن و سەرپێچێکی گەورە و نالەبار و دەست و پێ گریان لێ دروست دەبێ، کە تایبەتمەندیی زۆربەی بەگزادەکانی جاف و شێخە ساماندارەکان و دەوڵەمەندەکانی شارن. لە هەورامان، مێزەر لە دەوری تەپڵەیەکی قوڵە دەبەستن. لە پشدەر و موکریان، چەشنی ئاسایی مێزەر دوو دانە مشکین (شەدە) کە لە دەوری کڵاوی دەبەستن. کڵاوەکان، ئارقچنی ئاسایی نین و ئارەقچنێکی شەق و ڕەقن کە لە مەخمەری سەوز، ئەرخەوانیی یا نارنجیی ساز دەکرێن و گوڵینگەیەکی لە سەر دەدوورن. شەدە زۆر گەورە و قورس و نالەبارە. بە جێی شەدە لە قوماشی ڕەنگاوڕەنگی ئاسایی کەڵک وەردەگرن. لە ناوچەکانی سەرووی باکور، تەپڵە شێوەی جۆراوجۆر هەیە؛ لە هێندێک جێگەدا بۆ ئەوەی مێزەر هەمیشە بە یەک فۆڕم ڕادەوەستێ، لە کڵاوی دەدوورن[١٤].

لە سەرەتای مانگی ژوئین، من و گرینهاوس ماڵێکی بچوکمان لە کارمەندێکی بەرێزی خۆمان بە ناوی سەعید ئەفەندی بەکرێ گرت. ئەو، پیرە پیاوێکی بەڕێز بوو. بە شێوەیەک فارسی دەنووسی و قسەی پێدەکرد، کە سەعدی شەرمی لە بوونی نەدەکرد. ئەو ماڵە، باخچەیەکی دڵگوشا، حەوزێکی کاشی جوان و جۆگەلەیەکی خوڕێنی لەژێر سێبەری دارە مێوان هەبوو. ماڵەکە نموونەیەکی باش لە شێوەی کاری ئەندازیاریی ناوچەکە بوو و من پێم خۆشە باسێکی گشتیی لێ بکەم.

باخچە و بینا بەهۆی دیوارێک لە کۆڵان جیا کراونەتەوە. هێندێک شوێنی دیوارەکانی بە خشتی کاڵ داندراون و بۆ پێشگیریی لە بەرامبەر بەفر و باراندا سەرسوانەیان بۆ داناون و بە هەڵاش و گەڵا سەریان گرتوون و سواخیان کردوون. بە دەرگایەکی بچوک و داڵانێکدا دێن بۆ باخ یا باخچە. هێندێکجار لەبەر دەرگای ماڵەکان دوو دانە سەکۆ بۆ دانیشتن و حەسانەوە لە بەرد و قسڵ و خۆڵەمێش ساز دەکەن، کە جێی کورسی دەگرنەوە و خواجە نشینیان پێدەڵێن. دوای ئەو، لە داڵانەکەدا حەیات خەڵوەتە کە تەنوور و چێشتخانە و ئاوخانەی لێیە. ڕەنگە سەکۆیەک لە تەنیشت حەوزەکە بێ و ئێواران فەرشی بکەن و لە سەری دانیشن. ڕێگای چوون بۆ ژووری ماڵەکە بە باخچەکە دایە و ماڵەکە لە بەرد و گەچ یا خشتی سوور ساز کراوە. خانووەکە دوو قاتەو ژێرخانی هەیە. ژێرخانەکان ڕەنگە چەند هۆدەیان هەبێ وەک ژووری «کاردار»،

١٤- بڕوانە ١(ئا)، ٢(ئا)، ٦(ئا)، ١١(ئا)، ١٣(ئا)، ١(ب)، ٢(ب)، ١١(ب)و ١٢(ب).

کـادێن و تەنانەت تەویلەش. قـاتی سـەروو یا سـەرخـان. ڕێگای چوونە سـەرخـان بە پلەکان دایە و پلەکـانەکان یا ڕێک لە باخچـەکەوە جیا بۆتەوە یا لە کۆتایی ڕاڕەوەکان. مرۆڤ دەتوانێ بەلای سەرووی ڕارەو کە ژێرخانەکەی دوو بەش کردووە بۆ سەرخان بچێ. هەر جۆرێک بێ بە پلەکاندا دەچن بۆ ڕاڕەوی قاتی سەروو کە هۆدەکانی سەرخان دووبەش دەکات: لە پانابیدا سێو لە درێژاییدا دوو ژوور یا لە پانابیدا دوو و لە درێژاییدا دوو یا سێ ژوور. لەوانەیە ئەم هۆدانە شێوەی جیاوازیان هەبێ، بەڵام هەرچۆنێک بن لە لایەکی ڕارەوەکە لە جیاتی هۆدە هەیوانی بەر ئاوەڵەی لێیە کە لە لای پێشەوەی سەرخان وەک ڕاڕەو کـەڵکی لێ وەردەگـرن و شـانشـینی پێدەڵێن. مـیـچی هەیوان لە سـەر کـۆڵەکـە ڕاوەستاوە و بە کۆترە ڕازاوەتەوە کە دیاردەیەکی باوی زۆر کۆنە. ئەگەر هۆدە لە لای تری ڕاڕەو و لە پێش بینا بێ، لایەکـەی تری هەیوان دیوەخـانێکە کـە سێ دەری، چوار دەری یا پێنج دەری پێـدەڵێن. ئەو ناوانە دەگـەڕێنەوە سـەر ژمـارەی پەنجـەرەی ناو دیواری لای پێشەوەی دیوەخانەکە. ئەگەر هۆدەیەکی سـێیـەم لە بەشی پێشووی خانووبەرەکە بێ، کەللەگی ناوە و پەنجەرەکانی ئوروسین و کاتی کردنەوە هەڵدەکێشرێن.. ئەمجۆرە هۆدانە لە پشت هەیوان یا لە کولانەیەکەوە ڕووناکایی وەردەگرن و لەوانەیە بۆ نوستن کەڵکیان لێ وەربگیرێ. لە گشت هۆدەکان و تەنانەت هێندێکجار لە هەیوانەکان و ڕاڕەوەکانیشدا موغاری (سۆبەی دیواریی) هەیە. بینایەکی چکۆڵەی ئاوا، بەشێوەی ئاسایی هۆدەیەکی بچوکی دانیشتنی لە پشت هەیوانەکە هەیە کە هۆدە و هەیوانی ناوە. لە پشت سێ دەری و کەللەگی، هۆدەی بچوک هەن کە گەنجینەیان پێدەگوترێ و ڕەنــگە بەهۆی پەنجەرەکانی نزیکی یا کـــولانەیەکی بچووک ڕووناکی وەرگرن، کە کولانەکە بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی دەرەوەی دیوارەکـەدا سـاز دەکرێ. دیوارەکـانی لای ژووری گـەچکاریی کـراون و تاقـە و ڕەفعەیان تێدا ساز کراوە. میچیماڵەکان سەربان، دارەڕایەکە بە سپیدار، کە بەکاریتەی سـپـیـدار ڕادەوەستێ و پەلە داربەڕۆ، گەڵا، چیلو، جەگەن و زەلی لەسەر ڕاخراوە و بە ئەستوورایی نزیک هەژدە ئینچ قوڕەبان و گەڵەبان کراون و بە ئەستوورایی سێ ئینچ سواخ دراون. بە لێواری بانەکان دەڵێن گوێ سوانە. هەموو بانێک، باگردێنی هەیە، تا لە دوای بارینی باران بۆ پێشگیریی لە دڵۆپەی بانەکان کەڵکی لێوەرگرن و سەربانی پێ بگێڕن. لە سلێـمـانی ڕێوڕەسـمـێکی خـێـرخـوازانە هەیـــە، بەپێ ئەو دابە، بنەمـاڵە دەست ڕۆیشـتووەکـانی خـاوەن ئەمجـۆرە خانـووبەرانە، ژێرخـانێک دەدن بە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورت و بەجێی وەرگرتنی کرێ لەکاتی پێویستدا باگردانی پێدەگێڕن و بەمجۆرە



کـرێگرتانە دەڵێن ژێرماڵە. هێندێکجار تەنیا یەک هۆدە لە قـاتی سەر خانووبەرە ساز دەکەن کە باڵاخانەی پێدەگوترێ و وەک هۆدەی خەو کەڵکی لێ وەردەگرن. لە هاویناندا، چینی ناوەنجی و کەم داهاتەکان لە سەربانی خانووەکان دەنوون. ئێواران کـاتی ڕۆژئاوا، نوێن و پێخـەفـەکـان دەردێنن و لە سـەر کـورسی وەک کورسی چایخـانە بە ناوی «تەختـە بەند» یا داربەندی سوک و بانێژە یا لەسەر ئەو فەرشانە پان دەکەنەوە، کە لەسەر بانەکان ڕایانخستوون و بەمجۆرە جموجۆڵێکی بەرچاو لە ماڵەکاندا هەست پێدەکرێ. دەوری جێ خەوەکـان بە «چیغ» و تۆڕی ناسک دەگرن. ئەو چیغ و تۆڕانە بە ڕادەیەک ورد چنراون کە تەنانەت پێشی شنەبای زۆر ئارامو لەسەرەخۆ دەگرن.

سـەربانە بەرزەکـانی سلێـمـانی، دیمەنی هەر چوارلایان لێ دیارە؛ بەڵام ئەو دیمەنەی کـە شوێنەواری لە مێشکی مندا ماوە دیمەنی شیوی باکوری ڕۆژئاوا و زنجیرە چیای گەورەی پیـرەمـەگـروونە کـە ١٠,٠٠٠ پێ بەرزاییەتی. هەروەک پێشـتـر گـوتم لەناو ئەو شیـوەدا زنجیرە چیای ئەزمەڕ- قەرەداغ جیا بووەتەوە. کاتێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە تەماشام دەکرد، لوتکەی نارێک و ناهەمـوار و قەڵشـەکانی، هەمـیشـە لاڕووی پیرە پیـاوێکی بە ساڵداچووی برۆ ئەسـتـوور و لووت و چەنە درێژی لە مـێشکمـدا زیندوو دەکردەوە، کـە بە بەژنی ئارامی دووە بووەوە لە ناوچە دەیڕوانیـە ئاسـمـان. سـاڵانی دوایی، زۆر جـار لەم ڕۆانگەیەوە پیـرەمـەگـروونم وەک دێوەزمـەنە دەهاتە بەرچاو، کـە سـەرەڕای ئەو هەمـووە هێمنایەتییەی، شەریکی کارەساتی لە ژمار نەهاتوو بۆ شارێک بوو، کە بێگومان دەبوایە چاودێریی لێ بکات.

خزمـەتکارەکـەم «عـەبود» ، کـە دەربارەی شێـوەی باش ژیانی حـاکـمی سـیاسی گـەلێک بیروڕای لە مـن بەرفراوانتر بوو، لەوەی کە خانووبەرەیەکـمان بەکرێ گرتبوو و لە «دپۆ» دەرۆیشتین زۆر بە کەیف و خۆشحاڵ بوو. عـەبود لاوێکی نۆزدە، بیست ساڵەی زۆر ساکار و بێ فڕوفێڵ بوو؛ پێشـتر لە «بەسرە» لەسەر لۆتکەیەک کاری دەکرد. لە پێشڕەوییەکانی ساڵی ١٩١٥ لە فوڕاتەوە بۆ کوت، لەگەڵ براکەی بەلەمی کاربەدەستی یەکەمی سیاسی یان بەدەست بوو. بەلەمی ئەومـان لە پشـتی گـەمـێی مـوتۆڕیی دەبەست و من دیبـووم لە هەلومەرجی زۆر دژوار و ئاستەمدا زەردە خەنەی لەسەر لێوی لا نەدەچوو و کراسە سپییە درێژ و شۆڕەکەی هەمیشە خاوێن بوو. ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە کاتی چوونم بۆ بەسرە بڕیارم دا داواکەی بەجێ بگەینم و لە جیاتی خزمەتکارە «بوشەهر»ییەکەمی دامەزرێنم کە دەیویست بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

چەند ڕۆژ دوای گواستنەوەمان، بە هاتنی شیعەیەکی‌تر کۆڕەکەم لە ناوەندی وشکە سوننەکاندا دەستەبەر بوو. ئەم تازەهاتووە «قوربانعەلی» مەیتەری ئەسپەکەم «نوترامپس»[15] بوو، کە لە بەغداوە هێنابووی. ئەویش بە هاتنەکەی خۆشحاڵ بوو: هەرکە گەیشتێ بەغار هاتە لام و دەستی ماچ کردم. ڕەنج و ماتەل بوونەکانی ناو ڕێگای بۆ گێڕامەوەو گوتی گوێی نەداوەتە فەرمانی چاودێرەکان و خۆی گەیاندووەتە ئێرە. ئەو خەڵکی «شوشتەر» و بەختیاریی بوو و دوو ساڵ بوو مەیتەری بۆ دەکردم. لوڕ بوو، بەڵام لەناو کوردەکانی خزمیدا گەلێک پتر لە عەبود ئازاری دەکێشا. عەبود، «غەربون»[16]ی بە شتێکی سەیر دەزانی و بە قوربانعەلی دەگوت غەربون. قوربانعەلی پیاوێکی بە تەمەن و سادە و ساکار بوو و هێندێک‌جار کە توڕە دەبوو زمانی دەگیراو دەیگوت: ئە ئەو کو کوردانە چ چەندە وەحشین ...و چ چ لیباسێک لەبەر دەکەن، لە گەڵ ئەوەش د دەبووری جۆرێک ب بە قامک من ب بە یەکتر پێشان دەدەن ک کە دەڵێی م مەوجودێکی س سەیرم س سوننە ن نەزان لە من دەپرسن ئا ئایا شیعە موسوڵمانە! بەڵام ئا ئاغا لە خەڵکێک کە ب بە ئەسپ دەڵێن «وەڵاغ» چ چاوە ڕوانیێکت دەبێ لێیان هەبێ؟

قوربانعەلی کاتێکی باش هات چونکە نزیکەی دوو هەفتە بوو کە سۆن گەڕابۆوەو من بۆ هەلێک بە تاسە بووم کە بە کەمبوونەوەی کارەکانم گەشتێکی دەوروبەر بکەم.

لە سەرەتای مانگی ئەوگوستیدا، گرینهاوس چووە پشوودان و کاپیتان «ج. س.د فیتزگیبۆن»[17] سەر بەهێزی سێزدەی سوارە هات تا ئەرکی فەرماندەیی «هێزی ناوچەیی» لە ئەستۆ بگرێ و لەگەڵ من بووە هاوماڵ. بەم ئاکامە گەیشتین کە هێندێک پتر بە ژیانی خۆمان ڕابگەین و بۆ گەیشتن بەم چەمکە بڕیارمان دا ئەو لە مەئمووریەتی خۆی بۆ بەغدا کە خەریککی چوونی بوو، کەڵک وەرگرێ و چێشت لێنەرێکی باش و بە ئەزموون دامەزرێنێ و هێندێکیش کەلوپەل و خواردەمەنی خۆش و شەرابی باشتر لە شەرابی سووری ناوچە بکرێ، کە بە ڕاستی شەرابی ناوچە بۆ خواردنەوە نەدەبوو، بەڵام ئێمە بە ناچار تا ئێستا لەگەڵی ڕاهاتبووین. چێشتلێنەرەکەمان بەپێی بەڵێنی لە کۆتایی مانگدا گەیشتەجێ. پیاوێکی کورتە باڵای ڕەش پێست بوو. چاکەتێکی سپۆرت و پانتۆڵێکی بۆری کورت و کۆنەی لەبەر دابوو و لاقەکانی وەک دوو لاسکە تەشی لە

15- No Trumps
16- Girbun
17- H.G.D. Ftzgibon



دەرلنگەکانی هاتبوونە دەر. کڵاوێکی شڕی بێ قەوارەی لەسەر بوو. چونکە گوتنی ناوەکەی زۆر دژوار بوو، ناوی «ڕۆستەم» قارەمانی ئەفسانەیی ئێرانمان بۆ دیاری کرد و بەو ناوە بانگمان دەکرد.

چێشت لێنەرە کوردەکەمان، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەشەو و ڕۆژ گۆشتی چیڕی مەڕ و بزن و بامیە و تەماتەی دابووینێ و وای لێکردبووین کە بە بینینی ئەو شیوە بێزمان دەکردەوە. خودا، ڕۆستەمی بۆ ناردین تا ئەقڵمان لەدەست نەچێ. کاتێک یەکەم دەستاوی ئەو چێشت لێنەرەیان هێنا، لەبەر چاوەڕوانیان دڵە کوتەمان گرتبوو. سەری دیزەکەم بەبزاڤێکی نومایشی هەڵگرت، «گیبون» ڕەنگی پەڕی و چاوی لەسەر دیزەکە هەڵنەدەگرت و دەتگوت «مەدوسا»[18] لەناو چێشتەکە دایە: سەرلەنوێ هەر خۆراکەکەی جاران لە گوشتی بزن و بامیە و تەماتە بوو! دوای پرسین بۆمان ڕوون بووەوە، عەبود کە لە سەردەمی چێشت لێنەرە کوردەکەدا لەو ساویلکەتر بوو، لە چێشتخانە ئەو کەسایەتیە «گوا»[19]یە پرسیاری لێکردووە و ئەویش ڕێنوێنی کردووە، کە دیسان چێشتە کۆنەکە دروست بکا. بە ڕای عەبود هیچ شیوێک بەبێ تەماتە تام و لەزەتی نەبوو[20]. دوای چەند شەو کاتێک ڕۆستەم سەرلە عارەق فرۆشەکانی گەڕەکی جولەکان دەدات و چەند پیاڵەیەک دەخواتەوە، خۆراکێکی بێ تام و ناخۆشمان بۆ دەنێرێتە سەر و عەبود بەهەست و تینی لەبن نەهاتوو لایەنگریی لێ دەکرد و دەیگوت، بەڵێ بەهەڵکەوت ئەو ڕۆژە تەماتە لە بازاڕ نەبوو و پیاو ناتوانێ بەبێ کەلوپەل کارەکانی بە جوانی ئەنجام بدات! هەرچەندە ڕۆستەم وەک هاوشانەکانی جارجارە لوشکی دەهاویشت، بەڵام لە ڕاستیدا چێشت لێنەرێکی باش بوو و دوای تەواوبوونی گیروگرفتەکانی سەرەتایی توانیمان بەر لە نەقڵ بوونم هاوکارە ئینگلیز و کوردەکانم میوان بکەم و شیو و فراوینێکی باشیان بدەمێ.

لەم ماوەیەدا بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانم کاری ئاسایی ئیدارە کەم نەبۆوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانیم دوو سێ قوڵە سەفەری کورت بۆ ئەزمەڕ و شارباژێڕ بکەم.

١٨- Medusa - ئەفسانەی یۆنانی، دێوەزمەیەک بووە، کە لە جیاتی موو ماری لەسەر شین بووە.
١٩- مەڵبەندێکە لە ڕۆخی باشووری ڕۆژئاوای هیندا.
٢٠- تەماتە یەکێک لە بەشەکانی ئەسڵی خۆراکی عەرەبانە. لە شەڕی ١٩٤٢دا لەبەر کەمبوونی تەماتە لە بازاڕ کە هۆیەکەی دەگەڕایەوە سەر چاودێریکردنی نرخەکان لە لایەن دەوڵەتەوە، کەمی مابوو پەرلەمان بڕووخێ.

## ٨- شاربازێڕ

کاتێک بەسەر ئەزمەڕدا سەرکەوتم دیمەنێکم بینی کە بۆ یەکەم جار جیاوازییەکی گشتی هەبوو لەگەڵ شیو و دۆڵە ڕێک و پان و بەرینەکانی «کاسی»[١]. ئەو سێ زنجیرە چیایەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن ئەویان لەناو خۆیان گرتبوو: کۆمەڵێک شاخ و تەپۆلکە لە لوتکە بەرز و چڕەکان جیا ببوونەوە و بە هەموو لایەکدا داکشابوون، کۆمەڵە شاخێک وەک دیوار سەریان بەرز کردبۆوە و ژمارەیەکیان کەپکە لێ جیا ببۆوە، ترۆپک و لوتکەی خڕ و درێژیی شکڵ بادامیی ڕێکوپێک و هەڵدێرگەی لێژی ترسناک و ئەو لوتکانەی کە سەریان لە ئاسمان دەسوا و شکڵ و قەوارەی نادیاریان هەبوو، جیا لە لوتکەی هەموار و ٧٠٠٠ پێ بەرزیی زنجیرەی ئەسڵی زاگرۆس کە لێرە «سورکێو»ی پێدەگوترا و لە دوورەوە دەبینرا کە لە باشووری ڕۆژئاواوە دادەکشێ، هەموویان پێکهێنەری ئەو دیمەنە بوون.

ڕێک لە ڕووبەڕووی ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێ ڕاوەستا بووین، بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات، سێ ڕوباری بچوک بە ناوەکانی «شلێر»، قزڵجە و «گوگەسوور» لە ڕۆژهەڵاتەوە دێن بە ڕادەی نزیک بیست مایل چیا و سنوور لەت دەکەن: ئەم سێ ڕوبارە بە ڕیز لە ٣٠ مایل و بیست و چوار مایل و شانزدە مایلی سەرووی ئەو جێیە هەڵدەقوڵێین. لەو جێیەی کە سوورکێو دەگاتە شیوێک کە شلێر پێکیهێناوە، هێڵی سنوور لار دەبێتەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات و دوای سەرچاوەی ڕوبار دەکەوێ. هۆی ئەو ڕێگا گۆڕینەی کەپکەیەکە نزیک سی مایل چۆتە ناو خاکی ئێرانەوە. لە هەشت مایلی باکوری «شارۆچکەی بازاڕ» واتە پێنجوێن، سنوور لە گەڕانەوەدا باسکی باشووری ئەو کەپکەیە بەر دەدات و نزیکەی دوازدە مایل بە ناوچەیەکی نارێکدا بەرەو باشوور دەچێتەپێش، سەرەتا قزڵجە و دوایی گوگەسوور لەت دەکات. ئەو جێیانەی کە هێڵی ئەم دوو ڕوبارە لەت دەکەن بەڕیز چواردە مایل و هەشت مایل لەگەڵ سەرچاوەی ڕوبارەکان مەودایان هەیە. ئەو ناوچەیە دوایی تێکەڵی زنجیرەی ئەسڵی زاگرۆس دەبێ، کە هەورامانی پێدەگوترێ و هەشت مایل لەگەڵ شیوی گوگەسوور مەودایەتی. بەشێکی ئەم زنجیرە چیایە، کە لەنێوان شلێر و قزڵجە جێی گرتووە ناوی «لارە»یە و بەشی نێوان گوگەسوور و

---

١- Syno Linal، مەبەست لە شیوەکانی کاسی ئەم شیوانەن، کە بە هەموولایەکدا شۆڕ دەبنەوە تا لە خوارەوە یەکتر بگرنەوە. وەرگێڕی ف.



قزڵجە بە «تاریەر» دەناسرێ. ئەم دوو کێوانە بە تەواوی لە خاکی عێراق دان. تاریەر بە دارستانێکی چڕ و پڕ داپۆشراوە و سەری ڕێک و هەموارە و بەرزترین خاڵی ٦٠٠٠ پێیە[٢].

ڕوبارەکانی شلێر و قزڵجە هەرکە لەم لەمپەرە تێپەڕین، یەکتر دەگرنەوە و ڕوباری «سیوەیل» پێکدێنن کە بە ڕێگایەکی زۆر پڕ پێچدا بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت. گوگەسوور لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دێت و ناوی قەڵاچوالان بە خۆوە دەگرێ، کە پایتەختی کۆنی بابان بووە و لە ڕۆخی ڕاستی ئەو ڕوبارە جێی گرتووە. دەستبەجێ بەدوای ئەودا، ڕوباری «ئالاسێو»ی تێکەڵ دەبێ، کە پێویستە هێندێکی لەسەر بدوێم، دیارە نەک لەبەر ئەوەی کە ڕوبارێکی گرنگ بێ، بەڵکوو لەم بابەتەوە کە لە ڕەوتی ئەو گەشتانەی کە لەم فەسڵەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم چەند جاری لێ تێپەڕیوم. سەرەنجام، کاتێک حەوت مایل لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکە چوونەپێش، هەژدە مایل بە هێڵێکی ڕێکدا بەدوای یەکگرتنەوەی دووئاوی شلێر و قزڵجە، ڕوباری سیوەیل تێکەڵی قەڵاچوالان دەبێ، بەڵام ناوی چەسپاویان لەم ناوچەیەدا هەر قەڵاچوالانە[٣]. ئەو ڕوبارانەی کە بەم شێوەیە یەکیان گرتۆتەوە لەپڕ بەرەو باکور ڕێ دەگۆڕن و بەناو شیو و دۆڵی زۆر تەنگ و باریکی چاوەڕوان نەکراودا، واتە بە تەواوی لەو جێیەی کە (زێ) قەف دەخوا و بە ژێر زنجیرە چیاکانی سەر سنووردا ڕێگا دەکاتەوە، بەرەو زێ دەچن. لادانی ڕوباری قەڵاچوالان بەرەو باکور و شێوەی ناو لێنانی ناوچەکە بە ڕادەیەک دوور لە چاوەڕوانی و ڕێ ونکەرانەیە کە

---

٢- ئەگەر ئەمنیەت هەبێ، بۆ سازکردنی بنکەیەکی هاوینی جێیەکی خۆشە. ڕیچ کاتێک دەیویست لە دەست گەرمای هاوینی سلێمانی ڕابکات، پێیان گوت بچێتە گوندی ئەحمەد کۆڵوان بە بناری ڕۆژهەڵاتی تاریەرەوە.

٣- ناوی ڕوبارەکان وەک ناوی چیاکان زۆر دژوارن. ژمارە ناوێکی وەک (زێ)، سیروان و تانجەرۆ تەنیا ناوی ڕوبارن و بەشی زۆری ڕێگاکەیان دەگرێتەوە، بەڵام بەشەکانی‌تری ڕێگای ئەم ڕوبارانە بە ناوی ئاو، چۆم یا چەم و شتی‌تری وەگ ناوی گوند یا ناوچە یا بوار یا تەنانەت مرۆڤ دەناسرێ. من بۆ خۆم بە دووئاوی ڕوبارەکانی شلێرو قزڵجەدا تێدەپەڕیم کە (چەمی ڕەشید)یان پێدەگوت. لە بەشی سەرووی «لارە» ناوەکانی گوتراو بە ڕیچ ئاوی بێستان و ئاوی تاتان بوو، کە لە گوندەکانی نزیکیان وەرگیرابوون. ناوی پێشووی قزڵجە، پیرانە بوو، کە گوندێکە لە خاکی ئێراندا. من خۆم لە گوگەسوور تێپەڕیوم، ئەو ناوە تەنیا کاتێک دروستە کە ڕوبار دێتە نێو خاکی عێراق؛ لە هێندێک جێگە بە ناوەکانی سێبووران و تەنگەبوار و زەڵان کە ناوی گوندێکە، دەناسرێ. قەڵاچوالان ئیتر جێی خۆی هەیە. ڕیچ کاتی چوونی بۆ ئەحمەد کۆڵوان لە «تەنگۆزی» پەڕیەوە.

سەیر نییە ئەگەر جیهانگەڕە وردبینیەکانی وەک مانسل و دیکس توشی هەڵە ببن و بە ساڵان نەخشەی ئەو ڕوبارە جۆرێک پیشان بدەن کە گوایە لە ڕەوتی درێژەی بەشی باکوری ئەزمەڕ- قەرەسەردا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچێ و بە هۆی دۆڵە قوڵەکەی «پەلکۆ»[٤]، لە باکوری دوکان واتە دروست لە شەست مایلی شوێنی یەکگرتنەوەیان تێکەڵی زێ بێ. درێژەدان بەم هەڵەیە سەیر بوو، چونکە کەسانی وەک کرپورتر، ڕیچ، فریزر، برزەزوفسکی و چیریکف ڕێگای دروستی ئەویان ڕوون کردبۆوە. ئەم هەڵەیە تا ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ چارەسەر نەکرا، واتە تا ئەوکاتەی کە دوکتۆر «ف.م.هالی»[٥] پزیشکی گشتیی کە لە سلێمانی کاری دەکرد، سەرلەنوێ شوێنی دروستی یەکگرتنەوەیانی دۆزیەوە[٦].

لە باس دەربارەی جوگرافیای باکوری کوردستان، سەرەتا بۆ ئاسانکردنەوەی پتری کار ناوی چوار زنجیرە چیای نێوان ئەزمەڕ- قەرەسەرد و زنجیرەی ئەسڵی زاگرۆسم هێنا، کە ئەوە بۆچوونێکی لە ڕادەبەدەر ساکارانە بوو. لەوە دەچێ کاتێک ئەو کێوانە لە حاڵی شکڵ گرتندا بوون، گوشاری زۆر ئەوانی ناهەموار کردبێ و تەرح و قەوارەی ڕێکوپێکی پێشووی تێکدابێ: ئەو ناهەموارییە لە باشوورەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکور دەڕوا و «دارۆ» بە ٧٠٠٠ پێ بەرزایی، «سەرشیو» بە ٧٠٠٠ پێ، «هەزار کانیان» بە ٧٤٠٠ پێ و «گەمۆ» بە ٧٧٥٠ پێ نموونەی ڕوون و دروستی ئەم بۆچوونەن. ڕەوتی داسەپاوی پێکهاتەی جوگرافیایی هەروا لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوایە، بەڵام کوڕەکاژاو چی‌تر لەگەڵ کۆجار- کوڕکوڕ لەمپەری درێژ پێک ناهێنێ. ڕوبارەکانی گوگەسوورو سیوەیل کە لە سەرەتادا هەرکام بە جیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچن و لە خوارووی یەکگرتنەوەیان واتە قەڵاچوالان، بەو هێڵەدا تێدەپەڕن و دەگەڕێنەوە سەر هێڵی پێشوو، دیسان لێی تێدەپەڕنەوە و شان بە شانی چیاکانی دارۆ- گەمۆ بەرەو ڕۆژئاوا

4- Palko
5- F.M. Halley

٦- بڕوانە یاداشتی نووسراوە لە «گۆڤاری جوگرافیا» بەرگی ٥٩ ساڵی ١٩٢٢ لاپەڕەی ١٤٦و وتاری هالی لە ژێر ناونیشانی «گەرووی قەڵاچوالان و تێکەڵ بوونی لەگەڵ زێی بچوک» بکەن کە لە «گۆڤاری جوگرافیا» بەرگی ٦٨ ساڵی ١٩٣٥ لاپەڕەی ١٥٨ نووسراوە. هەرچەندە کە ڕیچ و چیریکف هەر دوو لە شیکردنەوەی خۆیاندا هەڵەیان نەکردووە، بەڵام لە نەخشەیەکدا کە بۆ کۆمیسیۆنی سنووری ساڵی ٥٢-١٨٩٤ کێشاویانە توشی هەمان هەڵە بوون.



دەچنەپێش. چیا لە ڕۆژئاوای قەڵاچوالانەوە ڕێگای ئاسایی خۆی دەگرێتەوە بەر و بە نێوان کۆمەڵە بەرزاییەکی هێندێک هاوقەد لە شیوێکی تەنگ و باریکدا خۆکۆ دەکاتەوە و بەرەو لوتکەی ناوەندیی کۆجار- کوڕکوڕ بەرز دەبێتەوە. کۆجار- کوڕکوڕ ڕوو لە باکوری ڕۆژئاوا دەکات و لەناو لوتکەی ڕێک و هەمواری ئاسۆسدا ون دەبێ و دەشتە پان و بەرینەکەی «مەرگە» و «بیتوێن» لە دەشتی قەڵادزێ جیا دەکاتەوە. هەرکام لەو شیوانە جۆبار و ئاودڕیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ئاوەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ قەڵاچوالان دەبەن و لەو شیوانە جیا دەبنەوە کە ئاوەکانی ڕۆژئاوا لە سەرووی دوکانان دەڕژێنە ناو (زێ).

گشت ناوچەی قەڵاچوالان لە ڕۆژئاوای لارە-تاریەر، سەربە شاربازێڕن[٧] و سنوورەکانی بەم‌جۆرەیە: لە باشووری ڕۆژئاوا تا ئەزمەڕ، لە ڕۆژئاوا تا ئەو جۆبارانەی کە ئێستا ئاماژەیان بۆ کرا، لە باکور تا زێ و ڕوباری بانە، لەو جێیەی کە سنووریش پێکدێنێ؛ لە باکوری ڕۆژهەڵات تا زنجیرە چیای ئەسڵی زاگرۆس و لە باشووری ڕۆژهەڵات تا ئەو ناوچەیەی کە تەپۆڵکە نزمەکانی دەشتی شارەزوور بە دوای ونبوونی ئەزمەڕ لەناو خۆ دەگرن.

سێ کاروانە ڕێی سلێمانی بۆ ئێران لە شاربازێڕ تێدەپەڕن. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا شوێن هێڵی ئەو ڕێگایانە بکەوین، ڕێگاکان بەم‌جۆرەن: ڕێگای یەکەم، لە کەلی گۆیژەوە دەچێ بۆ «چنگیان» و بە دەوری کوڕەکاژاودا دەگاتە پێنجوێن. لەوێوە دەچێتە سنە؛ ڕێگای دووەم، لە کەلی ئەزمەڕ تێدەپەڕێ و بە «هەرمێن» و «شیوەکەڵ»دا دەچێتە بانە؛ ڕێگای سێیەم، ڕوو لە باکور دەکات، کەلی «قەیوان» بەجێ دێڵێ و بە پردی «قەشان»دا لە قەڵاچوالان تێدەپەڕێ و دەچێتە شارۆچکەی «ماوەت»، دوای پەڕینەوە لە زێ بە پردی «تەیت»دا ڕوو لە سەردەشت دەکات.

لەو حەوت جیهانگەڕە ئینگلیزانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، شەش کەسیان لە شاربازێڕ تێپەڕیون، بەڵام هیچ کام لە جیهانگەڕانی دوایی بەو ناوچەیەدا نەڕۆیشتوون. کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنور ساڵی ١٩١٤ بە تەواویی لە خاکی ئێراندا کاری دەکرد. لەبەر ئەوە ڕاپۆرتی ساڵی ١٨٣٤ی فریزیر دەربارەی گەشت لەم هەرێمەدا سەرچاوەی

٧- کەپکەی شلێر بەرە و ڕۆژهەڵات و دە مایل بەرەو قزڵجە، لە نێوان تاریار و سنوور لە ناوچەی پێنجوێن کە سەر بە هەڵەبجەیە.

نوێی مەوجودە کە بە زمانی ئینگلیزیی نوسراوە. «گینە»، کاتێک بەرهەمە بەکەڵکەکەی چاپ کرد بە ڕواڵەت ئاگای لەو بەرهەمە ئینگلیزانە و ڕاپۆرتە بە کەڵکەکەی «کلێمان» (١٨٥٦) نەبووە. برزەزوفیسکیش (١٨٦٩)، تا ساڵی ١٨٩٢ یاداشتەکانی خۆی بڵاونەکردبۆوە. لەبەر ئەوەیە کە «گینە» دوای ئەوە کە ژمارەی دانیشتووانی ئەو قەزایە ٦٦٠٠ کەس ڕادەگەیەنێ، لە ئاماژە بە جێگەی وەک «شیوەکەل» دەڵێ: «ئەو قەزایە زۆر نەناسراوە، جیا لەوەی کە دەڵێن زۆربەی دانیشتووانی ڕەزەوان و توتنەوانن یا برنجکارن و باخدارییی دەکەن».

ئەم ژمارە جیهانگەڕانەی کە وردتر باسی ڕێگای سەفەرەکانیان کردووە بەتێکڕایی دەربارەی جوانیی سروشتی ناوچەکە هاوبیرن. میگنن وەک شاعیرێکی شەیدا بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەڵدەڵێ: «بەبێ هیچ چەشنە تایبەتمەندییەک، بەدڵنیاییی دەڵێم کە لە تەواوی ژیانمدا وڵاتێکی وەک کوردستان جوانم نەدیوە... «کەل» و چیاکانی بەڕاستیی خۆش و ئارامن و مێشکی مرۆڤیان لێ دەحەسێتەوە و سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن؛» سروشتی جوانی ئەم ناوچەیە و تاقەت و تێکۆشان و وەزعی باشی خەڵکی ناوچەی ماوەتیش شوێنی لەسەر «کرپورنر» داناوە و ناوچەکە بە جێیەکی «دلڕفێن، خەیاڵ بزوێن دادەنێ و گوندی ماوەت بە نموونەی گوندێکی جوان دەناسێنێ» کە لە ماوەی هاتنی بۆ ڕۆژهەڵات دیویەتی. دوای شانزدە ساڵ، فریزیر ئەو مەڵبەندەی لەبەر دەستدرێژی حکوومەتی ئێران و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعوون بە چۆڵی دیت، بەڵام بەم حاڵەش زمانی لە دەوری وەسف و تاریفی «سروشتی جوان و هەست بزوێنی ئەو وڵاتە» و گوڵە پایزییەکانی دەگەڕێ و دەڵێ: «زۆر کەم سۆیسنەی ئاوا جوانم دیوە و دەبێ بڵێم لەوانە جوانترم نەبینیوە».

ئەم قەزایە لە باشووری ڕۆژهەڵات تا باکوری ڕۆژئاوا نزیکەی ٥٠ مایل درێژ و ٢٠ مایل پانە و دابەش کراوە بەسەر سێ ناحیەدا: ناحیەی ماوەت لە باکوری ڕۆژئاوا، چوارتا لە ناوەند و سروچک لە باشووری ڕۆژهەڵات(٨). ماوەت عەشیرەت نشینە و لەژێر دەست

٨- ئێستا بەم جۆرە ئیدارە دەکرێ. گینە و ساڵنامەی عوسمانی بۆ ساڵی ١٨٩٥، کە ئێستا لە لامە، سەروچکیان سەر بە «کولەمباز» (هەڵەبجە) داناوە؛ لە ساڵی ١٩١٩وە بەم لایە، ئەو ناوچەیە هێندێک جار سەر بە شارباژێڕ بووە و هێندێک جاریش سەر بە هەڵەبجە و بە پێی دۆخی سیاسی هێندێک جاریش ڕاستەوخۆ سەربە سلێمانی بووە.لە ڕۆژانی یەکەم دەستبەسەرداگرتندا(مەبەست داگیرکردنی کوردستانە لە لایەن ئینگلیزەوە. وەرگێڕ) ئەوکاتەی کە تێبینیەکانی عەشیرەتیی بە =



بنەماڵەی بەهێزی پشدەر دایە کە لە فەسڵی داهاتوودا لە بەشی قەزایەکی بەم ناوەوە پەنجەی بۆ ڕادەکێشم. ناحیەی چوارتا بە ١٨٠٠٠ کەس نفووس بە هۆی لوتکەی بەرزی دارۆ- گەمۆ لە ماوەت و هێڵێکی نارێک لە سروچک کە ٩٥٠٠ کەس نفووسیەتی جیا دەبێتەوە. ئەم هێڵە لە تاریەر تێدەپەڕێ و لە بەرزترین خاڵی کوڕەکاژاو واتە «کەچەڵ باراو»دا دەگاتە ئەزمەڕ کە لە شەش مایلی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی جێی گرتوە. ئەو بەشەی چوارتا کە لە باکوری سیوەیل دایە بۆ ماوەیەکی کورت ناحیەیەکی سەربەخۆ بوو و هێندێک جار بە ناوی ڕوباری سیوەیل دەناسرا و هێندێکجاریش شیوە کەلی پێدەڵێن، کە ناوی گوندی بنەماڵە حاکمی ئەو جێیە بوو.

زۆربەی دانیشتووانی شارباژێڕ لە گوندە سەربەخۆکانی نەبەستراوە بە عەشیرەتەکان پێکهاتوون، بەڵام لێرەش وەک زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەر گوندێک بە شێوەی ئاسایی ئاغایەکی هەیە، کە یا خاوەن موڵکێکی گرنگی ناوچەکەیە یا «ئاغایەکی» سەربە عەشیرەتێکە و بە زۆر خۆی بە سەر خەڵکی ناوچەکە داسەپاندووە. ئاغا بەپێی داب و نەریت و بە مەبەستی باوەڕ پێهێنانی جەماوەر میوانخانە یا «دیوەخانێکی» هەیە، کە هەمەجۆرە میوانێکی لێ دەمێنێتەوە. ئاغا بۆ ئەو خزمەتەی هیچ لە میوان وەرناگرێ و هەر وەک پێشتر لە شوێنی شیکردنەوەی بارودۆخی «ئاغا»کاندا گوتم ئەو بە شێوەی جۆراوجۆر خەرجی میوانخانەکەی بە گوندییەکان دابین دەکات. «ئاغا» جیاوازیی لەگەڵ موختار یا کوێخای ڕەسمی دێ هەیە و ئەو لە بەرامبەر حکوومەتدا بەرپرس نییە. کوێخا ڕەنگە لە نزیکانی ئاغا بێ یان بەپێی هەلومەرج دوژمنایەتی ئاغای گوند بکات. کاتێک ئاغا لە گوند نەبێ کوێخا بە سەر کارەکانی دێ ڕادەگا و لە مزگەوت خزمەت بە میوانەکان دەکات. بۆ چوونە مزگەوت جیاوازیی لەنێوان موسوڵمان و نا موسوڵماندا نییە. میوانخانە یا دیوەخانی ئاغا وەک هۆڵێکی کۆبوونەوە دەچێ، کە زۆرجار خزم و میوان و ڕێبوار و دراوسێکانی

= سەر تێبینییە جوگرافییەکاندا زاڵ بوو، گرووپێک لە گوندەکان کە ژمارەیان ٩ گوند بوو، بە ناوی گەورەترینیان کە بە «بەسراوا» دەناسرا و لە نێوان داور- سەرشیو و ڕوباری قەڵاچوالان جێی گرتبوو و لە ژێر دەستەڵاتی پشدەریەکاندا نەبوو، هاتنە سەر چوارتا. لە حاڵێکدا ٩ گوندی نزیک سنوور لە قەراخ سیوەیل و بەرزایەکانی گەمۆ کە لە ژێر دەستەڵاتی پشدەریەکاندا بوون لە ماوەتەوە ئیدارە دەکران.

ئاغای لێ کۆدەبنەوە و باسی تێدا دەکەن و دەربارەی کاری ڕۆژانە بڕیار دەدەن. ئەو کەسانەی کە دەچنە دیوەخانی ئاغا هەموو بەپێی تەمەن و دۆخی کۆمەڵایەتییان لە یەک ڕیز دادەنیشن و پاڵ بە دیوارەکانەوە دەدەن؛ دوورترین جێگا لە دەرکەی دیوەخان ماقوڵترین شوێنی دیوەخانە. جوگرافیازانانی ناوچە، ناحیەی سیوەیل دووبەش دەکەن: سیوەیلی سەروو یا سیوەیلی ئاغا (مارف ئاغا) یا شیوەکەل، کە لە دە دوازدە گوندی بناری باشووری ڕۆژئاوای «سورکێو» پێکهاتووە؛ سیوەیلی خواروو یا سیوەیلی سلێمان ئاغا یا سیوەیلی «کەناروێ»، کە باقی گوندەکانی ناحیە پێکیان هێنابوو و زۆربەیان بە بنارەکانی دارۆ- گەمۆوەن. ناوی «ئالان» بەتەواوی گوندەکانی هەردوو لای سنووری زێ دەگوترێ، واتە ئەو جێیەی کە زێ و قەڵاچوالان یەک دەگرنەوە. شوێنێکیتری ئەو جێیە کە زۆر ناوی دەبیسترێ ناوچەی «بەرکێو»ە، کە لە ڕۆژئاوای لارە-تاریەرو لە نێوان شلێر لە باکور و گوگەسوور لە باشوور جێی گرتوە.

ئاغاکانی شیوەکەل، کە ئەوکاتە چوارەم نەوەیان بوون، دەڵێن نەوەی دوو کوڕی سلێمان ئاغان. سلێمان ئاغا بۆخۆی نەوەی عوسمان ئاغا یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی بەناوبانگی «پیران»[٩] بوو، کە لە بەشی باکورتری ناحیە ژیاوە. یەکێک لە میرەکانی بابان، سلێمان ئاغای ناردبووە ئەم ناوچەیە و بەپێی داب و نەریتی دەرەبەگایەتی سنوورەکانی پێ سپاردبوو. من لەم باوەڕەدا نیم کە بەشێکی زۆری ئەو ئاغایانە بە گوێرەی یاسا خاوەنی ئەو گوندانە بووبن، بەڵام چ بە هۆی دانانیان لە لایەن میرەکانی بابانەوە و چ بە لێزانی و کارلێهاتوویی خۆیان لە ڕێگای پاراستنی دەستکەوتەکانیان، گوندییەکان سکاڵایان لێ نەدەکردن. لەو ناوەدا سیوەیل بەتەواوی لەگەڵ ماوەت جیاواز بوو. لە ماوەت، ئاغاکانی پشدەر بە زۆر خۆیان بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند بوو.

لە چوارتا، لە باشووری ڕوباری سیوەیل، شێخ مەحموود یاخزمە نزیکەکانی چەند گوندیان هەبوون، بەڵام بەشی هەرەزۆری زەوییەکانی ئەو جێیە بە ناوی گوندییەکان کرابوون.

جیا لە دوو سێ گوند، گوندەکانیتری «سروچک» موڵکی بنەماڵەی سادات و

٩- بڕوانە فەسڵی ١٥



کوڕەکانی بەرزنجە بوون. لای باشوور بە پێچەوانەی بەشەکانیتری شارباژێڕ بەگشتی لە دوو وەرزی هاوین و پایزدا کەم ئاون. لەبەر ئەوە کاری کشتوکاڵی ناوچەکە ڕەزەوانی و پەروەردە کردنی سپیدارە و توتنیشی لێ دەکرێ؛ هەروەها چاندنی گەنم و جۆی دێمەکاریشی لێ باوە کە شین بوونیان بە ئاوی باران دەبەسترێتەوە.

سوچی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناحیە، لە بەشی ناوەند و دەوروبەری «دۆڵەگەڵا»، کە ئاوەکانی ناحیە بەرەو باشوور و شارەزوور و تانجەرۆ دەبات و هەروەها بەشێک لە «بەرکێو» جێی ژیانی هۆزێکی بچوکی بێگانە و نیوە کۆچەرە بە ناوی «ناودەر»[١٠] یا «غەوارە»[ح]. ئەوانە بەشێکن لە دانیشتووانی شارەزوور کە بە هاتنی جافەکانی مورادی لە سەدەی هەژدەدا بۆ ئەم ناحیەیە لە شوێنی خۆیان دەرکراون[١١]. ناوی شەرم هێنەری «غەوارە» و داستانی خۆنەشوشتنیان لە لایەن ئەو کەسانەوە دروستکراوە، کە بەزۆر بەسەر ئەم خەڵکەدا زاڵ بوون و لە وڵاتی خۆیان دەریان کردوون.

یەکەم سەفەرم بۆ شارباژێڕ بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەیەک بوو، کە بەڵکوو بتوانم ناوەندی ئیداریی قەزای لە سیتەکەوە بۆ بگوازینەوە. سیتەک چونکە لە سلێمانی نزیک بوو، مەئموورەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لێی دوور دەکەوتنەوە و دەهاتنە شار. کاری ئیداری ئێستاش وەک پێشوو قورس و تاقەتبڕ بوو و من تەنیا ڕۆژانی شەمە تا سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی دوو شەمە دەمتوانی ئەو جێیانە ببینم. لەبەرئەوە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی بیست و چواری ژوئین وەڕێکەوتم و بەمجۆرەی کە پێشتر گوتم لە کەلی ئەزمەڕ تێپەڕیم. بەنێوان دارستانێکی پڕلق و پۆدا ڕۆیشتم کە لەگەڵ بنارەکانی ڕووبەڕووی سلێمانی زۆر جیاواز بوون و دوای سێ سەعات ڕێ پێوانی ئارام گەیشتمە سیتەک. بەپێی داب و شوێن، لە لایەن کارمەندانی ئیداریی و پۆلیسەکانو خەڵکی ناسراوی ناوچەکە، لە دەرەوەی گوند پێشوازیم لێکرا. سیتەک گوندێکی خۆش و دڵگیر

١٠ – Nawdar (ناودەر) عەشیرەتەکانی ئەم هۆزە بریتی بوون لە: بێسە و (حەوت گوند، شێست بنەماڵە)؛ چۆچانی (چوار گوند، پەنجا بنەماڵە)؛ عەشیرەتی حەسەنی (دوو گوند، سی و پێنج بنەماڵە)؛ پەرخی (گوندێک و سی بنەماڵە) و «قەوێڵەیی» (سەد بنەماڵە، کە دوای برسیەتی و قاتی و قڕی ساڵی ١٩١٨ بڵاوبوونەوە).

ح- ئەو ناوە لە غەیرەوە دێت بە واتای ئەوانە لەخۆیان نین.

١١- لە یەکێک لە فەسڵەکانی داهاتوودا، باسی ئەم مەسەلەیە دەکەم.

بوو: بیست بنەماڵەی نفووس هەبوو. سپیدار، بناو و دارە بی لەناو خۆیان گرتبوو و زەوی گەنم، جۆ و توتنی لە دەوروبەری چێنرابوون. شێخ محەمەد غەریب ژن برای شێخ مەحموود ئاغا و ماڵێکی دێ بوو. ئەو لە حکوومەتی شێخ مەحمووددا پلەی قایمقامی هەبوو و ئێمە لە بازیان بە دیلمان گرتبوو.

بەیانی زوو، بەرلە سەعات شەش سوار بووین و بەرەو ڕوباری «ئاڵەسێو»(ح) نزیکەی نیو مایل بۆلای ڕۆژهەڵات داکشاین و بەکن ڕوبارەکەدا ڕێگای «گوگەسوور»مان گرتەبەر. هێندێک سەرتر لە ژێر پایتەختی پێشووی بابانەکان واتە قەڵاچوالان لە یەکاوی ئەو دوو ڕوبارانە لە بوارێک پەڕینەوە، کە نزیکەی دوو پێ قوڵ بوو. دوای سەعاتە ڕێیەک بە بنارە داپۆشراوەکان بە یۆنجە و پنچکە دڕک و ڕێگایەکی پڕلە کەندوکۆ و بەردەڵاندا گەیشتینە چوارتا، کە بۆ ناوەندی «قەزا» پێشنیاز کرابوو.

لە قەراخ گوندەکە، کوێخا ئێمەی بەرەو سەربانی مزگەوتێکی گەورە ڕێنوێنی کرد، کە ڕیزێک خەڵک بۆ پێشوازیکردن لە ئێمە دەست لەسەر سنگ ڕاوەستا بوون. فەریکە گوێز، بادام، ترێی ترشی نەگەیشتوو، دەفری پڕ لە شیری تازە، ماست و «ماستاو»یان کە کەوچکی دارە هەرمێی لەناو دابوو لە پێش داناین. کاتێک سەماوەر وەجۆش هات لە ئیستکانی نێوقەد باریکی ئێرانیدا چایان بە دەور گێڕا. دوای ئەو پێشوازییە بۆ درێژەدان بە وتووێژ لەسەر مەبەستی دیاریکراو چووینە ناو دێ و لەکن کانیاوێک لەژێر سێبەری فێنکی دوو سێ دارە چناری ئەستوور دانیشتین.

چوارتا بە بناری لای باشووری ڕۆژئاوای کێوێکەوە کە بە «سەرسیر» دەناسرێ و چوار هەزار پێ بەرزە و دەڕوانێتە سەر دۆڵی گوگەسوور و هەتا ئەزمەڕی لێ دیارە. جێیەکی زۆر خۆش و دڵگیر بوو و باخی بادام و دارە توو لەنێو خۆیان گرتبوو، لەژێر سێبەری دار گوێز و بناوی ئەستوور و سپیداری بەرزدا پان ببۆوە. کوردان زۆر بەر لە ئێستا زانیویانە ئەو گوندانەی کە بە بناری چیاکانەوە ساز دەکرێن قازانجی گەورەیان هەیە: ئەمجۆرە گوندانە یەک هەوان و وەک گوندی نێو دەشتەکان پلەی گەرما و سەرمایان زۆر سەرو ژێر ناکات. چوارتا گوندێکی گەورەیە و نموونەی لەم ناوەندەدا کەم نییە؛ لەبەر ئەوە، وەسفی ئەو دەتوانێ جێی ئەوانی دیکەش بگرێتەوە.

ح– ئاڵە سێوکەشی پێدەڵێن.



خانووەکان، لە سێ یا چوار ڕیز بە بناری چیاوە ساز کراون. قاتی خواروو یا ژێرخانی ماڵەکان بەهۆی لێژ بوونی جێیەکە پاڵیان بە چیاوە داوە، کادێن یا تەویلەکان لە سەکۆیەک دەچن کە بەشێک یا تەواوی خانووەکەیان لەسەرە. بانی قاتی سەروو لەوانەیە شان بە شانی باریکە ڕێیەک بێ کە خانووی ڕیزی خوارەوە لە خانووی ڕیزی سەروو جیا بکاتەوە یا ڕەنگە بۆخۆی ڕێگای دەرگای خانووی سەروو بێ. لەبەر ئەوە دەکرێ تا ئەو شوێنەی کە کۆڵانێک ئەو ڕیزە خانووانە لە ڕیزێکیتر جیا دەکاتەوە، بۆ ڕابواردن لە سەربانەکان کەڵک وەرگرن. ئەو دیوارانەی کە بەبێ هەڵکەندنی بناخە لەسەر بناری چیا دادەنرێن بە شێوەی ئاسایی بەرد و قسڵ یا مۆرە و چینەی قوڕیین، بەڵام بۆ قایم بوونیان دار لەنێو دیوارەکان دەکێشن. هۆدەکانی خەو شێوەی کەپرەبەندی جیاواز لە ماڵەکانیان هەبوو: ئەم هۆدانە، چوار کۆڵەکەیان هەیە و دەوریان بە «چیغ» گیراوە. لافاوەکانی زستان و بەهار، گوندەکان لەت دەکەن و ماڵەکان لە دوولای شوێنی لافاوەکە دەمێننەوە.

مزگەوت، کە بە شێوەی ئاسایی لە لای خواروی دێ ساز دەکرێن، شکڵی هۆدەو هەیوانیان هەیە، واتە هۆدەیەکن و هەیوانێکی دوو سێ پێ بەرزییان لە پێشە. حەوشەیەک پێشی ئەم هۆدە و هەیوانە دەگرێ کە لەوانەیە سەنگ فەرش کرابێ. حەوشەکە، حەوزێکی تێدایە کە هەمیشە ئاوی لێ دەڕژێ. دابی جوانی میوان ڕاگرتن لە مزگەوت تەنیا ئەو کەموکوڕییە گەورەیەی هەیە کە بە هۆی نزیکبوونی ئاو، دراوسێکانی مزگەوت دەکەنە شوێنی ئاو هەڵێنجانی خۆیان.

ناوەندێکیتری ژیانی کۆمەڵایەتی گوندەکان کە دیمەنێکی خۆشتری هەیە، کانییی گوندە کە بە شێوەی ئاسایی لە لای سەرووی گوندەکانن. لەژێر سێبەری یەک یا چەند سپیداری پیر، سەکۆیەک ساز دەکەن و کەسانی بێکار لەسەری دادەنیشن، قسە دەکەن، باس و هەواڵ دەگێڕنەوە و چایخانەی لێیە و چای لێ دەخۆنەوە. کانیاوەکە حەوزێکی لە نزیکە کە دەوریان بە بەرد هەڵچنیوە و گوندییەکان دەستنوێژی لێ هەڵگرن و نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارانی لێ دەکەن. کەمێک ئەولاتر، حەوز یا جۆگەلە ئاوێکی لێیە کە دەوریان بە جوانی تەنیوە، ژنان دەچن لیباسی لێ دەشۆن و قسە دەکەن و گەپی تێدا لێ دەدەن. ئەگەر ئاو زۆر بێ گوندییەکان بە لێهاتوویی ئاوەکە بە جۆگەلاندا دەبەن بۆ مەزرای توتن و باخچەکانیان. لەوە دەچێ ناو باخەکانی دێ ئاشی ئاوی لێ بێ.

چوارتا، بۆ ناوەندی «قەزا» جێیەکی زۆر باش بوو: لە ناوەندی قەزا هەڵکەوتبوو.

هەرچەندە بەهۆی گوشاری برسییەتی ئەو دواییانە نفووسی هاتبووە سەر بیست بنەماڵە، بەڵام بەر لە جەنگ سەد بنەماڵەی لێ دەژیا، لەبەر ئەوە جێی پەرەستاندن بوو. «سەرسیر» ئەڵقەیەک لە زنجیرە چیای کورەکاژاو- کۆجار بوو، بەڵام بە ڕواڵەت لە زنجیرەی ئەسڵی خۆی جیا ببۆوە و بەسەر شیوەکانی گوگەسوور لە باشوور و سیوەیل لە باکوردا زاڵ بوو و لوتکە خڕی گومبەزیی ٥٢٥٠ پێ بەرز بوو و بۆ دانانی دەزگای تێلگراف زۆر بەکەڵک بوو. ئەم مەسەلەیە لەو سەردەمدا زۆر گرنگ بوو. ئەو ڕێیانەی کە بەرەو ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوا دەچوون تا ڕادەیەک باش و راحەت بوون و لەوە دەچوو دۆزینەوەی هێڵێک بۆ کێشانی جادەی ئۆتۆمبێل لە سلێمانی بۆ چوارتا زۆر دژوار نەبێ. کوردەکان لە بابەت ناسینی ئاوی خواردنەوە شارەزان، لەناو ئێمەدا چەند مەئمووری ئاسایی هەبوو کە لە «سیتەک» کاریان دەکرد و دژی گواستنەوە بۆ چوارتا بوون: بە ڕای ئەوان گشت ئەو بەرژەوەندییانە لە بەرامبەر ئاوی «گران» و قورسی چوارتا کە بۆ مەعیدەی مرۆڤ زیانی هەیە، شتێکی کەم بایەخ و بێ بەهرەیە. سەرەڕای ئەوانە لە گەڕانەوەدا بۆ سلێمانی ڕای خۆم ڕاگەیاندو گوتم دوای گەڕانەوەی ڕەزابەگ، کە تازە کرابووە قایمقام، ناوەندی ناحیە بگوێزنەوە چوارتا. ڕەزا بەگ بۆ وەرگرتنی شمشێری سەربەرزی بەخەڵات لە ژێنراڵ «مکمەن» چووبووە بەغدا.

هەر ئەوشەوە، بە ڕێیەکی لای ڕۆژئاوای ئەو ڕێگایەدا کە پێیدا هاتبووین گەڕاینەوە «سیتەک»؛ بە قەبرستانی کۆنی بابانەکاندا تێپەڕین. لەوێ چاوم بە بەردە قەبرێک کەوت کە ئەم دێڕەی لەسەر هەڵکەنرابوو! «خاوەنی گەورەی سەردەم، سلێمان خان». لەژێر یەکاوی ئاڵەسێو لە بوارێک پەڕینەوە. سەعات سێ و نیوی بەیانی ڕۆژی دوو شەمە سوار بووین و بە چیایەکدا کە کەمتر هاتووچۆی بە سەرەوە بوو و لە یەک مایلی باشووری ڕۆژهەڵاتی «هاڕوتە» هەڵکەوتبوو لە ماوەی کەمتر لە سێ سەعات گەیشتینەوە سلێمانی. حەمامم کرد و سەعات هەشتی بەیانی لەشوێنی کارەکەم ئامادە بووم.

کۆتایی هەفتە، گەشتێکی دۆزینەوەییم کرد. ئەمجارە بە کەلی گۆیژەدا چووین کە لە هەمووان بۆ سلێمانی نزیکتر بوو و لە هەشت مایلی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەزمەڕ هەڵکەوتووە. چیایەکی زۆر سەخت و ناهەموارەو سەرکەوتنمان یەک سەعات و چەند خولەکی خایاند؛ شۆڕبوونەوەمان ئاسایی بوو، بەڵام سازکردنی جادەی ئۆتۆمبێل بەم ڕێیەدا بە ڕواڵەت دوور لە باس بوو. ڕێگا بە دوای تێپەڕبوون لە «ئاڵە سێو» لە دوو



مایلی سەرووی سیتەک و نزیکی سێ ڕێیانەی «ئاڵەسێو» و «شۆکە» کە لە کوڕەکاژاوەوە دەهات، دوو زنجیرەی لێ دروست دەبێ: زنجیرەی لای چەپ دەچووە «هەرمێن» و کاروانە ڕێی بانەی لێ ساز دەبوو و زنجیرەی باسکی ڕاست دەچووە پێنجوێن. شوێنی ئەم جیا بوونەوەیە، کانیاوێکی سەرنج ڕاکێش بوو بە ناوی «سازەندە»، کە لە نێوەڕاستی ڕێگاکە هەڵدەقوڵی. ئێمە ڕێگای لای پێنجوێنمان گرتەبەر. ئێستا دەمانتوانی لەو زەوییە ڕێکەدا ئەسپ باژۆین. لە ولاتی شێخ مارفی نۆدێییش تێپەڕین کە لە شیوێکی دەستی ڕاستدا بوو؛ دوای پێوانی دوو مایل لاماندا و چووینە «چنگیان» و شەو لەوێ ماینەوە. چنگیان گوندێکی خۆش ساختە و لە بابەت ڕەزەوانیی و بەرهەمەکانی ترەوە دەوڵەمەندە و ئاوەکەشی زۆر خۆش و ڕەوان و بەناوبانگە. چنگیان موڵکی شێخ مەحموودە.

بەیانی ڕۆژی دوایی، لە یەک مایلی چنگیانەوە بە دۆڵێکی تەنگدا ڕۆیشتین. ئێستا زنجیرەی ئەسڵی چیای کوڕەکاژاو لە شانی ڕاستی ئێمە بوو؛ تەپۆڵکەی «کەتوو» کە قەوارەیەکی سەیری هەبوو، دەتگوت شەپۆلی شکاوە لە شانی چەپی ئێمە بوو. ئەم دۆڵە بە «دۆڵەتوو» دەناسرێ و بۆ نەخشەکێشەکانی ناوچە ناسراو بوو و ئەو ڕێگایەی کە لە دۆڵەکەوە دێت ڕوو لە ڕۆژهەڵات و زنجیرە چیای ئەسڵی دەکات. فراوێنمان لە گوندی بچووک و جوانی «هەرمێلە» خوارد. «هەرمێلە» ناوێکی بەنێوەڕۆکە بۆ ئەو گوندە. ڕووباری ڕوون و ڕوشنی گوگەسوور، کە لێرە بە «تەنکەبوار» دەناسرێ لە ژێر پێمان بوو. هاتین و گەیشتینە گوندی «وەلیاوا» کە مەنزڵگەی کاروانەکانە و لەوێوە ڕێیەک کە بە «کانی دزان» دەناسرێ و لە باکوری کەپکەی شلێر جێی گرتووە ڕوو لە بانە دەکات. گوندییەکان دەیانگوت ساڵی پێشوو بە گەیشتنی هەواڵی شکانی تورکان، ساداتی بەرزنجە سەد باری ێستریان چەک و تەقەمەنی لە عەمباری «وەلیاوا» تالان کرد.

ئاوی «تەنکە بوار»، یەک پێ بوو. ڕاوچییەکان بە تۆڕ خەریکی ڕاوە ماسی بوون. دوای پەڕینەوەمان لەم بوارە کاروانە ڕێیەکەمان بەجێهێشت و ڕومان لە ڕۆژئاوا کرد و بە بەرزاییەکی توند و ناخۆشدا و بەنێوان دارستانێکی پڕلە دار بەڕواندا تێپەڕین و سەرەنجام دیسان گەیشتینە ناوچەیەکی خۆشی داپۆشراو بە درەختی هەرمێ و پنجەترشە سماق. بنارەکان بە ڕەز داپۆشرابوون. ئاژەڵ لەبەر تینی گەرما پەنایان بۆ سێبەری دارەکان بردبوو. گوندی بچوکی «پلنگە» هێندێک لە سەرووی ئەم جێیە، سەری لەنێوان ڕیزە سپیدارێک بەرز کرد بۆوە. هەرکە دابەزین گوندییەکان لە تەنیشت حەوز و کانیاوی دێ فەرشیان بۆ پان کردینەوە و بە دەفری پڕلە ماستاو و چایی پێشوازییان لێکردین.

«پڵنگە» پتر لە ٩-١٠ بنەماڵەی نفووس نەبوو، بەڵام زەوییەکانی هی خەڵکی گوندەکە بوون و لەم بابەتەوە خۆشحاڵ بوون کە مالیک و ئاغایان لەسەر نەبوو.

سەعات چوارو نیوی ئێوارێ، هەرکە تینی گەرما شکا، سوار بووین و ڕێگای باشووری ڕۆژئاوامان گرتەبەر؛ بە گردێکدا سەرکەوتین و بە باریکە ڕێیەکی لێژدا کە بەنێوان زنار و گاشەبەرداندا تێدەپەڕێ گەڕاینەوە گوگەسوور. لەگەڵ هێڵی ڕووبارەکە بەرەو ڕۆژئاوا چووین و نزیک بە دوو مایل بەڕۆخی گۆم و گۆلاوی خۆشدا ڕۆیشتین. ئینجا لە ئاوەکە پەڕینەوە و بەڕۆخی باشووری ڕووبارەکەدا ڕێگامان درێژە پێداو دوای بەجێهێشتنی ڕێیەکی کورت بە مێرگوزارێکدا چووینە سەر کاروانە ڕێی شیوەکەل و گەیشتینە گوندی هەرمێن کە ئەویش ناوی خۆی لە هەرمێ زارەکانی دەور و پشتی وەرگرتووە. شەو، لە «هەرمێن»ماینەوە، سەعاتی چواری بەیانی سوار بووین و بە ڕێی سیتەک و کەلی هاڕوتەدا هاتینەوە سلێمانی.

سێیەم سەفەری دوا هەفتەم، سەفەرێکی کورت و سەرنج ڕاکێش بوو، کە ڕۆژی ١٤-١٦ی ئەوگوستی ئەنجامی گرت و چوومە «سروچک». مەبەست لەو سەفەرە ئەوە بوو پێشان بدەین حکوومەت لێرە لەو ناوەندەی ئاژاوەدا وجودی هەیە و مودیرێکی نوێ بۆ ناوچەکە دانێین. مودیری نوێ عەبدولڕەحمان ئاغا لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی بوو. بۆ دابین کردنی ئەمنیەتی پتری ئەو، ئیزنی پێدرابوو، بۆخۆی چاوەدێرەکانی خۆی دامەزرێنێ. لە کەلی گۆیژەوە بەرەو ڕۆژهەلات چووین، ڕێی سیتەمان بەجێهێشت و شۆڕبووینەوە خوارێ؛ لە گوندێکی چوک بە ناوی «واڵدەنە» تێپەڕین. دوو مایل دورتر لەو جێیەی کە سەفەری پێشوو پێیدا چووبووین، لە ڕووباری «ئاڵەسێو» پەڕینەوە. بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاو، ڕێی باشووری ڕۆژهەلاتمان گرتەبەر. چەندجار، ئەوبەر و ئەمبەری ڕووبارەکەمان کرد تا گەیشتینە گوندی «کاژاو» کە ناوی خۆی دابوو بە زنجیرە چیای «کاژاو». لەم گوندەدا بوو کە شێخ عیسای هەمەدانی ژنی خواست و بوو بە بنەچەی زنجیرەی پڕلە ئەولادی ساداتی بەرزنجە. ڕووبارەکەمان بەجێهێشت و هاتینە ناو دەشتێک و سەرەنجام گەیشتینە گوندی «گێلدەرە» کە مەبەستی ئەو سەفەرەم بوو. هەوا تاریک ببوو، کە ئێمە گەیشتینەجێ و هاتنی ئێمە لە سلێمانییەوە پێنج سەعاتی خایاند. ڕەشە بایەکی ترسناک تا بەیانی دەوامی کردو خۆڵ و زبڵ و پوش و پەلاشێکی زۆری بە سەرماندا باراند. «گێلدەرە» گوندێکی خۆش ساخت و دەوڵەمەند بوو. نزیکەی چل پەنجا ماڵی بە بناری لای ژورەوەی بەرزایەکەوە هەبوو. «کەلی گێلدەرە» شکڵی «ناڵی



ئەسپ»ی هەبوو. توتنیان لە دەور و بناری ئەو تەپۆلکەیە چاندبوو و لە خوارەوەی لەناو دەشتەکەیدا بەروبوومی زستانی و هاوینی بەرچاو دەکەوت. ئەم گوندە پێشتر ناوەندی ئیداری ناحیەی سروچک بوو. سەرایەکی باشی حکوومەتی بە هۆدەی جیاواز بۆ مەئموورەکان و عەمبار و جێی بنەماڵەی مودیری هەبوو. پارەی پێویستم بۆ چاککردنەوەی تەرخان کرد و ماڵی شێخێکی ڕاکردووم بۆ سوارە چاودێرەکانی عەبدولڕەحمان ئاغا زەوت کرد.

دوای ئەنجامی ئەو کارانەو هێندێک کاریتر سوار بووین و بەباسکی ڕۆژهەلاتی «ناڵە ئەسپەکەدا» دەورمان لێ دا و ڕوومان لە دەشتی «زەڵێن» یا «زەری» کرد. سنووری ئەم دەشتە باشووری ڕۆژهەلاتی «مۆریاس»ە کە لێرەوە چوار مایل دوورە و وەک دەڵێن شوێنی هەرەباشی ناحیەیە[١٢]. ئەم جارە بەرەو کوڕەکاژاو چووین[١٣] کە لێرە

١٢- دوای چەند ساڵ، جادەی ئۆتۆمبێل، لە بەرزنجەوە بۆ دەشت کێشرا کە ئێستاش سەر بە قەلاچوالانە. ئەو ڕێیە بە بەشی هەرە خوارووی ڕووبارەکەدا کە ٤٠٠٠ پێ بەرزاییەتی تێدەپەڕێ و لە نزیک «موان» تێکەڵی جادەی سلێمانی- هەڵەبجە دەبێ.

١٣- سەرەڕای پرسیاری زۆرم لەو سەفەرە و سەفەرەکانی دیکەمدا، بۆ زانینی ناوی دروستی بەشەکانی زنجیرە چیای کوڕەکاژاو توشی دژواری بووم. دوا نەخشەی سەربازیی کە لە دەی مانگی ئاپریلی ١٩٤٢، بە ئەندازەی یەک لە ١٠٠,٠٠٠ هەڵگیراوەتەوە، ئەو بەشانە پێشان دەدا: (١) زنجیرەی ناوەندی کە لە باشووری ڕۆژهەلاتەوە بۆ باکور دەچێ، دەگەڵ سێ لوتکەی کە بەرزاییان بە ڕیز ٥٦١٤ پێ، ٧٢٥٤ پێ و ٧٣٤٧ پێیە. تەنیا لوتکەی دوایی ناوی هەیە کە ئەویش «کوڵی»یە. (٢) زنجیرەی ڕێکی ڕووبەڕوو لە باکوری ڕۆژهەلاتی زنجیرەی ناوبراو، لەگەڵ سێ لوتکەی کە بەرزاییان بە ڕیز ٥٣٧٠ پێ، ٦٢٤٠ پێ و ٦٥١٥ پێیە. تەواوی زنجیرەی کوڕەکاژاو و لوتکەیەک کە ٢٤٠ پێ بەرزاییەتی بە «بەردە کونتێ» دەناسری؛ (٣) لوتکەیەکی تەنیا ٦٦٩٣ پێ بەسەر بەرزایی باشووری ڕۆژئاوادا دەڕوانی و ناوی Woshkasheo. دیارە کە نەخشەگرەکان ناوی دوو زنجیرەی ڕێکی ڕووبەڕوویان بە هەڵە نووسیوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە: لوتکەی ٧٢٥٤ لە زنجیرەی یەکەم بە لێکۆڵینەوە کوڕەکاژاوە، بەڵام ئەو ناوە بەگشتی بە تەواوی زنجیرە چیاکەش دەگوترێ، لوتکەی ٧٣٤٧ (کە لە هەموان بەرزترە) پێشتر بەناوی گوندی «بەراو» جێگرتوو لە بەشی باشووری ئەو «کەچەڵ بەراو» و هێندێک جاریش «کەچەڵی» پێدەگوترا؛ لوتکەی ٥٦١٤ میراو (یا ڕەنگە پشتی چنارە) بێ. لە زنجیرەیتر لوتکەی ٥٣٧٠ بە ناوی پشتی حاجی مەمەند دەناسرێ کە ناوی لە گوندێکی ژێر خۆی وەگرتووە؛ لوتکەی ٦٢٤٠ ناوی «گوڵی» و لوتکەی ٦٥١٥ «کانی سیر»ە. لوتکەی تاق ماوەی ٦٣٩٣ «کەلی سارم»ە. بە گومانم لەوانەیە Woshkasheo هەمان «وشکە شیو» بێ، کە بە هەموو ئاودڕێک دەگوترێ.

٤٠٠٠ پێ بەرزاییەتی و لوتکەیەکی ڕووت و بەد سیمایە و بە درێژایی چوار مایل پاڵی بە ئاسمانی شینەوە داوە.

هێشتا سەعاتەڕێیەک نەهاتبووین و من ئێستاش بیرم لە نزیکی ڕێگا نەکردبۆوە، کە لەپڕ ڕێگا پێچی خوارد و ئێمەی گەیاندە نزیک بەرزنجە. بەرزنجە گوندێکی مەزنە و نزیکەی سەد و پەنجا تا دووسەد بنەماڵەی نفووسە. ماڵەکانی، لە ٩-١٠ ڕیزدا بە بناری لای باشووری کوڕەکاژاودا ساز کراون. گوندەکە، لە دوورەوە لە نیگارێکی ڕەش قەڵەم دەچوو کە جیا لە خاڵی ڕەنگینی بەرگی ژن و پیاو و منداڵەکانی دێ کە لە سەربانی ماڵەکان ڕاوەستابوون، هیچ شتێک ڕەنگی قاوەیی مۆری گوندەکەی تێک نەدەدا.

چووینە مزگەوتە ناسراوەکەی. مزگەوت لە چاو مزگەوتی دێ مزگەوتێکی گەورەیە؛ ڕەنگی دەرگا و میچ و قوژبنەکانی سەرەڕای تێپەڕبوونی زەمان خاوێن و ڕوشن بوون. ئەو بەردە ڕەشەی کە شێخ موسا و شێخ عیسا لەگەڵ خۆیان هێنا بوویان نزیکەی پازدە بە دوازدە ئینچ دەبوو و لە لای ژووری مزگەوت لە تەنیشتی دەرگا، لە دیواریان نابوو. خەڵک بە ڕادەیەک ئەو بەردەیان ماچ کرد بوو کە ساف و لوس دەدرەوشایەوە. ئەڵقە ئاسنێکی گەورە بە دەرگای مزگەوتەکەوە هەڵواسرا بوو. دەیانگوت لە شێوەی ئەڵقەی «کابە»یە. مەلای مزگەوت سکاڵای هەبوو و دەیگوت هەرچەندە کە بەپێی فەرمانی ساڵی ١٧٩٢ی سوڵتان سەلیم نیوەی داهاتی بەرزنجە وەقفی مزگەوت کراوە، بەڵام چەند ساڵێکە میراتگرانی سەید تەها، ئەم داهاتە بۆ خۆیان هەڵدەگرن. بەڵێنم پێدا لە داهاتوودا یاسای ئەو بەڵگەیە لەبەرچاوبگیرێ. دوایی چەند ساڵ، خۆم لە حاڵێکدا دیتەوە کە لە بەرامبەر وەزارەتی دارایی عێراقدا، لە مافی ئەوان پشتیوانیم دەکرد: وەزارەتی دارایی وەک گشت وەزارەتخانەکانی تری وەک خۆی دەیویست داهاتی ئەم گوندە بە داهاتی ئاسایی دەوڵەت دانێ.

هەرچەندە من بۆ خۆم ئەم شوێنەم نەدیوە کە ئێستا باسی لێ دەکەم، بەڵام بە ڕای کوردەکان، ئەو جێیە لە دوای کوڕەکاژاو و مزگەوتی بەرزنجە سێیەم شوێنی بەرچاوی ئەم ناحیەیە. ئەو جێیە، قەڵای «سروچک»ی نزیک مۆریاسە. وەک دەڵێن سەید قەلەندەری بەرزنجە بابی بابا ڕەسوڵی گەورە شوێنی ئەم قەڵایەی لە سەلیم شاخدار وەرگرتووە. کە وابوو مێژووی ئەو وەرگرتنە دەبێ لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ دابێ. سەلیم شاخدار، کە ناوی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە داستانەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەبیر دێنێت، سەرۆکی هۆزی «قۆێلە» (قەویلە) بووە، کە پێشتر پاشەبەرە هەژارەکانیمان لە گرووپی «غەوارە»دا دیت.



هاوکارە ئینگلیزەکەم، کاپیتان «س.چ.گاون»[١٤] دەیگوت قەڵا لە چاو تەمەنی باش ماوە و بۆ دیتن دەبێ. بە وتەی یەکێک لە جیهانگەڕانی ئەم دواییانە، کە خۆی کوردە[١٥]، ئەو قەڵایە لە بان تەپۆلکەیەک سازکراوە و دوو لای هەڵدێرگەیە و نزیک بە سێ سەد پێ بەرزتر لە شیوەکەیە. تەنیا ڕێگای چوون بۆ ناو قەڵاکە باریکەڕێیەکی لای باشووری ڕۆژئاوایەتی کە بە پلەکان بۆی دەچی. قەڵاکە بۆخۆی خڕە و شەش گومبەزی لە دەور ساز کراوە و ژووری دانیشتن، چێشتخانە، شوێنی هێزی پاراستن لە دوو یا سێ قاتیدا سازکراوە و حەوشەی ناوەندیی قەڵا جێی نزیکەی دوو هەزار کەس دەبێ و کانیاوێک لە سوچی باشووری ڕۆژئاوای حەوشەکەیە، کە ئاوەکەی بەڕادەیەک ڕەوان و «سازگارە» کە ئەگەر کەسێک بەیانی بگاتە ئەم جێیە تا ئێوارە بەناچار چوار پێنج جار نان دەخوا. من نەمویست میوانی کەسانێک بم کە گومانی ئەوەیان لێ بکەم کە لە ڕاپەڕینی ئەم دواییانەدا بەشدارییان کردبێ، لەبەر ئەوە دوای هەڕەشە لە شێخە گرنگەکانی حازر لەم کۆبوونەوەیەدا گوتم ئەگەر ڕاکردوویەکی دژ بە حکوومەت کە ناوی لە لیستەی کەسانی دژ بە حکوومەت لە لای خۆیان ڕاگرتبێ، ناوەندی ناحیە لە گێلدەرەوە دەگوێزینەوە بەرزنجە. دوای ئەوە لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئاغا ڕێگاکەمان درێژە پێدا. لە چیا سەرکەوتین، دەوری قەڵاکەمان لێدا و هاتینە کۆخی «هۆنەرێنە»، ئەو جێیەی کە تەکیەی بابا عەلی دووەم، کوڕی بابا ڕەسوڵی لێ بوو. دوای فراوێن بەرەو باشووری ڕۆژئاوا چووین: سەرەتا بەئاودڕێکی نێوان دوو لوتکەی بەرزی کوڕەکاژاو و «کەچەڵ باراو»دا شۆڕ بووینەوە، لە دوایی بە کەلێکی نێوان کەچەڵ بەراو لە باسکی ڕاست و «کەلیسارم» لە باسکی چەپ تێپەڕین و گەیشتینە گوندی باراو. گوندی بەراو لە بان دۆڵێکی درێژ جێی گرتووە کە لە باکوری ڕۆژئاواوە بەرەو چنگیان و ڕێگای پێنجوێن دەچێت. دوای هێندێک دواکەوتن، گەڕاینەوە شوێنی ئەو ئاودڕە وشک و بێ ئاوەی کە سەرەتا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچوو و لە دوایی پێچی دەخوارد و دەگەڕایەوە و «کەلیسارم»ی دەور لێ دەدا و سەرەنجام دەچووە ناو «ئالەسێو»، کە لە سەفەری پێشوومدا لە دوو مایلی سیتەک لێی تێپەڕیبووم.

بە ئاودڕەکەدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە کانیاوێکی زل و پڕ ئاو کە ئاوەکەی بەسەر لم و

---

14- C.H.Gowan

١٥- دەنگی دنیای نوێ، بەرگی ٤ ژمارەی ١، ئاپریلی ١٩٤٥

زیخاندا دەخوشی. ئەم جارە بەرەو گوندی «شوکە» چووین، کە ڕەز و باخ و سپیدار دەوریان تەنیوە و زەوییە توتنەکانی لە زەوییەکانی چوارتا دەچن. خانووبەرەی شێخێکی ڕاکردوو لەم گوندەبوو، کە دەرگایەکی زۆر گەورەی تێدابوو؛ ئەو خانووە شەش حەوت هۆدە و حەمام و باخچەی گوڵی زۆر جوانی هەبوو. ئاوی جۆگەلەی گوند لە خوارماڵەکان ژێر عەرز دەبوو. بۆ ماوەی پتر لە سەعاتێک بەناو ئاودڕێکی بەردەڵانیی خوار و خێچدا چووینەپێش. لە دێیەک تێپەڕین، ئاوەکە دیسان لەنێو خیزەڵانێکدا سەری هەڵدایەوەو سەرەنجام بە دەشتێکدا گەیشتینە «بزەنیان»، کە لە شوێنە وێران بووە پان و بەرینەکانی دەردەکەوت سەردەمێک گوندێکی دەوڵەمەند بووە و سەدان خێزانی تێدا ژیاوە، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووانی نەدەگەیشتە دە بنەماڵە. شێخ مەحموود و خێزانی، باخی ڕەزیان لەم گوندەدا هەبوو.

لە سەربانی مزگەوت دانیشتبووین، مەلایەکی چەنە سوک و زۆربڵێی خەڵکی سلێمانی هات و خۆی تێکەڵی کۆڕەکەمان کرد. دەتوانم بڵێم کاتێک ئەو لەنێوان قسەکاندا لەپڕ بە بێدەنگ هەستا و چوو عەباکەی لە سوچێکی بانەکە ڕاخست و هەردوو دەستی لەسەر گوێیەکانی دانا و بەدەنگی نەزۆر ناخۆش بانگیدا، خۆشحاڵ بووم. دوای خواردنی شیو هەوڵم دا «کۆڕێکی ئاهەنگ گێران» وەڕێ خەم. سێ کەس لە سوارەکانی عەبدولڕەحمان ئاغا دانیشتن و بە سەر و سیمایەکی گرژ و ناحەز دەستیان کرد بە قام و گۆرانی گوتن. هەرچەندە کە من داوام لێکردن بە کوردی گۆرانی بڵێن، بەڵام ئەوان دەچوونەوە سەر گۆرانی فارسی. سەرەنجام گۆرانیبێژی دێیەکەیان دۆزیوە، کە بەبێ شەرم کردن پڕ بەدڵ گۆرانیی دەگوت. بەداخەوە، من قەت نەمتوانی مۆسیقای ڕۆژهەڵات هەڵسەنگێنم و لێی تێ بگەم، ئەو گۆرانییانە بە لای منەوە زۆر لە یەکتر دەچوون، هەر بەیتێک گێڕانەوەی سەرلەنوێی بەیتی پێش خۆی بوو و تا دوایی بەمجۆرە دەچووەپێش. لە کۆتاییدا گۆرانیبێژەکە بە شێوەیەک لە هەناسەبڕکە کەوتبوو کە دەتگوت دوا هەناسەکانی دەکێشێ.

سەعات پێنجی بەیانی سوار بووین؛ لە عەبدولڕەحمان ئاغا کە دەبووایە بچێتەوە گێلدەرە جیابوومەوە و بە دەشتی ئاڵەسێودا چووینە پێش و لەو جێیەی کە کاتی هاتنمان لە ڕوبار پەڕیبووینەوە ئەم جارەش لە ئاومان دا، بەڵام لە «وەڵدنە» دیسان بۆ ڕابواردن باریکە ڕێی گۆیژەمان گرتە بەر، کە چۆنیەتی ئەو بە نیسبەت چیای گۆیژە وەک هاڕووتە لەگەڵ ئەزمەڕە.

ویستم وەسفی جوانیی ئەو وڵاتە خۆشە بە ڕاپۆرتی دوو دیداری دووروودرێژترم تەواو



بکەم کە ساڵانی دوایی لە باکوری شارباژێڕەوە کردبووم، بەڵام لەبەر تەنگبوونی جێ چاوم لێ پۆشی. لەجیاتی ئەو، چەند بەشێک لە ڕاپۆرتی ڕیچ دەگێڕمەوە، کە دەربارەی گەڕانەوەی خۆی لە سنەوە بە کوێرە ڕێگاکانی ئەو قەزایە نووسیویەتی و ڕێگاکەی لە باکورەوە بۆ باشوور بووە. ئەم ڕاپۆرتە پێشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە هەم لە وەسفی جوانیی ئەو وڵاتەدا زیادەڕۆییم نەکردووە و هەم ژیانی گوندییەکان لەو سەد ساڵەدا ۱۸۲۰-۱۹۲۰ ئاڵوگۆڕێکی زۆری بە سەردا نەهاتووە.

دوازدەی سێپتەمبەر: زوو گەیشتینە لێژاییەک کە ئێمەی بردە ناوچەی «بەبە». لێرەوە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش لەبەر چاوە؛ ڕێگا سەرەتا دەچووە ناو دۆڵێکی زۆر قووڵ، کە بنی نەدەبینرا. لە ڕووبەڕوو، زەوییەکی پان و بەرین قیت ببوەوە کە بەرزایی پتر لەو شوێنە بوو، کە ئێمەی لەسەر ڕاوەستابووین. ئەم بەرزاییە دوو لوتکەی هەبوو[١٦]. دوومەلانەیەکی باریک ئەم لوتکانەی لێک دەبەست. لوتکەی باکوری لە تەپۆلکەیەک دەچوو، کە ئێمە لە «سوێراوە»وە دیبوومان. دیمەنی ناوچەکە خۆش‌و دڵڕفێن بوو؛ دارستانی پڕلق و پۆ ناوچەکەی داپۆشیبوو و لەگەڵ گوند و کێڵگە سەوزەکانی دیمەنێکی جوانیان هەبوو. خەت و سیمای چیا و دۆڵ و شیوەکانی زۆر جوان بوون... شۆڕبوونەوەمان بەناو دارستانێکی جواندا بە چەند پشوودانی کورت و قوڵە دوو سەعاتی گرت. ڕێگا زۆر لێژ بوو، بەڵام بەو ڕادەیەش کە پیاو لەم ناوچە شاخاویەدا چاوەڕوانی لێ دەکرد زۆر خراپ نەبوو. کاتێک لەم جێیەوە تەماشای ناوچەکە دەکەی، دەبینی کوردستانی «ئێمە» لەگەڵ کوردستانی ئێران بۆ هەڵسەنگاندن نابێ. وابیر دەکرێتەوە کە تەنانەت سروشت و ڕەنگی خاک و خۆڵەکەشی گۆڕراوە. تەماشای هەر لایەکت دەکرد تێکەڵاوێک لە شکۆ و جەلال و جوانی بوو. سەعات دوازدە و نیو گەیشتینە ژێر لێژاییەکە و لە ڕوباری «بەڕۆژە» یا بانە پەڕینەوە کە ئاوی جۆبارەکانی‌تری تێدا کۆ دەبنەوە. ئەم ڕوبارە، ئێران و عوسمانی لێک جیا دەکردەوە و بەرەو باکور دەچێ و هێندێک ڕووی لە ڕۆژئاوایە و لەبان «کەراچوالان»[١٧] دەچێتە نێو ئاڵتون سوو.... وام هەست دەکرد هاتوومەتەوە ماڵی خۆم. وەسەر بناری چیا کەوتین و بە تەنیشت بەرزایی ڕووبەڕوودا ڕێگامان گرتەبەر، تا

---

١٦- ئەوانە لە بەشی سیوەیل جێیان گرتووە.

١٧- Karatcholan (قەڵاچوالان): ڕوباری قەڵاچوالان لە نزیک شینک دەڕژێتە نێو ئاڵتون سو.
ئاڵتون سو Altoon Soo هەمان زێی بچووکە.

گەیشتینە گوندی «مەروێ» لە ناوچەی ئالان. لێرە، کوردە ئەسڵییەکان پێشوازییان لێکردین و ئێستا بۆ ئەوە دەبوو کە هیواداربین ئاسایشمان هەبێ. گوندەکە لە جێیەکی جوان، لە قەراغ چیا و لەسەر تەپۆلکەیەکی ڕوو لە ڕوبار هەڵکەوتبوو. لە دەوروبەری، توتنێکی زۆریان چاندبوو و گوندییەکان خەریک بوون گەڵا توتنیان بۆ وشککردن بە بەن و شیشانەوە دەکرد....

سێزدەی سێپتەمبەر: سەعات حەوتی بەیانی کەوتینە ڕێ و بێ دواکەوتن بەرەو چیاکە و لوتکەی «گەمۆ» چووینە پێش. هەروەک پێشتر گوتم ئەو لوتکەیە شکڵ و سیمایەکی سەیری هەبوو. چیاکە پڕبوو لە کانیاو؛ وەرزێڕەکان ئاوی ئەو کانیاوانەیان بە جۆگەلەی باریکدا بردبووە بناری تەپۆلکەکان و جێی پێویست. سەعات هەشت و پانزدە خولەک گەیشتینە گوندی جوان و دڵگیری «دێڕە» (دێڕێ) کە لە ئامێزی گوێزەڵانێکی ئەوەندە جواندا خەملّی بوو و من تا ئەوکاتە نەمبینی بوو. دارەکان پڕلق و پۆ بوون. باخچە و بێستان، ڕەزەکان، زەوییە چێنراوەکانی گوند لە هەموو لایەکەوە لە ئامێزیان گرتبوو. لە زۆر جێدا، دار میوەکان باڵیان بەسەر دارەکانی تردا کێشابوو و پێیان هەڵچووبوون و تولیان بەسەر پەلەکاندا شۆڕ کردبۆوە و دارستانەکەیان ڕازاندبۆوە. کانیاوێکی زۆر لە بناری تەپۆلکەکە هەڵدەقوڵێن و ئاوی ڕوونیان وەک تاڤگەی بچووک بچووک بەسەر ڕیشەی دار و درەختەکاندا بەر دەبۆوە. جیا لە خوڕەی ئاو، دەنگی‌تر نەدەبیسترا. تێپەڕبوون بە جێیەکی ئاوا جوان و ڕازاوەدا، بەبێ پشوودان و ڕابواردن و کەڵک وەرگرتن لە جوانییەکانی کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەر ئەوە، لەگەڵ عومەر ئاغا لە ژێر سێبەری بنە گوێزێک لە تەنیشت جۆگەلە ئاوێکی باریک دابەزین؛ گوندییەکان بە پەلە هەنگوینی شانەو ڕۆنی کەرەی تازە و ماستاو و قۆخ و ترێیان بۆ هێناین. تا سەعات نۆ و دە خولەک لێرە ماینەوە و لە دوایی بەداخەوە ئەم شوێنە خۆشەمان بەجێهێشت و بەرەو لوتکەی چیاکە چووین و بە نیو سەعات گەیشتینە بەرزترین خاڵی، کە لە بابەت تەرح و دیدارەوە زۆر لە «ئالپ»[ح] دەچوو. کانیاوێکی لە ژمارە نەهاتووی لێ بوو... داری لێ نەبوو، بەڵام لەبەر ئاوی زۆری بە تەواوی سەوز و دڵڕفێن بوو، ئەم جێیە بە «هەزارکانیان» دەناسرا. گەیشتبووینە بەرزترین خاڵی ڕێگاکەمان؛ بەڵام دیسان

ح- زنجیرە چیایەکی با سەفایە، لە نێوان سنووری ئوتریش و ئاڵمان هەڵکەوتووە و جێگەی گەڕانی توریست و جیهانگەڕانە.



«گەمۆ» و لوتکەیەکی نزیکی بە سەرماندا زاڵ بوون. ئەم دوو لوتکانە ڕووت و بەردەڵانیین. ماوەیەک بە ژێر سێبەری ئەم لوتکەیەدا چووینەپێش. گوند و شیناوەردی سەر بەرزایی و تەپۆلکەکان لەوە دەچوون کە بە چیاکەوە هەڵواسراوبن، زۆر جوان ناوچەکەیان ڕازاندبۆوە. لە هەر سەد هەنگاوێکدا کانیاوێک دەبینرا کە ئاوەکەی بە ڕادەیەک سارد بوو، کە ددانی مرۆڤی دەتەزاند.... ڕێگا بەناو دارستاندا دەڕۆیشت، هەرچەندە خاکەکەی شل و پڕلە چەو و بەرد بوو، بەڵام لە چاو ئەم شاخ و کێوانە، ڕێیەکی دژوار و ناخۆش نەبوو.... سەعات دووی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی «کەنارۆ» لە ناوچەی «سیوەیل».

چواردەی سێپتەمبەر: سەعات شەش‌و نیوی بەیانی سوار بووین...... و بەرەو ڕوباری سیوەیل داگەڕاین کە لەژێر «سەرسیر» بە دوای هێندێک لاربوونەوە بەرەو ڕۆژئاوا، بۆ باکور دەچێ. سیوەیل لە ماوەت تێکەڵی ڕوباری «کەراچوالان» (قەڵاچوالان) دەبێ و ئەو دووانە بەیەکەوە دەچنە نێو ئاڵتون سوو. کاتی پەڕینەوە، ئاو دەگەیشتە ڕکێفی ئەسپەکان و لە دوایی کەم دەبۆوە.... زۆربەی ڕۆژانی وەرزی زستان، ئاوەکە بوار نادات و دەبێ بە سواری «کەڵەک» لێی بپەڕنەوە.... گەیشتینە دەشتی «شاری بازاڕ» (شاربازێڕ)...... و تووشی شیوێکی قووڵ بووین کە ڕوباری «کەراچوالان» (قەڵاچوالان) سازی کردبوو و بەرەو ناوچەیەک چووینەپێش کە شاری «کەراچوالان» (قەڵاچوالان)، پایتەختی کۆنی ئەو بەشەی کوردستانی لێ بوو. ئێستا، جیا لە چەند کۆخ شوێنەوارێکی‌تر لەم شارە بەرچاو ناکەوێ.

پازدەی سێپتەمبەر: سەعات شەش و دە خولەک سوار بووین؛ لەبەر ئەوەی کە چەند سەعاتی‌تر دەگەیشتینەوە سلێمانی خۆشحاڵ بووین. هەستمان لە هەستی کەسێک دەچوو کە خەریکی گەڕانەوە بوو بۆ ماڵی خۆی و لە ڕاستیدا دڵفراوانیی و میوانداریەتیی خەڵکی سلێمانی ببووە هۆی پێکهاتنی ئەو هەستە کە بەچاوی ماڵی خۆم تەماشای بکەم.

کاتی گەڕانەوەم لە بەرزنجەوە بۆ سلێمانی بروسکەیەک چاوەڕوانی دەکردم: بروسکەکە هی.ئا.ت.ویلسۆن بوو کە پێشنیازی کاری «ئەفسەری سیاسی هێزەکانی ئینگلیز لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران»ی پێدەکردم. ناوەندی ئەم هێزانە لە شاری قەزوین بوو. لەم پلەیەدا، جێی سەرهەنگ «تام ویکهام»[١٨]م دەگرتەوە. ئەو دەبووایە لەگەڵ شا بچێ

١٨- Tom Wickham دوای ماوەیەک لە تانتن بە نوێنەرایەتی پەرلەمان هەڵبژێرا.

بۆ سەفەری ئەورووپا. لە زۆر بابەتانەوە، کە کوردستانم بەجێ دەهێشت و بەپەرۆش بووم، چونکە کوردەکان هەستیان بە ویست و هاودەردیی من کردبوو و من بە تەواوی بۆ گەڕاندنەوەی نەزم و هێمنایەتی بۆ ئەم ولاّتە ڕەنج دیتوە هەولّم دابوو. سەرەڕای ئەوانە خزمەتکردن لە ئێران تەنانەت لە ناوچە ئالّۆزەکانی باشووریشدا بۆ من شتێک بوو کە هەر لە یەکەم ڕۆژانی ئەویندارى بووم و ئێستا خۆشیی خزمەتکردن لە باکوری ئێران گیان و لەشمی لە چاوەڕوانی خۆیدا قەتیس کردبوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی بیست و هەشتی ئەوگوستی، لەگەلّ کاروانێکی پێکهاتوو لە سێ فۆردی «تین لیزی» سلێمانیم بەجێهێشت. سەرۆکی شارەوانی، گرووپێک لە خەلّکی ناسراوی شار، هاوکارە ئینگلیزەکانم و کارمەندەکانی ئیداریی بەڕێیان کردم. ئۆتۆمبێلەکەم لە «قلیاسان» لە چوار مایلی سلێمانی گیروگرفتی بۆ پەیدابوو و ئەو گرفتە لە تەواوی ڕێگاکەدا بەردەوام بوو. ئۆتۆمبێلەکانی دیکەش لەو باشتر نەبوون و سەعات و نیوێکی تەواو بە نۆرە پالّمان پێوەنان تا سەرەنجام وەسەر کەلی ڕۆژئاوای چەمچەمالّ کەوتن. کاتێک لەژێر خۆری گەرم و سوتێنەری هەتاو لە کەرکووک نزیک دەبووینەوە، تەپۆلکە بۆر و تاوە سوتەکان لە هەمیشە ناشیرینتر دەهاتنە بەرچاو. تازە لە چەنگ ئۆتۆمبێلەکەی من ڕزگار ببووین کە ئۆتۆمبێلی دووەم شۆفێرێکی «بیرمە»یی لەسەر بوو لە ڕێگا دەرچوو و کەوتە ناو شیوێکەوە. بە خۆشیەوە شۆفێرەکەی و «عەبود» کە لە لای دانیشتبوو، بە سلاّمەت ڕزگاریان بوو.. ناچار بووم عەبود لە لای ئۆتۆمبێل و کەلوپەلەکانم بەجێهێلّم و دوایی بۆ هێنانەوەیان هەولّ بدەم.

بەیانی ڕۆژی دوایی چوومە فەتحە و لەو ڕۆژەوە تا هاتنی قەتاری بێجی- بەغدا میوانی سەرگورد «سلود»[19] فەرماندەی یەکانی ڕاگواستن بووم. چادر لە ڕادە بەدەر گەرم بوو و سەرگورد بۆ ئەوەیکە ژوورەکەی فێنک کاتەوە، چەند سەتلّ ئاوی لە لای خۆی دانابوو و جارجارە دیوارەکان و عەرزی چادرەکە و هێندێک جاریش کە دەمانویست لە دوا نیوەڕۆدا سەرخەوێک بشکێنین، پێخەفانەی ئاوپڕژێن دەکرد.

19- Selwood

# بەشی دووەم

## ٩- سلێمانی دوای دوو ساڵ

نزیکەی دوو ساڵی گرت تا گەڕامەوە عێراق. لەم ماوەیەدا گەلێک ئاڵوگۆڕی سیاسی ڕوویان دابوو، کە دەبێ ئاوڕێکیان لێ بدەمەوە تا زەمینەیەکی لەبار بۆ داستانەکە بڕەخسێنم.

٢٨ی یانواری ١٩٢٠، پەرلەمانی نوێ و زۆر ناسیۆنالیستیی تورکیا، لە ڕایگەیاند مادەی یەکەمی «پەیمانی نەتەوەیی» کە مافی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ عەرەبەکانی دەوروبەری هێڵی ناوچەی ئاگربەسی ساڵی ١٩١٨ بە ڕەسمی دەناسێ، واتە جیا بوونەوەی ویلایەتی مووسڵی لەهەرێمی ژێردەستەڵاتی حکوومەتی عوسمانیی ڕەد کردەوە.

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە پێچەوانەی ئەم «پەیمانە»، پەیمانێکی ئاشتییان نووسی کە بەگوێرەی ئەو ئیمپراتۆری عوسمانیی بە یەکجاری هەڵدەوەشا. پەیمانی ناوبراو، لە دەی مانگی ئەوگوستی لە لایەن بەشدارانی کۆبوونەوەی «سیڤەر»[1] ئیمزا کرا، بەڵام بە هۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانی «مستەفا کەمال» و بە حکوومەت گەیشتنی ئەو لە ئاناتۆڵی بەڕێوە نەچوو. دوو مادەی ئەم پەیمانە کێشەی گەلی کوردی دەگرتەوە و ویستی ئەوانی دەستەبەر دەکرد: مادەی ٦٢ خودموختاری نێوخۆیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆڵی پێشبینی دەکرد، کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن و مادەی ٦٤یشی بەمجۆرە بوو:

ئەگەر لە ماوەی یەک ساڵ دوای بەڕێوە چوونی ئەم پەیمانە گەلی کوردی دانیشتووی ناوچە دیاریکراوەکان لە مادەی ٦٢دا بە شورای کۆمەڵی نەتەوەیە کگرتووەکان بسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتووانی ئەم ناوچانە دەیانەوەی لە تورکیا جیا بنەوە و ئەگەر

١- Sevres یەکێک لە شارەکانی فەرانسەیە.



شورا بەپێویست بزانێ کە ئەو مافەیان بداتێ، تورکیا بەپێی ئەو پەیمانە قبووڵ دەکات کە ئەو ڕاسپاردەیە بەڕێوەبەرێ و دەست لە هەموو ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم هەرێمە هەڵدەگرێ... ئەگەر شتێکی وا ڕوویدات دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دژی یەکگرتنەوەی ئەو بەشەی کوردستان (کە تا ئێستا سەر بەویلایەتی مووسڵ بووە) لەگەڵ حکوومەتی سەربەخۆی کورد ڕاناوەستن.

پەیمانی سیڤەر بەر لەوەی کە لە دایک ببێ، مرد، بەڵام خەونی کوردستانی سەربەخۆ هەروا لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا زیندوو مایەوە و لەبیر نەکراو شەش ساڵیتریشی گرت تا سەرەنجام چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ بە یەکجاری دیاریکرا. لەم ماوەیەدا دڕدۆنگی وەک مۆتە خۆی بەسەر ڕەوتی سیاسەتدا کێشابوو و هەرچەشنە هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ جێگیرکردنی سیستمێکی بەهێز و خۆڕاگری ئیداری، تووشی شکەست و فەوتان دەکرد.

مادەی بیست و دووی پەیماننامەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنامەی ئاشتی «ڤیرسای» لە ژوئینی ١٩١٩ ئیمزاکرا، گوتبووی جەماوەرێک کە پێشتر سەر بە ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوون، بە شێوەی کاتی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێن و «تا ئەوکاتەی خۆ لەسەر پێ ڕادەگرن، دەوڵەتێک کەفیلیان بێ و لەباری ئیدارییەوە سەرپەرشتی و ڕێنوێنی و یارمەتیان بکات». دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیزتان، لە ئاپریلی ١٩٢٠ واتە ئەوکاتەی خەڵکی دانیشتووی ناوچەکانی ناوەندیی و باشووری (عەرەب نشین) وڵات ڕاپەڕیبوون و بزوتنەوەی توندوتیژی عەشیرەتیی تێیاندا سەری هەڵدابوو و لەناو هەست و پەنجەو کوڵی ناسیۆنالیستیدا دەیاننالاند، سەرپەرشتی عێراقی لە ئەستۆ گرت. بزووتنەوە تا سەرەتای وەرزی پاییز خامۆش کرا، بەڵام ئەمکارە دورلە دژوارییی نەبوو. حکوومەتی سەربازی، کاتێک هەڵگیرا کە سێر پرسی کاکس، «کۆمیسێری مەدەنی» پێشوو، لە پلەی کۆمیسێری باڵادا گەڕایەوە بەغدا و بەرپرسایەتی کارەکانی مەدەنی لە سێر ئارنوڵد ویلسۆن وەرگرت. لەم ماوەیەدا، سێر پرسی کاکس وەزیرموختاری ئینگلیز بوو لە تاران و سێر ئارنوڵد ئەرکی ئەوی لە عێراق بەڕێوە دەبرد. ڕۆژی یازدەی نۆڤێمبەر، حکوومەتی میللی کاتیی بە سەرۆکایەتی سەید عەبدولڕەحمانی گەیلانی، نەقیبی بەغدا[2] پێکهات، کە پێشتر لە پەیوەندی لەگەڵ

٢- لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە چەند شاران نازناوی نەقیب دراوە بە سەرۆکی بنەماڵەکانی سادات.

تەریقەتەکانی دەروێشی ئامـاژەم بۆ کرد. ڕاوێژکاران و پسپۆڕانی ئینگلیز لە وەزارەتخانەکان و ئیدارە تازە پێکهاتوو دامەزران. ئەندامانی ئیدارەی سیاسی پێشوو کە ژمارەیان بەتەواوی دابەزیبوو، بەسەر «لیژنەی نوێنەرایەتی نیشتەجێی ئینگلیز لە عێراق»[٣] و وەزارەتی ناوخۆی وڵات دابەش کران: لە ناو ئەم ژمارەیەدا «ب.چ. بوردلین»[٤] کرا بە جێگری کۆمیسیێری باڵا و «چ. سنت.ج.ب. فیلبی»[٥] بوو بە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی وڵات و یاریدەدەرێکیشی بۆ دیاریکرا. ئەوانیتر بوون بە «موتەسەریفەکان» و ڕاوێژکار و ژمارەیەکی کەمیشیان کران بە ڕاوێژکاری قایمقامەکان.

لە ئینگلیستان، ئیدارەیەکی جیاواز بەناوی ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەناو وەزارەتی کۆڵۆنیالیدا پێکهات و ئەرکی عێراقی لە «ئیندیا ئافیس»[٦] وەرگرت. لە مانگی مارسی ١٩٢٠، بەڕێز وینستون چرچیل وەزیری کۆڵۆنیالیستی، کۆنفرانسێکی لە قاهیرە پێکهێنا و لەودا چوارچێوەی سەرەکی سیاسەتی بەریتانیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستنیشان کرا.

لە نێوان پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنفرانسەدا بڕیاری دانانی «ئەمیر فەیسەڵ»، کوڕە دووەمەکەی حوسێن شەریفی «مەککە» بە شای عێراق بوو، کە دەبوایە پشتگیری لێ بکرێ. بە پێی ئەم بڕیارە، فەیسەڵ لە مانگی ژوئیندا، بە پاپۆڕێکی ئینگلیز هاتە «بەسرە» و لە بیست و سێی ئەوگوستی و لە هەڵبژاردنێکی گشتیی خەڵکدا کە دەنگی لەگەڵ (موافیق) بە شێوەی ڕەسمی **٩٦** لەسەد ڕاگەینرا، وەک پاشای عێراق ناسێنرا. «پارێزگا»ی سلێمانی بەشداریی هەڵبژاردنی نەکردو چوار لەسەدی دەنگی دژ بە شێوەی سەرەکی هی کەرکووک بوو، چونکە تورکەکانی ئەو جێیە حکوومەتێکیان دەویست کە لە بنەماڵەی عوسمانی بێ و کوردەکانیش داوای حکوومەتی سەربەخۆی کوردیان دەکرد. نوێنەری ئەم دوو پارێزگایە بەشداریی ڕێوڕەسمی تاجگوزارییان نەکرد. بڕیارێکیتری کۆنفراسی قاهیرە ئەوە بوو کە لە پاییزی ساڵی **١٩٣٢**وە هێزەکانی هەوایی سەڵتەنەتی بەرپرسایەتی بەرگری کردن لە عێراق و پاراستن و دابین کردنی نەزم و ئاسایشی ئەو وڵاتەی لە سوپا وەرگرن.

---

3- British Residency

٤- B. H. Bourdillon، دوایی سێر برنارد بورلین بوو بە حوکمرانی نیجریە.

5- H.St.J.B.Philby

٦- India Office ، ئیدارەی کاروباری هیندستان.



گواستنەوەی دەستەڵاتی ئیداری لە کۆمیسیێری باڵاوە بۆ دەوڵەتی کاتیی، بێگومان مەسەلەی داهاتووی ناوچە کوردنشینەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زەق دەکردەوە. دوای ئیمزای پەیمانی سیڤەر تورکان هەوڵێکی پتریان دا کە بە دانیشتووانی ویلایەتی مووسڵ بسەلمێنن کە ئەو پەیمانە تەنانەت نرخی ئەو لاپەڕە کاغەزەش نییە کە لە سەری نووسراوە: هەڕەشەیان دەکرد کە هێرش دەکەن. بەنهێنی لەگەڵ عەشیرەتە نارازییەکان پەیوەندییان دەگرت و بە ئاشکرا خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین هان دەدا. هەڕەشەیان لە «خایینەکان» دەکرد و لە خەڵکیان دەویست پشتی سوڵتان خەلیفەی ئیسلام بگرن و پێی وەفادار بن. کوردەکان کە ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاگەیاندنە بوون، ئێستا تووشی گەلێک هەست و بۆچوونی لێک جیاوازی دژ بەیەکتر ببوون وەک: ئەمەگناسییەتی بە ئایین، هەستی ڕێز و خۆشەویستی ئەربابەکانی پێشوو و ترس لە دەستەڵاتی ئەوان، خەونی سەربەخۆیی کە تەنیا بە پشتیوانی بەریتانیا بە ئەنجام دەگەیشت و بەریتانیاش بە ڕواڵەت ڕای لەسەر نەبوو، پەژارەی کۆت و زەنجیرێک، کە دەستەڵاتدارییەتی حکوومەتی لە دەست و پێی دەکردن، زانینی دروستی ئەم واتایە کە لە باری ئابوورییەوە بە بەغدا دەبەسترێنەوە و سەرەنجام قین و تووڕەیی و بێزار بوونیان لە قبووڵکردنی حکوومەتی عەرەب تەنانەت بە هێندێک خودموختاریشەوە. بەگوێرەی بڕیارێکیتر کە لە کۆنفرانسی قاهیرە پەسەند کرابوو، کۆمیسیێری باڵا چەند هەنگاوێکی بۆ دابینکردنی داواکانیان هەڵێنایەوە و ڕێگەچارەیەکی مامناوەنجی پێشنیاز کرد و ڕۆژی شەشی مانگی مای واتە حەوت هەفتە دوای هاتنی فەیسەڵ بۆ عێراق بڵاوی کردەوە. دەکرێ شکڵی پێشنیازکراو بۆ دوو پارێزگای باشور بەم جۆرە کورت بکرێتەوە:

ئا- ناوچە کوردنشینەکانی لیوای مووسڵ بەچەشنی لیوایەکی فەرعی لە ژێر بەرپرسایەتی مەئموورێکی ئینگلیز بە پلەی جێگری موتەسەریفدا دەبن. کارمەندانی لیوای فەرعی مووسڵ بە تێکڕایی کورد یا عەرەبی کورد زمان دەبن؛ دانانی کارمەند بۆ ئەو ناوچانە لەژێر چاودێریی کۆمیسیێری باڵادا دەبێ؛ دەربارەی دیاردەکانیتری لیوای فەرعی مووسڵ بە تەواوی سەر بەعێراق دەمێننەوە.

ب- هەولێر، کۆیە و ڕەواندز لە لایەن کارگێڕە ئینگلیزەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام بۆ دانانی مەئموری حکوومەتیی هەوڵ دەدرێ ویستی خەڵک لەبەر چاو بگیرێ.

خاڵە پێشنیازکراوەکان بۆ سلێمانی پان و بەرینتر لەوانە بوو و

ناوەڕۆکەکەیان بەم جۆرەیە:

سلێمانی ناوچەیەکی موتەسەریف نشینە و موتەسەریف لەگەڵ «شورا»یەک کارەکان بەڕێوە دەبات. موتەسەریف لە لایەن کۆمیسیێری بالاوە دیاریی دەکرێ و ڕاوێژکارێکی ئینگلیزیشی لەگەڵ دەبێ. تا دانانی موتەسەریف حاکمێکی سیاسی ئینگلیز ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێ. موتەسەریفی بەستراوە بەشورا دوای ڕازیبوونی کۆمیسێری بالا و لەسەر ئیزنی شورای حاکمی عێراق هێندێک مافی زیادەی دەدرێتێ و ئەو دەتوانێ بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی بچێتە لای کۆمیسێری بالا. تا دیاریکردنی کەسانی لێهاتووی کورد، مەئموورە ئینگلیزەکان ئەرکی قایمقامەکان بەڕێوە دەبەن. پلانی بەرچاو بۆ مووسڵ، کە ناسیۆنالیزمی کوردی زۆر لێ بەهێز نەبوو هەرگیز بەجێ نەگەیشت و هەرچەندە دابەشکردنی ئەم ویلایەتە ڕام نەکراوە بەسەر دوو پارێزگادا زۆرجار بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٤٤[٧]دا ڕاسپێررا، دەستەلاتی بنەماڵە گرنگەکانی شاری مووسڵ هەمیشە کۆسپ و لەمپەری سەر ئەم دابەشکردنە بوون.

بۆ سەلماندنی پێشنیازی هەولێر، هەرچەندە ئەو شارە لەژێر دەستەلاتی سوپای بەریتانیادا بوو، بەڵام حکوومەتی کاتیی عێراق داوای کردبوو ڕێکخستنی ئیداریی پێشووی عوسمانییی لێ دامەزرێتەوە، کە بەپێی ئەو پێشنیازە هەولێر، کۆیە و ڕەواندز «قەزای» جیاوازی سەر بە کەرکوک بوون، بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی کۆمیسێری بالا ئەم هەرێمە وەک پارێزگایەکی فەرعی لێهات و کوردێک بوو بە جێگری موتەسەریف و کاری تێداکرد. ئەم جێگرە زۆر زوو، لە هەموو بارێکەوە بە کردەوە لە کەرکووک بڕا. دوای هەڵبژاردنی گشتی وەزعێکی سەیر پێکهات: جێگری موتەسەریف لە هەولێر ئاڵای عێراقی لەسەر دەرگای سەرای حکوومەت هەڵکرد، بەڵام سەرۆکەکەی کە موتەسەریفی کەرکووک بوو و ژێردەستەکەی کە قایمقامی ڕەواندز بوو، ئەم کارەیان نەکرد و ئاڵای عێراقیان هەڵنەکرد.

سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەی ڕەسمی ئەم دوو پێشنیازانەی کە ئاماژەم بۆ کردن لەبەر چاو نەگیران، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمیسێری بالا تا دوای بەستنی پەیمانی ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ تورکیا و بەگشتی تا تەواوبوونی دەورانی سەرپەرشتیی لە ساڵی ١٩٣٢دا، دەستی لە کارەکانی کوردستان هەڵنەگرت. دوای هەڵبژاردن، حاکمی سیاسی

٧- لەوانەیە ساڵی ١٩٢٤ بوو بێ، وەرگێڕ ف.



سلێمانی لە تەنیشت شورا بەڵام لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی کۆمیسێری بالا کارەکانی پارێزگای بەڕێوە برد.

مارسی ١٩٢١ لە قەزوین بووم کە بروسکەیەکم لە بەغداوە پێگەیشت، کە دەیگوت لە ڕێکخستنی نوێی حکوومەتی عێراقدا بە «ڕاوێژکاری ناوچەیی»[٨] هەڵبژێردراوم و پلەی جێگری ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی وڵاتم دراوەتێ. گوتبوویان بە پەلە ئەرکەکانم بە جێگری یەکەمی کارگێری سیاسی بسپێرم و زوو بچمە بەغدا. یەک دوو ڕۆژ بەو لە چوونم سەید «زیائەدین» و «ڕەزاخان» لە تاران کودێتایان کرد. ئۆتۆمبێلەکەم بە ناچار لە ڕێگا بەجێهێشت و بە سواری حوشتر بەناو بەفرێکی قورسدا هاتمە هەمەدان. لە هەمەدان بروسکەیەکیان پێدام، کە تێیدا نووسرابوو، بگەڕێمەوە قەزوین و «تا ئەوکاتەی هێزەکانی بەریتانیا لە ئێران بوون»، منیش لە قەزوین مامەوە.

کاتێک، لە ناوەڕاستەکانی مانگی مایدا خۆم لە بەغدا ناساند «فیلبی» داوای لێکردم زوو ئەرکی یاریدەدەری ڕاوێژکار وەرگرم، بەڵام چونکە جیا لەو ماوەیەی کە لەبەر نەخۆشی گرانەتا چووبوومە پشوودان، لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩١٢وە کە هاتبوومە کەنداوی فارس پشووم نەدابوو و هەستم دەکرد مافی خۆمە ئەگەر بەرلە دەستپێکردنی کاری نوێ لەم ناوچە پڕ لە ئاژاوەیەدا و قبوڵکردنی دژوارییەکان و گوشاری گەرمای هاوینێکی‌تر لە باشوور، ماوەیەک بچمەوە ئینگلیستان و بحەسێمەوە. ئەو بەشەی دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەم کە دەگەڕایەوە سەر مانگی ئاپریلی ١٩٢٠ تا ئەوگوستیی ١٩٢٢ لە دۆخێکدا کە لە فەسڵەکانی داهاتوودا ئاماژەیان بۆ دەکەم، ون بوو، بەڵام وێنەکانی ئەو سەردەمە بە بیرم دێننەوە کە چۆن پاپۆڕەکەمان بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ لەناو تینی گەرمایەکی زۆر و تاقەتبڕ لە زارکی کەنداوی عەرەب لە قوڕ گیرا و پاپۆڕی «هاردینگ»[٩] سەر بە دەزگای بازرگانی سەڵتەنەتی هیندستان بە نزیکی ئێمەدا چووە بەسرە. ئەمیر فەیسەڵ لەو پاپۆڕەدا بوو، هەرچەندە کە ئەم مەسەلەیە ڕازێکی ئاشکرا بوو.

دوای گەڕانەوەم لە پشوودان بۆ بەغدا لە ئاپریلی ١٩٢٢دا، کۆلۆنێل کورنوالیس (سێر کنیاهانی ئێستا)[١٠] بە جێی فیلبی ببوو بە ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆی وڵات. سێر

8- Divisional Adviser
9- Hardinge

١٠- Cornwallis سێر کیناهانی Kinahan ئێستا.

کیناهان لە ڕاستیدا وەک ئەفسەری پەیوەندیگر و ڕاوێژکاریی تایبەت لەگەڵ ئەمیر فەیسەڵ هاتبوو. لە کارەکاندا، جیا لەوانەی کە بڕیاریان لەسەر درابوو، ئاڵوگۆڕێکی‌تریش بەرچاو دەکەوت و کاتێک بیستم ئەو کارەی کە منی بۆ پاڵێوراوم نامدرێتێ و تەنانەت نابێ بەجێیی ئەو ناوچەیەکم لە عێراق لە ژێر فەرماندا بێ و کرابووم بە جێگری حاکمی سیاسی هەڵەبجە، واقم وڕما و نارەحەت بووم. هەڵەبجە سەر بە سلێمانی بوو و هەروەک پێشتر گوتم دەنگی بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی نوێیی عێراق دابوو. ئەم کارە بە ڕای من کەمتر لە هەموو ئەو کارانە بوو کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەنجامم دابوون و لەگەڵ دواکارم لە پلەی کارگێڕی سیاسیی «هێزەکانی بەریتانیا لە باکوری ئێران»، کە پێنج جێگری سیاسیم لە ژێر فەرماندا بوو و بەرپرسی پەیوەندیی هێزەکانی بەریتانیا لەگەڵ حکومەتی ئێران و خەڵکی سنوورەکانی ڕووسیا و تورکیا لە باکور و ڕۆژئاوا تا تاران و هەمەدان لە ڕۆژهەڵات و باشور لە بەرامبەر فەرماندەی گشتیی دابووم، لە زەوی تا ئاسمان فەرقی هەبوو، بەم حاڵەش هەستم دەکرد کارەکەم بەباشی ئەنجام دابوو. گوتنی ئەوەی کە سلێمانی نائارامە و پێویستی بە کارگێڕێکی بە ئەزموون هەیە یا ئەوەی کە ئەوە کارێکی پڕاکتیکییەو کاری ڕاوێژکاریی نییە، یا ئەوەی کە ئەرکێکی ئاسایی نییە و بەڵکوو تایبەتییە، منیان ڕازی نەدەکرد. هەستم دەکرد دوای پێنج ساڵ دوورکەوتنەوەم لە عێران و چوونم بۆ پشوودان ئەویش لەو سەردەمەدا کە گەلێک گۆڕانکاری و بڕیاری گرنگ ئەنجامیان گرتبوو، بۆ وڵاتێک گەڕاومەوە کە «یووسف» نا ناسرێتەوە[11] و باشترە بگەڕێمەوە بۆ دەزگای ئەسڵی خۆم کە ماوەی حەوت ساڵی لێ دوور بووم. لەسەر داوای من کۆمیسێری باڵا بروسکەیەکی بۆ سێر «پرسی لۆرن»[12] وەزیرموختاری دەوڵەتی خاوەن شکۆ لە تاران نارد و پرسیاری لێکرد، کە لە ئێران پێویستییان بەمن هەیە؟ وەرگرتنی وەڵام بێگومان ماوەیەکی دەخایاند؛ لەبەر ئەوە بڕیار درا تا گەڕانەوەی نوێل لە مەئمووریەتی باکوری کوردستان کە ڕایگەیاند بوو بۆ ئەنجامی هەموو کارێک لەژێر فەرمانی کۆمیسێری باڵادا ئامادەیە و نایەوێ بگەڕێتەوە هیندستان، بە شێوەی کاتی سەرپەرشتیی هەڵەبجە بکەم.

لە سلێمانییش کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ پێکهاتبوو. ئەم ناوچەیە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە

---

١١- ئاماژەیە بە داستانی یووسف.

12- Sir Percy Lorain گوتنی دروستی ئەم ناوە لورینە



شۆڕشی عەرەبان بەردەوام بوو لە سایەی سەری سۆن و زەبر و زەنگەکانی ئارام بوو، بەڵام چونکە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە بە کەیفی سۆن نەبوو، داوای نەقڵی کردبوو. جێگرەکەی، «گۆڵداسمیت»[13] پیاوێکی سەر و ڕوو خۆش و بە زمان بوو و لە باشوور و ناوچەی خانەقین باشی کار کردبوو، بەڵام لەشی ساخ بە توانا نەبوو. ئەو بارودۆخەی کە لە گەڕانەوەدا لەگەڵی ڕووبەڕوو بووم بە وتەی خەڵکی ئەمڕۆ، «زۆر خراپ و نالەبار بوو». حاکمی سیاسی هەڵەبجە، کە دەبوایە من جێی بگرمەوە بەتەواوی ورەی لە دەستدا و خەریک بوو مێشکی تێک بچێ. عەشایری ڕام نەبووی چیاکانی هەورامان بە سەرۆکایەتی «مەحموود خانی دزڵی»، لە کوردستانی ئێرانەوە پەلاماری دەشتی شارەزووریان دەدا و ئەم ژمارە گوندانەش کە لەم بەرەی سنوور و لە خاکی عێراقدا بوون، ڕێگەیان بە مەئموورەکانی دەوڵەت نەدەدا، کە بۆ کۆکردنەوەی باج و تەنانەت هەڵسەنگاندنی ڕادەی باجی بەرهەمەکانی سروشتیش بچنە گوندەکانیان. مەحموود خانی دزڵی دوای بەشداریکردنی چالاکانە لە شۆڕشی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا، لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بە ئێمە تەسلیم کرا کە دووری خەینەوە. دوای چەند مانگ دوورخستنەوەی بەبێ ئەوەی کە باش بیری لێ بکرێتەوە، ئیزنی گەڕانەوەی پێدرایەوە. لە ئاکامی ئەو کردەوەیەی ئێمەدا بە پەلە پەیوەندی بە داروودەستەی کەمالییەکان گرت. لە نێوەڕاستەکانی یانواریدا، «فیتر گیبون» لە ڕاپەرینێکی نزیک خورماڵ کوژرا و تەنیا گەیشتنی هێزی هەوایی بوو، کە پەلاماری سەر هەڵەبجەی تێک شکاند. وەزع و حاڵی جێگری حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە بەهۆی کۆمەڵە پیلانێک کە لە خودی هەڵەبجە و لە نێوان جافەکانی سەر بەعادیلە خان دادەڕێژرا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو. عادیلە خان لەگەڵ ئەوەش کە دەیگوت ئێستاش بە دەوڵەتی خاوەن شکۆ، «دیارە بە سۆن و لیز» وەفادارە، لەگەڵ دوا نوێنەری حکوومەتی لێک لالوت بوون و ئەو تێکهەڵچوونەش بەڕای ئەو نوێنەرە بێگومان لەوە سەرچاوەی دەگرت کە بەشێک لە هیوا و ئاواتەکانی عادیلە خان لەگەڵ دۆخی سەردەمی ئاشتی و هێمنایەتی یەکیان نەگرتەوە.

ڕانیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئامانجی پیلان و ئاژاوەگێڕیی تورکان بوو، تەنانەت وەزعی لەوەش لە هەڵەبجەش نالەبارتر بوو. بەشێک لە عەشایری پشدەر، «بلباس» و «ئاکۆ» ڕاپەڕیبوون. لە مانگی ئەوگوستیی ١٩٢١، ڕانیە کەوتە بەرپەلاماری هێزی عەشایریی

---

13- Goldsmith.

و ژمارە سەربازێکی تورک. هەرچەندە ئەم پەلامارە بە هۆی عەمەلیاتی هەوایی تێک شکا و پاشەکشەی پێکرا، بەڵام جێگری حاکمی سیاسی بەناچار پتر خەریکی کارەکانی پۆلیس و ڕاگرتنی هێمنایەتی بوو. سەرەڕای ئەوانە، لەبەر کوشتنی یەکێک لە ئاغاکانی ناوچە لە دەفتەری کارەکەیدا کە بە خەنجەر پەلاریدا بوو، کێشەکە دوژمنایەتی شەخسی پێکهێنابوو و دەبوایە جێگری حاکمی سیاسی بە زوویی لە ڕانیە دوور بکرێتەوە.

ساداتی بەرزنجە لەژێر پەردەی بیری ناسیۆنالیستیی کورددا، لە بەشەکانی ناوەندیی و باشوری ناوچە و هەروەها لە ناوچەکانی ڕووبەڕووی پارێزگای کەرکوک، هەموو ئەو کەسانەی بەرەو خۆ ڕاکێشابوو، کە دڵیان بە حکومەتی یاسا خۆش نەبوو و بە مەبەستی ڕێگا خۆشکردن بو گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود و دامەزراننەوەی ئەو خەریکی شەڕێکی توند و تیژی دەرونی بوو. شێخ مەحمودیان لە هیندستانەوە هێنابۆوە «کەوێت». لەناو ئەو بگرە و بەرەیەدا، کەسێک کە پشتی بە ڕواڵەتی ئارام و عقلی سەلیمی ئەستور بوو، نەخشی گرنگی گێڕا. ئەو کەسە شێخ عەبدولکەریم بوو، کە تەکیەکەی لە قادرکەرەم لە ڕۆخی چەپی ڕوباری باسرە دانابوو.

وەزعەکە بەگشتی لە بنەڕتەوە نادروست بوو. کۆمیسیری باڵا دەستی لە هەموو دەستکەوتێکی مادیی خۆی بەقازانجی عێراق هەڵگرتبوو و نوسینگەی بەڕێوەبەرایەتی فەرماندەی گشتی بریتانیاش وەک هەمیشە لە بەشدارییکردنی هێزەکانی سەڵتەنەتی لە ناوچە دورکەوتوەکان کە بۆی گرنگ نەبوون، خۆی دەبوارد؛ دابین کردنی خەرجی «هێزەکانی ناوچەیی»ش لە ژێر دەسەڵاتی ئەفسەرە ئینگلیزەکاندا هەربەم ڕادەیە دژوار بوو، داهاتەکانی ڕاستەوخۆی ناوچە لەوانە بوو بتوانێ خەرجی کارەکانی ئیداری و پۆلیس دابین بکات، بەڵام بەبێ بەشێک لە داهاتی گومرگ و داهاتەکانی ناوەندیی دابینکردنی خەرج بۆ ژیانێکی ئاسایی و هەژارانەش دوربوو لە چاوەڕوانی. زۆربەی مەئمورە ئینگلیزەکان لە وەزارەتخانەکان و ئیدارەکانی بەغدا دەیانگوت، کوردەکان کە لە ڕوی لێکۆڵینەوە و بە زانیاریی خۆیان لە حکومەت کێشاوەتەوە حەق نیە یارمەتیان پێ بکرێ و شێلگیرانە لایەنی عەرەبەکانیان دەگرت. ڕاستە، ئەگەر کوردەکان لایەنگرییان لە یاسا کردبا، دەکرا شێوە حکومەتێکی لێ بەڕێوە بچێ، بەڵام لە وڵاتێکدا کە نۆ لە دەی خەڵکەکەی ئەرکی ئاسایی بەستراوەیی بە وڵاتیان (تابعیت) بە چاوی زۆر و داسەپێنراو دەبینی؛ لەبەر ئەوە ئەرکی حاکمی



سیاسی شێوەیەکی نالەباری بە خۆوە دەگرت.

لە کاتێکدا ئینگلیستان ڕای لەگەڵ حکومەت کردن بەسەر ناوچەکەدا نەبوو، بە ڕواڵەت دەرەتان بۆ دابین کردنی دوو شێوە سیاسەت بەرچاو بوو. سیاسەتی یەکەم ئەوە بوو، بە بڕیارێکی یەکلایەنە سلێمانی و کەرکوک، چ خەڵکەکانی پێیان خۆش بێ یا نا، بخرێنە سەر حکومەتی عێراق، بەڵام ئەم کارە پێشێلکردنی ئەو بەڵێنە ڕاشکاوانە بوو کە لە پەرلەمانی ئینگلیز دەربارەی کوردەکان ڕاگەیانرابوو، کە ئەوان بە زۆرەملی بە وڵاتێکی عەرەبییەوە ناچەسپێنن. ڕێگای دووەم، ڕێگای گۆڕینی حکومەتێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی ناڕاستەوخۆ بە هۆی کەسایەتێکی گرنگی کورد بوو، کە بتوانێ پشتیوانی گشتی بۆلای خۆی ڕاکێشێ و لە بەرامبەر پڕوپاگەندەی خەلیفەی تورکاندا تاقەت بێنێ کە بەتایبەت گوندییەکان و عەشایری ساویلکە پشتیان دەگرت. ئەگەر کەسێک لە بنەماڵەی بابان خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە پێویستە بوایە، لەوانەبوو ناوی ئەو بتوانێ جیالە شێخەکان، کۆمەڵانی نیشتیمانپەروەر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام دەرکەوت ئەو کەسەی کە بۆ ئەم مەبەستە لە بەغداوە ڕەوانە کرا، تەنانەت زمانی کوردیش نازانێ و پتر لەوەی کە لایەنگریی لە سیاسەتەکانی ڕۆژ بکات، لەگەڵ مێژووی ڕابردووی بنەماڵەکەی دەژیا.

گلداسمیت بێگومان بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی ناوچەکە دەیویست داوا لە شێخ مەحمود بکات، بگەڕێتەوە سەر شوێنی پێشووی خۆی. من دەمگوت شێخ مەحمود پیاوێکی سەرەڕۆیە و ئێمە دەبێ ڕوو لە جێیەکی دیکە و کەسێکی دیکەی وەک سەید تەهای کوڕی شێخ محەمەد سەدیق، نەوەی شێخ عەبدوڵڵای ناسراوی شەمدینان بکەین. من بۆ خۆم ئەوم نەدیبوو، بەڵام کارگێڕانی ئێمە لە ڕەواندز، لە ڕاپۆرتی خۆیاندا ئەویان وەک مرۆڤێکی ڕێکوپێک و خاوەنی بیروباوەڕی نوێ ناساند بوو. نوێلیش کاتێک گەیشتێ، کە دەربارەی گەڕاننەوەی شێخ مەحمود کە پێشتر سەرەڕۆ بووە، دوو دڵی پێشاندا و گوتی بە ڕای من بەو شەرتە بگەڕێتەوە، کە قسەکانی لەگەڵ ئێمە پێشان بدەن وانەکەی فێربووە. سەرئەنجام ڕوداوە یەک بە دوای یەک و بە پەلەکان ئێمەیان بە پێچەوانەی ویستی خۆمان توش کرد.

جێگری حاکمی سیاسی هەڵەبجە، خانووی حامید بەگی جاف نەوەی عوسمان پاشای (لە ژنی یەکەمی، نەک لە عادیلە خان) بۆ کار و ژیان لە دەستدا بوو. ئەو خانووە دوای بەشداریی کردنی خاوەنەکەی لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٩دا داگیر کرابوو. خانووەکە لە لای

ڕۆژئاوای شار بوو و دەرگای بۆ کۆڵانێکی تەنگ و باریک دەکرایەوە. لە هەیوانی لای پشتەوەی قاتی سەرووی، هەموو ئەو تەپۆلکە شوێنەوارییانەی لێ دیار بوو کە دەشتی شارەزووریان پەڵە پەڵە کردبوو. کە چووم ئەو کارە وەرگرم یەکەم شت کە جێگری نەقڵ کراو پێی نیشاندام ڕەهەندێک بوو کە جێگرەکەی بەر لەو، واتە جێگری لیز بۆ ڕاکردن لە کاتی هێرشی لەشکری شێخ مەحمود لە بەرزاییەکانی هەورامان هەڵی کەندبوو. شار هەمیشە لەلای ڕۆژهەڵاتەوە و پشت دیواری ماڵەکەی بەهۆی لەشکری شێخ مەحموود هەڕەشەی لێ کرابوو.



## ١٠- سنووری ئێران و عوسمانی: ١٦٣٩- ١٩١٤

سنووری کۆنی ئێران و عوسمانی لە کەنداوی فارسەوە تا ئارارات نزیکەی ١١٨٠ مایلە کە نزیکەی ٧٠٠ مایلی بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێ. لەو هێڵەی سنوور، عێراق نزیکەی ٩٢٠ مایلی لە ئیمپراتۆری عوسمانی پێ براوە، کە ٤٤٠ مایلی لە خاکی کوردستان دایە. باری سیاسی و ئابووری کوردەکان بەپێی ئەم ڕاستییەی کە کوردستان کەوتووتە ئەمبەر و ئەوبەری سنووری نێونەتەوەیی، بە قوڵی کاری لێکراوەو ئاگاداربوون لەو کێشانەی کە لەم بارەیەوە، لەنێوان دوو وڵات ڕوویان داوە بۆ هەست پێکردن و تێگەیشتن پێویستە و شیاوی گێڕانەوەی هەیە و لە هێندێک جێگەشدا نەشە بزوێنە.

بەڵگەی هەرە کۆن، کە سنوور دیاری دەکا، پەیمانێکە لە خەباتی سەرکەوتوانەی لەشکری سوڵتان موورادی چوارەم دژی شا سەفییەدینی یەکەمساڵی ١٦٣٩ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا لە زوهاب ئیمزا کرا. ئەم ئاشتی و سازانە بۆ خۆی بە هەلومەرجێک بەسترابووەوە کە نزیکەی سەدەیەک بەرلە و، واتە ساڵی ١٥٥٥ لە لایەن سوڵتان سەلیمی گەورەوە بەسەر شا تەهماسبی یەکەمدا سەپابوو. لاپەڕە ئەسڵییەکانی پەیمانی زوهاب بەزمانی تورکی و فارسی بەر لە ساڵی ١٨٤٣ لە مێژوویەکی نادیاردا لە ناو چوون، بەڵام نموونەیەک لە نووسراوە تورکییەکە لە کتێبخانەی سەڵتەنەتی «ڤیەن» ماوە. ئەم نووسراوەیە بە ئیمزای مستەفا واتە وەزیری گەورەیە و شێوەی نووسینەکەشی پتر لە فەرمانێکی یەکلایەنە دەچێ تا پەیمانێکی ئاشتی کە لەسەری سازابن. «کۆمەڵە پەیماننامەی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە» کۆکراوەی (موئتەمەن و ئەلمولک، تاران، ١٩٠٨) دەقی پەیماننامە تورکییەکەی لەگەڵ وەرگێڕاوی فارسی و یاداشتێکی ڕوونکەرەوە نووسیوە و دەڵێ چونکە پەیماننامە بە زمانی فارسی چەنگ نەکەوت، نووسراوە تورکییەکەی کردووەتە فارسی، بەڵام ئەم نووسراوە لە «بڕوانامە»ی پەیمان کە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٤٠ وەرگێڕاوە.

شێوەی داڕشتنی سەرەتای ئەم بەڵگەیە نمونەیەکە لە شێوە نوسینی پڕ تەنتەنەی نووسەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەردەمی چارلزی یەکەمی ئێمە و زۆر سەرنج ڕاکێشە. ئەگەر لەحنی پەیمانەکەش لە لەحنی «بڕوانامەکە» بچێ لەم حاڵەتەدا ئاماژە بە رەعیەتەکانی لایەنی مەزنتری پەیمان بەناوی «کۆمەڵی قزڵباش»[1] بە

١- لە نووسراوەی پیرنیادا «تایفەی قزڵباش» هاتووە.

تەواوی سـوکـایەتی کـردنە. وێڕای ئەمـەش، ئەو تاریفـەی کـە لە سنوورکـراوە لەم بەڵگەنامەیەدا لە زۆر بارەوە ڕوونتر لە خودی پەیمانەکەیە و من وەرگێڕاوی ئەم بەشەی خوارەوەم دەربارەی دیاریکردنی سنوور لە «کۆمەڵە پەیماننامەی» ناوبراو وەرگرتووە:

– وە بڕیاریان دا، ئەم شوێنانەی دەوروبەری سنوورەکانی بەغدا و ئازەربایجان کە بە «جەسان»[٢] و «بادرایی»[٣] ناسراون ببن بە هی ئێمە و گوندی «مەندەلیج»[٤] تا «دەرتەنگ»[٥] ناوچەی ناسراو بە «سەرمیل»[٦] وەک سنووری دەرتەنگ دیاریکراوە لەگەڵ دەشتەکانی نێوانیان هی ئێمەن و چیای نزیکیان بۆ ئەوان دەمێنێتەوە؛ سەری میل کە بووەتە سنووری دەرتەنگ و «دەرنە»[٧] دەبنە هی ئێمە و عەشیرەتی جافی تیرەی ناسراو بە زیائەدینی و هاڕونی دەبن بە هی خاوەن شکۆی ئێمە و «بێرە»[٨] و «زەردۆڵی»[٩] بۆ لایەنەکەی تر دەمێننەوە. قەڵای زنجیر کە لە بان چیا سازکراوە دەڕووخێنرێ و گوندەکانی لای ڕۆژئاوای بۆ ئێمە دەبن و گوندەکانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەوان. چیایەک کە لەوبەری قەڵای «زەڵم»[١٠] لە نزیکی شارەزوور و ناوچەکانی ڕووبەڕووی هەڵکەوتووە، هی لایەنی بەشکۆی ئێمە دەبێ و قەڵای هەورامان و گوندەکانی سەربەو، بۆ لایەنەکەی‌تر دەمێننەوە. «چۆغان»[١١][ح] بوو بە سنووری شارەزوور، قزڵجە و بەشەکانی سەر بەو بۆ خاوەن شکۆی ئێمە دەبێ و «مێهرەبان»[١٢] و بەشەکانی سەر بەو بۆ لایەنەکەی تر دەمێننەوە[١٣].

ئەو شوێنانەی کە لە بڕوانامەکەدا نووسراون و لە سنووری کاری ئێمە دان، لەو

---

2- Jassan
3- Badray
4- Mandalij
5- Dartang
6- Sar-imil
7- Darna
8- Bera
9- Zarduli
10- Zalm
11- Chughan

ح– مەبەست لە ملەکێوی چۆغانە.
١٢– مێهرەبان= مەریوان. وەرگێڕی ف.
١٣– «کۆمەڵی پەیمانەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە» موتمن الملک پیرنیا.



نەخشەیەدا دەبینرێن کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا هاتووە: بەدری یا (بەدرە) و جەسان دوو شارۆچکەن کە ئێستا سەر بە خاکی عێراقن و دراوسێی پشتکۆی لوڕستانن. بە گوێرەی وتەی چیریکف (لەم بەشەدا) ناوچەی «دەرنە» و «دەرتەنگ» لەم ناوە نزیکن کە لە دوایی بە پاشانشینی «پاشالیق» (زوهاب) ناسرا. سنووری ئەم هەرێمە بە گشتی لە باکوری ڕۆژئاوا دەگاتە سیروان، لە باکوری ڕۆژهەڵات دەگاتە ڕوباری «زمکان»، لە باشووری ڕۆژئاوا دەگاتە ڕوبارێکی‌تر بە نـاوی حەلوان و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بە هێڵێکدا تێدەپەڕێ کە بەباکوری ڕۆژهەڵاتی «سەرمیل»دا دەڕوا و نزیکەی حەوت مایل لەگەڵ کرێند مەودایەتی و لە سەرجادەی کرماشان هەڵکەوتووە. «دەرتەنگ» لە نزیکی گوندی تازە سازکراوی ڕەجەب لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە، کە ڕوباری حەلوان لەوێڕا بەرەو دەشت شۆڕ دەبێتەوە. لە نەخشەیەکدا کە ڕاولینسۆن و فلیکس جۆنز ئامادەیان کردووە و لەگەڵ پاشکۆی نوسراوەی فلیکس جۆنز خراوە، «دەرنە» لە باسکی چەپ و ڕۆخی زمکان و لە بیست‌وشەش مایلی باکوری ڕۆژهەڵاتی «سەرمیل» جێی گرتووە. لەو دوو تیرانەی جاف کە لە سەرەوە ناویان هات، تیرەی هاڕونی ئێستاش لە پلەی چوارەمین تیرەی گەورەی عەشیرەتی جاف لە عێراقن، بەڵام هیچ ناوێک لە تیرەی زیائەدینی نابیسترێ. گرێ پوچکەیەک دەربارەی «بێرە» و «زەردۆڵی» هەیە. بەشێک لە پەیمانەکە، کە لە نوسراوەی کۆنی ئێرانیدا هاتووە باسی «دێرە» و «زەردویی» دەکا. دەشتی دێرە لە دە مایلی باشووری پردی زوهاب لەسەر جادە هەڵکەوتووە. بەمجۆرە، دێرە لە دەرەوەی ناوچەی پاشانشینی زوهابە. چیریکف دەڵێ و گوتنەکەشی ڕاستە، کە زەردویی ناوی تری «قەڵاشاهین» بووە. قەڵا شاهین، قەڵایەک بووە بە ڕۆخی چەپی ڕوباری حەلوان لە نزیک دەشتی دێرە. «قەڵا زنجیر» لە سەر هێڵێکی ڕێک جێی گرتووە کە «سەرمیل» دەگەیەنێتە جێیەک کـە فلیکس جۆنز «دەرنە»ی پێ دەڵێ. قەڵای زەڵم و گوندێک کە ئێستا «شاری هەورامان»ی پێ دەگوترێ بە ڕیز لە سەر و بنارەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەو بەشەی زنجیرە چیای ئەسڵی زاگرۆسن کە بە هەورامان دەناسرێ و لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە جێی گـرتووە. تا هەرەس هێنانی حکوومەتی عوسمانی، ناوی قزڵجە کە پێشتر بە ناوی ڕوبارێک ئاماژەی بۆ کرابوو، بە ناحیەیەک دەگوترا کە لە سەردەمی ئێمەدا بە شارۆچکەی بازاڕ (پێنجوێن) دەگوترێ. «مێهرەبان» وشەی فارسی کۆنی ناوچەیە کە کوردەکان «مەریوانی» پێدەڵێن. «چوخان»م نەدۆزیەوە؛ لە نەخشەیەکی کۆندا کە کۆڵۆنێل ویلیامز کێشاویەتی شوێنی ئەم جێیە لە نێوان پێنجوێن و سلێمانی پێشان دراوە

که نابێ دروست بێ؛ «چوخان» دەبێ لە جێیەک لە سەر هێڵی سنووری نێوان پێنجوێن و کەپکەی شلێر و مەریوان بێ. پەیماننــامەی کتێبخانەی سەڵتەنەتی «ڤیەن» بەم دێرانە تەواو دەبێ:

«بەم جۆرە بەپێی دەسەڵاتی تەواو کە پێم درا بوو، ئەم پەیماننامەم نووسی و بۆ خاوەن شکۆ شا و پاشای گەورەی خۆم نارد. مادام کە شا لەبەر ڕۆشنایی ئایەی پیرۆزی «اوفو بعەدالله اذا عاهدتم»[١٤] ڕێزی لە پەیمانەکە گرت، کە دەبوایە هەرواش بێ، خاوەنشکۆ پاشای گەورەی ئێمەش بە لەبەر چاو گرتنی کەلامی خودا «ولاتنقضواالایمان بعد توکیدها»[١٥] ڕێزی لێ دەگرێ. ئەم ئاشتیە پیرۆزە بە یارمەتی خوای مەزن تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە. هەر لایەنێک، دوای ئیمزای پەیماننامە ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنێ، گوناحی ئەم کارەی لە ئەستۆیە».

بە پێچەوانەی ئەم هەستە پاک و شەریفەی کە باسی لێکرا و ئەو ئایەتانەی کە لە قورئانی کەریم هێنرانەوە، هەرکە یەکێک لەم دوو لایەنانە هێزی لە خۆیدا شک دەبرد، بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لەم پەیمانەدا سنگی دەدا پێش و سەرلەنوێ کێشەکەی هەڵدەگیرساندەوە و بە پەسەندکردنی پەیمانێکی نوێ کێشەکە بە شێوەی کاتی ڕادەوەستا، وەک «پەیمانی ساڵی ١٧٢٧ی هەمەدان، پەیمانی ساڵی ١٧٣٦ی قوستەنتەنیە، ساڵی ١٧٤٦ی موغان و ساڵی ١٨٢٣ی ئەرزەرۆم». پەیمانی ساڵی ١٧٤٦، سنوورە دیاریکراوەکانی پەیمانی ١٦٣٩ی «سەردەمی بە شکوی سوڵتانی بە دەستەڵات، سوڵتان مورادی چوارەمی کە ئێستا لەکن کانیاوەکانی بەهەشت نووستووە» بە تەواوی سەلماندەوە. (دیارە، ئاماژە بە وەزعی خوالێخوشبوو سەفیەدین لەو دنیادا نەکراوە). پەیمانی ساڵی ١٨٢٣ش دەقی پەیمانی ساڵی ١٧٤٦ی دەربارەی سنوورەکانی کۆنی ئەم دوو وڵاتە پەسەند کردووەتەوە. پێکهاتنی زنجیرە ڕووداوێک لە نێوان ساڵانی ١٨٣٣و ١٨٤٢دا، ئەم دوو وڵاتەی لە پێک هەڵپڕژان نزیک کردەوە: ساڵی ١٨٣٣، ئێران هێرشی کردە سەر

١٤- ئەگەر لەگەڵ خودا و ڕەسوڵ و بەندەکانی پەیمانت بەست وەفای پێ بکە. (سورەی نەحل، ئایەی ٩٠).

١٥- هەرگیز سوێند و پەیمانەکانت مەشکێنە (سورەی نەحل، ئایەی ٩٠)

١٦- خورەم شاری ئێستا.

١٧- بێگومان ئەوە هەمان ڕووداوە کە لە بەرهەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا ئاماژەی بۆ کراوە.



عوسمانیی و تا بایەزید چووەپێش؛ ساڵی ١٨٣٥، کوردەکانی وان هێرشیان کردە سەر قوتور و محەمەد پاشای ڕەواندز «مێرگەسوور»ی لە خاکی ئێراندا سوتاند؛ ساڵی ١٨٣٧ پاشای بەغدا محمرەی سووتاند و خەڵکەکەی خاشەبڕ کرد؛ ساڵی ١٨٤٠، سوپای ئێرانی شاری سلێمانی داگیر کرد و ساڵی ١٨٤٢ هێزێک لە سلێمانی ویلایەتی ئەردەڵانی پەلاماردا. ئەم جۆرە پەلاماردانە هەرچەندە لە چوارچێوەیەکی بچووکدا بوون، بەڵام گەلێک جار ڕوی دەدا.

مێژووی نوێی کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتــە بە پەسەندکردنی پێشنیازی ناوبژیکەرانەی بەریتانیا و ڕووسیا دەست پێدەکات. باڵوێزی بەریتانیا لە قوستەنتەنیە سێر «ستراتفورد کەنینگ»[١٨] بوو. ساڵی ١٨٤٢، لیژنەیەک لە نوێنەرانی چوار دەوڵەت لە ئەرزەرۆم کۆ بۆوە: میرزا تەقی خان بە نوێنەرایەتی ئێران، ئەنوەر ئەفەندی بە نوێنەرایەتی عوسمانی، کۆڵۆنێل «فێن ویک ویلیامز»[١٩]، کە دوای شەڕەکانی کریمە وەک پارێزەری قارس ناوبانگی دەرکرد بە نوێنەرایەتی بەریتانیای مەزن و کۆڵۆنێل «دینس»[٢٠] بە نوێنەرایەتی ڕووسیا. بەڕێز «ڕابیرت کورزون»[٢١] کە بەهۆی بەرهەمە ناسراوەکەی بەناوی «دیدار لە دێڕەکانی ڕۆژهەڵات»[٢٢و٢٣] زۆر ناسراوە لە چەند مانگی هەوەڵدا وەک سەرنوسەری لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ ویلیامز هاوکاری کرد. ڕابیرت کورزون ئەزموونەکانی خۆی لە کتێبێکیتردا بــە ناوی: ئەرمەنستان، یەک ساڵ لە ئەرزرۆم و سنوورەکانی ڕووسیا، عوسمانی و ئێران[٢٤] بڵاو کردەوە. وەرگێڕی ئینگلیزیی لیژنەکە «ڕود هاوس»[٢٥] قاموسێکی تورکی ئینگلیزی نووسی کە تا کاتی گۆڕینی ڕێنوسی تورکی لە لایەن مستەفا کەمالەوە، شوێنێکی بەرچاوی هەبوو.

کورزون ئاماژە بەشێوەی وتووێژەکان ناکات، بەڵام لە باس و نووسراوە و لیستەی

18- Sir Stratford Canning
19- Fenwick Williams
20- Daines
21- The Hon.Robert Curzon
22- Visits to the Monastries in the levant
٢٣- Levant مەدیتەرانەی ڕۆژهەڵات واتە وڵاتانی ڕۆخی مەدیتەرانە لە نێوان میسر و یۆنان.
24- Armenia: A year at Erzeroom and on the Frontiers of Russia ,Turkey-and Persia,London,1854 .
25- Rodhouse

وتووێژەکانی ڕەسمی ئەواندا دەردەکەوێ کە لیژنەی ناوبژیکەر تووشی دژوارییەکی سەخت بووە. وتووێژ هەر لە ڕۆژانی دەست پێکردنیدا بە گەیشتنی هەواڵی کوشتاری بە کۆمەڵی شیعەکان لە کەربەلا ڕاوەستا، کە دەگوترا بیست و دوو هەزار ئێرانیی تێدا کوژراوە. گفتوگۆکان بە هۆی کۆمەڵە گیروگرفتێک کە زۆربەیان لە لایەن تورکانەوە پێکدەهاتن و دەخرانە سەر ڕێگای کاری لیژنەی نوێنەرایەتی، درێژەیان کێشا. سەرەڕای ئەوانەش هەڵوێستی لایەنەکەی‌تر کە دەیگوت سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتە لە سەردەمی «ئەفراسیاب»ەوە ڕوون و ئاشکرایە، هەمەچەشنە هەڵسوڕانێکی توشی کۆسپ و دژواریی دەکرد. هەوڵی دەستەکانی ناوبژیکەر بەشێوەیەکی نەپساوە بۆ پاراستنی ئاشتی و دۆزینەوەی ڕێگای هەرە سادەی سازان لەگەڵ هاوکارەکانمان باس کراوە. دوای پێکهاتنی سێ کۆبوونەوە لە مانگی مای دەرکەوت کە نوێنەرانی ئێران و عوسمانیی دەستەڵاتی ئەوەیان نییە کە بتوانن کارەکان بەرەوپێش بەرن. لەبەر ئەوە وتووێژ بۆ ماوەی پێنج مانگ بۆ دارشتنی ڕێنوێنی نوێ ڕاگیرا. دەرکەوت ڕێنوێنییەکانی تازەش جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ هی ڕابردوو نییە: لیژنەکانی نوێنەرایەتی «بەرپرس کرا بوون کە لە لایەنەکەی‌تری بوێ بەبێ مەرج دەست لە مافەکانی خۆی هەڵگرێ... سەرەڕای ئەوە هیچ کامیان مافی ئیمزای پەیماننامەی نوێیان نەبوو». هەروەها حکوومەتی ئێران پێی داچەقاندبوو و دەیگوت چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە دەبەسترێتەوە بەدانی غەرامەت و قەرەبوو کردنەوەی کارەساتی «کەربەلا» بە چەشنێک کە شیاوی ڕووداوەکە بێ.

لیژنە سەرەڕای ئەوانە، شێلگیرانە درێژەی بەکارەکانی دا. لە هاوینی ئەو ساڵەدا، تورکان شێخ سامیر، عەرەبی سەربە هۆزی «کەعب» (چەعەب= کەعەب)ی نیشتەجێ لە ڕۆخی «کەنداوی عەرەب»یان هێنایە ئەرزەرۆم تا بە قازانجی ئەوان شاهیدی بدات. میرزا تەقی ڕەخنەی لەم کردەوەیە گرت و گوتی: «ئەم هۆزە لە سەردەمی نوحەوە هەتا ئێستا ڕەعیەت و نۆکەری ئێران بووە و هەرگیز سەر بە عوسمانیی نەبووە». بە پێداگرتنی ئەندامانی لیژنەی ناوبژیکەر شێخ سامیر بەشداریی هەشتەمین کۆبوونەوەی لیژنەی کرد، کە لە مانگی دیسەمبەر بەسترا، بەڵام بە هۆی ڕازی نەبوونی سەرۆکی لیژنەی نوێنەرایەتی ئێران بۆ دیتنی شێخ سامیر و نووسەری مەحکەمەی بەسرە بە ناوی عەبدولقادر ئەفەندی لە پەیوەندی لەگەڵ هات و هاواری عەرەبەکانی سەر بەم شێخە خەباتی لیژنە توشی گیروگرفت بوو. داوا و داواکاری ڕەوتی بەرەوپێش چوونی وتووێژەکانی ڕاگرت و ئەم ڕاوەستان و دەست پێکردنەوانە لەمپەریان خستە سەر ڕێگای درێژەدان بەوتووێژەکان...».



جارێک، کارگێڕانی ناوچە، کۆمەڵە سوونییەکی چەند هەزار کەسیی مێشک وشکیان هاندابوو کە شوێنی ژیانی نوێنەرانی ئێران پەلامار بدەن. شوێنی لیژنەی نوێنەرایەتی ئێران سەرەڕای هەوڵی شێلگیرانەی ویلیامز و مەترسییەک کە بە هۆی دەستێوەردانی لەم کارە بۆ ڕازیکردنی حاکمی شار هەڕەشەی لێ دەکرد، بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە گەمارۆی پەلاماردەراندابوو. هەر لەم ڕۆژەدا، لە بەشێکی دیکەی شار، قەسابێک میرزا تەقی نووسەری لیژنەی ئێرانیی بە شێوەیەکی دڵتەزێن کوشت. سەرەڕای ئەم پچڕان و دەستپێکردنە یەک بەدوای یەکانەداو بەپێچەوانەی گەلێک ڕووداویتر کە دەیانتوانی مایەی سەرهەڵدانی شەڕێک بن کە لیژنەکە بۆ بەرگریکردن لەو پێکهاتبوو، وتووێژ لە ئەرزەرۆم و ئەورووپا بەردەوام بوو و سەرئەنجام پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم لە ۳۱ی مانگی مای ساڵی ۱۸٤۷ ئیمزا کرا. خاڵە پەسەند کراوەکان دەربارەی سنوور بەمجۆرە بوون:

بەشی دووەم: دەوڵەتی ئێران بەڵێن دەدات تەواوی زەوییەکانی ویلایەتی زوهاب واتە زەوییەکانی لای ڕۆژئاوای ئەم ویلایەتە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی عوسمانییش بەڵێن دەدات بە قازانجی ئێران دەست لە زەوییەکانی لای ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی زوهاب واتە تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی ئەم بەشە تا شیوی کرێند هەڵگرێ؛ هەروەها دەوڵەتی ئێران بە تەواوی بەڵێن دەدات کە دەست لە هەرچەشنە ویست و داخوازێک دەربارەی شار و ویلایەتی سلێمانی هەڵگرێ و مالیکیەتی عوسمانیی لەم ویلایەتەدا کە لە کۆنەوە بوویەتی ئەو دەوڵەتی عوسمانی بە ڕەسمی بناسێ؛ دەوڵەتی عوسمانیش بە تەواوی بەڵێن دەدات کە شار و بەندەری «محمرە جەزیرەی خضر»[٢٦] و لەنگەرگا و زەوییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو واتە باسکی چەپی کەنداوی عەرەب کە موڵکی عەشیرەتەکانی ناسراوی ئێرانین، بە موڵکی ئێران بناسێ؛ سەرەڕای ئەوانە پاپۆڕەکانی ئێران مافیان دەبێ لەو شوێنەوە کە دەریا دەست پێدەکات تا ئەو شوێنەی سنووری دوو وڵات بەیەکتر دەگەنەوە بە ڕوباردا هاتووچۆ بکەن.

بەشی سێیەم: هەردوو لایەنی پەیمان، بە گوێرەی ئەم بەڵێننامەیە، پەیمان دەدن دەست لە داواکارییەکانی دیکەی خۆیان دەربارەی مافی زەوی هەڵگرن و دەستبەجێ هەر دوولا بۆ دیاریکردنی هێڵی سنووری نێوانیان بەپێی بەشی پێشووی ئەم پەیمانە، ئەندازیار و مەئموور دیاری بکەن.

---

٢٦- ئابادانی ئێستا.

بەشی نۆیەم: فەسڵ و مادەی پەیمانەکانی پێشوو بە تایبەت ئەو پەیمانەی کە ساڵی ١٢٣٨ لە ئەرزەرۆم مۆرکراوە لە پەیمانی نوێدا دەمێنێتەوە گۆڕانیان بەسەردا نەهێنراوە و لەوە دەچێ وشە بە وشە لەم لاپەڕەیەدا نووسرابنەوە و هەموویان وەک خۆیان دەمێننەوە. ئەم دوو دەوڵەتە بڕیاریان دا دوای گۆڕینەوەی ئەم پەیماننامەیە لە ماوەی دوو مانگ یا کەمتردا بڕوانامەی ئیمزاکراوی پەیمانەکە لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە....

دەوڵەتی عوسمانی تا دواکات، واتە تا ئەوکاتەی لە ناوەڕۆک و واتای هێندێک لە بەشەکانی ئەم پەیمانە دڵنیا نەکرا، ڕێگای بە نوێنەری خۆی نەدا کە پەیمانەکە ئیمزا بکات. شێوەی دڵنیا کردنەکە بەمجۆرە بوو، کە باڵوێزەکانی بەریتانیا و ڕووسیا لە قوستەنتەنیە «یاداشتێکی ڕونکەرەوەیان» دەربارەی سنوورەکانی ئاویی بۆ بارەگای گەورە نارد و سنوری ئاویی ڕوباریان بۆ ڕوون کردەوە و گوتیان «لەنگەرگای محمرە» لەنگەرگای سەر ڕوباری کارونە و لە سەرووی شوێنی یەکگرتنەوەی کارون و کەنداوی عەرەب هەڵکەوتووە، نەک لە خودی کەنداوی عەرەبدا. ئەم یاداشتە تا چەند مانگی دوایی تەسلیمی ئێران نەکرا.

لەم گفتوگۆیانەدا، مەسەلەی دەستەڵاتدارییەتی بەسەر ڕوباردا نەکەوتە بەرباس و ڕێگای چارە سەرکردنی ئەم مەسەلەیە، پەسەندکردنی یەکێک لەم سێ هێڵانە بوو:

١- کەناڵی کۆنی کارون کە هەتا «خۆرموسا» درێژەی هەیە، لە سی چل مایلیی بەرەو ڕۆژهەڵات.

٢- هێڵێک کە جەزیرەی خضر لەت دەکات.

٣- سنووری ئێستا بە درێژایی ڕۆخی ڕۆژهەڵات.

«ئا. ئیچ. لیارد»(٢٧) لە دوایی بوو بە باڵوێزی بەریتانیا لە بارەگای سوڵتانی عوسمانی(٢٨)دا لە ژیاننامەی خۆیدا باسی کۆمەڵە گەشتێکی سەرنج ڕاکێش لە سەردەمی لاوییەتی خۆیدا کردووە و بەناوی «ڕووداوە سەرەتاییەکان»(٢٩) بڵاوی کردۆتەوە. سێر ستراتفۆرد کەنینگ، ئەوی وەک کارمەند لە لای خۆی دامەزراند تا ڕاپۆرتێکی تایبەتی دەربارەی ئەو بەشەی سنوری بۆ ئامادە بکات. ناوبراو دووەم ڕێگا چارەی باسکراوی سەرەوەی پێشنیاز کرد و کەنینگ پێشنیازەکەی پەسەند کرد: ئەم هێڵە، هەم لەگەڵ

27, 28- Sir A.H.Layard:Autobiography and Letters,London 1903.
29- Early Adventures in Persia,Susiana and Babylonia,London,1887.



مێژووی مالکیەتی ڕابوردوو و هەم لەگەڵ بنچینەکانی دادگەری و ئینساف پتر یەکی دەگرتەوە، بەڵام بە پەژارەوە «لۆرد ئابیردین»(٣٠) کە بەدەستهێنانی دڵی دەوڵەتە ناوبژیکەرەکەی تری مەبەست بوو، تەسلیمی پێداگرتنی ڕووسەکان بوو و بەم جۆرە سێیەم ڕێگا چارە پەسەندکرا، کە قازانج و بەرژەوەندیی ئێرانی تێدا بەرچاو گیرابوو. ساڵی ١٦٣٩، گۆڕانکارییەکی دیکەش لەم هێڵەدا پێکهات کە دیسان بە قازانجی ئێران تەواو بوو: زوهاب، لە جیاتی ئەوەی تا سەر پردەکەی بدرێ بە عوسمانی بەسەر هێڵێک دا بەشکرا کە بە مەودایەکی زۆر بۆ ڕۆژئاوا چووە. لەم ناوەدا، دەوڵەتە ناوبژیکەرەکانیش دوور لە گیروگرفت نەبوون. گوشاری زۆری دیپلۆماسی پێویست بوو هەتا نوێنەری ئێران لە پاریس دوای چەنگ خستنی ئەو دەستکەوتە گرنگانە بۆ دەوڵەتەکەی ئیزن درا بچێتە قوستەنتەنیە. سەرەنجام بەجێی دوومانگی دیاریکراو، دەمانگ دوای ئیمزای پەیمان، بڕوانامەکان لە بیست و یەکەمی مارسی ١٨٤٨ گۆڕانەوە.

ئەندامانی کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنور بەپێی مادەی سێی پەیماننامەکە بریتی بوون لە: کۆلۆنێل ویلیامز نوێنەری بەریتانیای مەزن؛ میرزا جەعفەرخان نوێنەری ئێران، دەروێش پاشا نوێنەری عوسمانی و کۆلۆنێل چیریکف نوێنەری ڕووسیا. ئەم نامەیەی کە سێر ستراتفورد کەنینگ بۆ ویلیامزی ناردبوو، ڕەنگدانەوەیەکی ئەمڕۆیی هەیە:

ئەم کردەوەیە... لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک، کە لە ناوچە پان و بەرین و دەشت و چیاکانی سەر هێڵی سنوور دەژین، شوێن دادەنێ و لەوانەیە بنەمایەک بێ بۆ پێشخستن و بەرفراوان کردنەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی دوور لە شارستانیەتی ئەو ناوچانە و بەمجۆرە یارمەتی بە سەقامگیرکردنی ئاشتی دەکات. نامەکە لەپڕ بە شێوەیەکی تانەلێدەرانە کۆتایی پێ دێ:

من لێرەدا واز لە مەسەلەکە دێنم، بەم هیوایە هەروەک وتووێژی ئەرزەرۆم سەرکەوت، پەیمانی ئێستاش دوور لە ڕووداوی ئەوتۆ بێ کە ببێتە هۆی درێژ بوونەوەی. لە ئەنجامی ئەرکەکانی ئەمڕۆدا سەرکەون.

کاری کۆمیسیۆن تەنانەت بەرلە دەستپێکردنی یەکەم کۆبوونەوە بەتوندی لە مەترسی کەوت. دەروێش پاشا بەڕواڵەت لە قوستەنتەنیەوە دەچووە مووسڵ تا لەگەڵ هاوکارەکانی

30- Lord Aberdeen

بکەوێ، بەڵام بەجێی ئەوکارە لە ڕێگا لایدا و چووە «قوتور» و لەگەڵ لەشکرێکی چەکداری تورک، مەئموورە ئێرانییەکانی لەم ناوچەیە ڕاونا و سەربازگەیەکی بەهێز و ڕێکوپێکی لێ دامەزراند و تا شەش حەوت مایلیی شاری «خۆی»، هێڵی سنووری بە«بەرد و قسڵ و خۆڵەمێش» نیشان کرد و نووسی ئەو ناحیەیە لەمڕۆ تێکەڵی خاکی عوسمانی کراوە. ئەوە یەکەم بابەت لەو زنجیرە کردەوە نادروستانە بوو، کە نوێنەری تورک لە ماوەی چەند ساڵ مەئمووریەتی خۆیدا بە شێوەی یەکلایەنە ئەنجامی دەدا و بۆ سەقامگیر کردنیشی هەوڵی دەدا.

نوێنەران لە ژوینی ساڵی **١٨٤٩** لە بەغدا کۆبوونەوە، بەڵام تا یانواری **١٨٥٠**[ح] کار لەسەر مەسەلەی «محمرە» دەستی پێ نەکرد. دیسانیش درۆ، فریودان، ئاژاوە و دەستدرێژیی ڕێگای بە هەوڵەکان گرت و بە گوێرەی حسابێک کە سێر ستراتفورد کەنینگ کردبووی لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمدا تەنیا سێ هەفتە بۆ دیاریکردنی سنوور تەرخان کرا. لیژنەکانی نوێنەرایەتی بەریتانیا، ڕووسیا و ئێران هاوینی ساڵی ١٨٥٠، لە شیوەکانی «منگەرە»[٣١]ی لوڕستان مانەوە، هەر چەندە دەکرا ئەوان شوێنی خۆشتر لە ناوچەکانی سەر سنوور هەڵبژێرن. دەرویش پاشا بۆ خۆی بە جیا لەم نوێنەرانە لە دەشتێکی ناوچەی «بەدرە»، لەسەر سنور مایەوە. لیژنەکانی نوێنەرایەتی بەریتانیا و ڕووسیا لە ئاپریلی **١٩٥١**[ح*] چوونە کرێند و وەرزی هاوین چوونە سنە. «دابلیو.کی. لافتن»[٣٢] هەردناس، کە سەر بە لیژنەی ئینگلیز بوو تەواوی زستانی ئەو ساڵە لە بەشی خوارووی فوڕات و «شوش» خەریکی کاری لێکۆڵینەوەی شوێنەوارە کۆنەکان بوو. ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی «گەشتەکان و لێکۆڵینەوەکان لە کەلدە و شوش»[٣٣] ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن ویلیامز بۆ ماوەی مانگێکی تەواو و بەشێوەی ڕاستەوخۆ خەریکی کاری هەڵکەندن و کۆڵینەوەی تەپۆلکە گەورەکانی شوش بووە. بێ دەستەڵاتی نوێنەرە ناوبژیکەرەکان بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکانی ئەم کێشەیە بۆ وەرگرتنی پێشنیازەکانیان، پلانی کاری ئێمەی هەڵوەشاند و لە کۆمیسیۆن داوا کرا لە

ح- لە نووسراوە ئینگلیزیی و وەرگێڕاوە فارسییەکەدا بەهەڵە ساڵی ١٩٥٠ نووسراوە.

31- Mungarra

ح*- لە نووسراوە ئینگلیزیی و وەرگێڕاوە فارسییەکەدا بەهەڵە ساڵی ١٩٥١ نووسراوە.

32- W.K. Loftus

33- Trevels and Researches in Chaldaea and Susiana, London, 1857.



پشتێندەیەک نەخشە هەڵگرن، کە هێڵی سنووری لێ تێدەپەڕێ، بەڵام هێڵی سنوور دیاری نەکەن. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چۆنیەتی کێشەکانی دوایی باشترە بزانن کە ئێرانییەکان لە دۆخێکدا بە مەرج هێڵێکیان بۆ سنوور قبووڵ کرد، کە لە باسکی چەپی کەنداوی عەرەب لە دەریادا بە سەرووی کەنداو و سەرووی یەکاوی کەنداو و ڕوباری کاروندا تێدەپەڕێ. ئەوان بەمجۆرە تەواوی ڕوبارەکەیان دەخستە ژێردەستەڵات و حاکمیەتی تورکان، بەڵام عوسمانییەکان ئەم پێشنیازەیان قبووڵ نەکرد. شەڕی کریمە (٦-١٨٥٤) و جەنگی ئێران و ئینگلیز (٧-١٨٥٦) بوونە هۆی هەڵوەشانی کار و خەباتی کۆمیسیۆن. لە نەیاریی ڕۆژگار، یاداشتەکانی کۆڵۆنێل ویلیامزیش کاتی گەڕانەوە بۆ وڵات لە ڕوباری تایمز (تیمز) کەوت و لە ناو چوو.

دوای تەواوبوونی ئەو شەڕانە نەخشە کێشەکانی ڕووس و ئینگلیز ساڵی **١٨٥٧** لە پیترسبۆرگ کۆبوونەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمە کۆکراوەکانی ساڵی ٢-١٨٥٠ دەستیان بە ئامادەکردنی نەخشەکان کرد؛ نەخشەکان ساڵی **١٨٥٦** ئامادە کران، بەڵام کاتێک ئەو دوو بەرهەمانەیان لە لای یەکتر دانا، بە ڕادەیەک جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەبوو، ناچار بوون سەرلەنوێ خەریکی نزیککردنەوەیان. چوار ساڵیتری خایاند تا سەرەنجام نەخشەی نوێ بە ناوی «نەخشەی هاو چەشن»[٣٤] ئامادە و تەسلیمی لایەنەکانی ناوبراو کرا. ئێران بەبێ هیچ مەرجێک قبووڵی کرد، کە هێڵی سنووری مەڵبەندی نەخشە کێشراو لە ڕێگای داوەرییەوە دیاری بکرێ، بەڵام عوسمانیی تا ساڵی **١٨٥٧** دەنگی بەم پێشنیازە نەدا و کاتێکیش هاودەنگی لەگەڵ کرد، مەرجی بۆ دانا. لەم نێوەدا، هەڵگیرسانی کێشەیەکیتر هەردوو لایەنی ئەم مەسەلەیەی ناچار کرد لە سێیەمی ئەوگوستیی **١٨٦٩**وە بەرەو پێکهێنانی کونفرانسێکیتر بچن و لەودا «وەزعی مەوجوود»[٣٥]ی ئەو سەردەم لەبەر چاو بگرن، کە نوێنەرانی چوار دەوڵەت وەک پایەی کۆنفرانس خەریکی لێکۆڵینەوەی بوون. ئەم کۆنفرانسەش سەرکەوتوتر لە ئەوانی پێشوو نەبوو؛ لە ڕاستیدا باسێکیتر لە «نەسازان» کێشرایە ناو ڕەوتی کارەکانەوە، چونکە هەرکام لەم دوو لایەنانە بیرێکی جیاوازیان لە «وەزعی مەوجوود» هەبوو. ساڵی **١٨٧٤**، دوو لیژنەی ئێران و عوسمانیی لە قوستەنتەنیە کۆبوونەوە، بەڵام دوا بە دوای پێکهاتنی،

34- Carte Identique

35- Status quo

کۆبوونەوەکە دەستبەجێ لە کار وەستا: ئێرانییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی «وەزعی مەوجوود»ی ساڵی ١٨٤٧ داوایان دەکرد گشت ناوچەکانی سەرسنوور کە لە مادەی دووەمدا ئاماژەیان بۆ نەکرابوو بەپێی مادەی سێیەمی پەیمانی ئەرزەرۆم ڕوون بکرێنەوە، لە حاڵێکدا تورکەکان بۆ بەجێگەیاندنی دەقی پەیمانی ساڵی ١٨٢٣و هێڵی سنووری دیاریکراوی ساڵی ١٦٣٩ی سەردەمی سوڵتان موراد ئاماژەیان بە مادەی نۆیەم دەکرد و تا ساڵی ١٩٢٢ چەندجار پەنجەیان بۆ ئەم مادەیە ڕاکێشا. سێر «ئا.کێمبەل»[٣٦] و کۆڵۆنێل «زیلموی»[٣٧] وەک ناوبژیکەر لەگەڵ کۆمیسیۆن کەوتن. ئەم دووانە، بڕیاری ساڵی ١٨٥٠یان کە بە قازانجی ئێران بوو بە ڕاست زانی. ئەوان گوتیان ناوەڕۆکی مادەی سێ دەربارەی کێشەی سنوورە و مادەی نۆ ئەم چەمکە ناگرێتەوە. سەرەڕای کۆسپ و بەرگرییەکی زۆر لە سەر ڕێگای ئاشتی لەوە دەچوو سەرکەوتنێک لە کارەکاندا بەدی بێ، بەڵام ئەمجارەش هەڵگیرسانی جەنگی ١٨٧٦ی ڕووسیا و عوسمانی ڕێگای بە ڕەوتی کارەکان گرت.

لە تەواوی ئەم ساڵانەدا، ئێران پەیتا پەیتا لە دەوڵەتە ناوبژیکەرەکانی دەویست کە ڕێگا بە پێشێلکردنەکانی پەیمان بگرن. بە تایبەت، داگیرکردنی قوتور لە لایەن تورکانەوە ڕێگای سازان و ڕێککەوتنی گرتبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٧، ئەفسەری ئینگلیز «میجەر فریدریک میلینگن»[٣٨]، نوسەری کتێبی «ژیانی دڕندە لەناو کوردەکاندا»[٣٩] کەوتە بەر لەشکری داگیرکەری تورک. ئەو نەخشەیەکی لەگەڵ پێشەکی کتێبەکەی خستووە کە لەودا هێڵی سنووری تورکانی گەیاندۆتە نزیک شاری «خۆی»، کە بێگومان دەبێ ئەو هێڵە بێ کە دەرویش پاشا ساڵی ١٨٤٩ ڕایگەیاند. هاوپەیمانیی «سان ستفانۆ»[٤٠] و هاوپەیمانیی بەرلین کە جێگەی ئەوی گرتەوە، لە ساڵی ١٨٧٨دا چەند مادەی پێ زیاد کرا، کە بەگوێرەی ئەوان لە عوسمانییەکانی دەویست کە قوتور چۆڵ بکات. ساڵی ١٨٨٠ کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی ئینگلیز و ڕووس لە پرۆتۆکۆڵێکدا هێڵی دروستی سنووریان دیاریکرد، بەڵام نیشانەیان نەکرد و

36- Sir A. Kemball
37- Zelmoi
38- Major Frederic Millingen.
39- Wild Life among the Kurds, London, 1870.
40- San Stefano



سەربازگەی تورکان هەروا لە شوێنی خۆی مایەوە. لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە ئێران دەستدرێژییەکی تەنانەت مەزنتر لەوەی کرد، بەڵام لە گفتوگۆکانی دیپلۆماسیدا گەلێک بچوکتر لە داگیرکردنی قوتور باسی لێکرا: ئێرانییەکان بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی پەیمانی ساڵی ١٨٢٣ کە بەشی ڕۆژئاوای زوهابی دەدا بە عوسمانیی، ئەم ناوچەیەی لە دەستی خۆیدا ڕاگرتبوو. محەمەد عەلی میرزا (دەوڵەت شا) شازادەی حاکمی کرماشان بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ و بەبێ ئیزنی فەتح عەلی شای باوکی ساڵی ١٨٢١، ئەم بەشەی داگیر کردبوو و بەمجۆرە ئێستاش ڕوباری سیروان هێڵی سنور بوو.

ڕووداوی گرنگی دواتر پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی تاران بوو، کە لە ئاکامی وتووێژێکدا لە نێوان ئەم دوو لایەنە لە ڕۆژی بیست و یەکی دیسەمبەری ١٩١١ ئەنجامی گرت و کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان بۆ لەبەر چاو گرت. بڕیار ئەوە بوو کە کاری ئەم کۆمیسیۆنە لە سەر بنەما و ناوەڕۆکی پەیمانێک بێ کە بە پەیمانی ساڵی ١٢٦٣(١٨٤٧ز)ی ئەرزەرۆم دەناسرێ و هەروەها خاڵەکانی جێی ناکۆکی بۆ لێکۆڵینەوە بدەن بە «دادگای لاهە». لە مارسی ١٩١٢وە تا ئەوگوستیی ئەو ساڵە، هەژدە جار لە قوستەنتەنیە کۆبوونەوە، بەڵام هەموو کوبوونەوەکان بێ ئاکام بوون؛ جارێکیتر بە یاداشتێکی ڕووسیا کە لەودا ڕای دەوڵەتەکەی دەربارەی بەشی زۆری ڕێگای دروستی هێڵی سنوور تێدا نووسرابوو، باڵوێزی دەوڵەتەکانی ناوبژیکەر هاتنەوە مەیدان و داوای پیادە کردنی بە پەلەی بڕیارەکانی پەیمانی ئەرزەرۆمیان کرد، کە حوکمی گەڕانەوەی وەزعی مەوجوودی ساڵی ١٨٤٨ی بە تایبەت لە تورکان دەویست. لە ژوینی ١٩١٣، سێر «ئیدوارد گرەی»[٤١]، حەقی پاشای کە وەک نوێنەری بابی گەورە بۆ وتووێژ دەربارەی بەشە کارێکی دوا خراوە، هاتبووە لەندەن، ڕازی کرد لەگەڵ هێڵێک هاودەنگی بکات کە لە بەشی هەرە خوارووی باشوور هەڵکەوتبوو. ئەو هێڵە بۆ ئێرانییەکان گونجاوتر لەو هێڵانە بوو، کە دەوڵەتی عوسمانی تا ئەوکاتە ئامادەی سەلماندنی بوو.

ئەنجامی ئەو وتووێژە چوار قۆڵییەی ڕۆژی چواری نۆڤێمبەر لە قوستەنتەنیە، پەیمانێک بوو کە بە دوور و درێژی باسی هێڵی سنوری دەکرد. دەربارەی قوتور سەرلەنوێ پەیمانی ساڵی ١٨٨٠ نوێ کرایەوە. دەربارەی بەشێک لە هێڵی سنوور واتە مەڵبەندی هەورامان لای ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، «وەزعی مەوجوود»ی ساڵی ١٨٤٨ بە

41- Sir Edward Grey

ئاشكرا پێشێل كرابوو، لەبەر ئەوە دەبوایە ئاڵوگۆڕی ئەنجام گرتووی ساڵی ١٩٠٥، لەم هەرێمەدا لەبەر چاو بگیرێ، کە ئەوانە هەموویان بە قازانجی ئێران بوون. لە باشوور ڕێككەوتنی «حەقی» سەلمێنرا. لە مەحمەرە بە پێچەوانەی ئەو دڵنیا كردنەوەیەی كە لە (یاداشتی ڕوونكەرەوە) بە دەوڵەتی عوسمانیی درابوو، بەگوێرەی پەیمانی ئەرزەرۆم، لەنگەرگایەكی نوێ لە كەنداوی عەرەب بە ئێران درا كە بەشێك لە سەروژوری یەكاوی كارون و كەنداوی عەرەبی دەگرتەوە. بڕیار درا كۆمیسیۆنێك بۆ دیاریكردنی سنوور لە نوێنەری چوار دەوڵەت پێكبێ و سەرەڕای دیاریكردنی سنوور ئەركی جێگیركردنی «وەزعی مەوجوود»ی ساڵی ١٨٤٨ بۆ ئەو بەشانەی سنوور دەستنیشان بكات كە بە باشی لە پەسەندكراوەكەدا ڕوون نەكراونەتەوە[٤٢]. دەستەڵاتی تەواو درا بە نوێنەرانی بەریتانیا و ڕووسیا تا لە سەر تەواوی گیروگرفت و كێشەی ئەم دوو وڵاتە بڕیار بدەن و دەستبەجێ دوای دیاریكردنی سنوور و نیشانەكردنی هەر بەشێك، هێڵی دیاریكراو هەمیشەیی بێ و كەس مافی ئاڵوگۆڕكردنی نەبێ.

«هوبارد» لە كتێبكیدا ئاماژە بە داستانی ئەم كۆمیسیۆنەی دەكات[٤٣]. لە یانواری ١٩١٤، كار لە سەر كەنداوی عەرەب دەستی پێكرد و لە ئۆكتۆبەر واتە چەند هەفتە دوای دەستپێكردنی جەنگی یەكەمی جیهانی لە ئارارات كۆتایی پێهات. دەقی وتووێژەكانی كۆمیسیۆن وێڕای باسی گشت وردەكارییەكانی سنوور، باسی تایبەتمەندییەكانی جوگرافیایی و ناساندنی هەركام لە ستونەكانی سنوور دەكا؛ لە زۆربەی جێیەكاندا بە تایبەت لەو جێگایانەی كە كێشەو داواكارییەكان لەسەر زەوی سەركەوتوو نەبوو، مافی ئاو و لەوەڕگەی بەڕوونی دەستنیشان كردبوو. بەگشتی دەركەوت تورك لە

---

٤٢- كۆمیسیۆن سەرەڕای لێكۆڵینەوەكانی ناوچەیی هێندێك جاریش سەرنجی دەدا بە یاداشتەكانی چیریكف، دەروێش پاشا و نووسەرەكەی ئەو واتە خورشید ئەفەندی. بە هۆی كارەساتە داخهێنەرەكەی كە پێشتر باسم لێ كرد (بە ڕواڵەت دوای ونبوونی یاداشتەكانی كۆڵۆنێل ویلیامز، لایەنی ئینگلیز هیچ نووسراوەیەكی لەم بارەدا بەدەستەوە نەبوو)


٤٣- نوێنەری ئینگلیز ئا.س. وراتیسلاو Wratislav ئەندامی باڵای دەزگای باڵوێزی ڕۆژهەڵات Le-vant Gonsulaer Service كاتی ئیش نەخۆش كەوت و یاریدەدەرەكەی ئا.ت. ویلسۆن جێی گرتەوە؛ ئەو لە كتێبی خۆیدا بە ناوی: باڵوێز لە ڕۆژهەڵات، لەندەن ١٩٢٤، باسی كاری كۆمیسیون ناكات. نوێنەری ڕووسیا «و.مینورسكی» ئەندامی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئیمپراتۆری ڕووسیا The Imprial Russian Diplomatie بوو كە گەلێك جار لەم كتێبەدا یادی دەكرێ.




باكور و ئێران لە باشوور دەستدرێژكەر بوون؛ بەمجۆرە دەتوانین بڵێین هێڵی سنووری نوێ لە باكور بە قازانجی ئێران و لە باشوور بەسوودی عوسمانی و بێگومان بە سوودی جێنشینەكەی ئەو واتە عێراق تەوا بوو. دەربارەی قوتور، لیژنەی نوێنەرایەتی عوسمانی پیێ داگرتبوو و دەیگوت بەهۆی سەرهەڵدانی ئاڵوزیی لە ئەورووپا، كاری دانانی ستونەكانی ئەو بەشەی سنوور بۆ هەلێكی لەبارتر ڕابگیرێ.

دوای ساڵی ١٩١٥، ئەوكاتەی سوپای بەریتانیا لە بەسرەوە بەرەو باكور پێشڕەوی كرد، كارگێڕانی دەوڵەتی داگیركەر بەرپرسایەتی ئیدارەیی ئەو زەوییانەیان تا هێڵی نوێی سنوور لە ئەستۆ گرت. لە لایەكیترەوە، دوای جەنگ، كۆماری نوێی توركیا پتر لەوانی پێشووی سازگاریی پێشان نەدا. لە بەرامبەر داواكارییەكانی ئێران دەربارەی ڕێزگرتن لە پرۆتۆكۆڵی ساڵی ١٩١٣، بە ڕاشكاوی ڕایگەیاند كە «ناكرێ پرۆتۆكۆڵی ناوبراو وەك بەڵگەیەكی جێ باوەڕی سیاسی تەماشا بكرێ، چونكە نە كۆڕی نوێنەرایەتی دەنگی بۆ داوە و نە سوڵتان مۆری كردووە». دەوڵەتی ئێران كە خۆی لە بەرامبەر داهاتوویەكدا دەبینی كە لەوانە بوو دنیا و قیامەتی تێدا بچێ، بڕیاریدا لە هەڵوێستی كۆنی خۆی بەرامبەر بە ڕێككەوتنەكانی پێشوو واز بینی و لەو ئەزموونانە پەیڕەوی بكات كە پێشتر لە توركانیان بە دەست هێنابوو.

هوبارد، لە باس دەربارەی ئەم ڕووداوە، دانانی ستونی ژمارە ١٣٧ لە بان كەلی نێوان ئاراراتی بچووك و گەورەدا، بە لوتكەی ئەو هەنگاوانە دادەنێ كە لە ئاكامی حەفتا ساڵ وتووێژی سیاسی و كۆنفرانسی نێونەتەوەیی و كۆنفرانسی تایبەتیی بەدەست هاتووە. ئەو هەروەها ئەم داستانە بە «نمونەیەك لە خۆخافڵاندن و وەستان دەزانێ كە لە مێژووی دیپلۆماسی ڕۆژهەڵاتدا نموونەی نییە». ئیتر، ئەو نەیدەزانی كە بیست ساڵ بەسەر ئەم پێكهاتنەدا تێناپەڕێ، كە دوولایەنی كێشەكە تەواوی سازان و بڕیار و پەیمانەكانیان دەخەنە ژێر پێ و سەرەڕای هاتوچۆیەكی زۆر بۆ كۆمەڵی نەتەوەیەكگرتوەكان و بەستنی دوو پەیمان و دانیشتنی چەندان كۆمیسیۆنیتر، سەدەمین ساڵڕۆژی پەسەندكردنی پەیمانی ئەرزەرۆم دێ و تێپەڕ دەبێ، بەڵام ٨٨٠ مایل لە ٩٢٠ مایل سنووری نێوان عێراق و ئێران وەك پێشوو بێ نیشان دەمێنێتەوە.


Parts of the LIWAS of KIRKUK and SULAIMANI




THE RANYA DISTRICT

## ١١- جافەکان و هەورامان

ڕاپەڕین قەزای هەڵەبجە لە باکورەوە بۆ باشوور، پتر لە شەست مایل درێژە و پانایی لە دەوروبەری هەڵەبجە نزیکەی سی و پێنج مایلە[ح] و لە نزیک پێنجوێن دەگاتە نزیکەی هەشت مایل. لە باکوور و ڕۆژهەڵات نزیک بە سەد و حەفتا مایل سنووری لەگەڵ ئێران هەیە و لە ڕۆژئاوا و باشوور بە قەزاکانی شارباژێڕ، سلێمانی، چەمچەماڵ و خانەقینەوە نووساوە. ئەو قەزایە دابەش کراوە بەسەر چوار ناحیەدا، کە بریتین لە: پێنجوێن، خورماڵ، ناحیەی ناوەندیی هەڵەبجە و وەرماوا. پێنجوێن بە ٢٢٠٠٠ کەس نفووس[١]، لەو بەشەی قەڵاچوالان پێکهاتوە کە لە نێوان زنجیرە چیای لارە- تاریار و سنووردا جێی گرتووە. خورماڵ بە ١٩٥٠٠ کەس نفووس بریتییە لەو بەشەی دەشتی شارەزوور کە لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری تانجەڕۆ و زنجیرەی ئەو بەناوی «زەڵم» هەڵکەوتووە. ئەو ڕوبارە، ناوی لە قەڵایەکی ناسراو وەرگرتووە کە لە پەیمانی زوهابدا باسی لێکراوە. ناحیەی ناوەندیی هەڵەبجە بە ٢٣٠٠٠ کەس نفووس زەوییەکانی باشووری زەڵم و لای ڕۆژهەڵاتی تانجەڕۆ و شیوە سێ سوچەکەی شەمێران دەگرێتەوە، کە سیروان لە باکور و هێڵی سنوور لە ڕۆژهەڵات و سنووری خانەقین لە ڕۆژئاوا دەوریان گرتووە. وەرماوا بە ٧٠٠٠ کەس نفووس لە کەوانەیەکدا هەڵکەوتووە، کە زەوییەکانی دەشتی شارەزوور واتە تانجەڕۆ لە باشوور، خورماڵ لە ڕۆژئاوا و ناحیەی ناوەندی هەڵەبجە پێکیان هێناوە. ئەو ناحیەیە هەروەها تا زەوییە بەرتەسکەکانی «دزیئایش» لە ڕۆخی ڕاستی سیروان دەچێتەپێش تا سەرەنجام بەشەکانی سەرووی ڕۆژهەڵاتی شیوی قەرەداغ و ناحیەیەکی بەو ناوە لەڕوبار جیا دەکاتەوە[٢].

ح- لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا بە هەڵە پێنج مایل نووسراوە.

١- ژمارەی نفوسی جافە خێڵ نشینەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧دا هاتبووە سەر ٦٠٠ بنەماڵە، من نازانم ئەوانە لە کام ناوچەدا سەرژمێری کراون.

٢- سنووری ئەم زەوییە بەرتەسکانە، سەرلەنوێ ساڵی ١٩٢٢ بەرەو ڕۆخی ڕاستی سیروان گواسترانەوە تا زەوییەکانی بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی سەنگاویش لە باشووری زنجیرەی قەرەداغ لە ناوخۆ بگرن. قەوارەی نارێکی ئەم ناحیەیە، نموونەیەکی زیندووترە لە ڕادەی کارتێکردنی عەشیرەتەکان لەسەر دەزگای دابەشکردنی حکوومەتدا. گوندەکای جێگیر لەم ناوچەیە میراتە موڵکی مەحموود پاشای جاف بوون کە لە هەڵەبجە ژیاوە و دزگای ئیداری بە شێوەیەک ڕێکخرا بوو کە قازانجی خاوەن موڵکەکان بپارێزێ.



هەڵەبجە وڵاتی جافانە؛ نزیک بە تەواوی خاکی ئەم قەزایە «تاپۆی»[٣] بنەماڵە حاکمەکانە و جافەکان بە لانی کەمەوە سێ لە چواری نفووسی ئەم قەزایە پێکدێنن. جاف کوردن و بێگومان گرنگترین هۆزی باشووری کوردستانن. کەسانێک هەن کە بە ئەندامانی ئەو هۆزە دەڵێن «کورد» و دەیانەوێ ئەوان لە عەشیرەتەکانی‌تر و ئەو گوندییانە جیا کەنەوە، کە بەستراوەیی عەشیرەتییان نییە. جافەکان، لە پلەی عەشیرەتێکی کورددا، پترلە عەشیرەتەکانی دیکە خزمەت و فیداکارییان کردووە و هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە مایەی شەڕ و پێکهەڵپڕژانی نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانیی بوون. لەوە دەچێ ئەوکاتە لە ناوچەی جوانڕۆ لەنێوان کرماشان، هەڵەبجە و باشوری ڕۆژئاوای سنە نیشتەجێ بووبن. ئەمڕۆ بەهۆی جوگرافیای ناوچەکەیان سێ گرووپی گرنگیان لێ ساز بووە. گرووپی یەکەم، کە مەزنترین گرووپی جافە، لە ڕۆژئاوای سیروان لەناو خاکی عێراقدا جێیگرتووە و بە«مورادی» دەناسرێ. گرووپی دووەم، ئێستاش بە ناوی «جوانڕۆی»یان لەسەرە و گرووپی سێیەم «کرماشانی»یان پێدەڵێن، کە لە چەند تیرەی چوک پێکهاتووە. کرماشانی، لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە لە گرووپی دووەم جیا بووەوە و سەرەڕای ئایینی جیاوازیان لەگەڵ گۆرانەکان تێکەڵاون[٤].

مێژووی جافەکانی مورادی، بەمجۆرەی کە خەڵکی ناوچەکە لەبیریانە، بە کۆچ یا ڕاکردنی کەسێک بە ناوی زاهیر بەگ لەگەڵ نزیکەی سەد ڕەشماڵ لە جوانڕۆوە بۆ «بانیخێلان» لە ڕۆخی ڕۆژئاوای سیروان دەست پێدەکات. ئەم شوێنە دروست ئەو جێیەیە کە چیای قەرەداغی لێ بەرەو ڕوبار شۆڕ دەبێتەوە و لەبەر ئەوە ناوچەی ژێردەستەڵاتی بابانەکانە. سەرچاوە مێژووییە جیاوازەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسی مێژووی ئەو

٣- بە پێ یاسای دابەشکردنی زەوی لە حکوومەتی عوسمانیدا، تەواوی زەوییەکانی وڵات جیا لە موڵکی شەخسی موڵکی حکوومەت بوون و بە«میری»ی ناسراون. میریی دوو بەشە: بەشێکیان کڕین و فرۆش کراون و بەشەکەی‌تر ڕێگای کڕین و فرۆشتنی نەبووە و سەر بە میریی بووە. خاوەنی موڵکی میری لە تیۆریدا هەر حکومەت بووە، بەڵام بە کردەوە وەک موڵکی شەخسی ئاڵوگۆڕ کراون و میراتگریشی هەبووە.

٤- بەڵگەی ئێرانی بوونی ئەندامانی گروپی ٢و٣ لە ڕاستیدا بیرەوەیی سەردەمی (١٩١٤-١٩٢١)ن کە سیروان سنووری «ئەوکاتە» بوو، بەڵام نەک بەشێوەی یاسایی. دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤دا بەشێک لە ئەندامانی ئەو دوو گرووپەی خستە ناو قەزاکانی خانەقین لە خاکی عێراقدا.

بەسەرهاتە دەکەن و کەریم بەگ کە سەرچاوەی زانیارییەکانی من لەم بارەدایە، مێژووی ئەو بەسەرهاتەی بە شوێن و جێگە دەگۆڕێ. ژمارەیەک نووسەر، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی شوێنی جافەکانن دەڵێن ئەوان لە سەردەمی حکوومەتی سوڵتان مورادی چوارەم لە ١٦٢٣-٤٠دا هاتوونەتە مەڵبەندی دەستەڵاتداریەتی عوسمانییەکان. مێژووی دروستی ئەم بەسەرهاتە بەڕای من دەبێتە ساڵی ١٧٧٢ (١١٨٦کۆچی)[٥]، واتە ئەوکاتەی کە ئەحمەدپاشا حاکمی قەڵاچوالان بوو. پاشا بە دڵفراوانییەوە پێشوازیی لە زاهیر بەگ دەکات؛ دوای ماوەیەک بە ڕاست یا بەدرۆ، ئەوی بە بەرپرسی کۆمەڵە دزی و تاڵانکردنێک ناسی کە گرووپێکی چل کەسی ڕێگر لەو ناوچەیە و ناوچەکانی دەوروبەریدا ئەنجامیان دەدا. پاشا بۆ ئەوەی کە ئەو ژمارەیە بێن و خۆیان تەسلیم بکەن، زاهیر بەگی بە بارمتە گرت. قادر بەگی کوڕی زاهیربەگ ئەو ڕێگرانەی دەستگیرکرد، کە ئاسایشی وڵاتیان پێشێل کردبوو و ئەوانی کوشت، بەڵام ئیتر کات بۆ ڕزگارکردنی بابی بە سەر چووبوو و پاشای هەڵەکەر، زاهیر بەگی کوشت بوو. شوێنی کوشتنی ئەو چل ڕێگرە، لە نزیکی بانیخێلان بووە، کە ئەمڕۆ بە گۆڕی «کەرەگەل» دەناسرێ. قەبری زاهیر بەگیش، لە نزیک «دزیئایش»ە: پاشا لە جیاتی ئەو ستەمەی کە لە زاهیر بەگی کردبوو دزی ئایشی بە قادر بەگ بەخشی. بنەماڵە ستەم لێکراوەکەی زاهیر بەگ، سەرۆکی جافەکانی مورادین و بە بەگزادە دەناسرێن. کەرەم و بەخشینی پاشا، ڕێگای بۆ کۆچێکی بەرفراوانتر کردەوە و سەرەنجام هۆزی مورادی بوو بە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی ئەو مەڵبەندە. دە هەزار ڕەشماڵ ژمارەیەکە، کە بە گشتی هەموو لایەک

٥- ئەم مێژووە لەگەڵ کێشەی ساڵی ١٦٣٩و ساڵەکانی پێشووی دێتەوە، چونکە ئەو سنوورەی کە سوڵتان مورادی چوارەم بەلای ڕۆژهەڵاتدا، بەسەر ئێرانی دابڕی گەلێک پتر لە سنووری ساڵانیتر بوو. ئەمین زەکی بەگ، مێژووناسی کورد، لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی مێژووی سلێمانی و وڵاتی (بەغدا ١٩٣٩)، بە وتەی ئەو کەریم بەگە ساڵی ١٧٣٧(١١٥٠هیجری) بە دروست زانیوە و ئەوەش ساڵێکە کە خالید پاشای بابان حاکم بووە. باسێکیتر کە جارجارە بە گوێ دەگات، ئەوەیە، کە جافەکان لە بنچینەوە عەرەبن و لە زنجیرەی مورادی سوریەن. هۆزی وا هەن لە کوردستاندا کە خۆیان بە عەرەبەکانەوە بلکێنن و بنەمایەکی عەرەبی بۆ خۆیان بدۆزنەوە و ئەم ویستە تایبەتیە پتر لەنێو ساداتەکاندا(!) بەرچاوە و تەنانەت ڕەگازۆیشی کردبووە ناو ئەندامانی ئەو عەشیرەتە، دیارە ئەم جۆرە ویست و بۆچوونەش دەگەڕێتەوە سەر دەستەڵاتی عەرەبان کە پێغەمبەری ئیسلامیان لە ئامێزی خۆیاندا گەورە کردووە، بەڵام ئەم گوتنانە لەگەڵ ئەو زانیارییەی کە لە سەر جافەکان هەیە هەرگیز یەک ناگرێتەوە.



بۆ ئەم هۆزەی لەبەر چاوی دەگرن. بەرلە هاتنی زاهیر بەگ بۆ ئەم ناوچەیە، شارەزوور ناوچەی ژیانی چەند هۆزیتر بوو کە لە فەسڵەکانی پێشودا پەنجەم بۆ زۆربەیان ڕاکێشاوە یا دوایی ئاماژەیان بۆ دەکەم. بۆ نموونە، ئەم ناوچەیە پێشتر شوێنی ئەو هۆزانە بوو: گەلاڵی، شێخ سمایلی، بێسەری، چوچانی، قەوێڵەیی، سمایل عوزێری، «شینکی»، کافرۆش، بڵباس، کەڵهوڕ، تیلەکۆ، گڵباخی و «مەندەمی». دەڵێن چوار هۆزی یەکەمیان، ئەو جافانە بوون کە ٥٠ ساڵ زووتر لەوانیتر هاتوونە ئەم ناوچەیە. چەند لقی مەڕداری ئەم هۆزە، زستانان دەچوونە باشووری قەرەداغ و لە «گۆل» و «سەنگاو» دەمانەوە و هاوینانیش بۆ بەرزاییەکانی ئێران لە نێوان سنە و سەقز هەڵدەکشان.

لەبەر ئەوەی کە ژمارەی ئاژەڵی تازە هاتووەکان بەرەو زیادبوون دەچوو، ئەوان بەرەبەرە شوێنی ژیانی خۆیان لە هاویناندا بەرەو باکور گواستەوە، سەرەڕای ئەوەش مەودای دووربوونەوەیان لەبەر چاو دەگرت و لە پێنجوێن زیاتر هەڵنەدەکشان و پاییزانیش زووتر لەوانیتر دەگەڕانەوە دەشتەکان. قادر بەگ، کە لەم کۆچکردنانە تووڕە بوو، ئەوکارەی بە بەربەرەکانێی و ناحەزیی دژ بە خۆی هەڵدەسەنگاند، لەبەر ئەوە ڕایگەیاند ناوی سەگەکەی کردووەتە «شێرە». شێر ئاغا، سەرۆک عەشیرەتی گەلاڵییەکان بوو. گەلاڵییەکان، بە تۆڵەی ئەوکارە، کلکی سەگی خزمێکی قادر بەگیان بڕی. سەرەڕای ئەوەی کە، کوشتنی مرۆڤێک لەناو کوردەکاندا شەڕی خوێناوی هەڵدەگیرسێنێ و بۆ کوژاندنەوەی دەبێ دابونەریتی ناوچە لەبەر چاو بگیرێ، لەناو کورد و عەرەباندا کوشتن یا سەقەت کردنی بە ئەنقەستی ئاژەڵ و حەیوانی خەڵک بە ڕادەیەک بە سوکایەتی دەژمێردرێ کە لەبیرکردنی جیا بە شەڕ و کوشتن چارەی نایەت. بەڵێ، قادر بەگ ئەو بیانووەی چەنگ کەوت کە لێیی دەگەڕا. لە «حەسەن شەهید»، لە دوا خاڵەکانی شیوی شلێر، پەلاماری شارەزوورییەکانی دا و چوارسەد کەسی لێ کوشتن و ئەوانی دیکەشی تاراند. لەناو گرووپ و کۆمەڵی شکاودا، گەلاڵییەکان سەریان بۆ قادر بەگ شۆڕ کرد و لە پلەی چوارەمین هۆزی مەزندا تێکەڵی موراديیەکان بوون؛ بەڵام ئەوان ئێستاش بنەماڵەی حاکمی خۆیان هەیە کە «ئاغا»ی پێدەڵێن و بەگزادەکان هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئاغاکانیان و بەو چەشنە ڕێز لە سەرۆک هۆزەکانیتر ناگرن. «شێخ سمایلی»یەکان[٦]، لە

٦- گڵمان، باسی دەم و لووتی خڕ و ناحەزی شێخ سمایلییەکان دەکات کە لە نزیکی تاریار دیونی و بە پێچەوانە دەم و لووتی درێژی خەڵکی سیوەیلی سەرووی پێ جوان بووە.

شەش گوندی سەر بەرزاییەکانی لای باکوری شارەزوور دەژین و ئێستاش هاوینان لەگەڵ جافەکان بۆ ئێران کۆچ دەکەن. شوێنی «بێرەی»یەکان، «چوچانی»یەکان و «قەوێڵەی»یەکانم لە فەسڵی هەشتەمدا ڕوون کردۆتەوە. سمایل عوزێرییەکان بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە و لە سەرچنار، سووورداش، بازیان و قەڵاسێوکە نیشتەجێ بوون. شینکییەکان و کافرۆشەکان چوونە بازیان و ئێستاش لە لای هەمەوەندەکانن. بڵباسەکان، لە گوندی هێندێک دوور لە یەکتری وەک قەرەتەپە لە نزیک کێوەسوور و «قاینجە» لە باکوری خورماڵ بڵاوبوونەتەوە. بەشێک لە کەڵهوڕەکان، ڕەنگە لەم شوێنە ڕایان کردبێ و چووبن و تێکەڵی ئەو هۆزە مەزنە بووبن، کە ئێستا لە باشووری جادەی خانەقین-کرماشان نیشتەجێن و سەد و پەنجا ڕەشماڵیشیان چووەتە ناو هۆزی تەرخانی جاف. ژمارەیەک لە تیلەکۆیەکان چوونە «خوڕخوڕە» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سەقز و ئەوانیتر تێکەڵی هۆزی مکایلی و ڕوخزادی(ڕوغزادی) جاف بوون. گڵباخییەکان و مەندەمییەکانیش ڕایان کردووەتە ناوچەی سەقز و سنە و کۆمەڵێکیشیان ئێستاش لە گوندەکانی سووورداش و بازیانن[٧].

سالانی دوایی، بەگزادەکان بە داگیرکردن یا بە خەڵات وەرگرتن یاخۆ کڕینی زەوییەکانی ناوچە، بە چەشنی تاپۆ، بوونە خاوەنی زەوییە پان و بەرینەکانی ئەو ناوچەیە و قزڵرەباتی ئەو بەری کێوەسوور لە باشوور تا پێنجوێن لە باکوریان لە دەست دایە. یەکێک لە نەوەکانی زاهیر بەگ بە ناوی قادر بەگ کە لە ساڵی ١٨٤٨ کوژرا، کەسێک بوو کە بە دەرکردنی عەشیرەتەکانی کۆنی «گێژ» و «ڕۆژبەیانی» و زەند لە ناوچەکانی «سەرقەڵا» و «شێروانە» لە ڕۆژهەڵاتی کفری، بارودۆخی جافەکانی لە باشووردا قایم کرد.

لە تۆرەمەنامەی لاپەڕەی دواییدا، هەوڵم داوە بەکەڵک وەرگرتن لە یاداشتەکانم و ژمارەیەک سەرچاوەی لێک جیاواز، تۆرەمەی ئەو بنەماڵە حاکمە ساخ کەمەوە و

---

٧- بڵباس یەکیەتییەکە لە هۆزەکان (بڕوانە فەسڵی ١٥). جارێک، لە بابکر ئاغای پشدەرم بیست کە دەیگوت بڵباسەکانی شارەزوور «سین» و «ڕەمەک» بوون کە سوارە گورج و چالاکەکانی نادر شایان پێکهێنا بوو و سلێمان پاشای بابان ئەوانی لە ناوچە دەرکرد (٥٧-١٧٤٣). ڕیچ لە (بەرگی ١ لاپەڕەی ١٨٣) لە پێنجوێن، لە دەفتەری یادداشتی ڕۆژانەیدا نووسیویەتی: «ئەو ڕەشماڵانەی کە ئێستا لە دەشتی ڕووبەڕوودا دەیانبینم، ڕەشماڵی گەڵاڵییەکان، کەلهوڕەکان و پاشماوەی هۆزیترن کە لە چیاکان شۆڕ بوونەتەوە خوارێ و جافی ئەسڵی نین».




نزیکایەتی و خزمایەتی بەگزادەکان کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ پێشان بدەم. کەسێک، کە هەموو لایەک باسی لێ دەکەن باپیرە گەورەی زاهیر بەگ واتە سەید ئەحمەد بووە، کە دەبێ لە نێوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەدا خاوەن دەسەڵات بووبێ. جافەکان، وەک زۆربەی عەشیرەتەکانیتری کورد دەڵێن بە هۆی سەید ئەحمەدەوە دەچنەوە سەر پێغەمبەری عەرەب. دوور نییە کە ئەو سەیدە وەک ڕێبەرێکی ئایینی جێی خۆی لەناو جافەکاندا کردبێتەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی ناسراو واتە دەستەڵاتی ئایینی، ئەو بنەماڵە حاکمانەی کە بەستراوەیی ئاینییان نەبوو، لە ناوچە دووری خستبێتەوە. ئێستا، دوو زنجیرەی بەرامبەر و جیاواز لەو هۆزە، لە عێراق دەبینرێن: قادر بەگ، سەرۆکە سەرکەوتووەکەی شەڕی حەسەن شەهید بە ڕواڵەت وەجاخ کوێر بووە و کوڕی لە دوا بەجێ نەماوە. سلێمانی برای دوو کوڕی هەبووە بە ناوی کەیخەسرەو و قادر. زنجیرەیەکی ئەو هۆزە دەگەڕێتەوە سەر کەیخەسرەو بەگیی و ئەوی تریشی بە ناوی «بارام بەگی»[٨] بە نەوەزای قادر بەگ دەناسرێ.

کاتێک هێزەکانی ئێمە دەستیان بەسەر عێراقدا گرت، هێشتا جافەکان بە شێوەی کۆنی کوردەواری دەژیان. ئەوان لە لایەک بنەماڵە ئەشرافییەکانیان حاکم بوو و لە لایەکیتریشەوە «ڕەعیەت»یان هەبوو و «کوێخا»یەکیان لەسەر بوو. بەشێک لەو تیرانە، ماوەیەک لەمەوپێش نیشتەجێ ببوون و کشتوکاڵیان دەکرد. ئەوانیتر، واتە زۆربەیان هێشتا خێڵ نشین مابوونەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکیتریان ژیانی نیشتەجێیان هەڵبژارد، بەڵام ئەمەیان پتر لە ڕووی ناچارییەوە بوو: یا بەهۆی کارەساتی سروشتی ئاژەڵەکانیان لە دەستدابوو یا بەهۆی شەڕی عەشیرەتی و پەلاماری حکوومەت مەڕ و ماڵاتیان تاڵان کرابوو و بۆ دابین کردنی ژیانیان ناچار بوون ڕێگای کشتوکاڵ هەڵبژێرن.

---

٨- دووپات کردنەوەی ناوی قادر سەر لە مرۆڤ دەشێوێنی و پێم وانییە ناوەکانم دروست نووسیبن. زنجیرەی سێیەم بە ناوی وەلەدبەگی لە ئێراندان و دەڵێن پاشماوەی خان بەگ برای زاهیر بەگن. سەید عەباسی عەزەوی، لوتفی کرد و بەرگێکی کتێبەکەی بە ناوی هۆزەکانی کوردی عێراقی (بەغدا ١٩٤٧) بۆ ناردم. سەید ئەحمەد، بە نەوەی پیر خدری شاهۆ دەناسێنێ کە هەروەک گوتم، دەڵێن لە سەردەمی سەڵتەنەتی شا عەباسی مەزندا (١٦٢٩-١٥٨٧) کارەکانی ڕەواجی هەبووە. ئەم مەسەلەیە سەیر نییە، بەڵام هیچ کام لە وەلەدبەگییەکان باسی شتێکی ئاوایان نەکردووە. ئەوەم لە هۆزی باباجانی و وەلەدبەگی هۆزی یەناخی (فەسڵی ١٥) بیستوە. دەڵێن یەناخییەکان لە تۆرەمەی بەگزادەکانن.






ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسێ، دوور نییە تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ سەرلەنوێ ژیانی کۆچەریی دەست پێ بکەنەوە. هۆی گرنگی ڕوو لە کۆچکردنی ئەم خەڵکە ڕەنگە دەستێوەردانی حکوومەت لە ژیان و دابونەریتی کۆنی تیرەکان بێ.

لە هۆزی مورادی، ئەم دوانزدە عەشیرەتانەی خوارەوە بە کۆچەر دەناسران[٩]: مکایلی ١,١٠٠ ڕەشماڵ، شاتری ١,٠٠٠ ڕەشماڵ، گەلاڵی ١,٠٠٠ ڕەشماڵ، ڕوخزادی ٧٥٠ ڕەشماڵ، ترخانی ٥٠٠ ڕەشماڵ، هارونی (٤٠٠ ڕەشماڵ)، کەمالەیی ٢٠٠ ڕەشماڵ، ئەمەڵە ١٥٠ ڕەشماڵ، سادانی ١٥٠ ڕەشماڵ، بداخی ٨٠ ڕەشماڵ و یارەویسی ٧٠ ڕەشماڵ[١٠]. ژمارەی نفووسی ئەم هۆزە خێڵ نشینانە ئێستا بە ڕادەی نیشتەجێ بووەکان مەزندە دەکەن. بەمجۆرە، ژمارەی ٥,٤٠٠ ڕەشماڵ بە ١٠,٠٠٠ بنەماڵە، کە بە پێی عادەت بۆ گشت مورادی کۆچەرەکانیان داناوە، کە ئەو ژمارەیەکی بەجێیە[١١].

هەوارگەی شەش تیرەی مەزنی جاف لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە باکورەوە بۆ باشور، بە شێوەی ئاسایی لەو ناوچانەدا بوو: مکایلی لە سەنگاو، لە ڕوباری باسەڕەوە تا ئاوە

---

٩- ژمارەی ناو کەوانەکان، ژمارەی ئەم ڕەشماڵانە پێشان دەدن کە ئێستاش لە ساڵی ١٩٢٢دا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد.

١٠- زۆربەی هۆزەکان دابەش کرابوون بە سەر چەند لقی فەرعیدا و چونکە ژمارەیەک لەم لقە فەرعیانە زۆر پان و بەرین بوون جیهانگەڕەکانیان توشی هەڵە کردووە کە وەک هۆزی سەربەخۆ بیناسن. لیستەی خوارەوە، شێوەی دابەشکردنەکانی شەش لقی فەرعی هۆزە سەرەکیەکان پێشان دەدات.
مکایلی: حەمەعەلی وەیسی، عەلی بەگی، ڕەشە بۆری، شوانکارە و بەشێکی چوکتر کە نیشتەجێ بوون.
شاتری: میر وەیسی، وردە شاتری، یوسف جانی، برایم.
گەلاڵی: بەگزادە، بۆرە، خدر وەیسی، پشدەری، سەرکەج، کەرموانی.
ڕۆخزادی: حەمە جان، سمایل، ڕۆخزاد، شیخ عەلی وەیسی، سەر حەد.
ترخانی: عەلیق، قادر حەسەن، قەچۆڵ.
هارونی: سەلیم، نادر شایی، قارەمانی، هارونی.

١١- کاتی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤دا باس لە مێرگوزاری جافەکان لە دیوی ئێران نەکرا، لە لیستەی وتووێژی کۆمیسیۆنیشدا ناوی لێ نەهات. حکوومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٣١دا، سنووری چوونی جافەکانی بەست و ساڵەکانی دواییش لەمپەری دەخستە سەر ڕێگەیان و سەرەنجام ڕێگای کۆچی ئەوانی بۆ ئێران گرت. لە ئاکامدا، خێڵ نشینەکانی جاف ناچار بوون هاوینی ئەو ساڵە بچن بۆ دەشتی شارەزوور و ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی مەرگ و میر و لەناو چوونێکی زۆر لە نێوان منداڵ و ئاژەڵانیاندا و ئەو کارەساتە ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەکەی خۆش کرد.

سپی؛ ڕوخزادی و ترخانی لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئاوەسپی؛ هاڕونی لە ڕۆخی سیروان نزیکی «پێواز»؛ شاتری لە ناوچەی باشووری ڕوخزادی و هاڕونی؛ گەلاڵی لە ڕۆژهەلات و باشووری کفری.

کۆچ بۆ لای باکوریش، بە شوێنێکی وەک یەکدا بوو. بۆ تێپەڕ بوون لە قەرەداغ لە کەلی سەگرمە و پەیکۆڵی و شیوی بانیخێڵان و ڕۆخی سیروان کەڵک وەردەگیرا؛ بۆ تێپەڕبوون لە زنجیرە چیای بەرانان بەرێگای ئەسڵی بەرانان لە باشووری سلێمانیو ڕێگای «گەورە قەلا» و «پاشەڕێ»ی ڕووبەڕووی پەیکۆڵی و شیوی دەربەندیخان بە لای سیرواندا دەچوون. عەشیرەتی مکایلی بە کەلی سەگرمە، بەرانان، «ئەربەت»، دۆڵی تانجەڕۆ و سەر «کەلی بێجان» لە زنجیرە چیای ئەزمەڕ تێدەپەڕین و بە «هەرمێلە»دا لە ڕۆژئاوا یا ڕۆژهەلات یا «کورەکاژاو»دا لە بەرزنجە و حاجی مامەن تێدەپەڕین و شارباژێڕیان بەجێدەهێشت و بە کەلی «کانیدزان» و «کۆترەڕەش»دا بە باشووری کەپکەی شلێردا دەچوونە هاوینە هەواری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی بانە. ئەوانیتر لە «کەولۆس»، لەو کەپکەی ناوچەی شارەزوور کە لە ڕۆژهەڵاتی چیاکانی سروچک بەرەو پێنجوێن چووە کۆ دەبوونەوە: ڕوخزادی و ترخانی بە پەیکۆڵی، «گەورە قەلا» و «موان»دا دەچوونە شارەزوور؛ گەلاڵی بە پەیکۆڵی، پاشەڕێ و هێندێک سەرووتر بە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی ڕوخزادیدا دەڕۆیشتن؛ بەشێکی شاترییەکان لەگەڵ ڕوخزادی و بەشەکەیتریان لەگەڵ هاڕونییەکان دەکەوتن؛ هاڕونیەکان بە ڕێگای بانیخێڵان و دەربەندیخاندا بەرەو پردی «توە قوت»ی سەر بەتانجەڕۆ لە حەوت هەشت مایلی باکوری ڕۆژهەڵاتی دووئاوی سیروان تێدەپەڕین و لەوێوە بە خورماڵدا ڕوویان لە باکور دەکرد. لە «کەولۆس» بە هۆی یەکێک لەو سێ ڕێگایانە واتە «کانی سپیلکە»، «ناڵپارێز» و «تەڕەتوان» بەرەو قزلجە دەچوون و سەرەنجام هەموویان جیا لە هاڕونییەکان لە نزیک پێنجوێن لە سنوور تێدەپەڕین بە کەپکەی شلێردا، کەلی «ناوخوان»یان دەبڕی و دەچوونە ئێران. عەشیرەتە بچووکەکانی وەک کەمالی لەگەڵ مکایلییەکان دەکەوت و ئەمەڵە، بداخی و سادانی لەگەڵ هاڕونییەکان بوون. کاتێک دەگەیشتنە سەر سنوور، تەواوی هۆزەکان لە کەوانەیەکدا لە بنارەکانی چیای چل کانیاندا بڵاو دەبوونەوە کە ١٠,٤٠٠ پێ بەرزاییەتی: مکایلییەکان لە نزیکی بانە، ڕوخزادییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوان لە «خوڕخوڕە» و بەم جۆرە تا

١٢- سمایل عوزیری لە باکوری ڕۆژئاوای مکایلی، واتە بەرەو بانە تاوڵیان هەڵدەدان.



دەگەیشتە هاڕونییەکان کە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی مەریوان، تاوڵیان هەڵ دەدا[١٢]. قەرەتەپە سنوری لای باشوری هاوینە هەواری مورادییەکانی گەلاڵی بوو. بەم جورە، مەیدانی کۆچی ساڵانەیان لە هەر لایەکەوە نزیکەی ١٤٠ مایل بوو.

گوندی هۆزە کۆچەرەکانی ئەم عەشیرەتە لە گەرمێن و کوێستاندا، بە هەردوو لای ڕێگای کۆچەکەیانەوە بوو. کۆچەرەکان، تاوڵی گەورەی زستانیی و کەلوپەلی زیادە و دەست و پێگیریان لەگەڵ خۆیان نەدەبرد و ئەوانیان لای ئەو کەسانە جێدەهێشت کە لە گوندەکان دەمانەوە و تەنیا ئەو تاولانەیان دەبرد کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرا. زۆربەی سەرۆک عەشیرەتە دەوڵەمەندەکان، لە ئێران گوندیان کڕیبوو یا بە ڕێگایتر بە دەستیان هێنابوو؛ گەلاڵییەکان بە ڕواڵەت ئێرانیان لە عێراق پێ باشتر بوو. سەروەت و سامانی جافە کۆچەرەکان ئاژەڵەکانیانە. لیستەیەکی دوورودرێژم لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٢ی هۆزی هاڕونی ڕاگرتووە کە سەرجەمی مەڕەکانیان ١٠,٠٠٠ سەر پێشان دەدات. کۆی گشتی بۆ گشت هۆزەکانی جاف ١٢٥,٠٠٠ سەرە. لە لیستەی ئەم سەرژمێرییەدا، بەرخەکان نەنووسراون و ژمارەی مەڕی ئەو سەرۆکانەش حساب نەکراوە، کە لە ژماردنی مەڕەکان هاوکارییان کردووین. سەرەڕای ئەوانەش، عەشیرەتەکان شارەزای شاردنەوەی مەڕ و ماڵات لەناو شیو و دۆڵ و ئەشکەوتی چیاکانن. بەمجۆرە، ژمارەی ئەسڵیی ئەو مەڕانە گەلێک پتر لەم ژمارە ڕاگەینراوەیە. هەر بنەماڵەیەک جیالە مەڕ ژمارەیەکی ئەسپی سواریی و گای بارکێشانی هەبوو.

دوو تیرەی گرنگی جاف، کە بە تەواوی لە گوندەکاندا نیشتەجێ ببوون، تیرەی نەورۆڵی و یەزدانبەخشی بوون. نەورۆڵی (تیرەی دەشت و پرچە)، لە شەش سەد بنەماڵە پێکهاتبوو و لە شازدە گوندی نزیک هەڵەبجە دەژیان؛ یەزدانبەخشییەکان هەشت گوندیان لە سێ سوچەکەی شەمێران[١٣] هەبوو. ئەم دوانە، لە ئەسڵدا لە مورادییەکانی خێڵ نشین بوون.

محەمەد پاشا، دوا سەرۆکی جاف تەواوی ئەو هۆزانەی لە ژێر فەرماندا بوو. دوای

١٣- هۆزە نیشتەجێیەکان یا نیوەکۆچەرەکان کە لەگەڵ مورادییەکانن بریتین لە: پشت ماڵە، کە زۆربەی سەرۆکەکانیان ئەندامی ئەو هۆزەن؛ مەسعودی لە پێنجوێن، عیسایی لە ناو شاترییەکاندا. گرووپی بچووکیتر کە بە مورادی دەناسرێن، بڕوانە لاپەڕەی دووی دوا لاپەڕەی فەسڵی ١٣.
١٤- کۆچی دوایی، ساڵی ١٩٢٠.

مەرگی محەمەد پاشا یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی مەحموود پاشا[١٤] بە گوێرەی دابی کۆن لەگەڵ کۆچەرەکان گەرمێن و کوێستانی دەکرد، لە حاڵێکدا کوڕەکەی‌تری واتە عوسمان‌پاشا[١٥]ی مێردی نەوسودخان لە هەڵەبجە دەمایەوە و لە لایەن تورکانەوە کرابووە قایمقامی قەزاو چوار کوڕی‌تری محەمەد پاشا لەسەر موڵکی خۆیان دەژیان. بەگزادەکان، مەحموودپاشایان بەپیاوێکی تەماحکار دەزانی و ئەویان بە چاونەزێریی تاوانبار دەکرد و دەیانگوت لەبەر ئەو ڕەوشتەی خزم و برا و ڕەعیەتەکانی لە خۆی بێگانە کردبوو و یەکیەتی جافەکانی تێکدابوو. ساڵی ١٩١٩، هەرچەندە بەگزادەکان وەک خاوەن موڵک دەستەڵاتیان مابوو و لە لایەن خاوەن موڵکەکانی‌ترەوە ڕێزیان لێ دەگیرا، بەڵام جیا لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئمووریەتی حکوومەتیی، دەستەڵاتیان بەسەر خێڵە کۆچەرەکاندا نەبوو.

لە ناو جیهانگەڕە کۆنەکاندا، ڕیچ دەڵێ کەیخەسرەو بەگ، سەرۆکی جافەکان لە سلێمانی لە لای پاشا بووە و دواییش ئەوی لە بارەگای هاوینی پاشا لە مەریوان بینیوە: سێ کوڕەکانی[١٦] و محەمەدبەگی برازای و کوڕی ئاواڵ زاواکەی بە ناوی قادر لەگەڵ هاتبوون. ڕیچ هەروەها دەڵێ ژمارەی هێزی شەڕکەری ئەم تیرەیە نزیکەی ٢,٠٠٠ سوار و ٤,٠٠٠ تفەنگچی بوو. ساڵانی دوایی، لە نزیکی بانە ڕەخنەی زۆریان لەو هۆزە دەگرت و لە ناوچەکەیاندا بە دزی و ڕێگرییان تاوانبار دەکرد. فریزر، لە داستانێکدا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد و جێی شانازی ئەم هۆزە نییە، باسی پەیوەندیی جافەکان و هەمەوەندەکان دەکات. فلیکس جۆنز، دەربارەی ڕێگریی هەمەوەند و جافەکان دەڵێ: ئەوان ڕێگای نێوان خانەقین و قەسری شیرینیان لە مەترسی خستبوو، بە چەشنێک کەس نەیدەتوانی بە بێ چاودێر بەو ناوچەیەدا تێپەڕێ. گرووپێک سوارەی جاف لەگەڵ سەرۆکەکەیان مەحموود بەگ (محەمەد؟) لە نزیک پردی زوهاب بە مەودای چەند مایل لەگەڵ ئەو و ڕاولینسۆن چوون تا لەو ناوچەیە تێپەڕن.

ڕەنگە سەرنج ڕاکێشترین لاپەڕەی کتێبە دڵڕفێنەکەی «سۆن» ئەو لاپەڕانە بن کە لەواندا باسی شوێنی ژیانی خۆی لە هەڵەبجە دەکات. سۆن دوای چوونی بۆ هەڵەبجە بەبێ

١٥- کۆچی دوایی، ساڵی ١٩٠٩.

١٦- ناوی کوڕەکان ناهێنێ.

١٧- ئەوە سەیرە کە سۆن، تاهیر بەک بە زڕکوڕی عادیلەخان دەناسێنێ. دیارە، کە عادیلەخان زڕکوڕێکی بە ناوی مەجید هەبووە، بەڵام ئەو سێ کوڕیشی هەبوون کە تاهیر بەگ کوڕە گەورەی بووە.



مەترسی و سڵ کردن چوو بۆ ماڵی تاهیر بەگ[١٧]، کوڕە گەورەکەی عادیلەخان و خۆی وەک «میرزا» و بازرگانی ئێرانیی ناساند. بە فەرمانی عادیلە خان هۆدەیەکیان لە قاتی سەرووی ماڵی تاهیر بەگ دایە و دوایی بردیانە ماڵی عادیلەخان و لە قاتی ژێرەوەی خانووبەرەکەدا جێیان بۆ کردەوە و ئەرکی نووسینەکانی عادیلەخانی بە زمانی فارسی لە ئەستۆ گرت. تاهیر بەگ شاعیرێکی ناسراو بوو. ئەو پێشەکییە دەنووسمەوە کە لە کتێبە شیعرەکەیدا نووسراوە و لە ساڵی ١٩٣٦ لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە:

تاهیر بەگ، شاعیری شیرین زمان و خۆش ڕاوێژ و بە ناوبانگ، کوڕی عوسمان پاشا، کوڕی محەمەد پاشا بوو. تایفەی بەگزادەکان یەکێک لەو میرە مەزن و ناسراوانەی کورد بوون کە سەد و پەنجا ساڵ بەرلە ئێستا سەرۆکایەتی خێڵی جافیان دەکرد. ساڵانی دوایی لە سەر داوای حکوومەتی بابان هاتنە شارەزوور و لە سەردەمی حکوومەتی بابانەکانەوە تا پێکهاتنی حکوومەتی عێراق سەرۆک و ڕێبەری خێڵی جاف بوون.

تاهیر بەگ ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی (١٨٧٨ز) پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە و لە ساڵی (١٣٣٧ کۆچی) کۆچی دوایی کردووە؛ تەرمەکەیان بردووەتەوە هەڵەبجە و لە گوندی «تەیرەل ئەبابیلە». ناوی یەکێک لە ئەسحابەکانی پێغەمبەریان لەسەر داناوە و سەعاتە ڕێیەک لە هەڵەبجە دوورە، بەخاکیان سپاردووە. تاهیر بەگ لە زانکۆ و خوێندنگەی ناوەندیی وانەی نەخوێندوە و تەنیا بەشی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام دەرک و تێگەیشتوویی و پلەی زانیاریی گشتیی ئەو لەگەڵ ڕادەی خوێندنەکەی یەکیان نەگرتۆتەوە و پتر لە دە قاتی ئەو بوو.

تاهیر بەگ بە چوار زمانی کوردی، فارسی، تورکی و عەرەبی شیعری گوتووە. فەرهەنگێکی بەم چوار زمانانە نووسیوە. ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە بەنرخە زۆرمان هەوڵدا بەڵام بەداخەوە چەنگمان نەکەوت. لە بابەت نووسینی ئەم بەشە، سوپاسی ناهیدەخانی خۆشکی تاهیر بەگ دەکەین کە بۆ ئێمەی نارد. لەو کەسانەی کە هەڵبەست و هۆنراوەکانی‌تری ئەو گەورە پیاوەیان لایە، داوا دەکەین بۆ بڵاوکردنەوە لە چاپی دووەمی ئەو کتێبەدا بۆمان بنێرن.

نموونەی زیرەکی و هۆشیاریی تاهیر بەگ لەوە دایە: لە سەردەمی

ح- مەبەست لە شەڕی یەکەمی جیهانییە.

دەستەڵاتدارییەتی تورکاندا، پازدە ساڵ بەرلە شەڕی گەورە[ح] میجەرسۆنی ناسراو سەفەری بۆ کوردستانی عێراق کردووە. دوای چەند ساڵ مانەوە لەو مەڵبەندە چووەتە ماڵی عوسمان پاشای بابی تاهیر بەگ. بە نۆکەر وەرگیرا و چەند مانگ لە خزمەتی ئەواندا مایەوە. ئەو خۆی بە ناوی غولاّم حوسێن ناساندبوو. ئەم غولاّم حوسێنە، کە هەمان میجەرسۆن بوو، چەشنی نۆکەرێکی چالاک بە گورجی کارو ئەرکی خۆی ڕادەپەڕاند. لەبەرئەوە تاهیربەگ زۆری لا بەڕێز بوو و خۆشی دەویست، بەڵام بەهۆی هێندێک ئاکار و کردەوەی، تاهیر بەگ شکی لێ دەکا؛ ئەو دەبینێ شێوازی کار و گوێ لە مستی ئەو لە ڕەفتاری نۆکەر ناچێ.

ڕۆژێک تاهیر بەگ، کتێبێکی فەرانسەیی تەماشا دەکا. غولاّم حوسێن (میجەر سۆن) پێی دەڵێ: «ئاغا، لەوە دەچێ ئێوە زمانی فەرانسەویش بزانن»؟ تاهیر بەگ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

«بەڵێ هێندێکی لێ دەزانم، ئێوە چی، هیچی لێ تێدەگەن»؟ غولاّم حوسێن دەڵێ:

«بەڵێ، شەش حەوت ساڵ پێش نۆکەری کابرایەکی فەرانسی بووم لە ئێران و هێندێکی لێ فێر بووم».

تاهیر بەگ، کاتێک بەم مەسەلەی زانی هەمیشە دەربارەی کارە نهێنییەکان بە زمانی فەرانسەیی قسەی لەگەڵ دەکرد. ڕۆژێک کاتی قسەکردن، غولاّم حوسێن (میجەر سۆن) بە جێی وشەی «نا» وشەی نۆو «New» (No)ی بە سەر زماندا هات. تاهیر بەگ، سەرسام بوو و هەستی کرد کە بێگومان غولاّم حوسێن دەبێ ئینگلیز بێ، چونکە وشەی New گوتنێکی ئینگلیزییە کە بە نا دەڵێن.

بانگی هێشت و پرسی: «ناوت چییە»؟

غولاّم حوسێن گوتی: «لە سەرت گەڕێم، لە ڕای ئێوە ناگەم؟ ناوی من هەر ئەو ناوەیە کە ئێوە منی پێ بانگ دەکەن».

تاهیر بەگ گوتی: «نا، تۆ ناوی خۆت گۆڕییەوە. تۆ ئینگلیزی».

غولاّم حوسێن گوتی: «چۆن دەزانی»؟

تاهیر بەگ گوتی: «لە شێوەی ڕاوێژ و قسەکردنت دەردەکەوێ».

غولاّم حوسێن گوتی: «ڕاست دەفەرموون. من ئینگلیزم و ناوم میجەر سۆنە(!) چەند



ساڵە لە وڵاتی عێراق و ئێران و عوسمانییدا دەگەڕێم».

تاهیر بەگ، هەرکە بۆی ساخ بووەوە، بە میجەرسۆنی گوت: کەوایە پێویستە چیتر لێرە نەمێنی، چونکە لەوانەیە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ حکوومەت سارد بێتەوە[ح].

سۆن لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بە ناسینی خۆی لە لایەن تاهیر بەگەوە ناکات. تاهیر بەگ نە تەنیا سۆنی دەرنەکردووە، بەڵکوو بەم جۆرەی کە بۆ خۆی دەڵێ کاتی ڕۆیشتنی گەلێک کۆسپیان خستووەتە سەر ڕێی و تەنانەت عادیلەخان ویستوویەتی ئەو بکاتە مامۆستای زمانی فارسی دوو کوڕە چکۆڵەکانی و لە لای خۆی ڕایگرێ، گەرچی کە مانەوەشی دوور لە کۆسپ و مەترسی نەبووە. یەکێک لەم کۆسپانە، ئەمین ئەفەندی ناوێک بوو. ئەو جولەکەیەکی نوێ موسوڵمانی ڕەگەز ئاڵمانی بوو، کە بە ناوی ڕاوێژکار لە لای عادیلە خان جێی خۆی کردبووەوە. ئەمین ئەفەندی کە لە بوونی ئەو میوانە بە وتەی خۆی ئێرانییە کە چەند ساڵ لە ئەورووپا ماوەتەوە، هەستی بە مەترسی دەکرد. لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا تۆوی گومان و دوو دڵی بخاتە ناو مێشکی تاهیر بەگ، بەڵام دەرکەوت کە ئەو هەوڵدانەی پتر لە پەیوەندیی بە کار و ئەرکی ڕۆژانەی سۆنەوە هەبووە نەک بە ڕەگەز و ئایینییەوە. هۆیەکەی تری، هاتنی کەسێک بوو، کە خۆی بە شێخ سەلامی سنە دەناساند و پێشتر سۆنی لە قوستەنتەنیە دیبوو و ئێستاش لە «بیارە» لێی دەگەڕا. شێخ، کە پێشتر باوەڕی بە ئینگلیز بوونی ئەو نەدەکرد، ئێستا لە موسوڵمان بوونیشی بەشک بوو. لە ڕاستیدا کاتێک ئەو لە سلێمانی گەڕایەوە، شێخ چووبووە هەڵەبجەو بەتاوانبارکردنی ئەو بە«مەسیحییەت» لە کۆڕێکی عادیلەخاندا کێشەیەکی گەورەی نابووەوە، بەڵام بەوتەی «حەمە»ی بەردەستی سۆن، عادیلەخان و کوڕەکەی شێلگیرانە پشتی سۆنیان گرتبوو و قسەکردنی ئەویان بەزاراوەی شیرازیی بە شاهید هێنابووەوە و گوتبوویان دیویانە کە سۆن نوێژی کردووە.

سۆن دەڵێ، تەنیا کەسێکی کە ئەو لە کەرکووک باسی خۆی بۆ کردووە، فەلەیەکی خەڵکی مووسڵ بووە کە لە سلێمانی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ پەیدا کردبوو. من خۆم ڕۆژێک لە عادیلەخانم پرسی، کاتێ سۆن لە ماڵیان بوو هەرگیز شکی لێ کردووە؟ گوتی:

---

ح- لە پێشەکی دیوانی شیعری تاهیر بەگدا نەنووسراوە (چونکە لەوانەیە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکوومەت سارد بێتەوە)، بەڵکو دەڵێ (نەوەکو بە دەست تورکانەوە تووشی ئازار بێت).

«ڕاستییەکەی، لە بیرمە ڕۆژێک تاهیری کوڕم هاتە لام و گوتی لام وایە ئەو غولامە حوسێنە ئەورووپایی بێ؛ بەڵام من گوتم هەرچۆنێک بێ ئەو میوانی ئێمەیە و نابێ ئێمە خۆمان لە کارێک وەردەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە». سۆن ڕەنگە دوای ئەو ڕووداوە پتر ئاگای لەخۆی بووبێ. هەرچۆنێک بێ قسەی کوردەکان بەگشتی ڕادەی لێزانی سۆن دەگەیەنن، سەرەڕای ئەوەش زیرەکی هۆشیاری تاهیر بەگیش(ح) بەڵگەی ئەو بۆچوونەیە، چونکە تاهیر بەگ دوای شەش حەوت مانگ مانەوەی سۆن لە لای، تازە شکی لێ کردووە.

هۆزێکی‌تری ناوچە کە نەخشی سەرەکی هەیە لە سیاسەتی هەڵەبجەدا هەورامانییەکانن، کە لە دوو بەشی زنجیرە چیای ئەسڵی زاگرۆس نیشتەجێن و ناوی خۆیان بەو مەڵبەندە داوە. ئەم مەڵبەندە، بەشێکی بچووکە لە وڵاتی زاراوە گۆرانی کە لە نێوان کۆمەڵە «کوردێکی» زاراوە سلێمانی و ئەردەڵاندا دەچێتەپێش و دەبێتە دوو بەشی سەرەکی: «لهۆن» و «تەخت». تەخت، بۆ خۆی بووەتە: «حەسەن سانی»[18]، بارام بەگی و مستەفا سانی کە ناوی خۆیان لە نەوەکانی پێشووی حاکمەکانی ئەو هۆزە وەرگرتووە.

هەژدە گوندی بەشی ئەسڵی لهۆن، ناوچەیەکی بەرتەسکیان لە سوچێکدا بە دەستە کە زنجیرە چیای هەورامان لە باکوری ڕۆژهەڵات و سیروان لە باشووردا پێکیان هێناوە. سنووری نێونەتەوەی بە لوتکەی چیا و نزیکی باکوری گوندی ئەم جەماوەرە بە ناوی «بێدەرواز» شۆڕ دەبێتەوە: هێڵی سنوور گەلێک خوار و نارێکە و هۆی هەڵبژاردنی ئەو هێڵەش لە لایەن کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنور لە ساڵی ١٩١٤دا ئەوە بوو کە تەواوی ئەو گوندانە لە خاکی عوسمانی بکەنەوە و بیانخەنە ژێردەستی ئێران. بۆ زانیاری پتر، ئەمە ئەو بەشەیە کە بەر لە ساڵی ١٩٠٥ بە گوێرەی «وەزعی مەوجوود»ی ساڵی ١٨٤٨ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و دەبوایە هێڵی نوێی بۆ پەسەند بکرێ. بەر لە ساڵی ١٩١٤، بۆ ماوەی چەند ساڵ شەڕ و پێکدادانی توندوتیژ لەنێوان لهۆن و پێگەکانی سەر سنووری عوسمانیدا هەبوو و سەرەنجامی ئەو شەڕانە سوتاندنی نەوسودی بە دواوە بوو، کە

---

ح- گیوی موکریانی لەم بارەیەوە دەڵێ: من ئەو کەسە بە زیرەک نازانم کە وشەی نای لە (نۆو) جوێ کردۆتەوە، بەڵکو کاتی بە زیرەک و هۆشیارم دەزانی کە وەکو بەهەشتی ئەحمەد موختار بەگی برای ئاورێکی لە نیشتمانە دابەشکراوەکەی خۆی داباوە.

١٨- سان، کورتکراوەی سوڵتانە. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بە سەرۆکە مەزنەکانیان گوتووە.



گوندێکی مەزنی ناوچە و پێگەی جافرسوڵتان سەرۆکی ئەو هۆزە بوو. لهۆنییەکان توانیان بە پەلاماری توند و یەک بە دوای یەکیان لەوبەری سنوورەوە تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. لەو ناوەدا، بە هۆی شەڕی ئیتالیا و باڵکان و گەلێک گیروگرفتی‌تر، دەستەڵاتی عوسمانییەکان بە ڕادەیەک دابەزی، کە خەڵکی ئاشتیخوازی «تەوێڵە»، کە گوندێکی وەک «بیارەیە» و لە ڕۆخی سنوور سازکراوە، ناچار بوون بۆ هێمن ڕاگرتن و پاراستنی گوندەکەیان لە بەرامبەر پەلاماری لهۆنییەکاندا، داوا لە قادر بەگی کوڕی جەعفەر بەگ بکەن، بێتە تەوێڵە. پاشەڕۆژی ئەم کارە ڕوون بوو، چونکە قادر بەگ سەرەتاماڵێک و لە دوایی باخێکی داگیر کرد و دوای ئەویش بوو بە خاوەنی تەنیا حەمامی گوندەکە و سەرەنجام دەستی بەسەر باخ و زەوییەکاندا گرت. ئەندامانی‌تری بنەماڵەی قادر بەگ، لە نێوان شەڕی ١٤-١٩١٨دا کەڵکیان لە لاوازیی و لە ناوچوونی دەستەڵاتدارییەتی عوسمانی وەرگرت و شازدە گوندی‌تریان لە کوردستانی عێراق داگیرکرد. خەڵکی زۆربەی ئەم گوندانە، هەرچەندە وەک هەورامانییەکان بە زاراوەی گۆرانیی قسەیان دەکرد، گوندەکان موڵکی یاسایی جافەکان بوون. هەر بەمجۆرەش لە ئێراندا، لەو کاتانەدا کە حکوومەتی ئێرانیان لاواز و بێ دەستەڵات دەبینی لە هەل کەڵکیان وەرگرت و سەرەنجام دەسەڵاتی خۆیان بە سەر بەشێک لە گوندەکانی ناوچەی «پاوە» لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا سەپاند. بەشێک لە خەڵکی ئەو گوندانەش بە زاراوەی گۆرانی قسەیان دەکرد.

سنووری لای باکوری گوندەکانی لهۆن لە خاکی عێراقدا، چوار گوندی بارام بەگی و لە باکوری ئەواندا هەشت گوندی حەسەن سانییەکانە. هەرکام لەو دوو هۆزانە نزیک بە چوار گوندیان لە ئێران هەیە، بەڵام گوندەکانیان هێندێک لێک بڵاون و لە هێڵێکدا نین. گوندی گرنگی هۆزی یەکەم «دزڵی» و گوندی گرنگی هۆزی دووەم «شاری هەورامان»ە کە ناوی لە پەیمانی زوهابدا هاتووە. مستەفا سانییەکان، لە ئەسڵدا چواردە گوندیان لە بەری ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، کە ناوەندەکەیان «ڕەزاو» بوو و موڵکیان لە عێراقدا نەبوو. لەو سەردەمەدا کە ئێران لاواز و بێ دەستەڵات بوو، ئەندامانی ئەو هۆزە بەرەو ڕۆژهەڵات چوون: مستەفا سانییەکان دەستیان خستە سەر نزیک بە چل گوندی ناوچەی «ژاوەرۆ» لە بەشی سەرووی سیروان لە باشووری ڕۆژئاوای سنەدا.

بەگزادەکانی هەورامان بەپێچەوانەی زۆربەی عەشایری کوردستان، کە تۆرەمەی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام، دەڵێن لە نەوەکانی «تەمورەسی کیانی» فەرمانڕەوای

ئەفسانەیی ئێرانن، کە دوای مەرگی ئەسکەندەر بەگ (ئەسکەندەری مەزن) کە لە لایەن بەهمەن کوڕی دارا کوڕی ئیسفەندیار(!)[١٩]ەوە کرا بە حاکمی هەورامان. دەسەڵاتداریەتی ئەو بنەماڵەیە جیا لە ماوەیەکی کورت لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەفدەی زایینییدا، تا ئێستا نەپچراوە و بە بەردەوامی درێژە هەبووە.

دەڵێن، یەکێک لە میرە کوردەکان کە «هەڵۆ» خانی ئەردەڵانی ناو بووە، دژی «شا عەباسی مەزن»[٢٠] ڕاپەڕیوە و ناوچەی «ژاوەرۆ»ی لە ڕۆخی سیروان و ڕۆژهەڵاتی هەورامان خستووەتە ژێردەسەڵات و چاوەدێری خۆی. کوڕی هەڵۆ خان ناسراو بە خان ئەحمەد خان، کە ساڵانی دوایی بە خانی کورد ناوبانگی دەرکرد لەگەڵ کردەوەی بابی هاودەنگ نەبوو و یارمەتی بە ڕاپەرینەکەی نەکرد. چونکە هێرشە پەیتا پەیتاکانی

١٩- بەگزادەکان، بەتێکڕا پەنچە بۆ مێژوویەکی دەستنووس ڕادەکێشن کە لە لای حەسەن بەگی کوڕی حوسێن بەگی ڕەزاوە. حەسەن بەگ هەرگیز ئەم نووسراوەیە لەخۆ دوور ناکاتەوە. تەحسین بەگ خوێندکاری زانکۆی ئابووری لەندەن، ساڵی ١٩٥٥، کورتەی ئەم بەڵگەیەی دامی کە ڕووی نووسراوەی حەسەن بەگی نوسیبۆوە، لەم بابەتەوە سوپاسی دەکەم. نووسراوەکە بە خەتی شکەستە و تێکەڵ و پێکەڵە و لە زۆر جێی ناخوێنرێتەوە. من توانیم چەند خاڵی سەرنج ڕاکێشی لێ دەرکێشم. ئەو بنەماڵەیە لە ئەسفەندیارەوە دەست پێدەکات و دوای ژمارەیەک ناوی ئاسایی دەگاتە کەیومەرسی یەکەم پاشای زنجیرەی پێشدادی، کە بەرلە کەیانییەکان بوون. ناوی والی لوڕستان کە لەشکری ئامادە کرد، شاوێردی خان نووسراوە. دەیانگوت کال مەجنون پاڵەوانێک بووە کە لە سوپای سوڵتان موڕادی چوارەمدا خزمەتی کردووە (سوڵتان موراد ساڵی ١٦٢٣-١٦٤٠ حکوومەتی کردووە). مێژووی جێگیر بوونی عەباسقلی لە حکوومەتدا ١٦٤١ نووسراوە.

ئەو مێژووی کە من لەو نووسراوەدا هێناومە بەگوێرەی وتەی زارەکی بووە کە ساڵی ١٩٤٢ بیستوومە و هەروەها بەپێ مێژووی هەورامان و سەرۆکەکانی ئەو نووسراون کە لەو ساڵەدا زۆراب بەگی کوڕی ئەسفەندیار بەگی لهۆن بۆی نووسیوم. مێژووی شۆرشی (هەڵۆ) خان ساڵی ١٦٠٦ و مێژووی قەتل و عام ساڵی ١٦١٥ نووسراون. ئەوە سەیرە کە ناوی شا لە هەموو جێیەک «حوسێن» نووسراوە (مێژووی سەڵتەنەت ١٧٢٢-١٦٩٤).

شاوێردی خان، کە ناوی لێرەدا هاتووە، بێگومان دوا باپیرە گەورەی لوڕی بچووک نییە، کە شا عەباس لە ساڵی ١٥٩٧دا لە سەڵتەنەتی خستووە و کوشتویەتی، بەڵکو کوڕی حوسێن بەگ باپیرە گەورەی والییەکانی پشتکۆیە. مێژووی حکوومەتی شاوێردی خان ڕەنگە لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٦٣٠-١٦٦٠دا بوو بێ. بڕوانە وتاری من، بەرگی ١٦ی گۆڤاری سەڵتەنەتی ئاسیای ناوەندی، ١٩٢٩، لاپەڕەی ٣٥٠.

٢٠- دەورانی سەڵتەنەت ١٦٢٩- ١٥٨٧.



شا عەباس بۆ سەر ناوچەی «ژاوەرۆ» ئاکامی نەدەبەخشی، شا عەباس لەگەڵ خان ئەحمەد خان لە وتووێژ کەوت و پێشنیازی پێکرد، کە ئەگەر بابی تەسلیم بەو بکات، ئەو «کلاوزێڕ»ی کچی دەداتێ و لە کوشتنی بابیشی خۆش دەبێ. بەمجۆرە، خان ئەحمەد خان بە پیلانی پاشا، بابی خۆی تووشی کۆت و زنجیر کرد و دەستبەستە بۆ ئیسفەهانی نارد. شا بە دەرهێنانی چاوەکانی هەڵۆ خان و نەکوشتنی بەڵێنی دووەمی بردە سەر، بەڵام ئەوکارەی بە ڕادەیەک توند و بێ بەزەییانە بوو کە هەڵۆ خان دوای ماوەیەک مرد. خان ئەحمەد خان لە پەرۆشی مەرگی بابی و بەتۆڵەی بەجێ نەگەیشتنی یەکەم بەڵێنی شا لە بابەت دانی کچەکەی بەو، دژی پاشا ڕاپەڕی و دەستەڵاتی خۆی لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەرفراوان کرد: زستانان لە «زەڵم» و هاوینانیش لە «هەوارگەی پیرە ڕۆستەم» لە باکوری شاری هەورامان دەمایەوە. خان ئەحمەد خان بە پێچەوانەی ئەمەگناسیەتی سەرۆکی تایفە و پشتگریی تەواوی پیاوانی بنەماڵەکەی، ئەوانی بانگهێشت کرد و هەموویانی کوشت و دوایی بەشوێن منداڵە بێ دەستەڵاتەکانیان کەوت.


بەڵام، ژنی یەکێک لە بەگزادەکان کە منداڵی لە سکدا بوو بە هەڵکەوت بۆ سەردانی ماڵی بابی کە والی لوڕستان بوو، چوو بووە ئەو جێیە. منداڵ لە دایک بوو و ناوی «عەباسقوڵی»یان لێنا. عەباسقوڵی لە ژێر سێبەری خاڵیدا پێیگرت و گەورە بوو. لەو ناوەدا، خان ئەحمەد خانیش شێت بوو و مرد. عەباسقوڵی لە پلەی سەرۆکی لەشکرێکدا، سەربزێوێکی ناوداری بەناوی «کاڵ مەجنون» گرت و بەو کارەی خزمەتێکی گرنگی بەحکوومەت کرد. حکوومەت بە پاداشی ئەو خزمەتە جێگای بابەکانیان پێ سپاردەوە.

تۆرەمەنامەیەی لاپەڕەی دوایی پەلوپۆی گرنگی ئەو بنەماڵەیە پێشان دەدا. نەوەی نوێی ئەو بنەماڵەیە گەلێک پڕبار بووە. تۆرەمەنامەکە ساڵی ١٩٤٢ نووسراوە و دەزانم دوور لە کەموکوڕی نییە و حەفتا منداڵی کوڕ پێشان دەدات، کە بەگشتی لە پیاوانی نەوەی حەوتەمن. لە نەوەی هەشتەمدا ژمارەی کوڕەکان دەگەنە ١١٩ کەس. جافرسوڵتان بە تەنیایی نۆزدە کوڕی هەبووە.

ساڵی ١٩١٥، ناوی هەورامان بە دۆزینەوەی سێ نووسراوەی مێژوویی بۆ فەرەزانان ئاشکرا بوو. دوو نووسراوەیان، بە زمانی یۆنانی و ئەویتریان بە زمانی پەهلەوی ئەشکانییە، کە لە یەکێک لە فەسڵەکانی داهاتوودا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

پێشتر باسی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامانم کرد. دوو شێخی گرنگی ئەو ناوچەیە

**تۆرەمەنامەی بەگزادەکانی جاف**




لە سالّی ١٩٢١دا، عەلی حسامەدینی تەوێڵە و شێخ عەلائەدینی بیارە، دوو نەوەی شێخ عوسمان بوون. دیارە ئەو دوو کەسانە بەڕادەی ئەو دوو بنەماڵەیە دەستەلاّتیان نەبوو، کە پەنجەم بۆ ڕاکێشان، بەلاّم ئەوانیش لە هەلّسووراندنی سیاسەتی ناوچەی خۆیاندا بێ نەخش نەبوون. من ڕێزی زۆرم بۆ شێخ حسامەدین دادەنا، چونکە ئەو هەمیشە تەواوی هێزی مەعنەوی خۆی سەرفی بەهێز کردنی حکوومەت و دابینکردنی یاسا دەکرد و هیچ چەشنە پارەیەکی بۆ خزمەتەکانی لە حکوومەت وەرنەدەگرت. بە پێچەوانە، پورزایەکەی پیرەپیاوێکی بە جولّە بەئازار بوو و لە ژێر پەردەی خزمەتکردنیدا بە حکوومەت لە دەستەلاّتی خۆی لە ناو دەزگاکانی حکوومەتدا بۆ ڕووتاندنەوەی خەلّک و داگیرکردنی مولّکی ئەو جوتیارانە هەولّی دەدا، کە لە باب و باپیرانیان بۆیان مابووەوە؛ موچەیەکی کەمیان دەدایە، بەلاّم بەوپەڕی بێ شەرمییەوە هەمیشە داوای زیاد

٢١- ڕەشیدی عالی گەیلانی و شێخ عەلائەدین بە دانی فتوای پشتیوانی لە سەربزێوی سالّی ١٩٤١ پتر خۆیان شەرمەزار کرد.



کردنی دەکرد[٢١].

بەلّێ، ناوچەی هەورامانی لهۆن لەگەلّ بەشێک لە ناوچەی شارەزوور کە دراوسێیەتی، ئەو دەستکەوتەشیان هەیە کە شوێنی لە دایکبوونی ئایینێکە، کە ڕۆژهەلاّت ناسی فەرانسەوی[٢٢] نزیک بە سەد سالّ لەمەوبەر دەربارەی دەلّێ:

– «ئایینی بە ڕاستی گرنگی ئێران، هەم لە ڕوانگەی فەرمان و ژمارەی لایەنگرانی و هەم لە ڕوانگەی کەیفیەتەوە». ئایینی «کاکەیی»یە. ئەو ئایینە بە ڕادەیەک بەرچاوە کە فەسلّێکی جیاواز و تایبەت بە خۆبەوە بگرێ.

٢٢- کنت ئا دوو گوبینو، (فەسلّی سێزدە)

## ١٢- ژیان لە هەڵەبجە

لەبەر ئەوەی کە دەفتەری یاداشتی دیدارێکی چەند هەفتەی سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٢٢ی هەڵەبجەم لێ ونبووە، ناچارم داستانی کردەوەکانم لەو جێیە بەپێی نووسراوەکان ساخ کەمەوە و بە گوێرەی ئەو یاداشتانە ئامادەی بکەم، کە لە دیدارەکانی دواییمدا لەو «قەزایە» نووسیومن[١].

کەسایەتی سیاسی ناوچە، ئێستاش عادیلەخان بوو. ئەو بەهۆی ئەحمەد بەگی کوڕی کە بەشێوەی ڕەسمی قایمقام بوو، دەستەڵاتی خۆی دابین دەکرد، بەڵام «مودیر» و مەئموورەکانی ئاسایی حکوومەت فەرمانی کارەکانیان لە جێگری حاکمی سیاسی وەردەگرت و ئەویش بڕیارە گرنگەکانی لە ناوەندی قەزاوە بۆ دەهات. داود بەگ، نوێنەری لقێک لە بنەماڵەی کەیخەسرەو بەگی، سەرۆکی شارەوانی بوو. دوای مەرگی مەحموود پاشا لە ساڵی ١٩٢٠دا، یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی عەلی بەگ ببووە سەرۆکی جافە خێڵ نشینەکان؛ بەڵام جێگری حاکمی سیاسی پێشوو، ئەوی لەبەر کار لێنەهاتوویی وەلا نابوو و کەریم بەگی برازای مەحموود پاشا و عوسمان پاشای لە پلەیەکی نزمتردا بەجێی ئەو کردبووە «کارگوزار». کەریم بەگ، لە بەشی خواروو لە باشوور لە نزیک سیروان لە ڕۆژهەڵاتی کفری دەژیا. عادیلەخان و بەگزادەکانی هەڵەبجە دانی ئەو پلەیان بە ئەندامی لقێکی بچووکی بنەماڵە بە دڵ نەبوو و ئەم گۆڕانکارییە ناڕازی کردبوون.

وەرزی بەهار محەکی ڕادەی لێهاتوویی سەرۆک یا کارگوزار بوو: چونکە لەم وەرزەدا، ئەوان دەبوایە مەڕی دوازدە هۆزی خێڵ نشین ببژێرن و باجی دیاریکراو بۆ هەر سەرەی هەشت «ئانە»[٢] کۆ بکەنەوە. بۆ شاردنەوەی مێگەلی گەورە هیچ وڵاتێک ناگاتە ناوچە ناهەموارەکانی باشووری قەرەداغ؛ کوێخای خێڵ نشینەکان کە هەرگیز چاوی دیتنی مەئموورەکانی حکومەتیان نییە، بۆ دواخستنی باج بە تەواوی هەوڵ دەدەن کاتی کۆچ بگات و لە سنوور ئاودیو بن و بۆ ماوەیەک خۆیان لە کێشەی مەئموورەکان ڕزگار کەن. بە

١- ناوەڕۆکی قسە خۆشەکانی جی. م. لیز یەکەم جێگری حاکمی سیاسی هەڵەبجە لە مارسی ١٩١٩وە تا یانواری ١٩٢١ بە ناوی «دوو ساڵ لە کوردستاندا» بەرگی ١٥ی گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیای ناوەندی، ساڵی ١٩٢٨. قسەکانی نوێل و مارشاڵ هیگینز لەم بارەیەدا وتەکانی ئەویان خۆش کردووە.

٢- Anna، یەک لە شانزدەی ڕوپیە.



هۆی ئەم سەرنەکەوتنە بوو کە جێگری حاکمی سیاسی پێشوو پارساڵ عەلی بەگی وەلانا و گوتی کەریم بەگیش لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە. جافەکان هەرچەندە لە دەرەوەی ناوچەی سلێمانی بوون و لە خاکی کەرکووک تاوڵیان هەڵدابوو، بەڵام جێگری حاکمی سیاسی سەرپەرشتیی دەکردن. بڕیارم دا بە زووترین کات لە «کەلار» چاوم بە کەریم بەگ بکەوێ و ژیانی ئەو هۆزانە لە گەرمێن ببینم.

بەیانیی ڕۆژێک لەگەڵ دەستەیەکی بچووکی چاودێر، هەڵەبجەمان بەجێهێشت و لە سێ مایلی شار تووشی دەشتێکی سەوزی جوان و بەرتەسک بووین کە نزیکەی دوو مایل درێژ و مایلێک پان بوو. گوندی «گۆنە» لە ناوەڕاستی ئەو دەشتە بوو؛ چەند گوندی دیکەی سەر بە «نەورۆڵی»یەکانیش لە باوەشی تەپۆلکەکانی دەوروبەریدا پان ببوونەوە. من دەستبەجێ ناوی «شیوی خۆشبەخت»م لەسەر ئەو دەشتە دانا، چونکە سەرەڕای دیمەنی جوانی، بە زەوی و مێرگوزار و تودڕکە چڕەکانی و تەنانەت کۆگا بەردی ناو کێڵگەکانییەوە پتر لە هەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وڵاتەکەم دەچوو و لەو کاتەوە کە ئینگلیستانم بەجێ هێشتبوو، شوێنێکی ئاوام نەدیبوو. ئاهەنگی ڕۆیشتنەکەمان توند کرد و دوای سێ سەعات لە کەلێک تێپەڕین و گەیشتینە گوندی «شەکمەیدان»، کە لە نزیک دووئاوی تانجەڕۆ و سیروان هەڵکەوتبوو. ئاوی ڕووبارەکەیان هەڵبەستبووە ناو دەشتێک و زەوی گەرم و قوڕە شێل بوو. چەند بنەماڵەی کەڵەوانی عەرەب ڕۆژگارێک لەم ناوچەیە بوون. ئەوان تەنیا عەرەبی نیشتەجێی ئەم پارێزگایە بوون، کە ئەگەر تا ساڵی ١٩٢٢ لەوێ مابن، دوایی ون بوون.

لە بیرم نییە، توانیمان لە بواری ڕووبارەکە بدەین یا بە سواری کەڵەک لە ئاو پەڕینەوە. ڕێگا، بە ڕۆخی ڕاستی سیرواندا بە زنجیرە تەپۆڵکەیەکی ناڕێکدا دەچوەپێش؛ لە پێنج مایلیی «شەکمەیدان» گەیشتینە زارکی دووئاوی دەربەندیخان، کە بەهۆی ئەو زارکەوە ڕووبار بە نێوان بەرانان و «خۆشک» لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا ڕێگا دەکاتەوە. «خۆشک» سنووری نێوان خانەقین و شەمێرانە. ڕێگا لێرە باریک و سەختە و لە پلەکانی لوس و خلیسکی بەردیی دەچێ و ڕێگای باسکەکەی تریش کە بە چاو دەبینرا زۆر سەخت و ناهەموار بوو. نزیکەی سەعاتێکی گرت تا یەکەم شیومان بەجێهێشت و گەیشتینە دەشتی «دزیئایش». دزیئایش یەکەم شوێنە کە جافەکان لە خاکی بابانەکاندا دەستیان کەوتووە. هێندێک بەرلەوەی کە ڕووبار لە گەرووی دووئاوان سەر دەربێنێ و پان بێتەوە، بناخەی پردێکی ڕووخاوی لێیە. لەوە دەچێ کاتێک ئەو دوو مەڵبەندە لەژێر دەستەڵاتی

حکوومەتێکدا بووە، ڕێگای سلێمانی بۆ کرماشان بەم شوێنەدا تێپەڕیبێ. شەو لە «بانیخێڵان»، ئەو جێیەی کە چیای قەرەداغ دەنیشێ و ڕێگا بۆ ڕوبار خۆش دەکات تا بێ پێچ خواردن تێپەڕێ، بوارێکە خەڵک لێی دەپەڕێتەوە، لە چایخانەیەک ماینەوە کە بە قوڕ و قامیش ساز کرابوو.

شەو، نامەیەکی پڕلە ئاخ و ناڵەی کەریم بەگم پێگەیشت کە نووسیبووی: لایەنگرانی «خانم» لەنێو خەڵکدا دەنگۆیان داکوتاوە کە ئێوە بۆ وەلانانی من دێنە ئێرە. ئەو ڕوداوە شوێنێکی خراپی لەسەر هێمنایەتی و وەزعی گشتی عەشایریی ڕام نەکراو داناوە و ئەوان ئامادە نین باج بدەن. وەڵامێکی بەجێم بۆ نووسییەوە و هەر بەم تەتەرەدا بۆم ناردەوە، کە نامەی ئەوی بۆ هێنابووم. داوام لێکرد شەوانە لە هیچ جێیەک نەمێنێتەوە. نامەکەم بەدەست و خەتی خۆم و بەزمانی فارسی نوسی، کە زمانی ئەدەبی خەڵکی باشووری کوردستانە. ئەو کارەی من واتە نووسینی نامە بە زمانی فارسی نەک بە عەرەبی و تورکی کارتێکەریی باشی هەبوو و زۆر جار لە سەفەرەکانمدا جافەکان ئاماژەیان بۆ دەکرد.

نوکتەیەکی خۆشی ئەو شەوەی «بانیخێڵان»م لەبیرە: چایچی، لە مشتەرییەکی دەویست کە حسابی چایەکانی بدات و هەرلەو کاتەشدا نەیدەیویست من بەو مەسەلەیە بزانم. لەبەر ئەوە لەسەرەخۆ گوتی: «فلوسەکە گیاتر». بەمجۆرە بۆ ئەو کارەی لە سێ زمانی جیاواز کەڵکی وەرگرت: گوتنی فلوس بە زمانی عەرەبی واتای پارە دەدات، «ەکە» لە زمانی کوردیدا وشەی «دیارە» کە بە دوای ناودا دێت و «گیاتر» گوتنی تورکییە و واتای «بێنە» دەدات.

ناوچەی شاخاویی ڕۆژئاوای سیروان، لە بیست مایلیی باشووری ڕۆژئاوای «بانیخێڵان» و سێزدە مایلیی نزیکترین پێچ خواردنەکانی ڕوبار سەر بەرز دەکاتەوە و ۳٦۰۰ پێ بڵندە. بەرزایی بەشی ناوەند کە بە «دارە خێڵە» دەناسرێ، پەلی بۆ تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری هاویشتووە و لافاوەکانی لای باشووری ڕۆژهەڵات بۆ سیروان و باشووری ڕۆژئاوا بۆ «نارین» و باکوری ڕۆژئاوا تێکەڵی «ئاوە سپی» دەکات. نارین ڕوبارێکی بچووکە و لە نزیک کێوەسوور تێکەڵی سیروان دەبێ. ڕێگا هەرگیز زۆر لە ڕوبار دوور ناکەوێتەوە. لە چەند جۆگەلە ئاوێک تێپەڕین، کە لافاوەکانی «دارە خێڵە» بۆ دەشتەکان دەبەن. لە نزیک زارکی زۆربەی ئەو جۆبارانە شوێنی پێگەی تورکان دەبینراو لە «پێواز» و «باوەنوور» جێی دوو سەربازگەی گەورە مابوون، کە بیرخەرەوەی



سەردەمی بەر لە ساڵی ۱۹۱٤و ڕۆژگارێک بوون کە ڕوبار سنووری نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بوو. هێندێک جار، شیوەکە ئەوەندە پان دەبووەوە کە ڕێگای لە تەپۆلکە ناخۆشەکان دەکردەوە و دەیهێنا ناو مێرگوزاری جوان کە پنجە دڕ و دەوریان تەنیبوو. کاتی ڕۆیشتن هێندێک جار پشت سەری خۆمان تەماشا دەکرد و دەمانڕوانییە بەرزاییەکانی ناو خاکی ئێران. ناوی خۆش و سەیر و سەمەرەیان هەبوو: «شاهۆ» بە بەرگی سپی و ڕۆشنی بەفری، لە ڕێگایەکی دوورەوە بە باکوری ڕۆژهەڵاتدا دەچووەپێش؛ «بەمۆ»، کە شیو و دۆڵێکی قوڵ و درێژ لە پشت «شێخان»ەوە قەڵافەتیان دابڕدابڕ کردبوو؛ «دالاهو»ی چین چین، لەناو دڵی وڵاتی گۆران و ئەولاترداو گەلێک زنجیرەی قات قاتی تر کە بەسەر یەکدا کەوتبوون و هاوڕێیانم ناویان نەدەزانین.

کەریم بەگ و براکانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کوێخا، کە لە باکور و باشور کۆ کردبوونەوە، چەندان مایل بەرەوپیرمەوە هاتبوون: ئێستاش لەم جۆرە کاتانەدا ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن بە تەواوی ڕەچاو دەکرا. پێکەوە چووینە «کەلار». بۆچوونی ئەو لەم کارەی ئەوە بوو کە گشت کوێخاو ئەندامی هۆزە خێڵ نشینەکان بە چاوی خۆیان ببینن کە جێگری حاکمی سیاسی میوانی دەبێ و ڕەنگە ئەو چاوەڕوانییەی کە حکوومەت لەوانی هەیە، ڕاستەوخۆ لە زمانی کارگێڕێکی بەرزتری ببیسن، کە بیستیان.

بەرگی پیاوانی جاف بەپێچەوانەی پەیوەندییان بە مۆدی بەرگی باکور کاتی کۆچکردن بۆ کوێستان، لە ژێر کارتێکەریی بەرگی باشوور دایە و تەنانەت پیاوە دەستکورت و هەژارەکانیش هەمیشە کەوا و سەڵتە لەسەر پانتۆڵ و دەرپێی گوڵدار لەبەر دەکەن. ژمارەیەکی کەم لە کوێخا دەوڵەمەند و لوت بەرزەکان بەچەشنی بەگزادەکان کەوای درێژی ئاوریشمیی لەبەر دەکەن و مێزەری زل و گەورە لە سەر دەبەستن. زۆربەیان ڕیشی کۆڕپە و جوان دادەنێن و هێندێک جاریش بن لێوی خوارەوەیان دەتاشن کە لاوەکان بەشێوەی سروشتی ئەو شوێنەی ڕیشیان تەنکترە.

لەم کۆڕەدا، پیرە پیاوێکی بە ڕواڵەت ماقوڵ کە کەوایەکی درێژی ئاوریشمیی و سەڵتەیەکی قوماش ئێرانیی لەبەردا بوو، سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشام، کە دەرکەوت شێخ حەسەن سەرۆکی لقی بەرزنجەکانی «دۆڵپەمۆ» بوو. هەرچەند کە ئەو سوننەبوو، بەڵام بەڕێبەری ئایینی ناوچەی قزڵباشی دووزخورماتوو و گوندەکانی تورکمان نشینی نزیک جادەی کەرکووک وەرگیرابوو. دەربارەی خەڵکی ئەم گوندانە، لە یەکێک لە فەسڵەکانی داهاتوودا دەدوێم. بە بەرەکەتی ئەو دیارییانەی کە مریدە بێ مێشکەکانی

دەیاندایە، ئەوەندەی مەڕومالاّت هەبوو کە بە ناچار خۆی بە هۆزی شاترییەکانەوە هەڵاوەسیبوو و وەک ئەندامێکی ئەو هۆزە هەموو ساڵی گەرمێن و کوێستانی لەگەڵ دەکردن.

کوردە خێڵەکییەکان وەکوو عەرەبە دەشتەکییەکان لەژێر تاوڵی گەورەی بە کوێن سازکراو لە مووی بزن دەژین. لێواری لای خوارەوە و پشتی تاوڵەکان لە زەوی بزمار(گوڵمیخ) دەکەن، یان بۆ فێنک ڕاگرتنیان بەندە بە ڕێگای هاتنی «با» هەڵیان دەدەنەوە. بۆ جیاکردنەوەی لێواری خوارەوەی تاوڵەکان لە زەوی و پێشگیری لە دڕان و شڕ بوونیان چیخ لە دەوری تاوڵەکان دەبەستن. مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەی ئاسایی بە پێی گەورە و بچووکی تاوڵەکان ڕادەی ماڵ و دارایی خاوەنەکەی هەڵسەنگێنێ: ڕادەی ئەستونی تاوڵەکان پێوانەی هەڵسەنگاندنن. هەروەک پێشتر گوتم جافەکان دوو جۆرە تاوڵیان هەیە: تاوڵێکی گەورە بۆ گەرمێن و یەکی چکۆڵەش بۆ ناو ڕێگا و کوێستان. لەناو جەماوەری خێڵەکی و تاوڵ نشیندا، خزمەتکردن بە میوان بە ئەرک دەزانرێ و ژووری زۆربەی تاوڵەکان چیخ دەکەن و بەمجۆرە لەناو تاوڵەکاندا دیوەخان جیا دەکەنەوە. لە بەشی‌تری تاوڵەکەدا ژنان دەتوانن بەسەربەستی کاری ناو ماڵیان ئەنجام بدەن. پێخەف، لانکی منداڵ، گەنمی زستان، برنج و ڕۆن لە بەشی تایبەت بە ژنان دادەنێن. لە تاوڵی زۆر گەورەدا، ڕەنگە بۆ بەشکردنی ئەو دوو جێیە لە پەردە کەڵک وەرگرن. ژن و پیاو لێک جیا نابنەوە، بەڵام ژنان ناچنە ژووری میوانان و لە هودەی ئەوان دانانیشن، بەڵام لە ژووری خۆیاندا زۆر ئازاد و بە دڵی فراوان و پاکەوە خزمەت بە دۆست و ناسیاوانیان دەکەن.

دوای یەک دوو ڕۆژ مانەوەم لە «کەلار» لەگەڵ کەریم بەگ چووین بۆ «چیمەن کۆپری»، کە لە دوازدە مایلیی باشووری کفری لەسەر ڕێگای «قەرەتەپە» هەڵکەوتووە. گەلاڵییەکان، لەوێ تاوڵیان هەڵدا بوو. ئەو شوێنە، چەند جۆگەلەئاوی سوێری پێدا دەڕۆیشت کە دەیانگوت ئاوەکەی بەر لە کۆچی بەهاران بەرەو باشوور بۆ مەڕەکان قازانجی هەیە. کەریم بەگ بەم ڕادەیەی کە لەگەڵ کوێخاکان گرژ و نێوچاویان تاڵ بوو، لەگەڵ ئاغاکانی گەلاڵی کە بەرەوپیرمانەوە هاتبوون زۆر ڕووخۆش و گەرم بوو: کاتێک، لە ئەسپەکان دابەزین دەستە وملی یەکتر بوون و شانی یەکتریان ماچ کرد.

لە نێوان ئەو جەماوەرەدا کە بۆ پێشوازی کردنم هاتبوون و لە ڕێگای چوونمان بۆ دیوەخان، چاوم بە توفیق ئاغا سەرۆکی بنەماڵەی حاکم نەکەوت. ئەو دوای ماوەیەک



هات و داوای لێبوردنی کرد و گوتی کاتی هاتنی ئێمە خێزانی زاوە و کچێکی بووە و بە پێی دابوشوێن وەک میوانێکی بەڕێز داوای لێکردم ناو لە کچەکەی بنێم. ئەوکات، بە هەڵکەوت مێشکم بە «گلادیس»ەوە خەریک بوو. شیعری شاعیرێکی بێ ناوی جافم بە خەیاڵدا هات کە دەڵێ:

هاتم بەبۆنەی خاڵت؛ تووشی داوی زولفت بووم؛
تەیرێکی نابەڵەد بووم، نەمزانی دانەی داوە.

لەبەر ئەوە «گوڵدەستە»م بۆ پێشنیاز کرد. ڕووداوەکە، ئەنجامێکی خۆشی نەبوو؛ ئەگەر ڕۆژێک دڵی «گلادیس» لە ئینگلیستان لە گۆڕەپانی یاری تێنیسدا چوکترین لەرزی لە خۆیدا دیبێ، کەمن هۆیەکی دروستم بۆ ئەم خەیاڵە نەبوو، بەرلە گەڕانەوەم بۆ وڵات دڵی ئەویش وەک دڵی من هێمن و لە سەرەخۆ شێوەی ئاسایی‌و سروشتی خۆی گرتبووەبەر. بەڵێ، گوڵدەستەی گەلالی بەم ڕێگایەدا چوو کە زۆربەی منالانی ئەو وڵاتەی پێداچوون و لەودا بە شێوەی سەرسوڕهێنەر مەرگ و میری منالی تێدایە و کاتێک دوای سێ ساڵ وەزعی گوڵدەستەم لە بابی پرسی بەزەحمەت دەهاتەوە بیری کە ئەو خاوەنی کچێک بووە.

ئێوارە دوای زەردەپەڕ چووم کە چاوم بە ئاغایەکی گرنگتری ناوچە بکەوێ. لە کاتێکدا لەژێر شۆقی دوو فانۆس لە سەر فەرش دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، دوو دەست لە پشت چیخی لای ژنانەوە کوڕێکی ٥-٦ ساڵەی دەست و ڕوو پیس و سگ زلی کە سگی لە قەڵشی کراسە پیسەکەیەوە دەرپەڕیبوو، ناردوە لای ئێمە. ئەو مەسەلەیە هەمیشە بۆمن جێگای سەرسوڕمان بوو، لە کاتێکدا لە ناو کورد و عەرەباندا دایک و باوکەکان بەوپەڕی جوانی و خاوێنییەوە بەرگ دەپۆشن، چۆن بە منالەکانیان ئیزن دەدن بەم سەروسیما پیسەوە بخولێنەوە. زۆر جار مێش دەوری لوت و چاویان دەگرتن و کەس نەبوو هەوڵی دەرکردنیان بدات. بابی، منداڵەکەی لە سەر کۆشی دانا و دەیلاواندەوە و بۆ بزواندن و پێشاندانی ڕادەی هۆش و تێگەیشتوویی پرسیاری لێ دەکرد. منداڵە نۆبەرەکەشیان بەبێ سڵکردن لەسەرەخۆ نەخشی خۆی دەگێڕا و وەڵامی دەدایەوە. زۆری پێنەچوو کە دایک و نەنکی منداڵەکە بە کەلێنی چیخەکەدا سەر و سنگیان هێنا ژوور و لەم کۆڕەی شادی و پێهەڵاگوتنی کوڕەکەیاندا بەشدارییان کرد. پیرەژنەکە، کە ڕووکراوەتر لە ئەویتریان بوو. ڕووی لە من کرد و بە ڕاشکاوی گوتی: «بەڵی جەنابی حاکم، بە ڕاستی منداڵێکی بە هۆشە؛ ماشەڵڵا بە لوتفی خودا و لە ژێر سایە و عەداڵەتی دەوڵەتی بەریتانیای مەزن لە ئێستاوە دوای تاریکبوونی هەوا دەچێتە تاوڵەکانی‌تر و شتی بچووک

دەدزێ و دەگەڕێتەوە». لە وەڵامیدا گوتم: شوکر بۆ خوا. دوایی ئەم وتە ناسراوە نادیارەم گێڕایەوە: ئینشاڵڵا گەورە دەبێ و وەک بابی دەبێتە پیاوێکی بەکەڵک. گەلاڵییەکان، تەنانەت لە ناو جافەکانیشدا بە دز دەناسران. «ڕیچ، سەد ساڵ لەمەوبەر پەنجەی بۆ ئەم دیاردەیە ڕاکێشاوە. کەریم بەگ، لە مەبەستی من گەیشت و من لەژێر شۆقی کزی تاوڵەکەدا ئەو تێگەیشتنەم لە چاوەکانیدا خوێندەوە.

بە ڕۆخی سیروان و ڕێگای گوندی قەرەداغ و تەپۆلکەی شێروانەدا گەڕاینەوە کەلار. لە قەرەداغ، میوانی شێخ وەهابی تاڵەبانی بووین. شێخ وەهاب، شێخ بەرماڵێکی بە دەستەلاتی تەریقەتی قادری بوو. گوتی هەرچەندە زۆربەی موڵکی تاڵەبانییەکان لە نزیکی کەرکووکن، بەڵام چونکە شێخ حامیدی بابی ویستویەتی دەستەلاتی بنەماڵەکەی بەرفراوانتر بێ، ژمارە موڵکێکی لەوبەری ڕوبار لە «بنقەدرە» بۆ ئەو و مستەفای برای کڕیوە. هەروەها، بەگزادەکانی جافیش لێرە موڵکیان هەبوو.

گردی شێروانە، لە نزیک ڕوبار و دوو مایلیی باشووری کەلار هەڵکەوتووە. تەپۆلکەیەکی بەرز و بەرچاوە و فیلیکس جۆنز، چیریکۆف و مانسل باسیان کردووە. گردێکی چەماوەیە و وەک هێلکە خڕەو درێژایی ١٥٠ یاردو پانایی نزیکەی ١٠٠ یاردە. من، ژمارەیەکی زۆرم خشتی سووری شێوە «بابلی» لە سەر ئەو گردە بینی. مەحموود پاشا، باپیرە گەورەی کەریم بەگ ئەم خشتانەی بۆ ساز کردنی کەپرێک بردبووە سەر گردەکە، تا کاتی ڕاوکردن کەڵکیان لێ وەرگرێ. ئەو کەپرە ئێستا نەماوە و ڕووخاوە. چیریکۆف بەم جێیەی گوتوە «نەوشیروانە»، ڕەنگە گوتنی ڕاستیش هەر ئەوە بێ. نزیکبوونی ناوی ئەم گردە لەگەل ڕوبارەکە بووەتە هۆی بە هەڵە چوونی جیهانگەڕان و زۆربەیان بە ڕوبارەکەیان گوتوە «شیروان».

سەرلەبەیانی ڕۆژێک، لەگەڵ کەریم بەگ و براکانی دانیشتبووین کە لەپڕ کابرایەک کە دەتگوت «حاجی‌بابا»[3]یە لێمان وەژوور کەوت. کراسێکی چینداری سەربازیی و پانتۆڵێکی دەرلنگ تەنگی «سەربازی ڕوسی یا گورجی» لەبەردا بوو. چەپ و ڕاست فیشەکی لە سنگ و پشتی هالاندبوو و دەرلنگەکانی لە چەکمەی ڕووسیی هاویشتبوو و کلاوێکی پێستی لە سەر کردبوو؛ ڕیشی درێژ و لولو بوو و دەردەکەوت تازەی ڕەنگ کردووە. لە ناوەندی کۆڕەکەدا جێگەی بۆ خۆی کردەوە و بەشداران بۆ ڕێز گرتنی هێندێک

٣- مەبەست حاجی بابای ئیسفەهانی، نووسراوەی جیمز موریە، لەندەن ١٨٢٤.



خۆیان بەرز کردەوە. بە زنجیرە «سلاو، سلاو» گوتنێک بەپەلە لە میوانەکانی پرسی. بەبێ ئەوەی کە پرسیاری لێ بکەن گفتوگۆکان ڕێگای ئاسایی خۆیان گرتەوە و دوو سێ دەوری‌تریان چا هێنا. لە دوایی، کەریم بەگ بەبێ ئەوەی کە ڕاستەخۆ پرسیاری لێ بکات، قسەکانی بە شێوەیەک دەست پێکرد کە کابرای بێگانە تێگەیشت پێویستە مەبەستی خۆی لە هاتن بۆ ئەم کۆڕە ڕوون بکاتەوە. ئەو، کە زۆر بەجوانی فارسی دەگوت، قسەکانی بە ئایاتێکی قورئان و چەند بەیت شیعر و پەندی سەعدی و مامۆستایانی‌تر سەبارەت بە دەستگرتن و خزمەتکردن بە میوان و لێ قەوماوان دەست پێکرد. باسی وەزع و حاڵی خۆی کرد و داستانێکی بێ ناوەڕۆکی سەریەک خست کە گوایە شەپۆلی شەڕ ئەو و عەشیرەتەکەی لە وڵاتەکەیان لە نزیک کرماشان هەڵکەندووە و بۆ قەفقازی فڕێ داون، بە چەشنێک کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و داوای لە کەریم بەگ کرد کە نان و پێخۆریان بداتێ و منیش نامەیەکی بۆ مودیری پێنجوێن بدەمێ و پێی ڕابگەیەنم کە لەسەر خەرجی دەوڵەت بەخێویان بکا. ئەم داوایە، لەگەڵ داستانەکەی یەکی نەدەگرتەوە. شک هەڵیگرتم؛ پێم گوت نزیکترین ڕێگا بۆ وڵاتەکەیان ئەوەیە کە لە سنور بپەڕنەوە کە پترلە دوازدە مایل نابێ، بەڵام ئەگەر دەیانەوێ بە ڕێگایەکی سەرڕاستتردا بچنەوە ئێران بۆ حاکمی سیاسی خانەقین دەنووسم و داوای لێ دەکەم بۆ پەڕاندنەوەیان لە سنوور یارمەتیان پێ بکا. لە دەرەوەی دیوەخانەکە، ئەسپی کابرای بێگانەم بینی کە بە ئاخوڕێکەوە بەسترابۆوە. ئەسپێکی ڕەش و جوان بوو و زینێکی سەربازی ڕووسیی لەسەر بوو. کاتێک چووم و شوێنەکەیانم بینی گومانم پتر بوو: هیچ کۆمەڵێک لەوانە شڕە پۆشتر و بێسەرە و بەرەتر نەبوو. ئەم خەڵکەی کە لەو جێیە کۆببوونەوە بێگومان لەو قەرەچییە گەڕیدانە بوون کە من پێشتر لە لوڕستان دیبوومن. لەو شڕە پۆشانە بوون کە لەم سەرەی سنووری عوسمانیی، قەفقاز، ئێران و...... بۆ ئەو سەری دەچوون. چەند ساڵ دوای تێپەڕ بوونی ئەم ڕوداوە ڕاپۆرتێکی «سوق‌الشیوخ»ی ڕۆخی سەرووی فوراتم پێگەیشت کە دەیگوت عەشیرەتێکی ئێرانیی لە قەفقازەوە هاتوون و دەیانەوێ بگەڕێنەوە ئێران. ئەو ڕاپۆرتە، بیرەوەری ئەو ڕۆژەی لە مێشکمدا زیندوو کردەوە. ئەو بەڵگانەی کە دەگوترا ئەم تاقمە لایانە و دەیانەوێ بۆ لێکۆڵینەوە بینێرنە بەغدا، لێم ویستن. بەڵگەکان، نزیکەی چل پەنجا لاپەڕە بوون کە لە لایەن سەرۆکی عەشیرەت و شارەوانی شارۆچکەکانی عێراق و شوێنەکانی ترەوە نووسرابوون. لەم بەڵگانەدا وترابوو، ئەو گرووپە ئاوارە و دوور لە نیشتمانەیان بۆ ماوەی

دوو سێ ڕۆژ بەخێو کردووە و داوایان کردبوو ئەگەر ڕێیان لە گوند و شارۆچکەکان کەوت یارمەتیان پێ بکەن. من نازانم لەم سالآنەی پێشوودا ئەوانە لە کوێ بوون و چەندجار هاتبوونە عێراق، بەلاّم ئەم جارە بۆ ماوەی چەند هەفتە لە شارۆچکەکانی دەوروبەری فوڕات لەسەر خەرجی دەوڵەت لەوەڕان. بەڵێ، نووسین و ناردنی فەرمانێک بۆ ناوچەکان کۆتایی بەکاری ئەو دەغەڵبازانە هێنا.

لە گەڕانەوەمدا بۆ هەڵەبجە بە ڕێگایەکدا هاتم کە لە چەند مایلیی ڕۆژئاوای ڕوبار بە نێوان ناوچەیەکی شاخاویدا دەڕۆیشت و بۆ تێپەڕبوون لە قەرەداغ بە مەبەستی دیتنی بینایەکی کۆنی مێژوویی بە ناوی پەیکۆڵی کە لە نەخشەی ئێمەدا «قەلاّی کۆن»ی پێ دەگوترا کەلی پەیکۆڵیم هەڵبژارد. کوردەکان بەم جێیە دەڵێن «بوتخانە». بوتخانە لە بەشی باشووری ژێر کەلی «پەیکۆڵی» لە ناو دەشتێک و سەر تەپۆلکەیەکی سروشتی و نزیکی کوێرەڕێیەک هەڵکەوتووە و جافەکان کاتی کۆچکردن کەڵکی لێ وەردەگرن. بینای ئەسڵی وێران بووە و ئەوەی کە لێی ماوە کۆمەڵێک بەرد و قسڵی بەشی باکووریەتی و بەرزترین خاڵی نزیک بە دوازدە پێیە. بناری تەپۆڵکەکە پڕە لە تەختە بەردی تاشراو کە شکڵی زۆربەیان لاکێشێن؛ دەوری ژمارەیەکیان خڕ کردووە؛ لە سەر زۆربەی بەردە لاکێشیەکان و ئەم بەردانەی کە دەوریان خڕ کراوە بە زمانی پەهلەوی، خەتی بزمارییان لێ هەڵکەنراوە. لە نێوان ئەم بەردانەدا چەند نەخشی کەللەسەر و سنگم بینی: کەللەسەرەکان زۆر گەورە بوون و شکڵ و وێنەی کلاّوی لبادییان دەخستە ناو مێشکی مرۆڤ کە سەردەمێک لوڕەکان(٤) لە سەریان دەنا. نەخشەکان ریشی پڕو پانیان هەبوو و مووی ڕیشیان بە هەردوو لای چەنەیاندا شۆڕ ببووەوە. دوو وێنەی نیوتەنە لە دیوارە ڕووخاوەکەی لای ڕۆژئاوا دان و یەکێک لە باشوور و یەکی‌تریش لە دیواری ڕۆژهەلاّتیدا. بەرزایی وێنەی بەردی لای ڕۆژهەلاّت لەگەڵ یەکێک لە وێنەکانی ڕۆژئاوا لە نووکی سەرەوە تا دوا خاڵی ڕیشیان نزیکەی سێ پێ بوو؛ وێنەی بەردی لای باکور هێندێک چوکترە، بەلاّم نیوتەنەی دووەم واتە وێنەی لای ڕۆژئاوا، شتێکی بچووک و بێ کەڵکە(٥).

٤- شکاکەکان ئێستاش لەو جورە کلاوانە لە سەر دەنێن. وەرگێری ف.

٥- ئەمەم بە گوێرەی یاداشتێک نووسیوە، کە لە دیداری دووەمم لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا لەو جێیە کردووە. بڕوانە دوو یاداشتی نووسەر لە «گۆڤاری جوگرافی» (بەرگی ٦٥، ساڵی ١٩٢٥، لاپەڕەی ٦٣دا) بە ناوی «شوێنەواری کۆن لە باشووری کوردستاندا».



تا ئەو جێیەی بزانم یەکەم جیهانگەڕ کە لەو بینایە دوابێ، جی.بی.فریزر بووە. ئەو، لە باسی بەشەکانی شارەزووردا، لە ژێر سەردێڕی یەکی نۆڤێمبەری **١٨٣٤**دا دەڵێ: «شێخێک باسی بوتخانەیەکی کرد و گوتی لە شوێنێکی دەشتەکەدا دۆزراوەتەوە و ژمارە بەردێکی بزماریی هەیە کە هەتا ئێستا کەس لەم ناوچەیەدا نەیتوانیوە بیانخوێنێتەوە». ڕاولینسۆن کاتی چوون بۆ شەمێران لە ساڵی **١٨٣٦**دا بە «بوتخانە»یەکی زانی کە لە «سێ فەرسخی» ئەو جێیە بوو: بەمجۆرەی کە دەیانگوت بەردی بزماریی و جۆرە پەیکەرێکی لێیە کە بۆ ئەوە دەبێ جیهانگەڕانی دوایی بیبینن. ئەو بۆ خۆی دوای هەشت ساڵ، لە گەڕانەوەی سەفەرێکی درێژدا کە فیلیکس جۆنز باسی لێ دەکات، ئەم شوێنەی دیوە و وێنەی **٣٢** نەخش و نووسراوەی بزماریی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە و کورتەیەکیشی لە سەر ناوچەکە نووسیوە. ئەو نووسراوەیە لە «گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی لێکۆڵینەوەی ئاسیا» ژمارەی ساڵی **١٨٦٨**، لەگەڵ وتارێک خرابوو کە بەڕێز «ئیدواردتوماس»(٦) سەبارەت خەتە بزمارییەکانی نووسیبوو.

جیهانگەڕێکی‌تری ئەورووپی کە دەربارەی ئەم قەلاّ وێرانەی نووسیوە، شوێنەوار ناسێکی ئاڵمانییە بەناوی «ئەرنست هەرتسفلد»(٧)، دوو سەفەری کورتی لە ساڵی **١٩١١**و **١٩١٣** بۆ ئەو ناوچەیە کردووە و وێنە و قالبی لە سەد دانە نەخش و بەردی بزماری هەڵگرتووە و ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وێنە و نیگاری قەڵەمیی لە بەرهەمە بە نرخەکەیدا بەناوی «پەیکۆڵی» ساڵی **١٩٢٥** لە بەرلین بلاوکرایەوە. ئەو لە پێشەکی کتێبەکەیدا، داستانێک دەگێڕێتەوە کە سێر تامس ئارنۆڵد باسی بۆ کردووە(٨): هەرتسفلد بۆ تەواوکردنی ئاکامی دۆزینەوەکانی زۆرتاسەی دەستخستنی دەفتەری یاداشتەکانی ڕاولینسۆن بووە و بۆ گەیشتنی بەم ئاواتە موزەخانەکان و کتێبخانەکانی بریتانیا گەڕا، بەلاّم ئاواتەکەی بەدی نەهات. ڕۆژێک لەگەڵ ئارنۆڵد بۆ ئەنجامی کارێک دەچێتە کۆمەڵەی سەڵتەنەتی جوگرافیایی «کنزنیگتۆن گوڕ»(٩) و کاتێک لە هۆڵی ناوەندیدا خەریکی تەماشای (مجری) ئاوێنەکان دەبێ لەپڕ چاوی بەو کتێبە دەکەوێ کە لەو لاپەڕەدا کرابۆوە، کە ئەو

6- Rev. Edward Thomas

7- Ernst Herzfeld

٨- هەروەها بڕوانە بەرگی ٦٥ لاپەڕەی ٢٧٣ی «گۆڤاری جوگراف».

9- Kensington Gore

به شوێنیەوە بوو: ئەم وێنەیە لە نێوان بەشێکدابوو کە بەبێ لە دەستدابوونی نووسراوەکەی دەرەتانی باش ساخکردنەوەی نەبوو. تارمایی وێنەیەکی دیکەشی تێدا بوو کە لە سەردەمی ڕاولینسۆندا ساخ ببووەوە، بەڵام دوایی خراپیان کردبوو.

ساڵی **١٩٢٣**، لەسەر داوای میس «گرترودبل»[١٠] کە بەرپرس و دامەزرێنەری ئیدارەی شوێنەوارناسی بوو، بە هاوکاری جافەکان سەفەرێکم بۆ هەرتسفلد ڕێکخست. ئەوە کاتی سەرهەڵدانی شێخ مەحموود بوو، کە سلێمانی بەدەستەوە بوو. تسفلد لە کاتی خۆیدا ڕاپۆرتی سەفەرەکەی نارد:

– «بۆ دیتنی پەیکۆڵی چووم و توانیم بەبێ هیچ دژوارییەک لێی بێنمەوە. هەشت ڕۆژ دەوری قەڵا ڕووخاوەکەم دایەوە و سێ دانە بەردی بزماریی دیکەم دیتەوە و ئێستا ١٣٠ دانە بەردم لە دەست دایە، واتە هەموو ئەوانەی کە ماون. ئەم بەردانە نوسراوەکان دەوڵەمەندتر لە پێشوو دەکەن.» ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە کتێبی هەرتسفلددا (کە ئەوکات لەژێر چاپدا بوو) تۆمار نەکراو ئێستاش هەرتسفلد نەماوەو بەتەواوی نازانم ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی چاپ کران یا نا. هەرچۆنێک بێ ئێستا لێکۆڵەرەوەکان تەنیا دەستیان بە سێ لە چواری دۆزینەوەکانی مەجوود دەگات.

بەم جۆرەی کە تسفلد دەڵێ ئەو قەڵایە بینایەکی نێوپڕ بووە و بەردی هەرچوار دیواری دەرەوەی بزماریی و تاشراو بوون. ئەو سەرەڕای دۆزینەوەی بەردی لاکێشی کە وێنە و نووسراوەیان لە سەر بووە، بەردیتریشی دۆزیبووەتەوە کە لەوانەیە پاسارەو گومبەز و بەردی سەرلێواری دەرگاو پەنجەرەکانی قەڵاکە بووبن. هەر تسفلد دەڵێ وێنەی چوارەم لە لای باشووری قەڵاکەدا بوو، کە بێگومان من بیرم لێ نەکردبۆوە. ئەو هەروەها دەڵێ کە وێنەی دووەمی لای ڕۆژئاوای بیناکە بۆ تاقیکردنەوە بە کار هێنراوە و چونکە چکۆڵە بووە دڵی بەردتاشەکەی ڕازی نەکردووە. کەوابوو ئەو بینایە کۆشک یا پەرستگا نەبووە، بەڵکوو تەنیا بینایەک بووە کە وێنە و نووسراوەی پاشایەکی پێوە بووە. ڕیزێکی کورت لە بەشی سەرووی بیناکە نووسراوە و حەوت ڕیزیش بە درێژایی قەراخەکانی لە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بوون. یەکێک لەوان بە زمانی پەهلەوی و ئەویتریان بە زمانی ئەشکانی نووسرابوون. وێنە نیوتەنەکان بە ڕواڵەت بۆ ئەوەی زەق بنوێنن لە بەشی

10- Miss Gertrude Bell



سەرووی نووسراوە کورتەکان لە تەنیشت و شان بە شانی نووسراوەکانی ڕیزی سەروو دانرابوون. وێنە نیوتەنەکان بە بەفر و بارانی زۆر سوا بوون، بەڵام ئێستاش نیشانەی پاشا بوون واتە ملوانەکە و گوارەکانیان لێک دەکرانەوە. شکڵ و بارستای تاجی پاشاکانی ساسانی هەروەک لە کڵاوەکانیان دەبینرێ بۆ هەرکام لە پاشاکانیان جیاواز بووە. لەم نووسراونە دەردەکەوێ کە ئەم بینایە بە دەست نەرسە (نرسی) هەفتەمین پاشای زنجیرەی ساسانی کە ساڵی **٢٩٣**ی زایینی نەوەی براکەی بەناوی بارامی سێیەم لە سەڵتەنەت خست، بۆ ڕێزگرتن لە چوونی بۆ سەرتەختی شایەتی ساز کردووە. ناوی فەرمانڕەواکان، سەرکردەکان و هەروەها نووسەران، کە دەگوترا بە هەردوو زمانی پەهلەوی ساسانی و ئەشکانی تۆمارکراون، بەڵگەی هەرە گرنگی شوێنەوارناسیین کە لە دەستی ئێمە دایە.

پرۆفیسۆر «دابلیو. بی. هنینگ»[١١]، لەم دواییانەدا وتارێکی بڵاوکردەوە و چەند تێڕوانینێکی بە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی هەرتسفلد زیاد کرد و بەشێک لە بۆچوونەکانی ڕاست کردەوە و لەمەڕ سازکردنی ئەو بینا مەزنەی لەم شوێنە چۆڵ و دوورکەوتووەدا دەڵێ: شازادە بارامی سێیەم کاتێک بە دوای مەرگی بابی واتە بارامی دووەمدا لەسەر تەختی شایەتی دانیشت منداڵ بوو. کۆمەڵێک لە گەورە پیاوە ڕەسەنەکانی وڵات، کە دەیانویست کەسایەتیێکی بە هێزتر لەو لەسەر تەختی سەڵتەنەت ببینن، تاج و تەختی پاشایەتییان بە نەرسە بچوکترین کوڕی «شاپوری ئەوەڵ»[١٢] پاشای ئەوکاتی ئەرمەنستانی مەزن بەخشی. ئەو، بە ڕێگای «گەنزکە»[١٣] لە ئازەربایجان و شارەزووردا بەرەو تیسفون ڕێکەوت. پیاوە ڕەسەنەکانی وڵات لە «بنقەدرە»ی جێگرتوو لە **١٢٥** مایلی پایتەخت کۆ بوونەوە و چاوەڕوانی هەواڵی هاتنیان کرد. ئینجا بۆ پێشوازیکردن و دیتنی پاشا دوو ڕۆژی دیکە ڕۆیشتن و لە بناری دوا چیادا کە دەبوایە بۆ گەیشتن بۆ ناوەدەشت بیبڕن، تووشی نەرسە بوون. بینای پەیکۆڵی، بە فەرمانی نەرسە ساز کرا تا پێشان بدات لەو جێیە وەک پاشا بە خەڵک ناسێنرا.

١١– W.B. Henning «ماڵئاوای لە خاقان ئەق– ئاگا تاران» A. Farewell to The khagan of Aq- agataran, بولتنی زانکۆی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات و ئەفریقایی زانکۆی لەندەن، بەگی ١٤، بەشی ٣، ساڵی ١٩٥٢، لاپەڕەی ٥٠١.

١٢– سەردەمی سەڵتەنەتی شاپوری ئەوەڵ، ٧٢–٢٤١ زایینی

13- Ganzaca

دوای دیداری پەیکۆڵی، بە ڕێگای «پاشەڕێی»دا بەرانانم بەجێهێشت و بە چەند مایلیی باکوری جادەی ئەسڵی بە ڕێچکەیەکدا چووم و بە «توقوت»دا تانجەڕۆم بەجێهێشت. لەبەر دەروازەی هەڵەبجە تووشی تێلگرافچی ئینگلیزی- هیندی و ژمارەیەک پۆلیس بووم. ئەو گوتی چونکە ئاگادار کراوین عەشایرێکی زۆر لە ڕێگادا بۆسەیان بۆ داناوی، گرووپێکی بە هێزی پۆلیسیان لە سلێمانییەوە بۆ ناردووی تا چاودێریت لێ بکەن؛ ئەو بە هەستەوە درێژەی بە قسەکانی دا گوتی بە بروسکە ئاگاداری کردوون و گوتوویەتی: «چ دەبێ، بلا ببێ، ئەو ئالاّ لەسەر دەرگای سەرای هەڵەبجە دانابەزێنێ». گومانم لەوەدا نەبوو کە ئەگەر شتێکی وا ڕوویدابا بەڵێنەکەی دەبردە سەر، چونکە لە چینێکی زۆر بە وەفا و ئەمەگناس و بە وتەی ناسراو، هێندێکیش ئازا بوو. ئەم ڕووداوە پێشان دەدات کە ناوچەکە تا چ ڕادەیەک ئاڵۆز و شڵەژاو بوو. سەفەرەکەم گەلێک هێمن و سەرکەوتوو بوو، بەڵام جافەکان وەک پێویست لەژێر فەرماندا نەبوون و ئەوەش دەیتوانی زۆر زیان بگەینێ و دژوارییی پێک بێنێ کە لەم بابەتەوە ئاڵۆز و بەپەرۆش بووم.

لە ناو ئەو کەسانەدا، کە لە سەرەتای هاتنم بۆ هەڵەبجە منیان بینی دوو لیژنەی نوێنەرایەتی شێخەکانی نەقشبەندی واتە شێخ حسامەدینی «تەوێڵە» و شێخ عەلائەدینی «بیارە» بوون کە بۆ «دەربڕینی خۆشحالّیی لە هاتنی من» هاتبوون. هەرکامیان، هێندێک هەڵوای گەز و جوتێک گۆرەوی زۆر جوان و جوتێکیان کەڵاش بۆ ناردبووم. دیارییەکانیان لە دەسرەیەکی ئاوریشمیی دەستکردی ناوچەکەیان پێچابوو. کاتێک، لەناو لیژنەی شێخ حسامەدیندا چاوم بە سوارەیەکی میری بەدەستەڵات خانی مەزنی «تالّش» کەوت زۆرم پێ سەیر بوو. تالّش ناوچەیەکی ئێرانەو لە نزیک سنووری ڕووسیا و لە سوچی باشووری ڕۆژئاوای دەریای خەزەر هەڵکەوتووە. ئەوکاتەی کە من لە قەزوین بووم لەگەڵ ئەو میرە بەدەستەڵاتە پەیوەندی دۆستانەم هەبوو. ئەو دژی کوچک خان ڕێبەری جەنگەڵییەکانی سەر بە ڕووسیا بوو. کوچک خان دژی ئێران ڕاپەڕیبوو. هاتنی ئەو سوارە بۆ ئەم ناوچەیە ڕادەی دەستەڵاتی شێخەکانی دەگەیاند، چونکە بڕینی چوار سەد مایل ڕێگا بۆ ماچکردنی دەستی شێخ کارێکی ئاسایی نەبوو. منیش دەبوایە وەڵامی دیداری ئەو دوو لیژنەیە بدەمەوە. سیمای گشتی ناوچەی لهۆن لە هەردوو لای سنوور (هەروەک پێشتر گوتم) هێڵێکی نارێک و خواروخێچە و بریتییە لە کۆمەڵە کەپکەیەکی تیژ کە بەگشتی لە لوتکەی هەورامانەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا شۆڕ



بوونەتەوە؛ کەپکەکان شیو و قەڵشتی جیاوازیان هەیە. لە نێوان شیوە گەورەکاندا چەند گوند و گوێزەڵان و باخ دەبینرێن و لە قەڵشتە بچووکەکانیشدا ژمارە کانیاوێکی سارد و کۆخ هەن، کە هەرکامیان سێ چوار بنەماڵەیان تێدا جێ بۆتەوە. بناری چیا و کەپکەکانیان زۆر جوان دێراودێراو کردووە، کە دەردەکەوێ ئەوە ئیشوکاری کۆنیانە. یەکێک لە ئەندازیارە بەئەزموونەکانی ئاودێری دەیگوت هیچ لەوە زیاتر دەربارەی جۆگەلە هەڵبەستن و دێراوکێشان لە ناوچە شاخاوییەکاندا نازانی، کە فێری هەورامانییەکانی بکات.

تەوێڵە نموونەی گوندێکی مەزن و جوانی هەورامانە. بە نێوان گوێزەڵان و باخە پڕلقوپۆیە سازکراوەکانی بەسەر کەپکە و تەپۆلکەکاندا لێی نزیک بوومەوە. دێراو و تەلانی بنارەکان لە ژمارە نەدەهاتن و لە هێندێک جێگەدا ژمارەیان دەگەیشتە بیست و پانایی هێندێکیان لە بنەدارێک تێنەدەپەڕی. جۆگەلەکان لێژ و مەودایان جیاواز بوو؛ ئاوی جۆگەلەکان وەک تاڤگە لە دێراوێکەوە دەکەوتنە نێو دێراوێکیتر و هەر جۆگەلەیەک دوو یا سێ دێراو یا تەلانی ئاو دەدا. ئاو بە گوێرەی سەعات لە هەفتەدا بەسەر باخەوانەکاندا بەش کرابوو؛ مافی هەرکام لە باخەوانەکان لە کۆنەوە دیار بوو و هەرگیز لەم بابەتەوە کێشە و ناکۆکی پێک نەدەهات. گوندی تەوێڵە لەسەر بەرزترین خاڵی «دوومەلانە»یەکدا سازکرا بوو، کە سێ مایل لە لوتکەی چیاکە دوور بوو. پتر لە هەشت سەد نۆ سەد ماڵە. خانووەکانی بەشێوەی ئاسایی دوو قاتن و لە شوێنی جیاوازی گوندەکەدا تا بیست ڕیز بە بناری چیاکەوە هەڵچوون. دوای تاریکبوونی هەوا، کاتێک چرای ماڵەکانی ڕووبەڕوو هەڵکران، لە نێو چادرەکەمدا وەک ئەوە بوو کە لە قاتی ناوەندیی خانووبەرەیەکی بەرزەوە تەماشای خانووبەرەیەکی زۆر بەرزی ڕووبەڕوو دەکەم. تەکیەی بێ تەرح و نەخشە بەڵام جوانی شێخ حسامەدین لەژێر ماڵەکانی گوندەدا بوو. ئەو پیرە پیاوە نەیتوانیبوو مل بۆ خانێکی هەورامانی ڕاکێشێ و هاتبوو لە گوندی تازە سازکراوی «باخەکۆن» دەژیا. دوای چەند ساڵ، شێخ حسامەدینم دیتەوە کە خەریکی دروستکردنی باخێکی جوان و ڕازاوە لەو گوندەدا بوو. لە تەنیشت تەکیەکەی، گۆڕستانی بنەماڵەکەی بوو کە لە دیدارێکیترمدا بۆ ئەو گوندە لە مانگی مای گۆڕستانەکە زۆر جوان بوو. قەبرەکان بە گوڵە زەنبەق داپۆشرابوون، بەڵام وێنەی ناشیرینی سەر گۆڕەکان کە ژمارەیەکیان تەنەکەی نەوتیان لەسەر دانرابوو، بەشێک لە جوانییەکەی فەوتاندووە.

زۆربەی خەڵکی ناوچەکە سەرەڕای باخەوانی، پیشەسازن. «کەلاشی» تەوێڵە بەناوبانگەو من لە نزیکەوە کاری یەکێک لەو کەلاشکەرانەم بینی. تەختی ژێر کەلاش لە ڕیشاڵی پەڕۆ کۆن ساز دەکەن. پەڕۆکان بە ئەندازەی پێویست دەبڕن؛ پانایی پەڕۆکان هەر ئەوەندەیە کە دوو سێ قەد بخۆن و ئەستووریشیان بگاتە ڕادەی پێویست. کەلاشکەر، لە کولـکە دارێکی قوڵەی نزیک بەیەک پێ بۆ سندان کەڵکی وەردەگرت؛ کاتێک پەڕۆکانی قەد دەکرد دوو سێ مشتەی بە چەکوچ لێ دەدان و دوایی پەڕۆ کوتراوەکەی بە درەوشێک کە «پێکەنە»ی پێدەگوترا لە درێژایی تەختەی کەلاش دەکێشا؛ بە «درەوش» کە لە پێچ بادەر دەچێ چوار کونی لە لای درێژایی تەختی کەلاشەکە کرد و چوار لاسکە چەرمی تێڕاکرد. هێندێک چەرمی گا یا شاخ لە «لوت»ی پەنجە و پانیەی ناسراو بە «چەک»ی کەلاش دەنێن. بە تەواوی بەشەکانی ئەم پێڵاوە دەڵێن کەلاش؛ «سەری کەلاش» قەیتانە. کار و پیشەکانی‌تری ئەم گوندە بریتی بوون لە کەوش درو، ئاسنگەر، دارتاش و جۆلا. گوندەکە چەند دوکانی خواردەمەنی، عەتتاری، وردە فرۆشی و دەلالی کەلوپەلی بازرگانیی لەگەڵ ئێران هەبوو. یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی ناوچە «بنێشتە» کە لەدار «قەزوان» دەگیرێ. دار قەزوان (دارەبەن) خۆڕسکە و بەدەست نایچێنن. باشترین چەشنی بنێشت، بنێشتی سپییە کە لە بریندارکردنی جاری یەکەمی دار قەزوان دەگیرێ و دوای ئەو چۆنیەتیەکەی دادەبەزێ و لەگەڵ هەر جار بریندارکردنێکدا شیلەکەی پتر زەرد دەبێ. زۆربەی گوندییەکانی ئەم مەڵبەندە ژیانی خۆیان بە ڕێگای بەرهەمی بنێشت‌و گۆڕینەوەی گوێز و «تووی وشک» بە گەنم دابین دەکەن و بۆ ئەنجامی ئەو کارەش ڕێگای ناوچە دەشتاییەکان دەگرنە بەر[١٤].

هێڵی سنوور نزیکەی یەک مایل بە سەرووی ئەم دوومەلانەیەدا تێدەپەڕێ. بە سوارییی تا شیوی بەشی ڕۆژئاوای ناوچەکە و باخەکانی بەشی هەرەخوارووی نزیک ستونی ژمارە ٧٦ چووم. لەو جێیە، دوو کانیاوی سارد لە بناری چیا هەڵدەقوڵێن. بۆ پێشگیریی لە پیس بوونی ئەو کانیاوانە دوو ژووری بەردیان لەسەر ساز کردبوون. ئەو کانیاوانە، شوێنی کۆبوونەوەی کەسانی بێکاری گوند بوون کە لەبەر تینی گەرما پەنایان بۆ دەبردن. لە شیوەکانی دیکەدا، باخەکانی تەوێڵە تێکەڵی باخەکانی «دزاوەر» لە بەشی ئێران

١٤- توو تەکاندن، بەناوی گەسکدان لەگەڵ شایی و هەڵپەڕین تێکەڵەوە. ژێر دارەکە گەسک دەدەن، منداڵان دەچنە سەر درەختەکان و تووەکان دەوەرێنن و ژن و کچەکانیش تووەکان کۆ دەکەنەوە.



دەبن. هێڵێک کە ئەو باخانە لێک جیا دەکاتەوە بە باشی ڕوون کراوەتەوە و هێڵی سنوور درێژەی ئەو هێڵەیە کە کۆسپ و دژوارییی تایبەت ناخوڵقێنێ.

بیارەش گوندێکی وەک تەوێڵەیە، بەڵام هێڵی سنوور لەو جێیە هێڵێکی زۆر بێ پایە و ئاڵۆزە. گوندەکە لە ناو شیوێکی مەزندا ساز کراوە و سێ گوندی سەربە ئێرانیش واتە «هانیگەرمەڵە»، «کێمنە» و «بێەرەواز» لە بەشی سەرووی ئەو جێیەن. دارستان و باخەکانی ئەم چوار گوندە تێکەڵی یەکن. دوو جۆگەلە ئاوی بەرین کە سەرچاوەکانیان لە بەشی سەروو و لە پشتی تەپۆلکەیەکە، دەوری تەپۆلکەکە لێ دەدەن و بەشە باخێک پاراو دەکەن کە لە ژێر کۆمەڵە باخێکی تردا جێیان گرتووە، کە بە جۆگەئاوی ئەسڵیی نزیک بیارە ئاو دەدرێن. کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤دا، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی باخدارەکان دوو ژنیان هەبوو و یەکێک لە ژنەکانیان لە بیارە و ئەویتریان لە هانیگەرمەڵە دەژیا و کاتی خۆیان لە نێوان ئەو دوو ماڵانەدا بەشکردبوو، لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا تووشی گیروگرفتێکی گەورە ببوو. سەرەڕای ئەوەش، خەڵکەکە لە ژمارە موڵکێکی ئەو دوو بەشە شەریک بوون و لە هەردوو لای سنوور دەژیان. بەگشتی ئەو باخانەی کە بە جۆگەئاوی بەشی سەروو ئاو دەدران سەر بە ئێران بوون و ئەوانی‌تر کە بە جۆگەئاوی لای خواروو پاراو دەکران لە خاکی عوسمانیدا بوون و بەمجۆرە سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە بە نێوان جۆگەلە ئاوەکاندا دەڕۆیشت و لە باخە پڕ لە درەختەکانیشدا بە زەحمەت لە سێ پێ تێدەپەڕێ: جۆگەلەیەک لە خاکی عوسمانییدا بوو و ڕێگای تەنیشتی سەر بە ئێران بوو. ئەگەر حکوومەت بە کردەوە دەستی لە کاروباری ئەم گوندانە وەرنەدابا، ئەوان دەیانتوانی پێکەوە بسازێن و کارەکانیان سەروسامان بدەن، بەڵام هاتنی مەئموری ئەو دوو حکوومەتانە بۆ ئەو گوندانە، گوندییەکان ناچار دەبوون لایەنی دەوڵەتی خۆیان بگرن، لەبەر ئەوە تووشی دژوارییی دەبوون و ناکۆکییان بۆ دەخوڵقا.

لە بیارەوە بەنێوان گوێزەڵانێکدا چوومە هانیگەرمەڵە تا شەو میوانی ئەفراسیاب بەگ، خانی مەزنی لهۆنی بم. لەبیرمە بە شێوەیەکی ئەوەندە جوان و خاوێن ناوچەکەی پاراستبوو کە تا ئەوکاتە و دوای ئەویش ئەوتەرتیباتەم لە ئێران و عێراق‌و دەرەوەی هەورامانـدا نەبینی و لەو بابەتەوە سەرم سوڕما. ئەنجامی ئەو پێداویستییە تەنانەت دەبووە هۆی سەربەرزی پیاوێکی وەک «وەسپازین»[١٥]: لە ڕووبەڕووی

١٥- Vespasian تیتوس فلاویوس سابینوس و سپاسیانوس، ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی ٩ی زایینی لە دایک بووە و لە ساڵی ٧٩ زایینی کۆچی دوایی کردووە.

مزگەوت، بە بناری تەپۆلکەیەکەوە ڕیزە ژوورێکی دەرگا تەختەی ساز کردبوو. لەناو ژوورەکاندا دوو ڕیز پلەکانی ساز کردبوو کە ئاویان بەسەردا دەڕۆیشت: پلەکانی سەروو کە سەری ئاوەڵە بوو جێگای تارەت گرتن بوو و پلەکانی خوارەوە ئاوەڕۆ بوو، کە لێژتر ساز کرابوو و بەتوندی ئاوی پێدا دەڕۆیشت.

هەورامان، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا کەمتر لە مەڵبەندەکانی‌تری ئێران و عوسمانیی، لەژێر کارتێکردنی چاکسازییەکانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئیداریی ئەورووپادا بوو. ئەم هەڵبەستانەی خوارەوە، بەرهەمی شاعیری سەردەم میرزا عەبدوڵڵا گۆرانە. شیعرەکانی هەرچەندە هێندێک ئاوێتەی خەیاڵ کراون و لە پاوانی فیودالّی و ئیسلامی دوور خراونەتەوە، بەڵام تەنانەت لەم وەرگێڕانە وشە بە وشەو دوور لە ڕازانەوەشدا باشتر لە هەرتاریفێک، داب و نەریتی خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕوون دەکەنەوە.

## گەشت لە هەورامان

١

دیمەنی ڕێگاو بان

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بە دارستان ڕش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو
هاوارو هاژەی کەف چڕێنی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم
توولە ڕێی باریک، توونا و توون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن
ناولەگەڵێگای تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل
گا سەرەو ژوورە، گا سەرەو خوارە
تاڵی‌و شیرینی دنیای لەگەڵێبوارە



٢

ڕێگای ناو باخ

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ
ئەکشێتە ناو باخ توولە ماری ڕێ
شنەی سێبەری داری گوێزو توو
ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو
تەسکینی ڕێگای باخەو باخی وێڵ
«مانوو نەبی» : لەم کێڵ ، بۆ ئەو کێڵ
«سەلامون عەلەیک، مامەی بن دار گوێز»
سەلامی مانوو لە پیری بێ هێز
مەرحەبا سەر چاو، بەچکەی کاکۆڵ قیت
سمۆرەی سەر دار، ڕۆڵەی زرنگ و زیت
ئەڕۆی، هەر ئەڕۆی... تەلانە و تەلان
ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەر ماڵان

٣

دێ

کام بەربەڕۆچکەی زۆر باسەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە!
خانووی بەگزادە لە سای درەختا
ئارامی بووکە لە کۆشی بەختا
خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم
هەندێ قنج و قیت، هەندێ لارو کۆم
یەک لە سەر یەکتر، بەرەو لووتکەی کێو
بۆ ئاسمان دەچن وەک پێ پیلکەی دێو
لە دێدا کام جێت گەورە بەر چاو کەوت
ماڵی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت

٤

ژینی دیوەخان

کە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە
هەر خزمەتکارە و لێت ئەدا دەورە
ڕێت پێشان ئەدەن تاکو دیوەخان
ئیتر دیوانە و مەرحەبای میوان
دەستەی خزمەتکار فیشەکدان لە مل
بە چەفتە و مشکی سەرو تەپڵە زل
دەست لە سەر خەنجەر، چاوەڕێی فەرمان
چ بۆ سەر برین، چ بۆ سەر دانان
هەر کەسێک تازە بێتە دیوەخان
کڕنووشێ ئەکا بە سەر دانەوان
گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە
تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و مادە

٥

مەلای دیوەخان

لە ژێر مێزەرا مەلای نووشتاوە
ریشی بۆ سەر سنگ پرش و بڵاوە
قیافەت پەڕپووت وەک کتێبی کۆن
زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن
بازی ڕۆحی چەش بە شیعر و ئەدەب
بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب
بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا
لە کۆڕی شەوا: مەلایە و مەلا !
تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام
گوێ ڕاگرتنی تاو تاوی عەوام
بەبێ زیاد و کەم دینێتە پێش چاو:
سەرنجی کوێران لە نامەی نوسراو



کە دیوان چۆڵ بوو، چوویتە ناو جێگا
دەست ئەکەیتە مل خەوی پاش ڕێگا

٦

بەیان

«الله اکبر!» مەلا بانگانە
تاریک و لێڵی بەری بەیانە
مانگی بە جێ ماو لە سەفەری شەو
زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو
ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل
کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل
لە ڕێی ئەو بەری شاخ دەنگی زەنگ دێ
لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ
وا بە تەواوی دنیا ڕوناکە
هەر سیحری ڕوتە، سروشت ئێستاکە!
لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر:
جم و جۆڵیەتی چەشنی سەودای سەر!
لە سەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی
چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی
بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو
نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو...

٧

مزگەوت

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم
ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەهەنەم
مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ
وەک مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ
سوورە چناری لق و پۆپ درێژ
سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ

جار جار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز
سەر سنگ ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز
کەسێک بانگ ئەدا، ئەشڵەقێنی گۆم
ئیمام هەڵدەستی، دار بەدەست،پشت کۆم
تا تەواو ئەبێ (اللە اکبر...)
پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر
نوێژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بڵاو
چەند پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو
سوچێک گەرم ئەکەن بە ڕازی جوانی
ئاخ بەبا ئەدەن بۆ دنیای فانی...

٨

کانیی ژنان

سەرچاوەی ئاوێک: کەڵەکێک لەسەر
ژنێک تێی ئەچی، ژنێک دێتە دەر
ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە
قیبلەی دڵداری هەرزەکارانە
ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول
سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم و عەجوول
هەر چەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک
لە هێلانەی دەم ئەفڕێ، ئامانێ

٩

ژن

ژنی هەورامان سەرتاپای خشڵ
سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ
تا بڵێی تەڕ پۆش، ئاڵ و واڵا جل
بەژن و باڵا جوان، بەدەن نەرم و شل



نیو نیگای خەندەی ئەستێرەی ئەمەل
نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل
ژینی بەهاری عەشق و جوانی
جیلوەگای حوسنی، لەگەڵێی باخ و کانی

١٠

گۆرانی

عەشقی ئێوارەی سەر ڕێی کانی
بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی
ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە
دەنگی «کنا لەیل» هەر دوایی نایە
مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل
هێشتا هەر گەرمە ناڵەی «کنا لەیل»
«سیا چەمانە! سیا چەمانە!»
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە
ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان
ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان
«سیا چەمانە! سیا چەمانە!»
هەورامان جێگای سیا چەمانە!

تا گەڕانەوەی وەڵامی تێلگرافەکانی کۆمیسێری باڵا لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵات لەمەڕ گەڕانەوەم بۆ ئۆرگانی ئەسڵییم، نوێل هات تا بەرپرسایەتی هەڵەبجە لە من وەرگرێ و بەمنیشیان گوت بچمە ڕانیە و بە شێوەی کاتیی سەرپەرشتی ئەو ناوچەیە بکەم. بەر لە چوونم بۆ ڕانیە دوو سەفەرم لەگەڵ نوێل کرد کە ئێستاش بیرەوەرییان لە مێشکمدا زیندوون.

سەفەری یەکەم، لە هەڵەبجەوە بە ڕێگای شارەزووردا چووین بۆ «موان». ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەم وەرزەدا، لە سلێمانییەوە دێن لە «موان» تێناپەڕن. هۆی ئەو سەفەرەمان، دیدار و وتووێژ لەگەڵ گلداسمیت بوو دەربارەی وەزعی سیاسی ناوچەکە. بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕاینەوە کە لە «تانجەڕۆ» نزیک بوو. لە بەهاری کەم تەمەندا،

دەوروبەری سێیەم حەوتی مانگی ئاپریل ڕەنگە خۆشترین کاتی وەرزی شارەزوور بێ: ڕاستە کە گوڵەکێوی نەپشکوتوون، بەڵام چەمە نزارەکان شلک و تازەن و مێرگەلآنەکان جوانن. هەوا خۆشە و تەپۆلکەکان چونکە هەوریان بەسەردا تێدەپەڕێ هەمیشە رەنگ دەگۆڕن. دەشتەکان بە گوڵەشلێرە و گوڵەمێلاقە و نیسانی ئەرغەوانی، ئابی و سپی داپۆشراون و دیمەنەکان بە ڕەنگی گەش ڕازاونەتەوە. چونکە ڕێگای هاتن و گەڕانەوەکەمان پەنجا مایل بوو، دەبوایە توندو چالاک بین. من کەمتر سەفەری خۆشی وەک ئەو جارەم لەبیرە کە بە سواریی، چوارناڵە بە قەراخی تەپۆلکە شوێنەوارییەکانی داپۆشراو بە چیمەنی شلک و نەرم تێدەپەڕین. لە نێوان ئەو تەپۆڵکانەدا، گردی «بەکراوێ» لە نزیکی هەڵەبجە خڕی لا کەتە، گردی «یاسین تەپە» گردێکی مەزنی چوار سوچە و لەژێر تانجەڕۆ دایە، گردی «بنگرد» خری گومبەزییە و گردی «موان» بەرچاوتر لەوانیترە[١٦]. دوای لێکۆڵینەوی زۆر بەو ئاکامە گەیشتین، کە لەم بارەیەدا پێکەوە ڕایەکانمان ئاراستەی سێر پرسی کاکس بکەین و بۆ بەرگری کردن لە پێکهاتنی ئاڵۆزیی کە خەریکی پەرەسەندن لە ناوچەکەدا بوو، ڕێگا چارەیەکی سیاسی بدۆزێتەوە و بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ڕوون لەو ناوچەیەدا پتر لەوە چاوەڕوانی بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا نەبین. سەرەنجام بۆ ئیدارەکردنی ناڕاستەوخۆی کوردستان لەو دوو پاڵێوراوانە کەڵک وەربگیرێ کە هیچکامیان زۆر بە دڵ نین، بەڵام سەید تەها بە ڕواڵەت باشتر لە شێخ مەحموودە. بەمجۆرەی کە دەیانگوت سەید تەها ئەو کات لە دەورو بەری ورمێ لە خاکی ئێران بوو. هەروەها پێشنیازمان کرد ئیزن بەمن بدرێ دوای چوونم بۆ ڕانیە دەست بەجێ لەگەڵ سەید تەها پەیوەندی بگرم.

سەفەرەکەیترم بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ مەحموودخانی دزڵی سەرۆکی تایفەی بارام بەگییەکان بوو، کە لە مانگی ئاپریل بۆ گوندی «یلانپێ» لە بنارەکانی هەورامان ئەنجامی گرت. هەروەک دەزانین مەحموودخان دوای ئازادبوون و گەڕانەوەی لە بەندیخانەی هیندستان جارێکی دیکەش ئاژاوەی گێڕا و دوای زنجیرە بۆمبارانێکی

---

١٦- بە گومانم ئێستا تەواوی خاوەن ڕایان قبووڵیانە کە یاسین تەپە شوێنی پایتەختی کوردی شارەزوورە. بە وتەی سپایزر درێژایی ئەو تەپەیە ٦٦٠ و پانایی ٦٠٠ و بەرزایی ٦٠ پێیە. سپایزر هەروها «بەکراوێ» و «بنگرد» بە ئاتیلا Athla و ئارکادی Arkadi دەزانێ کە لە لەشکر کێشانەکانی ئاشوور نەسیرپال دژی زاموعا Zamua ناویان هاتووە.



هەوایی گوندەکانی لە مانگی مارس لە خاکی عێراقدا، ناچاربوو داوای بەخشین و لێبووردن بکات. لە بیرمە لە نێوان ژمارەیەک عەشایری مێزەر زلی چەکدار دانیشتبووم کە چەپ و ڕاست فیشەکدانیان لەخۆیان هاڵاندبوو: هەیوانێکی بەر ئاوەڵە دەیڕوانیە بنارێکی داپۆشراو بە داربەڕوان و دەشتی شارەزور و تا ئەو جێیەی چاو هەتەرەی دەکرد دیمەنی ناوچەکە بەرەو ڕۆژئاوا بە تەنیشتی چیاکاندا دەبینرا. قسە و باسەکانی ئەو ڕۆژەم بە وردی لەبیر نییە، بەڵام بەڕواڵەت سەرکەتوو بوون یا ڕێگایان بۆ سەرکەوتن خۆشکرد. ڕاپۆرتی ڕەسمی کۆمیسیری باڵا دەربارەی ساڵەکانی **١٩٢٢- ١٩٢٣**ی عێراق دەڵێ: « لە مانگی مای، لەگەڵ مەحمودخانی دزڵی بە یەک گەیشتین» و لە عەمەلیاتێکی هاوبەشی «هێزەکانی ناوچەیی» دژی عەشیرەتەکانی هەورامان لە مانگی مایو ژوئیندا، کە فەرماندەکەی ژنێراڵ «نایتینگل»[١٧] بوو، مەحموودخانی دزڵی دژی ئێمە ڕانەوەستا.

من، کە ئێستا بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، دیداری «یلان پێ» ئەم پرسیارەم بۆ زەق دەکاتەوە: «لە وڵاتێکدا، کە کوڕەکانی هەرکە خۆیان ناسی تفەنگێک دەخەنە سەرشانیان و ژیان وەک گشت ناوچەکانیتری کوردستان بێ بایەخە، کارگێڕێکی سیاسی تا چ ڕادەیەک دەتوانێ خۆی بە ئەندامی سەر بە عەشیرەتێک یا کەسێک بسپێرێ کە ئاکار و کردەوەیەکی دروست و حسابی نەبووە یا بۆخۆی پێی وایە کە ناوی لە لیستەی ڕەشی حکوومەت دایە؟» دوای تێپەڕبوونی ئەو ڕۆژگارە درێژە نامەوێ بڵێم ئەوەی کە ئێمە کردوومانە سامناک بووە؛ هیچ کام لە ئێمە تازە کار نەبووین و دەمانزانی مەترسی هەڕەشەمان لێ ناکات. لە پێشدا گوتم، کۆمیسێری باڵا بۆ ئیدارەکردنی کوردستان سەرچاوە و دەرەتانێکی تەواوی لە دەستدا نەبوو و کارگێڕە سیاسییەکان دەبوایە پتر لەسەر لێزانی و لێهاتووی خۆیان حساب بکەن. ئەوان، ئەگەر دەیانویست دەزگای ئیداری بمێنێ، بە ناچار دەبوایە خۆ لە بێ خەیاڵی بدەن و بە ژمارە چاودێرێکی کەمەوە لە ناوچەی مەئمووریيەتەکەیاندا بخولێنەوە. لە لایەکیترەوە، سەرەڕای گشت لایەنە داخهێنەرەکانیتر، مەزنترین هەڵەی کارگێڕێکی سیاسی ئەوەیە کە پەلامار بکەنە سەر گیانی: بە خولقانی ئەم ڕووداوە دەزگای ئیداری هەڵدەوەشێ و بە پێی ئەو ئەسڵە «ئاو کە لەسەر تێپەڕی چ بستێک بێ و چ هەزار» تەواوی ناوچە یا تەواوی عەشایر

---

17-Nightingale

ڕادەپەڕن و تا گەڕاندنەوەی هێمنایەتی بۆ وڵات، زۆر کەس گیانیان لە دەست دەدن و گەلێک وێرانیی پێکدێ. بە ڕای من وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە کارگێڕی سیاسی دەبێ توانای هەڵسەنگاندنی ئەو دوو خاڵانەی هەبێ: یەکەم وەزعی دەروونیی ئەندامانی ئەو عەشیرەتەی کە پەیوەندییان پێوە دەگرێ: داخوا بە وتەی لوڕەکان کە مەبەست لە ڕادە بەدەر چوک و ئاسایی دەکەنەوە، ئەو کەسە «هیوا و ئومێدی بە ژیان ماوە یا نائومێدە و دەستی لە گیانی خۆی شووشتوە؟» دووەم، کە گرنگتر لە مەسەلەی یەکەمە، کارگێڕی سیاسی دەبێ ڕادەی ئابڕووی حکوومەت بەگشتی و ئابڕوی خۆی بە تایبەتی لەبەر چاو بێ. ئەوانە مەسەلەیەکن کە هێندێک جار دەبێ لەسەر ئەو کەسەی کە دەتەوێ وتووێژی لەگەڵ بکەی، لەبەر چاوی بگری و پێویستە لەسەر ناوەندی ناحیە بۆ وتووێژ کردن پێ دابگری، (هەرچەندە لەوانەیە کاتی ڕازی نەبوونی ئەو کەسە بۆ هاتن بۆ ناوەندی ناحیە، ئەو هێزە بەدەستەوە نەبێ کە ئەم ڕایە بسەپێنێ و لەم بابەتەوە تووشی گومان بێ.) کاتیتریش هەن، بە تایبەت ئەو کاتەی کە کەسی جێی باس لەوانەیە لە ڕووی نەزانییەوە نەک بەئەنقەست دەست لە کارێکی هەڵنەسەنگاو بدات. لەمجۆرە کاتانەدا، سەفەری کارگێڕێکی سیاسی دەتوانی تۆوی ئاژاوەیەکی بەخەیاڵدا هاتوو وشک بکات. سەرەڕای ئەوانەش دەبێ قبووڵ بکەین کە شانس و بەختیش بە ڕادەی هەڵسەنگاندنی دروست شوێنی هەیە، بەڵام بەگشتی ئەوکاتەی کە شک و گومان لە گۆڕێدابێ، کارگێڕی سیاسی دەبێ خۆی بە قەزاو قەدەر بسپێرێ و بێباکترین ڕێگا هەڵبژێرێ.



## ١٣- کاکەییەکان

وشەی کاکەیی لە کوردستانی عێراقدا بەگرووپێکی ئایینی دەگوترێ کە لە ڕۆژئاوای ئێران «عەلیوڵڵاهی»، «عەلی ئەڵڵایی» یا «عەلی ئەڵایی» پێدەڵێن و زۆربەی جیهانگەڕ و نوسەرە ئەورووپاییەکان ئاماژەیان بۆ کردوون. زانایانی ئەم ئایینە خۆیان پتر بە ئەهلی حەق و حەقیقەت واتە پیاوی «خودا» و خوداناس دەناسن. ئەم ناوانە هیچ کامیان وەک پێویست ناوی بە نێوەڕۆک بۆ ئەو گرووپە نین، چونکە گرووپی ئایینی و تەریقەتی دیکەش هەن کە خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن و شوێنێکی بەرزیان لە مێژووی «ئەولیا»دا بۆ عەلی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر داناوە. لە لایەکیترەوە، ناوی کاکەیی لە ئەفسانەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەگەڕێتەوە سەر دامەزرێنەری ئەم گرووپە و لەم بارەیەوە هیچ شکوگ و مانێک ناهێڵێتەوە. لە نووسراوەی «جی. مەکدونالدکینر»[١]دا بە ناوی «ڕاپۆرتی جوگرافیایی دەربارەی ئیمپراتۆری ئێران»[٢](١٨١٣) و بەرهەمی جی. کێپل، بە ناوی «ڕاپۆرتی شەخسی دەربارەی سەفەرێک لە هیندستانەوە بۆ ئینگلیستان»[٣](١٨١٧) هێندێک ئاماژەی بە عەلیوڵڵاهییەکانی ڕۆژئاوای ئێران کردووە، بەڵام لەوەدەچێ یەکەم ڕاپۆرتی ڕێکوپێک لەم بارەیەدا هی ڕاولینسۆن بێ. ئەوە، ئەم ڕاپۆرتەیە کە من پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا: «یاداشتەکانی سەفەر لە زوهابەوە بۆ خوزستان»[٤]. هەروەک دەزانین ڕاولینسۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ فەرماندەی هەنگێک لە سوپای ئێران بوو کە زۆربەی ئەندامانی ئەو هەنگە عەلیوڵڵاهییەکانی سەربە عەشیرەتی گۆران بوون. ئەو هەرچەندە زۆر حەزی دەکرد دەربارەی ئەم گرووپە ئایینییە پتر بزانێ و کاتی بێهەوتاشی بۆ لێکۆڵینەوە هەبوو، بەڵام نەیتوانی لە چوارچێوەی ڕواڵەتی ئەندامانی سەر بەو هێزە پتر هەنگاو باوێژێ و بەوردی لە دەروونیان بگات. لە دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا و تێکەڵاویی لەگەڵ ئەو گرووپە دەبێ شوێنی سەرەکی بۆ «کنت ئا. دوگوبینو»[٥] دابنرێ کە ساڵی ١٨٥٥

1- J. Macdonald Kinneir

2- Geographical Memoir of the Persian Empire

3- G. Keppel: Personal Narrative of a Journey From India to England

٤- گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیا، ١٩٣٩.

٥- کتێبی گوبینو بە ناوی سێ ساڵ لە ئاسیا، ١٨٥٩ لە پاریس چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەرکی نووسینەکانی لیژنەی ناپلیۆنی سێیەمی لە بارەگای قاجاردا لە ئەستۆ بوو. ئەو دیتن و بیستنەکانی لە کتێبێکی بەنرخدا کۆ کردووەتەوە کە ئێستاش بۆ کەڵک لێ وەرگرتن دەبێ. لە نووسراوەی جیهانگەڕانی دواییشدا ئاماژە بەم گرووپە ئایینییە کراوە. تا ئەو جێیەی ئاگاداربم دەوڵەمەندترین ڕاپۆرت لەم بارەیەدا مینورسکی نووسیویەتی بە ناوی «کۆمەڵە یاداشتێک دەربارەی گرووپی ئەهلی حەق»[٦] و وتارێک بەناوی «ئەهلی حەق» و «سوڵتان ئیسحاق» لە (دایرە المعارف اسلام)دا.

زانیارییەکانی مینورسکی بەگشتی وەک زۆربەی زانیارییەکانیتر کە تا ئێستا دەربارەی ئەم گرووپە لە ئەورووپا بڵاوکراونەتەوە لە ئێران کۆبۆتەوە، بەڵام ئەمانەی کە لە لاپەڕەکانی دواییدا دێن جیا لەوانەی کە ئاماژەم بۆ کردوون، دەگەڕێنەوە سەر ئەو زانیارییە بابەتیانەی کە بۆ جاری یەکەم لە لایەنگرانی ئەو گرووپە وەرگیراوە. ئەو کەسانە زۆربەیان دانیشتووی عێراق بوون و یەک دوو کەسیشیان لە گوندەکانی سەر سنووری ئێران دەژیان. باسەکان لە زۆر لایەنەوە ڕاپۆرتی مینورسکی بەهێز دەکەن و لام وایە کە توانیومە بەشێک لەو مەبەستانە ڕوون بکەمەوە کە تا ئیستا بە لێڵی مابوون. لە هێندێک جێگەدا، ڕەنگە بۆچوونەکانم لەگەڵ نووسینەکانی مینورسکی یەکتر نەگرنەوە و جیاوازییان بەیەکەوە هەیە. بۆ ئەمەش لەو هەلە کەڵک وەردەگرم و خۆم بە قەرزداری لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەزانم، چونکە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی مینورسکی هەلیان بۆ ڕەخساندم، کە تا ئەم ڕادەیە هەنگاو هەڵگرم.

ئەوەم پێ چاکە کە لەم باسەدا بە قووڵایی نەچمە ناو بیروباوەڕی کاکەییەکان و لە ڕێوڕەسمی دینیی ئەوان نەکۆڵمەوە، بەڵکو پتر ئاماژە بۆ مێژوو، ڕێکخستن، دابەشکردنی جوگرافیایی و جێی ئەوان لە باشووری کوردستاندا بکەم؛ سەرەڕای ئەوانەش دەبێ لەسەرەتادا بڵێم کە هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەو چیرۆکانەی کە دەربارەی خۆش ڕابواردنی شەوانە و چرا کوژاندنەوە و ئەمجۆرە شتانەی کە بە گرووپە ئایینیەکان و

٦- Notes Sur la Secte des Ahle - Haqq . لە گۆڤاری جیهانی ئیسلام Revue du monde Mu-suliman، ٢١-١٩٢٠)، ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢٢ لە لایەن ئەرنست لورۆ چاپ کرایەوە. بە داخەوە، زانیارییەکی پترم دەربارەی نووسینەکانی مینورسکی بە زمانی ڕوسی نییە. ئەم فەسڵەم تەواو کرد بوو کە نووسراوەی و. ئەیوانف بە ناوی حەق پەرەستانی کوردستان لە «بەمبەیی» بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە شتی زۆر بەکەڵک و سەرنج ڕاکێشی تێدا تۆمار کراوە کە لە «ئاتەش بەگییە»کانی ئێران وەرگیراوە.



لەوانە بە مەسیحییەکانی پێشوویان گوتووە[٧] تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر کاکەییەکان بە تەواوی درۆن.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، کەڵکم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە: پەرتووکێکی بچوک بەناوی «تذکرە»، نووسینی یەکێک لە زانایانی کاکەیی کە لە دەزگای ئیداری عوسمانیدا بووە[٨]. تذکرە بە نووسینی کۆنی تورکی و بەتایبەتی بۆ من نووسراوە. کۆمەڵە شیعرێک بە زاراوەی گۆرانی و کۆمەڵە یاداشتێکی ڕوون لە گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە شارەزایانی لایەنگری ئەم ئایینە. سەرەتا باشترە چۆنیەتی دامەزران و پێکهاتنی ئەو گرووپە ئایینیە لە زمانی «تذکرە» بگێڕمەوە:

شێخ و ڕێبەری ئەم «ئایینە دەروونییە» سەید ئیسحاق کوڕە چکۆڵەکەی شێخ عیسا[٩]ی بەرزنجەیی گۆرانە. شێخ عیسا، لە تۆرەمەنامەدا بە «قطب الاعظم» دەناسرێ. ئەو لەگەڵ شێخ موسای برای لە «هەمەدان»ەوە هاتووە و گوندی بەرزنجەی لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بەرەو هەورامان ساز کردوە. شێخ موسا منداڵی نەبوو. شێخ عیسا، کە کوڕی «بابا عەلی» هەمەدانی بوو...... یەکەم ژنی لە هۆزی «کاژاو» هێنا و لەو ژنەی سێ کوڕی بە ناوەکانی عەبدوسەتار، سەید عەبدولکەریم و سەید عەبدولقادر بووە.

ڕۆژێک کە شێخ عیسا تەمەنی زۆر چووبووە سەر و پیر ببوو، سێ دەروێشی پیاوچاکی «ئەرەنلەر»[١٠] هاتنە لای و داوایان لێ کرد ژنێکی دیکەش بخوازێ. شێخ هەوڵیدا لەبەر پیری خۆی لەم کارە بپارێزێ، بەڵام سەرەنجام ڕازی کرا و خۆشحاڵی خۆی بۆ مارەکردنی «دایرەک»[١١] کچی میرمحەمەد سەرۆکی جافەکان دەربڕی کە بە پاکیی و باشیی ناوبانگی دەرکرد بوو. میر محەمەد کە پیاوێکی لوت بەرز و ڕواڵەت بێن بوو، بە کوشتن و لەت لەت کردنی ئەو سێ خوازبینیکەرانەی شێخ لە بەرامبەر ئەو داوایەدا هەڵوێستی گرت. دەروێشەکان دەستبەجێ زیندوو بوونەوە. ئەم کارە دووپات و سێ پات

٧- بڕوانە فەسڵی شانزدە (ڕووخان و لەناوچوونی ئیمپراتۆری ڕۆم نووسینی گیبون).

٨- تذکرە بە خامەیەکی ڕەش و ورد نووسراوە؛ لە زۆر جێگەدا کەڵکم لە وەرگێڕاوی کوردی وەرگرت، کە لەگەڵ ئەو بوو، لەو شوێنانەش کە پێویست بوو، تەماشای نووسراوە تورکیەم کرد.

٩- کاکەییەکان هەمیشە بە ناوەکانی موسا و عیسا دەڵێن موسە و عیسە.

10- Erenler

١١- بە گوتن «دایرە» خاتونیان پێدەگوت.

کرایەوە. ئەمە ڕوونی کردەوە، دەروێشەکان «خاوەن کەرامەت» بوون. میرمحەمەد بە قسەی ڕدێن سپییەکانی عەشیرەتەکەی و بۆ ئەوەی کە خۆی لە کێشەی ئەو خوازبینیکەرانە ڕزگار بکات، بەم مەرجە داواکەیانی قبوولّ کرد، کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا تەواوی ڕێگای نێوان نوێژگەی شێخ و بەر دەرگای ماڵی ئەو بە فەرشی بەنرخ بڕازێننەوە و هەزار بارە هێستر ئاڵتون و دە هەزار حوشتر و بەم ڕادەیەش ئەسپ و بارگین و مەڕی بۆ بێنن. دەروێشەکان، هەر ئەوشەوە گەڕانەوە و تا بەیانی واتە لە ماوەی یەک شەودا تەواوی ئەو کارانەیان جێبەجێ کرد. میر محەمەد کە پەلّپ و بیانووی لێبڕا، بەناچار کچەکەی لە شێخ عیسا مارە کرد. نزیک بە ساڵێک دوای ئەو ڕۆژە لە ٦٧١ هیجری قەمەری (٣-١٢٧٢ زایینی) دایرەک خاتوون زا و سەید ئیسحاقی هێناسەر ئەم دنیایە.

ساڵەکان تێپەڕین. سەید ئیسحاق گەورە بوو. نوێژگە کۆنەکەی سەید عیسا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو. کاتێک کاریتەیان بۆ دارەڕا کردن بردە سەر دیوار، کاریتە قولّە بوو و نەگەیشتە سەر دوو لای دیوارەکان. ئیسحاق دیتی بابی نارەحەتە، لەبەر ئەوە بە پەلە چووە سەر دیوارەکە و سەرێکی کاریتەکەی گرت و بە بابی یا کاکی گوت: «کاکە بیکێشە!». بەمجۆرە کاریتە قولّەکەیان کێشا و خستیانە سەر دیوارەکە[١٢].

ئیسحاق چونکە لاوێکی جوان و خۆش سیمابوو، بابی زۆری خۆش دەویست و ئەو کەسانەش کە مۆجزەی ئەویان دیبوو، ڕێزیان لێ دەگرت. بە پێچەوانە، براکانی بە تەواوی ڕەژدیان پێدەبرد و لەقاویان دەدا کە داستانی ژن هێنانی بابیان لە تەمەنی پیری و بە ساڵچوویيدا ساختەی دەستی دەروێشەکانە و ئیسحاق لەو دەروێشانەیە و برای ئەوان نییە. ئیسحاق لە ئاکامی ئەو کردەوە قین لە دڵانەیەدا. براکانی بەجێهێشت و چووە هەورامان و بە جێگەی نوێژگە «نیازگە»یەکی ساز کرد. ئەم ئایینە دەروونیەی کە سەید ئیسحاق بناخەی داڕشت...... لە دەوروبەری ساڵی ٧١٦ هیجری قەمەری (١٧-١٣١٦ز) لەم جێیە دامەزرا.

سەید ئیسحاق یان بەگوێرەی ناوبانگی دوایی، سوڵتان ئیسحاق لە «پردیوەر» لە ڕۆخی سیروان نزیکی گوندی شێخان لە هەورامانی لهۆن دەژیا. ئەم جێیە لە دوو مایلی سەرووی شوێنێک هەڵکەوتووە کە هێلّێ سنووری لێ بەرەو ڕوبار شۆڕ دەبێتەوە. سەردەمی شێخایەتی ئەو بە ناوی سەردەمی «پردیوەر» دەناسرێ.

١٢- دەلّێن کاریتەی مزگەوتی بەرزنجە ئەو کاریتە سەرسوڕهێنەرەیە.



ئەو کەسانەی هاتوچۆی سوڵتان ئیسحاقیان دەکرد لە «پردیوەر» سێ گرووپی حەوت کەسی بوون، کە «حەوت تەن»، «حەوتەوانە»[١٣] و «حەوت خەلیفە»یان پێدەگوترا. گرووپی تریش هەن کە من لێرەدا تەنیا باسی «هەفتاو دوو پیر» دەکەم.

«حەوت تەن» حەوت ئەسحابەی سوڵتان لە «پردیوەر» بوون بە ناوەکانی: داود، بنیامین، مستەفای داودانی، پیر موسا، «پیر ڕەزبەر»، «یارزەردەبان» و «ئاوات». باس دەربارەی چۆنیەتی ئەرک و کردەوەکانی ئەو ئەسحابانە ئێمە دەباتە نێو سنووری بیرکردنەوەی ئایینیی و عیبادەت و دابوشوێنی کاکەییەکان و من لەم سنوورە تێدەپەڕێنێ کە بۆ خۆم دانابوو. لەبەر ئەوە من ناوی ئەوانەم گوت چونکە ناوی دوو کەس لە ئەولیاکان لە خۆوە مێشکی ژمارەیەک لە جیهانگەڕی پێشوویان تووشی هەڵە کردووە، بە چەشنێک کە ئەوان وابیر بکەنەوە کە جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم ئایینە و ئایینی جولەکەدا هەیە، هەروەها لەبەر پەیوەندیی گرووپی سێیەم واتە «هپتاد»ەکان[١٤] یا «حەوت خەلیفە» لەگەلّ داود لە گرووپی حەوت تەندا.

حەوتەوانە یا «حەوت ڕزگار بوو» حەوت کوڕی سوڵتان ئیسحاقن: سەید ئەحمەدی «میرەسوور»، سەید مستەفای سپیپۆش، سەید محەمەد، سەید عەبدولوەفا، سەید «باوە عیسا»، عەلەمدار، سەید شەهابەدین و سەید ساحەب شا. لەناو ئەو حەوت کەسانەدا، دوو کەسی دوایی وەجاخ کوێر بوون و ئەولادی نێرینەیان نەبوو. پێنج کەسەکانی‌تر، ئەو بنەماڵانەی خوارەوەیان دامەزراند: میری یا میرەسووری، مستەفایی، ئیبراهیمی، کە بە ناوی شا ئیبراهیم نەوەی سەید محەمەد. مەرقەدی شا ئیبراهیم لە بەغدایە. خامۆشی کە بە ناوی خامۆش کوڕی سەید عەبدولوەفایە و باوەیسەیی. ئەوانە پێنج بنەماڵەی گرنگی ساداتن کە پەنجە بۆ نەخشی ئەوان لە کۆمەڵی کاکەییەکاندا ڕادەکێشم.

سوڵتان ئیسحاق، ئەو حەوت خەلیفەی لە نێوان هەفتاو دوو پیر و پیاوچاکاندا هەڵبژاردووە. ئەوان دەبوایە لەژێر چاودێریی داود «لە حەوت تەن»دا وەک شێخ و ڕێنوێنیکەری تەواوی کۆمەڵ و هەروەها بنەماڵەی سادات کار بکەن. «تذکرە» ناوی ئەو

١٣- Haftawana تذکرە، حەوت کەسی یەکەم بە «حەوت نەمر» و حەوت کەسی دووەم بە «حەوت ڕزگارکەر» دەناسی.

14- Heptad

حەوت خەلیفانە بەمجۆرە دەناسێنێ: پیر مەخی، پیر نەریمان، پیر عەبدولعەزیز، خەلیفە محەمەد، خەلیفە شەهابەدین، خەلیفە باپیر و خەلیفە جەبار[١٥]. ئەمڕۆ، نوێنەری ئەو حەوت ڕێنوێنیکەرانە حەوت بنەماڵەن کە ڕاستەوخۆ لەو حەوت خەلیفانە ڕیشەیان وەرگرتووە.

کاکەییەکان و ئەندامانی بنەماڵەی سادات بۆخۆیان ڕێنوێنیکەرن و دەبێ سەر بە شێخێکی سەید بن و بە ڕێنوێنیکەرێکەوە بەسترابنەوە. لە پردیوەر، حەوتەوانە دوو دوو یەکتریان بە شێخی خۆیان هەڵبژاردووە: سەیدئەحمەدی میرە سوور لەگەڵ سەید مستەفا. سەید شەهابەدین لەگەڵ سەید عەبدولوەفا. سەید ساحەب شا لەگەڵ سەیدباوە عیسا. سەیدمحەمەد، کە لە گشت ئەوانی‌تر گەورەترو بە ئەزموونترین ئەندامی حەوتەوانە بوو، سەید ئەحمەدی بەشێخی خۆی هەڵبژارد بوو، بەڵام بۆخۆی نەبوو بەشێخی هیچ کام لە براکانی[١٦]. شێخ و ڕێنوێنیکەرەکان لە ئاست ئەندامانی سەر بەخۆیان خاوەن ئەرکن و لەوان موچە وەردەگرن؛ لە کۆبوونەوە ئایینیەکانیشدا هێندێک ئەرکی تایبەتیان لە ئەستۆیە، بەڵام پێویست ناکا شارەزایی زۆریان لەسەر دین هەبێ: ئەرکی پەروەردەکردنی ئایینیی بە کەسانێک دراوە کە «کەلامخوان»یان پێدەگوترێ و بە یەکێک لەم سێ گرووپانە بەستراونەوە. مرۆڤی کاکەیی (بەگومانم جیا لە سادات) لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی شێخ و ڕێنوێنیکەری خۆی ئازادە، بەڵام لەوانەیە بە کردەوە بابی شوێنی لەسەر دانێ و دوای مەرگی شێخ یا ڕێنوێنیکەر بە ڕای بابی یەکێک لە منداڵانی ئەو کەسە بە ڕێنوێنیکەری خۆی هەڵبژێرێ. لە ئایینی کاکەییدا، شێخ یا ڕێنوێنیکەر و مرید بۆ پەیوەندیی ژن و مێردایەتی پێک ناشێن.

بە تێپەڕبوونی زەمان یا بە هۆی شوێنی جوگرافیایی یا هەر شتێکی دیکە پێنج بنەماڵەی خزمی حەوتەوانە خزاونەتە ناو ئەو بنەماڵە ئەسڵییە. ئەو پێنج بنەماڵەیە پێنج کەسایەتی پارێزکاری ناودار کە لێوەشاوەیی و مۆجزەکانیان ئەوانی لە ڕیزی

---

١٥– لیستەیەکی دیکە، کە کابرایەکی زۆر شارەزا پێی داوم «ئەمیر» و «جیهانی»یان بە جێی دوو کەسەکانی یەکەم داناوە.

١٦– چونکە دوو کوڕ لە حەوت کوڕەکانی وجاخ کوێر بوون و ئەولادی نێرینەیان لێ بەجێ نەما و تەرتیباتێکی نوێیان لێ بەدی هات. ڕێکخستنی نوێ پێویست بوو بەم جۆرە بێ: میرە سورییەکان لەگەڵ مستەفاییەکان، پێچەوانەی وەک پێشوو؛ براییمیەکان لەگەڵ خامۆشییەکان و پێچەوانە؛ باوەیسییەکان لەگەڵ میرە سورییەکان (بەڵام نەک گەڕانەوەی دووبارە).



دامەزرێنەرانی ئەو ئایینە نزیک کردۆتەوە. تذکرە بۆ دژایەتی لەسەر پێداگرتنی ئەوان لەسەر پلە و پایەی بەرامبەر، تەنیا ناوی دوو کەسیان دێنێ: بابا حەیدەر و شێخ هەیاس، بەڵام لە پەیوەندییەکانی ناو خەڵکدا، زۆربەی خەڵکەکە جیا لە ناوی ئەو دوو کەسە ناوی سێ کەسی دیکەشیان دەبرد: باوە یادگار، میر هەمزە و ئاتەش بەگ[١٧]. تۆرەمەی ئەو پێنج بنەماڵەیە دەچێتەوە سەر چوار بنەماڵە لە پێنج بنەماڵە ئەسڵییەکەی حەوتەوانە واتە: حەیدەر دەگەڕێتەوە سەر مستەفا، هەیاس بۆ خامۆشی، یادگار و هەمزە بۆ ئیبراهیم و ئاتەش بەگ بۆ میرەسوور.

بە وتەی تذکرە، باوە حەیدەر لە ئەسڵدا ڕێنوێنیکەر بووە (ناوی بنەچەی خەلیفەی ئەو نەنووسراوە) و ئەندامانی بنەماڵەکەی هێشتا لە ئاست مریدەکانیاندا ئەرکی شێخ و ڕێنوێنیکەر بە یەکەوە بەڕێوە دەبەن. تەواوی ئەو کەسانەی کە من پرسیارم لێکردوون، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو بنەماڵەیە نەخۆشی گەشکەو گێڕی و مارانگاز چاک دەکەنەوە. یەکێک لەوانەی کە «ڕێنوێنیکەر» بوو، ئەو بنەماڵانەی دابەش دەکرد بەسەر دوو گرووپاندا: گرووپی یەکەم بنەماڵەی باوە حەیدەر و بنەماڵەی عومەرمەندان[١٨] کە وشەی «باوە» پێش ناوەیان بوو. گرووپی دووەم پێنج بنەماڵەی «پیرمەخو»، پیر نەریمان، پیر محەمەد، پیر ئیبراهیم[١٩] و یار پیرۆز بوون کە ئەندامانیان وشەی بەرناوی

---

١٧– دەڵێن سەیدەکانی باوە حەیدەر کوڕی دوو برا بە ناوەکانی باوە دانیال و باوە خوبیار بوون، هەیاسییەکانی دزاوەر Dasawar خزمەتکارانی شێخ (یا ڕەنگە مریدی ئەو) بووبن و یادگارییەکان کوڕەکانی دوو خزمەتکار بە ناوەکانی خەیاڵ و وەساڵن. لە لایەکی‌ترەوە میر هەمزە، خزمەتکاری عەلی قەلەندەر بوو (مێژووی ژیان و هەلومەرجی عەلی قەلەندەر نادیارە) و لەبەر ئەوەیە کە هێندێک جار «عەلی» وەک گەورەی ئەو بنەماڵەی دەناسن. مینوریسکی (یاداشتەکان، لاپەڕەی٢٣) دەڵێ کاتێک لە ساڵی ١٩١٤ چوومە سەر مەرقەدی باوە یادگار لە زوهاب، مەرقەدێکیان پێ نیشان دام کە ناوی سەید وەسالی لە سەر بوو. سەید وەسال، ڕەنگە «زڕکوڕی» یادگار بووبێ و ساڵی ١٠٠٥ هیجری قەمەری (٧– ١٥٩٦ز) زەق بووبێتەوە.

١٨– ئەو ناوە، سەرنج ڕاکێشە. لە نزیک ڕێگای کەرکووک بۆ تەق تەق، نە زۆر دور لە زێ، گوندێکە بە ناوی ئومان مەندان Uman Mandan. هەر چەند جارەی کە من بە لایدا تێپەڕیم، بیستم دەیانگوت خەڵکی ئەو گوندە ساداتن و مارگازان چاک دەکەنەوە. لەم بابەتەوە کە ئەوان کاکەیی بن، شتێک نەبیستراوە. هەر چۆنێک بێ بۆ سەرسوڕمانەوە نابێ کە ئەگەر بڵێین لە سەیدەکانی کاکەیی و لە بنەماڵەی شێخ هەیاسن.

١٩– ئەم دوانەی دوایی نابێ لەگەڵ هاوناوەکانیان کە ئەندامی حەوتەوانەن بە هەڵە بگرن.

«مام»یان لەگەڵدایە.

زۆربەی نوسەرە ئەوروپاییەکان، دەڵێن کاکەییەکان دوو بەشن و دوای نوسینی ناوی یەک یا چەند بنەماڵە ڕادەگەیەنن و دوایی دەڵێن کە مریدەکانیان دەبێ شێخی خۆیان لە نێوان ئەوانەدا هەڵبژێرن. بە بۆچوونی من ئەو شێوە گوتنە ڕێ لە مرۆڤ ون دەکات، چونکە دیمان لە تیۆریدا هەموو کاکەییەکان لە هەڵبژاردنی شێخ یا ڕێنوێنیی خۆیاندا بە تەواوی ئازادن، بە شێوەیەک کە دانیشتوانی «گوندێک یا تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەیەک دەتوانن لە بابەت «پەیوەندی دینی»یەوە لەگەڵ یەکتر جیاواز بن. وتە و بیروبۆچوونی کاکەییەکان، کە بەزاراوەی گۆرانی یا زمانی تورکی نوسراون بەئاسانی لە مێشکدا ڕادەگیرێن. ناکۆکی بیروبۆچوون لەناو کاکەییەکاندا بەڕواڵەت پتر دەگەڕێتەوە سەر ئاکامی جیا کردنەوەی شوێنی جوگرافیایی و ئەو نوێ کردنەوانەی کە سەیدەکان یا ڕێنوێنیکەرەکانی خۆ بەزلزان کە «کەلامخوان»یش بوون هێناویانەتە ناو ئەم ئایینەوە، نەک دابەشکردنی «ئەرکەکان». ئەو دیاردەیە شتێکە کە بە سەر گروپی ئاتەش بەگییەکاندا هاتووە و بەگشتی سیمای گروپێکی جیاوازی کاکەیی پێداون. بە ڕای من ئایینی کاکەیی لە کوردستانی عێراق پتر سروشت و ناوەڕۆکی پێشوی خۆی پاراستووە تا کوردستانی ئێران.

لەم ڕاپۆرتەدا کە دەربارەی ڕێکخستنی ئاینی کاکەییەکان کەوتە بەرچاو باسێک لە گروپی داودی ناکات، کە بەو چەشنەی «گوبینۆ» و ئەوانیتر گوتوویانە. یەکێک لە کاربەدەستانی کەرکوک کە بۆخۆی کاکەیی نەبوو دەیگوت هەرچەندە بە گشت ئەندامانی ئەو ئایینە دەڵێن کاکەیی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ناوە تایبەتمەندی سەیدەکانە و ناوی دروستی ئەوانی دیکە «داودی»یە. ئەم لێکدانەوەیە، لەوە دەچێ ڕاست بێ، چونکە داودی حەوت مامۆستا و پاڵپشتی تەواوی ڕێنوێنیکەرەکان بووە، بەڵام ئەمە تەنیا جارێک بوو کە بیستم، دەیانگوت وشەی داودی بەگشت کاکەییەکان دەگوترێ و تایبەتمەندیی گروپێکی کاکەیی نیە.

گرنگترین زنجیرەی ساداتی کاکەیی لە عێراق، ساداتی ئیبراهیمین کە زنجیرەی سەرەکی بنەماڵەن. لەو سەردەمەدا کە من لە عێراق بووم سێ کوڕە مام نوێنەرایەتی ئەوانیان دەکرد: سەیدعەلی کوڕی ڕۆستەم؛ سەیدفەتاح کوڕی خەلیل و سەید سلێمان کوڕی وەلەد. ئەوانە هەموو نەوەی سەیدمحەمەد بوون. ساڵی ١٩٣١، تۆرەمەنامەی



خۆیان پێشان دام. تۆرەمەنامەکە لە سەر لاپەڕە کاغەزێک نووسرابوو کە درێژایی حەوت و پانایی نۆ ئینچ بوو. دوای دوعا و پاڕانەوە و سوپاس لە خودا، پێشەکییەکی درێژی هەبوو. دوای پێنج دێڕی یەکەم کە بە خامەی ڕەش نووسرابوون ڕەنگی دێڕەکانی دیکە بەرەبەرە دەگۆڕان و ڕۆشن دەبوون. سەرەنجام نووسراوەکان بەڕیز ڕەنگیان ئابی، سوور، زەرد و سەوز بوو. ڕیزی ڕەنگەکان بە وردی لەبەر چاو گیرابوو. تۆرەمەنامەکە بەو چەند دێڕانەی سەرەوە و ناوی سەید محەمەد تەواو دەبێ و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١٥ی ڕۆمی[٢٠] (١٨٠٠- ١٧٩٩ز) و چەند مامۆستای ئایینی دروستبوونی ئەو تۆرەمەنامەیان ئیمزا کردووە و کاک ئەحمەدی سلێمانیش مۆری کرد بوو.

سەیدمحەمەد هەژدەمین نەوەی سوڵتان ئیسحاقە، واتە بیست و یەکەمین نەوەی سەید عیسا نووربەخش تا سەید عەلی و سەید فەتاحە. بە ڕای من مێژووی لە دایکبوونی ئەو دووکەسانە لە نێوان ١٨٩٥و ١٩٠٠دا بووە. بە حسابکردنی سی و دوو ساڵ تەمەن بۆ هەر نەوەیەک، ناوی ئەو کەسانەی کە لە تۆرەمەنامەکەدا نووسراون ڕەنگە لە دیارییکردنی مێژووی ئەم ئایینەدا گرنگ بن و من ئەو ناوانەم لە ژێرنوسی ئەم لاپەڕەیەدا نووسیوە[٢١]. هەروەک دەبینین ناوی کوڕی سەید ئیسحاقیان «زیائەدین» نووسیوە نەک محەمەد. ئەو دەستێوەردانە زۆر گرنگ نییە، چونکە زۆربەی شێخەکان سەرەڕای ناوی ئەسڵی نازناوێکیشیان هەبووە کە وشەی «دین»ی لە پاشکۆدا هاتووە. ناوی دایکی سوڵتان ئیسحاق نیازی بە ڕوونکردنەوە هەیە. بەپێی نووسراوەی تذکرە دایکی سوڵتان ئیسحاق کچی میرمحەمەدی جاف بووە، بەڵام زۆر لەو کەسانەی کە من

٢٠- ساڵی ڕۆمی، ساڵی ماڵی و حسابکردنی دارایی بوو کە لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم لە ساڵی ١٧٨٩ کرا بە بنەمای حسابکردن. ئەو ساڵە، لەگەڵ ڕۆژژمێری ئاسایی یەکی دەگرتەوە و جیا لەوەی کە لە دوانزدەی مارس دەستی پێدەکرد و ساڵی پایەی ئەو ١٢٠٥ بوو.

٢١- ناوەکان لە خوارەوە بۆ سەرێ (وشەی سەید هەڵدەگرم) بریتین لە: محەمەد، ئیبراهیم، ڕۆستەم، ئیبراهیم، عەلی، محەممەد، خەلیل، عەلی خان، ڕەزا، ئیبراهیم، میرە، شا عەلیخان، چرا، جەعفەر خان، میرە، ئیبراهیم پاشا، زیائەدین، ئیسحاق؛ هێندێک بۆ پێشتر کە لەگەڵ تۆرەمەنامەی بنەماڵەی بەرزەنجە یەک دەگرێتەوە: هەشت نەوەیتر تا ناوی ئیمام موسا کازم، شەش نەوە تا ئیمام عەلی و سەرەنجام چل و پێنج نەوەیتر (لەگەڵ ئیبراهیم و سمایل و نەوەکانی ٢٧و ٢٨) تا دەگاتە ئادەم ابوالبشر.

قسەم لەگەڵ کردوون، حەسەن بەگیان بە بابی ژنی سوڵتان ئیسحاق دەناساند. ناوی جاف لە شەرەفنامەدا (١٥٩٣) نەهاتووە، بەڵام هەروەک دیمان لە پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ی زوهابدا واتە کەمتر لە پەنجا ساڵ دوای نووسینی شەرەفنامە ئاماژە بە ناوی عەشیرەتی جاف کراوە. ئەوە پیشان دەدات کە ئەو عەشیرەتە بۆ ماوەیەکی زۆر بووەتە هۆی گیروگرفت و شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانیی. ئەگەر جافەکان لە پلەی عەشیرەتێکدا، لە سەرەتای سەدەی چواردە وجودیان بووبێ، لەوانەیە لە ناوچەی جوانڕۆ بووبن. کۆچی هۆزی جافی مورادی بۆ لای ڕۆژئاوا و ناوچەکانی ئەوبەری سیروان تا چوار سەدەی دوایی دەست پێ نەکرا. بەم جۆرە بۆ ڕێبەرێکی بە دەسەڵاتی ئایینی دانیشتوی بەرزنجە، ناوچەی جوانڕۆ جێگایەکی زۆر دوور نەبووە کە بوکی خۆی لێ بدۆزێتەوە. میر محەمەد یا (حەسەن بەگ) بە ڕواڵەت دەبێ سەر بە بنەماڵەیەکی حاکم بووبێ، کە بۆخۆی یا کوڕەکەی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە و نێوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەدا بەدەستی بەگزادەکان یا خودی سەید ئەحمەد، کە تۆرەمەی بنەماڵەکەیان بە ناوی ئەو دەست پێدەکات، لە حکوومەت کەوتبێ.

کاکەییەکان بەمجۆرە لە ئەسڵدا بنەمای ڕێکخستنێکی تەریقەتی دەروێشییان هەیە و لە بابەت بۆچوونەکانی دەروونییشدا لەگەڵ بۆچوونی سوفیگەریی شەریکن، بەڵام دەربارەی شەخسی دامەزرێنەری ئەو تەریقەتە و بەشێک لە بۆچوونەکانی تایبەت بەخۆیان سەبارەت بە دۆزینەوەی دروستی خودا لەگەڵ ئەوانیتر جیاوازن. ئەوان دەڵێن ئەم دۆزینەوەیە گەلێک پێشکەوتوانەتر لەو دۆزینەوەیە کە لە دەست کەسانێک دابێ کە هێشتا لە سەردەمی تەریقەت یا دەست پێکردنی سەرەتاییتر واتە شەریعەت دان. پلەیەکیتری دۆزینەوە هەیە کە «مەعریفەتی» پێدەڵێن، بەڕواڵەت گەیشتن بەو مەعریفەتە لە چوارچێوەی زانایان و پیاوچاکان دایە و بەمجۆرە دەکرێ خەڵکی ئاسایی بە ناوی ئەهلی تەریقەت یا حەقیقەت ناو بەرین نەک ئەهلی مەعریفەت. کاکەییەکان دەربارەی ئەم مەسەلەیە نموونەی باشیان هەیە کە دەمویست لە فەسڵەکانی پێشوودا و لە چوارچێوەی سادات و شێخەکاندا باسی بکەم: هەرچەندە ئەوان عەلی لە پلەی کەسێکدا دەبینن کە ئەو نهێنییانەی پێگەیشتووە کە بنەما و بنچینەی عیرفانی ئیسلامین و گەلێک ڕێز لە منالەکان و نەوەکانی دادەنێن و وەک زوڵم لێکراو و قوربانیی دەزگای ستەمکارییان دەبینن، ئەمەش دەڵێن کە نابێ دەست لە کاری خودا وەردەن. لەبەر ئەوە (بە پێچەوانەی دراوسێ قەزلباشەکانیان) لە عێراق، هێشتا



سوننە ماون؛ ڕێوڕەسمی ژن هێنانیان بەگوێرەی دابوشوێنی حەنەفییەکانە (لەگەڵ ڕێوڕەسمێک کە دوایی ئەنجامی دەدن)؛ لە وشکە سوننەکان ژن دەخوازن و بەبێ هیچ کۆسپێک ناوی «ئایشێ» لەسەر کچەکانیان دەنێن و لە سەردەمی دەستەڵاتدارییەتی عوسمانییەکاندا زۆر جێگای سەرنجی حکوومەت بوون.

تەریقەتی کاکەیی بە ڕواڵەت لە ڕێکخستنێکی کۆنترەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو تەریقەتە سەرەتا لە لوڕستاندا پێی گرتووە و بەهۆی کەسێکەوە کە ناوی موبارەک شا واتە «باوەخۆشین» بووە لە ناوچەی هەورامان بڵاوکراوەتەوە. موبارەک شا بە چەشنی سوڵتان ئیسحاق حەوت ئەسحابەی هەبووە: «کاکەڕەدا»، «خوادە» سەید فەلەکەدین، «بافەقی»، «فاتمە لەڕە»، بابی گەورە و میرزا هامان. گرنگترین ئەندامی ئەو گرووپە فاتمە لەڕە بووە. ئەو هەمان بیبی فاتمەی خوشک و هەڤاڵی بابا تاهیر[٢٢] بووە. کەوابوو ئەو خوشکی بابا عەلی نیە کە ساداتی بەرزنجە و ساداتی کاکەیی بە نەوەی خۆیانی دەزانن. بە ڕواڵەت لەوە دەچێ تەریقەتێک کە ناوەندەکەی لە لوڕستان بووە و بابا تاهیریش ئەندامی بووە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی یازدەدا ڕەگاژۆیی کردبێتە هەورامان و دوای نزیکەی دوو سەدوپەنجا ساڵ گەیشتبێتە سوڵتان ئیسحاق، کە ئەو سەرۆکایەتیەکەی کردۆتە میراتی بنەماڵەکەی و ڕاستی کردۆتەوە[٢٣].

ئەندامانی ئاسایی ئەو تەریقەتە دوو گرووپن: گۆران یا ئەوانەی کە خزم و هاوبیرانی پێشووی «شمشێرهێنەران»ن، یا ئەو کەسانەن کە بەزۆری شمشێر ڕوویان لەم ئایینە کردووە. ئەو شێوە بۆچوونە لە سەرەتادا یارمەتی بە شیکردنەوەی تذکرە دەربارەی شێخ عیسا دەکات، کە ئەوی بە «بەرزنجە و گۆران» ناساندووە، بەڵام سەبارەت بە لکاندنی خەڵک بەزۆری شمشیر بەو ئایینە، تا ئەو جێیەی کە دەربارەی کاکەییەکان بیستراوە لە ڕاستی بەدوورە. ئەو جیاوازییانە و حەقیقەتێک کە دەربارەی ئایینی کاکەیی لە سەردەمەکانی پێشودا بە زاراوەی گۆرانی نووسراون، لەگەڵ لێکدانەوەیەک کە لە یەکێک

٢٢- مینورسکی (لە وتارێکیدا بە ناوی دایرەالمعارف ئیسلام، لە ژێر ناونیشانی: «بابا تاهیر») دەڵێ: بابا تاهیر چوارەمین کەس لە حەوت ئەسحابەی باوە خۆشین بووە، بەڵام ناوی لە هیچ کام لەو لیستانەدا نەنووسراوە کە زانایانی جیاواز بەمنیان داوە. تذکرە ئاماژە بەسەردەمی باوە خۆشین ناکات.

٢٣- بۆ ئەم کەموکوڕییەی کە لە مێژووی ژیانی بابا تاهیردا دەبینرێ، بڕوانە لاپەڕەی ٧٢ی هەمان وتار.

له فەسڵەکانی پێشوودا لەسەر ئەساسێکی‌تر کردوومە و گوتوومە شارەزوور و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەرەتادا شوێنی ژیانی عەشیرەتی گـۆران بووە و دوایی بەر هێرشی خێڵ نشینەکانی کـورد کەوتوە و جافەکانی موورادیش شەپۆلی دوایی ئەو هێرشە بوون، بە تەواوی یەک دەگرنەوە. زۆربەی ئەو کەسانە ڕەنگە ئەندامی ئەو تەریقەتە بووبن و ژمارەی گۆڕ و چاکەکانی ئەو ناوچەیە کەم نین کە ناوی پیاوە ئایینییەکانی کۆنیان لەسەرە.

هۆزی گۆران، کە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی نێوان جادەی خانەقین، کرماشان و باکـور و دەوروبەری ئەوانە لە کـرێند دەژین، ڕەنگـە بە ناوبانگـترین کـۆمـەڵی کاکەییەکانی دانیشتووی ئێران بن[٢٤]. هەروەها، جەماوەرێکی بەرچاویشیان بە درێژایی ئەو شارێیە بەرەو ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە کرماشان، سەحنە و هەمەدان دەژین. لە بەشی خوارووتریشدا، زۆربەی هۆزی لەکی پشتکۆ واتە ئەو بەشەی لوڕستان کە لە نێوان «سیمرە» لە ڕۆژئاوا و ڕوبارەکانی «کشغان» و «خوڕەم ئاوا» لە ڕۆژهەڵاتدا جێی گرتوە، بەتایبەتی «دێلفان»ییەکان ئەندامی ئەو ئایینەن. هەروەک دەڵێن: ژمارەیەک بۆ خۆیان دیویانە و بۆ منیان گێڕاوەتەوە، ئەوانە کاتی سەرخۆش بوون یا جەزم بوونی ئایینیی، بەتایبەت لە جەژن و بۆنە گەورەکانی سەرەتای پاییزدا دەچنە ناو گڕی ئاگر و چیان لێ نایە. لە یانواریی ١٩١٨، لەگەڵ «نەزەر عەلی» خان والی پشتکۆ، لە «خوڕەم‌ئاوا»وە بەڕێگای پشتکۆدا دەچووینە کرماشان. ژمارەیەک دێلفان لەگەڵ هێزی نەزەر عەلیخان بوون. من خۆشحاڵی خۆم بۆ دیتنی ئـەو ڕێوڕەسمە دەربڕی. نەزەر عەلیخان بەو مەرجە داواکەمی قبووڵ کرد، کە: چونکە ئەو خەڵکە مەسەلەکە زۆر بەجیدی دەگرن نابێ پێ بکەنم. بەداخەوە، دۆخەکە پێشی بەوکارە گـرت و مەرجەکەی سەری نەگرت. لەم جۆرە کـارانەدا جیا لەو بابەتە تایبەتییە و گومان هەڵگـرەی خوارەوە، شتێکم دەربارەی کاکەییەکـانی عێراق نەبیستووە.

ڕاولینسـۆن گـۆڕی شـازادە ئەحـمـەد لە «باڵەگـرێوە» وەک چاکـێکی زۆر پیـرۆزی عەلیوڵڵاهییەکان ناو دەبات و دەڵێ ئەو پیاوچاکە برای بابی گەورەیە. (پێشتر ناوی ئەو کەسەمان وەک یەکێک لە گـرنگترین کەسایەتیەکـانی حەوت ئەسحابەی باوە خۆشین بیست.) ئەم چاکە لە بان چیایەکی خڕی گومبەزییە بە ناوی «کوس»، کە نزیکـەی ٤٥

٢٤- عەشیرەتە گرنگەکانی ئەم هۆزە بریتین لە: گۆران لەگەل تۆفانگەیی، قەلخانی و قەڵا زنجیرەیی. ئەو هۆزانەی جاف کە بە مەبەستێک خۆیان بە گۆرانەکانەوە هەڵاوەسیوە و ئێستاش سوننە ماونە (بڕوانە ئەو فەسڵە کە لەمەڕ جافەکان نووسراوە).



مایل لە باکـوری دزفول لە ناوچەی قەڵاوەند شوێنی ژیانی هۆزی «دێرەکوەند»ییەکان هەڵکەوتووە. کاتێک ساڵی ١٩١٧ لە دزفول بووم هێندێک جار جێنشینەکانی ئەو چاکەم لە بازاڕی دزفول دەبینی کە مێزەری سوور و پڕ ڕەنگیان دەپۆشی، ئەوانی لە خەڵکی‌تر جیا دەکردەوە. ڕۆژێک لە «مەنگرە»وە بەرەو باکور دەچووم، چوار کەسیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ خۆیان لەگـەڵ گـرووپەکەی من خست و لەو میوانداریانەدا بەشدارییان کرد کە بۆ من پێکدەهاتن. ئەوانە کەڵکیان لە داهات و دەسکەوتەکانی سادات وەردەگرت و هیچ کەسیش کۆسپی بۆ نەدەخولّقاندن و «پاپی»یان پێدەگوتن. ئەوان بە ڕواڵەت لەگەڵ هۆزێک بوون، کە لە بەشی سەرووی ڕوباری «دز» لە باکوری «قەڵاوەند» و «چارلنگ»ی بەختیاری «بروجرد» بەو ناوە دەناسران، بەڵام هیچ چەشنە پەیوەندییەکیان بە ئەوانە نەبوو. قەڵاوەندییەکان و «دێرەک وەند»ییەکان کە زۆریان ڕێز لەو چاکە دەگرت، عەلیوڵڵاهی نەبوون. دیارە ئەم مەسەلەیە گرنگ نییە چونکە لە تەواوی ئاسیای ڕۆژئاوادا بەشی زۆری چاک و پیرە کۆنەکان جێگای ڕێزی خەڵک و ئایینە جیاوازەکانن. من هەرگیز نەم بیست کە ئەم جێنشینە پاپییانە جیا لە موسوڵمانی شیعە شتێکی‌تر بووبن و هەرگیز ئەوەش بەمێشکی ساوامدا نەهات. خۆش دەبوو کە ئەگەر زانرابا ئەوانە ئاگادارییان لـە سیستمی ئایینی «پردیوەر» هەیە و ئایا ئەوان پاشماوەی ڕێکخستنە کۆنەکەی «باوەخۆشین» بوون؟.

بەر لەوەی کە واز لە لوڕستان بێنین، سەرنجدان بە خاڵێکی دیکە پێویستە. بە شێوەی ئاسایی، بابا تاهیر بە«هەمەدانی» دەناسێن و گومان لەوەدا نییە کە زۆربەی ماوەی تەمەنی خۆی لە دەرەوەی لوڕستان و هەمەدان تێپەڕکـردووە. سەرەڕای ئەوەش دەڵێن ئەو «لوڕ» بووە و «لۆڕ»یان پێگوتوە. وشەی «لۆڕ» بە ئاماژەی کۆن بەپیتی «واوی» قەڵەوی دەنگدار دەنووسرێ، لە حاڵێکدا بۆ ناساندنی خەڵکی سەر بە هۆزی «لوڕ» لە پیتی «واوی» کورت و بێدەنگ کەڵک وەردەگرن و پیتی «ی»ی بە پاشگری زیاد دەکەن[٢٥]. لوڕ ناوی نوێی دەشتی نێوان دیزفول و یەکەم زنجیرە چیای باکوری ئەو دەشتەیە و بە «واوی» بێدەنگ دەنووسرێ و لەگەڵ وشەی لۆڕ جیاوازە. ئەو دەشتە هاوینە هەواری هۆزی دێرەکوەند و هۆزە خێڵ نشینەکانی لوڕە[٢٦]. بەمجۆرە دوور نییە کە

٢٥- وتاری مینورسکی لە ژێر سەردێری «بابا تاهیر» لە دایرەالمعارفی ئیسلام.
٢٦- جوگرافیازانەکانی عەرەبیش ئاماژەیان بە شاری کۆنی «لوڕ» لە نزیک دزفول کردووە.

نازناوی بابا تاهیر «لۆڕ» نەبێ و بەڵکوو لە «لوڕ» وەرگیرابێ کە بە لەبەرچاوگرتنی مەرقەدی شازادە ئەحمەد ڕەنگە ناوەندی تەریقەتێک بووبێ کە ئەو ئەندامی بووە و بە هەڵکەوت لە سنووری لوڕستان هەڵکەوتووە.

هێندێک جار دەگوترا و گوتنەکەشیان بۆ باوەڕ کردن دەبێ کە بەشی زۆری سەنجابییەکانی ناسراو بە ئیبراهیمی و بەشێک لە هۆزی «کەلهوڕ»ی دانیشتووی ناوچەی نێوان گۆران و لوڕستان کاکەیین، بەڵام من هیچ پەیوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵیان نەبووە. ڕاپۆرتەکانی «گوبینو»، مینورسکی و جیهانگەڕانی دیکە پێشان دەدن کە ئەو تەریقەتە لە سەدەی چواردە لە هەورامان دامەزراوە و لە شوێنی ئەسڵی ئەو زاگرۆس بووە و ڕەگاژۆیی کردۆتە ناوچەکانیتر و جەماوەرێکی مەزنی لە زۆربەی ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بە تایبەت ئازەربایجان، قەزوین، گیلان، مازندەران و تەنانەت تارانی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە[٢٧].

لە عێراق، ئێستا گرنگترین و ناسراوترین ناوەندی کاکەییەکان کۆمەڵە گوندێکن کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی هەژدە گوند[٢٨] و لە ناوەندی ناحیەی تۆق لە ڕۆژئاوای

٢٧- لە ناوەندەکانی سەدەی پانزدە، ئەم ناوچەیە هەمووی سەر بە حکوومەتی تورکمانەکانی «قەرە قۆیونلو» دووەمین پاشای ئەو زنجیرەیە بوو کەساڵی ١٤٣٧ تا ١٤٦٧ لە تەورێز و بەغدا حکوومەتیان کردووە. مینورسکی لە وتارێکدا بە ناوی: «جهانشا قەرە قۆیونلو و دروشمەکانی» کە لە «بولێتنی خوێندنگەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا (بەرگی شانزدە، ١٩٥٤ بڵاوبۆتەوە) سەرنج دەداتە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەهلی حەق، بەڵام بۆ سەلماندنی مێژوویەکی نزیک بۆ شێوەی ڕێکخستنی گشتی ئەو تەریقەتە لە لایەن سوڵتان ئیسحاقەوە دەڵێ: «ئەگەر ئایینی ئەهلی حەق، ئایینی ڕەسمی تورکمانەکانی قەرە قۆیونلو نەبوو بێ، لەوانەیە ئەم ئایینە لە بارودۆخێکی ڕێک و ئاسایی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو زنجیرە حاکمەدا گەشەی کردبێ». کۆنترین مێژوو کە لە «تذکرە»دا نووسراوە ساڵی ١٣١٦ - ١٣١٧یە کە هەر چەشنە کەموکوڕێک لەمەڕ زەمانەوە لە ناو دەبات: هەروها ئەو مێژووییە لەگەڵ بەڵگەیەکیتر پێشان دەدن ئەو ئایینە لە لوڕستانەوە هاتووتە کوردستان و لەوێوە ڕەگاژۆی کردووە،تە ئازەربایجان نەک پێچەوانەی.
٢٨- گەورەترین گوند لە نێوان ئەم گوندانە: البوسراج (٥٠بنەماڵە)، عەلی سەرای (٦٠ بنەماڵە)، المحمد لەگەڵ دەلیسی گەورە (٩٠ بنەماڵە)، عەرەب کۆی (١٠٠ بنەماڵە)، لاسین لەگەڵ تۆبزاوا (١٢٠ بنەماڵە)، متێک (٤٠ بنەماڵە). گوندە بچووکەکان بریتی بوون لە: بن شاخ، دەلیسی بچووک، محەمەد حاجی؛ ڕبێدە، سێ کانیان، سوهەیل، تەڕەبا، زنجیر، زەعلاوە. دیارە ژمارەیەکیش کاکەیی لە تۆق دەژین. بەلانی زۆرەوە، ئیجارەداری مالیکەکانی کاکەیی هەموویان کاکەیی نین.



جادەی کەرکووک جێیان گرتووە. ئەمە بە گشتی ناوەندێکی نوێی کاکەییەکانە؛ کە سەید ڕۆستەم و سەید خەلیل و سەید وەلەد زەوییەکانیان کڕیون. بەم پێیە مێژووی دامەزرانی دەگەڕێتەوە سەر نیوەکانی دووەمی سەدەی نۆزدە. خاوەن موڵکە نوێیەکان، مریدانی خۆیان لە گوندەکانی ئەوبەری شار و نزیکی بەرزاییەکان[٢٩] واتە لە گوندەکانی ناحیەی «قەرەحەسەن» و «گۆل» و تۆق هێناوەتە ئەم جێیە و لەوێ کۆیان کردوونەوە. ژمارەیەک چاک و مەرقەدیان لەم جێیەن کە ئێستاش بەشە موڵکێکیان بە ناوە. چاکی باوە قەتار (بابە قەتار) لە نزیک گوندی تاڵەبانی «کۆرمۆر» ئێستاش قیبلەی مارگازانە[٣٠]. کاکەییەکانی ئەو ناوچە نوێیە لەگەڵ خاوەن موڵکە دەوڵەمەند و بەدەستەڵاتەکانیان ئێستا لە هەموو بارێکەوە یەکێک لە سێ هۆزی گرنگی تۆقن. دوو هۆزەکانیتر، تاڵەبانی و داودەن. زۆربەی گوندییەکان لە باری جێگرتنی ئاینیدا ئیبراهیمین.

گرووپێکی گرنگیتر لە هەر دوو لای سنووری نێوان عێراق و ئێران دەژین و دە دوازدە گوندیان لە قەزای خانەقین و ناوچەی قەسری شیرین[٣١] هەیە. زۆربەی گوندییەکانی بەشی عێراق ئیبراهیمین و میرەییەکان و باوەیسییەکانیش هەرکام دوو گوندیان بەدەستەوە. تەنیا یادداشتی من دەربارەی گوندەکانی بەشی ئێران ئەوەیە کە تەواوی دانیشتووانی گوندی سەید داود «خامۆشی»ن. جارێک بیستم کە خەڵکی گوندی «باریکە» دەچنە ناو ئاگر، بەڵام بە داخەوە سەبارەت بە شێوەی بیرکردنەوەیان بەڵگەم بەدەست نییە.

٢٩- ئەو گوندانەی، کە زۆر جار ناویان دەهێنان ، ئەوانە بوون: بادەوەر، حەسار، کەڵەکانی، تەپڵۆی گەورە و بچوک، چۆرکە زیارەت، شۆراوا و سەنگور.
٣٠- مەرقەدی خەلیفە باپیر لە نزیک ئەو گوندەیە. من نازانم ئەو بە «باپیر»ی حەوت خەلیفە دەناسن یان نا. ئەگەر وابێ باوە حەیدەرییەکان نوێنەرەکانی نوێی ئەوان دەکەن.
٣١- من بۆ خۆم ئەو گوندانەم نەدیوە، بەڵام بە پێی لیستەیەک کە پێیان داوم، گوندەکانی جێگرتوو لە عێراق بریتین لە: ئەمین، باپیر، باوە سمایل، باریکە، چەم چەقەڵ، دارە خورما، گابێە، کانی شاباز، مێکاس ,Mekhas، مەرکەز حدود، قەڵەمە، قەرە پوڵە و تەپە قەیسەر. ئەوانەی ئێران، نوسرەت ئاوا (بریتییە لە کۆخەکانی، سەید ئەحمەد، سەید خەلیل، سەید زۆراب و سەید شەریف) سەید عەبدوڵڵا، سەید داود، سەید لوفتە، دەرە پنجەک، گاراوا، قەڵا سەبزی، مامە موراد، یاقوب، تەپە قورسان و تەنگاو. دوور نییە کە ناوی گوندەکانی ئێران دووجار نووسرابن: یەک ناوی گوند و ئەویتریان ناوی سەید.

لە هەردوو ڕۆخی زێی گەورە لە نزیک یەکاوی «خازر»، حەوت گوندی کاکەیی هەن، کە سێ گوندیان لە ڕۆخی چەپ و چواریشیان لە باسکی ڕاستن[٣٢]. لێرە، بەوانە دەڵێن «سەرلی»، بەڵام من باش نازانم کە بۆخۆیان ئەم ناوەیان قبوولە یان نا. کوردێک، کە ڕای باشی بەرامبەر بەوانە نەبوو، جارێک بە ئەنقەست بەو ناوەی ناساندن کە بێ واتاتر لەوە نابێ: ئەو دەیگوت ئەو ناوەیان لە «ساریلماق»ی تورکی بە واتای پێچاندنەوە وەرگرتووە و ئاماژەیە بە کوڕی «مولجەم» قاتلی ئیمام عەلی لە مزگەوتی کوفەدا، کە هەوڵی داوە بۆ پێشگیری کردن لە ئاشکرا بوون و لە داو کەوتنی، خۆی لەنێو حەسیرەکانی مزگەوت پێچاوە! سەرلییەکان جیاوازییان لەگەڵ کەمایەتییەکانی کوردی سوننەی پارێزگای مووسڵ هەیە کە بە «شەبەک» دەناسرێن و کوردی قزڵباشن.

لە شارۆچکەی «تەلەعفەر» لە چل مایلیی ڕۆژئاوای مووسڵ، کە زۆربەی دانیشتووانی تورکمانن، بنەماڵەی وەهاب ئاغا یەکێک لە بنەماڵە بە دەستەڵاتەکانی ناوچەکە بوو، کە بە شێوەی ئاسایی لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانییەکانە سەرۆکایەتی شارەوانی ئەو شارۆچکە لە ئەندامانی بنەماڵەکەی دیاری دەکرا. ئەو بنەماڵەیە، سەید کاکەیی ئیبراهیمین. دەڵێن ژمارەی کاکەییەکانی ئەو شارۆچکەیە ٤٠- ٣٠٠ کەسن، بەڵام ژمارەی دروستی ئەوان شتێکە لە نێوان ئەو دوو ژمارەیەدا. بەمجۆرەی کە یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە پەیتا پەیتا هاتوچۆی بەغدای دەکرد، بۆ من دەرکەوت برای ئەو کابرایە کە سەرۆکی شارەوانی بوو، بە ڕادەیەک تاسەی پاراستنی سەروەت و دەستەڵاتی مادی و مەعنەوی خۆی بوو، کە ئامادەن بۆ پاراستنیان لەژێر پەردەی گشتی شیعەگەریدا، لە جیاوازییەکانی نێوان کاکەیی و قزڵباش کە ژمارەیان لەو شارۆچکەیەدا پتر بوو لە بۆچوونی ئاینیی خۆیان چاو بپۆشن. سەرەڕای ئیبراهیمییەکان ژمارەیەکیش ئاتەش بەگی لە «تەلەعفەر»ن. لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵەیەشدا بێگومان گوند و بنەماڵەی کاکەیی هەن کە لە بەغدا و شارە گەورەکانی مووسڵ، کەرکووک، خانەقین و سلێمانی دەژین. بنەماڵەی «قوبڵەزادە» جێیەکی بەرزیان لە ناو بنەماڵە ڕەسەن و دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانیدا هەیە. ئەو بنەماڵەیە لە ئەسڵدا «شمشێر هێنەرن» و لە بواری جێگرتنی ئاینیدا مستەفایین. باسی

٣٢- ئەو گوندانە بریتین لە: لە باسکی چەپ: سوفیە، مەترەت. لە باسکی ڕاست: تەلئەلیوبان، گەزەکان، وردک، ڕقشە.



جەماوەرێکی کاکەییش لە «بەدرە» و «زەرباتیە» دەکەن، بەڵام من بۆ خۆم هیچ لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی ئەوانە نەبووە.

بۆ تەواو کردنی ئەو فەسڵە باشترە باسی سەفەرێکی کورتم بکەم کە لەساڵانی دوایی واتە ساڵی ١٩٤١ بۆ گوندی «هەوار»م کرد. هەوار، ڕەنگە خۆشترین شوێنی ئەو ناوچەیە بێ. ئەو گوندە لە شیوێکی چەپەک و بەلاوە دایە و هەشت مایل لەگەڵ هەڵەبجە مەودایەتی و بە هێڵێکی ڕێکدا پێنج مایل لە «پردیوەر» دوورە. ئەوە دوا گوند و تەنیا کۆمەڵێ کاکەیین کە هێشتا لێرە ماون. ئەم شوێنە کە دامەزرێنەری ئەو ئایینە قسەی تێدا کردووە، بێگومان پترلە شەش سەدە بە شێوەی نەپساوە شوێنی شێخ و پیاوچاکانی کاکەیی بووە و دەکرێ وەک «خاکی پیرۆز»ی کاکەییەکان ناوی ببەین.

ڕۆژی هەژدەی مای، لەگەڵ چەند پۆلیسی چاودێر و تەتەرێکی شارەزا بەڵام چەنەباز، لە هەڵەبجە وەڕێکەوتم. ئەو تەتەرە بیری خستمەوە کە لە سەفەرێکی نۆزدە ساڵی پێشوومدا بۆ کەلار لەگەڵم بووە. ڕێگای ئێمە بەگشتی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات بوو. لە گوندێکی زۆر پیسی جافەکان بە ناوی «بەمۆک» (بامۆک) تێپەڕین. توتن هێشتا گەڵای نەکرد بوو. گوڵە هێرۆی زۆر جوان لە زەوییەکانی گەنم و لە دەوروبەری ماڵەکان دەبینرا. خەڵک بۆ ڕاکردن لە چەنگ مێش و مەگەس لە دەرەوەی ماڵەکانیان سەکۆیان ساز کردبوو و بە «چیخ» دەوریان تەنیبوون و لێکیان جیا کردبوونەوە. ڕێگا لە دوو مایلیی هەڵەبجەوە بەرەبەرە بەرز دەبۆوە و بەرەو تەپۆلکە ڕوت و بێ دار و دەوەنەکان هەڵدەکشا. چیاکانی «باڵامبۆ» بە بەرزایی ٥٢٠٠ پێ و «مەگرگ» بە بەرزایی ٥٥٠٠ پێ لە باسکی ڕاستی ئێمە بوون و چیای «شیندڕوێ» (شینروی)ش بە بەرزایی ٦٧٠٠ پێ لە باسکی چەپەمان بوو. دوای بڕینی دوو مایلیتر لە کەلێکی کورت بەناوی «ملەهۆملە» (ملە هۆمەر) تێپەڕین و دوایی خۆمان لە چین و قەڵشتی ئەو لک و پۆیاندا دیتەوە کە لە هەورامانەوە بەرەو سیروان، لە ڕۆژئاوای ئەو شوێنەی کە ڕوبار زنجیرە چیای سەرەکی زاگرۆس لەت دەکات، درێژەیان هەیە. تەپۆلکەکان بە پنچە دڕوی «کەنگردڕک» داپۆشرابوو. کەنگر تا ئەو کاتەی شلک و تازەیە، خەڵک دەیخۆن و ئەگەر پیریش بوون کۆیان دەکەنەوە و دەیاندەن بە ئاژەڵەکانیان.

هێشتا سەعاتێکی بۆ نیوەڕۆ مابوو. دوای ڕێگا ڕۆیشتنێکی ئارام و لە سەرەخۆ لە هەوایەکی فێنک و خۆشدا لە نزیک بازگەی ژاندارمەری لە بان تەپۆلکەیەک کە دەیڕوانیە گوندی «سازان» و «کۆساوا» دابەزین. سازان و کۆساوا نزیکەی مایل و نیوێکیان تا

سیروان مەودایە و لە چوار مایلی ڕۆژهەڵاتی «مۆردێن» هەڵکەوتوون. گوندی مۆردێن لە نووسراوەکانی کۆنی کاکەییدا باس کراوە و لەوبەری «مەگرک» جێی گرتووە[٣٣].

گروبانێک و پێنج شەش ژاندارمەی خەڵکی ناوچە لەو پاسگایە بوون. ئەوان بە پانتۆڵی سوور کە وەک پانتۆڵی «گۆڵف» دەچوو و دەرلنگەکانیان لە گۆرەوی درێژ نابوو، زۆر چالاک و ڕێکوپێک بوون. کەڵاشیان لە پێ دابوو، کە لە هەوای وشکدا بۆ ڕۆیشتن بە شاخاندا زۆر بەکەڵکە. گروبان نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشی چینێک بوو، کە هەمیشە لە ڕێگای خزمەت و نۆکەرایەتی کردن بۆ حکوومەت ژیانی خۆیان دابین دەکەن و بەپێی سوننەتی خۆیان لە خزمەتکردندا ڕاستگۆ و سادقن و ئەوەش بۆ ئەوەیە کە لە بەرامبەر تەنیایی و موچەیەکی کەم و نامیهرەبانی و نەڕوانین و لە بەرچاو نەگرتنی ژیان و ئاسایشیان لە لایەن فەرماندەکانیانەوە، خۆیان بپارێزن. ئەم گرووبانە سێ برای لە شەڕە جیاوازەکاندا کوژرابوو و بۆ خۆشی لە پلەی سەربازی «هێزی ناوچەی سلێمانی»دا لە کارەساتە تاڵەکەی کاروانی ڕانیە، ساڵی **١٩٢٢**[٣٤] ملی بە توندی بریندار ببوو. ژاندارمەکانیش کەسانی بێ ئەزموون نەبوون و زۆربەیان لە لایەن ئەفسەرە ئینگلیزەکانەوە پەروەردە کرابوون و بیرەوەری خۆشیان لە «دانیلز»، «فیتز گیبون»، «مکنت» و ئەفسەرانیتری ئینگلیز هەبوو.

لە گەشتەکانی کوردستاندا هەمیشە بە دیتنی ئەو گوندانەی کە لە شوێنی سەخت و ناهەموار ساز دەکران سەرم سوڕدەما. خەڵکی «سازان» خۆیان بە سەید و نەوەی شێخ موتمین دەزانی. بە نزیک قەبری ئەو شێخەدا تێپەڕبووم، کە لە قەراخی ڕێگا بوو. ئەو شێخە لە وڵاتی گۆرانەکانەوە هاتبوو و چونکە ئاوی ئەم شوێنەی بە دڵ بوو، لێرە مابۆوە. «کۆساوا»ش پەنجا ساڵ پێش لە لایەن کۆچەرانی گوندی «تەشار»[٣٥]ی هەورامان ئاوەدان کراوەتەوە. ئەم کۆچەرانە ئێستا نیوەی دانیشتووانی ئەو گوندە پێکدێنن و نیوەکەیتریش «یەناخی»ن. یەناخی یەکێک لەو هەشت هۆزە بچووکەن کە هێندێک جار بە جافیان ناو دەبەن و کۆمەڵە گوندێکیان لەو ناوچەیەدا هەیە کە لە دوولای سیروان

٣٣- مینوریسکی، (یاداشتەکان لاپەڕەی ٢٥). ئەو گوندە ئێستا سەر بە هۆزی کۆکۆیییە.

٣٤- بڕوانە فەسڵی ١٦.

٣٥- Teshar ناوی ئەو دێیە لە نووسراوەکانی پێشووی کاکەییەکاندا هاتووە (مینوریسکی، یاداشتەکان، لاپەڕەی ٢٤).



و هێندێک ئەولاتر لە بەشی باشووری ئەوبەری سنوور لە خاکی ئێران جێیان گرتووە[٣٦]. یەناخییەکان، بنەماڵەی بەگزادەی حاکمی خۆیان هەیە، بەڵام گوندییەکان خۆیان بە خزمی سەیدێکی ناسراو بە ناوی پیرخدری شاهۆ دەزانن.

دەشتێکی پان و بەرین لەژێر گوندەکانی سازان و کۆساوا دایە کە برنجی لێ دەچێنن. لە پاسگای ژاندارمەریەوە، کە تورکان پێشتر لێرە سازیان کردووە، چوار کلّی پردێکی ڕووخاوم دی کە لەژێر گوندی یەناخی «لانێوان» بە ڕۆخی ڕووبار بە لای ئێراندا سازکرابوو. لە نزیکی ئەو، بەردێکی جوانیان پێشاندام کە بێگومان بەدەست ساز کرابوو. لەوە دەچوو بەردی میحراب یا پایەی پێکەر یا بە بۆچوونی خەیاڵیی خەڵکی ناوچەکە پایەی تەختێک بووبێ. ئەو ئەفسانەیە، باس لەوە دەکا کە شازادە «زێڕین کەوش» ژنی یەکێک لە پیاوە گرنگ و ڕەسەنەکانی بەرلە ئیسلام بەناوی میر عەبدوڵڵاخان بووە. ئەو هاتوچۆی ئەم شوێنەی کردووە و لێرە دانیشتووە و دیمەنی جوانی ڕووبار و گەوە و پێچ خواردنەکانی تەماشا کردووە، کە بەرەو قوڵلە و لوتکە بەرزەکانی جوانڕۆ خوشیوە[٣٧]. ئەو ڕەنگە بۆخۆی خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ بووبێ.

چونکە دەمانزانی ڕۆژێکی ناخۆش و دژوارمان لە پێشە، سەعات شەشی بەیانی ڕۆژی دوایی سوار بووین. ڕێگای ئێستامان بە گشتی بەرەو ڕۆژهەڵات بوو: قاتەکانی بەشی باشووری «شیندڕوێ»مان دەور لێدا، ئاوی شینی سیروان کە بە نێوان شیو و دۆڵە تەنگەکاندا خوار و پێچەکەی دەکرد، لە باسکی ڕاستمان بوو و بیست مایل هەورازتر لوتکەی دە هەزار پێ بەرزیی شاهۆمان لەبەر چاو بوو، کە مژێکی خەست سەری داپۆشیبوو. بە باریکە ڕێیەکی بەردەڵانیی وەک پلەکاندا، لە گوندی «کۆکۆیی» نشینی «بۆین» نزیک بووینەوە. نزیکەی چارەگە سەعاتێک، لێرە ماتڵ بووین تا توانیمان سمی ئەسپی ژاندارمەیەک ڕزگار بکەین کە لە قەڵشتی بەردێکی تیژ چەقیبوو.

٣٦- خشتەی خوارەوە، ئەم ژمارانە دەستنیشان دەکات کە لە عێراق یا هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران نوێنەریان هەیە، ژمارەکانی نێو کەوانە ژمارەی گوندەکان لە هەرکام لەو دوو وڵاتانە پێشان دەدات. بەشی یەکەم ژمارەی سەر بە عێراقن: ئیمامی (١و٤)، کۆکۆیی (٣-٠)، نیازی (٤و١٢)، زەردویی (٤و٦). ئەوانە، تەنیا لە ئێران گوندیان هەیە: بایەنگانی، میراوەلی، ساتیاری و کەڵاشی.

٣٧- ناوی زۆربەی چیاکانی ئەو مەڵبەندە بە وشەی «ما» دەست پێدەکەن، وەک: ماگازان، ماسان، ماکوان، ماگارو و.... وەک دەڵێن گوتنی «ما» لە زاراوەی جوانڕۆییدا ئاماژە بە ڕووی پێشەوەی زنار و گابەردانە.

گوندییەکان ماوەیەک بەر لە ئێستا چووبوونە هەواری نزیکی شیندرۆێ. ڕێگامان درێژە پێدا و ئەسپەکانمان بە هەورازێکی تیژی باریکدا بە ناوی «دالەڕێ» سەرخست، کە ناوی بەڕواڵەت ئەوەی لە مێشکی مرۆڤدا زەق دەکردەوە کە شوێنی هێلانەی دالان بێ. لە بەرزایی ٥٠٠٠ پێیدا گەیشتینە کەلی «ملەچەڵان». ڕێگاکە زۆر ناخۆش و پشوبڕ بوو. تینوێتی و ماندوویی تینی بۆ هێنابووین. ڕاوەستانی پەیتا پەیتا و پشو تازە کردنەوەکانمان بە ناچار بیری خستمەوە کە ئێستا بیست ساڵ بەتەمەنتر لەو ڕۆژگارەم کە هەڵەبجە ناوچەی بەرپرسایەتیم بوو.

شیوێکی قوڵ و گوندێکی بچووک بە ناوی «گریانە»، ٢٥٠٠ پێ لەژێر ئەم بەرزایدا بوون. خەڵکی ناوچەکە دەیانگوت کۆچەرە جوانڕۆییەکان ٥٠ ساڵ پێش ئەو گوندەیان سازکردووە. بۆ دیتنی پاسگای ژاندارمەری بەپێ لە چیا داگەڕام. ڕێنوێنەکەمان ڕێگای ون کرد. دوای ماوەیەک خولانەوە و کات بە فیڕدان بڕیارمدا واز لە دیتنی ئەو پاسگایە لە نزیکەوە بێنم و بگەڕێمەوە سەر بەرزاییەکە و لە بان ڕێچکەکەوە تەماشای بکەم. ڕێنوێنەکەمان «بارام» لاوێکی زۆر گورج و چالاک بوو. ئەومان لە «هەوارە»وە لەگەڵ خۆمان هێنابوو: لە حاڵێکدا تووشی بووین کە لە کەوێکی دابوو و خەریکی هەڵگرتنەوەی بوو.

دوای نیو سەعات ڕێ گەیشتینە کۆخی «هەوارە کۆن»، کە کۆخێکی بچووک بوو. بۆ ڕێزگرتن لە «میرئەحمەدە سووری حەوتەوانە» و «ئەحمەد هەواری» دوو گومبەزیان لەسەر گۆڕی ئەو دووانە ساز کردبوو: ئەحمەد هەواری کەسایەتییەکی مەزن بووە و زۆریان باس دەکرد، بەڵام من نەمتوانی جێی دروستی ئەو لە ناو زنجیرەی ئەولیاکانی ئەو ئایینەدا بدۆزمەوە. دوو سێ بنەماڵە لێرە دەژیان کە وەک خەڵکانیتر چووبوونە هەواری بناری شیندرۆێ. بۆ ڕێبوارێکی زار وشک بووی ماندوو هیچ شتێک خۆشتر لە ئاوی ساردی کانی دێ نییە، کە بە خوڕە دەڕژێتە خوار و دەچێتە ناو حەوزی ڕوونی دەور بەرد تێگیرا. تێرمان ئاو خواردەوەو ئەسپ و هێسترەکانمان لە خوار کانییەکە ئاو دان و بەر لە درێژەدان بە ڕێگا نیو سەعاتێک لە ژێر سێبەری دارە توویەک لە قەراخی کانییەکە دانیشتین و دوایی بە لەشی گران و داهێزاو بۆ بڕینی دوا بەشی ڕێگا کە دوو مایل بوو بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشاین. دوای نزیکەی نیو سەعات ڕێ و دوای دەور لێدانی تەپۆلکەیەک گوندێکمان لەژێر پێی خۆمان لەنێو شیوەکەدا بینی. گوندێکی گەورە و نزیکەی پەنجا ماڵی دەبوو و خانووەکانی بە بەردی تاشراو ساز کرابوون. گوندەکە لە



باوەشی کۆمەڵێک باخ و دارستاندا بوو.

لە بان تەپۆلکەیەک کە دەیڕوانیە گوندەکە کە نزیکەی نیو مایلی لێ دوور بوو، چادرمان هەڵدا. چایخانەیەکی سەر ئاوەڵە لەو نزیکانە بوو. دوای ماوەیەکی کورت، کوێخای گوند بە ناوی کەیخەسرەو لەگەڵ کۆنە سەربازێکی عوسمانیی بەناوی حەمەدەمین کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە سوپای عوسمانی جیا ببۆوە و لەگەڵ عەرەبە ڕاپەڕیوەکانی سەر بەشەریف حوسێن کەوتبوو و ماوەیەکیش چایچی جەعفەر پاشا بوو، هەروەها لەگەڵ پیرە پیاوێکی ڕیش ئاڵۆزی سپی بە ڕواڵەت بەڕێز کە کاتی قسەکردن سەرکڵاوەشی دەچنی بە ناوی ڕەشید هاتنە لامان. ئەوان دەیانگوت سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بنێشتە کە لە دارەبەنی دەگرن و بەشێکی ژیانیشیان لە ڕێگای کاروان چێتییەوە دابین دەکرێ: تووی وشک بار دەکەن و دەیبەن بۆ «گەرمێن» و لە کفری و هەولێر لەگەڵ گەنم و جۆ دەیگۆڕنەوە.

«هەوار» بە بەرزایی نزیکەی ٢٥٠٠ پێ لە بناری ڕۆژئاوای شیوێک هەڵکەوتووە کە دوو باسکی زنجیرە چیای هەورامان لە نزیکترین بەرزایی خۆیدا (٩٨٠٠ پێ) لێی جیا بۆتەوە و لە نێو خۆیان گرتووە. دوو باسکەکانی سەرەتا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچن و دوایی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات خوار دەبنەوە و بەمجۆرە دوو شیوی ڕێکی وەک یەک پێکدێنن. ئێمە بە «ملەچەڵان»دا ڕۆیشتین، کە باسکی لای شیوی ڕۆژئاوای شیندرۆێ ناویەتی و باسکی لای شیوی ڕۆژهەڵاتی کە هێڵی سنووری پێدا دەڕوا بە «قەڵاگە» دەناسرێ. «تەوێڵە» لە بەشی سەرووی ئەو شیوە جێی گرتووە و ڕووباری «تەوێڵە»ش دوای ئەوە لە نزیکی هەوار کە ڕووباری بچووکی «بەلخە»ی تێکەڵ دەبێ، دەچێتە ناو دۆڵێکی تەنگ بە ناوی «گریانە» و سەرەنجام تێکەڵی سیروان دەبێ. لە پشت «هەوار» شیوێکی قووڵ لەبن «شیندرۆێ» زار دەکاتەوە و لوتکەی ئەسڵی شیندرۆێ بە بەرزایی ٦٧٠٠ پێ لە باسکی باشوور و لوتکەی «بەفری میرە» بە بەرزایی ٦١٠٠ پێ لە باکووری ڕۆژئاوایدا سەر بەرز دەکاتەوە. ئەو شیوە هێڵی ناوەندیی ئەم شیوە پێکدێنێ.

شیندرۆێ بە ڕواڵەت هەمیشە کۆمەڵگای خۆشی هاوینیی خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بووە و دۆستە کاکەییەکان لە پێشاندانی شوێنە ئایینییەکانی خۆیان بە ئاشکرا دڵشاد و بە کەیف بوون: «وەزیار» شوێنی هەواری سوڵتان ئیسحاق؛ سێ قەڵاتان بە گشتی شوێنی نەزرکردن بۆ حەوتەوانە؛ «کانی پیرۆزە» نەزری بنیامین کراوە و پاکی پاکان لە «قەمەر کەلام». بەمجۆرەی کە دەیانگوت نەزرگەی شاخوشین لە بان کەلێک و لە

باســـکی ڕاستی شیوی باسکراو دایە. نەزرگەی پیر موسا بە تەواوی لە دەرەوەی گوندەکە لە سەر ڕێگای تەوێڵـەیە. پیـرەمـەگروون یەکـێک لە هەفـتـاودوو پیـر بـوو؛ نەزرگـەیەکی دیکەش هەبوو بە نـــاوی نەزرگـەی مـیـرەسـور کـە لە شـارەزوور و لـە باکـوری ڕۆژئاوای خورماڵە. خەڵکەکە زۆربەیان لایەنگری میرەسوور بوون و ڕێنوێنیکەرەکەشیان پیر نەریمان بوو.

بەیانی ڕۆژی دوایی، شـۆڕ بوویـنەوە خـوارێ و لە گـوندێکی زۆر پیس و باخـەکـانی دەوروبەری تێپەڕین و گەیشتینە ڕوبارە ئەسڵییەکە و بە پردێکی نۆژەن کراوەدا، کە لە نزیکی مەرقەدی پیر ئەسکەندەر کوڕی سەید خامۆش و پیر سمایل لە هەفتاودوو پیران تێپەڕین. سۆفی ڕەشید دەیگوت بە بیست و هەشت پشتان دەگاتەوە سەر ئەو پیرە. ڕێگا بەرەبەرە لێژتر دەبوو و دوای سەعاتە ڕێیەک گەیشتینە گوێزەلانی «دەڕەتو» و نەزرگەی سەید باوە عیسای حەوتەوانە. هەر بەم ئاهەنگە ڕۆیشتنە، گەیشتینە باخێکی چکۆڵە و خاوێن کە حەمەدەمین دۆستی ڕاکردووی ڕابردووم سازی کردبوو؛ بە وێرانەیەکدا تێپەڕین کە سەردەمێک «کانی هەرمێلە»یان پێدەگوت. لە کانێکی ڕوون، ئاومان خواردەوە و سەرەنجام گەیشتینە سەر بەرزایی «قەلاگە» کە «ملی گاکوژە»یان پێدەگوت و لە سەر هێـڵی سنوور جـێی گـرتووە. هەر دوو بەشی بنارەکـان بە ڕەز داپۆشـرا بوون. لە بەشی ڕۆژهەلاتدا دارستانی دارە گوێز و درەختی تر گوندەکانی سەربە «لهۆنی»یان لەناوخۆیان گـرتبـوو و بە ڕواڵەت لە سێ شـێـوی ڕێکی «شـۆشـمێ»، «نەوسـوود» و «دزڵی» پێکهـاتبوون، کە لەژێر سنگی زنجیرە چیایەکی بەهەیبەتدا بوون. جادەیەکی سەربازیی سوپای ئێران کە لە پاوەوە دەهاتە نەوسوود، بە داوێنی چیای لای باکوری ڕوبارەکەوە بوو و وەک شوێنی چڕنوک لێدان بە ڕوونی دەبینرا، کە دیمەنی ناوچەکەی ناشیرین کردبوو. هێندێک نزیکتر دروست لە ژێر پێماندا، بەرزاییەک گوندی شێخانی لە دیدی ئێمە شاردبۆوە، بەلام من پێنج کلّی «پردی کوڕان»م دی کە ئێستا «پردیوار»ی پێدەڵێن.

لـەو حـاڵەتەدا، «شـیندرۆێ» لە پشت سـەر و «پردیوەر» لە پێش ڕووم بـوو و لە ڕاستیدا لە دڵی خاکی پیرۆزی کاکەییەکاندا بووم[٣٨]. ڕاپەڕینی کوردەکان بە دوای دەست بەسەرداگرتنی ئێران لە لایەن بەریتانیا و سۆڤیەتەوە لە ئەوگوستی ١٩٤١دا دوا

٣٨- مینورسکی لە ساڵی ١٩١٤دا چووەتە پردیوەر و لە نزیکی ئەو شوێنە مەرقەدی پیر ڕەزبەر و مستەفا داودییان پێشان داوە.



پاشماوەی دەسەلاتداریەتی ئێـرانی لە ناوچەی سەر سنووردا کـــۆ کردبۆوە و من زۆرم پێ خۆشبوو بچم و مەرقەدی دامەزرێنەری ئەو ئایینە ببینم و زیارەتەکەم تەواو بکەم، بەلام بەهۆی بەرپرسایەتیم نەمتوانی ئەو قۆمارە سیاسییە بکەم و لە حالێکدا بەبێ پسانەوە لە سەر زینی ئەسپەکەم دەسووڕامەوە و پشت سەرم تەماشا دەکرد و سنوورم لە درێژاییدا دەبڕی، کەوتمە ناو سێبەری فێنکی گوێزەلانەکانی تەوێڵە.

## ١٤- تانجەڕۆ، سەرچنار، سووورداش

دوای بەجێهێشتنی هەڵەبجە و بەرلەوەی کە بچمە ڕانیە چەند ڕۆژێک لە سلێمانی مامەوە. ڕەنگە ئەوە هەلێکی باش بێ بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ بەشەکانی ناوەندیی بکەم کە هێشتا لەسەریان نەدواوم، هەرچەندە بۆ ئەنجامی ئەم کارە بەناچاریی باسی ڕووداوەکان لە ڕیز و تەرتیبی مێژوویی دەردەچن.

شیوی سلێمانی، کە «ئەزمەڕ- قەرەسەرد» لە باکوری ڕۆژهەڵات و «بەرانان- بنزەرد» لە باشووری ڕۆژئاوا لە ناو خۆیان گرتووە، بەشکراوە بەسەر سێ ناحیەدا: ناحیەی تانجەرۆ بە ١٠،٠٠٠ کەس دانیشتوو لە سنووری هەڵەبجە (کە لەوبەری هەڵەبجەوە شیوەکە پان دەبێتەوە و دەشتی شارەزور پێکدێنێ) تا نزیک شاری سلێمانی؛ ناحیەی سەرچنار بە ٤١،١٠٠ کەس دانیشتوو لەگەڵ شار و لە شارەوە تا ئەو جێیەی کە شیوەکە دەبڕێ تا لە لوتکەی «پیرەمەگروون» تێپەڕێ؛ و ناحیەی سووورداش بە ١٢،١٠٠ کەس دانیشتوو لەم هێڵەوە تا ڕوباری زێ[١].

لە یازدە مایلی باکوری ڕۆژئاوای سلێمانی، جۆبارێک لە ناحیەی سەرچنار تێدەپەڕێ و ناوچەی تانجەڕۆ لەو جۆگەلەئاوانەی ناحیە جیا دەکاتەوە کە لە باکوری ڕۆژهەڵات کۆ دەبنەوە و تێکەڵی زێ دەبن. ئەم جۆگەلەئاوانە دەچنە ناو دوو ڕوباری گرنگی «تابین» و «چەرمەگا»: تابین لە باکوری پیرەمەگروونەوە دێت و لەگەڵ چەرمەگا کە لە باشوورەوە سەرچاوە دەگرێ یەکتر دەگرنەوە. ئەم دوو ڕوبارە کە بەم شێوەیە یەکیان گرتووە، دەگەنە لەمپەری بەستی «سەرسار» کە لێرە پان دەبێتەوەو شیوەکەی خڕ دەکاتەوە؛ ڕوبارەکان لەو تێدەپەڕن و شەش مایل بەرەو ڕۆژئاوا دەچنەپێش و دوای ئەو بەرەو باکور دەگەڕێنەوە و حەوت مایلیتر درێژە بە ڕێگا دەدەن و دەچنە ناو شیوێکی قووڵ کە ناوی

---

١- لە سەردەمی حکومەتی تورکاندا، تانجەڕۆ بە سەرچناری ڕۆژهەڵات دەناسراو و بە سەرچناریشیان دەگوت سەرچناری ڕۆژئاوا. ئەو دوو ناحیەیە هەمیشە ڕاستەوخۆ سەربە موتەسەریف یا قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی بوون.
سووورداش سەردەمێک لەگەڵ قەزای مەرگە بوو، بەڵام ماوەیەک بەر لە ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ قەزای ناوەندیی سلێمانی کرا بوو. ناحیەی چوارەم واتە قەرەداغ سەر بە قەزای ناوەندی بوو. ماوەیەکی زۆریش کە دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕاپۆرتە قەزایەکی سەربەخۆیان لەگەڵ سەنگاو پێکدەهێنا. لە فەسڵەکانی دواییدا باسی ئەم مەسەلەیە دەکەم.



«سورقاوشان»[٢]ە و لە دوای شەش مایل دەچنە ناو دووکان.

لە سورداش، شیوەکە بەرەبەرە بەلای باکوری ڕۆژئاوادا تەنگ دەبێتەوەو دیمەنێکی بەرتەسکتر دەدات و چیاکان بە داربەڕو داپۆشراون. زنجیرە چیای ئەزمەڕ (کە لێرە چەرمەبانی پێدەڵێن) هەرکە لە پشت تەپۆلکەکانی باکوری ڕۆژئاوای پیرەمەگروون تێدەپەڕێ، دوو کەپکەی ڕووتی گڕنیگڕنی قسڵیی لێ جیا دەبێتەوە و بەزنجیرە چیا و شیوێکی ئەم جۆرەدا لە زێ نزیک دەبێتەوە. ژمارە ڕێچکەیەکی زۆر بەنێوان شیوی پشت گوندی «قەمچۆغە» و «جاسنە»دا دەچنە ناو زەوییەکی بەرز و بەرتەسک کە ڕەزەکانی «شێخ باخ»یان پێکهێناوە. لە هەشت مایلی ڕوبار، شیوە گڕنیگڕنییەکان تەواو دەبن و چیا لوتی بەرز و پانی بەرەو ڕوبار دەکێشێ: شەویلگەی خوارەوەی دەچێتە ژێر ئاوی ڕوبارەکە و شەویلگەی سەرەوەی لەناو شیوێکی قووڵ و زۆر جواندا دەبڕێتەوە. ناوی «قەرەسەرد» بۆ شەویلگەی باکور ناوێکی بەنێوەڕۆکە. ئەو شەویلگەیە لەوبەری ڕوبارەکەدا، بەرزایی «کۆسرەت» پێکدێنێ کە ناحیەی ڕانیەیە. لە نێوان چەرمەبان و پیرەمەگرووندا، لەو جێیەی کە جۆبارێک لە سەرووی شیوی ئەسڵی و هێڵی لوتکەی چیا دایە، «مێرگەپان»ە کە چاڵە بەفرێکی چکۆڵەشی لێیە. کوردەکان زۆرجار هاوینان لەم شوێنە کۆ دەبنەوە. ڕەنگە هۆی چوون بۆ ئەم جێیە ئەوە بێت کە بە درێژایی ڕۆژ و تەنانەت بە چلەی هاوینیش خۆر لەم جێیە نادات. لە پشت «شێخباخ» و «قەرە سەرد» شیوێکی تەنگ دەخزێتە ناو شیوێکی گەورەترەوە و «مانسل» بەهەڵە ئەم شیوەی بە زارکی قەڵاچوالان ناسیبوو. چەند کۆخ و گوندی «سەرگەڵوو» کە گوندێکی گرنگە لەم شیوە دان. بەرزایی تەنیشتی ئەم شیوە، سنووری نێوان سووورداش و ناحیەی «مەرگە» لە قەزای «پشدەر» پێکدێنێ.

ناحیەی تانجەڕۆ و سەرچنار، لە بابەت ئاو گیروگرفتیان نییە و هەروەک چاوەڕوان دەکرا بەشێکی زۆری زەوییەکانیان موڵکی شێخ مەحموود و بەگزادەکانی جاف و بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی شارن. کەسایەتی سەرەکی سووورداش حاجیعارفی سەرگەڵوو بوو، لەگەڵ خزمەکانیدا، نزیکەی شازدە گوندی قانونی یا داگیرکراویان هەبوو. دەسەڵاتی ئایینییان لە شیوی ئەسڵی و شیوە تەنگە دوورکەوتووەکاندا گەلێک

---

٢- Surqawshan، سەرەڕای ئەوەی کە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەتەواوی کوردن، بەڵام ناوی تورکی لە ناوچەکەدا زۆر وەبەرچاو دەکەوێ.

پتر لەم سنوورەش تێدەپەڕی. ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لایەنگری تەریقەتی نەقشبەندیی بوون و لەگەڵ شێخ مەحموود و سنگ پێشخەرانی زنجیرەی «نۆدێ» لە بنەماڵەی بەرزنجە ناکۆک بوو.

گوندەکانی ئەم سێ ناحیەیە پتر «گۆران»ەکانی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە عەشیرەتن، لەگەڵ ژمارەیەک کە پاشماوەی دانیشتووانی پێشووی شارەزوورن و کۆچی جافەکان لە سەدەی هەژدەدا[٣] لە شوێنی ژیانی خۆیان دووری خستبوونەوە. لە تانجەرۆ، جافەکانی تیرەی مکایلیی، ڕوخزادیی و کەمالیی لە سنووری ڕۆژئاوای ڕێگای کۆچی خۆیاندا دە دوازدە گوندیان ساز کردبوو، بێگومان لەو سەردەمەوە تا ئێستا ژمارەی ئەو گوندانە زیادیان کردووە. ئەم جافانە، لە زۆربەی گوندەکانیتردا لەگەڵ گۆرانەکان تێکەڵ بوون.

سمایل عوزێرییەکان، یەکێکن لەو هۆزانەی شارەزوور کە بەرلە هاتنی جافەکان لەم جێیە بوون و ئێستاش کۆچەر ماونەتەوە و ژمارەی ڕەشماڵەکانیان لە ٦٠٠ تێدەپەڕێ. لە چوار تیرەی ئەم عەشیرەتە، «میرەلای»یەکان بە شێوەی ئاسایی زستانان دەگەڕێنەوە ژێر «بنزەرد» و «قەڵاسێوکە»؛ خێڵی «فیزە» (کە ناوی تەواوی هۆزی سمایل عوزێرییەکانە) و «گۆمەیی» لە سەرچنار و قەرەوەیسییەکان لە بازیان، سەرچنار و شارباژێڕ بڵاودەبنەوە. ئەم ژمارەیە سەرەڕای دەرکردنیان لە هاوینەهەواری کۆنی خۆیان، ئێستاش بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان هاوینان بۆ ئێران کۆچ دەکەن: بە شارباژێڕ یا شارەزووردا ڕێگای شیوی شلێر دەگرنەبەر و لەوێوە بە کانی دزانی سەر سنووردا دەچنە ناوچەی «کەلیخان» لە دوازدە مایلیی بانە لەسەر ڕێگای سەقز و بانە و بەم جۆرە لە باکووری ڕۆژئاوای مکایلییەکان دادەبەزن. ئەوانە بە کۆمەڵێکی یاسا شکێن و دز دەناسرێن. ئەوانیش وەک جافەکان حەزیان لە نیشتەجێ بوونە و سێ چوار گوندیان لە سەرچنار بۆ خۆیان ساز کردووە[٤].

هەروەک لە یەکێک لە فەسڵەکانی پێشوودا گوتم، نەقشبەندییەکانی کوردستان، دیارە نەک ئەوانەی کە لە شار دەژین و خوێندەوارن، بەڵکو دانیشتووانی گوندە

٣- شێخ سمایلی، مەندەمی، گڵباخی، شینکی. هۆزی چوکی گاوانیی و کەڵوی حەوت گوندیان لەم ناحیەیەدا هەیە کە من ئاگادارێکی زۆرم لە سەریان نییە.. گوندێکیش سەربە سەفی وەند و یەکدانەش سەربە جافە ڕەشکەکانە.

٤- لە ساڵی ١٩٥٧ بیستم کە سمایل عوزێرییەکانیش نیشتەجێ بوون.



دوورکەوتووەکان، هێندێک جار کاری سەیر و عەجایب دەکەن. گومانم لەوەدا نییە کە ئەو کردەوەیە و ڕێوڕەسمە لەو گوندە پەرت و دوورکەوتوانەی نێوان چیاکان لە سنووری سووڕداش و مەرگە کە پەیوەندییان بە دنیای دەرەوە نییە و کەمتر لەگەڵ مەئموورەکانی حکوومەتی ڕووبەڕوو دەبن، دابێکی ناوچەیی بووە. ساڵانی دوایی، واتە ساڵی ١٩٣٢، من بۆ یەکەم جار بەو کارەم زانی. گرووپێکی ژاندارم بۆ پێڕاگەیاندنی فەرمانی حکوومەت بەژمارەیەک لە گوندییەکان چووبوونە گوندی «هەڵەدێن»[٥]، کە موڵکی شێخ مەحموود بوو. دوای گەڕانەوەیان گوتیان ژمارەیەکیان ژن و پیاو دیوە کە بەیەکەوە لە حەوزی مزگەوتدا مەلەیان کردووە، لەگەڵ هێندێک کاری سەیریتر. لێپرسراوانی پارێزگا گومانیان بە ڕاستبوونی ئەو ڕاپۆرتە هەبوو، تا چەند کەس لە چەرچییەکانی توتن هاتن و گوتیان کە شتێکی وەک ئەوەیان لە گوندی «سەرگەڵوو» دیوە. ئەوان لە ڕاپۆرتەکەیاندا گوتبوویان چونکە لەو کارەی گوندییەکان ڕەخنەیان گرتووە، شەڕیان لەگەڵ کراوە و لێیان داون. لێکۆڵینەوە پەردەی لەسەر داستانێکی سەیر و سەمەرە هەڵگرت: کەسێک بەناوی شێخ عەبدولکەریم دانیشتووی «شەدەڵە»ی نزیک سەرگەڵوو، خزمی حاجی شێخ عارف، تەریقەتێکی بەناوی «حەقە» دامەزراندبوو یا بەرفراوانی کردبووەوە. دامەزراندنی ئەم تەریقەتە بە پێی نووسراوەیەک بەناوی «الرقصه الصوفیه» ئەنجامی گرتبوو، کەلە یەکێک لە باپیرانی بۆی مابووەوە. حاجی بۆخۆی لەپلەی کەسایەتیەکی گرنگی ناوچەکەدا کە لە ئاستی حکوومەتدا بەرپرس بوو بەنهێنی بۆ ئەو تەریقەتە هەڵدەسووڕا. ئەم تەریقەتە نهێنییە گەلێک ڕێوڕەسمی لەژێر پێ نابوو: سۆفیان دیبوو تا مل سەری لە ڕیخ و شیاکە ناوە و زکری خوای کردووە؛ شێوە مالکیەتێکی گشتییان هەبوو، لەوانە مالکیەتی گشتی بەسەر ژناندا. گرووپی تێکەڵاوی ژن و پیاویان بە یەکەوە دیبوو؛ پیاویان دیوە بەرگی ژنانی لەبەردا بووە و زێڕ و ئاڵتونی بەخۆوەکردووە و دوای خۆڕئاوا بوون لە دەوری تەپۆلکەکانی نزیک دێ خولاوەتەوە؛ لە کاتێکدا ژن و پیاو بەیەکەوە لە حەوزی مزگەوتدا مەلەیان کردووە و هێندێکجار سەگیشیان لەگەڵ خۆیان بردووەتە نێو ئاوەکەوە، کە لە ڕوانگەی موسوڵمانانەوە، سەگی تەڕ گڵاوە. قاپ و دەفری پڕلە میزیان دەست بە دەست گێڕاوە. دوای هێرشی تاقمێک سۆفی جەزم بوو بۆ سەر مزگەوتی سەرگەڵوو و سووتاندنی

٥- Haladid ، ئەو گوندە لە چوار مایلی سەرگەڵوویە.

لاپەڕەیەکی قورئان، شێخەکانی بەرزنجە بانگ کرانە سلێمانی تا وەڵامی ئەوکارە بدەنەوە. گوتیان بۆ خۆیان ئەم کردەوە ناشایستە مەحکوم دەکەن و سەرەڕای ئەمەش گوتیان ئەگەر مریدێک لە حاڵی جەزم بوونیدا لە هۆش بچێ و کارێکی ناحەز و دژبە ئایین و ئەخلاقی لێ ڕوو بدات، تاوان نییە و بەم جۆرە بە تاوانباریان نەزانیی. دیارە من ناتوانم زامنی دروستبوونی ئەم ڕاپۆرتانە بم، بەڵام بێگومان ئەم ڕاپۆرتانە دوور لە ڕاستیی نەبوون. شێوەی هەرەباشی بەرگریکردن لەم ئاکار و کردەوانە دانانی خوێندنگە لەو جێیانە بوو، بەڵام ئەم جۆرە کارانە لە دەستەڵاتی کارگێڕانی ناوچەدا نەبوو و تا چەند ساڵ ئەو مەترسییەیان بیر دەخستینەوە کە ئایینی «حەقە» هاوبیری نوێی پەیدا کردووە و تەشەنەی کردووەتە خاکی دراوسێکانی.

ئەوگوستی ۱۹۳٦، کە ئایینی حەقە لە خرۆش کەوتبوو، شەوێک میوانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووم. شەدەڵە لە شیوێکی تەنگی بەشی سەرووی ڕوباری تابین لە نێوان چەرمەبان و پیرەمەگروون هەڵکەوتووە. دەردەکەوێ کە شێخە گرنگەکان لە هەڵبژاردنی شوێنی گوند لە بابەت ستراتیژیی سەربازیی یا دیمەنەوە سەلیقەی تایبەتیان هەیە و شێخ عەبدولکەریمیش لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوانی‌تر جیاوازیی نەبوو. خانەقاکەی لەبان زەوییەکی ڕێک و بەرز بە بناری چیادا ساز کردبوو. لە بەشی سەرووی لای ڕۆژئاوای ئەم بەرزاییەدا ڕیزێک سپیداری جوان بە سێبەری خۆیان نەخش و نیگاری فەرشی جوانی ئێرانییان پتر ڕازاندبووەوە. ئەو فەرشانەیان بۆ لەسەر دانیشتنی میوان لە قەراغ حەوزێکی بەردچنی گەورە ڕاخستبوو کە ئاوی جۆگەلەیەکی لە چیاوە بۆ دەهات. مێزەر و عەبای سەرتاپا سپی و خاوێنی خانەخوێیەکەمان لەگەڵ ڕیشی ڕەش و درێژی کە سەرنوکەکان و دەوروبەری لوول بوو و دیاربوو کە تازەی ڕەنگ کردووە، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبوو. وەک پیاوچاکان ئارام و لەسەرخۆ قسەی دەکرد و بە ڕواڵەت کەس لەو پاکتر نەبوو، بەڵام چاوەکانی زیتەی شادییان لێ دەباری و لەگەڵ جێ ددانێکی شەویلکەی خواروی کە زاری کردبووەوە، دوو دیاردەی تەواو لێک جیاوازیان لە سەر و ڕوویدا پێشان دەدا. قسەکانی دوور لە پاکیی و دینداریی نەبوون و من لەو حاڵەدا کە دانیشتبووم و بنارە بەرزە داپۆشراوەکانی ئەوبەری شیوەکەم بەلای پیرەمەگرووندا تەماشا دەکرد، قبووڵکردنی ئەو مەسەلەیەم بۆ دژوار بوو، کە ئەم کەسە ئیمام و ڕێبەری ئەو کردەوە ناحەز و نالەبارە بێ کە تا چەند مانگ لەمەوبەر فیکری حکوومەتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.



ساڵی ۱۹٤٤، لەنێوان شەڕی دووەمی جیهانیی، ڕووداوێکی ناخۆش لە ناوچەکەدا ڕوویدا: موتەسەریفی گەنج بەڵام کارامەی هەولێر بەبێ ئاگاداریی بەغدا یا ڕاوێژ کردن لەگەڵ هاوکارانی لە سلێمانی و کەرکووک کە زۆربەی ئەندامانی ئایینی «حەقە» لە ناوچەی ئەواندا بوون لەپڕ «مامەڕەزا» جێنشینی شێخ عەبدولکەریمی کە لە گوندی «کلکەسماق» لە ڕۆخی ڕوبار بەلای هەولێرداو لە ڕووبەڕووی «دوکان» دەژیا، دەستبەستە ناردە بەندیخانەی گومان لێکراوە سیاسییەکانی «عیمارە» لە بەشی خوارووی دیجلە. لە ئاکامی ئەو کردەوەیەدا چەندسەد مریدی ناوبراو بە ژن و منداڵەوە گوندەکانیان بەجێهێشت و بۆ نزیکبوونەوە لە شێخە دەرکراوەکەیان سەفەرێکی پێنج سەد مایلییان دەست پێکرد. بە زەحمەتی زۆر لە کەرکووک پێشیان پێگرتن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنج و ناڕەحەتیی و سەغڵەتیەکی زۆریان دیبوو، هیچ شتێک توانای گەڕاندنەوەیانی نەبوو، تا سەرەنجام مامە ڕەزایان هێنایەوە سلێمانی کە جێگایەکی باش و ئاسایی‌تر بوو بۆ زیارەت و چوونە لای. دوای گەڕانەوەی چاوم پێی کەوت، پیرە پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو. هەرچەندە ڕێنوێنییەکانی جێی ڕەخنە بوون، بەڵام بۆخۆی هیچ مەترسییەکی بۆ حکوومەت نەبوو.

ئەم سێ ناحیەیەش وەک شوێنەکانی‌تر پڕە لە تەپۆلکەی کۆنی شوێنەواریی. ساڵی ۱۹۲۷، دوکتۆر «ئی. ئا. سپایزد»[٦]، لە عەربەت، «بێستان سوور» و «یاسین تەپە» کاری گەڕان و لێکۆڵینەوەی دەست پێکرد، بەڵام تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم هەڵکەندنەکانی لەسەر بنەما بنچینەیەکی دروست نەبوون. لە لایەکی‌ترەوە، ژمارە ئەشکەوتێکی زۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا، چ بە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەرلە مێژوو یا کەڵک وەرگرتنیان لە حەشارگە لە بەرامبەر هێرشە هەواییەکاندا ڕای زۆر کەسیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە. ژمارەیەک لەم ئەشکەوتانە بە بناری بەرانان و سەر گوندەکانی «جێشەنە» و «هەزارمێرد» لە باشووری شاری سلێمانین کە لە شارەوە وەک قوڵکە بە بناری چیاکانەوە ڕەش دەبینرێن. ئەشکەوتێکی ناسراوی دیکەش لە نزیکی «عەودالان» لە باکوری ڕۆژئاوای سورداشە. دەڵێن، ئەو ئەشکەوتە بە ڕادەیەک قوڵە و ئەوەندە چووەتە ناو دڵی چیاکەوە کە تا ئێستا هیچ کەس نەیتوانیوە بنی ببینێ. «میس دۆرۆتی گارود»[٧] کارناسی دیاردەکانی بەرلە مێژوو، ئەو

6- E. A. Speiser
7- Miss Dorothy Garrod

ئەشکەوتەی بینی و هێندێک کەلوپەلی بەرلە مێژووی لێ دیتەوە، بەڵام پەیکەر و بەردی زەقی بزماریی و ئەو شتە سەیرو سەمەرەیەی کە لە داستانەکاندا باسیان لێ دەکرێ، بەرچاو نەکەوت. لەبان چین وقاتەکانی جاسنە و قەمچۆغەشدا، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەشکەوتێکی گەورەی ناسراو هەیە.

هاوینی ١٩٣١، سەرەڕای ئەرکی سەرەکیم چەند مانگیش بەرپرسی ئیدارەی شوێنەوارناسیی عێراق بووم. ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ یەکەم موتەسەریفی سلێمانی ڕایگەیاند بەردێکی بزماریی لە ناحیەی سووررداش دیوەتەوە و ڕای وایە کە پارسیی بووە. هەواڵەکە سەرسوڕهێنەر بوو. ساڵی ١٩١٨-١٩٢٢ کە بەرپرسایەتی ڕاستەوخۆی ئەم پارێزگایە لە ئەستۆی ئێمە بوو، زۆربەی کارگێڕە سیاسییەکان و ئەفسەری هێزەکان بۆ ئەنجامی مەئموورییەت و جێبەجێکردنی ئەرکی پێ سپێردراو یان بۆ ڕاوکردن، ئەو ناوچەیەیان لەژێر پێدا بوو، دوای ساڵی ١٩٢٤یش واتە دوای گەڕانەوەی دەستەڵات بۆ دەوڵەتی عێراق ئەو دیدارانە کۆتاییان پێ نەهات. من بۆخۆم دوو سێ جار ئەو ناوچەیەم دیبوو، بەڵام هەرگیز شتێکم دەربارەی بینایەکی مێژوویی لێ نەبیستبوو. بڕیارمدا لە یەکەم هەلدا بچمە ئەو جێیە، بەڵام لەبەر نەیاریی و زەختی کاری زۆر تا سێ ساڵ، واتە تا ئاپریلی ١٩٣٤ نەمتوانی ئەوکارە بکەم. لەو مانگەدا بوو کە بە کەڵک وەرگرتن لە پشووی جەژنی قوربان هەلی ئەو سەفەرەم بۆ ڕەخسا.

ئەحمەدبەگ هێشتا موتەسەریف بوو. لە سلێمانی، بەئۆتۆمبێل چووینە «موغاغ». دوای پشودانێکی کورت بۆ چا خواردنەوە لە ڕەشماڵێکی دەرەوەی گوندەکە، سوار بووین و دوای بڕینی دوو مایل لە ڕووباری «تابین» کە شوێنی تێکەڵ بوونی لەگەڵ «چەرمەگا» بوو، پەڕینەوە و بە باسکی ڕاستیدا لەم جێیە کە دووئاوی پێدەڵێن، ڕێگامان بەرەو ڕۆژئاوا درێژە پێدا و چوار مایلیتر ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندی «زەرزێ». لەم جێیە، بە «سەرسارد» دەگوترێ «گێچەڵ» کە لە لای باشووریدا دیوارێکی لێژی بەردین پێکدێنێ و پڕە لە ئەشکەوت و قەڵش و قاتی سروشتیی. ئەشکەوتی «قیز قەپان» لە پشت ئەو گوندە بە زنارێکەوەیە کە نزیکەی بیست و پێنج پێ لە زەوی بەرزترە. مەودای نێوان ئەشکەوت و زەوییەکەیان بڕیوە و کەس ناتوانێ بە ئاسانی بچێتە ناوی. ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لە چەند گوریس و دوو نەردیوانی لەق و لۆق سەرکەوتین. شێخ عەبدولکەریمی عەودالاّن کوڕ و جێنشینی شێخ قادر بەناوی حسامەدین کە پیاوێکی ناسراو بوو و لە سەرەتای ڕاپەڕینی یەکەمدا لایەنگریی هەرە بەئەمەکی شێخ مەحمود بوو، بەرلە



هاتنمان نەردیوان و گوریسەکانی بۆ ئامادە کردبووین. چونکە دوا پلەی نەردیوانەکە نزیکەی سێ پێ لەگەڵ لێواری ئەشکەوتەکە مەودای هەبوو، گوریسەکان بەتایبەتیی بۆ هاتنەخوارێ زۆر بەکەڵک بوون.

هەرکە سەرکەوتم لە زارکی ئەشکەوتەکەدا بینیم کە ئەشکەوت پێشی ئاوەڵە و سەری نزم و زارکی پێشەوەی سیمای لێواری کۆشکی هەیە. دەرگایەکی کورتی هەبوو کە بۆ لای ژوورەوەدا دەکرایەوە. درێژایی ئەشکەوتی دەرەوە بیست و سێ پێ، پانایی نۆ و بەرزایی سێزدە پێ و نیوە. دوو کۆڵەکە دیواری پشتەوەی ناو کۆشکەکە پێکدێنن، کە نزیکەی دوو سێیەمی ئەستوورییان لە دیوارەکە هاتووەتە دەرەوە. کۆڵەکەکان سێ بەشن، پایەی کۆڵەکەکان ڕێبڕێی کەوانەیین؛ کۆڵەکەکان سافن و سەریان زل و شکڵ «هەیوان»ین و بەنەخشی وەک شەیتانۆکە (حلزون) ڕازاونەتەوە و گەڵا خورمایان لەسەر هەڵکەنراوە. نەخشی سەرووی کۆڵەکەکان ئەڵقەڕێز و دوولایین. هەرکام لە کۆڵەکەکان سێ کاریتەیان لەسەرە و سەری کاریتەکان لە لێواری کۆشکەکە هاتووەتە دەرەوە. ئەو سێ کاریتانە بە لای پانییدا تەختە بەردێک و بە لای درێژییدا دوو تەختە بەردیان لە سەرە و لێواری کۆشکەکە لەو دوو بەردانە پێکهاتووە. پایەی کۆڵەکەی دەستی ڕاست زۆری زیان دیوە و کاریتەی لای چەپیش ورد بووە. بۆشایی نێوان کۆڵەکەکان لە خوارەوە تا سەرەوە بەتەختە بەردێکی نیوەزەق دوو بەشکراوە. درەگایەکی چوک لە بەشی خواروویەتی و بەودا دەچنە لای قەبرێک کە لە پشت دەرگاکەیە؛ دەرگاکە بە تەواوی خراپ بووە، بەڵام کاریتە و بەردی سەر دەرگاکە بە شێوەی نیوە زەق لە قوژبنی چەپی بەشی سەروویدا دەبینرێن.

ئاورگێکی مەیلەو زەق لە بەشی سەروو لەسەر تەختە بەردێکە، کە دوو کەس لە دوولایەوە ڕاوەستاون. ئەو دووکەسە ڕوویان لە ئاورگەکەیە. ئاورگەکە، لە سێ پلەکان و کۆڵەکەیەک سازکراوەو سێ تەختە بەردی وەک بەردی پلەکانیان سەراوبن لەسەر کۆڵەکەکە داناوە. سەر تەختەبەردی سەروو جێی ئاگر بوو کە لە لاپەڕەی دواییدا وەک کەوان نیشان دراوە. بەرزایی هەرکام لەم پەیکەرانە چوار پێ و پێنج ئینجن واتە سێ لە چواری باڵای ئینسانێکی زیندوو؛ دەستی ڕاستیان لە هەواوە بەرەو ئاگرەکە درێژ کردووە و بە دەستی چەپ سەری کەوانێکیان[8] گرتووە کە لە نێوان بۆشایی لاق و ئاورگەکەدا

٨- لەبەر ئەوە ناوی کەوانم لێ ناوە کە ناوێکی باشترم بۆ نەدۆزیەوە. کاتی چوونم بۆ ئەم جێیە ناوی «چەنگ»م بۆ دانا بوو.


جێی گرتووە؛ ئاغابانوەکانیان قوڵەیە و لاسکیان بە پشت سەریاندا شۆڕ بووەتەوە؛ پارچە قوماشێک یا نەوارێک دەم و لوتی گرتوون؛ ڕیشیان بەژێر نەوارەکەدا هاتووەتە دەرەوە؛ پێڵاوەکانیان لە پشتەوە ئەڵقەزونەی هەیە. لیباسەکانیان لێک ناچن. پەیکەری لای ڕاست بە ڕواڵەت شتێکی درێژی وەک کراسی لەبەر دایە کە تا گوێزینگی لاقی هاتووە و باسکی چەپی تا نزیک شانی دەبینرێ. چۆکی پەیکەرەکە بەگوللەی تفەنگ شکاوەو زیانی زۆری لێکەوتووە. پەیکەری لای چەپ بە ڕواڵەت کەوایەکی ڕێکوپێکی لەبەر دایە کە تا سەر گوێزنگی هاتووە. لێواری کەواکەی کۆبەی تێگیراوە، کەواکەی بە سەرشانی داداوە و قۆڵەکانی ئازادن؛ باسک و شانەکانی بەژێر کەواکەدا هاتوونە دەرەوە. لە ڕان و دەستی دەردەکەوێ کە قوماشی کەواکەی ئەستوورە و بە دەست دووراوە؛ بەلەکیان ساف و ڕێک و لوسە و لەوە دەچێ چەکمەیان لە پێ دابێ یا زەنگاڵیان هەڵکێشابێ.

لە ناوەندی ڕوکاری بەشی سەروو، لە نێوان سەری کاریتەکان و ژێر لێواری کۆشکەکەدا تەختە بەردێکی جوان دەبینرێ کە لای ژێرەوەی ئەستوورە و شکڵی کەوانەیەکی پێکهێناوە. نەخشێکی چوک لەسەر ئەم تەختە بەردە هەڵکەنراوە کە ڕووی لە باسکی چەپەی کردووە؛ کڵاوێکی وەک ئارەق چنی لە سەرە. ڕیشی هەیە و موی سەری کۆ کردووەتەوە و خستویەتە پشت سەری؛ شتێکی بە دەستەوەیە کە لە «داری حکوومەت»[٩] یا پیاڵە دەچێ. لەوە دەچێ دانیشتبێ و کەواکەی لە خۆی پێچابێ.

ڕوکاری قوژبنی لای چەپی کۆشکەکە نزیکەی دە پێ لەگەڵ زەوی ناو کۆشکەکە مەودای هەیە و پانایی بیست و هەشت ئینجە و بەگشتیی چوار سوچە. نەخشی باڵدارێکی لە سەرە کە ڕووی لە باسکی چەپ کردووەو لە نەخشەکانی «بێستون» و بەردکارییەکانی سەردەمی هەخامەنشی لە «ئەورەمەزدا» دەچێ، بەڵام لەم بابەتەوە کە باڵەکانی سەرەوەی بۆ قوژبنی لای سەرووی ڕوکارەکە پان بووەتەوە و باڵەکانی خوارەوەشی قوڵە و ڕێکن، لەگەڵ ئەوان جیاوازە. نەخشەکە سەری زلە و سنگ و لەشی نییە. ئەم ڕوکارە بەهۆی ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا بە توندی زیانی دیوە و خراپ بووە، بەڵام دوو باڵی سەرووی و دەستێکی کە بەنێوان باڵی سەرووی باسکی چەپ و سەریدا بۆ سەرەوە چووە و دەستێکیتری لە ناوەندی باڵی سەرووی دایە و باڵی ڕاست و کلک و

٩- Truncheon، داری قانوون، ئەم دارەی پۆلیس هەڵیدەگرێ، گۆچان.





رووی پێشەوەی ئەشکەوتی قیرقەپان

بەشی ژێرەوەی نەخشەکە بەتێکڕایی دیارن. ڕووی نەخشەکە باش بە چاو نابینرێ، بەڵام لە وێنەیەکدا کە گرتوومە ڕووناکترە.

تاقە نەخشی ڕوکاری لای ڕاستی کۆشکەکە، بە گشتیی لەگەڵ نەخشی ڕوکاری لای چەپ تەرازە. ئەم نەخشە لە سێ کەوانەی هاوناوەند پێکهاتووە. ئەستوورایی کەوانەی دەرەوە هەژدە ئینجە و کەوانەی یەکەم و سێیەم بە ڕێژەی کەوانەی ناوەند نیوە زەقن. ڕوکاری کەوانەی دەرەوە یازدە پەڕەی نیوە زەقی تێدایە کە لە پیاڵە شەرابی ناوقەد خڕ دەچن. ڕوکاری کەوانەی سێیەم بە ڕێژەی بەردەکانی دەوروبەری سوور دەنوێنێ و لەوانەیە لە ئەسڵدا ڕەنگی بووبێ.

قەبری ژێر بەردەکە لەگەڵ لێواری دەرەوەی کۆشکەکە تەرازە و دە پێ و نیو لە ناو بەردەکە دایە. بەرزایی ناگاتە حەوت پێ. بۆشایی تەنیشتی قەبرەکە دابەش کراوە بەسەر سێ ژووردا و بەردی زەوی هەریەکەیان نزیکەی دووپێ هەڵکەنراوە. درێژایی زەوی ژووری ناوەندیی پتر لە شەش پێ دەبێ. دوو ژوورەکەیتر سێ چوار ئینچ لەو چوکترن. هەرکام لە ژوورەکان قوڵکەیەکی سێ ئینجیان تێدایە و توانیویانە بە تەختە بەردێکی پان

سەری قوڵکەکان داپۆشن تا لەگەڵ زەوی ژوورەکانی تەراز بکەن. لە ژووری ناوەندەوە بە دەرگایەکی کورت و قوڵەدا چوونەتە ژوورەکانتر، تاقی سەر دەرگاکان بەردکاریی نیوە زەقن. دوولایەکی بەردیی لەناو دیواری لای دەرگا ئەسڵییەکە دایە و کونێک لە دیوارە کورتەکە هەڵکەنراوە، کە پێشان دەدەن میلەی پێدا چووە. ئەڵقەڕێز و لاولاوەیەکی دیکەش لە پێش ژووری لای ڕاستەی دەبینرێ، کە واتای ئەوەیە، میلەکە بەلای ئازادیدا قفڵ کراوە، بەڵام ئەگەر دەرگاکە بە میلە ڕاوەستابێ، دژوارە بگوترێ چۆن دەرگاکەیان لە لای دەرەوە قفڵ کردووە، مەگەر کەسێک لە ژوورەوە قفڵی کردبێ.

ئەشکەوتەکە ڕووی لە دۆڵی «دووئاوانە» و دیمەنی جوان و تەواوی پیرەمەگروونی لە پێشە. شەو لە گوندی «کەڵەباش» میوانی برای شێخ عەبدولکەریمی عەودالآن بووین. بەیانی ڕۆژی دوایی بۆ بینینی ئەشکەوتێکی دیکە چووین کە ناوی «کوڕوکچ» بوو. ئەم ئەشکەوتە لە پشت گوندی «شۆڕناخ» و لەو جێیە بوو کە هەڵدێرگەی بن زەرد لە چەرمەگاوە بۆ پیرەمەگروون لە ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی هەڵکەوتووە. مرۆڤ دەتوانێ بەبێ کەڵک وەرگرتن لە نەردیوان بچێتە ناو ئەو ئەشکەوتە و ئەمە بۆ خۆی باس لەم وەزعە ناخۆشە دەکات کە بەسەر ئەشکەوتەکە هاتووە. درێژایی لێواری دەرەوەی بەڕادەی ئەشکەوتەکەیترە، بەڵام پانایی لە شەش پێ تێناپەڕێ. دوو کۆڵەکەکەی لە ناو دیواردا نین و دوو پێ لە دیوارەکە دوورن. تەنیا شوێنەواری یەکێک لەو کۆڵەکانە واتە کۆڵەکەی باسکی چەپ ئەوەیە کە دوو ئینج لە پایەکەی ماوەتەوە. دوو کاریتەی چوار سوچی درێژ کە زۆر ئەستوورتر لە کاریتەکانی «قیزقەپان»ن لە پێش بیناکە هاتوونە دەر و تەواوی پانایی میچەکەیان داپۆشیوە و بە کۆڵەکەکانەوە نووساون. سەری کۆڵەکەی لای ڕاست ئێستاش بە کاریتەکەوە نووساوە. ڕوکارەکانی ئەگەر نەخشی زەقیان لەسەر بووبێ، لەناوچوون و شوێنەواریان نەماوە.

ئەم ئەشکەوتە تەنیا ژوورێکی هەیە، کە حەوت پێ درێژو پێنج پێ پان و چوار پێ بەرزاییەتی. بە دەرگایەکی کورت و قوڵەدا دەچنە ژوور و ژوورەکە بەهۆی زەوی لای ڕاستی بووەتە دوو بەشی نزیک بە یەک، کە درێژایی ئەم لە پێنج پێ تێناپەڕێ. ئەم ئەشکەوتەش دۆڵی پیرەمەگرونی لە پێشە و ئەگەر قەبرەکە چەند پێ دوورتر دانرابا، دیمەنی پێشەوەی بەرینتر و بەرفراوانتر دەبوو، لەم حاڵەتەدا پیرەمەگروون بەتەواویی دەهاتە پێشی و بەشێوی سلێمانیدا شارەزوور و شاخە بەرزەکەی هەورامانی لێ دەبینرا کە لە هەشتا مایلی ئەودا حەوت هەزار پێ بە سەر دەشتەکاندا دەڕوانێ[١٠].



لە هیچ کام لەم دوو قەبرانەدا بەردی بزماریم نەبینی. کارناسەکان تا ئەوکاتە مێژووی ئەو قەبرانەیان دیار نەکرد بوو. دوکتۆر هەرتسفلد لەو باوەڕە دایە کە دوو قەبری وەک ئەوانە لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانن، کە کۆڵەکەکانیان لە دەرەوەی دیوارەکانە و قەبری «ماد»ەکانن و قەبرێکی دیکەش لەنێوان «پرسپۆلیس» و «شوش» دایە و کۆڵەکەکانی لە دیوار دان و «پارسیی» بەر لە هەخامەنشی[١١]ن.

دوکتۆر جی. جی. کامەرون[١٢] لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێ: ئەشکەوتی «کوڕوکچ» هی سەردەمی مادەکانە و دوور نییە قەبری «فرائورتش» (فرورتیش کوڕی «دئیوکس» بابی کەی ئەخشارش) بێ، چونکە بەگوتنی «هێرۆدۆت» فرائورتش لە هێرش بۆ سەر ئاشوورییەکان کوژراوە کە شوێنەکەی زۆر لە سووروداش دوور نییە. ئەو، مێژووی ئەشکەوتی «قیزقەپان» کۆنتر لەو مێژووە دەزانێ.

هەروەک لە ناوەکانیان دەردەکەوێ کوردەکان ژمارەیەکیان ئەفسانە بۆ ئەو ئەشکەوتانە هەیە. لە ناوچەی زاگرۆسدا بە شێوەی ئاسایی باسی چۆنیەتی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ پردە ڕووخاوەکان دەکرێ[١٣]. بە پێی ئەفسانەیەک لە ئەشکەوتی کوڕوکچ، پاشایەک عاشقی شازادە خانمی قیزقەپان بووە و ئەو شەوانە شازادە خانمی دیوە. شازادە خانم بۆ ئەوەی ڕێگای هاتوچۆی خۆشەویستەکەی ئاسان بێ و بەربە ماندووبوون و ڕەنجی ڕێگای ئەویندارەکەی بگرێ، پردێکی بۆ دروست کردووە لەسەر ڕوبارەکە، بەڵام کاتێک دەرکەوت کارەکەی ئاکامی پێچەوانەی لێ وەرگیراوە فەرمانی ڕووخانی پردەکەی داوە.

---

١٠- بۆ زانینی پتر لەمەڕ ئەو قەبرانەو ئەندازەی دروستیان و تەرحەکانیان، بڕوانە وتارێک بە قەڵەمی ئەم نووسەرە، بە ناوی: «مەرقەدێک لە کوردستان»، بڵاوکراوەی عێراق، بەرگی١، ساڵی ١٩٣٤.

١١- بڕوانە نووسراوەی هەر تسفلد، مێژووی ئێران لە ڕوانگەی شوێنەوارناسییەوە Archaeological History of Iran، لەندەن، ١٩٣١، لاپەڕەکانی ٢٢-٣٠.

١٢-G. G. Cameron. هەروەها بڕوانە مێژووی سەرەتایی ئێران، چاپی زانکۆی شیکاگۆ، ١٩٣٦، لاپەڕەی ١٨٢.

١٣- داستانی وەک ئەوەم دەربارەی پردی تەیت بە سەر زێی بچووک لە نزیک دووئاوی قەڵاچوالان، پردی کناچان بەسەر سیروان لە باشووری هەڵەبجە، پردی کوڕوکچ لە کەشغانی لوڕستان و بەرزاییەکانی فیلیفیلە و سرود لە ڕۆخی دیجلە لە خوارووی عەلی غەرب واتە ئەو جێیەی کە ڕوبار لە چیاکانی لوڕستان نزیکترە و زۆر جێگەی دیکەش بیستووە.

دیدارەکەمان کۆتایی پێهات؛ زنارەکەمان دەور لێدا و بۆ خواردنی فراوین لە خانەقای شێخ عەبدولکەریم بەرەو عەودالآن بەرێکەوتین. خانەخوێەکانمان حوکمیان دەکرد قەڵایەکی کۆنی دیکە بە ناوی «جولّندی» ببینین، کە بە ڕای ئەوان گەلێک سەرنج ڕاکێشتر بوو لەو دووانەی تر. بەم جۆرە کە دوایی بۆم دەرکەوت، هەرچەندە لە ڕێگای پرسیارکردنەوە زانیارییەکی پێویست و دروستم لەو قەڵایە چەنگ کەوتبوو، بەڵام خۆشحاڵ بووم، کە بە بیانووی دیتنی ئەو ئەشکەوتەوە بتوانم گەشتێکی لای خوارووی «سورقاوشان» بکەم، کە پێنج ساڵ پێش پێیدا چووبووم. بەم لێکدانەوەیە سوار بووین و لە گوندی «قوچبلآخ» تێپەڕین و گەیشتینە «چەمی ڕێزان» کە لە باشوورەوە دەهات و دەیانگوت دەرگای ئەشکەوتە ناسراوەکەی عەودالآن لە سەرووی ئەو دایە. لە دووئاوان پەڕینەوە و بەرۆخی چەپی «سورقاوشان»دا هەڵکشاین کە لە ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور دەچوو. دوای نزیکەی مایلێک ڕێگا، ڕوبار بە شیوێکی تەنگ و قوولّدا درێژە بە ڕێگا دەدات و سێ پێچی توندی یەک بە دوای یەک دەبڕێ و بە شیوێکی زۆر تەنگ و لێژدا تێدەپەڕێ. بە سەر لوتکەی نزیک هەڵدێرگەیەکدا، دوو بەرازم بینی کە لە تەقەی تفەنگ ترسابوون و وەک بزنە کێویی بە هەنگاوی توند و بەهێز هەڵدەهاتن. تەپۆلکەکان بە گوڵەشلێرە ڕازابوونەوە و جیالە «داربەڕو» کە لە هەموو شوێنێک دەبینرا، گەلێک دارو دەوەنی تریشی لێ بوو کە من نەمدەناسین، هەروەها پنجە دڕوی «زی» و درەختی «گێوژ» (گویژ)یشی لێ دەبینرا.

قەڵای جولّندی بەبناری پێچی سێیەم لە قەراغ ڕوبارەکە هەڵکەوتووە. قەڵایەکی سروشتییە کە لە لوڕستان پێیدەڵێن «دز»: سێ لای هەڵدێرگەیەو بەرەو ڕوبار شۆڕ دەبنەوە. هێندێک جێی بە بەرد و قسڵ دانراوە. سەربانی قەڵاکە ساف و ڕێکە و شوێنەواری خانووی ڕووخاوی لێ دەبینرێ و لەوە دەچێ حەوز و پێگەی سەربازیی و تەویلەی لێ بووبێ. من لەناو ئەم قەڵایەدا کانیم نەبینی. هاوسەفەرەکانم دەیانگوت ئەو هەموو قسڵە پێویستی بە ئاو هەبووە و بە پێی داستانێک گوایە ئاویان بە لولەی زۆر درێژ لە زەوییە دوورەکانەوە هێناوە. مێژووی قەڵاکەیان نەدەزانی. «ئۆسکارمان»[١٤] کە ساڵی ١٩٠٢ – ١٩٠٣ هێندێک نموونە و بەسەرهاتی کوردی موکریانی لە

14- Oskar Mann Kurdisch- Persische Forschungen Die der Mukri- Kurden, Berlin, 1906, Teil I, pp. 228-46



سابلآخ (مهاباد) کۆ کردووەتەوە، ڕووداوێکیشی لەسەر جولّندی چنگ کەوتووە: جولّندی پاشایەکی بێ دین و خودانەناس بووە و لە پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام ترساوە و لەگەڵ شەیتان ڕێککەوتوە و پەیمانی بەستووە. خۆش ئەوەیە، کە لە یەکێک لە بەیتە خۆشەکانی پاڵەوانێتی شەیتاندا دەڵێ: شەیتان خۆی بە شکڵی کچێکی جوان دەرهێناوە و عەلی شێری خودای فریو داوە. بەڵێ، جولّندی هێرش دەکاتە سەر مەدینە و وێرانی دەکات و دەبێتە جێی مەترسی خەڵک و سەرەنجام دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر بە دەست عەلی دەکوژرێ. ڕوونە کە دەستی دینداریکی کورد لە سازکردنی ئەم بەسەرهاتەدابووەو دلێریی و قارەمانێتی کوردی بە حسابی عەلی کوڕەمام و زاوای پێغەمبەر داناوە و شوێنی ئەم بەسەرهاتەشی لە چیاکانی کوردستانەوە گواستووەتەوە عەرەبستان و بەم جۆرە تەنیا ناوی «تاوانباری» ئەم چیرۆکەی بۆ کوردستان هێشتووەتەوە. بۆ لکاندنی ئەم داستانە بە قەڵای جولّندی لە سووردداش هیچ شاهید و بەڵگەیەکی جوگرافیایی بەدەستەوە نیە.

ڕۆژ خەریکی ماڵئاوایی کردن بوو، کە بڕیارمدا لە جیاتی گەڕانەوە بۆ عەودالآن هەر لەو جێیە چادر هەڵدەین. خزمەتکارەکان شوێنێکی خاوێنیان لە نزیک ڕوبار لەناو شیوێکی لە ڕەهەند چوو دۆزیەوە؛ ڕون بوو ئەو جێیە کاتی بارین و هەستانی ئاو دوور لە مەترسی نابێ. لەبەر ئەوە، هەرکە هەور بەری ئاسمانی گرت، بەرلە حەسانەوەمان هێندێک چووینە سەرتر کە جێیەکی زۆر خۆش نەبوو. ئەسپەکانمان ناردەوە قوچبلآخ. دوای تاریکبوون دەنگی زرینگە زرینگی زەنگوڵە، هاتنی کاروانێکی چوکی لە عەودالآن ڕادەگەیاند کە «نوێن» و خواردنیان بۆ دەهێنایین. ئێمە لە ئەسڵدا چوارکەس بووین، بەڵام لە ماوەی ڕۆژدا ژمارەیەکی زۆرمان پێ زیاد بوو. لە ڕووناکی گڕ و بڵێسەی ئاگردا کە بە پەلوپۆی داربەڕو داگیرسا و گرشەگرشی دەهات و شەوقی شەپۆلی مانگی نزیک بە تەواو خڕ کە جارجارە هەور دایدەپۆشی، نانێکی زۆر خۆشمان خوارد. ناڵبەندی عەودالآن هەروەک بۆمان دەرکەوت چیرۆکبێژێکی کارامە بوو؛ بە قسەکانی «کوڕی پاشا» و «کچی وەزیر» و کەسایەتییەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکە خەوم لێ کەوت بوو، کە لەپڕ بە گرمەی هەور و دەنگدانەوەی لەناو شیوەکاندا لە خەو ڕاپەڕیم. تۆفانێکی توند و بە تەوژم نزیک بە سەعاتێک خەوی لێ ڕەواندین.

بەیانی ڕۆژی دوایی، لە خەو هەستاین و بەپێ ڕێکەوتین. بە ڕێنوێنی کوێخای گوندی شێخان کە پیاوێکی گورجوگۆڵ و بەکار و خۆش مەشرەف بوو، ڕێچکەیەکی باریکمان بە

سەر هەڵدێرگەی باسکی ڕاستدا گرتەبەر کە لە هێندێک جێگەدا پتر لە چەند ئینج پان نەبوو. هەرکە، لە «زەرزی» نزیک بووینەوە لێژاییەکە کەمتر بووەوە و دوای تێپەڕبوون لە «قیزقەپان» کە کۆڵەکە و لێوارەکانی لە خوارەوە بە ڕوونی دەبینرا، لە ڕوباری «تابین» پەڕینەوە و بەرەو «موغاغ» چووینەپێش. لە «موغاغ»، خواردنێکی زۆر خۆشی گۆشتی کەو، بزنەکێویی و کەنگرمان خوارد و دوایی سواری ئۆتۆمبێلەکانمان بووین. دەمانویست سەرێکیش لە گوندی «قەرەچەتان» بدەین: ئەحمەد بەگ ئاگاداری کردبووین، ڕیزە پلەکانێک لە زنار و گاشە بەردەکان دایە و گوتبووی لەوە دەچێ میحراب یا قەسابخانە بووبێ. چونکە، هەوا لە ڕادە بەدەر خراپ و ئاڵۆز بوو، بڕیارماندا بەپەلە بگەڕێینەوە، دەرکەوت کاری باشمان کردووە، چونکە تازە گەیشتبووینەوە سلێمانی کە هەوا شێواو بارانێکی بە تەوژم باری و ڕۆژی دوایی جادەی سلێمانی بۆ کەرکووک گیرا.



## ١٥- ڕانیە و پشدەر

کاپیتان دابلیو.ڕ.ە (سێرڕۆپرتی ئێستا ) یەکەم جێگری حاکمی سیاسی هەولێر، واتە ئەوکاتەی کە هەولێر سەربە مووسڵ بوو، لە کتێبی «دوو ساڵ لە کوردستان»[١] باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی دەزگای ئیداریی سەردەمی دەستبەسەرداگرتنی کوردستان لە ١٩١٨، لە قەزاکانی کۆیە، ڕانیە و پشدەر دەکات. ئەو سێ قەزایە لە ناوچەی ژێردەستەڵاتی شێخ مەحموددا بوون و دوای شۆڕشی شێخ مەحموود کۆیە لەگەڵ هەرێمی ئیداریی تازە پێکهاتووی هەولێر کەوت و دوو قەزاکانی دیکە بە ناوی ناوچەی ڕانیە لەگەڵ سلێمانی مانەوە. لەناو ئەو سێ قەزایانەدا، کۆیە و ڕانیە لە سەردەمی حکوومەتی تورکاندا سەربە پارێزگای کەرکووک و پشدەر لەگەڵ سلێمانی بوو.

ناوچە بەرز و بڵندەکانی قەزای کۆیە و ڕانیە لە باری جوگرافیای سروشتییەوە بەم جۆرەن: یەکەم زنجیرە چیا، کە سنووری ئێران پێکدێنێ، لە نزیک شیوی زێ ٧٨٠٠ پێ بەرزە و لە باکور بەرزایی دەگاتە ١١٨٠٠ پێ. دووەم زنجیرە چیای بەرزی کوڕکوڕ- ئاسۆس-کێوەڕەش، کە پەیوەستە بە زنجیرە چیای «کوڕەکاژاو»- کوجار- کوڕکوڕی شارباژێڕ. سێیەم پێچە توندوتیژەکانی (زێ)یە کە دوای چوونی بۆ عێراق ٣٠ مایل بەرەو باکوری ڕۆژئاوا دەچێ و دوایی کاتێک لە «دەربەندی ڕەمەکان»، کە ئاسۆس لە کێوەڕەش جیا دەکاتەوە، لەم زنجیرە چیایە تێپەڕی. بە شوێنێکی پان و خیزەڵاندا بەرەو باشوور ڕێ دەپێوێ و سەرەنجام جارێکیتریش لەناو دۆڵی قەرەسەرددا باریک دەبێتەوە. زنجیرە چیای سەرسنوور، زۆربەی کاتی ساڵ لەژێر بەفر دایە و لە نێوان لوتکە بریقەدارەکانیدا «قەندیل» بە بەرزایی ١١٣٢٤ پێ (هەرچەندە ئەوە بەرزترین خاڵی نییە) بە سیمای جوان وەک دۆستێکی باش لە دوورەوە سەردەردێنێ و چۆنیەتی وەزعی ڕێگا لە ناو ئەو شیوە ئاڵۆز و پڕ پێچەدا بۆ ڕێبواران ڕوون دەکاتەوە. زنجیرە چیای ئاسۆس- کێوەڕەش هەرکە لە ناوچەی کوڕکوڕ خۆی لەو کۆمەڵە شاخانە جیا کردەوە، باریک دەبێتەوە و دەشتی قەڵادزێ لە باکوری ڕۆژهەڵات لە دەشتەکانی مەرگە و بتوێن لە باشووری ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە؛ دوای ئەمە جارێکی تریش بەرەو ڕەواندز لەناو چیاکاندا ون دەبێ. لە ناوچەی قەڵادزێ یا «دەربەند»، ڕوبار بە لای تەپۆلکەکاندا دەڕوا

1- Two Years in Kurdistan, London, 1921: Hay (Sir Rupert)

و جێیـەکی باریک بۆ گـوندەکـانی «پاش‌کـێو» دەهێـڵـێـتـەوە. لە باسکی ڕاست ژمـارە ڕووبارێکی لافاوگیر، دەشتەکە دەبڕن. لە ناو ئەم ڕووبارانەدا «ژاراوە» و «گاڕفێن» گرنگتر لە ئەوانەی‌ترن. ژاراوە لە خاکی ئێران لە نزیکی ١٩ مایلیی سنوور سەرچـاوە دەگـرێ و گاڕفێن لە قەندیلەوە دێ. بە لایەکەی دیکەی ئەم چیایەدا، زێ، مەرگە لە بتوێن جیا دەکاتەوە و بەلای باسکی ڕاستیدا «باسەلام»[٢]ی تێکەڵ دەبێ، کە جۆبارێکی گرنـگە. ژاراوە لەو سنوورەوە تا شـوێنی یەکگرتنەوەی لەگـەڵ زێ هێـڵـی کـۆنی نێـوان ئەم دوو قەزایەیە و دوایی زێ تا قەرەسەرد[٣] هێڵی سنووریەتی.

ڕانیە بەشێوەی سروشتی دابەش بووە بەسەر سێ ناحیەدا: ناودەشت بە ٨٦٥٠ کەس نفـووس لە نێـوان ژاراوە و کـێوەڕەشدا؛ ناحیـــەی ناوەندیی ڕانیـــە بە ١٢٠٠٠ کـەس نفووس لە ناوەنـــد و چنـــاران بە ٤٨٠٠ کەس نفووس لـــە باشووری «باسەلام». دەکرێ شکڵ و قـەوارەی گـشـتـیی ئەم قـەزایە وەک باوەشێنێکی نارێک لەبەر چاو بگرین. دوو ناحیـەی یەکـەم واتە ناحیـەی ناودەشت و ناحیـەی ناوەندیی ڕانیـە، کە لە زنجـیرە چیـای باریک و شیوی تەنگ پێکهـاتوون و لە باکوری ڕۆژهەڵات و باکـــور و باکوری ڕۆژئاواوە بەرەو دەشـتـەکانی زێ دەچن، وەک جەسـتـە و ناحیـەی چناران وەک باسکی ئەو ببینین. پشـدەر، لە دوو ناحیـــە پێکهـاتووە: قـەڵادزێ یا ناحیـــەی ناوەندیی بە ٢٢٥٠٠ کـەس نفووس، کە بەگشـتی سێ سوچێکی هاوباسکە کە بە لای سەروویدا هێندێک کەتە و لە ژاراوە و زێوەوە بەرەو زنجـیـرە چیـای سەرسنوور خـوار بووەتـــەوە؛ مـەرگـــە بە ١٣١٠٠ کەس نفـووس، زێ و سنووری «سووورداش» و «ماوەت» دەوریان گرتووەو ئاسۆس بەلای درێژاییـدا دووبەشی نارێکی لێ پێکهـێناوە. هەرکـام لەو قـەزایانە نزیکەی ٣٠ مـایل سنووری نێونەتەوەیین.

لە ناو جیـهـانگەڕە ئینگلیـزەکانـــدا کـە پێـشـتر ئاماژەم بۆ کـردن هیچ کامـیـان بەو

---

٢- ئەو ناوەم لە نەخشە وەرگرتووە. بە شێوەی ئاسایی پێی دەڵێن «ئاوی خدران» بەڵام باشتر ئەوەیە کە ئەو ناوە بۆ چەند جۆبارێک دانێین کە ئەم ڕووبارەیان پێکەێناوە.

٣- لەسەردەمی تورکـاندا، تەنگی قەرەسەرد سنووری نێوان دوو پارێزگای سلێمـانی و کەرکووک بوو، هەر وەک ئەوەی کـە لە دوایی بوو بە سنووری نێـوان دوو پارێزگـای سلێـمـانـی و هەولێـر. کـینە و ساڵنامەی تورکی، کە پێشـتر باسم لێکرد، مەرگە وەک ناوەندی قەزای پشدەر و قـەڵادزێ دەزانێ و سووورداش بە ناوچەی ئەو دادەنێ.



ڕێگایەدا نەهاتوون. لە نێـوان جیـهـانگەڕانی دیکەدا، چیرێکف لەگـەڵ کـۆمیـسیـۆنی سنووری ســاڵی ١٨٤٩ - ١٨٥٢ لێــرە بووە و من لە جــێی خــۆیدا ئامــاژە بە هەڵسـەنگاندنە سەرنج ڕاکـێشـەکانی دەکەم کـە لە نووسراوەکانی کـلـمـان (١٨٥٦) و برزەزوفیسکی (١٨٦٦)دا هاتوون. مانسل (١٨٨٨) یەکەم جیهانگەڕی ئینگلیز بووە کـە لەم ناوچەیە دواوە و بە دوای ئەویشدا تـا ساڵی ١٩١٤ تەنیا مارک سایکس لــە ساڵی ١٩٠٥دا هاتووەتە ئەم جێیە. کۆمیـسیـۆنی دیاریکــردنی سنوور ساڵی ١٩١٤، لـەو ناوچە نەمایەوە و لە تەواوی ماوەی هەڵسوڕانیدا بنکەکەی لە خاکی ئێران بووە و تەنیا «هابرد» دووجار بە کورتی پەنجەی بۆ ناوچەکانی ژێردەستی عوسمانی ڕاکێشاوە.

شێـوەی ڕێکخـستنەکـانی ساڵی ١٩٢٢، هێندێک جیاوازییـان لەگەڵ ئەو باسانەی سەروو هەبوو: جێگری حاکمی سیاسی بۆخۆی ڕاستەوخۆ ناحیەکانی ڕانیە، مەرگە و بەشێک لە «ناودەشت»ی تا ڕووباری «گاڕفێن» سەپەرشتی دەکرد: دوو ناحیەکانی یەکەم بەهۆی مەئموورییی حکوومەت هەڵدەسووڕان و ناحیەی سێیەم بەهۆی کەسانی «زیدی گوللە»[ح] چاودێریی دەکران کە سەر بە عەشیرەتی ناوچەکە بوون. قەڵادزێ و ناوچەکانی ناودەشت ناڕاستەوخۆ لە لایەن بابەکـری سەلیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتـە مەزنەکەی پشـــدەر سەرپەرشتی دەکـــران، کە بە شێوەی ڕەسمی قایمقامی قەڵادزێ بوو و لە کارە گرنگـــە سیاسییەکانی عەشیرەتەکانی ئەوبەری سنووریش کە دەزگای ئیداریی ئێرانیی لێ نەبوو و شوێنەکـانی دیکەی وەک مـەرگـە و مـاوەت کـە دەسـتـەڵاتی پشـدەرییـەکـانی تێدا بەهێـز بوو، پلەی ڕاوێژکاری جێگـــری حاکـمی سیـاسی هەبوو. «هی» گـەلێک وەسفی دەرک و تێگـەیشتن و ئەمەگناسییەتی بابەکر دەکات و دەڵێ لەو سەردەمە پڕلە ئاژاوەیەدا کە نزیک بە دوو ساڵ لە کوردستان بووم، بابەکرد لە هەمـوان تێگەیشتووتر و بەدەستەڵاتتر بووە. ئەو لە ئەسڵدا لە لایەن شێخ مەحموودەوە کرابووە قایمقام، بەڵام لە سەربزێوییەکەی ساڵی ١٩١٩دا پاڵی بە حکوومەتەوەداو ئەمەگناسییەتی خۆی سەلماندو دوای شکانی سەربزێوەکان وەک قایمقام ڕایانگرت.

لە یەکێک لە فەسڵەکانی پێشوودا، کە باسی جافەکانم وەک گرنگترین عەشیرەتی باشووری کوردستان کرد، گوتنی «بەهێزتر»م بۆ بەکار نەهێنا. ئەو پلەیە دەگەڕێتەوە سەر

---

ح- مەبەست لە بەرپرسانی ناوچەیی وەک بابەکری سەلیم ئاغا و کەسانی ترە کە دژی شێخ مەحموود یارمەتی ئینگلیزەکانیان داوە.

پشدەرییەکان و بە گومانم ئێستاش بەم جۆرەن. پشدەر واتە «پشت دەرگا» ، واتە پشتی دەربەندی ڕەمەکان- دیارە بۆ کەسێک کە لە ڕۆژئاواوە دەڕوانێتە ناوچەکە. عەشیرەتەکە ناوی «نورەدین»ییە و ناوی بنەماڵە حاکمەکەشی «میراودەلی»ە. ئاغاکانی میراودەلی تا ڕادەیەک توانیویانە هێزو دەستەڵات و ئابڕووی خۆیان لە ناو عەشیرەتەکەیاندا بپارێزن. ئەوان بە تەواوی لە زیادبوون دان. ساڵانی بەرلە ١٩١٨، ساڵانی خێرا هەڵدان و گەشەکردنی ئەو بنەماڵەیە بووەو لەو ساڵانەدا کەوانەی گوندەکانی ژێردەستیان بەرفراوان کردووە و لە ژمارەیەک لەو گوندانەدا کە چوکترین مافیان تێدا نەبوو، ئاغایەکی ڕووتەیان داناوە. بەم جۆرە، جێگای خۆیەتی بارودۆخ و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم عەشیرەتە وەک نمونەی عەشیرەتێکی گەورە شی بکرێتەوە. ئەوانەش سەردەمی هەڵدان و گەشەکردنی خۆیان تێپەڕ کردووە، بەڵام وەک جافەکان هێشتا کاتی پچکڕان و بڵاوبوونەوەیان نەهاتووە. لەم نموونەیەدا کە باسی دەکەم ژمارەیەک هۆزی کەم دەستەڵات دەبینرێن، بەڵام بەگشتی باس لە عەشیرەتی نورەدینی نییە و باسەکە دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵە حاکم و دەستەڵاتدارەکەی. میراودەلییەکان دەڵێن تۆرەمەیان دەچێتەوە سەر بابانەکان: واتە فەقی ئەحمەدی «دارێشمانە»[٤]. بابەکر ئاغا، داستانەکەی بەم جۆرە بۆ گێڕامەوە: ڕۆژگارێک دوو برا لە مەرگە دەژیان: کاکە میر و کاکە شێخ. هەردوو برا کوژران. بێوەژنی کاکە میر کە منداڵی لە زگدا بووە، ڕایکردووەتە گوندی تازە سازکراوی «خدران» لە ناوچەی چناران و لەوێ کوڕێکی بوو، کە ناوی «ئەحمەد»یان لەسەر دانا. دایک و کوڕ دوای ماوەیەک چوونە «دارێشمانە» لە حەوت مایلیی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ. فەقی ئەحمەد گەورە بوو. ئەو پیاوێکی ئازاو نەترس و تێگەیشتوو بوو. لە شەڕی موسلمانان دژی کافراندا، کە شەڕێکی دەستەویەخە بوو، توانی «کەیغان» کچە پاڵەوانەکەی ئیمپراتۆریی فرانکها بشکێنێ کە تا ئەوکاتە تەواوی پاڵەوانە موسوڵمانەکانی شکاندبوو. لەوکاتەدا، کە فەقی ئەحمەد خەریکی بردنەوەی کەیغانی بۆ ماڵە خۆی بووە، شێرێک دێتە سەر ڕێیان و برینداری دەکات و کەیغانیش ڕادەکات. فەقی ئەحمەد دوای سارێژبوونی برینەکانی بەشوێن کەیغان دەکەوێ و چونکە کەیغان عاشقی ئەو تەنیا پیاوە بووە، کە لە شەڕدا شکاندبووی،

٤- Darishmana دارێشمانە یا داریشمنە، فەقی. ڕیچ ئەو داستانەی بە دوور و درێژی لە سلێمانی بیستووە (بەرگی ١، لاپەڕەکانی ٦-٢٩٢). ( دارێشمانە، ناوی گوندە)



دەچێتە ژێرفەرمانی و لەگەڵ ئەو دەچێتە دارێشمانە. بەڵێ، ئەم دووانە دەبنە خاوەنی سێ کوڕ: بابا سلێمان، باپیرە گەورەی بابانەکان؛ خانبداغ، باپیرە گەورەی میراودەلییەکان و بنەماڵەی موکرییەکانیش کوڕەکەی تریان بە باپیرە گەورەی خۆیان دەزانن. هێندێک جار دەڵێن کاکە میر لە خزمەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی مەزن بووە و بنەماڵەکەی بەر لە هاتن بۆ مەرگە و گیرسانەوەیان لەم جێیە لە سوریاوە چوونەتە «جەزیرەی بەنی عومەر».


نەوەیەکی‌تر، کە دەبێ باسی لێ بکەین «میراودەل»ە، کە ناوی لەسەر ئەو بنەماڵەیە و یەکێک لەم سێ برایانە بووە کە لە خان بداغەوە سەرچاوەی گرتووە. میراودەل لە گوندی نورەدین لە چوار مایلیی باشووری ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ گیرسایەوە؛ میر زەینەدین چوو بۆ «ئەشکەوتی سەقا» لە هەژدە مایلیی ڕۆژهەڵاتی هەولێر و بنەماڵەی حاکمی هۆزی «گەردی» لەو ناوچە پێکهێنا و میر «شەمزەدین» چووە باکور واتە شەمسدینان یا بەم جۆرەی کە کوردەکان دەڵێن «شەمدینان»، کە ئێستا سەر دەوڵەتی تورکیایە.

نەوەی نزیکتری میراودەلییەکان کە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە[٥] حەمە ئاغای ناسراو بە گەورە بووە کە بێگومان لە نێوان ساڵی ١٧٩٠-١٨٥٠دا ژیاوە و لە حەوت ژن ژمارەیەکی زۆری کوڕی لە دوا بەجێ ماوە. چواردە کوڕی حەمە ئاغای گەورە کوڕیان هەبووە و لە پلەی سەرۆکی تایفەی پشدەردا بابەکر ئاغایان جێنشین بووە. «کلّمان»[٦]، ساڵی ١٨٥٦ بابەکر ئاغای لە نزیک سنووری نێوان ئالانی ئێران و قەڵادزێ دیوە و دەڵێ بابەکر ئەوکات نزیکەی ٣٠ ساڵی بووە و هەژدە براو بیست خوشکی زیندووی هەبووە و توانیویەتی دوو هەزار کەس پڕچەک بکات. حەوت زنجیرەی ئەو بنەماڵەیە کە دەگەڕێتەوە سەر حەمە ئاغای گەورە بە ناوی کوڕە گەورەکانی ئەو حەوت ژنانە دەناسرێن، بەڵام بەگشتی بە بنەماڵەی عەزیز ئاغا دەگوترێ بەگزادە و گوتنی ئەو ناوەش لەبەر ئەوە

٥- لەوانی‌تر، تەنیا زنجیرەی عومەر ئاغام بینی کە سێ گوندیان لە ناوچەی قەڵادزێ هەیە.

٦- کلّمان، بۆ بەشی سنووری نزیک سوورکێو و شیوەکەڵ چوو و لە زێ پەڕییەوە و ئالانی ئێرانی دی‌و هاتە ناوچەی قەڵادزێ و بەرلە گەڕانەوە بۆ سلێمانی لە گەناو تا ماوەت بە یەک مایل و نیوی سنووردا ڕۆیشت. دەربارەی ئەم عەشیرەتە دەڵێ: «لەو ناوچەیەدا ڕەشماڵی هۆزی بەهێز و سامهێنەرێ نورەدینی بوو کە تا کۆی سنجاق لێیان دەترسان». ئەو، هەرچەندە کە لە بەشی خوارووی قەڵاچوالان نزیک بۆوە و لێی تێپەڕی، بەڵام بە ڕواڵەت نەیدەتوانی بیناسێتەوە.

نەبووە کە ئەو بنەماڵەیە ڕەسەنتر لە ئەوانی‌تر بوون، بەڵکو بەوتەی خۆیان ئەوە ئاماژەیەکی تانەلێدەرانەیە کە بەهۆی ناسازگاریی و بەدخوویی زیادە لە ڕادەی ئەو سەرچاوەی گرتووە. خشتەی خوارەوە تۆرەمەی ئاغا گرنگەکانی ئەو سەردەمەیان پێشان دەدات، کە ناویان لە باسەکانی ئەو کتێبەدا دێ.




سەرۆکی ئەم زنجیرەیە لە ناحیەی قەڵادزێ کە وڵاتیانە، بە ڕادەی گرنگایەتیان بریتی بوون لە: ئەحمەد ئاغا، بابەکر ئاغا و مەحموود ئاغا. زنجیرەی مەحموود ئاغا، لە مەرگە زۆر بەهێز بوون و دوو عەشیرەتی گرنگی «شیلانە» و «جافە ڕەشکە»ی چیا و «کەمەرەخرە»ی ناوچەی سووورداشیان لەژێر فەرماندا بووە. بنەماڵەی بابەکر ئاغا و عەلی ئاغا دەستی باڵایان لە ماوەتدا هەبوو. بەگزادەکان لە دەوروبەری زنجیرە چیای ئەسڵیی کورکوڕ واتە لە هەرسێ ناحیەی قەڵادزێ، ماوەت و مەرگەدا نیشتەجێ بوون، بەڵام زنجیرەی بابەکر ئاغا سنووریان بەزاندبوو و لەوبەری سنووری لای ئێرانیشدا بەهێزتر لە ئەوانەی‌تر بوون.

هەروەک لە تۆرەمەنامەی ئەم بنەماڵەیەدا دەبینرێ بابەکری سەلیم ئاغا سەرەڕای ئاکارە پەسەندەکانی، ئەندامی باڵای ئەو زنجیرە و سەرۆکی سروشتیی عەشیرەتی پشدەریش بووە و هەموو کەس ئەوی بەم جۆرە ناسیوە، بەڵام چونکە بابی بابەکر لە سەرەتای لاوییەتیدا مردووە و مەحموودی برای بابەکر بۆ ماوەیەکی کورت سەرۆکایەتی



عەشیرەتەکەی لە ئەستۆ بووە. هەباس کوڕە چکۆڵەکەی مەحموود هەرگیز ئەو مەسەلەیەی لەبیر نەدەکردو بۆ وەلانانی بابەکر پیلانی دەگێڕاو فڕوفێڵی بابەکریش بۆ پاراستنی هەلومەرجی خۆی و کۆمەڵە ڕێککەوتن و سازانێک کە لەو ڕێگایەوە دەکران و ئالۆگۆڕێک کە لە دەستەبەندییە سیاسییەکانی لقە جیاوازەکانی ئەو بنەماڵەیەدا پێکدەهاتن و نزیکایەتی و یەکگرتنیان کە لەگەڵ عەشیرەتەکانی دراوسێ، بە تێکڕایی دەستیان دەدایە دەستی یەکتر و وەزعی سیاسی ناوچەکەیان ئاڵۆز دەکرد. بەڵام بەربەرەکانییە توند و دژوارەکانی ئەو عەشیرەتە تایبەتمەندیی گرنگی هەبوو کە میراودەلییەکانی لە زۆربەی عەشیرەتەکانی‌تری کورد جیا دەکردەوە، ئەویش بەم جۆرە بوو، کە کێشەو دووبەرەکی نێوان ئەم بنەماڵەیە هەرگیز نەدەگەیشتە ڕادەی براکوژی؛ لایەنێک کە دەیبینی یارییەکەی دۆڕاندووە چاوەڕوان نەدەمایەوە کە بەتەواوی لەناو بچێ و سیاسەتێکی‌تری گرتووەتەبەر و بە هیوایەکی نوێ سەرلەنوێ یاریەکەی دەست پێکردووەتەوە.

نووسینی ئەم دێرانە لەوانەیە هێندێک ماندوکەرانە بێتە بەرچاو، بەڵام بۆ دەرک و زانیاریی پتر لە بابەت هۆی ئەسڵی ڕوخانی دەزگای ئیداریی بەریتانیا و پاشەکشەکردنی لە ناوچەی سلێمانی کە لە فەسڵەکانی داهاتوودا ئاماژەیان بۆ دەکەم و زانین و ئاشنابوون لەگەڵ بەهێزترین ڕێکخستنی عەشیرەتی باشووری کوردستان گرنگە و دەکرێ باسی ڕیزەکانی‌تری خەڵکی ناوچە کورت بکرێنەوە.

کۆمەڵی بلّباسەکان بریتین لە پێنج عەشیرەتی «مەنگوڕ»، «مامەش»، «پیران»، «سین» و «ڕەمەک». مەنگوڕە چیانشینەکان یەکێک لە عەشیرەتە گرنگەکانی ئێرانن کە لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی سەر سنوور لە هەردوو لای «لاوێن» دەژین. لاوێن ناوی بەشی سەرووی زێ بەلای ئێراندایە. دوو گروپی مەنگوڕی دەشت نشین لە عێراق دەژین: مەنگوڕی «زودی» لە ٢٦ گوندی ڕۆژئاوای ڕوباری ژاراوە نیشتەجێن و بەشێکی کەمیشیان بە ناوی «مەنگوڕە ڕووتە» لە چوار گوند لە ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی زارکی ژاراوەن. دەشت نشینەکان لە لایەن ئەو بنەماڵانەوە سەرۆکایەتی دەکران کە لە گوندەکانی نێوان چیاکاندان دەژیان و سەرۆکی گشتیی ئەم هۆزە هەموو ساڵێ بە پێی دابوشوێن یەکێک لە ئەندامانی ئەو دوو بنەماڵە سەرەکییە چیانشینانە (نەک لە بنەماڵەی خۆی) دەکاتە سەرۆکی مەنگوڕە دەشت نشینەکان. «مامەش»ەکانیش یەکێکی‌تر لەم چوار هۆزە گرنگانەی ئێرانن کە وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی لاوێن و باکوری ناوچەی

مەنگوڕەکان هەڵکەوتووە. ئەوانەش گرووپێکی چکۆڵەیان هەیە کە بە مامەشە ڕەشکە دەناسرێن و لە چوار گوندی عێراق لە ڕۆخی ژاراوە لە سەرووی مەنگوڕە ڕووتەکان دەژین. پیران لقی چیانشینی لە ئێران هەیە. لقی دەشت نشینیان لە باکوری مەنگوڕەکان و ڕۆژئاوای لاوێن لە دە دوازدە گوندی بتوێن نیشتەجێن. ئەوان بە تەواوی سەربەخۆن و لەژێر فەرمانی چیانشینەکاندا نین. سەرۆکی دەشت نشینەکان سوارئاغا بوو، کە لە سەردەمی لاوییەتیدا بەم پلەیە گەیشتبوو و خەڵکەکە بە تەواوی باوەڕیان پێی هەبوو و فەرمانیان بەجێ دەگەیاند. سین و ڕەمەک (کە سەردەمێک سەرگوڵی سوپای نادرشا بوون)، تووشی ڕۆژگارێکی ڕەش ببوون. هەرکام پێنج گوندی فەقیر و هەژاریان لە ناوچەی بتوێن لە نزیکی زێ هەیە. «ڕەمەک»ەکان دوو لقن، ناوی یەکێکیان زۆر سەیرە: کەچەڵ و کڵاوسپی. ناوی لقەکەی تریان فەقێ وەیسییە.

دوایی، کۆمەڵ یا یەکگرتنی «ئاکۆ»کانە کە یەکگرتنێکی بەربڵاو و نائاساییە. لقەکانی ئەو کۆمەڵە، چینەکانی ناوەندیی ئەو باوەشێنە پێکدێنن کە ئاماژەم بۆ کرد. بۆ ئاسانکردنەوەی کار دەتوانین عەشیرەتەکانی سەر بەو ڕێکخستنە لە باری جوگرافیاییەوە دابەش بکەین بەسەر گرووپەکانی ناودەشت، شاوەر و ڕانیەدا. گرووپی ناودەشت لە دوو عەشیرەتی گرنگی «شاروشی» و «ڕەژیکەری» پێکهاتووە. شاروشییەکان هەشت گوندیان بە بناری قەندیلەوە هەیە. ڕەژیکەر لە سێ تیرەی مەزن پێکهاتووە، کە بریتین لە: «باوبێ» خاوەنی دووگوند لە سەرووی شاروشییەکان و چوار گوندیش لە زارکی شیوی دوایی بەرەو ڕۆژئاوا؛ «خێڵە» خاوەنی حەوت گوند لە نێوان شاروشییەکان و باوبێیەکانە و «مەندەمەڕ» خاوەنی نۆ گوند لە باشووری خێڵە. ئەم گوندانە جیا لە یەک دانەیان بە تێکڕا لە دەشتدا سازکراون و دەشتەکە ڕووی لە باشووری زنجیرە چیای گەورەی «زێڕناکۆ»یە و لە باشوور شیوی ناودەشتی سەروو لەناو خۆی گرتووە. گرووپی شاوەر لە چوار گوند لە شیوی سەرووی دۆڵی شاوەر نیشتەجێن و گرووپی ڕانیە هەژدە گوندیان لە بەشەکانی خوارووی ڕوباری شاوەر تا ڕانیە لە دەست دایە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گرووپی ڕانیە و هۆزی مەندەمەڕ ئەوەیە کە هەرکام لەو گوندانە ناوی هۆزی خۆیانی لە سەرە و بۆچوونی جیاوازی خۆیان هەیە. دوو هۆزی خێڵنشینی دیکەش بەناوەکانی «بۆڵە»و «بابۆڵە» بەگشتی ١٥٠ ڕەشماڵیان هەیە و سەر بەو گرووپەن. ئەم دوو هۆزانە، هاوینان لە هەردوو بەشی سنووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز دەمێننەوە و زستانانیش دەگەڕێنەوە ڕانیە، کۆیە، هەولێر و هەر شوێنێکی تر کە



«پوش»ی هەبێ و بتوانن ئیجارەی بکەن.

گەورە پیاوی ئاکۆکان «باش ئاغا»یە کە لە پلەی براگەورەی ئەو بنەماڵەیەدا و بەڕواڵەت لە نێوان براکانیدا خاوەنی ڕێزە. وەشەی باش ئاغاش ئەو واتایە دەبەخشێ و تا ئەو جێیەی کە من ئاگادار بم ئەو قەت باسی سەرۆکایەتی گشت کۆمەڵی ئاکۆکانی نەدەکرد. ئەوکاتەی کە من لەو ناوچەیە بووم هەمیشە مامەند ئاغای ئاکۆیان بە سەرۆکی بنەماڵەی دەناسی. ئەوانە، گوندێکیان هەیە بە ناوی سەرکەپکان، کە لە چوار مایلیی باکوری ڕۆژئاوای ڕانیە هەڵکەوتووە و دوو گوندیشیان بەناوەکانی «زارگەڵی» و «بۆکریسکان» لە بەشی سەرووی باکوری ناودەشتی سەروو لەوبەری ڕوباری زێ هەبوو[٧].

بۆ تەواوکردنی ئەم باسە دەبێ لە دوو هۆزی بچووکی دیکەش بدوێم کە لەوبەری کێوەڕەش دەژین. ئەم دوو هۆزانە بریتین لە: هۆزی ئوجاق، کە هێندێک جار سەربە بڵباسەکان دەژمێررێن و لە دووبەشی سنووردا جێیان گرتووە و هەشت گوندیان لە بەشی سەرووی ناوچەی مەنگوڕی زودی لە عێراق هەیە و هۆزی «خدر مامەسینان» لە سێ گوندی بەشی خوارووی ڕوباری «گاڕفێن» نیشتەجێن.

ڕانیە لە زۆر بابەتانەوە لە ژێر کارتێکەریی دۆزی پارێزگای هەولێردا بوو و چۆنیەتی وەزعی سلێمانی زۆر شوێنی لەسەر نەدەکرد. هەروەها پێویستە هێندێکیش باسی وەزعی بنەماڵەی «مونتاگیو و کاپولت»[٨]ی شاری کۆیە بکەم. ئەو دوو بنەماڵەیە هەمیشە لە شانۆگەرییە دراماتیکەکانی سیاسەتی ڕانیەدا دەوریان هەبوو. ئەوانە بنەماڵەکانی غەفوری و حەوێزین و موڵکێکی زۆریان لە قەزای کۆیە و ناوچەی چناران هەیە. «هی» لە کتێبەکەی، ڕاپۆرتێکی سەرنج ڕاکێشی لەمەڕ دوژمنایەتی و پیلانگێڕیی و بەربەرەکانییەکانی ئەم دوو بنەماڵەیە نوسیووە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن لە سەرەتای چوونی بۆ کۆیە و بەرلەوەی کە لە ئەسپ دابەزێ تێکەڵی ئەو مەسەلەیە بوو. هەرکام لەم دوو بنەماڵانە پەیوەندیی و کێشەی تایبەت بە خۆیان لەگەڵ هۆزە جیاوازەکانی ڕانیە هەبوو و لە ڕاستیدا هۆی یەکەمی چوونی «هی» بۆ ئەو ناوچەیەش

---

٧- دوو گوندی باو بی، بە ناوەکانی لێوژە و یاندزەش لە سەرووی ڕوباری بی-ن

٨- Montague and Capulet ناوی بنەماڵەکانی ڕۆمیۆ و ژولێت، لە ڕۆمانی ڕۆمیۆ و ژولێت، بەرهەمی شکسپیر.

زنجیره هێرشێکی چەکدارانەی سوارئاغای پیران بوو، کە بە پیلانی غەفورییەکان بۆ سەر مولّکی حەوێزییەکانیان کردبوو و ئەو هێرشانەش بە پەلامارێک بۆ سەر گەڕەکی حەوێزییەکان لەناو شاردا بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. سەرەڕای ئەم شێوە پەیوەندی و بەربەرەکانێیە، گوشاری پاوانخوازانەی میراوەلییەکانی پشدەر لە لایەک و ئاغاکانی کۆیە لە لایەکیترەوە هەمیشە هۆزەکانی ڕانیەیان ناچار بە بەرگریی و بەربەرەکانێ کردبوو: ڕانیە ئەگەر دەخرایە سەر سلێمانی، تایەی تەرازووەکە بە قازانجی پشدەرییەکان دەکەوت و ئەوکاتەش کە سەربە کەرکووک یا هەولێر بوو وەزعەکە بەرەو ئاغاکانی کۆیە بایدەدایەوە.

گشت یا ژمارەیەک ئەندامی ئەو هۆزانە بە ئاغا و ڕەعیەت و مەڕ و مالاتەوە هاوینیان لە هەردوو لای سنوور تێپەڕ دەکرد: پشدەرییەکان لە نێوان زێ و ژاراوە؛ ئوجاقییەکان لە باکوری ئەوان، بە دوای ئەواندا مەنگوڕەکانی زودی و لە دوایی ئاکۆکانی نیشتەجێ لە دەوروبەری قەندیل؛ لە دوایی پیرانەکان؛ سەرەنجام ئاکۆ خێڵ نشینەکان. ئاغاکانی کۆیە بە ڕادەیەک دەوڵەمەندن و ئاژەڵیان هەیە کە شوانەکانیان هۆزەێکی نیوە خێڵ نشینی «شوانکارە»یان پێکهێناوە. ئەم هۆزە چوار لقە: «باب ڕەسو» لە هۆزی مەنگوڕ، بن زێڕی لە سێ گوندی هەندەمەڕ، مەڕوان لە گوندی «سێلّە»ی سەربە ئاکۆ لە بەشی سەرووی ناودەشت و «کورد» لە جافە ڕەشکەکان.

وشەی «ئاغا» لە ئەسڵدا وشەیەکی تورکییە و بە دوای ناودا دێت و وەک وشەی بەگ کە ئەویش گوتنی تورکییە و پتر بۆ جیاکردنەوەی بنەماڵە حاکمەکانی وەک «پاشا» لە خەڵکیتر بەکار دەهێنرێ، بەڵام بەڕواڵەت کەڵک وەرگرتن لەم ناوە مێژوویەکی درێژی نییە؛ من لە هیچ جێیەکی شەرفنامەدا (١٥٩٦) تووشی ئەم وشەیە نەبووم. لەم کتێبەدا، شێوەی ئاسایی دواناوی بنەماڵە حاکمەکان بەگ و هێندێک جاریش «خانی» فارسییە. ئەمەیان ڕەنگە دوای دەست بەسەرداگرتنی بەغدا لە لایەن سوڵتان موڕادی چوارەم لە ساڵی ١٦٣٧دا بەرەبەرە تەشەنەی کردبێتە باشووری کوردستان. هەرچۆنێک بێ من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئاغاکان لە ڕاستیدا نوێنەری بنەماڵە دەوڵەمەند و ئەشرافییەکانن کە دۆخی بەرزیان قەرزداری ئەو کارانەیە کە میرە سەربەخۆیەکانی کورد بۆیان ڕەخساندوون و ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە مێژووی زۆربەی هۆزە کوردەکان، کە مێژووی بنەماڵە حاکمەکانە بە ڕواڵەت لە سەرەتای سەدەی هەژدە یا ئەوپەڕی لە



نێوڕاستەکانی سەدەی هەڤدە تێناپەڕێ. سەرەتا دیتمان کە شێخەکان لە سەردەمی شێخایەتیدا چۆن دەستیان گەیاندە پلەی سەرۆکایەتی تیرە و هۆزەکانی کورد، واتە لە ڕاستیدا دەستەڵاتی ئایینی خۆیان وەلانا و بە دەستەڵاتی دوور ئایینیەوە نووسان.

کاتێک تورکان بەسەر میری ناوچەکاندا زاڵ بوون، ئاغاکانیان کردە ناوەندی پەیوەندیی گرتنی نێوان خویان و ڕەعیەتەکان و ئاکامی سروشتیی ئەم کارەش یارمەتی بە سەقامگیر کردن و بەرزبوونەوەی پلەی ئاغا و ئەشرافیەت کرد. داستانیک کە شێخ محەمەد ئاغای «باڵەک» لە قەزای ڕەواندز بۆی گێڕامەوە، پیشان دەدات کە ڕەعیەتەکان تا چ ڕادەیەک ئەو خۆبەسەرداسەپاندن و بەرز بوونەوەی دەستەڵاتی ئاغاکانیان بە دیاردەیەکی سروشتی زانیوە. شێخ گوتی بابی بۆ چاوترساندن و سزادانی یەکێک لە گوندییەکان دەستی ئەوی بڕیوە و بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوانێکی مەزنیتر چاوی ڕەعیەتێکی دیکەی دەرهێناوە. هەواڵی ئەم کارەساتانە بە گوێی قایمقامی عوسمانی دەگا، قایمقام ئەو دوو کەسەی هێناوەتە ڕەواندز، بەڵام ئەوان لە بەرامبەر پاداش و هەڕەشەی قایمقامدا ڕاوەستاون و هەرچەشنە پەیوەندییەکی شێخیان بەو مەسەلانەوە بەدرۆ خستووەتەوە و بەم کارەیان خزمەکانیان لە دانی باج بە ئاغا و بەشداریکردنیان لە بێگاریی گشتیی بە ناوی «ئاغایەتی» کە ئاغا لە ڕەعیەتی دەوێ ڕزگار کردووە.

باجی سەرەکی، کە بەم ناوە لە ڕەعیەت وەردەگیرێ زەکات یا یەک لە دەی بەرهەمی گەنم و جۆیە. سەرەڕای ئەم باجە، باجێ تریش لە ڕەعیەت وەردەگیرێ: «مەڕانە» لە هەر پەنجا سەر مەڕ، مەڕێک یان پارەکەی؛ پوشانە یا باجی لەوەڕگا و بەشێک لە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ کە ڕادەی بە پێی دۆخی زەمان فەرقی دەکرد. باجی پاشگری وشەی «ئانە» کە بە ناوی بەرهەم دیاریی دەکرا وەک: «ڕۆنانە» باجی ڕۆن؛ «هەرمێیانە» باجی هەرمێ؛ «هێلکانە» باجی هێلکە و جەزایانە. سەرەڕای ئەو باجانە «مەجبورانە»ش واتە ناچارکردنی ڕەعیەت بۆ بەشداریکردن لە خەرجی ماڵی ئاغا. ئەرکێک کە لە کۆنەوە لە ئاغاکانی دەویست ئەوە بوو، کە میوانەکانی گوند ڕابگرێ و هێندێک جار ڕەعیەتەکانیش لە سەر سفرەی میوانەکان کۆببنەوە، دیارە خەرجی ماڵی ئاغا ناکرێ لەم خەرجانە جیا بکرێتەوە. باجی نەغدی بێ واتاتر لەم باجانەی سەروویە: سزا یا بە گوتنی خەڵکی بەشەکانی باکورتر «دراو» بە واتای سزای کاری ناپەسەندە و بە گوتنێکیتر پارەیەکە کە بۆ کوژاندنەوەی ناکۆکییەکانی

خەڵک، لێیان وەردەگیرێ؛ «سوارانە» پارەیەکە لە بنەماڵەی بوک و زاوا وەردەگیرێ و ڕادەکەشی دەگەڕێتەوە سەر شێوەی بەشداریکردنی خەڵک لە ڕووداوەکەدا لە چەند تمەن تا چەند سەد تمەن. (ئەگەر زاوا بوکی لە ماڵی بابی هەڵگرتبێ، سوارانە شێوەی سزا بەخۆیەوە دەگرێ و بۆ نزیککردنەوەیان و کوژاندنەوەی کێشەکەیان پارە وەردەگیرێ؛) «پیتەک» پارەیەکە کە ڕەعیەتەکان دەبێ بۆ بەشداریکردنیان لە خەرجی ژن هێنانی بنەماڵەی ئاغا و جەژنەکاندا بیدەن.

لە گشت ئەوانە ناخۆشترو نالەبارتر بێگاری و «هەرەوەزە»، ئەم شێوەیە هەمەجۆرە بێگارییەک دەگرێتەوە و ئاغا دەتوانێ ویستی خۆی بەسەر ڕەعیەتەکانی دابڕێ: دوو سێ ڕۆژ لە ساڵدا زەوییەکانی بۆ بکێڵن، بەوە دەڵێن «هەرەوەزی جووت» یا دروێنەی بۆ بکەن و خەرمانی بۆ بەبا بکەن، ئەوە دەبێتە هەرەوەزی «دروێنە و گێرە»؛ ڕۆژێک دار و سوتەمەنی زستان و گەڵا بۆ ئاژەڵەکانی کۆ کەنەوە «هەرەوەزی گەڵا و دار»؛ بۆ سازکردنی خانوو خشتی بۆ ببڕن، ئاوەڕۆیەکانی بۆ خاوێن کەنەوە، بۆ جێیەجێ کردنی کارەکانی بچنە شار و گوندەکانی پێویست. دیارە دەبێ تەواوی ئەو کارانە بە ئامراز و کەرەسە و ئاژەڵی خۆیان ئەنجام بدەن(٩).

لەو جێیانەی کە ئاغا پەیوەندیی عەشیرەتی لەگەڵ ڕەعیەت نییە و پشت بەلایەنگریی کردنی چەکدارانەی ڕەعیەت نابەستێ، «دابی ئاغایەتی» هەروەک گوتم ڕوخسارێکی ناحەز و پڕ لە ئازار بەخۆیەوە دەگرێ. لە عێراقی نوێدا، ئەو ڕەوشتەی کە کاربەدەستانی ناوچە کوردنشینەکان کورد بن یا بەلانی کەمەوە زمانی کوردی بزانن، جێی ڕەزامەندیی ژمارەیەک عەربی ناسیۆنالیستی بەغدا نییە، ئەم مەسەلەیە پتر لەوەی کە بیری لێ کرابێتەوە هەلومەرجێ ئاغاکانی لە مەترسی خستووە و وەزعی حکوومەتی بەهێز کردووە، چونکە ئیتر پێویست ناکات ئاغا وەک ناوەندێکی پەیوەندیگرتن لە نێوان ڕەعیەت و مەئموورەکانی بێگانەی حکوومەتدا بمێنێتەوە، کە ڕەعیەت ناتوانێ لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێ. بە هۆی پەرەسەندنی کاری پەروەردەی گشتیی و

٩- لە ناوچەی باکورتر، واتە لە زێبار بە بێگاریی دەڵێن «زێبار» کە بە واتای «یارمەتی» دانە. ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەجێی ئەوە کە لە وشەی «هەرەوەز» کەڵک وەردەگرن کە واتای «هاوکاریی» دەدات. لە باکوری ئامێدی بۆ گوتنی بێگاری لە وشەی عەرەبی «تەعەدی» کەڵک وەردەگرن.



دابینکردنی پەیوەندییەکان، «دابی ئاغایەتی» ڕوخسارێکی بەدو ناشیرینی بە خۆیەوە گرتووە و گەلێک کۆسپ و دژواریی خستووەتە سەر ڕێی حکوومەت: مەئمووری ئاسایی کە خەڵک دەچنە لای بەتۆبزی تێدەگات کە دەبێ ئەو داخوازە نائاسایانە بەجێ بگەن و کەم بوون ئەو مودیر و قایمقامانەی کە خاوەن کەسایەتی و دەستەڵات بن و بتوانن لەو سیستمە کۆمەڵایەتییەدا، کە ڕێوڕەسمێکی لە مێژینەی بە دواوەیە، بەڵام لەگەڵ یاساکانی حکوومەتی جیاوازییان هەیە، بە پێی بیرکردنەوەی دروستی خۆیان بڕیار بدەن و نەهێڵن یاسا زۆر بخرێتە ژێرپێ. لە بیرمە ڕۆژێک لەگەڵ هەباسی سەلیم ئاغای (برای بابەکر ئاغا) کە پیاوێکی خۆش مەشرەف و زمان خۆش بوو، دەربارەی کێشەی موڵکەکانی قسەم دەکرد. گوتم دەبێ بیر لە دواڕۆژ بکاتەوە و خۆی لەگەڵ دۆخی زەمان ڕێک بخات و موڵکەکانی لە بەشێک لە گوندەکان بفرۆشی و لە ژمارەیەکی دیکە بەشە موڵکی ئەوانیتر بکڕێتەوە و موڵکەکانی یەکلا بکات و بەم جۆرە وەزعی یاسایی خۆی سەقامگیر بکات. ئەو لە ساویلکە بوونی من واقی وڕما، گوتی: ئەگەر بێت و گوندێک بکڕێ و یەکلای بکاتەوە، ئەوکات ڕەعیەتەکانی پەیوەندیی پێوە ناگرن و ئازاد دەبن و بۆ هەر شوێنێک پێیان خۆش بێ دەچن؛ تەنیا ڕێگای ژیانی ئەوەیە کە تا دەتوانێ لە گوندەکاندا جێ پێ بکاتەوە و ئەگەر کرا بۆخۆی و ئەگەرنا کوڕ یا کوێخایەک لەو جێیە دانێ و بەم جۆرە لە «دەست ڕەنجی» هەموو خەڵکی گوندەکە سوود بەرێ.

وەک دەڵێن ژنی «بلباس» و «ئاکۆ» زۆر دڵتەڕ و سەر بەهەوان: «ژن هەڵگرتن» و «ڕەدواکەوتن»ی کچ لەگەڵ پیاوی دڵخواز لەناو ئەم دوو عەشیرەتەدا باوە و زۆربەی کچە دڵتەڕەکان جیا لەوە خەونیتریان بۆ مێرد کردن لە مێشکدا نییە. هەرچەندە کە ئەو شێوە ژن خواستنە لەناو ئەم عەشیرەتانەدا باوە، بەڵام کارێکی ئاسان نییە. لە وڵاتێکدا کە هەر باب و برایەک کاتی نووستن تفەنگی لەژێر سەردایە، هەڵگرتنی کچ لە ماڵی باب ڕەنگە ئامۆزایەک لە گەیشتن بەکچە مام بێبەش بکات یا ئومێدی بابێک لە وەرگرتنی شیربایی بەتەواوی کوێربکاتەوە. ئەوکارە لە سەرەتادا گەلێک مەترسی بۆ زاوا هەیە. سەرەڕای ئەوانەش گیانی مرۆڤەکان قەدر و قیمەتێکی زۆریان نییە. بەم جۆرە هەرکە کچ و کوڕ لەبەر چاوان ونبوون و دوور کەوتنەوە، دەچنە ماڵی ئاغای کوڕەکە یا ماڵی سەرۆکی بنەماڵەیەکی بێلایەن یا پەنا بۆ ماڵی شێخێک دەبەن و بەپێی ئایینی ئیسلام کوڕ، کچەکە مارە دەکات. لە دوایی ئەگەر پێویست بوو ئاغاکانی هەر دووبەشی کێشەکە لەگەڵ ئاغا یا شێخی ناوبژیکەر پەیوەندیی دەگرن و کارەکەیان بۆ جێبەجێ دەکەن. دیارە،

ئەم دووانە بە پێی وەزعی ئابوورییان «سزا» دەدرێن و بە پێی وەزعیان دەبێ «سوارانەش» بدەن. کاتێک ئەو کارانە تەواو بوون، بوک و زاوا دەتوانن بە خەیاڵی ڕاحەت بگەڕێنەوە ماڵی زاوا. بەپێچەوانەی خەڵکی سلێمانی، لە ناو عەشیرەتەکاندا بە «شیربایی» دەڵێن «خوێن» واتە پارەیەک کە لە بەرامبەر بێبەشکردنی بنەماڵە لە ئەندامێکی دەدرێ بە بنەماڵەکەی، جا ئەو بێبەش کردنە بەهۆی قەتل بێ یا مێرد کردن.

لە سەرەتای مانگی مایدا سلێمانیم بەرەو شوێنی مەئمووریەتی نوێ بەجێهێشت. تا ئەو جێیەی کە لەبیرمە چەند «فۆردی تین لیزی» منیان بۆ «دوکان» برد. لەوێ، بۆ ئەوەی کە لە زێ بپەڕمەوە و بچمە لای چاودێرەکانم، کە لەوبەری ڕوبارەکە چاوەڕوانم بوون، سواری کەڵەک بووم. دووای دورکەوتنەوە لە ڕوبار، ڕێگا بە هەورازێکی توند بەلای «کۆسرەت»دا بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشا و من بۆ یەکەم جار لە نێوان گوندەکانی «گۆل نێری» و «تۆربە» دیمەنی جوانی ناوچەی مەئموریەتی نوێی خۆم بینی: لە ژێر پێماندا ڕەنگی شینی زێ دەبینرا کە بە نێوان دۆڵی قەرەسەرددا خوار و پێچەکەی دەکرد. هەورازتر لەو دۆڵی لێڵ و بۆری «پەڵکۆ» بوو، کە تا ماوەیەکی زۆر بە زارکی قەڵاچوالان دەناسرا و لە دوایی دەشتە سەوزەکانی مەرگە و بتوێن و خیزەڵانی ڕوباری نێوان ئەو دەشتە بوو کە دەشتەکەی بڕگە بڕگە کرد بوو؛ دوایی زنجیرە چیای کوڕ کوڕ- ئاسۆس بوو کە ئارام و هێمن بەرەو دۆڵی دەربەند شۆڕ دەبووەوە و سەرلەنوێ بەناوی «کێوەڕەش» بەرز دەبووەوە تا لەناو تەپ و مژی گەرمای سەر چیاکانی لای باکوری ڕۆژئاوای و ناو شیو و دۆڵەکانی و هێندێک سەرووتر لە سەر بەرزاییەکانی «شاوەر» و «ناودەشت» پان ببووەوە. هەر بەم جۆرەی کە ئەو ڕێگا ناخۆشەمان بە پێ دەبڕی و دەچووینەپێش، توشی کوڕێکی ٧-٨ ساڵە بووین کە لە ڕووبەڕووی ئێمەوە دەهات. وەک گەوران لیباسی لەبەر کرد بوو: ڕانکێکی نێفەک فشی لەبەردا بوو، پشتێنێکی ئەستووری لە پشت و پێچێکی زلی لەسەر هاڵاند بوو، کە لە چەند دەسرۆکە پێکهاتبوو. گوتی: «ماندوو نەبی». لێی تێنەگەیشتم و ڕاوەستام کە بزانم چی گوت. ئەم منالە مەزلومە بە دیتنی بەرگی سەیر و عەجایبی من و سوارەکانم کە ڕاوەستابوون و لغاوی ئەسپەکانیان بە دەستەوە بوو، ترسا و چاوەکانی لەسەر یەک دانان و گریا. کاتێک دیتم ئەو کردەوە جوانەی ئاوای لێهات، نارەحەت بووم، ڕوپیەیەکم لە ناو دەستی نا و هیوادار بووم بتوانم دڵی بەجێ بێنمەوە.

باریکە ڕێیەکە، ئێستا بەرەو ڕوبار شۆڕ دەبۆوە؛ لە میرزا ڕۆستەم تێپەڕین، کە بنکەی



«کەڵەک وانەکان» بوو. لەم جێیە، کەڵەک سازە خاوەن ئەزموونەکانی ناوچە کەڵەکی ٥٠-١٠٠ مەشکەیی بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانی ناوچە ساز دەکەن و هەروەها جۆرە کەڵەکێکیان بە سپیدار ساز دەکرد کە تا ئاڵتون کۆپری و تەنانەت بەغداشی پێ دەچوون. دوو مایل بانتر نزیکی زارکی «باسەلام» لە بوارێک پەڕینەوە و لە چەند گوندی هەژاری «سین و ڕەمەک» تێپەڕین. لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە «دەربەند»، کە جێگری حاکمی سیاسی پێشو ناوەندی ناحیەکەی بۆ ئەم جێیە گواستبۆوە، ژمارەیەکی زۆر سوارەمان بینی کە بابەکر ئاغا بە چوار ناڵ پێشیان کەوتبوو و بۆ پێشوازیکردنم دەهاتن. بابەکر بە شێوەی ئاسایی پانتۆڵێکی نێفەک فشی لەبەردا بوو و پشتێنێکی ئەستووری لە پشت و پێچێکی گەورەی لە قوماشی ئاوریشمیی ڕێ ڕێ لە دەوری کڵاوێکی مەخمەری گوڵینگەدار هاڵاندبوو. دوای ناساندنی کارمەند و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە، کە لەبیرم نییە چ کەسێک ئەوانی ناساند، (چونکە «سی»[١٠] جێگری پێشوو بەر لە هاتنی من ڕۆیشتبوو). پێشوازیکەران چوونەوە گوندەکانیان و من هەلم بۆ ڕەخسا تا ئەو جێیەی کە دەبوایە چەند مانگی لێ بم لە نزیکەوە ببینم.

بە گومانم چونکە «دەربەند» لە باری جوگرافیاییەوە لە ناوەندی دوو «قەزا»دا هەڵکەوتبوو، ئەویان کردبووە ناوەندی ناحیە. هەروەها ڕانیە بەهۆی برنجاری زۆر پڕبوو لە مەلاریا. بینای حکوومەت لەم جێیە خانووبەرەیەکی یەک قاتی سێ ژوورە بوو، کە جێگری حاکمی سیاسی لێی دەژیا لەگەڵ مدبەقێک و ژمارە کەپرێک کە بۆ مەئموورە کوردەکانیان سازکردبوو. سەد مەتر ئەولاتر لەبان لێژایەک لە ڕووبەرووی ڕوبار ساختمانی شوێنی کار بوو. ئەو خانووبەرەیە، چوار پێنج هۆدە و میوانخانەیەکی بۆ چاوپێکەوتنی میوانە کوردەکان هەبوو. خانووبەرەکان بەگشتی بە سپیدار دارەڕا و قوڕەبان و گڵەبان کرابوون و شێوەی سازکردنیشیان زۆر ئاسایی و ناوچەیی بوو. هیچ کام لە خانووەکان حەوشە یا دیواریان بە دەورەوە نەبوو، کە پێش بە هاتنی گوللەی بناری کێوەڕەش و ئەوبەری ڕوبار و ئاسۆس بگرێ. کاتێک بۆ دیتنی شوێنی کارەکەم چووم، بەرلە هەموو شتێک ئەم نووسراوەیە سەرنجی ڕاکێشام، کە بە پیتی کتێبیی لە سەر کۆڵەکەی ناوەندیی ژوورەکە نووسرابوو، لە مانگی مایدا فیل لە هەوا دەکەن!؟[ح]

---

10- C

ح- ڕەنگە مەبەستی نووسەر لە هیرشی چەکدارانەی گەلی کورد لە مانگی مایدا بێ.

## ١٦- ژیان لە ڕانیە

باسی ڕووداوەکانی ناوچەی ڕووبەروو واتە هەولێر و شارە نیوە کوردنشینەکەی مووسڵ لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا نییە. دەتوانن ڕووداوەکانی ئەو دوو ناوچەیە، بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا تا ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ بەدرێژیی لە کتێبی «هی»دا بخوێننەوە. ئەوەی تا ئەو جێیە شوێنی لەسەر وەزعی من لە ڕانیە دادەنا، ئەوە بوو کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠وە سنووری ئیداریی کەوتە ژێر تەپۆلکەکانی ئەوبەر و بەم جۆرە چارەنووسی «قەزای» ڕەواندز لە باکور و ناحیەی «شەقلاوە» لە ڕۆژئاوا ڕوون نەکرابوونەوە و تورکە تێکدەر و ئاژاوەگێڕەکان و تەنانەت سەربازانی سوپای تورکیاش لە گروپی چوکدا، بەئاشکرا لەم ناوچانەدا هەڵدەسووڕان. دوای پاشەکشە، گەلێک ڕووداوی گرنگ و یەک بە دوای یەک لەم ناوچانەدا ڕوویاندا. یەکێک لەوانە دەستدرێژیی سوپای تورکیا بوو بۆ سەر «شاوەر» و گوندی ڕانیە، کە لە ئەوگوستی ١٩٢١دا ئەنجامی گرت و وەڵامی ئەو دەستدرێژییە بەهێرشی هاوبەشی «هێزەکانی ناوچەیی» و هێزی هەوایی درایەوە، بەڵام کۆیە لە ژێر فەرمانی قایمقامەکەیدا واتە جەمیل ئاغا، کە ئەندامی بەرز و گرنگی بنەماڵەی حەوێزی و زاوای حەمە ئاغای غەفوری بوو، خۆی ڕاگرت. حەمە ئاغا ئەو کەسەیە کە «هی» بە ناوی «پیرە پیاوی مەزنی کۆیە» باسی دەکا.

یەکێک لەو نامانەی کە دوای هاتنم بۆ دەربەند پێم گەیشت، نامەی ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکانی میراودەلی یا بە وتەی پشدەرییەکان، لە لایەن دوژمن ئیمزا کرابوو. ئەوان نووسیبوویان، چونکە حکوومەت بەتەواوی ڕووی کردووەتە بابەکر ئاغا و هەرگیز ڕووی خۆشی بە ئەوان نیشان نەداوە، بەداخەوە نەیانتوانیوە بێن پێشوازییم لێ بکەن و ڕێزی خۆیان بەجێ بگەیێن. ئەو نامەیە، هەرلە سەرەتای بەرپرسایەتیمدا لە دەربەند کۆسپێکی دیار و گرنگی خستە سەر ڕێگام.

جێگری کارگێڕی سیاسی پێشووی دەربەند «سی»، دوای تەواوبوونی ماوەی پشوودانی نەگەڕایەوە عێراق و من هەرگیز ئەوم نەدییەوە. ئەو بێگومان پیاوێکی خاوەن کەسایەتی بوو. لە ناوچەی بەرپرسایەتی خۆیدا، جلوبەرگی کوردیی لەبەر دەکرد و پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئاغاو کوێخا و ئەوکەسانە پێکهێنابوو، کە لە ڕەوتی کارەکاندا سەرنجی ئەویان بۆلای خۆیان ڕاکێشابوو. بارودۆخی دەربەند، بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی شەخسیی زۆر ڕێک بوو: چونکە دەربەند شار و شارۆچکە نەبوو، ئەو کەسانەی کە لە



دوور و نزیکەوە دەهاتنە ئەو جێیە، لە میوانخانەی حکوومەت دەمانەوە و خۆراکی خۆیان و تفاقی ئەسپەکانیان لەوێ وەردەگرت. لەبەر ئەوە کاتی زۆریان هەبوو تا لە گیروگرفت و داوا چوکەکانیان بدوێن. لە وڵاتێکی ئاڵۆزی وەکو کوردستاندا ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییە لە زۆر بابەتانەوە بە کەڵک بێ، بەڵام ئەمە بۆ کارگێڕێکی لاوی بێ ئەزموون دوور لە مەترسی نییە: تا بەخۆ بێتەوە، خۆی لە حاڵێکدا دەبینێ کە کەوتووەتە ڕیزی یەکێک لەو گرووپە شەڕخوازانەوە. هەروەک پێشتر گوتم کێشەو ناکۆکی ڕابردووی هۆزەکان تەنانەت تەشەنەی کردبووە ناو گوندەکان و بنەماڵەکانەوە. لەم حاڵەتەدا، کار دەگاتە جێیەک کە ئەندام و لایەنگرانی گرووپیتر توڕە بن و ئەو توڕەبوونەش بەچەشنێک خۆدەنوێنێ کە هەرچی بۆخۆیان بە ڕاستی بزانن ئەنجامی دەدەن و بەمجۆرە ڕابردووی خۆیان لەبەر چاوی حکوومەت ڕەشتر دەکەن و سەرەنجام «هیوا»یان نامێنێ و ڕاستەوخۆ تووشی شەڕ و بەربەرەکانێی دژ بە حکوومەت دەبن.

هۆی گوتنی ئەمانە پاشملە گوتن لە «سی» نییە. ڕووداو یا ئەنجامی سیاسەتی خراپ، ڕەنگە خەڵک بەرەو ڕاپەڕین بکێشێ، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا گوێ لە مستیی یا بە گوێ نەکردن و وەڵام نەدانەوە دەگەڕێنەوە سەر خووڕەوشتی خودی مرۆڤ: کەسانێک، کە پتر لە کەسانیتر ببوونە هۆی ئازاری ئێمە و کۆسپیان بۆ دەخوڵقاندین، بەگشتی ئەو کەسانە بوون کە هەمیشە دژی تورکان ڕاوەستابوون و دوایی کاتێک لە لایەن ئێمەوە حکوومەت بە عێراق سپێردرا، دژی عێراق ڕاپەڕین، کە ئەوە بۆخۆی جێگای سەرسوڕمانی حکوومەتی عێراق بوو. ڕووداوی شێخ مەحموود بەتەواوی کوردستانی ئاڵۆز کردبوو؛ گرووپی بابەکر ئاغا لە پشدەر لەگەڵ خزمەکانی لە ناحیە، لەگەڵ حکوومەت مابوونەوە و بنەماڵەی مەحمود ئاغا و لایەنگرانیان بە لای دوژمندا کەوتبوون. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، دوای گەڕانەوەی نەزم دەبوایە «ئەمەگناسەکان» خەڵات بکرێن و سەربزێوەکانیش سزا بدرێن، بەڵام ڕازیکردنی ئەمەگناسەکان بەوەی کە حکوومەت دەبێ بە زووترین کات هەڵوێستی بێلایەنیی بگرێ کارێکی ئاسان نیە. چونکە ئەندامی هیچ عەشیرەتێک یا باشتر بڵێین هیچ کوردێک ئەوە قبووڵ ناکات کە پاداشی خۆپارێزی، خودی خۆپاراستنە، هەروەها هەتا ناکۆکی و دووبەرەکی بەزەقی بمێنێ، دەرەتانی دووربوونەوە لە کەسایەتی عەشیرەتیی کە پلە و پایەی حوکمی پێدەکات باج بستێنێ و بەدکاران سزا بدات، زیاتر لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە لەو کەسایەتییە سەر بەرز دەکاتەوە. حکوومەت ئەگەر هێز و دەسەڵاتی هەبێ، مودیرێکی تێگەیشتووی

جێ باوەڕ دەتوانێ بەبێ دژواریی زۆر هەڵوێستی بێلایەنی بگرێ، بەڵام ئەگەر حکوومەت هێزی نەبێ و ئەو مودیرە ناچاربێ بە بیر و بۆچوونی خۆی کار بکات، کە زۆربەی ئەفسەرە سیاسییەکانی ناوچەی سلێمانی بەم جۆرە بوون، لەم جۆرە کاتانەدا نابێ بە دەستێوەردان لە یارییەکی ئاوا، مەترسی لە دەستدانی دۆست و لایەنگرانی بۆخۆی پێکبێنێ. جێگری کارگێڕە سیاسییەکان لە ڕانیە، بەیارمەتی بابەکرئاغا، دەستەڵاتی حکوومەتییان ڕاگرتبوو، لەبەر ئەوە وشەی «لەگەڵ» و «دژ» بە بابەکر بەرە بەرە واتای موافیق و موخالیفی حکوومەتی دەدا.

بەم جۆرە، کاربەدەستانی تورک لە ڕەواندز لەناو ژمارەیەک لە بنەماڵەکانی میراودەلییەکاندا بە سەرۆکایەتی هەباسی مەحموود ئاغای، کە دوژمنی بابەکر بوون، دۆست و لایەنگرانیان و بێگومان تەواوی ئەو کەسانەی کە گەڕانەوەی وەزعی ئاساییان بەدڵ نەبوو، گۆڕەپانێکی پان و بەرینیان بۆ پڕوپاگەندە کردن چەنگ کەوت. بۆ کوردە ساویلکەکان، ڕێبەرایەتی «خەلافەت» هەمیشە وەسیلەیەکی بەهێز بووە و تەنانەت ئەو کەسانەی کە بیرەوەری تاڵیان لە حکوومەتی عوسمانیی هەبوو، هەمیشە لەوە نیگەران بوون کە نەکا تورکان دوای ماوەیەک بگەڕێنەوە. لە مانگی مای **١٩٢٢**دا تەواوی ناوچە شڵەژابوو و ئاژاوە وڵاتی داگرتبوو و جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەگەر «سی» وابزانێ لە بان چیای گڕکان دانیشتووە و کاتی ڕۆیشتن لە خۆشیی بەجێهێشتنی ناوچەکە ئەو پەیامە سەیرەی کە لە کۆتایی فەسڵی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، بۆ جێنشینەکەی دانێ.

ئەو ئینگلیزانەی، کە هێندێک جار، لە بەشی خوارووی عێراقەوە دەهاتن و بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە قولاپی ماسی گرتنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، دەربەندیان بە شوێنێکی خۆش و دڵفراوان دەزانی و بێگومان ڕۆخی گۆمەکان، ئەو جێیانەی کە ئاوی ڕوون و خاوێن بەسەر گاشەبەردە سپییەکاندا دەڕۆیی و دەچووە ناو شیو و دۆڵەکانەوە و لوتکە بەفر گرتووەکانی قەندیل جوان و دڵڕفێن بوون و لە دوورەوە دەدرەوشانەوە، بەڵام بۆ ژیان جێیەکی ترسناکبوو. کاتێک، بیرلە ڕابردوو دەکەمەوە سەرم سوڕ دەمێنێ کە چۆن بەرپرسان تا چوار ساڵ دوای تەواوبوونی شەڕ، لە ئێمە جێگری کارگێڕە سیاسییەکان و کارمەندە کوردەکانیان ویستبوو، کە لەناو ئەو هەمووە چڵک و پیسییەدا بژین. دیارە من ئەوکاتە بەمجۆرەم بیر نەدەکردەوە. ئێرە، گوندێکی تەنانەت وەک هەڵەبجەش نەبوو و بیری تەنیایی، ئەگەر هەلێکم بۆ بیرکردنەوە بایە گەلێک پترو توندوتیژتر بوو. گوتم، خانووەکان دیواریان بە دەورەوە نەبوو. ئاومان بۆ خواردنەوە و پێداویستیەکانیتر بە



هێستر لە ڕوبارەکەوە دەهێنا. لەبەر بێ ئاویی هیچ باخ و بێستانمان بە دەورەوە نەبوو و چاڵوک هەموو شوێنێکی داگرتبوو و بەر دەرگا و پەنجەرەکانی داپۆشیبوو. هەوڵمدا ترومپایەکمان بۆ بنێرن لە شیوەکەی دانێین، بەڵام ئەو ترومپایە هەرگیز نەگەیشت. بۆ ڕووناکایی، جیا لە فانۆس شتێکیترم شک نەدەبرد و نەوتی چراکەش ئەوەندە خراپ بوو کە مرۆڤ لەژێر ڕووناکی ئەویشدا پتر لە چەند خولەکێک توانای خوێندنەوەی نەبوو. خۆشی و ڕابواردنم لە کاتی شیوخواردن و نوستندا، ڕاوە دووپشک بوو، کە بەسەر دیوارەکانو بە تایبەتی بە پشت پەردەی سێ هۆدەکاندا هەڵدەچوون. شەوێک **٣٣** دووپشکم کوشت و شەوی دواییش **٣٢** دانە. پترلە جارێکیان پێوەنەدام: لە ژوورەکەمدا عەبایەکی ئێرانیم لەبەر دەکرد و شەوانەش لەسەر لێفەکەم بەخۆم دادەدا، ئەو شەوە لە دەرەوە و لە ژێر دیواری ژوورەکە نوستبووم، کە عەبایەکەم خزیبووە خوارێ. بەیانی کاتێک عەباکەم هەڵگرت و هاویشتمە سەر شانم، وەک ئەوە بوو کە دەرزییەکی گەرم لە ڕانم ڕاکەن و هەستم بە ژانێکی قورس کرد. دووپشک لەسەر دەرپێکەمەوە پێوەی دابووم. شوێنی پێوەدانەکەم بڕی و بە ڕێنوێنی خزمەتکارەکەم کە کاکەیی و خەڵکی کرێندی ئێران بوو، هێندێکیان نۆشاتر (لە باتری تێلگرفخانە هێنا) و لەسەریم ڕۆ کرد. بەیانی هێندێکم «تا» هەبوو، بەڵام شەو جیا لە چڵدانی شوێنی برینەکە شتێکیتری نەمابوو، کە ڕووداوەکەم بیر بێنێتەوە.

لەو تەنیاییەدا، خۆشترین دەنگ هاڕەی ماتۆڕی فڕۆکە بوو، کە نزیک دەبووەوە. بە ڕۆخی ڕووبەڕووی ڕوبارەکەوە، لە نزیکی گوندی «سەرسیان» لە بان لوتکەی سەرووی پێچی توندی ڕوبار، فڕۆکەخانەیەکمان هەبوو، کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی «بریستول»[1] و بۆمبهاوێژەکانی «دی. ئیچ ٩»[2] لێی دەنیشتن، کە ئەوکاتە کەڵکیان لێوەردەگیرا. لێپرسراوی ئەو فڕۆکەخانەیە، ئاغایەکی پیری نێوچاوان گرژ بوو بە ناوی ڕەسوڵ، لە عەشیرەتێکی بچووک بە ناوی «ترکەڕەشە» کە پێنج شەش گوندیان هەبوو. ئەو ڕەسوڵە، لە دەست و پەیوەندەکانی بابەکر ئاغا بوو. چەکدارەکانی ڕەسوڵ ئاغایان فێر کردبوو هەرکە هاڕەی تەیارەیان بیست، دەستبەجێ ئاگر هەڵکەن، تا فڕۆکەوانەکان هێڵی هاتنی با بدۆزنەوە. ئەگەر، چاوەڕوانی کەسێک بایەم، بە سواری کەلەکێک کە

1- Bristol
2- D.H.9

ڕەسوڵ ئاغا سەرپەرشتی دەکرد و بە کارپێکردنی بێ ئیجازەشی پارەیەکی باشی چەنگ دەکەوت و باجی تەواویشی بە حکوومەت نەدەدا، لە ڕووبارەکە دەپەڕیەوە و بە پێشوازیی فرۆکەوان و میوانەکان دەچووم و ئەوانم بۆ خواردنەوەی بیرەی سارد دەهێنایەوە ماڵ.

کارمەندە کوردەکانی ناوەندی کارەکەم بریتی بوون لە: جەلال سایب نووسەر و دیلمانج. ئەو لاوێکی زۆر بە هۆش بوو و زمانی ئینگلیزیش باش فێر ببوو؛ مودیری داهاتەکان، حسابدار، تێلگرافچی، کارمەندی گومرک و چاودێری میوانخانە هەموویان کارمەندی پێشووی عوسمانی بوون. سەرەڕای ئەوانە نزیکەی بیست سوارەی ناوچەییشم هەبوو کە ئەرکی پۆلیس و تەتەریان بەیەکەوە بەڕێوە دەبرد. لە قەڵادزێ، بابەکر سەرەڕای کارمەندی نووسینگە، ٣٠ چەکداریشی لە پیاوانی خۆی لەگەڵ بوو: ئەوانی بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرج و پلەی ڕەسمیی خۆی دامەزراند بوو. لە ناحیەکاندا، هەرکام لە مودیرەکان دوو کارمەند و دە پۆلیس و تەتەرێکیان هەبوو. یەکێک لە کارمەندەکان لێپرساوی داهاتەکانی ناحیە بوو. کاربەدەستە خاوەن «گوللەبەند»ەکانی وەک بابەکر دەیانتوانی لە کاتی تەنگانەدا پشت بە دەرەتانی خۆیان ببەستن و ئەو چاوەڕوانییەشیان لێ دەکرا. بێگومان کاتی پێویست، لە سەروک عەشیرەتەکانی ناحیە داوا دەکرا تا بۆ پشتگرتنی حکوومەت چەکدار کۆ بکەنەوە. بەو چەکدارانە پارە نەدەدرا، بەڵام ئەرزاقی وەک برنج، گەنم، ڕۆن، تفاق، نان و بزماریان دەدانێ. قازانجی لەشکری عەشایریی هەر وەکو فەرمانبەرەکانی عەشایریی حاڵەتی بەرگریکردنی هەبوو: بەچەشنێک کە هێزی دوژمن لە ترسی پێکهاتنی کێشەی خوێنی، لە هێرشکردن بۆ سەر مەئموورەکانی حکوومەت دوو دڵ دەبوون، بەڵام بەپێی ئەو ئەزموونەی کە من بووم، پتر لە دوو هەفتە نەدەکرا لەم چەکدارانە کەڵک وەرگیرێ، چونکە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە، تاسەی گەڕانەوە بۆ لای ژن و منداڵ و کێڵگەکانیان زەختی بۆ دەهێنان. لەبەر ئەوە، بەرهەمی ئەم «شێوە»یە لە قەیرانەکانی درێژ خایاندا زۆر لاواز و چوارچێوەدار بوو.

لە نێوان ئەو میوانانەی، کە دەهاتنە میوانخانەکەم، بابەکر ئاغا لە هەموان گرنگتر بوو. ئەو هەمیشە دەسرەیەکی ئاوریشمیی لەسەر پێچ و کڵاوەکەی لە چاوێکی دەهاڵاند. قەت باسی چۆنیەتی کوێر بوونی چاوی نەکرد و من تا ئەمڕۆش نەمزانی چۆن ئەو چاوەی لە دەستدابوو. لە چاوەکەی‌تریدا هەمیشە شۆخ و شەنگی دەباری، بە چەشنێک تەنانەت کاتێک بە جیددیش قسە دەکرا، ئەو شتەی لێ دەبینرا و سەیر ئەوە بوو کە دەمە بێ ددانەکەی کە ئەوی گەلێک پیرتر لە تەمەنی پیشان دەدا، هەرگیز لە قسەی خۆش و



پێکەنین نەدەکەوت. ئەگەر وەزعی سیاسی ئاڵۆز دەبوو، بەمجۆرەی کە لە فەسڵی داهاتوودا دەیبینن و گومان کرابا دەربەند دەکەوێتە بەر پەلامار، بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژ دەهات، تا دڵنیا بێ کە پشدەرییەکان پاڵ بە دوژمنەوە نادەن و ناکۆکی خوێنی لەگەڵ بنەماڵەی حاکم، کە هەمیشە خۆیان لێ دەپاراست، پێک نایەت. لەم جۆرە کاتانەدا، من بۆ خۆشم لە میوانخانەکە نانم دەخوارد. لەسەر دۆشەگ دادەنیشتین و قسەمان دەکرد. بە دژواری وەڵامی پرسیارەکانیم دەدۆزینەوە: دەیپرسی بۆچی کاربەدەستانی بەغدا، لە سەرەتاییترین کار بۆ پاراستنی هەلومەرج و بەرژەوەندیی خۆیان لە ئاست پیلانە پەیتا پەیتاکانی تورکاندا بێوازیی پیشان دەدەن. لەم ڕوانگەیەوە کە بێگومان زۆر دووربین نەبوو، بەرژەوەندیی حکوومەتیی بەڕادەیەک لەگەڵ ئابڕوو و هێز و دەستەڵاتی شەخسی خۆی تێکەڵاو کردبوو، کە هێندێک جار لەو بابەتەوە پێی سەیر بوو، کە من لە ناوچەکەدا بووم و لەوەش دەگەیشتم، بۆچی نەمدەتوانی بەشێک لە داواکانی جێبەجێ بکەم. بۆ نموونە، بۆچی ئیزنم نەدەدا کەس یا کەسانێک لە «کورەگۆ» دانێ، کە نزیکترین گوندی «ڕەمەک» بۆ ڕانیە و موڵکی ئاغایەکی زۆرناحەزی سەربەو هۆزە بوو. بابەکر دەیگوت پارچە زەوییەکی لەوێ دەستکەوتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، ئەو سادقانە لەو ڕێیەی کە هەڵیبژارد بوو، هەرگیز تووشی شکوگومان نەبوو.

گرووپێکی چوکی لەگەڵ خۆی دەهێنا، کە یەک دوو قۆڵەئاغاشی تێدابوو. یەکیان ناوی «ڕەسوڵی پیرۆتی» بوو، کە نزیکەی چل ساڵی تەمەن بوو. سمێڵێکی زبری سووری هەبوو. ڕۆژێک بە ویستی خۆی، فرۆکەیەکی بۆ عەمەلیاتی «شناسایی» ڕێنوێنی کرد: فرۆکەکە دەبووایە پەیامێک بە سەر چیاکاندا بخاتە خوار. بە تۆبزی توانیم بە ڕەسوڵ بسەلمێنم، ئەگەر تەنانەت پێچ و کڵاوەکەشی توند لەسەری هاڵێنێ، بێگومان دیسانیش لە کورسی پشتەوەی فرۆکەی سەرئاوەڵەدا، لەسەری دەبێتەوە و پێویستە بە جێگەی کڵاو و پێچ، کڵاوی تایبەت بە هەڵفڕین لەسەر بکا. کاتێک، پێچ و کڵاوەکەی لە سەر کردەوە، سەری بێ مووی لە کولەکەی سەرئاو دەچوو و هۆی هەڵنەگرتنی پێچ و کڵاوەکەی ڕوون بووەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە هەگیز سواری فرۆکە نەببوو، فرۆکەوانەکەی زۆر جوان و بەبێ هەڵە ڕێنوێنی کرد.

دۆستێکی باشیترمان، حەمە ئاغای ڕانیە بوو. ئەو هەرچەندە دەستەڵاتی زۆری نەبوو، بەڵام پیاوێکی سادە و دڵپاک و خاوێن بوو. هەرگیز لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا بیروڕای خۆی نەدەشاردەوە. جارێک خۆی کردبووە مەتاڵی «سی» و پێشی زەبری

خەنجەری پەلاماردەرێکی گرتبوو کە خەریک بوو «سی» بکوژێ و بەمجۆرە سەرەڕای ڕزگارکردنی «سی» لە مەرگ، دەرفەتی ئەوەشی بۆ ڕەخساندبوو کە لە دەمانچەکەی کەڵک وەرگرێ. گوللەی دەمانچەی «سی» کابرای پەلاماردەری کوشت و کێشەیەکی خوێنی پێکهێنا. لەبەر ئەوەبوو کە «سی»یان بەپەلە و بەبیانووی پشودان لە ناوچەکە دوورخستەوە.

میوانێکی سەرنج ڕاکێشیتریش جارجارە دەهاتە لام. ئەو شێرە ژنێک بوو، کە پێیان دەگوت «ئاغا ژن». ئاغا ژن خێزانی «سورەک ئاغا» ناوێک بوو، کە دوو سێ گوندی لە شاوەر هەبوو. زۆر لە مێردەکەی گەنجتر بوو؛ مێردەکەی، پیاوێکی هێندێک ڕوونەرم و گێل بوو. ئەو ژنە، بۆ پێڕاگەیشتن بە کارەکانی و ڕاگرتنی ڕادەی پەیوەندییەکان و دەستەڵاتی سیاسی لەوشیوە دورکەوتوەدا هاتوچۆی ئێمەی دەکردو جارجارەش «سورەک»ی لەگەڵ خۆی دەهێنا، بەڵام هەمیشە بەقورسیی لە سەرووی دادەنیشت و زۆرکەم ئیزنی قسەکردنی پێدەدا و دەترسا کارەکانی لێ خراپ بکات. ئەو پیرە پیاوە مەزلومە لە کێشەیەکی چەند مانگی دواییدا کوژرا، بەڵام ئاغا ژن زۆر بە جیددی بەشوێن مەسەلەکە کەوت و سەرەنجام بۆ ڕاگرتنی ئابڕووی عەشیرەتەکەی، تۆڵەی مێردەکەی ستاندەوە.

کەسێکی سەیر و عەجاییتریش هەبوو کە «فەقێ مارف»یان پێدەگوت. ئەو لە ڕاستیدا کچێکی بیستوپێنج ساڵەبوو، کە لە سەرەتای منداڵییەوە بەرگی پیاوانەی لەبەر دەکرد. مرۆڤێکی سەیربوو، ڕۆژانە لەم میوانخانەیە بۆ میوانخانەیەکیتر دەچوو، بە ئاشکرا هاموشۆی پیاوانی دەکرد و شەوانەش بۆ حەسانەوە دەگەڕایەوە هۆدەی ژنان و هەر شتێکی دەست دەکەت، لە ئەسپەوە بگرە تا پانتۆڵێک بەناوی دیاریی وەریدەگرت. ئەسپێکی چکۆڵەی هەبوو. سواری دەبوو و لەگەڵ سوارەکانیتر دەچوو بەشداریی کۆڕەکانی دەکرد؛ تفەنگی لە شان دەکرد و قەتاری فیشەکی لە سنگی دەهاڵاند. هێندێک جار، کە بۆ دیتنم دەهاتە دەربەند دەیگوت «پیاوی تۆم». گرووپەکانی دوژمن لەم بابەتەوە کە لەگەڵ حکوومەت بوو، زۆری لێ تووڕە بوون و لەبەر ئەوە دوژمنێکی زۆری بۆخۆی دروست کردبوو. یەکەم جار کە بینیم ڕۆژێک بوو کە بۆ دیتنی بابەکرئاغا چووبوومە قەڵادزێ: کوڕێکی مناڵکارەی جوان، چایەکی لە دەستم نا، لە حاڵێکدا، بابەکر ئاغا لەوبەری ڕووبەڕووم بە چاوێکی بەستراوی زەردەخەنەی دەهاتێ، لە کوڕەکەی پرسی: «پێی بڵێم» ؟ دوایی بە دەست ئاماژەی بۆ کردم و گوتی:



«ئەوە، ئەمجۆرە نییە کە پێشان دەدات؛ ژنە؛ بەڵێ ژنە... و هەرواش ماوەتەوە». ڕۆژێک، لێم پرسی: بۆچی مێرد ناکەی؟ ڕاست و ڕەوان گوتی لەگەڵ سروشتم نایەتەوە. زۆربەی میوانەکان، ڕووخۆش و دڵفراوان دەهاتنە بەرچاو: گوندییە بەهێز و چالاکەکان، کە بە شەرم و حەیاوە، باسی ویست و داخوازە ئاساییەکانیان دەکرد، ئەگەر لە سەفەرەکانمدا، نانم لەگەڵ خواردبان یا شەوێکم لەگەڵ تێپەڕ کردبان، بە سەر و ڕووی خۆش دەهاتنەوە لام و هەوڵی نزیکایەتی پتریان دەدا، بەڵام ژمارەیەک هەلپەرست و ناشیرنیش هەبوون، کە هەمیشە خەریکی خۆشیرین کردن و زمان لوسیی و ڕاپۆرت دان لەو کەسانە بوون، کە گومان دەکرا لە بەرەی دوژمندا بن و بەم جۆرە بەرژەوەندیی خۆیان دەپاراست: من بە تەواوی هەوڵم دەدا خۆ لەو جۆرە کەسانە دوور ڕاگرم.

من ئەوەندەم ئەزموون هەبوو، کە ئەو مەترسییە هەڵسەنگێنم کە لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا ئاماژەم بۆ کرد. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لە کاتێکی زوودا گەشتێکی تەواوی ناوچەکەم بکەم و لەگەڵیان ئاشنابم. هەروەها بڕیارمدا سەرەڕای پشتیوانی کردن لە گشت کردەوە باشەکانی بابەکر، لە هەموو هەلێکیش کەڵک وەرگرم و بە ئەوانیتریش بسەلمێنم کە بەخشین، بەخشینە و بە گوێرەی ئەو وانانەی کە بە ئێمە دراوە، بەمەرجێ کردەوەی باش، ڕابردوو لەبیر دەکرێن. بەتایبەتی بەو ئاکامە گەیشتم کە سەرنجی سواراغای پیران بۆ لای خۆم ڕاکێشم. بەڕای من ئەگەر ئەو خاوەنی تایبەتمەندیی زەق و بەرچاوی نەبا، تا ئەو ڕادەیە لای عەشیرەتەکەی خۆشەویست نەدەبوو. بەمجۆرە، شەش هەفتەی یەکەمی کارەکەم بە گەشت لە ناوچەکەدا تێپەڕی، بەڵام ئاڵۆزیی سیاسیی بە دوای مانگی ژوئیندا ڕێگای دوورکەوتنەوەی لە شوێنی کار و هێڵی تێلگراف پێ گرتم. لە مانگی مای ڕابردوودا، کاتێک لە قەزوینەوە گەیشتمە بەغدا بڕیار درابوو ئەسپی شەخسی ئەفسەرەکان تەسلیمی ئیدارەی ئاژەڵداری بکرێن. «نوترامپس»م تەسلیمی ئەو ئیدارەیە کردبوو و دوای گەڕانەوەم لە پشودان چاوم پێی نەکەوتەوە. لەبەر ئەوە، دوو ئەسپی «سی» کە لە ڕانیە بەجێ مابوون، هێنامنە لای خۆم: یەکێک لەو دوو ئەسپانە، ئەسپێکی شێی زۆر چالاک و سەرکێش بوو، کە ناوی سمکۆ سەرۆکی عەشیرەتی شکاکیان لێ نابوو. سمکۆ عومرێک دژی حکوومەتی ئێران خەباتی کردبوو. ئەوەیتریان، بارگینێکی بۆری هێدی و ئارام بوو بە ناوی قازی، کە یاڵ و کلکی زۆر جوان بوون: ناوی قازییە ڕدێن و مێزەر سپیەکەی قەڵادزێیان لەسەر دانابوو. لە

سەفەرەکانمدا بەگشتی سواری سمکۆ دەبووم، چونکە هەرچەندە کە نائارام و جێگەی مەترسی بوو، بەڵام ئەسپێکی تیژ و گورج و چالاک بوو.

چناران دەسکی ئەو باوەشێنەیە کە گوتم. ناوچەیەکی بەرتەسکە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە زێ و جۆباری «باسەلام» و لە باشووری ڕۆژئاواوە دەگاتە بەرزاییەکانی «هەیبەت سوڵتان». بەلای درێژاییدا، کۆسرەت کە تەپۆلکەیەکی بە تەنیا و پڕ لە درەختە و بەرزترین خاڵی لە پێنج هەزار پێ تێناپەڕێ، ئەوی دوو لەت کردووە. حکومەت، بە دانانی مودیرێکی سەربە بنەماڵەی ئاغاکانی کۆیە لەم ناحیەیەدا ڕەنگی شەرعی دابوو بە موڵکی ئەو کەسانەی کە زەوییەکی زۆریان بەچەشنی «تاپۆ» لەبن دەستدا هەبوو. ئەو مودیرە، سمایل ئاغا ناوێک بوو، کە هەرچەندە مەئموورێکی زۆر ڕێکوپێک نەبوو، بەڵام مرۆڤێکی دروستکار و دڵپاک بوو. ئیزنیان دابوو ناوەندی ناحیەکەی لە گوندەکەی خۆیدا بەناوی خدران دامەزرێنێ، کە پێشتر لە داستانی فەقێ ئەحمەددا ئاماژەم بۆ کرد. گوندی چناران وەک شوێنێکی زۆر جوان نەخشی لە مێشکم دایە. کۆمەڵە جۆگە و جۆبارێکی زۆر جوان بەناو باخە پڕلە درەختەکانی بناری کۆسرەتدا تێدەپەڕن. گوندەکە دەڕوانێتە زێ و دەشتەکانی مەرگە. شوێنێکیتر کە چەند جارم دیبوو، دەشتی پان و بەرینی «کانی ئەسپان» بوو، کە چوارهەزار پێی بەرزتر لە کۆسرەتە. ژمارە ئەشکەوتێکی زۆری بە سەرەوە بوو، کە «چلورە»ی دوو سێ دانەیان زۆر جوان بوون. ئەشکەوتێکی دیکەشی هەبوو کە دەیانگوت ئەوەندە قووڵە کە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بچێتە بنی. مەودای ئەو بەرزاییە تا دەربەند نەدەگەیشتە ١٥ مایل و شوێنێکی زۆر باش بوو بۆ دانانی دەزگای تێلگراف. لەو فیکرەدا بووم کە بەڵکوو بتوانم بنکەیەکی هاوینی لێ دانێم. لە هەلێکی ڕەخساودا، بەرێچکەیەکدا چوومە سەر لوتکەی کۆسرەت و شەو لەوبەری ئەو واتە لە گوندی «شێخ حاجی» مامەوە. جۆبارەکانی شیوە تەنگەکانی نێوان کۆسرەت و هەیبەت سوڵتان بەتەواوی بەگوڵەژاڵە داپۆشرابوون و من هەرگیز یەکێک لەو جۆگەئاوانە لەبیر ناکەم کە بەمەودای دووسەد یارد دەوری بە گوڵی سوور داپۆشرابوو. بە شیوێکی تەنگدا، کە ئاوەکانی دیوی کۆسرەتی تێکەڵی «باسەلام» دەکرد، هاتمە خدران. چەند تاڤگەی جوان لەناو ئەو شیوە دان کە ئاوی یەکێکیان چل تا پەنجا پێ دوورتر لە زنارەکە دەکەوێتە خوار و لەوێ تێدەپەڕێ.

ناحیەی ڕانیە، لە بەشی شاخاوی لای باکور و چوار باڵی ئەو باوەشێنەی کە گوتم و دۆڵی بتوێن لە باشوور پێکهاتووە. بە گوێرەی پلانی کشاندنەوەی سنووری ئیداری لە



هەولێر، ئێمە هەرگیز دەستمان لە کاروباری سێ باڵی ڕۆژئاوای باوەشێنەکە نەدا کە شوێنی ژیانی «پشتگەڵی»یەکانە. پشتگەڵی، یەکێک لەو سێ هۆزانەی «خۆشناوەتی»یە. دوو دانەکەیتریان میریووسفی و میرەحمەلین. ناوی «شاوەر»، بە تایبەتی بە دۆڵەکانی شیوی دوایی دەگوترێ، کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچن. ئەو دۆڵ و شیوانە بە هۆی دوو لوتکەی تیژی «بایرەمگە» بە بەرزایی ٨٢٥٠ پێ و «بەردەڕەش» لە بەرزایی ٨٠٠٠ پێ، کە درێژەی کێوەڕەش لە ناودەشت جیا دەبنەوە. شاوەر، توتنی باش و بەناوبانگی هەیە و توتنە باشەکانی عێراق بە توتنی شاوەر دەناسرێن. ئاوی شیوەکانی بەشی سەرروو لە دوو مایلیی باکوری ڕۆژئاوای ڕانیە یەک دەگرنەوە و ڕوبارێک پێکدێنن و بە دۆڵێکی باریکدا دەڕۆن. گوندەکانی «ئاکۆ»یی سەر بە ڕانیە هەردوو لای ئەو ڕوبارەیان گرتووە. ئەو ڕوبارە سەرەنجام بە دیواری لای باشووری ڕۆژئاوادا تێدەپەڕێ و دەگاتە ناو دەشتێک(٣) و لێرە کە «بەستی ێستێران»ی پێدەگوترێ، دەشتی بتوێن لە باکورەوە بۆ باشوور دوو لەت دەکات و بەرلەوەی کە تێکەڵی جۆبارەکانی باسکی ڕۆژئاوا بن واتە بەرلە پێکهاتنی «باسەلام» گوندی پیران لەڕۆخی ڕۆژئاوا لە گوندەکانی «سین و ڕەمەک» لە ڕۆژهەڵات جیا دەکاتەوە.

گوندی ڕانیە لە یەک مایلیی ژێر کێوەڕەش هەڵکەوتووە و بەشێکی بە بناری تەپۆلکەیەکی تورەکەڕێژەوە ساز کراوە و بەشەکەیتریشی لە دەشتێکی ساف و ڕێک دایە و ئەوکاتە نزیک بە شەست بنەماڵەی نفووس هەبوو. هەرچەندە بازاڕێکی دە، دوازدە دوکانیی و مزگەوت و کانییەکی پڕئاوی هەبوو و ئاوی کانییەکەی دەچووە نێو حەوزێکی بەردیی لە ژێر سێبەری چنارە پڕ لق و پۆپەکانەوە و دیمەنێکی جوانی پێکهێنابوو، بەڵام جێیەکی خۆش و دڵگیر نەبوو. ئاوی کانییەکە لە کۆتایی هاویندا وشک دەبوو. هەموو شوێنێکی ڕانیە ئاوە و چەند زەلکاوی حکوومەتیشی لێ بوو، کە ساڵانە بە ئیجارەیان دەدان و چونکە بۆ چاندنی برنج سوودی باشی هەبوو، ژمارەیەکی زۆر هەوڵی ئیجارەکردنیان دەدا. لە ئاکامی چاندنی برنج لەو جێیە، ئاو بەشێکی زۆری دەشتی بتوێنی داگرتبوو و هەوا گەرم و پڕ لە مەلاریا بوو. لە چوار مایلیی باکووری ڕۆژئاوا،

٣- کاری زۆر، پێشی پێگرتم، کە لەوکاتەدا شاوەر ببینم. ساڵی ١٩٢٧ چوومە ڕانیە: لە چووندا، ڕێگایەکم هەڵبژارد کە سایکس پێدا چوو بوو و لە هاتنەوەشدا بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتم کە مانسل پێیدا هاتبوو.

بەرلەوەی کە ڕوباری شاوەر بگاتە ناودەشت، گوندی «سەرکەپکان»ی ئاکۆکان بە ڕۆخی ڕوبارەکەوە بوو: لە مانگی ژوئیندا، هەوا فێنک دەبوو و بە ڕای من، بۆ ناوەند گەلێک لە ڕانیە و دەربەند باشتر بوو.

گوندەکانی دەشتی مەرگە بەشێوەیەکی ماقوڵ دابەشکرابوون بەسەر هۆزەکانی «ترکەڕەشە» لە باکور، شیلانە لە ناوەند و میراودەلییەکانی بنەماڵەی هەباس ئاغا لە باشوور. بنەماڵەی مەحموود ئاغا گوندەکانی «پاش کێو»ی ئەوبەری ئاسۆسیان بە دەست بوو و شیلانەیەکانی ناودەشت ڕەشایی ئەوان بوون. ئەوان هەروەها لە نێوان «جافەڕەشکە»کانی ناوچە شاخاوییەکانی باشووریشدا خاوەن دەستەڵات بوون. بەڕای من گوندی مەرگە لە تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچە جوانتر بوو. هەروەک گوتم سەردەمێک ناوەندی «قەزای» پشدەر بوو. ماڵەکانیان بە شێوەیەکی جوان بە بناری چیا و ناو باخ و جۆگەلە پڕلە ئاوەکاندا ساز کردبوو، کە بە بنارەکاندا دەڕژانە خوارێ. من هەمیشە دڵم بە دیتنی دەگەشایەوە. بەتایبەتی لەبیرمە کە شەوێک کۆمەڵێک دەروێش لە مزگەوت زکریان دەکرد و دەنگی «لاالە الا الله»ی ئەوان بە ئارامی لەناو باخەکاندا دەبیسرا. ئەوکاتە شێخانی قادری، لە زۆربەی بەشەکانی پارێزگای سلێمانی هەڵدەسووڕ و چالاک بوون. هێندێک جار، دوای تاریکبوونی هەوا، تۆبەکارێکی نوێت دەبینی کە بە ناو گوندەکەدا وەڕێدەکەوت و شێتانە دەیقیژاند و زکری دەکرد. من بۆخۆم زۆرجار دیومە، کەسی نالەبار و نارەسەن تۆبەی کردووە و دەستی لە ئاکاری پێشووی کێشاوەتەوە.

مودیر سەعدی ئەفەندی غەفور یەکێک لە فەرمانبەرە باش و دروستکارەکانی پێشووی عوسمانیی و پیاوێکی سەرڕاست و زۆر دروستکار بوو. لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی زەوی و باقی بەشەکانی داهاتدا کارناسێکی بە ئەزموون بوو. بە کورتی، نموونەیەکی هەرەباشی چینێک بوو، کە بەپێچەوانەی داهاتی کەم و ڕێز لێنەگرتنیان لە لایەن بەرپرسانی بالاوە، ژمارەیان کەم نەبوو، کە داستانی ئاسایی پووڵەکی بوونی مەئموورەکانی ڕۆژهەڵات ببێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەری ڕۆژئاوایی بەمجۆرە بیر بکاتەوە.

هەواڵەکانی ناوچە ئێستاش لەوە دەدوێن کە لە سەردەمی کۆندا ئاوی کەناڵی سەرەکی ڕانیە بە هۆی لولەی «هەڵواسراو» لە (زێ)وە بردراوەتە دەشتی مەرگە و دەربەند. کوردەکان ژمارە قوڵکەیەک پێشان دەدەن، کە بەسەر زنار و گابەردەکانی ڕۆخی ڕاستەوەن و دەڵێن ئەوانە زنجیرەی ئەو چالاوانەن کە لولەی ئاویان لە هەوادا ڕاگرتووە. لە ماوەی



ژیانم لەو ناوچەیەدا هەرگیز ناوی بەردی بزماری یا بەردی نەخش کراوم نەبیست. لەبەر ئەوە، کاتێک دوای چەند ساڵ، لە سەر نەخشەیەک لەکتێبی «میژووی دورودرێژی ئێران»[٤]، نووسراوەی سێرپرسی سایکس، چاوم بە نیشانەیەکی لێکدان (X) کەوت کە دروست لە سەر نوکی پێچی دەربەند بەم مەبەستە لێدرابوو، سەرنجی ڕاکێشام و بەتەواوی هەستی بزواندم. ئەو ناوچەیە، وەک شوێنی یەکێک لە گرنگترین بەردکارییەکانی ئاشوور ناسێنرا بوو. یەکێک لەو دوو خاڵانە لە ناو خاکی عێراقدا بوو. دیارە لە عێراق، ژمارەیەک شوێنەواری گرنگی وەک ئەو هەن. ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ مینورسکی هێنایەگۆڕێ، کە ئەوکات مامۆستای زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە خوێندنگەکانی پاریس بوو. من لەسەر دیاردەکانی هاوبەشمان پەیوەندیم پێوە دەگرت و ناوی «زاگرۆلۆژی»م بۆ زیندوو کردبوونەوە؛ مینورسکی گوتی ڕاپۆرتی کلمان و برزەزوفسکی جیهانگەڕ بخوێنەوە. من ئەوکارەم کرد و تا ئێستا زۆرجار ئاماژەم بەو نوسراوانە کردووە.

کلمان لە سەفەری کۆیە بۆ ڕەواندز بەمەبەستی دیتنی دەربەند، لە ڕێگای لا داوە و بە ڕێی پشت گەڵی و بە ڕۆژئاوای شاوەردا چووەتە ئەوجێیە. دوو لاپەڕەی لەسەر ئەو دیدارەی نووسیوە، بەڵام باسی هیچ شوێنەوارێکی کۆنی نەکردووە. ڕاپۆرتی برزەزوفسکی ئەوە بوو کە من لێ دەگەڕام. ئەو لە باسی دیمەنێکدا، کە لە لوتکەی پیرەمەگرونەوە دیویەتی، دەڵێ:

لە بان لوتکەی پیرەمەگروونەوە زنجیرە چیایەکی تێکەڵاوی تا ڕادەیەک بەرز دەبینی کە دیوارێکی ڕێکیان پێکهێناوە و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا دەچن. ئەوە جیا لە درێژەی ئەو زنجیرە کێوانە نییە، کە لە کۆنەوە بە «ئەزمەڕداغ» و «گۆیژە داغ»یان دەناسین. هەروەها دەبینی لە ڕۆژهەڵاتی پیرەمەگروونەوە زنجیرە چیایەکیتر جیا دەبێتەوە. ئەو زنجیرە چیایە، لە سەرەتادا شان بە شانی پیرەمەگروون دەچێتەپێش و ئەو لەت دەکەن و بەرەو ڕۆژئاوا لار دەبنەوە. ئەو ئاوانەی کە لە سوچی پێکهاتوو لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو زنجیرە چیایانەدا کۆ دەبنەوە لەگەڵ ئاوەکانی لای باشوور کە چیای پیرەمەگروون دەور لێدەدەن وەک ڕوباری تانجە، شاشە و بێستانسو بۆ دەرباز بوون ڕێگای دیجلە دەدۆزنەوە، کە ئەو ڕێگایە دۆڵی نێوان چیای دەربەند و چیای کەلارەیە،

4- Larger History of persia, London, 1915

کە بە هێڵـێکی ڕێکدا **٣٥** کـیلۆمەتر لەگەڵ لوتکەی پیرەمـەگروون مـەودایەتی. زنار و گاشە بەردی ڕاست و قیت لەسەر ئەو دۆڵەن: قـەڵایەکی تورکانیش لە لای ڕاستی زێی بچووک هەڵکەوتووە. گاشە بەردێکی تاشراو لە ڕۆخی ئەو ڕوبارە بە زارکی دۆڵەکەوەیە، کە لەو بەردە تاشراوە دەچێ کە لـە بەشی سەرووی ڕوباری «سەگ» لە نزیکی «بەیروت» دەبینرێ. ئـەو بەردە بە پێچەوانەی قـایم و پتـەو بوونی، هێندێک خـراپ بووە، بەڵام ئێستاش وێنەی پاشایەکی لەسەرە. زنارەکـە نوسراوەی لەسـەر نیە. ناوچەیەکی بەرزی شاخاوی، کە لە نێوان بين النهرين(عێراق) و ئێران هەڵکەوتووە، لێرە زۆر پان و بەرین نیە و چیاکان بە هێڵێکی ڕاست و بەباری درێژییدا بڕگە بڕگەیە. بەمجۆرە دەبێ شیوی دەربەند نزیکترین ڕێگای نێوان نەینەوا و ئێران بووبێ. ناوی ئەو ڕێگایە دیار نیـە لە ڕۆژگارانی کۆندا چی بووە؟

لەهەر هەلێک بۆ پرسین و ڕونکردنەوەی ئەم مـەسەلەیە کەڵکم وەرگرت. لەو مەئمورو مسافیرانەی کە لە ڕانیەوە دەهاتنە بەغدا پرسیارم کرد، وەڵامی هەموو لایەک بەگشتی ئەوە بوو کـە دەربەند شوێنەواری کـۆنی لێ نیـە و ئەوگـوتنە لە ئەفسـانە دەچێ. سـەرەڕای ئەوە کـە گوتنی برزە زوفسکی لەم بارەیەوە ڕاستـە کە چۆمـەکانی شاربازێڕ لە سەرووی دەربەند تێکەڵی زێ دەبن، بەڵام وەسفەکانی‌تری دەربارەی ئەم ناوچەیە دور لە ڕەخنە نین. من لە وتارێکمدا کە لە گۆڤاری جوگرافیا[٥]دا بڵاوبووەتەوە، بەو گـومانەوە نوسام، کە برزە زوفسکی کـە لە پلەی مەئمورێکی دارستان لە خزمەت حکومەتـدا بووە، بێگومان ئەو جیا لەو سەفەرەی کە لـە وتارەکەیدا نوسیویەتی، سەفەری‌تریشی کردوە و ڕەنگە ئەو نەخشـە زەقـەی لە نزیک «بەتاس» لە سـەر ڕێگای شەقـڵاوە و بۆ ڕەواندز دیبێ و چونکە دوای تیپەڕبوونی بیست ساڵ داستانی ئەو بەردەی نوسیوە، لەوانەیە توشی هەڵە بووبێ.

دوای نوسینی ئەو وتارە لە گۆڤاری جوگرافیـادا، نـامەیەکی کلـۆنێل مانسلم لە لایەن «هینکس»[٦] دەبیری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی جوگرافیایی پێگەیشت، (مانسل، ئەوکات ٧٠ ساڵی بوو):

---

٥- «یادداشتی سێیەم زنارکارییەکانی باشوری کوردستان» گۆڤاری جوگرافیا بەرگی ٧٧، ژمارەی ٤ ئاپریلی ١٩٣١.

6- Mr. Hinks



هەروەک نوسراوەی کوراب برزە زوفسکی دەڵێ: لە شیوی دەربەند دەبێ وەک نزیکترین ڕێگای نەینەوا بۆ ئێـران کـەڵک وەرگیـرابێ. دەبێ هەرواش بووبێ، چونکە ئەوە ڕێگای هەرە ئاسانی نەینەوا (مـووسڵ) بۆ ئێرانی ئەمڕۆیە. زنجیرە چیایەک، کە ڕوباری پێدا دەڕوا... لە باکـووری ڕۆژئاواوە بۆ باشـووری ڕۆژهەڵات، بە هێـڵـێکی زۆر دیار و هێندێکیش ڕاستـدا دەچێتـەپێش و لە بەردێکی ڕەش و پتـەو پێکهاتوە و لە هێڵی سنووردا بە مـەودای چەند مـایل دەشـتی بتوێن لە دەشتی پشدەر جیـا دەکـاتەوە. ئەو شێوەی کە ڕوباری پێدا دەڕوا، شیوێکی قوڵەیە و درێژایی پترلە ٤٠٠-٥٠٠ یارد نابێ. ڕێگاکە بەڕۆخی ڕاستی ڕوبارکەوە نووساوە و هەر بەمجۆرەش دەچێتەپێش و لە نێوان ڕوبار و دیواری سەخت و پتەوی زنارەکەدا شوێنێکی زۆری بۆ تێپەڕین نییە. گەڵاڵەیەکی ڕوونکەرەوە لەگەڵ نامەکە بوو، کە دەڵێ زنارەکە زۆر سەخت و قایمە و بۆ بەرگری کردن لە هەڵخلیسکانی تایـەی عـارابەو کەوتنیان بۆ نـاو ڕوبار، شەڕکـەرە ئاشوورەکان لە سەر ڕێگای خۆیان لە نەینەوا بۆ ئێران و کەم کردنەوەی ڕادەی مەترسی هەڵخلیسکان، ڕێگایەکیان بە قوڵای دوو پێ و پانایی هەشت پێ و درێژایی سەد یارد لە ژێر زنارەکە بڕیبوو. ئەوەم کە بینی، واتێگەیشتم کە لە سەردەمی کۆندا بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لێ وەرگیـراوە، کـوردەکـانی سـەردەمی ئێـستا هەرگیـز زەحـمـەت بە خـۆیـان نادەن تـا ڕێگایەکی ئاوا بەو زنارە قـایمەوە ببـڕن. دوای ئەوە، نزیک بە چل پێ بەرزایی لە بان سەرمان بە سەر زنارەکـەوە نووسراوەیەکم بە خەتی بزماریی بینی. «لەوحەکە» نزیک بە چوار پێی چوارگـۆشە دەبوو. لەبەر بەرزبوونی جێـیەکـەی نەمـتوانی نووسـراوەکـە بخوێنمەوە یا نموونەی لێ هەڵگرم. دەبووایە داربەستی بۆ هەڵبەستم بۆ ئەوەش پێویستیم بە چەند نەردیوان هەبوو، کـە بە دەسـتـەوە نەبوو. جـیـا لەوانە، ئەوکـات نەخـۆشـیی «چاوقـوڵکە» (وەبا) تەواوی ناوچەکەی داگـرتبوو و کوردەکـان لەناو ڕەشماڵەکانیاندا دەمـردن و لە ترسی گـیـرانی ڕێگا دەبوایە پەلـە بکەم، بەڵام کـاتی ئەوەم هەبـوو، کـە سەرنج بدەمە ئەو شتـانەی کە باسم لێکردن. نەخشی زەقم نەدی، تەنیا لەوحەیەکی چوار سـوچم بە زنارەکـەوە بینی کـە نووسـراوەی لەسـەر نەبوو. ئەگـەر پتر بگەڕێین لەوانـەیە لە سەرووی ئەو بەردیتریش بدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی وا بوایە لەسەر ڕێگاکەوە دەبینرا و من پێموانییە چی‌تری لێ بێ.

مەسەلەکە هەردەهات و سەرنج ڕاکێشتر دەبوو. کلـمان، بەڕواڵـەت هیچ بینایەکی کۆنی نەدیبوو و شتێکیشی لێ نەبیستبوو؛ برزەزوفسکی نەخشی زەقی ڕوخساری مرۆڤێکی

دیبوو، بەڵام بە ڕاشکاوی گوتبووی: «هیچ نوسراوەیەک لەسەر بەردەکە نییە»؛ مانسل نووسراوەی بزماریی لە سەر شوێنێکی بەرزی زنارەکە دیبوو، کە دەرەتانی لێ نزیک بوونەوەی نەبووە، بەڵام نەخشی زەقی نەدیبوو. من خۆم، کە کاتێکی پترم لەو سێ کەسانە هەبوو، هیچ شوێنەوارێکی ئاوام لە دەربەند نەبینیبوو و شتێکیشم لی نەبیستبوو. سەرلەنوێ، دەستم کردەوە بە پرسیار و لێکۆڵینەوەو بە چەند دۆستی کۆن و نزیکم ڕاسپارد کە لەو جێیەی مانسل گوتبووی بکۆڵنەوە. سەرەنجام، پێداگرتن و وەشوێن کەوتنەکەم ئاکامی بەخشی و پەیامێکم لە حەمە ئاغای ڕانیە و مامەند ئاغای ئاکۆ و سمایل ئاغای خدران پێگەیشت. ئەوان گوتبوویان «عەنتیکەکەیان» دۆزیوەتەوە. لە هاوینی ئەو ساڵەدا (١٩٣١) هەلم بۆ ڕەخسا و چوومە دەربەند. سەرەڕای ئەوەی کە پشتم ژانی دەکرد، بە ڕێنوێنی ئەوان چوومە ئەو جێیە، کە بەتەواوی بەم جۆرە بوو کە مانسل لە گەڵاڵە ڕوونکەرەوەکەیدا پێشانیدا بوو. بەسەر زنارەکەوە لەوحەیەکی سافکراوم بینی کە نزیکەی سێ پێ درێژو دوو پێ و نیو بەرز بوو. کە چاوت لێ دەکرد، نیوەی بەشی لای چەپەی هێندێک زەق بوو. جیا لەوە نەدەکرا ناوێکی دیکەی لێ بنێی. لەوانە بوو ئەو زەقایە سەردەمێک وێنەی ڕوخساری مرۆڤێک بووبێ، بەڵام شوێنەواری خەتی بزماریی لێ نەدەبینرا. لە ڕووبەڕووەوە دەرەتانی وێنەگرتنی نەبوو؛ بەڵام وێنەیەک کە لە مامەند ئاغا گیراوە، هێندێک لە بەشی لای چەپەی، بەلای ڕاست و بان سەری مامەند ئاغاوە هاتبوو. کە هاتمە خوارێ، زانیم لە کوێوە دەبێ تەماشای بکەم. ئەوکاتە قەراخی سەرووی لەوحەکەم بە زەقی و ڕوونی بینی.

بەڵام با بگەڕێینەوە ساڵی ١٩٢٢، ڕەنگە سەفەری هەرە سەرنج ڕاکێشم ئەو سەفەرە بێ کە لە ماوەتەوە دەچوومە سلێمانی. لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ، وەزعی ناوچەکە بە شێوەیەکە، کە دەکرێ بڵێین «شەپۆلاوییە»، بەڵام نەک شەپۆلی ئاوی دەریا، بەڵکو شەپۆلی داربەڕوان کە بەرەبەرە لەناو دەشتەکاندا سەر دەردێنن. ڕێگای ئاسایی، ئەو ڕێگایە بوو کە لە ئالانی ئێرانەوە تێدەپەڕی و زنجیرە چیایەکی بەرز و زۆر لێژ بەناوی «بایندروێ» ئەو لە دۆڵی «کەلۆێ» جیا دەکاتەوە. ئەوکات، تەواوی ئالانی ئێران لە دەست «میراودەلی»یەکاندا بوو، کە زۆربەیان سەربە بنەماڵەی بابەکر ئاغا بوون. هەباسی سەلیم ئاغای، برای بابەکر ئاغا، لەگەڵ ژمارەیەک سوارە هاتنەلام و شەو لە «گەرماوان» میوانی بووین. گەرماوان نموونەیەکی باشی ئەو شتەبوو کە من زۆرجار لە سەفەرەکانی سەرسنوورمدا دیبووم: تەنانەت لەو جێیانەی کە سنوور وەک ئێرە جیا لە



هێڵێکی خەیاڵیی شتێکی‌تر نەبوو و خەڵک بەبێ گیروگرفت و ئیزن وەرگرتن لە هەردوو لا لێی دەپەڕنەوە، بەگشتی هەست بەکەیفیەتی بەشی ئێرانیی ئەو ناوچەیە دەکرا، ئەویش نیشانەی پەیوەندی ئەو خەڵکە لەگەڵ شارستانیەتێکی بەرزتر لەو بەشەی سەربە تورکان بوو. وەستاکاری لێزان و شارەزا خانووەکانیان ساز کردبوو. باخەوانەکان پتر شارەزای کاری خۆیان بوون و ڕازاندنەوەی ناو ماڵەکانیان، جوانترو ڕێکوپێک‌تر بوو...و هتد.

بەیانی ڕۆژی دوایی، لە زێ پەڕینەوە و لە «تەییت» لە دوو مایلی سەرووی دووئاوی قەڵاچوالان بە چەپەرێکدا (پردی دار) کە هەباس ئاغا لە بەردی بناخەی کۆنە پردێکی ڕوخاووی بەستبوو، هاتینەوە عێراق. لەو نزیکانە، بناخەی پردێکی کۆنتری لێیە، کە هاوسەفەرەکانم، ئەفسانە ئاشناکەی دوو دڵدارەکەیان لێ دەگێڕاوە. ئێستا، لە وڵاتی سەوز و شاخاوی و نزاری ماوەت بووین. ئەو وڵاتە دیمەن جوان و ڕازاوەیە، سەرنجی جیهانگەڕە ئینگلیزەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا بوو. ڕێگا، دوای تێپەڕبوون لە گوندێک کەناوی لەسەر ناحیەکە بوو، شۆڕ دەبێتەوەو دێتە ناو کێڵگە پان و بەرینەکەی «قەشان». لێرە، ڕوباری قەڵاچوالان کە بەرەو باکور دەچێ، لەپڕ بەبێ هیچ چەشنە کۆسپ و هۆیەکی دیار، ڕێگای سروشتی خۆی دەگۆڕێ و بە لای ڕۆژئاوای چیادا دەڕوا؛ دوایی بە دۆڵێکی تەنگی لای ڕاستیدا دیسان ڕوو لە باکور دەکاتەوە. لە ڕاستیدا، تەنیا بەشێکی چیاکە دەبڕی و دەگەڕێتەوە سەر ئەو شوێنەی کە بەجێی هیشتبوو. لە «قەشان»، پردێکی جوان و دوو سێ پردی ڕووخاوم دی، کە دەیانگوت یەکێک لەو پردانە لەژێر زەختی هێزی سوپای نادر شادا ڕووخاوە.

ئەو سوپایە، دوای گەمارۆ سەرنەکەوتووەکەی بەغدا، بە کەرکووکدا گەڕابووەوە. هێندێک دوای پەڕینەوە لە ڕوبارکەو هاتنمان بۆ ڕۆخی چەپی، گەیشتینە ناو کوچە باخێکی درێژو پڕلە داری بەرز و ئەستووری بەڕوان، کە لق و پۆپەکانیان لە هەوادا لێک هاڵابوون و بە شێوەیەک بوون کە کۆشکی هەر خاوەن موڵکێک لە ئینگلیستان شانازییان بە بوونیان دەکرد. ڕێگا لە چوار مایلی سەرووی دووئاوی «سیوەیل»، لە شوێنێک بەناوی «کونەماسی»، بەرەو ڕوبارەکە دەگەڕێتەوە. کونەماسی ژمارە کانیاوێکی جوانە، کە بەسەر دیمەنی جوانی دەشتەکاندا دەڕوانێ. دوای بەجێهێشتنی ئەو ناوچە سەختە، ئیتر ئێرە خۆش و ماندووگر بوو. جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەگەر بیست مایلی دوایی ڕێگاکە تا سلێمانی بە گەرووی «قەیوان»دا سەخت و پشوبڕ بێ.

لە گەڕانەوەماندا بیست و پێنج مایلمان پێوا و لە جیاتی قەڵاچوالان، بە پردی قەشاندا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا و گوندی «قامیش»ی سەربە شینکی[٧]یەکاندا ڕۆیشتین. ئاغای ئەو دێیە بەناوی ئەمین بەگ، کە سەربە بەگزادەکانی میراودەلی بوو میوانی کردین. بەیانی ڕۆژی دوایی، هەوساری ئەسپ و هێسترەکانمان گرت و بە ڕێچکەیەکی زۆر بەرزدا وەسەر کوڕ کوڕ (٨٠٠٠ پێ) کەوتین. لەبیرمە، لە لوتکەی چیاکەدا گەیشتینە جێیەک کە لە زارکی چیای گڕکان دەچوو: نێو ئەو زارکە، وەک دەریایەکی قوڕ بوو کە ڕۆژگارێک لە خرۆشدا بووبێ و بە شکڵ و وێنەی خەیاڵیی نەخشیان بەستبوو و وشک ببوون. شۆڕبوونەوەمان بەرەو گوندەکانی «کانی توو» و چناران، لە ناحیەی مەرگە تەنانەت دژوارتر لە سەرکەوتنمان بوو. ئەوانە گوندی بەگزادەکان بوون. لە «کانی توو»، کە جێیەکی خۆشە شەوێک ماینەوە. ئەو ڕێچکەیە بە گومانم لێژترین ڕێگا بوو، کە لە تەواوی سەفەرەکانمدا پێیدا هاتمە خوارێ.

دیدارێکی بەپەلەم لە ناودەشت کرد. ڕێگای ئاسایی بۆ ناودەشت بە سەر گاڕفێندا تێدەپەڕێ و دەگاتە گوندەکانی «گرتک» و شەهیدان. شەهیدان بە شێوەیەکی تایبەتی سەر بە عەشیرەتی ناودەشت نییە، بەڵکوو هی «ئاکۆیەکانی بن زێڕی» ڕانییە. ڕێگا بە گەروویەکدا دەچێتە ناو تەپۆلکەکانەوە. لێرە گۆڕستانێکی گەورەم بینی و لە نێوان بەردی قەبرەکاندا چاوم بە کێلی قەبرێک کەوت کە سێ کەوانە و خاچێکی لەسەر هەڵکەنرابوو. ڕێگا زۆرجار سەروخوار دەکات و لە ڕوبار دەپەڕێتەوە و بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێ و سەرەنجام هێندێک لە سەرووی یەکگرتنەوەی دوو شیوی چوکی ناودەشتی ئەسڵی و «شاڕوش»، سەرەتا بەهۆی زنجیرە پلەکانێکی بەردیی و دوایی بە ڕێگایەکی پڕ لە هەڵدێردا دەچێتە سەر بەرزاییەک بە ناوی«زینوێ گرتک».

لە گرتک گوندی «کومتان»ی سەربە مەندەمەڕ، لە «بایەوان» سەربە خێڵە دیمەنێکی شاخاوی جوانمان لە پێش بوو. دوو کوێخای سادە، بە گەرمی پێشوازییان لێکردین. دوای دیتنی حەمە ئاغای خێڵە لە گوندەکەیدا بەناوی «بۆڵە»، بۆ پشوودانی شەو گەڕاینەوە یەکێک لەو گوندانەی کە ناوم هێنان. لە بەرزاییەکانی «بۆڵە»وە دەمانتوانی ناو دۆڵی شاڕوش و ئەوبەری سنوور ببینین. گوندییەکانی ئەو ناوچەیە، زۆر سادە و سەرەتایی بوون و لەو باوەڕەدا نیم کە لە تەواوی ئەو ناوچەیەدا دوو خوێندەوار هەبێ. جێگری حاکمی

---

٧- دەڵێن، ئەو شینکییانە پەیوەندییان بە شینکییەکانی بازیانەوە نییە.



سیاسی پێشو، کە من جێی ئەوم گرتبووەوە، گیروگرفتی زۆری لەگەڵ «باوبێ»یەکان هەبوو؛ ئەو، سەرۆکی ئەو عەشیرەتەی بەناوی غەفور خان لەناو قەڵاکەیدا لە «لێوژە» گەمارۆ دابوو و من وام بە چاک زانی کە کەسێکی «دژی گوللە» بکەمە مودیری ناحیە. بەڵوڵ ئاغا، سەرۆکی «مەندەمەڕ»ییەکانم، بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی کوڕە گەورەکەی واتە «کانەبی» دیاریکرا. بەڵوڵ ئاغا پیاوێکی خۆش مەشرەف و بەگوێ و بەخۆوە بوو و لە تاقیکردنەوەدا دروستبوونی ئەو هەڵبژاردنە پێشان درا. چونکە بۆخۆی و کوڕەکەی نەخوێندەوار بوون، ڕەشیدی سدقی برای مودیری مەرگەم کرد بە جێگریی. ئەوە سەرەتای سەردەمێکی درێژ لە خزمەتی بەکەڵکی ئەو کەسە بوو لەو ناوچە سەخت و دژوارەی کوردستاندا.

وەک هەمیشە، چاوم بە دوای شوێنەوارە کۆنەکانەوە بوو. گوتیان دوو کەنیسەی کاول بووی مەسیحیەکان هەن کە بایەخی دیتنیان هەیە: یەکێکیان بە ناوی «مازون» لە پشت بۆڵە و ئەوی تریان «سالوت» لە نزیک «پشت ئاشان» لە شاڕوش، بەڵام کاتی دیتنی ئەوانم نەبوو. چەند چیرۆکم دەربارەی باڵندەیەکی بەردیی بیست، کە دەیانگوت شوێنی گەنجی خاککراوە لە خاکی مەندەمەڕییەکاندا. بڕیارمدا، لە گەڕانەوەمدا بیبینم. لە «کومتان»ەوە یەکڕاست بە ڕێچکەیەکدا، لە «زێڕناکو» سەرکەوتین، کە دیواری بەشی باشووری ڕۆژئاوای دۆڵی ناودەشت پێکدێنێ. خۆرەتاوێکی خۆشبوو؛ کاتێک لەبان ئەو کەلەوە، کە پێن جەهەزار پێ بەرزاییەتی، پشت سەرت تەماشا دەکەی، دیمەنێکی بەڕاستی جوان بەسەر شیو و دۆڵە پان و بەرینەکانی داپۆشراو بە دار و دەوەن دەبینی، کە بەرەو قەندیل هەڵدەکشێن و تۆڵەی ڕەنجێ ڕێگا دەکەنەوە[٨]. دوایی بە ئاودڕە ڕەش و

---

٨- نووسینی ناوی دروستی بەشە جیاوازەکانی زنجیرە چیای سەرسنور کارێکی دژوارە. نووسراوەی خوارەوە، بەرهەمی لێکۆڵینەوەی سەفەرێکی دیکەمە، کە لە کاتی چوونەسەر «کۆگز» لە ناوچەکەدا کردوومە. هەروەها، هێڵی سنوریشم بەپێی بڕیاری دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤، لە نێوان ستونەکانی ١١٧ و ١١٨ نووسیوە، کە لە نەخشەی یەکێک لە سەد هەزاری وەزارەتی جەنگدا هاتووە: لوتکەی **٩٣٣٧** (لەو جێیەوە کە هێڵی سنوور، لە باشوورەوە هاتووە و ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکات) کرتلە؛ لوتکەی ١٠١٥١ گەلاڵەیە (دروست نوسراوە)؛ مارموتیش دروست نووسراوە لە نەخشەدا؛ لوتکەی ١٠٤٦٥، سەری ساوەیە؛ لوتکەیەکی تر کە دوو و یەک چوارەمی مایل بەلای باشوور و دوای شێخ شاوەرە؛ لوتکەی١١٣٢٤ کوگزە؛ لوتکەی ١١٨٠٧، کۆچ باشە، نە حاجی برایم؛ لوتکەی سەرسنور، لە دوو و یەک چوارەمی مایلی باشووری ڕۆژهەڵاتی دوا لوتکەی قەندیلە=

بۆرو بەرز و دڵگرەکەی «دووگۆمان»دا هاتینە خوار. ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت بە زناری لای ڕۆژهەڵاتەوەن. لە جێیەکی بەرز لەسەر یەکێک لەم ئەشکەوتانەوە گاشە بەردێک دەبینرێ کە لە جەستەی هەڵۆ دەچێ. باڵەکانی کراوە و سەری شۆڕ کردووەتەوە. بەڕای من ئەوە شێوەیەکی سروشتییە، بەڵام خەت و خاڵی لەش و جەستەی زۆر ڕونن و شێوەی لور بوونەوەکەشی زۆر ڕوونە. سەری هەڵۆ ڕووی لە ئەشکەوتێکی ژێرێتی، کە دەڵێن گەنجێ لێ چاڵکراوە. تەختە بەردێکی لاکێشی گەورە بە زارکی ئەشکەوتەکەوە نووساوە. لەو تەختە بەردە سەرکەوتم و چوومە نێو ئەشکەوتەکە. ئەشکەوتێکی بچووکە. باش نەمزانی بەشێک لە دیوارەکەی سروشتییە یا بە وتەی خەڵکی ناوچەکە «بەردکاری»یە و بە بەرد و قسڵ دانراوە، کە وەستاکارە ئێرانییەکان ئێستاش لەو کارەدا شارەزا و بە ئەزموونن.

ئەو ڕووداوانەی کە لە فەسڵی داهاتوودا ئاماژەیان بۆ دەکەم، بەرنامەی دیدارێکی‌تری ئەو ئەشکەوتەیان لێ هەڵوەشاندمەوە، کە دەمویست بە پاچ و پێمەرەو تەقەمەنی بۆی بچم.

= گچکەیە. ناوی قەندیل بە گشتی تەواوی زنجیرە چیاکە دەگرێتەوە، لە سەری ساوەوە تا قەندیلە گچکە و بەتایبەتی کۆگز کە بەرچاوترین لوتکەی قەندیلە، بەڵام بەرزترینیان نییە. لوتکەی ١٠٣٠٤، کە لە ئێران و باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆچ باشە، بە سەری گابەڵەک دەناسرێ و ناوێکی بە ناوەڕۆکە. بەڵام زنجیرەی جێگرتوو لە نێوان لوتکەی ١٠٣٠٤و لوتکەی ٩٢٤٠دا، کێوی حاجی برایمیشی پێدەڵێن. ئەو ناوە، لە قەبرێکی ناو شیوەکە وەرگیراوە.



## ١٧- کاروانی ڕانیە - ڕانیکۆڵ[1]

شکانی کاروانی ڕانیە، لە ڕاستیدا ڕووداوێکی چوک بوو و لەمێژە لەبیر کراوە؛ بەڵام وەک بەسەرهاتێک لە ژیانی کارگێڕێکی سیاسیدا، کە بە بیروبۆچوونی خۆی حکوومەت دەکات، هەرچەندە ڕووداوەکە نائاسایی نەبوو، لە بابەت پان و بەرین بوونییەوە سەرنج ڕاکێش بوو. ڕەنگە بتوانم بەسەرهاتی ئەو ڕووداوە بە هێنانەوەی چەند بەشێک لە ڕاپۆرتی کۆمیسێری باڵا بۆ وەزارەتی کلۆنیالیستی دەربارەی وەزعی ئیداریی و حکوومەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ بگێڕمەوە و دوایی بە وردی و دوورودرێژیی باسی بەشە جیاوازەکانی بکەم. ئەگەر هێندێک جار، نووسینەکانم واپێشان دەدەن کە هێرش دەبەمە سەر نوسینگەی فەرماندەی گشتی بەغدا، ئەو کردەوەیە لەم کاتەدا کە ماوەیەکی زۆر بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕیوە، لەسەر بنەمایەکی تایبەتی نیەو بەو مەبەستەش نییە، کە چاکە و خراپەکانیش دابەش بکەم. تا ئەو جێیەی بۆم بلوێ بەسەرهاتەکە لە چوارچێوەی ئەو یاداشتانەدا دەگێڕمەوە کە لەو سەردەمدا نووسیومن و دەمەوێ وێنەیەکی دروست لە ڕووداوەکان بڵاوکەمەوە، کە کەوتووەتە بەرچاوی یاریکەرێک، کە بۆخۆی لە مەیداندا بووە. نووسراوەی خوارەوە، ڕاپۆرتی ڕەسمی ئەو ڕووداوەیە:

لە ژوئیەی ١٩٢١دا، ئاژاوەگێڕانی سوپای تورک لە گروپی بچووکی سەربازیدا لە سنوری ڕۆژهەڵاتی عێراق عەشیرەتەکانیان بۆ سەربزێویی هاندا. ئەو کردەوەیە لە باشور تێکەڵاوی «پەلامارو دەست وەشاندن» بوو. لەناو عەشیرەتەکانیشدا بۆ ئەم مەبەستە پڕوپاگەندە دەکرا...... گومان و دوودڵی سەبارەت بە داهاتوو، تیشک و ڕەواجی دابوو بەبازاڕی «گێرە شێوێنەکان» و ژمارەیەکی زۆری لە دەربڕینی بیروڕا دوور خستبۆوە، کە گەڕاندنەوەی حکوومەتی عوسمانییان بۆ ئەو وڵاتە بە بەڵایەکی مەزن دەزانی....

ڕۆژی ١٧ی مارسی ١٩٢٢، حکوومەتی ئەنقەرە ئەرکی قایمقامی ڕەواندزی بە یەکێک لە پیاوەکانی خۆی بە ناوی «ڕەمزی بەی»[2] سپارد و ئەوی نارده ئەو ناوچەیە. ئەو کابرایە، هەرکە لە کۆتایی مانگی مایدا پێی گەیشتە ناوچەکە، لەناو عەشیرەتەکاندا ڕایگەیاند کە لە کاتێکی زودا هێزێکی مەزنی یاریدەدەر لە تورکیاوە دێت و سلێمانی،

1- Ranicol
2- Ramzi Bey

کەرکووک و هەولێر لەچەنگ ئینگلیزەکان ڕزگاردەکات. دوای ئەوە، لە نێوەڕاستەکانی مانگی ژوئیندا، سەرهەنگێک بەناوی عەلی شەفیق ناسراو بە «ئۆزدەمیر»[3] هات... کە دەبووایە لە پلەی ئاژاوەگێڕێکی سەربازیدا، نەخشی گرنگ بۆ هاندانی خەڵک لە ناوچەی سەرسنووردا بگێڕێ. ئەو کەسە ڕایگەیاندبوو، ئەرکی گرتنەوەی سەرلەنوێی تەواوی پارێزگای مووسڵی لە ئەستۆیە.

لە کۆتایی مانگی مایدا کردەوەی هاندەرانەی تورکان لەناو سەربزێو و هەڵگەڕاوەکاندا دەستکەوتی هەبوو. سەرۆکی کوردەکانی جەباری لە نزیک چەمچەماڵ، هێرشی کردە سەر مودیری ناحیە و ئەوی بریندار کرد و دوای ئەوە ژمارەیەک چەکداری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. ئازایەتیی ئەو، بۆ هەمەوەندە یاخییەکان بە سەرۆکایەتی کەریمی فەتاح بەگ، کە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحموود کەوتبوو، بە نیشانەی دەست پێکردنێکی نوێ بوو. ئەو کەسە دوای ناردنی چەند نامەی هەڕەشەکەرانە بۆ جێگری حاکمی سیاسی ناوچە، وای پێشاندا بوو کە دەیەوێ لەگەڵی ڕێککەوێ و داوای کردبوو کاپیتان «بۆند» و کاپیتان «مکنت» فەرماندەکانی هێزی «ڕێکوپێکی ناوچەیی» ڕۆژی ١٨ی ژوئین لە کەلی ڕازیان ببینێ. هەرچەندە، سەرۆک عەشیرەتەکانی لایەنگری حکوومەت بەو دوو ئەفسەرە ڕادەگەیەنن کە پیلانێک لە ئارا دایە، بەڵام ئەوان گوێ نادەنە قسەکانیان و بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە هەر هەلێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە ڕێگای ئاشتییەوە بقۆزنەوە و داوای کەریمی فەتاح بەگ بەجێدەگەیەنن. پێشوازیکردنی گەرمیی کەریم لەم دووانە جێگای شکوگومانی نەهێشتبۆوە، بەڵام هاوڕێیانی لە پشتەوە تەقەیان لێکردن. لە ئاکامی ئەو کردەوەیەدا، سەرۆکی هەمەوەندەکان لەگەڵ جەبارییەکان کەوت و شەڕی چەکدارانە هەڵگیرسا.

بۆ ماوەی پتر لە مانگێک، «هێزەکانی ڕێکوپێکی ناوچەیی» بە یارمەتی هێزی هەوایی، لەناو چیا و بەندەنە چڕەکاندا بەشوێن دوژمنەوە بوون... لە کۆتایی مانگی ژوئیندا ئاگادار کراین کە کەریم چووەتە باکور تا پەنا بۆ تورکان بەرێ. «هێزەکانی ناوچەیی»، کە بەشوێن دوژمنەوە بوو، لە زێ پەڕییەوە و چووە ناحیەی ڕانیە و پشدەر و بابەکری لە حاڵێکدا دیتەوە کە بەتەواوی لەژێر گوشاری عەشیرەتەکەیدا بوو. تورکان گوشاریان خستبووە سەر عەشایری سەر بە بابەکر ئاغا لەو بەری سنووری ئێران، کە

3- Oz Demir



هێرش بکەنە سەر بابەکر. ژمارەیەک بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە هاتبوون، بەڵام چوونی «هێزەکانی ناوچەیی» هەلی بۆ بابەکر ڕەخساند کە سەرلەنوێ خۆ بگرێتەوە.

پێویست بوو بەو کاروانەی هێزی ناوچەیی ڕێگا بدرێ تا ئەندامانی کە بەهۆی هەوڵی زۆر لە گەرمای پشوبڕی هاویندا شەکەت ببوون، ماوەیەک بحەسێنەوە و خۆیان ڕێک بخەنەوە. بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە، کاروانەکەیان ڕۆژی ٩ی ئەوگوستی نارده سلێمانی. ئەو پاشەکشەیە هاوکات لەگەڵ زنجیرە ڕووداوێکیتر وەزعەکەیان پتر ئاڵۆز کرد. هاتنی کەریمی فەتاح بەگ بۆ ئەم گۆڕەپانە، «کەمالی»یەکانی بۆ هاوکاریی عەشیرەتیی هاندا. گرووپە بچووکەکانی تورک، لە باشوورەوە بەرەو سنووری ڕانیە کەوتنەڕێ و لەوێ پشدەرییەکانی دژ بە حکوومەتیان لەگەڵ کەوتن و هەرچەندە کە هێزەکانی هیندیی ڕۆژی ٢١ی ئەوگوستی گەیشتنە ڕانیە و هێزەکانی ناوچەییان بەهێز کرد، بەڵام ئەوکارە نەیتوانی پێش بە هەڵگەڕانەوەی عەشیرەتە نەیارەکانی حکوومەت بگرێ. ئەو کەسانەی کە فریوی دەنگۆی هاتنی هێزی یاریدەدەری تورکانیان خوارد بوو، هەر دەهاتن پشتیان بە تورکانەوە گەرمتر دەبوو. هێزە ئینگلیزەکان ڕۆژی یەکی سێپتەمبەر لە ڕانیە پاشەکشەیان کرد.

دەزگای پاراستنی ڕەواندز زۆرباش ڕێکخرابوو، من دەمتوانی ڕووداوەکان لەگەڵ دەستپێکردن ڕاگەینم: یەکەم هاتنی «ڕەمزی» و دووەم هاتنی گرووپێک ئەفسەر بە تۆپێکی سەحرایی و ژمارەیەک فیشەکی چەکی سوک بۆ بڵاوکردنەوە. چەند نامەیەکم دەستکەوت کە «فەرماندەی بەرەی جەزیرە» بۆ کەسایەتیە گرنگەکانی ناوچەی نارد بوو. لەو نامانەدا گوترابوو، ویلایەتی مووسڵ ناچێتە سەر خاکی عێراق و لەو کەسانەی کە نامەیان بۆ چووبوو، داوا کرابوو کە لەگەڵ «خەزا» کەون. ڕوونووسێکم لە دوا بەندی یەکێک لەو نامانە ڕاگرتووە:

تەواوی هاودینەکان پێویستە بۆ گەیشتن بەو یەکێتییە هەوڵ بدەن کە حکوومەتی عوسمانیی بیری لێکردووەتەوە... بۆ ئەوەی دینداره ڕاستەقینەکان بتوانن دیسان نەفەسێکی ڕاحەت بکێشن. کەم بوونی تەقەمەنی و پێداویستەکانیتر لەبەر چاون و لە داهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێن. خودا سەرکەوتن بەنسیب ئێوە خەباتگێڕانی دینێک بکات کە خوێنی خۆتانی پێشکەش دەکەن. نەعلەتی خودا لە تەواوی ئەو کەسانە بێ کە دینی خۆیان بە ئینگلیزەکان فرۆشتووەو هەروەها نەعلەتی خودا لە فەیسەڵ و

لایەنگرانی بێ. ئامین.

هاتوچۆی پەیتا پەیتای جاسوس و ناردراوەکانی نهێنی لە نێوان ڕەواندز و پشدەر و هەوارگەکانی سەرسنوور لە خاکی ئێراندا درێژەی هەبوو. بەربەرەکانیی دژی ئاژاوەگێڕیی کارێکی زۆر دژوار نەبوو، بەڵام کوشتنی «بۆند» و «مەکنت» لە ١٨ی مانگی ژوئیندا، زەبرێکی قورسی لە ئابڕووی دەزگای حکوومەتدا بوو و ئەو کردەوەیە لە هەلێکی نارێکدا ڕوویدا بوو. لە ٢٠ی ئەو مانگەدا، بروسکەیەکم نارد:

> بە هۆی ئاڵۆزیی ناوچەی چەمچەماڵ و جموجۆڵی ئاژاوەگێڕانە لە ڕەواندز، کە من هێشتا بە دروستی چۆنیەتییەکەم بۆ ڕوون نەبووەتەوە، هەڵسوڕانی پشدەرییەکانی دوژمن گرنگیی بەخۆیەوە گرتووە و ڕەنگە ئەو ڕووداوانە پارسەنگی وەزعی ناوچەکە تێکبدەن. لێرەدا باسی چوارچێوەی گشتیی ئەو کارانەم کرد، کە دەبوایە ئەنجام بدرێن و داوای پشتیوانییپتری نهێنیم کرد.

هاتنی ئۆزدەمیر لە ٢٣ی مانگی ژوئین، لە پلەی «فەرماندەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی» نیشانەی توندوتیژ بوونی هەڵسوڕانی دوژمنکارانە بوو و مەبەستی ئەو هەڵسوڕانەش تەنیا ڕانیە نەبوو، بەڵکو کۆیە و ناوچەی خۆشناوەتی و هەولێریشی دەگرتەوە. لەبەر ئەوە لە ٢ی مانگی ژوئیندا، یاداشتی خوارەوەم بۆ گلدسمیت و کۆمیسێری باڵا نارد و وەزعی ناوچەکەم بە کورتی بۆ ڕوون کردنەوە:

> نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر، ئاغا نارازییەکانی پشدەر لیژنەیەکی چوار کەسیان ناردووەتە ڕەواندز تا ڕای تورکان سەبارەت یارمەتی کردنیان بۆ خەبات دژی ئینگلیز ڕابکێشن. لە دەوروبەری ٢٨ی مانگی ژوئێن، سێ ئەندامی ئەو لیژنەیە، هەرکام بە ٥٠٠ دانە فیشەکی دەمانچە گەڕانەوە، کە بە دیارییان وەرگرتبوو و نامەیەکیشیان لەسەر کاغەزی ڕەسمی پێ بوو، کە تێیدا نووسرابوو «فەرماندەی ئۆمەتی ئیسلامی فەلەستین و سوریا» و «فەرماندەی ئۆمەتی ئیسلامی عێراق و کوردستان» ژێریان ئیمزا کردبوو. لەو نامەیەدا گوترا بوو، خزمەتی ئاغاکانی پشدەر بۆ شەخسی مستەفا کەمال و جەودەت ڕونە و ئەوان تا ئێستا لەبەر سەرقاڵ بوونیان بەشەڕی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە نەیانتوانیوە یارمەتیان بکەن، بەڵام ئێستا دەستیان ئاواڵەیە و بۆ یارمەتی کردنیان بەزووترین کات ئەحمەد تەقی «نوێنەری کوردستان» بە ٥٠ سەربازەوە دەنێرنە «وەزنێ» لە خاکی ئێران، نزیک ستونی ژمارە ١١٦ی سنوور. بابەکر ئاغا، لەم باوەڕە دایە، کاتێک ئەحمەد تەقی بێ، ئاغا نارازییەکان بۆ ئەوەی کە خۆ زەق بکەنەوە، کارێک ئەنجام دەدەن و ئەو «کارەش» ڕەنگە پەلاماردانی دەربەند بێ. داستانی ئەو ٥٠ سەربازە بێگومان گوتنێکی خەیاڵییە، بەڵام ئەو ڕاستییەش لەجێی خۆی دەمێنێتەوە، کە تورکەکان ئێستا لەگەڵ بەشە نارازییەکەی پشدەر لە پەیوەندی دان و ئەو ژمارەیەش بۆ ئاشکراکردنی دژایەتی خۆیان پێویستییان بە دڵگەرمیی پتر هەیە. ڕووداوێکی ئاوا نیشانەی کێشانە مەیدانی نارازییەکانیترە، کە ئێستا ئارامن. تا ئەوکاتەی، کە ئەو پشدەرییانە بێ سزا بمێننەوە، ناوچەکە هەروا بێ سەروبەرە دەمێنێتەوە. ئەو ژمارەیە، ئێستا لە چیاکانی ئەوبەری سنوورن و بە پێی هەلومەرج باشترە ئەگەر بتوانین زوو دەست بەکار نەبین، بەڵام لە پاییزدا عەمەلیاتێک دژی ئەوان پێویستە. بەمجۆرە، ئەوان بۆ ئاژاوەگێڕان و گێرەشێوێنی لە هاویندا و دوای هەڵگرتنەوەی بەرهەم بەهێزو توانان. لەو حاڵەدایە کە تەواوی نارازییەکان بۆ ڕاپەڕین و سەربزێویی چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو دەبن. لەبەر ئەوە، ئاڵۆز بوونی وەزع لە «شاوەر»، «ناودەشت» و پشدەر پێویستیی بە ئامادە کردنی بە پەلەی هێز هەیە.

چەند ڕۆژ دوای ناردنی ئەم یاداشتە و گەیشتنی کۆمەڵە هەواڵێکیتر لە هەڵسوڕانی ئۆزدەمیر، داوام کرد شاری ڕەواندز بۆمباران بکرێ و عەمەلیاتی ترساندنیش لەسەر ناوچەی پشدەرییەکان ئەنجام بدەن و بە زووترین کاتیش هێزی پیادە بنێرنە دەربەند؛ هەروەها گوتم ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە سیاسەتی بێدەنگیی وەلا نێین. هاوکارەکەم لە هەولێر، کاپیتان «دابلیو. ئا. لاین»[٤]، کە وەک من هەستی بە ئاڵۆزیی وەزعەکە دەکرد، تێڕوانین و داواکانی خۆی خستە سەر داواکارییەکانی من[٥]. کۆمیسێری باڵا، بە تەواوی ئاگای لە ڕادەی ناسک بوونی وەزعەکە هەبوو، گلداسمیت لە سلێمانی و بوردلین لە «لیژنەی نوێنەرایەتی بەریتانیا لە بەغدا»[٦] شێلگیرانە پشتی

---

4- W.A. Lyon

٥- هەرچەندە بە گوێرەی پلەی بەرپرسایەتییم کاتێک نامەم بۆ کارگێڕی سیاسی سلێمانی دەنووسی ڕوونووسی نامەکەشم دەنارد بۆ کۆمیسێری باڵا، ئەو بەچەشنێک لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانە ڕەفتاری دەکرد، کە دەتگوت ڕاستەوخۆ ڕوی قسەکانم لەو بووە.

6- Residency

هەوڵەکانی منیان دەگرت، بەڵام کاتێک باسی ڕاگواستنی هێزەکانو عەمەلیاتی هەوایی دەکرا، دواقسە بە نوسینگەی فەرماندەی گشتی بوو کە بزواندن و جوڵاندنی زۆر دژوار بوو. سەرەنجام فەرماندەی گشتی لەگەڵ بۆمبارانی ڕەواندز هاودەنگی کرد، بەڵام سەبارەت بە ناردنی هێزی پیادە و عەمەلیاتی ترساندن لە ناوچەی دوورتردا بێدەنگ مایەوە. هێرشی هەوایی ڕۆژی دە و یازدە بە هێزێک ئەنجامی گرت، کە ئەوکات بە هێزی گەورە دەژمێردرا و لەوە دەچوو دوو سکادران بەشدارییان تێدا کردبێ. من بێخەبەر لە ڕادەی شوێن دانانی بۆمبارانی هەوایی لە ناوچە شاخاوییەکاندا، هیوایەکی زۆرم بەو عەمەلیاتە هەبوو، بەڵام کاتێک یەکەم ڕاپۆرتی زەویی بۆمبارانەکەم بینی، زۆری پێ تێکچووم. ئەوکات شتێک بەناوی «نیشانەبین» (دووربین) لە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکاندا نەبوو یا ئەگەر شتێکی وا بووبێ، نەیاندابوو بە سکادرانەکانی عێراق. بەڵێ، زۆربەی بۆمبەکان دوور لە نیشانەکان، بەسەر چیاکاندا کەوتبوون؛ هیچ شوێنێک ئاگری نەگرتبوو، دیواری چوار خانووی قوڕینی زیانیان دیبوو و سەربازێکی تورکیش بریندار ببوو.

بەگوێرەی بارودۆخی ناوچەکە، وەک پێشو خەریکی هەڵسوڕان و بەرگری کردن بووم و لە وەڵامە گومان هەڵگرەکانی بەغدا، کە دەکرا چۆنیەتییەکەیان لە نامەکانی من دەرکێشرێت، لەوانم دەویست وەزعەکە هێندێک جیددیتر بگرن.

**بروسکە** : ١٦ی ژوئیە، دەربارەی نەناردنی فڕۆکە زۆر بەداخم. ئەگەر پێویست نەبا داوام نەدەکرد. خەریکی کۆکردنەوەی «لەشکری» عەشایرییم، بەڵام دڵنیا نیم کە بەبێ پشتگرتن لە لایەن حکومەتەوە بتوانم پێش بە پەرەسەندنی سەربزێویی بگرم. ئەگەر دەرەتانی هەڵفڕین بەسەر هێڵی ساوان- گەرماوان واتە بەسەر هەوارگەی پشدەرییەکان لەوبەری هێڵی سنووردا نەبێ، هەڵفڕینی ترساندن بەسەر دەشتەکاندا بەکەڵکە. مەترسی ئەوەی نیە کە عەشایر فڕۆکەی ئێمە بەجێگەی فڕۆکەکانی تورک بگرن.

**بروسکە** : ١٧ی ژوئیە، بەڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنم، بە مەسڵەحەت نییە کە دژوارییەکانی ئێستای ڕانیە بە چەشنی شانۆیەک هەڵسەنگێنن... ئۆزدەمیر، بەو مەئموورییەتە ئاشکرایەوە هاتووە، کە عەشایر بۆ «ڕاپەڕینی نەتەوەیی» ڕێک بخات،. ڕادەی سەرکەوتنی ئەو دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دژی هەڵسوڕانی ئەو. ناوچەی هەرە لاوازی ئێمە... پشدەرییەکانن کە ئێستا ورەیان بەرزە و پێویستیان بە ڕێنوێنی کردن نییە.



من هەمیشە لەوە نیگەرانم کە نەکات دانیشتوانی ئەو ناوچە لاوازە ڕاپەڕن و لافاو وەڕێ خەن. هەرکە یەکەم ڕاپەڕین سەرهەڵ بدات، دیار نییە تا چ ڕادەیەک بڵاو دەبێتەوە و وڵات دادەگرێ. خۆشحاڵ دەبم کە ئەگەر بزانم کاربەدەستانی بەرپرس ئامادەن بۆ پوچەڵکردنەوەی مەئموورییەتی ئۆزدەمیر هەنگاو هەڵگرن؟ ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕەن... ڕێگای هەرە باش بۆ ئەم کارە ئەوەیە، کە بە ئەنجام دانی مانۆڕی بەکات، بەهێز و تواناوە نەهێڵین عەشایر پردی پشت سەری خۆیان بڕووخێنن و بەختی خۆیان لە بەختی تورکان هاڵێنن.

هەر ئەو ڕۆژە، لە نامەیەکدا، نیوەڕۆکی بروسکەکەم بە درێژیی نووسی.

**یاداشت**: ١٧ی ژوئیە، وەزعی سیاسی ئێستاش نادیارە و ڕوون نییە چۆن گەشە دەکات... هەرچۆنێک بێ ناکرێ دەست لەسەر دەست دانێین و پشدەرییەکانی دژ بە ئێمەش بێ باکانە درێژە بە ملهوڕیی بدەن و دۆخی ناوچەکە بشێوێنن. پێشنیاز دەکەم دەستبەجێ دەربارەی ئەم وەزعە بڕیار بدەن و کاروانێک بۆ سزادانیان بنێرن. بێگومان نابێ ئەو کاروانە چوکتر لەو کاروانە بێ، کە لە ناوچەی هەڵەبجە عەمەلیاتی کرد. پشدەرییەکان ئەگەر دەستپێشخەر نەبن، هەلی هەرە باش بۆ عەمەلیات مانگی سێپتەمبەرە، بەڵام دوور نییە ناچار بین زووتر دەست بەکار بین.

لە وەڵامی نامەیەکدا کە وتبووی پێشنیازەکانم بەدرێژی ئاراستە بکەم، نووسیم:

**بروسکە**: ١٩ی مانگی ژوئیە... پێشنیاز دەکەم هێزێکی ٦٠٠ سەربازیی یا پتر بە ژمارەیەک دۆشکە بنێرنە ناوچە. بۆ شکاندنی بەربەرەکانێی گوندی ناوچە شاخاوییەکان، تۆپخانە زۆر بە سودە. دوایی بەرەو پشدەر دەچینەپێش. ئەگەر لە بەرامبەرماندا ڕاوەستن بەتوندی سزایان دەدەین، ئەگەر لە سنوور دەرچن، گوندەکانیان گەمارۆ دەدەین و دەست بەسەر کەلوپەلی ئاغاکان دادەگرین. لایەنگرانی بابەکر ئاغا لەو هێرشەدا یارمەتیمان دەدەن. سزادانی سەرکردەکان بەجوانی شوێن لە سەر عەشیرەتەکانیتر دادەنێ. بەم مەرجە، بەر لەوەی کە ئەوانیتریش ڕاپەڕن دەبێ پێش بە گەشەکردنیان بگرین و بڵاوەیان پێ بکەین. عەمەلیاتەکە، تا ڕادەیەک ئاسایی دەبێ... هەڵگەڕانەوە و بەربەرەکانی بەرەبەرە پەرەی سەندووە و گرووپێک هاتووەتە

مەرگە و گوتوویانە دەیانەوێ مودیری ناحیە بکوژن...... خەریکم ئەو ژمارەیە بگرم.

لە وەڵامی هۆشیارکردنەوەو پاڕانەوەکانمدا، «دەستەیەکی» سوارەیان لە (هێزی ڕێکوپێکی ناوچە) ناردە دەربەند و یەک دوو جاریش ڕەواندزیان بۆمباران کرد، کە بۆمبارانەکان زۆرکاریی نەبوو، بەڵام نەمتوانی نوسینگەی گشتی ڕازی بکەم ساوان لە حەوت مایلیی ناو خاکی ئێران بۆمباران بکەن، کە لیژنەی تورک و سەرۆک عەشیرەتەکانی هەردوو بەشی سنووری لێ کۆ ببوونەوە.

لە **٢٣**ی ژوئەن، کلۆنێل «ئی. سی. تی. مینت»[٧]، فەرماندەی هێزی ڕێکوپێکی ناوچەی سلێمانی، کاتی عەمەلیات دژی قاتڵەکانی «بۆند» و «مکنت»، ڕاپۆرتێکی پێگەیشت، لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە کەریم بەگی فەتاح بەگ لە نزیک دووکان لە زێ پەڕیوەتەوە و خەریکە دەچێتە ڕەواندز، (ئەو ڕاپۆرتە دە ڕۆژ بەرلە ڕووداوەکە گەیشتبوو.) منیت بە بەشی هەرە زۆری هێزەکەیەوە بەشوێن کەریم بەگ کەوت و ڕۆژی **٢٧**ی ژوئەن گەیشتە دەربەند. ئەو مەسەلەیە پێی دوو بەکرێگیراوی گرینگی دیکەشی کێشایە ناو ئەو گۆڕەپانە: «ئەگەر ڕاست بێ» هاتنی پترلە ١٠٠ شەڕکەری ئازای کورد بەسەرۆکایەتی ڕێبەرێکی فیداکاری لەخۆبوردوو، بۆ ئۆزدەمیر سەرکەوتنێک بوو، کە ئاواتی بۆ دەخواست و شانسی ئەوی بۆ هاندان و بەهێز کردن و ڕاپەڕاندنی عەشایر دەبزوان دوو عەشیرەتەکانی زووتر و بەهێزتر بەرەو ئاژاوە ڕادەکێشا. لە لایەکی دیکەوە، کاروانی مینت پێشاندەری ئەم چەشنە نومایشتە بوو کە من ئەو هەمووە هاوارەم بۆ دەکرد و ئەو ڕەوتە بەهێندێک هێزی زیاتر دەیتوانی لە کاتی پێویستدا عەمەلیاتی سزادان دەست پێ بکات، کە بە تەواوی پێویست بوو. دروست لەو کاتەدا بوو کە پەیامێکم لە سەید تەها پێگەیشت، ئەوە لە وەڵامی پەیامێکدا بوو کە من دوای نەقل بوونم لە هەڵەبجە بۆ ڕانیە، بە پێی دەستور بۆم ناردبوو. ئەو دەیگوت لە ١٠ی ئەوگوستی، لە بنکەی بابەکر ئاغا چاوی بە من دەکەوێ.

مینت، کە بەرلە جەنگ، جوتیار بوو بە هەست و شەوقێکی زۆرەوە هاتبووە مەیدان. دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ بابەکر، بە یەکەوە نامەیەکمان بۆ فەرماندەکانمان نارد و گوتمان بۆ ترساندنی سەرۆک عەشیرەتەکانی دژ پێویستە ئەو کاروانە بە پەلە بەرەو قەڵادزێ بچێ و

7- E.C.T. Minet



هەروەها بە ڕێگای دیپلۆماسی و کۆمەڵە عەمەلیاتێکی بەرتەسکی هەوایی چاودێریی بەسەر وەزعەکەدا بکرێ و بەمجۆرە هەوڵ بدرێ خۆ لە شەڕی چەکدارانە دوور ڕاگرین. یەکەم، تا من سەید تەها دەبینم و دووەم تا پاییز، کە پشدەرییەکان بە ڕەشماڵ و ئاژەڵەوە، لە چیاکان دەگەڕێنەوە بنکەکانیان دەست ڕاگرین، کە لەو حاڵەدا پتر زیان دەبینن. هەروەها ڕوونمان کردەوە و گوتمان ڕەنگە بەناچار عەمەلیات بکەین و داوامان کرد بە پێی ئەو بروسکانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە ئیزنمان بدەن عەمەلیاتی سزادان دەست پێ بکەین، بەم جیاوازییە کە ئەگەر ناچار نەبین، تا بۆمان بکرێ خۆی لێ دەپارێزین.

تەنیا ئەوخاڵەی گەلاڵەی ئێمە پەسەندکرا کە لە چوون بۆ قەڵادزێ دەدوا و بەمجۆرە ڕۆژی **٢٩**ی ژوئەن بەرەو قەڵادزێ ڕێکەوتین. هەرلەو ڕۆژەدا، ئاگادار کراین کە تورکان پلانی هێرشی خۆیان لە ڕەواندزەوە بۆ «شاوەر» و «ناودەشت» پێش خستووە و حەفتا سەربازیان بە دۆشکە و کاروانێک تەقەمەنی بۆ بەهێزکردنی ئەو تاقمە تورکانە ناردووەتە «ساوان». من بە دڵ دەمویست ساوان و «کانی ڕەش» لە سێ هەزار یاردیی[٨] ئەوبەری سنوور بۆمباران بکرێن. ئەو دوو شوێنە بنکەی دوو ئەفسەری تورک بوون. بروسکەی خوارەوەم نارد، کە ئاکامی نەبوو:

> بە عەرزتان دەگەیەنم کە سنووری ئێران لەو ناوچەیەدا، بە تەواوی هێڵێکی نەزەرییە و «کانیڕەش» هاوینەهەواری پشدەرییەکانی ئەم بەرەی سنوورە و خەڵک و گوندی ئێرانیی لێ نییە؛ هەروەها تا مەودای هەفتا مایلیی ئەو جێیە ، شوێنەوارێک لە حکوومەتی ئێران نابینرێ و وەک ناوەندی خەبات و تێکۆشانی دژ بە ئێمە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

چوونی بە پەلەی ئێمە بۆ قەڵادزێ بە تەواوی ئەو شتە بوو، کە چاوەڕوانی بووین. ڕاپۆرتێکم، بەم چەشنە ئاراستە کرد:

> **بروسکە**: ٤ی ئەوگوستی، هاتنی کاروانی مینت تەواوی ناوچەکەی ئارام کردەوە. پلانی تورکان بۆ هێرشکردن بۆ سەر ناودەشت و شاوەر پوچەڵ کرایەوە و ئەو ژمارەیەش کە دەبوایە بچن بۆ ساوان لە «ڕایات»[٩] گیرساونەوە. لەو بابەتەوە کە پشدەرییەکان بە ئاشکرا ڕای خۆیان سەبارەت بە ڕووخاندنی

٨–یەک یارد دەبێتە سێ فوت، واتە ٩١٤٤٪ مەتر. وەرگێڕ ف.

9- Rayat

حکوومەت دەربڕیوە، لێدانیان جێی باس و گفتوگۆ نییە. بەڕای من وەرزی پاییز کاتی هەرە باشە بۆ ئەم کارە، کە دەتوانین بە شێوەیەکی کاریی زەبریان لێ دەین. لەبەر ئەوە، فەرماندەی کاروان و بابەکر و من بەو ئاکامە گەیشتووین، کە بابەکر خۆ لە گرووپە دژەکان نزیک کاتەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە ئامادە بوونی هێزەکان هەوڵ بدات بڕیارێکی کاتییان لەگەڵ مۆر بکار، تا بەمجۆرە بتوانین لە ئەنجامی کاری بە پەلە خۆ بپارێزین.

ڕۆژی ٦ی ئەوگوستی: بابەکر دوێنێ گەڕایەوە قەڵادزێ و ڕایگەیاند گرووپەکانی دوژمن مەرجی ئەویان قبووڵ کردووە و بڕیاریان داوە کە ئەو دوو ئەفسەرە تورکانەش کە دەرکەوت دۆستە کۆنەکانمان عیرفان و حەسەنن لە کانی ڕەش دەربکەن و خۆیان تێکەڵی هەڵسوڕانی تورکان لە ڕەواندز نەکەن. بابەکر بە ئەوانی سەلماندووە، کە ناکرێ داهاتووی ئیمپراتۆریی بەریتانیا و عوسمانیی بە کێشەی نێوان پشدەرییەکان سامان بدرێ و پێی گوتوون: ئەگەر بەمجۆرەی کە ئێوە دەڵێن ئەمەگناسی عوسمانییەکانن، دەتوانن ئەمەگناسییەتی خۆتان کاتێک بسەلمێنن کە تورکان بەغدا بگرنەوە. بابەکر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئەگەر ڕووداوێکی بیرلێنەکراوی‌تر نەخولقێ، ئەوانە تا چەند هەفتەی‌تر پشتی ئەو پێکهاتنە بنەماڵەییە دەگرن. ئەو پێکهاتنە نهێنییە تەنیا بە پێشاندانی هێز سەری گرت. من بۆ ئەوە لەو وتووێژە ڕاستەوخۆیەدا بەشداریم نەکرد، کە نەکات قسەیەک بکەم یا کردەوەیەکم لێ ڕوو بدات کە فیکر بکەنەوە حکوومەت لە تاوانەکانیان خۆش بووە و ئەوانی بەخشیوە.

٢٧ی ئەوگوستی، چەندسەعات بەرلەوەی کە بۆ دیتنی سەیدتەها بچم، پەیامێکی ئەوم پێگەیشت، کە گوتبووی چونکە سمکۆی دۆستی، ئەوی بۆ کارێکی بەپەلە ویستوە، داوای دواخستنی دیدارەکەمانی کردبوو. سمکۆ ماوەیەک سەرکەوتوانە دژی حکوومەتی ئێران خەباتی دەکرد، بەڵام ئێستا لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ.

لەو هەلومەرجەدا، لەناو شەپۆلێک گەرمای سامناک و بڵاوبوونەوەی مەلاریایەکی زۆر گیرمان کردبوو. چوار لە پێنجێ ئەندامانی هێزی مینت لە پێ کەوتبوون؛ ژمارەیەک، لەوانە ئەفسەرێکی ئینگلیز لەناو چووبوو. مینت بەو ئاکامە گەیشتبوو کە هێزەکەی بۆ ڕێکخستنی سەرلەنوێ بگەڕێنێتەوە سلێمانی و گرووپێکی تێکەڵاو لە سەد سەرباز و



چوار دۆشکە لە دەربەند بێڵێتەوە. ئەو دڵنیا بوو ئەگەر ئاگاداریی بکەن، لە ماوەی دووڕۆژدا بەهێزی پێوست دەگەڕێتەوە. ئەنجامی ئەو بڕیارە جێگەی گومان نەبوو و من تەنیا دەمتوانی هیوادار بم ئەو هێمنایەتیە کاتییە نەشێوێ، بەڵام بەهاتنی کەریمی فەتاح بەگ و سەربزێوە هەمەوەندەکان بۆ ڕەواندز، کە ئەمجارە ئیتر هاتنیان دەنگۆ نەبوو، بەتەواوی بێ ئومێدی کردم. ڕۆژی ١٢ی ئەوگوستی دەرکەوت کە بە تەواوی گەڕاوینەوە ئەو جێیەی کە پێشتر و بەر لە هاتنی کاروانەکە لێی بووین و سەرلەنوێ قەیران سەری بەرز کردەوە. لاین و من ڕاپۆرتێکمان نارد و گوتمان ئاڵوگۆڕی بەپەلەی ڕووداوەکان بەشێوەیەک نییە کە تەشریفاتی دەست و پێ گیریی بۆ لەبەرچاو بگیرێ. لەو چوارچێوەیەدا داوای عەمەلیاتی هەوایی لە کارگێڕی سیاسییەوە ئاراستەی کۆمیسێری باڵا بکرێ و کۆمیسێری باڵا مەسەلەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ستادی فەرماندەی گشتی بنێرێ و ستادی فەرماندەی گشتیش بە سکادرانەکانی مووسڵ و کەرکوک فەرمان بدات کە شوێنێک بۆمباران بکەن؛ داوامان کرد بە فەرماندەی سکادرانەکان ئیزن بدەن کە بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ دەربارەی بۆمبارانی ئەو ناوچانەی کە ئێمە بۆیان دیاری دەکەین بڕیار بدەن. هەروەها داوای دەزگایەکی بێ سیمیشمان کرد و چەند بروسکەشمان ڕۆژی ١٦ی ئەوگوستی ئاڵوگۆڕ کرد.

> لە جێگری کارگێڕی سیاسییەوە بۆ کارگێڕی سیاسی و کۆمیسێری باڵا، ١٦ی ئەوگوستی: ئۆزدەمیر نامەی بۆ تەواوی کوێخاکانی ناودەشت ناردووە و داوای لێکردوون لەگەڵ هێزی پەلاماردەر بکەون. ئەمڕۆ بەیانی ٤٠ سەربازی تورک و ٢ دۆشکە و ١٥٠ چەکداریی عەشایریی هاتنە «لیوژە». داوا دەکەین کاروانی مینت واتە «کاروانی ڕانیە» بەپەلە بگەڕێتەوە و بە هێزی هەوایی کەرکووکیش ئیزن بدەن بە گوێرەی ئاگادار کردنی لە لایەن منەوە بۆمباران دەست پێ بکات.

هەرئەو ڕۆژە هەواڵی گەیشتنی تورکان بۆ «یاندزە»[١٠] و «لیوژە» بەڕاست گەڕا؛ زۆربەی گوندییەکان، لەگەڵ تورکان کەوتوون. تکایە بەپەلە بۆمباران دەست پێ بکەن. ئەگەر پێویست بێ دەتوانم کوردێکتان بۆ پێشاندانی نیشانەکان لەگەڵ بخەم، بەڵام هەوا بۆ نیشتن تۆفانییە.

---

10- Yandiza

لە کارگێڕی سیاسییەوە بۆ جێگری کارگێڕی سیاسی: چونکە ئەندامانی «هێزی ڕێکوپێکی ناوچەیی» ماندوون و لە توانا کەوتوون، تەنیا ڕێگا چارەی ئەوەیە، کە داوای ناردنی هێزمان لێ نەکەن. ئەگەر ئەو کارەش بکەن، دەتوانین تەنیا ٤ ڕەشاش و ٢٠٠ سەربازتان بۆ بنێرین. بێگومان، بۆ پێشگیریی لە پەرەسەندنی بزووتنەوە، هەر ئەوەندە پێویستە کە تورکەکان لە ناودەشت بۆمباران بکرێن.

لە جێگری کارگێڕی سیاسی، بۆ کارگێڕی سیاسی: تورکەکان دوای دوو مانگ خۆ تەیارکردن ئێستا عەمەلیاتیان دەست پێکردووە و هەڵەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە مەبەستی ئەوان لەو هێرشە تەنیا ناودەشتە. دەبێ چاوەڕوان بین هاوکات بۆ سەر ناوچەکانیتریش هێرش بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە دەستبەجێ تەواوی هێزی مەوجود بنێرنەوە ئەو ناوچەیە. دەبێ ڕانیە و دەربەند بپارێزرێن و بابەکریش دەبێ قەڵادزێ ڕابگرێ. فەرماندەی هێزی نێردراو پێی باش نیی،ە ئەو سەربازگە چوکەی ئێستا، لەت لەت بکرێ.

گۆڕینەوەی بروسکە ڕۆژی ١٧ی ئەوگوستیش درێژەی هەبوو.

لە کۆمیسێری باڵاوە بۆ جێگری کارگێڕی سیاسی: نوسینگەی فەرماندەی گشتی لەگەڵ داوای ئێوە بۆ ناردنی دەزگای تێلگراف و عەمەلیاتی ڕاستەوخۆی هەوایی بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ کەرکووک و هەروەها ناردنی «هێزی ڕێکوپێکی ناوچەیی» هاودەنگ نییە.

لە جێگری کارگێڕی سیاسی، بۆ کارگێڕی سیاسی و کۆمیسێری باڵا:
لەوکاتەوە کە تورکان ناودەشتیان پەلامار داوە، ٤٨ سەعات تێدەپەڕێ، بێدەنگیی و وەڵام نەدانەوەی ئێمە بەو دەستدێژییە شوێنی خراپی لە سەر خەڵکی ناوچە داناوە... تورکەکان بە چەکداریی عەشایرییەوە کە بە پێی هەواڵی گەیشتوو ژمارەیان لە ٤٠٠ کەس تێدەپەڕێ، دوێنێ بە کەلی «ناوکێوان»دا هاتنە شاوەرو خەریکن بەرەو ڕانیە دێن، کە لەوێ «لەشکرێکی» باوەڕ پێنەکراوی عەشایریی هەیە. هێزی تورکان پێویستە بەرلە گەیشتن بۆ ڕانیە بڵاوەیان پێ بکرێ. ئەندامانی «هێزی ڕێکوپێکی ناوچەیی» لە دەربەند دەمێننەوە و هەردوو بەرەی جەنگ دەخەنە ژێر



چاودێریی. ئەگەر دەتانەوێ ناوچەکە ڕابگرن، دەبێ لەو هەلومەرجەدا تا گەیشتنی هێزی پەلاماردەر، ئەوان بەتوندی و پەیتا پەیتا لە شاوەر و ناودەشت بۆمباران بکرێن.... ڕەنگە هێڵی تێلگراف تا بەیانی بپچڕێ. من بەبێ زەخت خستنە سەر ئێوە بەرپرسایەتی دوایی کارەکان لەسەر خۆم لا دەبەم و بە ئێوەی دەسپێرم.

شەو درەنگایەک، بروسکەیەکم پێگەیشت. لەودا گوترابوو، نوسینگەی فەرماندەی گشتی بڕیاڕی کۆکردنەوەی هێزێکی بە ناوی «کاروانی ڕانیە» داوە، کە بریتییە لە: دوو یەکانی پیادەو دەستەیەک دۆشکە لە هێزی پازدەی سیک؛ یەکانێکی تۆپخانەی سەحرایی لە هێزی تۆپخانەی پەنجاب؛ دوو یەکانی سوارە لە «هێزی ناوچەیی»؛ سەربازە بەجێماوەکانی گوردانی چواری «هێزی ناوچەی سلێمانی»، لەگەڵ سەد سەرباز لەو گوردانە و دەستەی ڕەشاشی ئاشوورییەکان کە ئەوکات لە دەربەند بوون. فەرماندرابوو هێندێک پێداویستی بە تایبەت ژمارەیەک «کوور» بکرم کە پێموایە تەنیا گۆشتێک بوو کە سیکەکان دەیانخوارد.

ئەگەر کاری پێویست و تایبەت ئەنجام نەدرابێ، کۆکردنەوەی تەنانەت هێزێکی بچووکی ئامادە بە شەڕیش کاتی دەوێ. چونکە ڕۆژەکان تێپەڕین و شوێنەوارێک لە کاروانی ڕانیە نەبوو. بالوڵ ئاغای پیر و بە ئەمەگ وەک پاڵەوان لە ناودەشت پێش دوژمنی گرت، بەڵام فڕۆکەکانی ئێمە بەهەڵە بۆمبارانیان کرد و زیانێکی قورسیان پێگەیاند و تەنانەت کوڕە سێیەمەکەیان بۆ هەمیشە سەقەت کرد. ئەو، کە لە نزیک قەندیل لە گەمارۆ کەوتبوو، «لەشکر»ێک کە فەرماندەکەی بابەکر ئاغا بوو، بە دژواریی توانیبووی بە خاکی ئێراندا بچێ و ئەو لە گەمارۆ ڕزگار بکات. ڕۆژی ٢٦ی ئەوگوستی، دوژمن دەستیان بەسەر مەرگەدا گرت، کە ناوەندی هەرە گرنگی ئامادە کردنی کەلوپەلی ناوچەی ئێمە بوو و مودیریان بەدیل گرت. ئەندامانی «لەشکر»ی من کە لە عەشیرەتی بڵباس و ئاکۆ پێکهاتبوو، ئەوەندە مابوونەوە کە ئیتر بۆ باوەڕ پێکردن نەدەبوون. چنارانمان لە دەستدا و قەڵادزێ لە چەپ و ڕاستەوە پشتی لە بابەکر کرد. ئێمە ناچار بووین کوورەکان لە نیو مایلیی دەربەند بلەوەڕێنین، کە لەوەڕگەیەکی ئەمین نەبوو و تەنانەت بۆ ئەوەی نەدزرێن، کێشکچی چەکدارمان بۆ دانان. هێزی هەوایی بە چەند فڕۆکە لەو ناوچە سەختەدا بە ڕاستی مۆجزەی دەکرد، بەڵام بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی ڕاپەڕین بە تەنیا بە بۆمبارانی هەوایی ئیتر شتێکی خەیاڵیی بوو.

سەرەنجام «کلۆنێل ئیچ» فەرماندەی «کاروانی ڕانیە» (ڕانیکۆل)، ڕۆژی ٢٧ ئەوگوستی بە فڕۆکە هات من ببینێ. هەستم کرد پێیان گوتبوو هۆشیار بێ پێشنیازی شەڕخوازانەی من کاری تێنەکات. بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەو بۆخۆی بەو ئاکامە گەیشت کە چیتر ناکرێ وەک پێشوو بیر بکاتەوە و تا کۆکردنەوەی گشت هێزەکان لە کۆیە دانیشێ و دەست لەسەر دەست دانێ. نوسینگەی فەرماندەی کاروان ڕۆژی ٢٩ی ئەوگوستی لەگەڵ ژمارەیەک لە سیکەکانو یەکانێکی تۆپخانەی سەحرایی و سوارەکانی «هێزەکانی ناوچەیی» گەیشتنە دەربەند. یەکانێکی پیادە و یەکانێکی پیادە سوارە، کە فەرماندەکەی کاپیتان «ئیچ. ئی. دی. ئورئونیک»[11] بوو، بۆ بەرگری کردن لە ڕانیە، لەو جێیە مانەوە. ساختمانی شوێنی کارەکەم دا بە فەرماندەی کاروان و ماڵەکەشم کرا بە هۆڵی شیو خواردنی ئەفسەران؛ سەربانەکانیش بۆ نوستن تەرخان کران. ئەم جارەش، پشویەکم هاتەوە بەر. دوو مانگ بوو ئۆزدەمیرم بە بیانووی وتووێژ و بەفێل و تەڵەکەی عەشایریی دوور لە ناوچەکە ڕاگرتبوو، ئێستا دروست لەوکاتەدا کە گوتنەکانمان ڕەنگیان نەمابوو، هێز گەیشتبووە جێ و وەزعەکە خەریک بوو بەرەوباشی دەچوو. چونکە بە فەرمانی نوسینگەی فەرماندەی گشتی لە لایەک مافی پێشڕەوی کردنمان بەرەو پشدەر نەبوو و لە لایەکیترەوە بابەکر لە مانگی ژوئییەوە، هاوینەهەواری خۆی نەدیبوو و ئەگەر گەڵاڵەیەکیش بۆ هێرش کردن بەدەست بایە بۆخۆی دەهاتە لام، پێم ڕاگەیاند بە ڕادەی توانای پارێزگاریی لە قەڵادزێ و بەشەکانی «قەزا» بکات و منیش لە هەل کەڵکم وەرگرت و منەتم لەسەر ئەندامانی «لەشکرەکەم» دانا و ئیزنم دان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

بەیانی ڕۆژی ٣١ی ئەوگوستی، سەعاتێک بەرلە ڕووناکبوونی هەوا، دەنگی گولەیەک ئێمەی لە خەو ڕاپەڕاند و بە دووای ئەودا دەنگێک و سەرلەنوێ دەنگێکیتر هات. بەپەلە خۆم کۆکردەوە و بۆم دەرکەوت کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی هێزی ١٥ی سیک، کە لەبان یەکەم بەرزاییی ئاسۆس کێشکیان دەدا، لەوبەری ڕووبارەکەوە پەلامار دران. تەقە هەردەهات و گەرمتر دەبوو. زۆری پێنەچوو دەنگی تەقینەوەی نارنجۆکی دەستی لە کێشکچییەکان نزیک دەبووەوە و دوایی وڵات بێدەنگ بوو و چەند کەس لەسەر لوتکەی بەرزاییەکەی ئاسۆس، لەناو تارمایی ڕەنگ پەڕیوی بەیانییدا دەرکەوتن... نۆ، دە، یازدە، دوازدە، سێزدە... چواردە و... بەم جۆرە! گوللەکان بە ویزەویز بەبن گوێماندا تێپەڕین و

11- H.E.D. Orr- Ewing



خۆیان گەیاندە «کەمەند»ی هێسترەکان و یەکەم زیانی ئامرازی ڕاگواستنی کاروانەکەیان لێ داین. چونکە ساختمانی شوێنی ژیانم بێ لەمپەر و بەرگر بوو، بەناچار بەجێمان هێشت. ساختمانی شوێنی کارەکەمان تا ڕادەیەک داپۆشرابوون، بەڵام بۆ پاراستنی ئەسپ و هێسترەکان باش نەبوون. دوو سیکی بریندار توانیان خۆیان بگەیێننەوە ڕووبارەکە و لێی بپەڕنەوە؛ ئەوان گوتیان هەڤاڵانیان کوژراون.

سەرەڕای هێرشی هەوایی و تۆپبارانی یەکانی تۆپخانەی سەحرایی، تەواوی ڕۆژ لە چیاکانەوە بەرەو ئێمە تەقە کرا و ئەوانەی بۆ هێنانی ئاو دەچوونە ڕووبار هیچ چەشنە بەرگرییان نەبوو. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆڵۆنێل ئیچ کە هەر لەسەرەتادا بەو ئاکامە گەیشتبوو، لاوازتر لەوەیە کە بتوانێ پۆستی کێشکچییەکان لە چەنگ ڕاپەڕیوەکان دەربێنێتەوە. ئەو بۆ بەهێز کردنی دەربەند «ئورئونیگ»ی لە ڕانیەوە ناردبووە دەربەند، کەچی لەو هەڵوێستەشی پەشیمان بووەوە و ڕایگەیاند کاروان شەو دەربەند بەجێدێڵێ، بەڵام چونکە ئورئونیگ پێشتر ڕانیەی بەجێهێشتبوو، ڕانیە زۆر زوو لە لای شاوەرەوە کەوتە بەر پەلامار و دوژمن دەستی بەسەردا گرت و «ئورئونیگ» لە گوندی «بۆسکێن» لە نزیکەی دوو مایلیی باشوری ڕۆژهەڵات گیرسایەوە، کە تەپۆلکەیەکی کۆنی هێندێک گەورەیە و ئاوێکی زۆریشی هەبوو. بە داگیرکردنی ڕانیە لە لایەن دوژمنەوە، کۆڵۆنێل ئیچ بڕیاریدا بۆ کۆیە بکشێتەوە.

تەقەی لای ڕۆژئاوا تەواو بوو و کاروانێک بۆ بەجێهێشتنی دەربەند پێکهات. من گەڕامەوە خانووەکەم و بەپەلە باری هێسترێکم لە کەلوپەلی خەو و شتی بەنرخی وەک دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەم، کە ڕووداوەکانی دوو ساڵ و نیوم لە ئاپریلی ١٩٢٠وە تێدا نووسیبوو، لەگەڵ لیستەی حسابەکانی حکوومەت و هێندێک پارە کە چەندهەزار ڕوپیە دەبوو، تێک پێچا. هەروەها شوێنێکم لە ناوەندی کاروان بەدوای بەشی دابینکردنی ئازوقە بۆ کارمەندانی ئیداریی و تەتەرەکانی پۆلیس دیاریکرد، کە بەرگی یەک شکڵیان لەبەردا نەبوو و قۆڵبەندیان لە قۆڵ دەبەست. خەریک بووین وەڕێکەوین، کە جەلال ئەفەندی گەیشتێ و گوتی: ئەفسەرێکی ئینگلیز بەهۆی پەرۆشیی بۆ کاروان، «کوردە ئاوارەکانی» نیشتەجێ کراوی لە شوێنی خۆیان دەرکردووە. لەگەڵ ئەندامانی نوسینگەی کاروان، ئەوانمان لە جێی خۆیان داناوە و بڕیار درا چۆنیەتی وەزعی ئەو کوردانە بۆ ئەفسەری هێزەکانی نزیکی کاروان ڕوون بکرێتەوە. لەگەڵ یەکانی پاشقەرەوڵ دەڕۆیشتم، بەڵام «سمکۆ»، کە هەمیشە توند و چالاک بوو و توندتر لە هێزەکان ڕێگای

دەپێوا، بە پەلە منی گەیاندە ناوەندی کاروانەکە. لێرە، کارمەندەکانم بینی کە وەزعی باشیان هەبوو. دوایی گەیشتمە هێزەکانی پێشقەرەوڵ؛ لە سەری کاروانەکەوە، گەڕامەوە تا لە کارمەندەکانم نزیک بمەوە. خەریک بووم لە یەکانی تۆپخانەی سەحرایی و بەشی تەدارکات تێپەڕم، کە دەنگی چوار پێنج گوللە لە لای گوندی «کوڕەگۆ»وە لە هەوادا دەنگیان دایەوە. کوڕەگۆ لە دەستی ڕاستی ئێمە و لە دوو مایلی دەربەند بوو.

بە دەنگی ویزەی گوللەکان، تەواوی کاروانەکە یا ئەو بەشەی کە من دەمبینی، بە زاویەی ٢٢٥ دەرەجە بەپێچەوانەی ڕێگاکەیان بەرەو پاشەوە گەڕانەوەو بە شلەژاوی بەدەستی چەپەدا بەرەو گۆلێکی چوک کە گۆگردی تێکڵاو بوو بە ناوی «گەناو» هەڵاتن. ئێستاش لەوە دەچوو کە من لەناو ڕووداوی شەوی پێشوودا بم. زبلچییە هیندییەکەم دەبینی، کە بە لاقی باریکی وەک دەنکە شەقارتە، لە حالێکدا فانۆسێکی بەدەستەوە بوو، وەک کەروێشک ڕایدەکرد. سەیر ئەوەیە، کە مرۆڤ لە کاتی وادا چەندە گەوجانە دەدوێ. بە خەیاڵم، بەهۆی ئاشنابوونم لەگەڵ ئەوئەسڵە کە کارگێڕی سیاسی نابێ خۆی تێکەڵاوی کاری سەربازیی بکات، لە بیرمە بە دەنگی بەرز لە «برود»[١٢] واتە ئەفسەری تۆپخانەم پرسی: «دەتەوێ بۆ ڕاگرتنی ئەندامانی کاروان یارمەتیت بکەم؟» ئەو خۆشحاڵیی دەربڕی و سمکۆ یەک دوو خولەک بە ئاواتی دڵی گەیشت، بەڵام تەواوی هەوڵ و تێکۆشانەکان بێ سوود بوون و من هەرگیز هەستی خەم و دەردی تاڵیی ئەوکاتە لەبیر ناکەم کە هەموو لەشی داگرتبووم. خۆم لە حاڵێکدا دیتەوە کە بە تەنیا لەژێر شۆقی مانگە شەودا ڕاوەستا بووم و تەواوی کاروان و گشت ئەو هێزانەی کە ئەو هەمووە هیوام پێیان بوو، تا ئەو جێیەی کە چاوم هەتەری دەکرد بۆ هەمیشە لە دڵی تاریکی شەودا ون ببوون[١٣].

دوای چەند خولەکێک، فەرماندەی کاروان و کاپیتان «ئی. فۆسدیک»[١٤]

12- Broad

١٣- دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەو تەقەیە لە لایەن هەشت کەسی شیلانەیی کراوە. ئەوان، شەو لە گوندی بێتوتە بوون. خەڵکی ڕەمەک، ئەو گوندەیان چۆڵکردبوو. ئەوانە لە دەنگی کاروان دەترسێن و دوای هێندێک بیرکردنەوە بڕیار دەدەن بەر لە ڕاکردن، چەند گوللەیەک بۆ لای دەنگەکە بتەقێننەوە. ئەوان بیریان لە ئاکامی ئەو کارە نەکرد بووەوە.

14- S. Fosdick



ئەفسەری یەکانی سوارەی «هێزی ناوچەیی» و دوو سێ سەربازی هیندیی کە یەکێک لەوان شەیپورچی بوو، لە ڕووناکی مانگە شەوەکە دەرکەوتن. شەیپوری کۆ لێدرا. یەکانی پێشقەرەوڵ، کە بریتی بوون لە ئەندامانی «هێزەکانی ناوچەیی» و سیکەکان بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک بەلای ڕاستەدا تێکەڵی ئێمە بوونەوە. دوایی بە لای چەپەدا، گرووپێکی پەشۆکاو لە تۆپچییەکان، ئەندامانی یەکانی ڕاگواستن، کارمەندە مەدەنییەکان دەرکەوتن. دوای ئەو چەند تەقەیەی «کوڕەگۆ» ، چی‌تر تەقە نەکرا. بە زەحمەتێکی زۆر، کاروانەکەمان سەرلەنوێ ڕێکخستەوە و بەرەو «بۆسکێن» وەڕێکەوتین. ئورئونیکمان لەوێ دیتەوە کە بە خەیاڵی ڕاحەت چاودێریی لە ناوچەکەی دەکرد، بەڵام لە لای دەربەند گڕی ئاگر و بلێسە بۆ ئاسمان دەچوو.

هیچ کام لە هێزەکان، لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا بە تەواویان نانیان نەخوارد بوو و کاتی تەقەکە، کوورەکانیش لەگەڵ شوانەکانیان ون بوون. بڕیار درا بەیانی ڕۆژی یەکی سێپتەمبەر، بەرلە وەڕێکەوتن بە هێزەکان شیو بدرێ، بەڵام لێنانی شیو کارێکی زۆری دەویست. دەوروبەری سەعات دە، فەرمانی حەرەکەت درا، ئەوە لە حالێکدا بوو کە هێشتا هێزەکان یا ئەندامانی «هێزەکانی ناوچەیی» کە من لە لایان بووم، شیویان وەرنەگرتبوو و هێشتا فڕۆکە بۆ پارێزگاریی لە کاروان نەهاتبوو. ئەمە ئەوکاتە بوو کە دوژمن بۆ پشوودانی شەو لە گوندەکاندا بڵاو ببووەوە و لە هەموو لایەکەوە بەپەلە دەگەیشتنە سەرمان. من ئەم‌جارە لەگەڵ هێزی پێشقەرەوڵ کەوتم، کە ئەندامانی لە «هێزی ناوچەیی» بوون. کاتێک خەریک بووین لە سەد مەتری گوندەکەدا بۆسە بگرین، واتە دە خولەک بەر لە وەڕێکەوتنی کاروان، لە سێ لاوە بە توندی تەقەمان لێکرا. گرووپێک لە پۆلیسەکانی ڕانیە و کارمەندە کوردەکان و ئەندامە شڵەژاوەکانی یەکانی ڕاگواستن بە چوارناڵە لە «بۆسکێن» هاتنەدەر و بە نێوان پێشقەرەوڵەکاندا تێپەڕین و ڕێی تەپۆلکە بەرزەکەی «وەڕانگە»یان گرتەبەر. بۆ پێشگیری کردن لەم کارە، یەکانەکانی پیادەی «هێزی ناوچەیی»یان هێنایە پێشەوە، بەڵام تەواوی هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ ڕاگرتنی یەکانی ڕاگواستن کە بریتی بوون لە ئەندامانی «هێزی ناوچەیی» ، ئاشوورییەکان و هیندییەکان، بێ ئاکام مایەوە. هێسترەکان زۆربەیان هێسترەوانیان نەبوو، کاتێک کاپیتان «گریفیس» فەرماندەی یەکانی پێشقەرەوڵ دەیویست پێش بە هەڵاتنی یەکانی پیادە بگرێ و لە مەتەرێزدا ڕایانگرێ، سەرلەنوێ یەکانی ڕاگواستن تووشیان دەبوون، یا بە پەشۆکاویی لە نێویان دەمانەوە. من لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، نیشانەیەکم لە ترس و

خۆ دۆڕاندنی ئەندامانی «هێزی ناوچەیی»[ح] نەبینی. گرووپێک سوارەی «هێزی ناوچەیی» کە بۆ باسکی چەپی پێش کاروانەکە ڕەوانە کرابوون، ونبوون: (فەرماندەکەیان ئەفسەرێکی کورد بوو، کە چوو لەگەڵ تورکان کەوت)[١٥].

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، لە چەپ و ڕاست و پشت سەرمانەوە بەتوندی تەقەیان لێکردین. گرووپێکی دوژمن کە وەزعی نالەباری ئێمەیان دیبوو، بەخرۆش هاتبوو و بە ڕادەیەک لێمان نزیک ببووەوە، کە سیکەکان ناچار بوون بە سەرنێزە شەڕیان لەگەڵ بکەن و بەپێچەوانەی ویستی خۆیان زیانیان پێ بگەیەنن، هێندێک زیانیان لێ دان و ژمارەیەک لەو سیکانە بە هۆی ئەو پاڵەوانەتییە خەڵات کران.

لە دوو مایلیی ڕانیە، ڕێی هەرە ڕێک وباش، بۆ کۆیە بەسەر تەپۆلکەیەکی چوکدا دەرۆیشت کە دوا زنجیرەی باشووری ڕۆژئاوای چیای شاوەر بوو و بە ڕۆژهەڵاتی «بەستی ئەستێران»دا چووبووە ناو دۆڵی بتوێن. فەرماندەی کاروان، کە چاوی دیتنی ئەو بەرگرەی نەبوو، پێی داچەقاند، کە بە ڕێگای باشوورتردا واتە بە ناو دەشتەکاندا بچێتەپێش. ئەو دڵنیا بوو هەرکە بگاتە ئەو چەڵتوکجارانەی کە بە ئاوی کاناڵەکانی ڕانیە ئاو دەدرێن، ڕێگایەک بە تەنیشت ئەواندا دەدۆزێتەوە. لەو حاڵەتەدا، کە خەریکی شناسایی ڕێگا بووین، کاروانەکە لێک بڵاوبۆوە و فەرمانی ڕاوەستانی بەجێ نەگەیاند و لە زەلکاو چەقی. ئاگری چەکی دوژمن هەروا بە توندی درێژەی هەبوو. لەو جێیە بوو، کە تۆپخانە و تەواوی لیباس و کەلوپەلەکان و لەوانە پارەی سندووقی حکوومەت و باری بەنرخی هێستری من لە دەست چوون.

لەو وەزعە ناخۆشەدا بووین کە سەرەنجام دەنگی خۆشی هاڕەی ماتۆڕی فڕۆکەمان بیست و بە دوای ئەودا دەنگی دۆشکەی فڕۆکەکان بەرز بوونەوە. ئەوانە دروست لەو سەعاتەدا هاتبوون، کە بە گومانم ڕۆژی پێشتر بەرلە گۆڕینی بەرنامە بەلاهێنەرەکەی، سەرلەبەیانی پێیان ڕاگەیەنرابوو. ویزەی گوللەکانی دوژمن بەرە بەرە نیشتنەوە و ئەوەی لە کاروانەکە مایەوە، لەوبەری چەڵتوکجارەکان دەرکەوت. کاروان سەرلەنوێ ڕێکخرایەوە و بەبێ تەنگوچەڵەمە ڕێگای شوێنێکی گرتەبەر کە ناوی «بۆریش» بوو. لە «بۆریش»ەوە،

ح– ڕەنگە مەبەستی نووسەر لە یەکانی پیادەی هێزەکانی ناوچەیی بێ.

١٥– ئەوم لە ڕاپۆرتێک وەرگرت، کە لەسەر داوای نووسینگەی فەرماندەی گشتی دەربارەی کردەوەی «هێزەکانی ڕێکوپێکی ناوچەیی» نووسیبووم.



لەگەڵ گرووپێکی چوک لە چاودێرەکانم، دوو مایلیتر چووین تا گەیشتینە گوندی «سەرخمە»، کە گوندی سوارئاغا بوو: دەمویست چۆنیەتی بیرو هەستی پیرانەکان هەڵسەنگێنم. سوار ئاغا، بە تەواوی بەسەر عەشیرەتەکەیدا زال بوو و ئیزنی نەدەدان خۆ تێکەڵی ئەو گێرە و کێشە بکەن؛ ئەو ئامادە نەبوو کارێکی وا بکات کە پشدەرییەکان ماری بەدەست بگرن. هەروەها، یەکانێک لە هێزی پازدەی سیک و بەشێک لە سوارەکانی هێزی ناوچەیی، کە هاتبوون تێکەڵی «کاروانی ڕانیە» بن، نەگەیشتبوونە دەربەندو ئێستا لەو نزیکانە واتە لە کۆیە بوون. سەرەڕای ئەوانەش ژیرییەتی و باش لێکدانەوەی ئەو بێ ئەسەر نەبوو و من ئێستاش کاتێک بیرلەوە دەکەمەوە دڵم دەلەرزێ، کە ئەگەر پیرانەکان لە لای ڕۆژئاوای چەڵتوکجار و زەلکاوەکەدا بۆسەیان لە ئێمە گرتبا، چی دەقەوما؟

بە خۆشحاڵیی لەو مەسەلەیە، گەڕامەوە «بۆریش»، تا بەرلە وەڕێکەوتنی سەرلەنوێی کاروان، یەک دوو سەعات پشو بدەم. کاتێک کلاوە ئاسنەکەم، کە کلاوی باش سازکراوی «کانپور»[١٦] بوو، لە سەرم کردەوە، دوو کونی بەلای ڕاستەوە بوو. ئەو دوو کونە لە هێلێکدا بوون و یەک چوارەمی ئینچ لەگەڵ سەرم مەودایان هەبوو. بیرم هاتەوە کە لە نێوان «بوسکێن» و زەلکاوەکەدا دەنگی «زەبرێکی بچوکم» بیست کە کلاوە ئاسنەکەمی هێندێک بۆلای چاوی چەپم برد. بە خۆشییەوە دەمتوانی شەوانە بە ڕاحەت و بەبێ لەبەر چاوگرتنی زەختی ڕۆژانە بنووم، بەڵام جارێکی بە خەیاڵی ئەوەی کە دەنگی «تەقوتۆقی» دۆشکەم بیستووە، لە خەو ڕاپەڕیم، کە دەرکەوت ئەو دەنگە، دەنگی پرخەی ئەو سەربازە بەدیل گیراوەی تورک بوو. لای نیوە شەو، سوار بووین؛ لەم ڕێگا ڕۆیشتنەدا، کە لە ژێر شەوقی مانگەشەو بەرەو کۆیە دەچووین، ئەوەی کە باشم لەبیر بێ ئاکار و کردەوەی ناپەسەندی سمکۆ بوو، کە لە کاتێکدا لە گەروی «هەیبەت سوڵتان» بەرەو کۆیە شۆڕ دەبووینەوە، دەگەیشتە هەر ئەسپ و بارگینێک ئامبازیان دەبوو و شەڕی لەگەڵ دەکردو دەپەڕییە سەر ماینەکان.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی، فەرمان گەیشت سیکەکان بچنە هەولێر و یەکەکانی «هێزی ناوچەیی»ش بە پەلە بەرەو کەرکووک وەڕێکەون. ئەم مەسەلەیەش بەداخەوە جۆرە

١٦– Cawnpore یا Kanpur یەکێک لە شارەکانی هیندستان، بە ڕۆخی گنگ (ئوتار پرادش).

ڕاکردنێک بوو، کە دیسانیش پتر ئابڕووی بەریتانیای لەمەترسی دەخست. من لەگەڵ «هێزەکانی ناوچەیی» چووم. هەر ئەو شەوە گەیشتینە تەق تەق، لە ڕۆخی زێدا و بەرلە ڕووناکبوونی هەوا، لە ئاو پەڕینەوە. کاتی گەرمای ڕۆژ لە «ڕێدار»[١٧] ناوەندی ناحیەی «شوان»، بۆ پشوودان ماینەوە. شەوی دوایی، لەژێر شەوقی مانگەشەودا ڕێمان داگرت و سەرەڕای سێ سەعات ماتل بوون لە ڕێگادا، نزیکەی سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی چوارەمی سێپتەمبەر گەیشتینە کەرکووک. لێرە بیستمان گشت ئینگلیز و هیندییەکانیان ڕۆژی پێشوو بە فڕۆکە لە سلێمانی ڕاگواستووە و گلداسمیت و ئەفسەرەکانیشی چوونەتە بەغدا. ئەم کردەوەیە بەر لەوەی کە بزانرێ چ بارودۆخێک بووەتە هۆی پێکهاتنی، لە ئینگلیستان سەرنجی ڕای گشتی ڕاکێشابوو، چونکە بە ڕای من گەورەترین عەمەلیاتی هەوایی بوو کە تا ئەوکاتە لە مێژووی فڕۆکەوانیدا ئەنجامی گرتبوو. ڕۆژنامەی «هەواڵی بە وێنە ڕازاوەی لەندەن»[١٨] دوو لاپەڕەی لەگەڵ چەند وێنەی خەیاڵ بزوێنی بۆ ئەو عەمەلیاتە تەرخان کردبوو.

گلداسمیت بەرلە بەجێهێشتنی سلێمانی، پارەی خەزێنەی حکوومەتیی و بەرپرسایەتی ئیداریی و پێڕاگەیشتن بە کاری ئەو ژمارە ئەندامانەی «هێزی ناوچەیی» کە لە شار مابوونەوە، بە شورای هەڵبژێردراوی شار سپارد بوو، کە بەپێی بڵاوکراوەی ڕۆژی ٦ مای ساڵی ١٩٢١ی کۆمیسێری باڵا ئەو شورایە لەژێر چاودێریی ئەودا بوو؛ شورا شێخ قادری برای شێخ مەحموودی بە سەرۆکی خۆی هەڵبژارد، کە چەند ڕۆژ بەر لەم ڕۆژە ئیزنی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی پێدرابوو. شێخ مەحموودیان لە هیندستانەوە گەڕاندبووەوە کوێت. پاشەڕۆژی دروست و بەجێی ئەو کردەوەیە کە بۆ لاواندنەوە و ڕاکێشانی دڵی شێخەکان ئەنجامی گرتبوو و کەمتەرخەمیی سەید تەها سەبارەت بە ئامادە نەبوونی بۆ وتووێژ لەگەڵ من لە ١٠ی ئەوگوستیدا هۆی پەسەندکردنی بڕیاری گەڕاندنەوەی مەحموود بۆ سلێمانی بوو؛ دیارە، شێخ مەحموود بەم مەبەستە دەگەڕایەوە کە بەجێی براکەی ببێتە سەرۆکی شورای ئیداریی. ئەویش لە جیاتی بەڵێنی دابوو کە پێشی هاتنی تورکان بۆ شار بگرێ و هەروەها ئەوان لە بەشەکانی تری «ناوچە»[١٩] دوور بکاتەوە. جیا لەوە، ئەم

17- Rhedar
18- Illustrated- London News
19- Division



مەرجەشی قبووڵ کردبوو کە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری کەرکووک و هەولێر وەرنەدات. بڕیار ئەوە بوو کە نوێل وەک نوێنەری کۆمیسێری باڵا و ڕاوێژکار لەگەڵ ئەو بێ.

نزیکەی مانگێک یا مانگ و نیوێک دوای وەرگرتنی بەرپرسایەتی دەربەند، پێشنیازی دوو کاریان پێکردم: پێشنیازی یەکەم، لە لایەن کۆمیسێری باڵاوە بوو، بۆ ئەندامی باڵای ئیدارەی داهاتی عێراق و ئەویتریان لە لایەن وەزیرموختاری بەریتانیا لە تاران بوو، کە لە وەڵامی پرسیاری مانگی ئاپریلی سێر پرسی کاکس دوای ماوەیەک چاوەڕوانیی ڕایگەند، ئیزن دراوە ئەرکی کەفیلی کونسولی بەریتانیا لە شیراز بەمن پێشنیاز بکات، بەم مەرجەی کە دوای بەجێهێنانی یاسای وەزارەتخانە ئەوکارە بە من بسپێرن. من بەبێ هەڵسەنگاندن، ئەم دوو پێشنیازەم ڕەد کردبووەوە. پێم وایە بەڕاستی خوێنم بەجۆش هاتبوو و دەمویست دوا ڕۆژی کاری ڕانیە بەچاو خۆم ببینم. بەو ئاکامە گەیشتبووم کە کاری یەکەمیان لە ئیدارەی داهات لە چوارچێوەی زانینی مندا نییە و بۆ کار لە نوسینگەش بار نەهێنرابووم، بەڵام دووەمی بە لەبەرچاو گرتنی کۆسپێک کە لەسەر ڕێگای دەرەجە وەرگرتنم لە دەزگای ئەوکاتی کاری کونسولی ڕۆژهەڵاتدا بوو، دەبوایە تا خیز گوڵ دەکا بمێنمەوە، تا بەڵێنی دانی دەرەجەم بەجێ بگات. ئێستا، مەسەلەی چۆڵکردنی ناوچە، داهاتووی منی سەرلەنوێ زەق دەکردەوە. کاری ڕێکخستن و دابەشکردنی ئیدارەی پێشووی سیاسیی، لە نێوان ئیدارەی سەرپەرشتیی و وەزارەتی ناوخۆی وڵات ئەنجامی گرتبوو و ئەندامانی هەردوولا دەستنیشان کرابوون. ئێمە چەند کەسێک کە ڕەوانەی سلێمانیی کرابووین، لەگەڵ هیچ کام لەو دوو بەشانەیان نەخستبووین و بە گوتنی ئەوانەی ئەمرۆیی «زیادە لە پێویست» بووین. ئۆرگانی کۆمیسێری باڵا، ئۆرگانێکی چوک بوو و شوێنێکی بۆ ئێمە نەبوو. ڕاوێژکاری نوێی وەزارەتی ناوخۆی وڵات «کورنوالیس»[٢٠]، لە دەرەوەڕا هاتبوو و ئێمەی نەدەناسی و ئەوەش کارێکی دوور لە سروشت نەبوو، کە ئەگەر فەیسەڵ و وەزیرەکانی بە کەسانێک بەدگومان بن و ئەوان بە هەڵسوڕێنەرانی کارێک بناسن کە بەشێکی ویلایەتی مووسڵیان لە وڵاتی تازە پێکهاتووی عێراق جیا کردبووەوە. هەروەها قازانج و بەرژەوەندیی ژمارەیەک هاوکاری پێشووشمان حوکمی دەکرد، بۆ ئەوەی نەکا ئێمە پلە و بەرژەوەندیی ئەوان لە مەترسی

20- Cornwallis

هاوێژین، بۆ ئەوان باشتر ئەوە بوو کە ئێمە دوور لە مەیدان بین. ئەوکاتەی کە کارەکان دیاریکران دەرفەتیان بە ئێمە نەدا و ئەوەش لە بەختی ڕەشی ئێمە بوو. دەربارەی خۆم، هەرچەندە من بە ویستی خۆم نەهاتبوومە کوردستان، بەلام قبووڵ نەکردنی پێشنیازی کار لە ئیدارەی داهاتدا ویستی منی بۆ وەرگرتنی کار لە عێراق بەهێز نەدەکرد و نەمدەتوانی چاوەڕوان بم کە وەزارەتی دەرەوەی وڵات دوای ڕەدکردنەوەی ئەو دوو پێشنیازانەی، کە بێگومان بەلانی کەمەوە نەک بەڕای من، بەڵکو بە ڕای ئەوان بۆ کەسێک کە ماوەی حەوت ساڵ لە ئۆڕگانی خۆی دوور کەوتبووەوە، کارێکی باش بوو و داوای‌تری من بۆ کار لە ماوەیەکی نزیکدا بە شتێکی جیا لە بێ سەبری وەرنەدەگیرا.

هەرچۆنێک بێ، چونکە نەدەزانرا چی ڕوو دەدات، کۆمیسێری باڵا بە پارێزەوە ئێمەی بۆ خزمەت لە ئۆڕگانی خۆیدا وەرگرت و لە بەغدا ئەرکی کاتییان پێ سپاردین؛ موچەی مانگانەشمان لەو داهاتە وەردەگرت کە لە سلێمانی دەیاندا بە دەزگای سەرپەرشتی. لەوکاتەدا، بەهەڵکەوت سەرگورد «سی. سی. مارشاڵ»[21]، ڕاوێژکاری ناوچەیی[22] خەریکی پشودان بوو. یاریدەدەری یەکەمی لاین بەهۆی کارتێکەریی شکانی کاروانی ڕانیە (ڕانیکۆل) لە سەر ناوچەی مەئموریەتەکەی نەیدەتوانی لە هەولێر بەگشت کارەکانی ناوچەکەی ڕابگات. لەبەر ئەوە، زۆری پێنەچوو بڕیاردرا من بچمە کەرکوک و ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کەرکووک لە ئەستۆ بگرم، بەلام سەبارەت بە هەولێر بەرپرسایەتیم نەبێ. لەو ناوەدا، مارشاڵیش کاتی گەڕانەوە لە پشودان بۆ عێراق نەخۆش کەوت و هەرگیز ئەو ئەرکەی وەرنەگرتەوە. بە وەرگرتنی ئەرکی ڕاوێژکاری ناوچە، لە وەزارەتی ناوخۆی وڵاتدا، بۆ هەمیشە پشتم لە خزمەتکردن لە وەزارەتی دەرەوەی وڵات کرد و چارەنووس وای لێکردم کە ٢٣ ساڵی‌تر واتە لەسەر یەک ٣٠ ساڵ لەو وەزارەتخانەیە دوورکەومەوە. کاتێک فیکر لە ڕابردوو دەکەمەوە و دەبینم تێکەڵ بوونی پێنج بەشی وەزارەتی دەرەوەی وڵات بە قازانجی یەک دوو کەس تەواو بوو، کە لەگەڵ من دامەزرا بوون، خەفەت ناخۆم. کاتێک لە وەزارەتی دەرەوەی وڵات دامەزرام، ئەو

21- C.C. Marsakall

٢٢- Divisional Adviser تەواوی ئەو ناوچانەی کە ساڵی ١٩٢٢ بە ناوی چەمچەماڵ پێشاندراون، سەربە سلێمانی بوون و لە جێی‌تر باسیان کراوە. «قەزا»یەک بە ناوی تۆق لە ئارادا نەبوو: ناحیەی دەوروبەری تۆق سەربە کەرکووک بوو و «دووز»یش لەگەڵ کفری بوو.



وەزارەتخانەیە کرا بە پێنج بەش. ڕاستە کە شوێنی کارەکەم لە ناوچەیەکی چوکی ئاسیادا بوو، بەلام لەم مەڵبەندە بەرتەسکەشدا گەلێک ئەزموونم کۆکردەوە و فێربوونیش هەرچی بێ دوور لە خۆشیی و حەقدەست نییە.

## بەشی سێیەم

### ٠١٨ کەرکووک

پێشتر لە فەسڵی دووەمدا، بەگشتیی جوگرافیای ئەو مەڵبەندەم شیکردەوە. چوارچێوەی سنووری ئیداری پارێزگای کەرکووک هەم لەو سەردەمدا کە ڕووداوەکانی ئەم کتێبەی دەگەڕێتەوە سەر و هەم دوای ئەو، چەندجار ئاڵوگۆڕی بەسەرهات؛ بەڵام بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان و تیرە و هۆزەکانی دانیشتووی ڕوون بکرێتەوە، ڕەنگە باشتر بێ کە سەرەتا شێوەی ڕێکخستنی ئیداریی ناوچە بەچەشنێک کە سەرەنجام شکڵی گرت ئاراستە بکەم و دوایی ئەگەر پێویست بێ ئاماژە بەو جیاوازییانە بکەم کە لەگەڵ ڕێکخستنی ساڵی ١٩٢٢ بوویان.

| قەزا | ناحیە | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|---|
| چەمچەماڵ | ناحیەی ناوەندی<br>ئاقجەلەبەر<br>سەنگاو | قەزای ناوەندی | ناحیەی ناوەندی<br>مەلحە<br>ئاڵتون کۆپری<br>شوان<br>قەرەحەسەن |
| کفری | ناحیەی ناوەندی<br>قەرەتەپە<br>قەڵاشێروانە<br>شێواز | تۆق<br>(داقووق) | ناحیەی ناوەندی<br>قادرکەرەم<br>دووزخورماتوو |

تەواوی ئەو ناوچانەی کە ساڵی ١٩٢٢ بە ناوی چەمچەماڵ پێشاندراون، سەربە سلێمانی بوون و لە جێی تردا ئاماژەیان بۆ کراوە. «قەزا»یەک بە ناوی تۆق وجوودی نەبوو: ناحیەی دەوروبەری تۆق سەربە کەرکووک بوو و «دووز» لەگەل کفری بوو؛



قادرکەرەم دابەش کرابوو بەسەر سێ ناحیەی عەشایرییدا:

١- گۆل، بەرپرسایەتی لە ئاست کەرکووک، بە یەکێک لە شێخەکانی بنەماڵەی تاڵەبانیی سپێردرابوو.

٢- زەنگەنە، بەرپرسایەتی بە یەکێک لە ئاغاکانی هۆزەکەی درابوو و سەر بەکفری بوو.

٣- جەباریی، هەروەک وتمان سەربە چەمچەماڵ بوو. سەرەڕای ئەوانە، ناوچەیەکی بچووکیش کە لە چەند گوندی شێخەکانی بەرزنجە پێکهاتبوو، لەژێر سەرپەرشتیی سەنگاودا بوو. قەڵای شێروانە لەگەڵ ناحیەی ناوەندی کفری بوو، پیباز سەربە وەرماوا لە قەزای هەڵەبجە بوو.

بەشێکی شاری کەرکووک، لەسەر تەپۆڵکەیەکی لاکێشی دروست کراوە، کە ئەو تەپۆلکەیە ١٢٠ پێ بەرزتر لە دەشتە و بەشەکەی‌تریشی بەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووبارە خیزەلانەکەی «خاسەچای» سازکراوە.

زۆربەی خانووەکانی لای ڕۆژئاوای تەپۆڵکەکە ڕووخابوون و بنەماڵە موسوڵمانە ناسراوەکانی شار لەو بەشە خانووبەرە نوێیانەدا دەژیان، کە لەژێر تەپۆلکەکە هەڵکەوتوون؛ بەڵام گەڕەکی عیساییەکان، بەسەر بەشی ڕۆژهەڵاتی تەپۆلکەکەوە ئێستاش بۆ ژیان دەبوو و خانووبەرە بەرزەکانیان لە دیواری شار دەچوو و قەڵا و دیوارەکانیان بەسەر لێژایی تەپۆلکەکەوە سەریان بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە. لە نێوان مزگەوت، تەکیە، خانەقاو بیناکانی ئەو شارەدا پێویستە ئاماژە بە دوو دانەیان بکەم: یەکەم، گۆڕی دانیال و ئەوی‌تریان کۆشکێکی هەشت سوچە، کە مێژووی سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی سەلجوقییەکان. هەروەک دەزانین هەواڵ و دەنگوباسەکان دەربارەی بینای یەکەم دەگەڕێنەوە سەر «تونخانەی ئاگر»[1]. ئەم تونخانانە، ئاگری نەکوژاوەی گازی نەوتن، کە لە جێیەکی قوڵ بەناوی «باباگوڕگوڕ»[2]، لە دوو مایلی باشووری ڕۆژئاوای نزیک بیرەتەنکەکاندا بەدەست هەڵکەنراون و بیرەوەری دەستپێکردنی

---

١- ئاماژەیە بە داستانی نەبوو کەد نەسر... تۆ ئەی پاشا فەرمانت دا، هەر کەس دەنگی شەیپور، زوڕنا، عود، کەمانچە، سەنتور و هەرکام لە سازەکانی مۆسیقا ببیسی، دەبێ لە ئاست وێنەی زێریندا کڕنۆش بەری و هەرکەس خۆی بە سەردا نەخات و کڕنۆشی بۆ نەکات، بخرێتە ناو تونخانەی ئاگر... ئایەکانی ١٠، ١١و ١٢ لە فەسڵی ٣، کتێبی دانیال نەبی.

2- Baba Gurgur

پیشەسازیی نەوت پێشان دەدەن، کە لە سەردەمی هیرۆدۆت و تەنانەت بەرلەو، لەو ناوچەیەدا سازکراون و دەسووتێن. بینای دووەم، بە پێی نووسراوەیەک کە لەسەریەتی لە ئەسڵدا بە شانازیی ژنێکی ناسراو بەناوی «بوغدی خانم»[3] سازکراوە، بەڵام ئێستا لە ڕوانگەی ماڵەکانی دراوسێیدا، نرخی سەرەکی ئەو بینایە لەوە دایە کە تەپاڵەی پێوە بنووسێنن و وشکی کەنەوە. کەرکوک بە پێی یەکەم پەیمانی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٥٥٥دا، بەبێ ئەملا و ئەولا لەگەڵ خاکی عوسمانی خرا، بەڵام لە دوو سەدەی دواییدا هیچ نەبێ دوو جار ئێرانییەکان بۆ ماوەیی کورت لە ساڵی ٢٣-١٦٣٠ بە هۆی شاعەباس و ساڵی ٣- ١٧٤٦ بە هۆی نادرشا دەستی بەسەردا گیرا.

ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکووک لەم سەردەمەدا کە باسی لێدەکەین، نزیکەی ٢٥ هەزار کەس بوو[٤]. زۆربەی دانیشتووانی تورکمان بوو و یەک لە چواریشی کوردان پێکیان دەهێنا. جەماوەرێکی بچووکی عەرەب، مەسیحی و جولەکەشی لێ بوون. کەرکووک، لە سەدەی هەژدەدا، ناوەندی مەڵبەندی شارەزور بوو، لە پارێزگاکانی نوێی کەرکووک، واتە هەولێر و «بەناو» سلێمانی پێکهاتبوو و لە لایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە لە بەغدا دیاریکرابوو. بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە مەدحەت پاشای والی بەغدا ساڵی ١٨٦٩- ١٨٧٢ ئەنجامی دان، ناوی شارەزوور کرا بە «سنجاق»ی کەرکووک (بەرامبەر لەگەڵ پارێزگاکانی ئێستای کەرکووک و هەولێر)، هەرچەندە شارەزوری مێژوویی لەگەڵ «سنجاقی» تازە پێکهاتووی سلێمانی مایەوە. ویلایەتی مووسڵ، ساڵی ١٨٧٩ پێکهات. کەرکووک بە هۆی تێکەڵاویی زمان و ڕەگەزی دانیشتووانی، وەک شارێکی گرنگی سەربازیی و ناوەندێک بۆ دابینکردنی کارمەندی دەوڵەت و ژاندارمەیی بوو و دەزگای عوسمانیی دەیتوانی حسابی لەسەر بکا.

بنەماڵە گرنگ و دەوڵەمەندەکانی شار یا تورکبوون یان ئەگەر کوردیش بوویایە، خۆیان بە تورک دەناساند. لەو ناوەدا لە هەمووان گرنگتر، ئەو بنەماڵانە بوون: بنەماڵەی

---

3- Bughday Khanum

٤- ئەم ژمارەیە دەگەڕێتەوە سەردەمی بەرلە تێکۆشانی شەریکەی نەوتی عێراق. ژمارەی بەرلە جەنگ ڕەنگە هێندێک پتر بێ، بەڵام قەت ٧٠٬٠٠٠ کەس نییە، کە مارک سایکس گوتویەتی. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٨، نفووسی پارێزگا ٦٩٠٠٠ کەسە. من گوتنی تورکمانم لە زاراوەی خەڵکی شارۆچکە و گوندەکانی تورک نشین وەرگرتوە، کە بەزمانی تورکی قسە دەکەن و لە باس لەگەڵ فەرمانبەرەکانی پێشوی عوسمانییدا «تورک»م بەکار هێناوە.



نەوتچیزادە، هەروەک لە ناویان دەردەکەوێ خاوەنی بیرە کۆنەکانی نەوت بوون و لەو بەرهەمە سروشتییە قازانجی باشی دەکرد؛ بنەماڵەی یاقوبزادە، خاوەن موڵک بوون و دەگوترا کوردی زەنگەنەن؛ بنەماڵەی «قیردار»[٥]، هەم خاوەن موڵک بوون و هەم تاجر. سەرەڕای ئەوانە، ژمارەیەکیش ئەفسەر و کارمەند هەبوون کە هەرچەندە سەربە بنەماڵە کۆن و دەوڵەمەندەکان نەبوون، بەڵام لە دەزگای عوسمانیدا بە پلە و پایەی بەرزی کار و خوێندن گەیشتبوون و دوای لەتبوونی ئیمپراتۆریی گەڕابوونەوە وڵاتی خۆیان. لە نێوان کوردەکاندا، سەید ئەحمەدی خانەقا، لە بنەماڵەی بەرزنجە ناسراوتر لە ئەوانیتر بوو، بەڵام بە پێچەوانەی زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە، ئەو نەقشبەندیی بوو. دەرگای خانەقاکەی، کە موڵکێکی زۆری هەبوو، بۆ هەموو کەس کراوە بوو و بێگومان دەسەڵاتی زۆری بە سەر هۆزەکەیدا هەبوو، بەگشتیی گەورەترین هۆزی پارێزگای پێکدەهێنا.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا، کەرکووک ناوەندێکی گرنگی نەستورییەکان و پێگەی سەرقەشە «بیتگرمە»[٦] بوو. نوێنەری ئەو کۆمەڵە کۆنە، ئێستا ١٥٠ بنەماڵەی «کەلدانی»[٧]ن و هەروەک گوتم زۆربەیان لە گەڕەکێکی کۆنی شار، بەسەر ئەو تەپۆڵکەوە دەژیان کە پەنجەم بۆ ڕاکێشا. سەرقەشە «ستێفان جەبری» ڕێبەرایەتی ئەم گرووپەی دەکرد و بارەگاکەی ئێستاش بەناوی کۆن دەناسرا. هەروەها، سێ بازرگان و خاوەن موڵکی دەوڵەمەندیش هەبوون بە ناوەی «میناس غەریب»، «کۆنستانتین» و «تۆمە هیندی» کە ڕێزێکی زۆریان لێ دەگیرا. میناس غەریب ئەندامی هەڵبژێراوی شورای ئیداریی بوو. ئەم شورایە لە سەردەمی تورکاندا ئەرکی گرنگی لە ئەستۆ بوو، بەڵام لە حکوومەتی ناوەندگەڕای عێراقدا، کە دەسەڵات پتر بەدەست ناوەندەوە بوو، کەم کەم سەربەخۆیی خۆی لە دەستدا. کۆمەڵی عیساییەکان، تا جەنگی یەکەمی جیهانی دەیانتوانی لەم بابەتەوە شانازی بەخۆیان بکەن کە توانیبوویان کەنیسەی هەرە کۆنی جیهان بپارێزن، کە لە سەدەی پێنجەمدا بەیاد و بیرەوەری لە دەستچووانی پەلاماری

---

5- Qirdar
6- Beth Garme

٧- «کەنیسەی کەلدانی ڕۆژهەڵات»، نەستورییەکانی کۆنی لەخۆ کۆ کردۆتەوە، کە بە زمانی سریانی قسە دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە کلتوری پێشووی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕاگرتووە، لەگەڵ کەنیسەکانی ڕۆم یەکیان گرتوە و سەرۆکایەتی پاپیان قبووڵ کردووە.

«یەزدگوردی» دووەم (٣٨-٤٥٧ز) ساز کرابوو. تورکان لە ماوەی شەڕی یەکەمدا لە جیاتی عەمباری تەقەمەنی، کەڵکیان لەم کەنیسەیە وەردەگرت و لە پاشەکشەی ساڵی ١٩١٨شدا تەقاندیانەوەو لەناویان برد.

جولەکەکان، هەژار و دەست تەنگتر بوون لە عیسایییەکان و بە گشتی وردە فرۆشییان دەکرد. «ڕابی» و بازرگانێک بە ناوی ئیسحاق ئەفرایم، بەسەر ئەو جەماوەرەوە ڕادەگەن و ئیسحاق بۆ ماوەیەک نوێنەری جولەکەکانی مووسڵ بوو لە پەرلەماندا. سەرۆکی ئیدارەی داهات بوو؛ عەزیر ئەفەندی جولەکەش، پیاوێکی زۆر ئەمین و دروستکاری ناوچەکە بوو.

لە فەسڵەکانی پێشوودا، زۆرجار باسی شارۆچکە تورک زمانەکانی قەراخ جادە کراوە. (دایرە المعارف اسلام) لە بەشی «کەرکووک»دا دەڵێ، ڕەنگە ئەو تورکانە بەرلە داگیرکردنی ئەو مەڵبەندە لە لایەن عوسمانییەکانەوە لەو جێیە بووبن، بەڵام بەتەواوی ڕوون نییە، کە ئەوانە بە پاشماوەی پێگەی سەربازانی تورک بزانرێن کە خەلیفەکان لە سەدەی نۆیەمی هیجریدا لەو شوێنەیان دانان یا پاشماوەی ئاوارەکانی سەردەمی سەلجوقی، واتە (سەلجوقی گەورە ١٠٣٧-١١١٧، سەلجوقی عێراق و کوردستان (١٧-١١٩٤) و بابە گەورەی بیگتگینی «هەولێر» (١١٤٤-١٢٣٢) کە بۆ ئەم مەڵبەندە کۆچیان کردووە. نووسەری وتار، ئاماژە بەئایینی ئەوان ناکات. ئێستا، زۆربەی دانیشتووانی بەشێکی ئەو ناوچانە بەتایبەتیی کەرکوک و کفری، کە ناوەندی ئیداری عوسمانیی بوون و هەروەها ئاڵتون کۆپری کە لە هەولێر نزیکترە سوننەن؛ بەڵام زۆربەی خەڵکی شوێنەکانی دیکە سوننە نین و باس لە ئایینی خۆیان ناکەن. لە ناوچەدا، بەم خەڵکە دەڵێن «قزڵباش» و گرووپی مەزنیان لە «تازە خورماتوو»، تۆق، دووزخورماتوو و قەرەتەپە دەژین، کە هەموویان لە قەراخ جادەن، هەروەها لە گوندی «تسعین» لە نزیک کەرکوک بەلای «تازە» و «لەیلان» و لە قەرەحەسەنیشدا هەن.

ئەو کەسانەی، کە لە مێژووی عێراق دەکۆڵنەوە و من دەربارەی ناوەند و چۆنیەتی شوێنی ژیان و پەروەردە بوونی ئەو خەڵکە، قسەم لەگەڵ کردوون، لەسەر ئەو باوەڕەن کە:

١- سەلجوقی گەورە، ئەوانی لە ئاناتۆلییەوە هێناوە.

٢- ئەوانە نەوەی ئەو ١٠٠،٠٠٠ تورکەن کە تەیموورەشەلە (تەیموری لەنگ) بە دیلی گرتوون و بە تکای «خواجە عەلی»، شێخی (ئەردەوێل)، لە کوشتنیان خۆش بووە. پێشتر لەگەڵ خواجە عەلی ئاشنا بووین، ئەو یەکەم کەسی سەفەوی بوو کە هەستی



شیعەگەریی لەخۆ پێشاندا. بەم پێیە هاتنی ئەوانە دەبێ لە نێوان ساڵی ١٣٩٢و ١٤٠٥دا بووبێ.

٣- سوڵتان سەلیمی یەکەم و سوڵتان سلێمانی یەکەم (١٢-١٥٦٦) ئەو تورکانەیان بۆ پاراستنی ڕێگا، لە ئاناتۆلییەوە هێناوەتە ئێرە.

٤- ئەوانە خزم و کەسوکاری ئازەربایجانییەکانی «مەراغە»ن کە شاعەباسی سەفەوی (٢٠-١٥٢٤) کاتی داگیرکردنی عێراق ئەوانەی لە پێگەکانی سەربازیی ئەو جێیە داناوە.

٥- ئەوانە دەبێ خزم و کەسانی ئەندامانی ئەو پێگە سەربازییە بن، کە نادر شا (٤٧-١٧٣٠) لێرە داینان.

ناوی قزڵباش، لە ئەسڵدا بە نۆ هۆزی ئازەربایجان گوتراوە، کە سەرگوڵی ئەو سوپایە بوون، کە شاسمایلیان گەیاندە سەرتەختی شایەتی ئێران، چونکە مێزەری سووریان لەسەر دەبەست، بەم ناوە دەناسران. دوایی، ئەم ناوە بە گەلێک کۆڕ و کۆمەڵیتر دەگوترا کە لە ئاسیای بچووکدا، ئایینی جیا لە ئایینی گشتیی خەڵکیان هەبووە و وا بیر دەکرایەوە کە زۆربەی ئەوانە لەگەڵ گرووپی «بەکتاش»یە بن[8]. وشەی قزڵباش لە بەڵگەنامەکانی پەیمانی زوهابدا بەگشتیی بۆ ئێرانییەکان بەکار هێنراوە و وشەیەکی سوکە و واتای بێکارە و بەڕەڵڵا دەگەیەنێ و مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەش بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە بووە.

دەربارەی گرووپی بەکتاشیە، گەلێک نووسراو بە زمانی ئەورووپایی[9] هەن و بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی مستەفا کەمالدا بە زمانی تورکیش دەست دەکەون، کە بە خامەی کارناس و خاوەن ڕایەکانی پێشووی ئەم تەریقەتە نووسراون. بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەیەک، هەرئەوەندە پێویستە کە پەنجە بۆ ئەم سێ خاڵە ڕاکێشم کە پەیوەندییان بە مێژووی ئەو گرووپەوە هەیە:

٨- مەسیحیەت و ئیسلام، لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانییدا. نووسراوەی ئێف. دابلیو هاسلک، ئاکسفورد، ١٩٢٩ فەسڵی ١٢.

٩- بەتایبەتی، بڕوانە تەریقەتی بەکتاشی. نووسراوەی جی. کی. برج Birge، لەندەن، ١٩٣٧.

١– دامەزرێنەری ئەو گرووپە، کە ناوی خۆی لەسەر گرووپەکەی داناوە، پیرە پیاوێکی خەڵکی خوراسان بووە بە ناوی «حاجی بەکتاش وەلی»، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدە، لە «شاری کیر» لە ئاناتۆلی نیشتەجێ بووە. حاجی بەکتاش وەلی، بەشێوەی ئاسایی دەستەڵاتی خۆی پەرەپێداوە؛ بەڵام وجودی ڕێکوپێک کراوی ئەو گرووپە دەبەنەوە سەر «باڵیم سوڵتان»، کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ژیاوە،

٢– سوپای ناسراوی «یەنی چری»، کە بۆ ماوەی چوار سەدە زنجیرەی سەرەکی سوپای سوڵتان بوو، لە ئەسڵدا لەو منداڵانە پێکهاتبوو کە بنەماڵە مەسیحیەکانی سەربە ئیمپراتۆری بەزۆر وەریان دەگرتن و دەیانهێنانە سەر دینی خۆیان. ئەو سوپایە، کە «ئیرخان» (١٢) (٢٦-١٣٥٩)، دووەم سوڵتانی بنەماڵەی عوسمانی پێکیهێنا، سەرەتا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو گرووپە هەبوو. بەدرێژایی مێژووی ژیانی ئەم سوپایە، حاجی بەکتاش پیر و پارێزەری بوو و تا شکانی لە ساڵی ١٨٢٦دا، «بابا»کانی بەکتاشیی پێش نوێژییان بۆ دەکردن. ئەوە بۆخۆی پێشان دەدات سەرەڕای نوێکردنەوەیەک کە لە کارەکاندا پێکیان هێنابوو و ڕێزگرتنی تەواویان لە دوازدە ئیمامەکان، بەکتاشیە لەم قەڵشە سیاسییە مەزنەی کە لە دیندا پێکهاتبوو، لە جیاتی ئەوەی بەلای شیعەکاندا بکەوێ، زیاتر لایەنی سوننەکانی دەگرت.

٣– لە مێژوویەکدا کە سنورەکەی بە تەواویی ڕون نییە، گەلێک بیروبۆچوونی جیاواز سەریان هەڵدا و تەنانەت لایەنگرانی گرووپێکی سەرەڕۆ و توندوتیژ بەناوی «حروفیە» سەری هەڵدا، کە دامەزرێنەوەکەی «فەزڵوڵا سترئابادی» ساڵی ١٣٩٨ داوای خودایەتی کرد و لەبەر ئەوە بەدەست «تەیموره شەله» کوژرا. ئەو گرووپە کە لە حاڵی گەشەکردندا بوو، لە لایەن بەکتاشییەکانەوە پێشوازی لێکرا.

من قزڵباشەکانی مەڵبەندی کەرکووکم نهێنی پارێزتر لە کاکەییەکان بینی، بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا بۆم دەرکەوت کە ئەم ژمارەیە دابەشکراون بە سەر دوو گرووپی دەروێش و سوفیدا. گرووپی یەکەم لە تۆق، دووز و «لەیلان» دەژین و گرووپی دووەم لە «تازە خورماتوو»، «بەشیر» و تسعین نیشتەجێن. نووسراوێکم دەربارەی قەرەتەپە بە دەستەوە نییە، بەڵام لەوانەیە، ئەوان لە گرووپی دەروێشەکان بن. دوای ئەوە کە بۆخۆم بەم ئاکامە گەیشتم کە گرووپی سوفییەکان دەبێ نوێنەری سەردەمی دوایی تەریقەتی کۆنی «سەفەوی» واتە قزڵباشەکانی پێشوو بن، دوو کەسی لێزان و شارەزا دڵنیایان کردم کە بۆچوونەکەم ڕاستە. ئەم مێژووە، لەگەڵ مێژووی خاڵی دووەم و چوارەم یەک دەگرێتەوە



کە دەربارەی شوێنی کۆنی پێگرتنیان گوتراوە. بەم جۆرە، دەروێشەکان ڕەنگە نوێنەری گرووپێکی تری قزڵباشەکانی ئاناتۆلی و نزیکتر بە بەکتاشەکانی یەکەم بن، کە بە هۆی باڵیم سوڵتانەوە ڕێکخراون، ئەوەش لەگەڵ سێیەم مێژوو لەو مێژووانە یەک دەگرێتەوە کە لە سەرەوودا ئاماژەیان بۆ کراوە. دیارە، ئەو تورکانەی کە زووتر لە کۆچەرەکان لێرە نیشتەجێ بوون، ڕەنگە لەوێ بەهۆی پروپاگەندەی بەکتاشی لەگەڵ ئەو تەریقەتە کەوت بن، بەڵام بەڕواڵەت مێژووی نیشتەجێ بوونی تورکمانە ئایین جیاوازەکان، کە لایەنگری ئایینی گشتی نەبوون، دەبێ دوای ئەم مێژووە بێ کە «دایرەالمعارف اسلام» باسی لێ کردووە.

مێژووی ئەو «بەکتاش قزڵباشانە» هەرچی بێ بەپێچەوانەی کاکەییەکان بە شیعە دەناسرێن و ڕێبەرانی ئایینی «کەربەلا و نەجەف» ئەم مەسەلەیان بۆ گرنگە و بۆ لەناو بردنی هەڵەکانیان و گەڕاندنەوەیان بۆ ئایینی جەعفەریی تەبلیغاتچیان لەناودا بڵاوکردبوونەوە. ئەم شێوە هەڵسووڕانە، بۆ تورکە سوننە ناسراوەکانی کەرکووک و تەنانەت ژمارەیەک لایەنگری ئەم ئایینە گەلێک ناخۆش و ناپەسەند بوو؛ ئەوکات کە من لە ناوچە بووم، حکوومەت بۆ پاراستنی نەزم و هێمنایەتی چەندجار ناچاربوو ئەو تەبلیغاتچییانە لەو جێیە دەربکات. سەرەڕای ئەوانەش، هەڵسووڕانی ئەوان بێدەستکەوت نەبوو و بە سەرسوڕمانەوە پتر لەناو دەروێشەکاندا سەرکەوتن تا سوفییەکان.

بنەماڵەی هەرە گرنگی ئەم پارێزگایە، ڕەنگە بنەماڵەی تاڵەبانییەکان بێ، کە لە فەسڵی پێنجەمدا پەنجەم بۆ یەکێک لە ئەندامە ناسراوەکانی واتە شێخ ڕەزای کەرکووکی شاعیری سەردەمی بنەماڵەی بابان ڕاکێشا. ئەم بنەماڵەیە، کوردن و لەم بابەتەوە بەڵگە و نموونەی زیندوو پێشان دەدەن کە چۆن لە سەردەمی نوێدا، بنەماڵەیەک دەتوانێ بەهۆی کارتێکەرییەکانی ئایینیی و دەروێشیی بەدەستەڵات بگات. شێخ ڕەزا بۆخۆی، لەم پارچە شیعرەدا شێوەی پێکهاتنی ئەم بنەماڵەیەی ڕوون کردووەتەوە.


خودا وەختێ کە حەزکا بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنوود
لەڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهدی مەقصوود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێیە، تا خاکی کوردستان
خودا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوانە کرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگەنە یەعنی قوطبی دائرەی ارشاد...

شاعیر، دیسان درێژە بەگوتنەکەی دەدات و ئەو دیاردەیە شی دەکاتەوە کە چۆن هێشتا دەنگی زکری «یاهو و یا ئەڵڵای» دەروێشان لەسەر گۆڕی شێخ مەحموود بەرز دەبێتەوە و چۆن جبەی دەروێشیی، کە لە شێخ ئەحمەدی وەرگرتبوو، لە باب بە کوڕ و سەرەنجام بە براکەی واتە شێخ عەلی گەیشت. شاعیر، ئینجا لەم بابەتەوە داوای لێبوردن دەکات کە بە هۆی لێنەهاتوویی نەیتوانیوە لەناو ئەو بنەماڵە خاوێن و خۆپارێزەدا جێ بکاتەوە، شیعرەکەی بەم جۆرە تەواو دەکات.

ڕەزاش لەو نەسلەیە بیبەخشە یاڕەب ، چونکە قەت نابێ
گـوڵی بێ خـار و بەحـری بێ بوخـار و ئاگـری بێ دود

خشتەی لاپەڕەی دوایی ڕادەی پەیوەندیی ئەندامە سەرەکییەکانی ئەو بنەماڵەیە پێشان دەدات کە لەم کتێبەدا باسیان لێکراوە.

**مەلا مەحمود - مێردی کچ یا نەوەی کچەزای میر سمایل**




ئەگەر دیسان بۆ هەر نەوەیەک ٣٣ ساڵ لەبەرچاو بگرین، ڕەنگە مەلا مەحموود لە ساڵانی کۆتایی سەدەی هەژدەدا پێی گرتبێ و خاوەنی هێز بووبێ و کچ یا نەوەی کچی میرسمایلی زەنگەنەی مارە کردبێ، کە سەرۆک هۆز بووە و لە «قەیتول» ژیاوە. شێخ ئەحمەدی کوڕیان چووەتە گوندی تاڵەبان، ئەو گوندەی کە ناوی خۆی لەو بنەماڵەیە وەرگرتوە و لەوبەری ڕوباری «باسەرە» لە ناوچەی چەمچەماڵ هەڵکەوتووە. ئەو شێخ ئەحمەدە نۆ کوڕی هەبووە کە هەموویان خاوەنی کوڕ بوون و کوڕیان لە دوا بەجێ ماوە.




کوڕەکانیشی بە نۆرەی خۆیان بە ڕادەیەک بەبار بوون، کە نەوەی دواییان گەیشتووەتە دەیان کەس و لە نەوەکانی دواتردا لە سەدان کەس تێپەڕین. لە نێوان کوڕەکانی ئەحمەددا، غەفور زنجیرەی کۆیی دامەزراند و محەمەد عارف لە زوهاب نیشتەجێ بووە. ئەو بە پیاوچاکێکی مۆجزەگەر ناوبانگی دەکرد و بە پێی داستانێک کارگەریی ئەو لە یەکێک لە شەڕەکانی نێوان ئێران و عوسمانیی لە سنووری زوهاب بە ڕادەیەک بووە کە عوسمانییەکانی لە شکان ڕزگار کردووە و تەنانەت ئەوانی سەرخستووە. پاشای بەغدا بە چاکەی ئەوکارەی چەند گوندێکی لە ناحیەی «بنقەدرە» لە باکوری خانەقین خەڵات کردووە. سێیەمین تۆرەمەی دوای مەلا مەحموود، شێخ حەمید کوڕی عەزیز، نەوەی ئەحمەد هۆشیارتر لە هەمووان بووە. ئەو سەرەتا بوو بە خاوەنی ژمارەیەک موڵکی «گۆل» و کاتی داگیرکردنی عێراق لە لایەن سوپای بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٨دا، گرنگترین کەسایەتی پارێزگا بوو. ئەو کە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی تورک بوو، تەواوی هێز و دەسەڵاتی خۆی بۆ پشتگرتنی ئێمە تەرخان کرد. بۆ ڕێزگرتن لە خزمەتەکانی، ئیزنی پێدرا گوندەکانی خۆی بەبێ دەستێوەردانی مودیری ناحیە، ڕاستەوخۆ لە «گۆل»ەوە سەرپەرشتی بکات و لە بیرە نەوتە کۆنەکانی ناحیەش بە سوودی خۆی کەڵک وەرگرێ. ئەو پیرە پیاوە ساڵی ١٩٣١ کۆچی دوایی کرد و من هەرگیز چاوم پێی نەکەوت. یەکێک لە کوڕە گەنجەکانی بەناوی «تالب» هەموو میرات و دەستکەوتەکانی بابی پێگەیشت. تەواوی کوڕەکانی حەمید جوان چاک و ڕێکوپێک بوون و بەگشتیی پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ حکومەت هەبوو، هەرچەندە بێ مەیل نەبوون لەم پەیوەندییەی کە بە هۆی هەڵسوڕانی بابیان لەگەڵ حکومەت پێکهاتبوو، بەقازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن. بنەماڵەی تاڵەبانی لە ناحیەکانی قەرەحەسەن و تۆقیشدا خزم و کەسیان هەبوو.

لە شەرەفنامەدا(١٥٩٦) ئاماژە کراوە بە ڕەگەز و وڵاتی پێشووی هۆزی زەنگەنە، بەڵام تەنیا ئەم خاڵەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەندامە حاکمەکانی ئەو بنەماڵەیە لە سەردەمی شا سمایلدا بە پلە و پایەی بەرز گەیشتن(١٥٢٤-١٥٠٢)، بەڵام، چونکە دوایی سەرکردەیەکی لێوەشاوەیان نەبووە، بڵاوبوونەوە و کەوتنە ژێر فەرمانی میرە جیاوازەکانی شیعەوە. ئەم مەسەلەیە بە هەر شێوەیەک بووبێ، بێگومان ئەوە دەگەیەنێ کە هۆزی زەنگەنە لە سەردەمی قاجارەکاندا، هۆزێکی یەکگرتوو بووە و لە «ماهیدەشت» و ناوچەیتری کرماشان، لە ژێر دەستی بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتدا ژیاون، کە تۆرەمەی خۆیان بردووەتەوە سەر شێخ عەلی ناوێک کە لە سەردەمی یەکێک لە پاشاکانی

سەفەوی و بەرلە ساڵی ۱۷۳٦ سەرۆک وەزیر بووە. زەنگەنەکانی عێراق سوننەن و ئێستاش لە شوێنێک دەژین کە بە وڵاتی ئەسڵی خۆیانی دەزانن: مەبەست لە بەشی سەرووی «ئاوە سپی» و بەشێک لە گوندەکانی نزیک کفری لە باشووری ڕۆژهەڵاتە و دەڵێن شێخ عەلی خان لێرەوە چووە و ڕێگای خزمەتی شای ئێرانی گرتووەتە بەر. شێوەی ئاخافتنی ئەو خەڵکە، لە شێوە زاراوەی کوردیی ئاسایی ناچێ، بەڵکوو یەکێک لە زاراوەکانی گرووپی ماچو ماچو واتە زاراوەی گۆرانییە.

بە ئەندامە حاکمەکانی بنەماڵەی نوێ لە عێراق دەڵێن ئاغا و ئەوان تۆرەمەی خۆیان دەبەنەوە سەر کەسێک بە ناوی برایم خانچی:





ئەمانە هێندێک جار باسی میرسمایل ناوێکیان دەکرد، کە لەوە دەچوو باپیرە گەورەیان بووبێ. بەڵام گوتنی ئاغا بەڕواڵەت قسەی ناحەزەکانیان دەربارەی ئەم دیاردەیەی دەسەلماند کە برایم خانچی لە ڕاستیدا پیاوێکی تازە پێگەیشتوو بووە و بابانەکان چاودێریی گوندێکی گرنگ و کاروان سەرایەکیان پێ سپاردووە، کە ئێستاش ناوی برایم خانچیان لەسەرە. ئەو گوند و کاروان سەرایە، لەسەر جادەی کفری بۆ قەڵاچوالان و سلێمانی هەڵکەوتووە. حەمەی کەریم ئاغا، کە لە برایم خانچی دەژیا ساڵی ۱۹۲۲ کرا بە مودیر و بەرپرسی نزیکەی ۳۵ گوند. لەو ژمارەیە نزیکەی ۲۰ گوندیان بەدەست ئاغاکانی زەنگەنەوە بوون. ئەو و ئاغاکانی زەنگەنە دەستەڵاتیان بە سەر تاڵەبانییەکان و موڵکی دراوسێکانی ڕووبەڕوو نەبوو: زۆربەی دانیشتووانی گوندەکانی دراوسێی



ئەندامی هۆزی زەنگەنە بوون.

تاڵەبانییەکانی گۆل و تۆق، هەمیشە لەگەڵ هۆزە دراوسێکانیان، کە جەبارییەکان، کاکەییەکان و دودەییەکان بوون و لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا بەتوندی زەم دەکرێن، لە شەڕ و کێشەدا بوون. پێشتر باسی کاکەییەکان و جەبارییەکانم کردووە. دودەییەکان (داودە) یەکێک لە هۆزە نیشتەجێ و سەرنج ڕاکێشەکانی باشووری کوردستانە، کە مێژوویەکی تایبەتیان نییە، کە بتوانم باسی بکەم. بنەماڵەی حاکمی ئەم هۆزە، دەڵێ تۆرەمەی دەگاتەوە سەر کەسێک بە ناوی حەقی بەگ. نەوەی پێنجەم لە حەقی بەگەوە بەم لایە، لە ناحیەکانی تۆق و دوزخورماتوودا، موڵک و زەوییەکی زۆریان هەبوو یا داگیریان کردبوو. خشتەی خوارەوە ڕادەی خزمایەتی سێ کەس لە سەرکردە گرنگەکانیان پێشان دەدات، کە حکوومەت لە ساڵی ۱۹۲۲دا پەیوەندیی لەگەڵیان هەبوو:




لە نێوان ئەو ژمارەیەدا، دارا بەگ لە هەمووان دەوڵەمەندتر بوو و لەگەڵ خزمە نزیکەکانی دە دوازدە گوندیان لە ناحیەی تۆق هەبوو. پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و هەمیشە جێی سەرنجی کاربەدەستانی حکوومەت بوو. ڕەفعەت بەگ و خزمەکانی و ژمارەیەک لە ئەندامی هۆزەکەی، موڵکێکی زۆری «میر»ییان بە ناوی «ابوالصباح»، لە نزیک ناحیە لە دووز هەبوو. ئەم بە مرۆڤێکی نائارام دەناسرا و هەرگیز پەیوەندیی بە حکوومەتەوە نەدەکردو هەمیشە هەوڵی دەدا لە بزووتنەوەکانی دژ بە حکوومەتدا بەشدار بێ. عەزیز عەباس لەوانەی‌تر بە تەمەنتر بوو. بە پیاوکوژێکی بێ ڕەزا دەناسرا و هەمیشە هەوڵی دەدا لە پەیوەندیی گرتن لەگەڵ مەئمورەکانی حکومەتی خۆبپارێزێ.

شوێن و هەلومەرجی ئەو گوندانەی کە لە دەشتی بچووکی «پاتەکی» بە هەردوو لای ئاوە سپییەوە بوون، ڕێگایان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە خۆش کردبوو. ڕاستە، کە ئەو دەشتە زۆر لە دووزخورماتوو دوور نەبوو، بەڵام زنجیرە بەرزاییەک، ئەوی لە جادە جیا کردبۆوە، لەبەر ئەوە، بەئاسانی نەدەکرا بە ئۆتۆمبێل بۆی بچی.

ئێستا، کە باسی هۆزە گرنگەکانی کورد و کەمایەتییە ئایینییەکانم کرد، ڕەنگە بە لێدوان لە بەشە جیاوازەکانی ئیداریی و هێندێک بابەتی سەرنج ڕاکێشیتر، کە پەیوەندییان بەم داستانەوە هەیە، بتوانم چوارچێوەی ناوچەکە باشتر ڕوون کەمەوە.

ناحیەی ناوەندیی بە ٢٤،٥٠٠ کەس نفووس، سەرەڕای ئەو باسانەی کە دەربارەی شار و گوندەکانی «تازەخورماتوو» و «تسعین»م کرد، شتێکی زۆرم بۆ گوتن نییە. دە دوازدە گوندی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هێڵێکی ڕێکدا، کە لە ئاڵتون کۆپری تێدەپەڕێ، تێکڕا بەبێ کەم و زیاد کوردن. گوندەکانی لای باشووری ڕۆژئاوا، زۆر تێکەڵاو ن و لە زۆربەیاندا هەر سێ ڕەگەز دەژین، لە بەشی دەشتە بێدار و دەوەنەکەی «حەویجە»شدا چەند جێی تازە ئاوەدان کراوەتەوە، کە دانیشتووانی بەتەواویی عەرەبە حوشترەوانەکانی عوبەیدین. زۆربەی گوندەکان، موڵکی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی شارەکانن و مەسەلەی عەشیرەتییان بۆ زەق و بەرچاو نییە. بۆ نموونە، چەند مودیرێکیان بۆ ماوەیەک لەسەر گوندە بچووکەکانی عوبەیدی و باقی هۆزەکانی عەرەبی نزیک کێوەسور دانا، کە تەمەنی ئەم ڕێکخستنە کورت بوو.

مەلحە بە ١٥،٠٠٠ کەس نفووس، لە ڕۆخی چەپی زێ و باشووری ڕۆژئاوای ئاڵتون کۆپری جێی گرتووە و دوازدە مایل لەگەڵ یەکاوی زێ و دیجلە مەودایەتی و درێژایی نزیک بە چل و پێنج مایل دەبێ.

سنووری ناوەوەی، کە زۆر لەو ڕووبارە دوور نییە، هێڵێکی نادیارە(١٠) و هەوارگەی

١٠- لە ساڵی ١٩٢٢دا، سنووری لە حەوت مایلیی ئاڵتون کۆپری بوو، بەڵام دوای سێ چوار ساڵ نزیکەی ٢٥ گوند نیوەیان کورد و نیوەیتریان عەرەبی «البو حمدان» بە ئاڵتون کۆپری زیاد کران و ناوەندی ئیداری لە مەلحەوە کە لە بەشی هەرە باکوری ڕۆژهەڵاتدا بوو، گواسترایەوە تلعەلی کە ناوەندیتر بوو، بەڵام ناوی پێشوو وەک خۆی مایەوە. دوای ساڵی ١٩٤٠، ژمارە کەناڵێک کە ئیدارەی ئاودێریی بە ناوی «گەلاڵەی حەویجە» سازی کرد بوو، لەگەڵ مەلحە خران و بەم کارە باس و دیاریکردنی سنووری نوێی ناحیە پتر زەق بۆوە.



پێشووی چەند هۆزی بچووکی عەرەب و دوو گرووپی بچووکی چەچەنەکان لە دەشتی «حەویجە» جیا دەکاتەوە. ئەم چەچەنانە، لە نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا و دوای ئەوەی کە وڵاتەکەیان تێکەڵی خاکی ڕووسیا کرا، هاتن بۆئەو ناوچەیە. زۆربەی عەرەبەکان، لە هۆزی «جەبور» بوون، کە لە ناوچەکانی نزیکی ڕۆخی خوارووی هەردوو زێی گەورە و بچووک و بەشەکانی دەوروبەری دیجلە نیشتەجێن(١١).

تەواوی جەبورەکان مەلەوانن، بەڵام ئەوکاتەی کە ئاوی ڕووبارەکان هەڵدەستێ، بەچەشنێک کە لە نەخشە هەڵکەنراوە زەقەکانی ئاشووردا دەبینرێ لە مەشکەی باکراو کەڵک وەردەگرن. ئەو خەڵکە، ناوبانگێکیتریشیان هەبوو، کە جێی داخە: بەوە دەناسرێن کە گشت ژن، پیاو و منداڵەکانیان نەخۆشیەکی پیسیان هەیە بە ناوی «بجل»، کە زۆر لە سفلیس دەچێ و نەخۆشییەکی گیرۆیە. بەشێک لە منالییەوە تووشی دەبن و دوای باڵغ بوون کەمتر.

ناحیەی ئاڵتون کۆپری بە ١٥،٠٠٠ کەس نفووس لە قەراخی چەپی هەردوو لای جادەی کەرکووک و هەولێر جێی گرتووە. بەشی ئەسڵیی شارۆچکەکە، کە ناوی خۆی بەو ناحیەیە داوە لەناو دوورگەیەکی ناو ڕووبار سازکراوە. ئاڵتون کۆپری، واتای «پردی زێڕ» دەبەخشێ. بەگوێرەی داستانێک، ئەم شارۆچکەیە، ناوی خۆی لە ناوی ژنێک بە ناوی ئاڵتون وەرگرتووە، کە دوو پرد بەفەرمان یا سەبارەت بەو سازکراون؛ بە پێی داستانێکی دیکە، ناوی ئەو پردەیان بۆ تەوس لێدان سەبارەت بە پارەیەک کردووەتە «زێڕ»، کە لە ڕێگای سازکردنی ئەو پردەدا فەوتاوە. عەرەب پێی دەڵێن «القنطرە» و کوردەکانیش «پرد»ی پێدەڵێن و هەردوو واتایەکیان هەیە. ئەو جێیە، یەکێک لە ناوەندەکانی

١١- بە وتەی شێخ تاهیر سەرۆکی جەبورییەکانی زومار Zummar لە باکوری مووسڵ، ئەم هۆزە دابەش کراوە بەسەر پێنج لقدا: ١) الجاموس، بە ڕۆخی دیجلە لە باکوری مووسڵ، بە لای زومار و حەمید، لەگەڵ چەند گوندی تر بە ڕۆخی چەپ لە قەراخی دهۆک. ٢) ابوتورمە، لقێک لە عەشیرەتی الجاموسە کە بەرەو کەناڵەکانی باشوری بەغدا کۆچیان کردووە. ٣) ابولجد بەسەر هەر دوو بەشەکانی خوارووی هەردوو زێی گەورە و بچوک و هەردوو ڕۆخی دیجلەی نێوان یەکاوی ئەو ڕووبارانە دایە. ٤) الهیچل بە ڕۆخی ڕۆژئاوای خابور لە خاکی سوریە. ٥) گەدە لە نزیک خانەقینە. لەم ناوچەیەدا بە جبور دەناسرێ و لە نێوان کوردەکانی هۆزی باجلان توانەتەوە و لە بارەوە لە کورد ناچن. هەرکام لەو هۆزانە سەرلەنوێ دابەش کراون بەسەر چەند لقی فەرعی دا: بۆ نموونە، ابولجدی کەرکووک دابەش کراوە بەسەر ابوجیار، السفر، ابولجهاش و...

«کەلەک» ئاژۆییە. جیا لە بنەماڵەی بەگزادەکانی کورد، کە دەڵێن لە «شنۆ»ی نزیک ورمێوە هاتوونە ئاڵتون کۆپری، نزیکەی چل بنەماڵەی کوردی ساڵحی و چەند بنەماڵەی عەرەب و تورکمانی سوننەشی لێ دەژین. وەک دەڵێن هەژاری زۆرە. جیا لە چەند گوندی عەرەب نشین کە دوای تەواو بوونی خزمەتی من، لە مەلحە نیشتەجێیان کردن، گوندەکانی تری ئەو ناحیەیە کوردنشینن؛ ساڵحییەکان، لە نزیک ڕوبار و «بێبانی»یەکان دوورتر لەوان، لە باشووری ڕۆژهەڵاتن، بەڵام زۆربەی موڵکەکانی ئەو جێیە هی دەوڵەمەندەکانی شارن کە هیچ پەیوەندییەکی عەشیرەتییان نییە. دوو کەس لە سەرۆکەکانی ساڵحیی، بە ناوی تەها و توفیق بە شێوەی ئاسایی لە کەرکووک یا لە گوندەکانیان لە قەراخی قەرەحەسەن و جەباریی دەژیان.

شوان بە ١١,٠٠٠ کەس نفووس لە باسکی چەپی زێ لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵتون کۆپری جێی گرتووە. تەپۆلکەکانی لای باشووری زۆر چڕ و ترسناکن. ناوچەی لای دۆڵی زێ هێندێک بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ناو دەشتێکی بەرزی بێ دار و دەوەنی چڕ، کە بەرزایی لە تەپۆلکەی خاڵخالاندا دەگاتە نزیک بە ٣٠٠٠ پێ و سەرئەنجام دیسان بەرەو دۆڵی «خاسە» و دەشتی کەرکووک شۆڕ دەبێتەوە. جێیەکی پڕ ئاوە و بۆ ئاژەڵ ڕاگرتن زۆر باشە. بەتەواوی لە نزیک ڕوبارەکە، زنجیرە گوندێکی لێیە، کە موڵکی شێخ بەزەینییەکانن و پێشتر ئاماژەم بۆ کردوون. ئەوگوندانە، بۆ ماوەیەک خرانە سەر سلێمانی. لە شوێنەکانی تری ناحیە شوانەکان دەژین. هەموو ئەو خەڵکە ڕەعیەتن، بەڵام ئاغایان لەسەر نییە و ڕەشایی عەشیرەتە دەوڵەمەندەکانیش نین. پتر لەژێر دەستەڵاتی خاوەن موڵکە شارنشینەکانی وەک نەوتچی‌زادەکان و ئەوانی‌تردا بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بیری عەشیرەتییان نەبوو؛ لە باری سیاسەتی عەشیرەتییەوە، لە هەمەوەندەکانی دراوسێی باشووری ڕۆژهەڵاتیان زۆر نزیک بوون. شوان دابەش کرابوو بەسەر سێ گرووپدا:

١- کەشک، لە ٤٥ گوند دەژیان، بەڵام لە ئەوانی‌تر، هەژار و دەستەنگتر بوون.

٢- «سەرخاسە گولون کێو» شەش گوند.

٣- «سەرخاسە یەختەکان»، پازدە گوند. ئەم دووانەی دواتر، هەروەک لە ناوەکانیان دەردەکەوی، لە باشوور و نزیکی ڕوبارن. لەناو ئەو جەماوەرەدا، کەسایەتیەکی گرنگ کە بۆ حکوومەت یا باشتر بڵێم بۆ پۆلیس ناسراو بێ، «عەزیزی شەریفی جەلیل» لە



«یەختەکان» بوو. پیرە پیاوێکی ڕیشنی بە جوڵە بوو، کە بە چەتە ناوبانگی دەرکردبوو و تەنانەت لە نێوان هەمەوەندەکانیشدا کەسی نەدەگەیشتێ.

قەرەحەسەن بە ١٤,٠٠٠ کەس نفووس، لە باشووری شوان و ڕۆژهەڵاتی قەزای ناوەندیی کەرکووکە. لە نێوان پەنجا و پێنج گوندی ئەو ناحیەیەدا، حەوت گوند موڵکی بنەماڵەی ناسراوی ساداتی قەرەحەسەنە و پێنج گوند موڵکی ساداتی بەرزنجەی «کانی‌کۆ» و نزیکەی بیست گوندیش موڵکی تاڵەبانییەکانە. گوندەکانی‌تر یا موڵکی ئەو کەسانەن کە لەو جێیە ناژین یا موڵکی گوندییەکانی سەربەخۆی دوور لە بەستراوەیی عەشیرەتین. چوار گوندیش، تورکمان نشینن: لە لەیلان ٣٠٠ بنەماڵە، لە یەحیا ئاوا ١٥٠ بنەماڵە، لە تەرجەل ١٥٠ بنەماڵە و لە قەرەلو ٧٠ بنەماڵە دەژین. پێشتر باسی لەیلانم وەک یەکێک لە ناوەندەکانی قزڵباش کرد. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سێ گوندەکانی‌تریش بێگومان هەر ئەو بیروبۆچوونەیان هەیە. لە سەرەتای داگیرکردنی عێراقدا، باش زانرابوو کە ئەوبەشە لەژێر چاودێری تاڵەبانییەکاندا بێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ شێخ حەبیب مودیری ئەو جێیە یەکێک لە برازاکانی شێخ ڕەزا ئیزن دراکە ناوەندی ناحیەکەی لە گوندەکەی خۆی واتە «خالیدبەزینی» دابنێ.

ناحیەی تۆق یا (داقوق)[ح] لە هەردوو لای ئەو جادەیە هەڵکەوتووە کە لە باشووری قەزای ناوەندیی کەرکووک تێدەپەڕێ. تۆق ناوی لە شارێکی کۆنەوە وەرگرتووە، کە لەوانەیە لە سەردەمی حکوومەتی خەلیفەکاندا، ناوەندێکی گرنگتر لە شاری کەرکووک[١٢] بووبێ. بناخەی منارەیەکی جوانی لێیە. شارۆچکەی نوێ، کە بازاڕێکی

(ح)- ناوی پێشووی «تاوغ» (تۆوغ) بووە، کە بە تورکی دەبێتە مامر (مریشک). دوای پیکهاتنی عێراق ناوی کرایە داقوق و تۆقیشی پێدەڵێن.

١٢- لە نزهەالقلوبی حەمداله مستوفی قەزوینیدا، ناوی کەرکووک نەهاتووە و بیرەکانی نەوتیش لە پەیوەندی لەگەڵ توق باس دەکات: «شارێکی دەستەیە، بە ئاو و هەوایەک کە خۆشتر لەو لە عێراقی عەرەبدا نییە» ڕوبارەکەشی، وەکو سێ ڕوباری بچووکی عێراقی عەرەب دەژمێری (ئەوی‌تر ڕوباری بەیاتە، کە بێگومان دەبێ ئاوە سپی بێ) و دەڵێ لە دەوروبەری شوێنێک سەرچارە دەگرێ کە ناوی دەربەندی خەلیفەیە (کە دەبێ بازیان بێ). یەکەم ئاماژەیەک، کە مێژوو نووسەکانی ئیسلامی بە کەرکووکیان کردووە، لە مێژووی تەیموری لەنگ دایە، بە ناوی ظفرنامە، نووسراوەی عەلی یەزدی، کە لە سەدەی پازدەدا نووسراوە. (بڕوانە نووسراوەی لسترنج بە ناوی وڵاتەکانی خلافەتی ڕۆژهەڵات، لاپەڕە ٩٢).

چوکی هەیە، لە قەراخی جادە لە نزیک ڕوباری باسەڕە یا «توق چایی» هەڵکەوتووە. ڕوبار، لێرە پان و خیزەڵانییە و تەنیا لە کاتی بارانی زۆردا پڕئاو دەبێ. پێنج مایل لە سەرووی ئەو جێیەی کە ڕوبار لەژێر تەپۆڵکەکاندا سەر دەردێنێ، تورکەکان پردێکی بە خشت سازیان لەسەر هەڵبەستبوو، کە یەکەم لافاو چەند کڵێ بردبوو و هەڵسوڕانی ئێمەش بۆ چاککردنەوەی، سەرکەوتووتر لە تورکان نەبوو، بەڵام ژمارەی ئەو ڕۆژانە کەم بوون کە ڕوبار بەڕاستی بواری نەدەدا. هەروەها، ژمارەی ئەو ڕۆژانەش کەم بوون کە دەبووایە لە پرد کەڵک وەرگیرێ. جیا لەوە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەش بەو ڕادەیە نەبوون کە ئامادەبن دە مایل ڕێگا ببڕن تا لە پرد بپەڕنەوە. دانیشتووانی تۆق بەگشتیی تورکمانی قزڵباشن. دانیشتووانی زۆربەی گوندەکان کورد و عەرەبن و چەند بنەماڵەی تورکمانیش لە دوو کۆخی نزیک تۆق دەژین. لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا ژمارە گوندێک هەن، کە دانیشتووانی بە تەواویی کوردن و لە بەشی ڕۆژئاواشدا سێ چوار گوندی عەرەب نشینی لێیە. زەوییەکان بەگشتیی موڵکی سێ بنەماڵەی گرنگی کوردن: سەرۆک عەشیرەتەکانی ساداتی کاکەیی هەژدە گوندیان هەیە. شێخ فەیزوڵڵا و شێخ عیزەدینی تاڵەبانی، ئامۆزاکانی شێخ حەبیب حەوت گوند و دارا بەگی دودە یازدە گوندی هەیە. هەموو ساڵێ لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاویندا، کە ئاوی ڕوبار کەم دەبێتەوە، ئەگەر حکوومەت بەر لەوکاتە بە ئینسافەوە شێوەی دابەشکردنی ئاوی ڕوون نەکردبێتەوە، لەسەر شێوەی دابەشکردنی ئاو شەڕ ساز دەبێ.

قادر کەرەم بە ١٥,٠٠٠ کەس نفووس بەگشتیی وەک ناحیەی «گۆل»ی سەردەمی حکوومەتی عوسمانیی دێتەوە. ئەو ناحیەیە لە ساڵی ١٩٢٢دا دابەش کرابوو بەسەر سێ ناوچەی عەشایریدا کە پێشتر لە شوێنێکی دیکە ئاماژەم بۆ کردووە.

ناحیەی دوزخورماتوو بە ٣٠,٠٠٠ کەس نفوس بەلای باشووری ڕۆژهەڵاتدا تێکەڵی تۆق دەبێ. ئەو ناحیەیە ساڵی ١٩٢٢ سەربە «قەزای» کفری بوو و وەک تۆق لە هەردوو لای جادەوە هەڵکەوتووە. ڕوباری ئاوەسپی یا بە وتەی خەڵکی ناوچە «ئاق سو» لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوا دوو لەتی دەکات. هەروەک پێشتر گوتم شارۆچکەی دووزخورماتوو کە ناوی ناحیەی لەسەرە، یەکێکە لە ناوەندە گرنگەکان یا ڕەنگە ناوەندی هەرە گرنگی تورکمانە قزڵباشەکانی «لیوا» بێ. ناوی ئەو ناحیەیە لە ژمارە کانگایەکی خوێ وەرگیراوە، کە لە شیوێکی تەنگدان و ئاوە سپی بە هۆی ئەو شیوەوە لە یەکەم زنجیرەی بەرزاییەکان دەردەچێ و دەگاتە دەشتایی. گوتنی دووز بەزمانی



تورکیی، دەبێتە خوێ. سێ لە چواری دانیشتووانی گوندەکانی ئەو ناحیەیە لە «دودە»ەکان پێکهاتوون و دوو لە سێی گوندەکانی بەسەر تەپۆلکەکانەوە ساز کراون و یەک لە سێشیان لە دەشتایی دان. تەنیا هۆزی گرنگی دیکەی ئەم ناحیەیە، «بەیات»ەکانن، کە عەشیرەتێکی تێکەڵاوی سەیرن. وەک دەڵێن بنەچەکەی ئەسڵی ئەوانە لە «خوراسان»ەوە هاتووە. بیست و چەند گوندیان هەیە، کە لە بەشی هەرە باشووری ناحیە و نزیکی کێوەسوور و ناحیەی قەرەتەپە دان: پتر پەیوەندییان بە عەرەبەوە هەیە تا کورد. من جیا لەوەی کە بە هەڵکەوت دوو سێ سەرۆکی ئەوانم بینی، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم بەم هۆزەوە نەبووە و شتێکی نوێشیان لێ نازانم، بەڵام بە پێی یاداشتێک کە لە لام ماوە، ئەو هۆزە دابەشکراوە بەسەر حەوت گروپ. یەکێک لەوانە «البوحسێن» سوننە و عەرەب زمانن، دوو دانەیان بە ناوەی «العمارە» و «البولی» تورکمانی سوننەن؛ سێ دانەیان بە ناوەکانی «بیرئەحمەد و قزەدالی و یلانچی» قزڵباشی تورکمانن و ئەوەیتریان بەناوی «ئەمرلی» قزڵباشی تورکمان بووە و بووەتە کورد. حکوومەت بۆ ئەنجامی کارەکانی لەو جێیە، فارس بەگی لە ئەمرلی کردووەتە سەرۆک هۆز.

کفری بە نزیکەی ٢٠٠٠ کەس نفووس، دووەم شاری پارێزگا و قایمقام نشینە. ئەو شارە لە زارکی شیوێکی دیکە سازکراوە، کە شیوەکە دەچێتە ناو یەکەم زنجیرە چیاکانەوە و لەو جێیەی جادە هەڵکەوتووە کە نزیکترین کاروانە ڕێی سلێمانی بۆ برایم خانچی و سەگرمەی لێ جیا دەبێتەوە. بەم جۆرە، بازاڕی سروشتیی هۆزەکانی دەوروبەریەتی و بەرلە کێشانی ڕێگای ئاسن بۆ کەرکووک، ناوەندێکی گرنگی بازرگانی و سەودا و مامەڵەی کوردەکان بوو. کانگایەکی خەڵوز لە بەشی باکوری شیوەکەیە، کە لە ڕاستیدا بووەتە قیر و ڕەق بووە. بەرهەمی ساڵانەی ئەو کانگایە، بەر لە ساڵی ١٩١٥، ساڵانە پەنجا تۆن بوو و لە ماوەی جەنگدا[١٣]، کاربەدەستانی سوپای تورک گەیاندیانە هەزار تۆن لە ساڵدا. ڕەنگی ڕوون و ڕۆشنی ئەو بەردەی کە لە کانگای کوێستانەکانی کفری دەست کەوتوون، سیمایەکی جوان و خاوێنی بەو شارە بەخشیوەو من لە دیدارەکانمدا لەوشارە، ئەو چۆنیەتییەم بەڕوونی دەبینی، کە «هیود» و جیهانگەڕانیتریش سەرنجیان داوەتێ. بنەماڵە گرنگەکانی شار خۆیان بە تورک دەزانن. دانیشتووانی شار بەگشتیی لە کورد

١٣- ئەم کانگایە، سەرلەنوێ لە کاتی جەنگی١٩٣٩/ ٤٥ دا، کەڵکی لێ وەرگیرا.

و تورکمان پێکهاتوون. لە سەردەمی حکوومەتی تورکاندا، بە شێوەی ڕەسمی بەو شار و «قەزایە» دەگوترا «سالحیە».

ناحیەی پێشووی کفری، کە دوایی کرا بە دوو بەش: ناحیەی ناوەندیی لە شار و دەوروبەری پێکهاتبوو، ٥٫٠٠٠ کەسی نفووس هەبوو، قەڵای شێروانەش ١٦٫٠٠٠ کەس. باشترە بەمجۆرەی کە من ئەو دووانە دەناسم، ئەوان بەیەکەوە بژمێررێن. دانیشتووانی دەرەوەی شار بەتەواویی کوردن: جافەکان، تاڵەبانییەکان، «دودە»ییەکانی سەربە عەزیزعەباس و «دیلو»ەکان و «گێژ»ەکان. شوێنی ئەو دودەیانە، ناوچەیەکی چوکە بەناوی «دودە کوردستان» کە لەگەڵ بەشێک لە زەنگەنەکان لەو ناوچەیە هاتوونە پێش و لە ئەوانیتر جیابوونەتەوە؛ چەند ساڵ بەرلە ڕووخانی دەولەتی عوسمانیی، زەنگەنەکان، دیلوەکانیان لە ولاتی خۆیان دەرکرد و ئەوانیان بۆ بەشەکانی باکور کشاندبووەوە و ئەو جەماوەرە لە چەند گوندێکدا خۆیان گرتبووەوە کە ڕێک لەگەڵ گەڕانی گێڕی سەعات لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، دەوری کفرییان گرتبوو. ژمارەیەکی دیکەیان، لە زەوییە پێشکەشکراوەکانی خانەقین بە «شەریکەی نەوتی ئینگلیز و ئێران» دەژیان. ئەوانەی کە لە دەوروبەری کفری بوون، هەروا نائارام و بێ نەزم مابوونەوە و لە هێرش کردن بۆ سەر کفری و کوشتنی مەئموورە سیاسییەکانی بەریتانیا لە ئاژاوەکانی ساڵی ١٩٢٠دا دەستی باڵایان هەبوو. گرووپەکەیتر کە لە خانەقین جێگیر ببوو، لەژێر کارتێکردن و پەروەردەکردنی شەریکەی نەوت، کە وەک کێشکچی کەڵکیان لێ وەردەگرتن، بەرەبەرە ببوون بەئەندامی بەکەڵکی کۆمەڵ. «گێژ» ڕەنگە ئەو «گاج»ە بێ کە شەرفنامە بەبێ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی لە ڕیزی هۆزەکانی کوردی سەر بەئێران ناوی بردووە. گوتنی گێژ لە زمانی کوردیدا، واتای «حۆل» دەدات و نەیارانی ئەو تایفەیە، ئەم ناوەیان بۆ ئەوان بە ناوێکی بە ناوەڕۆک دەزانن. ئەوانە، لە دوو سێ گوندی قەراخی سیروان و نزیک قەڵای شێروانە و هێندێک سەرووتر بۆ لای ڕۆژئاوا لە دوو گوندی قەراخی ڕوباری «نارین» دەژین، وەرزێرێکی ئارامن و وەک دەڵێن کاکەیین.

پیواز بە ٥٫٥٠٠ کەس نفووسەوە لەگەڵ هێندێک شوێنی پێوەلکاو لە خوارووی ناحیەی وارماوا جێی گرتووە، کە لە ڕێکخستنی کۆنی سلێمانیدا، ناحیەی نێوان سەنگاو و سیروان بوو، بەڵام کاتێک زنجیرە چیای قەرەداغ وەک هێڵی سنور دیاریکرا، خرایە سەر کەرکووک. دانیشتووانی ناحیەی پیواز بەگشتیی جافن و ژمارەیەکی کەمی



زەنگەنەش لە ڕۆژهەڵات و نزیک ئاوە سپی دەژین.

ناحیەی قەرەتەپە بە ٢١٫٠٠٠ کەس نفووس، دوا سوچی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگا دەگرێتەوە، کە بە لێککەوتنی سیروان لە کێوەسوور پێکدێ. دانیشتووانی شارۆچکەی قەرەتەپە لە تورکمان، کورد و عەرەب پێکهاتووە، بەڵام لە زۆربەی گوندەکاندا عەرەب دەژین. هۆزی هەرە گرنگ و یەک شکڵی ناحیە، «کەڕوێ»کانن، کە لە نوکی سوچەکەدا جێیان گرتووە. بەشێک لە زەوییەکانی ناحیە بە ئاوی سیروان و نارین ئاو دەدرێن، بەڵام بەرژەوەندی قەرەتەپە هەمیشە لە چوارچێوەی ویستی بنەماڵە خاوەن موڵکە بەدەستەڵاتەکان و هۆزەکانی باشووری کێوەسوور دایە. دوو هۆزی چوکی «زەند» و «پاڵانی»، کە لە قەراخی سیروان و لە باکوری «کەڕوێ» نیشتەجێن، نوێنەرایەتی کوردەکانی ئەو ناحیەیەیان لە ئەستۆیە. هەروەها گێژەکان هەروەک پێشتر گوتم بە ڕۆخی نارینەوەن. پاڵانیەکان حەوت یا هەشت گوندن، خەڵکێکی هێمن و لەسەرخۆن و زۆر سەرنج ڕاکێش نین. زەندەکان دە گوندن، ئەوان سوننەن و دەڵێن لەگەڵ کەریم خان (پاشای عادلی) ئێران (١٧٧٩-٥٠)، هاوهۆزن و وەک دەگێڕنەوە خەڵکی پایتەختەکەی واتە شاری شیراز، ئێستاش یادی ئەمەکناسیی ئەو دەکەن.

## ١٩- ژیان لە کەرکووک

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٢٢ لە بەغداوە بە سواری قەتار چوومە کەرکووک. شێخ مەحموود و نوێل لەم قەتارەدا بوون. کاتێک بەیانی ڕۆژی دوایی لە کنگربان، لە چوار مایلیی کفری گەیشتینە کۆتایی هێڵی قەتار، سەدان سوارەی عەشایریی کە بۆ پێشوازییکردن هاتبوون، بە دروشمدان و ڕاوەشاندنی ئاڵا شاڵاویان بۆ وێستگەی قەتار هێنا. ئەم جەماوەرە لە دەوری شێخ کۆبوونەوە و کاتی قسە کردنیان بە لیژنەی نوێنەرایەتی ڕەسمیی نەدا کە لە سلێمانییەوە بۆ پێشوازییکردن هاتبوو. شێخیان بەشادمانی لە قەتار هێنایەخوار. سێ ڕۆژ لە کفریماینەوە و ڕۆژی بیست و چوارەم دوای بەڕێکردنی نوێل و شێخ مەحموود، بە سواری فڕۆکەیەکی سکادرانی ٣٠ M، کە فڕۆکەوانەکەی ستوان «س.م.کین هید»[١] بوو، بەرەو کەرکووک هەڵفڕیم.

بارودۆخی ئیداریی کەرکووک لەگەڵ سلێمانی جیاوازیی هەبوو: هەرچەندە ئەم پارێزگایە هێشتا نەچووبووە ژێرفەرمانی دەوڵەتی پاشایەتی فەیسەڵ، بەچەشنێک بەڕێوە دەچوو، کە دەتگوت لەگەڵ دەوڵەت کەوتووە،بەو جیاوازییە کە زمانی تورکی بۆ کارەکانی ناوچە و پەیوەندیی گرتن لەگەڵ بەغدا کەڵکی لێوەردەگیرا و گشت کارمەندانی ئیداریی خەڵکی ناوچە بوون. چونکە ئەو جێیە لانکی پەروەردە کردن و بارهێنانی مەئمور بۆ دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەم بارەیەوە کەموکوڕیی نەدەبینرا و بە کورتی هێشتا ئاڵای عێراق لە سەربانی سەرای حکوومەت هەڵنەکرابوو. لەبەر ئەوە موتەسەریف لێپرسراوی بەرزی ئیداریی و نوێنەری باڵای وەزارەتخانەکانی حکوومەتی بوو و قایمقام، مودیر و کاربەدەستەکانی حکوومەتیی لەژێر فەرمانی ئەودا بوون. ڕاوێژکاری ناوچە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی نەبوو، بەڵام تا ماوەیەک دوای دابەشکردنی دەسەڵات و تا ئەوکاتەی کە وەزیر و موتەسەریفەکان ئەزموونیی زۆریان نەبوو، دابی باکور و باشوور ئەوە بوو کە نامە گرنگەکانی ئیداریی لە دوو ڕیزی بەرامبەردا بەدوو زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی بنووسن. زمانی ئینگلیزی پایە بوو. لە کەرکووک، زمانی تورکی بەجێی زمانی عەرەبی بەکار

١- S.M. Kinhead ، یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی هەوایی سەڵتەنەتی، کە لە پێشبڕکێی ساڵی ١٩٢٧ی یارییەکانی خەڵاتی شنیدر لە شاری «ڤینیز» یەکەم هاتەوە و ساڵی دوایی لە پێشبڕکێی توند ئاژۆییدا، گیانی لە دەستدا.



دەهێنرا. مەسەلە دژوارەکان، کە پێویستییان بەلێکۆڵینەوە و گۆڕینەوەی بیروڕا هەبوو، بەر لە ڕاگەیاندنیان بە ئیمزای موتەسەریف یا وەزیری بەش، لە نێوان ڕاوێژکارانی ناوچە و ڕاوێژکارانی ئینگلیز و وەزارەتخانەی سەر بەو بەشە دەکەوتنە بەرباس. بۆ سەلماندنی دروست نەبوونی ئەم کردەوەیە، چەند مانگ دوای هاتنم بۆ کەرکووک، ناوی «ڕاوێژکاری ناوچە»یییان کردە «بازرەسی ناوچەیی»، بەڵام تا چەند ساڵی دواییش و لە ڕاستیدا تا نزیک بە تەواو بوونی ماوەی سەرپەرشتیی، کۆمیسێری باڵا دەستی دەخستە ناو گشت ئەو کارانەوە کە لەوانە بوو شوێن لەسەر وەزعی سیاسی کوردستان دانێو ئەوانی دەخستە ژێرچاودێری ڕاستەوخۆ. لەبەر ئەوە بارودۆخی ئێمە گەلێک بە هێزتر لە بارودۆخی هاوکارەکانمان لە باشوور بوو.

فەتاح ئاغا موتەسەریفی کەرکووک یەکێک بوو لە ئەفسەرانی باڵای سوپای سەردەمی عوسمانیی و بنەماڵەکەشی لە ئەسڵدا خەڵکی دووزخورماتوو بوو. پیرە پیاوێکی شەریف بوو و لە خودای دەویست بەشی زۆری کارەکانی بە بازرەسی ناوچەکەی بسپێرێ. هۆدەکانمان، لە قاتی یەکەمی سەرادا، ڕێگایان بۆ یەکتر هەبوو وهێندێک جار بەشێوەی غەیرە ڕەسمی پێکەوە لەسەر مەسەلەکان دەدواین. ئەو وەک زۆربەی کاربەدەستانی پێشووی عوسمانی ئەهلی میوانداریی و بەزم و خۆش ڕابواردن بوو. لەبەر ئەوە پەیوەندیی ئێمە تەنیا کاتی ئیداریی نەدەگرتەوە و بەرەبەرە پتر لەگەڵ یەکتر ڕاهاتین و سەرئەنجام بە تەواوی خووم پێگرت.

یەکێکیتر لە دۆستە باشەکانم، مەجیدبەگ، لە بنەماڵە بەدەسەڵاتەکەی یاقوبزادە بوو. ئەو پیاوێکی خاوەن کەسایەتی و مودیرێکی بەکار ولێهاتوو بوو. لە باری فیکریی و شێوەی بیرکردنەوەشدا، گەلێک پێشکەوتووتر لە هاوکارەکانی خۆی لە شوێنەکانی عێراق بوو.

یەکێک لە کاربەدەستە گرنگەکان بەڕای من موراد بەگ «سەرۆکی پۆلیس» بوو. ئەویش کاربەدەستیی پێشووی عوسمانی بوو وئەگەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەندامی هۆزی «گێژ» نەبوو، بەڵام بەهۆی دایکی یا ژنەکەیەوە پەیوەندیی بەو هۆزە هەبوو. پۆلیسی عێراق لقێکی پیادە و لقێکی سوارەی هەبوو. لقی پیادە بە شێوەی ئاسایی تەواوی کارەکانی پۆلیسی ئەنجامدەداو لقی سوارەش پتر ڕۆڵی ژاندارمەی هەبوو. موراد بەگ، سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەرکی دیاریکراوی لەپلەی سەرۆکی پۆلیسدا، بەکردەوە ئەرکی مودیری ناحیەی ناوەندیی پارێزگاشی بەڕێوە دەبرد. لە حکوومەتی سەیروسەمەرەی عوسمانییدا،

که پێشتر ئاماژەم بۆکرد، ئەو ئەرکە لە چوارچێوەی بەرپرسایەتی ڕاستەوخۆی شەخسی موتەسەریفدابوو و قایمقام و مدیریان نەبوو. موراد بەگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی عەشیرەتیی، لە تەواوی پارێزگادا، هەم بەپێی «یاسا و فەرهەنگی عەشیرەتی» و هەم بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەی غەیرە ڕەسمیتر بەنوێنەرایەتی موتەسەریف هەڵدەسوڕا. پیاوێکی قسە خۆش بوو و هەمیشە لە سەفەرەکانی هاوبەشماندا لەزەتم لە قسەکانی دەبرد.

ناودارتر لە سەرۆکی دادگای باڵا، جێگری ئەو واتە عومەری نەزمی بەگ خەڵکی کفری بوو، کە بەهۆی نەخشی گرنگ و شەرافەتمەندانەی لە خەبات بۆ گرتنی موسڵ، بەپلەی بەرزی ئیداریی گەیشت: سەرەتا بوو بە موتەسەریف و دوایی کرا بە وەزیری ناوخۆی وڵات و سەرئەنجام پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی پێسپێرا.

لە نێوان کەسانی ناوداریتردا، کە دەسەڵاتیان بە سەر بیروڕای گشتی خەڵکدا هەبوو، دەکرێ ناوی ئەم چەند کەسانە بەرین: عیزەت پاشا، ئەویش ئەفسەری پێشووی سوپای عوسمانی بوو و لە یەکەم کابینەی عێراقدا پۆستی وەزیری کار و پەیوەندییەکانی وەرگرت؛ نازم بەگ، سەرۆکی بنەماڵەی نەوتچیزادە، کە پێشتر نوێنەری کەرکووک بوو لە پەرلەمانی قوستەنتەنیەدا. ئەو لەوە دڵنیا بوو، کە پلەی موتەسەریفی کەرکووکی پێ دەسپێرن و لەم بابەتەوە کە فەتاح پاشایان لەو جێیە دانا، بەتەواوی دڵی شکا و نارەحەت بوو؛ سەرئەنجام، عەبدوڵڵا ئەفەندی، برای مەجید «سەرۆکی بنەماڵەی یاقوبزادە»، ئەویش نوێنەری پێشووی پەرلەمانی عێراق بوو. لە نێوان ڕێبەرانی ئایینییدا، کە بەشێوەی ڕەسمی بەم ناوە دەناسران، پێشتر باسی سەید ئەحمەدی خانەقا و قەشەی کەلدانییەکانم کرد. هەروەها کۆمەڵێکی تر هەبوون کە لەناو ئەواندا کەسێکم لەبیرە کە بە «خادم السجادە» دەناسرا و کوتە بەرماڵێکی پێغەمبەری وەک میراتی بنەماڵە لا بوو؛ یەکێکیتر هەبوو کە شێخ محەمەد عەلی تاڵەبانییان پێدەگوت. برا گەورەکەی شێخ حەبیبی قەرە حەسەن بوو، بەڵام بەگومانم لە دایکێک نەبوون. ئەو شێخ عەلییە، پیاوێکی زۆربڵێی چەنەباز بوو و سەردەمی دووەمی منداڵیی تێدەپەڕاند و یەکێک لەوانە بوو کە هەمیشە هاتوچۆی سەرای حکوومەتیی دەکرد: زۆرجار سواری کەرێکی سپی و زلی بەحرەینی دەبوو. لە حاڵێکدا «با» شاقەلەکانی ڕادەوەشاند، بۆ ئەوەی خۆر زەختی لێ نەکا، چەترێکی گەورەی لەسەر خۆی هەڵدەدا و بە شەقام و کۆڵانەکاندا تێدەپەڕی.



هاوکارە ئینگلیزەکانی نزیکم، بریتی بوون لە: کاپیتان «ئا.ف.میللر»(٢) یاریدەدەری بازرەسی ئیداریی. کاپیتان «ف. ڕیو»(٣) ئەفسەری بازرەسی پۆلیس و دوکتۆر «ویلیام کۆرنر»(٤)، پزیشکی مەدەنی. ئەندازیارێکیش هەبوو کە بە کارە گشتییەکان یا باشترە بڵێم ئەرکی قازانجە گشتییەکانی بەڕێوە دەبرد و شوێنی مەئموریەتەکەی هەولێریشی دەگرتەوە. میللر باش زمانی تورکی دەزانی، بەڵام هەرگیز نەیتوانی کوردیی و عەرەبیی فێربێ. سەرەڕای ئەوە، ئەوەندە قورس و قەڵەو بوو کە نەیدەتوانی سوارییی بکات، لەبەر ئەوە بەرهەمی کارەکەی ناوچەیەکی چوک و بەرتەسکی دەگرتەوە، بەڵام یاریدەدەرێکی زۆر ئەمین و ئەرکناس بوو و کاربەدەستان و کەسانی ناسراوی تورک خۆشیان دەویست و قسەیان لێوەردەگرت. کۆرنر، سەرەڕای شارەزایی لە کارەکانییدا، کە جێی باوەڕی گشت چینەکان بوو، جیهانگەڕێکی ماندوویی نەناسیش بوو و توانیبووی لەناو ئەو وڵاتە شاخاوییەدا جێگای وەها بچێ کە ئۆتۆمبێلی پیدا نەچوو بوو. لەبەرئەمەش ناوبانگی دەرکردبوو. کۆرنر، لە بەشی ناوەوە و من لە بەشی دەرەوەی خانووبەرەیەکی کۆندا دەژیاین و بەپێی ڕێکخستنی کارگێڕی پێشوو، کە ئێمەش ڕەچاومان کرد، لە حەوشەی دەرەوەی وەکباشگا (نادی) کەڵکمان وەرگرت. ژمارەی ئەندامانی باشگا، هەمیشە سەروخوارێ دەکردو کۆرنر ئەرکی نووسینگەی باشگای بەڕێوە دەبرد.

هەرچەندە، هەولێر بەڕواڵەت سەربە فەتاح پاشا بوو، بەڵام بە کردەوە سەربەخۆ بوو و کارە ئیدارییەکانی بە دوور لە دەستێوەردانی کەرکووک بەڕێوە دەچوون. جیا لەوە، ئەم دوو پارێزگایانە، گەلێک بەرژەوەندیی هاوبەشیان پێکەوەهەبوو و من هەمیشە پەیوەندیی نزیک و دۆستانەم لەگەڵ ئەحمەد بەگ یاریدەدەری موتەسەریف هەبوو. ئەحمەد بەگ لە سەردەمی حکوومەتی تورکاندا سەرۆکی شارەوانی بوو. ئەو هەروەها ئەندامی یەکێک لە بنەماڵە بەدەسەڵاتەکانی ناوچەش بوو. دیارە لەگەڵ هاوکارەکانم، لاین، کاپیتان «س. لیتل هید»(٥) و ئەفسەری بازرەسی پۆلیسیش پەیوەندیم هەبوو.

نوێنەری هێزی هەوایی سەڵتەنەتی،ئەفسەرێکی یەکانی خزمەتگوزاریی تایبەت بوو، کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس لەناو شار دەژیا. ئەو، هەروەها بەپێی

---

2- A.F. Miller
3- F. Reeve
4- William Corner
5- C. Littlehead

هەلومەرجی سیاسیی، تیپ یا «سکادران»ێکیشی لەم جێیە هەبوو، کە فڕۆکەوانەکانی لە باخی میناس غەریب لە نزیکی فڕۆکەخانە لە باشووری شار دەژیان. یەکانی ٥٥ی پیادەی «گوک»[٦] لە سوپای هیندستان و هەنگی سوارەی «هێزی ناوچەیی» لە سەربازگەی نزیک سەرای حکوومەت بوون.

لەوکاتەدا ژمارە دوکاندارێکی بەرچاوی هیندیی، لە بازاڕی شار بوون، کە بە دوای سوپای داگیرکەردا هاتبوون وبەهۆی نەبوونی کۆنسولی بەریتانیا لە کەرکووک، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، چاویان لە یارمەتیی بازرەسی ئیداریی بوو. نامەیەکم ڕاگرتووە کەڕۆژێک یەکێک لەم دوکاندارانە پێیدا بووم. دەقی نامەکە بەم جۆرەیە:

بەڕێزەوە، ئەم چەند دێڕەی خوارەوەتان، بۆلێکۆڵینەوەی دووبارە ئاڕاستە دەکەم، تکایە لەم بارەیەدا یارمەتییم بدەن: ڕۆژی ١٩٢٣/١١/٧، جەژنێکی گەورەی هیندییەکان بوو بە ناوی «دیواڵی»[٧]. هیندییەکان لەم ڕۆژەدا دەست لە کار دەکێشنەوە و جەژنەکە پیرۆز دەکەن. لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە بوونەوە و ڕۆژەکە بە یارییکردن و شتی دیکە دەرباز دەکەن. یەکێک لە یارییە بە ناوبانگەکانی جەژنی دیواڵی لە گشت هیندستاندا، قوماری پەڕان لە سەر پارەی کەمە. دەوڵەتیش ڕەنگە، لەبەر باوبوونی ئەم یارییە لەو جەژنەدا، ڕەخنەیەکی زۆر لە یارییکەران نەگرێ، لەبەرئەوە لە جەژنی دیواڵیدا، بەئاشکرا لە بازاڕەکان، دوکانەکان، ماڵەکان و شوێنەکانی دیکەدا یاری دەکرێ.

منیش کە هیندییم لە جەژنی دیواڵیدا بۆ ڕێزگرتن لەو جەژنە چەند دۆستی خۆم بۆ خواردنی فراوین لە چێشخانەکەم میوان کرد. بەلەبەرچاوگرتنی داب و نەریتی باسکراو، هیچ بیرم لەوە نەکردبووەوە کە لە دواییدا ئەوکارە بە قومار دادەنێن. چەند خولەکێک دوای دەسپێکردنی یاری، گروبانێکی پۆلیس هات و یارییەکەی ڕاگرت و گوتی بەیانی ڕۆژی دوایی خۆم بە ئیدارەی پۆلیس بناسێنم. فەرمانی ئەوم بەجێ گەیاند و بۆلێکۆڵینەوە لەگەڵ چاودێران ڕەوانەی دادگا کرام و دادگاش بە تاوانی قومارکردن بیست و پێنج ڕوپیەی سزا دام.

بە ڕێزێکی زۆرەوە، لە بەڕێزتان داوا دەکەم، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاپۆرتە ئاوڕێک لە وەزعی من بدەنەوە و بزانن تا چ ڕادەیەک دەکرێ ناوی ئەم یارییە بە قومار دابنرێ. باش

6- Gook
7- Diwali



دەزانم کە قومارکردن تاوانە و بەم وەزعە چۆن دەتوانم قومار بکەم و بە کەسانی دیکەش ئیزن بدەم کە بە ئاشکرا لە شوێنێکی گشتی وەک چێشتخانەدا قومار بکەن. هیچ کەس، ئەوکارە ناکات. هۆی ئەنجامی ئەوکارەی ئێمەش، قومارکردن نەبووە، بەڵکوو تەنیا ڕێزگرتن لەو ڕۆژە و داب و نەریتی هیندییەکان بووە، کە حکوومەت پێکهێنانەکەی ئازاد کردووە. بۆ ئاگاداریی لە ڕاستبوونی داواکارییەکەم، داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە لە هیندییەکان بپرسن.

هیوادارم ئەم دیاردەیە ڕوون بێتەوە و ئەو پارەیەم بدەنەوە کە بەناوی سزا لە من وەرگیراوە. لەم بابەتەوە کە بە کاری من ڕادەگەن، سوپاستان دەکەم.

فەرمانبەری ئێوە هاولی ڕام[٨]، خاوەنی چێشتخانەی ویکتوریا.

بەسکاڵاکەرەکەم گوت، ناتوانم دەست لە بڕیارانی دادگا بدەم، ئەگەر جارێکیتر ویستت ئەو ڕۆژە جەژن بگرێ، بۆ پێشگیریی لە هەرچەشنە هەڵەیەک باشترە پێشتر لە پۆلیس ئیزن وەرگری.

ئەم مەسەلەیە، ڕووداوێکی خۆشی بیرهێنامەوە. هەرچەندە وەزعی ژیانمان لە کەرکووک، باشتر لە ژیانی دەربەند، هەڵەبجە و سلێمانی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ژیانێکی زۆر ئاساییمان هەبوو. ڕۆژێک بیستم دوکانێکیان لە نزیک پردی شار کردووەتەوە و کەلوپەلی ئەوروپایی لێ دەفرۆشن. بۆ دیتنی ئەو دوکانە چووم و خۆم توشی هێندێک خەرجی زیادە کردو گەلێک شتی بێ کەڵکم کڕی. لەوانە شوشەیەکی هێندێک بە نرخم کڕی کە تۆزێکی بۆنخۆشی تێدابوو، کە پێیان دەگوت شاپەسەند و لە کارخانەیەکی جوانیی و ڕازاندنەوەی ئینگلیستان ساز کرابوو. من پێشتر کەڵکم لە شتی ژنانە وەرنەگرتبوو و نەمدەزانی چۆنی کەڵک وەرگرم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کاتێک دەمویست لیباس بگۆڕم و بۆ شیو خواردن بچمە باشگا، نیوەی شوشەکەم لە ئاوی شیلە و گەرمی حەوزی حەمامەکەم کرد، کە لە ژووری هۆدەی خەوەکەمدا بوو. لەپڕ، بۆنی عەترێکی توند و هەناسەبڕی لێ هەستا، سەرەتا ژووری خەوەکەمی پڕکرد و دوایی بە حەوشەکەدا چووە باشگا: ئەندامانی باشگاو میوانەکانی هێزی هەوایی تازە بۆ شیوخواردن دەهاتن. ئەوان گەلێک تەوس و پلاری توندیان پێدادام و کاتێک بەم بۆنە توندەوە چوومە ژووری باشگا تەوسەکان زیاتر و توندتر بوون. ئەو قسانە چاوترسێنیان نەکردم و ڕۆژانیتریش (تا تەواوبوونی تۆزەکە)

8- Haveli Ram

کەڵکم لێی وەرگرت، بەڵام کەمتر لە ڕادەی پێشوو. شتێکیتر ئەوە بوو، کە شێوەی ئاسایی ئاو کێشان لەو بەشەی شار، بریتی بوو لە دوو جۆگەلە ئاوی سەرئاوەڵە، کەلە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە دەچوون: ئاوی یەکێک لەو دوو جۆگەلانە، لەوە دەچوو خاوێن بێ و بۆ خواردنەوە کەڵکی لێ وەردەگیرا و ئەویتریان بۆ شیووکوڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژانە. ئێمە ئاوی خواردنەوەمان لە کانی دەهێنا. ڕۆژێک دوای تەواوبوونی شوشە تۆزەکە، کۆرنر بۆ دیتنی نەخۆشێک چووبووە ماڵی یەکێک لە دراوسێکان. لە گەڕانەوەدا پەیامێکی بەئەدەبانەی لە دراوسێیی خوار ماڵەمان بۆ هێنام، کە دەیگوت ئەگەر بەئەندامانی باشگا بفەرموون ویسکی لە ئاوی جۆگەلەکان نەکەن، سوپاستان دەکەم. زۆر باشم دەزانی کە ئەڵکۆڵ بۆ ئەو کەسانە حەرامە کە بۆ ڕەستگاریی دواڕۆژیان هەوڵدەدەن. ڕوون بووەوە بەهۆی گوێنەدانی خاوەنی ئەو دوو ماڵانە بە وەزعی جۆگەلەکانیان و پێڕانەگەیشتنیان بەوەی، کە ئەو دوو جۆگەلە ئاوانە لێک جیاڕاگرن، بەشێک لە ئاوی جۆگەلەی دووەم دەچوە ناو جۆگەلەی یەکەم و لە ئاکامدا ئەو دراوسێ خۆشەویستەمان ماوەیەک لە ئاوی حەوزی حەمامی من و ئەو کەسەی خواردبووەوە کە بەر لەمن لێرە لەو ماڵەدا بوو.

کارەکەم لە کەرکووک، دوو ساڵ و نیوی خایاند و لە ئاکامدا توانیم لە تەواوی وەرزەکانی ساڵ نموونە هەڵگرم. ڕەنگە دەرەجەی گەرمای کەرکووک بگاتە ڕادەی گەرمای بەغدا، بەڵام ماوەی ڕۆژە گەرمەکانی قوڵەن و زستانەکانیشی زۆر ساردترن. سەرەڕای ئەوەش هەوای کەرکووک زۆر سارد نیە. خۆشیی و ڕابواردنی ئێمە لە پاییز و زستاندا ئەوە بوو کە ڕۆژانە دوای تەواوبوونی کاری ئیداریی، تفەنگێک هەڵگرین و بە هیوای ڕاوی پێنج شەش قەتێ، سۆنە و پۆڕ بچینە ناو کێڵگەکان و قەراخی ڕوبار و جۆگەلە ئاوەکان. بۆ ڕاوی سۆسکە یا بە وتەی ئینگلیزەکان کەوە ڕەشە دەبوایە ڕێگایەکی دوورتر ببڕین و ڕۆژێکی بۆ تەرخان بکەین. چوون بۆ جێیی ئەو ڕاوە ئاسان بوو، دەبوایە بچین بۆ گوندی دارا بەگ بە ناوی «حەوتەغار» لە قەراخی تۆق چایی. دارا بەگ و پیاوەکانی سواری ئەسپ و ماین دەبوون و لە ڕیزێکدا دەچوونە پێش و سۆسکەکانیان هەڵدەفڕاندو لەگەڵ ئێمە لەو دەوەنە بۆ دەوەنێکی تر دەهاتن و کاتێک باڵندەیەکمان دەخستە خوارێ، دەیانگوراند و شادییان دەکرد: ئەمجۆرە تەقەکردنەیان پێشتر بەر لە هاتنی سوپای بەریتانیا بۆ ناوچەکەیان نەدیبوو. دوای تەواوبوونی کریسمەس دەکرا لە دەوروبەری گوندی کفری و دارستانەکانی نزیک سیروان چەند قاز بدۆزرێتەوە. بۆ ڕاوە



مراوی، «قەرەتەپە» شوێنێکی باش بوو. لێرە، بەهۆی چەند گۆل و زەلکاوی گەورە، هاوکات دەکرا ١٠-٢٠ ڕاوکەر ڕاوی لێ بکەن. ناوچەی «کەڕوێ» لە نزیکی سیروان، ژمارەیەکی زۆری «پۆڕ» هەبوو، بەڵام من لەبەر گیروگرفتی زۆر لە بەشەکانی پارێزگادا، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نەمتوانی پتر لە یەک دووجار بچمە ئەو ناوچەیە.

یەکەم پاییزی ژیانم لە کەرکووک بۆ وەرزش کردن، هەموو بەیانییەک سوارییم دەکرد، بەڵام زۆر زوو بۆم دەرکەوت سوارییکردن بە «سمکۆ» بەر لە ناشتا بە چەشنێک ماندووی دەکردم کە نزیک سەعات یازدە لە ئیدارە خەو دەیبردمەوە و بە ناچار دەستم لەم وەرزشە هەڵگرت. خۆشیی و ڕابواردنی ڕۆژانەم ئەوە بوو کە ئێواران بچمە ڕۆژئاوای شار.هێندێک جار بە تەپۆڵکەیەکدا تێدەپەڕیم کە ناوی «بێلاوە» بوو و ژمارەیەکی زۆری بەردە کۆن و سەردەمەکانی نوێیی بەردناسی لێ دەبینرا. کۆرنر، لە ژێر کارتێکردنی پەرتوکێک بە ناوی «لە شوێنەوارناسیدا چۆن دەبێ ببینرێ» ، کە مۆزەخانەی بەریتانیا لەناو ئەفسەر و مەئمورە ئینگلیزەکاندا بڵاوی کردبووەوە، تایلێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسیی هەڵیگرتبوو و کۆمایەکی گەورەی بەرد کۆکردبووەوە و بۆ ئەم کارەش بە تەنیا خۆی لەگەڵ بێلاوە ماندوو نەکردبوو، بەڵکوو بەردی ئەو شاخ و کێوانەشی کۆکردبووەوە کە لە سەفەرەکانی پزیشکییدا پێیاندا چووبوو. ئەو کۆما بەردێکی ناردە موزەخانەیەکی ئینگلیستان، بەڵام بەردەکانی سەرنج ڕاکێش نەبوون.

کۆرنر، دۆزینەوەیەکی گرنگی دیکەشی کرد: ئەو توانی بە کەڵک وەرگرتن لە زانیاریی نەخۆشێکی ئەمەگناس، سەرچاوەی ئەسڵیی بەشێک بەردی بزماریی بدۆزێتەوە، کە بە «لەوحەی کەرکووک» دەناسران و ژمارەیەکی کەمیان گەیشتبووە موزەخانەکانی ڕۆژئاوا. دوای بارانێکی توند لە ساڵی **١٩٢٢** یا **١٩٢٣**دا بەشێک لە قەڵای کەرکووک خزیبوو و ژمارەیەکی «لەوحە» لەگەڵ خۆی هێنابووە. کاتی کۆڵینەوەی خاکە خزیوەکان، ئەم لەوحانەیان دۆزیبووەوە. ڕاپۆرتی ئەم دۆزینەوەیە نەدرا، بەڵام هەشت لەوحەیان بەڕێگای کڕین و فرۆشتندا گەیشتنە بەغداو کڕیارەکەی دەیگوت لە کەرکووک هێناونی. کۆرنر، کە ئەو لەوحانەی لە مۆزەخانەدا دیبوو، دوای گەڕانەوەی توانی دۆزەرەوەکەیان بدۆزێتەوە. ئەم کەسە پیاوێکی باش و بەئیمان بوو و کۆرنر بیست و پێنج بەردیتری بۆ مۆزەخانە و هەژدە بەردیشی بۆخۆی لێ کڕی. مۆزە دوای ماوەیەک ئەو لەوحانەشی لە کۆرنر کڕی. لەوحەکان لە جێیەیەکی چەند ئینچ قوڵدا بوون و شتێکی وەک خەڵوزیان بەدەوروەبوو، کە بێگومان هۆی مانەوەیان هەرئەوە بوو. لەسەر داواو پێداگرتنی کۆرنر،

«گرترودبل» ٥٠٠ ڕوپییەیدا بە دوکتۆر «ئیدوارد چەیرا»[٩] ئەندامی خوێندنگەی ئەمریکایی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسیی بەغدا و ئەوی لە فێبرواری **١٩٢٥**دا ناردە کەرکووک تا لێکۆڵینەوەیەکی پتر دەربارەی ئەو لەوحانە بکات. لە یەکەم چاوپێکەوتندا دەرکەوت کە بەبێ زیان گەیاندن بە خانووبەرەکانی سەرقەڵا، ڕێگایەکیتر بۆ هەڵکەندن و دانەوەی ئەو جێیە نییە.

کۆرنر، هەروەها کۆمەڵە داستانێکی دەربارەی پیاوێکی خەڵکی «ترکەلان» لە **٩** مایلیی باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک بیستبوو. ئەو کابرایە، نزیکەی سی و پێنج ساڵ پێش بۆ دۆزینەوەی خشتی خانووبەرە، تەپۆڵکەی «وێرانشار» هەڵدەداتەوە، کە بەهەڵکەوت دەگاتە چەند لەوحان. وێرانشار لە باکوری تەپۆڵکەیەکی گەورە ساز کراوە، کە بە «یۆرغان تەپە» دەناسرێ. ئەو پیاوە گوندییە کە «عەتیە»ی ناو بووە، چەند مانگ بەنهێنی زەوی کۆڵیوەتەوەو چەند ڕەهەندی بەدەست هەڵکەندووە و چەند باری وڵاخیشی بردووەتە بەغدا؛ سەرئەنجام بەیانیی ڕۆژێک، «عەتیە» بە خنکاوی لەناو یەکێک لەو ڕەهەندانە بینراوەتەوە کە بەدەستی خۆی کۆڵیبووی. ئەم جێیە، ئێستاش بە «عەتیە خرابەسی» دەناسرا و هێشتا شوێنەواری هەڵکۆڵینەکانی عەتیەی لێ دەبینرا. کۆرنر کاتێک دوکتۆر چەیرای بردە ئەو جێیە و بۆ دانەوەی تەپۆڵکەکە ئیزنی لە «حوسێن بەگی نەوتچی زادە» مامی نازم خاوەن موڵکی ئەوێ وەرگرت، دوای چوارهەفتە، من کە چەیرام دی ئەو شوێنێکی بە خشت فەرشکراوی خاوێن کردبووەوە، کە خۆڵەمێشێکی تەنکی لەسەر بوو و شەست دانە بەردی بزماریی لێ دۆزیبووەوە. ئەو لەوە نیگەران بوو، کە ٥٠٠ ڕوپییەکەی تەواو بێ و منیش خوشحاڵ بووم کە لەو ڕێگایەدا خزمەتێک بکەم. لەبەر ئەوە، بروسکەیەکم بۆ خانمی «بل» نارد و داوام لێکرد یارمەتییەکەی ئەوەندە زیاد بکەن کە بەشی وەرزێک بکات، کە داواکەم پەسەند کرا. بە گومانم جیا لەو **٥١** لەوحانەی کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشان، لەوحەیەکیتر بە لەوحەی کەرکووک نەناسران و بێگومان تەواوی ئەو لەوحانەش کە بەرلە ساڵی **١٩٢٥** گەیشتبوونە موزەخانەکانی ئەورووپا و بە «لەوحەکانی کەرکووک» دەناسران و بەرهەمی کۆڵینەوەکانی نهێنی و دژ بە یاسای عەتیە بوون.

ئاکامی لێکۆڵینەوەی **٥١** لەوحەی کەرکووک و **٣١** لەوحەی یۆرغان تەپە لە گۆڤاری

9- Edward Chiera



ساڵی **١٩٢٦**ی «ئاشوورناسی و شوێنەوارناسیی ڕۆژهەڵات»[١٠]دا بە قەڵەمی «س. ج. گد»[١١] بڵاوبووەتەوە. نووسەر بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو لەوحانە توانی بە دڵنیاییی بڵێ شاری کەرکووک، کە لەو سەردەمدا جێگای باس بوو، شاری کۆنی «ئورفە»یە و عەتیە خراپەسی، شارێک بووە بەناوی «نوزو»[١٢]. زۆربەی ناوە تایبەتییەکان نە بابلی بوون و نە ئاشووریی و ئەم داب و شوێنانەی کە لە پەیمان و دادنامەکاندا باسکراون، زۆربەی بەردە نووسراوەکان دەگرنەوە و پەنجە بۆ بوونی کۆمەڵێک ڕادەکێشن، کە لەگەڵ خەڵکی «وڵاتەکانی» دەوروبەریان جیاواز بوون.

ساڵانی دوایی، چەند گرووپی ڕێکوپێکی ئەمریکایی کاری دانەوە و هەڵکەندنی زەوییەکانی «نوزو»یان دەستپێکرد و لە ئاکامدا هەزاران بەردی بزمارییان دیتەوە، کە گەلێک نووسراوەی بەکەڵکیان لەسەر هەڵکەنرابوو. من لە بابەت ئەم یاداشتەی خوارەوە زۆر سوپاسی پرۆفیسۆر «سیدنی سمیت»[١٣] دەکەم.

کۆنترین زمان و نووسراوەی سەر ئەم لەوحانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشاکانی زنجیرەی «ئاکد»[١٤]، کە مێژووی ژیانیان نزیکەی سەدەی بیست و دووی پێش زایین بووە، واتە ئەوکاتەی کە ئەو جێیە بە ناوی «گاسوور»[١٥] لەژێر فەرمانی ئەواندا بووە. شوێنی حکومەتەکەیان، تا ماوەیەک عیلامیشی گرتووەتەوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە نامە و نووسراوەکانی بازرگانیی نێوان بازرگانەکانی ناوچەی «قەیسەریە»[١٦] (مازاکا)[١٧] کە سەربە ئاشوور بوون، باسی بەرهەمە دەستچنەکانی «گاسوور» دەکەن. لە سەردەمی حەموڕابی لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا، شاری «یۆرغان تەپە» بووە، کە «نوزو»ی پێ گوتراوە. لەناو ئەو نامانەدا کە لە شاری کۆنی «مەعیر»[١٨] دۆزراونەتەوەو

10- Revue d,  Assyriologie et d, Archologie Orientale
11- C.J. Gadd
12- Nuzu
13- Sidney Smith
14- Agade
15- Gasur
16- Caesarea
17- Mazaca
18- Ma,er

ئاشوورییەکان پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە، یەکەم پاشای زنجیرەی «کاسیت»[19]، کە دەستی بەسەر بابلدا گرت، باسی دەسەڵاتی خۆی بەسەر «گوتیوم»[20] و «ئەلام» (حەلوان) و وڵاتی کاسیتەکان دەکات و وا پێشان دەدات کە لە دەورووبەری ساڵی ١٦٠٠دا کەرکووکی لەژێر فەرماندا بووە. هەڵکەندنەکانی «نوزو» بۆ مەودای نێوان نامەی بازرگانەکان واتە سەدەی نۆزدە و کۆتایی سەدەی شازدە یا سەرەتای سەدەی پازدە بەڵگەیەک بەدەستەوە نادا. لەوحە دۆزراوەکان ئاماژە بە «نوزو» وەک دوا شوێنی ژیان و ئیشوکارو تێکۆشانی چوارپشتی خاوەن موڵکە ئەشرافییەکانی «هوری»[21] دەکەن. ئەو خەڵکەی کە لە «وەسێتنامە کۆنەکاندا» بە«هوریان» دەناسرێن، بە زمانێک قسەیان کردووە کە بێگومان لەگەڵ زمانی «ئوراتویی»[22] کە لە دواییدا هاتە ناو کۆمەڵ پەیوەندیی هەبووە و لە نووسینیشدا هەم لە نووسراوە بزمارییەکانی بابلی و هەم لە نووسراوەکانی بزماریی ئەلف و بێی «راس السمرە»[23]دا تووشی دەبین. دروشم و ئەفسانەکانی ئەم جەماوەرە، تا ڕادەیەک لە نووسراوە دۆزراوەکانی «بوگازکۆی»[24]دا دەبینرێن. لەوە دەچێ ئەوانە خەڵکی ناوچەی «تۆرۆس»[25] بووبن، کە لە سەرەتای سەدەی ١٨دا بەرەبەرە لە بینالنهرێن بڵاوبوونەتەوە و تا شیوی «ئورونتس»[26] هاتوونەتە پێش و بەپێی لێکۆڵینەوەی «وولی»[27] ڕەنگە ئەندامی گرنگیی کۆمەڵی «ئاتەشانە»[28] بووبن. لە سەرەتای سەدەی پازدەدا، یەکێتییەکی

19- Kassite
20- Gutium
21- Hurri
22- Urartaean
23- Ras as Samra
٢٤- بۆغازکوی، گوندێکە لە بەشی باکوری ناوەندی ئاسیای تورکیە، لە ١٥٠ کیلومەتری ڕۆژهەڵاتی ئەنقەرا. بەپێ ژمارە لەوحەیەک کە لەم جێیە دۆزراوەتەوە، دەردەکەوێ کە ئەم گوندە لە سەدەکانی سیزدە و چواردەی پێش زاین پایتەختی ئیمپراتۆری «حەتی» بووە. وەرگێڕ ف.
25- Taurus
26- Orontes
27- Woolley
28- Atshanah



سەڵتەنەتیی پێکهات، لەناو ئەو یەکێتییەدا ژمارەناوێک هەبوون کە شێوە ناوی پێشووی سانسکریتیان هەبوو، کە باشترە بە «هیند و ئێرانی»یان بناسین. یەکێک لە پاشاکانی«سائوستر»[29] پاشامیتانی[30] و سەرۆکی گشتیی یەکێتیەکە بوو، کە شاری ئاشووری داگیر کرد. نامەیەکی ئەو لە «نوزو» دەست کەوت، کە مێژووی ئەوکاتە پێشان دەدا، کە لەوێ بەو پلەیە ناسراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٢٠-١٤٤٠. ئەو نامەیە، هی نیوەی دووەمی سەردەمێکە، کە نوێنەرانی ئەو چوار پێنج پشتە پێکدێنن، کە لە بەڵگە دۆزراوەکانی «نوزو»دا ئاماژەیان بۆ دەکرێ. ئاشوور هەرکە دوای زەبری پاشای «میتانی» خۆی گرتەوە، یەکەم کاری ئەوە بوو، کە کەرکووک پەلامار بدا. بەگشتی دوا بەڵگەی دەستکەوتووی «نوزو» باسی تاڵانی گوندێک بە دەست ئاشوورییەکان دەکات لە دەوروبەری ١٤٠٠دا. گشت ئەو پارێزگایە «ئورفە»ی پێ گوتراوە. ڕەنگە بتوانین بە پایتەختی ئەو جێیە، واتە کەرکوک بڵێین ئورفە، بەڵام بەتایبەتی بەشاری خودایان ناسراوە. ژمارەیەک لێکۆڵەوەر لەم باوەڕە دان کە بارەگای هۆزێک بووە و ژمارەیەکیتر دەڵێن بارەگای پاشاکانی بینالنهرین بووە. بێگومان شا قەڵایەکی لە نوزو هەبووەو جێیەکیشی بۆ ژنەکان و منداڵەکانی لەو شوێنە ساز کردبوو. جێگەی سەرنجە، کاتێک «کەی ئەخشارش» پاشای ماد لە دوا شەڕییدا دژی نەینەوا ٦١٢-٦١٧ لەگەڵ «نەبو پولاستر»[31] یەکی گرت، یەکەم هێرشی بۆ سەر ئورفە بوو. مێژووی پێشووی پارێزگای کەرکووک، لەزۆر لایەنەوە ئەم ڕۆڵەی هەبووە کە لە کێشەی نێوان زنجیرەعوسمانیی و پاشاکانی ئێراندا بوویەتی.

دۆزینەوەیەکی سەیری دیکەش، ساڵی **١٩٢٣** ئەنجامی گرت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سەربازە ئاشوورییەکان خەریکی تەختکردنی زەوییەک بۆ مەیدانی مەشق بوون لە ڕووبەڕووی سەربازگەکەیاندا. ئەوان کوپەیەکی سەر بەستراویان دیتەوە کە پڕ بوو لە سکە. ئەو کوپەیە پترلە دووهەزار سکەی سەردەمی ساسانییەکانی تێدا بوو. بە زۆربەمان ژمارە

29- Saussatar
30- Mitani
31- Nabolassar

سکەیەک گەیشت. بەپێی ڕاپۆرتی مۆزەخانەی بەریتانیا، کۆی سکەکانی کۆرنر سەری لە سکەی پێنج پاشا دەدا: قوبادی یەکەم (٥٣١-٤٩٩ز)، خەسرەوی یەکەم (٧٩-٥٣١ز)، هۆرمـوزی چوارەم (٩٠-٥٧٩ز)، بارامی شـەشـەم (١-٥٩٠ز) و خـەسـرەوی دووەم (٦٢٨-٥٩٠ز)، دوا مێژووی سکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٠١. هیچ دوور نییە کە ئەم گەنجینەیە دوای سەرکـەوتنی عـەرەبە پەلامـاردەرەکـان لە شەڕی «قـادسـیـە» و هێرشکردنیـان بۆ سەر کـەرکـووک و لە مـەترسی خستنی ئەو لە ساڵی ٦٣٩دا ژێرخاک کرابێ. سەرکەوتنی قادسیە، عەرەبی بەسەر پایتەختی زستانیی ئێران واتە «تیسفون»دا زاڵ کرد و لە ئەنجامدا سـەرەتای ڕوخـانی زنجیـرەی ساسـانییـەکـانی لە ساڵی ٦٥١دا دەستەبەر کرد.

کەسایەتی هەرە ناوداریی سەردەمی نوێ کە کەرکووک لە ئامێزی خۆیـدا پەروەردەی کردووە، بێگومان شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، واتە ئەو شاعیرەی کە بە مەبەست باسی چەند دێڕ لە شیعرەکانی دەکەم. جیا لە حاجی قادری کۆیە، کە یەکەم پێشەوای ناسیۆنالیستیی کورد بووە، ڕەنگە ئێستاش شێخ ڕەزا، سەرەڕای زمانە ڕەنگگرتوەکەی کۆنی کە وشەی عـەرەبی زۆرتێکەڵاوە، شـاعـیـری هەرە بەناو و دەنگی باشووری کـوردسـتـان بێ. ڕەوتی سـەرەتای ژیانی، لەو ڕێگایە جیـاواز نەبووە کـە کـوردەکـان بەتایبـەتی لاوانی کـوردی بنەماڵە ئاییـنیـەکان لە سـەردەمی دەسەڵاتداریەتی سوڵتـان عـەبدولحـەمیـددا بوویانە. شـیـعرەکـانی چونکە باسی بەشێک لە هەلومەرجی ژیانی ئەو کـوردانە دەکـات کـە من لە ناویاندا ژیاوم سـەرنج ڕاکـێـشن. لەبەر ئەوە، هیـوادارم زۆر نابەجێ نەبێ کـە ئەگـەر لایەنێکی سادەی ژیانی کـەرکـووک، بە ڕاپۆرتێکی کـورت لە ژیانی ئەو مـرۆڤـە سـەرنج ڕاکێشە تەواو بکەم(٣٢).

شێخ ڕەزا، نەوەزای مەلا ئەحمەد، بناخەدانەری بنەماڵە و کوڕە مامی شێـخ حەمید، لە دەوروبەری ١٨٤٠ لە دایکبـووە و سـاڵی ١٩٠٩ کـۆچی دوایی کـردووە. لە سـەردەمی لاویەتییدا، وڵاتەکانی ژێردەستی عوسمانی گەڕاوە: هەشت ساڵ لە قوستەنتەنیە لەژێر

٣٢- زۆربەی نووسـراوەکـانی خـواروو، لە وتارێکدا بە قـەڵەمی نووسـەر، لە ژێر نـاوی: «شـێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری جنێو فرۆشی کورد»، لە گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیای ناوەندیی (بەرگی ٢٢، ژانویەی ١٩٣٥)دا نووسراون. لەم ساڵەدا بوو کە دیوانی ئەم شاعیرە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی لە بەرگێکدا، لە لایەن «چاپخانەی مەریوانی» لە بەغدا بڵاوکرایەوە.



باڵی پاشای مـەزندا بووە؛ بۆ مـاوەی دوو سـاڵ، مـامـۆسـتـای زمـانی فـارسی کـوڕەکـانی خـەدیوی مـیـسـر بـوو؛ بۆ مـاوەیەک گـەڕاوەتەوە ئەسـتـەنبـوڵ و لەوێوە چووەتە «حـەج» و زیارەتی ماڵی خودای کردووە؛ دیسان ماوەیەک لە کەرکووک ژیاوە و سەرئەنجام لە بەغدا نیشتـەجێ بووە؟! هونەری شێخ ڕەزا لەوە دایە کە ڕەخنەگرەکانی پارسیی ئەو بە «قەڵەم تیژ» دەناسن. هیـوادارم سایەی شیعرەکانی لەم وەرگێرانە وشەبەوشەیەی خوارەوەی مندا ببینرێن(ح). زۆربەی هەڵبەستەکانی پێشاندەدەن کە ئەو باج وەرگـرێکی بە جەرگ و بە زۆرهەسـێن بووە. زۆربـەی سـەفـەرەکـانی، بەڕواڵەت بەهۆی ناکـۆکـیی لەگـەڵ ئەندامـانی بنەمـاڵەکـەی ئەنجـامی گـرتووەو جێی سەرسوڕمـان نیـە کـە ئەگـەر هەڵبـەسـتی خـوارەوەی نموونەیەک بێ لەمجۆرە نامانەی کە خزمەکانی بە شێوەی ئاسایی بە دەستیان گەیشتوە.

بەرخە نێر

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لە سەر بەحرو بەڕە<br>
بەرخـە نێـرێ گەر نەنێـرێ هەر کەسێ خاوەن مـەڕە<br>
دێم بە گـژیا دەی دڕم گـەر فـیـالمەثەل شـێـری نەڕە<br>
با نەقـەومـێت و نەزانن ئەم هەمـوو شـوور و شـەڕە<br>
گشت لە سەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە(٣٣)

هەڵبەستی خوارەوە، پارچە شیعرێکە، کە ئەمجارە سەبارەت بە ڕووداوێک بۆ شەخسی خۆی داناوە:

برازا ئەزیزەکەم

ڕووم کـــردە بەزمی خـــاسی برازا ئەزیزەکـــەم<br>
ئەمـشـەو بە سـەد تەوازع و ئەخـلاس و سـەر کـزی<br>
ڕوانیم لە درزی قـــاپیـــەوە خـــۆی و تابعـــان<br>
دانیـــشـــتـبـــوون دوو ڕیزە لە دەوری خلەی کـەزی<br>
دەتووت تەمێ کـرا بوو بە مـەخـصـوصی قـاپیـەوان<br>
خۆی کرد بەنێرە تورک و وتی: «کیم بیلیر سیزی؟»

ح- بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی دروست لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا، ئەوانم لە ڕووی دیوانەکەی نووسییەوە.

٣٣- بەشی دووەمی ئەو دێرە بەمجۆرەیە: گشت لەسەر بزنی شەل و کاوڕی گەر و بەرخی لەڕە.

پێم ووت: «منم، فلانە کەسم» ، مامە شێخ ڕەزام؛
تانمز میسن خومە ییس ئەفەندی، مەگەر بیزی؟
ئەم سەددەی بابە بۆ منە؟ ازهار کە تا بڕۆم
یان مەرحەمەت کە، خێرە « لە سەرما گونم تەزی»
وەختێ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چیە
دەرحال گەڕامە پاشەوە، ئەمما بە عاجزی

خدر، یەکێک لە چیرۆکبێژە ناسراوەکان بووە و گەلێک چیرۆکی خۆش و سەرنج ڕاکێشی گێڕاوەتەوە. ئەو هەروەها نموونەیەکی باشی ئەو پیاوانە بووە، کە لەجیاتی ئەوەی بەناوی بابییەوە بناسرێ، بە ناوی دایکی ناسراوە. بەمجۆرەی کە شێخ ڕەزا دەناسین، دەکرێ بڵێین خەم و پەژارەی ئەو پتر لەم بابەتەوە بووە کە لە بیستنی چیرۆکەکانی خدر بێبەش کراوە، نەک لەبەر بێ ئەدەبی برازا ئازیزەکەی. شێخ حەبیبی تاڵەبانی، بە ڕاشکاوی و توڕەیی دەیگوت قارەمانی ئەم بەسەرهاتە (برازا خۆشەویستەکەی) نەبوو، بەڵکوو برا گەورەکەی، واتە شێخ محەمەد عەلی، خاوەنی چەترە بەناو بانگەکە بوو. لە لایەکیترەوە، ئەوە تەنیا خزمەکانی نەبوون کە دەبوایە بەبێ هیچ چەشنە پرسیارێک ویستەکانی بەجێ بگەیەنن. دەڵێن، ئەم دوو نامانەی خوارەوەی بۆ سەید نوری نەقیب ئەندامی بنەماڵەی بەرزەنجەی دانیشتوی سلێمانی و حاجی ئەسعەد ئاغای حەویزی نووسیوە:

### کەڵەشێر

کەڵەشێرێ بە ڕەزا لازمە، کرماشانی
زیرەک و چابوک و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی
کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێ کەڵەشێر
پڕ بە دەم بیپچڕێ وەک سەگی هەورامانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕای ڕفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تاڵانی
بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات
بە جەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی
ئەی نەقیب زادە، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی، سەگەکەی قاپیەکەی گەیلانی



### توتن

تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئێستکە ئاغا
من ماوە هەوای صوحبەتی توم هەرلە دەماغا
بۆ توتنێکی بێشەمە و شاور و شێتنە
شێت بووم و نەهات وەختە دڵم دەرچێ لە داخا
جاران چ بە چاغ و چ بە بار بۆت ئەهەناردم
نا نێری ئەمێستا نە بەبار و نە لە چاغا
ڕێی نەوتەکە، باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی
ڕێی خاسە بە شەو خاڵیە، بابێ بە بلاغا

بەشیکردنەوەی ئەم فەسڵە و فەسڵەکانی پێشوو، ڕەنگە زۆربەی هیما و ئاماژەکان ڕوونکرابنەوە. لە هەڵبەستی یەکەمدا، مەبەست لە کەری تاڵانی، کەرێکە کە بزواندنی دژوارە، هەروەک هەموو منداڵە خوێندکارێکی کورد دەزانێ، کە ڕزگار بوون لە چنگ پەلامارەدەران بە کەری تاڵانیی پێویستی بە هەوڵ و تێکوشانی پترە. لە هەڵبەستی دووەمدا «شێتنە» ناوی گوندێکە و بێشەماش بە توتنێک دەگوترێ کە بۆنێکی تایبەت و خۆشی هەیە؛ ڕێگای نەوت، لە ڕۆژئاواوە دێتە ناو کەرکووک و بە جێیەکدا تێدەپەڕێ کە ئێستامەڵبەندی شەریکەی نەوتی عێراقە. «ڕێگای خاسە» لە باکوری ڕۆژهەڵات و بە ڕۆخی ڕوباردا دێتە ناو کەرکووک؛ «بلاغ» ناوی ئەو کانیاوەیە، کە لەژێر تەپۆڵکە گەورەکەی نزیک کەنیسە کۆن و وێران بووەکەی «شەهیدان» دێتەدەر. بەڵام، جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی بەو واتایە نەبووە کە ئەو کەسەی کە نامەی پێگەیشتوە ئیتر لە مەترسی ڕزگاری بووە. هێرشی خوارەوە بۆ سەر میران خدر بەگ، لە هۆزی خوشناوەتی نیشانەی ئەم بۆچوونەیە.

### هێستری دیاری

میر بە سەد منەت هەناردی هێسترێکی ڕووت و قوت
چوارپەلی سست و سەقەت، ئەندامی هەروەک عەنکەبووت
خاوەنی الیکی ناڵیم پێ نەداوە موتلەقا
داویەتێ، ئەمما وەکو بیستومە، قوتی لایموت

پشتی ڕیش و شانی زامدار و جەدەوبو، ناعەلاج
چەند قروشێکم هەبوو بۆمدا بە نەوت و ئەنزەڕوت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حەجەجەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن، ئەنجا بەئاستەم گوێی بزوت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشاندەیی تا قەیامەت دێ لە دووت
پوش لە لای حەڵوایە، حەتتا گەر پەلوشی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لولی ئەدا، قوتی ئەدا ماننەدی حوت
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجنە نێرە، لێرە چاری ناکرێ، مەگەر
شێخی ڕفاعی عیلاجی کا بەاسمی جەلجەلوت
مەصلەحەت وایە هەتا نەی خواردووم بینێرمەوە
زۆر دەترسێم دەفعەی قوتم بدا، بمکا بە قوت

مەبەست لە دێڕی یەکەمی ئەم هەڵبەستە ئەوەیە، کە هێسترەکە لغاو و جلی پێوە نەبووە؛ «ئەنزەروت»، وەک دەڵێن گیایەکی گوڵ زەردی دڕکاوییە، کە لە بابەت شکڵەوە لە گوڵە توتن دەچێ و بۆ ئەوکارە دەبێ، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە. تەریقەتی ڕفاعی، هاریو مارانگازان چاک دەکاتەوە. جەلجەلوت، گوایە گیاندارێکی ناسروشتییە کە ئەندامانی ئەو تەریقەتە لە فێڵەکانی خۆیاندا یارمەتی لێ وەردەگرن. بەشێک لە شیعرە هەرە باشەکانی شێخ ڕەزا، کۆمەڵە هەڵبەستێکن کە شاعیر لەواندا هێرش دەکاتە سەر نەیارانی بنەماڵەی تاڵەبانی، واتە جەبارییەکان، داودەکان (دودەکان) و کاکەییەکان؛ بەڵام بەشی زۆری ئەو هەڵبەستانەی شاعیر، وەک زۆربەی هەڵبەستەکانی تری ڕویان لەخەڵکێکی تایبەتیە و شیعرەکانی زۆر توندوتیژ و ناحەزن و بۆ وەرگێران نابن.

گیبون[٣٤]، لە نێوان ئەفسانە ناشیرینەکانی سەرەتای دامەزرانی کەنیسەدا، ئەفسانەی ناسراو بە «حەوت لە خەوکراوی بەداخ»[٣٥]، سەرنج ڕاکێشتر لەوانیتر دەبینێ. ئەو حەوت لاوە مەسیحییانە ڕایان کردووەو پەنایان بۆ ئەشکەوتێک بردووە. کەچی بە فەرمانی ئیمپراتۆر «دسیوس»[٣٦] دیواریان لەناو دەرگای ئەشکەوتەکە هەڵچنیوە و

---

٣٤- ڕوخانی ئیمپراتۆری ڕۆم، فەسڵی سی و سێیەم.

35- Seven Sleepers Of Ephesus
36- Decius



دەرگاکەیان گرتوە. ئەو حەوت گەنجانە تا سەردەمی حکوومەتی «تئودوسیوس»[٣٧] واتە بۆ ماوەی ١٨٧ ساڵ لەو ئەشکەوتەدا نووستوون. ئەو ئەفسانەیە، بەناوی «ئەشکەوت» بە دوورودرێژیی لە سوڕەی هەژدەی قوڕئاندا نووسراوەتەوە، بەڵام ماوەی خەوەکە کراوە بە ٣٠٩ ساڵ. یەکێک لەو بەشە خۆشانەی، کە بەو ئەفسانەیە زیاد کراوە، ئەوەیە کە سەگی ئەو ئەسحابانە لە حاڵێکدا سەری لەناو دەستەکانی ناوە، لەبەردەرگای ئەشکەوتەکە نوستووە. قوڕئان دەربارەی ژمارەی نوستووەکان یا بە وتەی ئەو «ئەسحابەکانی ئەشکەوت» دەڵێ:

ژمارەیەک دەڵێن «سێ کەس بوون، بە سەگەکەیانەوە بوونە چوار».
بەشێکی دیکە دەڵێن «پێنج کەس بوون، بە سەگەکەیانەوە بوونە شەش».
ژمارەیەکی دیکەش دەڵێن «حەوت کەس بوون، بە سەگەکەیانەوە بوونە هەشت».
لێکدانەوەی ڕێبەرانی ئیسلام سەبارەت بەم وتەیە ئەوەیە کە سەگەکەش بە «ئەسحابە» ژمێرراوە و خودا بەڵێنی بەهەشتی پێداوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە لای مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێراوە. نووسراوەی سەر کێلی قەبرەکەی یەکێک لە شیعرەکانی خۆیەتی کە بەرلە مردنی بەزمانی فارسی بۆ ئەم مەبەستەی داناوە.

یا رسوالله! چه باشد چون سگ اصحاب کەف
داخل جنت شوم در زمره اصحاب تو؟
او رود در جنت و من در جەنم کی رواست؟
او سگ اصحاب کەف و من سگ اصحاب تو

وەرگێڕاو:

یا ڕەسول الله! چ دەبێ گەر وەک سەگی ئەسحابەی ئەشکەوت (ئەسحابولکەف)
بچمە بەهەشت وەک ئەسحابەی تۆ؟
ئەو دەچێتە بەهەشت و من بۆ جەهەننەم، کەی ڕەوایە؟
ئەو سەگی ئەسحابەی ئەشکەوت و من سەگی ئەسحابەی تۆ

---

37- Theodosius

## ٢٠- لەشكرى ڕەواندز «ڕاوڵش»[1]

ئێستا دەتوانم پاشماوەی ڕووداوە سیاسییەکان، لەو جێیەوە دەست پێ بکەمەوە کە لە سەرەتای فەسڵی پێشوودا خۆم لێ کێشابووەوە.

لە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەم لە کفری لە چوون بۆلای شێخ مەحموود خۆم پاراست، بەڵام ڕێبەرانی لیژنەی نوێنەرایەتی سلێمانی واتە ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ، حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغا، عەزیز بەگی جاف و مستەفا پاشام بینی، کە ئەویش ئەفسەری پێشووی سوپای عوسمانی بوو. لەوەی کە ئەوان بەهۆی ئەندام بوونیان لە لیژنەی حکومەتی میللی کاتیی کوردستاندا تا ئەو ڕادەیە بادیهەوا ببوون، سەرم سوڕما. سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ئێستاوە باسی کوردستانێکیان دەکرد کە سنووری باشووری دەگەیشتە کێوەسوور.

کاتێک گەیشتمە کەرکووک لە یەکەم هەنگاودا سەرقاڵی هەڕەشەی تورکان بووم. ئۆزدەمیر، بە هێزێکی کەم کۆیەی داگیر کردبوو و هەوڵی گرتنی ڕانیەشی دەدا. هەروەها هەباسی مەحموود ئاغا، سەرۆکی پشدەرییە ڕاپەڕیوەکانی لەسەر «لەشکر»ێکی عەشایریی دانابوو، کە بە ژمارەیەک سەربازی تورک بەهێزی کرابوو و بۆ گرتنی سلێمانی ڕەوانەی ئەوناوچەیەی کردبوو،بەڵام گەورە پیاوانی شار ڕازییان کردبوو، کە تا گەڕانەوەی شێخ مەحموود، لە سووررداش بمێنێتەوە. یەکەکانی گەشتی کۆیە بۆ زێ، لە تەق تەق مابوونەوە و فڕۆکەکان ڕاگەینراوێکیان بە سەر کۆیەدا خستبووە خوار و سێ ڕۆژیان ماوە بە خەڵکی شار دابوو، کە بۆخۆیان تورکەکان لە کۆیە دەرکەن، ئەگەرنا شار بۆمباران دەکەن. من ئێستا لێم ڕوون بووەتەوە کە ئەوە کارێکی دروست نەبوو؛ لە وەڵامدا خەڵک گوتبوویان بوونی عەشایر لە بەرەی دوژمندا ڕێگای ئەم کارەیان پێنادات و لە ئەنجامدا ماوەیان ویستبوو.

لەگەڵ «مینت»، کە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ناوچەی کەرکووک بوو، بەم ئاکامە گەیشتین کە پێشنیازی دانانی سەربازگەیەک لە ئاڵتون کۆپری بکەین تا سەرەڕای چاودێریی کردنی لە تەنیا پردی زێ لەو جێیە، پەیوەندیی ئێمەش لەگەڵ هەولێر و موسڵ ڕاگرێ؛ هەروەها زۆر بەجیدیی داوامان لە نووسینگەی فەرمانده‌ی گشتی کرد کە دژی

1- Rowlash



لەشکری عەشایری بەرەوسووررداش بچێتەپێش. پێشنیازەکانمان پەسەند نەکران و مینت لە بیست و حەوتی سێپتەمبەردا وەڵامی ڕەدی وەرگرتەوە، بەڵام هەر لەو ڕۆژەدا، ئەفسەرێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی هێزی هەوایی، لە لایەن «ئێیرویس. مارشاڵ سێر جان سالموند»[2]ەوە هات و دەربارەی وەزعی ناوچە گفتوگۆی کرد و سەردانی منیشی کرد. بەپێی بڕیاری کۆنفرانسی قاهیرە دەبووایە ئەرکی فەرماندەی هێزەکانی عێراق لە ڕۆژی یەکەمی ئۆکتۆبەرەوە بەو ئەفسەرە بدرێ. هاتنی ناوبراو لە شنە بایەکی تازە دەچوو و سەرەتایەک بوو بۆ هاوکاریی نزیک و دۆستانە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سیاسی و هێزی هەوایی لە دوا ڕۆژدا. من بە جیدی لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە دانی بەرپرسایەتی بە سێر جان سالموند، عێراقی ڕزگار کرد: ئێمە خەریکی ڕاکردن بووین و ئەگەر پارێزگای موسڵمان لە دەست چووبا، بەغداو بەسرە بەدژواریی حکومەتیان بۆ دەکرا.ڕۆژێک دوای دیداری سێر جان سالموند و تەنانەت بەرلەوەی کە ئەرکی فەرماندەیی وەرگرێ، فڕۆکەکان بەسەر سووررداشەوە بەشوێن لەشکری عەشایرییدا دەگەڕان و هەرچەندە لەم وڵاتە شاخاوییە پڕلە دارستانەدا نەیانتوانی ئەو لەشکرە بدۆزنەوە، بەڵام ئەو خۆپێشاندانە بۆخۆی کارێکی بەنرخ بوو.

لە یەکەم ڕۆژەوە کە من هاتمە کەرکووک نەخۆش بووم و لە جێگەدا کەوتم و تەواوی ئەو کارانەم لەناو جێگادا ئەنجام دابوون. ڕۆژی بیست و نۆیەم، ئەوەندە بەخۆهاتبوومەوە کە هەستمە سەرپێ. هەستامەوە و بەبێ ئەوەی کە بچمە «سەرا»ی حکوومەت، سواری ئۆتۆمبێل بووم و چوومە ئاڵتون کۆپری. دوو سەعات لەو ڕێگا ناخۆشەدا بووم. چووبووم تا لە نزیکەوە ڕێگاچارەیەک بۆ بەربەرەکانێ دژی تورکان بدۆزمەوە و سەروسامانێکیش بە وەزعی بەشی پاراستنی ناوچە چۆڵکراوەکان بدەم. هەروەها، سێ کاروانسەرای ئەو جێیەش بۆ هێزی پۆلیس و دوو یەکانی سوارەی «هێزی ناوچەیی» وەرگرم. بڕیاربوو هێزی پۆلیس بۆ ئەو ناوچەیە بنێرین و دڵنیاش بووم لە یەکی مانگی ئۆکتۆبەریشدا بڕیاری ناردنی دوو یەکانی سوارەی «هێزی ناوچەیی» بۆ ئەو جێیە پەسەند دەکەن.

هەروەک گوتم شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری بە سەر دوگەیەک لە نێوان ڕووباردا سازکراوە. ئەو شارۆچکەیە نزیکەی ٤٠٠ ماڵ و شەقامێکی چکۆڵەی هەبوو. شەقامەکەی بازاڕی شارۆچکەکەی پێکدەهێناو هەرکە عارابەیەکی پێدا تێدەپەڕی، لە کەلوپەلی بەردوکانەکان

2- Air Vice- Marshal Sir John Salmond

و چۆکی ئەوخەڵکانە دەخشا کە لەسەر کورسی چایخانە پان دەبوونەوە. کاری خانووبەرە سازیی ئاڵتون کۆپری ئێستا نەپەڕیبووەوە بۆ دوو ڕۆخی لای دەرەوەی ڕووبارەکە. تورکان لە پاشەکشەی ساڵی ١٩١٨دا، دوو پردی سەر ئەو ڕووبارەیان تەقاندبووەوە و چەند ئاسنی بەدسیمایان لە جێگە دانابوون، کە تەنانەت لەم وەرزەشدا کە ئاو کەمبوو، دیمەنی لای باشووریان لەوەی کە بوو پتر ناشیرین نەدەکرد: دیمەنی لای باشوور بریتی بوو لە سەرایەکی کۆن و ڕوخاوی حکوومەت کە بەسەر ڕێگاکەدا قوت ببووەوە و ڕەهەندێک بە قاتی خوارویدا دەڕۆیشت؛ ئاوی شین و ڕوونی ڕووبار، لە سەرەوە بە ڕێگایەکی تەنگ و باریکدا کە لەناو زنار و گابەردەکاندا پێکهاتبوو، دەهاتە خوارێ و بەناو کۆمەڵە بێستانێکدا تێدەپەڕی کە لەژێر زنارەکان و دیوارێکی بەردچندا چاندبوویانن. زنارەکان تا نزیک دیواری کۆن و قەڵشیویماڵەکان دەچوونەپێش.

چونکە دەزگایەکی پاراستنی ڕێکوپێکمان نەبوو، هەواڵ و باسێکی زۆرم چنگ نەکەوت. بەوتەی کەڵەکوانەکانی میرزاڕۆستەم، ئۆزدەمیر ئاغایەکی نارازیی کۆیەی کردبووە مودیری «تەق تەق». بەپێی خەبەرێکیتر هۆزی شێخ بزێنی، کە لە سەر ڕێگای جادەی کەرکووک بۆ کۆیە، لە ڕۆخی زێ نیشتەجێ بوو، بەتەواوی لەگەڵ دوژمن کەوتبوو.

دوای دوو ڕۆژ، لە کاتێکدا هێشتارۆژێکمان بۆ یەکی ئۆکتۆبەر مابوو، مینت لەگەڵ بەشی هەرە زۆری «هێزی ناوچەیی» چووە ئاڵتون کۆپری و هاوکات لەگەڵ ئەوە سەربازگەی کۆیە و گوندە گرنگەکانی شێخ بزێنی بە توندی بۆمباران کران. ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر، سێر جان سالموند، بۆخۆی بە فڕۆکە هات و شەو میوانی من بوو. پیاوێکی باڵا بەرزی خۆش سیمای ڕێکوپێک و خۆش ڕەفتار بوو؛ بە تەواوی هەست بەهێز و توانای دەکرا و بە ڕوونی پێشانی دەدا کە سیاسەتی دواڕۆژی ئێمە سیاسەتێکی هێرشکەرانە دەبێ. شەوێکی لەبیر نەکراو بوو. دوای خواردنی شیو، لەژێر شۆقی مانگە شەوێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش دانیشتبووین. ئارام و هێمن گوێی دابووە ڕەخنە و گازندەکانم کە دەربارەی هەڵەکانی ڕابردوو لێیان دەدوام و بۆچوونی خۆم دەربارەی وەزعی سیاسیی و عەشیرەتی ناوچە بۆ ڕوون دەکردەوە. ئەفسەرێکی گەڕاوە و هێندێک بە تەمەنی نووسینگە، بەناوی «دی»[٣]، بەڕواڵەت وتەکانی منی یاداشت دەکرد، بەڵام لەنێوان قسەکاندا پەیتاپەیتا لەسەر سەندەڵییەکەی خەوی لێ دەکەوت. فەرماندەکەی، کە ئاگای لەم وەزعە بوو، هێندێک جار بە گاڵتە پێی دەگوت: «دی، ئەو مەسەلەیەت نووسی؟» «دی» لە خەو

3- D



ڕادەپەڕی و زۆر بەجیدیی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: «بەڵێ قوربان!» و بە پەلە خەریکی نووسین دەبوو. من ناوە دژوارەکانی خەڵک و هۆزەکانم بۆ دووپات دەکردەوە، بەڵام زۆری نەدەخایاند کە سەرلەنوێ خەونووچکە دەیبردەوە. ئاکامی گفتوگۆکان ئەوە بوو کە فەرماندەی عەمەلیاتی هەوایی ڕازی کرد، هێرشی سەربازیی «هێزەکانی ناوچەیی» لەژێر چەتری هێرشی هەواییدا ئەنجام بدرێ؛ هەروەها گوتی ئەگەر بۆمباران نەتوانێ دوژمن لە کۆیە دەرکا، بە زوویی کاروانێکی بەهێز بۆ ئەو جێیە دەنێرێ. ئەوانەی هاتبوون، ڕۆژی دوایی گەڕانەوە بەغدا، بەڵام دەفتەرە یاداشتە بەناوبانگەکەی «دی» بەجێما و هەفتەیەک لە باشگای ئەفسەرانی کەرکووک مایەوە. ئاکامی کار بەپەلە خۆی نواند: دەستبەجێ دوای دەسپێکردنی عەمەلیات، چەند ئاغای شێخ بزێنییەکان هاتن و دەربارەی خۆ تەسلیم کردنیان گفتوگۆیان لەگەڵ کردین؛ چەندکەسیتریان بەم ئاکامە گەیشتبوون کە ئەگەر بچنە لای نوێل و شێخ مەحموود بۆیان باشتر دەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعە، مینت بەربەرەکانێکی زۆری لە بەرامبەر خۆیدا نەبینی. تورکەکان کە لە سەربازگەی کۆیە دەمانەوە، بەهۆی توندوتیژبوونی بەربەرەکانیی خەڵک بە ناچار ڕۆژی حەوتی ئۆکتۆبەر لەو جێیە ڕۆیشتن. ڕۆژی یازدەی ئۆکتۆبەر من و لاین بە سواری ئۆتۆمبێل چووینە هەولێر. ڕۆژی دوایی، لاین و «لیتل دیل»[٤] لەگەڵ کاروانێکی پێکهاتوو لە پۆلیسەکانی شار بۆ گرتنەوەی سەرلەنوێی کۆیە چوون و شار لە ڕۆژی چواردەی ئۆکتۆبەردا بەبێ هیچ چەشنە بەربەرەکانییەک کەوتەوە دەست ئێمە.

هەولێر شارێکی خۆش و سەرنج ڕاکێشە؛ لە بان تەپۆڵکەیەکی چوار سوچی درێژی زۆر لێژ سازکراوە و لە ناو دەشتێکدا سەری بەرز کردووەتەوە. «دارای سێیەم» دوای شکانی لە بەرامبەر ئەسکەندەردا لە شەڕێک کە بە «ئاربلا»[٥] دەناسرێ، بەڵام لە ڕاستیدا شەڕەکە لە دەشتی «گەوگەملە»[٦] لە نزیک گوندی تازە سازکراوی مەسیحینشینی «کەرەم لەیس»[٧] لە شازدە مایلیی ڕۆژهەڵاتی موسڵ ڕوویدا بوو، ڕایکردووەتە ئیرە. بنەماڵە

4- Littledale
5- Arbela
6- Gaugamela
٧- Karamlais بڕوانە «یاداشتەکان دەربارەی پەڕینەوەی ئەسکەندەر لە دیجلە و جەنگی ئاربلا»، کە سێر ئەرل ستاین لە «گۆڤاری جوگرافیای، بەرگی C، ژمارەی ٤، ئۆکتۆبەری ١٩٤٢ نووسیویەتی، پرۆفیسۆر سیدنی سمیت دەڵێ شوێنی شار دیار نیە و بێگومان ئەو تەپۆڵکەیە نەبووە. سەیر ئەوەیە کە تا ئێستا بەردێکی بزماریی لە هەولێر بەدەست نەکەوتووە.

ڕەسەن و ناودارەکانی شار بە کورد و تورکەوە، بەپێچەوانەی کەرکووک ئێستاش لە خانووبەرە گەورەکانی سەرقەڵای شار دەژین، کە لە بابەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەوماڵانە لە دەوری قەڵاکە سازکراون و وەک دیوار دەوری شاریان گرتووە. چوون بۆ ناو ئەو بازنەیە، تەنیابەهۆی سێ چوار باریکەڕێی لێژ و هەڵدێردا دەکرا. کارگەریی گشتی ئەو شارە لەسەر بینەرانی گەلێک بەرچاوترە لە «قەڵا»[8] وێران بووەکەی کەرکووک. هێشتا، بینایەکی زۆر لە ژێر قەڵاکەدا ساز نەکرابوو. گرنگی شاری هەولێر لەوەدا بوو کە ناوەندی ناحیەیەکی پڕلە گەنم بوو لە نێوان جادەی کەرکووک و موسڵدا و بەهۆی بارودۆخی سروشتیی، بازاڕیی هۆزەکانی جێگرتوو لە چیاکانی ڕۆژهەڵات و باکور بوو.

لە کاتێکدا ئەو عەمەلیاتە لە زەوی بەڕێوە دەچوو، هێرشی هەوایی دژی گروپەکانی دوژمن بەبێ پسانەوە لە ڕانیەو مەرگە درێژەی هەبوو. ڕادەی کارتێکردن و ئاکامی ئەو بۆمبارانە دەستبەجێ نەبوون، بەڵام بەرەبەرە کەسانێک لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە هاتنە کەرکووک، هەولێرو سلێمانی تا ئاگاداریی بیروڕای حکوومەت دەربارەی «بەخشین و ئەماندان» بن. جێگەی سەرنجە، زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان لە ترسان لەگەڵ ئەو ڕووداوە کەوتبوون. من بەبێ پسانەوە لە نێوان کەرکووک، هەولێر، کۆیە، کفری و بەغدادا لە هەڵفڕیندا بووم یا فڕۆکەکانم بەرەو نیشانەکان ڕێنوێنی دەکرد. یەکەم جار، لە بیست و حەوتی ئۆکتۆبەر، بەشداریی بۆمبارانم کرد، کە ئاکامەکەی لە دەفتەری یاداشتەکەمدا، بەم جۆرە نووسراوە:

> ئەمڕۆ بەتوندی مەرگە بۆمباران کرا. من بۆ پێشاندانی نیشانەکان لە فڕۆکەی «مەکلارن-ڕاید»[9]دا بووم. ئەو چەند بۆمبی زۆر بەباشی خستنەخوار: یەکێک لە «کۆپر»[10]ەکان لە بەردەرگای «سەرا» تەقییەوە و دەبێ زیانی گەیاندبێ. هەستێک، کە لەکاتی بۆمباران کردندا خۆدەنوێنێ سەرنج ڕاکێشە. ئەوکاتەی کە بەسەر نیشانەدا دەسوڕێتەوە و بە دوای خستنی هەربۆمبێکدا لار دەبێەوە تا بەرلە دووپات کردنەوەی هێرش، ئاکامی کارەکەت ببینی، زۆر هەست بە تیژڕۆیی ناکەی و فڕۆکەکانیتر دەبینی، کە وەک زەردەواڵەی هەژاو بەتوندی هەوڵ دەدەن.

---

8- Acr opolis
9- Mclaren- Reid
10- Cooper



بە نیسبەت وێرانییەکانی «ڕوهێر»[11] و تۆکیۆ، کە هێشتا بیرەوەرییەکانیان زیندوون، لەبیر کردنی بۆمبارانەکانی ساڵی ۱۹۲۲ دژوار نیە. «کۆپر»، بۆمبێکی ئاساییە و تا ئەو جێیەی کە لەبیرمە، بۆمبی «پڕژۆڵ»[12]ی بیست و پێنج «پۆند»[13]ی بوو. هەروەها، بەرلە دەستپێکردنی بۆمبارانەکان هەمیشە خەڵکی ناوچەکەمان هۆشیار دەکردەوە. هاتنی بۆمبەکانی سەد پۆندیی و دوایی دووسەد و بیست پۆندیی هەست و زەوقی مرۆڤیان دەبزواند. بۆمبەکانی ئاگر پڕژێنمان، بۆ یەکەم جار لە یەکی ئۆکتۆبەردا خستەخوار.

دوای گەیشتنی بۆمبەکانی ئاگرپڕژێنی نوێ، حەوت فڕۆکەی «نیناک»[14] لە بەغدا هەستان و مەرگەیان بۆمباران کرد؛ تەواوی فڕۆکەکانی مەوجود لەو ناوچەیەدا، بە بۆمبای ئاسایی لەم هێرشەدا بەشدارییان کرد. چوار ئاگری مەزن، سەرلەبەیانی دەبینران، بەڵام ئەو ئاگرانە، دەوامێکی زۆریان نەبوو و تا نیوەڕۆ کوژابوونەوە: خانووە قوڕینەکان، بۆ بۆمباران نیشانەیەکی باش نین.

ئەو بۆمبارانانە بێ زیانیش نەبوون: ڕۆژی شەشی ئۆکتۆبەر، فڕۆکەوانێکی جوان چاکی خەڵکی ئەفریقای باشوور بە ناوی «لاکواترز»[15]، سەربەهێزی سکادرانی ژمارە ٨، کە ماوەیەک لای من بوو، لە نزیک «ترکەلان» کەوتەخوار و مرد؛ لە بیست و چواری ئۆکتۆبەردا ،ئەفسەرێکی فڕۆکەوان بەناوی «هاریکس»[16] سەربە «سنایپ»[17]ەکان، لە هێرشی ڕانیە نەگەڕایەوە؛ یەک دوو کەسیتریش کوژران کە من نەمدەناسین. لە دوو ساڵی دواییشدا ،هێندێک جار داوای هێرشی هەواییم دەکرد، بەڵام هەمیشە تا گەڕانەوەی فڕۆکەکان دەپەشۆکام و نارەحەت دەبووم. هەرکە کاتی گەڕانەوەی فڕۆکەکان دەهات، دەچوومە سەربانی «سەرا» و چاوم لە ئاسمان و لای نیشانەکان دەبڕی. هەرچەندە ڕادەی زیان گەیاندنیان زۆر نەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا کارگەریی دەروونیی

---

١١- Ruhr مەڵبەندێکی پیشەسازیی لە ئاڵمان.
12- Shrapnel Bomb
١٣-Pound ، هەر پۆندێک دەبێتە ٤٥٣/٥٩ گرم یا ١٦ ئونس. وەرگێڕی ف.
14- Ninak
15- Lockwaters
16- Horricks
17- Snipe

کارەکە زۆر بەرزبوو. «بریستول»[١٨]ەکان و سناییەکان بۆ ماوەی چەند هەفتە هەموو ڕۆژێ ناوچەکانیان بۆمباران کرد و بەرەبەرە ناوچەی عەمەلیات لە مەرگەوە بەرەو گوندەکانی پشدەر و دۆڵی شاور واتە هێڵی سەرەکی پەیوەندیی دوژمن لەگەڵ ڕەواندز گواسترایەوە.

لە کاتێکدا ئەم عەمەلیاتە دژی پەلامارەدەران و عەشایری هاودەستیان درێژەی هەبوو، سلێمانی بەرەو ئاڵۆزیی دەچوو. شێخ مەحموود ڕەنگە سەبارەت بەو بەڵێنییەی کە بەرلە بەجێهێشتنی بەغدا دابووی سەبارەت بەوە کە تەنیا لە ناوچەی سلێمانیدا هەڵسوڕێ، ڕاست و سادق بوو بێ، بەڵام پێشوازییکردنی گەرمی خەڵک لەو لە وێستگەی قەتاری کنگربان و بارودۆخی شێواوی کوردستان لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ بارەگاکەی، بەپەلە هەموو پەیمان و بەڵێن و سنوورێکی کە بۆی دانرابوو لە مێشکی بردە دەر. چەند سەرۆک عەشیرەتی کەرکوک و تەنانەت بەیاتەکانیشی لەگەڵ کەوتبوو. زۆری پێنەچوو چەند سکالامان لە لایەن شێخەکانی تاڵەبانی و چەند کەسیتر پێگەیشت، کە دەیانگوت شێخ مەحموود کاتی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی گوشاری بۆ هێناون و ناچاری کردوون نامەیەک ئیمزا بکەن کە وڵاتەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئەو بکەوێ. شێخ مەحموود، ڕۆژی ٣١ی ئۆکتۆبەر گەیشتەوە سلێمانی و لە پلەی «حوکمدار» یا فەرمانڕەوای کوردستان پێشوازیی لێکرا. ڕۆژنامەی ناوچە نووسی نوێل وەک ئەفسەری پەیوەندییگر هاتووە و لە ڕاستیدا هەر بەم جۆرەش بوو. ئەو شێوە کۆنسولێک بوو، لە نێوان کوردستان و کۆمیسێری باڵادا. ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەر، فەرمانێک، لە سلێمانی «پایتەختی کوردستان» بڵاوکرایەوە و پێکهاتنی کابینەی کوردستانی بە هەشت ئەندام ڕاگەیاند و لە مانگی نۆڤێمبەردا «حوکمدار» ناوی پاشای لە سەر خۆی دانا. مەسەلەی کورد بەمجۆرەی کە ناسیۆنالیستەکانی سلێمانی لێی دەدوان، ڕەنگە بەگێڕانەوەی چەند بەشێک لە ڕۆژنامەی ناوچە بەناوی «ڕۆژی کوردستان»[١٩] باشتر ڕوون بکرێتەوە. بەشی یەکەمی ئەو وتارە لە ڕۆژنامەی ژمارە یەکی ڕۆژی پازدەی دیسەمبەر و بەشی دووەمی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی دیسەمبەری

18- Bristol

١٩- Rhozhi Kurdestan بڕوانە وتاری من، لەژێر ناو نیشانی «ڕۆژنامەیەکی کوردی: ڕۆژی کوردستان» لە «گۆڤاری کۆمەڵەی سەڵتەنەتی ئاسیای ناوەندی»دا، بەرگی دوازدە، ساڵی ١٩٢٥.



ساڵی **١٩٢٢** وەرگیراوە:

(ڕۆژنامەی عەرەبیی بەغدا)، بە شێوەیەک دەربارەی کوردستان دەدوێ، کە دەڵێی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراق و بەو دەڵێ لیوای سلێمانی، چونکە کوردستان پەیوەندی نزیکی ئابووریی و بازرگانیی لەگەڵ بەغدا هەیە، ناوی «شورائیداریپارێزگا»ی لەسەرحکومەتی کوردستان داناوە. ئەو قسانە زۆر جێگەی داخن. باوەڕ ناکرێ کەسێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بتوانێ تا ئەم ڕادەیە بێ ئینساف و بێ تێبینی بێ. ئێمە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە دراوسێ و دۆستی گەورەی ئێمە تەواوی مافی هەزار ساڵەو پەیوەندییەکانی باشی ئەو دوو دەوڵەت و نەتەوەیە لە ژێر پێ نێ و.... سنوورەکانی ئێمە پێشێل بکا... پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستان بۆ عێراق سەدهەزار قازانجی هەیە: نەک هەرئەوە، بەڵکوو بوون و مانەوەی عێراق تەنیا بە درێژەدانی دەوڵەتی کوردستان بەستراوەتەوە... نەتەوەی کورد بە شاهیدیی یەک بەدوای یەکی مێژوو و جوگرافیا، هەمیشە ژیانێکی جیاوازی لەم جیهانەدا بووە و میللییەتی خۆی هەمیشە بە کردەوە سەلماندووە. ئەگەر لە باری پەروەردە کردن، پیشەسازی، بازرگانی، مافی مرۆڤ، شارستانیەت، خاک، ژمارەی دانیشتوانی و... هتد لەوانەی وەک خۆی گەورەتر نەبێ، چوکتر نیە... یاسای دابین کردنی مافی چارەنوسی نەتەوەیی بەسەر ڕوح و مێشکی هەرکام لە ئەندامانی ئەم نەتەوەیە چەسپاوە. لە سایەی ئەو مافانەی کە کۆمەڵی وڵاتانی یەکگرتوو بەحەق دەستنیشانی کردوون، ئێمەش بەشی خۆمان هەیەو بۆ پارێزگاریی ئەم بەشە لە هیچ چەشنە لەخۆبوردووییەکی مادی و مەعنەوی کۆتایی ناکەین... من بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنم کە ئێمە مرۆڤێکی پاک و بێباکین، ئێمە کۆیلە نین و مرۆڤی ئازاد و ئازایخوازین...

ئێستا، هەزاران سوپاس بۆ خودا، کە شەوی لێکردووین بە ڕۆژ و... سەرکردە و ڕێبەرێکی مەزنی وەک پاشای کوردستان، مەلیک مەحموودی یەکەم، کە دەڵێی بە کەرامەتی مەسیح ژیانی دووبارەی دراوەتەوە بە ئێمە بەخشیوە... ئامانجی پاکی خاوەنشکۆ پاشای کوردستان هەمیشە پارێزگاریی لە ماف و سنوورەکانی کوردستان و دابین کردن و پارێزگاری کردن لە یەکێتیی و برایەتی لەگەڵ دراوسێیەکانی ئێمەیە...

> کوردستان: کاتێک مرۆڤی خوێندەوار ئەو ناوە دێنێتە سەر زمان، مەبەستی تەنیا لە ناوچەی سلێمانی نیە، بەڵکوو بیر لە مەڵبەندێکی پان و بەرینی جوگرافیایی دەکاتەوە کە کۆمەڵێکی مەزن و یەکگرتووی کورد تێیدا هاوپەیمانن. سنوورەکانی سروشتی ئەم وڵاتە... دیارن... کاتێک خەڵکی موسڵ کوردن، لەم حاڵەتەدا بۆچی دەبێ کۆمەڵێکی دیکە داوای گەراندنەوەی موسڵ یا حاکمیەتی بکەن... تورک و عەرەب و ئاشوورییەکان سەبارەت بە کۆمەڵێکی چوک، ئەم شەڕ و شۆرە دەخولقێنن... داوای ئێمە لە کۆنفرانسی لۆزان ئەوە نیە، کە لایەنی کەمایەتێکی کورد بگرێ، بەڵکوو داوای ئێمە ئەوەیە کە لە مافی نەتەوەیەکی مەزن و دەوڵەتی سەربەخوی ئەوان پشتیوانی بکات.

ئەو زیادە خوازییانەی کە لە لایەن کەسانی ئاڵۆزەوە لە سلێمانی دەهاتنە گۆڕێ، بێگومان کۆسپ و دژوارییان لە پارێزگاکانی دراوسێداپێکدەهێنا. مرۆڤە ناسراوەکان، واتە ئەوانەی لە بنەماڵەی حاکمەکان بوون و لایەنگرانیان بیریان لە بەشوێن کەوتنی دەوڵەتی عەرەب لە بەغدا و دەوڵەتی کورد لە سلێمانی نەدەکردەوە و زۆربەی کوردەکانیش لە پشتگرتنی دەوڵەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود لە گوماندا بوون. ئەمانە تا ئەوکاتەی کێشەی موسڵ چارەسەر نەکرابوو، کێشیان بۆلای «شێوەی ئیدارەی تایبەتیی لە ژێر چاودێریی کۆمیسێری باڵادا بوو: شتێکی وەک ئەم شێوە ئازادییە نیوەچڵەی کە لە سلێمانی درابوو و چاودێریی کردنی ناوچەکانی تری وڵات لە لایەن بەغداوە.

لە کەرکووک، ئێمە بەڕواڵەت دوور لەو گیروگرفت و دژوارییانە بووین کە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی پایتەخت و باشووری شڵەژاند بوو. وشەی سەرپەرشتی، لە مێشکی ئەو ژمارە خەڵکەی عێراقدا کە هەستی سیاسییان هەبوو، پترلە بیرێکی بەرتەسک دەچوو، کە بەپێی لێکدانەوەکانی پێشو لە مافی نێونەتەوەیی ڕێگای بە دەوڵەتی سەرپەرشتکەر دەدا کە بە پشت ئەستووربوون بە سەرکەوتنەکانی، داوای سەرپەرشتی بکات. دژایەتی لەگەڵ بیری سەرپەرشتیی، بەگشتی زۆر بە پەلە هەڵیدا و گەشەی کرد؛ دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیستان زۆر زوو، واتە دواپێکهێنانی دەوڵەتی کاتیی عێراق، بۆ دیارییکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە بۆخۆی دایمەزراند بوو، هاتە سەرئەو باوەڕە کە پەیمانێکی هاوکاریی بە جێگای پەیمانی سەرپەرشتی لەگەڵ ببەستێ و زنجیرە ڕێککەوتنێکی فەرعی لەگەڵ ئەم پەیمانە بخات، کە



شێوەی بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرپەرشتی و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی ئەمکارانە دیار بکات. دوای ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە، هەنگاوی دوایی بەرەو پێکهێنانی حکوومەتێکی گەلیی لە عێراق و هەڵبژاردنی کۆڕی دامەزرێنەران (موئەسسان) دەچوو، کە دەبوایە ئەمکارە سەرەکییانەی وەک پەسەند کردنی پەیمان، نووسینی یاسای بنەڕەتی و پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدات.

ئیمزای پەیمان لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەردا، واتە سێ هەفتە دوای هاتنی من بۆ «پارێزگا»[٢٠] و فەرمانێک کە هێندێک دواتر بە موتەسەریفی کەرکووک و جێگری موتەسەریفی هەولێر درابوو تا کارە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ بکات، گیروگرفتەکانی بەوپەڕی خۆی گەیاند. بە منیان گوتبوو هەوڵ بدەم کەرکووک لە بێلایەنی و تەریکبوون ڕزگار بکەم و بەرەو حکوومەتی عێراقی پاڵی پێوە نیم. زۆر زوو، بۆ گەورە پیاوان و دەوڵەمەندەکانی «پارێزگا» دەرکەوت کە بەشداریی کردنیان لە هەڵبژاردندا بە واتای پشتگیریی کردن لەو بڕیارەیە،کە دژی ڕاوەستاون و دەیانەوێ هەڵبژاردنەکە دوا بخەن.

پێکهاتن و گەشەکردنی ناکۆکی بیروبۆچوون دەربارەی سیاسەتێک کە دەبوایە بەڕیوەبچێ لە نێوان من و نوێلدا گەڕانەوەی نەبوو. لە ڕوانگەی منەوە، ئەو بە ئاشکرا دەیویست گیروگرفتەکان لە پشت چاویلکەی سلێمانیدا ببینێ[٢١]. ئێمە نەمانتوانیبوو بە پشتبەستن بە دەرەتانی خۆمان، تورکان لە ناوچە دوور بکەینەوە و بۆ دابینکردنی هەست و

٢٠- ماوەی ٢٠ ساڵ کە بۆ ئەم پەیمانە لەبەرچاو گیرا بوو، بە شێوەیەکی وەها توندوتیژ هێرشی بۆ کرا، کە زۆر زوو دەرکەوت ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک نەیە، ئومێدی پەسەندکردن لە دەست دەدا. لەبەر ئەوە لە سەر گەڵاڵەکە قسەکرا و بە هێندێک ئاڵوگۆڕ ئیمزا کرا. لە گەڵاڵە ئیمزا کراوەکەدا گوترابوو، تەمەنی ئەو پەیمانە دوای چوونی عێراق بۆ ناو کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتوەکان تەواو دەبێ. بەم جۆرە تەمەنی پترلە چوار ساڵ دوای ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا تەواو دەبێ (ئەوکاتە، بە هەڵە بیر لەوە دەکرایەوە کە تورکیا بەپێی پەیمانێک دەست لە کێشەی خۆی لەگەڵ عێراق هەڵدەگرێ). ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا تا مارسی ١٩٢٤ ئیمزا نەکرا.

٢١- بێگومان، ئەویش هەر بەم جۆرە دەربارەی من فیکری دەکردەوە. من، ئەو باسەم بۆ ئەوە نەکرد، کە بڵێم ماف بە من بووە و ئەو هەڵەی کردووە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە باشتر لەم وەزعە دژوارە بگەین، کە بەرلە چارەسەرکردنی مەسەلەی موسڵ لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین. دوو ساڵ دوایی، من پتر لە هەمووان بۆ جێبەجێ کردنی گەڵاڵە نزیکیم پێشان دەدا، بەڵام زۆربەی ئەم کارانەی کە باسیان لێ دەکرێ ئاکامێکی زۆریان نەبەخشی.

پەیوەندییەکانی نەتەوایەتی خەڵکی کوردیش، تەنیا کاری ئێمە گەڕاندنەوەی شێخ مەحموود لە تەبعید بوو؛ بەڕای من، ئەگەر نەماندەویست سیاسەتمان بشکێ و ڕەنگ و کارتێکەریی و باوەڕی خۆی لە دەست بدات، دەبوایە ئاکام و پەیوەندییەکانی دروستی ئەو لەبەرچاو بگرین و ویستی شێخ مەحموود کە جێی ڕێز و پشتیوانیی کوردەکانی هەر سێ پارێزگا بوو بە تەواوی قبوڵ بکەین. لە ١٧ی ئۆکتۆبەردا، ئەم نامەیەم بۆ کۆمیسیێری باڵا نووسی:

> ئەو هەواڵانەی کە لە سلێمانی دەگەن، بە تەواوی نیگەرانیان کردووم ئەو سیاسەتەش کە ئێمە بە ڕواڵەت لەم جێیە پشتیوانیی لێ دەکەین... لەسەر بناخە و بنچینەی زنجیرە دەست پێکردنێکی نادروست ڕاوەستاوە و گەلێک ئاکامی ترسناکی بە دواوەیە. داوای هەڵبژاردنی کتوپڕ ئەم گومانەی لەگەڵە کە زۆربەی خەڵکی پارێزگای کەرکووک بە قازانجی شێخ مەحموود دەنگ بدەن. من لە نامەیەکی دیکەدا پێشانم دا کە ئاکامێکی بەمجورە بە تەواوی جێی گومانە. سەرەڕای ئەوانەش ئێمە نابێ دەرەتانی زۆربەی دەنگی «نا» واتە دژ بەو لە بەرچاو نەگرین. بە ئێمە دەڵێن ئەگەر دەست لە کاری هەڵبژاردن وەردەین، مەحموود بەرهەڵستمان دەبێ. ئەگەر دڵنیا بێ سێ لە چواری پارێزگا پشتی دەگرن بە ناچار کاتێک لە هەڵبژاردندا سەر نەکەوێ بەو ئاکامە دەگات کە دستیان خستووەتە ناو کاری هەڵبژاردن و ئاکامی کارەکەش هەر ئەوە دەبێ. (بەشی دوایی ئەم نامەیە، باسی گیروگرفتێکی دیکە دەکات کە بە گوێرەی چوارچێوەی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنی کۆڕی دامەزرێنەران ڕایان سپارد بوو.)

لەکاتێکدا، شێخ مەحموود هات و هاواری دانابووەوە و دەیویست وەک سەرۆک و ڕێبەری دەوڵەتی کورد بناسرێ، بارودۆخی سلێمانی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو. ئەو پارە بەرچاوەی کە کاتی چۆڵکردنی هێزەکان لە سلێمانی لە (خەزێنە)دا مابووەوە، لە ماوەی سێ هەفتەی یەکەمدا پتر بە کڕینی دیاریی بۆ سەرۆکی ئەو عەشیرەتانەی کە دەهاتن لە شار کۆدەبوونەوە و میوانداریی هاوسەفەرەکانیان خەرج کرابوو. ئەو ئەفسەرە کوردانەی، کە سوپای عێراق بەوپەڕی بەرز ڕوانییەوە بۆپێکهێنانی ناوەندێک لە کوردستاندا ڕەوانەی سلێمانی کردبوون، چونکە شێخە نەخوێندەوارەکانیان لەوان پێ گرنگتر بوو و بەسەر ئەواندا زاڵیان کردبوون، بە تەواوی دڵشکاو بە پەرۆش بوون و یەکێک لەم



ئەفسەرە زۆر تێگەیشتوانە بە ناوی جەمال بەگ، کە لە سلێمانی دەژیا بەهۆی ڕەخنەی لە شێوەکاری شێخ مەحموود، ناجوامێرانە کوشتیان. ئەوە جێی داخی ئێمە بوو، کە پارەی خەزێنە هاوکات لەگەڵ تەحویلدانی بەرهەمی توتنی ساڵ بە عەمبارەکانی گومرکی سلێمانی تەواوببوو. توتن، سەرەکیترین بەرهەمی پارە سازی ناوچەکە بوو و مەحموود دەیتوانی بە وەرگرتنی باجی یەک لە دەی توتن کە یاسا دایابوو، پارەی پێویست کۆبکاتەوە.هێندێک جار کاتی پێویست، ناچار دەبووم شێوەکاری دەست و پێگیری ئیداریی وەلا نێم. ڕامگەیاند، ئەو بەڵگانەی کە لە سلێمانی بۆ وەرگرتنی دە لە یەک دەدرێن، وەک داهاتی ناوچە حساب ناکرێن و داهاتی ناوەندن و ئەو باجانەش لە سلێمانی دەدرێن لە ڕوانگەی حکوومەتەوە بێ بایەخن و بە حساب نایەن. چونکە بەرپرسانی دارایی، لەبەر هێندێک هۆ و مەبەست پتر لە لێپرسراوانی دیکە بە یاسای وشکی ئیدارییەوە دەنوسێن، زۆری نەخایاند کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرک بەم هۆیەوە کە دەستم لە کاری ئەوان وەردابوو، بەتوندی ڕەخنەی لێگرتم و ماوەیەکی زۆری خایاند تا توانیم بەو بەڕێوەبەرایەتییە بسەلمێنم کە ئەو پارانەی کە لە سلێمانی کۆدەکرێنەوە لە ڕێگایەکی ناحەز و بە مەبەستی بەربەرەکانی بەکار دەهێنرێ و ئەو بەڕێوەبەرایەتیەش بەشێکی گرنگی داهاتەکەی لە دەست دەدا. بەڵام، ئەوکارە تەنیا بۆ ماوەی چەند هەفتە مەحمودی تووشی گیروگرفت کرد، چونکە بازرگانەکان ئامادەبوون دووقات باج بدەن و نەهێڵن توجارەتەکەیان ڕاوەستێ.

هاتنی لە ناکاو و کتوپڕی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ «دێرە» لە ١٨ مایلیی باکوریی هەولێر لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا، وەرچەرخانێکی نوێی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا پێکهێنا. سمایل ئاغا، سەرۆکی بە سامی هۆزی شکاک، لە ناوچەی سەر سنووری نێوان ئێران و عوسمانیی، لە ناوچەی قوتور نیشتەجێ بوو. ئەو لە ڕەوتی شۆڕشێکدا، کە دەیویست ڕەنگی نەتەوایەتی کوردیی لێ بدات لە ئێران بڕابوو و تەواوی ناوچەکانی سەرسنووریی لە «دیلمان»ەوە تا بانە لە ناکاو بەهۆی هێرشی یەکگرتووی سوپای تورک لە ڕۆژئاوا و سوپای ئێران کە ڕەزا خان زیندووی کردبووەوە، لە ڕۆژهەڵات لێ گیرابوو. سمکۆ تەنیا تۆپ، ڕەشاش، قەتاری فیشەک و تەقەمەنییەکانی لە دەست نەچووبوو، بەڵکو و سەرەڕای ئەوانە ژنەکەی کوژرا بوو و کوڕە شەش ساڵە خۆشەویستەکەشی بە دیل گیرابوو. ئەو بۆ وەرگرتنی یارمەتی هاتبووە عێراق و لەوەی کە ئێمە ئیزنمان پێنەدا یەکڕاست بێتە هەولێر زۆر نارەحەت و بە پەرۆش بوو.

مەسەلەی هاوکارە سەرەکییەکەی واتە سەید تەها، کە دوو ڕۆژ دوای ئەو هات، هێندێک جیاواز بوو: سەرەڕای ئەوە کە ئەو خەڵکی تورکیا بوو،تێکەڵاویی موڵک و عەشیرەتیشی لە قەزای ڕەواندزدا هەبوو و لەبیرمانە کە ئەومان بۆ پلەیەکی باڵا لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ناچاری کردین کە ئەم پلەیە بە شێخ مەحموود بسپێرین. لەبەر ئەوە پێی گوترا ڕۆژی ٣٠ مانگ بێتە کەرکووک و من ڕۆژی سی و یەکەم لە کەرکووک چاوم پێی کەوت.

سەیدتەها، پیاوێکی چوارشانەی بەخۆوە بوو و نزیکەی سەدوبیست کیلو دەبوو. بەرگی کوردی باکوریی لەبەردا بوو. پانتۆڵێکی نیفەک شۆڕی لە قوماشێکی بۆری ڕێڕێ و پەستەکێکی لەسەر کەواکەی لەبەر کردبوو. سەرکڵاوەیەکی دەستچنی لەسەر بوو، کە لە کڵاوی جەنگیی دەچوو. بە شێوەی خەڵکی ئاسیا، گوڵینگەیەکی لەسەر قیتکەی سەرکڵاوەکەی چنرابوو. سەیدتەها بە نیشانەی نزیکایەتی تایفەکەی بەبزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد سەرکڵاوەی لەسەر کردبوو. پیاوێکی زۆر بەهۆش و خاوەن ڕێز بوو. سەرەڕای قورس بوونی لەشی زۆر چالاک و ماندوویی نەناس و تەقەکەرێکی لێهاتوو بوو.

کاتێک بیستی کۆمیسێری باڵا هیچ پێشنیازێک بۆ هەڵسوڕان لە دەرەوەی خاکی عێراق پەسەند ناکات، بە توندی نارەحەت بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئامادە بوو بۆ گەڕاندنەوەی حاکمیەتی ئێمە لە ڕەواندز هاوکاریمان بکا. بە ڕای ئەو دەرکردنی تورکان لە ناوچە کارێکی ئاسان بوو: تورکەکان تەنیا ١٣٠ کەسیان لە ناحیەی ڕانیە و ١٢٠ کەسیان لە ڕەواندز و ٥٠ کەسیشیان لە زێبار لە بەشی ڕۆژئاواتری ناوچەکە هەبوو. گوتی بۆ ئەمکارە لە عەشیرەتەکەی، واتە هۆزی هەرکی، کە ٣٠٠ بنەماڵەیان لە عێراق دەژیان و لەم وەرزەشدا خەریکی گەڕانەوە بۆ بنکەکانی زستانیی خۆیان لە دەوروبەری ئاکرێ بوون و هەروەها سەرۆک عەشیرەتەکانی نزیک بەخۆی کەڵک وەردەگرێ؛ تەنیا داخوازی ئەو لە ئێمە هێندێک پشتیوانی هەوایی و تفەنگ و فیشەک و پارە بۆ دابین کردنی خوراکی «لەشکر»کەی بوو. دەربارەی خەڵاتی ئەمکارە، هیچ داوایەکی ئاشکرای لە ئێمە نەکرد، بەڵام بە ئیما و ئیشارە ڕایگەیاند کە هیوادارە هەروەک بەرپرسایەتی سلێمانیتان بە شێخ مەحموود سپاردووە، بەرپرسایەتی قەزاکانی ڕەواندز، ئاکرێ و ئامێدییش بەو بسپێررێت.

پەسەندکردنی بڕیارێکی سیاسی ئازایانە دەربارەی ڕەواندز لەسەر ئەم بنچینەیە، بۆ دابینکردنی حاکمیەت بەسەر سنوورەکانی پارێزگای موسڵ و هەروەها چارەسەرکردنی



مەسەلەی سلێمانی بە پچڕاندنی پەیوەندیی شێخ مەحموود لەگەڵ تورکان بە تەواوی جێی ڕەزامەندی من بوو. ئەم پێشنیازەم، بە بەغدا ڕاسپارد. بوردلین بە گەرمی پێشوازیی لێکرد و سەید تەهام بە سواری فڕۆکە نارده بەغدا تا بەشداریی بکات لە گفتوگۆیەکی سێ قۆڵی نێوان مەلیک فەیسەڵ و کۆمیسێری باڵا و لێژنەی نوێنەرایەتی سلێمانیدا، کە دەربارەی پەیوەندییەکانی داهاتووی ئەو پارێزگا خودموختارەو دەوڵەتی عێراق ئەنجام دەدرا. سەرەڕای ئەوە، گوتیان من بچم و چاوم بە سمکۆ بکەوێ.

بەمجۆرە، ڕۆژی چواری نۆڤێمبەر بۆ گفتوگو لەگەڵ «لاین» بە سواری فڕۆکە چوومە کۆیە و ڕۆژی پێنجی نۆڤێمبەر بەرەو هەولێر وەڕێکەوتم. ڕۆژی شەشەم، لەگەڵ لاین کە لە کۆیەوە بە ئۆتۆمبێل گەڕابووەوە و ئەحمەد ئەفەندی و لیتل دیل سواری ئۆتۆمبێل بووین و بۆ دیتنی سمکۆ چووینە گوندی «بەحرکە»ی سەربە هۆزی «گەردی» لە دە مایلیی قەراخ ڕێگای «دێرە». سمکۆ لەگەڵ ئەحمەدی برای و دوو سێ خزمی ڕدێن سپی و نزیکەی بیست هاوڕێی هاتبوو. ئاغاکان، بەرگی فاسونیای بۆری یەک شکڵی ئینگلیزییان لەبەردا بوو، چەکمەی لاسک درێژی ڕووسییان هەڵکیشابوو و کڵاوی تایبەتیی شکاکانیان لەسەر بوو و پێچێکی توندیان لە دەوری هاڵاندبوو. کەواکانیان، لە هەردوولا دوگمەی هەبوو؛ یەخەی کراسەکانیان عەرەبیی بوو و شاقەلەکانیان وەک کەوای سوارچاکان فراوان بوو؛ پانتۆڵی سوارەکانیان بەشێوەیەک بوو کە دەتگوت لە فرۆشگای «ساویلرو»ی لەندەن دووراون. دیارە، هەموویان قەتاری فیشەکیان پێوە بوو و یەک دوو کەسیشیان دوربینی چاوییان بەخۆیانەوە هەڵواسیبوو. سمکۆ پیاوێکی باریک ئەندام و باڵابەرز و خۆش سیما بوو؛ ڕوخساری زۆر لە ئەوروپاییان دەچوو، سمێڵی قاوەیی و زبری دەبوونە هۆ و مایەی جوانیی ئەفسەرە ئینگلیزەکان، زەردەخەنەیەکی دڵگوشا و هێندێک بە شەرمەوەی زنجیرەی ددانە ڕێکوپێکەکەی دەر دەخست.

شێوەی ڕەفتاری هێندێک لە شێوە ڕەفتاری سەید تەها دەچوو: گوتی نارەحەتییەکی تایبەتی لە ئێرانییەکان نیە. ئەوەندەی کە لێیان داوە، ئەوەندەشی لێ داون، بەڵام دەیەوێ لە تورکان تۆڵە بستێنێتەوە، چونکە بەڵێنیان پێدابوو یارمەتیی بکەن، کەچی پشتیان تێکردووە. لەوەی کە دیتی ئێمە بە پارێزەوە سەبارەت بە وروژاندنی هەستی دژایەتی ئێرانییەکان دەدوێین سەری سوڕما، چونکە هەموو کەس بەدرێژایی سنووری ئێران و تورکیا دەیانزانی کە تورک ئێمەی لە ڕەواندز و ڕانیە دەرکردووە و ئێستاش بە یارمەتی ئێران شەڕمان لەگەڵ دەکا. گوتی: بەم هیوایەوە هاتووم کە ئێوە بۆ ئازادکردنی گەلی کورد لەژێر

ستەمی ئەودوو دەوڵەتەی کە دوژمنایەتی ئێوە دەکەن، پشتم بگرن و ئەگەر لەم بارەدا بەهەڵە چووم، داوای پەنابەریی لە ئێوە ناکەم، بەڵکوو دەگەڕێمەوە ناو عەشیرەتەکەم و بە تەنیایی ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم.

لەم دیدارەدا توشی مەسەلەیەکی سەرنج ڕاکێش بووم: هۆی چیە کە بە ئاسانی دەکرێ لە هەرچەشنە پیلانی عەشیرەتی ئاگادار بی؟ دیداری ئێمە لە پشت دەرگای بەستراو لە دیوەخانی خانەخوێیەکەمان جەمیل ئاغای گەردی ئەنجامی گرت. «چایچی» ئەو ماڵە، هەرچەند جارەی کە دەهاتە ژوور بەشێوەی عەرەبان سێ دەوری قاوە دەهێنا و هەموو جارێش وەک ئەوەی کە گوێ لە قسەکانمان نەگرێ، لە ژوورێ پاڵی بە چوارچێوەی دەرگاکەوە دەدا و ڕادەوەستا. بەڕواڵەت لەوە دەچوو ئەو کوردانەی کە لە ژوورەکەدا بوون، نەزانن ئەو چایچییە بە وردی گوێ لە قسەی ئێمە دەگرێ و تەنیا من و لاین بووین کە کاتی پێویست، ئەومان دەنارده دەرەوە یان قسەکانمان ڕادەگرت.

ئاکامی کۆبوونەوەکەی بەغدا، بە هیچ شێوەیەک جێی ڕەزامەندیی من نەبوو: بڕیاریان دابوو سەرەڕای ئەو چەکوچۆڵ و پارەیەی کە سەید تەها داوای کرد بوو، ١٥٠ چەکداری کوردی سەربە «هێزی ناوچەیی»ش بە ڕەزامەندیی خۆیان بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی عەشایریی بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ سەیدتەها بخرێن؛ گوتبوویان نوێل کە لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی سلێمانی لە بەغدا بوو، ئەرکی سیاسی عەمەلیات وەربگرێ و منیش بچمە هەولێر و دوایی بچمە ئاکرێ و لەوێوە کارەکان سەرپەرشتی بکەم؛ بڕیار ئەوە بوو بە زووترین کات دوای پەسەندکردنی ناوەڕۆکی گەڵاڵەیەکی نووسراو لە لایەن هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و عێراق، بەیاننامەیەک دەربارەی مافی گەلی کورد بڵاوبکرێتەوە.

بەڵێ، من چاوەڕوان بووم هێزێکی ڕێکوپێک لە خەڵکی ناوچەکە پێک بێ و حکوومەت ئێمە لە ناوچەیەک دانێ کە بەهۆی هێزەکانی عەشایریی لە تورکان پاک کرابێتەوە، بەڵام ئەوەیان نەکرد. بەڕای من بوونی ١٥٠ سەرباز بەبێ هێزێکی پشتیوان نەتەنیا سودی نابێ، بەڵکوو کاتی عەمەلیاتی ئازاردانی دوژمن، کە من چاوەڕوانی بووم کۆسپ دەخوڵقینێ. هەستم دەکرد بەجێیی ئەوەی کە من و نوێل لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەوە بێنن، باشتربوو سەید ئەحمەد ئەفەندی و لاین کە بەرپرسی پارێزگای هەولێر بوون لەسەر ئەمکارە دانێن: هەولێر لە ئەسڵدا بە ڕواڵەت لەگەڵ کەرکووک خرابوو و لە کۆتاییساڵدا سەربەخۆیی خۆی وەردەگرت. بەمجۆرە، هەرچەندە کە منالی لە دایکبوو ئەوە نەبوو کە من چاوەڕوانییم لێ دەکرد، بەڵام ئێستا ئیتر نەمدەتوانی لەژێر باری ئەرکی باوکایەتی



بێمەدەر، لەبەرئەوە لە بیستو یەکی مانگدا بەرەو هەولێر ڕێکەوتم.

لە سەرەتای دەست پێکردندا، «لەشکری ڕەواندز» توشی نەهاتییەکی ڕەش بوو. ئاسمان، لە هەفدەی مانگەوە کونی تێکەوت و بۆ ماوەی سێ هەفتە لە سەریەک و بێ پسانەوە بەتوندی باران باری. ئەو کەسانەی کە بە ویستی خۆیان ئامادە ببوون لە موسڵ و بەغداوە بێن و لەم عەمەلیاتەدا بەشداریی بکەن بە زەحمەتێکی زۆر لەناو سەرما و قوڕ و چڵپاو و بارانی قورس و ناخۆشدا بەبێ بەرگی سەفەر ڕۆژی ٢٦و ٢٨ی مانگ گەیشتنەجێ و زۆر نارەحەت بوون. کەلوپەلێکیش کە دوای چەند ڕۆژ گەیشت ڕوون بووەوە کە زۆربەیان کۆنن و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپاوە بێکەڵک (ئیسقات) کراون. سەید تەهاش، جێی ئومێد نەبوو: پتر لە دەرەتانی، خۆی هەڵکێشابوو؛ هەرکییەکان، کە جێی هیوا و ئومێدی سەرەکی ئەو بوون، ڕوی خۆشیان بۆ ویستەکانی پێشان نەدا. ئەو بە ڕواڵەت گەڵاڵەیەکی بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکەی نەبوو و پشتی بە بۆمبارانی پان و بەرینی هەوایی بەستبوو، بۆ ئەمکارەش تەنیا داوای بۆمبارانی دوژمنی نەدەکرد، بەڵکوو دەیویست ناوچەی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەش بۆمباران بکرێن کە ئامادە نەبوون هاوکاریی بکەن. ڕۆژەکان بەپەلە تێدەپەڕین و هیچ ڕوناکیی بۆ بەرەوپێش چوونی کارەکان نەدەبینرا. ئەو کەسانەی کە بەویستی خۆیان بەشداریی عەمەلیاتیان کرد بوو، بەرەبەرە لەم فیکرە کەوتبوون کە ئەگەر دوای تەواوبوونی مانگە مەئموریەتەکەیان نەگەڕێنەوە ناو هێزەکانیان چی؟ دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی سیاسی بەڵێن دراویش نائارامیی لەناو ئەفسەرەکاندا بەرز کردبووەوە.

هەفتەی یەکەمی دیسەمبەر، لە حاڵێکدا دەستی پێکرد، کە «لەشکری ڕەواندز» هێشتا لە قوڕی دەشتی هەولێر ڕزگاری نەببوو و چاوەڕوانیی ئەوەشی لێ نەدەکرا کە بەم زوانە بجوڵێتەوە و لەم دۆخەدا من هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات. لەبەر ئەوە گوتیان سەردانێکی «کۆیە» بکەم و ئەگەر لەوێوە کارێکم بۆ ئازاردانی گروپەکانی دوژمن بۆ کرا کە هێشتا لە ناحیەی ڕانیە بوون ئەنجامی بدەم و دوایی بگەڕێمەوە کەرکووک.

بابەکر ئاغا هاتە هەولێر تا چاوی بەئێمە بکەوێ و لە هەشتی دیسەمبەردا لەگەڵ ئەو و هەفتا چەکداری پشدەریی هاوڕێی، هەولێرمان بەجێهێشت. دوای سێ هەفتە، خۆر بۆ یەکەم جار ڕوی تێکردین. هەشت مایل بەدەشتێکی پڕلە کەندوکۆدا، ڕۆیشتین و گەیشتینە ناوچەیەکی نارێک، کە جۆگەلە و جۆبارێکی زۆر سنگی خیزەڵانە سوور و بۆرەکانی پچڕاندبوو. لە ڕەشماڵی هۆزی «بۆڵە» تێپەڕین، کە خەریکی گەڕانەوە بۆ

شوێنی زستانیی خۆیان لە دەشتی هەولێر بوون. هەتا نزیک خۆرپەڕین کە گەیشتینە گوندێکی سەد ماڵە بەناوی «شاخە پیسکە»، توشی هیچ گوندێک نەبووین. لە نێوان جەماوەرێکدا، کە دەیانڕوانییە ئێمە، کۆنە سەربازێکی تورکی خەڵکی «ئادریانوپل»[22] دەبینرا، کە بە توزەڵەی هەنبانەی دەستکردی ئەو جێیەهێندێک توزەڵەی بۆ لێداین. ئەم توزەلەیە، کاتێک هەنبانەکەی با دەکرا، ئەوەندە زل بوو کە توزەلەژەنەکە دەیتوانی کاتی توزەلە ژەنین لێوی لە قامیشەکەی هەڵگرێ و بەرلەوەی کە بای هەنبانەی توزەلەکە تەواو بێ چەند بەیتانیش بڵێ.

لە کۆیە، جەمیل ئاغای حەویزی قایمقام میوانی کردین. بەمجۆرەی کە لە دەفتەری یاداشتەکەمدا نووسیومە، خێزانی خۆراکێکی ئەوەندە خۆشی ساز کردبوو، کە لەوم خۆشتر لە کوردستاندا نەخوارد بوو. لە نێوان ئەو کەسانەدا کە بۆ دیتنی من هاتن، زیاد ئاغای کوڕی حەمە ئاغای غەفووری و ڕەشید بەگ، سەرۆکی عەشیرەتی پشتگەڵییەکان دەبینران. ڕەشید بەگ گوتی دوو شەو لەمەوبەر تورکەکانی ڕانیە کە لە ترسی بۆمبارانی ئێمە تەنیا بەشەو هاتووچۆیان دەکرد، لە حاڵی پاشەکشەکردن بەرەو ڕەواندز، لە گوندی ئەو واتە «بێتواتە» لە شیوی ڕانیە و ڕۆژئاوای شاوەر تێپەڕین. بۆمبارانی نەپساوەی مەرگە و پشدەر سەرئەنجام کارێکی وایکرد، کە عەباسی مەحموودئاغا هاوپەیمانی هەرە نزیکی تورکان پشتی لەوان کرد. هەروەها، دەنگۆی بەهێزکردنی هەولێر، تورکی لە ترسی پچڕانی هێڵی پەیوەندی گرتنیان لە مەترسی خست بوو. ئەم دیاردە خۆشە، نیشانەی ئەوە بوو کە فیکر و بۆچوونی بەهێزکردنی «لەشکری ڕەواندز» هەرچەندە بەجێ نەگەیشت و ناخۆش بوونی هەوا ڕێگای سەرکەوتنی تەواوی پێگرت، لە بنەڕەتەوە کارێکی دروستبوو. نوێل هەروا هەوڵی دەدا تا بەڵکوو بتوانێ سەید تەهاو سمکۆ و شێخ مەحموود بۆ کارێکی هاوبەش و یەکگرتوو لێکتر نزیک بکاتەوە، بەڵام سەرنەکەوت. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، کە هەرچەندە کە سەید تەها و سمکۆ نائومێد بوون و هیوایان بە بەخشینی تورکان نەبوو، مەحموود تێدەکۆشا بۆ دابینکردنی ویست و ئاواتەکانی وەک پشتگرێک لە تورکان کەڵک وەرگرێ.

لەگەڵ بابەکر دوو شەو لە کۆیە ماینەوە ، لەوەی کە نەمتوانی بەڵێنیی گرتنەوەی کتوپڕی ڕانیە و پشدەری پێبدەم، نارەحەت بوو.ماڵئاواییم لێکرد و لە کۆیە دەرکەوتین.

22- Adrianople



خۆرەتاوێکی خۆشبوو؛ بە ناوچەیەکی زۆر نارێکدا تێپەڕین، کە تەواوی ئاودڕەکانی بە گوڵەژاڵە داپۆشرا بوون. بەر لە فراوین، لە سی مایلیی زێ دابەزین. لێرە، ئاوی جۆگەلەیەکی ڕوون بەسەر خیزەڵانێکدا دەڕۆیشت و لەوبەریش خاڵخاڵان و گردە سەرسەوزەکانی شوان دەبینران. لە ڕۆژهەڵات، چیا نارێک و بەد سیماکانی جاسنە و قەمچۆغە لە پشتی لای سەرووی هەیبەت سوڵتان سەریان بەرز کردبووەوە و لوتکە بەفر گرتوەکەی پیرەمەگرون هەرچەندە چل مایل لە ئێمە دوور بوو، بەڵام چونکە بەسەر قەرەسەرددا دەیڕوانی، زۆر نزیک دەهاتە بەرچاو. شەو لە «تەق تەق» ماینەوە و بەیانی بە سواری لۆتکە لە ڕوبار پەڕینەوە. ڕێگا، سەرەتا بە نێوان مێرگوزارێکی نەرم و تەڕدا تێدەپەڕی و دوایی سەروخواری دەکرد و چەند جۆگەلە ئاو و شیوی سێڵاوگری دەبڕی، کە مەزنترینیان «بەستی هومەرمەندان» بوو. جێیەک کە ڕێگا بە ٢٥٠٠ پێ بەرزایی لە خاڵخاڵاندا تێدەپەڕێ، دیمەنێکی زۆر جوانی چیاکانی باکور و ڕۆژهەڵات دەخاتە بەرچاو و ساڵانی دوایی کاتێک جادەی ئۆتۆمبێلی پێدا کێشرا، بوو بە سەیرانگای ئەو جیهانگەڕانەی کە لە باشوورەوە دەهاتنە کەرکووک.

کاتێک گەڕامەوە ناوەندی کارەکەم، لەگەڵ دوو دیاردەی دژ بە یەکتر ڕووبەڕوو بووم: شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم و بەگزادەکانی جاف و ژمارەیەک لە میانەرەوەکان نووسیبویان، چونکە شێخ مەحموود لەگەڵ تورکان پەیوەندیی هەیە لێی کشاونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئێستا کە شکانی «لەشکری ڕەواندز» ئاشکرا ببوو، خۆپاراستنی شێخ مەحموود بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ تەها و چکۆڵە دیتنی ئەو بۆ ئەمکارە ڕێزێکی زۆری لەناو خەڵک و بەتایبەت لەناو سەرۆک عەشیرەتەکانی کفری بەشی سەرووی ناوچەی مەئموریەتی من و خۆیدا بەدەست هێنابوو. تاڵەبانییەکانیش تەنانەت بەناچار بۆ ئەوەی مەترسی لە خۆیان دوور کەنەوە، خەریک بوون بچنە سلێمانی و شێخ مەحموود ببینن. لەبەر ئەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی بەپەلەی ئەو بەیاننامەیەی کە دەبوایە دەربارەی مافی گەلی کورد ڕابگەینرێ گوشارم خستە سەر کۆمیسێری باڵا و پێشنیازم کرد، بەیاننامەکە بەپەلە و بە شێوەی ڕەسمی نەک لە لایەن شێخ مەحموودەوە، بە میانەرەوەکانی سلێمانی ڕابگەینرێ. ئەو پێشنیازەم پەسەندکرا و سەرەڕای ئەوە بە کاپیتان «ئا. ج. چاپمەن»[23] چاودێری قەڵای سلێمانیشیان گوت، تا گەڕانەوەی نوێل لە ژێر

23- A,j. Chapman

بەرپرسایەتی من دابێ، کە نوێل هەرگیز نەگەڕایەوە.

بەمجۆرە ڕۆژی بیست و دووی دیسەمبەر، لە حاڵێکدا بەیاننامەکەم لە گیرفاندا بوو، لەگەڵ کۆرنر و «ڕیو»[٢٤]، بە سواری ئۆتۆمبێل کەرکووکمان بەجێهێشت و چووینە گوندی «دارابەگ» بەناوی «حەوتەغار». دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەمان بە ڕاوێکی خۆش تێپەڕ کرد و شەویشمان لەو گوندە بردە سەر. بەیانی ڕۆژی دوایی، بە ناوچەیەکی شاخاوی پڕلە قوڵکەی ناهەمواردا هاتینە گوندی «بارام بەگ»، کە شوێنی ژیانی شێخ تالبی تاڵەبانی سەرۆکی عەشیرەتی بەشی «گۆل» بوو.

سێ برای شێخ واتە جەلال (براگەورە) و غالب و ڕەشید، هەرکام بە گوێرەی کەسایەتی ئایینی خۆیان باڵتۆیەکی تیرەی دوختی ئەوروپاییان لەبەردا بوو و خامێکی شینی تاریکی ڕێزپێیان لەسەر کردبوو و بەچەشنی دانیشتوانی باشووری عێراق عەگالێکی سازکراو لە توکی حوشتریان لێهاڵاندبوو. شەرمەندەی ئەو دیدارەی سلێمانی بوون و زۆریان داوای لێبووردن کرد و بەڵێنی هاوکارییان پێدایین. بارام بەگی، ناوی گوندێکی چوکی پێشەسازیی نەوتی وەک ناوەندی پێشەسازی نەوتی کەرکوک بوو. بەیانی ڕۆژی دوایی، بەرلە بەجێهێشتنی ئەو گوندە چاومان بە سێ دەزگای پاڵاوتنی نەوت کەوت کە لەو گوندە دامەزرابوون و دە بیری تەنکی نەوتیشمان لە دوو مایلیی گوندەکەدا بینی.

ڕێگای قادرکەرەم بە ناوچەیەکی زۆر ناخۆشی قوڕەسوورگرتووی خیز و بەردەڵان و ئاودڕی قوڵدا تێدەپەڕی. باران ئەو باریکەڕێیەی لوس و ترسناک کرد بوو. ئێمە دوای تاریکبوونی هەوا بە لەشی ساردی تەڕ و قوڕاوی گەیشتینەجێ. کوڕی شێخ، کە بە سواریی هاتبوو پێشوازیمان لێ بکات، ئێمەی لە دوا لێژایە خزەکانەوە بردە میوانخانەی دووقاتی تەکیەکەیان. پیرە پیاو بە دڵفراوانی لە ژوورێکی فەرشکراوی گەرم بە ئاگری سۆبەی دیواریی پێشوازیی لێ کردین.

دوو ساڵی دوایی هاتوچۆی زۆرم لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم هەبوو. هەروەک پێشتر گوتم ئاواتی سەرەکی ئەو دامەزرانی حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی شێخەکانی بەرزنجە بوو، بەڵام تا ئەو ڕادەیەش زیرەک بوو، کە بزانی شێخ مەحموود تەنیا پاڵێوراوی ئەو پلەیە

24- Reeve



نەیارێتی. شێخ عەبدولکەریم دژی کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانی شێخ مەحموود بوو، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە پێی دروست نەبن، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو، کە نەکا ڕای ئێمە لە دەست بدات و بەمجۆرە ئاواتەکانی کوێر بنەوە. سەرەڕای ئەوانە، ئەو لە هەڵسوڕانێکدا کە ئێمە بۆ یەکگرتنەوەی بیری میانەڕەوەکان دەمانکرد، هاوپەیمانێکی بەکەڵک بوو. ناوەڕۆکی ئەو ڕاگەیانراوەی کە من دەبوایە بڵاوی بکەمەوە، بەم چەشنە بوو:

دەوڵەتەکانی بەریتانیا و عێراق مافی ئەو کوردانەی کە لەناو سنووری عێراقدا دەژین، بە دانانی دەوڵەتی کوردیی، لەناو سنووری جوگرافیای باسکراودا بەڕەسمی دەناسن و هیوادارن کۆڕو کۆمەڵە جیاوازەکانی کورد بە زووترین کات لەناو خۆیاندا شکڵ و شێوەی ئەو دەوڵەتە دیاریی بکەن، کە دەیانەوێ تێیدا بژین و لەسەر سنوورەکانی پێک بێن و نوێنەرانی بەرپرسی خۆیان بۆ گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی ئابوریی و سیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی بەریتانیا و عێراق بنێرنە بەغدا.

ئەوە بەتایبەتی نووسینی وشەی «دەوڵەتی کوردستان» بەجێی «دەزگای ئیداری» و ڕوون نەکردنەوەی هەرێمی جوگرافیایی گەلێک پتر لەو چاوەڕوانییە بوو کە دەوڵەتی عێراق و کۆمیسێری باڵا پێشتر لە مێشکی مندا زەقیان کردبووەوە. نووسراوەکەم بە هێندێک گومانەوە بە زمان بۆ شێخ عەبدولکەریم وەرگێڕاوە، بەڵام لە بەغدا هەست بەو ترس و دوو دڵییە نەکرابوو و ئەویان بڵاوکردبووەوە.

ڕۆژی کریسمەسم لەگەڵ کوڕەکانی شێخ بە «ڕاوە کەروێشک بە تاجی» لەوبەری ڕوبار تێپەڕکرد. لە قادرکەرەمەوە بە دوو مەنزڵان هاتینەوە دووزخورماتوو و دوای دیدارێکی کورت لە کفری و تۆق گەڕاینەوە کەرکووک. گەڕانەوەکەم بەجێ بوو، چونکە توانیم جێیەک لە پشت فڕۆکەی «نیناک»ی کێن هید کە دەچووە بەغدا بۆخۆم بکەمەوە. لە بەغدا میوانی بوردلین بووم و لە ناو جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی دەستچنی وەک پێژامە و دەسرۆکەی ئاوریشم و پەردەی ڕازاوە بە سیمای «کرجی بانان»ی ئاشتیخوازی «ڤێنیز» ساڵی نوێمان پیرۆز کرد.

## ٢١- كاروانی كۆیه[١]

-١-

بەهۆی پێكهاتنی كــۆنفرانسی ئاشتی لە لـۆزان لە بیستی نۆڤێمبـەردا هەموو چاوەكان بڕابوونە ئەو جێیە. «لۆرد كــۆرزون» و «عیسمەت ئینونۆ» نوێنــەرانی بەریتانیـای مەزن و توركیا بوون. توركیا داوای گەڕاندنەوەی گشت ویلایەتی موسڵی تا كێوەسوور دەكرد، لە حاڵێكدا دەوڵەتی خاونشكۆ پاشای ئینگلستـــان خوازیاری دابینكردنی سنوورێك بوو، كــە لەگــەڵ سنووری باكــوری ئەو ویلایەتە یەكی دەگــرێتــەوە. لەبەر ئەوەی كــە هیچكامیان لەهەڵوێستی خۆیان دانەبەزین، كۆنفرانس تەگەرەی تێكەوت و سەركەوتنی بەدەست نەهێنا. سەرئەنجام لە چواری فێبرواری بڕیاریاندا كێشەی موسڵ لە بەرنامەی كاری وتووێژ دەرخەن و بیدەن بەو دوو دەوڵەتانە كە بۆخۆیان لەسەری بدوێن و ئەگەر لە ماوەی ساڵێكدا بەیەک نەگەیشتن، ئەم جارە كێشەكە بە كۆمەڵی ولاّتەیەكگرتوەكان بسپێرن. بڕیاردرا هەردوو لایەن لەو ماوەیەدا مل بۆ «وەزعی مەوجود» ڕاكێشن.

بە وەرگرتنی ئەو بڕیارە نیگاتیڤـە، پەیمانە نەزۆكـەكـەی سیـڤـەر و بەڵێنی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ ڕێگەدان بە كوردی عێراق بۆ یەكگرتنەوەیان لەگەڵ دەوڵەتێكی كوردیی كە دەبوایە لە پارێزگاكانی ڕۆژهەلاّتی توركیەدا پێک بێت، چاڵكرا.

سەرەتای یانواریی ١٩٢٣، لە حاڵێكدا وتووێژەكـان هەروا لە لۆزان درێژەیان هەبوو، دەركەوت تورک لە جەزیرەی بنی عومەر لە چەند مایلیی زاخۆ، هێز دادەبەزێنێ. خەڵک زوو بەم جموجۆڵە پڕلە هەڕەشە و ئاڵوگۆڕە سەربازییەی زانی كە دوای ئەو هێزەكانی بەریتانیـاش ئەنجـامیـاندا: لە كەركووک ترس و پەرۆشی بەوپەڕی خـۆی گەیشتبوو. هاوكارەكانی ئێمە لە ناوچەدا ترسان ڕەنگیان بەڕوخسارەوە نەمابوو و ئەگەر لە بیست و حەوتی یانوارییدا، چەكدارەكانی «گوک» لە جیاتی جادەی هەولێر بە جادەی كفریدا لە شار دەرچووبان، دوور نەبوو تێكهەڵچوونێكی توند ڕوویدات. تاقمە نهێنییەكانی لایەنگری توركیـا وەک كـارگ بە یەک شـەو لە زەوی هەڵتـۆقین. زۆربەی بنەمـاڵە بەدەسەلاّتەكان هەوڵیاندا بوو بەلانی كەمەوە یەک دوو كەسی خۆیان لەو گروپانە بخزێنن. سەیر ئەوە بوو كە سەید ئەحمەدی خانەقا یەكێک لە پێشڕەوانی ئەو ئاژاوەیە بوو. هەواڵی

1-Koicol



وەلانانی باسی موسڵ لە بەرنامەی كاری وتووێژ، سەرەتای مانگی فێبرواری بە ئێمە گەیشت و ڕوون نەكردنەوەی داهاتووی ئەو ویلایەتە نائەمنی گشتیی پەرە پێدا.

لە بارودۆخێكی ئاوادا، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی چارەسەركردنی كێشەی كورد هیچ جێگەی چاوەڕوانی نەبوو. سمایل ئاغای سمكۆ یا بە وتەی ڕۆژنامەكانی ناوچەیی، قارەمانی لێهاتووی كوردستان بەڕێز سمایل ئاغای سمكۆ، لە هەشتی یانواریدا هاتە سلێمانی و بەسان و ڕانانی هێزەكان و تەقاندنی حەوت گوللە تۆپ و ڕاگەیاندنی پێشوودانی ڕەسمی پێشوازیی لێكرد، هەرچەندە لەو چاوپێكەوتنەدا هیچ ڕێككەوتنێک لەنێوان سمكۆ و شێخ مەحموودا مۆر نەكرا، بەلاّم هاتنی سمكۆ بەلایەنی كەمەوە توانی هەستی نەتەوایەتی خەڵک بزوێنی و گەشەی پێبدات. شێخ مەحموود دووجاری ڕاسپارد كە چاوم پێی بكەوێ. جاری یەكەم لە قادركەرەم و جاری دووەم لە كەركووک، بەلاّم هەردوو جار لە دواكاتەكانـــدا بەڵێنەكانی هەڵوشاندەوە. ئەم جارە، ڕۆژی بیستی مانگ كەریم بەگی جاف و پیاوێكیتری ناردە لام، بەلاّم ئەو داواكارییانەی كە بەو دوو كەسەدا ڕایسپاردبوون، هێندە ساویلكانە بوون، كە ئەنجامی هەرچەشنە گفتوگۆیەكی جیددییان دژوار دەكرد. سەرەڕای ئەوەش، مەحموود لە سەرەتای یانواریدا ئالاّی خۆی لە ڕانیە هەڵكرد بوو، بەلاّم چونكە ئەو قەزایە لەوكاتدا سەربە پارێزگای سلێمانی بوو، كردەوەكەی بە كارێكی شەرعی و لە چوارچێوەی پەسەندكراوێكدا دەبینرا كە كاتی گەڕانەوەی بڕیاری لەسەر درابوو. بەلاّم، ئەو كردەوەیە ڕاستەوخۆ ئەوی تێكەڵی مەسەلەی ڕەواندز دەكرد؛ جیـالەوە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک دوو ئەفسەری تورک چووبوونە سلێمانی و گفتوگۆیان لەگەڵ كـردبوو. فەتاح ئەفەندی ژن براشی كە پێشتر ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو، بە وەرگرتنی بەڵێنی پشتیوانی لە ئەنقەرە لە سەرەتای فێبرواریدا گەڕابووەوە. سەرەڕای ئەوانە ئێمە چەند نامەی ئاڵوگۆڕكراوی نێوان شێخ مەحموود و نووسینگەی لەشكری تورک لـــە جەزیرەمان دەست كەوتبوو. لە ناوەڕۆكی نامەكانی ئۆزدەمیر دەردەكەوت، كە ئەو زیرەكانە لە دانی هەرچەشنە بەڵێنێک دەربارەی مافی گەلی كورد خۆی پاراستبوو. مەحموود سەرئەنجـام هێمنایەتی وەلانا و دەستی كرد بە ئاژاوە نانەوە لەناوچــە كوردنشینەكانی پارێزگای كەركووكدا.

لە بەرامبەر هەڕەشەی گروپەكانی لایەنگری توركیاو شێخ مەحمووددا بەتەواوی هەوڵمدا ورەی موتەسەریف و مەئمورەكان ڕاگرم و بە نوێكردنەوەی دیدارەی پەیتا پەیتا، ورەی شێخ عەبدولكەریمی قادركەرەم و سەرۆک عەشیرەتەكانی تاڵەبانی و جاف و ئەوانیتر لە

بەرامبەر پروپاگەندەی ئەو دوولایەنە هێرشکەرانە بەهێز بکەم. ئەندامانی بەشی پاراستنی من و بەشی پاراستنی «لاین» هەواڵی شۆڕشێکیان ڕاگەیاند، کە بڕیاربوو لە سەرەتای مانگی مارسدا دەست پێ بکات، کە یەکەم ئامانجی کۆیە و کەرکووک بوو. لە چواری فێبرواریدا، «بوردلین» بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە بە فڕۆکە هات: بەو ئاکامە گەیشتین، کە ئەگەر بتوانین تورکان لە ڕەواندز دووربکەینەوە، نیوەی کۆسپەکانی سلێمانی چارەسەر دەکرێن، بەڵام چونکە پلانێکی وامان بۆ داهاتوویەکی نزیک نەبوو، دەبوایە پلانێک دژی شێخ مەحموود دابڕێژین.

بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە ڕۆژی شازدەی فێبرواری سواری فڕۆکە بووم و چوومە بەغدا و بەشداری کۆبوونەوەیەکم کرد، کە لایەنێکی سێر «هنری دابز»[٢]، بوردیلین و من بووین و لایەنەکەیتریشی سەرتیپی هەوایی «ئا. ئی. بۆرتن»[٣] و فەرماندەی گروپ، «دابلیو. ف. مەکنیس»[٤] نوێنەرانی نووسینگەی فەرماندەی گشتی بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا:

١- ڕۆژی ٢١ی فێبرواری، کۆمیسێری باڵا بە بروسکە لە شێخ مەحموودی بوێ، بێتە بەغدا؛

٢- ئەگەر لە بەجێگەیاندنی ئەو فەرمانە خۆی پاراست، هێزی هەوایی بچێتە سەر سلێمانی و سەرەڕای چەند مانۆڕێکی بۆ ترساندن، فەرمانی وەلانانی شێخ مەحموود بەسەر شاردا بڵاوبکاتەوە و پێنج ڕۆژی ماوەی بداتێ لەگەڵ ئەندامانی شورای ئیداری بچنە بەغدا؛

٣- بۆ پێشگیریکردن لە هەرچەشنە هێرشێکی کتوپڕو بەهێزکردنی «هێزەکانی ناوچەیی»، دوو یەکان لە هێزی چواردەی سیک بەقەتار بچێتە کنگربان و لەوێوە بە فڕۆکە ڕەوانەی کەرکووک بکرێن، (ئەوە کردەوەیەکی نوێ بوو لەوکاتدا)؛

---

٢ـ Sir Henrey Dobbs. سێر پرسی سایکس ئێستاش لە عێراق بوو و بەشی هەرە زۆری بیری ئەو بەمەسەلە ئەساسییەکانی حکوومەتە تازە پێ هەڵگرتوەکەی عێراق بەسترابووەوە. ڕاوێژکار و جێگرەکەی، سێر هنری دابز، بە مەسەلە ئاساییەکانی وڵات ڕادەگەیشت. بوردیلن نووسەری کۆمیسێری باڵا بوو و کاتێک دابز بە پلەی کۆمیسێری باڵا گەیشت، ئەویش پلەی چوە سەرو بوو بە «ڕاویژکار».

3- Air Commodore A.E.Borton

4- W.F.McNeece



٤- مەحموود ئەگەر شار بەجێنەهێڵێ بنکەکانی بۆمباران بکرێن. بە منیان گوت بە سمکۆ ڕابگەیەنم کە لەسەر داوای کۆمیسێری باڵا، دەوڵەتی ئێران لێی خۆشبووە و هانی بدەم شاری سلێمانی بەجێبهێڵێ. ئێمە ڕامان وابوو مەحموود لە جیاتی هاتن بۆ بەغدا پەنا بۆ یەکێک لە گوندەکانی خۆی دەبات و لەوێوە هەوڵدەدات شار ئاڵۆز بکات، یان ڕادەکاتە ئێران. بەم جۆرە هەنگاوەکانی دوایی ئەم دیاردەیە دەگەڕانەوە سەر ڕادەی پەرەسەندنی ڕووداوەکان. ئەگەر ڕادەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییمان لە سلێمانی بەچەشنێک جێگیر کردبا، کە هەموو پارێزگای هێنابایە ژێرفەرمان و چاودێریی خۆی، ئەوە ڕووداوەکان بە قازانجی ئێمە تەواو دەبوون. نەخشەی من ئەوە بوو قەزاکانی ڕانیە، چەمچەماڵ و هەڵەبجە لە سلێمانی بکەمەوە. ڕانیە لە هەولێر و ئەو دوانەیتر لە کەرکووکەوە سەرپەرشتی بکەم. بڕیاردرا چاپمەن لە سلێمانی بگەڕێتەوە و کاپیتان «ئی. ج. داگلس»[٥]، کە پێشتر ئەفسەری دەزگای ئیداریی پێشووی سلێمانی بوو، بەشی ئیداریی من بەهێز بکەن. ڕۆژی نۆزدە، کە من گەڕامەوە کەرکووک، ڕێژنە بارانێکی توند تەواوی فڕۆکەخانەی ژێر ئاو کردبوو و هەر چوار فڕۆکەمان لە قوڕ چەقی بوون، بەڵام بەخۆشییەوە هیچکامیان بەسەر سەردا نەکەوتبوون.

بەپێی بڕیار، ئێوارەی ڕۆژی بیستی فێبرواری، پەیامی کۆمیسێری باڵام بە بروسکە ڕاگەیاند. شێخ مەحموود لە منی ویست بچمە تێلگرافخانە و مەبەستی کۆمسێری باڵای پتر بۆ ڕوون بکەمەوە؛ وەڵامم دایەوە و گوتم من ناتوانم لەسەر بڕیاری سەرۆکەکەم بدوێم. تۆ دەبێ بەپێی ئەو فەرمانە بجوڵێیتەوە کە پێت دراوە. گواستنەوەی سیکەکان ڕۆژی بیست و دووەم کۆتایی پێهات. هاتنی ئەو پۆلە مەزنە بە بیست فڕۆکەی شەڕکەرەوە و خولانەوەیان بەسەر شاردا و چوونیان بەرەو ڕۆژهەڵات هەستی لە شاردا بزواند، بەڵام داخی گرانم بۆ ئەو پلانە ڕێکوپێکە داڕێژراوە. شانۆی گەورە بەتەواوی تێکشکا. فەرماندەی عەمەلیات، کە نەخۆشیی مەلاریای گرتبوو، لە ئاسمان بورایەوە؛ میکانیکی فڕۆکەکەی، کاتێک لە سەندەڵی پشتەوەی فڕۆکەکەوە خۆی بەرەوپێشەوە لار دەکاتەوە، لەنگەری فڕۆکە تێکدەدا. ڕەنگە دڵ بورانەوەی فەرماندەی عەمەلیات پتر لە چرکەیەکی نەخایاندبێ، بەڵام ئەو ئیتر نەیتوانی عەمەلیات ڕێبەریی بکات و گەڕایەوە دواوە. دیتن

---

5- E.J.Douglas

لەوبەری قەراغەوە بەهۆی ئاڵۆزیی هەوا زۆر دژواربوو. چەند فڕۆکەوان وا تێدەگەن فەرماندەکەیان عەمەلیاتی هەڵوەشاندووەتەوە و بە هەڵە دەگەڕێنەوە. ئەوانیتر ڕێگا ون دەکەن و فڕۆکەوان «ئا.ت.ک.شیرایت»[٦] بەتەنیا خۆی لەسەر سلێمانی دەبینێتەوە و بەشە ڕاگەیانراوەکەی بەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا دەخاتە خوارێ و لە گەڕانەوەدا لە دوازدە مایلیی شار توشی ئەفسەری فڕۆکەوان «د. دابلیو. ف. بنهام کارتر»[٧] دەبێ و دەبینێ فڕۆکەکەی لەناو کۆمەڵە مژێکی قورسدا دەچێتە پێش و بەشە ڕاگەیانراوەکانی بەدەست لە هەوادا ڕادەوەشێنێ تا پێشان بدات هێشتا کارەکەی ئەنجام نەداوە. ئەو دووکەسە بەرلە گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک، جارێکیتریش دەچنەوە سەر سلێمانی.

ڕۆژی دوایی، عەمەلیات بە دوازدە فڕۆکەی جەنگی بریستۆل و چوار فڕۆکەی دوو ماتۆڕەی «ویکرـ ویرنون»[٨] دووپات کرایەوە، بەڵام ئەم جارەش لە دڵەکوتە بێبەری نەبووین. بەری بەیانی، هەواڵ گەیشت کە لانیکەم حەوت فڕۆکە لە دەربەندی بازیان نیشتوون: یەکێک لە فڕۆکەکانی بریستۆل بەهۆی تێکچوونی ماتۆڕەکەی ناچاربوو بنیشێ؛ ستوانی هەوایی «ئا. مکلارید» کە لە فڕۆکەیەکیتردا بوو، بۆ یارمەتیدان بەو فڕۆکەیە دەنیشێ و سەرەڕای هۆشیارکردنەوەی، یەکێک لە فڕۆکە قورسەکانیتریش لە نزیک ئەوان دەنیشێ و لە قوڕ دەچەقێ. دوای ئەوانە چەند بریستۆلیتریش هەرلەو شوێنە نیشتن. دوایی جیا لە فڕۆکەیەکی «ویرنون» هەموویان هەڵفڕینەوە. گوتم چەند پەیامێک بەسەر ئەو گوندانەدا بخەنە خوارێ کە سێ ئاغای هەمەوەندیی دۆستی ئێمەی لێ بوو تا کێشکچی بۆ ئەو فڕۆکەیە دانێن. ئەو کێشکچییە بۆ ماوەی چەند هەفتە لەو جێیە مایەوە و سەرئەنجام فڕۆکەکە بە سلامەت لەمەترسی دەرباز بوو.

نیوە شەوی بیست و چواری فێبرواری، بۆ ماوەی چەند سەعات شێخ مەحموود و شێخ قادری برای و گەورە پیاوەکانی سلێمانی لە لایەک و من لەم لایە بروسکەمان ئاڵوگۆڕ کرد. شێخ مەحموود خۆی لە مەسەلەکە دەبوارد و گەورە پیاوەکانی شاریش کاتی پتریان دەویست و منیش دووپاتم دەکردەوە کە دەبێ فەرمانی کۆمیسێری باڵا بەبێ ئەملا و ئەولا جێبەجێ بکرێ. لە دووی مارسدا چەند فڕۆکەمان نارد کە چەند بۆمب بخەنە خوار و

---

6- A.T.K.Shipwright
7-D.W.F. Bonham Carter
8- Wicker - Vernon



بەمجۆرە پێشان بدەین کە لەسەر بڕیاری خۆمان سورین، بەڵام بەهۆی خراپبوونی هەوا فڕۆکەکان گەڕانەوە و ڕۆژی سێی مارس چوونەوەو بۆمبەکانیان بەسەر نیشانەکاندا خستەخوار. هەرئەو ڕۆژە لیژنەیەک کەشێخ قادرو مستەفا پاشا ئەندامی بوون، هاتنە کەرکووک. چونکە گفتوگۆکردن لەو بارەیەدا بێ سود بوو، مستەفا پاشا تەواوی شەو لە تێلگرافخانە مایەوە و لەگەڵ شێخ مەحموود و گەورە پیاوانی شار قسەی کردو سەرئەنجام لە سەعات چوار و نیوی بەیانی منی لە خەو هەستاند و گوتی شێخ مەحموود دوو سەعات پێش شاری بەجێهێشتوە و بۆ شوێنێکی نادیار کشاوەتەوە و پارەی خەزێنەو زۆربەی ئەندامانی هێزی ناوچەیشی لەگەڵ خۆی بردووە.

سەرەڕای ئەوە، من و موتەسەریف بەیەکەوە داوامان کرد، ئیزنمان بدەن کە دژی پڕوپاگەندەی تورکان لە کەرکووک، سەید ئەحمەدی خانەقا بگرین و دووری خەینەوە. ئەم کارە لەبەر دەسەڵاتی ئایینیی و ناوبانگی سەید کارێکی زەق و دژوار بوو و دەبوایە پلانێکی زۆر وردی بۆ داڕێژین. بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە، بڕیارماندا موتەسەریف بانگی بکات و ئەوانەی کە دەربارەی هەڵسوڕانیی دەزانین پێی بڵێ، دوایی چونکە موراد لە سەفەر بوو، لە «ڕیو» بخوازێ ئەو زیندانی بکا. هەیوانەکانی «سەرا» بەشێوەی ئاسایی هاتوچۆیەکی زۆریان بەسەرەوە بوو و پڕ بوون لە داخوازکەر و سکاڵاکەر. لەبەر ئەوە بڕیارماندا ژمارەیەک پۆلیسی پێویست لەبەر دەستدا بن، تا کاتێک سواری ئۆتۆمبێلی پۆلیسی دەکەن بەر بە هەرچەشنە هەڵسوڕانێک بۆ ڕزگارکردنی بگیرێ و ئۆتۆمبێلەکان بیبەنە فڕۆکەخانە و سواری فڕۆکەیەکی بکەن کە بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕوانییەتی. بڕیارماندا ئەگەر دەرەتانمان هەبێ من خۆم تێکەڵی ئەو مەسەلەیە نەکەم، بەڵام چونکە لەوانە بوو، بوونم لە جێی کارەکەمدا پێویست بێ لە ژووری کارەکەم بمێنمەوە کە دەرگای بۆ ژووری موتەسەریف هەبوو.

بەیانی ڕۆژی دیارییکراو، واتە ڕۆژی شەشەم، دەرکەوان هەواڵی هاتنی سەید ئەحمەدی پێداین و من لە ژورەکەمدا چاوەڕوان بووم کە موتەسەریف بێت و بڵێ کارەکەی تەواوکردووە. پێنج خولەک تێپەڕی، هەواڵێک نەبوو. دوایی دە خولەک، پازدە خولەک و سەرئەنجام یەک سەعات بەسەرچوو دیسان هەواڵ نەبوو. بڕیارمدا بچمە ژووری موتەسەریف و بزانم چی بووە. کە چووم، فەتاح پاشام زۆر بە نارەحەتی لە پشت مێزی کارەکەی بینی و سەید ئەحمەدیش زۆر شاد و بەکەیف لەسەر سەندەڵی پان ببووەوە. وا دەردەکەوت کە هێشتا ئاگای لە هۆی بانگ کردنی بۆ «سەرا» نیە. پاشای بەتەمەن

بەشێوەیەکی تکاکەرانەوە سەیری کردم. من جیا لەوەی کە بە لیستەیەکی پڕلە تاوان لەگەڵ ئەو پیاوە ئایینییە ڕووبەڕوو بم ڕێگایەکیترم نەبوو. هەڵوێستی سەید ئەحمەد لە ئاست ئەو تاوانانەداهێندێک جار توند و تەوس لێدەرانە و هێندێک جاریش قەڵسانە بوو. ئەو قسەکانی بەو ڕستەیە تەواو کرد: «ئەو بەدبینی و گومانە کردنە قبوڵ ناکرێ. بەڕاستی ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەم جۆرە تاوانانە هەیە، من چیتر ناتوانم لە کەرکووک بمێنمەوە.» منیش هەر ئەوەم دەویست. لە وەڵامدا گوتم، من و موتەسەریف بە ئاکامێکی ئاوا گەیشتوین و باشترە کەرکووک بەجێهێڵی. کاری پێویست بۆ سەفەری تۆ بەرەو بەغدا کراوە و ئەگەر بتەوێ هەرئێستا دەتوانی سواری ئەو ئۆتۆمبێلە بی کە لە دەرەوە چاوەڕوانتە. هەستا سەرپێ و بەتوڕەیی گوتی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بەبێ خۆ ئامادەکردن ئەوکارە بکا؛ بەڵام «ڕیو» کە بە دوای دەنگی زەنگی ژوورەکەوە هاتبوو، بەشێوەیەکی زۆر لێزانانە، لە سەرخۆ دەستی لەسەر شانی دا و ئاماژەی بە دەرگاکە کرد. سەید ئەحمەد کەوای دی بە بزاڤێکی زۆر جوان شاقەلی عەباکەی تا سەر سنگی خڕ کردەوە و سەری هەڵێنا و بە هەنگاوی ورد و لەسەرخۆ لە دەرگا چووەدەر.

بە ڕاستی لەو بابەتەوە کە پێویست بوو ئەو سەیدە لە ناوچە دوورخەینەوە بەداخ بووم. خۆشم دەویست؛ لەبیرم بوو کاتێک لەسەردەمی «لانگریگ»[9] واتە ئەوکاتەی کە من لەگەڵ هێزی فریزر بووم و بەو ناوچەیەدا تێپەڕیم، ئەو بە تەواوی لایەنگریی لە حکوومەت دەکرد، بەڵام ڕەنگە لە نێوانساڵی **١٩١٩** و **١٩٢٢**دا شتێک ڕووی دابێ؛ من نەمدەزانی چی بووە: ئایا پڕوپاگەندەی خەلیفەگەریی شوێنی لەسەر دانابوو یا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر هاتوو تورکان شێخ مەحموودیان کردە پاشا، دەستکەوتی لای ئێمەی بۆ کەم بێ، یالەوانە بوو داوایەکی بەجێ نەهاتبێ. بەمجۆرە هەرچی بوو من ئاگام لێی نەبوو و تەنانەت پێشتریش کە پروپاگەندەی ئایینی دەکرد، بۆ ئەوەی ڕای خەڵک بۆلای خۆی ڕاکێشێ، ڕوخساری ئاشتی نەخوازانەی بەخۆیەوە گرتبوو. دوایی کاتێک لەهەلێکی خۆشتردا چاوم پێی کەوت، نە ئەوە بوو کە تاوانەکان قبوڵ بکات و نە ئەوانی ڕەد دەکردەوە. تەنیا ڕەخنەی ئەو لە ئێمە ئەوە بوو، کە کاتی سەفەر کردنی بە فڕۆکە زۆری سەرمای بووە و شتێکیان نەداوەتێ لەخۆیەوە پێچێ. دوای گرتنی سەید ئەحمەد دەستبەجێ ژمارەیەک کە تاوانیان لە خۆیاندا شک دەبرد ڕایانکردە تورکیا؛ نازم بەگی

9- Longrigg



نەوتچیزادە پیاوە ناودارەکەی کەرکووک یەکێک لەوان بوو.

پێشتر گوتم لەو هەڵاوبگرەدا شانسێکی سەیر ڕووی لەئێمە کرد. مەبەست لەو شانسە، بە دەستهێنانی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژبوو بە پاشکۆیەکی زۆرەوە، کە لە نزیک موسڵ دەستمان کەوت. ڕاپورتەکە لە ئۆزدەمیرەوە بۆ ژەنراڵێکی تورکی فەرماندەی ناوچەی جەزیرەی نووسرابوو. ڕاپورت تەنیا باسی هێرشکردنی بۆ سەر کەرکووک و کۆیە نەدەکرد، بەڵکوو ڕادەی نزیکایەتی شێخ مەحموودی لەگەڵ تورکان پێشاندەدا. پلانی ئۆزدەمیر ئەوەبوو کە بە هێرش کردن بۆ سەر هەولێر عەمەلیاتەکە تەواو بکات. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە دەیویست هێزەکانی بە خاکی ئێراندا ڕاگوێزێ و تەنانەت بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی لە عەشایری ئێران، شەڕکەر وەرگرێ و بۆ ئەمەش پەیوەندی بە دوو فەرماندەی سوپای ئێران لەوبەری سنوور گرتبوو.

سێر جان ساڵوند بەتەواوی هەڵوێستی گرت. ئەو بۆ ئاگاداربوونی پتر لە دوا هەواڵەکان و ئاشنابوونی لەگەڵ وەزعی سیاسیی ناوچە لە حەوتی مارس هاتە کەرکووک. ڕۆژی دوایی بە مەبەستی دیتنی لاین بەرەو هەولێر هەڵفڕی و دوای ئەوە چووە موسڵ و کۆمەڵێکی دەستووری عەمەلیاتیی ڕاگەیاند، کە سێ هەفتە پێشتر منو بوردیلن باسمان لێکردبوو، بەڵام لە ڕووی ناچارییەوە وەک «عەمەلیاتێکی باشی دوور لە باس» وەڵامان نابوو. بڕیار ئەوە بوو دوو کاروان پێک بێ. کاروانی یەکەم بەناوی کاروانی کۆیە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «بی. وینسنت»[10] لەو هێزانە پێک بێ: ئەندامانی سەربە هێزی ئیمپراتۆریی وەک (یەکەکانی کامەرون، هەنگی «ویست یورکشایر»[11]، یەکانی **١/١٣** (یەکانی **١٥**ی پێشوی سیک)، یەکانی توپخانەی سەحرایی پەنجاب و دەستەیەکی ئەندازیاریی مەتەێز ساز لە موسڵەوە بێنە هەولێر و لەوێوە بچنە کۆیە. کاروانی دووەم کە ناوی کاروانی سەرسنوور[12] بوو. بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «چ. تی. دابین»[13] لە یەکەکانی هێزی ناوچەیی (یەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی پیادە و یەکەی توپخانەی سەحرایی) و پۆلیس، دوای وەڕێکەوتی کاروانی کۆیە لە هەولێر جێگیربێ و دوایی بە ڕێگایەکدا کە ئەوکات کاروانە ڕێیەکی گرنگ بوو، لە «دێرە» و

10- B.Vincent
11- West Yorkshire
12- Frontiercol Haqq
13- H.T.Dobbin

«دۆینقەڵا» و کەلی «سپیلک» تێپەڕێ و بەرەو ڕەواندز بچێ. چوار پێنج هەفتەی دەکێشا تا ئەو دوو کاروانە بۆ دوا هێرش ئامادە بن. بڕیار درا سەرەڕای جێبەجێکردنی ئەوکارانە، بۆ ڕاگرتنی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر وەک پێشوو هەڵسوڕێن.

دوای کشانەوەی شێخ مەحموود لە سلێمانی لە بەیانی چواری مارسدا، تا یەک دوو ڕۆژ ڕاپۆرتی دژ بەیەکمان دەربارەی ئەو پێدەگەیشت، بەڵام زۆری پێنەچوو کە شوێنی ئەومان لە باکوری ڕۆژئاوای سووررداش دیتەوە: ناوەندی بارەگاکەی لەناو ئەشکەوتێکی گەورە لە جاسنە دانابوو و ئەندامی یەکەکانی هێزی ناوچەیی و عەشایریی و لایەنگرانیشی لە گوندەکانی دەوروبەری جێگیر کردبوو و خەریکی کۆکردنەوەی باج یا بەوتەیەکیتر خەریکی دەسەڵاتداریەتی لە ناحیەکانی سووررداش، سەرچنار و شارباژێڕدا بوو. بە داخەوە ئاگادار کرام دۆستە کۆنەکانم واتە ڕەزا بەگ و عەبدولرەحمان ئاغا سەرکردەی چەند گروپ لە نزیک سلێمانی مابوونەوە و ترس و خۆفیان خستبووە ناو شار و باجیان لە بازرگانەکان و ئەو کەسانە دەستاند کە لەگەڵ شێخ مەحموود نەبوون. شێخ تەنانەت چاپخانەی شارەوانیشی لەگەڵ خۆی بردبوو و ڕۆژی هەشتی مارس یەکەم ژمارەی ئۆرگانی نوێی خۆی بەناوی «بانگی حەق» بڵاوکردەوە. ئەو ئۆرگانە، لەسەر لاپەڕە کاغەزێک چاپ دەکرا و لە ڕاستیدا لە جیاتی ڕۆژی کوردستان بڵاودەکرایەوەو گۆڤارێکی ڕەسمییو سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام لە سەرکردایەتی گشتیی لەشکری کوردستاندا چاپ دەکرا. ناوی بڵاوکراوەکە پێشوازیی لە بیروباوەڕی خەڵک دەکرد، چونکە هەروەک دەزانین گوتنی حەق لە زمانی عیرفاندا واتای خودا دەگەیەنێ. تەنیا وتاری ئەو بڵاوکراوەیە ڕاگەیاندنی خەزا بوو. ئەو کارانە و هەڵسوڕانی ڕەزا بەگ کە دوای ڕاکردنی شێخ مەحموود دەستبەجێ هەڵوەشانی شورای پەسەندکراوی کۆمیسێری باڵای بە دواوە بوو، پێشانیدا کە شێخ مەحموود هەرگیز لە کردەوەی خۆی پەشیمان نیە. لەبەر ئەوە، چەند هەڵفڕینی شناسایی بەسەر سلێمانی و سووررداشدا ئەنجامی گرت و هێندێک جاریش جاسنە و کاروانەکانی ناوڕێگای جاسنە بۆمباران کران. داوایان لێکردم بەرپرسایەتی چەمچەماڵ وەربگرم و بۆ سەرپەرشتی کردنیشی قایمقامێکی «دژی گوللە»ی بۆ دانیم. ئەو قایمقامە ئەمینی ڕەشید ئاغا سەر بە تایفەی ڕەمەوەند لە هۆزی هەمەوەند و دوژمنی کەریمی فەتاح بەگ بوو. بە هەموو توانامەوە هەوڵمدا دۆستان و میانەڕەوەکان دژی دانی باج بە نوێنەرە حاکمە وەلانراوەکان ڕاپەڕێنم.

کەرکووک بە ڕواڵەت، بەهۆی دەرکردنی سەید ئەحمەد و هەڵاتنی نازم بەگ تاسابوو



و لەوە دەچوو کە تەواوی ئاژاوەو گێرە و کێشەکان بە سێحر و جادوو لەناو چووبن. لە نیوەڕاستەکانی مانگدا، بەرەو کفری هەڵفریم و لەگەڵ «داگلاس» بڕیارماندا چەند ئاغای زەنگەنە و جافی گەڵاڵی بگرین (لە ناو گیراوەکاندا من بۆ توفیق ئاغا بابی گوڵدەستە بەداخ بووم) و بەدەست پێکردنی سەرژمێری مەڕی جافەکان و کۆکردنەوەی باجی سەرانە، هەوڵ بدەین دەسەڵاتی حکوومەت بۆ ئەو ناوچەیە بگەڕێنینەوە. کاتێک ئەوکارە ئاساییەمان کرد وەک سێڵاو لە لایەن زۆربەی ئەو کەسانەوە داوای بەخشینمان لێکرا کە ویژدانیان ئازاری دەدان و ئێستا لە تۆڵە سەندنەوەی شێخ مەحموود دوور ببوونەوە.

ڕۆژی **٢٣**ی مانگ، سێر هنری دابز بە سواری فڕۆکە هاتە کەرکووک و ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو بۆ بەشدارییکردن لە کۆبوونەوەیەک چووینە هەولێر، کە «ئەمیر زەید» برا چکۆڵەی فەیسەڵ، بازرەسی ئیداری موسڵ و لاین بەشدار بوون تێیدا. ئەمیر زەید، لە سەرەتای مانگدا هاتبووە موسڵ تا عەرەبەکان دژی هێرشی تورکان ڕێکبخات. خاڵی سەرەکی دەستوری کاری کۆبوونەوەکە واتە ئەو دیاردانەی کە دەگەڕانەوە سەر ئێمە، هەڵوێستێکی سیاسی بوو، کە دەبووایە دوای گرتنەوەی ڕەواندز لەبەرچاوی بگرین، بەڵام من بەرلەوەی کە بگەڕێمەوە کەرکووک، لە هەل کەڵکم وەرگرت و لەسەر ئەو خاڵە پێمداگرت، کە دەبێ ئەوکارە بە گرتنەوەی سەرلەنوێی سلێمانی تەواو بکرێ.

کاروانی کۆیە ڕۆژی چواری ئاپریل گەیشتەجێ. من بەتەواوی تاسەی دیتنی سەرهەنگ «وینسنت» و «لاین»م دەکرد. لاین ئەفسەری سیاسی کاروانەکە بوو. بڕیارمدا داوای فڕۆکە نەکەم و بە ڕێگای زەوی و بە ناوچەی شوان و گوندەکانی شێخ بزێنییدا کە هەردوولای زێیان گرتبوو و لەم دوایانەدا خەڵکەکەی هێندێکمان لێ سارد ببوونەوە، تێپەڕم و خۆم پێشان بدەم. بە سواری ئۆتۆمبێل و بە جادەی تەقتەقدا چوومە جێیەک کە چواردە مایل لە کەرکووک دوور بوو. لەوێ چاودێرەکانم بە ئەسپەوە چاوەڕوانم بوون. یەکەم شەوی سەفەر لە گوندێک بووم بە ناوی «حاجی بێخان» کە لە حەوت مایلیی ئەو جێیە هەڵکەوتبوو. ئەو جێیە لە ناوچەیەکی قوڵ دایە و کانزای بەرد و دارستانی داربەڕوی لێ نیە. خەڵکی حاجی بێخان خانووبەرەکانیان بەچەشنی خانووی عەرەبان لە قوڕ ساز دەکەن و بۆ گەرم ڕاگرتنیشیان لە تەپاڵە کەڵک وەردەگرن. تەپاڵەکان لە تەنورێک دەخەن کە لە نێوەڕاستی ژوورەکە هەڵکەنراوە و دەیانسوتێنن. زۆربەی ماڵەکان دوکەڵکێش یا کولانەیان نیە. کوێخا بە ڕادەیەک لە میوانداریکردنی ئێمە خۆشحاڵ بوو، کە بەپەلە میوانخانەکەی پڕکرد لە دوکەڵ و ئێمەی بە توندی وەکۆخین خست؛ فرمێسک بە

چاوانماندا هاتەخوار. زۆربەی کوردەکانی باشووری کوردستان لە زستاندا ئەو حاڵەیان هەیە و بێگومان ئەم جۆرە ژیانەش بە توندی زیان بە چاو و لەشی ئەوان دەگەیەنێ.بەیانی ڕۆژی دوایی، لەهەوایەکی خۆشی مانگی ئاپریلدا، سەفەرەکەمان درێژە پێدا. بەرزاییەکانی شوان بە گیاو گوڵی بەهاریی داپۆشرابوون و باخەکان لە گوڵدا خەملّی بوون. لە تەقتەق، ئاوی زێ کە بەهۆی توانەوەی بەفر و ڕێژنە بارانی ڕۆژانی پێشوو هەستابوو، سێلاوێکی شلوێی بە پانایی ١٥٠ یارد سازکردبوو کە بەتوندی هاژەی دەهات. کاتی پەڕینەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە، سێلاو کەڵەکەکەی ئێمەی بە مەودایەک لەگەڵ خۆی برد و تا هێنامانەوە بۆ شوێنی پەڕینەوەی ئەو ڕۆخە پەنجا خولەکی گرت.

کۆیەی پڕ لە سەرباز، دوای ڕێژنە بارانی پێشوو بە قوڕ و چڵپا و داگیرابوو. لە ماڵی مەلا حەویز ئاغای غەفووری دابەزیم. ئەو و جەمیل ئاغای قایمقام بە خواردنی زۆرخۆش و دڵی فراوانەوە کە لە ڕەوشتی کوردانە، خزمەتی زۆریان بە فەرماندەکان و ئەفسەرانی باڵا کرد. لە نۆی مانگدا، سێر جان سالمۆند بۆخۆی بە فڕۆکە هات تا فەرمانی پێویست بۆ دوا عەمەلیات بدات. ڕۆژی دەیەم، کاروانی کۆیە بەرەو «سەرخمە» لە هەیبەت سوڵتان تێپەڕی. جیا لە بۆمبارانی هەوایی، ئەوە یەکەم شانۆی هێزەکانی حکوومەت بوو لە ناوچەی ڕانیەدا، کە دوای پاشەکشە خەفەتبارەکەی کاروانی ڕانیە لە حەوت مانگی ڕابردودا ئەنجام درا.

چونکە تا چەند ڕۆژیتر، ئاڵوگۆڕێک چاوەڕوان نەدەکرا، بڕیارمدا بچمە ئاڵتون کۆپری و دوای ئەو ناحیەی مەلحە ببینم، کە تا ئێستا لەبەر گیروگرفت و سەرقاڵ بوونم بە ڕووداوەکانی سلێمانی لێی خافڵ بووم. دوای بیست خولەک ڕێ، لە «هەرموتە» تێپەڕیم کە تەنیا گوندی «قەزای» کۆیەیە و تەواوی دانیشتوانی فەلەن. ڕێگا چەند مایل بەڕۆخی ڕوباری «کۆیە»دا تێدەپەڕێ، کە لەو وەرزەی ساڵدا ئاوی زۆرە و بەڕواڵەت بەرلە گەیشتنی بە باریکە ڕێیەکی بەشی ڕۆژئاوای، کە دەچووە گوندەکانی «عومەرگونبەد» و «سێگردەکان» چەند جار پەڕینەوە. سەروبەندی خۆرپەڕین گەیشتینە ڕەشماڵەکانی مەحموود ئاغای شێخ بزینی، کە لە قەراخی «بەستی هەوار» هەڵیان دابوون و یەک مایل بۆ گوندی «سارتک» و نزیکەی سێ مایلیش بۆ کۆیە مەودای هەبوو.

شەوێکی ئارامم لە جەوێکی شوانانەی خۆشدا بردەسەر، کە دەتگوت هەزاران مایل لەو شوێنە شەڕگرتووە دوورە، کە بەیانی ئەو ڕۆژە لێی بووم. خانەخوێیەکەم گوتی خەڵکی ئەو دوو گوندانەی کە من ئەمڕۆ لێیان تێپەڕیبووم، واتە سێگردەکان و عومەرگونبەد، بە



زاراوەیەک دەدوێن، کە تایبەتمەندیی خۆیانە. گوتی ئەوانە لە باری بنەچەوە، وەک تەواوی خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیەی، کە هەردوو لای زێیان گرتوە، شێخ بزێنین، بەڵام لە جیاتی «ئەو کوردییەی» کە ئەندامانیتری ئەو تیرەیە لە ڕۆژگارانی هێندێک کۆنەوە قسەی پێدەکەن، ئەوان زمانی کۆنتریان پاراستووە. چەند وشەیەکی لەو زمانە گوت، کە بە ڕای من لە زاراوەی کوردی کرماشانی یا لەکی باکوری لوڕستان دەچوو. لەبیرمە، شێخ بزێنییەکان بە گوێرەی داستانێک لە ئەسڵدا لە موسڵ یا لە بەشەکانی سەرووی باکورەوە هاتوون. لەبەر ئەوە، ئەو ئاخافتنە پتر لەگەڵ داستانێک دەهاتەوە کە جەمال ئاغای کۆیە بۆی گێڕامەوە. بەپێی ئەو داستانە، خەڵکی ئەو دوو گوندانە سەر بە هۆزێکن بە ناوی «دەربەندی»و لە ناوچەی «ڕەجەب» لە باکوری جادەی نزیک کەلی «تەقیەگڕە»وە هاتوون، واتە ئەو جێیەک کە ڕوباری «حەلوان» بە ڕێگای قەسری شیرین و خانەقیندا دەچێتە ناو دەربەندی «دەرتەنگ».

بەیانی ڕۆژی دوایی، میللرو چاپمەنم لە ئاڵتون کۆپری دیتەوە. ئەوان بە باوەشێک دۆسیەوە چاوەڕوانیان دەکردم. ستوان «چارلیز گورنیک»[١٤]شیان لەگەڵ بوو. چارلیز بەهۆی لێوەشاوەیی لە عەمالیاتێکی زرێپۆشدا بەناوی «درویێنەچی» لە کاتی سەربزێویی عەرەباندا لە ساڵی ١٩٢٠، سیمایەکی ئەفسانەیی پەیدا کردبوو. ئەو ئێستا بەرپرسی کێشکچیەکانی هێڵی پەیوەندیی ئێمە بوو. پێڕاگەیشتن بە کاری دۆسیەکان دووسەعاتی بەس بوو: ئەوانم بەجێهێشت تابە ئۆتۆمبێل بیانبە کەرکووک و بۆخۆشم بە ڕۆخی ڕوبارەکەدا بەرەو مەلحە چووم. مەلحە ناوەندی دوا ناحیەی کوردنشین بوو.

ڕۆژی دوایی بە ناوچەی عەرەب نشینی تەلعەلیدا ڕۆیشتم؛ لە ڕێگا توشی چەند تەپۆڵکەیەکی گەورەی «ماهوس»، «رمان» و «مطیبخ» بووم (کە کۆمایەک بوون لە خشت و قسڵی زۆرباش و دەگوترا قسڵی خانووبەرەکانیان لەو تەپۆڵکانەوە هێناوە.) تەلعەلی لە خشتی گەورەی دووپێ لە دوو پێ و نیو ساز کرابوو و تەپۆڵکەکانیتریش بێگومان بنکەی سوپای ئاشوورییەکان بوون، چونکە پێگەی ئاشوور پتر لە بیست مایل لەگەڵ ئەو شوێنە مەودای نیە. بەر لە وەڕێکەوتنم لە کەرکووک، موراد هۆشیاری کردبوومەوە کە بەهیچ شێوەیەک میوانی هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە نەبم، چونکە ئەوانە بە تێکڕایی نەخوشی (بجل)یان هەیە. لەبەر ئەوە کاتێک چاوم بە حاجی

---

14- Charles Goring

حەسەنی ئاوچیزادە، پیاوە دەوڵەمەند و وەرزێڕە پێشکەوتووەکەی کەرکووک کەوت کە ماوەیەک بەرلە ئێستا ماڵێکی لە نزیک ڕوباری تەلعەلی بۆ خۆی ساز کردبوو،مێشکم حەسایەوە. حەوشەی ماڵەکەی پڕبوو لە ئامێر و کەلوپەلی وەرزێڕیی و بەشێک لە ئامێرەکانی بەرلە جەنگ لە دەرەوە کرابوون و لەبەر نەبوونی کەرەسە و چاودێریی لێ نەکردنیان بێ کەڵک مابوونەوە. حاجی حەسەن، ئەوکات خەریکی کێشانی کەناڵێکی ئاودێریی بوو و دەیویست بە کێشانی ئاو ئەو بەشە زەوییانە وەگەڕ خات، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بێ بەرهەم مابوونەوە. پڕۆژەکانی بریتی بوون لە کێشان و نۆژەن کردنەوەی دوو کەناڵی کۆنی پان و بەرین بەناوەکانی (سفرالفیلوعباسیه). من نازانم دانانی ئەو ناوانە لە کوێوە سەرچاوەیان گــــرتوە. کەناڵی یەکەم واتە سفرالفیل لە شەش مایلیی سەرووی تەلعەلییەوە دەکێشرا و کانەڵی دووەم لە بیست مایلیی ئەولاتر لە بەشی سەرووی ڕوبارەکەوە دەستی پێدەکرد. حاجی حەسەن، منی بردە سەر کەناڵەکان و داوای لێکردم هەوڵ بدەم ڕای بەڕێوەبەرایەتی ئاودێریی بۆ ئەو ناوچە بەپیت و بەرەکەتە ڕاکێشم. من ئەو کارەم کرد، بەڵام چەند ساڵی گرت تا پڕۆژەی «حەویجە» توانی لە نێوان پڕۆژە ئەساسیەکانی تردا سەرکەوێ و ڕێگا بۆ کێشانی یەکێک لەو کەناڵانە خۆش بکات. کاتێک گەڕامەوە ئەم ناوچەیە لە ساڵی ١٩٤٤دا و بینیم سەدان بنەماڵەی «چەچەن»، «جەبور» و «عوبەید»یی هاتوون لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون و جەماوەرێکی تریش چاوەڕوانی تەواوبوونی کەناڵی دووەم دەکەن، خۆشحاڵ بووم.

دوای دیتنی کەناڵ چووم بۆ بینینی بینا وێرانبووەکانی سەردەمی ئیسلام، کە عەرەبان پێیان دەگوتن «الاسمعینیات». بەم جۆرەی کە من دیتم شوێنەوارە گرنگە بەجێماوەکانیان بریتی بوو لە دوو خانووبەرەی لاکێشی لە لای یەکتر و قەبرێکی ناسراو بە ئیمام ئەسمەعین، کە نــاوی لەسەر هەموو ناوچەکە بوو. لەو بینایە، گومبەزێک و چەند دیواری ڕوخاو و کۆمایەک خشت و قسڵ مابووەوە، کە لێک ناکرێنەوە. بینای لاکێشیی یەکەم بە شێوەیەکی زۆرباش بە خشت سازکراوە؛ لای دەرەوەی خشتکاریی زەق بوو؛ لە ژورەوەیدا تاقێکی نوک تیژی هەیە. ژوورەکەی هۆدەیەکی نزیک بە بیست پێیی چوارگۆشە دەبێ؛ دیوارەکانی ئەو هۆدەیە زۆر جوان گەچکاری کراون؛ هەرکامیان سێ «تاقەیان»[١٥] هەیە و پێنج «تاق»ی بەرتەسکیشیان قات قات لەسەر یەک سازکراون، کە نوکی هەموویان تیژە.

١٥- Baroque شێوەیەکە لە خانووبەرە سازیدا. واتای سەیر و سەمەرە و بێقەوارەش دەدات.



سێ لای دیوارەکانی سوڕەی ناسراوی «الملک» لە ئایەتی قورئانیان لەسەرە. ئەو ئایەتانە لە نێوان تاق و تاقەکاندا نووسراون و دیواری چوارەمیش دەرگای تێدا سازکراوە. نووسراوەکانیتر، کە بە دوای ئایەتەکانی قورئاندا بە دیوارەکانەوەن زیانیان دیوە و خراپ بوون، بەڵام ناوی محەمەدیەحیا بەمێژووی ٦٧٠ هیجری قەمەری (٢-١٢٧١ز) دەخوێنرێتەوە. شێوەی سازکردنی ژووری ئەو ساختمانە زۆر لە ژووری «بقعەی اربعین» دەچێ کە ساڵی ٦٦٠ هیجری قەمەری بە ڕۆخی دیجلە لە شەست مایلیی ئەم شوێنە[١٦] سازکراوە. بینای دووەم، نزیکەی دە هەنگاو لە بینای یەکەم دوورە و شکڵی دەرەوەی لەو دەچێ، بەڵام لە ژوورەکەیدا گەچکاریی لێ نەدەبینرا. لەسەر ژمارەیەک لە خشتەکانی هەردوو خانووبەرە، شوێنەواری لیقاو(لعاب)یان پێوە بوو،بەڵام لیقاوەکەیان بەتەواوی لێ ببووەوە. بارستایی بینای ئیمام ئەسمەعین دوو هێندی بینای یەکەمەو باشتریش ماوە. بەشێک لە گومبەزەکەی ماوەتەوە؛ کۆڵەکەی گومبەزەکە لەسەر هەشت سوچێک سوارکراوە. تاقی دەرگاکەی درێژە؛ بەشی ژووری خانووبەرەکە هەشت سوچە. نێوقەدی دیوارەکانی بەبەرزایی نزیکەی چواردە پێ گەچکاریی کــراون و هەرکامیان کونێکیان تێدایە. دیواری لای باشووری، میحرابێکی چکۆڵەی تێدایە، کە ڕویلە قیبلەیە؛ هەرکام لەوهەشت سوچانە تاقێکی خشتیان هەیە، کە سەریان گەچکاریی کراوە؛ لە ژێر پایەی گومبەزەکەدا دار بۆ دارەڕا کردن دەبینرێن.

حاجی حەسەن ڕای وابوو کە ناوی کۆنی ئەوجێیە شتێکی نزیک بە «زویج»[١٧] بووە، بەڵام من چوکترین گومانم لەوەدا نیەکە ئەسمەعینیات لە ڕاستیدا وێرانەکانی «باوە زیج»[١٨]ە، کە «گای سترنج»[١٩] دەربارەی دەڵێ:

> لە ڕۆژهەڵاتی ئەو جێیەوە واتە «شرق السین»[٢٠] لە یەکاوی زێ و دیجلە و چوار مایل لە سەرووی زێی بچوک، شاری باوەزیج یا بەم جۆرەی کە «ابن حوقل» دەڵێ مەدینە الباوەزیج بووە، کە ئێستا بەڕواڵەت هیچ شوێنەوارێکی لەسەر نەخشە نەماوە... یاقوت، ئەو شارە بە باوە زیج الملک دەناسێنێ، کە لە

١٦- Sarre و هەر تسفلد باسی ئەو خانووبەرەیەیان کردووە.
Reise in Euphrat und Tigris Gebiet (Berlin 1911- 02)
17- Zuwij  18- Bawazij
19-  Guy Strange
20- As- Sinn

سەدەی هەشتەمی هیجری (چواردەی زایینی)دا هەبووە، چونکە مستەوفی دەڵێ ١٤٠٠٠ دیناری دەدا بە خەزێنەی ئیلخانییەکان.

لەو ماوەیەدا، عەمەلیاتی سەربازیی بەپێ بەرنامە دەچووەپێش. کاتێک ڕۆژی پازدەی ئاپریل گەڕامەوەکەرکووک، «کاروانی سەرسنور» گەیشتبووە دەشتی هەریر لە نێوان هەولێر و ڕەواندز، بەڵام دەیانگوت دوژمن کەلی «سپیلکی» گرتووە. کاروان دەبوایە بۆ تێپەڕبوون لە زنجیرە چیایەک، کە لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لەمپەری پێش ئەو دەشتە بوو، لەو کەلە کەڵک وەرگرێ. «کاروانی کۆیە»ش بە نۆرەی خۆی چەند عەمالیاتی باشی لە بتوێن ئەنجام دابوو. دوو تۆپی گیراوی کاروانی ڕانیەی (جیا لە دەرگای تۆپەکان کە دوایی ئەوانیش لە ڕەواندز گیرانەوە) هەستاندبووەوە و بۆ ئەوەی کە خۆی بۆ عەمەلیاتی پتر ئامادە بکات، گەڕابووەوە «سەرخمە». لەو ڕۆژەدا فەرماندەی عەمەلیات بۆخۆی هەڵفڕینێکی شناسایی کرد. قایم بوونی سروشتیی کەلی سپیلک، بەتەواوی شوێنی لەسەر ئەو دانابوو. بەوئاکامە گەیشتبوو کە بەبێ عەمالیاتێکی چەند قۆڵیی و هاوبەش و هاوکات دژوارە بتوانن بەبێ زیانی قورس لەو ڕێگایە دەرچن. بە سەرهەنگ وینسنتی دەستوور دا دەرەتانی دەورلێدانی کاروان تا «دۆڵی کەشان» واتە دووەم شیوی ڕۆژئاوای شاوەر لە «باوەشێنەکەی» ڕانیە و لەوێوە بە ناوچەی «پشتگەڵی»دا تا «بالیسان» و شیوی ئالانەی جێگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای «هەریر» هەڵسەنگێنێ. وینسنت کە عەمالیاتێکی ئاوای پێشبینی کردبوو لە دیداری پێشوویدا لەگەڵ من لە کۆیە، داوای لە من و لاین کرد تا زانیاری تەواوی دەبارەی ئەو ڕێگایە بۆ کۆ بکەینەوە. ئەم ڕێیە بە چەند شوێندا دەڕۆیشت، کە تا ئەوکاتە لەسەر نەخشە دیاریی نەکرابوون. ئەو سەرەتا پێداویستیەکانی ڕاگواستن و گەیاندنی جێبەجێ کردبوو. سروشتی وەحشیی، نائارامیی ناوچەکە، قین و توڕەیی دانیشتوان و پلانی باوەڕپێنەکراوی کاروانەکانی گەیاندن کە بەتەواوی لە ێستری ئیجارەکراو پێکهاتبوون، لە بەرامبەری ئەودا لەمپەر نەبوون. ئەو فەرماندەیەکی بەدەسەڵات و پایەدار بوو؛ چونکە بەتەواوی ئامادەی ئەنجامی ئەو کارە بوو، بەبێ ڕاوەستان و سڵکردن لەگەل پلانی پێشنیازکراو هاودەنگی کرد.

ڕۆژی ١٧ی ئاپریل، فەرماندەی سکادرانی هەوایی «ئی. ڕ. منینگ»[٢١]، منی بە سواری فڕۆکە بردە «سەرخمە» تا چاوم بە وینسنت بکەوێ و لە دوا کاتەکاندا لەگەڵ لاین

21- E.R. Manning



ئاگاداری کارەکان بین. بتوێن دوای ڕێژنە بارانی پێشوو وەک دەریای قوڕینی لێهاتبوو. ئێمە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و کەس نەدیودا لەسەر زەوییەکی بەرتەسکی پێشینیان وتەنی بە ڕادەی بەری دەست دابەزین. تا تێپەڕ بوونی دوا نەفەرەکانی کاروان لەو جێیە ماینەوە و دوایی بەرەو کەرکووک هەڵفڕین.

عەمەلیات بەتەواوی سەرکەوت. هەروەک چاوەڕوان دەکرا کاروانی کۆیە ڕۆژی یەکەم و نۆزدەیەمی عەمەلیات لەوبەری بالیسان توشی بەربەرەکانییەکی توند ببوو، بەڵام بە هاوکاریی کاریگەرانەی هێزی هەوایی، تەنیا پێنج سەربازی لێ بریندار بوو و زیانێکیترمان پێ نەگەیشت، بەڵام دوژمن دوای زیانی قورس پاشەکشەی کرد. ئۆزدەمیر بەبێ ئەوەی کە فیشەکێک بتەقێنێ، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی مانگ مەتەریزی سپیلکی بەجێهێشت. دوایی بۆمان دەرکەوت دەربارەی قایم بوونی پێگەکانی ئەو جێیە درۆ نەکراوە. ڕەواندز بەبێ بەربەرەکانی دوانیوەڕۆی بیست و دووەم کەوتە دەست ئێمە.

چۆنیەتی شێوەی بەڕێوەبردنی ڕەواندز گیروگرفتی پێکهێنا. دەوڵەتی عێراق واتە شا و سەرۆک وەزیر و موتەسەریفی هەولێر بە پشتیوانیی کورنوالیس و بوردیلن و لاین دەیانویست کارمەندێکی ئاسایی بکەنە قایمقامی ئەو شارە، بەڵام سێر هنری دابز بە پشتیوانی فەرماندەی هێزی هەوایی پیێ دادەگرت کە سەید تەها بکات بە قایمقام، چونکە قایمقامێکی «دژی گوللە» باشتر دەیتوانی بەبێ وەرگرتنی یارمەتی لە حکوومەت، لەگەڵ دۆخێک ڕووبەروو بێتەوە کە لەوانە بوو بەهاتنی ژمارەیەک تێکدەر سەرهەڵدا. بەپێی هەواڵێکی باوەڕپێکراو، تورکان دەیانویست دوای بەجێهێشتنی ناوچە ژمارەیەک تێکدەر بۆ ئاژاوەگێڕان و ڕاگرتنی بەخرۆشی ناوچەکان بنێرنە ئەو مەڵبەندە. تەنانەت بە لەبەر چاو گرتنی ڕووداوەکانی دواییش مرۆڤ ناتوانێ بڵێ حەق بەکام لا بوو، بەڵام ناکۆکیی بیروبۆچوونی ئەوان شوێنی خراپی لەسەر پلانی من بۆ سلێمانی دانا.

## ٢٢- کاروانی کۆیە

-٢-

لە بەغدا، لەگەڵ سەرتیپی هەوایی «ل. ئی. ئو. چارلتن، هێرسۆن[١] و مەکنیس» فەرماندەکانی هێزی هەوایی و بوردلین شیومان دەخوارد، کە بروسکەی گرتنەوەی سەرلەنوێی ڕەواندزم پێگەیشت. ڕۆژێک پێشتر بۆ گفتوگۆ لەسەر پەسەندکردنی پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی و بەشداریی کردن لە میواندارییەکی شیوخواردندا کە بەبۆنەی تەواوبوونی خزمەتی سێرپرسیو خانەنشین بوونی و ڕۆیشتنی بنەماڵەی کاکس لە عێراق پێکهاتبوو، بە فڕۆکە هاتبوومە بەغدا. ئەو میوانداریيە، بۆ من زۆر خەمهێنەر بوو: تەواوی خزمەتی دە ساڵەم، لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٢دا، وەک لاوێکی تازەکار هاتبوومە «بوشەر» لە ئۆرگانی سەربە سێر پرسی یا لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەودا تێپەڕکردبوو. من هەمیشە ئەوپەڕی ڕێز و نەوازیشم لەو و لە «لیدی کاکس» دیبوو. تەنانەت ئێستاش ناتوانم ئەو ڕاپۆرتە نهێنییەی کە ئەو وەک بابێکی دڵسۆزکاتی ڕۆیشتنی لەعێراق لەسەر منی نووسیبوو، بەبێ هەستی فرزەندیی بێڵمەوە[٢].

ئاکامی گشتیی گفتوگۆکانی بەغدا ئەوە بوو، کە تا ئەوکاتەی شێخ مەحموود لە دەوروبەری سووورداش لەناو نەچێت، هیوایەک بەدی ناکرێ کە دوای دەرکردنی تورکەکانیش لە ڕەواندز بتوانین کەرکووک بەبێ دەستێوەردان و گێرەشێوێنی ئیدارە بکەین. دوو گوردانی ئینگلیز لە کاروانی کۆیە، کە بەگشتی لە سەربازی نوێ پێکهاتبوون و دوای تەواوبوونی شەڕ هاتبوونە ڕیزی سوپاوە، لەو عەمەلیاتەی کە لە فەسڵی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، پاڵەوانییەتی بەرچاویان نواند، بەڵام لە گەڕانەوەدا بەهۆی نەخۆشی زگچوون و بەلەفیرەی خوێناوی و نەخۆشییەکانیتری ناوچەیی، کەپتر سەربازە نوێیەکان دەیگرن، وەک گەڵای پاییز وەریبوونە سەرزەوی. لەبەر ئەوە بڕیاردرا ئەو دوو گوردانە لەگەڵ دوو گوردانی خاوەن ئەزموونی سوپای هێندستان (گوردانی ١/١٣ی پیادە لە هێزی سەرسنوور واتە گوردانی ٥٥ی پێشووی گوک و یەکانی ٣/١٦ی پەنجاو واتە یەکانی ٣٣ی پێشووی پەنجاو) بگۆڕنەوە و هەوڵی

1- L.E.O.Charlton, Hearson

٢-بەپێی یاسا، ڕاپۆرتێکی وایان بەر لەناردنی بۆ بەرپرسانی باڵا، سەرەتا بەخاوەن مەبەستەکە پێشان دەدا.



گرتنەوەی سلێمانی بدەن.

ڕۆژی ٢٧ ئاپریل گەڕامەوە کەرکووک و بەیانی ڕۆژی دوایی بە فڕۆکەی ستوان «ئا.ئو.ود»[٣] چوومە کۆیە. کاتێک لە شار نزیک بووینەوە توشی ڕەشە بایەکی توند و بەهێز بووین، کە بە شێوەیەکی ترسناک بە بناری هەیبەتسوڵتاندا دەهاتە خوارێ و فڕۆکەی ئێمەی بەشێوەیەکی مەخۆف بەسەر تەنیشتەکانیدا لار دەکردەوە. کاتی نیشتن چی نەمابوو تەوژمی ڕەشەبا ئێمە لەجێ هەڵکەنێ. هۆی ئەو چاوپێکەوتنە و چاوپێکەوتنێکی تر لە چواری مانگی مایدا، درێژەدانی پەیوەندی بە بزوتنەوەکانی عەشایریی لە ناوچەی ڕانیە و دیداری سەرۆکی عەشیرەتەکانی دۆست و نوێنەرانیان، بەتایبەتی نوێنەری بابەکر ئاغا بوو، کە بەشێوەی ئاسایی درێژەی بەو هەڵسوڕانە دیپلۆماتییانە دەدا، کە تێکەڵاوی ژیانی ببوون. یەکێک لە سەرکەوتنەکانی، کە کوڕەکەی بۆ ئێمەی نووسی و من ئەوکات گرنگییەکی زۆرم پێنەدا، جیاکردنەوەی بایزئاغا لە بەرەی دژبە ئێمە بوو. بایزئاغا سەرۆکی بنەماڵەی هەباس ئاغا و لە خانەدانی میراودەلی بوو. بایز ئاغا و کوڕەکانی لە «هەنجیرە» و دوو سێ گوندی ڕووبەڕووی لای هەرە باشووری دەشتی مەرگە دەژیان.

لەپێنجی مای، فەرمانەدەی عەمەلیات دەستوری عەمەلیاتی ڕاگەیاند. خاڵی یەکەمی ئەو دەستورە کە چۆنیەتی عەمەلیاتەکەی ڕوون دەکردەوە بەم جۆرە بوو:

> بەمەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی حکوومەت لەو ناوچەیەدا، کاروانی کۆیە بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕێکخراو بۆ دەستبەسەردا گرتنی سلێمانی دەچێ و بەمجۆرەی کە تا ئێستا بڕیاری لەسەر دراوە، ڕۆژی ١٤ی مانگی مای کەرکووک بەجێدێڵێ. دوای داگیرکردنی سلێمانی وەک پێویست بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی شێخ مەحموود و لەناوبردنی دامودەزگاکەی و سزادانی ئەو ژمارە عەشیرەتانەی کە دژایەتی ئێمەیان کردووە، عەمەلیاتی فەرعی ئەنجام دەدرێ. چونکە ئێستا ناکرێ شکڵ و ڕادە و مەودای ئەو عەمەلیاتانە ڕوونبکرێنەوە، ئەو چەشنە عەمەلیاتانە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەدا بن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی پێویستن و لە خۆتێوەردان لە عەمەلیاتی دوور لە ناوەندی ئەسڵی واتە سلێمانی پارێز

3- A-O.Wood

دەکرێ، چونکە ئەوکارە لەوانەیە تەگەرە بخاتە سەر ڕێی کاروان و ماتەلی بکات و دەرەتانی ناردنی دەستبەجێی هێزەکان بۆ عەمالیاتێکی تر نەهێڵێ.

دوای ڕاگەیاندنی ئەو فەرمانە، ڕۆژی هەشتی مانگ بەیاننامەیەک نووسرا کە بە فڕۆکە، بەسەر شاری سلێمانی و ناوەندەکانی تردا بڵاوبکرێتەوە. ئەو بەیاننامەیە هەڵوێستی دەوڵەتی بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی سەرلەنوێی سلێمانی، بێ دیاریبیکردنی مێژوو ڕادەگەیاند و دەیگوت تەنیا ئەو کەسانە سزا دەدرێن کە لە بەرامبەر هێزەکانی حکوومەتدا ڕاوەستن.

لە پێنج تا دەی مانگ، دیسان لە بەغدا بووم و هەوڵمدەدا بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی بۆ ئیدارەکردنی سلێمانی وەرگرم تا دوای گرتنەوەی ئەو شارە و جێگیربوونی سەرلەنوێی هێزەکانی حکوومەت لەوێ، شێوەی بەڕێوەبردنەکەی دیار بێ، بەڵام هەڵسوڕانەکەم دەستکەوتی بەرچاوی نەبوو. هێشتا دڵنیا نەبووم کە کاروانی کۆیە وەرزی هاوین لەو ناوچەیە بمێنێتەوە. بە ئینگلیستان پێشنیاز کرابوو کە کاروانی سەرسنوور سەربازگەیەک لە (هێزەکانی ڕێکوپێک) لەو جێیە ساز بکات و تا پێنج سەد ژاندارمە بە پارەی خەزێنەی حکوومەتی ناوەندیی دامەزرێنێ و فێری مەشقیان بکات و سەربازگە تازەکەیان پێ بسپێرێ و هێزەکانی دەوڵەتی سەرپەرشتیکەر بگەڕێنەوە و ئەوان بارودۆخەکە ڕاگرن. دەربارەی شێوەی دامەزراندنی شکڵ و شێوەی دەزگای ئیداریش ناکۆکی قوڵ لە نێوان کۆمیسێری باڵا و دەوڵەتی عێراقداهەبوو. سێر هنری دابز دەیگوت تا ئەوکاتەی کە شێخ مەحموود ئازاد بێ هیچ ڕژێمێک ناتوانێ دەوام بێنێ. ئەگەر ئەو نەکوژرێ یا بەدیل نەگیرێ، باشترە لەگەڵی ڕێککەوین. لە لایەکیترەوە، پارلەمانی عێراق بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان و ناوەرۆکی ئەو بەڵێنەی کە بۆخۆی لە بەیاننامەی کریسمەسی ١٩٢٢دا ڕایگەیاندبوو، دەیویست بەرەو دامەزراندنی شێوە دەزگایەکی ئیدارەکردنی ناوەندیی بچێ، کە بەتەواوی بە بەغدا ببەسترێتەوە، کە ئەوەش بێگومان بە هیچ جۆرێک جێگای پەسەندی ڕێبەرانی کورد نەبوو.

من لە پلەی حاکمی سیاسی ناوچەدا، هیچ کام لەو دوو شێوە بۆچوونانەم بە دڵ نەبوو. لە حاڵێکدا لە گرنگیی بیروبۆچوونی دابز دەگەیشتم، بەدوای ئەزموونی ساڵی ١٩١٩و ١٩٢٢دا بەو ئاکامە گەیشتبووم کە هەرچەشنە مامەڵەیەک لەگەڵ شێخ مەحموود بە واتای نوێ کردنەوەی ئەو بارودۆخەیە، کە کۆتایی پێ هێنانی ئامانجی سەرەکی ئەو عەمەلیاتە



بوو. من بەڕاستی بەبێ ئەوەی کە تا ئەو ڕادەیە بچمەپێش کە لە ڕاگەینراوی کریسمەسدا بەڵێن درابوو، داوای شێوە چارەسەرکردنێکی بەرفراوانترم دەکرد، کە لەودا هەستی گشتیی کوردە میانەڕەوەکان بەرەو حکوومەتێکی نیوە خودموختار ببزوێنێ. بەو حکوومەتە نیوەخودموختارە ڕێگا بدرێ بەهێندێک پشتگرتن لە لایەن حکوومەتی سەرپەرشتکەر و دوایی لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە خۆی لەسەرپێ ڕاگرێ. دابز لە وەڵامی ویستی مندا ڕایگەیاند، هەرچەندە لەسەر ڕای خۆی دەمێنێتەوە، بەڵامبەهۆی ناکۆکی لەسەر دانانی سەید تەها لەپلەی قایمقامی ڕەواندزدا، کە بە پێداگرتنی ئەو سەری هەڵدابوو، نایەوێ بیروبۆچوونی من و خۆی بە سەر دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنێ کە ئامادەی پێشووازی لێکردنی نیە.

کاتێک لەگەڵ چاپمەن (جێگری حاکمی سیاسی) و «گراودن»(٤) (ئەفسەری پشکنینی پۆلیس، کە سی(٣٠) پۆلیسی سوارەی کەرکووکی سەرپەرشتی دەکرد) هاتینە باشگای بارەگای وینسنت، دۆخەکە بەمجۆرە بوو کە ئاماژەم بۆ کرد. ئەندامانی تری ئەو بنکەیە تا ئەوجێیەی لەبیرمە بریتی بوون لە: سەرگوردی هەوایی «ئا. ف. باستو»(٥)، سەروانی ستاد (ڕۆکن) «دابلیو. ئا. لوت»(٦) و ستوانی فڕۆکەوان «جێ. ئی. گینز»(٧)، کە پەیوەندییگری هەوایی بوو. من تەنیا دەمتوانی بەوە ئومێدەوار بم کە کاتێک بە ئامانج دەگەین دۆخەکە بەشێوەیەک بێ کە ئەم جارەش بتوانم وەک ئەفسەری سیاسی لەگەڵ هێزەکان لە گۆڕەپانی خەباتدا بم. ئەوکارە بۆ من ئەوەندە خۆش و دڵڕفێن بوو کە لە تاڵی چاوەڕوانییەکەی کەم دەکردەوە: ماوەی چوار ساڵ بوو کە بەوردی ئەو کارەم دەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەزەحمەت دەمتوانی چاوەڕوانی دووپات بوونەوەی ئەو شانسە بم کە لە هێرشەکانی پێشوودا ڕویان تێکردبووین.

ئەو ڕاپۆرتەی خوارەوەم دەربارەی دۆخی سیاسی و سیاسەتی عەشیرەتیی بۆ فەرمانەدەی کاروان نووسی: دوای دەرکردنی شێخ مەحموود لە سلێمانی و هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ئیداریی ئەو شارە، ناوچەیەکی بچوک لە گوندەکانی شێخ بزێنی

4- Growden
5- A.F.Bastow
6-W.A.Lovat
7- G.E. Gibbs

که ناحیەی شوان له زێ جیا دەکاتەوه به ناڕوونی مابوونەوه؛بەهۆی قەتڵێک و کۆمەڵە ئاژاوەیەک که لەو ناوچەیەدا ڕوویاندابوو، ناچار بووم مودیرێکی «دژی گولله» بەناوی وەهاب بەگ لەگەڵ ژماره پۆلیسێکی کەم، که خەرجیان له داهاتی ناوچه دابین دەکرا، له کەرکووکەوه بەرمه ئەو ناوچەیه و گوندەکانی باکوری «قەلاسێوکه»[8]شی لەگەڵ بخەم و ناحیەی پێشوو ئاوەدان کەمەوه. بەم جۆره، عەشیرەتی شێخ بزێنی دەکەوته ژێر فەرمان. ئەمینی ڕەشید ئاغا، چەمچەماڵی بۆ ئێمه ڕاگرتبوو و زۆربەی ئەندامانی هۆزی بەگزادەش، که هۆزی هەره به هێزی ناوچه بوون، لەم دواییانەدا هاتبوونه ژێرفەرمان. لەبەر ئەوه، چاوەڕوان نەدەکرا که ئەم هۆزه ڕامنەکراوه کۆسپ و دژواریی بخولقێنێ، بەڵام ژمارەیەک له پیاوه ناسراوەکانی کەرکووک لەگەڵ سەید محەمەدی جەباری بوون، لەبەر ئەوه دەرەتانی بۆسه دانان و تەقەکردن له لای باشووری ڕێگا چاوەڕوان دەکرا؛ بەڵام نەجوڵانی سادات لەو ڕووداوەی دواییدا و دەستوبڕد کردن له کۆکردنەوەی کاروان له کەرکووک، ئەنجامی شتێکی ئاوای له ناو دەبرد. شێخ مەحموود، ماوەیەک لەمەوبەر له پشدەر گەڕابووەوه: بابەکر ئاغاهەوڵی شێخ مەحموودی بۆ ڕاپەڕاندنی خەڵکی ناوچه له پشت سەری کاروانی کۆیه، له کاتێکدا کاروان بەرەو ڕەواندز دەڕۆیشت، پوچەڵ کردبووەوه. ئەو هێزانەی که لەنێوان گوندەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی و زێ جێیان گرتبوو، له ئەندامانی «هێزی ڕێکوپێکی ناوچەیی» و گوندییەکان پێکهاتبوو و ژمارەیان له شەش سەد کەس تێدەپەڕی و ساڵحی ساحێبقران فەرماندەیان بوو. بنکەی شێخ مەحموود هێشتا له جاسنه بوو و عەشیرەتێکی زۆری لەگەڵ نەکەوتبوو و بێگومان دەیویست له بازیان یا له تاسڵوجه پێشمان بگرێ و شەڕمان لەگەڵ بکا، بەڵام داخوا ورەی چەکدارەکانی ئەوەنده بەرزبوو، که ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێنن. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بیره بەڵگەیەکمان به دەستەوه نەبوو.

شەو ڕێژنه بارانێکی توند باریبوو. سەعاتی شەش و نیوی بەیانی ڕۆژی دوازدەی مانگ که له کەرکووک دەرکەوتین، تۆزوخۆڵ نیشتبوو و هەواش زۆر فێنک و خۆشبوو. ڕێگای

---

8-گوندی گرنگی ئەو گروپه «عەسکەر»ی ناو بوو، که شوێنی زادو وەلەدی بنەماڵەی جەعفەر پاشای عەسکەریی، هاوکاری فەیسەڵ له ڕاپەرینی عەرەبەکان دژی تورکان و مێردی خوشکی نوری سەعید پاشا بوو. هەروەها خوشکی جەعفەر پاشا ژنی نوری سەعید بوو. له ساڵی ١٩٢٤دا، ناحیەیەکی کاتی بەناوی (زێ) پێکهات؛ ناوچەی شێخ بەزێنی درایەوه بەشوان و قەلاسێوکه تێکەڵی چەمچەماڵ کرا.



ڕۆژی یەکەممان کورت بوو و تەنیا حەوت مایل ڕۆیشتین: له «چیمەنەگەوره» دابەزین، که بۆ ئۆردوی سەربازیی جێیەکی خۆش و ڕوبارێکی پڕئاوی هەبوو. ڕۆژی سێزدەی مانگ گەیشتینه «پاشبلاغ» و له جێگەیەکی خۆش و دلڕفێن له قەراخ جۆگەئاوێکی خوڕێن،که بەلای باشووری ڕێگاکەوه بوو، له دوازده مایلیی چەمچەماڵ و بیست و سێ مایلیی دەربەندی بازیان چادرمان هەڵدان. ڕۆژی دوایی، له چەمچەماڵ، ئەمینی ڕەشید ئاغا له تایفەی بەگزادەکان و دۆستی ساڵی ١٩١٩م لەگەڵ مشیر ئاغای بەگزاده ڕاپۆرتی هەوایی ئێمەیان دەربارەی نەگرتنی دەربەندی بازیان بەڕاست گەڕاند. بەم جۆره وینسنت هەرئەوکاته بڕیاریدا بەرەو خانەقای کاک ئەحمەد بچێتەپێش، که گوندێک بوو له دوو مایلیی دەربەندو ئاوێکی زۆری هەبوو؛ هێشتا شەو نەهاتبوو، که سیکەکان له بەرزایەکانی هەردوو لای گوندەکه کێشکیان دەدا. من لەگەڵ کاروانەکه بەشێکی ڕێگا گەڕام، بەڵام کەسم نەدی. ڕۆژی پازده، توند و بەپەله له دەربەندی بازیان و کەلی تاسڵوجه تێپەڕین و گەیشتینه «کەندیکەوه» له دوازده مایلیی سلێمانی. له ماوەی دوو ڕۆژدا، چل و سێ مایل ڕێگامان بڕیبوو. چالاکی و دەستوبرد له کۆکردنەوەی کاروان و بزواندنی، بەتەواوی شێخ مەحموودی خافڵگیر کردبوو. ئەو نامانەی که دوایی بەدەست ئێمه گەیشتن، بەبێ هیچ شکوگومانێک، پێشاندەری ئەوه بوون که چەکدارەکانی شێخ مەحموود له فیکری گرتنی تاسڵوجەدا بوون: شێخ مەحموود له نامەیەکدا که ڕۆژی چواردەی مانگ بۆ فەرماندەی کاروانی نووسیبوو، ڕادەگەیەنێ هەوڵ مەده بەرەو چەمچەماڵ بێی. ئەو نامەیه له «کەندیکەوه» گەیشته دەست فەرماندەی کاروان. سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژه، شێخ مەحموود بۆخۆی له جاسنەوه بەرەو سلێمانی دێت، تا بەڵکوو بتوانێ لەمپەر بخاته سەر ڕێگای کاروان، بەڵام ئاگاداریان کردبوو یا بۆخۆی دیبووی که هێزەکانی ئێمه دوا کۆسپەکانی سەر ڕێگایان بڕیوه، لەبەر ئەوه گەڕابووەوه و گوتبووی له «شێخ باخ»ەوه بۆ ماوەت و شارباژێڕ پاشەکشه بکەن. ئەو کردەوەیه پێشانی دەدا که خەریکی چوون بۆ ئێرانه.

ڕۆژی شازده، له تۆفانێکی سەخت و به تەوژمدا، بەرەو سەرچنار چووینەپێش: له پەیامێکدا که ڕۆژی پێشوو بەفڕۆکه بەسەر شاری سلێمانیدا بڵاومان کردبووەوه، له گەوره پیاوانی شارمان داوا کردبوو، بێنه سەرچنار. بەیانی ئەو ڕۆژه وینسنت له بابەتێک دوا، که منی نیگەران کرد: گوتی چونکه خەڵکی سووورداش، مەرگه و شیلانه ڕۆڵی بەرچاویان هەبووه له هێرشکردن بۆ سەر کاروانی ڕانیه و هەروەها له مانگی ئاپریلیشدا لەوبەری

ڕووبار تەقەیان لە کاروانی کۆیە کردووە، تەنیا شەوێک لە سەرچنار دەمێنێتەوە و دوای ئەو، بە تەواوی کاروانەوە دەچێ خەڵکی ئەو گوندانە سزا بدات. گومان ناکرێ کە ئەوە کارێکی بەجێ بوو و لە ڕاستیدا ئەوکارە لە پلانی عەمەلیاتی تۆڵەسەندنەوەی من بۆ کاروانی کۆیە، لە کاتی جێگیربوونی لە ناوچەی ڕانیە یەکەم هەنگاو بوو، بەڵام گۆڕینی ڕێگای کاروان و چوونی بۆ ڕەواندز پێشی بەوکارە گرت. سەرەڕای ئەوانە هیوادار بووم ئەوکارە دوای گرتنەوەی سلێمانی لە بارودۆخێکی گونجاودا ئەنجام بدرێ، بەڵام کارێکی ئاوا، لەوکاتە ناسکەدا و بە دوور لەو ڕێگایەی کە شێخ مەحموود گرتبوویە بەر، لەوەی کە بەکردەوە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەزگای ئیداریی لە ناوەندی پارێزگا ئەنجام درابێ، هیچ لەگەڵ بۆچوونی من نەدەهاتەوە. چی دەکرا؟ فەرمان دەبێ بەڕێوەبچێ. لەبەر ئەوە، لەگەڵ گەورەپیاوانی شار بۆ جێبەجێکردنی هێندێک کار پێویست تا گەڕانەوەی کاروان چوومە سلێمانی. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسم سەرلەنوێ خستەوە ژێرفەرمانی سەرۆکی پێشووی پۆلیس. بە لێپرسراوی شارەوانیم گوت لەسەر ئەرکی خۆی بێ. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگم لەسەر هەموو دەزگا ئیدارییەکان داناو شێخ قادری برای شێخ مەحموودم کردە بەرپرسی ئاسایشی گشتی. بە پەیمانکارەکانم گوت بەرلە ئاوابوونی خۆر، ئازوقە و پێداویستیەکانی کاروان بەرنە سەرچنار.

تەواوی ئەوکارانەم لە خوێندنگەی ناوەندییدا ئەنجام دان، کە ساڵی ١٩١٩ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی ئێمە بوو و شێخ مەحموود کردبوویە نووسینگەی خۆی. لە پشت سەندەڵییەکەی وێنەیەکی قاپکراوی خۆی بوو، کە لەسەر تەختەیەک کە کاغەزی قاوەیی تێگرابوو، هەڵواسرابوو. ئاڵایەکی کوردستان و تاجێکی پولەکە ڕێزیشم دۆزیەوە کە ئامادەی پێکەوەدان بوون و دەیانویست بیکەن بەئاڵای دەوڵەتی شێخ مەحموود[٩]. دوو گروپی چەکدار، ڕۆژی هەفدە هاتنە سەرچنار و خۆیان تەسلیم کرد؛ من زۆربەی کاتی ئەو ڕۆژەم بۆ تەواوکردنی کارەکانی ڕۆژی پێشوو تەرخان کرد و هەروەها نوێنەری خەڵکی ئەو گوند و عەشیرەتانەشم بینی، کە هاتبوونە لامان و قسەم لەگەڵ کردن.

ڕۆژی دوایی بەرەو باکوری ڕۆژئاوا چووینەپێش و ڕۆژی سێیەم گەیشتینە زێ و لە

٩- ئەو دەستکەوتانەم ئێستاش ماون؛ ڕەنگێکیشم هەبوو، کە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمووددا بۆ چاپکردنی تەمر (پول) کەڵکیان لێ وەردەگرت. ئەو ڕەنگەم دا بە ئا.چ. میسن. ئەو وەستاکاری دەوڵەت و تەمربازێکی شێلگیر بوو.



«گردەبۆر»، «حاجیئاوا»و دوکان ئۆردومان لێدا. ڕێگاکەمان بەژێر پیرەمەگروونداتێدەپەڕی، کە باڵای جوانی لەوبەری شیوی دەستی ڕاست ٦٠٠٠پێ سەری بەرز کردبووەوە. لە سووورداش بنارەکان بە داربەڕو و دەوەن داپۆشرابوون و هێندێک شوێنیش داری زل و ئەستوری لێ بوو، کە گۆڕستانی کۆن و چاک و پیر بوون و سێبەری فێنک و خۆشیان بۆ ڕێبواران پێکهێنابوو. تەواوی ئاودڕەکان بەگوڵە ژاڵە داپۆشرابوون و گوڵەکان لەوپەڕی جوانییدا دەدرەوشانەوە؛ ڕووباری تابین بەتایبەتی لە حاجی ئاوا لەو جێیەی کە جادەی لێ دەپەڕێتەوە بەتەواوی سوور دەبینرا. ئۆتۆمبێلی شێخ مەحموودمان لەناو ئاوی ڕووبارەکەدا دۆزییەوە.

لە سێیەم ڕۆژدا، لەگەڵ گروپێک سەربازی هێزی گوک لە جادە لاماندا و چووینە جاسنە. لەوێوە ڕێچکەیەک بە شیوی پشت گوندەکەدا تێدەپەڕیو دەچووە شێخ باخ. جۆگەلەئاوێکی زۆر ڕوون و سارد بەسەر گاشەبەردێکی سپیدا دەڕژایە خوارو بەنێوان پۆلێک گوڵەژاڵەی سووردا دەڕۆیشت. بەر لەوەی کە درێژە بە ڕێگا بدەین، تێر ئاومان خواردەوە. دیوارێکیان لە بەشی باشووری ئەو ئەشکەوتە بە ناوبانگە هەڵچنیبوو و ئەو بەشەیان بەتەواوی لەبەر چاوان شاردبووەوە. تەختی ئاسنی خەوی شێخ مەحموود و چەند کورسی چایخانە و چەند تەرسی ئەسپ لەو جێیە بوون؛ لە هۆدەیەکی نزیکی ئەودا دوو ئاڵای سەڵتەنەتی و دەزگایەکی تەلەفۆن دەبینران، کە بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ شێخ باخ و دوکان کەڵکی لێوەردەگیرا. هەروەها دەزگایەکی چاپ و عەمبارێکی ئاردی لێبوو، کە ئێمە بیست بارمان ئارد لەو عەمبارە برد.

ئەو شەوە نوێنەری گشت گوندەکانی باکوری ڕۆژئاوای سووورداش و گوندەکانی شیوی قەرەسەردو ناوچەکانی ئەولاتر هاتنە لامان. ئێمە زۆر شارەزای ئەو ڕێگایە نەبووین، کە بە قەرەسەرددا تێدەپەڕی، جیا لەوەی کە دەمانزانی ڕێگایەکی زۆر سەخت و پڕلە کۆسپە. نەماندەویست بە پرسین لە خەڵک، کە دوژمن ڕێگای گرتووە، هەڵوێستی خۆمان ئاشکرا بکەین، بەڵام دیسان لێوەشاوەیی کاروانەکە و توند و چالاکبوونیوتێکەڵاویی لێژنەکانی نوێنەرایەتی خەڵکی گوندەکان و ئاگادار بووڼمان لە پاشەکشەی شێخ مەحموود بەرەو ڕۆژهەڵات لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی هەفتا کەسیی و سەرئەنجام هاتن و تێکەڵبوونی بایز ئاغای هەنجیرە بە گروپی بابەکر ئاغا لەوبەری ڕێگای مەرگەدا، بەتێکڕا دەبوونە هۆی دڵنیا بووڼمان، کە بەخۆمان بسەلمێنین لەم ڕێگایەدا توشی هیچ چەشنە بەربەرەکانییەک نابین.

ڕۆژی بیست و یەکەم، بەر لەوەی کە خۆر دەربێ، ئۆتۆمبێلەکانمان لە دوکان بەجێهێشت. بە ڕێگایەکدا کە شیوی چوکی «دۆڵەڕوت»ی دەبڕی و لە یەکەم بەرزایەکان تێدەپەڕیی و دەچووە ناو باخەکانی «تۆبزاوا»و«ڕێکئاوا»، چووینەپێشو سەرئەنجام بە ڕێچکەیەکدا دوو هەزار پێ سەرکەوتین. سەرەتا بەناو ڕەزاندا و دوایی بە دارستانێکی داربەڕواندا کە هەردوو لای حەشارگەی باشبوو بۆ چەکداری دوژمن گەیشتینە سەر لوتکەی چیا. ڕێگا پشوبڕ بوو، بەڵام کزە بای فێنکی ژێر سێبەری درەختەکان مرۆڤیان دەحەساندەوە. دیمەنێکی بەڕاستی جوان و دڵڕفێن لەبەرچاومان بوو: دارستانی داربەڕو، دارە هەنجیرەکێوی و دەوەنی جۆراوجۆر دەوریان تەنیبووین؛ تەپۆڵکە داپۆشراوەکان بە ڕەزی «کوێرەکانی» و «پاڵکۆ» لە ڕووبەڕوومان بوون. ئەو تەپۆڵکانە دەخزێنە ناو شیوێکی گەورەوە. ماوەیەک بیر لەوە دەکرایەوە کە ئەو شیوە زارکی چەمچەماڵ بێ، بەڵام لەو لای زێ، لە دۆڵی دەربەند سەری دەهێنایەدەر و بەشێوەی زنجیرەیەکی بادراوی وەک تێل، لولی دەخوارد و ڕێگای دەشتە پان و بەرینەکەی بتوێن و مەرگەی دەگرتەبەر و سەرئەنجام لە بەشی خوارووی ئەودا تەواو خڕ دەبووەوە و دەچوە ناو شیوی باکوری دوکان. لە باسکی چەپی ئێمە، دوندی هەیبەت سوڵتان و کۆسرەت بوو، کە لە کۆتاییدا پێکەوە دەنوسان، لەگەڵ سێ گوند کە بەسەر بناری ڕۆژهەڵاتیدا پان ببوونەوە؛ دوایی لوتکە بۆرەکانی شاور و ناودەشت لە دوورەوە، لەوبەری دەشتەکە شان بە شانی هێڵی دەربەند، بەفرە ورشەدارەکەی قەندیل بوو، کە بەرەو ڕێگای گەلاڵە و «کۆترەل» دەهاتە خوارێ. لەو نزیکانە، لە لای ڕاست، چیای «کۆلارە» جێی گرتووەو بەرەو «کوڕکوڕ» بەرز بووەتەوە و هێشتا پەڵە بەفری بەسەرەوە بوو. سەرئەنجام بنارە ڕوتەکانی باشووری بەرزاییەکانی جافەڕەشکە دەبینران.

لە هەلێکی باشدا گەیشتبووینەجێ و نەدەکرا چۆنیەتی ڕای خۆمان لەو هاتنە بشارینەوە. وینسنت بڕیاریدا دەستبەجێ عەمەلیاتی تۆڵە و ئازار دەست پێ بکا. فڕۆکە شەڕکەرەکان و بۆمبهاوێژەکانی عێراق، تا ئێستا دەزگای بێسیمیان لەسەر دانەمەزرابوو و هێزەکانی زەویش بێسیمی بارییان پێنەبوو. پەیوەندییگرتن لەگەڵ فڕۆکەوانەکان بە شتێک ئەنجامی دەگرت کە بە لەوحەی «پوپام»[10]ی دەناسرا. پوپام قوماشێکی ئەستوریی لاکێشی گەورە بوو لەگەڵ چەند ڕیشاڵی ڕەش و سپی کە لە دوورەوە باش

10- Popham Panel



دەبینران. شێوەی ناردنی پەیامەکان، بە گۆڕینی جێگەی ڕیشاڵە سپییەکان ئەنجام دەدرا، کە بەپێی بڕیاری پێشوو بۆ فڕۆکەوانەکان دادەنرا. پەیامە درێژەکانیش لەنێو تورەکەیەک دەخرانو ڕیشاڵی ڕەنگاوڕەنگیان پێ هەڵداوەسیو بە تەنافێکی درێژ هەردوو سەریان لە دارێکی درێژ دەبەست و هەڵیانداوەسی. فڕۆکەوانەکان بە قولاپێک، کە بە تەنیشتی فڕۆکەکانیانەوە بوو، تورەکەکەیان هەڵدەگرت و پەیامی خۆشیان بە تورەکە دەخستنە خوار. هێزی پەیوەندیی هەوایی هێشتا لە ڕێگادا بوو و هەوڵی دەدا بەشێوێکدا بێتە سەر و هێندێک دوا کەوتبوو، بەڵام «گیبز» دوو سەرەداری قوڵەی لە دوو سەرە درەخت بەست و فڕۆکەوانی بریستول هات و بە جارێک پەیامەکەی لە نێوان ئەو دوو دارانە هەڵگرت.

شۆڕبوونەوەمان بەرەو هەنجیرە واتە ئەو جێیەی کە بایز ئاغای پشدەریی هاتبوویە تا لەوێ پێشوازییمان لێ بکات و ئامادەبوونی خۆی بۆ بەجێهێنانی فەرمانی ئێمە ڕابگەینێ زۆر دوور و لێژ بوو. دوای پشودانێکی کورت، کاروان دابەشکرا. من لەگەڵ پەنجابییەکان چوومە گوندەکانی «بنگرد» و «بەردەشان»ی سەر بە هۆزی شیلانە: لێرە، ئێمە کەوتینە ژێر ئاگری چەکی دوژمن، بەڵام زیانمان پێنەگیشت. تەنیا سزایەک، کە فەرماندەی کاروانێکی سزادان دەتوانی لەو بارودۆخەدا ئەنجامی بدات، ئەوە بوو کە ئاژەڵی دوورنەخراوەی گوندەکە کۆبکاتەوەو ماڵ و گوندەکە بسوتێنێ. ئەوکارە، بەم جۆرەی کە پێشاندەدات هێندە توند و کاریی نیە، چونکە ماڵی ئەو گوندییانە کۆمایەک کەپری قوڕێنییە، بەڵام دیسانیش پەیداکردنی دار بۆ دارەڕای میچەکان پارە و کار و زەحمەتی دەوێ. ئێمە دەچووینە هەر گوندێک بۆ ئەوەی مزگەوت تالاّن نەکرێ، بە ئەفسەری بەرپرسی عەمەلیاتم دەگوت کێشکچی بۆ مزگەوت دانێ، چونکە جیاکردنەوەی مزگەوت لە ماڵەکان بۆ کەسێکی ناشارەزا کارێکی دژوارە. کردەوە و هەڵسوکەوتی پەنجابییەکان و ئەندامانی هێزی کوک، کە من ڕۆژی دوایی لەگەڵیان چوومە چوار گوندی شیلانە بەرۆخی ڕوبارەکەوە لەگەڵ بەساڵداچوانی بەجێماو لە گوندەکاندا زۆر باشبوو: چەکدارانی ئەو دوو هەنگە موسوڵمان بوون، بەڵام چاپمەن کە لەگەڵ سیکەکان چووبووە مەرگە و دوو کۆخی ڕووبەڕووی، کە توشی کۆسپ و دژواریی ببوو. کردەوەی سیکەکان بێگومان بەهۆی ناکۆکی ئایینی یا بیرەوەرییە تاڵەکەی «کاروانی ڕانیە» بوو.

لە هەنجیرەوە پەیامێکم بە فڕۆکە نارد بۆ بابەکر ئاغا بۆ گوندەکەی خۆی لە نزیکی قەڵادزێ و داوام لێکرد بێتە فڕۆکەخانەی «سەرسیان» چاوم پێی بکەوێ. دیداری ئێمە مەترسی بۆ ئەو عەمەلیاتە کتوپڕە نەبوو، کە بەم زوانە ئەنجامی دەگرت. ئەو هاتە شوێنی

دیاریکراو؛ من لەگەڵی چوومە گوندی «مامەند ئاوا»، کە گوندی خۆی بوو و سێ مایل لە «بنگرد» واتە شوێنی ئۆردوگاکەمان دوور بوو. لەوێ، دوای وەرگرتنی دوا هەواڵەکان و ئاگاداربوون لە چۆنیەتی دۆخی عەشایری ناوچە، بابەکرم بردە ئۆدوگاکەمان کە چاوی بە فەرماندەی کاروان بکەوێ. فەرماندەی کاروان بە دیتنی ئەو پیاوە ناودارە، ڕێز و سوپاسی فەرماندەی گشتی پێ ڕاگەیاند و لە بابەت ئەو زەحمەتەی کە بۆ تێکشکاندنی پلانی شێخ مەحموود لەکاتی هێرشکردنی بۆ سەر ڕانیە کێشابووی، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی.

ڕۆژی بیست و چوارەم، سەرلەنوێ لە ڕوباری قەرەسەرد پەڕینەوە و چووینەوە دوکان و کاروان لەسەرخۆ گەڕایەوە سلێمانی. چونکە ڕاگەینرابوو ژمارەیەک گوللەتۆپیان لە جێیەک بەناوی «چاڵەخانە» لە بەرزاییەکانی شێخ باخ شاردووەتەوە، لەگەڵ گروپێک لە هێزی ئەندازیار کە فەرماندەکەیان سەروان «هامیلتۆن»[11] بەرپرسی دۆزینەوە و تەقاندنەوە بوو، چووینە ئەو جێیە. ڕێگای قەمچۆغەمان گرتەبەر، کە دەیانگوت لەو ڕێگایە خۆشترە کە بە جاسنەدا بۆی دەچێ. قەمچۆغە بەپێچەوانەی جاسنە لە زارکی شیوەکە دایە و لە لای خوارەوەی شوێنەواری قەڵا و سەنگەر و مەتەریزی جەنگی دەبینرێ و شوێنێکی قایمە. دەگوترا بابانەکان ئەو بەرگرانەیان لە بەرامبەر قەڵایەکدا ساز کردووە کە پاشا گەورەی ڕەواندز لە ڕۆخی ڕووبەروویدا زێ سازی کردبوو. زارکی وەک زارکی شێوەکەیتر جوان بوو. دوای نیو سەعات گەیشتینە دارستانێکی داربەڕوان. لەوێوە، بەرەو بەرزایی هەڵکشاین و دوای تێپەڕبوون لە گوندی «سەرمەرد» چووینە ناو دەشتێکی بەرزی پڕلە کەندوکۆ، کە لە نێوان دوو زنجیرە چیای قسڵی ڕووتی بێ دار و دەوەنی تیغە تیغەی لە مشار چوو هەڵکەوتووە. دەتگوت ئەو دوو زنجیرە چیایە لول دراوە تا ئەو شیوەی کە ئێمەی پێداهاتبووین دروست بکات. لەو چیایە تێپەڕین، لە ناو شیوەکەدا دیمەنێکی جوان بەرچاو دەکەوێ کە تا زارکی زێ و ئەوبەری قەرەسەرد و درێژەی ئەو واتە هەیبەت سوڵتان دەچێتەپێش. لەو جێیە، ڕوبار لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕێ دەگۆڕێ. بەناو ڕەزاندا چووینەپێش و دروست دوو سەعات دوای بەجێهێشتنی ئۆردوگا، بە نێوان درەختەکانی ژێر قەمچۆغەدا گەیشتینە کۆخی «ورەچای»، کە لەبان ملی شیوی جاسنەدا جێی گرتووە. دیمەنی ئەو ناوچەیە جوان و دڵڕفێنە: دۆڵی سووررداش و ڕوباری قەرەسەرد، بەرزاییەکانی

11- Hamilton



عەودالآن و قەرەداغ، نزیکی دەربەندی بازیان بە جوانی بەسەر کۆمەڵە مژێکدا دەبینران، کە بناری تەپۆڵکە بەرز و نزمەکانی داپۆشیبوو. سێ مایلیترمان مابوو تا بگەینە ئەشکەوت؛ من هەنگاوەکانم شل کردەوە و لەوانیتر بەجێمام، تاهێندێک باس و هەواڵ لەو کوردانە ببیسم کە لەناو ڕەزەکاندا کاریان دەکرد. سەرئەنجام کاتێک گەیشتمە چاڵەخانە گیانێکی نوێم پێ درایەوە: ئەگەر خولەکێک دوا کەوتبایەم، ڕاست دەکەوتمە ناو یەکێک لەو چاڵانەی کە گوللە تۆپی ٧٥میلیمەتری ئاڵمانییان تێدا شاردرابووەوە. هامیلتۆن خەریکی ئاگردانی پلێتە بوو. من هەر ئەوەندەم دەرەتان هەبوو، کە بەرلە تەقینەوەی گوللە تۆپەکان هاوکات لەگەڵ ئەو خۆ حەشار دەم.

دوای گەڕانەوەم بۆ ئۆردوگا، هەواڵێکی کورتم دەربارەی عەمەلیاتی ڕۆژی ١٢ تا ٢٧ی مای ١٩٢٣ی کاروانی کۆیە نووسی. چونکە بیرم لەوە نەدەکردەوە کە داهاتوو چ خەونێکی بۆ دیوین، بەداخەوە ڕاپۆرتەکەم بەو خاڵە (ڕێنوێنیکەرە) تەواو کرد.

ئەگەر بەربەرەکانی نەکردن لەگەڵ کاروان ئەو گومانە هەڵەیە لە مێشکدا پێکبێنێ کە کۆنترۆڵ کردنی کوردان دژوارە، ئێستا کە بەتایبەتی بڕیارە چۆنیەتی ئیدارەکردنی پارێزگای سلێمانی بخرێتە بەرباس، ڕەنگە هۆشیارکردنەوەیەک لەم بارەیەدا پێویست بێ. نووسەری ئەوم ڕاپۆرتە ئەوەندەی بەسە کە ساڵی ١٩١٩ لەپلەی ئەفسەری سیاسیی لە هێزی فریزر و ساڵی ١٩٢٣ لە کاروانی کۆیەدا خزمەتی کردووە و لە نزیکەوەش لەگەڵ ئەو ڕووداوانە ئاشنا بووەکە بوونە هۆی پێکهەڵپڕژانی ساڵی ١٩٢٢؛ هەروەها لە شکانی ڕانیەشدا لەو جێیە بووە. کوردەکانی باشوور دەکرێ بەئاسانی لە گیانی یەکتر بەردرێن؛ ئەوانە لە ئاست هێزێکی بەهێزتر لە خۆیان ڕادەکەن یا تەسلیم دەبن. لە لایەکیترەوە، ئەگەر ئەو هێزەی شەڕیان لەگەڵ دەکا لاواز بێ یا بەتەواوی بەربەرەکانیان لەگەڵ نەکا، وەرەی پەلاماردانیان بەرز دەبێتەوە، کە نابێ ئەو شێوەیە بەکەم بگیرێ؛ هەروەک چارەنووسی تورکان لە پاشەکشەی ساڵی ١٩١٨و شکانی ساڵی ١٩١٩و ١٩٢٢ی ئێمە پێشانیدا. کورد جیا لە هێز شتێکیتر ناناسێ و دەبێ بە زۆر ڕامی بکەی... دیارە ئەگەر بگونجێ باشترە بە نەرمیی ئەنجام بدرێ، بەڵام سەرئەنجام دەبێ بە هێز لەگەڵی ڕووبەروو بی. هێمنکردنەوەی ڕاپەڕینەکانی عەشیرەتیی بەشێوەی ئاسایی ماوەیەکی دەوێ؛ بۆ ئەم مەبەستە گورجوگۆڵ بوون و زوو جوڵانەوە شەرتی سەرەکی سەرکەوتنە. ئەگەر لە سەرەتادا بەبێ سڵکردن بە گورجی بەربەرەکانێ لەگەڵ بکرێ، هێزێکی چوک دەتوانێ هێمنایەتی ڕاگرێ. ئەگەرنا بۆ بەچۆکداهێنانی ڕاپەڕین زۆرجار پێویستی بە هێزێکی وەک

هێزی فریزر و کاروانی کۆیە دەبێ.

ڕۆژی بیست و هەشتەم هەرکە گەیشتینەوە سلێمانی بۆمان دەرکەوت کە شێخ مەحموود بۆ پیران پاشەکشەی کردووە. پیران گوندێک بوو لە خاکی ئێراندا، لە نزیکی مەریوان و نزیکەی دوو مایلیی سنوور و دە مایلیی باشووری پێنجوین هەڵکەوتبوو. چەند لایەنگریی هاتبوون و خۆیان تەسلیم کردبووەوە و دەیانگوت ژمارەیەکیتریش لە ڕێگادان.

ڕۆژی دوایی، سەرۆک وەزیر عبدالمحسن السعدون و سەرۆکی شارەوانی بەغداو ساحب نەشئەت، کە کوردی هەولێر بوو، لەگەڵ کورنوالیس بە فڕۆکە هاتنە سلێمانی و لەسەر شێوەی ئیدارەکردنی ئەو شارە گفتوگۆیان کرد. من لە بابەت هەواڵێکەوە کە کورنوالیس پێی ڕاگەیاندام سەرم سوڕما. گوتی: کاروانی کۆیە لە نیوەی مانگی ژوئیندا دەگەڕێتەوەو ڕەنگە هێزی«ڕێکوپێکی ناوچەیی سەربە کاروانی سەرسنوور» جێگای بگرنەوە. دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیستان گوشاری بۆ هێناوینو دەڵێ بەزووترین کات دەبێ ژمارەی هێزەکانی ئیمپراتۆریی لەعێراق کەم بکرێتەوەو ئەو ژمارەیەش نابێ لە شەش گوردان تێپەڕێ. ساردیی و لێڵ بوونی پەیوەندیی نێوان ئێمە و تورکیا ئەو مەترسییەی پێکهێنابوو، کە نەکات تورکان لە ناکاو لە «جزیرەی بنی عومەر»ەوە پەلاماری عێراق بدەن؛ دەوڵەتی ئینگلیستان نەتەنیا دژی ئەو پێشنیازە بوو کە کاروانی کۆیە تا تەواوبوونی هاوین لە سلێمانی بێ، بەڵکوو دەیگوت تەواوی هێزەکان دەبێ بەپەلە و بەبێ یەک ڕۆژ دواکەوتن بگەڕێنەوە بنکەکانی ئاسایی خۆیان؛ سەرەڕای ئەوە کۆمیسێری باڵا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ئەگەر تەنانەت سەید تەهاش قایمقامی ڕەواندز بێ، بۆ دڵنیا بوون لەوەی کۆسپێک بۆ ئەو شارە نەخوڵقێ، بوونی بنکەیەکی سەربازیی لەو جێیە پێویستە.

ڕۆژی دووی ژوئین، سێر هنری دابزیش هات و لەگەڵ سەرۆک وەزیر و هاوڕێیانی کەوت. گەڵاڵەیەک بە ڕێبەری کوردەکان پێشنیازکرا، کە لە ئەسڵدا بەگوێرەی پێشنیازەکانی پێشووی من ئامادە کرابوو، بەڵام بەشێک لەو داوایانەیان لێ دەرهاویشت بوو، کە لەگەڵ هەستی کوردایەتی یەکیان دەگرتەوە و هیچ خەرجیشیان بۆ حکوومەتی عێراق نەبوو. کۆمیسێری باڵا چونکە نەیتوانی بەڵێنیان پێ بدات تا سەقامگیربوونی هێمنایەتی و دامەزاندنی دەزگای ئیداریی نوێ، هێزەکانی بەریتانیا لەو جێیە دەمێنێتەوە، وتووێژەکان ڕاگیران. کۆمیسێری باڵا ئەوپەڕی دەیتوانی لەسەرمەسەلەی دواخستنی ڕۆژی چۆڵکردنی هێزەکان لەگەڵیان ڕێک بکەوێ و ئەو مەسەلەیە جارێکی تر بۆ بەریتانیا بنوسێ. بەشدارانی ئەو وتووێژە ڕۆژی چواری ژوئین گەڕانەوە بەغدا.



بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەسەر ئەو مەسەلەیەدا، دوایی کابووسێکی ڕاستەقینە بوو. بەم جۆرەی کە لە دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەمدا نووسیومە، لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەدا حەوت ڕۆژ بە فڕۆکە لە نێوان سلێمانی، کەرکووک و بەغدادا لە هاتوچۆدا بووم. هەوڵمدەدا کارێک بکەم بەڵکوو شتێک لە ڕوخان و وێرانبوون ڕزگار بکەم. سەرئەنجام ڕۆژی چواردە، کۆبوونەوەیەکی خەمبارم لەگەڵ شورای کاتیی شار پێکهێنا؛ کاتێک گوتم هێزەکانی ئێمە لێرە دەڕۆن و دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا ناوچە بەجێبهێڵن، ئەندامانی شورا بە کۆمەڵ دەستیان لە کار کێشایەوە. ئەوە لە حاڵێکدابوو، کە هەنگاوێک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە وپێکهێنانی دەزگای ئیداریی بە یارمەتی ئەفسەرە ئینگلیزەکان هەڵنەگیرابوو یا هەروەک بەڵێن درابوو تەنانەت ژاندارمەیەکیان دانەمەزراندبوو.

سێ ڕۆژی دوایی، پەرۆشی و دڵەکوتە بەوپەڕی خۆی گەیشت. ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە ئێمەوە هەبوو و خزمەتی زۆریان پێ کردبووین، لە ترسی گیانیان وەک سێلاو دەڕژانە نووسینگەکەم و ئەویان گەمارۆ دەدا و دەیانپرسی: چی بکەین؟ یا بۆ دەرچوون و ڕاکردن لە شار وڵاخیان دەویست. لەگەڵ چاپمەن و داگلس، کە لەگەڵ گەڕانەوەی ئێمە لە عەمەلیاتی شیلانە بە فڕۆکە هاتبوون، لە ترسی خەڵک توانای چوونمان بۆ شەقامەکانی شار نەبوو. ژنان بەدیتنی ئێمە دەوریان دەگرتین و سکاڵایان دەکردو دەیانگوت چەندمانگە موچەیان وەرنەگرتوە و ئەوانەش کە ترسیان لە خۆیان هەبوو، ڕیگەچارەیان لە ئێمە دەویست.

لە دوا دیدارەکانم لە بەغدا، هەوڵمدا ڕای بەرپرسان بۆ پەسەندکردنی گەڵاڵەیەک ڕاکێشم کە ماوەیەک پێشتر (بەرلەوەی کە باسێک لە کاروانی کۆیە کرابێ) نووسیبووم و لەوداپێشنیازم کردبوو لەکاتی پێویستدا ناوچەکانی نزیک بە کەرکووک و هەولێر لە لایەن ئەو دوو ناوەندەوە سەرپەرشتی بکرێن و سلێمانی چکۆڵە بکرێتەوە و ببێتە قەزایەکی ناوەندیی، کە گەڵاڵەکەم پەسەند کرا. لەگەڵ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و شێخ قادر قسەم کرد، ئەوان گوتیان ئەوە کاریی هەرە باشە کە دەتوانن بیکەن و تەنانەت گوتیان ئەگەر پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی ٣٥٠ مووچەخۆر دابین بکرێ و بیدەن بە ئەوان و ئەفسەر یا دەرەجەدارێکی ئینگلیز لە ناوچەدا بیێڵنەوە، ئەوان بەرپرسایەتی «قەزای» ناوەندیی لە ئەستۆ دەگرن. چاپمەن و داگلس ئامادە بوون بمێننەوە، بەڵام دابز پێشتر ڕایگەیاندبوو لە هیچ حاڵێکدا ئیزنی مانەوەیان پێ نادات. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کاری هەرە گرنگ کە من بۆم دەکرا ئەوە بوو، کە لە گەورە پیاوانی شار داوا بکەم

گەڕەکەکانی خۆیان بپارێزن و پێش بە دەستدرێژی و کاریی تێکدەرانە و ئەو پیلانانە بگرن کە لە دەرەوەی شار دادەڕێژرێن. شێخ قادر بەڵێنیدا بۆ ئەوەی پێش بەتاڵان و سوتاندنی هێندێک شوێنی چاوەڕوانکراو لە نەبوونی دەسەڵاتی حکوومەتدا بگرێ، دوای ڕۆیشتنی هێزەکان چەند ڕۆژ لە شار دەمێنێتەوە.

جەماوەری پەناخواز، کە ژمارەیان دەگەیشتە ۲۰۰۰ کەس لە پێش و پاشی کاروانەکە لە سلێمانی دەرکەوتن و کۆمەڵێکی زۆریش چوونە گوندەکان. کاروان ڕۆژی هەفدە، سلێمانی بەجێهێشت. لە ڕێگادا جارجارە تەقەیان لە کاروانەکە دەکرد و هەمەوەندەکانیش چەند کەسێکیان کە لە کاروانەکە جیاببوونەوە، ڕووت کرد. هەر ئەو ڕۆژە، چاپمەنم وەک ئەفسەری سیاسی لەگەڵ وینسنت نارد و بۆ خۆشم بەبێ فەوتاندنی کات بۆ ئامادەکردنی پلانی «پشتێنەی تەندروستی»[۱۲][ح]، بەفڕۆکە گەڕامەوە کەرکووک. ئەو پلانە، لەم ڕۆژەدا بەم ناوە دەناسرا. فڕۆکە کاتێک ئارام و لەسەرخۆ لە زەوی بەرزبووەوە، بیرەوەری ئەو چوار ساڵانەی دوایی، کە بەشێکیان خۆش و زۆربەیان تاڵ و ناخۆش بوون، هێرشیان کردە سەر مێشکم و هەستی داماویی تەواوی لەشی داگرتم. هەستم دەکرد پیرەمەگروونی پیریش کە لە ڕووبەڕووی ئێمە بوو، بە ڕوخساری پتر لە هەمیشە تانەلێدەرانەی چاومان لێ دەکات. من بە سەرسوڕمانەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە پیرەمەگروون چەندان ئاڵۆزیی و ڕاپەڕینی تری لەم پارێزگا سەربزێوەدا لەبن سەر دایە.

۱۲- ئامـاژەیە بەو «پشتێنە» کە بۆ پارێزگاریکردن لە پان و بەرین بوونەوەی دەسەڵاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دوای شەڕی یەکەم و کۆنفرانسی ئاشتی ڤیرسای بەدەوری یەکێتی سۆڤیەتدا کێشرا.

(ح)- لەمەو دوا بە جێگەی «پشتێنەی تەندروستی» لە وشەی «پشتێنەی ئاسایش» کەڵک وەردەگرم کە ڕوونتر مەبەستەکە دەگەیەنێ.



## ۲۳- پشتێنەی ئاسایش

کاتێک گەڕامەوە کەرکووک بە ڕادەیەک لە ژیان بێزار بووم، کە بڕیارمدا بۆ یەکەم جار لە مافێک کەڵک وەرگرم، کە لە پەیمانی دامەزرانمدا بۆ خزمەت نووسرابوو. بەپێی ئەو پەیمانە دەمتوانی ساڵانە لە سێ هەفتە پشوودانی ناوچەیی کەڵک وەرگرم. ئیزنی ناوچەیی لەو ماوە پشوودانەی کەم نەدەکردەوە، کە دەبووایە لە ئینگلیستان کەڵکی لێ وەرگرم. داواکەم بەو مەرجە پەسەندکرا کە بەر لە پشوودان گەڵاڵەی چۆنیەتی پێڕاگەیشتن بە «پشتێنەی ئاساییش» ئامادە بکەم. بڕیاردرا پەیوەندیی خۆم بەشێوەی پێشوو لەگەڵ موتەسەریفی پارێزگای کەرکووک درێژە پێ بدەم؛ بەڵام بۆ پێڕاگەیشتن بە کاری ئەو هێزانەی کە لە سلێمانی جیا دەبنەوە (جیا لە قەزای ڕانیە، کە دەبوو تێکەڵی هەولێر بکرێ) لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی وڵات هاوکاریی بکەم و بۆ کاروباری قەزای سلێمانییش کە چۆڵکرابوو لەگەڵ کۆمیسێری باڵا پەیوەندیم هەبێ و کارم بە شێخ مەحموود نەبێ، بەڵام ئەگەر پێی لە سنووری خۆی درێژتر کرد هێندێکی بشێلم.

هەروەک پێشتر گوتم چەمچەماڵ بەر لە عەمەلیاتی کاروانی کۆیە، بە کردەوە لە پارێزگای سلێمانی جیا ببووەوە. لەبەر ئەوە ئەمینی ڕەشید ئاغا کرا بە قایمقام و مەجید ئەفەندیش کە یەکێک بوو لە پیاوە دەوڵەمەند و ناودارەکانی سلێمانی و لەو ماوە کورتەدا کە سلێمانی گیرابووەوە سەرۆکی پۆلیسی شار بوو، کرا بەجێگری قایمقام: کۆمەڵە داستانێکی ناخۆشم دەربارەی کردەوەی ئەو دووانە بیستبوو کە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی دوایی، واتە لە نێوان ڕاگەیاندنی هەواڵی چۆڵکردنی لەشکر و ڕۆیشتنی هێزەکان لە سلێمانی ئەنجامیان دابوو، بە تایبەتی دەستدرێژیی و تاڵانکردنی گەڕەکی جولەکان. من ئەوکاتە نەمدەتوانی زۆر بە وردیی لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆم، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ڕێگریی و ڕووتکردنەوەی خەڵک لەو ڕێگایانەدا کە لە شاری کەرکووک جیا دەبوونەوە شێوەی گشتیی و ئاسایی بەخۆوە گرت و کاتێک شوێن ئەم دیاردەیە کەوتین، سەری کارەکە گەیشتە قایمقام. لە سەرەتای مانگی ژوئیەدا، ناچار بووم قایمقام و جێگرەکەی و هەژدە کەس لە دارودەستەکانی بگرم و وەهاب بەگ کە لە ناحیەی (زێ) باشی کار کردبوو، لە جێی ئەو دانێم.

وەهاب بەگ پێشتر کارمەندی باڵای دەزگای عوسمانیی نەبوو، بەڵام لە کاری چکۆڵەی وەک بەراوردکردنی کشتوکاڵ و کۆکردنەوەی داهات و شتی لەو بابەتانە، بە شێوەکاری

دەزگاکانی حکوومەتی عوسمانیی شارەزا بوو. هۆی دانانی ئەو لەو پلەیەدا، سەختگیریی و نەترسیی و ئاگاداریی گشتیی ئەو لە بارودۆخی ناوچە بوو. ئەسەندنەوەی زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی کە بەلوتفی قایمقامی پێشوو تالآن کرابوون و هەروەها سزادانی هەمەوەندەکان بەو نیسبەتە، دروستی دانانی ئەوی لە پلەی قایمقام پێشاندا. ئەو قارەمانی یەکێک لەو چیرۆکانە بوو، کە «نوری سەعید پاشا»و سیاسەتمەدارە پایە بەرزەکانی بەغدا لە خەباتی ناسیۆنالیستیی یەکەم ڕۆژانی سەرپەرشتیدا بەشدار بوون و لەو سالآنەی دواییـــدا زۆر زیاتر لەسەر حسابی خۆیان دەیگێڕنەوە. (ئەوە نموونەیەکە لە زەوق و خۆش ئیشتیایی عەرەب، کە تەنانەت بۆخۆشیان قسەو قسەلۆک ساز دەکەن.) هەرکە دەزگای ئیداریی حکوومەت جێگیر بوو و ڕێگای ئاسایی خۆی گرتەبەر، کاتی ئەوە هات وەهاب بەگ کە شێوەکارەکەی وەک پێویست لەگەڵ یاسا یەکی نەدەگرتەوە، جێگای خۆی بدات بە کارمەندێکی پسپۆر. من ئەوکاتە لە کەرکووک بووم و بێگومان زۆرم هەوڵدا لەبەر خزمەتی پێشووی، وەلانانەکەی گوشاری بۆ نەهێنێ. بۆخۆم ئەو ڕووداوەم لەبیر نیە و لە جێیەکیش یاداشتم نەکردووە،بەڵام بیستم پەیامی خوارەوەی بەزمانی تورکی بۆ نارد بووم:

Admonsa seule, beni ayer bir daha tayin etmezse vatani olaurim

«بە ئیدمۆندس بڵێ ئەگەر کارێک بەمن نەسپێرێ، دەبمە نیشتمانپەروەر».

لە قەرەداغ و سەنگاو، کە دوو ناحیەی باشوور بوون، ساداتی بەرزنجە دەسەڵاتی فراوانیان هەبوو، قەزایەکی نوێ پێکهات و یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بە ناوی شێخ عەبدولقادر لە زنجیرەی قازانقایە، کە ئامۆزای شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم بوو و بە شێخ «ئەوول»ی سەنگاو دەناسرا، کرا بە لێپرسراوی. شێخ «ئەوول» لە «گۆک تەپە» دەژیا، کە گوندی هەرە گرنگی ناحیە بوو و شوێنێکی لەبار بوو بۆ هەرچەشنە مەبەستێکی چاک و خراپ: لە مەڵبەندێکی گرنگی سەربازیی و لە خوار دەربەندی سەگرمە و نزیکی جادەی کفری بۆ سلێمانی هەڵکەوتبوو. لە تەنیا باریکەڕێییەک نزیکبوو کە بە شیوی نێوان ئاجداغ و قەرەداغدا تێدەپەڕی. چاوی پڕ لە خوێن و سمێڵی پڕ و ئەستوریی ڕوخسارێکی بێ ڕەزای لێ سازکردبوو، کە کاتی خۆی لەگەڵ ناوبانگی بێ بزەیی ئەو باش یەکیان دەگرتەوە. بەرگی ئاوریشمیی و پڕ زەرق و بەرقی لەبەر دەکرد و بۆ ئەوەی خەڵک بزانێ پلەی ئایینی هەیە، لە جێی مێزەر بەچەشنی عەرەب چەفیە و عەگالی لە سەری دەبەست. عەگالەکەی لە توکی حوشتر چنرابوو، زۆر ئەستور بوو. ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەویان گەیاندبووە ئەم پلەیە، ئەوە بوو کە لە بابەت سیاسەتی ناوچەدا، لە ژێر شوێن و



کارتێکەریی شێخ عەبدولکەریمدا بوو و لە ڕیزی کەسانی نەرم و میانەڕەو دەژمێررا؛ «دژی گوللە» بوو؛ سەرەڕای ئەوانە دەیتوانی،جیا لە خۆی، بەر بە دزیی و ڕێگریی خەڵکی تر بگرێ؛ هەروەها زۆری پێخۆش بووپلەی ئیداریی هەبێ. بۆ دڵنیا بوونم لە بەرەوپێش چوونی کارەکانی حکوومەتیی بەڕێگای دروستدا، کارمەندێکی خاوەن ئەزمونم بۆ دانا، کە بەشی داهاتی هەڵسوڕێنێ.

بەڵام هەڵەبجە، بەرلە چۆڵکردنی سلێمانی کاری جۆراوجۆرم لە ناو بەگزادە گرنگەکانی جافدا دابەشکردبوو: ئەحمەد بەگ، کوڕی خانم، قایمقام و حامید بەگ، جێگری قایمقام و کەریم بەگ کارگوزاری عەشیرەتی جاف. هەروەها پەیمانێکیشم پێ ئیمزا کردبوون، کە دژی یەکتر نەجوڵێنەوە و بۆ تەریککردنی ئەو کەسانەی کە لە لایەن شێخ مەحموودەوە دادەنرێن، هاوکاریی یەکتر بکەن. مووچەی پازدە ڕۆژ و هێندێک پارەی زیادەم بۆ بەڕێوەبردنی کاری ناوەندێکی چوک دابوونێ و پێم گوتبوون بەرلە تەواوبوونی مانگ بۆ گفتوگۆ دەربارەی دامەزراندنی مووچەخۆر و پێویستیەکانیان بێنە کەرکوک.

بۆ بەرگریی کردن لە داسەپاندنی هەرچەشنە دەسەڵاتێکی شێخ مەحموود لە ناوچەکانی پشدەر و ماوەتدا، وەک پێشوو بە بابەکر ئاغاوە بەسترابوومەوە، کە لە حکوومەت پارەی وەردەگرت. بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو، بە فڕۆکە دەچوومە کۆیە و سەرسیان، بەڵام بۆ ناوچەکانی نزیک کەرکوک، کەڵکم لە ڕێگای زەوی وەردەگرت و شەوانەش لە گوندەکان و ڕەشماڵی هۆزەکان دەمامەوە. سروشت و ئەرکی زۆر و پان و بەرینی کارەکانم حوکمیان دەکرد تەنانەت پتر لە سەردەمی بەر لە «ناکامیی» سلێمانی، لە هاتوچۆدا بم. کاتێک ژمارەی سەفەرەکان و هەڵفڕینەکانی هەوایی یادداشت کراوم کۆ دەکەمەوە، کە لەوانەیە چەند دانەیەکیشم نەنووسیبن، دەبینم لە بیستی سێپتەمبەری ١٩٢٢وە کە بوومە بەرپرسی کەرکووک هەتا ٢٦ی ئاپریلی ١٩٢٤ واتە ئەو ڕۆژەی کە چوومە پشوودان، لە ٥٨٥ شەو ٢٢٥ شەو لە دەرەوەی شوێنی کارەکەم تێپەڕ کردبوو. ٤٣ ڕۆژ، بە فڕۆکە هاتوچۆم کردبوو. ناوی گشت فڕۆکەوانەکانم نەدەنووسی کە لەگەڵیان هەڵدەفڕیم، بەڵام ئەو کەسەی کە پتر ناویم هێناوە «کین هید» لە سکادرانی ژمارە ٣٠، منینگ و مەکلارین ڕید و شیپ ڕایت لە سکادرانی ژمارە ٦ مەودایەکی زۆریان لەگەڵ کین هید نییە.

هەرچەندە بە گوێرەی سروشتی ڕێکخستنێک کە خەریکی کارەکانی بووین، هەلومەرج حوکمی پێدەکردین، کە ئەرکی گرنگی کارگێڕیی بە کەسانی «دژی گوللە» بسپێرین، من ئێستا لە بارودۆخێکدا بووم، کە دەمتوانی بۆ زۆربەی فەرمانبەرە

پسپۆڕەکانی ئیداریی کە لە ئاکامی چۆڵکردنی سلێمانییدا بێکار ببوون، وەک یاریدەدەر یا کارمەندی بەشی داهات کار بدۆزمەوە، ئەویش نەک لە (پشتێنەی ئاساییش)دا کە بۆخۆم سەرپەرشتی بووم، بەڵکوو لە پارێزگای کەرکووکیشدا بە یارمەتی موتەسەریف توانای کار دۆزینەوەم هەبوو. بەڵام تەنیا بەدوای گێرە و کێشەیەکی زۆر توند لەگەڵ وەزارەتی دارایی توانیم بڕیارێک وەرگرم کە خزمەت لە پارێزگای سلێمانی نەتەنیا پێش چۆڵکردنی هێزەکانی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢١دا بەڵکوو لە ماوەی حکوومەتی شێخ مەحموودیشدا کە بە فەرمان یا ڕاگەیانراوی کۆمیسێری باڵا لە دەزگا ئیدارییەکاندا خزمەتیان کردبوو، بۆیان بە خزمەتی یاسایی بە حساب بێ. دیارە حوکمی بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارە دوای دوو ساڵ لە کاتێکدا ڕاگەیانرا کە من بۆ بەغدا نەقڵ کرابووم و لەوێ باشتر دەمتوانی پشتی کارەکانی پێشووم بگرم و ئەنجامیان بدەم. بەڵێ، بەشێکی بەرچاوی ئەو کارمەندانە مرۆڤی خوێندەواری ئەو کۆمەڵگایە بوون؛ جیا لەوە، لە بنەماڵە شەریف و ناودارەکانی وڵات بوون: ئاگایان لە هەڵسوڕانی من بە قازانجی خۆیان هەبوو، بە گومانم ئەوکارەم زەمینەیەکی باشی بۆ نزیککردنەوەی چینەکان لە کاتی هاتنی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان بۆ عێراق بۆ چارەسەرکردنی «کێشەی موسڵ»پێکهێنا و ڕەنگدانەوەیەکی زۆر باش و گرنگی بۆ ئەو وڵاتە هەبوو.

«پشتێنەی ئاساییش» تەنیا دیاردەیەکی گرنگ نەبوو کە دەبووایە بەر لە چوونم بۆ پشوودان کاری لەسەر بکەم. لە گەڕانەوەی عەمەلیاتی سلێمانیی بۆ کەرکووک، نامەیەکی کورنوالیسم پێگەیشت، کە تێیدا نووسرابوو: چونکە پرۆتۆکۆڵی پەیمانی ئینگلیستان و عێراق ئیمزاکراوە، شاو کۆڕی وەزیران دەیانەوێ بە جیدیی خەریکی کاری هەڵبژاردنی کۆڕی دامەزرێنەران (مەجلیسی موئەسسسان) بن بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیمانە[١]. نامەکە هەروەها دەیگوت شا و کۆڕی وەزیران بە جیدی خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر شێوەی سزادانی ڕێبەرانی شیعە کە دژی هەڵبژاردن ڕاوەستاون.

دوای ڕاکردنی نازم بەگی نەوتچی زادە، برادەرانی یاقوبزادە کەسانی هەرە بەدەسەڵاتی شار بوون. میللر، کە بەکارەکانی شار و لەوانە شارەوانیی ڕادەگەیشت و هەروەک پێشتر گوتم باش تورکیی قسە دەکرد، پەیوەندیی نزیک و دۆستانەی لەگەڵ مەجید، سەرۆکی

---

١- فەرمانی هەڵبژاردن، لە ئۆکتۆبەری پارساڵەوە دەرچوو بوو، بەڵام دژایەتی مەلاکانی باشوور پێشی بەئەنجامدانی گرتبوو.



شارەوانی هەبوو. مەجید لە ماوەی دوورکەوتنەوەکانمدا لە کەرکووک بەپێی نیازگەلێک خزمەتی بەکەڵکی ئەنجام دابوو، بە تەواویی ڕێگای بۆ کارکردن ئامادە کردبوو. لەگەڵ موتەسەریف چاوم بە برادەرانی یاقوبزادە و کەسایەتییە ناودارەکانی شار کەوت. لە ئاکامی ئەو چاوپێکەوتنەدا توانیمان لە کۆتایی مانگدا ڕاگەیەنین، هەرکاتێک بەغدا و پارێزگا عەرەبنشینەکان، (کە دیاربوو دەوڵەت گیروگرفتی لەگەڵیان هەیە) کاری هەڵبژاردنیان دەستپێکرد، ئێمەش ئامادە دەبین ئەوکارە بکەین، بەڵام بەو مەرجەی کە پێشتر دەوڵەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیەنێ کە زمانی ڕەسمیی پارێزگا وەک پێشوو زمانی تورکیی دەبێ و کاربەدەستانی دەوڵەت لە خەڵکی ناوچە هەڵدەبژێررێن. ئەمە پێشاندەری بەرەوپێش چوونێکی بەرچاو بوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بەدەست هاتبوو، چونکە پیاوە دەوڵەمەند و ناودارەکانی شار لە شەرتی پێشووی خۆیان دابەزیبوون. یەکێک لەم شەرتانە ئەوە بوو کە سەرەتا پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ تورکیا مۆر بکرێ. لەو چاوپێکەوتنەدا هەروەها ڕای بەشدارانم دەربارەی سەفەری شا بۆ کەرکووک وەرگرت. گوتیان چونکەپێشنیازەکانی پێشووی شایان بۆ وتووێژ قبوڵ نەکردووە، هۆیەک نابینن کە بەگوێرەی ئەوە داوای هاتنی شا بکەن؛ بەڵام ئەگەر ئەو بۆخۆی خوازیاری هاتن بێ، بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ دەکەن. بەگشتیی بەوئاکامە گەیشتن، کە باشترە بە هێمنیی و بەبێ شەڕ و شۆڕ و دەنگ بەرزکردنەوە درێژە بە کارەکانمان بدەین و دیداری شا لە کەرکووک بۆ داهاتوو ڕاگرن. ڕای بەشداران دەربارەی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی بڕیارێکدا کۆبووەوە کە لە لایەن شورای ئیداریی پارێزگاوە گەڵاڵە کرابوو. ئەو بڕیارە بە شێوەی ڕەسمیی لە لایەن موتەسەریفەوە بە بەغدا ڕاگەینرا. بەپێی بروسکەی ڕۆژی یازدەی ژوئیە، ئەو بڕیارەی خوارەوە لە لایەن سەرۆک وەزیرەوە پەسەندکرا:

> تکایە بە شورای ئیداریی بڵێن پێشنیازەکانیان پەسەندکرا و دەوڵەت ڕازییە کاروباری ئیداریی تەنیا لە لایەن لێپرسراوانی ناوچەییەوە بەڕێوە بچێ و زمانی ناوچەش زمانی ڕەسمیی بەحساب دێ... دەتوانن ئەو بڕیارە بە شورای ئیداریی ڕابگەینن و بەڵێنی ئەنجامی ئەو مەرجانەیان بەشێوەی ڕەسمی بدەنێ.

وەزیران و کاربەدەستانی بەرزی بەغدا، کە بێگومان هێشتا خاوەن ئەزمون نەبوون، لەوە نەدەگەیشتن کە تەنانەت ئەگەر «تۆوی» کەرکووک چەکەرە بکات، ئەو بەرهەمە ناسکە پێویستیی بە چاودێریی هەیە. موتەسەریف و سەرۆکی شارەوانیی کە ئەرکی ناونووسکردنی دەنگدەران و ئەنجامی باقی کارەکانی هەڵبژاردنیان لە ئەستۆ بوو، بە

تەواوی لەو بڕیارە فەرماندەرانەیە ڕەنجا بوون کە بە دەستیان گەیشتبوو. ئەو بڕیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەرجە پێویستەکان، کە دەسپێکردنی هەڵبژاردنی کەرکووکیان بە دەسپێکردنی هەڵبژاردن لە بەغدا و پارێزگا عەرەبنشینەکان دەبەستەوە، حوکمی پێدەکردن لە کەرکووک هەڵبژاردن بکەن. مەلایەکی وشکی نەخوێندەوار بە ناوی مەلا «ڕەزا» کە پێشتر بەئامۆژگاریی توندوتیژ، خەڵکی دژی بە شدارییکردن لە حکوومەتی عەرەبەکاندا هاندەدا و دوای جێگیربوونی لە پلەی مودیری ئەوقافی ناوچە، چەند مانگێک بێدەنگ ببوو، بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ موتەسەریف، بە بروسکەیەک لەسەر کاریان لابرد تا جێگا بۆ یەکێک لە نزیکانی وەزیری ئەو بەشە بکەنەوە. نەزانییەکی هەرە گرنگتر ئەوە بوو، لە کاتێکدا هەڵسوڕانی سەرکەوتوانەی کاروباری شارەوانیی کە هێشتا بەپێی یاسای عوسمانیی بەڕێوە دەچوو، لە ئەستۆی سەرۆکی شارەوانیی بوو، ناوبراو پتر لەو ڕادەیەش سەربەخۆ بوو کە وەزیری ناوخۆی وڵات دەیویست، هەمیشە ڕەخنەی لێ دەگیرا. دیارە نامەیەکی شەخسیی من بۆ کورنوالیس توانی کۆتایی بەو ڕەخنە و بۆڵە بۆڵە بێنێ؛ کاتێک دەمبینی ئێمە بە خەڵکێک بۆ ئەنجامی کارەکانیان یارمەتی دەکەین و ئەوانیش تا ئەو ڕادەیە کورت بین و تەنگ نەزەرن، ڕەنجم دەبرد. هەرچۆنێک بوو ئەو گیروگرفتانەمان وەپشت سەرنا و لە نیوەی دووەمی مانگی ئەوگوستیدا کاری نووسینی لیستەکانی هەڵبژاردنمان دەست پێکرد.

سەرەڕای ئەوانە، بڕیار بوو هەوڵ بدەین ناوچەی سەربەخۆی «پشتێنەی ئاساییش» بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردندا هان بدەین. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە شورای وەزیران هاوکات لەگەڵ ناردنی وەڵامی کەرکووک، بەیاننامەی خوارەوەشی دەربارەی شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ کورد بڵاوکردەوە:

> دەوڵەتی عێراق لەو باوەڕەدا نیە جیا لە کارمەندی پسپۆر، کارمەندی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکان جێگیر بکا، لەسەر ئەو باوەڕەش نیە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان ناچار بکات لە پەیوەندییەکانی ڕەسمییدا، لە زمانی عەرەبیی کەڵک وەرگرن. مافی خەڵک و جەماوەری ئایینیی و مەدەنی ئەو هەرێمە بەتەواویی دەپارێزرێت.

کوردە ناسیۆنالیستەکان دەیانتوانی لەو ڕاگەیانراوە ڕەخنە بگرن و بڵێن ئەو بڵاوکراوەیە پەیوەندییەکی زۆری بە مافە دیارییکراوەکانی بڵاوکراوەی کریسمەوە نییە. بەڵام، ئێستا بۆ هەموو ئەو کەسانەی چاوی دیتنیان هەبوو، ئاشکرا بوو کە هاودەنگی کردن لەگەڵ



عێراق تەنیا داهاتوویەکە کە ڕێگای بۆ ئەو وڵاتە توک لێکراوە کردووەتەوە. هەرچەندە مافی ئەوەیان هەبوو، هیوادارین دەوڵەتی ناوەندیی ڕێگای عەقڵ و لێزانی بگرێتەبەر و بە ناسینی کورد وەک کورد، نەک تەنیا وەک مرۆڤێک کە مافی یەکسانی لەگەڵ عەرەب هەبێ، بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی و ئەمەکدارییەتی ئەوان هەوڵ بدات و سیاسەتێکی لەبار لە بەرامبەر ئامانجە فەرهەنگییەکان و لایەنەکانی تری نەتەوەیی کوردان، لە پلەی یەکێک لە ڕەگەزە ئەسڵییەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا بگرێتەبەر. بەم پێیە، ئامادەکردنی کاری هەڵبژاردن لەوناوچەیەدا هاوکات لەگەڵ ئامادەبوونی کەرکووک دەچووەپێش و تەنانەت خەڵکی «ناوچە گواستراوەکانیش» ئیزن دران بۆ ناونووسکردن، بچنە نزیکترین ناوەندی ئیداریی پارێزگای کەرکووک.

لەو ناوەدا دژایەتی مەلا شیعەکان لەگەڵ دیاردەی هەڵبژاردن و پەیمانی ئینگلیز و عێراق بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. کوڕی «مەهدی الخالصی»، مەلای گەورەی «کازمین»یان کاتی چەسپاندنی «بەیاننامەی فتوای بەشداریی نەکردن لە هەڵبژاردن» بە دیواری بازاڕ گرتبوو و مەهدیشیان بۆ «حجاز» دوور خستبووەوە. مەلا گەورەکانی «کەربەلاو نەجەف» دژی ئەو کردەوەیە بەچەند ئۆتۆمبێلێک بەرەو ئێران ڕێکەوتن، بەڵام حکوومەت ڕێگای پێگرتبوون و بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو کردەوەیە، بردبونییە سنووری خانەقین و لە ئێرانی کردبوون.

شێخ مەحموودیش، بێکار دانەنیشتبوو. لایەنگرانی دەستبەجێ دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئینگلیز لە سلێمانی گەڕابوونەوە ناو شار، بەڵام بۆخۆی تا یازدەی ژوئیە نەگەڕایەوە. مەجید بەگی مستەفا کە ئەفسەری پێشووی عوسمانیی و پیاوێکی زۆر پڕکار و بەتوانا بوو، ساڵانی دوایی موتەسەریفێکی سەرکەوتوو بوو، دوای ئەوە کرابووە وەزیر لە کابینەی حکوومەتی عێراقدا، لەجیاتی ساڵح زەکی پلەی فەرماندەی «سوپای میللی کوردستانی» پێدرابوو. بەهۆی سەرهەڵدانەوەی شێخ مەحموود پێویست بوو ئێمە لە بڵاوکراوەیەکدا وەزعی ئەو ڕوون بکەینەوە، بەڵام کاتێک لە هەفدەی ژوئیەدا چوومە بەغدا دیتم بەسەرهاتی مەلاکان کێشەی کوردستانی وەبن خۆی داوەو ئاڵوزییەکی گەورەی فیکریی لەناو کاربەدەستانی دەوڵەتدا سازکردووەو مێشکی هەمووانی بەخۆیەوە خەریک کرد بوو. دەرکردنی مەلا شیعەکان لە عێراق بەزەقی وەرنەگیرابوو و پێیان وابوو هێمنیی بۆ خولقاندوون، بەڵام لە ڕاستییدا قین و توڕەیی لە ئێراندا بۆ بەرزکردبوونەوەو فڕۆکەیەک لە سکادرانی ژمارە ٨ بۆ هێنانی «سێر پرسی لۆرن» وەزیرموختاری بریتانیا لە ئێران، بۆ

ڕاوێژکردن، چوو بووە تاران. لەم بارودۆخەدا، سێ ڕۆژم کات هەبوو کە ڕای بەرپرسانی باڵا بۆ ناردنی نامەیەک بۆ شێخ مەحموود وەرگرم. من بۆخۆم نامەکەم نووسی. نامەکە بەم جۆرە بوو:

> جەنابی کۆمیسێری باڵا بیستوویانە کە ئێوەگەڕاونەوە سلێمانی. بەڕێزیان فەرمووی کە پێتان ڕابگەیەنم کە ئەو بۆخۆی ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە کاری قەزاکانی ڕانیە ،قەڵادزێ، چەمچەماڵ،هەڵەبجە ، قەرەداغ، سەنگاوو ناحیەی ماوەتی ڕوونکردووەتەوە و ئێوە بە هیچ شێوەیەک نابێ دەست لە کاروباری ئەو ناوچانە و گوندەکانی سەربە ساداتی سەرگەڵوو وەردەن. ئەگەر «خوا نەکردە» بەپێچەوانەی ئەو ئەمرە بجوڵێنەوە و دەست لە کاری ئەم ناوچانە وەردەن و بە هەر شێوەیەک کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای حکوومەت، زۆر بە توندیی دژی ئێوە کار دەکرێ. ئێستا کە خۆتان لە کاروباری ئەو ناوچانە وەرنەداوە، جەنابی کۆمیسێر لە سەر ئەو باوەڕە نیە، کە بەرهەڵستکاریی ئێوە بکات.

دوای ئەنجامی ئەو کارانە، ڕۆژی بیست و سێیەم لە کەرکووکەوە چوومە خانەقین تا بەیانی ڕۆژی دوایی بگەمە کرێند لە خاکی ئێراندا. بەهۆی کۆمەڵە گیروگرفتێکی چاوەڕواننەکراو، سەرەتا لەسەر سنوور و دوایی لە قەسری شیرین، ناچاربووم شەو لە قەسری شیرین بمێنمەوە کە یەکەم شاری سەر سنووری ئێران بوو. لە تەواوی ئەو جێگا ناخۆش و تۆز و خۆڵگرتووانەدا کە بینی بووم، قەسری شیرین لەسەر دوو تەپۆڵکە کە «قەڵای جوامێر» سەرۆکە ناودارەکەی هەمەوەندەکانی لەسەر بەرزبووەوە، لە هەمووان تاوەسوت و خەفەتر بوو. تا ئەوەی کە لەپڕ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەژێر لێژاییەکدا کەوتمە سەر ڕوبارێکی گەورە و بە تەوژم: ڕوباری ئەڵوەند یا حەلوان بوو، کە خانەقین لە تەنیشتی جێی گرتووە. قەراخ و تەنیشتەکانی لای سەرووی بە جەگەن و قامیش داپۆشرابوو، کە من هەتا ئەوکات نەمدیبوو.بەهۆی پچڕانی پەیوەندیی بازرگانیی ئێران و ڕووسیا و پەرەسەندنی ئەو ڕێگایە، ژمارەی نفوسی خەڵکی ئەو ناوچەیە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە سنووری هەزار و چوارسەد کەس تێپەڕیبوو، لەبەر ئەوە کاری خانووبەرە سازکردن زۆر بەرچاوبوو.

سەرۆکی گومرگ، فەلەیەکی عێراقی بوو بە ناوی «نائوم»[٢]. بە دڵفراوانی لە

2- Naum



چایخانەیەکی چوکی سەر ڕوبارەکە پێشوازیی لێکردم. من، نائومم لە ساڵانی پێشووەوە، لە «بوشەر»ەوە دەناسی. دەیگوت عومرێک لە خزمەت حکوومەتی ئێراندا بووەو ئێستا بەپێی یاسای نوێ کە دژی ڕاگرتنی بێگانە لە دەزگا حکوومەتییەکان، کۆتاییان بە خزمەتی هێناوە و دەری دەکەن. دوای ماوەیەکی کورت، کابرایەک کە ئۆتۆمبێلی بەکرێ دەدا، هاتە لامان: پیاوێکی کورتەباڵا و خۆش مەشرەف بوو. گوتی ناوی (مەهدی)یە. سەرەتا ماوەیەک بە شێوەی ئێرانییەکان ئاماژەی بە وێرانیەکانی وڵات و (بێ خاوەن) بوونی کرد و دوایی باسی ئەمریکاییەکانی هێنایە گۆڕێ، کە تازە جێپێی خۆیان لە ئێراندا کردبووەوە و (کاتی مەئموریەتی مایلیسپو بوو). مەهدی، ئەوانی تاوانبار دەکرد و دەیگوت ئەوانە بەر لەهەموو شتێک خەریکی بەدەستهێنانی «دەستکەوتن». مەهدی ئینجا بە شێوەیەکی حەکیمانە ئاکامی لە قسەکانی وەرگرت و گوتی: «بەڵام باشە، لەم دنیایەدا هەرکەس لە فیکری خۆی دایە، تەنانەت خوداش پیغەمبەری (س) بۆ ئەنجامی مەبەستەکانی خۆی نارد». کاتێک کاروباری گومرگ و پاسپۆڕت تەواوبوو، کاتی ڕۆیشتن بەسەر چووبوو. لەبەر ئەوە نائوم منی بردە ماڵی دوکتۆرێکی ڕووسیی کە شەو میوانی بم. ئەو دوکتۆرە دوای ڕوخانی سوپای ئیمپراتۆریی لەو جێیە مابووەوە. هەوڵی دامەزراندنی ناوەندێکی پزیشکی دابوو لە قەسری شیرین، بەڵام سەرنەکەوتبوو و دەیویست بچێتە سنە و لەوێ بەختی خۆی تاقی بکاتەوە.

لەو سەفەرەدا، شتێکی خۆش ڕوویدا کە هۆیەکەی دەگەڕایەوە سەرجیاوازیی نێوان واتا کردنەوەی وشەیەکی عەرەب لە زمانەکانی فارسیی و تورکیی دا. من پێمخۆش بوو هەموو لایەک بزانن کە من دەچمە پشوودان و ڕەنگی سیاسی بە دیداری من لە ئێران نەدرێت. چونکە هێشتا لەناو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا فارسییم باشتر لە ئەوانیتر دەزانی، بە هاوکارەکان و دۆستە عێراقییەکانم گوتبوو، دەچمە «مەرەخەسی». ئەو وتە بە نیسبەت نارێکە، لە زمانی فارسییدا بۆ ئەم چەمکە بەکار دەهێنرێ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا «رەخصە» بە واتای «ئیزن دانە»: ئاوەڵناوی (مفعول)ی ئەو «مەرەخەس»، لە زمانی فارسییدا بەو واتایە جێکەوتووە: «ئەمر بە ڕۆیشتن» وتنێکە، کە باڵادەستەکان بۆ ئیزندانی ژێردەستەکانیان بەکاری دێنن: «دەتوانی بڕۆی». ئەوەی کە من بەکارم هێنا، ناوێکی بە واتایە کە لە ئاوەڵناو سازکراوە، بەڵام گوتنی مەرەخەسی لە زمانی تورکییدا بۆ «مەئموریەت چوون» یا «نوێنەرایەتی کردن» بەکار دەهێنرێت. بەم جۆرە کاتێک گوتم «دەچمە مەرەخەسی» لە کەرکووک وایان زانیبوو بۆ ئەنجامی مەئموریەتێک دەچم، دروست

بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە من ویستبووم ڕاییبگەیەنم.

لە ڕێگای کرێند گفتوگۆیەکی سیاسیشم هەبوو. لە پشت یەکێک لەو بازگانەی ڕاوەستابووم، کە لە زارکی چوونە ژووری زۆربەی گوندەکاندا بۆ پشکنینی مسافیر و دیتنی پاسپۆرتەکانیان و وەرگرتنی باجی دڵڕەنجێنی «هاتوچۆ» ساز کرابوون. سەربازێک، کە پاسپۆرتەکەی لێ وەرگرتبووم گوتی جەنابی سەروان ئێوەی دەوێ. ئەفسەری ناوبراو بەپێچەوانەی دوو ساڵ لەمەوبەری، کە یاسای سەربازیی حوکمی پێ دەکرد، بۆ وەرگرتنم لە جێی هەڵنەستا، بەڵام شێوەی قسەکردنی دروست بەپێچەوانەی فیز و دەعیەی ئەو لە کاتی هاتنە ژوورەوەم بوو. ئەو دەیویست ڕای من دەربارەی مەسەلەیەکی نهێنی بزانێ: بڕیار وابوو بانکی شاهی ئێران یەک ملیۆن تمەن پارە لە قەسری شیرینەوە بنێرێ. ڕێگابەهۆی بوونی شێخ مەحموود لە نزیک «قۆرەتوو»، کە گوندێکی سەرسنووره نائامنەو نەیدەزانی چیبکات. دڵنیام کرد کە شێخ مەحموود لەو ناوچەیە نییە، بەڵام گوتم باشترە لەو سەربازانەی ژێر فەرمانی چەند کەسێکیان لەگەڵ پارەکە بنێرێ. لە بابەت ئەم ڕێنوێنییە خێرخوازانەی، کە من پێم کرد، گەلێک سوپاسی کردو بەمجۆرە بەپێچەوانەی ئەو سفەتەی کە ئێرانییەکان بەشێوەی ئاسایی بەهی خۆیانی دەزانن و خۆیان بە «خۆش پێشوازییکەر و بەد ڕەوانەکەر» دەناسن، ڕەفتاری کرد.

لە هەمەدان، سێ هەفتە میوانی «سی. تی. بیل»(3) بووم. لە ١٩١٨-١٩٢٠ جێگری حاکمی سیاسی بوو، لە کوردستان خزمەتی دەکرد و ئێستاش مودیر و کارزانی بانکی عوسمانیی بوو. ئەو سێ هەفتەیە زۆر بە خۆشیی تێپەڕی. ماڵ یا بە وتەیەکی باشتری ئێرانییەکان «باخێکی» زۆر خۆشی هەبوو، کە لە بەرزایی ٧٠٠٠ پێیدا دەیڕوانیە شار. باس دەربارەی سەفەرەکانی دەوروبەرمان ( لەوانە چوون بۆ سەر لوتکەی ١١٦٠٠ پێی ئەلوەند) یا چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندار، فەرماندەی لەشکری ڕۆژئاوا، کاربەدەستان، کەسایەتییەکان، دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕ دوور لە حاڵ و حەوسەڵەی ئەم نووسینەیە. قسەکردن بە زمانی فارسی ئەسڵیی بە ڕاستی بۆ من خۆشبوو، چونکە لەنێوان زمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا، زمانی فارسیی زمانی دڵخوازم بوو. هەرچەندە کە خوێندەوارانی سلێمانی فارسییان بە دروستیی قسە دەکرد، بەڵام شێوەی قسەکردنیان وشک و دوور لە وشە و زاراوەی نوێ بوو، لە گوێ خۆش نەدەهات.

---

3- C.T.Beale



مێژووی دیپلۆماسیی کێشەی موسڵم پێشتر تا ئەوجێیە گێڕایەوە، کە لە چواری فێبرواری ١٩٢٣دا بڕیار درا مەسەلەی موسڵ لە پەیمانی لۆزان بێتەدەر و بە هەردوو لایەنی وتوویژکەر ساڵێک ماوە درا کە بۆ خۆیان بە ڕێگای وتوویژی ڕاستەوخۆی دۆستانە بەیەک بگەن. ئەو گفتوگۆیانە لە بیست و دووی ئاپریل واتە سێ ڕۆژ دوای دەستبەسەرداگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕەواندز دەستی پێکرابووەوە و لە بیست و چواری ژوئیە پێنج هەفتە دوای چۆڵکردنی سلێمانی لە لایەن ئێمەوە، بەوجۆرەی کە لە فەسڵی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، گەیشتە پەسەندکردنی پەیمانی لۆزان، کە مادەی ٣ی پەیمانەکە بەم جورە بوو:

> سنووری نێوان عێراق و تورکیا، لە پەیمانێکدا دیاری دەکرێ کە لە ماوەی نۆ مانگدا لە نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزندا دەبەسترێ. ئەگەر ئەو دوو دەوڵەتە نەتوانن لە ماوەی دیارییکراودا بەیەک بگەن، کێشەکەیان دەچێتە شورای وڵاتەیەکگرتووەکان. دەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا بەڵێن دەدەن تا ڕاگەیاندنی بڕیار دەربارەی کێشەی سنوور، خۆ لە عەمەلیاتی سەربازیی یا کارێکی تر بپارێزن کە ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردن و تێکدانی دۆزی ئێستای ئەو ناوچەیەی کە داهاتووی ئەوان دەگەڕێتەوە سەر ئەو بڕیارە.

ئەوەی کە هەردوولا دەیانگوت وەزعی داهاتووی ویلایەتی موسڵ هێشتا نادیارە، یارمەتی بە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان نەکرد و بەپێچەوانەوە کارەکانی دژوارتر کرد.

دوای گەڕانەوەم بۆ کەرکوک لە شازدەی ئەوگوستیدا، یەکەم گرفتم مەسەلەی هەڵبژاردن بوو، کە کارەکانی هیچ بەرەوپێش نەچووبوو و دیارە ئەمەش سەیر و جێگای سەرسوڕمان نەبوو. ڕۆژی ٢١ ئەوگوستی، من و موتەسەریف کۆبوونەوەیەکی دژوارمان لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی شارکرد، بەڵام دوای هێندێک توندگوتیژیی و تاوانبارکردنی یەکتر، عەبدوڵڵا سەفی کەوتە نێوان قسەکانمان و توانی لە تێکهەڵچوونی پتر بەرگری بکات و سەرئەنجام دەربارەی دیارییکردنی ئەندام بۆ لیژنەیەکی بازرەسیی، کە ئەرکی چاودێریی کردنی یەکەم هەنگاوەکانی کاری هەڵبژاردنی لە ئەستۆ بوو، هاودەنگیمان کرد. ئەو شەوە چەند نامەیەک دژی هەڵبژاردن و ئینگلیستان لە شار بڵاوکرابووەوە، بەڵام لێژنەی ناوبراو ڕۆژی دوایی بە گوێرەی بڕیاری شەوی پێشوو دیاریی کرا و ئەوهەنگاوە بەرەبەرە جێی گرت. ڕاپۆرتی ئەوکارەمان ئاڕاستەی بەغدا کرد، بروسکەیەک و دوای ئەو نامەیەکی کورنوالیس

لەو هێمنایەتییە دەدوا کە لە ئەنجامی ئەو کارانەدا لە دڵی ئەوان نیشتبوو. کورنوالیس نووسیبووی: «پاڵپێوەنانی کەرکووک بەرەو هەڵبژاردن کارێکی زۆر چاک بوو. من پیرۆزبایی لە ئێوە و میللر دەکەم کە ئێوە ئەوەندە لە کارەکانی تاریف دەکەن؛ لێرە وەک پێویست لەسەر ئەو هەنگاوەیان حساب کردووە». سەیر ئەوە بوو کە لە هەنگاوەکانی دواییدا، کە لیستەکانی نوێی هەڵبژاردنمان دەنووسی پترلە هەمووان لەگەڵ هۆزی عەرەبی عوبەیدی تووشی قڕە بووین. سەرۆکی ئەو هۆزە پیرە پیاوێک بوو بە ناوی شێخ حوسێن عەلی. ئەو شێخە بەدگومانە تەنیا دوای ناردنی «قوستەنتنین ئەفەندی» لەگەڵ موراد ڕازی بوو بەئەندامانی هۆزەکەی ئیزن بدات، کە ناوی خۆیان بۆ هەڵبژاردن بنووسن. ئەوە نموونەیەکی بەرچاو بوو لە ڕادەی دەسەڵاتی فەلە و جولەکە تاجرەکان، کە لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانییەکاندا بەهۆی سەداقەت و دروستکارییان لەناو خەڵکی ئاسایی هۆزەکاندا نەخشی نوێنەرایەتی بازاڕ و بانکیان لە بەرامبەر ئەو خەڵکەدا دەگێڕا[٤].

بەڵام شێخ مەحموود لە ئاکامی دەستێوەردان لە کاروباری ناوچە قەدەغەکراوەکان و بەتایبەتی لە ماوەت، لەو ڕۆژەدا کە من گەڕامەوە کەرکووک، بنکەکەی لە شاری سلێمانی بە بۆمبی ٢٢٠ پۆندیی، کە بۆ یەکەم جار بەکار دەهێنرا، بۆمباران کرابوو. بۆ هاودەنگیی و هاوبەشییکردن لەگەڵ دەستدرێژییەکانی شێخ مەحموود کۆمەڵە ڕێگرییەکی زۆر لە جادەی کەرکووک ڕوویدابوو و میللر وای بە چاک زانیبوو کە بۆ چاودێریی کردن لە جادەی نێوان کەرکووک و کفری، لە زرێپۆشی هێزی هەوایی کەڵک وەرگرێ. ماوەیەک دوای ئەو بۆمبارانە بیستم شێخ محەمەد غەریب، کە ژن برای شێخ مەحموود بوو، ڕۆژی بۆمبارانەکە چووبووە هەڵەبجە، بەڵام دوای بۆمباران لێیان ویستبوو بەپەلە بگەڕێتەوە. بەگزادەکانی جاف سەرەڕای بەڵێنی پێشوویان، بەهۆی ناکۆکیی ناوخۆیی هەروا بە بڵاویی مابوونەوە و هیچ چەشنە بەربەرەکانییەکیان دژی پیلانەکانی شێخ مەحموود نەکردبوو. بەمجۆرە ئەوان پێشانیاندا چەند بۆ باوەڕ پێ کردن دەبن، بەڵام خەڵکی گوندی «نەورۆڵی» بە لێکدانەوەی خۆیان هێرشیان کردبووە سەر «لەشکرێک» لە حاڵی پاشەکشەی شێخ مەحموود و کەسێکیان لێ کوشت بوو، چەند ئەسپ و تفەنگیشیان لێ گرتبوو. هەڵەبجە

٤- یەکێکی‌تر لە بنەماڵە جولەکەکان، بنەماڵەی «خلاسچی» نەوەی بازرگانەکانی ناسراوی بەشی ناوەندی فوڕات بوو.



دوور بوو لە پێگەکانی کەرکووک و ئێمە جیا لە بەشێکی «وارماوا» کە لە باشووری زنجیرە چیای بەرانان هەڵکەوتووە، تا چەند مانگ کارێکی جیدیمان بۆ گەڕاندنەوەی نەزم و جێگیرکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت لەو جێیە نەکرد.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی «پشتێنەی ئاسایش» بوونی بەشێک لە خاکی هۆزی تاڵەبانی و زەنگەنە لە ناو پارێزگای کەرکووکدا بوو، هەرچەندە ئەوان دراوسێی چەمچەماڵ و سەنگاو بوون. لەبەر ئەوە، من و موتەسەریف لەوە بەداخ نەبووین، کە ئەو دوو بنەماڵەیە تووشی هەڵەیەک بن و ئێمە بتوانین کۆتایی بە بارودۆخی زۆر باشیان بێنین و ناحیەی پێشووی گۆل «قادر کەرەمی ئەمڕۆ» ببووژێنینەوە. شێخ ڕەشیدی برای شێخ تالب بە چەک هێرشی کردبووە سەر گوندی «داربەسەر» لە ڕۆخی ڕوباری باسەڕەدا. مەودای گوندی داربەسەر بۆ تۆق نەدەگەیشتە یازدە مایل. شێخ ڕەشید ئەو گوندەی بەموڵکی خۆی دەزانی و گوندییەکانیش دژی ئەو داخوازە بوون و ملیان بۆ ویستی ئەو ڕانەدەکێشا. دەوڵەتیش هەرگیز ویستی شێخ ڕەشیدی بەڕەسمیی نەناسیبوو. لەو تێکهەڵچوونەدا ڕانی شێخ ڕەشید بەتوندیی بریندار ببوو[٥]. فەتاح پاشا، زەمانەتی لە براکانی شێخ وەرگرتبوو کە کاتی پێویست ئەو بناسێنن و بۆ ئەوەی سزادانەکەی بەگوێرەی تاوانەکەی بێ، گوتبووی شێخ دەبێ بە کەرەسەی خۆی و پلانی ئێمە بنکەیەک بۆ ئەو پۆلیسانە ساز بکات کە دەمانویست لەو شوێنەیان دانێین. عەبدولکەریم ئاغاو حەمە ئاغای زەنگەنەش بەیەکەوە کێشەیان هەبوو، بەهۆی شەڕ و پێکدانیان کۆسپ و دژوارییان بۆ ئیدارەی پۆلیس پێکهێنا بوو. ئەوانیش بەدانی سزای خوێنی کوژراوەکان مەحکوم کران و دوای ماوەیەک بەومەرجە لە بەندیخانە ئازاد کران، کە تا ئەوکاتەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆی ناوچە دادەمەزرێ، نابێ لەو ناوچەیە دوور بکەونەوە[٦].

بە پێشوازییکردنی کاربەدەستانی بەغدا لە بە کۆڕاگرتنی هێزەکان و ڕق و تووڕەییان لە دانی مووچەی تایبەت بە عەشایر، چاوەڕوان دەکرا بۆ دانانی بەڕێوەبەرایەتی

٥- چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، کۆرنر چووبووە ئەو گوندە و دیبووی کە برینەکەی لە ژێر پێستە بزنێکدا چڵکی کردووە؛ ئەو بەکات گەیشتبوو ئەگەرنا گیانی لە دەست دەدا.

٦- ناوچەی جەبارییی کە دوای ڕاوێژکردنی نۆئێل لەگەڵ کوردەکان، لە کەرکووک پچڕا بوو و خرابووە سەر سلێمانی، لە فێبرواری ١٩٢٤ سەرلەنوێ تێکەڵی کەرکووک کرایەوە.

ڕاستەوخۆ بەجێی بەڕێوەبەرایەتی عەشایریی لەو ناوچە ناوەندییەدا خۆشحاڵ بن، بەڵام سەرەڕای ئەوانە بە زەحمەتێکی زۆر توانیمان ئەو پێشنیازەمان بسەلمێنین و لەو ڕێگایەدا توشی گەلێک دژواریی بووین. هۆی ئەوکارەش بوونی کابرایەکی خۆتێهەڵقوتێن لە بارەگای شادا بوو، کە وای دەنواند ئاگای لە وەزعی کوردستانە و بەتەواویی تاسەی دامەزراندنی حیزبێکی لە پارێزگا دوورکەوتوەکانی باشوور لە مێشکدا بوو، کە ناوی «حیزبی شا»ی لێ بنێ و بەمجۆرە قسەی خۆی بسەلمێنێ. بە ڕای ئەو چونکە لەوانە بوو کەسانی ڕەسەن و خاوەن دەسەڵاتی ئایینیی و عەشیرەتەکان لە هەڵوێستی کاربەدەستانی ناوچەیی ڕازی نەبن، باشترە کاربەدەستانی بەغدا بەپێچەوانەی بڕیاری کاربەدەستانی ناوچەیی بجولێننەوە. شا هەرکە بۆخۆی ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوت، ئیتر گوێی بە وتەکانی ئەو کابرایە نەدا؛ موتەسەریفیش بە نۆرەی خۆی توانی بەزەخت هێنان و پێداگرتن بۆ ئەسەندنی باجی زەوی ساڵانی ڕابردوو لەگەڵ ئەو وەزعە بەربەرەکانی بکا. ئەو دەیگوت چونکە ئەوانە دەتوانن بۆ چوون بۆ وەزارەتخانەکان و پەیوەندیی لەگەڵ کۆشکی سەڵتەنەتی ماوەیەکی دوورودرێژ لە هۆتێلە پڕخەرجەکانی پایتەخت بمێننەوە، بێگومان دەبێ ئەوەندەشیان پارە هەبێ کە باجەکانیشیان بدەن. ئەو بۆچوونە، پشتگریی و هاودەنگیی شێلگیرانەی وەزارەتی دارایی لە پشت بوو. یەکەم مودیری دیارییکراوی «گۆل» عەزیز ئەفەندی یەکێک لە خاوەن پلەکانی تورکمان بوو، کە لە دەزگای تورکانیشداپلەی مودیریی هەبوو. عەزیز ئەفەندی زۆر بەجیدیی کارەکەی دەستپێکرد و لە ماوەی دوو هەفتەدا (لە سەرەتای نۆڤێمبەر) باجە دواکەوتووەکانی دوو ساڵی پێشووی کۆ کردەوە.

پێداگرتن بۆ کۆکردنەوەی باج پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە: بەرلە ڕۆژگاری نەوت، داهاتی وڵات بەهۆی دوو سەرچاوەی گرنگ دابین دەکرا. یەکێکیان گومرگو ئەویتریان باجی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بوو کە بەگوێرەی دەستبەسەردا گرتنی زەوی دە بە یەک یا پتر وەردەگیرا. ئەو باجانە ڕاستەوخۆ کۆدەکرانەوە. جیا لە دابینکردنی نیازی خەزێنە، ڕادەی سەرکەوتنی حکوومەت و لێوەشاوەیی دەزگا ئیدارییەکان بە کۆکردنەوەی ئەو باجانە هەڵدەسەنگێنرا؛ باجنەدان خۆی لە خۆیدا بە واتای گوێنەدان بە حکوومەت بوو. ئەگەر بە شێوەیەکی جیدیی بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکرابا، دەیتوانی شوێنی خراپ لەسەر نەزم و ئاسایشی گشتی وڵات دانێ. وەرگرتنی باج ئەم شوێنەوارە زۆر نالەبارەشی هەبوو کە زۆربەی فەرمانبەرانی ئاسایی بەو ئاکامە دەگەیشتن کە کۆکردنەوەی داهات تەنیا بەبوونی



ئەوان بەستراوەتەوە و ئەگەر لە دەوڵەمەندەکان و زۆرداران ترسیان هەبوو، لە جیاتی گوشاریان بۆ هەژار و بێدەسەڵاتان دەهێنا و هیچ تێبینییەکیان بۆ ئەو کەسانە نەبوو کە بەڕاستیی توانای دانی باجیان نەبوو. کاربەدەستانی دارایی ناوەندییش، کاتی ڕوودانی کارەساتی سروشتیی یا زیادکردنی نرخەکان ئامادەنەبوون بۆ بەخشین و کەم کردنەوەی ڕادەی باجەکان هەنگاو هەڵگرن. بەمجۆرە، مەئمورە سەختگیر و پێداگرەکان زەختیان بۆ قەرزدارەکان دەهێنا و ئەوانیان ناچار دەکرد بۆ دانی باج، ئاژەڵەکانیان بە نرخی هەرزان بفرۆشن. بۆ ئێمەش کە لە پارێزگا دوورکەوتووەکان بووین، دژواربوو بتوانین وەزارەتخانەکان تێبگەیەنین و بڵێین کاتێک داوای باج دەکەن، دەبێ لە بەرامبەر ئەودا بەلانی کەمەوەجیا لە دانانی پێگەی پۆلیس و یاسای سزادان، بەشێک ئەرکی کۆمەڵایەتی، هیچ نەبێ ناوەندێکی تەندروستیی لە سنووری پەنجا مایلیی دەرەوەی شار بۆ خەڵک دانێن.

## ٢٤- گۆڵ و قەرەداغ

دەستبەجێ، دوای چۆڵکردنی سلێمانی لە یەکی ژوئیندا، ئیزنی دامەزراندنی چەند هێزێکی چەکداریان پێدام کە بوونیان لە «پشتێنەی ئاسایش»دا پێویست بوو. ئیزنێکیشم بۆ دامەزراندنی هێزێکی پۆلیسی تایبەت وەرگرت کە لە سەد و بیست سوارە پێکدەهات بۆ کەڵکوەرگرتن لە کاتی پێویست لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانیدا. ڕاهێنان و ئامادەکردنی ئەو هێزە بۆ عەمەلیات، لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەردا کۆتایی پێ هات. لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا، بۆ بەسەرکردنەوەی ناوچەکان زنجیرە گەشتێکم لەگەڵ ئەو هێزە کرد، کە دوو گەشتی یەکەمیان هەردوو بەشی سنووری نێوان ئەو دوو پارێزگایەی دەگرتەوە، واتە ناوچەی نێوان زنجیرە چیای بنزەرد-بەرانان لە باکوری ڕۆژهەڵات و جادەی کەرکووک کفری لە باشووری ڕۆژئاوادا. (چوارچێوەی گشتی ئەو ناوچەیەم لە فەسڵی دووەمدا ڕوون کردووەتەوە.) ئەو ناوچەیە بۆ جیهانگەڕە ئینگلیزەکان، ناوچەیەکی ناسراو نەبوو. لەو یازدە جیهانگەڕانەی کە ناوم بردوون، هەشت کەسیان بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتون، بەڵام ڕاولینسۆن و مانسل بە جادەی بەغدا، تەورێز، برایم خانچی، دەربەندی سەگرمە و سلێمانییدا تێپەڕ نەبوون و ڕێگایەکیتریان هەڵبژاردووە.

هێزی هەوایی لەو گەشتانەدا هاوکاریی نزیکی کردین؛ لە گەشتەکەماندا بێسیممان پێ بوو. ئەو نهێنییانەی کە بۆ پەیوەندیگرتن دانرابوون، لەگەڵ دەنگی هاڕەی ماتۆڕی فڕۆکە کە بۆ هەڵگرتنی تورەکەی پەیامەکان لوردەبووەوە و هەروەها ڕەنگی جوانی ڕیشاڵە بەستراوەکان بەژێر تورەکەی پەیامەکانەوە، بەتێکڕایی دەستیان دەدایە دەستی یەکتر و پتر شوێنیان لەسەر ئەم ڕەوتە دادەنا: ئەمە، نەک هەر لەوجێیە، بەڵکوو لە ناوچە دووردەستەکانیشدا شوێنی باشیان هەبوو و ژمارەی هێزی زەمینی و هەواییان چەندقات پێشاندەدا. کۆسپ و دژوارییەکی تایبەتیمان لەو گەشتانەدا نەبوو، چونکە لانی کەم تفاق و گۆشتمان لە گوندە گەورەکان دەکڕی و پارەمان دەدانێ یا لەجیاتی قەرزەکانی دەوڵەت لە بابەت داهاتی باج بۆمان دەنووسین.

هێزی گەشتی واتە پۆلیسی سوارە، بۆ ئەنجامی یەکەم گەشتی خۆی لە حەوتی ئۆکتۆبەر کەرکووکی بەجێهێشت. موراد، گراودن، گروبان «برجیس»[1]، من و پۆلیسەکان

1- Burgess



پێکهێنەرانی هێزی پۆلیسی سوارەی گەشتی بووین. کاروانەکەمان بە جلوبەرگی نوێی سەربازیی و ئەسپی تێروتەسەل و باش تیمارکراو ڕواڵەتێکی جوانی هەبوو. هەرکە بە دەنگ و ئاهەنگی سمی ئەسپەکان و شەقە و زرنگەی لەغاوەکانیان لە شار دەچووینە دەر، دڵم پڕ لە فیز و هەوا بوو.

ئەندامێکی گرنگتری ئەو گرووپە، کە جێگەی خۆیەتی لێرە بیناسێنم، خزمەتکارەکەم حەمە عەلی کوڕە کوردێکی خەڵکی کفری بوو، کە «داگلس» کاتی ڕۆیشتنی بەمنی سپاردبوو. حەمە عەلی بیست و دوو سێ ساڵێ دوایی لە لای من مایەوە و لە تەواوی سەفەرەکانمدا لەگەڵم بوو، ئەو کاتەش کە ژنم هێنا ئاڵوگۆڕێک لە وەزعی ئەودا پێک نەهات: بە خەرجی ماڵمان ڕادەگەیشت و سەرخزمەتکار و بەرپرسی کەلوپەلی ماڵەکەم بوو. شێوەی چنینی سفرە و میوانداریی باش فێر ببوو. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم لە ماوەی ئەو بیست و دوو سێ ساڵەدا هەرگیز شتێک لە ماڵی من ون نەبوو و لەو گومانەشدا نیم کە لە خەرجی بازاڕیشدا شتێکی پتر لە خەرجەکان نووسیبێ. ئەو باشتر لە من دەیزانی چم هەیە و تەواوی کەلوپەلی ماڵەکەم و تەنانەت ئەو شتانەشی دەناسی کە لە سەردەمی ڕەبەنییدا کڕیبووم و دەیزانی چۆن و لە کوێوە هاتوون. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئاغا و خزمەتکاردا هێندێک ڕێوڕەسمی جوان، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێ: جیا لەو ڕێزەی کە برا چکۆڵە بە شێوەی ئاسایی لە براگەورەی دەگرێ، یا لاوەکان بۆ بەتەمەنەکانی دادەنێن، ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتە گرنگەکان، یا پیاوانی دەوڵەمەند لە ناو بنەماڵەکاندا، خزمێکی کەم تەمەنی خۆیان لەبەر دەستدا هەیە، کە کارەکانیان پێ ڕادەپەڕێنن. ئەوە بەو واتایە نیە، کە لە نێوان چینی ئاغا و خزمەتکاردا مەودا و جیاوازیی کۆمەڵایەتی نیە، هەرچەندە بەو حاڵەش لە کاتی نەبوونی ئاغادا بەچەشنی میوان لە خزمەتکاری پێشوو ڕێز دەگرن و ئیحترامی بۆ دادەنێن. حەمە عەلی کەسێکی وابوو. بوونی بۆ من غەنیمەت بوو. چونکە سەرۆک عەشیرەتەکان باوەڕیان پێی هەبوو و ڕێزیان دەگرت، دەمتوانی بە شێوەیەک کە بە دڵی نەگری، هەواڵ و دەنگوباسەکانی لێ وەرگرم و هێندێک شتی دڵخوازیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بە ئەوان بگەیەنم.

یەکەم شوێنی سەفەرەکەمان چەمچەماڵ بوو. ئێمە لەجیاتی کەڵک وەرگرتن لە جادەی ئۆتۆمبێل بە کاروانە ڕێییەکدا ڕۆیشتین، کە چەند مایل دورتر بەرەو باکور، ڕێک لەگەڵ ڕەوتی ڕووباری خاسە بە نێوان زنارە قورگرتوەکاندا دەچوەپێش واتە ئەو ڕێگایەی، کە

شێخ ڕەزا لە هەڵبەستێکیدا بە قاچاخچیەکانی توتنی ڕادەسپێرێ کە پێیدا بڕۆن. ڕوبار، لە چاو ئەم وەرزەی ساڵ پڕئاو بوو. لە پێش هەر گوندێک لەسەر لم و خیزەڵانی ڕوبارەکە بێستانی کاڵەک و شووتی دەبینرا. بەرلە نیوەڕۆ، لەکن گوندێکی چوکی عەشیرەتی گۆران (سەربە هۆزی شوان- سەرخاسە) لە ڕۆخی یەکاوی ڕوبارە ئەسڵییەکە و ڕوبارێکی چوکتر بە ناوی «شیوەتەخت» کە لە باشوورەوە دەهات چادرمان هەڵدا.

بەیانی ڕۆژی دوایی، بە ڕۆخی شیوەتەختدا گەیشتینە گوندە پڕ نفوسەکەی «ساتی»، کە ئەویش سەربە سەرخاسەیە. گوندی ساتی لە جێیەک هەڵکەوتوە کە دەڕوانێتە دارستانێکی پڕ لە درەختی هەنجیر و سپیداری پڕلق و پۆ و لە باوەشی زنار و گابەردی خز و گیا مەخمەر گرتوەکانی بەهاریی دایە. بە سەر دەشتایەکی بەرزدا درێژەمان بە ڕێگادا و ناوچەی شوانمان بەجێهێشت: دەشتێکی پان و بەرین لەگەڵ بەرزایی چەمچەماڵ ئێستا لەژێر پێماندا بوو و بەرزاییەکانی قەرەداغ و دەربەندەکانی بازیان و باسەڕەش بە ڕوونی دەبینران.

هێندێک کاری سیاسی و پۆلیس هەبوو، کە دەبوایە لە ناوەندی قەزا ئەنجامیان بدەم. وەهاب بەگ لەو دواییانەدا کرابووە قایمقام. دوو شەو لە چەمچەماڵ ماینەوە. ڕۆژی دووەم، دوو فڕۆکەی چکۆڵە هاتن و لەو نزیکانە نیشتن؛ فڕۆکەیەکیان کاتی نیشتن خۆی لە داری تێلگراف دا؛ بەڵام بەخۆشییەوە گیروگرفتی بۆ پێک نەهات.

ڕەوتی ئاسایی سەفەرەکەمان ئەوەبوو، بەیانی سواربین و چونکە هەوا زۆر گەرم بوو، هەتا نیوەڕۆیە بڕۆین و دوای ئەو چادر هەڵدەین. لەبەر ئەوە، بەرلە سەعات شەشی بەیانی لە حاڵێکدا گروپەکەمان بەهاتنی سوارە هەمەوەندەکان، کە ژمارەیان لە دوو سەد کەس تێدەپەڕی و هەموویان چەکیان پێ بوو و ڕەخت و فیشەکیان لە خۆیان بەستبوو، سوار بووین و بەرەو باشوور چووین: سەرەتا بە دەشتێکی ڕێکدا و دوای ئەو بە ناوچەیەکی پڕ کەند و کۆدا تێپەڕین و سەرئەنجام بە ئاودڕێکی بەریندا بەناوی «شیوەسوور» شۆڕ بووینەوە. گوندی تاڵەبان کە ناوی خۆی داوە بەبنەماڵەی ناسراوی تاڵەبانیی لە باسکی ڕاست بەجێهێشت و گەیشتینە ڕوباری «تەیناڵ»، کە لێرە باسەڕەی پێدەگوترا و سنووری نێوان چەمچەماڵ و سەنگاو بوو، هەتا ئێستا سێ سەعاتی تەواو هاتبووین. لە سەرووی گوندی قەراغ کە سەربە هەمەوەندی سێ تا بەسەرە لە ڕوبارێکی چوک پەڕینەوەو دوای سەعات و چارەگێک گەیشتینە چەند کانزای خوێ بە ناوی «قوم مەلەحە» (خوێڵێن) کە لە بناری باشووری ئاجداغ هەڵکەوتووە.



ئەو کانزایانە چەند کانیاوی سوێر بوون، کە بە بناری چیاکەدا دەڕژانە خوار. ئاوی سوێری ئەو کانیاوانەیان کێشابووە ناو چەند گۆلی تەنک و بەرتەسک. عەمبارێکی گەورەش لەو جێیە بوو، کە مەئموری بەرپرس یا ئیجارەداری کانزاکانی لێ دەژیا. چونکە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا خوێ بە موڵکی دەوڵەت دەژمێررا ئەو عەمبارەیان ساز کردبوو. لەو جێیانەی حکوومەت زۆری دەسەڵات نەبوو، ئیجارەدانی موڵک و کانزاکانی دەوڵەت کارێکی ئاسایی بوو. کاتێک من بەرپرسی سەنگاو بووم، شێخ مەحموود ئەو جێگایەی بە پارەیەکی کەم بە خزمێکی بەتەمەنی خۆی بە ئیجارە دابوو و من ئیجارەنامەکەم بۆ مۆرکرد. مەرجی مۆرکردنی ئەوە بوو کە لەمەودوا قەرز و کرێکەی بدرێ بە خەزێنەی کەرکووک، بەڵام ئەو تا ئێستا کرێی ئەو جێگایەی نەدابوو و هەمیشە لە وەڵامی داواکردنی ئیجارەدا گوتبووی ئەو جێیە پارەی ئیجارەکەی دەرناهێنێ و زەرەر دەکات و ناتوانێ تەنانەت دینارێک کرێ بدات. ئێستا، لێرە شێخ «ئەوول» قایمقامی نوێی قەرەداغ بە شەست سوارەوە تێکەڵی ئێمە بوو. پۆلیسەکان ئەگەر پارەی خوراک و تفاقیان دەدا، هەمەوەندەکان و عەشایری قەرەداغ ئەو کارەیان نەدەکرد. میوانکردنی گروپێکی ئاوا گەورە بۆ شەوێک زۆر قورسایی نەدەخستە سەر ئیجارەداری کانزاکانی خوێ، بەڵام مانەوەی پترمان گران تەواو دەبوو. لەبەر ئەوە، کابرای ئیجارەدار یەکەم کرێی مانگانەی خۆی، کە دەبووە ٢٥٠٠ ڕوپیە دا و بەڵێنیشیدا کە لە مەودوا ئیجارەکەی بە ڕێکوپێکی بدات.

ڕۆژی دوایی، سەعاتێک بەرەو ڕۆژهەڵات چووین: نێوان ئاجداغ و چیایەکمان، بە ناوی «باسکی زانور» بڕی، کە سنووری نێوان گۆل و سەنگاو بوو؛ لەوێوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات لاربووینەوە و بەباریکە ڕێیەکی سەخت و دژواردا سەر لوتکەی ٣٠٠٠ پێیی ئاجداغ کەوتین: سەنگاو لەژێر پێماندابوو. سەنگاو ناوێکی بە ناوەرۆکە: بەرد و ئاو. لەوێوە چیاکانی قەرەداغ پتر لە هەشت مایل مەودایان لەگەڵ ئێمە نەبوو. سەعاتێکیتری گرت تا گەیشتینە «گۆکتەپە»، کە ناوەندی ناحیە بوو. لەوێ، نانی نیوەڕۆمان خوارد و دوای پەیوەندیی بەهۆی پەردەی تێلگراف بەو فڕۆکەیە کە هەموو ڕۆژێ دەهات، شەش مایلیتر بە شیوێکدا ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندێکی گەورە و دەوڵەمەند کە ناوی «کرپچنە» بوو. شێخ عەبدولکەریم لەوێ چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد کە ئەویش لەگەڵ ئێمە کەوێ.

کرپچنە شوێنی ژیانی شێخ عەبدولقادر یەکێک لە شێخە گەورەکانی بەرزنجە بوو. شێخ

عەبدولکەریم، دەربارەی شێوەی مەرگی ئەو شێخە کە پارساڵ ڕوویدا بوو، داستانێکی خۆشی بۆ گێڕاینەوە. گوتی شێخ لە دیداری هەورامان گەڕابووەوە و بەتەواوی لەشی ساخ و بەکەیف بوو. شەوێک لەپڕ لە کوڕەکانی دەگێڕێتەوە کە بچنە لای و وەسیەتیان بۆ دەکات و دوای ئەوە مێزەرەکەی لەسەر سەری یەکێک لە کوڕەکانی دادەنێ و دەیکا بەجێنشینی خۆی و سەرپەرەشتی خانەقاکەیانی پێ دەسپێرێ. ئەو لەوەڵامی پرسیاری پڕلە شکوگومانی کوڕەکانیدا، هەرئەوەندە دەڵێ، کە ڕۆژێک دەبێ مەرگ بەرەوپیری مرۆڤ بێ و ئەمەی بەدڵدا هاتووە کە هیچ شتێک لە مێشکیدا نەهێڵێتەوە. دوای ئەوقسانە سەعاتێک نوست و هەستا، دەستنوێژی شوشت و نوێژی بەیانی کرد. چووە سەرمینبەری ئەو مزگەوتەی کە لێی دەژیا، شادە ئیمانی هێنا: «اشەدان لاالە الاالله، اشەدان محمد رسولاللە» و لە حاڵێکدا ناوی خودای لەسەر زار بوو، کەوتە سەر هەرد و مرد. ئەم داستانەی کە خزم و کەس و هاوپیشەکەی لەو پیرە پیاوەیان دەگێڕایەوە، هەرگیز لەگەڵ ئەو ناوبانگە خراپ و دزێو و تێکدەرانەیەی کە لای ئێمە هەیبوو یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام دیسانیش خودا دەزانێ.

لە کرپچنە، بەخت بەرەو پیرمانەوە هات و کابرایەکی تاوانباری هەڵاتومان گرت کە پۆلیس بەتاوانی سوتمان وەرێخستن بەشوێنیەوە بوو؛ ئەولەگەڵ کۆمەڵێک تاوانباری دیکە بوو ،کە ئەوانیشمان کۆکردەوە: ئێمە بە ناچار دەبوو ئەو ژمارەیە تا ئەوکاتەی دەیاندەین بە زیندان لەگەڵ خۆمان بگێڕین.

ڕێگای کرپچنە، بە دەربەندی سەگرمەدا نزیکە، بەڵام دژوارتر لەو ڕێگا ئەسڵییە، کە لە گۆکتەپەوە بۆی دەچێ. سەعات و نیوێکی خایاند تا سەر ئەو چیا ٥٠٠٠ پێ بەرزە کەوتین. چیا بە دارستانێکی چڕ داپۆشرابوو. دانیشتن و حەسانەوە لەژێر سێبەری درەختان، لە حاڵێکدا پیاوەکانی شێخ سەماوەر و قەند و چایان لە یێسترێکی گورجوگۆڵ دادەگرت، خۆش و بەلەزەت بوو. ڕێبوارە ساماندارەکان هەمیشە یێسترێکی ئاوایان لە سەفەرەکاندا پێیە.

ناحیەی قەرەداغ، کە ئێمە ئێستا دەیگەیشتینێ، ئەو بەشەی شیوی نێوان زنجیرە چیاکانی قەرەداغ و بەرانان[٢] دەگرێتەوە، کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شیوی باسەڕە هەڵکەوتووە؛ لە باکوری ڕۆژئاوادا بە بازیانەوە نوساوە و «ساق» وارماواش کە پێشتر

٢- لێرە لە ناوچەکەدا «گەورە قەڵا» و «دارمازەڵە»ی پێ دەگوترێ.



ئاماژەم بۆ کرد، ئەو لە سیروانجیا دەکاتەوە. ئاوڕێژگەی ناوەوە کە بەرزترین لوتکەی ٤٠٠٠پێیە، شیوەکە لە ڕووبەرووی دەربەندەی سەگرمە دەبڕی و بەشی تەینال «باسەڕە» لە بەشی «دیوانە» کە بەهۆی لافاوی توند و لە ناکاوی بەم ناوە دەناسرێ جیادەکاتەوە و تێکەڵی سیروان دەبێ. شیوی لای باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاوڕێژگەکەبەهۆی تەپۆڵکەیەکی بەرتەسک بە ناوی «کەلۆش» کە لە بەردەقسڵ پێکهاتوە و ٤٦٠٠ پێ بەرزایەتی، بە لای پانابیدا دوو لەت بووە. لە سەگرمەوە تا زەردە، کە جێیەکی زەقی ٥٩٠٠پێ بەرزە و لە دە مایلیی سیروان هەڵکەوتووە، زنجیرە چیای قەرەداغیش وەک چەرمەبان لە سورداش، بەڵام مەزنتر لەو، دەبێتە دوو زنجیرە و لە لای باکوری ڕۆژهەڵاتیدا دیوارێکی پڕ چین و قەڵشت و شیوی تەنگ پێکدێنێ، کە یەکێک لەو شیوانە ڕێگا بۆ سەر بەرزاییەک بە ناوی «قۆپی» دەکاتەوە، یا دیمەنێک دەخاتە بەرچاو، کە ئەو دەبڕێ و لەبەر چاوی ون دەکات. شیوە گرنگەکان لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچن و بە «دەربەندەکانی» سەگرمە، جافەڕان، گۆشان، داری زەرد، وشک، ئەستێڵ، «گاور»، تەکیە، باراوڵە، مامەشە و «ماسۆرە» دەناسرێن. نمونەی ئەو کۆمەڵە شیوانە ژمارە ڕێچکەیەکن کە وەک دەمی کێرد و چەقۆ لە قۆپییەوە دەچنە سەنگاو. چەند گوندێک، کە ژمارەیان زۆر نیە بە بناری هەردوو لای شیوەکانەوەن و شیوێکی شین و دڵگیریشیان لەناو دایە کە تاک تاکە دارە بەڕوی تێدایە و جۆگەلە ئاوی ڕوونی چیاشی پێدا دەڕوا.

دوای چل خولەک ڕێگا، کە چووینە سەر دەربەندی سەگرمە، شۆڕ بوونەوەمان بە شیوێکی هەڵخەڵەتێنەردا ئاسایی بوو، تا گەیشتینە شیوی چیای لای باکوری ڕۆژهەڵات کە ئاودڕێکی زۆر باریک و لێژ بوو و لە دوو جێیان پردی داریان(چەپەر) لە سەر هەڵبەستبوو[٣]. پەنجا خولەکیتر ڕۆیشتین تا گەیشتینە گوندی جافەڕان. سەعید ئاغا، کوێخای دێ، یەکێک لە دۆستە کۆنەکانی ئێمە بووو ئێستاش سەعاتی زێڕ و تاپڕی دوازدەی کۆمیسێری باڵای مەدەنی لابوو کە بەهۆی خزمەتی باش و بەربەرەکانیی دژی سەربزێوییەکانی ساڵی ١٩١٩ بە خەڵات وەریگرتبوو. ناوی گوندەکەی، لە «جاف» و «ڕان» وەرگیرابوو، کە واتای مێگەل دەدا، بەڵام ماوەیەک بوو کە ئەو پەیوەندیی بە جافە ڕەشکەکانی مەرگەوە نەمابوو. گوندییەکان هێشتا نەگەڕابوونەوە خانووە قوڕینیەکانیان و

٣- جی.بی.فریزر لە نووسینێکیدا، بەدرێژیی لە چوونی بۆ سەگرمە دەدوێ. بەرگی ١، لاپەڕەکانی ٧٠-١٦٧.

وەک زۆربەی کوردەکان لە بەهاردا ئەوانیان بۆ مێشومەگەسان بەجێهێشت بوو. ئاغا لە کەپرێکدا پێشوازیی کردین، کە میچەکەی بە گەڵای داربەڕو داپۆشرابوو. سینی پڕ لە ترێ و میوەیتریان لەپێش دانایین. خانەخوێیەکەمان ڕەزەوانێکی پسپۆڕ بوو؛ لە نێوان ئەو ناوانەی کە ئەو گوتی من نــاوی بیست جۆرە ترێم نوسی، یازدە جۆریان تریی سپی و نۆ جۆریشیان تریی ئەرخەوانی و سوور بوون. لە کوردی گوتندا، ڕاوێژی هیچ کەسێکم بە ڕادەی گوتنی ئەو پێخۆش نەبوو: قسەکانی زیندوو، بە کاکڵ و پڕ لە وشەی جوان بوون و وشەی بێگانەیان تێدا نەبوو.

لە گوندی قەرەداغەوە، کە ناوەندی ناحیە بوو و چوار مایل لەگەڵ ئەو گوندە مەودای هەبوو، تەواوی خەڵکەکەی بۆ پێشوازییمان، لە دێ هاتبوونەدەر. لەناو ئەو جەماوەرەدا، گروپێکی شەش کەسییم بینی، کە چاوی ساف و ڕون و ڕەنگی تیرەی لیباسەکانیان و ڕیشی لولوی دوو پیاویان پێشانی دەدا کە جولەکە بن. ئەوان نەوەی کۆمەڵێکی مەزنتر بوون و لەوە دەچوو دوای کۆچی بابل و ڕوخانی یەکەم هەیکەل بە دەست «نەبو خود نەسیر» (بەختی نەسر) لە **٥٨٦**پزدا بۆ ئەو ناوچەیە هاتبن و تا ئەو دوایانە لێرە و لە جێیتر مابنەوە(٤).

ڕۆژی دوایی، سەعیدئاغا ڕاوەبەرازی بۆ سازکردین. سەگی تەواوی گوندەکانی دەوروبەری، کە وەک سەگی مەڕی پشدەر و بلباسەکانی ناوچەی سەرووتر زل نین، بەڵام ئازا و بەهێز و دڕن، کۆ کردەوە و سەرلەبەیانی لەگەڵ ڕاوچیە چالاکەکان گەیشتنەجێ. ئەوان بۆ بانگ کردنی سەگەکانیان لە تەپڵێکی چکۆڵە کەڵکیان وەردەگرت. سوار بووین و دوای سەعاتە ڕێیەک دابەزین و زۆر بە دژواری بە ڕێچکەیەکدا و بەسەر گاشەبەردو زناراندا چووینەپێش تاگەیشتینە دارستانەکانی قۆپی. ڕێگاکە بە ڕادەیەک ناخۆش بوو کە هاوڕێ کوردەکانیش تەنانەت ماندوو دەهاتنە بەرچاو. دوای پشوودانێکی کورت، سەعیدئاغا ئێمەی بردە شوێنێکی بەرئاوەڵە، کە لەوە دەچوو سەگەکان نێچیر بەرەو ئەو شوێنە ڕاونێن، بەڵام سەرئەنجام چیمان چنگ نەکەوت: سەگەکان کودەلە بەرازێکیان خنکاندبوو، بەڵام هیچ ڕاویترمان نەکرد. فراوینمان لای «کانیعەمارەت» خوارد: ناوی ئەو کانیاوەیان لە خانووبەرەیەکی کۆنی نزیکی وەرگرتبوو، کە هێشتا

---

٤- جی.بی.فریزر دەڵێ لە ١٥٠-٢٠٠ بنەماڵەی ئەو گوندە، دوو سێیەمیان جولەکە بوون. بەرگی ١ لاپەڕەی **١٦٣**. وەردەگیرێ. وەرگێڕی ف.



پاشماوەی دیوارە ڕوخاوەکانی مابووەوە. لە ڕووبەڕووی کانیەکەدا گاشە بەردێک لە چیادا بوو و هاوڕێیان دەیانگوت هێشتا دیوارەکانی قەڵایەکی کۆن بەسەر ئەو گاشە بەردەوە ماوە کە هەشت نۆ پێ بەرزایەتی و چاڵاوێکیشی لێیە.

کانی عەمارەت یەکێک لەو چەند کانیاوانە بوو کە لە دیدارێکمدا لە ئەوگوستیی **١٩٣٦** ناویم نووسیوە: لەو سەفەرەدا، لە دەربەندی جافەڕانەوە چووبوومە قۆپی، بە دوای چەند شوێنێکەوە بووم کە پاسگایەکی دەوڵەتیی لێ دانێم. کانی زەرد بە بەرزایی **٤٨٥٠** پێ، کانیی هەرە باشبوو؛ سەعید ئاغا، بە سازکردنی ڕیزە کەپرێک لەو جێیە، ئەوی پتر ڕازاندبووەوە. خواردنێکی خۆش و بە لەزەتی گۆشتی مریشکی برژاو، دۆڵمەی باینجانی ڕەش و تەماتەی داینێ. ترێی تازەلێکراوەیان بۆ هێنایین، کە جۆرە ترێیەکی ئەرخەوانی زۆر خۆشیان لەگەڵ بوو. سەرەڕای ئەوانە، بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەوجێیە بۆ پاسگا باش نیە: چونکە کانییەکانی زۆر پڕ ئــاو نەبوون و تەنیا بەشی کێڵگەکانی توتنی دەکرد، هەرچەندە لەوانە بوو بە کۆڵینیان بتوانین هێندێک ئاوەکەی زۆر کەین. سەرەڕای ئەوەی کە هەور و تەم ئاسمانی داپۆشیبوو، هەوا زۆر گەرم و وشک بوو. ئەوکاتەی خۆر دەهاتەدەر و تیشکی لە بەردەقسڵەکانی سەر چیا دەدا، تینی گەرما دووهێندە دەبوو. شەو کاتێک لەژێر شۆقی ئەستێرەکاندا چووم لە جێگاکەمەوە نەمتوانی لە یەک پۆپەشمین(مەلافە) پتر شتێکیتر بەخۆم دادەم، بەڵام بەرەبەیانی لێفەیەکی تەنکم لە خۆم پێچا.

زۆربەی ئەو کەسانەی کــە لەگــەڵ ئێمە هاتبوون لــە کانی عەمارەتەوە، کە کورتترین ڕێگە بوو، گەڕانەوە قەرەداغ. سەعید ئاغــا و یەک دوو کەسیترم ڕازی کرد تــا لەگەڵ من بە «دەربەندی گــاور»دا بگەڕێنەوە. وشەی گاور لە زمانی کوردیدا بە ئەوانە دەگوترێ کە بەر لە ئیســلام و لە دەورانی کــفر و خــودانەناسیــدا هەبوون. ئێرانییەکانی ئەمڕۆ بە زەردەشتییەکان دەڵێن گاور. چەند ڕاپۆرتی یەک بە دوای یەک دڵنیایان کردم، کە نەخش و نووسراوەی بزماریی لەو شوێنە بدۆزمەوە.

ڕەنجم بە خەسار نەچوو. نەخشێکی زەق لە ناو دۆڵێکدا بەقەدی هەڵدێرگەکەوە بوو، کە بەهیچ شێوەیەک نزیک بوونەوەو وێنەگرتنی ئاسایی نیە. ئەو نەخشە وێنەی شەڕکەرێکی ڕیشنە کــە ڕووی لــە لای چەپەیە و بەم جــۆرەی کــە من هەڵمســەنگاند بەرزایی دە پێ دەبوو. کڵاوێکی جەنگی یا خڕی توند بە سەرییەوە نووساوە. ڕیشی لە نزیک چەنەگەی لولویەو دوایی وەک شەپۆلی ئاو دێتەخوار تا دەگاتە قۆڵی چەپی و لەوێوە بەرەو پشتی چووە و لەسەر هێڵی پشتێنی کەوانێکی گرتووە. یەخەی کەواکەی کورتە. پێچی دەماری

سنگ و شان و باسکەکانی ڕادەی هێز و توانای دەگەیەنن. پشتێنەکەی چوار قەدی ڕێکە و وەک داوێنی کراس شۆڕبووەتەوە. بەدەستی ڕاستی، دەسکی شێر یا گورزێکی گرتووە. جومگەی دەستەکانی جومگەبەند یا سۆرانییان پێوە. لاقی ڕاستەی شەقە. لاقی چەپەی لە ئەژنۆوە خوار بووەتەوە و دەلێی سەر بەرزاییەک دەکەوێ. گاشە بەردی ژێر داوێنی کراسەکەی بە ئاو سواوە، بەڵام لەژێر هەر لاقێکیدا لەشی کەسێک دەبینرێ کە کەوتووەتە ژێری. ئەندازەی ئەو کەسانە، یەک لە چواری نەخشەکەن و دەست و لاقیان ئاوەڵەیە و قژی هۆنراوەیان شۆڕبووەتەوە. هێزێک کە پەیکەرسازەکە بۆ دروستکردنی ئەو پەیکەرەی داناوە، شوێنی زۆری خستووەتە سەر وێنەکە. من هیچ شوێنەوارێکی خەتی بزمارییم نەدی. ئەو وێنانەی، کە لەو پەیکەرەیان هەڵگرتبوو بە گشتی باشبوون. سیدنی سمیت سەر بە موزەی بریتانیا، کە ئەوکات مودیری ئیدارەی شوێنەوارناسی عێراق بوو، ئەوی بەوێنەی ئەسڵی پەیکەری سەرکەوتن دەزانی، کە (هەر وەک لە نووسراوەکان دەردەکەوێ) «نەرامسین پاشای ئاکد»[٥] ئەوی بەیادی سەرکەوتنی خۆی بەسەر «ساتونی»[٦] پاشای خەڵکی «لوللو»[٧] لە دەوروبەری ٢٤٠٠ زاینی سازی کردبوو. ئەو دۆزینەوەیە، جیالە نرخی پەیکەرەکە شوێنی ژیانی «قەومی لوللو»شی ڕوون کردەوە و باسێکی گەرمی لێکۆڵەوەریی هەڵگیرساندەوە و تیشکی خستە سەر بەشێک لە سەرکەوتنەکانی ئەو سەرکەوتووە[٨]. باسی «قۆپی»، من دەباتەوە سەر «نووسراوەکانی سەر پێست»ی هەورامان کە لە یەکێک لە فەسڵەکانی پێشودا ئاماژەم بۆ کردووە.

5- Naram- sin of Akkad
6 - Satuni
7- Lullu

٨- یەکەم ڕاپۆرتم لەو نەخشەیە، لە بەرگی ٦٥، ژمارەی ١، گۆڤاری جوگرافیایی دا چاپ کراوە و لە لاپەڕەی ٩٦ی کتێبی «مێژووی ئاشوری کۆن» نووسراوەی سیدنی سمیت دایە. نەخشی پەیکەری «بیرەوەری سەرکەوتنی» نەرامسین، لە لایەن شوێنەوارناسانی فەرانسەوی، لە شوش دۆزراوەتەوە. لە ئەسڵدا دەبێ ئەو نەخشە وەک دەستکەوتێکی جەنگی بردرابێتە ئەو جێیە. وێنەیەکی ئەو نەخشەیە بە بەرگی کتێبی «ل.دابلیو کینگ»ەوەیە، کە بەناوی «مێژووی سۆمەر و ئاکد» (لەندەن، ١٩١٠) چاپ کراوە و وەک یەکێک لە جوانترین بەردە تاشراوەکانی بابلی باسی لێ دەکرێ، کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە. ئەو نەخشە لەگەڵ نەخشی «مجمع القوانینی حمورابی» لە بەشێکی ئەو جێیە دەست کەوتوون کە عەنتیکە و شوێنەوارەکانیتری بابلی لێ دۆزراوەتەوە. ژمارەیەکیان، نووسراوەیتریشیان لەسەر بوو، کە پاشای عیلام واتە ئەو کەسەی کە ئەو عەنتیکانەی دەستکەوتبوون، لێی زیاد کردبوو (جی.جی. کامەرون، لاپەڕەی ١٠٩).



سێ دانە قەباڵەی نووسراو لە سەر پێست، کە دوو دانەیان بە زمانی یۆنانی و ئەویتریان بە زمانی پارتی بوو، دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی ساڵی **١٩١٣** هێنانی بۆ ئینگلیستان و دوای ماوەیەک موزەی بریتانیای[٩] کڕینی. بەم جۆرەی کە دوکتۆر سەعید خان دەیگوت قەباڵەکان لە ئەشکەوتێکی چیای «سالان» لە نزیکی شاری «هەورامان» دۆزرابوونەوە؛ لە گۆزەیەکی سەر بەستراودا پاراستبوویانن و دوورنیە ئەوانە بەشێک بن لە ژمارەیەکی زیادەتر و بەشەکەیتریان لەناو چووبێ. یەکێک لە نووسراوە یۆنانییەکان، پشت نووسێکی کورتی بە زمانی پارتی هەیە، کە ناخوێنرێتەوە و لەوە دەچێ کورتەیەک لە نووسراوە یۆنانیەکە بێ. هەرکام لەو سێ قەباڵانە، قەباڵەی فرۆشی نیوە ڕەزێکن. ڕەزی فرۆشراوی هەرسێ قەباڵە بە ڕواڵەت لەوە دەچێ یەک ڕەز بن. نووسراوەی دوو قەباڵە یۆنانییەکان بە شێوە و ڕێوڕەسمی کۆن، هەرکام دووبەش بوون: یەکەم نووسراوەی (ئا)، کە نیوەی بەشی سەرووی قەباڵەکە، لول کراوە و بە ڕیشاڵێک کە بەناو دوو کونی لێواری سەروویدا ڕۆیشتوە، بەستویانە و مۆریان کردووە. (ب) بەشی دووەمی نووسراوەکە، واتە نیوەی بەشی خوارووی کراوەیە و مرۆڤ دەتوانێ ببینێ. لە بەشەکانی سەروو و خوارووی ئەو دوو قەباڵانەدا هێندێک جیاوازیی دەبینرا. مێژووی قەباڵەی یەکەم (I) ساڵی **٢٢٥** سلوکی(٨٧-٨٨ پز) واتە دوا ساڵەکانی حکوومەتی مێهردادی دووەمی ئەشکانییە[١٠]. مێژووی قەباڵەی دووەم (II) دەگەڕێتەوە سەر ساڵی **٢٩١**ی سلوکی (٢٢-٢١پز) و سەردەمی حکوومەتی فرائاتس(فەرهاد)ی چوارەم. قەباڵەی پارسی، واتە قەباڵەی (III)

٩- ئەو باسەی کە لێرە و شوێنەکانیتردا دێ، لەسەر ئەساسی وتارێکی پرۆفیسۆر ئی.ج.مینس مامۆستای پمبروکی کالیجی کیمبریج نووسراوە، لە ژێر ناو و نیشانی «قەباڵەکانی دەورانی ئەشکانی دەستکەوتوو لە وتاری دوکتور چ.س.نیبرگدا لەژێر ناو نشانی «بەڵگەکانی پەهلەوی لە هەوراماندا» لە گۆڤاری «دنیای هەورامان کوردستاندا». ئەو وتارە لە «گۆڤاری زانیارییەکانی هلنی»، ١٩١٥دا بڵاوبۆتەوە؛ هەروها لە «ڕۆژهەڵات»ی ١٩٢٣دا چاپ کراوە. نووسراوەی یۆنانی، گەلێک خاڵی مێژوویی، یاسایی و زمانناسی ڕوون کردەوە؛ تا ئەوکاتە، باوەڕ نەدەکرا کە زمانی یۆنانی لەسەدەی یەکەمی پێش زایندا لە بەڵگەکانی یاساییدا لەو ناوچەیە بەکار هێنرابێ. دوکتۆر سەعیدخان ئەندامی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی کوردستان بوو. ئەو چووبووە سەر دینی مەسیح و لە تاران کاری پزیشکی دەکرد. یەکێک لە کوڕەکانی ئەندامی بەشی ئەندازیاریی سەڵتەنەتی بوو و لەگەڵ ئێمە لە هێزەکانی بریتانیاییدا لە باکوری ئێران کاری دەکرد.
١٠- بەپێ لێکدانەوەی مینس.

زۆر کورتتر لەو دووانەیترە و لەوانیش خراپتر بووە و ئەگەر نووسراوەی ئەویش دووبەش بووبێ، نووسراوەی بەشی دووەمی فەوتاوە؛ مێژووی ئەو قەباڵەیە ساڵی ٣٠٠ی سلوکییە (١٣-١٢پز) و دەگەڕێتەوە سەر سەردەمی حکوومەتی ئەو پاشایە.

لەناو نووسراوەی هەرکام لە قەباڵە یۆنانییەکاندا، ناوی چوار جێ نووسراون: ناوی باخی ڕەز، ناوی گوند «کۆمە»[١١]، ناوی «هوپارخی»[١٢] یا بەشیئیدارییو ناوی «ستاس موس»[١٣] یا ئەو پۆستخانەیەی کە بە ئاگاداریی شاهیدەکان قەباڵەکەی لێ ئیمزا کراوە. قەباڵەی پارسی، تەنیا ناوی باخی ڕەزی تێدا واژۆ دەکرا.

دوا پیتەکان واتە ras و bag بەڕێز واتای ڕەز و باخ دەدەن و لە فارسیی نوێدا ڕز و باغ و لە کوردیدا ڕەز و باخ و دەکرێ بەجێیی یەکتر بەکار بێن و وەک ناوی ئەسڵی ناژمێررێن. ناوی ڕەز لە قەبالەی IIIدا جیاوازیی نێوان قەباڵەکانی IA و IB ڕوون دەکاتەوە. لە کوردیی نوێدا گەنجینە واتای زێڕ و بەردی بە نرخ دەدات، بە تایبەتی ئەو گەنجانەی ژێرخاک کراون. ناوی ئەو جێیانەی کە وشەی گەنجیان لەگەڵە، لەومەڵبەندانەدا کە بە کوردی و فارسی قسە دەکەن، زۆر دەبیسرێ. تەواوی ناوەکانیتر، جیا لە (دساکدیس) لە ژمارەی IIAدا نووسراون. (گەنزکە) بەچەشنی ئاواڵ ناوی تەنیا (مەفعول) و Kophanis و Kopanis (کۆپهانیس و کوپانیس) ئاواڵ ناوی تەک و ئەوانیتر ئاواڵ ناوی کۆن(جمع).

بوونی ناوی دوو جێگە واتە قۆپی و باسەڕە کە زۆر لە کۆپهانیس و کۆپانیس، بایسئیرا و باسیرا دەچن، لە قەرەداغ کە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لە بابەت شوێنەوار و پەیوەندییەکانی مێژووییدا زۆر جێگای سەرنجە. ئەو دیاردەیەو گەلێک ڕا و بۆچوونیتر هانمدەدەن، وا بیربکەمەوە ئەو مولکە مامەڵە کراوە لێرەیە، نەک لە هەورامان، کە قەباڵەکانیان لێ دۆزراوەتەوە.

١- دوکتۆر سەعید خان، لە ناوچەی دۆزینەوەی ئەو قەباڵانەدا، جێگایەکی نەدەناسی کە ناوی لە ناوە نووسراوەکانی ناو قەباڵەکان بچێ، منیش لە لیستەی ناوی گوندەکان و سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٤٢دا توشی ئەوجۆرە ناوانە نەبووم.

11- Kome
12- Hyparchy
13- Stathmos



٢- لە نووسراوە یۆنانییەکاندا، ناوی Kop(H)anis هاتووە، هەرچەندە ئەو ناوە بە شێوەیەکیتر گوتراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وەک ناوە ناسراوەکانی جوگرافیایی کە بە ane و ene تەواو دەبن، باسیان لێکراوە. گوتنی (ane) لەو نووسراوانەی یۆنانیدا، بەمجۆرە زانراوە کە گوایە ئاماژەن بەشێوە دابەشکردنەکانی ئیداریی، کە لە سەردەمی حکوومەتی سلوکییەوە دەستی پێکراوە و تا حکوومەتی ئەشکانیان درێژەی هەبووە[١٤]. بەمجۆرە پیتی an لە بنچینەوە ناوێکی ناوچەیی نیە.

٣- سەگرمە ناوچەیەکە، کە ڕێگای گرنگی باکور و باشووری نێوان بەغدا و تەورێزی پێدا دەڕوا و چیای قەرەداغ لەت دەکات. ئەو مسافیرانەی کە لە باشوورەوە دێن لێرەوە دەچنە قۆپی کە لە پەنجا و پێنج مایلیی چیای «ساڵان» هەڵکەوتووە. لوتکەی ئەو چیایە ٨٥٠٠ پێ بەرزە، لە ٥-٦ مایلیی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتیدا بەرزترین لوتکەی هەورامان کە ٩٨٠٠ پێ بەرزایەتی، سیروان جێی گرتووە. سیروان لەو جێیەبەهۆی پێچێکی توند، ساڵان دەور لێ دەدا و لە باکوری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات ڕێگا دەگۆڕێ، بەڵام دیسان بەلای ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای زاگرۆسدا دەچێتەپێش. هەورامانی ئەمڕۆ، وەک هەمیشە جێی پەنابەرانی شارەزوور و ناوچەی قەرەداغ بووە.

٤- حکومەتەکان بێگومان پۆستخانەیەکیان لە یەک یا هەردوو لای ئەو دەربەندە سەخت و دژوارانە هەبووە، کە لە نێوان ڕێگا گرنگەکاندا جێیان گرتووە. دوور نیە جێگای ئەو پۆستخانەیە ناوەندەکانی ئیدارەی نوێی گۆکتەپە و قەرەداغ بووبێ.

| | ڕەز | گوند | بەشی ئیداری | پۆستخانە |
|---|---|---|---|---|
| 1A | Dadbakanras | Kophanis | Baiseira | Baithbarta |
| 1B | Ganzaka | Kopanis | Baiseira | Baithabarta |
| 11A | Dadbakabag | Kopanis | Basiraora | Desakids |
| 11B | Dadbakabag | Kophanis | Basiraora | Desakdids |
| 111 | Dadbakan | | | |

belonging to Ganjaak

١٤- دابلیو. دابلیو. تارن «لێکۆڵینەوەکانی سلوکی و پارسی» لە لیستەی وتوویژکانی ئاکادمی بریتادا، بەرگی شازدە.

جیاوازیی نێوان ناوەکان، لە قەباڵەکانی I و II دا گیروگرفت پێکناهێنێ، چونکە لەوانەیە ناوی ناوەندی ئیداریی لە ماوەی شەست و شەش ساڵی نێوان مێژووی ئیمزای ئەو دوو قەباڵەدا گۆڕابێ یا دوور نیە بازرگانەکان لە دوو جێگای لێک جیاواز، ئەو مامەڵەیان کردبێ.

٥- سەگرمە لە دەشتەوە کەمتر لە پەنجا مایل مەودای بۆ کفری هەیە. ڕێگایەک کە لە باکورەوە دێ، لەو شوێنە تێکەڵی ئەو جادەیە دەبێ کە لە موسڵ، هەولێر، کەرکووک و تۆقەوە دێت. بەمجۆرە نزیکەی سەد و پەنجا مایلە بۆ بەغدا. ئەومەڵبەندە بۆ هاتوچۆی یۆنانییەکان کە لە سلوکییە (لە هەژدە مایلیی باشووری بەغدا) پێگەیان هەبووە گەلێک ئاساییتر بووە لە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی کە لە نێوان بەرگری سروشتیی مەزنی هەورامان هەڵکەوتووە.

ئەگەر ناوی ناحیەی ئیداری «هوپارخی» لەسەر باسەڕە مابێتەوە، لەو حاڵەتەدا بۆچوونی من کاتی نەبوونی بەڵگە و شاهیدیتر، پتر پشت بە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیایی ناوچەکە و ئەو ئەزموونانە دەبەستێ کەبەهۆی کارکردنم لەو ناوچەیەدا بەدەستم هێناون) و ئەویش ئەوەیە کە ئەو ناحیەیە بەلانی کەمەوە قەزای بازیانیشی گرتووەتەوە، کە لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانییەکاندا هەبووە و ناحیەکانی ئێستای ئاغجەلەر، ناوەندی چەمچەماڵ، سەنگاو و بازیانیشی لەگەڵ بووە. هەروها ناحیەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەری وارماوا، کە ناحیەی ئیدارییان پەنجا مایل درێژ و بیست و پێنج مایل پان بووە، بە هۆی زنجیرە چیای قەرەداغ بەلای درێژاییدا دوولەت بووەو شێوی باسەڕەش ئەو زنجیرە چیایە بەلای درێژاییدا بەسەر دوو بەشی نزیک بەیەکتر لەت دەکات. بەپێی بەڵگەی مەوجود دەکرێ قبوڵ بکەین کە دابەشکردنە گرنگەکانی فەرعی ساتراپنشین لەسەردەمی سلوکیو ئەشکانییەکاندا ئەپارخی بوون[١٥] و هوپارخییەکان دابەشکردنی دەرەجە دووەم بوون، بەڵام لەو حاڵەشدا هێندێک چوک دێتە بەرچاو. لەبەر ئەوە دەمەوێ بڵێم ڕەنگە «هوپارخی» تەواوی پارێزگای ئەمڕۆی کەرکووک و هەروەها یەکەم دۆڵی ئەوبەری قەرەداغی تا زنجیرە چیای بنزەرد- بەرانانی گرتبێتەوە، واتە بە دروستی تەواوی ئەو ناحیەیەی کە ئێمە لە کەرکووکەوە سەرپەرەشتیمان دەکرد و تۆق کە حاڵەتێکی

١٥- تارن، هەر ئەو.



ناوەندیتری لە کەرکووک هەیە و لە سەردەمی حکوومەتی موسوڵمانەکاندا پێگەیەکی گرنگ بووە و دوور نیە بنکە و ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئیداری بووبێ[١٦].

لە قەرەداغەوە، بە مێرگەڵانێکی باسکی باشووری «کەڵوش»دا لێمانخوڕی و چووینە گوندە تێروتەسەلەکەی «سەیوسێنان». کوێخا نەجم کە دۆستی ساڵی ١٩١٩ی ئێمەو هاوپەیمانی سەعیدئاغا بوو، بەرلە ڕۆیشتنمان میوانداریبیەکی باشی کردین. سێ مایلی دیکە ڕۆیشتین و گەیشتینە «عەلیاوا» کە بۆ چادرلێدان جێگەیەکی باش بوو. هەر وەک پێشتر گوتم کوردەکان هەرگیز لە تێکەڵکردنی ناوەکاندا نامێننەوە. ناوی گوندی کوێخا نەجم، «سەی» و سێ نان (سەید و سێ نان) بوو. داستانی ئەو ناوە دەبەنەوە سەر پیاوچاکێک، کە هەرگیز پترلە سێ نانی نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە شێوەی (مۆجزە)ی نان و ماسییەکان[١٧] توانیویەتی بەو سێ نانە هەر ژمارە میوانێک ڕاگرێ و بەشێک لە نانەکانیشی بمێنێتەوە. نمونەیەکیتری تێکەڵ کردنی وشە «باسەڕە» بوو: «با» بە واتای بزوتنەوی توندی هەوا و «سڕە»ش ئاواڵ ناوەو لە سەرچاوەی (مصدر)ی «سڕین» دێت، کە واتای وشککردن و پاککردنەوە دەدات! بەگشتی چەند سەعاتێک لەگەڵ شێخەکان گفتوگۆم کرد. قسەکانمان تەنیا دەربارەی پێڕاگەیشتن بە کارەکانی قەزای نوێ نەبوو، بەڵکوو مەسەلەی شێخ مەحموود و سیاسەتی گشتی کوردستانیشی گرتەوە. لە نیوەی دووەمی مانگی ژوئینەوە، لەو ناوچانەداکە خەریکی پێکهێنان و بەهێزکردنی «پشتێنەی ئاسایش» بووم، شێخ مەحموود بێکار نەوەستابوو.هێندێک جار، دەوروبەری ئەوەندە چۆڵ دەبوو کە بە خەیاڵم گوشارێک دەیتوانی بیڕوخێنێ. باقی

١٦- وتاری نووسەر لەژێر سەردێری: «ناوی جێگاکان لە قەباڵەکانی هەوراماندا»، کە لە «بۆڵتنی خوێندنگەی زانیارییەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا»، بەرگی ٣/١٤- ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو کراوەتەوە، لە چاپ کردنیدا هێندێک پەلەی کرا بوو، تا بتوانرێ لەگەڵ کۆمەڵە زانیارییەک کە دەبوایە بۆ ڕێز گرتن لە هەفتاوپێنجەمین ساڵی لە دایک بوونی مینوریسکی بڵاوبکرێنەوە. لێکۆڵینەوە دەربارەی پان و بەرین بوونی هیپارخی Basiraora بەشێنەیی ئەنجامی گرت.

١٧- ئاماژەیە بە «مۆجزەی عیسا... گوتیان ئێمە جیا لە پێنج نان و دوو ماسی‌مان نیە، مەگەر بچن بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە خواردن بکڕن... هەموویان دانیشاندن، دوایی پێنج نان و دوو ماسیەکەی بە دەستەوە گرت و ڕوی لە ئاسمان کرد، بەرەکەتیان تێکەوت. نانەکانی ورد کرد و دانی بە خوێندکارەکانی تا لە پێش خەڵکەکەی دانێن... هەموو خواردیان و تێر بوون و دوازدە زەمبیلی پڕیش مایەوە و هەڵیان گرتەوە... ئینجیلی لۆقا، فەسڵی ٩.

کاتەکانیتر، بەمجۆرەی کە من دەمبینی بەهۆی کەمتەرخەمی ئێمە، وەزعی تێ هەڵدەچووەوە. من پەیتاپەیتا داوای ئەنجامی عەمەلیاتی هەوایی یا گرتنەوەی سلێمانیم لە لایەن سوپای عێراقەوە دەکرد، چونکە دەمزانی ئەوە تەنیا هێزێکە کە ئەگەر بێتو جێگیر بێ، ئیتر بە پەلە فەرمانی پاشەکشەی پێ نادەن. دەمویست زەبرێکی کاریی لێ بدەم یا پێشی تەشەنەی ئەو لوە پیس و پڕ لە کێمە بگرم، بەڵام کۆمیسێری باڵا تاکتیکەکانی «فابیەنی»[١٨] خۆی بەلاوە پەسەندبوو. ئەو تێبینییانەی کە ئەویان بەرەو ئەو ڕێبازە دەبرد بۆمن نەناسراو بوون و یاداشتەکانم پێشاندەری ئۆقرە نەگرتنێکی گەنجانەن کە من ئەوانم بە «بێوازیی دابز» دەزانی. شێخ مەحموود لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کۆمیسێری باڵا و منی نامەباران کردبوو. لەو نامانەدا دەیگوت نە لە ڕابردوودا و نە ئێستا مەبەستێکی خراپی نەبووە و لە داهاتووشدا نایبێ و لەو بابەتەوەش بە داخە کەبەهەڵە ناکۆکی پێکهاتووە. شێخ مەحموود بە ئەوانی دەوروبەری خۆی دەگوت، ئەو بەیاننامانەی کە دژی ئەو بڵاوکراونەتەوە و ئەو کارانەی دژبەو ئەنجام دراون هەڵسوڕانێکی تاکتیکیی بوون و لەڕوانگەی سیاسەتی دەرەوە نووسراون و بەو زوانە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی. بەم پێیە هەستم دەکرد کە کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراق بە قبوڵکردنی دوو لێژنەی نوێنەرایەتی ئەو توشی ئەوپەڕی ناپارێزیی ببوون. لەبەر ئەوە، من ئامادە نەبووم لەگەڵ نوێنەرانی دانیشم و دەمگوت وەرگرتنیان لەم بارودۆخەدا بە قازانجی پڕوپاگەندەی ئەو تەواو دەبێ و وەرەی خەڵکی دانیشتوی ناوچەکانی «پشتێنەی ئاسایش» و کەرکووک کز دەکات. دانیشتن و باس و گفتوگۆ لەگەڵ شێخەکانی «لایەنگریی حکوومەت» ڕای منی دەربارەی ئەو سەفەرە و هەڵبژاردنی گۆل و قەرەداغ بۆ ئەو گەشتە وەڕاست گەڕاند: بەو واتایە، چونکە دڵنیا ببوون کە شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی، تێدەکۆشان ناوبژیی ئێمە بکەن تا بەڵکوو لەم ڕێگایەوە جێ پێی خۆیان لە داهاتوودا قایم بکەن؛ بەتایبەتی شێخ عەبدولکەریم هەوڵی دەدا ڕوخسارێکی عاقڵانە و ڕازپارێز بگرێتەبەر و بەو گوتنە کە ڕووسەکان خەریکن بەهۆی سمکۆوە خۆتێکەڵی ئەو قومارە بکەن و ئێمە دەبێ عاقڵانە ڕەفتار بکەین و شێخ مەحموود بکەینە مەتاڵی هەڵسوڕانەکانمان، منی وەغیرەت خست.

١٨– Fabian (کینتوس فابیوس ماگزیموس و روکوسوس، ٢٠٣؟ پ ز) سەردار و کاربەدەستی ڕۆمیی، کە لە دووەم جەنگی ڕۆم لەگەڵ کارتاژ، بە تاکتیکێکی لەسەرەخۆ بە هێمنی و دوور لە تێکهەڵچونی ڕاستەوخۆ هانیباڵی شکاند. فابینی: لە سەرەخۆو بەئارامی.



لە قەرەداغ، دوو نامەی شێخ مەحموود و ڕەزا بەگم پێگەیشت، کە بێگومان بە ئاماژەی خانەخوێیەکانم نووسرابوون و لەواندا داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردم. ڕەزا بەگ دۆستی کۆن و لەمێژینەم بوو. ئەو، ساڵی ١٩١٩ زۆر لە من نزیکبوو، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی ئەو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ من کارێکی ژیرانە بوو، بەڵام دیسانیش من وام بە قازانج زانی، کە ئەو دیدارەش پاشگوێ خەم.

لە لایەکیترەوە، بە ڕووخۆشی لە چادرەکانماندا پێشوازییم لە شێخ قادری برای شێخ مەحموود کرد. سەرەڕای ئەو پیلانگێڕییانەی کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشان، کاری نووسینی لیستەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی بەرچاو ئەنجامیان دەگرت؛ لیستەی ناحیەی قەرەداغ بەناونوسکردنی چوار هەزار کەس ئامادە کرابوو؛ لە سەنگاو، کارەکان بەجوانی دەچوونە پێش و تەنانەت چەند سەد کەسیش لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی دوور لە ناوچەی ئیداریی ئێمە، داوایان کردبوو ناویان بنووسرێ. دوای هێندێک پێهەڵاگوتن و هاندان، شێخ قادر قبوڵی کرد خۆی بۆ هەڵبژاردن بپاڵێوێ. سەرئەنجام نوێنەرایەتی ئەو لە کۆڕی دامەزرێنەرانی عێراق بەڵگەیەکی زیندوو بوو لە گۆڕەپانی جیهانییدا بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم بۆچوونە کە «پاشای» نافەرمان نوێنەری ڕاستەقینەی بیروڕای گشتی خەڵکی کوردە[ح].

شێخەکان، لە سەیوسێنانەوە گەڕانەوە گوندەکانی خۆیان و ئێمەش لە عەلیاوا شەوێکی خۆشمان بردەسەر: ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسەکان خۆیان بە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و شانۆگەر دەزانی و شەوێکی زۆر خۆشمان بوو. ئەم جۆرە یارییانەی قەراغی ئاگر، کە هەمیشە بەرنامەکانی پان و بەرین دەبنەوە، ببوون بە یەکێک لە کارە ئەسڵییەکانی سەفەرەکەمان و یارمەتێکی زۆریان بە نزیک بوونەوەی ئەندامانی هێزی گەشتی و بەرزبوونەوەی ورەیان کرد. کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانی ناوچەیی لە گوندەکان و ئۆردوگاکاندا یارمەتێکی زۆری بە نزیککردنەوەی ئەو کەسانە دەکرد کە زۆرجار لایەنی ناخۆشی هەڵسوڕانەکانی ئیدارییان بینی بوو و چاویان بە لایەنە جوانەکان نەکەوتبوو.

لە عەلیاواوە بە ڕێگایەکی بەردەڵاندا بە داوێنی قەرەداغ و ژێر لوتکەی بەرزی «زەردە»دا چووینە سەر دەربەندی پەیکۆڵی. کاتێک لێرەوە بەسەر ڕوباری

ح– مەبەستی نووسەر لە شێخ مەحموودە.

«دێوانە»دا، بەرەو باکور ئەوبەری شیوەکە تەماشا دەکەی سێ دەربەندی «سۆڵە» و «گەورە قەڵا» و «پاشەڕێ» بەسەر زنجیرە چیای بەرانانەوە دەبینی. یەکەم گروپی جافی گەلاڵی خەریکی کۆچ بەرەو باشوور لە پەیکۆڵی تێدەپەڕین: ڕەشماڵەکان، دیرەکەکان، چیغەکان، مەنجەڵە گەورەکان و مەشکەکانی ڕۆن و لانکی منالانیان لەسەر پشتی گا و ولاخەکانیان بار کردبوو. ئێمە هێشتا لەوێبووین کە ڕەشماڵەکانیان لە بەشی باکوری چیا لە نزیکی بینای نیرسی هەڵدا، کە لە ساڵی ۱۹۱۹وە «هەرتسفلد» گەلێک لە تەختە بەردەکانی ئەو جێیەی هەڵگێڕابووەوە. ماوەیەک خەریکی وێنە گرتن و نووسینی ئەو یاداشتانەم بووم، کە لە فەسڵی دوازدەدا کەڵکم لێ وەرگرتوون. دوایی بە ڕێچکەیەکی سەخت و دژواری بناری «زەردە»دا سەرکەوتین و گەیشتینە «چچە قەڵا»[ح]، کە ناوەندێکی دەروێشانە. لەوێ دوای پەیوەندیی لەگەڵ فرۆکە بەرەو «تەپە گەروس» لێمانخوڕی، کە گوندێکی جافەکانی ڕوخزادی نیشتەجێ بوو.

بەیانی ڕۆژی دوایی، لە دۆڵی سەنگاوەوە بەرەو ڕۆژئاوا چووین و گەیشتینە شیوێکی چکۆڵە کە لە نێوان ئاجداغ و درێژەی ئەو «بڕگەچ» کە لە باشووری ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە. کاتێک لە زارکی ئەو شیوە نزیکبووینەوە، بە سەرسوڕمانەوە زەوی لەژێر سمی ئەسپەکاندا دەنگی بۆشایی دەدا و بۆنی توندی گۆگرد لە قوڵکە و چاڵاییەکان دەهات. لەناو شیوەکەدا، دوو جۆگەلەئاوی زستانەزێ یەکیان دەگرتەوە: یەکیان لە باشووری ڕۆژئاواوە دەهات و ئەویتریان کە ناوی «تف تف» بوو لە ڕۆژهەڵاتەوە. ئەو دوو جۆگەلانە، ئەوکات (هەفدەی ئۆکتۆبەر) وشک بوون و دوو کانیاویتر لە ژێر گاشە بەردێکی زل و قیت لە هەردوو لای شیوەکە هەڵدەقوڵی. کانییەکان، نزیکەی ۱۲۰ یارد لێکدوربوون و لە ئەسڵدا دەبێ سەرچاوەی ئاوەسپی بن. ئاوی شیریی ڕەنگی ئەو دوو کانیاوانە بە توندی بۆنی گۆگرد دەدەن و چونکە ئەو ڕۆژە ئاسمان ساماڵ بوو، ژێریان شین دەچووەوە. کاتێکیتر بەناوی «ترشاو» لە نزیکمان بوو، کە بەگومانم جەوهەری گۆگردی تێکەڵە. کانێکی گۆگرداوی لە قەراغی ئاجداغ، لەپڕ گۆلێکی مەزن هەڵدەبەستێ، پێویست بوو لەو ئاوەدا، کە دەمزانی بۆ سلامەتی لەش قازانجی هەیە مەلە بکەین. مەلە خۆشبوو، بەڵام ئەو خۆشییە بە چەوراییەک کە لەسەر لەش دەنیشت تامی نەدەما.

ح- لە ناوچەدا (چرچە قەڵا)شی پێدەگوترێ.



ئەو ناوچەیە، ڕۆژگارێک شوێنی ژیانی هۆزی دیلۆ بوو. مێژووی دەرکردنیان بە گوێرەی وتەی شارەزایانی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ چل تا سەد ساڵی ڕابردوو و داستانەکەی بەمجۆرە بووە: عەشیرەتی زەنگەنە دوژمنایەتی کۆنی لەگەڵ ئەم هۆزە هەبوو، لەبەرئەوە لە شەوێکی تاریکدا پەلاماریان دەدەن و بەوپەڕی بێ بزەییەوە، کە لە شەڕەکانی عەشیرەتیدا باو نییە، دەستیان کرد بە کوشتنی ئەندامانی ئەو عەشیرەتە. دیلۆکان دوای ئەو کارەساتە، کوژراوەکانیان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا شاردەوە و تێکڕا هاواریان بۆ کەرکووک برد تا بەڵکوو بە ڕێگای شکایەتەوە زیان و خەسارەتەکانیان قەرەبوو بکەنەوە. زەنگەنەکان، کەڵک لە نەبوونی ئەوان وەردەگرن و تەرمی کوژراوەکانیان لە گۆڕ دێننەدەر و لە جیاتی ئەوان تا ئەو جێیەی دەتوانن و بۆیان دەکرێ کەلاکی سەگی تۆپیو، ێستر و حوشتری مردوو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکە دەخەن و بەپەلە بەدوای دیلۆکاندا دەچنە کەرکووک و داوا لە کاربەدەستانی ئەوێ دەکەن بەو تاوانە ڕابگەن، کە دوژمنانی باب و باپیرانیان بە سەریان هێناون. چونکە بینینی گۆڕە بە کۆمەڵەکە و هەڵسەنگاندنی بە قازانجی زەنگەنەکان تەواو بووە، دیلۆکانیان بە زۆرەملێ بردووەتە کفری و ناوچەکانی ئەوبەرتری و بەم جۆرە وشەی «زەنگەنە بازی» بەواتای فێڵبازیی لە کارەکاندا هاتە ناو فەرهەنگی زمانەوە.

ڕۆژی دوایی بە باسکی چەپی ئاوە سپیدا، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژەمان بە ڕێگاداو بەسەر لم و خیزەڵانی سێ جۆگەلەئاوی گەورە و خوڕێنی «مامران، لاهێز و میردەوڵەت»دا تێپەڕین و لە گرەگا «داری خێڵە»وە بەرە و ڕۆژئاوا شۆڕبووینەوە و گەیشتینە کاروانسەرا بەناوبانگەکەی برایم خانچی. لێرە، لە جێگایەکی زۆر ڕوونی ڕوبارەکە، کە هیچ شوێنەواری گۆگرد و چەورایی لێ نەدەبینرا، تێر مەلەمان کرد. دوو گوند لێرە لە نیومایلیی یەکتر بوون. خاوەنی ئەو دوو گوندانە حەمە کەریم ئاغاو عەبدولکەریم ئاغای زەنگەنەبەهۆی دووژمنایەتیان لەگەڵ یەکتر بەدانی زامن لە کەرکووک لە ژێر چاودێرییدا بوون، بەڵام کوڕەکانیان لەو گوندانەدا ئامادەی خزمەتکردن بوون و هەرکامیان بۆ میوانکردنی ئێمە لەگەڵ ئەویتر پێشبڕکێی دەکرد. لەبەر ئەوە، ئێمە لەنێوان ئەو گوندانەدا چادرمان هەڵدان و نانی نیوەڕۆمان لە یەکیان قبوڵکرد و نانی شەویش لەویتریان.

لە برایم خانچییەوە بەڕێگای گوندی زەنگەنەی «ئاوباریک»دا چووینە فەرهاد بەگ، کە گوندی شێخ جەلالی تاڵەبانی بوو. شێخ لەو دواییانەدا بۆ سکاڵا دژی پێکهاتنی ناحیەی گۆل چووبووە بەغدا. ئەو هەروەها بەکەڵک وەرگرتن لەوهەلە چووبووە لای ددانسازێکی فێڵباز. ئەو ژمارە ددانسازانە، سەرۆک عەشیرەتە پولدارەکانیان فریودەدا و ئەوانیان

ڕازی دەکرد کە ڕوکێشی زێڕ بخەنە سەر ددانەکانیان و لەو ڕێگایەوە پارەیەکی زۆریان چنگ دەخست. دیارە ئەوکارە بۆ سلامەتی لەش و ددان ئاکامێکی زۆر خراپی بەدواوە هەبوو. دژایەتی شێخ لەگەڵ پلانی پەسەندکراوی من، دەربارەی پێڕاگەیشتن و چاککردنی وەزعی ئیداریی، بە هیچ شێوەیەک بەرگری لە تین و گەرمیی ئەو چاوپێکەوتنەی نەکرد. زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکردم و هەردوو شانەکانمی ماچ کرد. لەهەڵێکی ئاواداهێندێک جار پەیوەندی باب و فرزەندانەم دەدیت، کە باب هەرچەندە بۆخۆی ڕەنج دەبات، بەڵام ناچار دەبێ منداڵەکەی سزا بدات. تاقیکردنەوەی من لەناو کورد، ئێرانیی و عەرەبەکاندا ئەوەیە، کاتێک کەسێک بەدڵ بۆی دەرکەوێ هەڵەی کردووە، لە بەرامبەر کاربەدەستێکدا کە سزای داوە، غەرەزی لێ بەدڵ ناگرێ، هەرچەندە ڕەنگە لە ئاست خزمێکی خۆیدا، وابیر بکاتەوە کە توشی کێشە و چەرمەسەری کردووە و گیروگرفتی بۆ خولقاندوە، بەم جۆرە نەبێ. لە لایەکیترەوە، ئەگەر بە ڕاستی بزانێ لە ڕووی زانیارییەوە غەدری لێکراوە، ڕەنگە بۆ ڕازیکردنی هەستی دەروونیی خۆی و تۆڵەی زوڵمی لێکراوی، خۆی بە ئاو و ئاگردا بدات.

شەو دوای خواردنی شیو، شێخ جەلال داستانێکی دوور و درێژی دەربارەی ئەشکەوتی گەورەی ئاجداغ بۆ گێڕامەوە و گوتی: بە ڕەهۆڵێکی سەر خەرپشتەی داپۆشراودا، لە نزیک خوێڵێن، دەچنەناو ئەو ئەشکەوتە؛ شارێک لەناو ئەشکەوتەکە دایە، کە شەقام، حەوز و کەفارە و ماڵ و بازاڕی هەیە؛ تەنانەت دار و درەختیشی هەبووە. یەکێک لە بەشداران لەوەش پتر چووە پێشو گوتی لە دوکانێکی ناو ئەو ئەشکەوتەدا دەستی لەسەر شتێک داناوە کە بەڕای ئەو لە تۆپە قوماش چووە، بەڵام هەرکە دەستی لێکەوتوە، قوماشەکە لەبەریەک چووە و ورد بووە. لە ناوەندی ئەو شارەدا کاییێکی دیوە کە سێ ڕوباری ئاوەسپی لە باشوور، جۆگەلەی سوێری «مەملیحە» لەباکوری ڕۆژئاواو «ئاوی قەیتوڵ» لە باشووری ڕۆژئاوا لێیجیادەبنەوەو بە دانانی تەنیا خشتێک دەکرێ ئەو ڕوبارانە تێکەڵی یەکتر بکەن. یەکێکیتر دەیگوت جێ پێی دێوێک لەسەر عەرزی ناو ئەشکەوتەکەیە. سەرئەنجام تەوسێکی شێخ کۆتایی بەو پێشبڕکییە هێنا. هەرچەندە ئەو داستانانە سەیر و سەرسوڕهێنەرن، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ژمارەیەک ئەشکەوت لە ئاجداغ هەن کە لەوانەیە بۆ ئەشکەوت ناسان زۆر گرنگ بن. پێمخۆش بوو ماوەیەک لێرە بمێنمەوەو ئەو ئەشکەوتە ببینم، بەڵام ئاسمان ناوچاوانی تێکنابوو و لەوانە بوو یەکەم بارانی قورسی پاییزیی لە ڕێگادا بێ، لەبەر ئەوە هەوڵمدا بەرلەوەی کە ڕێگای لەیلان بۆ کەرکوک بگیرێ، ڕۆژی



دوایی بگەمەوە کەرکووک. ئۆتۆمبێلەکەم لە لەیلان چاوەڕوانم بوو.

لە ڕێگای فەرهاد بەگەوە بۆ لەیلان، شتێکی سەرنج ڕاکێش ڕووی نەدا کە شایانی باس بێ، بەڵام بۆ ئەوەی کە باسی «گۆڵ» ببڕمەوە، قسەکانم بە چەند وشەیەک دەربارەی چاوپێکەوتنی ئەو جێیە لە نێوڕاستەکانی مانگی نۆڤێمبەردا تەواو دەکەم.

لە قادر کەرەم، شتێکی سەیرم بینی: لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم، لە هەیوانی خانەقاکەی دانیشتبووین، کە لە دوورەوە دەنگی تەپڵ و زکرم بیست. دەنگەکە هەر دەهاتوو نزیکتر دەبووەوە، تا ئەوەی کە گروپێکی تێکەڵاوی دەروێش و گوندیی لەسەر تەپۆڵکەی نزیک گوندەکە دەرکەوتن. سیمای ئاڵۆز و قژی ژاکاو، دەروێشەکانی لە گوندییەکان جیا دەکردەوە. دوو تەپڵژەن لە پێش جەماوەرەکە دەڕۆیشتن. یەکێک لەوان تەپڵی چکۆڵەی لێدەدا و ئەویتریان تەپڵێکی گەورە کە بە سەر پشتی یەکێک لە گوندییەکانەوە بوو. لە پێش مەرقەدی شێخ موحەیەدین، بابی خانەخوێیەکەم، ئەڵقەیەکیان لێدا و درێژەیان بە زکرەکەیاندا: سەریان بە شێوەیەک ڕادەوەشاند کە دەتگوت هەرئێستا مێشکیان بڵاودەبێتەوە. ئەوان مریدی ئەو شێخ عەبدولقادرە بوون، کە لەو فەسڵەدا ئاماژەم بە شێوەی مردنەکەی کرد. بنەماڵەی شێخ عەبدولقادر تازە لە هەورامان گەڕابوونەوە و ئەو جەماوەرەش بۆ دیتنی کوڕ و جێگرەکەی دەچوونە کرپچنە.

دوای یەک دوو ڕۆژ، دیسان لە «ئاوباریک» لە چواردە مایلیی باشوور بووم، کە کەڵکم لە هەل وەرگرت و چوومە جێیەک بە ناوی «خۆرنەوەزان»، کە هێندێکم شت لێ بیستبوو و هەرگیز خۆر ئەو جێیە ناگرێ. دۆڵێکی تەنگی باریکی چکۆڵە لە چوار مایلیی باشووری گوندەکە بوو، کە لە باکورەوە دەچێتە سەر «ئاوە سپی». ڕوبار لێرەوە بە نێوان زنار و گاشەبەرداندا بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و لە تەپۆڵکەیەکی چکۆڵە بە ناوی «مازوخ» تیدەپەڕێ، کە لە باکورەوە بۆ باشوور چووە. لە ڕۆخی ڕوبارەکەوە، بەنێوان پۆلە درەختێکی تێکەڵاو لە هەنار، هەنجیر و پنچە دارسماقدا سەرکەوتین و گەیشتینە ناو گەرویەک کە تەواوی دەوروبەری بە خەز و قەوزە داپوشرابوو. ئەو گەرویە دەگەیشتە دیوارێکی بەرزی بەردینی قایم، کە ئاوی کانییەکی بەسەردا دەهات و وەک تاڤگە بەسەر خیزی ڕەنگ سووری ژێر دیوارەکەدا دەکەوتە خوارێ. سورایی بەردەکان، بەڕواڵەت بەهۆی تێکەڵاویی ئاسن و بەردەکان بوو. بۆنی خۆشی نەعنا و گیا بۆنداره خۆشەکانیتر هەوایان داگرتبوو. جێیەکی ئاوا بە زەحمەت دەکرێ لە بەرزایەکانی باکورتردا ببینرێ، بەڵام لێرە لەناو ئەو

تەپۆڵکە سوتاو و بێ دار و دەوەنانەدا زۆر دڵڕفێن و خۆشبوو و دوورنیە لە سەردەمی کفر و نەزانییدا وەک کۆشکی ناو ئەشکەوت[١٩] کەڵکی لێ وەرگیرابێ.

ڕۆژێک لە گوندەکانی سەربە «دودەکان» (داودە) مامەوە. بە سەرسوڕمانەوە لێرە «دودەی کوردستان»یان پێدەگوتن. لەوێ، بە کاری شەڕێک ڕاگەیشتم، کە لە نێوان خەڵکی ناوچەکە و جافەکانی ڕوخزادیی (کە ماوەیەک لەمەوبەر هاتبوونە ئەو ناوچەیە) ڕوی دابوو و دوایی بەرەو ڕۆژئاوا گەڕامەوە و سەرلەنوێ لە چوار مایلیی باشووری «خۆرنەوەزان» لە مازوخ تێپەڕیم. لوتکەی ئەو جێیە ٢٠٠٠ پێ بەرز بوو، واتە ٨٠٠ پێ بەرزتر لە ڕوبارەکە و هەرچەندە چاو کاری دەکرد بەری ئاوەڵە بوو: بەرەو باکوری ڕۆژهەلاتی قەرەداغ و چیاکانی ئێران دەچووینە پێش؛ ئاوە سپی لە باسکی ڕۆژئاوا بوو و دەشتە پان و بەرینەکەی «پاتاکی» لە ناو خۆی گرتبوو و تا یەکەم قاتی بەرزایەکانی نزیک جادەی دوزخورماتوو دەچوەپێش. لەو نزیکانە، توشی دوو کەس بووم کە تازە کونە ڕێویەکیان قانگ دابوو و ڕیوییەکەیان گرتبوو. ئەو شەوە و شەوی دوایی لە «چەوری» مامەوە، کە لە دەشت و نزیک ڕوبار هەڵکەوتووە. لەوێ میوانی عەزیز عەباس یەکێک لە ئاغا گرنگەکانی دودە بووین و ڕۆژێکی خۆشمان بردەسەر و بۆ فراوین گۆشتی کەومان خوارد. دوای دیداری ئەو ڕۆژە، ناوبراو لە هاتن بۆ ئیدارە دەوڵەتییەکان نەدەپرینگایەوە و خۆی نەدەپاراست.

لە «چەوری»یەوە بە ڕێگایەکی ئاساییدا کە بە دەشتایەکدا تێدەپەڕی، چووینە ناو شیوێکی پڕلە کانیاوی سوێر، کە ناویان لەسەر دوزخورماتوو بوو و گرنگی بەرچاویان دابوو بەو شارۆچکەیە. بەرلە گەڕانەوەم بۆ کەرکووک بە ئۆتۆمبێل چوومە کفری تا سەرگورد «ئاڵک هۆڵت»[٢٠] ئەندازیاری ناحیە ببینم. هۆڵت تازە بۆ کار لەسەر ڕێگای ئاسنی کنگربان هاتبووە کەرکوک. ئەو، کارەکەی سێ هەفتە بەر لە کاتی دیاریکراو بە گوێرەی بەرنامە تەواو کرد و بەم کارەی نەتەنیا خزمەتی بە باری ئابووریی عێراق کرد، بەڵکوو هەروەک لە جێی خۆیدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشم، کاری ئەو لە باری سیاسیشەوە، خزمەتێکی گەورەی بە خەبات و هەوڵ و تێکۆشانی پاشەڕۆژمان کرد.

١٩- کۆشکی ناو ئەشکەوت، ژێرخان، ئەشکەوت.

20- Alec Holt



## ٢٥- جاریکیتریش جافەکان و هەڵەبجە

ئێستا دەبوایە پتر سەرنج بدرێتە ناوچەی باشووری ڕۆژهەلاتی «پشتێنەی ئاسایش». ئەمە ئامانجێکی دیاریکراو بوو بۆ پتەوکردنی دەستەلاتی حکومەت بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەتا دەگاتە زنجیرە چیای بەرانان لە درێژەی سیرواندا. ئەویش بەوە بەسترابووەوە کە سەرەتا دەزگا ئیدارییەکانی حکومەت سەرلەنوێ لە «وارماوا» دامەزرێننەوە، باجی سەرانەی دواکەوتوو بستێنین، بۆ کۆکردنەوەی باجی ئەمساڵیش مەڕەکان بژێرین و ژمارەیەکیش بگرین کە پۆلیس بەشوێنیانەوە بوو. تا بەمجۆرە حوکم و دەستەلاتی حکومەت بەسەر جافەکۆچەرەکاندا بسەپێنین، کە تازە لە هاوینەهەوار گەڕابوونەوە ماڵەکانیان. بۆ موتەسەریفی وارماوا حوسێن بەگی حەسەن بەگمان لە بەرچاو گرتبوو. حوسێن بەگ سەرۆکی لقی هەرە نوێی زنجیرەی کەی خەسرەوبەگیی بوو. چونکە موڵکی لە ناوچەکەدا هەبوو، خەڵکی ناوچە پشتیان دەگرت. سەرەڕای ئەوانەش، ئەو تەنیا کەسێک بوو لەناو بەگزادەکانی جافدا، کە لە ڕووداوی شازدەی ئەوگوستیدا لێوەشاوەیی پێشاندا و جوان دەرەوشایەوە. بۆ پلەی کارگوزاری جافەکان هێشتا کەریم بەگ وەک گەورە پیاوی بەگزادەکانی ناوچەی باشوور هەڵبژاردەیەکی هەرەباش بوو. لە هەڵەبجە، سەرەڕای پاشەکشەی پەشۆکاوەکەی لەشکری شێخ مەحموود لە مانگی ئەوگوستیدا، وەزع ئێستاش زۆر جێگەی ڕەزامەندیی ئێمە نەبوو، بە جۆرێک کە لە کاتێکدا من پلانی کارەکانم ڕێکوپێک دەکرد، بەگزادە ناسراوەکانی جاف لەوانە ئەحمەد بەگ، عیزەت بەگ و حامید بەگ چوونە سلێمانی و ئەمەگناسییەتی خۆیان بە «پاشا» ڕاگەیاند.

لەبەر ئەوە، ڕۆژی حەوتی دیسەمبەر لەگەڵ گشت پۆلیسە سوارەکانی کەرکووکم بەجێهێشت. موراد و برجێس وەک جاری پێشوو لەگەڵ ئەو گروپە بوون، بەڵام کاپیتان «س. وایت»[١]ی، «ئوسترالیا»یی کرابووە جێگری «گراون» و ببوو بە بازرەسی پۆلیس. کاپیتان «ی. سی. چ. ئاڵبان»[٢]یشم لەگەڵ خۆم برد. ئەو لە جیاتی چاپمەن، کە لە پشوودان بوو، لە کفری خزمەتی دەکرد. لە بەرنامەدا بوو کە کفری ببێتە بنکەی پێشەنگی ئێمە؛ لەجیاتی کەڵک وەرگرتن لە جادەی ئۆتۆمبێل، سواربووین و بە یەکەم

1- S.White
2- E.C.H.Alban

زنجیره چیاكاندا، به نێوان «لەیلان» و «چەوری»دا، به سێ مەنزڵان ڕێگایەكی وشك و بێدار و دەوەنمان بڕی و چووینه كفری. ئەو ڕێگایەی كه جاری پێشوو پێیدا هاتبووین، ئەمجارەش پێیدا چووینەوه و بەگشتی هەرئەو خەڵكانەشمان بینی، كه جاری پێشوو چاومان پێیان كەوتبوو.

له كفری، بروسكەیەكی كۆمیسێری باڵام پێگەیشت، كه دەیگوت، چونكه شێخ مەحموود زۆرجار مەرجەكانی ئێمەی شكاندوه و بەڵگه و شاهیدێكی زۆرمان هەیه كه خەریكی ئاژاوەنانەوه و دەسدرێژیی كردنه،پێشنیاز دەكات له فەرماندەی هێز بخوازم دوای هۆشیاركردنەی ئاسایی بنكەی شێخ مەحموود له سلێمانی بۆمباران بكات. من، بێگومان به تەواوی لەگەڵ ئەو بڕیاره بووم و پێمەوابوو ماوەیەكیشی لێ تێپەڕیوه؛ بەڵام سەرەڕای ئەوه، هۆیەكم نەدەبینی كه به گوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕ له سەفەرەكەمدا پێك بێنم، كه خۆم بۆ ئاماده كردبوو.

دوای چارەسەركردنی كەموكوڕیی ئازوقه له دوا وێستگەی قەتار، له دوازدەی دیسەمبەر وەڕێكەوتین. له باكوری شارەوه، به شێوی ناو زنجیره چیاكاندا تێپەڕین و دوایی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات گەڕاینەوه و له «شاكەل» كه بەهۆی كێڵگه پان و بەرینه چانراوەكانی دەوروبەری قەرەتەپه هێشتا به سنووری لای باشووری هەواری جافەكان دیاریی كرابوو، ئۆردومان لێدا. فڕۆكەكانی هێزی هەوایی بەپێی بەرنامه بەرله كاتی دیاریكراو، له ڕێگادا دەهاتنه سەرمان و بەشێوەی ئاسایی پەیوەندییان پێوه دەگرتین. ڕۆژی دوایی، له «كەلار»، ستوانی فڕۆكەوان «ئیریێك ڕۆس»[٣]، له سكاندرانی ژماره ٣٠ به شێوەیەكی لێزانانه، له زەوییەكی تازه كێڵدراوی نزیك ماڵی كەریم بەگ نیشت.ئەوكات، فڕۆكەكانی «دی.ج.٩ئا»[٤] «سلف ستارت»[٥]یان نەبوو. ئێمه هەموو لایەكمان، كه پێشتر سواری فڕۆكه ببووین و هاتوچۆمان پێكردبوو، لەكاری سوڕاندنی فڕفڕەی فڕۆكەبۆ هەڵكردنی ماتۆڕەكەی شارەزا ببووین: لەوجۆره كاتانەدا، كەسێك كه پتری لێدەزانی، فڕفڕەی فڕۆكەكەی بەتوندی دەسوڕاند و سێ چوار كەسیش له پشت سەری ڕادەوەستان، تا هەم بۆ سوڕاندنی فڕفڕەكه یارمەتی بكەن و هەم كاتێك كه فڕفڕەكه وەگەڕ كەوت ئاگایان لێی بێ كه فڕفڕەكەی لێ نەكەوێ و زوو بیكێشنه دواوه.

---

3- Eric Routh
4- D.H.9A
5- Self- Starter



هێشتا له كەلار بووین كه چەند نامەم له هەڵەبجەوه پێگەیشت. لەوه دەچوو ئەوكاتەی ئەحمەدبەگ و عیزەت بەگ له سلێمانی كڕنۆشیان بۆ شێخ مەحموود دەبرد، هەواڵی سەفەری منیان دابێ، لەبەر ئەوه بەپەله گەڕابوونەوه تا بڵێن تەنیا بۆ ئەوه چوونەته سلێمانی، كه بیستبوویانه من لەوێم. عادیله خانیش، نامەیەكی بۆ نووسیبووم و گوتبووی بۆ دیتنی من دێته «فەقێ جنه» له بناری لای باشووری ڕێگای «پاشاڕێ»ی له بەرانان، كه ناوەندی ناحیەی وارماوا بوو.

له كەلارەوه، به سێ مەنزڵان ناوچەیەكی ناهەموارمان له ڕۆژئاوای سیروان بەرەو باكوری ڕۆژئاوام بڕی. ڕێگاكەمان، هەرئەو ڕێگایه یا نزیكی ئەو ڕێگایه بوو كه ساڵی ١٩٢٢ پێیدا چووبووم. ناوی شوێنەكانی ئەو ناوچەیه، لەسەر نەخشه نەبوون، بەڵام دروست بەرله وەڕێكەوتنمان، هێزی هەوایی چەند وێنەی باشی له ناوچەكه گرتبوو و ئێمەش ناوی چیاكان، ڕووبارەكان و گوندەكانمان لەسەر نووسی.

یەكەم شەو لای شاتریبیەكانی «كانی چەقەڵ»، له نزیكی زاركی ڕووبارێكی بەرینی لافاوگیر ماینەوه، كه له «دارەخێڵە»وه دەهات؛ شەوی دووەم، لەگەڵ هاڕونییەكان له دەشته پان و بەرینەكەی «پیواز» ڕۆژمان كردەوه، كه ئەوكات سەر به وارماوا بوو. شەوی سێیەمیش له «كارێزه» لای هاڕونییەكان ماینەوه. هەوا خۆشبوو و تا ئەوكاتەی كه به دەشته بەرز و پڕله هەوراز و نشێوەكاندا دەڕۆیشتین، دیمەنەكان جوان و دڵڕفێن بوون و له دوورەوه سەرنجی ئێمەیان بەرەو خۆیان ڕادەكێشا: شێوی دەربەندیخان، ئەوجێیەی كه سیروان بەنێوان بەرانان و درێژەی ئەودا تێدەپەڕێ؛ گردی مەزنی «خۆشك» و «بەمۆ»، كه گەرمای زۆر لەشی دابڕ دابڕ كردبوون؛ دوایی چیای سەر تەخت و بێ لوتكەكەی «باوەیادگار» و «دالاهو» و تەپۆڵكەكانی كەلهوڕ، كەبەهۆی خۆری ئێواره سورهەڵگەڕابوون. بەمجۆره كه دەچووینه پێش، ئەو دیمەنانه له باكوری ڕۆژهەڵاتەوه بەرەو ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەسوڕان، هەرچەنده باسكی ڕاستمان ڕووبار بوو، بەڵام پنجه دار بی و گەزه زەرد هەڵگەڕاوەكانی پاییزیان دەهێنا بەرچاو.

ڕۆژانه كاتی كۆكردنەوەی چادرەكانمان، ژن و مناڵ دەڕژانه ئۆردوگاكەمانەوه. هاتنی ئەوان بۆ ئەوه نەبوو كه قاپ، قابڵەمه، دەفر، مەشكه و شتەكانیتریان بەرنەوه كه لێمان به قەرز وەرگرتبوون، بەڵكوو بۆ ئەوه دەهاتن، كه قوتوو یا شوشەیەكی بەتاڵ یا شتێكی ئاوا بدۆزنەوه كه هەمیشه بۆ خێڵنشینەكان بەكەڵك بوون. بەرگی ژنەكان بەگشتی بریتی بوون: له ئاواڵكراسێكی فش و فراوان له قوماشی خامی شین یا بۆر و تیره، كه

دەرلنگەکانیان لە نزیکی گوێزنگ تەنگ دەبوونەوە و چینەکانیان بەسەر گوێزنگیاندا دەکەوتنە خوار؛ یەک دوو کراسی درێژ هەرلەو قوماشە و کولۆنجە(کەوا) و چەند دەسماڵی ئاوریشم کە وەک چارشێوشان (چارۆکە) بەسەر شانیان دادەدا. دەسماڵێکی ڕەنگیی کە ڕەنگەکەی بە گوێرەی تەمەنی خاوەنەکەی دیاریی دەکرا و پشتێنێک، کە قوبەیەکی گەورەی زیوی لەسەر بوو[٦]. کچەکان لەجیاتی دەسماڵ، کۆچکەیان لەسەر دەنا کە پارەی زیویان لە دەور دروابوو.

زۆرم پێ سەیر بوو کە دیتم ڕەشماڵی جافەکان زۆر لە ئاو دوورە، بەڵام لەبەر بێ بایەخ بوونی کات دەکرێ بە سواری یا بەپێ ئاژەڵەکانیان بەرنە سەر ڕوبار یا کانیاوێکی نزیکیان. ژنەکانیش لە ڕۆژگارانی کۆنەوە لەگەڵ هەڵگرتنی مەشکەی پڕ لە ئاو بۆ خواردنەوە، دەستنوێژ شوتن، چێشت لێنان و قاپ و قاچاخ شوشتن، لە مەودایەکی دوورەوە ڕاهاتوون، بەڵام ئەو هاتوچۆیە بۆ ئێمە زۆر دژوار بوو و نارەحەتی دەکردین و زۆرجار ناچار دەبووین لە شوێنی ئاوا بۆ چادر لێدان خۆمان بپارێزین و جێی نزیک لە ڕوبار هەڵبژێرین.

کارەکەمان بەهیچ شێوەیەک بە دڵ نەبوو. هارونییەکان ئامادە نەبوون باجە دواکەوتوەکانیان بدەن، تا لە ڕووی ناچارییەوە چەند کوێخای پێداگرمان گرت و بردمانن. بەر لە گەڕانەوە بۆ پێگەکانمان، تەواوی باجەکانی پێشوویان دا یان ڕازی بە دانی بوون.

ئێوارەی ڕۆژی سێیەم، هەوا تێکچوو. بەیانی، کاتێک بە «تونی باوە عومەرە»دا تێدەپەڕین، تەم و مژ تا چاو کاریی دەکرد دیمەنەکانی داپۆشیبوو. «تونی باوە عومەرە» کێوێکی کورتە و بەرزترین خاڵی لە ٣٦٥٠ پێ تیناپەڕێ و لەگەڵ قەرەداغ لە هێڵێک دایە. دەمویست تا «فەقێ جنە» واتە ناوەندی ناحیە بازۆم، بەڵام پێیان ڕاگەیاندین کە شێخ مەحموود لە باشووری شارەزوورە. بۆ ئەوەی نەکات ئەو بێتە «پاشاڕێ» و من ببینێ، بەو ئاکامە گەیشتم کە بەرەو باکوری ڕێگای پەیکۆڵی نەچم. چونکە پێشتر وەڵامی «نا»م دابووە و ئێستاش کە دەمزانی لەوانەیە لە هەر چاوتروکاندنێکدا بۆمبارانی بکەن، کارێکی وا لە دوو لایەنەوە داخهێنەر بوو. لەبەر ئەوە بە بروسکە عادیلە خانم ئاگادار کرد و گوتم لەوەی کە ناتوانم بیبینم بە داخم، بەڵام ئەو کەسێک نەبوو کە پیاو بتوانێ بە ئاسانی لە دەستی ڕزگار بێ. سەرەڕای خراپی و ئاڵۆزبوونی هەوا، بەشەست و

٦- بەو پشتێندانە دەڵێن هەیاسە. وەرگێڕی ف.



شەش ساڵ تەمەنی، هەردوو کەلی پاشاڕێو پەیکۆڵی بڕی و کاتی نیوەڕۆ لەگەڵ کوڕەکانی و ژمارەیەکیتر گەیشتنە «پیسەکان»[ح] لە دوو سێ مایلی باشووری بینای بیرەوەری نرسە. ئەو لە بیری نەکرد بووە، کە بەر لە گەیشتنی، دەست بە سەروڕویدا بێنێ.

کوڕەکانی، کە بۆ گۆڕینی بەرگی قوڕاویی لەگەڵ لیباسی ئاوریشمیی کاتیان بە خەسار نەدابوو، بە ئاشکرا نارەحەت بوونو هەوڵیان دەدا بیانویەک بۆ کردەوەکانی ئەم دواییانەیان بدۆزنەوە و چوک و کەم بایخیان پێشان بدەن. دایکیان هێندێک جار بە شەرمەوە وهێندێک جاریش لە ڕووی زیرەکییەوە ئەوانی دەخستە ناو باس و جارجارەش بەگوتنی «ئەرێوەڵڵا و بەخواوایە» قسەی ئەوانی دەسەلماند، تا بەرەبەرە باسەکان بەداوای لێبوردن لە بابەت ڕابردوو کێشرایە سەر خۆهەڵکێشان و لە خۆ تاریف کردنی ئەوکارە سەرسوڕهێنەرانەی کە دەیانتوانی لەمەو دوا بیکەن و دەیانکرد. پێیان داگرتبوو و دەیانگوت کاتی بەجێهێشتنی سلێمانی بڕیار بووە کارێکی باشیان بە موچەیەکی باش بدەمێ و ئێستاش داوای ئەو کارەیان لێ دەکردم، بەڵام کاتێک هاودەنگیم لەگەڵ نەکردن،پێیان سەیرنەبوو: بۆم ڕوونکردنەوە و گوتم مودیری وارماوا، کە دەمویست بۆ بەهێز کردنی دەرەتانی عەشایریی دە دوازدە پۆلیسی بە بەرگی ڕەسمیەوە بدەمێ، دەچێتە سەر کفری نەک هەڵەبجە.

بەیانی زوو، دوا دیدارم لەگەڵ عادیلە خان و کوڕەکانی کرد و پیسەکانم بەرەو «بەکر بایف»[٧] بەجێهێشت: ئەو ناوچەیە بریتی بوو لە هەشت گوندی سەر بە شێخەکانی سۆڵە. تەمومژ هێشتا شاخ و بەندەنەکانی داپۆشیبوو و باران دەباری و مرۆڤ نەیدەتوانی پترلە چەندهەنگاو ببینێ. بە لەبەر چاوگرتنی وەزعی جوگرافیایی دەرەتانی چوونە سەر و دابەزین لە باریکە ڕێیە لوسەکان نەبوو. کاری لەوە ناخۆشترم کەم پێ شک دەهات کە لە ژێر ڕێژنەی باراندا، کاتێک زەویی وەک دەریا ئاوی تێدا کۆببووەوە، چادر هەڵدەین. ئێمە بۆ خۆمان لە چادرەکاندا ماینەوە و پۆلیس و ئەسپەکانیشمان ناردە ناو گوند.

هەرکە کارەکانمان سەروسامانی گرت، بڕیارماندا تێر «گرۆگ»[٨]ی گەرم بخوێنەوە.

ح- ناوی ئەسڵیی بتەکان بووە و لە بەردەکانی بینای نرسە وەرگیراوە. لە ناوچەکەدا «پساکان»یشی پێدەڵێن.

7- Bakirbay

٨- Grog ، ئارەق لەگەڵ ئاو.

چونکە دوا شوشەی ویسکیمان، کە لە کەرکوک هێنابوو، شەوی پێشوو تەواو ببوو، بە حەمە عەلییم گوت سندوقێکی تازە بکاتەوە کە لە «کانتین»(٩)ی وێستگەمان کڕیبوو. حەمەعەلی چوو و دوای چەندخولەکێک گەڕایەوەو وەک ئەوەی کە جندۆکەی دیبێ چاوی زیت دەرپەڕیبوو و گوتی: «ویسکی نیە، پۆرتە!»(١٠). کاری ئاسایی کانتین بەمجۆرە بوو، کەلوپەلی ڕاسپاردەی باشگاکانی لە سندوقە بەتاڵەکانی بەردەست دەخست؛ شەرابی سووری ڕاسپاردەی بەرپەرسی باشگای ئێمەیان بۆ شەوی کریسمەس، لە سندوقێکی بەتاڵی ویسکی نابوو و ئەویان بە جێگای ویسکی بەهەڵە بە ئێمەدا بوو. خواردنەوەی «پۆرت» بێگومان لەکات و جێی خۆیدا شەرابێکی زۆرخۆشە، بەڵام بۆ ڕێبوارێکی وەک ئێمە لەو بارودۆخەدا نەیدەتوانی جێگەی «جان هیگ» و «بلاک ئەند وایت»(١١) بگرێتەوە.

هەروەک پێشتر گوتم، کاربەدەستانی پێشووی عوسمانیی مەیخۆر بوون و شوێندان و کارتێکەریی و کەیفی سەرخۆشبوونی مەیەیان پتربۆ گرنگ بوو تا تام و بۆنی. لەبەر ئەوە یەکەم و دووەم پیاڵە کە بنچینەی کارەکەیان دادەڕشت، ئەگەر پیاڵەیتری بە دواوە نەهاتبا بەشتێکی زیادە و بێ کەڵک دەژمێررا. مورادیش ئەوکاتە بەمجۆرەی بیر دەکردەوە، بەڵام لە دوایی ڕاهات و ئەو عادەتەی نەما. ئێمە ڕەنگە لە ڕووی زیرەکییەوە هێندێکمان عارەقی دەست سازی ناوچە لەگەڵ خۆمان هێنابوو، تا ئەگەرکەسێک کە زۆر ورد نەبێ و تام و بۆنی بۆ گرنگ نەبێ، لەو بخواتەوە و بەمکارە تەمەنی شەرابە باشەکانمان لەو سەفەرەدا درێژتر بکەین، چونکە جێی وای لێ نەبوو کە بتوانین شەرابی لێ بکڕین. هەتا ئێستا سەرکەوتنێکی زۆرمان دەست نەکەوتبوو، لەبەر ئەوە لە ڕووی ناچاریەوە پێم گوت بۆ کەسێک کە فێری خواردنەوەی ئارەقی توند بێ، شەراب کەڵکی نیە، بەڵام ئەو هەروا پێی دادەگرت و دەیویست وەک ئێمە لەو «لێوە سوورە بەبزەیە»(١٢) هەڵمژێ. من هەرچەندە زۆرم خۆشدەویست، بەڵام کاتێک بینیم ئەو شەرابە باشەی کە دەبوایە هەفتەیەکیتر، شیوی کریسمەسی پێ برازێتەوە، لە گەروی کەسێک دەچێتەخوار کە چاک و خراپی مەی لێک ناکاتەوە، بێدەستەڵات لەژێر لێوەکانمدا بۆڵاندم.

---

٩- Canteen، فروشگا لە سەربازخانە یا ئۆردوگا یا ناوەندە گشتییەکان.

١٠- پۆرت (Port) شەرابی سووری پرتقالی.

١١- دوو جۆرە ویسکی

12- Dhaka Iahmar



تەواوی ئەو شەوە بە توندی و بێ پسانەوە باران باری و هەر ئەوەندەی کە چادر هەڵدانی شەوی پێشوو سەخت و دژوار بوو، ئێستاش کۆکردنەوەیان بەو ڕادەیە ناخۆش بوو، بەڵام هەرکە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا وەڕێکەوتین، ئاسمان پەڵەهەوری پێوە نەما. فراوینمان، لە ڕەشماڵەکانی «ڕوخزادی» (ڕوخزایی) خوارد. کاتێک گەیشتینەجێ، کوێخا «ئەحمەدی شاسوار» بەتەواوی خۆی دۆڕاند، بەڵام زوو خۆی گرتەوە. پیرەپیاوێکی باشبوو، لە خێوەتەکەیدا میوانی کردین؛ خواردنێکی باشی دا بە پۆلیسەکان و بەڵێنیدا کە لە ماوەی دوو هەفتەدا باجە دواکەوتووەکانی بدات. بە ناوچەیەکی نارێک و ناهەموار و پڕلە قوڵکە و بەردەڵاندا چووینەپێش، کە لە نێوان چەند لەوەڕگەی چوک هەڵکەوتبوو. ڕێگامان بەرەو ڕەشماڵی مکایلییەکان لە باشووری بەرزاییەکانی «برگەچ» درێژە پێدا و لە نزیک ئاوەسپی گەڕاینەوە سەنگاو. ڕۆژی دوایی هەر بەو ڕێگایەدا چووین بۆ دیتنی ڕەشماڵی مکایلییەکان لە بناری ئاجداغدا؛ دوایی بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بامانداوە و شەو لە نزیکی گوندی «کوێک» (قەرەگۆل) لە ڕۆخی ئاوە سپی، لە ڕەشماڵی «ڕۆستەمی حەسەنی حاجی قادر» دابەزین، کە کوێخای هەرە گرنگ و دەوڵەمەندی مکایلییەکان بوو. ئەو، کە پیاوێکی خۆش سیما بوو و بەشێوەی بەگزادەکان بەرگی دەپۆشی، بەڵام ژێرچەنەی دەتاشی و تیغیشی لە دەوری لێوەکانی دەدا. ڕیشی، وەک ڕیشی پیاوانی عەشیرەتەکەی کە بایەخی زۆریان بە سەر و ڕوویان دەدا، هێشتبوووەوە و بە جوانی دەیڕازاندەوە. لەو جێیە، فرۆکەی پەیوەندییگر لەسەر داوای بە پەلەی ئێمە، دوو شوشەی ویسکی بۆ هاویشتینە خوارێ: ویسکییەکانیان لەناو تورەکەیەک گیا پێچابوو. شوشەیەکیان بە ساخی گەیشتە خوارێ و ئەویتریان بە زەختی سندوقێکی ئاسنی جگەرە شکا.

ڕێگای دواییمان، بە لای باشوور و بە «کێوەڕەش»دا ڕێگایەکی دووروودرێژ بوو. کێوەڕەش زنجیرەیەکی بەرزە کە لە گرگا (دارەخێڵە)وە بەرەو ڕۆژئاوا دەچێ. بە نێوان دەشتێکی پڕلە قوڵکەی زۆر ناخۆشدا بەرەو «ناوە» (نەوێ) چووینەپێش. هەوا دیسان کرایەوە و خۆر دەرکەوت، بەڵام سەرەڕای دووروودرێژبوونی کاروانەکەمان، جێگای سەرسوڕمان نەبوو، کە لەو ڕێگا ناهەموار و پڕلە هەوراز و نشێوەدا فرۆکە ونمان بکات.

هێندێک دوای بەجێهێشتنی «ناوە» بۆ دیتنی کەسایەتییەکیتر بە ناوی سلێمان خان چووین، کە یەکێک لە کوێخاکانی ڕوخزادی بوو. ئەو، چەند ساڵ لەمەوپێش، لە نزیکی هاوینەهەواری هۆزەکەی لە خاکی ئێران نیشتەجێ ببوو، بەڵام لەو دوایانەدا چونکە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران قڕەی لێ پەیدا ببوو، سەرلەنوێ گەڕابووەوە سەرژیانی

کۆچەریی. پێشتر گوتم لە ناوچەکانی سەرسنووردا، فەرهەنگی کۆنی ئێران چۆن و بە چ شێوەیەک لە ڕێگای ئەدەبیات، بیناسازی یا شێوەی ژیان، کار دەکاتە سەر ئەو کەسانە کە پەیوەندییان بە ئەوانەوە هەیە و ئەوجۆرە هەستان و دانیشتنە لەو کەسانە دوور بوو کە پەیوەندییان بە فەرهەنگی عوسمانییەوە هەبوو. سلێمان خان نموونەیەکی باشی ئەو شوێن هەڵگرتنە بوو: ناو خێوەتەکەیدا بە بەڕە و فەرشی هەرە باشی ئێرانیی فەرشکراوبوو؛ قوماشی ئاوریشمی بەسەر دۆشەگەڵەو باڵنجەکانی دادابوو؛ سەماوەرێکی زۆرباش لە سوچێکدا دەکوڵی؛ پیاڵەکانی چایی شکڵ و بارستایەکیتریان هەبوو و جێ پیاڵەکانی زێوکاریی ئیسفەهان بوون.

ئەو شەوە، کە دوا شەوی سەفەرەکەمان بوو، لە ڕەشماڵی شاتریبەکانی نزیک «هۆمەرمل» ماینەوە کە نزیکەی دە مایلی بۆ کفری مەودا هەبوو. بیست و دووی دیسەمبەر بوو، بەڵام خۆر و تینی خۆشی هەتاوی ئەو دوو ڕۆژەی دوایی، ئازاری پێشووی لەبیر بردبووینەوە. دەربارەی ئامانج و ئاکامەکانی ئەو سەفەرە، بە کورتی بۆ بەشدارانی سەفەرەکە دوام. پۆلیسەکان ورەیان زۆر بەرز بوو، ئەوان لە دەرەوەی تاوڵەکان لە هەوای ئازاددا ئاهەنگێکی خۆشیان گێڕا. تەنانەت بەندییەکانیش، کە لە ڕیزی پێشەوە لەجێی میوانان دانیشتبوون، بەرواڵەت ئازاد نەبوونی خۆیان و دواکەوتنی باجەکانیان کە بێگومان لە ئەندامی هۆزەکەیان وەرگرتبوو و دەیانویست بیخۆن لەبیر کردبوو.

لە کفری بووم کە زانیم ڕۆژی کریسمەسیان بۆ بۆمبارانی شێخ مەحموود دیاریی کردووە. بە پەلە سواری ئۆتۆمبێل بووم و چوومە کەرکووک. نهێنییەکان بەتەواوی پارێزرابوون[١٣]. بڕیار ئەوە بوو فڕۆکەکان بە جێگای کەرکووک لە هەولێرەوە بۆ عەمەلیات هەستن. ئەمجارەش، بەیانیی ئەو ڕۆژەمان ئاوێتەی نیگەرانییو دڵەکوتە و چاوەڕوانیی و ترس بوو: دوو فڕۆکە ونببوون. فڕۆکەی یەکەم بە ناچار دروست لە دەرەوەی شاری سلێمانی نیشتبوو. سێر جان ساڵموند کە بۆخۆی لەگەڵ فڕۆکەوان «جونز-ویلیامن»[١٤] فەرماندەی سکادران سواربوو، لەکن ئەو فڕۆکەیە نیشتبووو «ڕۆس»و مکانیکەکەی لەکێشە ڕزگار کردبوو. فڕۆکەی دووەم، لەژێر کەلی تاسڵوجە بەلای سلێمانیدا کەوتبوو. لەو ڕووداوەشدا، فڕۆکەوان و مکانیکەکەی ڕزگار کران. یەک دوو

١٣- لە فەسڵی پێشوودا گوترا، بەر لە بۆمباران، هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد. وەرگێڕ.ف.
14- Jones Williams



فڕۆکەیتریش بەهۆی خراپ بونیان، لە نیوەی ڕێگادا گەڕانەوە و سەرئەنجام تەنیا نیوەی بۆمبە دیارییکراوەکان بە سەر شێخ مەحمووددا ڕژانە خوارێ؛ بەڵام «کین هید» دەیگوت توانیویەتی بۆمبایەک لە دەرگای بارەگاکەی بدات. کاتی گەڕانەوە فەرماندەی هێزم بینی، بڕیاربوو دەستبەجێ ڕاگەینراوێک بۆ شێخ مەحموود بخەنەخوار و بەرپەرسایەتی ڕاگرتن و چاودێریی فڕۆکەکانیان تا کاتی گواستنەوە لێی بوێ. شێخ مەحموود ئەوکارەی کرد،بەڵام فەتاحی هەمەوەندیی کە لەو دەوروبەرە بوو، بەرلە گەیشتنی ئەو ڕاگەینراوە، فڕۆکەیەکی تەقاندبووەوە.

ئەو شەوە، «کادیرانی سیاسیی» و ئەفسەرانی هێزی هەوایی، بە بەرگی غەیرە ڕەسمی، بە یەکەوە لە باشگای فڕۆکەخانە شیومان خوارد و تا سەعات سێی بەیانی بەیەکەوە ڕامانبوارد. ڕوداوێکی ناخۆش بە بن گوێماندا تێپەڕی: ئەویش لە حاڵێکدابوو، کە یەکێک لە دۆستان بۆگاڵتە ڕیشی بەلۆکە سازکراوی دۆستێکیتری بە ئاگری شەمچە سوتاند. لۆکە ئاگری گرت، بەڵام چەند هاوڕێ بە پەلە گڕی ئاگرەکەیان کوژاندەوە و ڕووداوەکە بە هەڵپڕوزانی برۆ و مژۆڵەکانی ئەو دۆستە تەواو بوو. ئێمە (کادێرە سیاسییەکان) بۆ ئەوە هاتبووین کە شەو لەوێ بمێنینەوە. دوای خواردنی بەیانیی کە هێلکەی نەکوڵاو بوو، بۆ تاقیکردنەوە چەند دانەیەکمان هاویشتن: دەمانویست دڵنیا بین خوارکی قەلەمونە و «پودینگ»[ح]ی هەڵوچەی دوێنێ شەو، شوێنەواری خراپیان لەسەر چاومان دانەناوە!

یانواری، فێبرواری و مارسی ١٩٢٤ بەگشتی دوور لە ڕووداو بوون. بۆمبارانی هەوایی ڕۆژی کریسمەس، هەرچەندە ئاکامێکیتری بەدی نەهێنا، بەلانی کەمەوە، درۆکانی شێخ مەحموودی ئاشکرا کرد، کە دەیگوت لە حاڵی پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەت دایە و شوێنەواری ئەوکارەش بە شێوەیەک بوو کە ژمارەیەک لە لایەنگرانی، لەوانە ڕەزا بەگ و عەبدولڕەحمان ئاغای لێ بوونەوە. چونکە لەوە دەچوو شوێن دانانی بۆمبارانەکە بەرەو لەبیر کردن چووبێ، مانۆڕی هەوایی دەست پێکرایەوە. بەمجۆرەی کە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەم پێشان دەدات، بەشێکی ئەو ماوەیە لە ئاسمان و زەوی خەریکی هەڵسوڕان بووم: سەردانی بەشە جیاوازەکانی پارێزگا و «پشتێنەی ئاسایش»م دەکرد، بەڵام تەنیا یەک دوو ڕووداو هەن کە بۆ گێڕانەوە دەبن:

ح- Pudding خواردنیکی سوکە. پتر لە میوە دروستی دەکەن و دوای شیو دەیخۆن.

شەوێک لە کۆتایی مانگی فێبروایدا، زوو ڕازام و لەسەر هەیوان خەوم لێ کەوت، کە لەپڕ بە دەنگی گوللە لە خەو ڕاپەڕیم. سەرەتا دەنگی گوللەیەک و دوایی دەنگی گوللەیەکیتر و سەرئەنجام دەنگی تەقوتۆقم بیست. وام هەست پێکرد کە چەکدارەکانی شێخ مەحموود بە کەڵک وەرگرتن لە تاریکی شەو خۆیان گەیاندووەتە شار. یەکەم بەرهەڵستکارییم لە بەرامبەر ئەو ڕووداوەدا هەستێکی خەمهێنەر بوو، کە تەواوی لەشی داگرتم، لەوەی کە ئەوان توانیبویان ئاوا سەرکەوتوانە زەبرم لێ بدەن. من هەمیشە شانازییم بەوە دەکرد، کە سیستمێکی پاراستنی چاکم دامەزراندووە، بەڵام باشبوو زوو بەخۆ هاتمەوە: دەنگی تەقە تەقی سینی و قاپ و قاچاخی مسم لە نێوان دەنگەکاندا ناسییەوە. ڕووم لە ئاسمان کرد، دیتم ئاسمان ساماڵە، بەڵام مانگ گیراوە و خەڵکی شار بەشێوەی کۆن بۆ ئازادکردنی مانگ بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەژدیها ناچار بکەن، ئەو مانگە خڕە نورانییەی کە خەریکی قوتدانی بوو، بخاتەخوارێ. دوای چەند ڕۆژ کاتێک بیستم شێخ مەحموودیش وەک منی لێ بەسەر هاتووە، خوشحاڵ بووم. ئەو، بەر لەوەی کە ئاگاداری مانگ گیران بێ، ئەسپەکەی ویستبوو تا بەرەو گۆیژە ڕابکا.

هەر لەو سەروبەندەدا، ڕووداوێکی چکۆڵە ڕوویدا، کە قسە و باسێکی زۆری وەڕێخست. پێکهێنەری ڕووداوەکە ئەو کابرا خۆتێهەڵقوتێنەی سەربە بارەگای شاری بەغدا بوو، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. لەپڕ کۆمەڵێکم نامەی کورت و درێژ بە ئیمزاو مۆر و جێ پەنجە پێگەیشت، کە ڕەخنەیان لە دانانی جەعفەر سوڵتان سەرۆکی هۆزی هەورامانی «لەهۆن» لەپلەی قایمقامی هەڵەبجەهەبوو. لەم بابەتەوە سەرم سوڕما، چونکە بە لەبەر چاوگرتنی خۆش بوونەوەی وەزعێک کە دوای عەمەلیاتی هەوایی ڕۆژی کریسمەس و چوونی هێزەکانی پۆلیس بۆ ناو جافەکان و ئەنجامی سەرژمێریی ئاژەڵەکانیان، لەگەڵ پێشنیازی من بۆ گەڕاندنەوەی کاروباری حکوومەت بۆ ناوچە هاودەنگیان کردبوو و خەریک بووم چەند کارمەند و ژمارەیەک پۆلیس بنێرمە ئەو ناوچەیە، تا لەژێر دەستی ئەحمەد بەگدا کار بکەن. ئەحمەد بەگ سەرەڕای پێشاندانی ترس و لاوازیی پێشووی ئێستاش تەنیا هەڵبژاردەی ئێمە بۆ ئەو پلەیە بوو. بەڕواڵەت، مەلایەکی خۆتێهەڵقوتێنی ناوچەی هەورامان، بە ناوی مەلا حەسەن دەچێتە بەغداو لە هاوتایەکی وەک خۆی لە کۆشکی شا حوکمێک لەسەر کاغەزی ڕەسمی بۆخۆی بە ناوی مفتی و حوکمێکیش بۆ جەعفەر سوڵتان لە پلەی قایمقامدا وەردەگرێ. بێ سەرەوبەرەیی لەوە پتر بەمێشکدا نەدەهات، چونکە دانانی سەرۆک هۆزێکی هەورامیی بۆ حکوومەت



کردن بە سەر خەڵکێکدا کە بەگشتی جاف بوون، جیالە شەڕ و خوێن ڕێژیی ئاکامی دیکەی نەدەبوو. لەبەر ئەوە کاتێک ڕاستییەکان ڕوون بوونەوە کاری ئەو دوو کەسانەش پوچەڵ کرایەوە.

لە نێوەڕاستەکانی مارسدا، سێ فڕۆکە بەسەر ناوچەی شەمێران بە لای ڕۆخی چەپی زێ، لە باشووری ڕۆژئاوای هەڵەبجە، کە ئەوکات سەر بە ناحیەی وارماوا بوو، مانۆریان دەدا، کە گوللەیەک لە عەمباری بەنزینی یەکێک لە فڕۆکەکان کەوت و ناچار بوو لە قوڵکەیەکی قەراخ ڕوبارەکە بنیشێ. کێن هیدو «و.مانکی شرلاک»(١٥) سەرکەوتوانە لەکن ئەو فڕۆکەیە نیشتن و فڕۆکەوان «ڕ. دی. ویلن»(١٦) و میکانیکەکەیان بە سلامەت هێنایەوە. بڕیار ئەوە بوو کە من لەگەڵ یەکێک لەو فڕۆکانە بم، بەڵام هاتنی «هێرسۆن»(١٧) لە لایەن فەرماندەی هێزەوە بۆ وتووێژ دەربارەی وەزعی ناوچە، بەرگریی لە چوونم کرد.

کۆتایی مانگی مارس، وەزعی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای من بە ڕواڵەت ئەوەندە جێکەوتبوو، کە بتوانم پلانێک بۆ دیتنی هۆزی عوبەیدی و باقی هۆزە عەرەبەکانی بەشی شاڕێ و کێوەسوور داڕێژم. وەزارەتی ناوخۆی وڵاتیش بڕیاریدا لەو هەلە و لە وجودی هێزێکی ڕێکوپێک و بەرچاویی پۆلیس بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، کە ماوەیەکی دورودرێژ لە نێوان هۆزەکانی عوبەیدی و عەزەدا بەردەوام بوو کەڵک وەرگرێ. هۆزی عەزە، سەربە پارێزگای دیالە لەوبەری کێوەسوور نیشتەجێ بوو. وەسفی ئەو سەفەرە زۆرخۆشەی کە سێ هەفتەی خایاند، لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا ناگونجێ. تەنیا، ئەم خاڵە دەگێڕمەوە کە ڕۆژی سێیەم لە «هاویالمیتە» لە قەراخی ڕوباری «ئەدهیم»، لە نێوان کێوەسوور و دیجلە لە دیتنی فڕۆکەی فەرماندەی هێز سەرم سوڕما. ڕەنگی ئەو فڕۆکەیە سوور بوو، لەبەر ئەوە دەکرا لە ناو ئەوانیتردا بناسرێتەوە. فڕۆکە چەند خولی لێدا و نیشت. سێرجان سالموند، بەرلە بەجێهێشتنی ئەرکی فەرماندەیی سەری لە بنکەکانی هێزی هەوایی دابوو و جێگای ئێمەی لە کێن هید پرسیبوو کە ڕۆژی پێشوو چاوی بە ئێمە کەوتبوو و ئێستاش بەبێ ئاگاداریی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بوو، هاتبوو ماڵاوایمان لێ بکات. هەرکە گەڕاینەوە، زانیم وەزعی هەڵەبجە شێواوە. شێخ مەحموود لە

15- W (Monkey) Sherlock
16- R.D. Wheelan
17- Hearson

بەرامبەر چوونی کارمەندە ئیدارییەکان و پۆلیس بۆ هەڵەبجە ڕاوەستاوە و هێرشی کردبووە سەر قەزا و گروپێکی سوارەی جافی ڕاونابوو، کە ئەحمەد بەگ، بۆ بەربەرەکانێ ناردبوونی. بە ڕواڵەت، جێگەی کاری گشت نوێنەرە ڕەسمیەکانی حکوومەت (جیا لەوانەی کە لە وارماوا بوون، تەنیا ناو شاری دەگرتەوە و جیا لەوە هیچ ئاگادارێکیترمان نەبوو.) بڕیاربوو لە بیست و شەشی ئاپریلدا بچمە پشوودان، چونکە ساڵی ١٩٢٤ سێیەمین هاوین بوو کە بەبێ پسانەوە لێرە خزمەتم دەکرد. سەرەڕای ئەوەش بە پێویستم زانی بەرلە چوونم بۆ پشوودان بچمە هەڵەبجە و وەزعەکە لە نزیکەوە ببینم. ڕۆژی بیست و یەکەم، بەسواری فڕۆکە چوومە ئەوجێیە. هەڵفڕینەکەم دروست سەعاتێکی خایاند و چونکە ئێستا ناوچەکەم باش دەناسی زۆر خۆش و دڵڕفێن بوو. سەرەتا تەپۆڵکە پڕلە شیوەکانی جەباریی بوون، چونکە سەریان بە گیای بەهاریی داپۆشرابوو لە هەواوە زۆر ناشیرین نەدەبینران؛ دووەم «باسکی زانور»، ئاجداغ و سەرچاوەی ئاوە سپی و بەدوای ئەواندا دەشتی سەنگاو، شاخی زەردە، چیای قەرەداغ و کەلی پەیکۆڵی؛ ئەمجارە دزی ئایش و دەشتە پان و بەرینەکەی شارەزوور کە تا دیوارە بەرز و قایمەکەی هەورامان دەچوە پێش و ڕەگە ڕەگەی بەفر ڕێ ڕێی کردبوو.

بڕیارماندا سەرەتا من و کینهید بنیشین و دوو فڕۆکەکەیتر لە هەوا بخولێنەوە، تا دڵنیابین هەڵەبجە هێشتا لە دەستی دۆستانی ئێمەدایە. کاتێک لە هەواوە تەماشای شارمان کرد، هاتوچۆیەکی زۆرمان نەبینی، چونکە مانگی ڕەمەزان بوو و بێگومان خەڵک بەدوای نەخەوتنی شەو، لە خەودا بوون، بەڵام چەند خولەکێک دوای نیشتنمان، سێڵاوی خەڵک بەرەو فڕۆکەخانە شۆڕ بووەوە. لە ناو خەڵکەکەدا، عادیلەخان قۆزتر لەوانیتر بوو. لە حاڵێکدا خۆی جوان ڕازاندبووەوە و کراسی بەهاریی پنۆک پنۆکی سەوزی لەبەر کردبوو، بە سواری ئەسپ نزیک دەبووەوە. ئێستا، کە دڵنیا بووین بە دوو فڕۆکەکانیترمان ڕاگەیاند بنیشن. فڕۆکەخانەکە زۆر چکۆڵە بوو و بەجێگایەکی لێژی نزیکی چیاوە بوو، لەبەر ئەوە هەمیشە نیشتنی لێ ئاسان نەبوو. فڕۆکەی دووەم زۆر بە توند لور بووەوە و ئێمە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە چاومان لە کەوتنی بوو: فڕۆکەکە توند لە زەوی کەوت و سوڕا و چوە سەر کلک و لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز تەقییەوە و دوو لەت بوو. ئێمە، بۆ ئەوەی کە گڕی ئاگر قوتی نەدا، بۆلای هەڵاتین، بەڵام بە خۆشییەوە ئاگری نەگرت. فڕۆکەوان و میکانیکەکەمان لە فڕۆکەکە دەرهێنا: لەش و گیانی «شرلاک» هێندێک کوترابوو و شانی مکانیکەکەشی ئازاری دیبوو. لەو هاتوچۆیەدا، فڕۆکەی سێیەمیش لەوبەری



فڕۆکەخانەکە نیشت. خەڵکەکە زۆر بە ڕێکوپێکی و دوور لە فڕۆکەکان ڕاوەستابوون. باسکی مکانیکەکەمان بەست و چوینە ماڵی «خانم». دوای شکانی ڕۆژی نۆزدە مانگی ڕابردوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەفسەرانی ئینگلیز لەو شارە دەبینران و کاتێک بە کۆڵان و بازاڕدا تێدەپەڕین خەڵک بە شادمانییەوە پێشووازییان لێ دەکردین: پیاوەکان تێکڕا لەناو دوکانەکاندا هەڵدەستانە سەرپێ و سڵاویان دەکرد و ژن و منداڵەکانیش لەسەر بانەکان ڕاوەستابوون و بە دەنگی تایبەتی جەژنەکان هەستی شادمانییان دەردەبڕی. کاتێک لە ماڵی عادیلەخان بۆ چوونە ژوری فراوین بە داڵانێکدا تێپەڕین، کچ و ژنە خزمەتکارەکان لەنێو جلوبەرگی خۆشڕەنگ و بە سیمای ڕازاوە بە ڕەنگی دەسماڵی کەتانی سپی کە بەسەر سەر و شانەکانیاندا شۆڕ ببووەوە، جوان بوون و خۆیان لەبەرچاو نەدەشاردەوە. گەلێک بەڵێنی چێشت و خۆراکی خۆش و بەتامی چێشتخانە بەناوبانگەکەی ماڵی عادیلە خانم بە هاوڕێیانم دابوو کە بەڵێنییەکان بە تەواوی هاتنەدی.

لە باری سیاسیەوە، وەزع بەمجۆرە بوو: ئەحمەد بەگ، دوای شکانی دوو هەفتە لەمەوبەری بەدەست «لەشکری» شێخ مەحموود، لەگەڵ تەواوی کارمەندو پۆلیسەکان، کە مانگی مارس بۆمان ناردبوو، لە هەڵەبجە مابووەوە و زۆربەی «نەوڕۆڵی»ەکان پشتیان دەگرت. گوندەکانی نەوڕۆڵی لە سێ لاوە وەک زنجیر هەڵەبجەیان لەناو خۆیان گرتبوو و بەرگرێکی سروشتییان لە دەوری شارپێکهێنابوو. دوژمن سەرەتابەهۆی تەواوکردنی تەقەمەنی و دوایی بەهۆی هاتنی جەعفەر سوڵتان، کە لەسەر داواکردنی بەپەلەی خانم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرلە کوڕو خزم و چەکدارەکانی هاتبوو، خۆی بۆ ڕانەگیرابوو و نەیتوانیبوو لەو سەرکەوتنە کەڵک وەرگرێ. ترس لە پێکهەڵپرژانەکانی عەشیرەتیی لەگەڵ هەورامانی لەهۆن، هەروا پێشگرێکی گرنگ بوو لە بەرامبەر هێرشکردندا. «سوڵتان»، لە فڕۆکەخانە و میوانیی فراوین بوو. ئەو گوتی هیچ ئاگای لەو کارە هەڵنەسەنگاوەی مەلا حەسەن نیە کە بە نوێنەرایەتی ئەو ئەنجامی داوەو هەرگیز بەخۆی ڕێگا نادات خەیاڵ هەڵی بگرێ و جێی نوێنەرەکانی عوسمان پاشا بگرێتەوە، کە مافی بەحەقی خۆیانە لە شارەزووردا و ئامادەیە تا ئەوکاتەی دەوڵەت بخوازێ لێرە بمێنێتەوە و پشتی عادیلەخان بگرێ. بەمجۆرە، هەڵەبجە ئێستا دوور لە مەترسی بوو؛ بەڵام لەشکری شێخ مەحموود ئێستاش خورماڵ و وارماوایان لە باکوری بەرانان بەدەستەوە بوو و کاری دەزگای ئیداریی ئەو جێیە ڕاوەستابوو. عادیلەخان و کوڕەکەی، کە بە چوونی ئێمە و بەڵێنیی جەعفەر

سولّتان هێزیان گرتبوو، لەو بڕوایەدا بوون کە دەتوانن هەتا مانگێک وەزعی مەوجود بپارێزن، بەڵام هیوادار بوون دەوڵەت پتر لەوە خۆ لە کاری ئەساسی و کۆتایی هێنان بەو وەزعە نالەبارە دوور ڕانەگرێ.

لە گەڕانەوەدا، دوو دوو لە کورسی پشتەوەی فڕۆکەکان دانیشتبووین. شرلاک و من کە هەردوو قورس و قەڵە و بووین، کلکی فڕۆکەی کین هیدمان بەتەواوی قورس کردبوو. بە شێوەی ئاسایی، هەوای پشت فڕۆکەکە پڕلە چاڵ و قوڵکەی هەوایی بوو، لەبەر ئەوە هەڵتەکان و بزوتنی پەیتا پەیتای فڕۆکەکە ئێمەی پتر ئازار دەدا. چونکە خەم و خەفەتی خۆم لە کاتی چوونە سەربانی «سەرا» و چاوەڕوانیی گەڕانەوەی فڕۆکەکانم لەبیربوو، کاتێک لە دوورەوە شاری کەرکووک دەرکەوت، بەخۆم گوت ئێستا کە تەنیا دوو فڕۆکە بە سەر تەپۆلکەکانەوە دەبینرێن، هاوڕێیان هەست بەچی دەکەن و لە دڵی خۆمدا لەوە خۆشحاڵ بووم کە دەمزانی هۆیەک بۆ نارەحەت بوون و پەرۆشی نابینرێ. دیارە ئەو پێنج کەسەیتریش، لەم بابەتەوە لەگەڵ من شەریک بوون. لەو ناوەدا، کە مەسەلەی جافەکان فیکری منیان بەتەواوی بە داگرتبوو، دوو دیاردەی ئەساسی و گرنگیتریش لە کایەدابوون:

ڕۆژی دوازدەی مارس، هەڵبژاردن بە بەرنامە ئەنجامی گرت. بەپێی یاسا، تەواوی پیاوەباڵغەکان دەیانتوانی لە پلەی هەڵبژێری دەرەجەیەکەمدا بەشداریی بکەن و پاڵێوراوانی دەرەجە دووەم هەڵبژێرن. ئەوە هەڵبژێرانی دەرەجە دووەم بوون کە نوێنەرانیان دیاری دەکرد. ئەم شێوە هەڵبژاردنە بۆ ئەو وڵاتە کە لە باری دەزگای پەیوەندی گرتندا هەژار و زۆربەی دەنگدەرەکانیشی نەخوێندەوار بوون، شێوەیەکی باشبوو. بۆ هەر پارێزگایەک، بەپێی ژمارەی دانیشتوانی، نوێنەر دیارییکرا. چونکە هچ حیزب و سیاسەتێکی ڕاگەیانراو لە ئارادا نەبوو، زۆربەی هەڵبژێراوە دەرەجە دووەمەکان، بەتایبەتی نوێنەرانی عەشایر کە لەگەڵ ئەو ژمارەیە بوون، بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی مافی تازەیان دەهاتنە لای بەرپرس و کاربەدەستان. ئاکامەکە وای لێهات کە هەم کەرکووک و هەم سلێمانی نوێنەری باشیان ڕەوانەی پەرلەمان کرد. ساڵح بەگی نەوتچیزادە دەوڵەمەندی ناوداری کەرکووک، جەمال بەگی بابان دەوڵەمەندی ناوداری کفری، شێخ حەبیبی تاڵەبانی و داود بەگی دودە سەرۆک عەشایر، ئیسحاق ئەفرایم جولەکە لە سلێمانی؛ شێخ قادر برای شێخ مەحمود لە شێخەکانی بەرزنجە؛ ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ دەوڵەمەندی ناوداری سلێمانی، لە پەیوەندی لەگەڵ پشدەر؛ عیزەت کوڕی عادیلەخان عەشیرەتی سەربە جاف و میرزا فەتاح بازرگانانی شار نوێنەرە هەڵبژێراوەکان



بوون. زەخت لە هەڵبژێرەکانی دەرەجە دووەم نەکرا، بەڵام لە دوایی ئەو بنەمایەی کە بەمجۆرەیان دامەزراندبوو گەلێکجار، هەرساڵەی پتر لە ساڵی پێشوو لێی دابەزین، تا سەرئەنجام هەڵبژاردن شکڵ و شێوەی داسەپاندنی بێشەرمانەی بەخۆوە گرت و کۆتایی بە ئەنجامی هەڵبژاردن بەبێ ئەوەی کە دڵی کەس بشکێ بە قیمەتی پلە و پایەی موتەسەریف تەواو دەبوو.

دیسان، لە نێوەڕاستەکانی مانگی مارسدا بوو، کە بە سەرسوڕمانەوە بیستم پارلەمانی میللی مەزنی تورکیە لە سێیەمی مارسدا یاسایەکی پەسەند کردووە و کۆتایی بە دیاردەی خەلافەت هێناوە. پڕوپاگەندەیەک کە تا ئەوکاتە توانیبووی کوردستان وەک چیای گڕکان لە جۆش و حاڵەتی تەقینەوەدا ڕاگرێ. بە گشتیی دەگەڕایەوە بۆ ڕێزدانانی دانیشتوانی لە پێشەوا ئاینییەکان، واتە لە خەلیفەکانیان. ئەوەی کە تورکان بەمجۆرە ژێرپێی خۆیان بەتاڵ کرد، هەواڵێکی ئەوەندە خۆش بوو، کە بۆ باوەڕ پێکردن نەدەبوو. دیارە ئێمە بۆ کەڵک وەرگرتن لەو وەزعە نوێیە خافڵ نەبووین، بەڵام ماوەیەکی خایاند تا واتای ئەو دیاردەیە بچێتە نێو مێشکی لێڵی زۆربەی خەڵکی گوندەکانەوە. هەرجۆرێک بوو، بێدەسەڵاتی لەمێژینەی تورکیە، وەک ناوەندی خەلافەتی موسوڵمانان زۆر گیان سەخت بوو.

بۆ گەڕانەوەی ئینگلیستان بە بەغدادا تێپەڕیم، حاڵ و هەوای ئەوێ بەگشتی تارو خەمبار هاتەبەرچاو. وتووێژ دەربارەی «پەیمان» بەچەشنێکی خراپ لە پەرلەماندا دەچوەپێش، زۆربەی سیاسیکارە بەدەسەڵاتەکان و پارێزەرە ناسراوەکانی دادگا دژی پەسەندکردنی پەیمان بوون؛ لە دەوروبەری ساختمانی پەرلەمان، دژی پەیمان خۆپێشاندان کرا؛ یەکێک لە نوێنەرانی عەشایری فوڕات، کە زۆر لایەنگریی پەسەندکردنی پەیمان بوو، تەقەی لێکرا و بۆ هەمیشە سەقەت کرا؛ گەلێک کاری دیکەشیان کرد. لە ناو جەماوەری بریتانیادا، پەرەستاندن و سەرکەوتنی ئەو دژایەتیەیان بە زەبر لێدان لە ئابڕوی شا هەڵدەسەنگاند، کە پشتی ئەو سیاسەتەی دەگرت، کە لە پەیمانی ناوبراودا هاتبوو، بەڵام کەسانی واش هەبوون، پچەپچیان دەکرد و دەیانگوت شا پێی خۆشە لە بەشێک لە مەرجەکانی پەیماندا ئاڵوگۆڕ بکرێ و لە ئاست ئەو هاتووهاوارەدا بێلایەن نیە. لەناو هەڵسوڕێنەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی بریتانیادا، کە فەیسەڵیان هێنابووە عێراق، ڕوخساری «کورنوالیس» بەتەواوی تێک شکابوو و گرترودبل بەڕاستی

نەخۆش کەوتبوو و دەوری چاوی ڕەش هەڵگەڕابوو. لە لایەکیترەوە، «سێرهنری دابز» کە بێگومان گوناحی شکانی سیاسەتی بریتانیای دەگەڕایەوە سەر زۆر بەکەیف و خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. لە قەلافەتی «ئیرلەند»یی ئەودا، ڕەگەیەکی زۆڵی دەبینرا و لە گفتوگۆیەکدا کە بەیەکەوە بوومان حاڵەتی سەر و ڕووی جۆرێک بوو، کە دەتگوت بۆ چارەڕەشیی ئەوانیتر شادی دەکات و لەو فیکرەدا بوو، کە ئەگەر هاتوو پەیمان پەسەند نەکرا و دەوڵەتی ئینگلیستان بڕیاری دا هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە، ئەرک و بەرپرسایەتیەکەی بەکێ بسپێرێ، بە شا یا ژێنراڵێکی تورک؟ ئەو دیاردەیەی کە پتر سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕادەکێشا، ئەوە بوو کە بۆ پەسەندکردنی پەیمان هەموو لایەک چاوی هیوایان لەو هەفدە نوێنەرە بڕیبوو کە بە گشتی سەربە پارێزگا کوردنشینەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووک بوون و ئەوان بوون، کە زۆربەی دەنگی پێویستیان بۆ پەسەندکردنی پەیمان دەستەبەر دەکرد.

# بەشی چوارەم

## ٢٦- کۆمیسیۆنی موسڵ

لەبیرمانە بەپێی پەیمانی لۆزان کە ڕۆژی بیست و چواری ژوئیەی ١٩٢٣ مۆر کرا، نۆ مانگ کات درا بە ئیمزاکەرانی ئەو پەیمان کە لەو ماوەیەدا بۆخۆیان «بەشێوەی دۆستانە» کێشەکەیان چارەسەر بکەن. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە، گفتوگۆی ئەو دوو دەوڵەتانە بە یاداشتێکی دەوڵەتی بریتانیا بۆ تورکیە لە ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەردا دەستی پێکرد و ئەو ڕۆژە بە سەرەتای وتووێژی نۆ مانگە دیاریکرا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز تا ڕۆژی نۆزدەی مانگی مای وتووێژ دەست پێنەکرا. لەو ڕۆژەدا بوو، کە لیژنەی ئینگلیز بە سەرۆکایەتی سێر پرسی کاکس گەیشتە قوستەنتەنیە. هەروەها کاپیتان «ڕ.ف. جاردین»[1]، جێگری بازرەسی ئیداریی پارێزگای موسڵ ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو. کاپیتان جاردین لە ساڵی ١٩١٩وە لە موسڵ خزمەتی دەکرد و دەربارەی جوگرافیاو دانیشتوانی ناحیەی سەر سنوور لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدابوو.

پەرۆشیی کاربەدەستانی بریتانیا لەو سەردەمدا، کێشە و چارەنووسی دواڕۆژی مەسیحییە نەستورییەکان بوو، کە بە ئاشووریی دەناسرێن و لە چیاکانی هەکاری لە ویلایەتەکانی باکوری کوردستان دەژین. ئەو خەڵکە چیانشینە شەڕکەرانە بەهاری ١٩١٦ بەهۆی هاندانی فەرماندەی هێزەکانی ڕووسیە، کە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو، دژی تورکان ڕاپەڕیبوون؛ پاشەکشەی ڕووسان، ئەو خەڵکەی لە بەرامبەر تۆڵەستاندنەوەی تورکاندا ڕاگرتبوو و ئەوان جیا لە شەڕ و پاشەکشە بەماڵ و منداڵەوە بۆ ئێران، چارەیەکی دیکەیان نەبوو. ئەوان تا هەڵوەشانی سوپای ئیمپراتۆریی ڕووسیە لەژێر فەرمانی فەرماندەکانی ڕووسدا شەڕیان کرد و سەرئەنجام لە هەموو چەشنە دیاردەیەکی ژیان بێبەری بوون. بە

1- R.F.Jardine



پشتیوانی سوپای بریتانیا، کە هێشتا لە ڕۆژئاوای ئێران بوو، نزیکەی ٣٥٠٠٠ کەسیان (کە زۆربەیان لە هەکاری و چەند سەد کەسیشیان لە ناوچەی ئامێدیی سەربە موسڵ و چەند هەزار کەسیش سەر بە ئێران و خەڵکی دەشتی ورمێ بوون) بۆ کۆمەڵگایەکی گەورە لە بەعقوبە لە سی مایلیی باکوری بەغدا گواسترانەوە. لە نێوان ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢٣دا، زۆربەی ئەو کەسانەی کە هاووڵاتی تورکیا بوون، سەرلەنوێ گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان: ٧-٨ هەزار کەسیان لەوبەری سنوور لە باشووری هەکاری جێگیر بوون، کە حکومەت هیچ دەسەڵاتی بەسەرەوە نەبوو. ئەوانیتر لە خاکی عێراق مانەوە. ژمارە لاوێکی زۆریشیان چوون لە «هێزەکانی ناوچەیی عێراقدا دامەزران و لە ژێردەستی ئەفسەرە ئینگلیزەکاندا خزمەتیان دەکرد.

کاتی پێکهاتنی کۆنفرانس، نوێنەری تورکیا داوای گەڕانەوەی هەموو ویلایەتی موسڵی بۆ وڵاتەکەی دووپات کردەوە. لە لای دیکەشەوە سێر پرسی کاکس داوای هێڵێکی کرد، کە بە بەشی باکورتری سنووری ئەو ویلایەتەدا تێدەپەڕی و لە ڕاستیدا ئەو هێڵە نەتەنیا ویلایەتی کۆنی ئاشوورییەکانی دەگەڕاندەوە سەر عێراق، بەڵکوو بەشێک لەو ناوچانەشی دەخستە سەر خاکی عێراق کە ئاشوورییەکان لێی جێگیر ببوون و دەبێ بگوترێ ئەو داوایە لە هیچکام لەو پێشنیازانەدا نەبوو، کە ئاراستەی کۆنفرانسی لۆزان کرابوون. ئەم جارەش لایەنە وتووێژکەرەکان تۆزقاڵێک لە هەڵوێستی خۆیان دانەبەزین و کۆنفرانس لە پێنجی ژوئیندا هەڵوەشا. لە شەشی ئەوگوستی دروست مانگێک دوای نۆ مانگە دیاریکراوەکە، دەوڵەتی بریتانیا چارەسەرکردنی کێشەکەی بە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان سپارد.

لەو ناوەدا بەهۆی پێکهاتنی باردۆخێکی تاقەتبڕ کە بەهۆی سیاسەتی دەستێوەردانی چالاکانەی شێخ مەحموود لە کاروباری ناوچە قەدەخەکراوەکاندا سەری هەڵدابوو، کۆمیسێری باڵا بەو ئاکامە گەیشت بوو، کە جارێکی دیکەش بە هۆی هێزە چەکدارەکانی سلێمانی بگرێتەوە. ئەمە بە کاروانێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی سوپای عێراق و بەپشتیوانی هێزی پۆلیس و هێزێکی ئاشووریی لە ناوەڕاستەکانی مانگی ژوئیندا بەڕێوە چوو. چاپمەن کرا بە پارێزگار و بەرپرسایەتی ئیدارەکرانی ئەو شارەی درایە، بەڵام دەبوایە ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ کۆمیسێری باڵا بنێرێ و لەویش فەرمان وەرگرێ.

سەرەتای مانگی ئەوگوستی، تورک کە زۆرجار دژی بۆمبارانی هەوایی و لەشکرکێشان بۆ سەر ڕەواندز و سلێمانی ڕەخنەیان لە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان گرتبوو، بۆخۆیان هەوڵی گرتنەوەی باشووری هەکارییاندا، بەڵام شکان و ناکام مانەوە: ئاشوورییەکانی جێگیرکراو لەو ناوچەیە، لە نێوان «جولەمێرگ» و «چال» کە ناوەندێکی چوکی ئیدارییە،

«والی»یان گرت. بۆ ئازادکردنی دەستبەجێ هەوڵ درا، بەڵام تورک بە کۆکردنەوەی هێز لە جەزیرەی بنی عومەر بەرپەرچی ئەوکارەیان دایەوە. ئەوان لە ڕوباری «هیزل» پەڕینەوە و لە باشووری زاخۆ چەند مایل هاتنــە ناو خاکی عێراق. سەرەڕای بەرگریکردنی هێزی هەوایی، ئەوان توانیان چەند ڕۆژ بە چیاکانی ئەوبەری سنووری پارێزگای موسڵدا بچنەپێش و دوایی بەرەو ناوچەی چاڵ گەڕانەوە و هەشت هەزار ئاشووریی جێگرتوو لەو ناوچەیەیان ڕاونا و بەمجۆرە جارێکی دیکەش ئاشوورییەکان پەنایان بۆ عێراق هێنایەوە.

ئەو کردەوەیە و ڕەخنەی هەردوو لایەن بەدەستدرێژیی چەکدارانەی لایەنەکەیتر، کە ئاراستەی کۆمەڵی ولاتەیەکگرتوەکانیان کردبوو لە کۆبوونەوەی وەرزی پاییزی شورادا لە «ژنێڤ» خرایە بەرباس. شورا ڕۆژی سی دیسەمبەر گەڵاڵەیەکی پەسەند کرد. لەودا گوترابوو هەردوو لایەنی کێشەکە پێشتر بەڵێنیان داوە، کە لەم بارەیەدا بڕیاری شورا بەجێ بگەیەنن و لە کردەوەی سەربازیی بە مەبەستی تێکدانی «وەزعی مەوجوود» خۆبپارێزن. شورا هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆسپە، بڕیاریدا کۆمیسیۆنێکی تایبەت بنێرێتە ناوچەکان و لە نزیکەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. بەڵێنی ڕاگرتنی جموجۆڵی چەکدارانەی سەربازیی، بەشێوەی ئاسایی ئەوباسە نوێیەی هێنایە گۆڕێ، کە دەبێ «وەزعی مەوجوود» لەبەر چاو بگیرێ: ئەوەی کە لە بیست و چواری ژوئیەی ١٩٢٣ (ئینگلیستان لەسەری دواوە) یا ئەو وەزعە مەوجوودەی کە تورک ڕۆژی سی سێپتەمبەری ١٩٢٤ باسیان لێکردووە؛ هەروەها، دەستبەسەرداگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕەواندز و سلێمانی بەهۆی لایەنێکەوە و گرتنەوەی سەرلەنوێی هەکاری بەهۆی لایەنەکەیتر ئاڵوگۆڕی ئەوتۆ پێک ناهێنی، کە زەبر لە مافی هەردوو لا بدات، یا ئەوانە بە کردەوەی نەزم پێدانی ناوخۆیی دەژمێررێن. بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەخنانە، شورا ڕۆژی بیست و نۆی ئۆکتۆبەر کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە «بروکسل» پێکهێنا و لەودا هەردوو دەوڵەت قبوڵیان کرد، بگەڕێنەوە سەر دوولای هێڵی نوێ، کە کارناسی «بلژیک»یی شورا بەڕێز «برانتێنگ» [2] پێشنیازی کردبوو. ئەو، لە جیاتی شان و لوتکەی چیاکان پتر جۆگەلە ئاوەکانی لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام لە ئاستی بابەتەکانیترەوە بەگشتی لەگەڵ هێڵی کۆنی سنووری نێوان دوو ویلایەتی موسڵ و هەکاری یەکی دەگرتەوە. بە پەسەندکردنی ئەو بڕیارە، ڕێگا بۆ دەستپێکردنی کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە هەموار کرا.

2- M.Branting



لەو ناوەدا، بەغداش هاوینێکی پڕلە کۆسپ و گیروگرفتی لە پشت سەرنا. باسەکانی کۆڕی دامەزرێنەران دەربارەی پەسەندکردنی پەیمان بە درێژایی مانگی مای لە هەمان دۆخی پڕلە مەترسی شاردراوە و خۆپیشاندانی نەیارانەی ئاشکرا لە لایەن ئاژاوەگێڕانی بەرەڵڵای شار درێژەی هەبوو. دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشای ئینگلیستان ڕایگەیاند، ئەگەر تا ڕۆژی دەی ژوئین پەیمانی نوێ پەسەند نەکرێ، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆڕی گشتی کۆمەڵی ولاتەیەکگرتوەکان دەربارەی عێراق بەشێوەیەکی تر هەنگاو هەڵدەگرێ. لە دوا کاتەکاندا شەست و نۆ نوێنــەر لە سەد نوێنەری کۆڕی دامەزرێنەران ڕازی بوون لە دوا کۆبوونەوەی بڕیار وەرگرتندا بەشدار بن و چەند خولەکێک بەرلە کاتی نیوەشەو، کە دەهات ماوەی دیارییکراو تەواو بێ، بە سی و حەوت دەنگی «ئا» لە بەرامبەر بیست و چوار دەنگی «نا» و هەشت دەنگی «سپی» بڕیاری پێویست وەرگیرا. نوێنەرانی سێ پارێزگا بە پشتیوانی دوو پارێزگای ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ تەسلیمی گوشار و هەڕەشە نەبوون. ئەو ژمارەیە زۆربەی دەنگەکانیان هەبوو. ئەو مادە یاساییە پاشکۆیەکی لەگەڵ بوو، کە دەیگوت: ئەگەر دەوڵەتی بریتانیا پارێزگاریی لە مافی عێراق نەکات لە تەواوی ویلایەتی موسڵدا، پەیمان هەڵدەوەشێتەوە. کۆڕی دامەزرێنەران دوای ئەوە یاسای بنەڕەتی و یاسای هەڵبژاردنی پەسەندکرد و دوای بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەڵوەشایەوە. پەیمان وەک پێویست لە دەی نۆڤیمبەر و دوازدەی دیسەمبەری ١٩٢٤دا ئاراستەی خاوەن شکۆیان «جۆرج» وفەیسەڵ کرا.

لە نەبووی مندا کارەساتێکی ناخۆش لە کەرکووک ڕوویدابوو. لە چواری مای، بە دوای شەڕی دوو سێ کەس لەسەر نرخی شتێکی کەم بایەخ لە ناو بازاڕی شاردا، دوو یەکانی ئاشووریی کە پاییزی ڕابردوو لە جیاتی سیکەکان لە کەرکووک جێگیر کرابوون، بە ڕەشاشەکانیان تەقەیان لە خەڵک کردبوو و تا ئەفسەرە ئینگلیزەکان ویستبویان ئەوان بخەنــەوە ژێرفەرمان، پەنجا کەسیان لــە خەڵکی شار کوشت و ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار کردبوو. موسوڵمانە وشک مێشکەکانی شار کە بەو ڕووداوە توڕە ببوون، ڕۆژی دوایی بەتۆڵەی ئەوکارە ڕاپەڕین و وێڕای تاڵانکردنی کەلدانییەکان چەند کەسی بێ ئازاریشیان لێ کوشتن. جێی داخ ئەوە بوو، کە دادگای لێکۆڵینەوەی ئەو کارەساتە نەیتوانی تاوانبارانی کوشتاریی ڕۆژی یەکەمی کارەساتەکە بناسێنێ و دەوڵەتی عێراق و زۆربەی خەڵک لەم باوەڕەدا بوون، کە «کاربەدەستان» پشتی ئاشورییە تاوانبارەکان دەگرن. بۆ ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ئەو دیاردە کتوپڕە، گوردانی یەکەمی تفەنگچییەکانی «ینیسکیلینگ» [3] یان لە

3- Iniskilling

بەغداوە بە فڕۆکە هێنا کەرکوک. هەروەک لەبیرمانە سیکەکانمان لە یانواریی ساڵی **١٩٢٣** لە کفریەوە بەفڕۆکە هێنابووە کەرکوک، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەیانگوت ئەو گوردانە یەکەم هێز بووە لە مێژوودا کە دوای گەیشتنی بۆ شوێنی کێشە، دەستبەجێ خۆی توشی شەڕ کردووە. بە تەتەری موتۆڕیی، کە تازە دەستی بەکار کردبوو و لە «بەیروت»ەوە دەچووە دیمەشق و «ڕەمادی» لە پشوودان گەڕامەوە (هەر بەو تەتەرەش چووبووم) و لە پازدەی نوڤێمبەر گەیشتمە بەغدا. لەگومرگ بووم کە یادداشتێکی «لیدی دابز»[٤]م پێگەیشت. داوای لێکردبووم بچمە بارەگای کۆمیسێری باڵا. سێر پرسی لۆرن، وەزیر موختاری بریتانیا لە ئێران و لیدی لۆرن بەشداریی ئەو کۆڕە میوانییە بوون. سێر پرسی لۆرن بۆئەوە هاتبووە باشور تا بڕیارێک دەربارەی ڕەزا خان» سەرۆک وەزیری ئێرانو شێخی «مححەمەرە» ڕابگەیەنێ. ڕەزا خان بڕیاربوو تا مانگێکیتر دەوڵەتی پاشایەتی ڕاگەیەنێ و شێخی محەمەرە سەرۆک عەشیرەتێکی نیوەسەربەخۆی عەرەب بوو، کە دەزگای نەوت پاڵاوتنی شەریکەی نەوتی ئێران و ئینگلیز و چەند مایلێکیش بۆری نەوت لەناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەودا بوون. سێرپرسی لۆرن دوای دیتنی شێخ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەربارەی پەیوەندییەکانی سەرسنور و دیاردەکانی تری نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق و ئەو یارمەتییانەی بریتانیا دەیتوانی بۆ چارەسەرکردنی وەزعی ئەوان بیکات، هاتبووە بەغدا.

دوای هەفتەیەکی خۆش لەگەڵ بنەماڵەی دابز، چوومەوە کەرکوک: حەوت مانگی تەواو لە ناوچە دور کەوتبوومەوە. ئێستا، قەتارەکان دەهاتنە دوزخورماتوو و بەهۆی لێوەشاوەیی و کارگێڕیی «ئاڵک هۆڵت» هێڵی نوێی قەتار لە کەرکوک نزیک ببووەوە، بەڵام بەباشم زانی لە دوورێیانەی «قەرەغان» لە سنوری پارێزگاکەمەوە سواری ئۆتۆمبێلەکەم بم، کە چاوەڕوانم بوو. سەفەر بەو ڕێگایەدا، کە هێشتا خۆش نەکرابوو، لە تۆفانێکی خۆڵدا بەشێوەیەکی ترسناک ئەنجامی گرت. بای توندی پشت سەرمان خەریک بوو ئێمە لە ناو ئەو تۆزوخۆڵەدا بخنکێنێ؛ پێنج شەش هەنگاو پتر پێش خۆمان نەدەبینی و هەرچەندە ئارامتر دەچووینەپێش تەپ و تۆز پتر دەبوو. باران هێشتا نەباریبوو و ئێمە فرسەخ بە دوای فرسەخدا بە دەشتێکدا چووینەپێش، کە تەنانەت پەڵە ڕەنگێکی لێ نەبوو، کە دڵی پێخۆش بێ. جیاوازیی ئەو دەشتە لەگەڵ دەشتە خەندان و ڕازاوەکانی ئینگلیستان هەڵنەدەسەنگێنرا، کە تازە لێیان دور کەوتبوومەوە و هەر ئەمەش هەستی من ژاکاندبوو.

4- Lady Dobbs



بەڵام، زۆر زوو بە تینی گەرمیی ئەوانەی بە درێژایی ڕێگا بە پێشوازمەوە هاتبوون، هێمن بوومەوە. ڕێورەسمی پێشوازییکردن بەشێوەی کۆن و سوننەتی، ماوەیەکی زۆر بەرلە ئێستا لەناو خەڵکی چاو و گوێ کراوەی باشوردا لەباو کەوتبوو، کەچی هێشتا لە پارێزگاکانی باکور لەبەر چاو دەگیرا: کاربەدەستانی کفری، دوزخورماتوو و تۆق هەموویان بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەو تۆفانە بەرەوپیرمەوە هاتبوونە سەر سنوری ناوچەکەیان؛ لە «تازە» واتە دوازدە مایلیی کەرکوک، مەجیدی یاقوبی کە بەجێگەی فەتاح پاشا ببووە پارێزگار بە سەرۆکایەتی گروپێک لە کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراق و خەڵکی شار پێشوازییان لێکردم.

تەواوی سکادرانی ژمارە سی (٣٠) هێشتا لە کەرکوک و لە ژێر فەرماندەیی «ڕاب» (ئێرچیف مارشاڵ، سێر جێمز ڕابی ئەمڕۆ)دا بوو. من ماوەیەک بەرلە ئێستا ڕابم دەناسی، واتە لەو کاتەوە کە بۆ مەئموریەتی تایبەت و بەهێز کردنی هێزی هەوایی هاتبووە کەرکوک و لەگەڵیشی سواری فڕۆکە ببووم. دیارە ئێمە لەمەودوا پەیوەندییەکی پتر و نزیکترمان بەیەکەوە هەبوو. زۆر زوو ئەو پەیوەندییە و خۆشەویستییەی لەگەڵ کین هیدم هەبوو، لەگەڵ ئەویش پێکهات و بەمجۆرە نزیکایەتی نێوان هێزی هەوایی و گروپی سیاسی گەشەی ستاند.

چاپمەن کە دوای بوونی بە پارێزگاری سلێمانی بە کۆمیسێری باڵاوە پەیوەندی دەگرت، سەرلەنوێ گەڕایەوە ژێر چاودێری و فەرمانی من. لەبەر ئەوە، بۆ دیتنی ناوچەکەی لە نزیکەوە کاتم بەخەسار نەدا و بەرەو سلێمانی هەڵفڕیم. سی و شەش سەعات دوای گەڕانەوەم هەستێکی سەیر ڕوی تێکردم و هەموو شتێکم بەنیسبەت خۆم نارێک و نادروست دەبینی؛ بەڵام سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەمی گەڕانەوەم بۆ کەرکوک، کاتێک لە فڕۆکەدا بووم و بەسەر شاردا دەسوڕاینەوە و چاوەڕوانی هەستانی پێنج فڕۆکەیترمان دەکرد و کاتێک بەرز بووینەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات چووینە پێش و بەسەر دەشت و بەرزاییەکانی چەمچەماڵ و قەرەداغدا تێپەڕین و دەربەندی بازیان لە باسکی چەپ و شیوە بۆرەکەی باسڕەمان لە باسکی ڕاست بەجێهێشت و کۆمەڵگای یەکەی ئاشورییەکانمان لە قەراخ تەیناڵ و کۆمەڵگای سوپای عێراقمان لەسەر تاسلۆجە لە ژێر پێدا بوو و بەرەو سەرچنار دەچووینەپێش، جۆرێک بووم کە دەتگوت قەت لەو ناوچەیە دور نەبووبوومەوە. سێرهنری دابز دوو ڕۆژی هەفتەی ڕابردوو لە سلێمانی بوو و لەوێ بەو ئاکامە گەیشتبوو، کە دەبێ کارێک دژی شێخ مەحمود بکرێ: شێخ مەحمود لەوبەری ئەزمەڕ، لە «سیتەک» لە شارباژێر لە بۆسەدا بوو. شوێنی شێخ ئامانجی بۆمبارانکردنی ئەو شەش فڕۆکانە بوو. دیمەنی جوانی شیوی قەڵاچوالان تەنانەت لە هەواوە

گەلێک جوانتر لە زەوی دەبینرا و من لەو هەوا سافەی ئاسمانەوە دەمتوانی زۆربەی ئەو جێگایانە بناسمەوە، کە لە گەشتی ساڵی ١٩١٩دا دیبوومن و نەخشیان لە مێشکمدا مابووەوە. بۆمبارانی سیتەک بەباشی بەڕێوە چوو: دوای بۆمبەکانی فرەتەقینەوە، بۆمبی سوتێنەری نوێمان خستەخوارێ، کە من تا ئەوکاتە نەمدیبوو. کاتێک بۆمبە سوتێنەرەکان دەکەوتن، بە دوایاندا خەرمانێک گڕ و هێندێک جاریش ئاگر و دوکەڵ بەیەکەوە بەرز دەبوونەوە و من مەست و سەرخۆش وەک ئەویندارێکی جادوولێکراو دەمامەوە. دوای تەواوبوونی بۆمباران لە سلێمانی نیشتین.

هەرچەندە شار سەرلەنوێ دەستی بەسەر داگیرابووەوە و بۆ پێکهێنانی سیمای ڕواڵەتیی لە دەزگا ئیدارییەکانی ناحیەکانی دەوروبەری شێوی سلێمانی لە مودیری «گوللەبەند» بە پلە و ڕادەی لێهاتوویی و باوەڕ پێکردنی جیاواز کەڵک وەرگیرابوو، بۆ نموونە یەکێک لەوانە، سلێمان خانی ڕوخزادی لە تانجەرۆ بوو)، بەمجۆرەی کە لە ڕاپۆرتی چاپمەن دەردەکەوێ وەزعی سیاسی لە زۆر بابەتانەوە ئاڵۆزتر لە بەهاری ئەو ساڵە بوو: تاقمە سەربزێوەکانی شێخ مەحموود لە بنکەکانیانەوە لە شارباژێرو پێنجوێن بێشەرمانە تا دەوروبەری سلێمانییان پەلامار دەدا؛ وەزعی ئیداریی دەزگای هەڵەبجە لەبەر کێشەی ناوخۆیی بەگزادەکان زۆر شپرزە و بێسەرەوبەرە بوو؛ لە قەرەداغ «شێخ ئەوڵ» سەری بە کارێکەوە قاڵ بوو، کە من بەرلە بەجێهێشتنی عێراق پێشبینیم دەکردو ئەو بە ئاشکرا باجی لە کاروانچییەکان دەستاند؛ جافەکان کاتی گەڕانەوە لە کوێستان بۆ ئەم بەرەی سنوور، لە مەیدانێکی پان و بەرینی ڕێگای گەڕانەوەیاندا خەڵکیان ڕوت کردبوو؛ سوپای عێراق لە چەند تێکهەڵچووندا دژی تاقمە شەڕکەرەکان شکابوو و هێزی هەوایی مەئمور بە سلێمانی کە یەکەیەکی فڕۆکەی جەنگی تاکە کەسیی سنایپ بوو، هەمیشە لە هەڵسوڕاندا بوو.

بەمجۆرە دوومانگی یەکەمی دوای گەڕانەوەم بە شێوەی ئاشنا تێپەڕی: لەو شەست شەوە، پتر لە سی(٣٠) شەو لە دەرەوەی کەرکووک بووم. هەمیشە لە هەڵفڕیندا بووم، پتر لەگەڵ «ڕان» و هێندێک جاریش لەگەڵ «ئێری» دەچوومە سلێمانی و هەڵەبجە یا لە بۆمبارانی ناوچەکان و یالە مانۆڕی هەواییدا بەشدارییم دەکرد. زۆرجار دەمویست چەند ڕۆژێک لە کفری بمێنمەوە، چونکە کفری نزیکترین پێگەی ئێمە بوو، کە مەترسی جیددیی جافەکانی «گۆل»، «پیواز» و وارماوای لەسەر بوو. لێرە، لە زۆربەی ئەوکارە ئاساییە ئیدارییانە دووربووم کە لە ناوەندەکانیتر و لە لایەن ئەفسەرانی هێزی هەوایی لەسەرم باردەکران. زرێپۆشمان لە کنگربان جێگیر کردن و لەبەر ئەوە توانیم چەندڕۆژ لە باخەکانی دەوروبەر ڕاو



بکەم: سەرەڕای پۆڕ، قەتێ و ژمارەیەکی زۆریشی سۆنە لێ بوو.

تەنیا ڕووداوی ئەو ماوەیە، کە بۆ گێڕانەوە دەبێ، هاتنی مەلیک فەیسەڵ بۆ کەرکووک بوو، کە دوای تێپەڕبوونی نزیک بە چوار ساڵ دوای هاتنی بۆ عێراق ئەنجامی دەگرت: ئەو بەرلە هاتنی کۆمیسیۆنی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان، بۆ ڕاکێشانی ڕای خەڵک، پارێزگاکانی باکور دەگەڕا. لە نۆزدەی دیسەمبەر واتە ڕۆژێک بەرلە هاتنی خاوەن شکۆ بۆ ئەم ناوچەیە، نزیکەی چوار ئینچ باران باری. لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە باران کەم دەبارێ، بارینی هاوکات لەگەڵ هاتنی کەسایەتێکی گرنگ بۆ ناوچەکان دەگەڕێننەوە سەر «قەدەم خێر» بوونی ئەو کەسە و ڕووداوێکی وا جێگەی بۆ ئەو دەکاتەوە. بەشێوەی ئاسایی نزیک بە دوو مانگ لە کاتی «پەڵە» تێپەڕیبوو و ئەو دیاردەیە بە تەواوی خەڵکی بە پەرۆش کردبوو و هاتنی خاوەن شکۆ لەو کاتەدا زۆر بەکات و بەجێ بوو.

«فریشتەی مەئموری هەوا» بەڕواڵەت لەوە دەچوو کارەکەی بەنیوەچڵی نەهێڵێتەوە و دەیەوێ تەواوی بکات. بەیانی ڕۆژی بیستەم لەگەڵ میللر و چەند کەسیتر لە کاربەدەستان سواری ئۆتۆمبێل بووین و چووین بۆ دیتنی شا لە ئاڵتون کۆپری، کە لە سنووری پارێزگای ژێر بەرپرسایەتییم هەڵکەوتبوو. لە گوندی «یاروەلی» لە چوار مایلیی شاری کەرکووک لەو جێیەی کە جادەی ئۆتۆمبێل لە ڕوباری خاسە تێدەپەڕێ، ڕوبارەکە بە بارینی باران هەستابوو و کەف سەری گرتبوو. شۆفیرەکەم (خەلیل) پەلەی کرد و ویستی بە جێگای هەمیشەییدا لە ئاو بپەڕێتەوە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە تا نێوەڕاستی تەگەرەکانی لە لم چەقی و ئاو وەسەر کاپوتەکەی کەوت و ماتۆڕەکەی کوژایەوە و من ناچار بووم لە کاتێکدا ئاو تا سەر چۆکان دەهات، لە ئاو بدەم. ئۆتۆمبێلەکانیتر بە دیتنی ئەو ڕووداوە لە قەراخی ڕوبارەکە مانەوە؛ چەند کەسێکمان ناردە کەرکووک تا تاکسییەکانی شار کۆبکەنەوەو لەگەڵ خۆیان بیانهێنن، تائەگەر بۆبردنی هاوسەفەرانی شا نیازمان پێیان هەبوو، کەڵکیان لێ وەرگرین. ئەوان تا دوو سێ سەعاتیتر دەگەیشتنەجێ، لەبەر ئەوە لە «یاروەلی»ماینەوە؛ جارجارە ئەسپێکمان لە هاوڕێ هەمەوەندەکانمان وەردەگرت و بۆ ئەوەی بزانین ئاوەکە نیشتووەتەوە، دەچووینە سەر ڕوبارەکە. بەدوای بوارێکدا دەگەڕاین، کە ژێرەکەی قایم و ڕەق بێ و ئۆتۆمبێلەکان تێنەچەقن. دروست نیو سەعات بەرلە دەرکەوتنی ئۆتۆمبێلەکانی شا و هاوسەفەرەکانی جێگەیەکی باشمان دۆزیوە و بۆ ڕێنوێنی کردنی شۆفیری ئۆتۆمبێلەکان بە سواریی پێشوازییمان لێکردن. میللر بێگومان قارەمانی ئەو ڕووداوە بوو. هەروەک پێشتر گوتم ئەوەندە قورس بوو، کە نەیدەتوانی لەسەر زینی ئەسپ دانیشێ: لە نێوەڕاستی ڕوبارە

سێڵاوگرتوەکەدا ڕاوەستابوو و ڕێگای بە شۆفیرەکان پێشاندەدا. ئەو دیاردەیە شوێنی لەسەر شا دانابوو. دیمەنەکەی بەکەیف بوو و ساڵانی دواییش باسی لێدەکرد. تازە شا و هاوسەفەرەکانیمان لە ڕوبار پەڕاندبووەوە، کە ڕێژنە بارانێکی توند دەستی پێکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکان، پیاوەماقوڵەکان و خەڵکی شار بۆ پێشوازییکردن لە شا لە قەراخ شار کۆببوونەوە و لەگەڵ هێزەکانی ناوچەیی و ئەندامانی پۆلیس و سوارەکانی عەشایریی کۆبەکی بەرچاویان پێکهێنابوو و شکۆی هاتنی شایان بۆ کەرکووک بەرزتر کردبوو. ئاڵای عێراق بۆ یەکەم جار بە شانازیی هاتنی شا لەسەر دەرگای سەرا هەڵکرا و چونکە دوای گەڕانەوەی شا شتێک لەو بارەدا نەگوترا، ئاڵاکە وەک خۆی مایەوە.

ئەو شەوە و تەواوی ڕۆژی دوایی و تا تەواوبوونی بەرنامەی پێشوازییکردن و میوانداریکردن لە شا بەتوندی باران باری. تۆق چایی و ئاوەسپی و هەروەها «قوروچایی» کە لەو دوانەیتر چوکتر، بەڵام سەرکێش و یاخیتر بوو، هەستابوون و لافاو گرتبوونی. ڕێگای باشوور بەسترابوو و بارانی نەپساوەی ڕۆژی دوایی ڕێگای گەڕانەوەی شا و هاوسەفەرانی بەست، بەڵام مانەوەیان هیچ چەشنە بەربەرەکانیی بەدواوە نەبوو و تا ڕۆژی کریسمەس کە چەند ڕاپۆرتی دڵگەرمکەرانەی پێگەیشت مایەوە و ئینجا بڕیاری گەڕانەوەیدا. کاتی بەجێهێشتنی شار بەفر دەباری، بەڵام بەکەڵک وەرگرتن لە پردێکی نیوەکارە کە بۆ ڕێگای ئاسنی تۆق چایی لێدرابوو لە ڕوبار پەڕینەوە و بەرلە توندبوونی باران کە هەموو دیمەنەکانی وەک کەنداو لێکردبوو، بۆ پەڕینەوە لە ئاوەسپی بوارێکی باشمان دۆزییەوە.

شەو لای یەکانی زرێپۆشی سەربە هێزی هەوایی مامەوە. ئەو جێیە هێشتا بەشێوەی ڕەسمی بە دوا وێستگەی کنگربان دەناسرا؛ بەیانی کە لە خەو هەستام نزیکەی سێ ئینچ بەفر باریبوو و دەوروبەری وێستگە و قەتاری تایبەتیی داپۆشیبوو. شا و کەسانی پێویستی و کاربەدەستانی عێراقی شەو لە ماڵی دەوڵەمەندەکانی کفری مابوونەوە و نزیکەی سەعات هەشتی بەیانی هاتنە لای ئیمە. من و پارێزگار لەناو قەتاردا گفتوگۆیەکی دوور و درێژمان لەگەڵی کرد. خاوەن شکۆ لە ئاکامی دیدارەکەی ڕازیبوو. بەڵێنیدا گوشار بۆ وەزیرەکان بێنێ، کە لە ڕێگای بەهێزکردنی دەزگای ئیداریی و ڕازیکردنی خەڵک بۆ ئەنجامی ئەو خاڵانەی کە ئێمە پێشنیازمان کردبوو، گورج بن. بارینی بەفر لە دەشتی بینالنهرین و تانانەت لە کفریش بە هەڵکەوت بوو و هەرچەندە نووسراوەیەکم لەم بارەیەدا بەدەست نیە، بەڵام لەبیرمە



کە دەیانگوت دوای دە ساڵ، ئەوە یەکەم جارە لە بەغدا بەفر دەبارێ. دوای ئەو بەفرە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ سەهۆڵ بەندانێکی سارد بوو و ڕوباری خاسە بەهۆی سەرمای زۆر سەهۆڵی بەستبوو.

دیارە وەزعی سلێمانی هێشتا ئەوەندە ئارام و جێگەی ڕەزامەندیی نەبوو، کە شا بتوانێ بچێتە ئەو شارە. لە ڕاستیدا بەپێی چەند بروسکەیەکی ناخۆش و نیگەرانکەرانەی چاپمەن، ناچاربووم لە بەشدارییکردن لە جەژنی دەسپێکردنی ساڵی نوێ چاوپۆشیی بکەم و چونکە فڕۆکەخانە بۆ کەڵک لێوەرگرتن نەدەبوو، بڕیارمدا بە ڕێگای زەویدا بچمە سلێمانی. بەیانی ڕۆژی سی و یەکەم لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیز کە فەرماندەی یەکانی سەربازە ئاشوورییەکان بوو، بە سواری ئۆتۆمبێلی فۆرد ڕێکەوتین. سەرما هێندێک تەشقی شکابوو، بەفرەکان توابوونەوە و ڕێگا زۆر ناخۆش بوو. بە دژواریی ئۆتۆمبێلەکانمان لە دوو کەلی سەخت سەرخست و لە کەلی سێیەم لە قوڕچەقین و بەفر دیسان دەستی کردەوە بە بارین. بە سەعاتێک دە مایل هاتبووین و چونکە بەهیوا نەبووین ئەوشەوە تەنانەت بگەینە چەمچەماڵیش، بڕیاری گەڕانەوەماندا. دوای پاڵپێوەنان و لە قوڕ چەقینی پەیتا پەیتا، ئێوارە لای خۆرئاوا لە کاتێکدا نزیکەی سێ ئینچ بەفر لەسەر زەوی کەوتبوو و ئێستاش دەباری، گەیشتینەوە کەرکووک. تازە خەریک بووم لە خۆشترین پیاڵەی چای ژیانم لەزەت بەرم، کە گوللەیەک شوشەی پەنجەرەی کون کرد و لە نزیکی ئەژنۆم چوو لە پایەی مێزەوەو چیتری بە دوادا نەهات. زۆر نارەحەت بووم. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو گوللەیە هی ماڵی ڕووبەڕوو بووە و کوڕی پارێزگار تەقاندویەتی. ئەو لاوێکی نۆبەرەی بێ نەزم بوو. بە دزیی دەمانچەی بابی لە سندوقی مێزی کارەکەی دەرهێنابوو و دەستکاریی کردبوو.

لە سەرەتای مانگی یانوارییدا، جافەکانی ڕوخزادی بە تاڵانکردنی کاروانێک لە ڕێگای برایم خانچی، ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە. هێرشی سەرکەوتوانەی هەوایی بە تۆڵەی ئەو کردەوەیە ئەنجامی گرت و من چوومە کفری تا خۆبەدەستەوە دەرانی ئەو گروپە تاوانبارە وەرگرم و کەلوپەلە تاڵانکراوەکان بدەمەوە بە خاوەنەکانیان، کە شەو درەنگایەک ئەو بروسکە کورتەی کورنوالیسم پێگەیشت:

«تکایە بەیانی بە فڕۆکە وەرە. هەرشتێکت پێویستە لەگەڵ خۆتی بێنە، چونکە لەوانەیە لەگەڵ ئەندامانی «کۆمیسیۆن» بەرەو موسڵ بچی.» بۆ ئەوەی کە کۆتاییم بەو مەسەلەیە هێنابێ کۆمەڵە فەرمانی نوێم بۆ کەریم بەگ و مەئمورەکانیتر نووسی و لە سزایەکی بەنیسبەت توند کە بۆ تاڵانکەرە تاوانبارەکانم لەبەرچاو گرتبوو، هێندێک دابەزیم و بەیانی

بەرلە ڕوناکبوونی هەوا بۆ کۆکردنەوە و جێبەجێ کردنی کەلوپەلەکانم بە سواری ئۆتۆمبێل چوومە کەرکووک و ڕۆژی بیست و دووەم بە فڕۆکە چوومە بەغدا.

کۆمیسیۆنی ڕەوانەکراوی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان ڕۆژی شازدە گەیشتبووە جێ. ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە بریتی بوون لە: «ئا.ف ویرسۆن»[٥] لە وڵاتی سوید، «کوند پاول تلکی»[٦] لە وڵاتی مەجارستان، سەرهەنگ «ئا. پاولس»[٧]. لە وڵاتی بلژیک، «سینیۆر ڕودولۆ»[٨] لە وڵاتی ئیتالیا و «کونت هۆراس دوپرتالس»[٩] لە وڵاتی سویس نووسەرانی کۆمیسیۆن بوون. ویرسۆن یەکێک لە کاربەدەستە بەرزەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوید بوو و بە گومانم چونکە نوێنەری وڵاتێکی بێلایەن بوو لە شەڕدا، هاوکارانی بە سەرۆکی کۆمیسیۆنیان هەڵبژارد بوو. کەسایەتی ئەو وەک کەسایەتی دوو کەسەکەی تر بەهێز نەبوو و بە چەشنی زۆربەی ئەو کەسانەی «خاوەنی بیری نێونەتەوەیین» وەک چاوەڕوان دەکرا چارەسەرکردنی بنەمای کێشەکەی بۆ گرنگ نەبوو، بەڵکوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پتر بەرێگای سازاندا دەگەڕا. بەپێچەوانەی ویرسۆن، تلکی مرۆڤێکی نەسرەوتووبوو؛ لە وڵاتی خۆیدا یەکێک بوو لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی دژ بە شۆڕش و لە ساڵی **١٩١٩**دا، حکوومەتی کۆمۆنیستی «بلاکون»[١٠]ی ڕوخاندبوو؛ لە ژوئیەی **١٩٢٠**وە تا ئاپریلی **١٩٢١** سەرۆک وەزیری وڵات بوو و ئێستاش سەرۆکی ڕێکخراوی پێشاهەنگی[١١] مەجارستان بوو.

5- A.Af.Wirsen
6- Count Paul Teleki
7- A. Pauli
8- Signor Roddolo
9- Count Horace de Portales

١٠- Bela Kun (١٨٥٥-١٩٣٧) جولەکەیەکی کۆمۆنیستی مەجارستانی. لە ترانسیلوانیا لە دایکبووە. ماوەیەک ڕۆژنامەنووس بووە. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە سوپای ئوتریشدا شەڕی کرد. ساڵی ١٩١٥ لە لایەن ڕووسەکانەوە بەدیل گیراو چووە سەر مەرامی بولشویکەکان و ساڵی ١٩١٨ لە لایەن ڕێبەرانی کۆمۆنیستەوە ڕەوانەی مەجارستان کرا. سەرنووسەری بڵاوکراوەی «هەواڵەکانی سوور» بوو. لە بوداپست شۆڕشی کۆمۆنیستیی وەڕێخست؛ ساڵی **١٩١٩**بە یارمەتی ڕۆمانییەکان لە حکوومەت کەوت، لە سەرەتادا ڕایکردە ڤیەن و لەوێشەوە چووە ڕووسیا.

١١- لە فێبرواری **١٩٣٩**دا دیسان گەڕایەوە مەجارستان و پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێدرا. لە بەرامبەر گوشاری هیتلەردا بۆ کەڵک وەرگرتن لە خاکی مەجارستان بۆ هێرشە سەربازییەکان بەربەرەکانی کرد و لە ئاپریلی ساڵی ١٩٤١دا خۆی کوشت.



بەگشتی هۆگری لایەنەکانی جوگرافیایی و ڕەگەزناسی موسڵ بوو و بەرلە هاتنی بۆ موسڵ دەنگۆیەک داکەوتبوو کە هەرچەندە ئەو سەرۆک نیە، بەڵام یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەجارە، کە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانەی تورک و «مەگیار»[١٢] هەوڵی دەدا، کە لە ئەسڵدا نەتەوەیەکن و لە یەک جێگەوە هاتوون. من نازانم ئەو داستانە بنەما و بنچینەیەکی هەبوو یان نا. داستانی ئەو خزمایەتییە ڕەگەزییە لەگەڵ دوژمنی پێشووی، عێراقییەکانی بە تەواوی نیگەران کردبوو، بەتایبەتی کاتێک ناوەکەیان بەپیتی عەرەبی دەنووسی و لە زمانی تورکی دا واتای «ڕێوی» دەدا، ئەو بۆچوونەی زەقتر دەکردەوە و نیگەرانییەکانی پتر. پاولس شەریکەیەکی لە وڵاتی کۆنگۆ هەبوو و خاوەنی ئەزمونێکی زۆری بازرگانیی و مودیریەت و بەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەو پتر کێشی بۆ لای باسی لێکۆڵینەوەی ئابوریی هەبوو. ڕودولۆ ڕاوێژکار یا کاربەدەستی ئاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا بوو، کە بە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان مەئموور کرابوو. پرتالس لە زنجیرەی ئەو بنەماڵە مەزنەبوو، کە لە سویس زۆر ناسراون؛ زمانی ئینگلیزیی زۆرباش دەزانی. بەگومانم گوتی خوێندنی سەرەتایی لە ئینگلستان تەواو کردووە و بەپێی دابی لەمێژینەی بنەماڵەکەی بەرلە هەڵگیرسانی شەڕ لە یەکێک لە هێزە کارامەکانی «پروس»دا خزمەتی کردبوو. ئەندامی ڕەسمی دەبیرخانەی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان نەبوو، بەڵام «سێر ئیریک درومond»[١٣] سەرۆکی ئەوکاتی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان لەم جۆرە مەئموریەتانەدا کەڵکی لێ وەردەگرت. نووسەر و ژمێریار کە هەردوو سویسی بوون، یارمەتی ئەو دوو کەسەیان دەکرد. هەروەها خزمەتکاری تلکی بەرپرسایەتی چێشتلێنان و دابین کردن و ئامادەکردنی خۆراکی لێژنەکەی لە ئەستۆ بوو. لەو دوایانەدا ڕۆژهەڵاتناسێکی گەنجیش بەناوی «ج. ئێج. کرامرز»[١٤] لە هۆڵەندەوە وەک دیلمانج بەو لێژنەیە زیادبوو، کە زمانی سەرەکی ئەو تورکیی بوو، بەڵام ئەگەر زانیاریی دیکەشی بوایە، نەیدەگوت کە بە زمانی عەرەبیی و فارسیی باش قسە دەکات. جیا لە پرتالس، تلکی زمانی ئینگلیزی باش دەزانی و ویرسۆن هێندێکی دەزانی، بەڵام وای پێ باش بوو کە بە زمانی فەرانسیی قسە بکا؛ پاولس و ڕودولۆ ئینگلیزییان نەدەزانی.

12- Magyar
13- Sir Eric Drumond
14- J.H. Kramers

لیژنەی تورکانیش لەگەڵ کۆمیسیۆن کەوت؛ ژێنراڵ جەواد پاشا لە پلەی ڕاوێژکارییدا ئەرکی سەرۆکایەتی لیژنەی تورکانی لە ئەستۆ بوو. جەوادپاشا بازرەسی تەواوی بەرەی شەڕی جەزیرە بوو و هەروەک دوایی بۆمان دەرکەوت ئەگەر دژی عێراق شەڕیان دەست پێکردبایەوە، دەبووە فەرماندەی گشتی ئەو بەرەیە. ئەو، یەکێک لەو ڕێبەرانەی نەتەوەیی بوو، کە ساڵی ۱۹۲۰ لە لایەن فەرماندەی باڵای وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە قوستەنتەنیە گیرابوو و بۆ وڵاتی ماڵت دوور خرابووەوە. جەواد پاشا، سەرگورد کامیل بەگی بۆ موسڵ و نازم بەگی نەوتچی زادەی بۆ کەرکووک و فەتاح ئەفەندی بۆ سلێمانی وەک کارناس هێنابوو. بەردەست کارەکەشی ستوان بەدری بەگ بوو. سەرگورد کامیل ئەفسەرێکی باشبوو، زمانی کوردیی باکوریی باش دەزانی و تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگادار بووین ئەرکی دژواری خۆی بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و سادقانە بەڕێوە دەبرد. نازم ئەو کەسە بوو، کە دوو ساڵ پێش لە کەرکووک ڕایکردبوو و فەتاح کە ژن برای شێخ مەحموود بوو لە بڵاوکردنەوی پڕوپاگەندەی شەڕی ساردی بەرلە هاتنی ئەو لیژنەیەدا هەڵسوڕ بوو. نازم بە کردەوە ئەفسەری سیاسی ئەو هێزەی تورکیابوو کە کاتی پێشڕەوی کردن لە جەزیرەوە بۆ چاڵ بە ناو خاکی عێراقدا هاتبوو.

ڕاوێژکاری لیژنە لە لایەن بریتانیاوە «جاردین» بوو، کە هەروەک لەبیرمانە لە مانگی مایدا لەگەڵ سێر پرسی کاکس چووبووە قوستەنتەنیە. بڕیاربوو کەسێک بەنوێنەرایەتی حکوومەتی عێراق لە کارەکانیدا یارمەتی بکات، کە ساحێب بەگی نەشئەت بۆ ئەم مەبەستە دیارییکرا. ساحێب بەگ نەقاڵێکی باشبوو. ئەو هەمیشەو لەهەموو حاڵەتێکدا کۆمەڵێک نوکتەی خۆشی بۆ گوتن هەبوو. زمانی فەرانسی زۆرباشتر لەوە دەزانی کە لەناو کاربەدەستانی عوسمانییدا بۆ کاری دیپلۆماسی کەڵکیان لێ وەردەگرت. لە هەر گروپێکدا کاری دەکرد زوو جێی خۆی لەناو ئەندامانی گروپەکەدا دەکردەوە.

دوای دیتنی کورنوالیس دەستبەجێ خۆم بە کۆمیسێری باڵا ناساند. ئەو گوتی ڕووبەڕووی وەزعێکی دژوارە: ڕاستە، جاردین تەواوی لێکۆڵینەوەکانی ناوچەیی ئەنجام داوە و وەک ڕاوێژکاری بریتانیا بە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان ناسێنراوە، بەڵام لە لایەکیترەوە ئەو گەنجە و وەک ئەندامانی کۆمیسیۆن و ڕاوێژکاری تورک ئەزموونی زۆری لە تێکەڵاوی کەسانی بێگانە نیە و دوور لە ئینسافە ئەگەر ئێمە چاوەڕوان بین ئەو بتوانێ تەنیا بەهاوکاری ساحێب بەگ ئەو ئەرکە دژوارە بەجێ بگەیەنێ؛ من هەرچەندە پترلە سێ چوارساڵ لەو بەتەمەنتر نیم، لە ئەوروپا دەرسم خوێندوە و زمانەکانی فەرانسیی، ئاڵمانیی، ئیتالیایی و کەمێکیش تورکی دەزانم؛ سەرەڕای ئەوانەش لە ئێران پەیوەندییم بە کاروباری نێونەتەوەییەوە



هەبووە، کە ئەوانەی لە عێراق و هیندستان خزمەت دەکەن، زۆربەیان خاوەنی ئەو ئەزموونە نەبوون؛ ئەو دەیوست منیش لەگەڵ لیژنەی ئینگلیزو عێراق کەوم، بەڵام مەسەلەی سەرۆکایەتی فیکری ئاڵۆز کردبوو.

لە وڵامیدا گوتم جاردین یەکێک لە دۆستە باشەکانمە و من هەرگیز نامەوێ ڕەخنە لە پلە و پایەی ئەو بگرم کە بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی بەدەستی هێناوە و ئامادەم بەهەر شێوەیەک ئەو واتە کۆمیسێری باڵا بیری لێ دەکاتەوەو ڕەنگە بۆی بەکەڵک بم، یارمەتی بکەم. دوای هێندێک گفتوگۆ پەسەندکرا من وەک «لێپرسراوی پەیوەندیگر» بچمە ناو کۆمیسیۆن. لەو پلەیەدا، من هەمیشە دەمتوانی لە بەردەست دابم و دەربارەی دیاردەکان لەگەڵ جاردین و ساحێب بدوێم. هەرلەو کاتەشدا چونکە پەیوەندیی لێپرسراوی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆن و لیژنەی نوێنەرایەتی تورکیە حاڵەتێکی تەواو ڕەسمی بۆ تێکەڵاویی لەگەڵ دیاردەکان و دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکان نابێ، لە ڕاوێژکارو یاریدەدەرەکان دەستی ئاوەڵەترە. ئەوان دەبێ بەوپەڕی هێز و تواناوە لە بەرژەوەندیی حکوومەتەکانیان پارێزگاری بکەن، ڕەنگە من بتوانم کۆمیسیۆن لە بابەت ئەرکی زۆر ناسک و دژوارییدا یارمەتی بدەم.

ئێمە ئێستا لە گیروداوی خەباتێکدا بووین کە بۆ عێراق لە حوکمی مەرگ و ژیاندا بوو. هیچکام لە ئێمە لەمەڕ سەرکەوتن لەو خەباتەدا تۆسقاڵێک شکوگومانمان نەبوو، چونکە دڵنیا بووین بەهۆی لێکدانەوەی ئابوریی و سەربازیی، بەغدا و بەسرە هەرگیز ناتوانن بەبێ موسڵ وەڵاتێکی بەردەوام پێک بێنن. هەرچەندە بڵاوکراوەکانی جیهانیی بەپێی دۆخی ئاسایی خۆیان ئەو دیاردەیەیان بە بەشێک لە خەباتی مەزن بۆ خۆگەیاندن و چاودێری کردن بەسەر چاڵە نەوتەکان دادەنا، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئێستا کە ڕابردوو هەڵدەسەنگێنم دەبینم لە هەڵسەنگاندەکانی ئێمەدا نەوت نەخشی تایبەتی نەبووە. من تەنانەت یەک بەڵگەشم لەبیر نایەت کە باسی نەوتی وەک دیاردەیەکی گرنگ و دیار لە پلانی بازرگانیی گشتیدا کرابێ، کە لە بواری ئابوورییەوە ئەو سێ ویلایەتانەی وەک یەکەیەکی یەکگرتووی ئابوریی پێشان دەدا. پێش هاتنی کۆمیسیۆن و دوای ئەو بۆ لێکۆلینەوە گەلێک یاداشتی پسپۆرانە ئاڵوگۆڕ کران، بەڵام کاکڵ و ناوەرۆکی مەسەلەکە لە یادداشتی ڕوونی مەلیک فەیسەڵ بۆ کۆمیسیۆن ئاماژەی بۆ کرابوو. مەلیک فەیسەڵ لەو یاداشتەدا دەیگوت: «.... کەوایە من موسڵ بۆ عێراق وەک سەر بۆ لەش دەبینم و بە تەواوییش لەو باوەڕەدام کە هەرچەندە مەسەلەکە تەنیا دیارییکردنی سنووری نێوان عیراق و تورکیایە، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەی مەوجودیەتی هەموو عێراقیشە. بەمجۆرە خۆشبەختی و چارەڕەشیی چوار

ملیۆن مرۆڤ لە دەست ئەو کۆمیسیۆنە بەڕێزە دایە.»[١٥] شتێکیتریش، کە بۆ ئێمە کاربەدەستانی پلەی خوارووی ئینگلیز کە لە دوورەوە دەمانڕوانیە مەسەلەکان و گرنگ بوو، ئەوە بوو کە: ئێمە بە گومانم بەحەق وامان بیر دەکردەوە کە لەنێوان پەیوەندییەکانی درێژخایەنی عێراق و بەرژەوەندییەکانی کاتیی و ئابڕوی وڵاتی ئێمەدا فەرق و جیاوازیی نیە: بە ڕای ئێمە، دروست نەبوو کە دانیشین و چاو لە فەوتانی مافێک بکەین کە لە ئەلف و بێی لێکۆڵینەوەکانماندا بە ئێمەی دەگوت، ئێستاش ئەو مافە لە حقوقی نێونەتەوەییدا جێی ڕێزەو ئەویش مافی سەرکەوتن و زاڵ بوونە. جیا لەوە هەرچەندە باسی ئەو مەسەلەمان نەدەکرد، بەڵام بە گومانم هەموومان لەژێر کارتێکەریی ئەو بیرکردنەوە خەیاڵییەدا بووین کە پێش هەشتا ساڵ «لیارد» بەچەشنی پێغەمبەران پێشبینیی کردبوو:

> شوێن و بارودۆخ و کانزاکان و دەرەتانی بێ وێنەی ئەو هەرێمەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە چەم و ڕوباری گەورەوە کە بۆ پاپۆڕئاژۆیی دەبن و بەگشتی مەدیتەرانە بە کەنداوی فارس و دەریای هیند دەبەستێتەوە، بە تێپەڕبوونی زەمان دەکەن بە وڵاتێکی دەوڵەمەندی بەپیت و بەرەکەت و پڕ لە نفوس، وەک ئەو سەردەمانەی کە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەکانی بابل، ئاشوور، ئێران و مولکی دەسەڵاتداران بوو. بەڵام بۆ ئاوەدانکردنەوەی و لەناو بردنی وێرانییەکانی کە بەهۆی ستەمی حکوومەتیی و پێڕانەگەیشتن بە سەریدا سەپاوە دەبێ ماوەیەکی زۆر تێپەڕبێ و گەلێک ئاڵوگۆڕی مەزن ڕوو بدەن. من هیوادارم ئەنجامی ئاڵوگۆڕێکی ئاوا گرنگ کە بۆ دابینکردنی ئاشتیی و بازرگانیی و شارستانیەت لە ڕادەبەدەر گرنگن بە نەسیبی ئینگلستان بێ[١٦].

هەرکە کۆمیسیۆن گەیشتە بەغدا، کێشە سازبوو: دەوڵەتی عێراق بەتەواوی لە گەڕانەوەی کتوپڕی نازم و فەتاح لەناو لێژنەی مەئموورە سیاسییەکاندا نارەحەت بوو و ئەوانی بە خایین و ڕاکردوو دەناسی. سەرەڕای ئەوە هەروەک من لە سەفەری خۆمدا بۆ بەغدا دیبووم، هاتنەوەیان قین و تووڕەییەکی زۆری پێکهێنابوو. ئەو قینە لە دڵی مرۆڤی ترسەنۆکدا دوور لە

١٥- ئەو باسە لە لاپەڕەی ٧ی «ڕاپۆرت دەربارەی کێشەی سنووری نێوان تورک و عێراق»دا گونجاوە. (بەڵگەی ژمارە ٤٠٠ .1925/ VII, M. 147.C) لە لاپەڕەکانی دواییدا لەگەڵ ڕاپۆرتی ویرسۆن باسی لێ دەکرێ.

١٦- بەرگی ١ لاپەڕەی ٣٤٧.



مەترسی و خۆف نەبوو. کۆمیسێری باڵا بەهۆی ڕاوێژکارەوە یاداشتێکی ڕەخنەگرانەی توندی تەسلیمی ویرسۆن کرد؛ هەروەها لە حاڵێکدا ئەندامانی کۆمیسیۆن و جەواد پاشا لە پلەی میوانەکانی خاوەن ڕێز لە شوێنی کۆمیسێری باڵا میوانداریان لێ دەکرا، ئەو سێ کارناسەیان بردبووە دەرەوەی شار و لە پێگەیەکی سەربازیی یا بە وتەی جەواد پاشا لە «کۆمەڵگایەکدا کە دەوری سەنگەر کرابوو» ڕایان گرتبوون. دیارە ئەو گوتنە تا ڕادەیەک ڕاست نەبوو. لە سەر داوای ویرسۆن ئەوانیان هێنا ماڵێکی نزیک شوێنی کۆمیسێری باڵا. لە کاتێکدا، ئەندامانی کۆمیسیۆن لەو باوەڕەدا بوون کە دوای گەیشتن بە ناوچەی کێشە لەسەر دەبێ تەواوی ئەندامانی لێژنەی تورکان بە تەواوی ئازاد بن، گوتیان تا ئەوکاتەی هەموو نەچوونەتە موسڵ، کارناسەکانی تورک لە شوێنی دیاریکراودا بمێننەوە.

گشت ئەندامانی کۆمیسیۆنم چەند جار کاتی کۆنفرانسەکان، چاوپێکەوتنەکانی ڕەسمی، فراوین و شیوخواردندا دی؛ ڕۆژی بیست و شەشەم بەرلە سەفەر بە قەتاری شەوانە هەموو پێکەوە لەبنکەی کۆمیسێری باڵا شیومان خواردو نازم و فەتاحیش لەو کۆڕەدا بوون. نازم بەرگی ئەوروپایی لەبەردا بوو، بەڵام کەواو پانتۆڵەکەی بۆ چکۆڵە و نارێک بوو. کاتێک پێمگوت بەدوای ئەو هەمووە گفتوگۆ دۆستانەیەی کە لە کەرکووک بوومان، بە ڕاکردنت زۆر بەداخ بووم، بزەیەکی شێتانەی هاتێ و بە ئارامی لە ژێر لێوەکانیدا شتێکی دەربارەی «دەنگی نیشتمان» گوت. فەتاحم پێشتر نەدیبوو. پیاوێکی سارد و بەخۆوە بوو و شتێکی بەرچاوترم لێ نەدیت.

تەواوی وڵات ئێستا لەناو تەوژمی زستانێکی هەرە سەخت و دژواردا بوو و من یەکەم جار بوو زستانی وا ساردم لەو چەند ساڵانەی دوییدا دەبینی. پلەی سەرما شەوانە چەند دەرەجە دەچووە ژێر سفر. چونکە قەتار دەزگای گەرمکردنی نەبوو، زۆر ساردبوو و من و «لیتل دیل» بازرەسی پۆلیسی شارەکانی کەرکووک، هەولێرو سلێمانی کە لە ژوورێکدا بووین شەو ساتێک خەو بە چاوانماندا نەهات. کاتی نیوەڕۆ گەیشتینە دوا وێستگەی نوێی شەرقات لە پەنجا و پێنج مایلیی ئەوبەری بایجی و لەوێ تەپۆلکەیەکی مەزنمان بینیی، کە شوێنی شارە کۆن و وێران بووەکەی ئاشوور بوو. لەو جێیە، پارێزگار عەبدولعەزیز بەگی قەساب کە سەرۆکی بنەماڵەیەکی ناوداری بەغدا بوو و چەندان ساڵ لە دەزگای ئیداری پێشووی عوسمانییدا کاری کردبوو، لەگەڵ سەرگورد «ئیچ. ئای. لوید»[١٧]، بازرەسی ئیداری

17- H. I .L .Loyd.

پێشوازییان لێکردین. دوای ئاشنابوون، شەست مایلیتری جادەکەمان تا موسڵ بە ئۆتۆمبێل بەنێو بەفردا بڕی. لەو شوێنە خانوبەرەیەکی کۆنیان داینێ، کە بە «کۆشکی سەڵتەنەتی» دەناسرا، ئەو ناوەش لەبەر ئەوە بوو کە مەلیک فەیسەڵ لە دیدارەکانیدا لەو جێیە مابووەوە.

ماوەیەکی کورت دوای هاتنمان بۆ موسڵ، لوید تەلەفۆنی کرد و گوتی شار جۆش و خرۆشی تێکەوتوە و لەگەڵ عەبدولعەزیز دەخوازن دەربارەی فەرمانێک کە لە وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەوە هاتوە بۆ ئاسانکردنی کاری کۆمیسیۆن و دابینکردنی ئەمنیەتی گیانی ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی تورکیە لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیۆن قسە بکەن. ویرسۆن لەسەر داوای من بۆ دیتنی ئەو دوو کەسە گوتی بەرلە دیتنی کەسایەتیەکانی ناوچە پێی خۆشە سەرەتا لەگەڵ هاوکارەکانی خۆی بدوێ، بەڵام چونکە نیگەرانیی پێکهاتوە بە جەواد دەڵێ جارێ نەچێتە ناو شار.

تازە گەیشتبوومە هۆدەکەم لە قاتی خوارەوەدا، کە عەبدولعەزیز بە شۆکاویی هات و گوتی جەواد و تلکی چوونەتە شار و لە شەقامەکاندا ئاژاوە ساز بووە. بە پەلە سواری ئۆتۆمبێل بووم و چوومە ناو شار. ئەو ڕاستی گوتبوو، زۆر زوو توشی جەواد و تلکی بووم: جەواد بەرگە ژێنراڵییەکەی لەبەردا بوو و ئارام و لەسەرەخۆ بەرەو «کۆشک» هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە. ژمارەیەک دەوریان گرتبوو و چەپڵەیان بۆ لێدەدا و کۆمەڵێکیش دروشمیان بە قازانجی عێراق و مەلیک فەیسەڵ دەدا و بەرەبەرە لێی نزیک دەبوونەوە. دوو سێ پۆلیسیش هەوڵیان دەدا هێمنایەتی بپارێزن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون(١٨).

ئەوە یەکەم تیر بوو، کە لەو کێشەیەدا بۆ بە دەستهێنانی دۆخی لەبار لە کەمان دەرچوو. ئەو دیاردەیە کاری کۆمیسیۆنی بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاگرت و بە ڕای من لە هەڵگیرساندنی ئەو مەسەلەیەدا هەردوو لایەن بە یەک ڕادە تاوانبار بوون.

ئەوە یەکەم لێکۆڵینەوە بوو لەو زنجیرە لێکۆڵینەوانەی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان کە لە نێوان ساڵی ١٩٢٥ و ١٩٣٥دا دەربارەی عێراق ئەنجام دەدرا و لە منیان دەویست دەوری تێدا بگێڕم. لە هەرکام لەو لێکۆڵینەوانەدا من زۆرم هەست بە ڕادەی جیاوازیی قوڵی فیکری دەکرد، کە ئێمەی دوورگەنشینی لە سیاسییکار و مەئموورە ئەورووپاییەکان بە تایبەتی

١٨- ڕاپۆرتی تلکی دەربارەی ئەو ڕووداوە، لە لاپەڕەی ٩ی ڕاپۆرتی ویرسۆندا نووسراوە. هەروەها قسەی ئەندامانی کۆمیسیۆن لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکان، لەگەڵ نووسراوەکان دێن.



سیاسییکار و مەئموری وڵاتانی چوکی ئەورووپایی جیا دەکردەوە. ئەو جەماوەرە ئەگەر پێشتر پەیوەندییان بەئێمەوە نەبوایە، هەمیشە بەگومانەوە کارەکانیان دەست پێدەکرد: دەربارەی ئەخلاق و داخوازییەکانی ئێمە بەتەواوی شکیان دەکرد و بڕیاریان ئەوە بوو، نەهێڵن ئەو ملهوڕانەی ئەوبەری کاناڵ فریویان بدەن و بیروڕای خۆیانیان بەسەردابسەپێنن. ئەوژمارەیە بەگشتی ئەزموونیان لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوو و سەرەتای دەسپێکردنی هەرکام لەو مەئمورییەتانە قۆناخێک بوو، بۆ لە ناو بردنی هەڵسەنگاندنەکانی بەپەلەی پێشوویان، کە بەهۆی تێگەیشتنی نادروست لە مێشکیاندا کۆ دەبووەوە. ئەوکاتە ماوەی دەویست تا بگەڕێینەوە سەر خاڵێک کە دەبوایە لەسەرەتادا دەستی پێ بکەین. دوایی کاتێک یەکترمان ناسی و پتر لێک نزیک بووینەوە، کارەکان بەتوندی بەرەوپێشەوە دەچوون و هاوکارەکانمان لەم بابەتەوە ڕەخنەیان لێ دەگرتین و دەیانگوت بۆچی لە سەرەتادا ڕاستییەکان و بیروبۆچوونی خۆمان کە ئێستا باوەڕیان بە دروستبوونیان هەیە بۆ ڕوون نەکردوونەوە.

لەو بابەتە تایبەتییەدا گومان ناکرێ، کە لە ڕووبەڕوو بوونی لێژنەی تورک و ئێمە واتە نوێنەرانی بریتانیاو عێراق، کە دەوری هاوبەشمان هەبوو لە زۆربەتانەوە دۆخەکە بە قازانجی ئێمە بوو: دەزگای ئیداریی ناوچە، لەوانە پۆلیس، لەژێر چاودێریی ئێمەدا بوو و بەمجۆرە ئێمە لە هەلومەرجێکدا بووین، کە دەمانتوانی کار بکەینە سەر هەرکام لە ئەندامانی کۆمەڵە؛ زانیاریی دروست و نوێ، کە دەیانتوانی لە لێکۆڵینەوەکاندا تایەی تەرازو بە لای ئێمەدا بشکێنن بە دەست بێنین. ئەو کەسانەی کە یاداشتەکانی ئێمەیان لە بابەت کێشەکەوە ئامادە کردبوو یا لە ئامادە کردنیاندا ڕۆڵیان گێڕابوو یا وەڵامی پرسیارنامەکانیان ئامادە کردبوو، هەموویان لە ژێردەستی ڕاوێژکار و لێپرسراوانی ئیدارەی ناوچەکەدا بوون. لە لێژنەی نوێنەرایەتی تورکدا کەس نەبوو دەستی هەبێ لە ئامادەکردنی دۆسیەکەدا؛ دۆسیەکە بۆخۆی زۆر لاواز بوو و بە گوێرەی دۆسیە کۆن و نادروستەکانی مەوجود لە «ئەستەمبوڵ»(١٩) و بیری تار و شێواوی ئەو تاقمە ئەفسەر و کارمەندانە ئامادە کرابوو، کە چەندان ساڵ بەرلە ئێستا لەو پارێزگایەدا خزمەتیان کردبوو و هیچکام لە ڕاوێژکار و کارناسەکان زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو، کە بتوانن ویست و داخوازی لایەنەکەی دیکە ڕەد بکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە ئەو بابەتانەی کە پێشتر لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێکراوە، پێشان دەدەن، کە وەزعی دەزگای ئیداریی تاچ ڕادەیەک لەو وڵاتەدا لەرزۆک و خۆڕانەگر بوو. ئابرو و دەسەڵاتی

١٩- لەمەو پاش بە قوستەنتەنیە دەڵێم ئەستەمبوڵ.

ئەو حکوومەتەی کە سەدان ساڵ حوکمی کردبوو، سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەهۆی سەرکەوتنە بەرچاوەکانی مستەفا کەمال گەشەی ستاندبوو، هێشتا زۆر بەرچاو بوو. پڕوپاگەندەی تورکان بۆ گەڕانەوەی سەرلەنوێیان بۆ ئەو وڵاتە لە داهاتوویەکی نزیکداو سزادانی خایینەکان بە شێوەی نەپساوە درێژەی هەبوو و سەری لە خەڵک شێواندبوو: ژمارەیەکیان هیوادار کردبوو و مێشکی کۆمەڵێکی زۆریشیان لەرزۆک کردبوو. ئاژاوەگێڕیی بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو و تەنیا دەنکە شەمچەیەکی دەویست وڵات بکاتە گڕ و بڵێسە و بۆ هەوای بەرێ و شانسی هەرەباشی ڕاوێژکاری تورک تەنیا لەو خاڵەدا بوو. لە پلانی بڵاوکردنەوەی هەزاران ئاڵای تورکیا ئاگادار بووین، کە دەیانویست بە شەو لە پەنجەرەی ماڵەکانی موسڵ و ماڵی ئەو شارانەی هەڵواسن کە شوێنی دیتنی ئەندامانی کۆمیسیۆن بوون و هەڵبژاردنی نازم و فەتاحیش لەو سیاسەتە سەرچاوەی دەگرت، کە تورکان لە جیاتی ئەوەی باوەڕیان بە بەڵگە هەبێ، پتر بە شوێن پڕوپاگەندە کردندا بوون. پێداگرتنی دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕیفراندۆم دەگەڕایەوە سەر ئەو ئەسڵە، چونکە بە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە دەیتوانی بەتەواوی ژێرپێی دەزگای ئیداریی بەتاڵ بکەن: ئەویش لە کۆمەڵێکی ئاوادا کە زۆربەی دانیشتوانی نەخوێندەوار بوون و شەو کە دەنوستن تفەنگەکانیان لەژێر سەریان دەنا و ڕێزیان لە ژیان و مرۆڤ نەدەگرت. لە بارودۆخێکی ئاوادا بۆ بەتاڵکردنی ژێرپێی حکوومەتی مەوجوود هیچ شتێک لەوە خراپتر نیە کە لێژنەیەکی بەرزتر لە نەتەوە بێت و لەوان بپرسێ، داخوا لە حکومەتی ئێستایان ڕازین یا دەیانەوێ ئەو حکوومەتە جێی خۆی بە حکوومەتێکی دیکە بدات، ئەویش حکوومەتێک کە لەوانەیە بۆ وەرگرتنی باج گوشاری بۆ هێنابن و بە تاوانی قەتڵ و ڕێگریی کەسوکاری سزا دابن!

دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی کارتێکردن لەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە چکۆڵانەی کە ئەرکی خۆیان لەژێر ئاڵای کۆمەڵی مەزنی جیهانییدا بەجێ دەگەیاند، داواکارییەکەی بەم وتنانە تەواو کردبوو:

> دوای پێکهاتنی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان، ئەوە یەکەم جارە کێشەیەکی بەرچاو لە نێوان هێزێکی مەزنی ڕۆژئاوایی و وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەربارەی چارەنوسی دواڕۆژی بەشێک لە دانیشتوانی ڕۆژهەڵات دەدرێ بە شورای کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان. هەستی چاکەویستن و باوەڕپێکردنی دوو لایەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئیمانی نەتەوەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵات بە سەردەمی نوێ کە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکانی نوێنەرایەتی دەکات، بە ڕادەیەکی زۆر



> دەگەڕێتەوە سەر ڕێگاچارەیەک کە کۆمیسیۆن دوای لێکۆڵینەوەی دروست و هەمەلایەنە بڕیاری لەسەر دەدات. دەوڵەتی «کۆمار»یی بە تەواوی لەم باوەڕەدایە کە ئەو کۆمیسیۆنە دڵسۆزە دەیەوێ پەرە بە هەستی بڕوا بەیەکتر کردنی ئەو دوو بەشەی جیهان بدات، کە گەلێک ئاکامی مەزنی بەدواوە دەبێ. بۆ ئەمەش پێویستە شورا ئیزن بە دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بدات کە بەشێوەیەکی ئازاد چارەنوسی خۆیان دیاریی بکەن، تا بەمجۆرە سەرکەوتنی حەق و عەداڵەت دابین بکرێ.

مەئموریەتی کۆمیسیۆن کارێکی زۆر دژوار بوو. کۆمیسیۆن بەحەق دەیویست بەو هێزەی کە دەسەڵاتی ناوچەی کێشە لەسەری بەدەستەوە بوو، ئیزن نەدات پێش بە هەڵسوڕانی ئەندامانی کۆمیسیۆن و لێژنەکانی نوێنەرایەتی دیدارکەر بگرێ، بەڵام هیچکامیان ئەزموونیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوو؛ ڕەخنەی توندی ئێمە لە شتێکی وەک وەرگرتنی دەنگی گشتی و هەروەها نیگەرانی دەوڵەت و کاربەدەستانی حکوومەت لە ناوچەکاندا بۆ ڕاگرتنی ئەمنیەت و بەرگریکردن لە پێکهاتنی کۆسپ و دژواریی بۆ لێژنەی تورکان بە بەڵگە دانران، کە لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆن سەرچاوەیان دەگرت و وایان زانی ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لەو دیاردانە دەمانەوێ کۆمیسیۆن لە گەیشتن بە ڕاستییەکان دوور ڕاگرین و نەهێڵن لێژنەی تورک دەستی بگاتە هەواڵەکان و لە پشتیوانیی خەڵکیان بێ بەری بکەین. دوو کردەوەی هەڵەکەرانەی عێراقییەکان بوون بەهۆی ڕەنجاندنی ئەندامانی کۆمیسیۆن و ئەوان ئەو کارانەیان بە کردەوەیەکی بەرگریکەرانەی چوارچێوەداری دەوڵەتی خانەخوێ دانا: یەکێک لەوان، کردەوەیەکی هەڵنەسەنگێنراوی گەوجانە بوو و ئەویتریان بەهۆی نەزانی و کەم ئەزموونی ڕوویدابوو.

وەزعی ناوخۆی پارێزگای موسڵ جیاوازییەکی زۆر بەرچاوی هەبوو لەگەڵ وەزعی کەرکووک، هەولێر و سلێمانی و کاری پارێزگار و بازرەسی ئیداریی و پۆلیسی ئەو ناوچەیە گەلێک دژوارتر بوو لە کاری ئێمە لەو سێ پارێزگایانەدا. موسڵ نەتەنیا دووەم شاری عێراق بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە کەمتر لەژێر کارتێکەریی و دەسەڵاتی عوسمانییدا بوو، ڕەنگە لە باری هەستی «عەرەبایەتییەوە» تەنانەت لە پایتەختیش تۆختر بوو: گەلێک بنەماڵەی ڕەسەن و ئەشرافی لێ دەژیا، کە بەسەر سیاسەتی ناوچەکەدا زاڵ بوون و نوێنەریشیان لە دەوڵەت و دەزگاکانی باڵای حکوومەتدا پلەی بەرزیان هەبوو. بەشێکیان ڕەنگە هەستیان بەوە دەکرد، کە بەرژەوەندی ئابوورییان بەرلەوەی کە بەبەغدا بەسترابێتەوە، بەحەڵەب

بەستراوەتەوە. لە ٦٠٠,٠٠٠ دانیشتووی ئەو پارێزگایە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ کەسیان لە شار دەژیان. کوردەکان هەرچەندە نیوەیتری کۆمەڵگاکەیان پێکدەهێنا، بەڵام دوور لە ناوەند بوون و بەپێچەوانەی براکانیان لە بەشەکانی باشووردا پێشەنگی سیاسییان نەبوو. ماوەیەک بەر لە هاتنی کۆمیسیۆن لە بەغداوە ڕاسپێررابوو کە بۆ هاندانی هەستی نەتەوایەتی خەڵک لە ڕێگای ئەنجامی خۆپێشاندان، پێکهێنانی متینگ و کۆبوونەوەو ناردنی نامە و بروسکە، «لیژنەکانی بەرگری نەتەوەیی» لە هەموو ناوچەکان دامەزرێنن و بە ڕێگای ئەو لیژنانەوە بڕیاری پاشگەز نەبوونەوەی گەل تا دوا هەناسە بۆ بەرگریکردن لە وڵات بە کۆمیسیۆن ڕابگەیەنن. لە موسڵ کە ڤین و توڕەیی خەڵک لەم بابەتەوە کە سروشتی عەرەبیی شار کەوتبوە بەر پرسیار کەم نەبوو. ئەوان داوای بەغدایان بە هەست و زەوقی زۆرەوە لەبەر چاو گرتبوو و موسڵییە ناسراوەکان لە بەغداوە گەڕابوونەوە کە یارمەتی بەخەڵکی ناوچەکە بکەن، بەڵام خۆ ئەندامانی کۆمیسیۆنیش گەوج نەبوون و هەرکە کاریان دەستپێکرد زوو بۆیان دەرکەوت کە لیژنەی بەرگری نەتەوەیی و «نیشتمانپەرستانی ڕاستەقینەی عێراق» پێگەی ژمارەیەکی زۆرلە کەسانی نارەحەتە، کە نموونەیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆرە و سەرچاوەکەشیان ڤین و توڕەیی لە ئەوروپاییەکان و لایەنگرییکردنیان لە هەستی توندڕۆیانەی ئاییینییە. هێندێک جار کە بە نهێنی لەو کەسانە پرسیار دەکرا، ڕاتان بەرامبەر بە دوو وڵاتی عێراق و تورکیا چیە؟ نە بە قازانجی عێراق کە بەو گەرم و گوڕییەی بەردی ئەویان لە سنگیان دەدا، بەڵکوو بە قازانجی تورکیا هەڵوێستیان دەگرت. دوو ئەندامی کۆمیسیۆن بە چاوی خۆیان لاوێکی عەرەبی خەڵکی بەغدایان بەناوی ئیبراهیم کەمال کە نیشتمانپەروەرێکی نەسرەوتوو بوو، لەگەڵ عەرەبێکی ناسراوی موسڵ دەست بە خەنجەر دیبوو. ئیبراهیم کەمال دوای ماوەیەک کرا بە وەزیری مالیی و لەو پلەیەدا لێوەشاوەیی پێشاندا و ئەگەر مەرگی لە ناکاو ڕێگەی پێنەگرتبا لەوانە بوو تا سەرۆک وەزیریی بچێت.

ئاکامی کارەکە بەو جێیە گەیشت کە هەر گوتنێک بەناوی لیژنەی بەرگری دەستبەجێ ڕەد دەکرایەوە و ئەوەندەی کە ئەو لیژنەیە زیانی دەگەیاند، سودی نەبوو. لە یەکەم هەفتەی کاری کۆمیسیۆن لە موسڵ، لیژنەی بەرگری نەتەوەیی عێراقی کە لە چوونی جەواد و تلکی بۆ شار توڕە ببوو، بڕیاریدا چیتر خافڵگیر نەبێ. کۆمەڵێک خوێندکار و خەڵکی شاری کۆ کردبووەوە و پێی گوتبوون کە لە دەوری «کۆشک» بخولێنەوە و ئەگەر ئەندامانی کۆمیسیۆن لە دەرگا هاتنەدەر، دەوریان بگرن و بەهەموو هێزەوە هەستی نیشتمانپەروەرانە دەربڕن. دیارە منیش وەک ئەوانیتر لە موسڵ نەدەناسرام و جارێک ژمارەیەک گەنجی قوڵە چۆماغ دەوریان



گرتم و دەستیان کرد بە دروشمدان و بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق، بەڵام کاتێک بە زمانی عەرەبی خەڵکی ڕەشۆکی دەنگمدان، خۆیان کۆکردەوە و مات و بێدەسەڵات مانەوە. پارێزگار لە بارودۆخێکی دژواردا بوو: کاتێک پێیان گوت ئەو کردەوە ساویلکانە زیان بە قازانجی عێراق دەگەیەنێ هەوڵیدا لەمەودوا خۆپێشاندانەکان یاساخ بکات، بەڵام ئەو کردەوەیەش بۆخۆی بوو بەهۆی پێکهێنانی خۆپێشاندانێک دژی یاساخکردنی ئازادیی بەیان لەسەر مەسەلەیەک کە یەکێتی و داهاتووی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە.

هەڵەی دووەم دەگەڕایەوە سەر ئەوە کە دەزگای پۆلیسی عێراق لەو کاتەدا پتر بە شێوازی ژاندارم ڕێکخرابوو، تا هێزی پۆلیسی شار، کە لە ئەوروپادا بەرچاو دەکەوێ. ئەندامانی بۆ کاری ورد و زەریفی وەک چاودێریکردنی تێکەڵاو لەگەڵ نەرمونیانی بەمەبەستی چاودێریی یا پشتیوانیی، زۆر پەروەردە نەکرابوون. ئەوشێوە ڕێکخستنەش کە ئێمە لە ناو کۆشکەکەدا پێکمان هێنابوو، بەروبومی لەوە خراپ و نابەجێتر بوو: لەکن دەرگاکە چادرێکیان هەڵدابوو و تەلەفۆنێکیان لێ دانابوو؛ لەگەڵ هەر جوڵەیەک لە دەرەوەی کۆشک، تەلەفۆن زەنگی لێدەداو بەڕواڵەت ڕاپۆرتی ڕووداوەکە بە نزیکترین بنکەی پۆلیس ڕادەگەینرا. لە هەمووان ناخۆشتر ئەوە بوو سەرۆکی کۆمیسیۆن مرۆڤێکی بەدخەو بوو و سکاڵای دەکرد و دەیگوت شەوانە لەبەر قسە و سرتوخورتی ناو چادری کێشکچییەکان خەوی لێ ناکەوێ: چادرەکە لەژێر پەنجەرەی هۆدەی ئەودا بوو، لە حاڵێکدا پۆلیس دەیگوت ئەو سرتوخورتە لە ڕاستیدا هی یەکێک لە نووسەرانی خۆیەتی کە لە «ژنێڤ»ەوە هێناویەتی و شەو درنگایەک بە سەرخۆشی لە یەکێک لە گەڕەکە بەدناوەکانی شار دەگەڕێتەوە. کەسێکی گومان هەڵگریش لە هۆدەی ژێر پلەکانی هۆدەی ئەودا دەژیا، کە هەمیشە لەبەر چاو شین دەبووەوە. ڕۆژێک خزمەتکاری تلکی بەمنی گوت، چونکە جێگەیەکی لەبارتر لەم هۆدەیەی ژێر پلەکانەکان لەو کۆشکەدا نیە، کە بیکاتە عەمبار و کەلوپەلی چێشخانەی لێ دانێ، داوا دەکات ئیزنی بدەن لەو هۆدەیەی ژێر پلەکانی سەرۆکی کۆمیسیۆن کەڵک وەرگرێ. من کە لام وابوو کابرای ژێر هۆدەکە، خزمەتی کۆشکەکە دەکات، داوام لێکرد تا ئەوکاتەی کۆمیسیۆن لێرەیە جیگەیەکیتر بۆخۆی بدۆزێتەوە. ئەو بە چاوتروکاندنی پەیتا پەیتای کە هەموو جارێ کەللەشی لەگەڵ هەڵدەتلەکاند، بەقسەی کردم و ئەوێی بەجێهێشت: مرۆڤی هەرە گێژ ئەگەر سەرنجی بە کردەوەکانی ئەوکابرایە دابا، دەیزانی ئەو خەریکی چییە و چی دەکات. چادرەکانمان گواستەوە جێیەکی دیکە و جاسوسە لێزانەکەی ژێر پلەکانەکەمان سەرەڕای چاوتروکاندنەکانی لەو جێیە دەرکرد، بەڵام نەدەکرا کارتێکەریی ناپەسەندی داسەپێنراوی بەتەواوی کوێر کەینەوە.

ئەندامانی کۆمیسیۆن تا ئەوکاتەی لەسەر شێوەیی «پارێزگاری» کردن ڕێکنەکەوتن، دەستیان بەکار نەکرد: ئەو شکوگومانەی کە پێشتر لە مێشکیاندا کۆیان کردبووەوە، دەبوونە هۆی بەجیددیی نەگرتنی پێشنیازەکانی ئێمە و بە ڕواڵەت لەوە دەچوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ جەواد پێشنیازی چاودێریی کردن و پاراستنی ئەمنیەتی ئەندامانی کۆمیسیۆنیان لەگەڵ ئەنقەرە هێنابووە بەرباس و ئێستاش چاوەڕوانی وەڵام بوون. بەڵام، وەڵامی گەیشتوو یارمەتی زۆری بە چارەسەریی مەسەلەکە نەکرد، چونکە لەوە دەدوا کە دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتی بریتانیا بە بەرپرسی گیانی ئەندامی لێژنەکەی دەناسێ. لە ڕۆژی ٣١ی یانوارییەوە ئەندامانی کۆمیسیۆن بەرەبەرە نەرم بوونەوە و ئەندامی لێژنەکانی نوێنەرایەتیان قبوڵ کرد: شورای ئیداری پارێزگا، ئەنجومەنی شار، کەسایەتییە ناسراوەکانی ئایینی ئیسلام و مەسیحی، ئەندامی لێژنەکانی بازرگانیی، دوکتۆرەکان، یاسازانان و سەرئەنجام ئەو کەسانەی کە ڕاوێژکارەکان دەیانناساندن.

بەگومانم پۆلیس یەکەم دەزگابوو، کە بەلێکۆڵینەوە لەسەر کارتێکەرییەکانی ئابووریی بەو ئاکامە گەیشت، کە بە ڕاستی لەوانەیە هەستی لایەنگریی کردن لە عێراق لە ئارادا بێ. ئەوانیتر هەروا لەو بەڵگانە بەشک بوون کە لێپرسراوانی ڕەسمی لێی دەدوان و هەستیان دەکرد ئەگەر ئەم «پەردە تەم گرتوەی» کە دەوری تەنیون، لا بدەن و دەستیان بگاتە ڕوناکی ڕۆژ، شتێک دەبینن کە لەگەڵ گشت ئەوانەی کە تا ئێستا دیویانە جیاوازە. ئەو دیاردەیە کێشرایە سەر زنجیرە «یارییەکی نهێنی» و لە ئاکامدا ئەویش کۆمەڵە گومانێکی پێکهێنا: بەرلە دیتنی کەسایەتییە ناسراوەکانی موسڵ کە زۆربەیان ئەندامی دەزگاکانی ڕەسمی بوون، کۆمەڵە دیدارێکی نهێنی لەگەڵ کەسانی بێ ناو و بەدناو ئەنجامی گرت؛ بەرلەوەی کە بچن بۆ دیتنی پارێزگار، چوون نوێنەری «پاپا»[ح]یان لە موسڵ دی، کە قەشەیەکی فەرانسەوی بوو، لە حاڵێکدا پارێزگار نوێنەری باڵای شا و حکوومەت بوو و بۆخۆشی تا شەرقات بە پێشوازیی ئەندامانی کۆمیسیۆنەوە چووبوو، تا ئەوەی کە من ئەو کەمتەرخەمییانەم بە سەرۆکی کۆمیسیۆن ڕاگەیاند.

بیری وەرگرتنی ڕای گشتی زۆر دژوار بوو و تەنانەت جارێک تلکیش پێشنیازی کرد کە بۆ تاقیکردنەوە سەربازگەکان لە بەشێک لە ناوچەکان کۆ بکرێنەوە، بەڵام زوو بۆیان دەرکەوت

ح- ڕێبەری ئایینی کاتۆلیکەکانی جیهان.



کە ئەو کارە جێبەجێ ناکرێ. لەپڕ ڕۆژی شەشی فێبرواری سەرۆکی کۆمیسیۆن ڕایگەیاند، کۆمیسیۆن لە ڕۆژی هەشتەمەوە دابەش دەکرێ بەسەر سێ کۆمیسیۆنی فەرعیدا و هەرکام لەو کۆمیسیۆنانە دەچنە شوێنێک کە جارێ ناو و ڕێگای چوونیان ئاشکرا ناکرێ. فەرمانیاندا دوازدە ئۆتۆمبێل ئامادە بن تا سەرلەبەیانی ڕۆژی دیاریکراو وەڕێکەون.

سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و ئازارە، پەیوەندی ئێمە بە ئەندامانی کۆمیسیۆن و لێژنەی نوێنەرایەتی تورکان (جیا لە نازم و فەتاح کە زۆر تێکەڵاوی ئێمە نەدەبوون) زۆر باشبوو و هۆی ئەم کارەش ئەوە بوو، کە فراوین و شیومان بە یەکەوە دەخوارد. ڕودوڵو کاتی سەفەرە شکۆدارەکەی بەرلە جەنگی ئیمپراتۆرییەتی ئاڵمان بۆ سوریە و فەلەستین، لە «بەیروت» چێشتلێنەرێکی زۆر باش کە لەو سەفەرەدا شیوی بۆ لێنابوو، لە لای خۆی دامەزراندبوو و هەروەها لەوە گرنگتر شەڕابێکی زۆر و زۆر باشیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. سێ ئەندامی کۆمیسیۆن بەڕواڵەت حەزیان دەکرد بەسەرهاتی ڕۆژانەی خۆیان بۆ ئەوانیتر بگێڕنەوە و بەمجۆرە ڕووداوەکانی ڕۆژیان دەگێڕاوە و شەوەکانمان بەشێوەی ئاسایی لە حاڵ و هەوایەکی دۆستانەدا تێپەڕ دەکرد.

ژوری من لە «کۆشک»دا، بەپێچەوانەی ژووری فراوین لە قاتی سەروودا جێگەیەکی زۆر ڕاحەت نەبوو. هۆدەیەکی گەورەم لە قاتی یەکەمدا هەبوو، کە خەریکبوو بەرەبەرە دەبووە ژووری کۆنفرانسی لیژنەکەمان و پێگەی دیداری کاربەدەستانی ناوچە و خەڵکی شار. ئەو ژوورە وەک هۆدەکانیتر بە سۆبەیەکی گەورەی دار گەرم دەکرا، بەڵام دوکەڵکێشەکەی خراپ ببوو و چونکە سۆبەسازی ناوچەکە بۆی چاک نەدەکرایەوە، کاری نەدەکرد. شەوانە پێژامە و پاڵتۆکەم دەخستە سەر لێفەکەم و دەنوستم، بەڵام ڕۆژانە هەوا زۆر سارد بوو و بەبێ سۆبە کار نەدەکرا. تێبینیەکانی ئەمنیەتیش حوکمیان دەکرد، کە لەسەرەخۆ قسە بکەین و بەمجۆرەی کە گروپی ئێمە خۆمان لە ناو پاڵتۆ پێچابوو و دەم و چاومان لەنێو شەوقی لاواز و تەم گرتووی کارەبای موسڵ لێک نزیک کردبووەوە، لەو وێنەیە دەچووین کە «کاتسبی»[٢٠] و

٢٠- Robert Catesby، ١٦٠٥-١٥٧٣، پیلانگێڕیی ئینگلیز، کە لە سەربزێویی ساڵی ١٦٠١ی ئیرل ویسۆکسEart of Vessoxدا بەشدارییکرد، لە پیلانی Rye بەهاوکار ناسرا (هۆی ئەوکارە گوشار خستنە سەر جەیمزی یەکەم شلگرتنی دیاردە ئایینیەکان بوو؛) نەخشەی پیلانی باروت (بۆ تەقاندنەوەی پەرلەمان) بوو، کە لە لایەن یەکێک لە هاودەستەکانی فرانسیس ترسام ئاشکرا کرا؛ کاتی گیرانی، خۆی بەدەستەوە نەداو کوژرا. وەرگێڕی ف.

هاودەستانی لە «پیلانی باروت»دا پێشانیان دەدا و ئەگەر ئەندامێکی کۆمیسیۆنمان لێ وەڕزور کەوتبا، مافی خۆی بوو کە ئەوە بە بەڵگەی بەدگومانی دابنێ.

هێشتا تەواوی باکوری عێراق لەژێر بەفردا بوو و شەوانە سەهۆڵ دەیبەست. ئەگەر لە ژوورەکان و سێبەرەکاندا هەوا زۆر ساردبوو، لە دەرەوە و لەبەر خۆردا سۆزی سەرما لە شەربەتێکی هێزدەر دەچوو. ناردبووم ئەسپەکانیان لە کەرکووکەوە بۆ هێنابووم و هێندێک جار لەگەڵ ڕودولۆ لە باخەکانی قەراخ شار سوارییمان دەکرد.

جاردین لە پلەی ڕاوێژکاری ئینگلیز و من لە پلەیەکی نزمتردا هەمیشە بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی کە لە ڕەوتی کارەکاندا ڕویان دەدا، لەگەڵ ویرسۆن لە پەیوەندیدا بووین. لەو کاتانەدا کە دەبوایە لەسەر مەسەلەیەک پێدابگیرێ یا بیروبۆچوون یا سکاڵایەک بخرێتە ناو دۆسیەوە، هەردوو بە جیا داوای خۆمان ئاراستە دەکرد، کە لە زمانی دیپلۆماسیدا بە Notes Verbales دەناسرێ. لە کارە گشتییەکانیشدا گەلێک پەیوەندیمان لەگەڵ تلکی و پاولس هەبوو. بوونی ڕودولۆ هەمیشە بەکەڵک بوو. ئەو مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن ئەزموون بوو و لە ڕادەبەدەر ڕێزی لە «سێر ئیریک درومموند»ی سەرۆکی دەگرت؛ هەروەها لەوە بە دوور بوو، کە بە ڕواڵەت داوەریی و هەڵوێستی سەرۆکە کاتییەکانی ئاڵۆز کردبوو. من وام هەست پێدەکرد کە ئەو لەگەڵ ئەو شێوە کارە نەبوو، کە لە هەڵبەزودابەزکردنی هەستەوە سەرچاوەیان دەگـــرت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەستەی زۆرجار بە پەرۆشەوە و بە گوێرەی بیروبۆچوونی خۆی پێشنیازی ساخکەرەوەی ئاراستە دەکرد، کە دور بوون لە هەرچەشنە شکوگومانێک، بەڵام لیژنەی ئێمە هەمیشە گومانی ئاوێتەی پێشنیازەکانی دەکرد. گومان لەوەدا نیە، کە ئەو لە پەیوەندیی لەگەڵ لێژنەی تورکانیش هەر بەمجۆرە خزمەتی ئێمەی دەکرد. زۆرجار تەنیا ئەوەندەی دەویست پێی بڵێی کارێکی چوکی وەک ئامادەکردنی کەسانی پێویست ڕاپەڕێنێ.

لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو پێشنیازەی کۆمیسیۆن کە لە ناکاو ئەندامانی خۆی بڵاوبکاتەوە و بۆ شوێنی ڕانەگەینراویان بنێرێ، ئەویش لە وڵاتێکدا کە هیچ هۆتێل و سەرەوبەرەیەکی بەشێوەی ئەوروپا نەبوو، لە نێوەڕاستی زستانێکی ساردی کەم وێنەدا، کە ئەو ناوچە چەندان ساڵ بوو سەرمای ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو، ئەو واتایەی دەبەخشی کە ئەندامانی کۆمیسیۆن دەیانویست لەبان سەری دەزگای ئیدارییەوە بجولێنەوە، کە ئەمە قبوڵ نەدەکرا. جیا لە ڕەخنە لەو کردەوەیە، ئەوکارە دەبووە هۆی تێکدانی گشت ئەوکارانەی کە من بۆ باش بەڕێوەچوونی کاری کۆمیسیۆن و بەرگری کردن لە دووپات نەبوونەوەی ڕووداوی موسڵ ئەنجامم دابوون. لەبەر ئەوە، لەگەڵ جاردین بڕیارماندا یاداشتێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی ئەو کردەوەیە ئاراستە



بکەین و بۆ کۆمسیری باڵاش کە گوتبووی ئەگەر وجودی پێویست بێ ئامادەیە بۆخۆی بێتە موسڵ، بروسکەیەک بنێرن و بڵێین هەست بەوە دەکەین کاتی ئەوە هاتووە هێزی خۆی دەکار بخات تا کۆمیسیۆن بەشێوەیەکی عاقڵانەتر و دوور لە شانۆگەریی هەڵسوڕێ.

ئەو شەوە، هەوا خراپ بوو و بەیانی کاتێک بیستمان سێر هنری دابز لەو کرێوە توندەدا بەرەو ئێمە هەڵفڕیوە، دوو سەعات لە نیگەرانی و دڵەکوتەدا بووین. هەم فڕۆکەی هنری دابز و هەم ئەو فڕۆکەیەی کە لەگەڵ فڕۆکەکەی ئەو هاتبوو، لە ڕاستیدا هەردوو کەوتن، بەڵام بەخۆشییەوە مسافیرەکانیان تەنیا هێندێک لەشیان داڕوشا. تەنانەت بەرلە هاتنی ناوبراو، ئاڵوگۆڕێک لە دۆخەکە پێکهاتبوو: جەواد پاشا نامەیەکی بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆن ناردبوو و بۆخۆی بەرپرسایەتی ئەمنیەتی ئەندامانی لێژنەی تورکیای لە بەرامبەر هەرچەشنە دەستدرێژی کردنێکدا لە ئەستۆ گرتبوو. لەگەڵ ئەو تێبینییانە هاودەنگی کـــردبوو، کە پێشتر کۆمسیری باڵا دەربارەی ئەمنیەت پێشنیازی کردبوو و گوتبووی: (ئەگەر بەچاکی جێبەجێ بکرێن زیان لە ئابڕو و هەستی لێژنەی تورک نادرێت.) ئەندامانی کۆمیسیۆن بەهۆی بیرکردنەوەی خۆیان یا لە ئاکامی ڕوونکردنەوەکانی ئێمەدا لە چوون بۆ شوێنە ڕانەگەیانراوەکان خۆیان پاراست و بەجێی ئەوە باسێکیتریان کێشایە پێشەوەو ڕایانگەیاند بۆ هەرجێیەک بچن دەبێ سەربازی چاودێریان لەگەڵ بێ، بەڵام ئەو پلانەش سەرنەکەوت.

سێرهنری دابز، بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆن و ڕاوێژکاران بوو. ئێوارە بۆ ماوەی دوو سەعات بە شێوەی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیۆن گفتوگۆی کرد. دوای ماوەیەک گفتوگۆی ڕوون و بێ پێچ و پەنا هەردوو لا بەتەواوی لەسەر پلانێک ڕێککەوتن. بڕیار درا کۆمیسیۆن ڕۆژی یازدەی فێبرواری دابەش بکرێ بەسەر چوار کۆمیسیۆنی فەرعیدا: سەرۆکی کۆمیسیۆن و ڕاوێژکاران لە موسڵ بمێننەوە و لە ناوچە دەشتایەکاندا کاری لێکۆڵینەوە دەست پێ بکەن؛ تلکی و کرامرز لەگەڵ نازم بچن بۆ هەولێر و لاینش لە پلەی کارناسی ئینگلیز لەوێ لەگەڵ ئەو گروپە بکەوێ؛ پاولس، ساحێب و کامیل لە باکوری کەرکووک بن. پرتالس لەگەڵ فەتاح و کارناسێک کە ئێمە دیاریی دەکەین بچن بۆ ناحیەی کفری. بڕیار درا دوای تەواوبوونی ئەو لێکۆڵینەوانە هەموو لە کەرکووک کۆ بنەوە و بە لەبەر چاوگرتنی ڕادەی گرنگایەتی سلێمانی وەک ناوەندێکی ناسیۆنالیستیی کورد بەیەکەوە بچنە ئەو شارە؛ لە سلێمانی بگەڕێنەوە موسڵ و سەرلەنوێ بەیەکەوە لە ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ لە نزیک سنووری ئەو پارێزگایە درێژە بە لێکۆڵینەوە بدەن.

## ٢٧- کۆمیسیۆنی موسڵ

-٢-

پرتالس هەروەک گوتم بارودۆخی سێ پارێزگای باشوور بە تەواوی لەگەڵ موسڵ جیاواز بوو. گشت کاربەدەستانی باڵای ئەو سێ پارێزگایە خەڵکی ناوچەکە بوون و عەرەبیان لە ناودا نەبوو؛ ئەوانیش وەک ئێمە ئینگلیزەکان دەیانزانی خەڵکی ناوچە لە بنەڕەتەوە نایانەوێ لەگەڵ ئەو وڵاتە تازە دامەزراوە بکەون و لەم دوایانەشدا بە داوا و لاواندنەوە ئامادە ببوون ئاڵا هەڵکەن و لە هەڵبژاردندا بەشدار بن. هەڵەیەکی مەزن دەبوو، کە ئەگەر شێوەی بەرگری کردنمان لەسەر هاندانی بنەمای هەستی بە درۆی خەڵک دامەزرێنین. لەبەر ئەوە، بەو ئاکامە گەیشتین کە پتر هیوا بە دیاردە ئابوورییەکان ببەستین، کە لە ڕاستیدا بۆ حاشا لێکردن نەدەبوو و بەپێی دەرەتانیش هەوڵی ڕازییکردنی خەڵک لە دامودەزگاکان و هەڵسوڕاندنی کارەکان لە لایەن کاربەدەستانی ناوچەیی بدرێ و بە ڕەگاژۆیی کردنی بەهێزی بریتانیا کە بە سازان لەگەڵ بیرەوەریی ئەو گەلانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیی بوویان بەتەواوی کەڵک وەرگرین. ئاشکرایە لەو هەلومەرجانەدا تەنانەت خۆپێشاندانە ئازادەکانیش دەبوونە هۆی شێواندنی نەزمی گشتیی و دەرەتانیان بۆ ناڕازییەکان دەڕەخساند کە ئەوانیش کارێک ئەنجام بدەن و هەروەک دیتمان، دەکرا دوژمنەکانمان سودی لێ وەرگرن. لەبەر ئەوە لە تەواوی ئەو سێ پارێزگایانەدا دژی پێکهێنانی لێژنەکانی بەرگری ڕاوەستاین و کاتێک لە بەغداوە دوو کەسیان بۆ پێکهێنانی ئەمجۆرە لێژنانە ناردبووە کەرکووک، ئەوانمان لە دوا وێستگەی قەتارەوە بە یەکەم قەتار ڕەوانەی بەغدا کردەووە.

بەیانی ڕۆژی یازدەی فێبرواری، لە موسڵەوە بە سواری فڕۆکە چوومە هەولێر و توانیم بەرلەوەی کە «لاین» خۆی بە ئەندامانی کۆمیسیۆنی فەرعی بناسێنێ، لە سنووری پارێزگا لە ڕۆخی زێی گەورە چاوم پێی بکەوێ و گفتوگۆیەکی کورتی لەگەڵ بکەم. گفتوگۆیەکی دوور و درێژیشم لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندی پارێزگار کرد. ئەزمونی موسڵ بەڵگەیەکی دروستی ئەو بڕیارە بوو، کە ئێمە لەسەر ئەو سێ پارێزگایانە دابوومان و دڵنیا بووین لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە سازگار دەبێ، کە کۆمیسیۆن دوای وەپشت سەرنانی هەڵە و تاقیکردنەوەیەکی زۆر دەستنیشانی کردبوو. بڕیار درا شێوەکاریی پێشوو کە ئەنجامی هەرچەشنە خۆپێشاندانێکی بەتەواوی یاساخ دەکرد، بە وردی لەبەر چاو بگیرێ و بەشێوەی موسڵ ناوی ئەو کەسانەی کە بۆ شاهیدییدان ئاڕاستە دەکرێن تەنیا بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوان



بێ؛ دەبوایە بە کۆمیسیۆن بگوترێ کاربەدەستانی ئەو سێ پارێزگایە بەپێی ڕادەی پلەی کۆمەڵایەتییان هەڵبژێرراون و نابێ تەنیا وەک موچەخۆرێکی ئاسایی حکوومەت چاو لەبیر و بۆچوونیان بکرێ؛ سەرەڕای ئەوانەش نابێ بە هیچ شێوەیەک هەستی لایەنگریی کردن لە تورکیاش پوشبەسەر بکرێ، بەڵام دەبێ بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆن ڕوون بکرێتەوە، کە چ دیاردەیەک پتر بووەتە هۆی پێشاندانی ئەم هەستە لە لایەن ئەوانەوە و پۆلیس لەو ڕوانگەیەوە دوور ڕابگیرێ.

شوێن دانانی کارەکانی پارێزگاری هەولێر لەم بارەیەوە بەڕادەیەک بوو، کە کاتێک دوانیوەڕۆ لەگەڵ پاولس و پرتالس بە بازاڕو گەڕەکی سەرقەڵای هەولێردا دەڕۆیشتین لەگەڵ بێدەنگییەکی نائاسایی ڕووبەڕوو بووین: دوکاندار و وەستاکارەکان بە ڕادەیەک سەریان بە کارەکانیانەوە قاڵ بوو، کە کاتی ئەوەیان نەبوو سەر بەرز کەنەوە و نرخی ئەو شتانە ڕابگەیەنن کە سەرنجی میوانەکانیان ڕادەکێشابوو و بە دژوارییی چاویان لەسەر کار و پیشە و قوماشەکانیان هەڵدەگرت.

لەگەڵ لاین و لیتڵ دیل و چوار ئەندامی کۆمیسیۆنی بێلایەن لە جێگای ئەوان لە دەرەوەی شار بەیەکەوە شیومان خوارد؛ تورکەکان میوانی ئەحمەد ئەفەندی بوون. بە تەواوی نازانم لاین بەڕاستی خەڵکی وڵاتی «ئیرلەند»ە یان نا، بەلام دەزانم ئەو لە تەکیەیەکی ئیرلەندییدا گەورە بووە و سەرەڕای زانینی هێندێک زاراوەی ئیرلەندیی، گەلێک تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو کەسانەشی هەیە کە «بلارنی»[1] زیارەت دەکەن: ئەو و هاوکارەکانی زۆر دەربەستی میوانەکان نەبوون و دیار بوو میوانەکان گێژ و مات مابوونەوە و نەیاندەزانی لەگەڵ ئەو دوو مرۆڤە هەست بە بەرپرسایەتی نەکەرانە چ بکەن و چۆن کردەوەی ئەوان هەڵسەنگێنن. لاین و تلکی زۆربەی کاتەکانی دوو هەفتەی دوایی بەیەکەوە بوون و پێکەوە ناوچەکانی پارێزگا دەگەڕان و زۆریان خوو بەیەک گرتبوو. تلکی، کە هێمای[2] بنەماڵەکەی بزنەکێوییەکی پاڵکەوتوو لەبن تاجێکدا بوو، زۆری حەز دەکرد سەری ئاسکەکێوییەکی ئاسیایی لەگەڵ خۆی

---

١- Blarney ناوی شارۆچکەیەکی باشووری ڕۆژئاوای ئیرلەندە. ڕەنگە مەبەستی نووسەر «بلارنی کاسل» قەسری بلارنی بێ، کە بەردێکی تێدایە، هەرکەس ماچی بکات، شێوە تایبەتمەندییەک بەخۆیەوە دەگرێ، کە ڕەنگە لاسایی کردن و زمان لووسییە. وەرگێڕ ف.

٢- بە نیشانەی نەجیب بوونی بنەماڵە، بەسەر مەتاڵ و سەر دەرگای خانووبەرە و شتی لەم بابەتانی هەڵداوەسن.

بەرێتەوە وڵاتەکەی. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە نێوەڕاستی کارەکاندا چووە چیای «سەفین» کە ٦٥٠٠ پێ بەرزەو لە ناوچەی خۆشناوەتی و بیست و پێنج مایلیی هەولێر هەڵکەوتووە. بۆ ماوەی بیست چوار سەعات کارەکانی دواخست، بەڵام داخەکەم «کونت» نەیتوانی خۆ بگەیەنێتە ئەو حەیوانە جوانەی کە لاین بردبوویە سەری. تلکی مرۆڤێکی بەتاقەت نەبوو؛ بەهۆی ئەو سەفەرەی و زستانی کوردستان نەخۆش کەوت و نەچووە ڕەواندز.

ڕۆژی دوازدەی مانگ لەگەڵ کۆمیسیۆنی فەرعی کەرکووک چووینە ئاڵتون کۆپری. بێدەنگییێکی تەواو باڵی بەسەر ئەو شارۆچکەیەدا کێشابوو. کاتێک بە بازاڕدا تێپەڕین و چووینە سەرای حکوومەت، هیچ سەرنجی خەڵکمان بۆلای خۆمان ڕانەکێشا. لە سەرای حکوومەت پرسیار لە شاهیدەکان کرا. ئەوە یەکەم جار بوو، کە من بەشداریی کۆڕی پرسیارکردنم دەکرد. بە ڕای من پاولس بە شێوەیەکی باش کە لەگەڵ ڕادەی هۆش تێگەیشتنی شاهیدەکان دەهاتەوە، پرسیاری لێدەکردن. تورکەکان ناوی کەسیان پێنەبوو، کە وەک شاهید پرسیاریان لێ بکرێ، لەبەر ئەوە لە ناو لیستەی عێراقییەکاندا حەوت کەسیان بەهەڵکەوت هەڵبژارد. داوایان لە ساحێب و کامیل کرد تا بەنۆرە وتەی شاهیدەکان وەرگێڕن و کاتی پێویستیش هەڵەی یەکتر ڕاست بکەنەوە. پاولس دوای ڕاگەیاندنی هۆی دیداری کۆمیسیۆن لەو هەرێمە و ئەرک و مەئموریەتی ئەو کەسانەی کە لە هۆدەکەدا بوون، زنجیرە پرسیارێکی لە شاهیدەکان کرد: ڕەگەز، دین، کار، ئامێری ڕاگواستن و بازاڕی سەودا و مامەڵەی بەرهەمەکان و شتیتری لەم بابەتانە. سەرئەنجام کاتێک هەموو کەس لەوانە دیلمانجەکانیش هۆدەکەیان بەجێهێشت، لە وەڵامدەرەکانی پرسی: دەتانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بژین یا دەوڵەتی عێراق؟ هەر ئەوەندەش پێویست بوو بڵێن تورکیا یا عێراق. ئەو پرسیارە، کە لەناو ئەندامانی کۆمیسیۆندا بە «پرسیاری کورت» دەناسرا، لەو جێگایانەی کە لە خەڵکی ئاسایی گوندەکان پرسیار دەکرا، هەروەک لەسەرەتادا دەردەکەوێ بە ئاسانی تەماشای نە دەکرا و پرسیارکەر دەرەتانی بە وەڵامدەرەکان دەدا، کە دەربارەی نزیکایەتی و پەیوەندییەکانی عاتفیی خۆی بدوێ (کە تەنیا یەکێک لەو دیاردانە بوو، کە لەسەری حساب دەکرا) یا وتەی خۆیان بە مەرجێک ببەستنەوە. چونکە ئاڵتون کۆپری تورکمان نشین و ناوەندی مامەڵە و ئاڵوێر بە کەڵەک لەگەڵ بەغدا بوو، وەڵامەکانیان پتر لە چوارچێوەیەکدا بوو و جیاوازییەکی بەرچاویان بەیەکەوە نەبوو. لە شێوەی هەڵسوکەوتی شاهیدەکان و ناسینەکانی دوایی و تایبەتمەندییەکان و سەروڕویان وام بۆ دەرکەوت کە پێنج کەسیان بە قازانجی عێراق و دوو کەسیشیان بە قازانجی تورکیا ڕایان دەربڕیبوو، کە ئەوە بۆخۆی



ڕەنگدانەوەیەکی بە ئینساف لە بیرو بۆچوونی خەڵک بوو و بە لەبەر چاو گرتنی ڕەگەزی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئاکامێکی باشی بۆ عێراق هەبوو.

دوای خواردنی فراوین لەگەڵ پرتالس چووینە کەرکووک و پاولس و کارناسەکانمان لەو جێیە بەجێهێشت تا درێژە بە لێکۆڵینەوە لەسەر خەڵکی گوندەکانی نزیک جادە بدەن. بەهەڵکەوت ئۆتۆمبێلی کامیل و فەتاح پەنچەر ببوو و لە ئۆتۆمبێلی پاولس و ساحێب جیا ببووەوە. کاتی ڕاوەستان لە دوو شوێن، گوندییە تورک زمانەکان وایان زانی بوو ساحێب نوێنەری تورکیایە (دیارە ساحێب وەک ئەستەمبوڵییەکان بە تورکی قسەی دەکرد) و ئەوان بە تەواوی هەستەوە پشتی تورکیایان گرتبوو و بۆ گیانی «پاشا» (سوڵتان)و خەلیفەیەکیان دوعا کردبوو، کە شوێنەواریان لە سەر زەوی نەمابوو. پاولس سەداقەتی ساحێبی بە دڵ بوو و هەرچەندە بەتەنیا بوو، بەڵام ڕاپۆرتێکی جوانی لەو تێکەڵاوییە نووسیبوو: پاولس شەو بەمنی گوت لە ڕادەی پیسی و هەژاریی گوندەکان و نزم بوونی پلەی تێگەیشتنی دانیشتوانی کە تەنانەت لەگەڵ گوندنشینەکانی «کۆنگۆ» (ح)ش هەڵناسەنگێنرێن، بەڕاستی ترساوە و بە ناچار بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئەو شێوە لێپرسینانەی گوند بە گوند سودیان نیە و بۆچوونی دروستی ئێمەی لە بابەت وەرگرتنی دەنگی گەلاڵەکراوی گشتیی جەماوەر سەلماندووە. بەڵام، گوتی سەرەڕای ئەوانەش تەنانەت ئەگەر بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی تورکیاش بێ، کۆمیسیۆن جگە لە چوونی بۆلای خەڵک هەرچی لە توانای دابووە کردوویەتی و پێویستە ئەوکارەش درێژەی پێبدرێ.

ڕۆژی ١٧ی مانگ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ چاپمەن بە فڕۆکە چوومە سلێمانی. ناوچەی ئاشنا لەو هەوا خاوێنەدا بەڕاستی جوان بوو: پەڵە بەفرەکان وەک ئەسپی سپی بەسەر تەپۆڵکەو شیوەکانی شوان و چەمچەماڵدا بڵاوببوونەوە؛ قەرەداغ،بەرانان، پیرەمەگرون و ئەزمەڕ بە بەفر داپۆشرابوون و بەفرە دانارەکان وەک هەزاران لەتە ئەڵماس دەدرەوشانەوە؛ دیواریی بە هەیبەت و سپی هەورامان لە ڕووبەڕوومان بوو و لە باکوری ڕۆژهەڵاتدا لوتکەکانی قەندیل بەسەر کۆما بەفرە ئاڵۆزەکاندا سەریان بەرز کردبووەوە.

چاپمەنم بەکەیف دی. چەند هەفتە لەمەوبەر بەیەکەوە بەجیددیی لە حکوومەتمان ویستبوو، بەر لە هاتنی کۆمیسیۆن بۆ سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بکرێتە پارێزگار، بەڵام وەزیرەکان بۆخۆیان پاڵێوراوێکیتریان بۆ ئەو پلەیە هەبوو، کە ئێمە دژی ئەو ڕاوەستابووین و

ح- کۆنگۆ وڵاتێکی ئەفریقایی یە. لەگەڵ ئەفریقای ناوەندیی، کامەرون، گابون و زەییر دراوسێیە. لە ساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆیی بەدەست هێناوەو ئەندامی ڕێکخراوی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

هێشتا فەرمانێک لەمبارەیەدا نەگەیشتبوو. گوتمان ئەگەر ئێستا (واتە سەعات یازدەی شەو) ئاڵۆگۆڕێک لە وەزعەکەدا پێک بێنین، ڕەنگە گومان و گیروگرفت ساز بکات، لەبەر ئەوە پێشنیازم بە بەغدا کرد، کە تا تەواوبوونی دیداری کۆمیسیۆن، چاپمەن درێژە بە بەرپرسایەتییەکەی لە پارێزگای سلێمانی بدات. سێ پیاوی ناسراو، کە توانیم چاوم پێیان بکەوێ (واتە ئەحمەد بەگ، شێخ قادری برای شێخ مەحموود و حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغای)، هەموویان هەستی شەڕخوازانەیان هەبوو: ئەوان ئەهلی سازان و تەسلیم یا وەڵام دانەوە بە «پرسیاری کورت» نەبوون؛ دەیانویست لە کۆڕێکی گشتیی کۆمیسیۆندا سیاسەتی چەوتی حکوومەتی عوسمانیی مەحکوم بکەن و جەواد پاشا کە دەیویست دیسان پارێزگای ئەوان بگەڕێنێتەوە سەر تورکیا موحاکمە بکەن و بڕیاری خۆیان لەمەڕ ئەوەی کە هەرگیز ئامادە نابن لەگەڵ ئاغاکانی پێشوویان بسازێن کە ئەو هەموو ستەمەی پێ ڕەوا دیون بە کۆمیسیۆن ڕاگەیەنن.

پاولس نزیک بە دوو هەفتە لە کەرکووک مایەوە. هەرچەندە ساحێب کارناسی ئێمە بوو، بەڵام چونکە کەرکووک ناوچەی بەرپرسایەتی من بوو، دەبوایە لە کاتی نەبوونی میللر لەو جێیە، یارمەتی پێ بکەم. کامیلیش بە نۆرەی خۆی لە لایەن نەوتچی زادەکان (کە دوای نازم براکەی سەرۆکیان بوو) و لایەنگرانیتری تورکیا یارمەتی پێ دەکرا. لەگەڵ ئەو ئەندامەی کۆمیسیۆن واتە پاولس زۆر جار بە دوور و درێژیی گفتوگۆم کرد. چونکە بۆ یەکەم جار هاتبووە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەمیشە تووشی سەرسوڕمان دەبوو و بۆچوونەکانی گوڕینیان بەسەردا دەهات، تا سەرئەنجام لە چوارچێوەیەکدا شکڵیان گرت و لەوپەڕی سەداقەتەوە ئەوانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاراستەی کۆبوونەوەی کۆمیسیۆن کرد. من واتێدەگەیشتم کە ئەو بۆ وەرگرتنی زانیاریی پتر و هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونی خۆی، من دەکێشێتە ناو باس. دڵنیام هەر بەمجۆرەش لەگەڵ کامیل دەجوڵایەوە، چونکە هێندێک جار لەگەڵ ئەویش بە درێژیی قسەی دەکرد.

ئەو سەرەتا ڕای وابوو، کە کێشەکە بە تەواوی کێشەیەکی ئابوورییە (دیارە ئەوە بە قازانجی ئێمە بوو) و بە بۆچوونی ئەو، ئەم لایەنە ئابوورییە بە وریایی ئاراستە نەکراوە. دەیگوت سەیرە کە هێڵی ئاسنی کفری بۆ کەرکووک ئەوەندە هاتووەتە پێش و وای بیر دەکردەوە ئێمە ویستومانە لەم دیاردەیە سود بەرین. بە ڕای ئەو ئێمە بەهەڵە هەوڵمان داوە، پێیان بسەلمێنین پارێزگای بەسرە و بەغدا (کە لە بەرنامەی کاری کۆمیسیۆندا نەبوون) ناتوان بەبێ موسڵ درێژە بە ژیان و مانەوەیان بدەن. عاقڵانەتر ئەوە بوو، کە لەسەر ئەو خاڵە



پێدابگرین، کە پارێزگای موسڵ بەبێ ئەو دوانە ناتوانێ بژی... و ڕەخنەیتر لەو بابەتانە. بەڵام، کاتێک موسڵی بەجێهێشت، زۆری نەخایاند، کە تێگەیشت مەسەلەی حکوومەتی بەغدا تەنانەت بۆ کەسانی دژ بە تورکە تۆسن و لە ئاشتی نەهاتوەکانیش زەق و بەرچاو نییە و ئەوان ئەم دیاردەیە بەهەنگاوێک بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی داهاتوو هەڵدەسەنگێنن و بە سیستمی مەوجوود دڵخۆشن، بەڵام لەمە ناڕەحەتن کە ئەگەر هاتوو دوای نزیک بە چوار ساڵ بەپێی پرۆتۆکۆڵی پەیمان، بەریتانیا پەیوەندیی خۆی بپچڕێنێ چ دەخولقێ. هەرچەندە ویستی لایەنگرانی تورکیا ویستێکی دەروونیی بوو و کاتێک پرسیاریان لێ دەکرا چ شتێک بووەتە هۆی ئەوە کە تورکیا لە عێراق بە هێندتر بگرن و لایەنگریی لێ بکەن، ژمارەیەکی زۆر دژی تورکیا قسەیان دەکرد، بەڵام بە ڕادەیەک لە پرۆتۆکۆڵی پەیمان دەترسان کە سەرەڕای ئەو هەمووە کەم کاریی و کارە نابەجێیەی کە دەیانخستە پاڵ دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی عوسمانیی، ئاسایشی ژیانی ژێردەستیی حکوومەتێکی وەک ئەویان پێ باشتربوو، هەتا یاریی کردن لەسەر عێراق و دەرەتانی ئاڵۆزیی و ئاژاوەگێڕان و شپرزەبوونی. دەربڕینی بیری وشکی ناسیۆنالیستیی لە لایەن سەرۆک وەزیر (یاسین پاشا) و کەسایەتییەکانی بەغدا، سەرەڕای بێسودبوونی بۆ عێراق، ڕادەی شکوگومانی پاولسی دەربارەی جیابوونەوەی پارێزگای موسڵ بە شێوەیەکی ماقوڵ لە تورکیا پتر کردبوو. هەرچەندە پتر بە شوێن لێکۆڵینەوەکانی دەکەوت پتر هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد؛ دەیگوت: ساتێک جۆرێک و ساتێکیتر جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە. ڕاستە، تووشی شەونخوونی نەبوو، بەڵام ئێستا زانیویەتی کە پێڕاگەیشتن بەڕەوتی ئەو دیاردەیە کارێکی ویژدانییە. گوتبوویان ئەرکی کۆمیسیۆن نیە کە بپرسێ، دوای تەواوبوونی پەیمانی ئینگلیس و عێراق چی پێشدێ، بەڵام بەڕای ئەو، ئەم دیاردەیە پەیوەندییەکی قوڵی بە کۆمیسیۆنەوە هەبوو، چونکە ناماقوڵانە دەبوو، کە ئەگەر ڕاسپاردەکانی کۆمیسیۆن دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ ئەو پارێزگایەی تووشی ئاژاوە و ئاڵۆزیی کردبایە.

دیارە من هەوڵێکی زۆرمدا، کە نیگەرانییەکانی ئەو (لە بابەت وەرگرتنی بڕیار بە قازانجی عێراق) کەم بکەمەوە. گوتم هۆشیاربوونەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ لەبیرکردن نابێ و چەوساندنەوە و داگیرکردنی «ئاسیا»ش بەشێوەی کۆنگۆ ئیتر دوور لە باسە؛ هەروەها گوتم بە ڕای من ئەو ماوە کورتەی کە لە پرۆتۆکۆڵی پەیماندا لەبەرچاوگیراوە، پاشەکشە لە بەرامبەر بۆچوونی وشکدایە، کە هەم لە ئینگلیستان و هەم لە عێراق باسی لێ دەکرا و بەڕاستی هیچ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو پەیمانە دوای تەواوبوونی چوار ساڵی

دیارییکراو بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژ نەکرێتەوە.

ئەو گفتوگۆ دۆستانەیە و هەڵنەسوڕانی بە ئاشکرای پۆلیس و دووپات نەبوونەوەی ئەو ورووداوەی کە یەکەم ڕۆژ بۆ ساحێب هاتەپێش و بەئاکام گەیشتنی ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا، ڕاستی پێشبینییەکانی منیان دەرخستبوو.... بەڵێ، تەواوی ئەو شتانەی یارمەتیان بەلەناوبردنی ئەو شکوگومانانە کرد، کە لە سێ هەفتەی یەکەمی دەستپێکردنی کار لە موسڵ پێکهاتبوون. نەوتچی زادەکان بە ناچارکردنی کامیل بۆ شکایەت و ڕەخنەگرتن بەتەواوی هەوڵیان دەدا ئەو بارودۆخە پڕلە ڕەشبینییە ڕابگرن. بەڵام لە هەموو بارێکەوە سەلماندنی ئەو دیاردەیە کە ئەو کەسانەی شکایەت دەکەن، کەسانێکی خاوەن ڕابردووی خراپن و مەبەستیان لەو کارە هاندان و ئاژاوەگێڕانە، کارێکی ئاسان بوو. لەوەی کە ئیزنمان نەدابوو هیچ خۆپێشاندانێک بە سودی عێراق بکرێ، کردەوەمان دژی خۆپێشاندانەکانی تر بنەمایەکی قورس و پتەوی هەبوو و لە وەڵامی یەکێک لەو شکایەتانەدا کە دەربارەی ئەو مەسەلەیە ئاراستەی کۆمیسیۆنم کردبوو، نامەیەکم لە کۆمیسیۆن پێگەیشت کە دۆخێکی لەباری بۆ ڕەخساندین و ئەویش لە کاتێکدابوو، کە دەوڵەتی تورکیا سکاڵای کردبوو و گوتبووی ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی تورکیامان زیندانی کردووە. دەقی نامەکە بەمجۆرە بوو:

> بەڕێزەوە لە وەڵامی نامەی ئێوەدا کە هێندێک زانیاریتان دەربارەی قسە و باسی ڕۆژی ١٤ی مانگ نووسیوە، پێتان ڕادەگەیەنم، ڕوونکردنەوەی ئێوە بەتەواوی جێگای ڕەزامەندییە. من باش ئاگاداری کاریگەربوونی ئەو هەنگاوانەم، کە دەزگای ئیداری شاری کەرکووک بۆ بەرگریکردن لە هەرچەشنە خۆپێشاندانێک لە لایەن ئەم یا ئەو گروپ لە شەقامەکاندا هەڵیگرتووە و خۆشحاڵم لەو شارەدا ئازادیی تەواو بەو کەسانە دراوە کە ویستویانە ڕای خۆیان بەمن ڕابگەیەنن.

لە ڕاستیدا، لە قۆناخی یاداشت گۆڕینەوەکانی دوو لایەنەی ڕۆژانی دەستپێکردنی کار لە موسڵ ڕێگایەکی دوورودرێژمان پێوابوو.

کامیلیشم پتر لە پێشوو دەبینی؛ بەرەبەرە خۆشم لێی دەهات و ڕێزم لێ دەگرت. بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەسانی بەکەڵک لە کەرکوک لە ڕادەبەدەر زەحمەتی دەکێشا؛ بەڵام هەرچەندە نەوتچی زادەکان ساتێک لێی خافڵ نەدەبوون، هەرگیز لە کردەوەی پەسەند و دروستی خۆی، کە لە سروشتیدا بوو، لای نەدەدا. من زۆرم پێخۆشبوو بەو بسەلمێنم، کە ئەو کێشەیەی کە ئێمە لەگەڵی تێکەڵێن بە هیچ جۆرێک لە ڕێزی من بەو کەم ناکاتەوە و «ڕاب» کارێکی زۆر



باشی کردبوو، کە ئەوی لەگەڵ پاولس بۆ کۆڕی سوێندخواردن لە باشگای هێزی هەوایی بانگهێشت کردبوو.

هەستمان دەکرد ڕەوتی کارەکان لە کەرکووک واتە لەو ناوەندە کۆنەدەسەڵاتەی پارێزگای موسڵی عوسمانییەکان بەگشتی زۆرباشتر لەوە دەچێتەپێش کە چاوەڕوانی بووین. پاولس ئێستا دەیبینی هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی شار تورک زمانن، بەڵام کوردان زۆربەی هەرەزۆری پارێزگاکەیان پێکهێناوە. ئەو هەروەها دەیزانی کە تەنانەت ژمارەی ئەندامی هۆزەکانی عەرەبی عوبیدی، مەلحە و قەرەتەپە لە ژمارەی تورکان پترە. لە بەرەکەتی تێکۆشانی بنەماڵەی یاقوبی دەنگی شاهیدەکانی تورک نیوە ببوو. لە ناو کوردەکانیشدا، هەرچەندە خەڵکی ئاسایی ئاڵتون کۆپری، شوان و گوندەکانی نزیکی شار لەژێر شوێنی خاوەن موڵکەکان و بیرکردنەوەی هەستی ئایینی بە سودی تورکیا دەنگیاندابوو، قەرەحەسەن و تۆق و ژمارەیەکی زۆر سەرۆک و کەسایەتییەکانی عەشایریی لایەنی عێراقیان گرتبوو. ڕای مەسیحییەکان و جولەکەکانیش، کە لەوانەبوو گرنگییەکی پتریان بە نیسبەت ژمارەیان هەبێ، بێگومان بە قازانجی ئێمە بوو.

بۆ ڕاپەڕاندنی بیری گشتیی خەڵکی کفری کە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی بەچەشنی کەرکووک تورکزمانبوون، بە نەزمی بەگ بەسترابوونەوە، کە بۆخۆی خەڵکی کفری بوو و هەروەک پێشترگوتم لە ساڵی ١٩٢٢دا قازی ئێمە بوو و وەزارەتی داد بە شێوەی کاتی بە ئێمەی مەئمور کردبوو، بەڵام چونکە زمانی فەرانسیی و ئینگلیزیی نەدەزانی، بۆ کارناس نەدەبوو، کە لەگەڵ پرتالس بکەوێ و من بە ناچار لە پەیوەندیی دۆستانەی خۆم لەگەڵ کۆرنر کەڵکم وەرگرت و ئەو مەئمورییەتەی کە لەگەڵ ڕەوشتی ئەو یەکی نەدەگرتەوە، بەسەرم داسەپاند. لەگەڵ ئەو چوومە کفری و دوای دیتنی پرتالس و فەتاح، ئەوان لەسەر پلانێک بەیەک گەیشتن، کە کۆمیسیۆنی فەرعی دەبوایە بڕیاری لەسەر بدات و دڵنیام کرد و گوتم ئێمە چاوەڕوانی هیچ چەشنە کارێکی سیاسی لەو نین و هەروەها گوتم دڵنیام بەهۆی ئاشنابوونی لەگەڵ ناوچە و ڕادەی خۆشەویستیی لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە، بێگومان دەتوانێ ڕای کۆمیسیۆن بۆلای خۆی ڕاکێشێ و بوونی لە لایەک پێش بە سەرەڕۆیی فەتاح دەگرێ و لە لایەکیتریشەوە ئەو خزمەتەی کە دەزگای ئیداری «حکوومەتی سەرپەرشت» ئەنجامی داوە بۆ سەرۆکی عەشایر و ئەوانیتر ڕوون دەکاتەوە و بیریان دێنێتەوە، کە چۆن بەبێ ئەوەی پرسیاری نارێکی لێ کردبن و گوتبێی بۆچی بریندار بوون، بۆ چاککردنەوەیان هەوڵی داوە. سیاسەتی ئێمە ئەوە نەبوو، کە یاریکەرانی تورک لە نزیکەوە بخەینە ژێر چاودێریی خۆمان، بەڵام بە

کۆرنرم گوت ئەگەر فەتاح لە کاروباری ڕاگەیاندندا پێی لە سنووری خۆی پتر ڕاکێشا، یاداشتێکی ڕەخنەگرانە بدات بە پرتالس.

کۆمیسیۆنی فەرعی کفری بەشێکی پان و بەرینی ناوچەکەی دی. بە ئۆتۆمبێل چووە کێوەسوور، شەوێک لە قەرەتەپە مایەوە. بە سواری ئەسپ کفری بەجێهێشت و لە هەژدە تا بیست و دووی فێبرواری لە دەرەوەی ئەو جێیە بوو: شەوەکانی لە برایم خانچی (لە لای هۆزی زەنگەنە)، قادرکەرەم (لەکن شێخ عەبدولکەریم)، «چەوری» (لەماڵی عەزیز عەباسی داودە)، دوزخورماتوو و بوستاملی (لەلای هۆزی بەیات) تێپەڕ کرد. کۆرنر، کە ئەهلی سیاسەت نەبوو، کارەکەی لە هێندێک بابەتەوە گەلێک دژوارتر لە کاری کارناسەکانیتر بوو. نازم لە هەولێر و کامیل لە کەرکووک بە دوور لە ناوچەی خۆیان بوون، بەڵام فەتاح لەناو هۆزەکاندا، لەو جێیەی کە من سەردەمێک ناوی «عەمباری باروت»م لێنابوو، لە ڕاستیدا لە ماڵی خۆی بوو. هەروەها ئەو تەنیا کەسی گروپەکەیان بوو، کە شەوانە لەدەرەوەی ناوەندە ئیدارییەکان و لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکاندا دەمایەوە: لەو جێیانە، بە باشی میوانداریی پرتالس و کۆرنریان دەکرد و فەتاحیش بەهۆی خزمایەتی لەگەڵ ژنی سەرۆک عەشیرەتەکان دەیتوانی بچێتە ماڵەکان و بەنهێنی لەگەڵ خەڵک بدوێ. شێوەکاری فەتاح بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و لە قاودان بە زمان و نووسینی نامە بوو. من یەکێک لەو نامانەم چەنگ خست. لەودا دەیگوت مەسەلەکە لە سەرەتاوە چارەسەرکراوە و «ڕەمزی» کە ساڵی ١٩٢٢ قایمقامی ڕەواندزو ڕانیە بوو، بەم زوانە دەگەڕێتەوە کفری و ئەو جێیە وەردەگرێتەوە. لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی شاهیدەکانیشدا هەرچی دەگوترا بەپۆزێکی پڕلە واتاوە یاداشتی دەکرد.

کۆرنر بێگومان بەهەست تر لەوە بوو، کە ئەمجۆرە متمانە هێمنکەرانەوەیە بتوانێ دڵنیای بکا: کاتێک گەڕایەوە کەرکووک وەک کەسێک دەچوو کە تازە لە بەندیخانە ڕزگار کرابێ و لە ئاکامی مەئموریەتەکەی زۆر بەدبین بوو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر باشی کار کردبوو: لە کەلار، کەریم بەگ و جافەکان بەئاشکرا لایەنی عێراقیان گرتبوو؛ لەناو داودەکانی کفریدا، عەزیز عەباس (بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە) هەر بەمجۆرە هەڵوێستی گرتبوو. تەنانەت گومان دەکرا ڕەفعەتیش دەنگی بە عێراق دابێ. تاڵەبانییەکانی «گۆل» بە گومان پێشاندان ئێمەیان هێندێک تاڵ کردبوو، بەڵام کاتێک گوتیان لەگەڵ عەبدوڵڵا سەفی ئەفەندی و تاڵەبانییەکانی کەرکووکن، هەرجۆرێک بێ دەنگی ئەوانیش کۆی دەنگەکانی ئێمەیان بەرز کردبووەوە. «دوز» جێگەی ڕەزامەندیی بوو. تورکەکان ئەگەر لە شارۆچکەکانی کفری، قەرەتەپە و لە ناو هۆزی



دیلو سەرکەوتنیان دەست خستبوو، سەرکەوتنەکەیان بە ڕادەیەک نەبوو، کە بتوانێ کارتێکەریی بەرگری کردنی جافەکان و داودەکان پوچەڵ بکاتەوە.

ڕۆژی بیست و یەکەم بە فڕۆکە چوومە موسڵ. ویرسۆن، جاردین و جەواد لە بەشی باشووری پارێزگادا خەریکی کاریی لێکۆڵینەوە بوون. بارودۆخی ناوچەکە، فەرقێکی زۆری لەگەڵ پێشوو نەکرد بوو، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە ڕووداوێک کە هەرچەندە بۆ پێکەنین دەبوون، ئەوەندەشیان شوێن دادەنا، کە شکی سەرۆکی کۆمیسیۆن زیندوو کەنەوە. لە «تەلەعەفەر» (کە شارێکی تورکماننشینە لە چل مایلیی ڕۆژئاوای کەرکووکدا)، تێکدەرێک قایمقام بەهەڵە دەبات و متینگێک لە هەرزەکارانی شەقام و کۆڵانەکان بەلایەنگریی لە تورکیا لە قەراخ شار پێکدێنێ و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەنگی شاهیدە نووسراوەکان لە لیستەی هەر دوولا ڕەد دەکاتەوە: ئەو شاهیدانە یا بە قازانجی عێراق قسەیان کردبوو یا ئەوپەڕی گوتبوویان دەیانەوێ سەربە شاری موسڵ بن و ڕای خەڵکی ئەو شارە بەڕێوە بەرن. لە شارۆچکە کوردنشینەکەی «ئاکرێ»ش، شتێکی وەک ئەوە ڕوویدا بوو. لە «سنجار» (شەنگار)، دەرکەوانێک پاڵ بە دەرگای ژووری لێکۆڵینەوەکە دەدات و خەو دەیباتەوە، کاتێک لە لای ژوورەوە دەرگاکە دەکەنەوە بەسەر سەردا دەکەوێتە ناو هۆدەکە و بێگومان وابیر دەکەنەوە، کە ئەو دەرکەوانە گوێی بۆ قسەکان ڕاگرتووە. بە هەڵکەوت ڕوون بووەوە کە ئەو کەسە کەڕە و گوێیەکانی نابیسن، بەڵام کەس باوەڕی بەکەڕبوونی نەکرد. لە گشت ئەوانە ناخۆشتر بۆ سەرۆک، بوونی ئەندامێکی باڵای لێژنەی بەرگری شار بوو. ئەو چونکە ڕیشی هەبوو، لە هەموو کۆڕەکاندا بەزەقی دەبینرا. ئەو ڕیشدارە ڕەزیلە، بەرلە چوونی کۆمیسیۆن بۆ شوێنێک بە پەلە خۆی دەگەیاندە شوێنەکە و کاتێک ویرسۆن دەگەیشتە زارکی هۆدەکانی لێکۆڵینەوە لەبەر چاوی شین دەبووەوە. بەمجۆرە، بۆ نیوەی بەشی باشووری پارێزگا بە دژواریی دەمانتوانی هیوادار بین زۆربەی دەنگەکان بێنینەوە.

بیست و چواری مانگ، کاتێک گەڕامەوە کەرکووک تلکی بەتوندی نەخۆش بوو و لە جێگەدا کەوتبوو. بە پێشنیازی کۆرنر ڕۆژی دوایی بە فڕۆکە بردیانە بەغدا. پرتالس لەبەر ژانی زۆری مل و گەرووی لە کفری گەڕایەوە. ویرسۆن دەستبەجێ دوای هاتنی بۆ ئەو شارە لە بیست و پێنجەمی مانگدا نەخۆشیی مەلاریای گرت و ئەویش پاڵکەوت. بەمجۆرە، ئەو کۆمیسیۆنەی کە دەبوایە ڕۆژی بیست و هەفتی مانگ بچێ بۆ سلێمانی، لە باری ژمارەی ئەندامەوە بە تەواوی زەبری لێ کەوت، بەڵام جیا لە تلکی ئەوانەی بەجێمابوون دوای یەک دوو ڕۆژ هەموویان خۆیان گەیاندەوە لای ئێمە.

چوکترین گومان لەوەدا نەبوو، کە ئێستا ئێمە گەیشتبووینە شوێنی هەرە ئاستەمی قۆناخی خەباتمان. ئەوە پارێزگایەک بوو، کە عەرەب و تورکی تێدا نەبوو؛ دانیشتوانی پێنج ساڵی تەواو دژی دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز و عێراق ڕاپەڕیبوون؛ ڕێبەری بەدەسەڵات و جێی ڕێزی بزووتنەوە هەمیشە لەگەڵ ئەربابەکانی پێشووی وڵات لە پەیوەندییدا بوو و یارمەتی لێ دەویستن و ئەوانی لە ئەمەگناسییەتی خۆی دڵنیا کردبوو. بەمجۆرە، جێگای سەرسوڕمان نەبوو، کە ئەگەر جەواد بە دوای ململانێ لە بەرامبەر ئێمە لە موسڵ، هەولێر و کەرکووکدا ئێستا بەتەواوی هیوای بە سەرکەوتنی بەرچاو هەبێ. جێگای گومانی ئەندامانی کۆمیسیۆنیش نەبوو، کە بە ویستێکی فراوانەوە چاو لە لێکۆڵینەوەی ئەو ناوچەیە ببڕن و هیوادار بن بیروڕای دروستی خەڵک ببیسن، کە پێشانیان داوە بیروڕای سەربەخۆیان هەیە. ئێمەش بەشبەحاڵی خۆمان دڵنیابووین ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاکامێکی زۆر جیاوازی لەگەڵ ئاکامی چاوەڕوان لێکراوی کۆمیسیۆن دەبێ، (هەرچەندە پاولس و پرتالس چیتر متمانەی پێشوویان نەمابوو) و جەوادیش لەگەڵ یەکێک لە ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی ڕووبەڕوو دەبێ.

شەوێک بەرلە چوون بۆ سلێمانی گفتوگۆیەکی دوورودرێژم لەگەڵ ویرسۆن هەبوو و ڕێک ئەو ڕێگایەم لەگەڵ گرتەبەر کە لەگەڵ پاولس و پورتاولس لەبەر چاوم گرتبوو. دەربارەی دۆزێک دوام کە لەوانە بوو لەگەڵی ڕووبەڕوو بێ: ژمارەیەک ناسیۆنالیستی توندڕۆ، زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی مامناونجی وڕادیکاڵ بەومەرجە دەیانویست سەربە عێراق بن، کە کاربەدەستانی بەرپرس کورد بن و زمانی کوردیی زمانی ئیداریی و بارهێنانی ناوچەکە بێ؛ ئەمجارە، بازرگانەکان جیابوونەوە لە عێراقیان بەلاوە بە ماڵوێرانیی دەزانی. ئەوانە بەڕاشکاوی و بەبێ هیچ مەرجێک لایەنگریی عێراق بوون و لە دەرەوەی ئەوانیشدا گروپی چوکی موچەخۆرەکانن کە تەنانەت یەک کەسیشیان لایەنگریی لە تورکیا ناکات.

جەواد تەنانەت بەرلە چوون بۆ سلێمانی کەم کەم وەدەست و پێ کەوتبوو. وەک بیستم نامەیەکیان دابوویە و لەودا هەڕەشەیان لێکردبوو، کە لە سلێمانی دەیکوژن و گوایە چەند ڕاپۆرتێکیشی دەربارەی ناردنی پازدە ئاشووریی بۆ سلێمانی پێگەیشتبوو، کە ئەو و کارناسە هاوکارەکانی بکوژن. بەڵێنیم بە سەرۆکی کۆمیسیۆن و پاولس دا و گوتم شکم لە ناڕاست بوونی ئەو داستانە نییە کە دەربارەی ئاشوورییەکان گوتراوە، (ئەگەر ئەوانە چووبانە سلێمانی کە ناوچەی سروشتی خۆیان نیە هەموو کەس قامکی بۆ ڕادەداشتن). من بە ڕادەیەک ئەو جێیە دەناسم کە دڵنیام دەستدرێژی بۆ سەر ئەندامانی لیژنەی تورکان ناکەن، جیا لە فەتاح



کە بۆخۆی خەڵکی سلێمانی بوو و خەڵک بە خایەنی دەناسن و بەپێی ڕاپۆرتی چاپەمەن گروپێک لاوی ناسیۆنالیستی کورد ئامادە ببوون، کە ئەو سزا بدەن. داوام لە سەرۆکی کۆمیسیۆن کرد، کە تا ئەوکاتەی من بۆخۆم وەزعی شار لە نزیکەوە دەبینم و ئەو مەسەلەیەم بۆ ڕوون دەبێتەوە، لە فەتاح و هەروەها بۆ دڵنیابوونی پتر لە نازم بخوازێ، هاتوچۆی شار نەکەن. ڕۆژی دوایی سواری ئۆتۆمبێلی پاولس بووم. ئەو تەنیا ئەندامی ساخی لیژنەکە بوو، کە دەیتوانی سەفەر بکات. لە ڕێگادا لیستەیەکی لە ناوی کەسانی ئاژاوەگێڕی سوک و چروک دامێ و گوتی جەواد پێی گوتووە ئەو کەسانەیان بۆ هاندان و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و ئاژاوەگێڕان بەنهێنی ناردووەتە سلێمانی و لەمنی ویست ئەوان لەو شارە دەرکەم. ناوەکان بریتی بوون لە بابەکر ئاغا، شێخ ئەوڵی سەنگاو، حاجی شێخ عارفی سەرگەڵو، ئەحمەد بەگی کوڕی عادیلە خانی هەڵەبجەو کەریم بەگی جاف. دیارە ئەوانە (جیا لە دوا کەسیان، کە پرتالس پێشتر دوای چوونی بۆ کفری، ڕاپۆرتێکی باشی دەربارەی هەلومەرج و فام و بیرکردنەوە و ڕادەی زانیاریی ئەو نووسیبوو) هەموویان گەورە پیاوانی پارێزگا بوون و ناویان لە لیستەی ئەو شاهیدانەدا بوو، کە ئێمە ئاراستەی کۆمیسیۆنمان کردبوو و شوێن و پلەیەکی باڵایان هەبوو. ئەو هەوڵەی جەواد (کە بێگومان لەوپەڕی دڵپاکییدا و لەژێر کارتێکەریی فەتاح ئەنجامی گرتبوو) لەوەی کە ئەو ژمارەیەی بە هیچ و پووچ و ئاژاوەگێڕ ناساندبوو، لەگەڵ شێوەکاری ئاسایی ئێمە زۆر جیاواز بوو. ئێمە بەبێ ئەوەی کە شێوەی بیرکردنەوەی کەسایەتییە ناودارەکانمان لەبەرچاو گرتبێ، ناوی ئەوانمان ئاڕاستەی کۆمیسیۆن کردبوو. پرتالس بە ڕواڵەت لەوەی کە هەلێکی ئاوا ڕەخسابوو تا ئەو چیرۆکە بێ بناخانەی بۆ ڕوون بێتەوە، کە ڕاوێژکاری تورک لە سەرەتای هاتنی بۆ موسڵ بە گوێرەی ئەوانەوە کۆمیسیۆنی یاداشت باران کردبوو، بە داخ نەبوو.

هاتنی کاروانی ئێمە بەپتر لە بیست ئۆتۆمبێل هەستی دانیشتوانی لە شاردا بەرز کردەوە. پاولس و کرامرز دوای دابەزین لە ئۆتۆمبێل چوونە ناو شار و جەوادیش بە دوای ئەواندا چوو. ئەو دووانە تووشی جەواد دەبن و بە یەکەوە دەچنە ناو بازاڕ و سەر لە دوکاندارەکان دەدەن و پرسیاریان لێ دەکەن، بەڵام هەروەک لە هەولێر ڕوویدا بوو، لێرەش لەگەڵ گرژیی و ساردیی خەڵک ڕووبەڕوو دەبن و خەڵکیان لێ کۆ نابێتەوە. جەوادو کامیل چیتر هاتوچۆی شاریان نەکرد. فەتاح و نازمیش، کە ڕێگای پەیوەندیی و وەرگرتنی ئاگاداریی خۆیان هەبوو، دەترسان ڕووداوێکی تاڵ ڕوو بدات. لەبەر ئەوە، لە تەواوی ماوەی مانەوەیان لە سلێمانی هەرگیز هەوڵی چوونیان بۆ ناو شار نەدا. دوا نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە، بابەکر لەگەڵ نزیکەی سەد

سوارەی پشدەری، بە بەرگی پڕ زەرق و بەرقی جوان و چەکی باش لە شاندا بە ئەسپی باش هاتنە سلێمانی. پاولس هاتنی ئەم سوارە سەرنج ڕاکێشەرە بەهێبەتانە بە چاوی خۆی بینی و لەوەی کە زانی ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە ڕاوێژکاری تورک بە قسەی کارناسەکەی بە هیچ و پوچی ناساندووە، گاڵتەی دەکرد.

بەڕواڵەت لەوە دەچوو جەواد پاشا لەم بارەیەوە کە فەتاح بتوانێ یارمەتی پێ بکات، باوەڕی لەدەست دابێ و داوای لە من کرد بە ڕەزا بەگ بڵێم لەگەڵی دانیشێ و لەسەر شێوەی تێکەڵاویی ڕەگەزەکانی دانیشتوی پارێزگا هێندێک ڕوونی بکاتەوە، چونکە ئێمە لە ڕاوێژکاری تورکمان ویستبوو، کە ئەو ٣٢,٩٠٠ تورکەی کە لە یادداشتی دەوڵەتی تورکیادا نووسرابوو لەو پارێزگایە دەژین، بە کۆمیسیۆن بناسێنێ. (ڕەزابەگ ساڵی ١٩١٩ دۆستی بە ئەمەگی ئێمە بوو و هەروەک لەبیرمانە دەیانگوت لە سەبزێوییەکانی ساڵی ٢٤-١٩٢٣دا سەرۆکی گروپێکی لایەنگری تورکیا بووە.) ڕەزا بەگ پەیتا پەیتا بە منی دەگوت کە ئامادە نیە جەواد پاشا ببینێ. من گوتم ئەوە کارێکی دروست نیە و داوام لێکرد، کە بەتەنیا یا لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆن ئەو ببینێ. گوتم ئەو ئازادە بیروبۆچوونی خۆی پێڕابگەیەنێ و ئێمە دیداری ئەو لەگەڵ جەواد بەحسابی دژایەتی لەگەڵ خۆمان دانانێین و ئەگەر (هەروەک لە کردەوەکانی ئێستای دەردەکەوێ) ئەزموونی لە هەڵەکانی پێشووی وەرگرتووە، دەتوانێ بەدیتنی ئەو خزمەت بە کۆمیسیۆن بکات، بەڵام سەرەڕای گشت داواکاریی و پێداگرتنەکانم ئەو لەسەر بڕیاری خۆی مایەوە و کاتێک ئەو مەسەلەیەم بە جەواد گوت، داوای لێکردم چیتر خۆم لەو بابەتەوە زەحمەت نەدەم.

مەسەلەی تێکەڵاویی ڕەگەزیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی نموونەیەکی زۆر باشی ئەو شتە بێ بناخەیە بوو، کە دەوڵەتی تورکیا باسی دەکرد و دژوارییی ئەرکی پێسپێرراو بە جەواد پاشای هەژار ئەمەی بە ڕوونی دەسەلماند. بریتانیا لە وەڵامدا دەیگوت لە تەواوی ئەم پارێزگایەدا تەنانەت تورکێک نابینرێ. کاتێک گەیشتینە سلێمانی گاڵتەیەکیشمان کرد: یاداشتێکمان ئاراستەی کۆمیسیۆن کرد و لەودا لە بابەت هەڵەیەک کە لە یاداشتی دەوڵەتی خاوەن شکۆ پاشای ئینگلیستاندا ڕوویدا بوو، داوای لێبوردنمان کرد. تورکێکمان دۆزییەوە کە لە یەکێک لە سەربازگەکانی بەر لە جەنگدا دوکانی هەبوو و کچە کوردێکی مارە کردبوو و لەو شارە گیرسابووەوە و ئێستا گەسکلێدەری شارەوانی بوو.

لێکۆڵینەوە لە سلێمانی سێ ڕۆژی خایاند؛ ویرسۆن ڕۆژی دووەم یا سێیەم لەگەڵ پاولس کەوت. تەواوی شاهیدە گرنگەکان بەڵێنی خۆیان بردەسەر و هەروەک گوتبوویان هەرچی لە



دڵیاندابوو لە کۆبوونەوەی ئاشکرادا باسیان کردو لێنەهاتوویی و نزم بوونی دەزگای دەوڵەتی عوسمانیی و بە زەوقەوە ئاماژەیان بە چەند دیاردان کرد (بەتایبەتی پاشەکشەی ساڵی ١٩١٨) کە کوردەکان هێزە سەرکوتکەرەکانیان چەک کردبوون. هەروەها وەک بەڵگەی دوژمنایەتی لەمێژینەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە باسی گرتن و لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی بابی شێخ مەحموودیان لە ساڵی ١٩٠٨ لە موسڵ بەدەست تورکان کرد. وتەی شاهیدەکانی دەرەجە دووەمیش (وەک دۆستە جوتیارەکانمان سەعید ئاغای جافەڕان و کوێخا نەجمی «سەی و سێنان» زۆر شوێندانەر بوون. ئەوان بە ڕاشکاوی و بە بەڵگە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانیان دابووەوە.

هەوڵمدەدا خۆم تێکەڵی ئەو مەسەلانە نەکەم و دوور لە ڕووداوەکان بمێنمەوە، بەڵام بابەکر و بەگزادەکانی جاف و ژمارەیەکی دیکە پێیانداگرت ویستیان لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئاشکرا و گشت کۆڕە تایبەتیەکاندا قسەکانیان وەرگێڕمەوە. دەمبینی ئەندامانی کۆمیسیۆن بەتەواوی لەژێر شوێن و کارتێکردنی وەڵامی زیرەکانەی ئەو شاهیدانە و بەتایبەتی بابەکرئاغا دان، کە لە بەرامبەر پرسیاری ئابووریی، سیاسیی یا پلەی شێخ مەحموود لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەدا دەیدایەوە[٣]. سەرکەوتنی تەواو لە سلێمانی لە ئاماژە جۆراجۆرەکانی ڕاپۆرتی ویرسۆندا دەربارەی ئەم پارێزگایە بە ڕوونی ڕەنگیدابووەوە.

> جیا لە پارێزگای سلێمانی دژوارە ناوچەیەک بە چەند ناحیەوە دەستنیشان بکرێ، کە بۆچوونی نزیکیان دەربارەی یەکێک لەم دوو لایەنانە تێدا ببینرێ.... لە پارێزگای سلێمانی بوو کە بۆچوونەکان بەڕوونی و بەڕاشکاوی ڕاگەینران.... جیا لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە پرسیاریان لێکرا، هەموو لایەنگریی حکوومەتی عێراق بوون... کۆمیسیۆن بەتەواوی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵک بەتەواوی لە ویست و داخوازەکانی خۆیان دواون... ئێمە تووشی ناسیۆنالیستی کورد بووین، کە هەرچەندە دەیانگوت بە ئاواتی گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواون، لە دەستکەوتی لایەنی باشی «سەرپەشتی» یەکی ژیر و تێگەیشتوو و ئازادبیر دەگەیشتن. گومان

٣- شێخ مەحموود لە کاتی دیداری کۆمیسیۆندا ژیرانە خۆی دوور لەو مەسەلەیە ڕاگرتبوو و کۆمیسیۆنیش بەچاکی نەزانی لە کەسێک داوای شکایەت بکات، کە بە ئاشکرا ڕاپەڕیبوو. دوای ڕۆیشتنی کۆمیسیۆن هێرشەکانی خۆی دەست پێکردەوە، بەڵام بە سەقامگیر بوون و خۆڕاگریی دەزگای حکوومەتی، ڕایکردە سەر سنوور و سەرئەنجام لە ژوئینی ساڵی ١٩٢٧دا خۆی بەدەستەوە دا و تەسلیم بوو.

ناکرێ کە لێهاتوویی و زانیاریی دەزگای ئیداریی بریتانیا لەو ناوچەیەدا شوێنی زۆری لەسەر بیرو مێشکی خەڵک داناوە.

بەڵێ، ئەو نانەی[٤] کە ساڵانی پێشوو نوێل لە مەئموریەتی هاوکاریی ساڵی ١٩١٨ و سۆن لە سەردەمی حکوومەتی دژوار بەڵام عادیلانەیدا بە ئاویاندا دابوو، لەم ساتەدا، کە لە ژیانی حکوومەتی تازە پێکگرتووی عێراقدا ساتێکی گرنگ بوو، بە چەند قات گەڕایەوە لای خۆمان.

ڕۆژی سێی مارس بە سواری ئۆتۆمبێل گەڕاینەوە کەرکووک. لەوە خۆشحاڵ بووم، کە سەرۆکی کۆمیسیۆن داوای لێکردم لەگەڵ ئەو سواری ئۆتۆمبێل بم، چونکە تا ئێستا کەمتر لە ئەندامانیتری لێژنەی بێلایەن، هەڵسوکەوتم لەگەڵی هەبوو. دیاربوو، لەوەی کە لە سلێمانی دیبووی سەری سوڕ مابوو. گوتی، کاتێک جەواد زانی دیاردەکە بە پێچەوانەی لێکدانەوەی ئەو چووەتەپێش، ڕایگەیاند، خەڵکیان ترساندووە یا کڕیویانن؛ هەروەها گوتی ئەوە سەیر دێتە بەرچاو، چونکە دەکرێ یەک دوو کەس بکڕن، بەڵام دانیشتوانی پارێزگایەک ناکڕدرێن. ڕاستە یەک دوو کەس لە شاهیدەکان ناڕازی بوون، بەڵام خەڵک نەک هەر ترسیان نەبوو، بەڵکوو هێرشیان دەکردە سەر شوێنی کۆمیسیۆن و بە ڕاشکاوی بیرو ڕای خۆیان دەردەبڕی.

شەوێک لە کەرکووک ماینەوە؛ پاولس دوا وتووێژیی لەگەڵ کۆمەڵێک لایەنگریی تورکیا تەواوکرد. دوایی بەرەو هەولێر لێمانخوڕی و بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەیەک کە پاولس سێ هەفتە پێش بەنیوەچڵی بەجێی هێشتبوو، دوو سەعات لە ئاڵتون کۆپری ماینەوە. لێرە، ڕووداوێکی چوک و ناخۆش ڕوویدا: گەیشتنمان بۆ ئەو جێیە هەر بەو ساردیی و گرژییە ڕەواڵەتییە وەرنەگیرا، کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمیسیۆن لە سێ پارێزگای کەرکووک، هەولێر و سلێمانی بوو. کومەڵێک گەنج (کە دیارە هەموویان تورک بوون) لە دەوری ڕاوێژکاری تورک کۆبوونەوە و ئەویش لەناو ئۆتۆمبێلدا وەک بابێک کە بەشوێن کوڕە دەست بڵاوە «وتل خەرج»[٥]ەکەی کەوتبێ، قسەی بۆ کردن و یەکێک لە گەنجەکان بە

---

٤- ڕەنگە ئاماژە بەو شێعرەی سەعدی بێ:

تۆ چاکە بکە و لە دیجلەی هاوێ

کە خودا لە چۆلای پێت دەداتەوە

وەرگێڕی ف

٥- ئاماژە بە چیرۆکی کوڕی مەسرەف لە ئینجیلی لۆقا، فەسڵی پازدە، ئایەکانی ١٥-٣٢. و. ف.



نیشانەی هاودەردیی پتر (کە بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن لە ناو خەڵکی عەرەبدا هێندێک جار شتی وا لە پەیوەندی لەگەڵ چینی هەژاردا بەرچاو دەکەوێ) وەگریان کەوت. ئەوەش دەبێ بڵێم کە ئەو خەڵکە هەژارە هێشتا تورکیای مستەفا کەمالیان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی بەهەڵە دەگرت. چەند کەس لە شاهیدەکان کاتی بەجێهێشتنی هۆڵی شورا، بە زەقی ماڵئاواییان لە نازم کرد و من واتێگەیشتم کە ئاکامی دیداری پێشوو و بێ گیروگرفت بوونی بەشەکانیتری پارێزگا، کاربەدەستانی بەرپرسی لە خەوکردووە و نەوتچی زادەکانی کەرکووکیش بێکار دانەنیشتوون و بە هەمان چەکی ناسراو بە قازانجی تورکیا خەڵکیان فریودا بوو.

دوانیوەڕۆ گەیشتینە هەولێر و جەواد داوای لێکردم بەیەکەوە گەشتێکی ناو شار بکەین. بەو گوتنانەی کە پێشتر شکم بۆیان دەچوو، قسەکانی دەست پێکرد و گوتی ئەو مەئموریەتە نالەبارترین ئەرکی دەورانی خزمەتی بووە و داوای گۆڕینی خۆی کردووە، بەڵام بە گوێیان نەکردووە؛ ئەو هەروەها گوتی جێی داخە کە ئەو گرێیە ڕاستەوخۆ و بەبێ سپاردنی بە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتانەدا چارەسەر نەکراوە: دەوڵەتی خاوەن شکۆ پاشای ئینگلیستان بەم بۆنەیەوە کە داوای وتووێژی لە عێراق و تورکیا نەکرد و بۆخۆی نەبوو بە ناوبژیکەریان بە شێوەیەک کە هەم پارێزگاریی لە مافی تورکیا بکرێ و هەم ئاواتەکانی عێراق بەدی بێن و هەم ئابڕوویی بریتانیا ڕابگیرێ، هەلێکی مەزنی لە دەست داوە؛ بێگومان لەوانە بوو ڕێگایەک بدۆزێتەوە، کە خەڵکی تورکیا بگەڕێنەوە بۆ تورکیا و بۆ لەبەر چاو گرتنی هەستی خەڵکی کوردیش ڕێگایەک بدۆزرێتەوە؛ لە جیاتی ئێمە تەنانەت بەشێکی پارێزگای هەکاریمان ویست و کارەکەمان ئەوەندە دژوار کردبوو، کە ئەنجامی دژوار بوو. گوتی هەژدە مانگ لەمەوپێش دوو لەشکری پیادە و دوو لەشکری سوارەی لە جەزیرە لەژێر فەرماندا بووە و خەڵک دروشمی جەنگ جەنگیان بۆ هەڵگرتووە. هەرچەندە لەوانە بوو هێزی هەوای بریتانیا بتوانێ زەبریان لێ بدات، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ شتێک نەیدەتوانی پێشیان پێ بگرێ و ئەوان دەیانتوانی هەتا بەغدا بچنە پێش و داگیری بکەن، بەڵام حکوومەتەکەی ڕێگاچارەسەری دۆستانەی پێ باشبوو. دواییش مەسەلەی بە دیل گرتنی والی هەکاریی و کوشتنی فەرماندەی ژاندارم بەدەست ئاشوورییەکان ڕوویدا. ئەو هەروەها گوتی ڕاستە کە والی ئازادکرا، بەڵام تەواوی ئەو ئاژاوانە بەپشتگیری ئێوە ئینگلیزەکان ڕوویانداوە؛ جیا لەوانە و وێڕای ئەو ئاژاوەگێڕییە، ئەو چوارچێوەی کردەوەی خۆی لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لەو کاتانەدا ئەنجاممان دەدا بەرتەسک

کردبووەوە: عەشایری تاوانبار کە ئەو کارەیان کردبوو، سزای دابوون. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی تورکیای نوێ دوژمنایەتی زاتیی لەگەڵ بریتانیا نیە؛ لەبیریەتی لە شۆڕشی تورکە گەنجەکاندا لە ساڵی ١٩٠٩ خەڵک چۆن ئەسپی فایتونی باڵوێزی بریتانیایان لە فایتونەکەی کردەوە و بەویستی خۆیان لە کاتێکدا کۆنسوڵی بریتانیا لە فایتونەکەدا بووە ئەویان بە شەقامەکانی شاردا گەڕاند. گوتی دیپلۆماسی بریتانیا نەیتوانی بەسەر ئەو بارودۆخەدا زاڵ بێ و تورکیای لە باوەشی ئاڵمان هاویشت. دوای جەنگ، ئەو بۆخۆی ناچار بوو لەژێر گوشاری بریتانیادا لە وەزارەتی جەنگ واز بێنێ؛ دوای ئەوە لەخۆوە بەوپەڕی سوکایەتی پێکردن دەستبەسەرکرا و بۆ وڵاتی «ماڵت»یان دورخستەوە. سەرەڕای ئەوانە، ئەو هێشتا لەم باوەڕەدا بوو کە دۆستایەتی و هاوکاریی باشترین سیاسەتە، کە دەبێ ئەو دوو وڵاتە لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا لەبەرچاوی بگرن، ئەویش وەک زۆربەی هاووڵاتیانی چاوەڕوانی ڕۆژێکە، کە ئەو پەیوەندییە کۆنە لەسەر بنەما و بنچینەی ڕێزگرتن و پاراستنی ڕێزی یەکتر دەست پێ بکاتەوە.

کۆمیسیۆنەکان ڕۆژی پێنجی مارس بۆ ئەنجامی دوا قۆناخی لێکۆڵینەوە گەڕانەوە موسڵ. چونکە کارێکی تایبەتم نەبوو، سواری فڕۆکە بووم و چوومە بەغدا و بۆ ماوەیەک میوانی کۆمیسێری باڵا بووم و لەوێ تلکیم دیتەوە. ئەو سەفەرە، جیا لە گەشتی قەراخ ڕوبار و چوون بۆ کۆڕی ڕەقس و هەڵپەڕکێ لە باشگا، چەند بانگهێشتن و میوانداریی فراوین و شیو خواردنیشی لەگەڵ بوو. ماوەیەک لە وەرزی بەهاریی باشوور تێپەڕیبوو، بەڵام ئەرکی دڵتەزێنی بەشدارییکردن لە بەخاک سپاردن و پرسەی سەرگورد «چ. س. پولی»[6]، جێگری ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی وڵات، ئەو خۆشییەی تێکەڵاوی خەم و پەژارە کرد. سەرگورد پولی هاوکارێکی بەرێز و تا ڕادەیەک بەتەمەنتر لە هەمووی ئێمە بوو. لەو ماوەیەدا بێگومان زۆر جار چاوم بە تلکی کەوت. مرۆڤێکی کەمدوێ بوو، بەڵام ئەوەی دەسەلماند کە بەرلە ناسینی بارودۆخی وڵات، ئەو کارانەی ئەو و هاوکارەکانی ئەنجامیان داوە، بێکەڵک بوون. لە بابەت درێژ خایاندنی ماوەی دوورکەوتنەکەی زۆر نیگەران بوو، ڕوونوسی تێلگرافێکی پێشاندام کە لەودا داوای لە سەرۆکی کۆمیسیۆن کردبوو ئەرکی کۆمیسیۆنی لێ وەربگرنەوە، بەڵام پێیان ڕاگەیاندبوو، دەتوانێ ڕۆژی یازدە بگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە بەیەکەوە سواری فڕۆکە بووین و گەڕاینەوە موسڵ. لە ناو

6- H.C. Pulley



فڕۆکەکەدا بەتەواوی بورایەوە و حاڵی تێکچوو.

ئێستا هەموو دەرسیان لە هەڵەکانی ڕۆژی یەکەم وەرگرتبوو؛ هیچ پۆلیسێک لە دەرەوەی کۆشک نەدەبینرا؛ هەوا خۆش و دڵڕفێن بوو و نزیکایەتی و هاوکاریی تەواو لەناو ئەندامانی کۆمیسیۆندا بەرچاو دەکەوت. ئەوان کە تاسەی تەواوبوونی کارەکانیان لە قەزا شاخاوییەکاندا هەبوو، بڕیاریاندا تەنیا زاخۆ و «دهۆک» ببینن و لەوێوە داوا لە شاهیدەکانی ئامێدیی و زێبار بکەن، بێنە دهۆک. بۆ دڵنیا بوون لە ئەنجامی بە کاتی کاروباری میوانداریی لەو گروپە و ڕێنوێنیکردنی لێپرسراون بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێک کە دەبوایە لە ڕەوتی کارەکاندا لەبەرچاوی بگرن، دوو ڕۆژ بەر لە وەڕێکەوتنی لێژنە چوومە ئەو دوو جێیە.

لە سەرەتای گەیشتنم بۆ زاخۆ، حاڵ و هەوای ئەو شارۆچکەیەم بەدڵ بوو. ژمارەی دانیشتوانی ٤،٠٠٠ کەس مەزندە دەکەن، کە نیوەیان جولەکە و یەک لە چواری مەسیحی و تەنیا یەک لە چوارەکەیتری کوردن. بەشی کۆن و قەدیمیی شارۆچکەکە بەسەر دوورگەیەکەوە، کە ١،٤٥٠ پێ بەرزە و لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری «خابور» و لە حەوت مایلیی بەشی سەرووی یەکاوی دیجلە هەڵکەوتووە. پێنج مایل لەگەل «سنووری کاتی» مەودایەتی. ئەو سنورە سەرئەنجام بەسنووری ڕەسمی وڵات ناسرا. هاتوچۆ بە ڕۆخی ڕاستدا بە پردێکی کەوانەیی ئەنجام دەدرێ، کە نەخشەی سازکردنی لە ئێران دەگەڕێننەوە سەردەمی حکوومەتی شا عەباس. پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆخی چەپی بەسەر پردێکی چەپەریی «ڕاهێڵراو»دا ئەنجام دەدرێ، کە دوو ساڵ پێش ئیدارەی خزمەتگوزاریی گشتی ئێمە سازی کردبوو. شەقامێکی کە بە مێرگوزارێکدا دەگەیشتە ئەو پردە، بە دار بادمی جوان و سپیدار داپۆشرابوو و دارەکان تازە خونچەو گەڵایان کردبوو. شەمە بوو، بنەماڵەکان کە زۆربەیان جولەکە و تاک تاکەش مەسیحی و موسوڵمان بوون، هاتبوونە سەیران: کچەکان بە بەرگی ڕەنگین و زێڕ و زیو خۆیان ڕازاندبووەوە. کوڕەکان بە ڕانکوچۆغەی ڕێڕێ، کە زاخۆ ناوبانگی پێ دەرکردبوو، بەسەر چیمەنی بناری ڕوبارەکەدا شۆڕ دەبونەوەو خەریکی ڕابواردن بوون. قایمقام «مەحموود فەخری» لاوێکی بارهاتووی موسڵ بوو. ئەو بەرلە گەیشتن بە پلەی بەرپرسایەتی قەزا گشت پلەکانی بارهاتنی لە دەبیرخانەی پارێزگادا وەپشت سەرنابوو و بەڕای من لەگەڵ جێگری پۆلیس کە ناوی «یونس» بوو زۆرباش و ڕێک بوون: مرۆڤی بەنەزم و کارلێهاتوو بوون و پەیوەندییەکی زۆرباش و دەتوانم بڵێم دۆستانەیان لەگەڵ گەورە پیاوانی شار بە موسوڵمان، جولەکە و

موسیحییەوە هەبوو.

زاخۆ ناوەندی بازرگانیی بە سواری «کەڵەک»ە. خەڵکی باسکی باکوری دوورگەکە بەتەواوی لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون: دە کەڵەکیان لە دار بار کردبوو و ئامادەی چوون بۆ موسڵ بوون؛ جیا لەوە خەریکی دروست کردنی کەڵەکیتریش بوون. ئەوانە هەموویان نیشانەی زنجیرە پەیوەندییەکی بازرگانی بوون کە لەگەڵ باشووریان هەبوو. هەواڵی شۆڕشی کوردەکان بەسەرۆکایەتی شێخ سەعید لە ناوچەی «خارپوت و ڕاگەیاندنی حکوومەتی سەربازیی لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەگەیشتن و ڕێبەرانی کوردی ناوچە بە ڕاشکاوی دژی ئازاری نەتەوەکەیان بەدەست تورکان دەدوان. دەنگی جولەکە و مەسیحییەکانیش هەرگیز جێگەی شکوگومان نەبوو. لە لایەکیترەوە عەشیرەتە گرنگەکانی قەزا وەک «گولی و سندی» لە هەلومەرجێکی ناخۆشدا بوون. هاوینە هەوارەکەیان، کە سەرچاوەی ژیانیان بوو، لە خاکی تورکیادا بوو و چونکە پتر لە ئێمە، ترسیان لە حکوومەتی تورکیا هەبوو، دوور نەبوو ئەگەر پێشتر لە نهێنی بوونی دەنگەکان دڵنیا نەکرابان، دەنگەکانیان لە دەست بچێ. ئەوانیتر کە بەهۆی نزیک بوونیان لە سنوور دەترسان، ئامادەبوون بڵێن لەباری ئابوورییەوە بەموسڵ بەستراونەتەوەو لە بواری سیاسیشەوە دەیانەوێ لە چارەنوسی براکانیان لە سلێمانی هاوبەش بن. لەبەر ئەوە بە دڵنیایی چاوەڕوانی هاتنی کۆمیسیۆنمان دەکرد.

زاخۆ شوێن و جێگەی قەشەی کەلدانییەکانە. دوو خانووبەرە لەو شارۆچکەیەدا بۆ ئەوە دەبوون میوانەکانی لێ بمێننەوە: یەکێک لەوان ماڵی قەشە بوو و ئەویتریان ئەو ماڵە بوو، کە «یونس» تێیدا دەژیا. چۆڵکردنی ماڵ بۆ جێکردنەوەی کاتیی میوانی خاوەن کەسایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەوتێکی ئاسایی هەیە. یونس چۆڵکردنی ماڵەکەی وەک دیاردەیەکی ئاسایی قبوڵکرد، بەڵام ڕازیکردنی قەشەی بەساڵداچوو هێندێکی خایاند. مەحموود فەخری بە یارمەتی پێشنوێژی زاخۆ ئەو مەسەلەیەی بە جوانی جێبەجێ کردو کۆمیسیۆن لە جێگەیەکی خۆشدا کە دەیڕوانیە دیمەنی جوانی درەختی بادامە پڕ لە گوڵ و خونچەکان جێی گرت.

ڕۆژی دوایی کاتی هاتنی کۆمیسیۆن شەقامەکان ئارام بوون. جەواد پاشا بۆ درێژەدان بەو سیاسەتەی کە پێشتر لە موسڵ (نەک لە سێ پارێزگاکانیتر) ڕەچاوی کردبوو، بۆ چوونە ناو بازاڕ و هەڵسەنگاندنی بیروڕای ئەو جێیە و پرسیار کردن لە خەڵک هەلی لەدەست نەدا. لەمجۆرە کاتانەدا بە گوێرەی پێشوازییکردنی خەڵک لە ناوبراو بە



خۆشحاڵی یان بە گرژی دەگەڕایەوە. حاڵەتی ڕوخساری لە گەڕانەوەی یەکەم گەشت و یەکەم دیداری لە قەراخ ڕوبار نیشانەیەکی باشبوو کە دەکرا بەهۆی ئەوەوە، ئاکامی کارەکە پێشبینی بکەین و ئاکامی ڕاوێژکردنی لەو شارۆچکە شاد و دڵگرەدا شاهیدی ئەو دۆخە بوو.

ئاکامی دیداری تلکی و پاولس لە شێخان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە ڕۆژی شەمەدا جێگەی ئومێد بوو. ئەو دووکەسە بۆخۆیان کاری لێکۆڵینەوەی ئەو قەزایەیان ئەنجام دابوو و دیبوویان بەپێچەوانەی یاداشتی دەوڵەتی تورکیا نەتەنیا هەموو دانیشتوانی قەزا تورک نین، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆریشی مەسیحی، عەرەب و کوردی یەزیدی لێ دەژین. ئەوان بەتەواوی کەوتبوونە ژێر شوێنی شانۆیەک کە پێشڕەوانی گوندی مەسیحی نشینی «ئەلقوش» بۆیان پێکهێنابوون و ڕادەی زانیاریی و تێگەیشتویی کچانی کەنیسەیەک کە شەو لێی مابوونەوە، بەتەواوی کاری تێکردبوون و سەرئەنجام لەم بارەیەوە کە ئەندامانی ئەو دوو کەمایەتییە داوایانکردبوو کە لەگەڵ عێراق بمێننەوە، زۆر نارەحەت ببوون. ڕەنگە ئەوەش نیشانەی خۆشیی دۆخەکە بووبێ، کە ئەو دوو ئەندامەی لێژنە شەو لەپڕ هاتنە ئەوماڵە چوکەی کە من و جاردین لێی دەماینەوە، تا بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەیان بۆ ئێمە بگێڕنەوە.

لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنەدا، ئێمە دەمانزانی لە زێبار، ئامێدی و دهۆک تووشی دژوارییی دەبین. هیچ کاربەدەستی ڕووناکبیر و مەئموریی خوێندەوار و بارهاتووی کورد لەو جێیانە نەبوو، کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکەین، کە هەڵسوکەوتی عێراق بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان (بەرزومامناونجی) گونجاوتر لە دۆخی تورکیا ببینن. ئاشوورییە دەرکراوەکانی تورکیا لە زۆربەی گوندی ئەو کوردانەدا جێگیر ببوون، کە کاتی شەڕ ماڵەکانیان بەجێهێشتبوو. ئەو ژمارەیە بە پشت بەستن بە لایەنگرانیان لە ئینگلیستان لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێیەکی باش بۆیان و گەڕاندنەوەی گوندەکان بە خاوەنەکانیان، کە دەیانویست بگەڕێنەوە ماڵەکانیان ڕاوەستابوون و بەربەرەکانیان دەکرد. ژمارەیەکیتریان لەو گوندانەدا جێگیر ببوون، کە خەڵکیان تێدابوو و بەچەشنی حوشتری داستانێک کە سەری لە خێوەت بردبووە ژوور و دەیویست خاوەنەکەی دەر بکات، دەیانویست بۆخۆیان جێی خەڵکی ئەو گوندانە بگرنەوە. بەهۆی بوونی ئەو کەمایەتییە ئایینییە و ڕەگەزییە دەزگای ئیداری توندوتیژییەکی پتری لێرە بەنیسبەت مەڵبەندە نائارامەکانیتر گرتبووەبەر و دوور نەبوو خەون و خەیاڵی گەڕاندنەوەی سەردەمی

حکوومەتی نەجوڵی عوسمانیی ڕێگای لە میرە ملهوڕەکانی «بادینان» ون بکات.

ڕۆژی شازدە، یەک ڕۆژ بەرلە هاتنی کۆمیسیۆن گەڕامەوە دهۆک. چادرەکانی ئێمەیان لە دەوریماڵێکی چکۆڵەی گوند هەڵدابوو، کە بنکەی پێشووی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا بوو و نزیکەی نیو مایلیی بۆ شار مەودا هەبوو. هەرچەندە وەزعی سیاسی زاخۆ باش و لەبار بوو، وەزعی سیاسی ئێرە بەد و ناپەسەند بوو. حکوومەت بە ئاشکرا قەدر و قیمەتی نەبوو و بە تەواوی دەسەڵاتی لەرزۆک بوو. قایمقام کــــە مەئمورێکی نەزان بوو، لە تەمەنی خانەنشینی نزیک ببووەوە، یەکێک لەو کەسانە بوو، کە ئەگەر کەسێک پانتۆڵی تەنگی ئەوروپایی لەبەر نەکردبا و یەخەی کراسەکەی چڵکی پێوەنابا، بەچاوی سوک تەماشای دەکرد. لەگەڵ ئاشوورییەکان کردەوەی باش نەبوو و تەنانەت بە گوشار هێنان بۆ سەر کوردە ناودارەکان بەو مەبەستە کە نابێ لە پەیوەندییگرتن لەگەڵ کۆمیسیۆن لە فەرمانی «لیژنەی بەرگری نەتەوەیی» لادەن، ئەوانیشی بەتەواوی ڕەنجاندبوو.

ئەو جێیە پڕ بوو لە سەرۆک عەشیرت و هاوڕێ چەکدارەکانیان. دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کە کۆمیسیۆن تازە گەیشتبووەجێ، جەماوەرێکی زۆر لە کۆڕێــکی ڕەخنەگرانەی دژ بە قایمقام هاتنەدەر و هێرشیان کردە سەر چادرەکانمان. زۆربەی ئاغاکان ڕایان کردە لای جەواد و دەستیان ماچ کرد. دوای ئەوە، جەماوەرەکە بە سەرۆکایەتی شێخێکی گرنگی نەقشبەندی ئایەتێکی ناسراوی قورئانیان خوێندەوە. بەخۆشییەوە ڕاوێژکاری تورک بە ڕەفتاری ناپەسەندانەی لـــە ئاست ئەندامانی کۆمیسیۆن و داواکردنی ئەوە کە هەرئێستا دەبێ بەرپرسایەتی ناوچەکەی بدرێتێ، پێی زۆر زیاتر لە سنووری خۆی درێژ کرد. ئەو کردەوەیە، ئەندامانی کۆمیسیۆنی کەم ئازار نەدا، چونکە ئەوان دەیانویست هەرچی زووتر بەشێوەی ئاسایی کاری لێکۆڵینەوە و وتوویژ لەگەڵ خەڵک دەست پێ بکەین. جاردین کە پێشتر لێرە جێگری حاکمی سیاسی بوو، بێگومان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان ناسیاو بوو و ئەندامانی کۆمیسیۆن دیتیان زۆربەی جەماوەرەکە دوای ئارام بوونەوەیان چوونە لای ناوبراو و سکاڵایان لە قایمقام کرد. ئەندامانی کۆمیسیۆن هەروەها دیتیان کە دیسانیش جاردین بوو، کە هێمنایەتی گەڕاندەوە و ڕێگای بۆ کاری کۆمیسیۆن خۆشکرد تا کارەکەی دەست پێ بکات. هیچ گومان لەوەدا نەبوو، کە وەڵامی زۆربەی کوردەکان بە «پرسیاری کورت»ی کۆمیسیۆن بە سودی تورکیا تەواو دەبێ.

جیا لە پرسیار لە شاهیدەکانی ئامێدیی کە پرسیار لێکردنیان بۆ ڕۆژی دوایی مایەوە ئیتر کۆمیسیۆن کاری خۆی تەواو کردبوو و ئەوە دواشەوی ئێمە لە دەرەوەی ناوەندی کاری



کۆمیسیۆندا بوو. دوای ڕووداوی ئەوڕۆژە کە لە بابەت توندوتیژبوونی، جیا لە ڕووداوی ڕۆژی یەکەمی هاتنی کۆمیسیۆن بۆ موسڵ لە ئەوانیتر توندوتیژتر بوو، هەڵوێستی هەموو لایەک بەنیسبەت گشت دیاردەکان (کامل و تەواو) بوو، شتێکی وەک شیو خواردنی دوای پێشبڕکێی سەوڵلێدانی بەلەم لە کمبریج. ماوەیەکی پترمان لە کاتی ئاسایی بۆ خواردنەوەی شەرابی پێش شیو دانا؛ کاتی شیوخواردن هەموو خۆش و بەکەیف بوون. ساحێب کە لە بابەت کـــــردەوەی ڕاوێژکاری تورک دەستکەوتی مەزنی دەست خستبوو، زۆر خەمبار و بە پەرۆش بوو و لەژێر کارتێکەریی «تا» و لەرزی مەلاریا و تێکەڵکردنی گەنەگەنە و «ڤێرموت»[٧]ی فەرانسەویدا کـــە یەکێک لە هاوکارەکانی بۆ نیشاندنەوەی تایەکـــەی دابوویە، ویستبووی لە کەسێک بدات، جا ئەو کەسە (هەرکەسێک بێ) بۆی گرنگ نەبوو، بەڵام ئێستا هۆشیار ببووەوە، لە پلەی مرۆڤە بارهاتووەکەی جاراندا، نەخشی ئاسایی کۆڕ ڕازاندنەوەی پێشووی کە ئەوی لای دۆست و دوژمن خۆشەویست کردبوو، لە ئەستۆ گرتبوو. ئەندامانی کۆمیسیۆن و ڕاوێژکارەکان کە پێشتر خۆیان بە چیرۆک بێژی لێهاتوو ناساندبوو، بە تێکڕایی پلەی پێشوویان بڕی و تەنانەت کرامرزیش کە مرۆڤێکی ئارام و بێدەنگ بوو، تووشی سەرسوڕمانی کردین. لە ناو گشت قسە خۆشەکانی ئەو شەوەدا تەنیا نوکتەیەکی بێ ئازارم لەبیرە، کە خۆشییەکەی لەوەدا بوو، کە بەبێ مەبەست گوترا. جاردین گوتی لە خوێندنگە فێری زمانی فەرانسیی ببوو، بەڵام ئەو زمانە هەمیشە لە کۆڕەکاندا دەبووە هۆی گاڵتە پێکردنی. ئەو ڕووداوی کەوتنی فڕۆکەی سێر هنری دابزی گێڕایەوە، کە لە کاتی بارینی بەفردا هاتبووە کەرکووک و گوتی:

Le Haut commissionaire a crache et il a coupe sox levre. [٨]

بەیانی کاتێک شاهیدەکانی ئامێدیی گەیشتنە چادرەکانمان ئیتر سەرلێشێواوی ڕۆژی پێشوو دووپات نەبووەوە. قایمقام «عەبدولحەمید عەبدولمەجید» (کە من ئەوکاتە نەمدەناسی، بەڵام دوایی دۆستایەتی باشمان پێکەوە هەبوو) پیاوێکی میهرەبان بوو و

٧- Vermouth شەرابی سپی لە گیایەکی بۆن خۆش.

٨- Cracher بە زمانی فەرانسی واتای تف کردن دەدا و Crash لە ئینگلیزییدا واتای ورد بوون و لە گفتوگۆکردن دەربارەی فڕۆکەشدا دەبێتە کەوتن. ناوبراو، ئەوەی بەجێگەی گوتنی دووەم بەکار هێنا. ئەو دەیویست بڵێ فڕۆکەی کۆمیسێری باڵا کەوت و لێوی کۆمیسێر بریندار بوو، کە چی گوتی: کۆمیسێری باڵا تفی کرد و لێوی خۆی بڕی.

هەرچەندە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان سەربزێوانی پێشوو بوون و دوای لێخۆشبوونیشیان، خەڵک بە بەردەوامی شکایەتیان لێ دەکردن، هەستمان کرد دەنگەکانیان بەنیسبەت دەنگی دهۆک تا ڕادەیەک ئاکامی دەنگەکانی دهۆکیان هەڵگەڕاندەوە. لە ئامێدی سەرەڕای ئاشوورییەکان کە لەو دواییانەدا پەنایان بۆ ئەو جێیە بردبوو، ژمارەیەکیش گوندی ئاشوورییەنشین هەبوو، کە دەنگی ئەوانیش بە تەواوی لە بەرژەوەندیی عێراقدا بوو.

من بۆخۆم زۆرم پێخۆش نەبوو لەو ناوچەیەدا کاری لێکۆڵینەوە بکەم، لەبەر ئەوە کاری بەیانیم بەجێهێشت و چووم بۆ دیتنی نەخشە زەقە ناسراوەکانی «ماڵتای»[٩] کە لە بان بەرزایی باسکی باکوری چیایەکن و لە لای باشوورەوە پێش شیوی دهۆکی گرتووە. لە نزیکترین شوێنەوە کە دەکرا بە ئۆتۆمبێل لێی نزیک بینەوە، نیو سەعاتە ڕێیەک بەپێ بوو. نەخشەکان لە سەر چوار لەوحەی مەزنی نزیک بە هەژدە پێ لە شەش پێدا هەڵکەنراون. نووسراوەی بزمارییان لەسەر نییە، بەڵام ئەوان دەبەنەوە سەر «سنەخریب»[١٠] بۆ (٦٨١-٧٠٥ پز). ئەوانە بە تایبەتی لەم بارەیەوە سەرنج ڕاکێشن کە بەپێچەوانەی زۆربەی نەخشەکانیتری ئاشوریی گۆڕەپانی شەڕ و ڕاوکردن نین، بەڵکوو جولەیەکی بەکۆمەڵی حەوت کەس لە خودایان پێشاندەدا کە لەسەر پشتی حەیوانی جۆراوجۆر ڕاوەستاون، کە ژمارەیەکیان ئەفسانەیین، لەگەڵ نەخشی پاشا کە لە دوو قوژبنی هەرکام لەو لەوحانەدا خەریکی دوعا و پاڕانەوەیە.[١١]

کۆمیسیۆن ڕۆژی هەژدەی مانگ گەڕایەوە موسڵ. پێنج ڕۆژ لەوێ مایەوە کە ئەندامانی بتوانن بەسەر ئامارو یاداشتەکانیاندابێنەوەو ئامادەیان بکەن و هەروەها «نەینەوا» بە ڕۆخی دیجلە و «شەرقات» و جێ مێژووییەکانیتر ببینن. جارێکیش میوانی سکادرانی ژمارە شەش بووین؛ جەوادیش بۆ ئەو کۆڕە لەبیر نەکراوە بانگهێشت کرا. ڕۆژی بیست و سێیەم دوای وێنە هەڵگرتنێکی زۆر و گۆڕینەوەی ئادریسو دەربڕینی خۆشەویستیی دوولایەنە، ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد و لێک هەڵبڕاین. گرووپی سەربە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان بەئۆتۆمبێل چوونە «دیرالزور»[ح] و بەیروت، تورکەکان ڕێگای «نوسیبین» و ئەنقەرەیان گرتە بەر. سەرەڕای ئەو هەمووە هەستە ڕاستینە دۆستانەی کە کاتی ماڵئاوایی کردن بوومان، بەگومانم بە تێکڕا لەوە خۆشحاڵ بووین، کە بۆ دواجار لەو مەئموریەتەدا یەکتر دەبینین. من باشتر دەتوانم هەستی خۆم بەو گوتنە دەربڕم، کە لە دەفتەری یاداشتەکەمدا نووسراوە: «کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە، دەبینم کارێکی وەک مۆجزەیەکە لێکۆڵینەوەی کۆمیسیۆن بەبێ لێکترازان و ڕوودانی کارەساتێکی جیددیی کۆتایی پێهات... لەوەی کە لە مەڵبەندێکی ئاوادا کە هەمیشە ئامادەی تەقینەوەیە سەرکەوتوانە کارێکی وای تێدا کرا، ئەگەر بەڕاستی ئەم کارە ئەنجامی نەگرتبا بۆ باوەڕ پێکردن نەدەبوو.»

پاشماوەی داستانەکە بە کورتی دەگێڕمەوە: ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن بە دوای شیکردنەوەی خاڵە بەرچاوە باسکراوەکانی دوو لایەنی کێشەکە و وەرگرتنی ئەو ئاکامانەی کە کۆمیسیۆن بۆخۆی لە بەشە جیاوازەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا بە دەستی هێنابوو، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو دوو مەرجانەی خوارەوە ڕایسپارد هێڵی بروکسل بە سنووری نێوان عێراق و تورکیا پەسەند بکرێ:

١- ناوچەی کێشە لەسەر واتە پارێزگای موسڵ بۆ ماوەی «نزیک بە بیست ساڵ» لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکاندا بمێنێتەوە.

٢- ویست و داوای گەلی کورد لەم بارەیەوە لەبەرچاوبگیرێ کە لێپرسراوانی ئیداری، پەروەردە و دادگەریی کورد بن و زمانی کوردی لە تەواوی دەزگاکاندا بە زمانی ڕەسمی بناسرێ.

بە گوێرەی مادەیەکیتر کە بڕیارو دۆخی پێشهاتی تێدا گونجابوو، ڕاگەینرا: ئەگەر شورا بەپێویست بزانێ ناوچەی کێشەلەسەر دابەش بکات، باشترین هێڵی ئەو دابەشکردنە هێڵی ئاوی زێی بچوکە.

9- Maltai

10- Senacherib

١١- یەکەم کەسی ئینگلیز کە لەم لەوحانە دواوە «لیارد»ە کە لە سێپتەمبەری ١٩٤٦دا چووەتە ئەو جێیە (نەینەوا و شوێنەوارە بەجێماوەکانی، لەندەن ١٩٥٠، بەرگی ١، لاپەڕەری ١-٢٣٠)، هەموو لایەک بەگشتی ئەو بە دۆزینەوەری دەزانن. بەڵام، ف.تور دانژن F.Thureau Dangin لە وتارێکیدا بەناوی «زنارە نەخشدارەکانی ملتای»، گۆڤاری ئاشوور ناسی، بەرگی ٢١، بەشی ٤، ساڵی ١٩٢٤دا دەڵێ یەکەم ئەروپایی کە ئەو جێگایەی دیووە،ڕرۆئەت Rouet، کۆنسوڵی فەرانسەوی لە موسڵ بووە، کە لە سێ نامەدا بە مێژووەی ئۆکتۆبەر و نوڤێمبەر لەو لەوحانە دواوە. ئەو نامانە لە ساڵی ١٩٤٦ لە لاپەڕەی ٢٨٠، بەرگی ٧ی «گۆڤاری ئاسیا»دا چاپ کراون.

ح- مەبەست لە شاری دێرازورە کە لە ڕۆخی فوڕات لە ڕۆژئاوای کوردستان واتە کوردستانی ژێردەستی سوریا هەڵکەوتووە.

ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن لە سێپتەمبەری **١٩٢٥**دا کەوتە بەرباس و شورای کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد. چونکە دەوڵەتی تورکیا لەم باوەڕەدا بوو کە شورا مافی بڕیاردانی نیە و دوو لایەنی کێشەکە پێویست ناکات بڕیاری شورا بەڕێوەبەرن، شورای ئەمنیەت کێشەکەی بۆ دەربڕینی هەڵوێست بە دیوانی داوەریی سپارد. دیوانی داوەری لە بیست و یەکی نۆڤێمبەر ڕایگەیاند بڕیاری شورا بە زۆربەی دەنگ پەسەند کراوە و هەردوو لایەنی کێشەکە پێویستە بڕیاری شورا لەبەر چاو بگرن و ئەو بڕیارە زامنی دیارییکردنی سنوور دەبێ (دەنگی ئەو دوو لایەنانە حساب نەکرابوو). لە بەرامبەر ئامادە نەبوونی تورکیا بۆ سەلماندنی بڕیاری دیوانی داوەری، لێژنەیەکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتی سوید، بەڕواڵەت بۆ «سازان» لەسەر دیارییکردنی هێڵی زێی بچوک بە هێڵی سنوور، خەریکی فەوتاندنی کات بوو، بەڵام سەرئەنجام شورا ڕۆژی شازدەی دیسەمبەر هێڵی برۆکسلی بە سنوور ناسی. ئەوکاتە داستانێک بە سەر زمانانەوە بوو، کە من نازانم بنەمایەکەی چی بوو، کە دەیانگوت ئەو مەسەلەیە پتر قەرزداری تلکی بوو، کە کەس نەیدەتوانی بڵێ ئەو لە ڕەوتی هەڵسوڕانەکەیدا ویستی تورکیای لەبەرچاو نەبووە، بەڵام دەگوترا ئەو دژی هەرچەشنە پێشنیازێک بۆ دابەشکردن و ڕازی ڕاگرتنی دڵی ئەو دوو لایەنە بووە.

بۆ ئەنجامی ئەو مەرجانەی کە ئەو بڕیارەیان پێ بەسترابووەوە، کات بەفیڕۆ نەچوو. گفتوگۆ بۆ بەستنی پەیمانی نوێ بەپەلە دەست پێکرا و پەیمانێک لە ڕۆژی سێزدەی یانواریی ساڵی **١٩٢٦** ئیمزا کرا و بەپێی ئەو ماوەی تەمەنی دیارییکراو لە پرۆتۆکۆڵی سەربە پەیمانی ساڵی **١٩٢٣**ی ئینگلیستان و عێراق وەلانرا و پەیمان لە شانزدەی دیسەمبەری **١٩٢٥**وە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ نوێ کرایەوە «مەگەر عێراق بەرلە تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو ببێتە ئەندام لە کۆمەڵی وڵاتەیە کگرتوەکاندا»[١٢]. بە پێچەوانەی پەیمانی پێشوو، بەڵگەی نوێ پێنج ڕۆژ دوای ئیمزا کردنی بە زۆربەی هەرە زۆری دەنگ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا و پەیمان لە مانگی مارسدا کەوتە بەرباسی شورا و دوای دڵنیا بوون لە دانی بەڵێن لەسەر ویستی گەلی کورد بۆ پێڕاگەیشتن و ئیدارە کردنی ناوچە کوردنشینەکان بە دەست خۆیان، شورا پەیمانەکەی پەسەند کرد.

١٢– عێراق لە سێی سێپتەمبەری ١٩٣٢ بە ئەندامەتی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان وەرگیرا.



تورک بەشداریی ئەو هەنگاوەی نەکرد، بەڵام لەئاکامی گفتوگۆکانی ڕاستەوخۆ و لێزانانەی «سێر ڕۆناڵد ليندزی»[١٣] سەفیری بریتانیا لە تورکیا، سەرئەنجام بە هێندێک ئاڵوگۆڕکردن لە مادەی یەکی هێڵی برۆکسلدا، پەیمانێکی سێ قۆڵی لە نێوان بەریتانیا، عێراق و تورکیا لە ڕۆژی پێنجی ژوئینی ساڵی **١٩٢٦** ئیمزا کرا و ئەو هێڵە بە سنوور ناسراو ساردیی و بێگانە بوونی دوور لە سروشت کە ماوەی یازدە ساڵ بوو سەری هەڵدابوو، بەمجۆرە لەناو چوو و شێوەی لەمێژینەی هاوکاریی و ڕێزگرتنی دوو لایەنەی نێوان بەریتانیای مەزن و تورکیا بەخۆشی گەڕایەوە سەر جێی خۆی.

بڕیاری ڕۆژی شانزدەی دیسەمبەر لە عێراق بە زەوقێکی زۆرەوە پێشووازیی لێکرا. مەلیک فەیسەڵ پەیامێکی بەکەڵکی ئاڕاستەی خاوەن شکۆ جۆرج کرد و سەرۆک وەزیر و عەبدولموحسین بەگ السعدونیش (کە ببووە جێگری یاسین پاشا) پەیامێکی بۆ بەڕێز «باڵدوین»[١٤] نارد. بۆ ڕێزگرتن لە پشتیوانی جیددی بەریتانیا لە بەرژەوەندییەکانی عێراق لە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکاندا، عەبدولعەزیز القەساب پارێزگاری موسڵ داوای لە دەوڵەت کرد، کە باخی شارەوانی کە بیناکەی لە حاڵی تەواوبووندا بوو، ناوی پارکی «ئامری»[١٥] لێ بنرێ، کە پێشنیازەکەی پەسەند کرا. بۆ بەشێک لە ئێمە، کە لە ڕیزی شەڕەکاندا بووین، سەرکەوتنی دوایی نەتەنیا ئەو مۆتەیەی هەڵدەگرت کە چەندان ساڵ بوو لەسەر سنگمان نوستبوو، بەڵکوو بوو بەهۆی بەهێزکردنی دۆستایەتییەک کە بەوتەی «یرمیا»[١٦]کانی ئەم ڕۆژگارە هەرگیز بەرلە ساڵی **١٩٤٥** بۆ بیرلێ کردنەوە نەدەبوو: جاردین و ساحێب؛ عەبدولعەزیز، لوید و عەبدولحەمید؛ ئەحمەدعوسمان، لاین و لیتلدیل؛ مەجید یاقوبی، میللر و موراد؛ عومەر نەزمی و کۆرنر؛ چاپمەن و ئەحمەدی تۆفیق و ژمارەیەکی زۆری تر لە قایمقامەکان، مودیرەکان، کارگێڕ و کاربەدەستانی پۆلیس تا دەگاتە خەڵکی ئاسایی کە نووسینی ناوەکانیان لێرەدا ناگونجێ. کاتێک پێرستی ئەو ناوانە تەماشا دەکەم و دۆستایەتییەکانی قایم و پێگرتووی ئەو سەردەمم بیر دێتەوە خرۆش دەمگرێ.

بەداخەوە سەردەمێک سەری هەڵدا، کە کاری پەروەردەکردن و بارهێنان کەوتە دەست

13- SirRonald Lindsay
14- Baldwin
15- Amery Park

١٦– یرمیا (ئەرمیا) لە پێغەمبەرەکانی بنی ئیسرایل و ئەولادی حەزرەتی یاقوب.

کەسانێک کە هیچیان لەو شتانە نەدەزانی - کۆچەرانی سوریایی و ئەوانی تر کە بەتەواوی لە هەموو بێگانەیەک دەترسان. لە ئاکامدا نەوەیەکی نوێ پێگەیشتوو، کە چوکترین ئاگادارییان لەوە نییە، وڵاتێک کە بۆی فێرە ئەمەگناسی بوون، هەم لە دایک بوون و هەم لەسەر پێ ڕاوەستانەکانی لە زۆربەی قەیرانەکاندا قەرزداری هاوکاریی دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ یەکەم شاو بەلانی کەمەوە ژمارەیەک لە بابەکانیان بووە. ئەوە بەرەیە کە فێریان کردووە «ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا» وڵاتەکەیانی لە گەیشتن بە دیاردەیەکی نادیار بە ناوی «ئاوات و ئارەزوی نەتەوایەتی» گێڕاوەتەوە و ئەو بەرەیەی هەر ساتێک چاوەڕوانی هەلێکە تا ئەو سەربەخۆییە لە ناو بەرێ، کە تا ئێستا دەربارەی شێوەی پێکهاتنی پرسیاری لەخۆی نەکردووە. زۆری پێنەچوو کە جێگرەکەی عەبدولعەزیز قەساب کە لە باری تەمەنەوە ئەوەندە مەزن بوو تا ئەو شتانە بزانێ، بە ڕادەیەک بەرچاوتەنگیی پێشاندا، کە ناوی باخی شارەوانی لە «حدیقە ئامری» کرد بە «حدیقە الامیری» و بەمجۆرە شوێنەواری ئەو جوڵە حەقناسییەی لەناو برد، کە بەم ڕادەیە جێگەی شانازیی عێراق و مایەی سەربەرزی سیاسەتمەدارانی باڵا بوو، کە خزمەتی بەرچاویان بەو وڵاتە کردبوو. سەرەڕای گشت ئەوانە، من لەم باوەڕەدام کە ئێستاش لە عێراق هەستی خۆشەویستی بەریتانیا دەبینرێ، کە بابەکان بەشێوەیەک نەقڵی ڕۆڵەکانیان دەکەن و ڕەنگە ئەوە ئێستاش یارمەتی بەڕاگرتنی ئاشتی و بەختەوەریی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکات.

کوردەکان بەگشتی بەو مەرجانە ڕازی بوون کە کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان بۆیان جێبەجێ بکات. من لە نامەیەکدا کە ئەوکات بۆ سێر هنری دابزم نووسیوە، شێوەی ڕووبەڕووبوونی پڕشنگداری خەڵکی سلێمانیم لەگەڵ ئەو دیاردەیە ڕوونکردبووەوە و بەمجۆرە ئاکامم لێ وەرگرت: دیداری کۆمیسیۆن جموجۆڵی نوێی خستووەتە ناو کوردە ناسیۆنالیستەکانەوە، زۆربەی ملهوڕەکانیش کە خۆشبینترین کەسی ناو ئێمە دەیگوت بەقازانجی تورکیا هەڵوێست دەگرن، بەرەو ئۆردوی دژ بە تورکیا چوون. وتووێژە دوور و درێژەکان ڕەنگی توندی ناسیۆنالیستییان پێوەبوو، بەڵام وتەکانیان بەگشتی جیاوازیخوازانە نەبوو... کوردەکانی سلێمانی لە خەباتی خۆیاندا بۆ ڕاگرتنی عێراق زەبرێکی وەهایان لە تورکیادا، کە دەکرێ بڵێین زەبری کاریی بوو و من ئەوە دەزانم. ئایا دەوڵەتی عێراق دەتوانێ لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا تاقەت بێنێ و سیاسەتێکی دووربینانەی دڵفراوان لە ئاست کوردەکان بگرێتەبەر؟



ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تایبەتی کۆمەڵی وڵاتەیەکگرتوەکان، هەستی ئەوانی سەلماندبوو: کە بەدوای ئەوەدا لەو شەوە مێژووییەی دەی ژوئیەی ١٩٢٤ لەو ساتە قەیرانییەدا بڕیارنامەکانی پەیمانی ئینگلیز و عێراقیان پەسەندکرد، ئێستاش بەو هەڵوێستە لە سلێمانیدا، جارێکیتر وڵاتیان لە لەتبوون و پچڕان ڕزگار کرد. بەمجۆرە، ڕێبەرانی کوردیش هەم لەخۆیاندا هەستی سەربەزییان دەکرد و هەم بە وڵاتێک شانازییان دەکرد کە پێیان وابوو بۆ ئەو وڵاتە دانیشتوویەکی بێ کەڵک نەبوون. هەلومەرجێکی مەزن بوو، بەڵام درێژ کردنەوەی قسە و بەشوێن کەوتنی پتری ئەو ڕووداوە لە حاڵ و حەوسەلەی ئەم کتێبەدا نیە.

هێشتا لە دهۆک بووین کە نامەیەکی کورنوالیسم پێگەیشت کە لەودا بە تۆبزی لەمنی دەویست ئەرکی جێگری ڕاوێژکاری وەزارەتی نێوخۆی وڵات قبوڵ بکەم، کە بە مردنی «پولی» ئەو شوێنە بەبێ لێپرسراو مابووەوە. سەرەتا دەمویست ئەو پێشنیازە ڕەد بکەمەوە. من هەرگیز دژایەتی خۆم بۆ کار لەگەڵ ئەو کاغەزبازانە (کە بە شێوەی ئاسایی ئەو ناوەم لەسەر دانابوون و ئێستا داوای هاوکارییان لێ دەکردم) حەشار نەدابوو. نەمدەتوانی خۆم لە هەلومەرجێکدا ببینم، یا بزانم خەڵکیتر چۆنی دەبینن، کە دانیشم و لەناو کێوێک کاغەز و دۆسیەی سەر مێزی وەزارەتخانەکاندا کە پێشتر دیبوومن، کاری نووسینگە بەڕێوە بەرم. ئەو جێیەی کە لێی بووم بە بەرپرسایەتی ئیداری، دۆزینەوەی ڕێگاچارە و چوون بۆ سەفەر و لێکۆڵینەوە و تەنانەت دۆزینەوەی شوێنەواری کۆن لە شوێنی خۆش و دڵگیردا و پەیوەندیی بە خەڵکێکی سادە و میواندۆست، ڕازی و بە دەماغ بووم. هەر لەتە دار و بەردێک و لە ڕاستیدا جیا لەو کەسانەی کاریان پیاوکوشتن و تاوان بوو، تەواوی پیاو و ژن و منداڵی ئەو دوو پارێزگایەم خۆش دەویست. چونکە بەدەگمەن دەبینرا تەنانەت لەناو ئەو کەسانەشدا کە کۆسپ و دژوارییی گەورەیان پێکدەهێنا، بە دوای ڕام بوون و هێمن بوونەوەیان، تایبەتمەندییەکی بەرچاویان لێ نەبینم، کە عەیب و کەموکوڕیی چکۆڵەی پێشوویان، کە تایبەتمەندیی کۆمەڵانی ساویلکەیە و لە شێوە پەروەردەبوونی ئاشنا سەرچاوەیان گرتووە، قەرەبوو نەکەنەوە. بەڵام، بە تێڕوانین و بیرکردنەوەی پتر بەو ئاکامە گەیشتم، ئێستا کە پشتم لە «دەزگای ئەسڵی»(١٧) خزمەتم کردووە، گەوجانەیە پێشنیازی چوونە سەرووی پلەم لەو جێگایەدا کە زۆریشم بەدڵ نەبوو،

---

١٧- وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

ڕەد بکەمەوە. بەمجۆرە بە دڵدانەوەی خۆم بەو ڕوانینەوە کە بەجێگای دوو پارێزگا چوارده پارێزگام لەژێر چاودێریدا دەبێ، بڕیارمدا ئەو پێشنیازە قبوڵ بکەم. ئەوە سەرەتای هاوکاریی بێگەرد لەگەڵ کورنوالیس بوو، کە دە ساڵی خایاند و لەو ماوەیەدا جیا لە خۆشەویستی و لێبوردن و هێمنایەتی، شتێکیترم لێ نەبینی، تا سەرئەنجام لە ساڵی **١٩٣٥دا** جێی ئەوم گرتەوە.

سپاردنی کارەکانم بە میللر، کە زۆرجار بەجێی من کاری کردبوو، کاتێکی زۆری نەگرت و چونکە مانگی ڕەمەزان بوو، ڕێوڕەسمی بەڕێکردنم زۆر بە کورتی ئەنجامی گرت. بەیانی ڕۆژی بیست و حەوتی مارس لە حاڵێکدا حەمە عەلی لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە و لە ناو دەستەنوێن و جانتاکاندا دانیشتبوو و منیش لە سەندەڵی پێشەوەی ئۆتۆمبێل ماندوو و شەکەت بوم و لە حاڵێکدا هەزاران زنجیرەی دۆستی و خۆشەویستی لە دڵمدا کۆ ببوونەوە، بە «خەلیل»م گوت ڕێگای باشوور بە کێوەسووردا بەرەو بەغدا بگرێتە بەر.



## فەرهەنگی ناو

**ئا**

ئا. پاولس 473
ئارنۆڵد ویلسن 44
ئا. ڕایان 55. 108
ئا. ژ. چیریکف 51
ئاشوور نسیرپال 42
ئاشێ هاوسەری محەممەد (س) 97
ئالبوبە یەکەم بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی محەرەم دوای کوژرانی حوسێن لە بەغدا 96. 97
ئا.ت.ک. شیرات 383
ئا. کێمبەل 175
ئا. کڵمان 51
ئا. ف.میللر 64. 344
ئا.ئو.ود 396
ئا.ف. ویرسۆن 473
ئا.ج. چاپمەن 367
ئا. ئیج. لیارد 171
ئا. یی.بۆرتن 381
ئا. م. دانیلز 117
ئالت هۆڵک 445. 467
ئا. هەر. تسفلد 52
ئا.ن. گروز 45
موسا کازم ئیمامی شیعەکان 102. 105. 243. 96. 100. 101
ئەبوبەکر یەکەم خەلیفەی ئیسلام 97
ئە.ڕ.منینگ 393. 412
ئەسکەندەری مەزن 363
ئی. ج. براون 57
ئی.بی.سپایزر 254
ئەحمەد برای سمایل ئاغای سمکۆ 373
ئەحمەد ئەفەندی پارێزگاری کەرکووک 489. 373. 373. 490
ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ 359. 408. 492
ئەحمەد بەگی جاف 448. 455. 457. 493. 412. 446
ئەسعەد ئاغای حەویزی 355
ئەمین بەدرخان 90
ئی.بی. میجەرسۆن 49. 55. 58
ئی.دابلیو.نوێل 54. 58
ئیریک دروموند 474. 487
ئیبراهیم کەمال 483
ئی.فۆسدیک 313
ئوسکارمان 6. 361
ئیج. دی. ئورئونیک 311
ئەمین ئاغای قامیش 295
ئەمینی ڕەشید ئاغای 387. 399. 400. 410
ئیدوارد گرەی 176

**ب**

بابا تاهیر هەمەدانی 100. 105. 236. 238
بابا ڕەسوڵی گەورە 104. 105. 145. 146. 102
باباسلێمان 44. 84. 85. 86. 268

باباعەلی هەمەدانی 100
بالول ئاغای مەندەمەر 502
بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر هاوکاری
ئینگلیزەکان دژی شۆڕشی شێخ مەحموود
269 .270 .299 .374 .396 .402 .412
266
بارامی سێیەم 212
بایزئاغای هەنجیرە 369 .402
ب.چ. بوردلین 155
براون 105
برود 313
بەرترام دیکسۆن 49
بەرزەزوفسکی 51 .71 .133 .290 .291 .292
6
بل 349
بۆند 75 .299 .301 .305
بوغدی خانم 323
بەهمەن کوڕی ئیسفەندیار 197

پ
پرسی کاکس 58 .154 .223 .318 .463 .475
53
پرسی لۆرن 159 .416 .467
پورداود پرۆفیسۆر و مێژوونووس 23
پیرەمێرد (حاجی تۆفیق) 74 .107
پیگریس 82

ت
تام ویکهام 150
ت.س. دابلیو فاول 50
تاهیر بەگی شاعیر 192 .193 .195

تۆدۆر فریزر (سەرلەشکر) 57
توغرول بەگی سەلجوقی 105
تۆفیق ئاغای قەسرۆک 66
تۆفیق وەهبی پرۆفیسۆر 9 .17 .118 .120
تەها کوڕی شێخ محەمەد سدیق 373 .375
161 .371
تەیمورەسی کیانی 196

ج
چارلیز گورنیک 390
جان سالموند 360 .361 .456
ج.ئی. هابرد 50
ج.ئیج. دی. ڕایدر 50 .52
ج.ئیج. کرامرز 474 .488 .500 .510
ج.پ. ج. جنگیز 78
جوامێر ئاغای هەمەوەند 68
جەعفەر سوڵتانی جاف 458
جەواد پاشا 488 .498 .493 .499 .500 .501
455 .457 .458 .478 .479 .483 .485
ج. شێل 46
جەمیل ئاغای کۆیە 373
ج.م. لیز 56
جۆرج مەکمەن 118
جۆرج پاشای ئینگیز 466 .514
جەلال سایب 283
جەمیل ئاغای حەویزی 375
جەمیل ئاغا 389
جەمیل بەگی نەوەی ئیبراهیم پاشا 89
جەعفەر ئیمامی شەشەمی شیعەکان 96
جنید باپیرەگەورەی شاسمایلی سەفەوی 99



جەیمز بیلی فریزر 46
جەمیز ڕاب 18

چ
چ.س.د. فیتزگیبۆن 192 .243
چ. جیجیک 51
چیریکف 133 .166 .177
چ.سنت.ج.ب. فیلی 155
چ.ت.دابین 386
چ.س. پولی 505

ح
حاجی هەمزەی شێخ بزێنی 65 .66
حاجی شێخ عارف 500
حاجی قادری کۆیی 90 .353
حوسێن کوڕی ئیمام عەلی 93 .96 .98
حەزرەتی محەمەد (س) 92 .93 .94 .96
حوسێن بەگی ڕەزاو 446
حوسێن بەگی نەوتچی زادە 349
حوسێن حوزنی موکریانی مێژوونووس 6 .84
حوسێن شەریفی مەککە 155
حەمە ئاغای زەنگەنە 422
حەقی پاشا 176
حەمە ئاغای غەفووری ڕانیە 284 .293 .375
279
حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغا 88 .459 .493
حەمەی ڕەشیدی حەیدەری 72
حەمە عەلی خزمەتکاری ئیدمۆندس 426

خ
خان ئەحمەد خان 197 .198

خواجە عەلی 99 .325
خەلیل شۆفیری ئیدمۆندز 470 .517

د
دوکتۆر ئیدوارد چەیرا 349
دوکتۆر ویلیام کۆرنر 344
دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی 434
دابلیو.بی. هنینیگ 212
دابلیو. ئا. لاین 302
دابلیو. ف. ئینزورس 47
دابلیو. س. دلامین 53
دابلیو.کی. لافین 173
دابلیو. ف. بنهام کارتر 383
داگلاس 388
دارا بەگ 332 .337
دایرەکت دایکی سوڵتان ئیسحاق 228 .229
225
دوروتی گاور 430
دی 361 .362
دینس 168
دئیوکس بابی کەی ئەخشارش 260

ڕ
ڕابیرت کورزون 168
ڕابی خانی نانکەر 121
ڕ.ئا. نیکلسن 57
ڕ.ف. جاردین 463
ڕۆستەم چێشتلێنەری ئیدمۆندس 130
ڕۆستەمی حەسەن حاجی قادر 452
ڕود هاوس 168
ڕەزا بەگ 387 .440 .454 .501

ڕەسوڵ ئاغا پیرۆتی 284
ڕەشید عالی گەیلانی 199
ڕەمزی بەی 497
ڕیچ کلودیوس جەیمز .133 .191 .207 .267
6 .132
ڕیچارد سەرۆکی خاجهەڵگران 26 .69
ڕ.ی. باکارکه 118
ڕیو 377 .384 .385

## ز

زەللەل سوڵتانی قاجار 68
زیلموی 175
زاهیر بەگ 182 .183 .184 .185 .186

## س

ساڵح ساحێبقران 399
ساحێب .491 .495 .493 .492 .510 .514
475 .476 .488
سان ستفانۆ 175
سالار دەولەی قاجار 62
ساڵح زەکی بەگی جاف 88 .416
ساڵح بەگی نەوتچی زاده 459
سلێمان پاشای بابان 185 .85 .87 .89
سلێمان پێغەمبەر 22
سلێمان ئاغا نەوەی عوسمان ئاغای پیران 137
س.ج. لانگریگ 63 .64 .385
ستراتفورد کەنینگ 168 .171 .172 .173
ستێفا جەبری 324
سمایل کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورە 102
سمایل ئاغای خدران 287 .293
سوارئاغای مامەش 271

سوڵتان ئیسحاق .229 .234 .235 .236 .246
227 .228
سوڵتان سەلیمی عوسمانی 102 .145
سوڵتان عەبدوڵلا 105
سوڵتان عەبدولحمیدی عوسمانی .109 .353
108
سوڵتان مورادی چوارەم 164 .167 .175 .183
س. لیتل. هید 344
س. م. کین هید .387 .412 .454 .456 .468
341
سورەک ئاغا 285
سەلاحەدینی ئەیوبی 268
سەلیم ئاغا 10
سمایل ئاغای سمکۆ 370 .380
سەعید ئاغا 430 .431 .432 .433 .502
سەڵمانسەر پاشای ئاشوور 23
سەید تەها نەوەی شێخ سمایل 102
سەید ئەحمەدی خانەقا .379 .384 .398 .394
112 .324 .343
سەید کەریم کوڕی شێخ عیسا 288
سەید ئەحمەد .223 .384 .385 .387 .407
145 .186
سەید تەهای شەمدینی .371 .372 .373 .375
162
سەید عەبدولڕەحمانی گەیلانی 154
سەید عەبدولقادر کوڕی شێخ عیسا 288
سەید زیائەدین 158
سەید محەمەدی جەباری 66 .399
سەید نوری نەقیب 355
سی 278 .279 .280 .281 .285 .286





سیدنی سمیت 18 .23 .350 .433
سینیۆر ڕودولۆ 473

## ش

شا تەهماسبی یەکەم 164
شا سمایلی سەفەوی 97 .99 .100 .330
شا عەباس سەفەوی 506 .326
شا عەبدوڵلای دیهلەوی
شێخ عەلی سەفەوی
شەریف پاشا 88
شێخ تالبی تاڵەبانی 377
شێخ حەبیبی تاڵەبانی .337 .355 .357 .459
336.
شێخ ڕەزای تاڵەبانی .336 .353 .355 .427
89 .328
شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە 252 .253
شێخ ڕەشیدی برای شێخ تالب 422
شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم .428 .434 .444
161 .376 .377 .378 .380 .412
شێخ عیزەدین تاڵەبدنی 337
شێخ فەیزوڵلا 337
شێخ سەعیدی پیران 507
شێخ سەعیدی بابی شێخ مەحمود 502
شێخ مارفی باپیرە گەورەی شێخ مەحمود .142
102 .104 .106 .107 .109 .111
شێخ عارفی سەرگەڵو 500
شێخ حسامەدینی نەقشبەندی .199 .213 .214
112
شێخ زاهیدی گەیلانی 99
شێخ سامیر 169

شێخ سەفەیەدین 99
شێخ عەلائەدین نەقشبەندی 112 .213
شێخ عەبدولقادری گەیلانی .106 .111 .358
95
شێخ عوسمانی سیراجەدین 112
شێخ قادری برای شێخ مەحمود .440 .459
56 .117 .317 .383 .401 .409 .411
شێخ محەمەد غەریب 139 .421
شێخ محەمەد عەلی تاڵەبانی 355

## ع

عادیلەخان هاوسەری مەحمود پاشای هەڵەبجە
.194 .201 .448 .449 .457 .459 .500
35 .81 .88 .160 .162 .192
عوسمان ئاغای پیران107 .137
عوسمان پاشای جاف .122 .162 .192 .201
105
عومەر خەلیفەی دووەمی ئیسلام 97
عەبدولحمید عەبدولمجید 510
عەبدولعەزیز قەساب 478 .479 .514 .515
عەبدولموحسین السەعدون 514
عەزیزی عوسمان ئاغای (خواخە ئەفەندی) 423
عومەری نەزمی بەگی کفری 343 .514
عەزیز بەگی جاف 359
عەزیز عەباسی دوده 339 .445 .497
عوسمان خەلیفەی سێیەمی ئیسلام 97
عەباسقولی خان 198
عەبدوڵلا یاقوبزاده 343
عەبود شۆفیری ئیدمۆندس 130
عەبدوڵلا گۆران (شاعیر) 217

عەبدولڕەحمان پاشای بابان 84 .86 .91
عەبدولڕەحمان ی شاعیر (سەلیم) 88
عەبدولڕەحمان ئاغا 88 .143 .359 .454 .493
عەبدولستار 228
عەبدولقادری ئەفەندی نووسەری لیژنەی
عوسمانی 169
عەباس ئامۆزای عەلی 93
عیزەت بەگی کوڕی عادیلە خان .448 .459
446
عیسمەت ئینونۆ 379

غ

غەفوور ئاغا دانیشتووی گەڕەکی دەرگەزێن
سلێمانی 120 .121

ف

فاتمە کچی محەممەد (س) هاوسەری عەلی 93
فارس ئاغای سەرچنار 66
ف. پ. دهنەی 76
ف. ڕ. مانسل 48
ف. ڕیو 344
ف. م. هالی 133
فرائورتش سەرۆکی مادەکان 23 .260
فلیکس جینز (پاپۆروان) .72 .87 .166 .191
47 .48
ف. س. گرینهاوس 80 .81 .82 .126 .129
فەتاح ئاغای موتەسەریفی کەرکووک 342
فەتاح ژن برای شێخ مەحموود 380 .422 .475
فریزر نووسەر 46 .133 .191
فیردەوسی شاعیری ئێرانی 120
فێن ویک ویلیامز 168

فیتر گیبون 160 .243

ق

قادر بەگ کوڕی جەعفەر بەگی تەوێڵە 196
قادر بەگ کوڕی زاهیر بەگ .184 .185 .186
183
قوربانعلی (مەیتەری) ئیدمۆندس 129

ک

کاک ئەحمەدی شێخ .108 .109 .111 .115
104 .107
کامیل .491 .492 .493 .495 .497 .500
488
کرپورتر 44 .46 .133 .135
کلاوزێڕ کچی شاعەباس 198
کلوداوچینک 64
گلوس یەکێک لە فەرماندە شەڕکەرەکانی کورشی
هەخامەنشی 82
کورنوالیس .415 .420 .460 .472 .475 .517
158 .318 .394 .407 .413
کوند پاول تەلکی 473
کونت هۆراس دووپرتالس 473
کنتر بەری (سەرقەشە) 44
کورشی هەخامەنشی (ئاستیاگس) کوردی کەی
ئەخشارش دامەزرێنەری زنجیرەی دەوڵەتی
پارسیی 24
کوری مولجەم قاتڵی ئیمام عەلی 241
کەریم بەگی جاف 38 .412 .446 .472 .500
کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند 299
کەی ئەخشارش مەدی پاشای ماد 24
کەیخەسرەو 186 .191 .201 .246

کەیغان 267

گ

گراون 446
گریفیس 314
گوبینۆ 226 .233 .239
گوڵداسمیت 160 .162 .222 .301 .302 .317
گوڵدەستە 206
گەزەنفون مێژوونووسی یونانی 55 .82
گینە 135

ل

لانگریک 63 .64 .385
ل.بۆند 75 .80 .399 .301 .305
ل.ت. چارلتن هرسۆن 395
لۆرد کۆرزون 379
ل.س.دانستروێل 59 .60
لۆردن ئابیردین 172
لیتل دیل 362 .372 .478 .514
لیدی کاکس 395
لیدی دابز 467

م

مارک سایکس 48 .72 .114 .266 .323
محەممەد بهاالدین بوخارایی 96
محەممەد سەعید قەزاز 100
محەممەد پاشای ڕەواندز 168
محەممەد پاشا دوا سەرۆکی جاف 190 .191
محەممەد عەلی (دەولەتشا) 176
مستەفا کەمال 17
معاویە حاکمی شام جێنشینی عەلی 93

موراد بەگی سەرۆکی پۆلیس .425 .451 .514
342 .384 .390 .421
موسا کازم هەشتەمین ئیمامی شیعەکان .145
96 .100 .151 .105
مۆریس فەرماندەی ئینگلیزەکان 122
مەجید ئەفەندی قایمقام 410
مەحمود ئاغا 389
مەحموود ئاغای شێخ بزێنی
مەحموود پاشای بابان
مەحموود پاشای جاف برای عوسمان پاشا
مەحموود خانی دزڵی
مەحموود فەخری 506 .507
مستەفا پاشا 359 .384
مشیر ئاغا 121 .400
مەیجەر فریدریک میلنیکن 175
مەلا ڕەزا 415
مەکنت 243
مەکنیس 321 .395
مەلیک فەیسەڵ شای عێراق .476 .479 .514
372 .470
مەکلارن 363 .412
مەلەکە ویکتوریا 346
مەولانا خالید 105 .110 .111
میناس غەردب 324 .345
میرزا جەعفەرخان نوێنەری ئێران 234
میگێن 46 .87 .135
مینت .307 .308 .359 .360 .361 .362
305 .306
مەهدی 416 .418

## ن

نائوم 417. 418
نازم بەگی نەوتچی زادە 488. 497. 500. 504.
343. 385. 413. 475. 418. 486
نایتینگڵ 224
نالی شاعیر 84
نوری سەعید پاشا 411
نەبو پولاستر 352
نەرامسین ئاکەدی 42. 433
نەرسە کوڕی شاپوری ئەوەڵ 212

## و

و. مینورسکی پرۆفیسۆری کۆمەڵناس 290.
6. 52. 227. 39
وەهاب بەگ 399. 410. 411. 427
ویلسۆن 177
ویلیام هیود 44. 338
وینسنت 388. 393. 398. 400. 403. 409.
386
وینستون چرچیل 156

## ه

هابرد 50
هارون ڕەشید 101
هاولی ڕام 346
هوبارد 177. 178
هەباسی مەحمود ئاغا 270. 359
هەباسی سەلیم ئاغای برای بابەکر 396
هنری دابز 407. 461. 468. 488. 510. 515.
381. 388. 394. 397
هێرۆدیت مێژوونووسی یونانی 260
هی. ئا.ت. ویلسۆن 150. 177
هینکس 291

## ی

یاسین پاشا 494
یونس جێگری پۆلیس 506. 507
یەزید کوڕی معاویە 93

# وێنەکان



مەحموود پاشای جاف و بابەکر ئاغای پشدەر



ناوچەی هەمەوەندەکان





ئەحمەدی حەمە ساڵە بەگی جاف



سەید تەها



کوڕە کاژاو



بەرزنجە





سنووری ئێران لە بیارە



جەعفەر سوڵتان، عادیلە خان و ئەحمەد بەگ



تەختی شازادە خانمی زەرین کەوش



ساداتی کاکەیی تۆرەمەنامەی خۆیان پێشان دەدەن





گوندی هەوار



خەڵکی گوندی هەوار




گوندی خورماڵ



مامەند ئاغای کۆیە





حەمە ئاغای ڕانیە



شێخ عەبدولکەریمی شادەلە



تەکیەی قادریی لە گوندی عەودالآن




لە قەرەداغ





کۆمیسیۆنی موسڵ. ئەوانەی ڕاوەستاون لە چەپەوە بۆ ڕاست: فەتاح بەدری، کرامرز،، شاور، ڕودولۆ، پرتالس، پیگۆ.
ئەوانەی دانیشتوون: نازم، ئیدمۆندس، جەواد، پاولس، ویرسۆن، تلکی، جاردین، ساحێب و کامیل.



ڕاب، تلکی و ئیدمۆندس



لە چەپەوە بۆ ڕاست: و. هۆڵت، سێراچ، دابز، لیدی لوڕن،
میس ج. ل، سێر پ. لوڕن، لیدی دابز و ئی وامسی





فڕۆکەیەک بەسەر کوردستاندا



# ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 5

پێشگوتنی نووسەر ..... 15

**بەشی یەکەم**

١- سەرەتا: کوردەکان ..... 19

٢- بەشێکی سەرەتایی: جوگرافیای باشووری کوردستان ..... 36

٣- هێزی فریزر ..... 53

٤- چەمچەماڵ ..... 65

٥- بابانەکان ..... 84

٦- شێخەکان و سادات ..... 92

٧- ژیان لە سلێمانی ..... 114

٨- شارباژێڕ ..... 131

**بەشی دووەم**

٩- سلێمانی دوای دوو ساڵ ..... 153

١٠- سنووری ئێران و عوسمانی: ١٦٣٩- ١٩١٤ ..... 164

١١- جافەکان و هەورامان ..... 181

١٢- ژیان لە هەڵەبجە ..... 201

١٣- کاکەییەکان ..... 226

١٤- تانجەڕۆ، سەرچنار و سوورداش ..... 249

١٥- ڕانیە و پشدەر ..... 264

١٦- ژیان لە ڕانیە ..... 279

١٧- کاروانی ڕانیە «ڕانیکۆل» ..... 298

**بەشی سێیەم**

١٨- کەرکووک ..... 321

١٩- ژیان لە کەرکووک ..... 341

٢٠- لەشکری ڕەواندز «ڕاوڵش» ..... 359

٢١- کاروانی کۆیە ١ ..... 379





٢٢- کاروانی کۆیە ٢ ..... 395

٢٣- پشتێنەی ئاسایش ..... 410

٢٤- گۆل و قەرەداغ ..... 425

٢٥- جارێکی تریش جافەکان و هەڵەبجە ..... 446

**بەشی چوارەم**

٢٦- کۆمیسیونی موسڵ ١ ..... 463

٢٧- کۆمیسیونی موسڵ ٢ ..... 489